کامیل ئەحمەدی و هاوکاران

تابۆ و نهێنی پارێزی

توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان
بە پێداگریکردن لە سەر زینا لەگەڵ مەحارم لە وڵاتی ئێران

تابۆ و نهێنی‌پارێزی

توێژینه‌وه‌یه‌کی گشتگیر سه‌باره‌ت به ده‌ستدرێژیی سێکسی بۆ سه‌ر منداڵان به پێداگریکردن له سه‌ر زینا له‌گه‌ڵ مه‌حارم له وڵاتی ئێران

کامیل ئه‌حمه‌دی و هاوکاران

٢٠٢٤ زایینی / ١٤٠٣ هه‌تاوی / ٢٧٢٤ کوردی

Taboo and Secrecy: Incest and Sexual Absuse of Children in Iran
Kameel Ahmady and colleagues

Publisher: Avaye Buf
www.avayebuf.com
avaye.buf@gmail.com
IBSN: 978-87-94295-78-9

تابۆ و نهێنی‌پارێزی
توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە
دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان
بە پێداگریکردن لە سەر زینا لەگەڵ
مەحارم لە وڵاتی ئێران

سەرپەرشتیار و هاواهەنگکەر:
کامیل ئەحمەدی
کاروباری تەکنیکی و بڵاوکردنەوە:
قاسم قەرەداغی
وەرگێڕ: نەسیم غوڵامی
دەزگای چاپ: ئاڤای بووف
سەرپەرشتیاری گروپی مەیدانی: شەیما سەتاری
گروپی مەیدانی و گروپی شیکاری: شەیما سەتاری، فاتیمە (سایە) ڕەحیمی، نیگار فەرشید خزری، فەراز کەریمی نیا، مەعسوومە بارز، ڕەوشەنەک ئەمیری
پێداچوونەوەی دەق: دکتۆر فاتیمە مووسەوی میرەک، کەتایوون ئەسڵانی، دکتۆر فەرشید خزری
ڕاوێژکاران و چاودێرانی توێژینەوە: دکتۆر فاتیمە مووسەوی میرەک، دکتۆر عەلیرەزا کرمانی، دکتۆر مەهناز عەلیزادە
ڕازێنەری بەرگی کتێب: فاییزە جەعفەریان

پێرستی بابەتەکان

قسەیەک لەگەڵ خوێنەران و دەرفەتێک بۆ دەستخۆشی ٥
پێشەکی ١١
بەشی یەکەم: بنەما و لێکۆڵینەوە تیۆرییەکانی توندوتیژیی سێکسی لە دژی منداڵان
.....٢١
پێشەکی ٢١
پێناسەی توندوتیژیی سێکسی و نموونەکانی ٢٣
جۆرناسیی توندوتیژیی سێکسی.....٢٩
زەمینە و هۆکارپێویی توندوتیژیی سێکسی.....٤٠
- ئاستی کەڵان و پێکهاتەیی.....٤١
- زەمینە و هۆکارە فیزیکی - ژینگەییەکان ٤١
* بەڕێوەنەبردنی شوێن ٤١
* ماڵ وەک شوێنی ڕوودانی توندوتیژی.....٤١
* نەبوونی بەرگری و نەپاراستنی قوربانیان ٤٢
* شوێنی سەرەتایی منداڵ.....٤٣
- زەمینە و فاکتەرە زیندەوەرناسییەکان ٤٤
* تەمەن ٤٥
- زەمینە و فاکتەرە ئابوورییەکان ٤٦
* کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی بنەماڵە و زەختی ئابووری ٤٦
* ڕەهەندی بنەماڵە ٤٧
* هەژاری و تاراندنی کۆمەڵایەتی ٤٨
- زەمینە و فاکتەرە فەرهەنگییەکان.....٤٩
* پیاوسالاری.....٥٠
* کۆمەڵگاگریی توندا‌ژۆخواز ٥٤
* بەنهێنیزانینی بنەماڵە.....٥٩
- زەمینە و فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان ٥٩
* ئانۆمیکبوونی بارودۆخەکان.....٦٠
* هەڵاواردن و نایەکسانیی ڕەگەزی ٦٣
* ئاستی خوێندەواری ٦٥

- زەمینە و فاکتەرە یاسایی – سیاسییەکان ٦٦
- ئاستی مامناوەندی و ڕێکخراوەیی ٦٦
- کاردابوونی توندوتیژی ٦٦
- بارودۆخی خێزانی ٦٧
- تێکچوونی کارداکانی خانەواده ٦٩
- زەخت و فشاری هاوتەمەنەکان ٧١
- ئاستی ورد و تاکەکەسی ٧٢
- وێناکردنی خۆ ٧٢
- خۆکۆنترۆڵکردنی کەم ٧٤
- بوونی ئەنگێزەی تاوانبارانە ٧٥
- بوونی پێشینەی دەستدرێژی لە ئەزموونی ژیاندا ٧٦
- فرەیی هاوبەشی سێکسی ٧٧
- بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر ٧٧
- لێکەوتەدۆزیی توندوتیژیی سێکسی ٧٧
- دروستبوونی کێشە دەروونییەکان ٧٨
- مەرگ ٧٩
- خۆکوژی ٧٩
- هاوسەرگیریی ناچاری ٨٠
- تاراندن ٨٠
- دووگیانی ٨١
- تووشبوون بە نەخۆشی ٨١
ستراتیژەکانی توندوتیژیی سێکسی ٨٢
- بەئاسایی زانین ٨٤
- بەڕێوەبردنی ناوناتۆرە ٨٥
- دۆستایەتی و فریو ٨٧
ڕوانینێکی ڕەخنەگرانە بۆ سەر پێشینەی ئەو توێژینەوانەی کە لە سەر ئاستی ئێران و جیهاندا
ئەنجام دراون ٨٧
- زەمینە و هۆکارناسیی ڕوودانی توندوتیژیی سێکسی ٩٣
- زەمینە و فاکتەرە ئابوورییەکان ٩٤
- زەمینە و فاکتەرە فەرهەنگییەکان ٩٦
- زەمینە و فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان ٩٧
- زەمینە و فاکتەرە یاسایی – پاڵپشتییەکان ٩٨

- زەمینە و فاکتەرە ڕێکخراوەیی و تاکەکەسییەکان ١٠٤
- لێکەوتەدۆزیی دەستدرێژیی سێکسی ١٠٨
- ستراتیژەکانی دەستدرێژیی سێکسی ١١٣
- ستراتیژی دەستدرێژیکراوان ١١٣
- ستراتیژییەکانی دەستدرێژیکاران ١١٧
بەشی دووهەم: ئەزموونی ژیاوی منداڵئازاری و توندوتیژیی سێکسی ١٢٥
پێشەکی ١٢٥
جۆرناسیی دەستدرێژیی سێکسی بۆ منداڵان ١٣٤
- جۆرەکانی دەستدرێژی ١٣٤
- کێیەتیی دەستدرێژیکاران ١٤٥
- فاکتەرە پێکهاتەییەکان ١٦٦
پێکهاتەی یاسایی دەستدرێژی: بۆشاییە یاساییەکان و پرسە یاساییەکانی ئێستا ١٩٩
- فاکتەرە دامەزراوەییەکان ٢١٠
پرسە پێکهاتەیی و کارداییەکانی خێزان ٢١٠
ناکارامەیی دامەزراوەیی لە بواری ڕاهێنانی سێکسی و پشتیوانی لە قوربانییەکان ٢٣٧
- هۆکاری تاکەکەسی ٢٥٢
تایبەتمەندیی دەستدرێژیکارانی سێکسی ٢٥٢
تایبەتمەندیی کەسانی دەستدرێژیکراو ٢٦٧
- تەکنیکەکانی دەستدرێژیکاران ٢٧٩
لێکەوتەکانی دەستدرێژیی سێکسی ٣٣٧
- لێکەوتە پێکهاتەیی و دامەزراوەییەکان ٣٣٨
لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سەرمایە کۆمەڵایەتییەکان ٣٣٨
زوو هاوسەرگیری و دواکەوتنی هاوسەرگیری ٣٤٥
- لێکەوتە تاکەکەسییەکان ٣٧٦
ڕەهەندی فیزیکی ٣٧٦
ڕەهەندی دەروونی و ڕەفتاری ٣٨٣
ڕەهەندی هەستیاری: هەستی نەرێنی و ئەویتربوون ٤١٢
بەشی سێیەم: ڕێکار و ستراتیژی پێشنیارکراو لە بواری پێشگری و چارەسەرکردنی مەسەلەی دەستدرێژیی سێکسی ٤٣٥
پێشەکی ٤٣٦
دواییین وتە ٤٣٩

دەستدرێژیی سێکسی، لە پرۆسەی پەیوەندیی دوولایەنەی هەبوونی کۆمەڵایەتی و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگەی ئێراندا ٤٤٠
پێکهاتەی یاسایی ناکارامە لە بواری پێشگیری لە دەستدرێژیی سێکسی و پاراستنی قوربانیانی دەستدرێژیی سێکسی ٤٤٥
ئاستەنگەکانی بەر دەم ڕاهێنانی سێکسی لە پێشگیری لە دەستدرێژیی سێکسی و لێکەوتەکانی ٤٤٨
بنەماڵەی مۆدێرن لە کۆمەڵگای شێواوی ئێراندا، ڕێخۆشکەری دەستدرێژیی سێکسییە .. ٤٥٤
ئاراستە ڕەگەزێتییەکان لە پەروەردەی کۆمەڵایەتیدا فاکتەری جیاکەرەوەی دەستدرێژیی سێکسی و لێکەوتەکانیەتی ٤٦١
لێکەوتەکانی بەرسازکردنی زەین و هەستی قوربانیانی دەستدرێژیی سێکسی وەک تاوانبار ٤٦٤
دەستدرێژیی سێکسی وەک شێوازێکی پەیوەندیی دەستدرێژیکار لەگەڵ جیهانی ژیانی خۆی ٤٨٨
پرۆسەی نکۆڵی‌کردن لە بواری دەستدرێژیی سێکسیدا، میکانیزمی هاوبەشی تاک و خێزان و کۆمەڵگا و هۆکارە زەمینەسازەکانیان ٤٩٢
پێویستیی بینران، وابەستەیی و بێبەشیی فرەڕەهەند سێ هۆکاری زەمینەساز و درێژەپێدەری دەستدرێژیی سێکسین ٤٩٥
چالنجی تۆڕە پشتیوانییە فەرمی و نافەرمییەکان بۆ قوربانیانی دەستدرێژیی سێکسی لە کۆمەڵگای ئێراندا ٤٩٧
ئەخلاق وەک گوتارێکی باڵادەست بە سەر فەزای دەستدرێژیی سێکسی لە کۆمەڵگای ئێران و لێکەوتەکانی ٤٩٩
ڕۆڵی قوتابخانە لە پێشگرتن و بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان و مێرمنداڵان لە کۆمەڵگای ئێراندا ٥٠١
پێشنیار و ڕێکارەکان ٥٠٢
چاوخشانێک بە سەر هەندێک لە ڕێکار و پێشنیارە کلیکییەکان: ٥٢٨

سەرچاوە و ژێدەر ٥٣١

قسەیەک لەگەڵ خوێنەران و دەرفەتێک بۆ دەستخۆشی

بازنەی هەمەگیری یاسای قەدەغەکردنی زینا لەگەڵ مەحارم لەو یاسا بەهێزە کۆمەڵایەتییانەیە کە لە فەرهەنگێکەوە بۆ فەرهەنگێکی دیکە جیاوازە و لە درێژایی مێژوودا سیمای جیاوازی بە خۆوە گرتووە کە ئەمە لایەنی فەرهەنگی و بەرسازکراوی کۆمەڵایەتی پیشان دەدا نەک بونیادە سروشتی و زیندەوەرناسییەکەی؛ چونکە ئەگەر مرۆڤ بە شێوەی سروشتی پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ مەحارمی پێ قێزەون بایە؛ جڤاکە کۆمەڵایەتییەکان ئاوا ڕژدانە ئەنجامدانی ئەم کارەیان لە ئەندامەکانی خۆیان قەدەغە نەدەکرد. بەڵام ئەوەی پانتای خەسارناسیی زینا لەگەڵ مەحارم زەق دەکاتەوە پەیوەندیی سێکسی نییە بەڵکوو کەڵکاوەژۆیی لە هێز و دەسەڵات و سەپاندنی توندوتیژی بە سەر گروپە بێدەسەڵاتەکانە بۆ ئەوەی لە ناو بنەماڵەدا لە چوارچێوەی دەستدرێژی بۆ سەر جەستە و یەکپارچەیی وجوودیی ئەو سێکسی لەگەڵ بکا کە بە پێی فەرهەنگ و بیر و باوەڕە باوەکانی ناو هەر کۆمەڵگایەک، لێکەوتەی جەستەیی و دەروونی و تڕۆمایەکی قووڵ لە سەر منداڵان لە پاش خۆی بە جێ دەهێڵێ بەتایبەت لە قۆناغەکانی دواتری گەشەدا. قووڵایی ئەم زیان و خەسارەتە بە پێی جۆری سێکسی زۆرەملێ، چۆنیەتیی پەیوەندیی خێزانی و پەیوەندیی نەسەبیی لایەنەکان و هەروەها تەمەن و ڕەگەزی لایەنەکان جیاوازە.

دۆزینەوەی پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان کە پەیوەستە بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کۆمەڵگاکانەوە و لایەنێکی بەربڵاو لە ڕفتارەکان لە خۆ دەگرێ؛ کارێکی چەتوون و لە هەمان کاتدا بێسوودە، بەڵام ئەوەی زەروورەتی عەینی و کردەیی هەیە ڕەخساندنی زەمینەی ڕاهێنان و وشیاری و ڕۆشنگەری لە ناو منداڵانە کە بە شێوەی پەنگراو بوار بۆ دەستدرێژیی سێکسی لە ناو خانەوادە و کۆمەڵگا خۆش دەکەن، ئەم ڕاهێنانە بە جۆرێک لە جۆرەکان ڤاکسینەکردنی ئێستا و داهاتووی منداڵ و کۆمەڵگایە. بەو پێیەی کە دەستڕاگەیشتن بە دەستدرێژیکاران (ئازاردەران) ئەستەمە و دەتوانین بڵێین مەیسەر نابێ؛ لە کورتخایەندا ڕاهێنانی گشتیی کۆمەڵگا و خودی منداڵ کەمتێچووترین و کارامەترین میکانیزمە.

ئەنگێزە و بزوێنەری سەرەکیی من بۆ تاوتوێکردنی پرسە تایبەتەکانی منداڵان و تیشک خستنە لە سەر مافەکانی منداڵ، بەتایبەت سەپاندنی هەر چەشنە توندوتیژییەک بەرامبەر بە منداڵان، لە ژێر کاریگەریی ئەزموونی ژیانی خۆمە، و لە لایەکی دیکەشەوە بابەتی دەستدرێژییە سێکسییەکان کە پشت بە دەیتا توێژینەوەییەکانم دەبەستێ، لەبەر ئەوە سەرنجی تایبەتم پێداوە کە بتوانم بەش بە حاڵی خۆم تێگەیشتنێک بخەمە ڕوو کە لە سەر بنەمای ڕاستییەکان و زانستە پسپۆڕییەکانی ئەم بابەتە بێ و ئەم تێگەیشتنە بکەمە بەدیلی کاردانەوە و کارلێکە ڕووکەشی، ناپسپۆڕی و پۆپۆلیستی و ڕەگەزێتییەکان، چونکە ئەم بابەتە زۆر بە ئاڵۆز و هەستیار دەزانم و پێم وایە تەنیا بە پشتبەستن بە زانستێکی پسپۆڕانە دەتوانین لەو بارەوە قسە بکەین..

جگە لەوەش، ئاماژەکردن بەم خاڵە بە پێویست دەزانم کە ئەزموونی ژیاوم، ئەو ژینگە خێزانی و جوگرافیاییەی کە تێیدا لەدایک بووم و گەورە بووم، لە ماوەی چەندین ساڵ و هەمیشە لە کار توێژینەوەییەکانمدا ڕەنگی داوەتەوە

ئەم کاریگەری و ڕەنگدانەوە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و هەندێ جاریش بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە کارە توێژینەوەییەکانمدا خۆی نواندووە. هەر بۆیە هیچ بە شەرم و شوورەیی نازانم لەوەی کە بڵێم منیش نە تەنیا لە سەردەمی منداڵیمدا ئازاری سێکسیم بەئەزموون کردووە، بەڵکوو هەمیشە و بە بووێرییەوە لە هەر کوێ کە پێویست بکا باسیم کردووە.

ئێستاش ڕاشکاوانە دەبێ بڵێم کە سەردەمی منداڵیم لە هەڵبژاردنی بابەتی ئەم توێژینەوە بێ کاریگەر نەبووە. جێی خۆیەتی ئەم خاڵەشی پێوە زیاد بکەم کە پاییزی ئەوساڵ (١٤٠٣ هەتاوی / ٢٧٢٤ کوردی) وردەکاریی و شرۆڤەی تەواو و تێر و تەسەلی ئازارە سێکسییەکانی سەردەمی منداڵیم و زۆر بابەتی دیکەم لە کتێبی ژیان‌نامەکەمدا کە ئامادەی چاپکردنە، بۆ خوێنەران وروژاندووە.

ئومێد دەخوازم کە وروژاندنی ئەم ئەزموون و ڕاستییانە و هەروەها شیکارییە کۆمەڵناسییەکانی ئەم بابەتە توانیبێتم هەنگاوێک بۆ ڕوونکردنەوە و هاودڵی لەگەڵ ئەو کەسانە هەڵبێنم کە ئەم ئەزموونە تاڵانەیان بە سەر هاتووە.

ئامانجی بنەڕەتیی ئەم توێژینەوە ئەوەیە کە بە شێوەی زانستی پرسی منداڵئازاری و دەستدرێژیی سێکسی وەک جۆرێک لە جۆرەکانی توندوتیژیی ناو خێزان و لە لایەن

مەحارمەوە بناسێنێ بۆ ئەوەی لەم ڕێگەوە هەوڵ بۆ ڕوونکردنەوە و ئامادەکردنی بەرنامە بدا و سیاسەتی کاریگەر بۆ نەهشتنی لێکەوتە و دەرهاویشتەکانی ئەم دیاردە لە ناو کۆمەڵگا ئامادە بکات. بۆ ئەم مەبەستە ڕوانگەی تیۆریی خاوەن‌ڕایانی بوارە جیاجیاکانی ئەم بوارەی لێک دراوەتەوە و بە قووڵبوونەوە لە سەر ئەم بابەتانە و هەروەها بە توێژینەوەی مەیدانی و وەدەستهێنانی ئەزموونی ژیاوی کەسانی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن مەحارمەوە، هۆکارناسی و جۆرناسی بۆ ئەم پرسە کرا و لە کۆتاییدا بە دەستنیشانکردن و هەڵێنجاندنی هۆکار و زەمینەکانی بەردەوامبوونی ئەم دیاردە و لێکەوتەکانی، ئەنجامی کار، لە دوو توێی کتێبێکدا خراوەتە بەر دەم لایەنگران و خوێنەران. ئەم کۆمەڵە سێ بەش لە خۆ دەگرێ کە بە پێی لۆژیکی تیۆریی زەمینەیی کە بەرهەمی ئەنجامەکانی توێژینەوەیە، ئامادە کراوە:

لە یەکەم بەشدا بنەماکان و گەڵاڵەی لێکۆڵینەوەی تیۆریی توندوتیژیی سێکسی لە دژی منداڵان لە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو خانەوادە، قوتابخانە و شوێنەکانی دیکە و پانتا کۆمەڵایەتییەکان تاوتوێ کراوە. لە درێژەی ئەم لێکدانەوەدا زەمینە، فاکتەر و لێکەوتەکانی توندوتیژی لە دژی منداڵان لە سەر ئاستی ورد، مامناوەند و کەڵان لێک دراونەتەوە.

لە بەشی دووهەمدا ئەزموونی ژیاوی منداڵئازاری و توندوتیژیی سێکسی لە ناو بنەماڵە و کۆمەڵگادا بە شیوەی مەیدانیی لێک دراوەتەوە کە ئەنجامەکەی "دەستنیشانکردنی جۆرەکانی دەستدێریی سێکسی بۆ سەر منداڵان لە ناو خێزانی ئێرانی، جۆرەکانی ئازاردان و دەستدرێژی، کێیەتیی دەستدرێژیکار و دەستدرێژیکراو (چی یەکن)، بارودۆخی زەمینەیی و فاکتەرە کاریگەرەکانی سەر دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان، ناسینی لێکەوتە پێکهاتەیی و ڕێکخراوەییەکان و پەی بردن بە پێکهاتەی یاسایی و ناکارامەیی یاساکان و زانینی کاریگەریی دەستدرێژیی سێکسی لە لاوازکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سەرمایە کۆمەڵایەتییەکان" بوو.

بەشی سێیەم ڕێکار و ستراتیژەکانی بواری ڕێگری و چارەسەری پرسی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان، خۆڕاگریی لە هەمبەر دەستدرێژیی سێکسی بە پێی فەرهەنگی

کۆمەڵگای ئێران و لە سەر تەوەری مافەکانی منداڵ و مافەکانی مرۆڤ لێک دەداتەوە و مۆدێلی زەمینەیی کە بەرهەمی داتا مەیدانییەکانی خۆیەتی دەخاتە ڕوو.

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە بەرهەمی هاوبانگەوازیی چالاکیی تاقمێک لە هاوکاران، دیمانەکارانی مەیدانی، توێژەران و سەدان کەس لەو بەشداربووانەیە کە وڵامی پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیان داوەتەوە و هەمیش بەرهەمی ئەو کەسانەیە کە لە قۆناغە جیاجیاکانی لێکۆڵینەوەدا سوودمان لە ڕێنوێنییەکانیان وەرگرت و هەروەها بەرهەمی هەوڵە ئۆبژەیی و سووژەییەکانی هەندێ لە دڵسۆزە هۆگرەکان و ئەو دۆستانەیە کە بە هەموو هێز و گوڕی خۆیانەوە هاتنە ناو مەیدانی توێژینەوەوە. خۆم بە پێزانی ماندووبوونەکانیان دەزانم، ئەگەرچی هەندێ لە وڵامدەران و هەندێ لە هاوڕێیان بە هۆکاری تایبەت و پیشەکانیان خۆیان داوایان کرد کە ناویان نەهێنرێ بەڵام لە ئاماەدبوونی ئەم بەرهەمەدا جێ دەستیان دیارە. هێنانی ناوی یەک بە یەکی بەشداربووان ناومەکینە و چاوپۆشیکردن لە ناوی هەندێکیان لەوەش ناومەکینترە.

توێژەرانی بێباکی مەیدانی توێژینەوە، زەینە کونجکۆڵەکان و زۆر بەشداربوو هەبوون کە بە دڵ و گیانەوە ئەزموون و ناسیاریی خۆیان دایە دەست توێژەرانی ئەم توێژینەوە کە بۆ ئەم کارەش دەستیان ماچ دەکەم. جیا لەوەش، خۆم بە قەرزداری فیداکارییە بێسنوورکانی یەک بە یەکی هاوکارەکانم دەکەم کە لە قۆناغە جیاجیاکانی ئەم گەشتە هزرییەدا، ڕاوێژ و ڕێنوێنیی پڕبایەخیان پێشکەشی کردین و بوونە هۆی پوختەبوونی ئەم بەرهەمە.

ناوبردەکردنی یەک بە یەکی بەشداربووان، کارێکی هەر وا ئاسان نییە. هەر بۆیە دەستخۆشی لە هەموو ئەو ئازیزانە دەکەم کە بە گیانبازییەوە تیۆرییە کارناسییەکانی خۆیان لەگەڵمان هاوبەش کرد. وەک نوێنەری ئەم گروپە گەورە، پێویستە سپاسی تەقەلا پڕبایەخەکانی کەسانی وەکوو شەیما سەتاری و ئەو گروپە مەیدانی و شیکارییەی کە لەگەڵی بوو، سپێهر ئێستیری، فاتیمە (سایە) ڕەحیمی، فەراز کەریمی نیا، مەعسوومە بارز، ڕەوشەنەک ئەمیری، دکتۆر فەرشید خزری بکەم. پشتیوانیی بێدرێغی ئەوان بووە بناغەیەک کە لە سەرەتاوە لەگەڵ ئەم توێژینەوە بووە، ئەوان لە کۆکردنەوەی ژێدەرە سەرەتاییەکاندا کۆمەک و هاوکارییان نواند، دیمانە مەیدانییە سەرەتاییەکانیان ڕێک خست و زانست و ئەزموونێکی پڕبایەخیان پێشکەشی ئەم توێژینەوە کرد. سپاسی

خاتوونەکان دکتۆر فاتیمە مووسەوی میرەک، کەتایوون ئەسڵانی و بەڕێز کاک دکتۆر فەڕشید خزری دەکەم لەبەر ئەوەی خوێندوەوەیەکی ڕخنەگرانەی بۆ دەقەکە هەبوو و پێشنیاری زانستیی خستە ڕوو و منیش سەری ڕێزی بۆ نەوی دەکەم. هەر وا بێتەوە، خۆم بە قەرزداری ڕاوێژەکانی دکتۆر عەلیرەزا کرمانی و خاتوو دکتۆر مەهناز عەلیزادە دەزانم کە لە تاوتوێکردن و شیکاریی کۆتاییدا هاریکاری کردم. هەروەها دەستی ماندووبوونی دۆستان و هاوڕێیان دەزگای چاپ دەگووشم کە وێڕای هاوکارییە بێدرێغییەکەیان لە بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە توێژینەوەییە، بە سینگفراوانییەوە پێشکەشی کۆمەڵگەی جیهانی دەکەن.

سپاسی خانمی نەسیم غوڵامی دەکەم بۆ وەرگێڕانی ئەم بەرهەمە بۆ سەر زمانی کوردی دەکەم. هەڵبەت بەڕێزیان لە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی ڕابردوودا جێ دەستیان دیارە و هیوادارم لە داهاتووشدا هاوکاریمان بکات.

لە کۆتاییدا سپاسی ئەو گروپ و پلەتفۆرمانە دەکەم کە مەردانە سەرچاوە و ژێدەرەکانی پەیوەست بە بابەتی دژوار و سەختی کەڵکاوەژۆیی سێکسی لە منداڵانیان خستە ڕوو. وەک باس کرا بە هۆی هەندێ هەستیاریی تاکەکەسی و سیاسیی سەبارەت بەم بابەتە، هەندێ لە هاوکاران و هەروەها شارەزایان و دیمانەلەگەڵکراوان وایان بە باش زانی ناویان ئاشکرا نەکرێت. هاوکاریی ئەوان ڕێبازی وشیاری ڕوون کردەوە و تێگەیشتنی ئێمەی قووڵتر کردەوە کە بە دڵ سپاسیان دەکەم.

کامیل ئەحمەدی

هاوینی ٢٠٢٤ زایینی / ٢٧٢٤ کوردی

پێشەکی

بە درێژایی مێژوو، خانەوادە وەک یەکێک لە ناوەندە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکان، لە جۆرە جیاوازەکانی خۆیدا بە شوێنێکی پارێزراو بۆ ئەندامەکانی خۆی بەتایبەت منداڵان لە قەڵەم دەدرا بەڵام لە هەمان کاتدا لە ناو خانەوادەشدا زۆر جار ڕووداوی ناخۆش دەبینرا کە باوترینەکەیان هەموو جۆرە جیاوازەکانی توندوتیژیی لە دژی منداڵان بوو. یەکێک لە دڵتەزێنترین توندوتیژییەکان، توندوتیژیی سێکسییە. بەڵگەکانی پەیوەست بە توندوتیژییە خێزانییەکان لایەنێکی بەربڵاوی توندوتیژییە سێکسییەکان پیشان دەدەن کە توندوتیژی لە دژی منداڵان لە سەر ئاستی جیهان، دیاردیەکی باوە. فینکلێرۆ و هاوکارەکانی لە ڕاپۆرتێکدا ڕایانگیاند کە ٨٠ بۆ ٩٨ لە سەدی منداڵان لە سەر ئاستی جیهاندا بە جۆرێک لە جۆرەکان توندوتیژیی خێزانییان بینیوە (فینکلرو و دیتران، ٢٠٠٩). بە پێی ڕاپۆرتی یوونیسێف[1] ساڵانە نزیکەی ٢٥٧ – ١٣٣ ملیۆن منداڵ توندوتیژیی خێزانییان لە ناو بنەماڵەکانیان بەئەزموون کردووە (دال[2]، ٢٠٠٨). لە ڕاپۆرتێکی دیکەدا هاتووە لە ساڵی ڕابردوودا (٢٠١٥) پتر لە یەک ملیارد منداڵی نێوان ١ بۆ ١٧ ساڵ یەکێک لە جۆرەکانی توندوتیژیی فیزیایی، سۆزداری و سێکسییان بەئەزموون کردووە (هیلیس و دیتران[3]، ٢٠١٦).

توندوتیژیی سێکسی لە دژی منداڵان لایەنێکی بەربڵاو لە کردەوەگەلی وەکوو لێکەوتنی جەستەیی/فیزیکی وەکوو دخوول (دەستدرێژیی سێکسی یان سێکسی دەمی) یان کردەوەی نادخوولانەی وەکوو خۆڕەحەتکردن، ماچکردن، ماڵین و دەستدان لە جەستەی منداڵ لە خۆ دەگرێت. هەروەها توندوتیژی لە دژی منداڵان چالاکیگەلی نالێککەوتنانەی وەکوو بەشداریپێکردنی منداڵ لە بەرهەمهێنان یان بینینی وێنەی سێکسی، تەماشاکردنی چالاکیی سێکسی، دنەدانی منداڵ بۆ ئەنجامدانی ڕەفتاری نەشیاوی سێکسی و ڕازاندنەوەی منداڵان بۆ دەستدرێژیپێکردن لە خۆ دەگرێت.

---

1 UNICEF
2 Dalal
3 Dalal and et al

(پۆرتالی رویه آنلاین[1]). هەر بۆیە پرسی توندوتیژیی سێکسی لە دژی منداڵان بەتایبەت کچان یەکێک لەو نیگەرانییانەیە کە لەم بوارەدا بوونی هەیە. ئەنجامەکانی توێژینەوە پیشان دەدا کە ئەگەری ئەوەی کە منداڵان لە ناو بنەماڵە و لە لایەن ئەندامانی خێزانەوە، ببنە قوربانیی توندوتیژی دووقات لە لایەن کەسانی نەناسیەوە زیاترە (هانتینگ[2]، ١٩٨٧). مەزەندە کراوە کە نزیکەی ١٣ لە سەدی ئەو کەسانەی دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەریان لە تافی منداڵی و لە ناو ژینگەی خێزاندا بووە (استولتنبورگ و دیتران[3]، ٢٠١٥).

دیاردەی دەستدرێژیی سێکسی لە دەیەی ١٩٨٠زایینی سەرنجی هۆگرانی ئەم بوارەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و بە هۆی پەرەسەندن و کاریگەرییە بەرفراوانەکانی ئەم دیاردە، سەرنجی زۆرێک لە توێژەرانیشی بەرەو لای خۆی ڕاکێشاوە (گراب و ترنر[4]، ٢٠١٢). توندوتیژییە سێکسییەکان لە هەر کاتێکدا ڕوو بدەن بە هۆی ئەو زیانە توندەی کە بە قوربانییەکەی دەگەیێنن، لە توندوتیژییەکانی دیکە سەرنجڕاکێشترە بەڵام کاتێک ئەم زیانە لە ناو خێزان و لە لایەن ئەو کەسانەوە ڕوو دەدا کە هاوخوێن و مەحرەمی کەسەکەن، زیانەکانی ئەم دەستدرێژییە سێکسییە دووقات دەبێتەوە. ئەم کردارە نەشیاو و نانۆرمە زۆر جار کپ دەکرێ و نادرکێنرێت. هەروەها لە هەندێک حاڵەتدا ئەگەر لەقاو بدرێ ئەوە بڕواپێکردن و سەلماندنی چەتوونە چونکە ویژدانی گشتیی کۆمەڵگا، خانەوادە بە ناوەندێکی گەرم دەزانێ کە لەم چەشنە زیانانە بێبەرییە (زارعی، ٢٠١٦).

هەبوونی ئەزموونی ئازاربەخشی وەکوو دەستدرێژی و کەڵکاوەژۆیی سێکسی لە هەڕەتی منداڵیدا لێکەوتەی خراپی دەروونی و کۆمەڵایەتیی درێژخایەن لە کەسەکەدا دادەنێت (WHO، ٢٠١٦)، وەکوو کێشەی یادگە، تێکچوونی ڕەفتاریی وەکوو توندوتیژی بەرامبەر بە هاوبەشی سێکسی (دوب و دیتران[5]، ٢٠٠٥) و خەمۆکی (Chen et al, 2010). خاوەن تیۆرییەکی ناسراو لەبارەی کەڵکاوەژۆیی سێکسی بۆ سەر منداڵان دەڵێ ئەوانەی کە لە تافی منداڵیدا دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەریان، ئەگەری ئەوەی کە لە

1 proceduresonline
2 Henting
3 Stoltenborgh et al
4 Grubb & Turner
5 Dube et al

داهاتوودا دەستدرێژیی سێکسی بکەنە سەر منداڵەکانی خۆیان، زیاترە (گلاسر و دیتران[1]، ٢٠٠١). هەروەها چەندین لێکۆڵینەوە دەریانخستووە کە دەستدرێژیی سێکسی لە هەرەتی منداڵی، فاکتەرێکی گرینگ بۆ سەپاندنی توندوتیژیی سێکسی و دەستدرێژیی سێکسی لە هەرەتی مێرمنداڵی و گەورەساڵییە (بابچیشین و دیتران[2]، ٢٠١١).

ئەدڵسۆن بە پێداچوونەوە بە سەر ٨٠ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ئەزموونی توندوتیژیی خێزانی لە لایەن منداڵانەوە، پرسی ئەوانەی کە شاهیدی بەئەزموونکردنی توندوتیژیی خێزانین لە سێ پۆلی سەرەکیدا پۆلێنبەندی کردووە: ١. پرسی کارکردی ڕفتاری و سۆزداری، ٢. پرسی ڕوانگەیی و کارکردی مەعریفی و ٣ پرسی کارکردی جەستەیی (ادلسون[3]، ١٩٩٩). مارگۆلین و گۆردین بە لێکۆڵینەوە لە سەر ئەو منداڵانەی کە لە بەر دەم توندوتیژیی خێزانیدان لێکەوتەکانی ئەم توندوتیژییەیان بۆ سەر منداڵان لە سێ پۆلی لێکەوتە کورتخایەن و درێژخایەنەکان پۆلێنبەندی دەکەن. لێکەوتە کورتخایەنەکان بریتین لە: کێشەی پەیوەست بە تەندروستی و حاڵەتگەلی جەستەیی وەکوو تێکچوونی خەو و کێشەی ناسیاری و خوێندن،کێشەی سۆزداری و خوو و خدە، خەمۆکی و دڵەڕاوکێ، تووڕەیی و شەڕانگێزی، تاوانباری، کەمبوونی متمانەبەخۆیی، حاڵەتەکانی سترێسی پاش ڕووداو وەکوو مۆتەکەی شەوانە و ترسی زۆر. لێکەوتە درێژخایەنەکانیش بریتین لە: گۆشەگیری و هەستی بێمتمانەیی و نەبوونی ئاسایش و هەڵکشانی ئەگەری ئەوەی کە منداڵ دواتر لە ژیانیدا، ببێتە قوربانیی توندوتیژی یان توندوتیژی لێ بووەشێتەوە (مارگۆلین و گۆردین[4]، ٢٠٠٤). لەم زەمینەدا گیدنێز (١٣٨٧ هەتاوی) باس لە متمانەی بونیادی[5] دەکاتەوە. بە باوەڕی گیدنێز ڕیشەی ئەم متمانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونەکانی سەردەمی منداڵی و تا ڕادەیەکیش دەچێتەوە سەر چاودێریی باشی دایک و باوک. ناوبراو ڕوونی دەکاتەوە متمانەی بونیادی لە منداڵدا دەبێتە هۆی "ئاسایشی وجودی"[6]. ئەگەر ئەم متمانە بە هۆی ئەزموونی توندوتیژییەوە بیچم نەگرێ دەتوانێ ئاسایشی وجوودیی

1 Glasser et al
2 Babchishin et al
3 Edleson
4 Margolin and Gordin
5 Basic Trust
6 Existential Security

منداڵ بخاته مەترسییەوە. لەم حاڵەتەدا منداڵ وا دەزانێ جیهان شوێنێکی نائارام و مەترسیدار بۆ ژیانە.

لە ئێرانیشدا بە هۆکاری وەکوو تابۆبوونی توندوتیژیی سێکسییەوە بەتایبەت لە ناو ژینگەی خانەوادە، ناوناتۆرەی کۆمەڵایەتی و ترس لە سزادانی زۆری قوربانی، تۆمارنەکران و ڕاپۆرتنەکردنی توندوتیژیی سێکسی لە دژی منداڵان هیچ ئامار و بەڵگەیەکی متمانەپێکراومان سەبارەت بەم دیاردە بەتایبەت لە ناو ژینگەی خێزاندا لە بەردەستدا نییە، بەڵام نەبوونی بەڵگە و ئاماری پڕبایەخ بە واتای نەبوونی ئەم دیارە لە ناو بنەماڵە و کۆمەڵگا نییە. هەندێ لە بەڵگەکانی توێژینەوەکان دەریدەخەن کە ئەم دیاردە لە ئاستی کۆمەڵگادا بوونی هەیە. بۆ وێنە "ئاماری دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر مەحارم لە لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بە لەشفرۆشی ڕێژەکەی لە نێوان ٢٢ لە سەد بۆ ٢٥ لەسەدە و لە لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بە کچە ڕاکردووەکاندا ئەم ڕێژە دەبێتە ١٢ لە سەد بۆ ٣٦ لەسەد." کە ئەمە ڕێژەیەکی یەکجار زۆرە (مالجو، ١٣٨٩ هەتاوی:٨٥). وامقی و هاوکاران (١٣٨٦ هەتاوی) لە لێکۆڵینەوە لە سەر قوتابیانی قوتابخانەی ئامادەیی شاری تاران ڕایانگەیاند کە توندوتیژیی جەستەیی لە نێوان دایک و باوک ٢٢٫٨ لە سەدە. توێژەران پێیان وایە کە بە هۆی ترس و هەستی شەرم زۆرێک لە کەسانی دەستدرێژێکراو، ڕووداوی دەستدرێژیی سێکسییەکە لەقاو نادەن کەواتە ئەو ئامارانەشی کە لەم بارەوە لەبەر دەستن کەمتر لە ڕێژەی ڕاستەقینەی ئەم دیاردەیە (آسپلمایر و دیتران[1]، ٢٠٠٧). سەرباری ئەوەی کە سەبارەت بە دۆسییەکانی زینا لەگەڵ مەحارم لە وڵاتی ئێران هیچ ئامارێک بڵاو نەبۆتەوە، بەڵام سەرۆکی ئەنجومەنی خەسارەتە کۆمەڵایەتییەکان دوای وتەکانی خۆی سەبارەت بەم پرسە، باسی لە پێکهێنانی پێنج هەزار و ٢٠٠ دۆسییەی لە وڵاتی ئێران کرد کە گوزارشتە لە پەیوەندیی سێکسیی برا لەگەڵ خوشک و باوک لەگەڵ کچی خۆی کە هەڵبەت ئەم ئامارانە جیا لەو ئامارانەن کە هی دەستدرێژیی سێکسیی لەگەڵ مەحارمی وەکوو خاڵۆ و مامە و خەزوور (باوکی مێرد) و زۆرێک لە کەڵکاوەژۆییە سێکسییەکانە کە ئەمانە ڕاپۆرت ناکرێن (یانەی هەواڵنێرانی گەنج، ١٣٩٥ هەتاوی "باشگاە خبرنگاران جوان، ١٣٩٥").

1 Aspelmeier and et al

کۆمەڵگای ئێران لە بارودۆخی ئێستاشدا بە هۆی شێوازی ڕێکخستن و پرس و ئەو گیر و گرفتانەی کە بەرۆکی گرتووە بەستێنی هەموو جۆرە کێشەیەک بە شێوەی گشتی و دیاردە خەسارەتبەخشەکان بە شێوەی تایبەتە. یەکێک لە گرینگترینی ئەم کێشانە توندوتیژیی لە دژی منداڵان و منداڵئازاری بەتایبەت منداڵئازاریی سێکسییە. لە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی ئێستای کۆمەڵگای ئێران دەتوانین پەنجە بۆ مژارگەلی وەکوو نایەکسانی و هەژاریی دووقات، ناسەقامگیریی کۆمەڵایەتی، ڕوانگە فەرهەنگییە پیاوسالارییەکان و بوونی حکومەتێکی ئایدۆلۆژیک و ناکارامە ڕابکێشین. ئەم پرسانە وای کردووە کە لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا گەلێ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی ڕوو بدات. بۆ نموونە دەتوانین بڵێین نایەکسانی لە ڕێگەی بێبەش‌کردنی زۆرێک لە هاووڵاتیانی ئەم کۆمەڵگایە لە دەرفەت و سەرچاوەکان بە شێوازی جیاواز بووەتە هۆی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان. لە درێژەی ئەم کتێبەدا ئەم بابەتە بە تێر و تەسەلی باس کراوە. یان پەرەسەندنی خەسارەتە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو تەڵاق، پەراوێزنشینی و ئالوودەبوون یەکێک لەو بەستێنانەیە کە ئەگەری پەیوەندیی سێکسیی لە ناو خێزان و مەحارم و ئازاری سێکسی زیاتر دەکات. سەرەڕای ئەوەی تەڵاق خۆی لە خۆیدا خەسارەتێکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵام دەتوانێ لێکەوتەی زیانبەخشی کۆمەڵایەتی بە دوای خۆیدا بێنێ و خەسارەتی ئەم دیاردە زیاتر ئاوقانی منداڵانی تەڵاق و ژنان دەبێتەوە. دروستبوونی خێزانی دیکە لە ئەنجامی تەڵاق و جیابوونەوە، واتە خێزانی ژن‌سەرپەرشت، تاک‌سەرپەرشت، ئەو خێزانانەی کە منداڵان لەگەڵ زەڕباوک یان زەڕدایک یان چاودێرەکانی دیکە دەژین دەتوانێ ژینگەیەکی جیدی بۆ زیان و ئازاردانی منداڵان دابین بکات. تێکەڵبوونی هەژاری و زیانە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لەگەڵ ئەم خێزانانە دۆخەکەی دوو هێندە قەیراناوی کردووە.

بە هۆی هەژاریی ڕەهاوە، نزیکەی یەک لە سەر چواری خانەوادە ئێرانییەکان لە ناوچە و گەڕەکە پەراوێزییەکاندا دەژین. ئەو ناوچانە یەکێک لە ناوەندەکانی کەڵەکەبوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکانن بەڵام ئێمە باوەڕمان وا نییە کە کێشەکان پەیوەندی بە دانیشتوانیانەوە هەیە. بێبەشبوون لە زۆرێک لە ئیمکانیات و خزمەتگوزارییە شارییەکانی وەکوو قوتابخانە، سیستەمی فرێدانی ئاوەڕۆ، خانووبەرەی نەشیاو، بوونی فەزای مەترسیداری جۆراوجۆر، ناسەقامگیریی نیشتەجێبوون، چڕبوونەوەی هەژاری و هتد لە تایبەتمەندیی ئەم

ناوچانەن. بە هۆی دروستنەبوون یان لاوازیی توانا ڕێکخستنییەکانی ئەم گەڕەکانە منداڵان ڕووبەڕووی هەموو جۆرە ئازار و دەستدرێژییەک دەبنەوە. ئەگەر توخمی ئالوودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان بەوانەی سەرەوە زیاد بکەین، بارودۆخەکە ئەوەندی دیکە ئاڵۆزتر دەبێتەوە. تێکەڵبوونی هەژاری و ژیان لە ناوچە پەراوێزییەکان و گیرۆدەبوون بە مادە هۆشبەرەکان یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دەستدرێژی کردنە سەر منداڵانە. لە زۆرێک لە حاڵەتەکاندا کەسانی تووشبووی مادەی هۆشبەر بە هۆی زیانبەرکەوتنی سیستەمی کۆنترۆڵییانەوە خۆ لە هەموو جۆرە توندوتیژییەک دەدەن، لە هەندێ حاڵەتدا ئەوان بۆ دابینکردنی پارەی مادە هۆشبەرەکەیان لەوانەیە منداڵەکانی خۆیان بۆ مەبەستی کەڵکاوەژۆیی سێکسی بفرۆشن. ئێمە باوەڕمان وا نییە کە دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان تەنیا لە ناو خانەوادە هەژارەکاندا ڕوو دەدا، بەڵام بەستێنەکانی دەستدرێژی کردن لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی دیکە دەتوانێ جیاواز بێ و ڕەنگە لە ناو چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵگادا بە ڕێژەی جیاوازەوە ببینرێت.

لە کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێران کە بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ژنان لە پێگەیەکی نزمتردایە، ئەوان بەرەوڕووی هەموو جۆرە ناوەنیتکەی ئەخلاقیی نەرێنی دەبنەوە. وا دیارە کۆمەڵگا کەسی قوربانیی دەستدرێژی نەک وەک کەسێکی ئاسایی یان تەنانەت وەک قوربانییەک، بەڵکوو وەک لادەر و تاوانبارێک دەناسێ و بە ناونیتکەلێنانی دیسان زوڵمی لێ دەکاتەوە. تاراندنی کەسی قوربانی، قوربانی لە داپەڕ و ڕێوشوێنی پشتیوانیی خۆبەخشانە و چارەسەر و هەروەها خزمەتگوزاریی پەروەراندنەوەی حکومی و ناحکومی بێبەش دەکات. ئەو ڕوانگەی کە قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی بە مرۆڤێکی چەوت و بێ‌ڕەوشت دەزانێ، ناهێڵێ داپەڕی هەمەلایەنەی مەدەنی بیچم بگرێ و مرۆڤ ناتوانێ چاوەڕوانییەکی ئەوتۆی لە خزمەتگوزارییە پاڵپشتییەکانی حکومەت هەبێت (ایروانیان، ٢٠١٠). لە هەمان کاتدا حکومەتی ئێران بە هۆی سروشتی ئایدۆلۆژیکییەوە ئامادە نییە لە قوتابخانەکان و دامودەزگا پەروەردەییەکانی دیکە ڕاهێنانی سێکسی پێشکەش بکات. ئەمەش پێچەوانەی ئەو شێوازەیە کە لە زۆرێک لە وڵاتاندا بوونی هەیە و لە لایەن بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانەوە دانیان پێدا نراوە. ڕاهێنانی سێکسی، وێڕای بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی منداڵان سەبارەت بە بابەتی سێکس، فێری شێواز و تەکنیکەکانی خۆپارێزییان دەکات؛ بەڵام بە هۆی دەسترانەگەیشتنی سیستماتیکانەی منداڵان بەو ڕاهێنانانە لە ئێران و لە ئەنجامدا

دەستنەخستنی شارەزایی و وشیاری، (بەتایبەت منداڵانی ناوچە دوورەدەستەکان و منداڵە هەژارەکانی وڵاتی ئێران) زیاتر تووشی دەستدرێژی و توندوتیژی دەبنەوە.

لێکەوتە نەرێنییەکان کە بە هۆی ئەنجامدانی هەندێ ڕفتاری نەشیاوی سێکسییەوە بەرهەم دێن لە ئاستێکدایە کە ماوەڕای هەر دوو کەسی تاوانبار و قوربانییە بە جۆرێک کە کاریگەریی لە سەر کەسانی پەیوەندیدار بەوان و تەنانەت ئەخلاقی گشتیی کۆمەڵگا دادەنێت. هەر بۆیە هەوڵ دەدرێ ڕفتاری تاوانبارانە سەری بنرێتەوە و ئاشکرا نەکرێ بە جۆرێک کە زۆر پێیان خۆش نییە لای کەس بیدرکێنن و هیچ گەڵاڵەیەک لای ناوەندە کۆمەڵایەتی و یاساییەکان بەدی ناکرێت. دەتوانین بەم دۆخە بڵێین شاردنەوەی ڕەفتاری سێکسی (ایروانیان، ١٣٨٩ هەتاوی). کەواتە دەبێ بڵین لە لایەک زەمینەکان بۆ توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵان بەتایبەت توندوتیژیی سێکسی گونجاوە و لە لایەکی دیکەشەوە پشتیوانیی کاریگەر لە ئارادا نییە، لە ناو قوتابخانەکان و ڕێکخراوەکانی دیکە ڕاهێنانی سێکسی بوونی نییە و ئەو ناوناتۆرە کۆمەڵایەتییانەی کە بە هۆی ئەم دیاردەوە لە کۆمەڵگادا بەدی دێ، بە جۆرێک کە لە زۆر حاڵەتدا قوربانییەکان ناوێرن ڕایبگەیێنن، هەموو ئەمانە وای کردووە کە زەرووەت و تاوتوێکردنی ئەم پرسە دووقات ببێتەوە.

لە سەر ئاستی کەڵان، سیاسەتدانان و ئامادەکردن و دەرکردنی یاسا بۆ ڕێگری کردن و بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردە زۆر پێویستە. پێویستە سیاسەت و یاساکان لە سەر بنەمای توێژینەوە و زانست و مەعریفەی بەرهەمهاتووی ئەم بوارە بن بۆ ئەوەی بتوانن کاریگەر بن. خەسارەتە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو توندوتیژیی سێکسی لە دژی منداڵان کە ئەورۆ لە کۆمەڵگادا تەشەنەی سەندووە لە لایەن سیاسەتدانەران و بەرنامەی گەشە لە کۆمەڵگای ئێراندا کەمتر ئاوڕی لێ دراوەتەوە. بۆ وێنە لە بەرنامەی گەشەی شەشەمدا کە پرسی خەسارەتە کۆمەڵایەتییەکان خرانە بەر تیشکی سەرنج، کەمتر ئاوڕ لە پرسی بواری منداڵان بەتایبەت توندوتیژی لە دژی منداڵان دراوەتەوە و لە سیاسەتە گشتییەکانی وڵاتی ئێراندا کەمتر سەرنج پرژێنراوەتە سەر پرسەکانی بواری منداڵان.

بە پێی زۆربوونی ئەزموونی توندوتیژیی سێکسی لە ناو ژینگەی بنەماڵە و بە پێی لێکەوتەکانی ئەم دیاردە بۆ سەر قوربانییەکانی بەتایبەت منداڵان، زەرووەتی تاوتوێکردنی ئەم پرسە تا دێ گرینگتر دەبێت. چەندین لێکۆڵینەوە لەمەڕ جۆرەکانی توندوتیژی و

گروپەکانی بەرکەوتووی توندوتیژی ئەنجام دراوە، لێکۆڵینەوە لە سەر منداڵان بەتایبەت ئەو کچانەی کە ئەزموونی ڕاستەوخۆیان لەبارەی توندوتیژیی سێکسیی خێزانیدا هەبوو، دەتوانێ لە تێگەیشتن لەم دیاردە کاریگەر بێت. هەر بۆیە ئامانج لەم لێکۆڵینەوە ئەوەیە کە پرسی توندوتیژیی سێکسی بەرامبەر بە منداڵان لە ناو ئەو ژینگەی کە هەمیشە تێدا دەژین واتە بنەماڵە تاوتوێ بکرێت. ئەم توندوتیژییانە کۆمەڵێک کردەوەی بەرفراوانی وەکوو لێک‌کەوتنی جەستەیی، دەستدرێژی‌کردن و ناچارکردنی منداڵان بۆ تەماشاکردنی وێنەی سێکسی لە خۆ دەگرن. ناسینی ئەم دیاردە لە ڕووی هۆکارەکان و ئەزموونە ژیاوەکان و لێکەوتەکانیەوە، وا لە داڕێژەرانی سیاسەت و پسپۆڕانی ئەم بوارە دەکا کە سیاسەتێکی گونجاو بۆ ڕێگری‌کردن و بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردە بخەنە ڕوو و دەستێوەردانی باشتریان هەبێت.

توێژینەوەی لەم چەشنە لە پاڵ توێژینەوە ئەنجامدراوەکانی دیکە، خاڵی دەستپێک بۆ تێڕامان و ناسین و لە کۆتاییدا داڕشتنی سیاسەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئازاردانی سێکسییە. پێویستە حکومەتەکان گرنگییەکی جددی بەم بابەتە بدەن، چونکە دەستدرێژیی سێکسی، جگە لەوەی وەج، شکۆ و متمانە بە خۆیی منداڵان، نەک تەنها لە تەمەنی منداڵیدا، بەڵکوو لە قۆناغەکانی دیکەی ژیانیاندا پێشێل دەکا و زیانیان پێدەگەیێنێ و دەتوانێ بەردەوامیی ئەم پرۆسە بەهێز بکات. بۆیە پێویستە لە سەر بنەمای دۆزینەوە زانستییەکان و بۆچوونی پسپۆڕان و شارەزایان و تەنانەت کەسانی دەستدرێژیکراویش سیاسەتێکی دروست دابنرێ، ئەگینا شاهیدی پەرەسەندن و بەردەوامبوونی هەرچی زیاتری ئازاردانی سێکسی و تەنانەت لە هەندێک حاڵەتیشدا سزادانی قوربانیان و کەسانی دەستدرێژیکراو دەبین. هەڵبەت ئەرکی ڕێگری‌کردن لە ئازاردانی سێکسی تەنها لە سەر شانی حکومەتەکان نییە، چونکە لە زۆر حاڵەتدا توانای پێویستیان لەم بوارەدا نییە. پێویستە بە ڕاهێنان و ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگا و ڕەخساندنی بەستێنێکی گونجاو بەتایبەت بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ئەوانیش بە بوارە جۆراوجۆرەکانی ئەم پرسە زیانبەخشە تێوە بگلێنین، چونکە بەشێکی زۆریان لە نزیکەوە تووشی ئەم دەستدرێژییانە و کەسانی دەستدێژیکراو و خێزانەکانیان و تەنانەت دەستدێژیکارەکانیش دەبنەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە، لەم کتێبەدا بڕیارمان دا کە بابەتی توندوتیژیی سێکسی لە دژی منداڵان یان منداڵئازاریی سێکسی تاوتوێ بکەین؛ بۆیە بۆ

بەدیهێنانی ئەم بابەتە، ئەم پرسیارەی خوارەوە بە کەڵکوەرگرتن لە شێوازی چۆنایەتی و توێژینەوەی مەیدانی شرۆڤە کرا: ئازاردانی منداڵان لە سەر چ بەستێنێکی کۆمەڵایەتی، ئابووری و یاساییدا ڕوو دەدات؟

دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان لە وڵاتی ئێران چ دەرهاویشتەیەکی دەروونی و جەستەیی بۆ سەر ئەوان و کۆمەڵگای لێ دەکەوێتەوە؟

منداڵانی دەستدرێژیکراو و بنەماڵەکانیان بۆ بەرەنگاربوونەوە و ڕووبەڕووبوونەوە لە هەمبەر دەستدرێژیی سێکسی بیریان لە چ ستراتیژگەلێک کردۆتەوە؟

کەسانی دەستدرێژیکار چ تایبەتەمندیگەلێکی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییان هەیە؟

بەشی یەکەم: بنەما و لێکۆڵینەوە تیۆرییەکانی توندوتیژیی سێکسی لە دژی منداڵان

پێشەکی

لێکدانەوەی ئەدەبیاتی پرسەکە و تەرخانکردنی بەشێکی ئەم کتێبە بۆ ئەم پرسە، بابەتێکی جێی مشتومڕی توێژینەوە چۆنایەتییەکانە. هەندێک کەس بە کاریگەریی لە وتە سەرەتاییەکانی گلێزێر و ستراوس (١٩٦٧) پێیان وایە کە لە توێژینەوە چۆنایەتییەکاندا پێویست بە پێداچوونەوە بە بەرهەمەکان ناکا و تەنانەت جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە لە توێژینەوەی چۆنایەتیدا ئەم کارە ئەنجام نەدرێت. سەرباری ئەوەی دامەزرێنەرانی تیۆریی زەمینەیی دواتر لەم بارەوە لە ئیدعاکانیان پاشگەز بوونەوە بەڵام جیا لەوە خوێندنەوەی بەرهەمی سەبارەت بە بابەتی توێژینەوە لەگەڵ زیادبوونی هەستیاریی توێژەر، هاوکاری دەکا بۆ ئەوەی بە دەستڕاگەیشتن بە هەندێ چەمکی هەستیار، بە شێوازێکی ئامانجدار زانیارییەکان کۆ بکاتەوە. ئەم توێژینەوە بەم ئاراستەوە ئەدەبیاتی پەیوەست بە دەستدرێژیی سێکسی و شێوازەکانی توێژینەوە لە سەر ئەم بابەتە تاوتوێ دەکات.

بەو پێیەی کە لە توێژینەوەی چۆنایەتیدا ئامانجی سەرەکیی خوێندنەوەی بەرهەمەکان بۆ ئەوەیە کە توێژەر تووشی هەستیاریی تیۆری بکا و لە ئەنجامدا توێژەر زانیاریی پەیوەست بە ئامانجی توێژینەوە دەست بخا، کەواتە ئامانجی ئەم توێژینەوەش پێداچوونەوە بە پێناسە و نموونە و ڕوونکردنەوە و تێبینییەکانی توندوتیژیی سێکسی، پێناسەیەکی گشتگیر و چوارچێوەیەکی تیۆری بخاتە ڕوو و نەک تەنانەت چوارچێوەیەکی چەمکیی تێر و تەسەل بەڵکوو بە نیازە لەو چوارچێوە چەمکییەی کە لە پێناسە و تیۆرییەکاندا وەدەست هێنراوە، هەستیاریی تیۆری دروست بکات. توێژینەوەی چۆنایەتی پابەندی پێداچوونەوەی گشتگیر بە ئەدەبیاتی بەرتوێژینەوەی خۆیشی نییە چونکە بە گوێرەی پێشنیارە شێوازناسییەکان، پێداچوونەوە بە ئەدەبیاتی توێژینەوەی چۆنایەتی تەنیا هەتا ئەو جێگا بەردەوامە کە

زۆربوونی هەستیاریی تیۆریی توێژەری لێ بکەوێتەوە. ئەم بەرهەمەش ئەم ئاراستەی خستۆتە ڕێکاری ئیشی توێژینەوەی خۆی.

توندوتیژیی سێکسی لەو ڕووەوەی کە ڕەهەندی هەمەجۆری هەیە، بابەتی لێکۆڵینەوە بوارە جیاوازەکانی وەکوو کۆمەڵناسی، مێژوو، توێژینەوەکانی بواری ژنان و خێزان، یاریدەدەریی کۆمەڵایەتی، دەروونناسی، یاسا و تاوانناسی بووە؛ بە واتایەکی دیکە توندوتیژیی سێکسی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، دەروونی، مێژوویی، یاسایی و زیندەوەرناسی هەیە. هەر کام لە بوارەکانی سەرەوە یەکێک لەم ڕەهەندانەیان تاوتوێ کردووە، هەر بۆیە بۆ لێکدانەوەی ئەم دیاردە پەیوەستاری جیاواز بۆ تیۆرییەکان هەیە. توندوتیژیی سێکسی دژ بە لایەنێکی جیاوازی تاکەکان لەوانە ژنان، منداڵان و پیاوان دەسەپێنرێت. سەبارەت بەم بابەتە لانیکەم دوو توخمی ئازاردەر (یان دەستدرێژیکار) و ئازاردراو (یان دەستدرێژیکراو) بەدی دەکرێت. هەر بۆیە هەندێ لە توێژینەوە و تیۆرییەکان تایبەتمەندییەکانی ئازاردەر یان دەستدرێژیکاریان لێک داوەتەوە و هەندێکی دیکە تایبەتمەندییەکانی دەستدرێژیکراو و ئەو لێکەوتانەی کە بە هۆی بەئەزموونکردنی توندوتیژییەوە تووشی دەبن، تاوتوێ کردووە. لە لایەک جۆرە کەمزیانەکانی وەکوو قسەکردنی تەلەفۆنیی نەشیاو دەبینین و لە لایەکی دیکە دەستدرێژیی سێکسی و دەستدرێژی بۆ سەر مەحارم بەدی دەکەین کە زیانەکانی زۆر زیاترە. لە جیهانی ڕاستەقینەدا جۆرەکانی توندوتیژیی سێکسی دیاردەگەلێکن کە زۆر جار پێکەوە ڕوو دەدەن. هەر بۆیە کاتێک کە پێداچوونەوە بە ئەدەبیاتی ئەم بوارەدا دەکەین ڕووبەڕووی لایەنی جیاوازی بابەتەکان دەبینەوە.

ڕوانگە تیۆرییەکان وەکوو ئەدەبیاتی ئەزموونی هەوڵ دەدا لە ڕەهەندی جۆراوجۆری وەکوو ڕەهەندە کۆمەڵایەتی، دەروونی، زیندەوەرناسی، فەرهەنگی، سیاسی، یاسایی و ژینگەیی – پانتایی دیاردەی دەستدرێژیی سێکسی بناسێت. لە ناو ڕا و بۆچوونە بەرلێکۆڵینەوەکانی ئەم توێژینەوەدا هەندێ ئاراستەی فرەڕەهەند و نێوانزانستییان بۆ ئەم دیاردە بووە و هەندێ دیکە ئاراستەی یەکلایەنە. لەم بەشەی توێژینەوەدا هەوڵ دراوە کە بۆ دروستکردنی هەستیاریی تیۆریی زیاتر، هەندێ لە ڕوانگە تیۆرییەکانی پەیوەست بەم بابەتە تاوتوێ بکرێ و دەلالەتەکانیان سەبارەت بەم دیاردە وەدەست بهێنرێ و وەک ئامرازێکی چەمکی بخرێنە خزمەت توێژینەوەکەوە. لێکدانەوەکانی ئەم توێژینەوانە لە ئەدەبیاتی تیۆریی دیاردەی دەستدرێژیی سێکسی لە چوارچێوەی تەوەری توندوتیژیی

سێکسی و نموونەکانی، جۆرناسیی توندوتیژی، زەمینەکان و هۆکارەکانی توندوتیژیی سێکسی، کاریگەریی و لێکەوتەکانی توندوتیژیی سێکسی و ستراتیژەکانی توندوتیژیی سێکسی ئەنجام دراوە و لە هەر حاڵەتێکدا هەوڵ دراوە دەلالەتەکانیان دەستنیشان بکرێ و لە درێژەی توێژینەوەدا بەکار بهێنرێت. لە درێژەدا ئەو سەرچەشنەی کە بەرهەمی ئەم لێکدانەوە تیۆرییانەیە شی کرانەوە و لە بڕگەی کۆتایی ئەم بەشەدا بە پێداچوونەوە بە توێژینەوەکان و لێکۆڵینەوە ئەزموونییە ئەنجامدراوەکانی بواری توندوتیژیی سێکسی ڕەخنەشیان لێ گیرا.

پێناسەی توندوتیژیی سێکسی و نموونەکانی

هەر چەشنە پێناسەیەکی گشتگیر سەبارەت بە توندوتیژی دەبێ بە پێناسەکردنی جۆرە جیاوازەکانی دەست پێ بکرێ، بە جۆرێک کە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ئاسان بکاتەوە، ئەگەرچی ئامانجی ئێمە لەم کتێبەدا بە شێوەی تایبەت هەڵسەنگاندنی توندوتیژی نییە. لەم بەشەدا بە شێوەی گشتی توندوتیژی پێناسە دەکەین و دەیخەینە بەر تیشکی ڕەخنە و لە درێژەدا بە ئاراستەیەکی تایبەت و بە چڕبوونەوە لە سەر هەر دوو گرووپی هەستیاری کۆمەڵگا واتە ژنان و منداڵان کە گرینگیی ژنان لە سۆنگەی ڕەگەزی و گرینگیی منداڵان لە سۆنگەی منداڵییە، توندوتیژیی سێکسی و توندوتیژیی لە دژی ژنان، ئینجا منداڵئازاری و توندوتیژی لە دژی منداڵانی پێناسە دەکەین و هەندێ لە نموونەکانی واتە دەستدرێژی و زینا لەگەڵ مەحارمی تاوتوێ دەکەین.

پێناسەی جیاواز سەبارەت بە توندوتیژی[1] خراوەتە ڕوو. لە پێناسەیەکدا هاتووە کە توندوتیژی بریتییە لە "هەر داپەڕێکی فیزیایی/جەستەیی یان ڕۆحی و دەروونی، لێدان و ئازار، پشتگوێخستن و ڕفتاری بە هۆی پشتگوێخستنەوە، بەدڕفتاری یان کەڵکاوەژۆیی لەوانە کەڵکاوەژۆیی سێکسی" (نوری، ١٣٨٧:٣٥). داڵبێرگ و کرۆگ[2] لە پێناسەی توندوتیژی کەڵک لە پێناسەی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی وەردەگرن: "بەکارهێنانی بەئەنقەستی زەبر یان هێزی جەستەیی، بۆ هەڕەشە یان بەکردەیی‌کردنی لە هەمبەر خۆ، کەسی بەرامبەر، یان لە هەمبەر گرووپێک یان کۆمەڵگایەک کە دەتوانێ ببێتە هۆی

1 Violence
2 Dahlberg and Krug

زیانپێگەیاندن، مەرگ، زیانی دەروونی، گەشەی ناتەواو و یان ببێبەشبوون و یان ئەگەری هەر کام لەمانە زۆر بکات" (دالبرگ و کروگ، ٢٠٠٢: ٥).

لەم بڕگەدا لە پێشدا خاڵە بەهێزەکان و ئینجا کەموکوڕییەکانی پێناسەی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی سەبارەت بە توندوتیژی دەخەینە بەر تیشکی ڕەخنە: ئەم پێناسە، جیا لەو ئەنجامەی کە لێی دەکەوێتەوە، قامکی لە سەر بەئەنقەستبوونی توندوتیژی داناوە. نووسینی وشەی "هێز" جیا لە کارایی دێڕی "بەکارهێنانی هێزی فیزیایی" پەرە بە سروشتی کردەوەیەکی توندااژۆیانە و تێگەیشتنی ئاسایی لە توندوتیژی دەدا و ئەو کردەوانە لە خۆ دەگرێ کە بەرهەمی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتن وەکوو هەڕەشەکردن و تۆقاندن. بۆ وێنە خاوەنکارێک لەوانەیە بە هۆی ئەو دەسەڵاتەی کە هەیەتی کارمەندێکی ژن ناچار بە سێکس بکا و ئەگەر ئەو ژنە مل بەم کارە نەدا لە سەر کار دەربکا و یان نەهێڵێ پلەی بەرز ببێتەوە. هەروەها "بەکارهێنانی توندوتیژی" جیا لە داپەڕە ئاشکراترەکانی توندوتیژی، بۆ تۆمارکردنی نەهاتنەوە یان کەمتەرخەمیش بە کار هێنراوە. بە جۆرێک کە "بەکارهێنان زەبر یان هێزی فیزیکی" بریتییە لە کەمتەرخەمی و هەموو جۆرەکانی ئازاری فیزیایی، دەروونی و سێکسی و خۆکوژی و هەموو چەشنەکانی خۆئازاری[1]. ئەم پێناسە پانتایەکی بەربڵاوتر لە ئەنجامگەلی وەکوو خەسارەتی دەروونی، بێبەشبوون و گەشەی ناتەواو[2] لە خۆ دەگرێت. بۆ ناسینی بەربڵاوتر، پێویستە ئەو چەشنە توندوتیژییانە لەبەر چاو بگرین کە بریندار بوون یان مەرگیان لێ ناکەوێتەوە، بەڵام دەبێتە بارێکی قورس لە سەر شانی تاک، بنەماڵە و گرووپ و سیستەمە چاودێرییە تەندروستییەکانی سەرتاسەری جیهان. بۆ وێنە دەستدرێژی وەک جۆرێک لە توندوتیژیی سێکسی ئەگەرچی مەرگ یان بریندار بوونی لێ ناکەوێتەوە، بەڵام لێکەوتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی بۆ چەندین ساڵ لە سەر ئەو کەسانەی کە بەئەزموونیان کردووە و هەروەها بنەماڵەکانیان بەردەوام بێت. زۆرێک لە جۆرەکانی توندوتیژی لە هەمبەر ژنان و منداڵەکان دەتوانێ ببێتە هۆی گیر و گرفتە جەستەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان کە ئەمانە بریندار بوون یان نڤیشکان یان مەرگی لێ ناکەوێتەوە. ئەم لێکەوتانە دەتوانن دەستبەجێ و ئاشکرا و یان چەند ساڵ پاش ئازاردانە سەرەتاییەکە خۆی بنوێنێت. بەو پێیەی کە لێکەوتەکانی توندوتیژی لە

1self-abusive
2 maldevelopment

بریندارڕبوون و مەرگدا سنووردار نابێتەوە، کەواتە ئەگەر ئێمە ئەم فاکتەرانە بە تەنیا وەک کاریگەرییەکانی توندوتیژی لە سەر تاکەکان، خانەوادەکان و کۆمەڵگەکان ڕەچاو بکەین، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە هۆکارە بەرسازکاروەکانی ئەم دیاردە پشتگوێ بخەین.

یەکێک لەو ڕەهەندە ئاڵۆزانەی کە لە لایەن ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانییەوە خراوەتە ڕوو چەمکی بەئەنقەستبوونی کردەوەی توندوتیژییە. دەبێ سەبارەت بەم چەمکە ئاماژە بە دوو خاڵی گرینگ بکرێت. تەنانەت ئەگەر توندوتیژی لەو ڕووداوە نەخوازراوانەی کە دەبنە هۆی بریندارڕبوون، جیا بکرێتەوە، بوونی نیازی بەکارهێنانی زەبر بە واتای بوونی نیازی زیانپێگەیاندن نییە. لە ڕاستیدا، لەوانەیە لە نێوان ڕەفتاری مەبەست و لێکەوتەی مەبەست جیاوازییەکی بەرچاو لە ئارادا بێت. کەسەکە یان دەستدرێژیکارەکە لەوانەیە بە ئەنقەست توندوتیژیی سێکسی ئەنجام بدا و بە گوێرەی پێوەرەکان ئەم کارە وەک کارێکی مەترسیدار پێناسە کرابێ، بەڵام ڕەنگە ئەو کەسە یان ئەو دەستدرێژیکارە بەو شێوە سەیری کاری خۆی نەکات. بۆ وێنە زۆر جار تاکەکان کاری توندوتیژیی سێکسی وەکوو دەستدرێژیی سێکسییان لێ دەوەشێتەوە، بەڵام ئامانجیان زیاتر چێژبردنە نەک زیانگەیاندن بە کەسەکە و تەنانەت لە هەندێ حاڵەتدا دەستدرێژیکاران پێیان وایە ژنان چێژ لەم کارە دەبینن و ئەم کارەیان پێ خۆشە و دژایەتی و ملنەدانیشیان ڕواڵەتبازییە.

خاڵێکی دیکە لەمەڕ بەئەنقەستبوون هەیە کە لە جیاوازبوونی نێوان نیازی زیانگەیاندن و نیازی بەکارهێنانی توندوتیژیدایە. بەم پێیە توێژینەوەکانی ئەم بوارە لە سۆنگەی فەرهەنگییەوە دیاری دەبێت. هەندێ کەس ڕەنگە زیان بە دیتران بگەیێنن، بەڵام بە گوێرەی فەرهەنگ و بیر و باوەڕەکەیان کارەکەیان بە توندوتیژی نەزانن. لەم بوارەدا ئاماژە بە دوو نموونە دەکەین کە هەر دووکیان نموونەی توندوتیژیی سێکسین. لە پەیوەندییەکی هاوسەرێتیدا (ژن و مێردی) پەیوەندیی سێکسیی پیاو لەگەڵ ژنەکەی سەرەڕای نارەزایەتیی ژنە لە هەندێ لە کۆمەڵگاکاندا نەک هەر وەک توندوتیژیی سێکسی لێی نارەوانرێ، بەڵکوو لە سۆنگەی فەرهەنگی و تەنانەت یاساییشەوە ڕەوادار و قبووڵکراوە، هەر وەکوو چۆن لە یاساکانی ئێستای وڵاتی ئێراندا باس لە ملدان (تەمکین) یان ملنەدانی ژن دەکرێت. نموونەی دووهەم لە بواری منداڵهاوسەرییە. بە گوێرەی بیر و باوەڕی هەندێ لە کۆمەڵگاکان و یاسادانەرانی ئەم بوارە دیسانیش دەتوانین سەیری کۆمەڵگا و یاساکانی ئەو وڵاتانە بکەین کە تێیاندا هاوسەرگیریی منداڵان نەک هەر وەک کارێکی زیانبەخش

سەیر ناکرێ، بەڵکوو لە سۆنگەی کۆمەڵایەتی-فەرهەنگییەوە قبووڵ کراوە و لە باری یاساییشەوە شەرعییەتی هەیە، لە حاڵێکدا بە پێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە و پێناسە بایەخدارەکانی ناوەندە جیهانییەکان زیانی زۆری لێ دەکەوێتەوە و ئەو پەیوەندییە سێکسییەی کە تێیدا ڕوو دەدا وەک جۆرێک لە دەستدرێژیی پێناسە کراوە. لەم پێناسەدا هەندێ لە لایەنەکانی توندوتیژی ئاشکرا نەکراوە بەڵام بوونی هەیە. بۆ وێنە پێناسە بە شێوەی لاوەکی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی دەگرێتەوە، چ لە شوێنە گشتییەکان بن و چ لە شوێنە تایبەتییەکان، چ کاردانەوەیی بێ چ پاسیڤی بێ، لە کاردانەوەی دژ بە ڕووداوەکانی پێشوو وەکوو حەشەریبوون، و چ دەستپێشخەرانە و چالاک بێ وەکوو شێوەی ئامرازی و پێشبینی ئەنجامەکان لە خزمەتی بەرژەوەندییە تایبەتییەکان، و چ تاوانبارانە ببن و یان نەبن. هەر هەموو ئەم لایەنانە بۆ تێگەیشتن لە هۆکارەکانی توندوتیژی و دارِشتنی بەرنامەی ڕێگرییانە گرینگن.

بۆ تێگەیشتنی تەواوتر لە چەمکی توندوتیژی پێویستە چاوێکیش بە توندوتیژیی دژ بە ژنان بخشێنینەوە، چونکە ژنان و کچان بە شێوازی جیاواز ئەم دیاردە بەئەزموون دەکەن. بە گوێرەی بۆچوونی گشتی، توندوتیژی بریتییە لە: "هەر چەشنە کردەوەیەکی جەستەیی، دیداری، وتەیی یان سێکسی کە کچان و ژنان لە کاتێکی دیاریکراو یان دواتر وەک هەڕەشە، هاشاوڵ یان پەلامار تووشی ببن کە ببێتە هۆی زیانگەیاندن یان سووکایەتی، یان کۆنترۆڵکردنی پەیوەندیی دۆستانەی لێ زەوت بکات" (کلی[1]، ١٩٨٨: ٤١). ئەم پێناسە وەک خۆڕاگرانێک لە سەر ژنان و پیاوان چڕ بۆتەوە کە دژ بە دەسەڵاتی پیاوان لە چوارچێوەی توندوتیژیی سێکسی خۆڕاگری دەنوێنن. جیا لەوەش پێناسەکە بەم بیرۆکەوە کە توندوتیژیی سێکسی سەربەخۆیی ژنان لە ناو دەبا، زەمینەسازی بۆ دەکرێت.

توندوتیژی دژ بە ژنان – بەتایبەت توندوتیژیی هاوبەشی ژیان و توندوتیژیی سێکسی – کێشەی سەرەکیی تەندروستیی گشتی و پزیشکی و پێشێلکردنی مافە مرۆییەکانی ژنانە. ئەم توندوتیژییە ڕەگی دەچێتەوە سەر نایەکسانییە ڕەگەزێتییەکان و درێژەی پێ دەدات. لە پێوەرێکی جیهانیدا لە کۆی هەر سێ ژن ژنێک لە درێژەی ژیانیدا توندوتیژیی فیزیایی یان سێکسی بەئەزموون دەکات. زۆربەی ئەم توندوتیژییانە لە لایەن هاوبەشی ژیانەوە

1 Kelly

دەوەشێتەوە. هەر جۆرە توندوتیژییەک وەبیرهێنەرەوەی نایەکسانیی ڕەگەزێتی و هەڵاواردنی دژ بە ژنانە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەم شێوە توندوتیژی دژ بە ژنان پێناسە دەکا "هەر چەشنە داپەڕێکی توندااژۆیانەی پشتبەستوو بە ڕەگەزێتی کە ببێتە هۆی زیانی جەستەیی، سێکسی و دەروونی یان ڕەنجی ژنان، وەکوو هەڕەشە بۆ دەستدرێژیی سێسکی، زەبر، زۆرەملێتی و یان بێبەشکردنی سەرەڕۆیانە لە ئازادی چ لە ژیانی گشتی و چ لە ژیانی تایبەتیدا". توندوتیژیی سێکسی بریتییە لە "هەر چەشنە سێکس‌کردنێک، هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی سێکس، یان هەر چەشنە کارێکی دیکە لە هەمبەر ڕەگەزی کەسەکە بە بەکارهێنانی زەبر، لە لایەن هەر کەسێکەوە جیا لەوەی لە شوێنێکی دیکە پەیوەندیی لەگەڵ کەسی قوربانیدا هەبێت. توندوتیژی وەک دەستدرێژییەک پێناسە دەکرێ کە تێیدا کەڵک لە زەبری فیزیایی و یا دخوولی ناچاری ئەندامی سێکسی یان دیکەی ئەندامانی جەستە یان شتی دیکە بۆ ناو شەرمگە و کۆم" (پۆرتالی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی).

لە چوارچێوەی ئەم پێناسانەی کە سەبارەت بە توندوتیژی هەیە، پێناسەی منداڵئازاری بریتی دەبێ لە "هەر چەشنە زیانێکی جەستەیی یان دەروونی، کەڵکاوەژۆیی سێکسی یان چەوساندنەوە و پێڕانەگەیشتن بە پێداویستە سەرەکییەکانی تاکەکانی خوار تەمەن ١٨ ساڵ لە لایەنی تاکەکانی دیکەوە کە بەهەڵکەوت نەبێت." (لۆدوینگ و کۆرنبێرگ[1]، ١٩٨٢؛ بە گێڕانەوە لە مەدەنی قەهفروخی و بەیات، ١٣٨٩ هەتاوی: ٢٧٧). لە پێناسەیەکی دیکەدا هاتووە کە توندوتیژ لە دژی منداڵان بریتییە لە هەموو ئەو توندوتیژییانەی کە دژ بە کەسانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵ ئەنجام دەدرێ، ئەم توندوتیژییانە دەتوانێ لە لایەن دایک و باوک، چاودێرەکانی دیکە، هاوتەمەنەکان، هاوبەشە ڕۆمانسییەکان[2] و نەناسیاوەکانەوە ئەنجام بدرێت (پۆرتالی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی). زۆربەی توێژەران لەمەڕ ئەو منداڵانەی کە لەبەردەم توندوتیژیدان کۆدەنگن و لە ڕوانگەی ئەوانەوە منداڵان ئەو کاتە لەبەر دەم توندوتیژیی خێزانیدان کە لە ماڵەوە توندوتیژیی خێزانی ببینن یان ببیستن یان بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەئەزموونی بکەن

1 Ludwings & Kornberg
2 romantic partners

یان ئەوەی کە لێکەوتە ناخۆش و نەخوازراوەکانی ئەو توندوتیژییەی کە دژ بە چاودێرەکانیان ئەنجام دەدرێ ببینن. (ادلسون[1]، ١٩٩٩)

هەر لەم چوارچێوەدا و بە گوێرەی پێناسەیەکی دیکە هاتووە کە کەڵکاوەژۆیی سێکسی لە منداڵان بریتییە لە ناچارکردن یان هەڵفریواندنی منداڵان بۆ بەشداریکردن لە چالاکییە سێکسیەکان، کە هەمیشەش تێکەڵ بە توندوتیژی نییە، جا چ منداڵ لەوەی ڕوو دەدا ئاگادار ببێ یان نەبێت. ئەم چالاکییانە دەتوانێ لێک کەوتنی جەستەیی/فیزیکی بۆ وێنە دخوول (دەستدرێژی یان سێکسی دەمی) یان کردەوەی نادخوولانەی وەکوو خۆڕەحەتکردن، ماچکردن، ماڵین و دەستدان لە جەستەی منداڵ لە خۆ دەگرێت. هەروەها توندوتیژی لە دژی منداڵان چالاکیگەلی نالێککەوتنانەی وەکوو بەشداریپێکردنی منداڵ لە بەرهەمهێنان یان بینینی وێنەی سێکسی، دنەدانی منداڵ بۆ چالاکیی سێکسیی نەشیاو یان ڕازاندنەوەی منداڵان بۆ دەستدرێژیپێکردن. هەروەها کەڵکاوەژۆیی سێکسی دەتوانێ بە شێوی ئۆنلاین بێ یان بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ ئاسانکردنەوەی دەستدرێژیی سێکسی.

دەستدرێژیی سێکسی تەنیا لە لایەن پیاوانەوە ڕوو نادا، بەڵکوو ئەم کارە لە ژنان و منداڵانیش دەوەشێتەوە. دەستدرێژیی و ئازاردانی سێکسی هاوکات لەگەڵ دیکەی ئازاردانەکانی منداڵان وەکوو ئازاردانی سۆزداری بە مەبەستی کۆنترۆڵکردن و شاردنەوە ئەنجام دەدرێت. سەبارەت بە کەڵکاوەژۆییکردن لە منداڵان لە ناو ژینگەی بنەماڵەدا پێناسەیەکی دیاریکراومان نییە، بەڵام جگە لە دەستدرێژی لە لایەن کەس و کارییەوە واتە دایک و باوک، خوشک و برا و یان خاڵۆ و مامە، دەستدرێژی لەوانەیە لە لایەن کەسێکی نزیکی منداڵەکەوە بە شێوەیەکی تر ڕوو بدا، وەکوو زەڕدایک و زەڕباوکی منداڵ، هاوڕێیانی ئەندامانی بنەماڵە و یان چاودێری منداڵ. منداڵ لە کاتی لەدایکبوونەوە ڕەنگە دەستدرێژیی سێکسی بکرێتە سەریان و دەستدرێژیی سێکسی لە درێژماوەدا کایگەریی خراپی لە سەر گەشەی سۆزداری، کۆمەڵایەتی و خوێندەواریی منداڵان دادەنێ و

1 Edleson

پەیوەندی لەگەڵ پرسی تەندروستیی دەروون لە قۆناغەکانی دواتری ژیاندا هەیە (پرتال رویە آنلاین[1]).

بە گوێرەی پێناسەی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی[2] توندوتیژی لە دژی منداڵان بریتییە لە هەموو جۆرەکانی توندوتیژی لە دژی منداڵانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵان. ئەم توندوتیژییانە بریتییە لە بەدڕفتاری لەگەڵ منداڵان لە بوارگەلی فیزیایی، سۆزدار و سێکسی و پشتگوێخران لە لایەن دایک و باوک و دیکەی ئەو کەسانەی کە خاوەنی ئەو منداڵەن. منداڵانی کوڕ و کچ بە یەک ڕادە تووشی ئازاری جەستەیی، سۆزداری و پشتگوێخران دەبنەوە و کچان زیاتر لە بەر دەم دەستدرێژیی سێکسیدان. کاتێک منداڵان دەگەنە تەمەنی مێرمنداڵی لە لایەن هاوتەمەن و دۆست و هاوڕێی ژیانیانەوە توندوتیژی زیاتر دەبێ و هەروەها بەدڕفتاری لەگەڵ منداڵان زیاتر پەرە دەستێنێت (پۆرتالی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی).

جۆرناسیی توندوتیژیی سێکسی

باسی جۆرناسیی توندوتیژیی سێکسی بە باسی سیگل دەست پێدەکەین کە یەکێک لەو خاوەن تیۆرییانەیە کە هەوڵی داوە جۆرێک لە جۆرناسی و پێناسەی دیاردەی توندوتیژیی سێکسی یان دەستەواژەکانی دەستدرێژیی سێکسی بخاتە ڕوو. ناوبراو لە پێشدا بۆ پێناسەکردنی دەستدرێژیی سێکسی کەڵک لە پێناسە یاساییەکەی وەردەگرێت. لە یاسای عورفیدا دەستدرێژیی سێکسی بریتییە لە "پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ ژنێک بە شێوەی ناچاری و بە پێچەوانەی خواستی ئەو". دەستدرێژیی سێکسی یەکێک لە بێزراوترین، بەدفامکراوترین و ترسناکترین تاوانەکانە. بە گوێرەی یاسای عورفی و نەریتی، دەستدرێژیی سێکسی بریتییە لە پەیوەندییەکی سێکسی لە سەر بنەمای نارەزامەندی بووە کە پیاوێک دژ بە ژنێک ئەنجامی دەدا بە جۆرێک کە پیاوەکە نە هاوسەرگیری لەگەڵ ژنەکە کردووە و نە لەگەڵ ئەو ئافرەتە ژیانی هاوبەشی پێک هێناوە. هەڵبەت جۆرەکانی دیکەی دەستدرێژیی سێکسی هەن، وەکوو دەستدرێژیی سێکسیی پیاو لە دژی پیاو،

1. proceduresonline
2. The World Health Organization

دەستدرێژیی سێکسیی ژن لە دژی ژن و دەستدرێژیی سێکسیی ژن لە دژی پیاو؛ بەڵام لە پێناسە نەریتییەکاندا، ئەم جۆرە دەستدرێژییە سێکسییانە لە بەرچاو نەگیراون؛ لە دەیەکانی ڕابردوودا بە بەفەرمیناسینی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ستاندارده هاوچەرخەکاندا کراوە، دەتوانین بڵێین هەموو ویلایەت و حکومەتە فیدراڵییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێداچوونەوەیان بە یاسای دەستدرێژیی سێکسی کردەوە بە شێوەیەک کە چیتر دەستدرێژیی سێکسی تەنها لە پەیوەندیی سێکسیی نابەدڵانەدا سنووردار ناکەنەوە، بەڵکوو ئەو جۆر و فۆرمانەشی کە لەو زیاترن پێناسە و جێبەجێ دەکەن. جگە لەوەش، ئێستا حکومەتەکان دان بەوەدا دەنێن کە دەستدرێژیی سێکسی دەتوانێ لە نێوان هاوسەرەکان و هەروەها لە نێوان ئەو کەسانەدا ڕوو بدا کە پێشتر پەیوەندیی سێکسیان هەبووە؛ هەڵبەت دەستدرێژیی سێکسی بە بێ ڕەچاوکردنی فۆرمەکەی کاریگەریی درێژخایەنی لە سەر تەندروستیی سۆزداری و جەستەیی قوربانییەکە هەیە.

سەبارەت بە شێوە و جۆرەکانی دەستدرێژیی سێکسی و دەستدرێژیکاران، سیگل پێی وایە هەندێک لە دەستدرێژییەکان پلانیان بۆ دارێژراوە، هەندێکی دیکەیان خۆوروژاون، هەندێکیان سەرنجیان لە سەر قوربانییەکی دیاریکراو چڕ دەکەنەوە و هەندێکیشیان لەگەڵ تاوانی دیکەدا ڕوو دەدەن. هەندێک لە دەستدرێژیکارانی سێکسی یەک تاوان ئەنجام دەدەن و هەندێکی تریش چەندین تاوان ئەنجام دەدەن و هەندێکی دیکەش وەک گروپ یان باند ئەم کارە ئەنجام دەدەن. هەندێکیان لە دژی نێچیرەکەیان هێزی زەبر بە کار دەهێنن و هەندێکی تر بە بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان یان کحۆل نێچیرەکەیان بێهێز دەکەن. بە هۆی ئەوەی یەک جۆر دەستدرێژی یان دەستدرێژیی سێکسی بوونی نییە، تاوانناسان هەوڵیان داوە جۆرەها بارودۆخی دەستدرێژیی سێکسی پێناسە و پۆلێنبەندی بکەن.

یەکێک لە باشترین پۆلێنبەندییەکانی دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن نیکۆلاس گرۆس خراوەتە ڕوو کە سیگل کەڵکی لێ وەرگرتووە. بە گوێرەی بۆچوونی گرۆس، هەر چەشنە دەستدرێژییەک لانیکەم یەکێک لەم توخمانە لە خۆ دەگرێ: تووڕەیی، هێز و ئازاردان. لە پۆلێنبەندیی گرۆسدا، جۆرەکانی دەستدرێژیی سێکسی بریتین لە: ١. دەستدرێژیی بەکۆمەڵ، ٢. دەستدرێژیی زنجیرەیی، ٣. دەستدرێژی بۆ سەر کەسی ناسیاو کە بریتییە

لەو کەسەی کە قوربانییەکە دەناسێ، وەکوو ئەندامانی خێزان و هاوڕێکان، دەستدرێژیی سێکسی لە ماوەی دۆستایەتی کە ئەویش دەچێتە ڕیزی دەستدرێژیی سێکسی کە بریتییە پەلاماری سێکسی لە ماوەی ئاشنایەتیدا. بە هەمان شێوە لەم تاقمەدا زینا لەگەڵ منداڵان یان لەگەڵ مەحارم زینایەکە کە تێیدا قوربانییەکە نەگەیشتووەتە تەمەنی یاسایی، و دەستدرێژیی هاوسەرێتی، سێکسی ناچاریی نێوان ئەو کەسانەیە کە بە شێوەی یاسایی هاوسەرگیریان کردووە. بە وتەی سیگڵ، دەستەواژەی دەستدرێژیکردنە سەر منداڵ یان مەحارم ئاماژە بۆ پەیوەندیی سێکسی نێوان منداڵێکی خوار تەمەنی یاسایی و گەورەساڵێک دەکات. هەرچەندە ڕەنگە پەیوەندییە سێکسییەکە بە زۆرەملێیەتی نەکرێ، بەڵام بەو پێیەی کە بە گوێرەی یاسا منداڵانی کەمتەمەن توانای ڕەزامەندیی ئاگادارانەیان نییە، کەواتە بە پێی یاسا وەک کارێک سەیر دەکرێ کە لە سەر بنەمای ڕەزامەندی نییە، ٤- دەستدرێژیی سێکسی لە ناو هاوڕێیان، ٥- دەستدرێژیی سێکسی لە ناو ژینگەی زانکۆ، ٦- دەستدرێژیی سێکسی بە فێڵ: ئەم جۆرە دەستدرێژییە کاتێک ڕوو دەدا کە دەستدرێژیکار دووڕوویی و فریودان بە کار دەبا بۆ ئەوەی قوربانییەکە ڕازی بکا کە مل بە سێکسکردن بدا یان وا خۆی دەربخا (شوناسی ساختە) کە پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ قوربانی هەیە، ٧- دەستدرێژیی سێکسی لە ناو کووچە و کۆڵان (سیگل، ٢٠١٥).

براون[1] لە پۆلێنکردنی جۆرەکانی توندوتیژی چەمکی لایەن بەکار دەبات. ناوبراو بۆ ڕوونکردنەوەی تێکەڵاویی توندوتیژییە سێکسییەکان لێکچوونی ڕەنگەکانی بە کار هێناوە، چونکە نابێ وەک ڕەهەندی سەربەخۆ یان جۆری دەگمەن لێکیان جیا بکەینەوە، ئەوان لێک جیاوازن بەڵام سەریەککەوتنی بەرچاویان هەیە. پەیوەستاری توندوتیژیی سێکسیی گشتیی خوارەوە ئاوێتەیەکە لە هەموو جۆرەکانی توندوتیژی، کە تا ڕادەیەک ئەم بیرۆکە دەخاتە ڕوو.

1 - Brown

جۆرەکان	لە سەد لە سەد
هەڕەشەی توندوتیژیکردن	١٠٠
دەستدرێژیی سێکسی[1]	٩٣
زەختکردن بۆ پەیوەندیی سێکسی	٩٣
پەلاماری سێکسی	٧٠
پەیوەندیی تەلەفۆنیی نەشیاو	٦٨
پەیوەندیی سێکسیی ناچاری	٦٣
توندوتیژیی خێزانی	٥٨
کەڵکاوەژۆیی سێکسی[2]	٢٠
چاوقرتاندن	٥٠
دەستدرێژیی سێکسی	٥٠
دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر مەحارم	٢٠



وێنەی ژمارە ٢-٦. پەیوەستاری بەربڵاویی توندوتیژیی سێکسیی گشتی (برۆن، ٢٠١١: ١٧١)

بە باوەڕی برۆن دەتوانین بۆ کۆبەندیی باسەکە کەڵک لە تیۆریی یانگ سەبارەت بە جیاوازیی نێوان هەموو جۆرەکانی تاوان وەربگرین. یانگ زۆر بە باشی جیاوازیی نێوان تاوانی ئابووری و ئەو تاوانانەی کە لە هەمبەر تاکەکان ئەنجام دەدرێ، تێگەیشتبوو. لە تاوانێکی تایبەتی وەکوو دستدرێژیی سێکسی، دەتوانین ڕەفتارەکە بخەینە ڕیزی داپەڕە ڕوو لە زیادبووەکانەوە کە لە دەوروبەری هەندێ لە بابەتە سەرەکییەکاندا هەیە. لە ژێرەوە مۆدێلێک پیشان دراوە کە پۆلێنبەندییەکانی ناوەوەی توندوتیژیی سێکسی پیشان دەدات.

1 - Sexual harassment
2 - Sexual abuse



وێنەی ژمارە ٢-٦. مۆدێلی جیاکردنەوەی ژێرپۆلەکانی توندوتیژیی سێکسی (بروۆن، ٢٠١١: ١٧١)

ئەم مۆدێلە گریمانە دەکا کە لە هەر ژێرپۆلێکی توندوتیژیی سێکسیدا ڕەفتارگەلێک هەن کە بە شێوەیەکی باو لە هەموو پۆلەکانی توندوتیژیی سێکسیدا دەبینرێن. دوای ئەوە ئەو ڕەفتارانەی کە فرەییان کەم دەبێتەوە دەست دەکەن بە جیابوونەوە، بە جۆرێک کە سەرچەشنی ڕەفتاری جیاواز پەیوەندی بە جۆرە جیاوازەکانی توندوتیژیی سێکسییەوە هەیە. پاشان ئەو ڕەفتارانەی کەمتر ڕوو دەدەن لەگەڵ ئەو تاوانبارانەی کە تاوانی جۆراوجۆریان لێ دەوەشێتەوە پەیوەندیی ساز دەکەن. هەر لەم ئاستەدایە کە دەتوانین هەموو جۆرەکانی تاوانباران دەستنیشان بکەین و لێکیان جیا بکەینەوە، وەکوو ئیرۆتۆمانیکیا دەستدرێژیکارێک کە خەڵک دەخاتە ژێر چاودێری یان بکوژە کۆنترۆڵکەرە سێکسییەکان. لە کۆتاییدا ئەو ڕەفتارانەی کە فرەیی کەمتریان هەیە لە ڕێگەی ڕەفتارە تاکەکەسییەکانیانەوە وەک تاوانبارانی تایبەت دەناسرێنەوە، وەکوو ئەو کەسانەی کە بە شێوازە تایبەتەکان قەتڵ دەکەن. لەم مۆدێلەی خوارەوەدا، دۆخی ژێرپۆلەکانی توندوتیژیی سێکسی نیشان دراوە. پێشبینی دەکرێ ئەو چینانەی لێک نزیکن ڕەفتاری هاوبەشی زیاتریان هەبێ، کە ئەم هاوبەشییە ڕەفتارییە ئەو بوارە توندوتیژییە سێکسییامە و ئەو جۆری توندوتیژییانە دەگرێتەوە کە لە لایەن تاکەکانەوە ڕوو دەدات. ڕەفتاری سەریەککەوتوو هەیە کە لە زیاتر لە چینێکی توندوتیژیی سێکسیدا دەبینرێت. جگە لەوەش، ڕەنگە هەندێک ڕەفتار کە تاوانبارێک لە فەزای کۆمەڵایەتیی جیاوازدا ئەنجامی دەدا، کارتێکراوی یەکتر بن. بۆ نموونە، لایەنە ترسناکەکانی دەستدرێژیی سێکسیی

کەسێک لە شوێنی کار، ڕەنگە لە ژێر کاریگەریی ئەو تۆقاندنەی توندوتیژیی خێزانی بێ کە لە ماڵەوە بەئەزموونی دەکات. توندوتیژیی خێزانی دەتوانێ ببێتە هۆی دەستدرێژیی سێکسی. زیاتربوون و یەکتربڕینی نێوان جۆرەکانی توندوتیژیی سێکسی لە وێنەی خوارەوەدا نیشان دراوە.



وێنەی ژمارە ٢-٧. یەکتربڕینی پەنگراوی نێوان چینە لاوەکییەکانی توندوتیژیی سێکسی (برۆن، ٢٠١١: ١٧١)

هەر بۆیە ئازاردانی سێکسی یان توندوتیژیی خێزانی دەتوانێ ببێتە هۆی چاودێریکردن و خستنە ژێرچاودێری بە نۆرەی خۆی دەبێتە هۆی کوشتن یان دەستدرێژیی سێکسی و توندوتیژیی خێزانی. جگە لەوەش ڕەنگە هەندێک ڕەفتار هەبن کە لە ناو زیاتر لە چینێکی کۆمەڵایەتیدا ڕوو بدەن. واتە لە نێوان چین و توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا بە شێوەی هاوبەش ڕوو بدات. بۆ نموونە پەیوەندیی تەلەفۆنیی نەشیاو بۆ خستنە ژێرچاودێری، گێچەڵ و ئازاردانی سێکسی و توندوتیژیی خێزانی بوونی هەیە. دزینی بەشێک لە کەلوپەلی قوربانییەکە لەوانەیە لە کاتی دەستدرێژی، کوشتن یان خستنە ژێرچاودێریدا ڕوو بدات. سووککردنی کەسێک بە دانانی لای کەسانی تردا لەوانەیە لە دەستدرێژیی سێکسی یان توندوتیژیی خێزانیدا ڕوو بدات. چاوەڕوان دەکرێ ژێرچینەکانی تەنیشت یەکتر ڕەفتاریان لە چاو ئەوانەی کە لە خولەکەوە دوورترن، زیاتر بێت. ئەو ڕەفتارانەی کە هاوکات پێکەوە ڕوو دەدەن لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییەکی مانادارییان لەگەڵ یەکتردا هەیە، بەڵام جیاوازیشیان پێکەوە هەیە. بۆ نموونە تاوانبارێک لەوانەیە بە ئازاردانی سێکسی دەست پێبکا، پاشان بیخاتە ژێر چاودێرییەوە و دواجار دەستدرێژیی سێکسی و کوشتن.

هەروەها ڕەنگە کەسەکان تەنیا توندوتیژیی سێکسییان لێ بووەشێتەوە؛ بەڵام لە زۆر حاڵەتدا پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان جۆرەکانی توندوتیژیی سێکسیدا هەیە (برون، ٢٠١١: ١٥٦-٧٣).

بە گوێرەی ئەوەی کە کێ توندوتیژی لێ دەوەشێتەوە، سێ جۆر توندوتیژی دەستنیشان دەکرێت (دالبرگ و کراگ، ٢٠٠٢؛٧):

- توندوتیژی بەرامبەر بە خۆ: ئەم جۆرە توندوتیژییە خۆکوژی و خۆئازاری لە خۆ دەگرێت.

- توندوتیژیی نێوان‌کەسی: ئەم جۆرە توندوتیژییە بە سەر دوو بەشدا دابەش دەکرێت: توندوتیژی لە لایەن خێزان و توندوتیژی لە لایەن هاوبەشی ژیانەوە. ئەم جۆرە توندوتیژییە زۆر جار لە ناو ژینگەی خێزاندا ڕوو دەدا، بەڵام تەنها لە ژینگەی خێزاندا سنووردار نابێتەوە. نموونەی توندوتیژیی نێوان‌کەسی زۆر جار بریتییە لە منداڵئازاری، توندوتیژیی خێزانی، توندوتیژی نێوان هاوبەشەکانی ژیان و فۆرمە توندترەکەی کە دەستدرێژیکردنە سەر مەحارمە.

- توندوتیژی بەکۆمەڵ: ئەم جۆرە توندوتیژییە پتر لە ناو کەسانی نامۆ و کەسانێکدا ڕوو دەدا کە زۆر جار یەکتر ناناسن. ئەم جۆرە توندوتیژییە زیاتر لە دەرەوەی ماڵ ڕوو دەدا و بە سەر سێ بەشدا دابەش دەکرێت: توندوتیژیی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری. لە بواری توندوتیژیی کۆمەڵایەتیدا دەتوانین ئاماژە بە دەستدرێژیی بەکۆمەڵ بکەین کە لە لایەن هەندێک ڕێکخراوی تیرۆریستییەوە ئەنجام دەدرێت. نموونەی توندوتیژی لە کۆمەڵگاشدا بریتییە لە پەلامار یان دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن کەسانی نەناسیاو و توندوتیژی لە شوێنە دامەزراوەییەکانی وەکوو قوتابخانە، شوێنی کار، زیندان و هاوشێوەکانی. پۆلێنبەندی سەرەتایی لە نێوان توندوتیژیی لە دژی خۆ، توندوتیژییەک کە لە لایەن تاکێک یان گروپێکی بچووکەوە ئەنجام دەدرێ و توندوتیژییەک کە لە لایەن گروپە گەورەکانەوە وەکوو ڕێکخراوێکی سیاسی یان تاقمێکی تیرۆریستییەوە ئەنجام دەدرێ، فەرق دادەنێت. هەر یەکێک لەم سێ پۆلە زیاتر دابەش دەکرێن بۆ ئەوەی جۆرە تایبەتەکانی توندوتیژی پیشان بدەن.

لە ڕووی حاڵەتەوە توندوتیژییەکان بۆ سەر چوار بەشی جەستەیی، دەروونی، سێکسی، بێبەشی یان پشتگوێخران دابەش دەکرێن. ئەم وێنەی خوارەوە تێکەڵکردنی جۆرەکانی

توندوتیژی لە سۆنگەی ئەنجامدەرانی توندوتیژی و حاڵەتی توندوتیژییەوە نیشان دەدا، بە جۆرێک کە ڕێکخستنی ئاسۆیی نیشان دەدا کە چ کەسێ یان چ کەسانێک کاریگەرییان لە سەرە و ڕێکخستنی ئەستوونیش جۆری کاریگەرییەکە نیشان دەدات.



وێنەی ٢-١. جۆرناسیی توندوتیژی لە لایەن دالبێرگ و کراگ

ئەم چوار جۆر توندوتیژییە هەر یەکەیان لە پۆلی بەربڵاوتر و ژێرلقەکانیان کە لە سەرەوە باس کراون، ڕوو دەدەن جگە لە توندوتیژی دژ بە خۆ. بۆ نموونە توندوتیژی دژی منداڵان

کە لە ناو ماڵەوە ڕوو دەدا دەتوانێ بریتی بێ لە دەستدرێژیی جەستەیی، دەروونی، سێکسی و پشتگوێخستن. توندوتیژی لە کۆمەڵگادا دەتوانێ بریتی بێ لە گێچەڵی جەستەیی لە نێوان گەنجان، توندوتیژیی سێکسی لە شوێنی کار و پشتگوێخستنی بەساڵاچووان لە ناوەندەکانی چاودێریی درێژخایەن. توندوتیژیی سیاسی دەتوانێ حاڵەتگەلی وەکوو دەستدرێژیی سێکسی لە تێکهەڵچوونەلاندا و لە جەنگدا دەستدرێژیی جەستەیی و دەروونی لە خۆ بگرێت (دالبرگ و کراگ، ٢٠٠٢؛ ٤-٧).

کێلی لە پێناسەکەیدا بۆ توندوتیژی دژی ژنان ئاماژە بە جۆرەکانی توندوتیژی دەکا کە لە لایەن ئەو کەسانەوە بە توندوتیژی پێناسە دەکرێن کە تووشی توندوتیژیی سێکسی بوون، بەڵام هەندێک لەو حاڵەتانە لە کۆدە یاساییەکان و پۆلێنبەندیی توێژەراندا نین: ١- هەڕەشەی توندوتیژی ٢. ئازاردانی سێکسی ٣. فشار بۆ پەیوەندیی سێکسی ۴. پەیوەندیی تەلەفۆنیی نەشیاو ۵. پەیوەندیی سێکسیی زۆرەملێ ٦. توندوتیژیی خێزانی ٧. چاوقرتاندن ٨. دەستدرێژیی سێکسی ٩. دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر مەحارم (پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ مەحارم).

ناوبراو ئاماژە بەوە دەکا کە ئەم جۆرە توندوتیژییانە مەرز و سنوورێکی دروستیان نییە و سەریەککەوتنی بەرچاویان هەیە، بە جۆرێک کە هیچ پۆلێنەندییەکی شیکاریی ورد و دیاریکراو لەم بوارەدا بوونی نییە کە ئەزموونە جیاوازەکانی توندوتیژیی سێکسی بە یەکەوە ببەستێتەوە. جگە لەوەش، پەیوەستاری توندوتیژیی سێکسی بە مانای پێشکەوتنێکی هێڵی و ڕوو لە زیادبووی ئەم جۆرە توندوتیژییە نییە، بە پێچەوانەوە ناوبراو پەیوەستاری وەک چەندایەتییەک[1] ڕەچاو دەکات. کێلی باس لەوە دەکا کە سێ ڕەهەندی بنەڕەتی هەیە، توندوتیژی یان جەستەییە و یان سێکسی، توندوتیژی دەتوانێ ڕووداوێک یان چەند ڕووداوێک لە خۆ بگرێ، قوربانییەکەش دەتوانێ لە لایەن کەسانی ناسراو یان نەناسراوەوە دەستدرێژی بکرێتە سەر.

1. quantum

ڕیز	جۆری توندتیژیی سێکسی	پێناسە	ڕووکردنەوەکان
١	دەستدرێژیی سێکسی	دروستکردنی شوێنی کاری دوژمنانە کە بە جۆرێک سێکسییانە بێ بە جۆرێک کە ئەزموونی کارکردن لەوێ سووکانە بێ، یان دۆخێک کە کەسێکی بەهێز بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ یان ئاشکرا دۆخێک لە شوێنی کاردا دروست بکا کە کرێکار یان هاوکار دەبێ ڕەفتاری سێکسی هەبێ یان بەرگەی ئەو دۆخە بگرێ بۆ ئەوەی ئیشەکەی لە دەست نەدا، لە کارەکەیدا پێش بکەوێ یان نەهێڵێ کارەکەی لەدەست بدات.	نزیکەی ٢٥ لە سەدی حەشیمەتی توێژینەوەکە ڕایانگەیاندووە کە ئازاردانی سێکسییان بەئەزموون کردووە، بە جۆرێک کە ژنان زیاتر تووشی ئازاردان، و جیاکاری و لە چاو پیاوان لێکەوتەی نەرێنیی زیاتریان بەئەزموون کردووە.
٢	توندوتیژیی خێزانی	هەر ڕووداوێکی ڕەفتاری هەڕەشەئامێز، توندوتیژی یان ئازاردان (دەروونی، جەستەیی، سێکسی، دارایی و سۆزداری) لە نێوان گەورەساڵان یان هاوبەشە سێکسییەکان و ئەندامانی خێزان کە پێکەوە دەژین، بە بێ گوێدانە ڕەگەز و هۆگرییە سێکسییەکەیان.	توندوتیژی لە نێوان هاوبەشە سێکسییەکان زیاتر ڕاپۆرت دەکرێ و ٤٥ لە سەدی ژنان و ٢٦ لە سەدی ئەو پیاوانەی لێکۆڵینەوەیان لە سەر کراوە هەندێک جۆری ئەم توندوتیژییەیان بەئەزموون کردووە.
٣	خستنە ژێر چاودێری	سەرچەشنێکی بەئەنقەست لە ڕەفتارە نەخوازراوەکان[1] لە درێژەی زەمەندا دەبێتە هۆی تۆقاندنی کەسێک یان کەسانێک. ئەو ڕەفتارانەی کە هەر کەسێکی ژیریش بە ترسناک یان هەڕەشەئامێز سەیر دەکات.	خەملاندنەکەی بە پێناسەکانەوە بەستراوەتەوە. بەربڵاویی لە درێژەی کاتدا لە نێوان ٣-١٣ لە سەد بۆ پیاوان و ٨-٣٢ لە سەد بۆ ژنانە و ماوەی مامناوەندییەکەی دوو ساڵە.
٤	دەستدرێژیی سێکسی	تێخزانی (دخوول) ئەندامی زاوزێ بۆ ناو زێ، کۆم یان دەم بە ئەنقەست و بە بێ ڕەزامەندی	بەربڵاویی ڕێژەی دەستدرێژی یان هەوڵدان بۆ دەستدرێژیکردنە سەر ژنان لە تەمەنی ١٦ بۆ ٥٩ ساڵ ١ لە ٢٤ (یەک لە ٢٤ ژن تووشی بووە) و بۆ پیاوان ١ لە ٢٠٠.
	قەتڵی سێکسی	کوشتنی بە هۆی ئەنگێزەی سێکسییەوە بە ئاشکرا و قبوڵکراو	زەحمەتە ڕێژەکەی بخەملێندرێ چونکە ئەگەر کوشتنێک بە هۆی سێکسییەوە بێ تاوانبارەکە تەنها بە کوشتن تۆمەتبار دەکرێت

خشتەی ژمارە ٢-١. پێناسەی جیاواز بۆ جۆرە جیاوازەکانی توندوتیژیی سێکسی (برون ، ٢٠١١: ٣-١٦٢)

دیارە لە نێوان دەستدرێژیی سێکسی و خستنە ژێرچاودێری و لە نێوان خستنە ژێرچاودێری و توندوتیژیی خێزانی و هەروەها لە نێوان دەستدرێژی و کوشتنی سێکسیدا سەریەککەوتن هەیە. دزینی شتێک لە قوربانی لە ڕووداوی کوشتندا، دەستدرێژی، خستنە ژێر چاودێری، بەکارهێنانی توندوتیژیی کۆنترۆڵنەکراو و بەکارهێنانی چەک لە

1. unwanted behaviours

تایبەتمەندییەکانی دەستدرێژی و کوشتنی سێکسین. هەندێک کەس ئازاردانی سێکسی لە ڕەفتاری سێکسی جیا دەکەنەوە، واتە شتێک کە بە هۆی ڕەگەزێتیی کەسەکەوە بەئەزموون دەکرێ وەکوو ملهوڕی. هەروەها دەستدرێژی و ئازاردانی سێکسی دەتوانێ تێکەڵ بە هەڕەشەی سێکسی ببێ، وەکوو ئەگەر وڵامی ئەرێ بە داخوازیی خاوەنکار بدرێتەوە ئەوا ئاستی پلەی کارەکەی بەرز دەکرێتەوە یان ئەگەر وڵامی نەرێ بە داخوازیی خاوەنکار بداتەوە ئەوا خاوەنکار هەڕەشەی دەرکردن لە سەر کارەکەی لێ دەکات (برون، ٢٠١١: ١٥٧-٦٣). لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە ئەو پێناسانەی کە سەبارەت بە توندوتیژی و ئازاردانی سێکسی خرانە بەر باس بێ‌کێشە نین و لە نێوان پۆلێنبەندییە یاسایی و توێژینەوەکان و ئەوەی بۆ قوربانییەکان مانادارە، هەندێ جیاوازی لە ئارادایە.

زەمینە و هۆکارپێویی توندوتیژیی سێکسی

سەبارەت بە زەمینە و فاکتەرەکانی توندوتیژیی سێکسی، شارەزایان لە ڕوانگەی جیاوازەوە ئاماژەیان بە زەمینە و فاکتەری جۆراوجۆر کردووە. بەشێک لەو بیرمەندانە لە ئاستی کەڵان و پێکهاتەییەوە زەمینە و فاکتەرەکانی توندوتیژیی سێکسییان تاوتوێ کردووە و لە پێکهاتەی زیندەوەرناسی، فیزیکی - ژینگەیی، ئابووری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و یاسایی – سیاسییەوە زەمینە و فاکتەرەکانیان تاوتوێ کردووە و لە هەر کام لەم پێکهاتانەدا ئاماژە بە تایبەتمەندی و بژێرەکانی پەیوەست بەو پێکهاتە و کاریگەرییەکەی لە بواری توندوتیژیی سێکسیدا کراوە. بەڵام هەندێک لە بیرمەندان لە فاکتەرپێویی توندوتیژیی سێکسیدا سەرنجیان لە سەر ئاستی مامناوەند بووە و بە لێکدانەوەی کاردای توندوتیژی لە ناو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو خێزان، قوتابخانە، گروپی هاوتەمەنان و ڕێکخراو و دامەزراوەکانی دیکە، هەوڵیان داوە هۆکارە زەمینەییەکانی توندوتیژیی سێکسی لەم ئاستەدا دەستنیشان بکەن و ڕوونی بکەنەوە. هەروەها بیرمەندانی دیکەش بە چڕبوونەوە لە سەر ئاستی هزری و تاکەکەسی، فاکتەر و زەمینەکانی توندوتیژیی سێکسییان لە ئەزموونی ژیاوی خودی تاک و یان پڕەنسیپە کەسایەتی و مەعریفییەکان ئەو کەسەیان شی کردووەتەوە کە لەم بەشەدا بە کورتی چاوێک بەو ڕوانگە و بۆچوونانەدا دەخشێنین کە لە هەر سێ ئاستی سەرەکی (کەڵان و پێکهاتەیی، ڕێکخراوەیی و مامناوەندی و ورد و

تاکەکەسی) باس کراون و گرنگترین هۆکار و زەمینەکانی توندوتیژیی سێکسی لەو ڕوانگانەوە دەستنیشان دەکەین.

- ئاستی کەڵان و پێکهاتەیی

- زەمینە و هۆکارە فیزیکی - ژینگەییەکان

ژینگە و هۆکارە فیزیکییەکان کاریگەرییان لە سەر ڕوودانی توندوتیژیی سێکسی هەیە. نەبوونی بەڕێوەبردنی شوێن، ماڵ وەک شوێنی ڕوودانی توندوتیژی، نەپاراستنی قوربانییەکان، ژینگەی سەرەتایی منداڵ لەو بارودۆخە فیزیکی-ژینگەییانەیە کە لە هەندێک لەو بەرهەمانەی کە سەبارەت بە توندوتیژیی سێکسی بڵاو کراوەتەوە، ئاماژەیان پێ کراوە.

* بەڕێوەنەبردنی شوێن

بەڕێوەبەر، کارکردنی شوێنەکە ڕێک دەخات. ئەو وەک بەشێک لە ئەرکەکانی، ڕەنگە گرنگی بەو بارودۆخانە بدا کە دەبنە هۆی تاوان یان پشێوی، هەر بۆیە هەوڵ بۆ ڕێگریکردن لەو بارودۆخانە دەدات. بەڵام زۆرێک لە بەڕێوەبەرانی شوێنەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لە سەر تاوان و پشێوی هەیە. بەڕێوەبەرە ئاساییەکان بریتین لە کارمەندانی فرۆشگا، پارێزەرانی ژیان، خزمەتکاری ناو فڕۆکە، مامۆستای پۆل، دەرگاوان، یان هەر کەسێک کە خاوەنی شوێنێک بێ یان لە لایەن خاوەنەکەوە دامەزرابێت (اک، ٢٠٠٣).

* ماڵ وەک شوێنی ڕوودانی توندوتیژی

هەمیشە ترس لە دەستدرێژیی سێکسی زیاتر لە دەرەوەی ماڵەوە بوونی هەیە، بەڵام داتاکان دەریدەخەن کە زۆربەی ڕووداوەکانی توندوتیژیی سێکسی لە ناو ماڵی قوربانی یان دەستدرێژیکاردا ڕوو دەدەن. لە لایەکی ترەوە، هەرچەندە ڕفاندن لە لایەن کەسێکی نامۆوە پێشەکییەک بۆ دەستدرێژیی سێکسییە و لە ژێر کاریگەریی ژینگەی فیزیکیدا ڕوو دەدا، بەڵام حاڵەتەکانی تر نیشان دەدەن کە ژینگەی کۆمەڵایەتیی ناو کۆمەڵگادا یەکلاکەرەوەتر و گرنگتر لە ژینگەی فیزیکییە. بۆ نموونە لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا کە

باوەڕێکی قووڵ لە بارەی باڵادەستیی پیاوان و مافی سێکسیی پیاوان بوونی هەیە، ئەگەری ڕوودانی توندوتیژیی سێکسی زیاترە. هەروەها شتگەلێکی وەکوو گونجانی کۆمەڵگا لەگەڵ توندوتیژیی سێکسی و ئەوەی کە سزا بەرامبەر بە دەستدرێژیکاران چەندە بەهێز بێ، گرنگ و یەکلاکەرەوەن. (جیوکس و دیتران، ٢٠٠٢)

* نەبوونی بەرگری و نەپاراستنی قوربانیان

ئەوەی کە قوربانییەکان دەبنە سووژەیەکی گونجاو و لەبەردەست، ئەوە دەتوانێ کەسەکە بۆ دەستدرێژیکاران بکاتە ئامانجێکی خوازراو. بوونی هەندێک تایبەتمەندی لە کەس و شتەکاندا (شوێن، مولک و هتد) وایان لێدەکا ببنە ئامانجی پەنگراوی تاوان. نەبوونی چاودێر و پارێزەرێکی بەهێز یەکێک لەو بارودۆخانەیە. پارێزەری بەهێز ئەو کەسەیە کە توانای پاراستنی ئامانجەکەی هەبێت. بە باوەڕی فێڵسۆن (٢٠٠٨: ٧٠)، "چاودێر هەمیشە پۆلیس یان پاسەوان نییە. چاودێری دژی تاوان کەسێکە کە بوونی یان نزیکبوونی ڕێگری لە ڕوودانی تاوان دەکات. بەگشتی مرۆڤەکان چاودێری مولک و ماڵی خۆیانن، هەرچەندە بە شێوەی نائاگایانە" چاودێر [٥١] کەسێکە کە تاوانبار لە ڕووی سۆزداری یان یاساییەوە وابەستەی بێ، کەواتە لە دۆخێکدایە کە دەتوانێ تاوانبارەکە لە ئەنجامدانی تاوان ڕابگرێ یان ڕێگری لێ بکات. پارێزەرێک کە لە ڕێگەی وابەستەیی سۆزداریەوە (کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیی نافەرمی) کۆنترۆڵ دەکا، دایک و باوک، دراوسێ و هتدن. ئەو پارێزەرانەی کە لە ڕێگەی وابەستەیی یاساییەوە کۆنترۆڵ دەکەن (کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیی فەرمی) پۆلیس یان دادوەرن. تاوانباران زیاتر ئەو کاتە تاوان ئەنجام دەدەن کە پارێزەر و چاودێرەکان لە شوێنەکەدا ئامادە نەبن. پارێزەرەکە ئامانجەکە دەپارێزێت. کاتێک پارێزەرەکە ئامادە بێ ئەگەری ڕوودانی کێشە زۆر کەمترە. پارێزەران ئەو هاوڕێیانەن کە هاوڕێیان دەپارێزن، ئەو کەسانەن کە پارێزگاری لە مولک و خانەوادەی خۆیان دەکەن، پاسەوانێکی دامەزراوەیە و هەڵبەت پۆلیسیش (اک، ٢٠٠٣). ئاک (٢٠٠٣) تیشک دەخاتە سەر کۆنترۆڵچییەکان. بە ڕای ئەو کۆنترۆڵچییەکان لە کێشەکان گرنگترن. بە شێوەی وردتر کێشەکان کاتێک سەر هەڵدەدەن کە تاوانباران و ئامانجەکان لە نەبوون یان بێتوانایی کۆنترۆڵچییەکاندا لای یەکتر کۆ ببنەوە. ئەوە تێکچوونی کۆنترۆڵچییەکانە

که گرنگترین تایبەتمەندیی ئەم ڕوونکردنەوەیە، چونکە زۆر جار تاوانباران و ئامانجەکان بە بێ ئەوەی کێشەیەک ڕوو بدا پێکەوەن.

* شوێنی سەرەتایی منداڵ

هەر تاکێک لە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی عەینیدا لەدایک دەبێ و لە ناو ئەو پێکهاتەدا ڕووبەڕووی کەسانی گرنگ و کاریگەر دەبێتەوە کە بەرپرسی پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتیی ئەون. ئەم کەسە گرنگ و کاریگەرانە بە سەر تاکدا دەسەپێنرێن. ئەو ناسیاری و پێناسانەی کە ئەوان لە دۆخەکەی ئەویان هەیە، وەک واقیعێکی عەینی بۆی دەخرێتە ڕوو. ئەو کەسە کاریگەرانەی کە دێنە نێوان ئەو و ئەم دنیایە، لە ڕەوتی نێوەندگیرییەکەیاندا دنیا ڕێک دەخەن. لایەنەکانی ئەو جیهانە بە پێی ئەو پێگەی کە لە ناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا هەیانە و هەروەها بە پێی پرەنسیپە تاکەکەسییەکانیان کە لە ڕەوتی کورتە مێژووی ژیانیانەوە سەرچاوە دەگرن، هەندێ لە لایەنەکانی ئەو جیهانە هەڵدەبژێرن. منداڵ بە چەندین شێوەی سۆزداری هەست بە گونجان و یەکبوون لەگەڵ کەسە گرنگەکانی دەوروبەری دەکا، ڕۆڵ و هۆگرییە زەینی و ئەخلاقییەکانی کەسانی کاریگەر قبوڵ دەکا، واتە بەدەروونیان دەکا و دەیکا بە هی خۆی، و لە ڕێگەی ئەم خۆگونجاندنەی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بە لایەوە گرنگن، دەتوانێ ناسنامەی خۆی بناسێ، و لە ڕووی زەینییەوە ناسنامەیەکی یەکگرتوو و ڕەوا بەدەست بهێنێت. ئەمە پرۆسەیەکی یەکلایەنە و مەکینەئاسا نییە، بەڵکوو ئەو دیالێکتیکە دەستەبەر دەکا کە لە نێوان ئەو جەوهەرەی کە دیتران (کەسانی دیکە) بۆ تاکی دیاری دەکەن و ئەو جەوهەرەیە کە تاک بۆ خۆی لەبەرچاوی گرتووە، لە نێوان ئەو شوناسەی کە بە شێوەی عەینی (ئۆبژەیی) دەخرێتە پاڵی و ئەو شوناسەی کە لە سۆنگەی زەینییەوە (سووژەییەوە) دەبێتە خاوەنی. ئەم دیالێکتیکە لە هەموو ئەو ساتانەدا کە تاک خۆی لەگەڵ کەسانی کاریگەر و ڕاهێنەرەکانیدا بە هاوجەوهەر دەزانێت بوونی هەیە (برگر، ١٣٨٧ هەتاوی: ١٧٩-١٨١). دەستخستنی سووژەیی شوناس و دەستخستنی سووژەیی جیهانی کۆمەڵایەتی جگە لە لایەنە جیاوازەکانی پرۆسەی بەدەروونی کردن هیچ شتێکی دیکە نییە، کە کەسانی کاریگەر و ڕاهێنەرە یەکدەستەکان تێیدا نێوەندگیری دەکەن (هەمان سەرچاوە: ١٨١).

هەندێ بەڵگە هەیە کە ڕەفتاری توندوتیژیی سێکسی لە ناو پیاواندا ڕەفتارێکی فێرکراوە، بە تایبەت لە ناو ئەو منداڵانەی کە دەستدرێژیی سێکسییان بەئەزموون کردووە. لێکۆڵینەوە سەبارەت بەو منداڵانەی کە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەریان دەریدەخا لە کۆی هەر پێنج منداڵ یەکێکیان دواتر دەستدرێژی دەکاتە سەر منداڵان. ئەو ژینگە منداڵانەی کە لە ڕووی فیزیکییەوە توندوتیژین، لە ڕووی سۆزدارییەوە پشتیوانی ناکرێن و لە کێبڕکێ بۆ سەرچاوە کەمەکاندا دەردەکەون، پەیوەندییان بە توندوتیژیی سێکسییەوە هەیە. بۆ نموونە، ڕەفتاری شەڕانگێزی سێکسی لە ناو ئەو پیاوانەدا زۆرە وا لە خێزانەکەیاندا شایەتحاڵی توندوتیژی بوون، لە ڕووی سۆزدارییەوە زۆر نێوانیان لەگەڵ باوکیان نەبووە و باوکیان کەمتر چاودێری کردوون. هەروەها ئەو پیاوانەی کە پێکهاتەی خێزانەکەیان پیاوسالاری بووە زیاتر ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە جۆرە جیاوازەکانی توندوتیژیی سێکسییان لێ بووەشێتەوە (جیوکس و هاوکاران، ٢٠٠٢).

- زەمینە و فاکتەرە زیندەوەرناسییەکان

تیۆرییە خەسارناسییەکان لە ڕیزی ئاراستە کلینیکییەکانی تێگەیشتن لە ڕوودانی توندوتیژیی سێکسین. سێ کۆمەڵە هۆکاری چالاک هەن کە پەیوەندییان بە ڕوودانی تاوانی سێکسییەوە هەیە، ئەم سێ کۆمەڵە هۆکارە بریتین لە: ١. فاکتەرە بۆماوەییەکانی وەکوو ئەو تایبەتمەندییە ژنێتیکییەی کە بۆیان ماوەتەوە، ٢. گەشەکردنی مێشک ٣. فاکتەرە ژینگەییەکانی وەکوو تایبەتمەندییە زەمینەییە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و تاکەکەسییەکان و فاکتەرە عەسەبی – دەروونییەکان [٢١]. بەهرە ژنێتیکییەکان و فێربوونی کۆمەڵایەتی کاریگەری لە سەر گەشەکردنی مێشک و هەر سێ سیستەمی عەسەبی - دەروونی واتە ئەنگێزەکان و هەستەکان، تێگەیشتن و یادگە و هەڵبژاردنی کردار و کۆنترۆڵکردن دادەنێت. ئەم فاکتەرە تێهەڵکێشراوانە لە ڕووی ورووژاندنی لادەرانە، بیرکردنەوە لە ئەنجامدانی تاوان، خەیاڵپەروەریی سێکسی، کێشە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخستنی سۆز و هەستەکانەوە دەبنە هۆی ئەوەی کە تاوانباران تووشی کێشەی کلینیکی بن. پاشان ڕەفتاری ئازاردانی سێکسی کار بۆ پاراستنی ئەڵقەیەک لە کاردانەوەی ئەرێنی دەکا کە ئەمە دڵەڕاوکێی تاوانبار کەم دەکاتەوە و خزمەت بە پاراستن و تەنانەت زیاترکردنی ڕەفتاری لادەرانە دەکات.

یەکێک لە ئاراستە گرینگە زیندەوەرناسییەکانی سەبارەت بە توندوتیژیی سێکسی، تیۆریی گوورانە. ئەم تیۆرییە کە ڕوونکردنەوەیەکی زیندەوەرناسی سەبارەت بە دەستدرێژییە لە سەر بنەمای تیۆریی دەستدرێژیی تۆرن هیل و پاڵمەر دامەزراوە. لایەنگرانی ئەم تیۆرییە ئیدعای ئەوە دەکەن کە ئەو پیاوانەی کە دەتوانن بە زەبر ئارەزووی سێکسیی خۆیان بە سەر ژناندا بسەپێنن دەتوانن بە شێوەیەکی کاراتر زاوزێ بکەن و بەو هۆیەوە منداڵی زیاتریان لێ دەکەوێتەوە کە سیفەتی ئەو منداڵانە هاوشێوەی سیفەتی خۆیانە. تۆرن هیل و پاڵمەر ئەو تیۆرییانە ڕەت دەکەنەوە کە پێیان وایە فەرهەنگ و فێرکاری لە بەدەستهێنانی سیفەتی دەستدرێژیکاربوون ڕۆڵ دەبینن، و ڕۆڵی فەرهەنگ تەنیا لەم سونگەوە قبوڵ دەکەن کە مرۆڤەکان توانای گوورانیان هەیە کە بەتوانایان دەکات بۆ ئەوەی فێری ئەم تایبەتمەندییانە ببن (سیگرت وارد[٣٤]، ٢٠٠٢: ٦). تۆرن هیل و پاڵمەر دەڵێن دەستدرێژی لە درێژایی زەمەندا دەتوانێ بەشێک لە پرۆسەی گووران بێ چونکە ڕێگایەکە بۆ پیاوان بۆ ئەوەی هەتا وەختی هەڵبژاردنی ژنەکەیان، بە شێوەیەکی کۆنەپەرستانە مامەڵە لەگەڵ ژناندا بکەن. ئەوان ئیدعای ئەوە دەکەن کە ئەم تایبەتمەندییە گوورانییە بە تێپەڕبوونی کات وەکوو خۆی ماوەتەوە، چونکە بەردەوامیی جۆری مرۆڤ مسۆگەر دەکات. ئەوان ئیدعا دەکەن کە دەستدرێژیی سێکسی تەنیا لە بواری هەڵبژاردنی هاوسەر و پرسی تەبا و ڕەبابوونی ژن و مێرد لەگەڵ یەکتر لە سەردەمی پلێستۆسین (سەردەمی چوارەمی زەویناسی)دا [٣٥] شیاوی ڕوونکردنەوەیە. دەستدرێژیی سێکسی بە شێوەیەکی کاریگەر ستراتیژییەکانی زاوزێی ژنان سنووردار دەکا یان کاریگەری لە سەر دادەنێت. وا دیارە ئەم تیۆرییە بە باشی توانای ڕوونکردنەوەی دەستدرێژیی سێکسی نییە. لە بەرامبەردا سیگەرت وارد دەڵێ دەستدرێژیکاران حەشیمەتێکی تەواو هەمەجۆرن کە ئەنگێزەکانیان بابەتگەلێکی تەواو لێک جیاوازن کە بە هێشووی جیاوازی پڕەنسیپە دەروونییەکان دیاری دەکرێن (سیگرت - وارد، ٢٠٠٢: ١٦٢).

* تەمەن

تەمەن فاکتەرێکی زیندەوەرناسییە کە کاریگەری لە سەر توندوتیژیی سێکسی دادەنێت. ژنانی جەوان و گەنج بە بەراورد بە ژنانی بەتەمەن زیاتر مەترسیی دەستدرێژیکردنیان لە سەرە. بە پێی هەندێک زانیاریی تۆمارکراو، لە کۆی ڕێژەی دەستدرێژییە سێکسییەکان

[٣٣] ڕێژەی یەک لە سەر سێ بۆ دوو لە سەر سێیان دژ بە کەسانی تەمەن ١٥ ساڵ و کەمتر ئەنجام دەدرێت. هەندێک جۆری توندوتیژیی سێکسی پەیوەندییان بە تەمەنی کەمەوە هەیە، بۆ نموونە توندوتیژیی سێکسی کە لە قوتابخانە یان لە لایەن هاوتەمەنەکانەوە ڕوو دەدا، یان بازرگانیکردن بە ژنان و منداڵان بۆ چەوساندنەوەی سێکسی. دەتوانین بڵێین ئەم کۆمەڵە ژنانە کەمتر توانای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و ڕاپۆرتکردنی توندوتیژییان هەیە، هەر بۆیە دەستدرێژیکاران بە ئاسانی لە دژیان توندوتیژی بە کار دەهێنن (جیوکس و هاوکاران؛ ٢٠٠٢: ١٥٩).

- زەمینە و فاکتەرە ئابوورییەکان

* کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی بنەماڵە و زەختی ئابووری

تیۆریی کەمبوونەوەی سەرچاوەکان دوو لایەنی لێکدژی هەیە. لە لایەک ئەگەر ڕێژەی "نەگۆڕ"ی توندوتیژی یان دەستدرێژی لەبەرچاو بگیرێ، ئەوا دەبێ لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی هاوڕێ هاویارییەکان (ئەندامانی خێزان وەکوو خوشک و براکانی تر) ئەگەری توندوتیژی دژی منداڵ کەم ببێتەوە (کاردای کۆنترۆڵکردنی ئەندامانی خێزان). لە لایەکی ترەوە، تا ژمارەی منداڵەکان زیاتر بێ، سەرچاوەکان بەتایبەت سەرچاوەی مادی و ئاسوودەییەکانی دایک و باوک زیاتر سنووردار دەبنەوە، کەواتە دەتوانین پێشبینی ئەوەی بکەین کە لەگەڵ زیادبوونی ڕێژەی هاوڕێی یاری (منداڵان) ئەگەری توندوتیژی زیاتر دەبێتەوە، ئاسوودەیی و سەرچاوەی مادیی دایکان و باوکان سنووردار دەبێتەوە، مەترسیی ئازاردان لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی هاوڕێی یاریکردن زیاتر دەبێت. ئاستی تواناکانیان بە بەراورد لەگەڵ ئەو خێزانانەی کە منداڵی پێنج ساڵ و سەرووتر لە پێنج ساڵیان هەیە لە کەمبوونەوەدایە. لە لایەکی ترەوە ئەگەر توندوتیژی وابەستە بە کەمبوونەوە بێ، ئەگەری ئەوە هەیە کە ژمارەی هاوڕێی یاریکردن لە ناو ماڵەوە (ژمارەی هاوڕێی یاریکردن یان منداڵی زیاتر) لە بەرامبەر مەترسیی توندوتیژی پشتگیری لە یەکتر بکەن. کەواتە ژمارەیەکی زۆری لە هاویارییەکان دەتوانن دەرفەتەکانی توندوتیژی کەم بکەنەوە یان ڕێگری لە ڕوودانی ئەم دەرفەتانە بکەن. هەروەها لە لایەکی ترەوە ئەگەری ئەوە هەیە کە ڕێژەیەکی زۆری هاویارییەکان لە ناو ماڵ بە هۆی بوونی منداڵی زیاتر لە ماڵەوە دەرفەتی زیاتر بۆ توندوتیژی بڕەخسێنێت. هەرچەندە ئەگەری ئەوە هەیە کە توندوتیژی بەتایبەت

توندوتیژیی جەستەیی لە بەر چاوی هەموو ئەندامانی خێزانەکە ڕوو بدات. لە لایەکی ترەوە ئەگەر منداڵەکان ئاسوودەیی و سەرچاوە ماددییەکانی دایک و باوک کەم بکەنەوە، لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی هاوتەمەنەکان ئەگەری توندوتیژی زیاتر دەبێت. لەوانەیە ئەمە لە حاڵەتی توندوتیژیی جەستەییدا زیاتر بێت. واتە توندوتیژیی جەستەیی دەتوانێ بە هۆی کەمبوونەوەی سەرچاوەکان، بەتایبەت سەرچاوە ماددییەکانی دایک و باوک بێ، کە ئەگەر ژمارەی هاوڕێکانی یاری (هاویاری) زۆرتر بێ ئەگەری ڕوودانی دەستدرێژیی سێکسی زیاترە (علیوردی‌نیا و هاوکاران، ١٣٩٠ هەتاوی).

* ڕەهەندی بنەماڵە

بە گوێرەی بیر و بۆچوونی هەندێک لە توێژەران توندوتیژی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ژمارەی منداڵانەوە هەیە. لەم بوارەدا، مالیک (٢٠١٠) پێی وایە لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی منداڵان، دایک و باوک بەتایبەت دایکان دەتوانن هەست بە نائومێدی و بێزاری بکەن چونکە کەمتر توانای بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی منداڵەکانیان هەیە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بۆ کۆنترۆڵکردنی منداڵەکانیان توندوتیژی بەکار بێنن. زاراڤین (١٩٩١) ئاماژە بەوە دەکا کە ڕەهەندی خێزانی لەبەر سێ هۆکار دەتوانێ ببێتە هۆی توندوتیژی دژی منداڵان: یەکەم: زۆربوونی ژمارەی منداڵان (ڕەهەندی بنەماڵە) دەتوانێ بە هۆی دووگیانیی نەخوازراوەوە بێت. ئەو منداڵانەی کە ئەنجامی دووگیانیی نەخوازراون لەبەر ئەوەی دایک و باوکەکە نەیانویستووە و پلانیان بۆ لەدایکبوونیان دانەڕشتووە زیاتر دەکەونەبەر شاڵاوی توندوتیژی. دووەم: لێکۆڵینەوەکان بەتایبەت لە بواری کۆمەڵناسیدا دەریانخستووە کە لە خێزانە گەورەکاندا فشار و سترێسی زیاتری دایک و باوک، گرنگینەدان یان کەمتر گرنگیدان بە پێداویستییەکانی منداڵان، پەیوەندیی پاوانخوازانە و بێ‌سەروسامانی نێوان دایک و باوک و منداڵ و هەروەها بەکارهێنانی زۆری توندوتیژی لە شێوازی پەروەردەیی بەدی دەکرێت؛ و سێیەم: توێژینەوەکان دەریانخستووە کە خێزانی تاک‌سەرپەرشت (کە هەر دایک یان باوکیان هەیە) و پڕحەشیمەتەکان بە هۆی کەمبوونەوەی داهات و کەمبوونەوەی سەرچاوەی ماددییەوە کەمتر پێداویستییەکانی منداڵەکانیان دابین دەکەن.

* هەژاری و تاراندنی کۆمەڵایەتی

باشتر وایە لە بری هەژاری چەمکی تاراندنی کۆمەڵایەتی بەکار بهێنرێ کە بریتییە لە بێبەشبوونێکی درێژخایەن کە دەبێتە هۆی دابڕان لە ڕەوتی سەرەکیی کۆمەڵگا. تاراندن بێبەشکردنێکی فرەلایەنە. چەمکی هەژاری لە کەموکوڕییە ئابوورییەکاندا بچووک کراوەتەوە لە حاڵێکدا چەمکی تاراندنی کۆمەڵایەتی بۆ تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی پەیوەندیی مرۆڤەکان لەگەڵ بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا بەکار دەهێنرێت. تاراندنی کۆمەڵایەتی لە ڕووی بژێرەکانی بەشداری، مافی شارۆمەندی، دەستڕاگەیشتن بە دەرفەتەکان، دەسەڵات و تۆڕی کۆمەڵایەتیی لاواز پێناسە و دیاری دەکرێت. تاراندنی کۆمەڵایەتی تێڕوانینێکی باشتر و فراوانتر لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە ڕوو و بۆ وەسفکردنی بێبەشیی زۆری تاک یان گروپێک، تاراندنی کۆمەڵایەتی چەمکێکی گونجاوتر لە هەژارییە. جگە لەوەش ستراتیژ و سیاسەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی تاراندنی کۆمەڵایەتی و هەژاری جیاوازن. واتە تاراندنی کۆمەڵایەتی لە چاو هەژاری بۆ وەسفکردنی بێبەشیی زۆری تاک یان گروپێک چەمکێکی گونجاوترە. تاراندنی کۆمەڵایەتی دیاردەیەکی فرەڕەهەندە و ماوەڕای ڕەهەندە مادییەکان و کەموکوڕییە ئابوورییەکانە کە دەلالەت لە سەر پانتایەکی هەمەچەشن لە بێبەشییە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسییەکان دەکات. چەمکی تاراندن لایەنە ئابوورییەکانی بێبەشی واتە کەمایەسیی کەرەستە و سەرچاوە مادییەکان و دەستڕاگەیشتن بە کاڵا و خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەکوو پەروەردە و تەندروستی و خانوبەرە و کۆمەڵێک بابەتی کۆمەڵایەتی وەکوو بەشداریی کۆمەڵایەتی و مافە شارۆمەندییەکان و ... پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی لەگەڵ خێزان و دۆست و هاوڕێیان، گرووپە کۆمەڵایەتییە ناوچەیی، ئەمنییەکان، ڕەگەزێتی و بەشداری لە بڕیاردانە خۆجێی و نیشتمانییەکان و دەرفەتە یەکسانەکان دەگرێتەوە (فیروزآبادی، ١٣٩٢ هەتاوی: ٢٦-٣٢).

لەوانەیە ژنان و کچانی هەژار لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیاندا ڕۆژانەیاندا زیاتر دەستدرێژی بکرێتە سەریان، بۆ نموونە کاتێک شەوانە بە تەنیا دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە یان کاتێک لە مەزرا و کێڵگەکاندا ئیش دەکەن. منداڵانی ژنانی هەژار کەمتر لە کاتی خوێندندا لە لایەن دایک و باوکیانەوە چاودێری دەکرێن، چونکە لەوانەیە دایک و باوکیان لە سەر کار بن و نەتوانن چاودێرییان بکەن. تەنانەت لەوانەیە ئەم منداڵانە خۆشیان ناچار

بن کار بکەن و بەو هۆیەوە زیاتر تووشی توندوتیژیی سێکسی ببن. کاری منداڵان کاریگەری لە سەر بەئەزموونکردنی توندوتیژی دادەنێت. هەژاری زۆرێک لە کچان و ژنان ناچار بە چالاکی لەو کارانەدا دەکا کە مەترسیی توندوتیژیی سێکسی بەتایبەت لەشفرۆشییان زیاتر لە سەرە. هەروەها هەژاری بۆ دۆزینەوە و پاراستنی کار، بەدواداچوون بۆ کارە بازرگانییەکان و ئەگەر بخوێنن بۆ دەسخستنی نمرەی باش فشارێکی زۆریان لە سەر دروست دەکا، ئەمانە هەموو دەبنە هۆی ئەوەی کە لە لایەن ئەو کەسانەوە کە بەڵێنی ئەم شتانەیان پێ دەدەن زیاتر تووشی ئازاردانی سێکسی ببنەوە. هەروەها ژنانی هەژار لە لایەن هاوبەشەکانی ژیانیانەوە زیاتر بەرەو ڕووی توندوتیژیی سێکسی دەبنەوە.

هەژاری: هەژاری لە لایەکەوە پەیوەندی بە ئەنجامدانی توندوتیژیی سێکسییەوە هەیە و لە لایەکی دیکەشەوە لەگەڵ "قوربانیی توندوتیژیی سێکسی" لە پەیوەندیدایە. توێژەرانی ئەم بوارە باسیان لەوە کردووە کە بە هۆی جۆرەکانی قەیرانی شوناسی پیاوانەوە لە نێوان هەژاری و توندوتیژیی سێکسی پەیوەندییەکی نێوەندگیر لە ئارادایە. لە زۆرێک لە کۆمەڵگاکاندا مۆدێلێک بۆ پیاوسالاریی باش دەخرێتە ڕوو، بەڵام بۆ ئەندامانی چینی پلە نزمی کۆمەڵگا و لە گەڕەکە بێبەشەکاندا بەو پێیەی کە دەرفەتی ڕەوای وەکوو کارێکی گونجاو لەبەردەستدا نییە، ئەوان ناتوانن سەرچەشنێکی باشی پیاوەتی دەست بخەن، هەر بۆیە هەوڵ دەدەن ڕوو لە شێوازی بەدیل بکەن و ڕوو بکەنە داپەڕگەلی وەکوو بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان و دەستدرێژیکردن (جیوکس و هاوکاران؛ ٢٠٠٢: ١٥٩).

- زەمینە و فاکتەرە فەرهەنگییەکان

ئەگەری هەستکردن بە نامۆیی لە ناو جڤاک: هۆکار و شێوازی تاراندنی تاکەکان دەتوانێ لە ناو کۆمەڵگا ناوخۆییەکان زۆر جیاواز بێ بەڵام ئەوانەی زیاتر لە هەمووان مەترسیی تاراندنیان لە سەرە ئەوانەن کە: بۆ پێشکەوتنی دارایی دەرفەتی سنووردارییان هەیە، هەروەها ئەوانەن کە ئایدۆلۆژیا یان کۆدە ئەخلاقییە باوەکانی کۆمەڵگەیەکی خۆجێیی پێشێل دەکەن. هەرچی کەسێک یان گروپێک زیاتر وتەزاکان پێشێل بکا، ئەگەری تاراندنی زیاتر دەبێت. ئەم تارێنراوانە بواری کەوتنە بەر دەستدرێژیی سێکسییان زیاترە (فیروزآبادی، ٢٠١٢: ٧٧-٧٨).

ڕەنگە هەڵە نەبێ ئەگەر زەمینە و فاکتەرە فەرهەنگییەکان بە گرنگترین زەمینە و فاکتەری کاریگەری سەر کارلێکی مرۆیی بزانین. هەرچەندە ئەمە لە لایەن ماتریالیستەکانەوە ڕەخنەی لێ دەگیرێ، بەڵام بە شێوەیەکی بەرفراوان لە لایەن ئایدیالیستەکان و بە تایبەتی ئەوانەی پێیان دەوترێ دیتەرمینیستی فەرهەنگی و لە ناو کۆمەڵناسەکاندا واتە لە هەموویان بەناوبانگتر تالکۆت پارسۆنزی ئەمریکی، قبووڵ کراوە. توندوتیژیی سێکسی لەم یاسایە بەدەر نییە. فەرهەنگ بە شێوەی جۆراوجۆر کاریگەری لە سەر ئەم دیاردە دادەنێت. سەرەڕای ئەمەش، بە پشتبەستن بەو لێکدانەوانەی کە لە سەر ئەم لێکۆڵینەوە ئەنجام دراون، سێ فاکتەری فەرهەنگی زیاتر لە لایەن پسپۆڕانەوە سەرنجیان پێ دراوە؛ پیاوسالاری، کۆمەڵگاگریی توندوتیژانە و بەنهێنیزانینی سنووری خێزان. لە درێژەدا هەر یەکەیان ڕوون دەکەینەوە.

* پیاوسالاری

ئەو توندوتیژییە سێکسییەی کە لە پیاوان دەوەشێتەوە، تا ڕادەیەکی زۆر ڕەگ و ڕیشەی دەچێتەوە سەر ئایدۆلۆژیای پیاوانە بۆ مافی پەیوەندیی سێکسی. ئەم سیستەمە ئایدۆلۆژیایە بژاردەی شەرعیی زۆر سنووورداری بۆ ڕەتکردنەوەی داواکاریی سێکسی لە لایەن ژنان دابین دەکەن. هەر بۆیە زۆرێک لە پیاوان ئەو ئەگەرە قبووڵ ناکەن کە داواکارییە سێکسییەکانیان لە لایەن ژنانەوە قبووڵ نەکرێ یان پیاوان قبووڵ ناکەن کە ژنان مافی ئەوەیان هەیە کە بڕیار بدەن کە لە پەیوەندییە سێکسییەکاندا بەشداری بکەن یان نا. لە زۆرێک لە وڵاتاندا ژنان و هەروەها پیاوان، پێیان وایە هاوسەرگیری بە مانای ئەوەیە کە ژنان دەبێ لە پەیوەندیی سێکسیدا کێشەیان نەبێ، هەرچەندە ڕەنگە سێکس لە ڕووی فەرهەنگییەوە لە هەندێک کاتدا قەدەغە بکرێ، وەکوو دوای منداڵبوون (زەیستان) یان سوڕی مانگانە. نۆرمە سێکسییەکانی پەیوەست بە بەکارهێنانی توندوتیژی وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ دەستدرێژی هەیە. لەو کۆمەڵگایانەی کە ئایدۆلۆژیای باڵادەستیی پیاو بەهێزە (باڵادەستیی جەستەیی و ئابڕوو و شکۆی پیاو) ڕێژەی دەستدرێژی زیاترە. لەو وڵاتانەی کە فەرهەنگی توندوتیژییان هەیە، یان شایەتحاڵی توندوتیژی و ململانێن، دەتوانین بڵێین هەموو جۆرەکانی توندوتیژی، لەوانەش توندوتیژیی سێکسی، لە ناویاندا باوە (جیوکس و هاوکاران، ٢٠٠٢).

فێمینیستەکان ئیدعای ئەوە دەکەن کە دەستدرێژی تەنها یەکێک لە نیشانەکانی کێشە گەورەترەکانی کۆمەڵگەی بندەستی پیاوانە. تیۆریستە فێمینیستەکان دەستدرێژیی سێکسی زیاتر لە کردەوەیەکی توندا‌ژۆیانە لە چاو ڕەهەندی سێکسی دەزانن و ئیدعا دەکەن کە دەستدرێژیی سێکسی بۆ زاڵبوون و سووکایەتی ئیلهامی لە ئەنگێزە سیاسییەکان وەرگرتووە. تیۆریستە فێمینیستەکان سروشتی تاکگەرایانەی دەستدرێژیی سێکسی ڕەت دەکەنەوە و ئیدعا دەکەن کە لە ئەنجامی دەستدرێژیی سێکسی و ترس لە دەستدرێژی، ژنان پشت بە پیاوان دەبەستن بۆ ئەوەی پشتگیرییان لێ بکەن. هەروەها فێمینیستەکان ئیدعای ئەوە دەکەن کە پیشاندانەوەی ژنان، بەرسازی کۆمەڵایەتیی ژێتی و بەکۆمەڵایەتیکردنی پیاوان، بەرسازی کۆمەڵایەتیی پیاوەتی دەتوانن دەستدرێژیی سێکسی ڕوون بکەنەوە. بۆ نموونە، ئەو پیاوانەی دەستدرێژی سێسکی دەکەنە سەر ژنان دەتوانن ئیدعای ئەوە بکەن کە "ژنان لە ڕووی جەوهەرییەوە لەگەڵ پیاوان فەرقیان هەیە و پیاوان هەر وا بە ئاسانی لەم فەرق و جیاوازییانە تێناگەن" و ئەم باوەڕە "خزمەت بە ڕێگریکردن لە تێگەیشتنێکی ئاڵۆزی واقیعبینانە لە بیر و باوەڕ و ئارەزووەکانی ژنان دەکا" و هەروەها نیشان دەدا کە پیاوان لەوانەیە وا هەست بکەن کە پەیوەندیی سێکس یارییەکی کێبڕکێیانەی نێوان دوو کەسی دژ بە یەکە کە خواستەکانیان لێکدژە. بەو پێیەی کە پیاوان پێیان وایە کە ژنان لە بنەڕەتەوە جیاوازن، زۆر بە لایانەوە ئاسانترە کە زیان بە ژنان بگەیەنن (پللشاک وارد[٣٧]، ٢٠٠٢: ١٠). هەروەها، ئەو خاوەن تیۆرییانەی کە بانگەشەی تیۆریی شیاوی دەکەن [٣٨] وا گریمانە دەکەن کە پیاوان پێیان وایە کە مافی ئەوەیان هەیە کە لە ڕێگەی داواکردن لە ژنانەوە ئارەزووە سێکسییەکانیان تێر بکەن. لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن ئەو پیاوانەی کە هەندێک بیروباوەڕ و توانا و ئارەزوو دەخەنە پاڵ ئافرەتان، ئەگەری ئەوەی کە دەستدرێژیی سێکسییان لێ بووشێتەو، زیاترە.

بۆ وێنە پێیان وایە ئافرەتان زاتەن هەڵفریوێنەرن یان بەردەوام بەدوای پیاواندا دەگەڕێن بۆ ئەوەی سێکسیان لەگەڵدا بکەن. بەشێک لە پیاوان پێیان وایە ژنان هەمیشە سێکس قبوڵ دەکەن، بۆ تێرکردنی ئارەزووە سێکسییەکانی پیاوان دروست کراون و گرنگترین پێداویستی و ئارەزووەکانی ژنانیش لە بواری سێکسدایە. پیاوان پێیان وایە ژن تەنها بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی پیاو ئافرێنراون و ژنان تەنها ئەو شتانەیان دەوێ کە پیاوان دەیانهەوێت. لە ئەنجامدا ئەم پیاوانە پێیان خۆشە ڕەفتارەکانی ژنان بە سێکسی سەیر

بکەن، تەنانەت لەو حاڵەتانشیدا کە ڕەفتاریان سێکسی نییە (پللشاک وارد [٣٩]، ٢٠٠٢: ١٠). هەروەها هەندێک لە پیاوان پێیان وایە کە زۆر جار کردار و ئارەزووەکانی ژنان لەگەڵ یەکتر ناکۆکە. لەوان وایە ژنان ئاگاداری ئەو پەیامانە نین کە ڕەنگدانەوەی جەستەیانە. ئەوان پێیان وایە کە ژنان تەنانەت کاتێک دەچنە ناو پەیوەندییەکی سێکسیی نەخوازراوەوە - دەستدرێژیکردن – چێژی لێ وەردەگرن و "بەگشتی دەستدرێژیکردن لێکدانەوەی هەڵەی نیشانە سێکسییەکانە". ئەم بیرۆکە وا لە پیاوان دەکا کە پێیان وابێ کە دەستدرێژیکردنە سەر ژنان قبووڵکراوە، تەنانەت کاتێک لە دەرەوە وا دەنوێنن کە ئەم پەیوەندییە سێکسییەیان ناوێ، لە ناوشیارگەیاندا حەزی لێ دەکەن چونکە چێژی لێ وەردەگرن. زۆربەی ئەو پیاوانەی کە وەک کاڵای سێکسی سەیری ژنان دەکەن و پێیان وایە کە ژنان زاتەن لە پیاوان کەمترن، ئەگەری ئەوەی کە دەستدرێژییان لێ بووەشێتەوە، زیاترە. ئەو پیاوانەی کە خاوەن ئەم بیروباوەڕانەن، پێیان وایە مافی خۆیانە سێکسی ئافرەتان کۆنترۆڵ بکەن و دیاری بکەن کە ژنان بە ڕاستی چییان دەوێت. هەروەها ئەم پیاوانە لەو باوەڕەدان کە مافی خۆیانە کە بیچم بە ڕەفتاری سێکسی و ناسێکسیی ژنان بدەن و بڕیار بدەن چی قبوڵکراوە یان قبوڵنەکراوە. کەواتە ژنان دەبێ ئارەزووەکانی پیاوان تێر بکەن، پیاوان مافی خۆیانە کە خواستی خۆیان بە سەر ژناندا بسەپێنن و هەر بۆیە پیاوان مافی ئەوەیان هەیە کە سەرەڕای خواستی پێچەوانەی ژنان، سێکسیان لەگەڵدا بکەن یان پەلاماریان بدەن. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی مارتن و هاوکارانی ئیدعای فێمینیستەکان پیشان دەدا کە پێیان وایە دەستدرێژیی سێکسی تەنیا یەکێک لە نیشانەکانی باڵادەستیی پیاوان بە سەر کۆمەڵگایە. ئەوان لە لێکۆڵینەوەکەیاندا دەریانخستووە کە لەو دەڤەرانەی کە نایەکسانیی ڕەگەزێتی زیاترە، ڕێژەی دەستدرێژی بۆ سەر ژنانیش پترە. ئەنجامەکانیان نیشان دەدەن کە داپەڕی پێچەوانە بۆ یەکسانیی ڕەگەزێتی (ڕەگەزێتی) ئەنجامی پێچەوانەی بووە چونکە پیاوان پێیان وایە ژنان هەڕەشەن بۆ سەر سەروەت و سامان و پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەوان (مارتین و هاوکارانی [٤٠]، ٢٠٠٦). لەو کۆمەڵگایانەی کە نایەکسانیی ڕەگەزێتی یەکێک لە تایبەتمەندییە پێکهاتەییەکانیەتی، "پیاوان بە سەر ژناندا باڵادەستیی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییان هەیە و ژنان لە وەها سیستەمێکدا تەنیا وەک بوونەوەرێکی سێکسی سەیر دەکرێن کە دەبێ ئارەزووەکانی پیاوان تێر بکەن". لەم پێکهاتەدا دایک و باوک بەتایبەت باوک دەسەڵاتێکی شەرعییان بە سەر منداڵەکانیاندا هەیە و منداڵ بەتایبەت کچان خاوەنی

شوناسی سەربەخۆ نین و بوون و شوناسیان لە کەسانی دیکە واتە باوک و مێرد وەردەگرن. لەم دۆخەدا منداڵان مولک و سامانی باوکیانن. لە وەها پێکهاتەیەکی نایەکساندا، "قەدەغەکردنی قیساسی باوک بە هۆی کوشتنی بەئەنقەستی منداڵ و قەتڵی منداڵ وەک ئەدەبکردن و سزادان بە کوشتنێکی نابەئەنقەست هەژمار دێ کە لە ئەنجامی زێدەڕەویی باوک لە سزادانی دروست و بەسوودی منداڵەکەی ڕووی داوە کەواتە ئەمە شتێکی شیاو و قبووڵکراوە؛ کەواتە بە هۆی زاڵبوونی ڕەهای باوک بە سەر منداڵەکان و نەبوونی سیستەمێکی تایبەت بە بەدواداچوون بۆ پەیوەندیی نێوان باوک و منداڵەکانی لە سەر ئاستی کۆمەڵایەتی و لەوەش سەرووتر، قەدەغەکردنی دەستێوەردانی سیستەمی دەسەڵات لە ناو ماڵەکان و بە نهێنیزانینی پەیوەندیی نێوان باوک و منداڵان، دەبێتە هۆی ئەوەی هەلی ئەنجامدان و کردەوەی پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ مەحارم بڕەخسێت" (مالجو، ١٣٨٩ هەتاوی: ٩١).

فاکتەرێکی دیکە کە کاریگەری لە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێ کاردانەوەی خانەوادە لە هەمبەر توندوتیژیی سێکسییە، کە ژنان سەرکۆنە دەکەن بە بێ ئەوەی پیاوان سزا بدەن و لە بەرامبەردا سەرنجیان پرژاندۆتە سەر ئابڕوو و وەجی لەدەستچووی بنەماڵە. وەها کاردانەوەیەک ژینگەیەک دەڕەخسێنێ کە تێیدا بە بێ ئەوەی سزادانێک لە ئارادا بێ دەستدرێژیی سێکسی ڕوو دەدات. لەم خێزانانەدا فشارێکی کەمتر بۆ کۆنترۆڵکردنی کوڕە گەنجەکانیان هەیە و قەناعەتیان پێ ناهێنن کە سێکسی زۆرەملێ هەڵەیە، لە بەرامبەردا زەختێکی زیاتر دەخرێتە سەر کچان کە نەکا سێکس بکەن یان نەکا بچنە ناو ئەو ژینگانەی کە پەلامار دەدرێن یان دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەریان. لەبارەی هاوسەرگیریی منداڵان دەبێ بڵێین کە لەگەڵ ئەوەی هەژاری یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانیەتی، فاکتەرگەلی وەکوو پاراستنی پاکیزەیی کچان و پاراستنیان لە سێکسی پێشوەختەی دەرەوەی بازنەی هاوسەرگیری و خۆپاراستن لە ئایدز لەو هۆکارە باوانەن کە پاساوی بنەماڵەکان بۆ ئەم چەشنە هاوسەرگیرییانەن (جیوکس و ئەوانی دیکە؛ ٢٠٠٢: ١٥٩).

* کۆمەڵگاگریی توندازۆخواز

بە پێی هەندێک ڕێبازی تیۆری، کۆمەڵگاگریی ناتەواو و پشێو کاریگەریی نەرێنی لە سەر کاردا جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی منداڵان دادەنێت. ڕەفتارە پەرۆش و نەرێنییەکانی دایک و باوک بەم شێوە دەستنیشان و پۆلێنبەندی دەکرێ: نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان دایک و باوک، واتە کاتێک یەکێکیان وەڵامی نەرێنی بۆ ڕەفتاری منداڵەکە (سزای نەرێنی) دەداتەوە و ئەوی دیکەیان وەڵامێکی ئەرێنی دەداتەوە (بەهێزکردنی ئەرێنی). ناتەبایی یان ناهەماهەنگی دەتوانێ تەنها لە لایەن یەکێکیانەوە (دایک یان باوک) بێ، واتە کاتێک یەکێکیان لە کاتێکی دیاریکراودا وەڵامێکی ئەرێنی و لە کاتێکی تردا وەڵامێکی نەرێنی بۆ ڕەفتاری منداڵەکە دەداتەوە. توێژەرانی ئەم بوارە هەوڵیان داوە ئەم ڕەفتارە ناهەماهەنگانە و نەبوونی هەماهەنگی نێوان منداڵ و دایک و باوک ڕوون بکەنەوە. ئەوان لەم بوارەدا سەرنجیان پرژاندۆتە سەر فاکتەرگەلی وەکوو هەژاری و گۆشەگیریی کۆمەڵایەتیی خێزان و دایک و باوک، پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی و فاکتەرە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی دیکە. هەر لەم بوارەدا، والێر [١٠] ئاماژە بەوە دەکا کە نەبوونی پشتگیری لە دایکانی گۆشەگیر لە ناو کۆمەڵگا، هەڵسوکەوت و تەنانەت شێوازی پەروەردەکردنی نەشیاوی نێوان دایک و باوک و منداڵانی لێ دەکەوێتەوە. نەبوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی گەرموگوڕ و ئەرێنی، کاریگەری دەخاتە سەر پشتیوانیی کۆمەڵایەتیی دایک (وەرگیراو و فامکراو) و سەرچەشنی هەڵسوکەوتی ئەو لەگەڵ منداڵەکانی. هەر بۆیە دایک و باوک بە تایبەت دایکان کاتێک لە ناو کۆمەڵگادا پەیوەندییەکی نەشیاویان لەگەڵ کەسانی دیکەدا هەیە، پشتیوانی نەکراون و بگرە پەیوەندیی توندوتیژیان لەگەڵ ئەندامانی دیکەدا هەبووە، ئەوا ڕەفتاری ناتەبا و ناهەماهەنگیان دەبێت. هەروەها ئەو دایک و باوکانەی کە ڕەفتاری دژواز و ئازاردەرانەیان لەگەڵ ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگا بەتایبەت گەورەساڵان بووە، کێشەگەلێکی وەکوو نەبوونی ئیمتیازاتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕەنجی سۆزداری نیشان دەدەن. لەم بوارەدا ڕایمۆن باس لە ململانێی خێزانی و هاوسەرێتی دەکات. بە بۆچوونی ئەو پەیوەندییە ئەرێنییەکانی وەکوو بەشداریکردن، پەیوەندییە ڕێنوێنییەکان، هاوسەنگی و پشتیوانیی هاوسەرێتی دەتوانێ لە ڕێگریکردن لە توندوتیژی، بەتایبەت توندوتیژی دژی منداڵان ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت. لە لایەکی ترەوە ڕەفتارگەلی وەکوو پەیوەندی و هەڵسوکەوتی

نەرێنی و ڕەخنەی نەرێنی لە یەکتر و ناتەبایی هاوسەرێتی دەتوانێ لە توندوتیژیی سێکسی و توندوتیژی دژی منداڵان ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕێت. لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە ئەو خێزانانەی کە ژن و مێرددا ناتەبا یان ناکۆکن و ژن و مێرد دایمە شەڕیانە، ئەوە لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا ڕەفتاری توندا‌ژۆیانە و شەڕانگێزانە و تەنانەت سزای جەستەیی بەکار دەهێنن (علیوردی‌نیا و هاوکاران، ١٣٩٠ هەتاوی). سەرەڕای ئەوەش، گواستنەوەی ململانێکان لە نێوان نەوەکاندا [١٥]: توندوتیژی لە نێوان ئەندامانی خێزان، بەتایبەت دژی ژنان و منداڵان، دەتوانێ لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە بگوازرێتەوە. هەر لەم زەمینەدا بەڵگە ئەزموونییەکان ئەم گریمانەیان پشتڕاست کردووەتەوە، وەکوو بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ پەروەردە وەک نۆرمێکی پەروەردەیی لە ناو هەندێک خێزاندا (کالینز و کالترانس، ١٩٩١). لە ناو ئەو تیۆرییانەی کە دەتوانرێ بۆ ڕوونکردنەوەی کێشەی توندوتیژی بەتایبەت لە سەر ئاستی خێزان بەکار بهێنرێ، تیۆریی فێربوونی کۆمەڵایەتییە. بە پێی ئەم تیۆرییە ئەنجامدانی توندوتیژی ڕەفتارێکی فێرکراوەیە کە فێربوونەکەی لە سەر بنەمای بینینی توندوتیژییە. هەرچی ئەم فێربوونە هان بدرێ، ڕەفتاری توندوتیژانە لە داهاتوودا بەهێزتر دەبێت. لەم زەمینەدا توێژەران بۆ فێربوونی توندوتیژی بەتایبەت لە سەر ئاستی خێزان باسیان لەم قۆناغانە کردووە: قۆناغی یەکەم ئەو قۆناغەیە کە مرۆڤ فێری ئەوە دەبێ کە ئەو کەسانەی یەکتریان خۆش دەوێ، وەکوو ژن و مێرد یان ئەندامانی تری خێزان، و پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ یەکتردا هەیە لە دژی یەکتر ڕەفتاری توندوتیژانە بەکار دەهێنن. لە قۆناغی دواتردا هیچ قەدەغەیەکی ئەخلاقی بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی لە ئارادا نییە. لەم دۆخەدا ئاستەنگە دەرەکی یان ناوخۆییەکان تاکەکان لە ئەنجامدانی توندوتیژی ناگێڕنەوە. لە کۆتاییدا، لەم دۆخەدا، ئەگەر ئەندامانی خێزان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان فێری ڕێگەچارەی دیکە نەبووبن، ئەوا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان توندوتیژی بەکار دەهێنن (اعزازی، ١٣٨٠ هەتاوی: ٦١). هەر لەم زەمینەدا، دەروونناسێکی کۆمەڵایەتی بە ناوی ئەلبێرت باندورا [١٧] پێی وایە کە بەشێکی گەورەی پرۆسەی فێربوون لە ڕێگەی هەڵسوکەوت و بینینی ڕەفتاری کەسانی دیکەیە. خاڵێکی گرنگ کە لە دەقی ئەم بۆچوونەدا بەدی دەکرێ ئەوەیە کە پێویست ناکا لە ساتەوەختدا ڕەفتاری فێربوو بەهێز بکرێ و بەکار بهێنرێت. واتە کەسەکە فێری ڕەفتارەکە دەبێ، بەڵام هەتا ئەو وەختەی پێویستی بە دەربڕینی نەبێ، یان بە واتایەکی دیکە فاکتەرە بەهێزکەرەوەکان لە ئارادا نەبن و بوونیان نەبێ، ئەو ڕەفتارەی لێ

ناوەشێتەوە یان بە پێویستی نازانێ کە ئەو ڕەفتارە لە خۆی پیشان بدات. هەروەها، هەتا زیاتر ئەم ڕەفتارانە ببینرێن و هەتا زیاتر دڵخواز و قبووڵکراوی دیتران (کەسانی دیکە) بن، ئەگەری فێربوونیان زیاتر دەبێت. لە سەر ئاستی بنەماڵەشدا دایک و باوک بەتایبەت باوک دەسەڵاتی زیاتریان بە سەر منداڵاندا هەیە، کاتێک لە هەڵسوکەوت و بەتایبەت کاتی کێشە و گرفتەکانیان توندوتیژی و شەڕانگێزی بەکار دەهێنن، منداڵان هاواهەنگیان لەگەڵدا دەکەن و فێری ڕەفتارەکانیان دەبن. لە داهاتوودا کە منداڵان گەورە دەبن، بە هۆی فێربوونی ئەم جۆرە ڕەفتارەوە، لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا توندوتیژی بەکار دەهێنن. بە باوەڕی باندورا، منداڵان بە بینینی ڕەفتاری دایک و باوکیان و لاساییکردنەوەیان فێری توندوتیژی و چۆنیەتی ئەنجامدانی دەبن و چ لە ناو خانەوادەی ماڵی باوک و چ خێزانی داهاتوویان لە دژی کەسانی دیکە ئەم توندوتیژییە بەکاری دەهێنن (نبوی و هاوکارانی، ١٣٩٢ هەتاوی) .

لە ناو بنەماڵەکاندا کاتێک دایک و باوک وەک شێوازی پەروەردەکردن، توندوتیژیی جەستەیی بەکار دەهێنن، بەتایبەت ئەو کاتەی ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە یان نارەحەت و تورە دەبن، توندوتیژییەکانیان بۆ ئەندامانی دیکەی خێزان و منداڵەکانیان دەبێتە سەرچەشن. لەم بارودۆخەدا منداڵان فێری ڕەفتاری توندوتیژانە دەبن و بەرامبەر بە ئەندامانی دیکەی خێزانەکەیان بۆ نموونە دژ بە برا یان خوشکە بچووکەکەیان بەکاری دەهێنن یان تەنانەت لە ئاستی بەرفراوانتردا بەرامبەر بە کەسانی دیکە ئەم ڕەفتارە لە خۆیان پیشان دەدەن. ئەوان لە هەندێک حاڵەتدا بەکارهێنانی شێوازی توندوتیژی وەکوو زلەلێدان، هاشاوڵبردن، بەکارهێنانی زەبر و تەنانەت ئامرازەکانیش بە ڕێگەپێدراو دەزانن.

هەندێ بەڵگە هەیە کە ڕەفتاری توندوتیژیی سێکسی لە ناو پیاواندا ڕەفتارێکی فێرکراوەیە، بە تایبەت لە ناو ئەو منداڵانەی کە دەستدرێژیی سێکسییان بەئەزموون کردووە. لێکۆڵینەوەی سەبارەت بەو منداڵانەی کە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەریان دەریدەخا لە کۆی هەر پێنج منداڵ یەکێکیان دواتر دەستدرێژی دەکاتە سەر منداڵان. ئەو ژینگە منداڵانەی کە لە ڕووی فیزیکییەوە توندوتیژن، لە ڕووی سۆزدارییەوە پشتیوانی ناکرێن و لە کێبڕکێ بۆ سەرچاوە کەمەکاندا دەردەکەون، پەیوەندییان بە توندوتیژیی سێکسییەوە هەیە. بۆ نموونە، ڕەفتاری شەڕانگێزیی سێکسی لە ناو ئەو پیاوانەدا زۆرە وا لە خێزانەکەیاندا شایەتحاڵی توندوتیژی بوون، لە ڕووی سۆزدارییەوە زۆر نێوانیان لەگەڵ

باوکیان خۆش نەبووە و باوکیان کەمتر چاودێرییان کردوون. هەروەها ئەو پیاوانەی کە پێکهاتەی خێزانەکەیان پیاوسالاری بووە زیاتر ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە جۆرە جیاوازەکانی توندوتیژیی سێکسییان لێ بووەشێتەوە (جیوکس و هاوکاران، ٢٠٠٢).

ئەم پرسە لە چاوی تیۆریسییەنە فێمینیستەکان دەرنەچووە. ئەوان لە ڕوونکردنەوەی پرسی ژناندا ئاماژەیان بە جۆرەها چەوساندنەوە و سەرکوتکردن کردووە و جۆرە جیاوازەکانی سەرکوتکردن لە ناو کۆمەڵگادا بە سەرچاوەی کێشەکانی ژنان دەزانن. یەکێک لە پرسیارە هاوبەشەکانیان ئەوەیە کە منداڵان چۆن پەروەردە دەکرێن، جیاوازیی ڕەگەزێتییان لە چاودێریکردندا چییە، چۆن ژنان و پیاوان دەبنە قوربانیی توندوتیژی؟ نواندنەوەی ڕەگەزێتییانەی میدیاکان چۆنە و وەڵامی سیستەمی یاسایی و پشتیوانی بۆ ژنان و پیاوان چۆنە؟ مالجۆ وێڕای ئاماژەدان بە شێوازی کۆمەڵگاگریی کچان و کوڕان، پێی وایە کە بێبەشبوونی سێکسی لە ناو پیاواندا دەبێتە هۆی ئەوەی کە پیاوان زیاتر بە چاوی سێکسییەوە لە ژنان بڕوانن و لەم نێوەندەدا کوڕان فێری ڕەفتاری توندوتیژانە و کچان فێری بێدەنگی و ملکەچی دەبن. ملکەچی وا لە کچان دەکا کە لە بەرامبەر ئازار و توندوتیژیی کوڕاندا بێدەنگ بنوێنن. لە کۆتاییدا دواییین شت چۆنیەتیی کاردانەوەی خەڵکە. کاردانەوەی پاسیڤانە و ناچالاکانەی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی دامەزراوەکان و کەسانی دیکەی وەکوو دایکی منداڵان لە هەمبەر دەستدرێژیی سێکسی دەبێتە هۆی بەدەروونیبوون و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەم ڕەفتارە، لە کاتێکدا بکەری لە ڕەفتار دەتوانێ نارەزایەتی لەگەڵ بێ و هەژموون و ئازاری پیاوان بە چالنج بکێشێت (مالجو، ٢٠١٩: ٩١).

لە باسی کۆمەڵگاگریی توندوتیژخوازدا، هەوڵی مازۆخیزم و سادیزمانە (هەر دووکیان) لە لایەن دایک و باوکەوە کۆمەک و هاوکارییان دەکا کە لە هەستی تابشتهەڵنەگری تەنیایی و بێدەسەڵاتی، خۆیان دەرباز بکەن. ئەوەی بە شێوازی دەروونشیکاری و یان شێوازی ئەزموونیی دیکە سەبارەت بە کەسانی مازۆخیزم وەدەست هاتوون زۆر بە باشی دەیسەلمێنن کە ئەم کەسانە ترسێکی زۆریان لە تەنیایی و سووکی هەیە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەم هەستە خۆوشیارانە نییە و زۆر جار ئەمە بە میکانیزمی هەستکردن بە مەزنایەتی و کەماڵگەرایی قەرەبوو دەکرێتەوە (فروم، ١٣٨٧ هەتاوی: ١٦٣). لە سەرچەشنەکانی کۆمەڵگاگریدا زۆر جار وا ڕوو دەدا کە سادیزم - مازۆخیزم بە هەڵە بە

عەشق و خۆشەویستی دەزانین و پێمان وایە تایبەتمەندیی دیاردەی مازۆخیستی دەربڕینی سۆز و خۆشەویستییە. نکۆڵیی نەفس و دەستبەرداربوون لە مافەکانمان بە نیشانەی عەشق زانی و ستایشمان کرد. وەک دەڵێی جگە لە فیدابوون و لەخۆبردن نەبێ هیچ هۆکارێک نییە کە بیسەلمێنێ ئێمە بەرامبەرەکەمان خۆش دەوێت. بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە لەم حاڵەتانەدا عەشق و خۆشەویستی سۆزێکی مازۆخیستییە کە ڕەگ و ڕیشەی دەچێتەوە سەر ئەوەی کە تاک پێویستی بە پێکەوەژیانە. ئەگەر ئەو مانایەی کە ئێمە سەبارەت بە عەشق لە مێشکماندا هەمانە تامەزرۆییەکە کە قەڵەم دێنێ بە سەر نکۆڵیدا و پەیوەندییەکە کە کاتێک لەگەڵ جەوهەری خۆشەویستدا (مەعشووق) ساز دەبێ، دەچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، ئەگەر مانای یەکگرتن (وەحدەت) لەگەڵ کەسێکی تر بێ کە تێیدا سەربەخۆیی و یەکپارچەیی هەر دوو لای لێ دەکەوێتەوە، ئەم ئەنجامە حاشاهەڵنەگرە کە مازۆخیزم و عەشق (خۆشەویستی) دژی یەکترن. خۆشەویستی و عەشق لە سەر بنەمای یەکسانی و ئازادی دامەزراوە و ئەگەر لە سەر بنچینەی ملکەچبوون و لەدەستدانی یەکپارچەیی یەکێک لە لایەنەکان بێ، ئیتر ئەوە عەشق (خۆشەویستی) نییە، جۆرێکە لە وابەستەیی کە هەرچی لەو دیو دەمامکی پاساو و بیانوودا خۆی بشارێتەوە جەوهەرەکەی هەر مازۆخیزمە. زۆر جار سادیزم لە بەرگی خۆشەویستیدا دەردەکەوێت. زۆر جار وەختێک کەسێک ئیدعای ئەوە دەکا کە زاڵبوونی بە سەر کەسێکی دیکەدا بۆ بەرژەوەندیی خۆیەتی، سادیزم بە سۆز و خۆشەویستی دادەنرێ، کەچی فاکتەری سەرەکی، چێژبردن لە باڵادەستییە (هەمان سەرچاوە، ١٧٣). سروشتی خووی دەسەڵاتخواز لە باسی کۆمەڵگاگریدا بەراوردی ئەنگێزە سادیستی و مازۆخیستییەکانە. سادیزم واتە ئاواتی دەسەڵاتی بێسنوور بە سەر کەسێکی تردا و ئەم ئاواتە هەندێک جار تێکەڵ بە هەستی ڕووخاندن دەبێ، مازۆخیزم واتە ئاواتی توانەوە لە ناو دەسەڵاتێکی بەهێز و بەشداریی لە دەسەڵات و شکۆمەندیی ئەودا. هەر دوو حاڵەتی سادیستی و مازۆخیستی لێکەوتەی بێتوانایی تاک بۆ بەرگەگرتنی لە ئاست تەنیایی و ئاتاجبوونی ئەو کەسە بە پەیوەندییەکی هاوژینییە (پێکەوەژیان) بۆ ئەوەی بە سەر ئەم تەنهاییەدا زاڵ ببێت (هەمان سەرچاوە، ٢٢٨). لایەنی سادیستی تێکەڵ بە لایەنی مازۆخیستییە. لە لایەک خۆزگە بۆ زاڵبوون بە سەر بوونەوەرە لاوازەکاندا سەر هەڵدەدا و لە لایەکی دیکەشەوە خۆزگە و ئاواتی ملکەچبوون بۆ هێزە بەهێزەکان و ئاواتی توانەوەی نەفسی هەیە. لەو شوێنانەی وا لایەنی مازۆخیستی بە باشی دەردەکەوێ، زۆر جار دەبیسترێ کە کەسەکە هیچۆکەیە و بە هیچ

نازانرێ و دەبێ هیچۆکەیی خۆی قبووڵ بکا و لە دەسەڵاتێکی سەرووتردا هەست بە خۆی بکا و لەوەی کە لە هێز و شکۆی ئەو دەسەڵاتەدا بەشدار دەبێ شانازی بۆ خۆیەوە بکا (هەمان سەرچاوە، ٢٣٩). سەرچەشنە مازۆخیستی و سادیستییەکان هەمیشە لە ژینگەی کۆمەڵگاگریی توندوتیژانەدا دەردەکەون و بوار بۆ ئازاردانی سێکسی دروست و بەهێزتر دەکەن.

* بەنهێنیزانینی بنەماڵە

لە زۆر حاڵەتدا خانەوادە وەک هەرێم یان بەستێنێکی تایبەتی دەزانرێ و ڕێگە نادا کەسانی دیکە و دامەزراوەکانی دیکەی وەکوو ناوەندەکانی دەستێوەردان و پۆلیس و دادگاکان دەستوەردانی تێدا بکەن. لەم دۆخەدا ئەو کەسانەی دەکەونە بەر توندوتیژی بەتایبەت ژنان و منداڵانی قوربانیی توندوتیژی، لە چاوی کۆمەڵگا بە شاراوەیی دەمێننەوە. هەروەها لە زۆر حاڵەتدا بە هۆی نەبوونی زانیاری یان ترس لە توندوتیژیی زێدەتر، توندوتیژییەکە بە دامەزراوە بەرپرسیارەکان ڕاناگەیێنن (جیوکس و دیتران؛ ٢٠٠٢: ١٥٩).

- زەمینە و فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان

توێژینەوەکان دەریانخستووە کە دەستدرێژیکاران هاودڵی و وابەستەییان بە گەورەساڵەکان کەمترە و لە چاو شارۆمەندانی ئاسایی ئەنگێزێکی بەهێزیان بۆ باڵادەستیی سێکسی هەیە. توندوتیژیی سێکسی وەکوو هەر کارلێکێکی دیکە لایەنی کۆمەڵایەتی هەیە کە ئەگەر لێیان تێنەگەین، هەر چەشنە فامکردنێکی ئەم دیاردە ناتەواو دەبێت. لەم بەشەی توێژینەوەکەدا ئەو زەمینە و هۆکارە کۆمەڵایەتیانە تاوتوێ دەکەین کە کاریگەریی لە سەر دەستدرێژیکاران و دەستدرێژیکراوان دادەنێ و لە تێڕوانینی تیۆریی پسپۆڕانی ئەم بوارەدا ڕەنگیان داوەتەوە. بارودۆخی خێزانی، بارودۆخی ئانۆمی، نایەکسانیی و هەڵاواردنی ڕەگەزێتی، کاردای توندوتیژی، فشاری گروپە هاوتەمەنەکان و هەژاری لەو زەمینە و هەلومەرجە کۆمەڵایەتییانەن کە لە ڕوانگەی پسپۆڕانی ئاماژە پێدراوی ئەم توێژینەوە تاوتوێ کراوە کە لە درێژەدا بە تێروتەسەلی شرۆڤەیان دەکەین.

* ئانۆمیکبوونی بارودۆخەکان

پەروەردەی کۆمەڵایەتی هەمیشە لە زەمینە و پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا ڕوو دەدات. نەک هەر ناوەڕۆکەکەی، بەڵکوو پێوەری سەرکەوتنیشی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی - پێکهاتەیی و لێکەوتە کۆمەڵایەتی -پێکهاتەییەکانی لە خۆ گرتووە. پێدەچێ گەورەترین سەرکەوتنی پەروەردەی کۆمەڵایەتی لەو کۆمەڵگایانەدا ڕوو دەدا کە دابەشکردنی کار زۆر سادەیە و دابەشکردنی زانست لە کەمترین ئاستی خۆیدایە. لە وەها هەلومەرجێکدا پەروەردەی کۆمەڵایەتی شوناسگەلێک دروست دەکا کە پێشوەختە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دیار و ڕوونن و تا ڕادەیەکی زۆر شیاوی شیکارین. کەواتە شوناس بەم چەمکە دەتوانین دیاریکراو و شەفاف بزانین کە بە شێوەی گشتی پیشاندەری ڕاستییەکی ئۆبژەیی و عەینی لە بارودۆخێکە کە شوناس تێیدا بوونی هەیە. لە کۆمەڵگایەکی ئاوادا شوناسەکان هەم لە ڕووی عەینی (ئۆبژە) و هەم لە ڕووی زەینییەوە (سووژە) بە ئاسانی دەناسرێنەوە. بەڵام لەم کۆمەڵگایانەدا کە بارودۆخی ئەنۆمیکیان هەیە و بە کۆمەڵگەیەکی ئاڵۆز و پشێو ناسراون، تاکەکان لە زیندانی واقیعی عەینیی کۆمەڵگاکەیاندا دیلن، ئەگەرچی ئەو ڕاستییە لە ڕووی زەینییەوە بە لایانەوە نامۆ بێت. پەروەردەی کۆمەڵایەتیی ئەم جۆرە کەسانە سەرکەوتوو نابێ، ئەمەش بەو مانا دێ کە نێوان واقیعی چەواشەکراوی ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەو وادەزانێ لە جیهانێکی نامۆدا گیری خواردووە و واقیعی زەینیی ئەو، کە جیهان تەنها بە شێوەیەکی زۆر نوقسان پیشان دەداتەوە، ناهاوسەنگییەکی زۆر بەدی دەکرێت. ئەو کەسانەی کە خۆیان لەم جۆرە بارودۆخە ئانۆمییانەدا دەبیننەوە، لە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتیدا سەرکەوتوو نابن و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە کەسانێکی ناوناتۆرە لە سەر، ئیفلیج، زۆڵ، گەمژە، قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی و هتد پێناسە دەکرێن. لە ئەنجامدا هەموو ئەو شوناسە جیاوازانەی کە ناوبەناو لە هۆشیارگەی ئەم کەسانەدا دردەکەون، ئەو پێکهاتە پاساودارەیان نییە کە لە کۆتاییدا بیانکا بەو شتەی کە ماوەڕای خەیاڵپەروەرییە کەمخایەنەکانیانە (برگر، ١٣٨٧ هەتاوی: ٢٢٢-٢٢٥).

تیۆریی ئانۆمی مێرتن زیاتر دەتوانێ ئەم پرسە ڕوون بکاتەوە کە بۆچی هەندێک کەس یاسا و ڕێساکان پێشێل دەکەن. بۆ نموونە بۆچی هەندێک کەس کردەوەی توندوتیژیی سێکسی وەکوو دەستدرێژیی سێکسی ئەنجام دەدەن؟ مێرتن [٨] سەرەتا ئەو بیرۆکە ڕەت دەکاتەوە کە مرۆڤ بوونەوەرێکە کە تامەزرۆیی و مەیلی دەستەمۆنەکراوی هەبێت. بە بڕوای

مێرتن، بە پێچەوانەی بیرۆکەی هابز سەبارەت بە مرۆڤ، ڕەگی لادانی مرۆڤ لە یاسا کۆمەڵایەتییەکان لە جەوهەرەکەیاندا نییە بەڵکوو لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدایە. هەر بۆیە بە بڕوای مێرتن لە بری ئەوەی بپرسین بۆچی مرۆڤەکان هاواهەنگ دەبن، پێویستە بپرسین بۆچی دەبنە ناتەبا (لادەر) دەبن؟ "پرسی سەرەکیی ئەوەیە: هەندێک پێکهاتەی کۆمەڵایەتی چۆن زەخت و فشارێکی دیاریکراو دەخەنە سەر هەندێک لە ئەندامانی کۆمەڵگا کە ئەم کەسانە لە بری هاواهەنگی، لادەر دەبن؟ (مرتن، ١٩٦٨: ٤٣٢، بە گێڕانەوە لە کوثری: ١٣٨٢ هەتاوی: ١٩). بە بڕوای مێرتن، "دوو توخم لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا گرنگن، ئەم دوو توخمە لە شیکردنەوەدا لێک جیا دەکرێنەوە، بەڵام لە دۆخی عەینیدا تێکەڵی یەکترن: ئامانج و ئامراز" (هەمان سەرچاوە). مێرتن ئامانجەکان بەم شێوە پێناسە دەکا: "ئامانج ئەو مەبەست و هۆگرییانەن کە لە لایەن فەرهەنگی کۆمەڵگاوە پێناسە و دیاری دەکرێن و دەبنە ئامانجێکی ڕەوا بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا یان بەشێک لە کۆمەڵگا. ئامانجەکان چوارچێوەی سەرچاوەی ئایدیاڵی ڕەفتارن، واتە ئەو شتانەی کە شایەنی ئەوەن کە هەوڵیان بۆ بدەین"؛ و ناوبراو ئامرازەکان بەم شێوە پێناسە دەکا "توخمی دووەم (پێکهاتەی فەرهەنگی) شێوازە پەسەندکراوەکانی گەیشتن بەم ئامانجانە دیاری دەکا و ڕێکی دەخا و چاودێری دەکات" (هەمان سەرچاوە). کەواتە، ئەنۆمی بەو مانایەی کە مێرتن خستوویەتییە ڕوو، چاودێری بە سەر ناتەبایی نێوان ئامانجە فەرهەنگییەکان و ئامرازە چەسپاو و پەسەندکراوەکان بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە دەکات. بە بڕوای مێرتن، "لادان یان چەوترەوی کاتێک ڕوو دەدا کە بە توندی جەخت لە سەر ئامانجە فەرهەنگییەکان بکرێتەوە و شێوازەکانی گەیشتن بەو ئامانجانە تەنیا لە ژێر کاریگەریی نۆرمە تەکنیکییەکاندا بن نەک نۆرمە چەسپاوەکان". (مێرتن، ١٩٦٨: ٤٣٣-٤، بە گێڕانەوە لە کەوسەری: ١٣٨٢ هەتاوی: ١٩). ئەم تیۆرییە زیاتر گرنگی بە پێگەی چینی پلە نزمی کۆمەڵگا دەدات. بە بڕوای مێرتن، کۆمەڵگا هەموو تاکەکان بە ئەندامانی چینی ئاست نزمیشەوە دنە دەدا کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی چینی ناوەڕاست بەرەو سەر پەلە بکەن، لە حاڵێکدا سنووردارییە کۆمەڵایەتی - ئابوورییەکان ئەم کارە قورس یان تەنانەت ناومکین دەکەن؛ کەواتە تاکەکانی چینی خوارەوە کە دەبینن ئەم بوارە بۆ ئەوان نەڕەخساوە و لە ئەنجامدا هەست بە بێبەشبوون و نارەحەتی دەکەن، ئەگەری زۆرە کە بۆ گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان پەنا بۆ شێوازی نەشیاو و لادەرانە ببەن. لە هەمان کاتدا مێرتن دەڵێ بە هۆی ئاڵۆزیی بونیادی

کۆمەڵایەتییەوە مرۆڤەکان کاردانەوەی یەکسانیان بەرامبەر بەو دۆخە نالەبارە نییە. ناوبراو بە پێی لاگیریی تاکەکان بەرامبەر بە ئامانجە فەرهەنگییەکان و ئامرازە پەسەندکراوەکانی گەیشتن بەو ئامانجانە، پێنج شێواز بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بونیادی ناسەقامگیر بە مومکین دەزانێ کە ئەم پێنج شێوازە بریتین لە: هاواهەنگی، بیدعە، ڕێوڕەسمگەرایی، گۆشەگیری، ڕاپەڕین یان یاخیبوون. هەموو ئەم بژاردانە، جگە لە هاواهەنگی نەبێ، فۆرمی خەسارناسیی خۆگونجاندن لەگەڵ بونیادی ناسەقامگیرن (مێرتن، ١٩٨٠: ١٢٢-١١٦، بە گێڕانەوە لە سیراجزادە، ٢٠١٦: ٨٦). لەم خشتەی خوارەوەدا دەتوانین شێوازەکانی خۆگونجاندن نیشان بدەین:

شێوازەکانی خۆگنجاندن	ئامانجە فەرهەنگییەکان	ئامرازە چەسپاوەکان
١- هاواهەنگی	+	+
٢- بیدعە	+	-
٣- ڕێوڕەسمگەرایی	-	+
٤- گۆشەگیری	-	-
یاخیبوون	-+	+-

خشتەی ژمارە ٢-٥. شێوازەکانی گونجاندن (کوثری: ١٣٨٢ هەتاوی: ٢١)

بە بڕوای مێرتن، ئەم چوار حاڵەتە چوار وتەزای سەرەکین کە هەر یەکەیان زۆرێک لە لادان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان ڕوون دەکەنەوە. لە ناو ئەم چوار جۆرە لێکەوتە /گونجاندن ئانۆمیکی باسەکەمان زیاتر پەیوەست بە جۆری دووەمی لێکەوتە ئانۆمیکەکان واتە بیدعەتەوە هەیە. بە واتایەکی تر ئەنجامدانی توندوتیژیی سێکسی یەکێک لەو لادانە کۆمەڵایەتییانەیە کە لەم وتەزادا جێگیر کراوە. ئەو کەسانەی کە توندوتیژیی سێکسییان لێ دەوەشێتەوە ئامانجە فەرهەنگییەکانیان قبووڵە، کە دەتوانین بڵێین کە لێرەدا تێرکردنی ئارەزووە سێکسییەکانە، بەڵام ئامرازەکانی دەستڕاگەیشتن بەم تێرکردنی ئارەزووی سێکسییە واتە چوارچێوەی ئەم خواستە لە شێوەی دامەزراندنی بنەماڵە و ڕێگا شەرعییەکانی دیکەیان قبووڵ نییە هەر بۆیە توندوتیژیی سێکسی دەچێتە ڕیزی جۆری ژمارە دوو واتە بیدعەت.

* هەڵاواردن و نایەکسانیی ڕەگەزی

بە پێی تیۆریی دژوازی، کۆمەڵگا لە کێشمەکێشی نێوان گروپ و چینە کۆمەڵایەتییەکاندایە و بەو پێیەش گۆڕانکاری بە سەردا دێت. سەرچاوەکان، نەک تەنها سەرچاوەی مادی بەڵکوو سەرچاوەکانی تری وەکوو دەسەڵات و هەژموونی سنووردارن و هەندێک لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان لە چاو پێکهاتەکانی تر سەرچاوەی زیاتریان هەیە، هەر بۆیە پێگەیەکی باڵاتر و توانای زیاتریان بۆ پاراستنی پێگەی خۆیان هەیە. تیۆریی دژوازی دەڵێ کۆمەڵگا بەردەوام لە پێناو سەرچاوەکان لە گۆڕان و ناکۆکیدایە؛ کەواتە کێبڕکێ لە سەر سەرچاوەکان لە ناو دڵی هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندایە. نایەکسانی لە هەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکاندا بوونی هەیە و گۆڕانکاری دەرەنجامی کێبڕکێ بۆ سەرچاوە و بەرژەوەندی و هۆگرییەکانە؛ لە سەر بنەمای ئەم ڕوانگەی کۆمەڵناسییە، پرسیارێک دێتە ئاراوە کە ئەوەیە: کێ سوودمەندە؟ کەواتە دەتوانین بپرسین کێ لە توندوتیژیی سێکسیی ناو کۆمەڵگا سوودمەند دەبێت؟ دیسانیش ئەم پرسیارە کۆمەڵناسییە وەڵامێکی هەر وا سادەی نییە، بەڵام لە ١٩٧٠ وەڵامگەلێک خرانە ڕوو کە لە ناوەڕۆکی خۆیاندا شیکاریی ڕەگەزی بەدی دەکرێت. بیرکردنەوە لە مەڕ توندوتیژیی سێکسی لەم ڕێگەوە ئەوە دەردەخا کە بۆچی هەر دوو تیۆریی کارداگەرێتیی پێکهاتەیی و تیۆریی دژوازییەکان بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتیی کارکردی کۆمەڵگا بەسوودن. فێمینیستە مارکسیستەکان بۆ ڕوونکردنەوەی بنەمای چەوساندنەوەی ژنان کەڵک لە چوارچێوەی شیکارییە مارکسیستییەکان وەردەگرن. ئەوان دەیانوت چەوساندنەوەی ژنان یەکێک لە نیشانەکانی پەتای سەرمایەدارییە. ئەوان ڕەگی ستەملێکراویی ژنانیان لەو ڕاستییەدا دەبینی کە ژنان لە ماڵەوە بە بێ داهات و لە دەرەوەی ماڵ بە داهاتەوە کار دەکەن. ئەو ژنانەی کە هەوڵ بۆ هاوسەنگیی نێوان ئەم دووانە دەدەن؛ لە هەر دوو دۆخەکەدا دەردەکەون: لە ماڵەوە زیاتر لە پشکی خۆیان ئیش دەکەن، کاتێکیش لە دەرەوەی ماڵ کار دەکەن، مووچەی کەمتریان پێدەدرێ و کارەکانیان بە نرخێکی کەمتر دادەنرێت. تیۆریستە فێمینیزمە سۆسیالیستییەکان پێیان وایە بۆ ڕوونکردنەوەی بندەستیی ژنان دەبێ هاوکات سەرنج بپرژێنینە سەر هێزە سەرمایەدارییەکان و پیاوسالاری. ئەوان هەوڵیان دا کە چۆنیەتیی کارکردنی پەیوەندییە سێکسییەکان لە ناو هەموو بوارەکانی

ژیانی کۆمەڵایەتیدا شرۆڤە بکەن (جلائی پور و محمدی، ١٣٨٨ هەتاوی: ٦٨-٧٤)، زۆرێک لە فێمینیستەکانی شەپۆلی دووەم لە دەیەی ١٩٧٠ لە سەر بنەمای ئاراستەی لێکدژ بیریان لە کۆمەڵگا کردەوە، نایەکسانیی ڕەگەزێتییان تاوتوێ کرد و بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارەوە بوون کە بۆچی ژنان جیاکاری و ستەم بەئەزموون دەکەن. هەر لەم بوارەدا زۆرێک لە بیرمەندانی ئەم ئاراستە، هێزی ڕوونکردنەوەی تیۆریی مارکسیستییان بۆ ژێرچەپۆکەبوونی ژنان و پێگەی نایەکسانیان لە ناو کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا خستە بەر تیشکی ڕەخنە. هارتمان بە هۆی کوێر – ڕەگەزێتیبوون و لاوازی لە شیکردنەوەی پێگەی بندەستیی ژنان لە چاو پیاوان لە ناو خانەوادە و دەرەوەی خانەوادە ڕەخنەی لە شیکاریی ئابووریی مارکسیستی گرت. تێڕوانینی تێکەڵاوی کۆمەڵناسی بۆ سەرمایەداری و پیاوسالاری وەک تیۆریی دووسیستەمی وەسف کراوە [٢٧]، بەڵام باس لەوە کراوە کە زانایان پێیان خۆشە ئەم دووانە بە جیا و لێکجیاواز لە قەڵەم بدەن بە جۆرێک کە بەرهەمهێنانی ئابووری دەخەنە پاڵ سەرمایەداری و وەچەخستنەوە دەخەنە پاڵ پیاوسالاری. تیۆریسییەکانی شەپۆلی دووەمی فێمینیستی جیاوازی دەخەنە نێوان "جیاوازییە ڕەگەزییەکان" کە بە باوەڕی ئەوان سەرچاوەی سروشتییان هەیە و هەروەها جیاوازی دەخەنە نێوان جیاوازییە ڕەگەزێتییەکان (ڕەگەزێتییەکان) کە پێیان وایە سەرچاوەی کۆمەڵایەتییان هەیە و بگۆڕن. لەم قۆناغەدا زۆر بابەتی پەیوەست بە چەوساندنەوەی ژنان وەکوو: نایەکسانیی لە حەقدەست و جیاکاری لە بازاڕی کار، توندوتیژیی خێزانی، دەستدرێژیکردنە سەر ژنان و هەڕەشەکانی دیکە کە ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە، لە بەرچاو گیران. بۆ زۆرێک لە چالاکانی فێمینیستی ئەم نەوە ئەوە گرنگ بوو کە هەموو ئەو لایەنە باس کراونەی کە دەبنە هۆی چەوساندنەوە و ژێردەستەیی ژنان؛ ببنە پرسی کۆمەڵناسی کە بەرهەمی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتین.

ئەم ئاراستە دەتوانێ پاساو بۆ نایەکسانیی ڕەگەزێتی لە بواری گشتیدا بهێنێتەوە (و بێگومان سەرمایەداری سوودی لە پێگەی پەراوێزخراوی ژنان لە هێزی کاردا وەرگرتووە). لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا، والبی پشتڕاستی کردەوە کە لە کاتێکدا فێمینیزمی لیبراڵ لە ڕێگەی میکانیزمگەلی وەکوو مافی دەنگدان، خاوەندارێتی موڵک و مافی هاوسەرگیرییەوە دەستکەوتی زۆری بەدەست هێناوە، بەڵام هێشتا پیاوسالاری لە ناو نەچووە، ڕوانگەیەک کە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا دیسان جەختی لە سەر

کراوەتەوە. ڕوانگەی فێمینیستەکان لە هەندێ لایەنی جیاوازەوە پاژەپاژە بوون بەڵام وەک کاکڵێک بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵە ڕەگەزێتییەکان لە سەر پیاوسالاری هاوڕان. خەمی سەرەکیی فێمینیستە لیبراڵەکان ئەوە بوو کە چەمکی ناوەندیی لیبرالیزمی کلاسیک، واتە ئامۆژەی ئازادیی تاکەکەسی بە جۆرێک پەرە پێ بدەن کە جگە لە پیاوان، ژنانیش بگرێتەوە. لێرەدا مانای ئازادی "دەربازبوون لە زەبر و فشار و مافی هەبوونی ئیرادەی ئەخلاقی و ڕەزامەندیی تاکەکەسی" بوو. بە بڕوای فێمینیستەکانی ئەم قۆناغە، غەدری پیاوان لە ژنان یەکێک لەو شتە ناعەقڵانییانەیە کە دەبێ نەمێنێت (جلائی پور و محمدی، ١٣٨٨ هەتاوی: ٦٨). لەم ئاراستەدا بێتی فریدان ئەو جیاوازییەی بەکار هێنا کە پارسۆنس لە نێوان بەها ئامرازییەکان و بەها سۆزدارییەکاندا سازی کردبوو. بە بڕوای فریدان، ئەو چاوەڕوانییەی کە ژنان چالاکیی و هۆگرییەکانیان لە بەستێنی تایبەتدا سنووردار بکەن، ئەوا بەرەو خەمۆکی و ئالوودەبوون و بەئەزموونکردنی توندوتیژی دەیانبات. ستراتیژیی سیاسیی فێمینیستە لیبراڵەکان لە سەر چاکسازیی یاسایی چڕ ببۆوە کە خووە جیاکارییەکانی لە هەموو بوارەکانی بەستێنی گشتیدا لا دەبرد. لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بە ڕوانگەی فێمینیستە ڕادیکاڵەکان بکەین کە جەخت لە سەر چەوساندنەوەی سیستماتیک و بەکۆمەڵی ژنان لە لایەن پیاوانەوە دەکەن. بە گوێرەی ئەم کۆمەڵە فێمینیستە، کۆمەڵێک لە پیاوان تەکنیکی جۆراوجۆر جا ڕاستەقینە بێ یان تەنیا هەڕەشە بێ، بۆ کۆنترۆڵکردنی ژنان بەکار دەهێنن بۆ وێنە دەستدرێژی و نەزۆککردن و بەستنەوەی قاچ و لێدان و ئازاردانی سێکسی.

* ئاستی خوێندەواری

بە پێی جیڤیکس و هاوکارانی، ئەو ژنانەی کە زیاتر خوێندەوارن و ئەو ژنانەی کە زیاتر لە ڕووی ئابوورییەوە بەهێزن، زیاتر تووشی توندوتیژیی جەستەیی دەبنەوە، چونکە ئەوان لە لایەن هاوبەشێکی نزیکی ژیانیانەوە لێیان دەدرێت. لە ڕاپرسییەکی نیشتمانیدا لە ئەفریقای باشووری، ئەو ژنانەی کە هیچ خوێندواریەکیان نییە لە چاو ئەو ژنانەی کە ئاستی خوێندنیان بەرزترە ئەگەری تووشبوونیان بە توندوتیژیی سێکسی زۆر کەمترە. لە وڵاتی زیمباوە ئەو ژنانەی کە کاریان دەکرد بە بەراورد لەگەڵ ئەو ژنانەی کە کاریان نەکردووە زۆر زیاتر باسیان لە سێکسی زۆرەملێ لەگەڵ هاوسەرەکانیان کردووە. یەکێک

لە ڕوونکردنەوەکانی ئەم پەیوەندییە ئەوەیە کە کاتێک ژنان لە ڕووی ئابوورییەوە بەهێز دەبن، زیاتر بەرەنگاری نۆرمەکانی پیاوسالار دەبنەوە. لەم دۆخەدا پیاوان بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی خۆیان بە سەر ژناندا وەدەست بهێننەوە ڕەنگە پەنا بۆ توندوتیژی ببەن. پەیوەندی نێوان بەهێزبوون و توندوتیژیی جەستەیی بە شێوەی Uە، هەتا ئاستێک بەتوانابوونی زیاتر دەبێتە هۆی توندوتیژیی زیاتر کە لەو ئاستە تێپەڕی دەست بە خۆپاراستن دەکات. بەڵام هێشتا ڕوون نەکراوەتەوە کە ئایا ئەمە پەیوەندیی توندوتیژیی سێکسیش دەگرێتەوە یان نا (جیوکس و هاوکاران؛ ٢٠٠٢: ١٥٩).

- زەمینە و فاکتەرە یاسایی – سیاسییەکان

لە ناو وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا جیاوازییەکی بەرچاو لە ڕێژەی توندوتیژیی سێکسیدا هەیە. لە هەندێک لە وڵاتەکاندا پانتای پێناسەی دەستدرێژیکردنە سەر ناموس بەرفراوانە و دەستدرێژیی ژن و مێردیش (هاوسەرێتی) لە خۆ دەگرێ و سزایەکی قورس بۆ دەستدرێژیکارەکان لەبەرچاو گیراوە. پابەندبوون بە ڕێگریکردن لە توندوتیژیی سێکسی بە جەختکردنەوە لە سەر ڕاهێنانی پۆلیس و تەرخانکردنی سەرچاوەی گونجاو بۆ ئەم بابەتە، بە یەکەمایەتیدانانی کەیسەکانی پەیوەست بە سێکس؛ لە سەرچاوە بەردەستەکاندا بۆ پشتگیریکردنی قوربانییەکان ڕەنگی داوەتەوە. لە بەرامبەردا، وڵاتانێک هەن کە ئاراستەیەکی زۆر لاوازتریان بۆ ئەم بابەتە هەیە، ئەو جێگایەی کە ناتوانرێ تەنها بە پشتبەستن بە بەڵگە و گەواهیی ژنەکە دەستدرێژیکارێک تاوانبار بکرێت. لەم وڵاتانەدا هەندێک جۆری توندوتیژیی سێکسی و چوارچێوەکانی لە ڕووی یاساییەوە تاوان نین و زۆرێک لە قوربانیانی دەستدرێژیی سێکسی لەم وڵاتانەدا لە ترسی سزادان، خۆیان لە تۆمارکردنی سکاڵاکەیان دەبوێرن (جیوکس و هاوکاران، ٢٠٠٢).

- ئاستی مامناوەندی و ڕێکخراوەیی

- کاردابوونی توندوتیژی

لە ڕوانگەی ئاراستەی کارداخوازیی پێکهاتەییەوە توندوتیژی دژی ژنان توخمێک لە کۆمەڵگایە. کارداخوازیی پێکهاتەیی تیشک دەخاتە سەر شێوازەکانی دابینکردنی

پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەن دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە. نموونەیەکی سەرەکیی ئەم ئاراستە خانەوادەیە. لەم ئاراستەدا هەموو لایەنەکانی خێزان وەک کۆمەک و هاوکاریکردنی یەکتر بۆ هاوپەیوەندیی کاردایی لە قەڵەم دەدرێت. پرسیارێکی گرنگ کە لەم ئاراستەدا دەکرێ ئەوەیە کە کارکرد یان کاردای ئەم کەسە و دامەزراوە و سیستەمە چییە؟ هەر بۆیە دەتوانین بپرسین کاردای توندوتیژیی سێکسی بۆ کۆمەڵگا چییە؟ زۆرێک لەم پرسیارانە لە ڕووی دەروونناسیەوە وەڵامیان دراونەتەوە، لە حاڵێکدا ئەو وەڵامانەی کە لەم ئاراستەدا بۆ ئەم پرسیارە دراونەتەوە کەمتر جەختیان لە سەر تاکەکان کردووەتەوە. وەڵامی کۆمەڵناسی بۆ ئەم پرسیارە ئاڵۆزە، و پێویستی بە شرۆڤە و شیکاریی سیاسەتە ڕەگەزێتییەکان و تیۆریی ڕۆڵی سێکسی و پەیوەندییە سێکسییەکان و یاسای تاوانە، بەڵام یەکێک لە وەڵامەکان ئەوەیە کە توندوتیژیی سێکسی هەوڵ دەدا هەموو ژنان لە حاڵەتی ترسدا بهێڵێتەوە چونکە بۆ ژنێک ئەوە ناومکینە کە بڵێ کام پیاو متمانەپێکراوە و ژیانەبەسەربردن لەگەڵیدا پارێزراوە یان نا، کەواتە پیاوسالاری دەپارێزرێت. کارداخوازیی پێکهاتەیی ڕەخنەی زۆری لێ گیراوە، چونکە لە پێوەندیی نێوان توخمەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و کارداکانیان دەڕوانێ بەڵام بۆ داهاتووی پەنگراو هیچ شیکارییەک ناخاتە ڕوو. پشتگیری لە دۆخەکە دەکا و لە سەر بنەمای ئەم ڕوانگە، زۆر سەختە کە تێبگەین ئاقارەکانی گۆڕانکاری چین. بۆیە لە وەڵامی ئەم پرسیارەی کە کارداخوازیی توندوتیژیی سێکسی بۆ سەقامگیریی کۆمەڵگا چییە؟ کارداخوازیی پێکهاتەیی دەتوانێ لەمەڕ ئێستا وڵاممان بداتەوە بەڵام چوارچێوەیەک بۆ گۆڕینی چۆنیەتیی دۆخەکە ناخاتە ڕوو.

- بارودۆخی خێزانی

لە دنیای مۆدێرندا لە دوای سەدەی ١٨، زینا لەگەڵ مەحارم بە توندی قەدەغەیە، چونکە خێزان ڕۆڵی سیستەمی پێکگەیشتن دەگێڕێ، بەڵام هێشتا و بە شێوەیەکی بەردەوام، پەیوەندیی سێکسی لە ناو خێزاندا داوای لە سەرە. چونکە خێزان ناوەندی ورووژاندنی هەمیشەیی سێکسوالیتەیە. سیستەمی سێکسوالیتە کە سەرەتا لە پەراوێزی دامەزراوەکانی خانەوادەییەکان پێک هاتبوو و پەرەی سەندبوو (بۆ ڕێنماییکردنی ویژدان و لە پەروەردە و ڕاهێناندا)، وردە وردە و دووبارە خێزانی کردە ناوەند و چەقی خۆی: هەر شتێکی سەیر و سەمەر و دەستەمۆنەکراو و مەترسیدار کە لەوانە بوو کاریگەری لە سەر

سیستەمی سێکسوالیتە بۆ سیستەمی وەسڵەت دابنێ، کەوتە ژێر بەرپرسایەتیی بنەماڵە، خێزانێک خۆی ڕێکخستبۆوە و بێگومان سنووردار ببۆوە و بە دڵنیاییەوە بە بەراورد بە کاردا کۆنەکانی لە سیستەمی وەسڵەتدا بەهێزتر بوو. دایک و باوک و هاوسەرەکانی لە ناو بنەماڵەدا بوونە بکەرانی سەرەکیی سیستەمی سێکسوالیتە، کە لە دەرەوە پشت بە پزیشک و ڕاهێنەران و دواتر دەروونپزیشکان دەبەستێ و لە ناوەوە پەیوەندییە وەسڵەتەکانی تێپەڕاند و زۆری نەخایاند کە ئەو پەیوەندییانەی کرد "دەروونناسانە" یان "دەروونپزیشکانە". کەواتە ئەم کەسایەتییە نوێیانە لە خێزانەکەدا دەرکەوتن: ژنی تووڕە، ژنی ساردمەزاج، دایکی کەمتەرخەم یان گیرۆدەی حاڵەتی ڕاڕایی کوشندە، مێردێک کە توانای سێکسکردنی نییە و خومۆک و گومڕایە، کچێکی هیستریا یان نۆراستنیک، منداڵێک کە تووشی باڵقبوون و پیریی پێشوەختەیە، پیاوێکی گەنجی هاوڕەگەخواز کە مل بە هاوسەرگیری نادا یان گرنگی بە ژنەکەی نادات. ئەم کەسایەتییانە تێکەڵاوی وەسڵەتی لادەرانە و سێکسوالیتەی نائاساییەن، ئەمانە لە تەکووزیی پەیوەندیی لادەرانەدا هەڵگری تێکچوونی سێکسوالیتەی نائاساییەن و ڕێگە بە سیستەمی پەیوەندی دەدەن کە لە تەکووزیی سێکسوالیتەدا داکۆکی لە مافەکانی خۆی بکات. خانەوادە واتە بناغەی وەسڵەت، تۆوی هەموو نەهامەتییەکانی سێکسە. و لانیکەم لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە، خێزانێکمان بینیوە کە هەڵوەدای بچووکترین نیشانەکانی سێکسوالیتە لە خۆیدایە، قورسترین دانپێدانانەکان لە خۆی دەردەکا، گوێ لە هەموو ئەو کەسانە دەگرێ کە شتێک لەم بارەوە دەزانێ، و دەرگاکانی بە تەواوی بۆ تاقیکردنەوەیەکی بێکۆتا دەکاتەوە. لە سیستەمی سێکسوالیتەدا، بنەماڵە یەک کریستاڵە: وەک ئەوەیە سێکسوالیتەیەک بڵاو دەکاتەوە یان بە ڕاستی دەریدەدا و یان دەیپرژێنێت. خێزان بە کاریگەرەکەی و بە یاریی ڕەنگدانەوەی بۆ دەرەوە، یەکێک لە بەنرخترین توخمە تاکتیکییەکانی سیستەمی سێکسوالیتەیە. ئەو خێزانانەی کە گیرۆدە و لێوڕێژی ئەم سێکسوالیتەن داوای قەزاوەت و چارەسەر دەکەن. دەروونشیکاری کە پێدەچوو لە تەکنیکەکانیدا دانپێدانان بە سێکسوالیتە لە بازنەی خانەوادەدا لا دەبا، یاسای وەسڵەت و یارییە تێکەڵەکانی هاوسەرگیری و وەسڵەت و زینا لەگەڵ مەحارم لە ناو دڵی ئەم سێکسوالیتە و وەک بیچمگرتن و ڕەمزی فامهەڵگری ئەم سێکسوالیتەی وەدەست هێناوەتەوە (فوکو، ١٣٨٤ هەتاوی: ١٢٧-١٣١).

لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمدا وەک بەرگری لە دامەزراندنی ناوەندی نیشتەجێبوونی زۆرەملێ کرا و بە مافی ئەو خێزانانە هەژمار کرد کە پێیان خۆش نییە وەج و ئابڕوویان لە دەست بدەن. تەکووزیی گشتی چیتر تامولّی خراپەکاری و بێشەرمی نەدەکرد ... پاراستنی ئابڕوو و شکۆی خانەوادەیی پێویستی بەوەیە کە هەر کەسێک بە ڕەفتاری سەرزەنشتکراو و نەشیاو وەکوو دەستدرێژیی سێکسی دەبێتە هۆی شەرمەزاریی دایک و باوکی، لە ناو کۆمەڵگادا بتارێنرێ و نەمێنێ، کە نموونەکەی ڕاکردن کچان لە خانەوادە کاتێک کە هەڕەشەی دەستدرێژیی سێکسییان لە سەرە. (فوکو، ٢٠٠٨: ٨٠). لە ڕاستیدا وتنی حەقیقەت دەربارەی خۆت (ئەزموونی دەستدرێژی) و لێبووردەیی پێکەوە یەکسانن. ئەم خۆئاشکراکردنە لە هەمان کاتدا خۆ لە ناوبردنە. لە ڕاستیدا کەسی دەستدرێژیکراو بە هۆی بەربەست و بارودۆخی خانەوادەییەوە، پەیوەندیی زەینی خۆی لەگەڵ جیهانی ژیانی کۆمەڵایەتیی دەرەوەی هیچ بە لاوە گرینگ نییە و ئەوەی ئەو خەمی لێ دەخوا، سروشت و چۆنایەتی و جەوهەری بیر و خەیاڵەکانیەتی (فوکو، ٢٠١٦: ١٠٦-١١٨).

هەر چەندە خانەوادە لە دەیەکانی ڕابردووەوە گۆڕانکاری و وەرچەرخانی فرە زۆری بە سەردا هاتووە و گرنگییەکەی لە ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤی ئەمڕۆدا کەم بووەتەوە، بەڵام هێشتا یەکێک لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییە گرنگەکانی جیهانی ئەمڕۆیە. بە پێی ڕوانگە تیۆرییەکانی ئەم توێژینەوە تێکچوونی کارداکانی بنەماڵە، کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی خێزان و فشاری ئابووری و ڕەهەندی خانەوادە لەو تایبەتمەندییانەن کە کاریگەرییان لە سەر توندوتیژیی سێکسی مرۆڤەکان لە ناو کۆمەڵگادا هەیە.

- تێکچوونی کارداکانی خانەوادە

یەکێک لە گرینگترین کارداکانی خێزان فێرکردنی چەمکی عەشق و هونەری عەشق دەربڕینە. لە ڕاستیدا عەشق گەشەسەندووی جۆرێک پەیوەندییە کە تێیدا گشتێتیی و تاکایەتیی تاک دەپارێزێت. هێزی عەشق، ئەو دیوارانەی کە مرۆڤ لە هاوچەشنەکانی جیا دەکاتەوە دەڕمێنێ و دەیبەستێ بە دیترانەوە (کەسانی ترەوە). دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەگەڵ ئەوەی بە سەر هەستی دابڕان و گۆشەگیریدا زاڵە، خۆی بێ و یەکپارچەیی خۆی بپارێزێت. ئەو دژوازییانەی کە لە عەشقدا ڕوو دەدا ئەوەیە کە دوو کەس دەبنە یەک و لە

هەمان کاتدا دوو کەس دەمێننەوە (فروم، ٢٠١٤: ٥٠). عەشق و خۆشەویستی ئەو هاوپەیوەندییەیە کە دژی پەیوەندیی وابەستەیی مازۆخیستی و سادیستییە و یەکەم شوێن کە تاک لەگەڵ سەرچەشنەکەی ئاشنا دەبێ خانەوادەیە و ئەمەش یەکێک لە گرینگترین کارداکانی دامەزراوەی بنەماڵە وەک یەکەم دامەزراوەی کۆمەڵگاگرییە.

سەرچەشنی عەشق و خۆشەویستیی دایک لە بنەڕەتدا بێ مەرجە. لە ڕاستیدا خۆشەویستیی بێ مەرج لە پەیوەندیدا یەکێک لە قووڵترین ئارەزووەکانە. لە لایەکی ترەوە خۆشویستبوونی تاکێک بە هۆی لێهاتوویییەکانی یان بە هۆی ئەوەی کە شایەنی خۆشەویستییە هەمیشە جێگای شک و گومانە. هەمیشە ئەو ترسە هەیە کە عەشق و خۆشەویستی کۆتایی پێ بێت. لە ڕاستیدا ئەم کەسە خۆشەویست نییە و تەنها کەڵکی لێ وەردەگیرێت. هەموومان، لە تافی منداڵی و لە هەڕەتی گەورەساڵیدا، دەستەوداوێنی عەشقی دایکمانین و ئەوەی کە دایکێک ئەم هونەرەی هەبێ و بتوانێ فێری هەمووانی بکا ئەوە پرسێکی گرنگە. بەڵام پەیوەندی لەگەڵ باوک و سەرچەشنی ئەو جیاوازە. باوک ناسێنەری جەمسەرێکی دیکەی بوونی مرۆڤە. باوک ناسێنەری یاسا، جیهانی تەکووزی و دیسیپلینە. باوک ئەو کەسەیە کە منداڵ فێری بەرپرسیارێتی دەکا و ڕێگای ژیانی پێ نیشان دەدات. کەواتە کاردای خانەوادە لە ڕێگەی سەرچەشنی دایک و باوکەوە، گووڕانی بوونی مرۆڤ لە ڕەهەندی عەشق‌کردن و بەرپرسیارێتییە و ئەگەر هەر یەکێک لەمانە سەرچەشنێکی نەشیاو بن، ئەوا گووڕان بوونی مرۆڤ تێک دەچێت (هەمان سەرچاوە، ٩٨-١٠١).

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە چۆن خانەوادە و پێکهاتە و کارکردەکەی دەتوانێ ببێتە هۆی توندوتیژی دژی منداڵان، دەتوانین سوود لە تیۆریی وردی چەلەبی (١٣٩١ هەتاوی) وەربگرین. بە وتەی چەلەبی، بنەماڵە ڕووبەڕووی چوار کێشەی گەورە دەبێتەوە کە بۆ مانەوە و بەردەوامیی خۆی دەبێ چارەسەر بکرێن. ئەم کێشە سەرەکییانە بریتین لە (ڕەهەندی A بژێوی ژیان)، (ڕەهەندی G ڕێکخستن)، (ڕەهەندی I کۆمەڵایەتی) و (ڕەهەندی L پەروەردە).

ڕەهەندی بژێوی واتە باری ئابووریی خانەوادە پەیوەندی بە دابینکردنی پێداویستییەکانی خێزان و پێداویستییە ئابووریەکانییەوە هەیە. لەم زەمینەدا هەر کێشەیەکی وەکوو کەمیی

داهات و له ئەنجامدا دابیننەکردنی پێداویستییە ئابوورییەکانی خێزان تووشی گیر و گرفت دەبێت. لە ڕەهەندی ڕێکخستندا پرسی هەڵسووڕان و بەڕێوەبردنی خێزان دێتە بەر باس. خێزان بۆ ئەوەی بە باشی کارکردەکانی ڕابپەڕێنێ، دەبێ پرسەکانی خۆی بەڕێوە ببات. لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتیدا پەیوەندیی نێوان ئەندامانی خێزان و گروپەکانی دەرەوەی خێزان لە بەرچاو دەگیرێت. بە باوەڕی چەلەبی (٢٠١٢) خێزان لە ناو بەستێن و زەمینەی کۆمەڵایەتیدایە. پەیوەندییەکانی ئەم زەمینە لە جۆری پەیوەندییە ناهاوسەنگە گەرم و گوڕەکانە؛ واتە پەیوەندییەکانی ناو ئەندامانی خێزان لە سەر بنەمای هەست و سۆز بێ نەک قازانج و بەرژەوەندی. ئەگەر بە هەر هۆکارێک پەیوەندیی نێوان ئەندامانی خێزان و خێزان لەگەڵ گروپەکانی دەرەوە تێک بچێ، خێزانەکە لەم ڕەهەندەدا ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە. لە ڕەهەندی پەروەردەییدا پرسی فێرکردنی زانست و ڕێساکانی ژیان لە لایەن گەورەساڵەکانەوە بۆ ئەندامە بچووکترەکان بەتایبەتی منداڵان و بەکارهێنانیان دێتە ئاراوە. ئەمەش لە ئەدەبیاتی ئەم زەمینەدا بە "کۆمەڵایەتیبوون" ناو دەبرێت.

بە بۆچوونی چەلەبی (١٣٩٤ هەتاوی)، ئەگەر بمانهەوێ توندوتیژی لە ناو خێزاندا نەهێڵین یان کەمی بکەینەوە، لە هەر کام لەم چوار ڕەهەندەدا، سەرەتا دەبێ خێزان و ئەندامەکانی بەختی هاوبەشیان هەبێ، واتە ئامانجی هاوبەشیان هەبێ، دووەم: دەبێ لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا یەکدەنگ بن؛ واتە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەندامانی خێزان دەبێ هەموویان هاودەنگ و هاوڕا بن، سێیەم: ئەندامانی خێزان لە چارەسەرکردنی کێشە باسکراوەکاندا دەبێ هاودڵ و هاوسۆزی یەکتر بن و دواجاریش ئەندامانی خێزان دەبێ پێکەوە ڕاوێژ و تەگبیر بکەن. ئەگەر لە حاڵەتەکانی سەرەوەدا کێشەیەک ڕوو بدا ئەوا کاردا و کارکردی بنەماڵە تووشی گرفت دەبێ و ئەمە لێکدژیی نێوان ئەندامانی خانەوادە و توندوتیژیی بەرامبەر بە یەکتر بەتایبەت دژ بە ئەندامە کەمدەسەڵاتەکان یان بێدەسەڵاتەکانی لێ دەکەوێتەوە.

- زەخت و فشاری هاوتەمەنەکان

هەندێک جۆری توندوتیژیی سێکسی، وەکوو دەستدرێژیی بەکۆمەڵ، زۆر جار لە لایەن گەنجانەوە ئەنجام دەدرێت. زۆر جار شەڕانگێزیی سێکسی تایبەتمەندیی پیاوەتی لە ناو گروپە و پەیوەندییەکی بەرچاوی لەگەڵ هۆگریی ڕێزگرتن لە گروپ هەیە. ڕەفتاری

شەڕانگێزانەی سێکسی لە ناو پیاوە جەوانەکاندا پەیوەندی بە ئەندامێتی لە ناو باند و هەبوونی هاوڕێی تاوانبارەوە هەیە. توێژینەوەکان دەریدەخەن ئەو پیاوانەی کە لە سۆنگەی سێکسییەوە پەیوەندییان لەگەڵ هاوڕێ شەڕانگێزەکان هەیە، زیاتر لە پیاوە هاوتەمەنەکانیان کە هاوڕێی شەڕانگێزی سێکسییان نییە، تووشی پەیوەندیی سێکسیی زۆرەملێ بوون. دەستدرێژیی سێکسی زیاتر لە لایەن پیاوانەوە ڕوو دەدا و هەندێ جار وەک شتێکی ڕەوا سەیری دەکرێ چونکە بە باوەڕی ئەوان ئەمە سزای ئەو ژنانەیە کە "بێ‌ڕەوشتانە" مامەڵە دەکەن و یان لانیکەم لە درێژەدان بەم کارانە دڵساردیان دەکاتەوە، ڕەفتارگەلی وەکوو لەبەرکردنی جلوبەرگی تایبەت و چوونە بارەکان. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ڕەنگە بەشێک لە کۆمەڵگا ئەم دەستدرێژیکارانە وەک تاوانباری ڕاستەقینە لە قەڵەم نەدەن. لە هەندێک ناوچەی پاپۆئای نیۆگینیا ژنان بە دەستدرێژیی بەکۆمەڵ سزا دەدرێن، کە زۆر جار لە لایەن پیاوانی گەورەساڵەوە ئەنجام دەدرێت.

- ئاستی ورد و تاکەکەسی

- وێناکردنی خۆ

هۆکارێتی و ئەزموونی تاکەکەسیی تاکەکان لە تاراندنی کۆمەڵایەتی ئاست یان چینی تاراندن پێک دەهێنێت. تاراندن زۆر جار کاریگەریی نەرێنی لە سەر تاکەکان دادەنێ کە یەکێک لەوانە بە پێی هەلومەرجی بەرفراوانی وەکوو لەدەستدانی بەشێکی گرنگی خۆ و هەڕەشەی خۆوێناسازە کە هەمان چەمکی خۆ، لەخۆ دەگرێت. یان بە پێی بارودۆخی تایبەتتری وەکوو هەست و سۆزە نەرێنییە تایبەتەکان (ترس، بەدناوی، کەمبوونەوەی متمانە بەخۆیی، بێبەشبوونی سۆزداری و هتد) یان ئەو کاردانەوە بەرگرییانەی کە بەدوایاندا دێن (فیروزآبادی، ١٣٩٢ هەتاوی: ٧١-٧٣)) لەبەرچاو دەگیرێن.

بە گشتی هەموو داموودەزگاکانی کۆنترۆڵی تاکەکەسی بە شێوەی دووانە کار دەکەن، شێوازی دابەشکردن دووانەیی و نیشانەدانان و شێوازی دیاریکردنی زۆرەملێی تایبەتمەندییەکان و دابەشکردنی جیاکارانە. ئەوەی هەموو ئەم میکانیزمانەی دەسەڵات ڕێنمایی دەکا یاساکانی ستراتیژییەکە (فوکو، ١٣٩٣هەتاوی: ١٦٧). ئەم شێوازی دابەشکارییە دووانەیی و دابەشکردنە جیاکارانە وەکوو میکانیزمە دەسەڵاتییەکان، لەگەڵ

تێپەڕینی زەمەن بەدەروونی دەبێ و کاریگەری لە سەر "وێناکردنیخۆ"ی دادەنێت. لە ڕاستیدا سووژەی مرۆیی بە پێکهاتەکانی زمان و بە ئایدۆلۆژیا بەرساز دەبێت. دیاردەکان لە سەر ئاستی تاکایەتی و لە سەر ئاستی کۆمەڵایەتیدا لە سۆنگەی کۆمەڵایەتییەوە بەرهەمی پێکهاتە هاوبەشەکانی زمانن. ئەوەی کە شێوازی ئاخافتنمان و شێوازی وێناکردنی خۆمان و جیهان و جۆری ڕوانگەمان بۆ هەموو ئەوانە، گوتارگەلێک دروست دەکەن کە ئێمە دنیای پێ بەئەزموون دەکەین، و تەنها دەستنیشانکردنی کاریگەرییەکانی گوتار لە سۆنگەی ئایدۆلۆژیا و دەسەڵاتەوە مومکینە (بر: ١٣٩٤ هەتاوی: ٣٨-٣٩).

شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان لە خۆیان و شێوازی ڕەنگدانەوەی ئەزموونەکەیان بۆ خۆیان و دیتران بەستەگی بە سروشتێکی زاتی و پێشوەختەی مرۆییەوە نییە، بەڵکوو پەیوەستە بە ڕێکخستنە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە تایبەتەکانەوە کە لە کاتێکی دیاریکراودا لە فەرهەنگەکەیاندا باو و باڵادەستن (هەمان سەرچاوە: ٦٠). بە دابەشکردنی مرۆڤەکان بە تاقمی شیاو و نەشیاو، شێت و ژیر، تەندروست و نەخۆش؛ بە ڕێکخستنی ڕەفتارە جۆراوجۆرەکان لە بوارەکانی کار و ماڵ و سیاسەتدا کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا مەیسەر بوو. بەم شێوە کەسی دەستدرێژیکراو وەک کەسێک دەستنیشان دەکرا کە سێکسوالیتەیەکی ناتەندروست یان نەشیاوی هەیە؛ لە پێکهێنانی خێزان بێبەش دەبێ و بەو وێنایەی کە لە خۆی هەیەتی و کارتێکراوی ئەم پرۆسەیە، ئەوە قبووڵ دەکات (هەمان سەرچاوە: ٦٧).

یەکێک لە چەمکەکان بۆ تێگەیشتن لە ئاراستەی هەڵسوکەوتگەرایی[1] هێمایی، چەمکی خودی ئاوێنەیی [٢٩]ی کولییە، کە پێی وایە هەستی هەر مرۆڤێک سەبارەت بە خۆی لە ڕێگەی هەڵسوکەوت لەگەڵ دیتران وەدەست دێت. هەر لەم زەمینەدا، مەک کینۆن بەڵگە دێنێتەوە ژنان پێگەی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ هەر دەستدرێژییەک کە بیستوویانە، یان تەنانەت هەندێک جار بە گشتی لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەدا هەڵدەسەنگێنن. هەروەها واڵتەر باس لەوە دەکا کە ژنانی ئەمڕۆ باش دەزانن کە نەک بە هۆی لێهاتوویی و تواناکانیانەوە، بەڵکوو بە هۆی ئەو لێکچوونەی کە لەگەڵ ئەستێرە سێکسییەکان (پۆرن ستار)دا هەیانە، قەزاوەت دەکرێن. بە بڕوای کولی سێ پاژە بۆ خودی ئاوێنەیی بوونی هەیە: یەکەم: ئێمە وا وێنا دەکەین کە چۆن دەبێ لە بەردەم کەسانی دیکەدا دەربکەوین،

1 - Interactionism

ئینجا قەزاوەتی دیتران لەمەڕ خۆمان شی دەکەینەوە و پاشان بە پێی قەزاوەتەکانی دیتران و ئەو لێکدانەوانەی کە لەو قەزاوەتانەمان هەیە هەستەکانمان بەرامبەر بە خۆمان فراوانتر دەکەین. لە ڕێگەی چڕبوونەوە لە هەڵسوکەوتەکانی ئاستی ورد، کۆمەڵێ پرسیاری گرنگ کە دەبێ بێنە ئاراوە بەم شێوەن: ئایا هەندێک کەس بە شێوەیەکی جیاواز لە دیتران لە ناو کۆمەڵگادا لە هەندێک دیاردەی تایبەت تێدەگەن؟ کەواتە دەتوانین بپرسین، ئایا ژن و پیاو تێگەیشتنێکی جیاوازیان بۆ توندوتیژیی سێکسی لە ناو کۆمەڵگادا هەیە؟

- خۆکۆنترۆڵکردنی کەم

لەم ڕووەوە دەتوانین ئاماژە بە تیۆریی خۆکۆنترۆڵی بکەین کە تیۆرییەکی گشتیی سەبارەت بە تاوانە. ئەم تیۆرییە لە ساڵی ١٩٩٠ لە لایەن گۆتفرێدسۆن و هیرشی پێشکەش کراوە کە لە سەر بنەمای تیۆرییەکانی کۆنترۆڵکردن دامەزراوە. ئەم تیۆرییە لە سەر بنەمای ئەم پێشگریمانە دامەزراوە کە ئارەزووی سێکسیی پیاوان کۆنترۆڵ ناکرێت. پیاوانێک هەن کە پێیان وایە ئارەزووی سێکسییان کۆنترۆڵ ناکرێ و لە ئاست کارەکانیان بەرپرسیار نین. لایەنگرانی ئەم تیۆرییە پێیان وایە کە کۆنترۆڵی ئارەزووی سێکسی پیاوان چەتوونە و ژنانیش لە ڕێگری یان لاوازکردنی ئەم خۆکۆنترۆڵکردنەی پیاوان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن، بەو پێیەی ژنان ئامادە نین سێکس بکەن، دەبێ ئارەزووە سێکسییەکانی سەرکوت بکەن. گۆتفرێدسۆن و هیرشی لەو باوەڕەدان کە ئەوانەی هەڵوەدای ئەنجامدانی کاری تاوانبارانەی وەکوو دەستدرێژین، ناتوانن تێرکردنی ئارەزووە سێکسییەکانیان پەک بخەن. جگە لەوەش ئەوان پێیان وایە ئەنجامدانی تاوانێک ئاسان و وروژێنەرە و بەم شێوەش بە کەمترین لێهاتوویی دەتوانن دەرد و ئازار دیتراندا دروست بکەن. هەر بۆیە ئەو کەسانەی کە ئاستی خۆ-کۆنترۆڵیی کەمیان هەیە، زیاتر ئیمپاسیڤ و مەترسیخواز و خۆتەوەرن و بە هۆی ئەو سوودانەی کە لە کاتی ئەنجامدانی تاواندا وێنای دەکەن زیاتر ئەگەری ئەنجامدانی تاوانیان هەیە [٤١] (گاتفردسون و هیرشی، ١٩٩٠). ئەو پیاوانەی کە ئاستی خۆکۆنترۆڵکردنیان کەمترە لەوانەیە پەیجووری سێکسی نارۆمانسی بن کەواتە ئەگەری دەستدرێژیکردنیان زیاترە (گاتفردسون و هیرشی، ١٩٩٠).

- بوونی ئەنگێزەی تاوانبارانە

ئەگەر لە ڕوانگەی ئیرادەگەرانەوە سەیری پرسی توندوتیژیی سێکسی بکەین، بێگومان بوونی بەکارێک کە مەبەست و ئەنگێزەی توندوتیژیی سێکسی هەبێ، مەرجی پێویستی ئەم زەمینەیە. بە واتایەکی تر، بوونی تاوانبارێکی ورووژاو، یەکەم مەرج (بوونی تاوانبارێکی پەنگراو) بۆ ئەنجامدانی تاوانە کە بارودۆخەکەی بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە تەواو ورووژاندبێت (کوهن و فلسون، ١٩٧٩).

- خۆشەیدایی

تیۆریی وەڵامدانەوەی خۆشەیدایی تەرخانی ئەم تایبەتمەندییە کراوە. ئەم تیۆرییە کە هێزی ڕوونکردنەوەی دەستدرێژی هەیە، پەیوەندی بە تیۆریی خۆ-کۆنترۆڵی نزمەوە هەیە. لەم تیۆرییەدا کەسانی خۆشەیدا وەک کەسانێک پێناسە دەکرێن کە هۆگریی کەمتریان بۆ هەستکردن بە تاوانباری و شەرمەزاری هەیە، هەڵسەنگاندنێکی ناڕاستەقینەیان سەبارەت بە خۆیان هەیە و ئەگەری زۆرە کە بە تاوانبارکردنی سەرچاوەکانی دیکە لەوانەش شێوازی هەڵسەنگاندن، وەڵامی هەڵسەنگاندنە نەشیاوەکان بدەنەوە. ئەم تیۆرییە ئیدعای ئەوە دەکا کە مەیلی تووڕەبوون و سەرکۆنەکردنی دیتران وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ هەڕەشە بەرزەخۆییەکان دەتوانێ لە زیادبوونی ئاستی دژوارییەکان و کێشەی نێوان کەسەکان کە کەسانی خۆشەیدا نیشانی دەدەن ڕۆڵی هەبێت. ئەم تیۆرییە ڕوونی دەکاتەوە کە خۆشەیداکان "حەزیان لە پەیوەندیی ئاسایی تێکەڵ بە سووکایەتی و هیچۆکەکردنی کەسانی دیکەیە" خۆشەیداکان تامەزرۆی ئەوەن کە کەسانی ترن ستایشیان بکەن و خۆشیان ئیرەیی بە سەرکەوتنی دیتران دەبەن، ئەوان لە کاریگەریدانان لە سەر دیتران بۆ ئەوەی دەیانهەوێ دڵڕفێن و لێهاتوون، بەڵام بەرامبەر بە کەسانی تر (دیتران) هەستیار نین و لە ئاست هەست و پێداویستییەکانی خەڵک زۆر خەمساردن. ئەوان لە پەیوەندییەکانیاندا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان ئامادەن هەر شتێک بکەن، لەوانەش دەستدرێژیی سێکسی. ئەوان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان ئامادەن هەر ئامرازێک بەکار بهێنن، کەسانی خۆشەیدا توانای خۆ-کۆنترۆڵییان کەمە و بۆ ڕازیکردنی دەستبەجێی خۆیان ئامادەن هەر شتێک بکەن وەکوو دەستدرێژیی سێکسی.

تیۆریی کاردانەوەی خۆشەیدااانە لە دەستدرێژیی سێکسی لە سەر ئەم مۆدێلە دامەزراوە: کاتێک پیاوێک کە دەیهەوێ سێکس لەگەڵ ژنێکدا بکا و ئەو ژنە ڕەتی بکاتەوە، دوو بژاردەی بۆ دەمێنێتەوە، یان مل بەم ڕەتکردنەوە بدا یان بۆ بەدەستهێنانی پەیوەندیی سێکس زەبر بەکار بهێنێت. ئەو کەسانەی کە خۆشەیدان و توانای خۆکۆنترۆڵکردنیان کەمە، ئەو ژنە زیاتر بە لایانەوە سەرنجڕاکێشترە کە وەک هاوبەشێکی پەنگراو دەستیان پێی ناگا، هەر بۆیە هەوڵ دەدەن سێکسی لەگەڵدا بکەن و لەوانەیە بەرامبەر بەو ژنە توندوتیژی بنوێنن چونکە ئەو ژنە کەسێک بووە کە ئازادییەکەیانی سنووردار کردووە. بە پێی ئەم تیۆرییە ئەو کەسانەی کە تایبەتمەندیی نارسیسیی سۆزداریی بەهێزیان بۆ حەقداربوون هەیە کە بە پێی ئەم تیۆرییە دەتوانێ چاوەڕوانیی زیدەتری بۆ هەبوونی پەیوەندیی سێکسیی بەرامبەر بە پیاوانی لێ بکەوێتەوە. پیاوێکی خۆشەیدا جیا لە هۆکارەکانی، ملنەدانی ژنێک بە پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ ئەو وەک سووکایەتی و بێڕێزی لە قەڵەم دەدات. هەروەها پیاوێکی خۆشەیدا زیاتر لە کەسانی دیکە ئەگەری ئەوەی هەیە کە ڕەتکردنەوەی پەیوەندیی سێکسی بۆ تایبەتمەندییە کەسییەکان نەک هۆکارە بارودۆخییەکان بگەڕێنێتەوە (باومایستر و دیتران [۴۳]، ۲۰۰۲: ۵-۴).

- بوونی پێشینەی دەستدرێژی لە ئەزموونی ژیاندا

هەندێ بەڵگە هەیە کە ئەزموونی دەستدرێژی یان توندوتیژی لە تافی منداڵی یان نەوجەوانیدا بە سەرچەشنەکانی تاوان لە هەڕەتی گەورەساڵیدا دەبەستێتەوە. توێژینەوەیەکی نیشتمانی لە سەر توندوتیژیی سێکسی دژی ژنان لە ئەمریکا دەریخستووە کە ئەو ژنانەی وا پێش تەمەنی ۱۸ ساڵان دەستدرێژییان کراوەتە سەر لە چاو ئەو کچانەی کە لە تافی منداڵی و مێرمنداڵیدا دەستدرێژی نەکراوەتە سەریان دوو هێندە زیاتر دەستدرێژی دەکرێتەوە (بە ڕیز لە سەدا ۱۸.۳ و لە سەدا ۷.۷). کاریگەرییەکانی کەڵکاوەژۆیی سێکسیی پێشوەختە لەوانەیە لە هەڕەتی گەورەساڵیدا ببێتە هۆی جۆرەکانی تری تاوان و کێشە. بۆ نموونە، توێژینەوەیەک لە ئوسترالیا پیشان دەدا کە پەیوەندییەکی مانادار لە نێوان منداڵئازاریی سێکسی لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسی، کێشەی تەندروستیی دەروونی و سێکسی، توندوتیژیی خێزانی و پرسەکانی دیکەی پەیوەست بە پەیوەندییە دۆستایەتییەکان - تەنانەت دوای ڕەچاوکردنی

تایبەتمەندییەکانی زەمینەی بنەماڵەیی – لە ئارادایە. ڕەنگە بتوانین بڵێین ئەو هۆکارانەی کە لە سەرەتای ژیاندا بوونەتە هۆی توندوتیژیی سێکسی، لە ساڵانی دواتری ژیاندا ئەم خولە دووبارە دەکەنەوە (جیوکس و هاوکاران؛ ٢٠٠٢: ١٥٩).

- فرەیی هاوبەشی سێکسی

ئەو ژنە جەوان و گەنجانەی کە هاوبەشی سێکسیی زیاتریان هەیە، مەترسیی کەوتنە بەر توندوتیژیی سێکسییان زیاترە. نازانرێ کە ئایا هەبوونی چەندین هاوبەشی سێکسی هۆکار یان هۆداری دەستدرێژیی سێکسییە، وەکوو دەستدرێژیی سێکسی لە سەردەمی منداڵیدا. بۆ نموونە ئەنجامەکانی توێژینەوەیەک دەریدەخا کە ئەو ژنانەی لە تەمەنی منداڵی یان مێرمنداڵیدا تووشی توندوتیژیی سێکسی بوون، لە چاو ئەو ژنانەی کە تووشی توندوتیژیی سێکسی نەبوون یان ڕێژەیەکی مامناوەندیان لەم توندوتیژییەیان بەئەزموون کردووە ئەگەری زۆرە کە لە تەمەنی گەورەساڵیدا ژمارەی هاوبەشی سێکسییان زیاتر بێت. (جوکس و هاوکارانی؛ ٢٠٠٢: ١٥٩).

- بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر

بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر، خەسارهەڵگربوون لە هەمبەر توندوتیژیی سێکسی زیاد دەکات. کاریگەریی بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان و کحول لە لایەن ژنانەوە دەبێتەوە هۆی ئەوەی کە ئاستی خۆپاراستنیان کەم ببێتەوە. هەروەها ڕەنگە خواردنەوەی کحول ژنان بخاتە دۆخێکەوە کە ئەگەری تووشبوونیان بە کەسانی دەستدرێژیکار زۆر بێت. بۆ نموونە، لەوانەیە ئەم مادانە لەو شوێنانەدا بە کار بهێنن کە دەستدرێژیکاران لەوێن یان لەوانەیە لەگەڵ دەستدرێژیکاران لە هەندێک شوێندا ئەم مادانە بکێشن (جیوکس و دیتران؛ ٢٠٠٢: ١٥٩).

- لێکەوتەدۆزیی توندوتیژیی سێکسی

توندوتیژیی سێکسی ڕەهەند و لێکەوتەی جیاوازی هەیە کە ڕەنگە هەتا کۆتایی تەمەنی دەستبەرداری قوربانییەکە نەبێت. دروستبوونی کێشەی دەروونی، مەرگ، خۆکوشتن، هاوسەرگیریی زۆرەملێ، تاراندن، دووگیانی و نەخۆشی تەنها هەندێک لەو لێکەوتە و

کارییگەریانەن کە ئەم دیاردە لە سەر قوربانییەکەی بە جێی دەهێڵێت. ئەم کاریگەرییانە لە بەرهەمی بەشێک لە پسپۆڕانی ئەم بوارەدا سەرنجیان پێدراوە، کە لە درێژەدا بە چڕوپڕی باسی دەکەین.

- دروستبوونی کێشە دەروونییەکان

جێف و هاوکارانی تیۆری یان گریمانەی تێکچوونی خێزانیان پێشنیار کرد. لەم تیۆرییەدا ڕووداو و ئەزموونە نەرێنی و گرنگەکانی خێزان وەکوو توندوتیژی بەرامبەر بە ئەندامانی دیکەی خێزان لەوانەش ژن و منداڵیان تاوتوێ کردووە. بە پێی ئەم تیۆرییە، ئیدراک و تێڕوانینی منداڵ سەبارەت بە خۆی لە درێژەی ئەزموونە سەرەتاییەکانیدا بەتایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیدا دروست دەبێت. ئەگەر منداڵێک توندوتیژی لە ناو ئەندامانی دیکەی خێزانەکەیدا بەئەزموون کرد یان ڕاستەوخۆ تووشی توندوتیژی بوو، ئەوا کارکردە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی تێک دەچێ و دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کەسە لە قۆناغەکانی دواتری ژیانیدا تووشی بەدگونجان یان نەگونجان ببێت (علیوردی‌نیا و هاوکاران، ١٣٩٠ هەتاوی). جێف و هاوکاران لە تیۆری یان گریمانەی تێکچوونی خێزاندا کێشەکانی خۆگونجاندنی منداڵان لە بەرامبەر توندوتیژیدا تاوتوێ دەکەن. ئەم تیۆرییە لە سەر بنەمای هەوڵی (منداڵ) بۆ خۆڕاگری و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ دۆخ و ڕووداوە مەترسیدارەکانە کە دەبنە هۆی گۆڕانکارییەکی بەرفراوان لە ژیانیدا. منداڵان دەبێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و لێکەوتەکانی ڕێگەیەک بدۆزنەوە و دژایەتی هەموو جۆرەکانی شەڕانگێزی، توندوتیژی یان ئازاردانەکان و ئاریشە زۆرەکانی ناو ئەندامانی خێزان بکەن. بە پێی ئەم تیۆرییە ئەزموونی توندوتیژی لە لایەن منداڵانەوە بە دوو شێوە کاریگەرییان لە سەر دادەنێت: یەکەم، منداڵ بەتایبەت منداڵانی بچووک، بە هۆی مامەڵە و ڕفتاری نەشیاو و توندا‌ژۆیانەی دایک و باوکیان، ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لە سەر دەبێت. شەڕانگێزی و توندوتیژی لە نێوان دایک و باوک هەمیشە هەڕەشە لە هەستی ئاسایشی منداڵ دەکات (علیوردی‌نیا و هاوکاران، ١٣٩٠ هەتاوی). هەروەها گیدنز ئاماژەی بە گرنگیی ئەزموونەکانی تافی منداڵی لە بیچمگرتنی متمانەی بونیادی و ئاسایشی وجودیدا دەکرد. بە وتەی ئەو، ئەم متمانە ڕەگ و ڕیشەی لە ئەزموونەکانی منداڵیدایە و تا ڕادەیەکی زۆر لە چاودێرییەکی باشی دایک و باوکەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەو ڕوونی دەکاتەوە کە

متمانەی بونیادی لە منداڵ دەبێتە هۆی "ئاسایشی وجودی [١٩]". ئەگەر ئەم متمانە بە هۆی ئەزموونی توندوتیژییەوە دروست نەبێ، ئەوا ئاسایشی وجودیی منداڵ دەخاتە مەترسییەوە. لەم دۆخەدا منداڵ وا هەست دەکا کە جیهان شوێنێکی نائارام و مەترسیدارە (گیدنز، ١٣٨٧ هەتاوی). لێکەوتەکانی دیکەی بەئەزموونکردن یان بینینی توندوتیژی، ڕەفتاری توندا‌ژۆیانەی منداڵ و توندوتیژییەکانی دواتریەتی. دووەم: ئەم تیۆرییە جەخت لە سەر کاریگەرییە نارِاستەوخۆکانی پەروەردەکردنی نالەبار و بەڕێوەبردنی ناکارامە و ناکۆکیی نێوان ژن و مێرد و ئەندامانی خێزان و کاریگەرییەکانیان لە سەر منداڵان دەکاتەوە. لە وەها هەلومەرجێکدا منداڵان دۆخە مەترسیدارەکان بە کەمتر لە ئاستی ڕاستەقینە هەڵدەسەنگێنن، کە ئەمەش دەتوانێ بیانخاتە مەترسییەوە (حقی و هاوکاران، ١٣٩٦ هەتاوی).

- مەرگ

هەمیشە لە دەستدرێژیدا هێزی جەستەیی بەکار ناهێنرێ و لێدان هەمیشە یەکێک لە لێکەوتەکان نییە. مەرگی بە هۆی دەستدرێژیەوە تۆمار کراوە، هەرچەندە شێوازی کوشتنەکانی پەیوەست بە دەستدرێژی لە سەرانسەری جیهاندا زۆر جیاوازە.

- خۆکوژی

ئەو ژنانەی لە تافی منداڵی یان لە هەرِەتی گەورەساڵیدا دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەریان، ئەگەری خۆکوشتنیان لە ژنانی دیکە زیاترە. ئەم پەیوەندییە تەنانەت دوای کۆنترۆڵکردنی ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندەواری، نیشانەکانی تێکچوونی فشاری دەروونی دوای کارەسات و بوونی تێکچوونی دەروونپزیکیش هەر ماوەتەوە. بەئەزموونکردنی دەستدرێژیی سێکسی یان هاشاوڵبردن لە سەرەتای نەوجەوانیدا دەتوانێ ڕەفتاری خۆکوژی لێ بکەوێتەوە. لە ئەسیوپیا ٦ لە سەدی ئەو خوێندکارانەی کە دەستدرێژییان کراوەتە سەر باسیان لەوە کردووە کە هەوڵی خۆکوشتنیان داوە. هەروەها ئەم ئەنجامانە لە توێژینەوەیەکی تردا لە ناو مێرمنداڵانی بەرِازیلیدا باس کراوە، بە جۆرێک کە بیرکردنەوە لە خۆکوشتن و هەوڵدان بۆ خۆکوشتن لە ناویاندا زۆر بووە.

- هاوسەرگیریی ناچاری

باس لەوە کراوە کە لە زۆرێک لە زەمینە فەرهەنگییەکاندا پیاوان توانای کۆنترۆڵکردنی ئارەزووە سێکسییەکانیان نییە و ژنان بە بەرپرسیاری ورووژاندنی ئارەزووی سێکسیی پیاوان لە قەڵەم دەدرێن. چۆنیەتیی کاردانەوەی بنەماڵە و کۆمەڵگاکان بەرامبەر بە ڕووداوی دەستدرێژیی سێکسی لەم جۆرە بارودۆخانەدا بە ئایدیای باوی پەیوەست بە ڕەگەزێتی و پێگەی ژنان ڕوون دەکرێتەوە. لە هەندێک کۆمەڵگادا "ڕێگە چارە"ی فەرهەنگی سەبارەت بە ئەتک کردنی ناموس ئەوەیە کە قوربانییەکە دەبێ هاوسەرگیری لەگەڵ دەستدرێژیکارەکە بکا، هەر بۆیە بە شەرعیەتدان بەم پەیوەندییە، ئابڕووی ژن و خێزانەکەی دەپارێزرێت. وەها چارەسەرێک لە یاساکانی هەندێک وڵاتیشدا هەیە، بە جۆرێک کە پیاوێک کە تاوانی دەستدرێژی لێ وەشاوەتەوە ڕێگەی پێدەدرێ کە ئەگەر لەگەڵ ئەو ژنەی کە دەستدرێژی کردۆتە سەری هاوسەرگیری بکا، ئەوە تاوانەکەی دەبەخشرێت. جگە لە هاوسەرگیری، خانەوادەکان لەوانەیە فشار بخەنە سەر ژنەکە بۆ پەیجووری ڕاپۆرتدان نەبێ یان دۆسیەیەک لەم بارەوە ساز نەکا یان سەرنجی لە سەر وەرگرتنی قەرەبووی دارایی لە خێزانی دەستدرێژیکارەکە چڕ بکاتەوە (جیوکس و هاوکاران، ٢٠٠٢).

- تاراندن

لە هەندێک وڵاتی دیکەدا، ڕەنگە خانەوادە و کەسوکارە نزیکەکان بۆ گەڕاندنەوەی ئابڕووی لەدەستچوویان قوربانییەکە لە ماڵ و کۆمەڵگاکەی دەر بکەن و لە حاڵەتە توندترەکاندا بیکوژن (جیوکس و هاوکاران، ٢٠٠٢).

لە سیستەمی تۆتالیتاریدا، وەک کەسانی یاغی و خیانەتکار لە قوربانیانی دەستدرێژی دەڕوانن (آرنت، ١٣٩۴: هەتاوی ٣٠٠)، لەم ڕژیمانەدا هەم بێتاوان و هەم تاوانبار بە قەد یەک نالەبارن. گۆڕانکاری لە چەمکەکانی تاوان و تاوانکاردا شێوازە نوێ و ترسناکەکانی پۆلیسی نهێنیی تۆتالیتاری دیاری دەکات. تاوانباران تەنها سزا دەدرێن، بەڵام کەسانی نەشیاو لە لاپەڕەی گێتی دەسڕدرێنەوە. لەم نێوەندەدا تاکە نیشانەیەک کە لەوان دەمێنێتەوە، یادەوەرییان لای ئەو کەسانەیە کە دەیانناسی و خۆشیان دەویستن. بێناونیشانیی قوربانیانی پۆلیسی نهێنیی تۆتالیتاری، کە ناکرێ بە دوژمنی ڕژێم ناویان

ببەن، مانایەکی زیاتر لە هەر جۆرە نهێنیپارێزی و بێدەنگییەک دەگەیێنێ و تەنانەت ئەو ژیانە دووانەیەی کە دیسیپلینی کۆمەڵگا پیلانگێڕەکان بە سەر تاکەکانیاندا دەیسەپێنێ، لە ئاست وەها بێناونیشانییەک سەرسام دەمێنێت (هەمان سەرچاوە، ٢٨٨).

- دووگیانی

یەکێک لە لێکەوتەکانی دەستدرێژیی سێکسی دووگیانییە، ڕادەی ئەو دەستدرێژییە وابەستە بە زەمینە جیاوازەکان و بەتایبەت بەکارهێنانی شێوازەکانی ڕێگری لە دووگیانییە کە لە هەندێک زەمینەدا بەکارهێنانیان قەدەغەیە. توێژینەوەیەک لە ئەسیوپیا دەریخستووە کە لە سەدا ١٧ی مێرمنداڵان دوای دەستدرێژیکردنە سەریان دووگیان بوون، ئەمە هەر ئەو ژمارەیە کە لە لایەن ناوەندی قەیرانی دەستدرێژیی سێکسی لە وڵاتی مەکسیک ئاشکرا بووە. توێژینەوەیەکی درێژخایەن لە ویلاتەیە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کە بۆ ماوەی سێ ساڵ لە سەر ٤ هەزار ژن ئەنجام درا، دەریخست کە ڕێژەی دووگیانی بە هۆی دەستدرێژی لە ناوان قوربانیانی تەمەن ١٢ بۆ ٤٥ ساڵیدا ٥ لە سەد بووە، کە ئەمە لەم وڵاتەدا لە ماوەی ساڵێکدا نزیکەی ٣٢ هەزارە. لە زۆرێک لە وڵاتاندا ئەو ژنانەی دەستدرێژییان کراوەتە سەر، ناچار دەبن منداڵەکە بخەنەوە و یان بە لەباربردنی نەشیاو ژیانی خۆیان بخەنە مەترسییەوە. ئەزموونی پەیوەندیی سێکسیی زۆرەملێ لە تەمەنی بچووکدا وا لە ژنان دەکا کە وا بزانن توانای کۆنترۆڵکردنیان نییە. کەواتە ئەگەری دووگیانیبوونی ئەو کچە مێرمنداڵانەی کە ناچار بە سێکسی بە بێ بەکارهێنانی کۆندۆم یان کەرەستەی دیکەی بەرگیریی لە دووگیانی دەبن؛ زۆر دەبێت. هەروەها سێکسی زۆرەملێ لە ناو ژنانی گەورەساڵدا دەتوانێ دووگیانیی نەخوازراوی لێ بکەوێتەوە. توێژینەوەیەک لە هیندستان دەریخستووە کە ئەو پیاوانەی دانیان پێدا ناوە کە لەگەڵ هاوسەرەکانیان سێکسی ناچارییان ئەنجام داوە، بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی کە سێکسی زۆرەملێیان ئەنجام نەداوە ئەگەری دووگیانیی نەخوازراویان ٢,٦ قات زیاترە.

- تووشبوون بە نەخۆشی

گواستنەوەی ئێچئایڤی و نەخۆشییە سێکسییە گواستراوەکانی دیکە بە لێکەوتەکانی دەستدرێژیی سێکسی ناسراون. لێکۆڵینەوەکان لە سەر ژنان لە شەڵتەرەکان/داڵدەکان

دەریانخستووە ئەو ژنانەی کە لە لایەن هاوبەشە سێکسییەکانیانەوە دەستدرێژییان کراوەتە سەر، ئەگەری تووشبوونیان بە نەخۆشییە نزیکییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیاترە. مەترسیی تووشبوون بە ئێچئای‌ڤی و نەخۆشییە نزیکییەکانی دیکە لە ناو ئەو ژنانەی کە بازرگانییان پێوە کراوە بۆ ئەوەی مل بە لەشفرۆشی بدەن؛ زۆرە. هەروەها دەرکەوتووە کە "ئاڵۆزبوونی نەخۆشییەکانی ژنان" [٥٢] پەیوەندی بە سێکسی زۆرەملێیەوە هەیە. ئەم نەخۆشیانە بریتین لە خوێنبەربوون یان هەوکردنی زێ (واژەن)، فیبرۆم، کەمبوونەوەی ئارەزووی سێکسی، کەمبوونەوەی ورووژانی کۆئەندامی زاوزێ، ئێش و ئازار لە کاتی جووتبوون، ئازاری درێژخایەنی لەگەن و هەوکردنی بۆریی میز. ئەو ژنانەی کە دەرد و ئێشی دەستدرێژیی سێکسی و جەستەییان بەئەزموون کردووە، لە چاو ئەو ژنانەی کە تەنیا ئازاری جەستەیی دراون ئەگەری تووشبوونیان بە مەترسییەکانی پەیوەست بە تەندروستی زیاترە.

ستراتیژەکانی توندوتیژیی سێکسی

کەسی دیترئازار بەوەی کە بەنیازە کەسێکی دیکە بکا بە بەشێک یان گردیلەیەک لە بوونی خۆی، لەبەر ئەوەیە کە خۆی لە تەنیایی یان هەستکردن بە دیلێتی ڕزگار بێت. ئەو بە دەورەدانی کەسێکی تر، خۆی بە باڵاتر دەزانێ و هەست بە شانازی دەکات. دیترئازار و ئازارخواز بە قەت یەک وابەستەی یەکترن و هیچ کامیان ناتوانن بە بێ یەکتر بژین. تەنها جیاوازیی نێوان ئەو دووانە ئەوەیە کە یەکیان دەچەوسێنێتەوە، زیان دەگەیێنێ و سووکایەتی دەکات. کەسی ئازارخواز ملکەجە و دەچەوسێنرێتەوە و زیانی پێ دەگا و سووکایەتی پێ دەکرێت. ئەم دووانە ئەوەندەی لە یەک دەچن، لێک جیاواز نین: پەیوەندی بە بێ یەکپارچەبوون. ئەگەر لەم بابەتە تێبگەین، چیتر بە بینینی کەسانێک کە بە شێوەی ئازاردەرانە و ئازارخوازانە بەرامبەر بە کەس و شتە جیاوازەکان کاردانەوەیان دەبێ سەرمان سوڕ نامێنێت (فروم، ١٣٩٤ هەتاوی: ٤٨). گۆڕانکاری لە چەمکەکانی تاوان و تاوانکاریدا شێوازە نوێ و ترسناکەکانی پۆلیسی نهێنیی تۆتالیتاری دیاری دەکات. تاوانباران تەنها سزا دەدرێن، بەڵام ەکسانی نەشیاو لە سەر لاپەڕەی گێتی دەسڕدرێنەوە. لەم نێوەندەدا تاکە نیشانەیەک کە لەوان دەمێنێتەوە، یادەوەرییان لای ئەو کەسانەیە کە دەیانناسی و خۆشیان دەویستن. بێ‌ناونیشانیی قوربانیانی پۆلیسی نهێنیی تۆتالیتاری،

که ناکرێ به دوژمنی ڕژێم ناویان ببەین، مانایەکی زیاتر لە هەر جۆرە نهێنیپارێزی و بێدەنگییەک دەگەیێنێ و تەنانەت ئەو ژیانە دووانەیەی کە دیسیپلینی کۆمەڵگا پیلانگێڕەکان بە سەر تاکەکانیاندا دەیسەپێنێ، لە ئاست وەها بێناونیشانییەک سەرسام دەمێنێت.

ئەنجامەکە لە هەر یەکێک لەم حاڵەتانەدا مرۆڤە بێ ڕۆحەکانە، واتە ئەو مرۆڤانەی کە لە ڕووی دەروونییەوە شیاوی تێگەیشتن نین و گەڕانەوەیان بۆ جیهانی مرۆیی دەروونناسی یان عەقڵانی زۆر لە زیندووبوونەوەی لازارۆس دەچێت. هەموو حوکمە دەرونناسی و کۆمەڵناسییەکان تەنها ئەو کەسانی دنە دەدەن کە پێیان وایە هەمیشە بیرکردنەوە لە وەحشەتەکان لە بێبایەخیی کەسەکەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەگەر ئەمە ڕاست بێ کە ئۆردوگای جەماوەری گرنگترین دامەزراوەی دەسەڵاتی تۆتالیتارییە، ئەوا "بەردەوام بیرکردنەوە لە وەحشەتەکان" بۆ تێگەیشتن لە تۆتالیتاریزم حەتمییە. کوشتن تەنها خراپەیەکی سنووردارە. بکوژێک کە مرۆڤێک دەکوژێ کە دەبێ لە کۆتاییدا بمرێ، هێشتا لە ناو قەڵەمڕەوی مەرگ و ژیاندا کە هەمووان لەگەڵی ئاشنان، هەنگاو دەنێت. هەر دوو بکوژ و کوژراو جۆرێک پەیوەندیی پێویستیان پێکەوە هەیە کە لە سەر بنەمای دیالێکتیک دامەزراوە، تەنانەت ئەگەر هەر دووکیان ئاگاداری ئەو پەیوەندییە نەبن. بکوژەکە تەرمی قوربانییەکە لە پاش خۆی بەجێ دەهێڵێ و وا خۆی نیشان دەدا کە قوربانییەکەی هەرگیز بوونی نەبووە، تەنانەت ئەگەر ئاسەواری تاوانەکەش بسڕێتەوە، ئەو ئاسەوارانە پەیوەندییان بە ناسنامەی خۆیەوە هەیە، نەک یادەوەری و خەم و پەژارەی ئەو کەسانەی کە قوربانییەکەیان خۆش دەویست. ئەو ژیانی کەسێک لە ناو دەبا، بەڵام هەرگیز ناتوانێ واقیعە وجوودییەکەی خۆی لە ناو ببات. کردنی مرۆڤ بە کۆمەڵێک لە کاردانەوەکان، وەکوو نەخۆشییەکی دەروونی، ئەو لە هەموو شتێک کە کەسایەتی یان پڕەنسیپی ئەوە، بە قووڵی جیا دەکاتەوە. ئەمانە تەنانەت ئەگەر لە ژیاندا زیندووش بمێننەوە، زیاتر لە مردووەکان لە دنیای زیندووەکان دادەبڕن، چونکە ترس بوونیان لە ناو دەبات. ئەم ترسە هەرگیز وێنا ناکرێ، چونکە لەو دیوی ژیان و مەرگە. هەروەها ئەم ترس و دڵەڕاوکێیە بە شێوەیەکی دروست گوزارشت ناکرێ، چونکە تەنانەت ئەو بەجێماوانەش کە دەگەڕێنەوە بۆ جیهانی زیندووەکان، ناتوانن باوەڕ بەو ئەزموونانە بکەن کە بەسەریان هاتووە. تۆتالیتاریزم بە دروستکردنی هەلومەرجێک کە تێیدا ویژدان ئەرکی خۆی لەدەست دەدا و

چاکەکردن مومکین دەبێ، توانی هاوقۆڵیی هۆشیارانە و ڕێکخراوەی هەموو مرۆڤەکان لە تاوانەکانی تۆتالیتاردا تەنانەت لە ناو قوربانییەکانیشدا پەرە پێ بدا و لایەنێکی تەواو بەم پیلانگێڕییە ببەخشێت. هاوپەیمانییەکی سیستماتیکی لە نێوان ئەوانەی دەسەڵات بەکار دەهێنن (دەستدرێژیکارانی سێکسی) و ئەوانەی کە دەسەڵاتیان بە سەردا دەسەپێنرێ (دەستدرێژیکراوی سێکسی) ئەویش لە ڕێگەی نکۆڵیکردن لە دەستدرێژی. خاڵی سەرەکی تەنیا ئەوە نییە کە بەم شێوە ڕق و کینە بەرامبەر بە تاوانباری سەرەکی نامێنێ، بەڵکوو خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە لەم دۆخەدا هێڵی نێوان تاوانبار و قوربانییەکە چیتر دەستنیشان ناکرێت (آرنت، ٢٩٠-٣٠٠).

ئازاردەران (دەستدرێژیکاران) و ئازاردراوان (دەستدرێژیکراوان) بۆ ئەنجامدان و ڕووبەڕووبوونەوە و خۆڕاگری لە هەمبەر توندوتیژیی سێکسی ڕێگا و شێوازی هەمەجۆر بەکار دەهێنن، کە لە هەندێ بەرهەمی تیۆریی چاپکراودا دەتوانین دەستنیشانیان بکەین. بەئاسایی‌زانینی ڕووداوەکە و بەڕێوەبردنی شورەیی و نەنگ لە ستراتیژەکانی ڕووبەڕووبوونەوەن کە ئازاردراوەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ڕووداوە دەیگرنەبەر و دۆستایەتی و فریودان ستراتیژێکن کە دەستدرێژیکاران بۆ ئەنجامدانی توندوتیژیی سێکسیدا بەکاری دەهێنن.

- بەئاسایی زانین

لە سەر بنەمای ئەم ئاراستە کە ئاراستەیەکی دەروونناسانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی سێکسییە؛ توندوتیژیی سێکسی بەشێک لە ئاراستەی ڕۆژانەیە و زۆر جار ژنان بەئەزموونی دەکەن. "کێلی" لەم زەمینەدا بەڵگە دێنێتەوە کە توندوتیژیی سێکسی بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی ژنانە، بۆ نموونە ژمارەیەکی زۆر لە ژنان ڕۆژانە لە شوێنە گشتییەکانی وەکوو شەقامەکان تا ڕادەیەک توندوتیژی لە لایەن پیاوانەوە بەئەزموون دەکەن. بۆ نموونە چاولێکردن [٢٠] تاوانێکی نائاساییە چونکە زۆر جار ڕەفتارێکی ئامانجدار و دووبارەیە کە کەسێکی تایبەت چاوی لێ دەکرێت. هەروەها کێلی ڕەخنە لە ئاراستەی دەروونناسی دەگرێ چونکە توندوتیژی لە ڕوانگەی خەسارناسییەوە لێک دەداتەوە و پێشنیاری ئەوە دەکا کە ڕەفتاری توندازۆیانە بووەتە بەشێک لە ژیانی ئاسایی ژنان کە پێی ڕاهاتوون و یەکێک لەو هۆکارانەیە کە ژنان ئەو ڕەفتارانە قبوڵ دەکەن. لەو لێکۆڵینەوانەی کە لەم

بارەوە ئەنجام دراون دەرکەوتووە کە تاوانباران بە شێوەیەک تاوانەکە ئەنجام دەدەن کە ڕەنگدانەوەی ڕەفتارەکانیان لە ژیانی ڕۆژانەیاندایە. بۆ نموونە ڕەنگە بەکارهێنەرانی مادە هۆشبەرەکان هەمیشە بچنە یانەیەک کە کۆمەڵێکی زۆری ژنان تێیدا مادەی هۆشبەر بەکار دەهێنن و کحۆل بخۆنەوە. لەوانەیە تاوانباران ئەم دەرفەتەی ژیانیان بۆ دۆزینەوەی قوربانییەکان بقۆزنەوە و تەنانەت ڕەنگە تا ئەو ئاستە بڕۆن کە کحۆل بۆ ژنان بکڕن بۆ ئەوەی بێهێزیان بکەن و لە دەرفەتی گونجاودا دەستدرێژی بکەنە سەریان.

- بەڕێوەبردنی ناوناتۆرە

یەکێک لە چەمکەکانی گافمەن بۆ شیکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە دەتوانێ ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسی ڕوون بکاتەوە، ناوناتۆرەی کۆمەڵایەتییە. ئەو پرسیارەی لێرەدا دێتە بەرچاو ئەوەیە: ئەو کەسانەی کە ناوناتۆرەی دەستدرێژیی سێکسییان لە سەرە یان لە دەرەوەی داب و نەریت و یاساکانی کۆمەڵگادا پەیوەندیی سێکسییان بووە چۆن خۆیان لە ژیانی ڕۆژانە و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکاندا نیشان دەدەن و کاردانەوەی دیتران بەرامبەر بەوان چۆنە؟ لەم بەشەدا ئەم چەمکە تاوتوێ دەکرێت. بە بڕوای گافمەن شوناس شتێک نییە کە لە ناو دەروونی ئێمە و بەشێک لە زات و سرووشتمان بێ، بەڵکوو ئێمە شوناس لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەماندا دروستی دەکەین. بۆ نموونە ئێمە بە شێوازی جلوبەرگ و شێوازی ئاخافتن و قسەکردن و ڕەفتارەکانمان لە کاردانەوەی خەڵکدا دروستی دەکەین و ئەم دروستکردنە دەتوانێ لە پەیوەندیی لەگەڵ کەسانی جیاوازدا فەرقی هەبێت. بە بڕوای گافمەن، تاکەکان لە کاتی کارلێکدا، هەوڵ دەدەن لایەنێک لە خۆیان نیشان بدەن کە دڵخواز و بە دڵی دیتران بێ و هەمیشە هیوادارن کە لەم بابەتە گرنگەدا سەرکەوتوو بن، و خۆدەرخستنەکەیان بینەران ناچار بکا کە بە دڵی خۆیان مامەڵە بکەن و گافمەن ئەم بابەتە بە بەڕێوەبەرایەتیی کاریگەری یان بەڕێوەبەریی کارا لێک دەداتەوە. بە گوێرەی گافمەن، بەڕێوەبردنی کارا هەندێ ستراتیژ لە خۆ دەگرێ کە چالاکوانان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان میکانیزمگەلێک کە ڕەنگە پرۆسەی جێبەجێکردنی دەور و ڕۆڵەکان تێک بدەن؛ بەکاری ناهێنن؛ بەڵکوو بەڕێوەبردنی کاریگەر زیاتر بەم ڕووەدا دەشکێتەوە کە چالاکوان لە زنجیرە کارلێکی چاوەڕواننەکراو وەکوو دەستێوەردانی نابەجێ و هەڵەی گەورە بپارێزێت. گافمەن بە چەمکی ناوناتۆرە پرسی ئەو

کەسانە تاوتوێ دەکا کە لە ناو کۆمەڵگادا تانە و توانجیان لێ دەدرێ و کۆمەڵگا بە چاوی ئەویتری و پەراوێزخراو لێیان دەڕوانێت. ناوناتۆرەی کۆمەڵایەتی شتێکە کە جیاوازیی نێوان شوناسی کۆمەڵایەتیی پەنگراو (هێزەکی) و کردەکیی تاک بەدی دێنێت. ناوناتۆرە ئاماژە بۆ تایبەتمەندییە ڕیسواکەرەکانە و ڕەگ و ڕیشەی لە کارلێک و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندایە و بەر لەوەی بە هۆی چۆنایەتیی سروشتیی خوو یان ڕەفتارێکەوە بێ؛ سەرچاوەی لەو پێناسانەوە دێ کە کۆمەڵگا بەرسازی کردوون. بە واتایەکی تر ناوناتۆرە بریتییە لە زنجیرەیەک پێش‌گریمانە و بیر و خەیاڵی کۆنەپەرستانە سەبارەت بە کۆمەڵێک کەس و تایبەتمەندییە دیارەکانیانە (گافمن، ١٣٨٦ هەتاوی: ٣٣). بە وتەی ناوبراو هەر چالاکوانێک کەلێنێک بکەوێتە نێوان دوو شوناسەکەی؛ ئەمە ناوناتۆرەی لێ دەدرێت. ئەو کەلێن یان ناتەباییەی کە دروست کراوە، کاتێک ئاشکرا یان ساز دەکرێ، شوناسە کۆمەڵایەتییەکەی دەڕووخێنێ؛ تەنانەت دەتوانێ ئەوەندە لە کۆمەڵگا و خۆی جیای بکاتەوە کە کەسێکی ڕیسواکراو دەخاتە بەردەم دنیایەکی وەرنەگر. لە ڕاستیدا ناوناتۆرە ئاماژە بۆ تایبەتمەندی یان سیفەتێک دەکا کە لە ڕادەبەدەر ناوزڕێنەر و یان شوورەییە و پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە هێزی ناوناتۆرە "نازناوێکە کە ڕەگ و ڕیشەی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندایە نەک لە زات و جەوهەری خۆیدا". بە واتایەکی تر، ناوناتۆرە لە سەر کارلێکی دوولایەنەی شانۆیی نێوان چالاکوانانی ناوناتۆرە لە سەر و کەسانی ئاسایی چڕ بۆتەوە و لێکەوتەکانی ناوناتۆرە بۆ ئەوانەی ئەم ناوناتۆرانە لە کەسەکە دەدەن، چاکن. ئەو سیفەتەی کە دەبێتە هۆی ناوناتۆرەلێنان، دەتوانێ هاوکاری ئاسایی‌دەرکەوتنی کەسێکی دیکە بکا کەواتە ئەگەر خۆی لە خۆیدا نە خۆشناوکەر و نە ڕیسواکەرە. هەروەها گافمەن لە نێوان دوو جۆر ناوناتۆرەدا جیاوازی دادەنێت. جۆری یەکەمی ناوناتۆرەی ئاشکرایە، وەکوو کەسێک کە دەموچاوی تووشی نەخۆشییەکی پێستی هاتووە یان شوناسێکی شوورەیی دیاری هەیە، وەکوو کەسێک کە تووشی ئایدز بووە و کەسانی دیکە دەیزانن، یان کەسێک کە دەستدرێژی کراوەتە سەر و هەمووان لێی ئاگادارن. جۆری دووەمی ناوناتۆرە شاراوەیە و کەسانی تر دەربارەی تایبەتمەندیی تاکەکەسی یان شوناسەکەی نازانن وەکوو کەسێک کە دەستدرێژی کراوەتە سەر و ئەوانی تر پێی نازانن (گافمن، ١٣٨٦ هەتاوی: ٤-٣٣). هەڵبەت لە نێوان ئەو شوناسە کە ئەم دوو کەسە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا لە خۆیانی نیشانی دەدەن، بەڕێوەبردنیان خۆیان و ئەو کاردانەوەی کە دیتران بەرامبەر بەوان هەیانە، جیاوازییەکی بەرچاو بەدی دەکرێت. دەکرێ بڵێین ڕەنگە ئەو کەسەی کە ڕووداوی

دەستدرێژییەکەی ئاشکرا نەبووە هەوڵی ئەوە بدا کە دیتران بەم بابەتە نەزانن و ئەوانەی ڕووداوی دەستدرێژییەکەیان ئاشکرا بووە هەوڵ دەدەن لە پەیوەندی گەڵ کەسانی دیکەدا شوناسی خۆیان بەڕێوە ببەن و بەرەنگاری دۆخە سەرکوتکراوەکەیان ببنەوە و هەوڵ بدەن شوناسێکی دیکە لە خۆیان پیشان بدەن. لە ڕاستیدا دەتوانین تیۆریی گافمەن بۆ شیکردنەوەی ئاشکرانەبوونی زینا لەگەڵ مەحارم بقۆزینەوە. بەو پێیەی کە لە ئێراندا زینا لەگەڵ مەحارم بە بڤە و تابۆ دادەنرێ و دژی بەها و بیر و باوەڕەکانی کۆمەڵگایە، قوربانیان و ئەنجامدەرانی زیناکردن لەگەڵ مەحارم هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ ئەوەی ئەم بابەتە بشاردرێتەوە چونکە لەو ناوەنیتکەی کە کۆمەڵگا دوای لەقاودرانی لێیان دەدا، دەترسن. کاتێک کەسێک لە کۆمەڵگادا ناوناتۆرەی زینا لەگەڵ مەحارمی لێ دەدرێ، چیتر ژیان لە ناو ئەو کۆمەڵگایە بۆ ئەو کەسە ئەستەمە و بەردەوام سەرکۆنە دەکرێ کەواتە گەڕانەوە بۆ ناو ژیانی ئاسایی کە ئەو کەسە بەردەوام لە ژێر سەرکۆنەدا بێ چەتوونە و لە هەندێک حاڵەتدا ناومکین دەبێت.

- دۆستایەتی و فریو

دۆستایەتی و فریودان ستراتیژی دەستدرێژیکاران بۆ ئەنجامدانی توندوتیژیی سێکسییە. بە پێی ئەم ستراتیژە، هۆگری بۆ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی یان دۆستایەتی کاردانەوەی سروشتیی مرۆڤە و دژواریی لە گەیشتن پێی دەبێتە هۆی فامکردنی نەشیاوی هێما کۆمەڵایەتی-سێکسییەکان و لەوانەیە دەستدرێژیشی لێ بکەوێتەوە. دەستدرێژیکارە دۆست و نزیک و بەڵام درۆزنەکان، بۆ ئەوەی پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ قوربانییەکەدا ساز بکەن هەڵیاندەفریوێنن و ئەمەش بریتییە لە ڕەفتارگەلی وەکوو پەیوەندیی زارەکی و پرسیارکردن لە شێوازی ژیانی و داواکردن لە قوربانییەکە بۆ ئەوەی سێکسی لەگەڵدا بکا و تەنانەت داوای دیداری دووبارەی لێ دەکات.

ڕوانینێکی ڕەخنەگرانە بۆ سەر پێشینەی ئەو توێژینەوانەی کە لە سەر ئاستی ئێران و جیهاندا ئەنجام دراون

توندوتیژی کۆمەڵێک ئاکاری بەرفراوان لە خۆ دەگرێ هەر لەبەر ئەوە توێژینەوەکان لە بواری توندوتیژیی سێکسیدا زۆر فراوانن. هەندێک لە جۆرەکانی توندوتیژیی سێکسی

وەکوو بەئەزموونکردنی توندوتیژی لە لایەن هاوبەشی نزیکی ژیانەوە بە باشی لێکۆڵینەوەیان لە سەر کراوە و هەندێکیان وەکوو دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر مەحارم، کە بەش بە حاڵی خۆی چەندین جۆری هەیە، کەمتر لێکۆڵینەوەیان لە سەر کراوە. جۆرێکی تایبەتی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر مەحارم بریتییە لە دەستدرێژیی سێکسی دایک بۆ سەر منداڵان، کە لە توێژینەوەکانی ئەم بوارەدا کەمتر گرنگی پێدراوە. دەتوانین بڵێین لێکۆڵینەوە لە بواری توندوتیژیی سێکسیدا بە هۆی فرەڕەهەندیی ئەم دیاردە و فۆرمە جۆراوجۆرەکانییەوە زۆر بەربڵاوە. هەندێک جار منداڵان و هەندێک جار جگەرگۆشەکان و هەندێک جار ژنان و لە حاڵەتەکانی دیکەدا پیاوان ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە. هەروەها دیاردەی توندوتیژیی سێکسی ڕەهەند و زەمینەی کۆمەڵایەتی، دەروونی، زیندەوەرناسی و یاسایی هەیە. جگە لە هەموو ئەم حاڵەتانە، پێویستە توێژینەوە لە بواری چارەسەرکردن و زاڵبوون بە سەر ئەو ئەزموونانەی کە بە هۆی دەستدرێژیی سێکسییەوە دروست دەبن، لەبەرچاو بگیرێن چونکە بوارێکی زۆر بەرفراوانە. لە کۆمەڵگای ئێراندا، بە هۆی تابۆبوونی ئەم دیاردە و نەبوونی زانیاریی نیشتمانی، هەتا ئێستا بواری توندوتیژیی سێکسی بە باشی نەکۆڵراوەتەوە. دەکرێ بوترێ لێکۆڵینەوە نیشتمانییەکان لەم بوارەدا سنووردارن و ئەو چەند لێکۆڵینەوەی کە لە لایەن توێژەرە هۆگرەکانەوە ئەنجام دراون، قووڵایی ڕەنج و دەردی کەسانی دەستدرێژیکراو بە منداڵانیشەوە دەردەخەن، بەو مانایەی کە سەرەڕای بەربڵاویی ئەم دیاردە لە ناو کۆمەڵگادا ، نەک هەر ئەم قوربانیانە بە شێوەیەکی دروست پشتگیری ناکرێن، بەڵکوو لە زۆر حاڵەتدا، نۆرمە کۆمەڵایەتی و یاساکان ستەمی دووقات لە قوربانیان دەکەن. بە باڵادەستزانینی ئایین کە تێکەڵ بە سیاسەت بووە وای کردووە کە توێژینەوەی زانستی و پشتیوانیی کاریگەر لە چوارچێوەی پشتیوانیی پزیشکی و یاساییدا سنووردار ببێتەوە. لەم بەشەدا چاوێک بەو توێژینەوە ئەزموونییانەدا دەخشێنین کە لەم بوارەدا ئەنجام دراون. لە پێداچونەوەی ئەم توێژینەوانەدا، بازنە و جۆرەکانی بەدرفتاری و توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵان، بەستێنەکانی ڕوودان و ئەنجامدانی توندوتیژیی سێکسی بەرامبەر بە منداڵان، کاریگەریی و لێکەوتەکانی توندوتیژیی سێکسی لە دژی منداڵان و لە کۆتاییدا ستراتیژی دەستدرێژیکاران و قوربانییەکان تاوتوێ کراوە.

بەدڕفتاری و توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵان دیاردەیەکی مێژوویيە و لە سەرانسەری جوگرافیای کۆمەڵگا مرۆییەکاندا باوە. ئەم ڕەهەندەی دیاردەی توندوتیژی دژی منداڵان لە هەندێک لێکۆڵینەوەدا لەبەر چاو گیراوە کە لە ناویاندا دەتوانین ئاماژە بە بەرهەمەکانی ستۆڵتن بێرگ و هاوکارانی (٢٠١٥)، ڕۆزگەر و نەشات دووست (١٣٨٥ هەتاوی) بکەین. ستۆڵتن بێرگ و هاوکارانی (٢٠١٥) بە بەکارهێنانی گەڵاڵەی ئەوپەڕشیکاری ڕێژەی بەدڕفتاری لەگەڵ منداڵانی لە سەرانسەری جیهاندا تاوتوێ کردووە. لەم لێکۆڵینەوەدا توێژەران ئەنجامی زنجیرەیەک لە ئەوپەڕشیکاریەکانیان بە مەبەستی بەربڵاویی جۆرە جیاوازەکانی منداڵئازاری و ڕێژەی باوبوونەکەی تیکەڵ کردووە و هەڵیانسەنگاندووە. ئەنجامەکان پیشان دەدا بەراوردی گشتیی ڕادەی باوبوون بە پێی توێژینەوەی خۆ-ڕاپۆرتدان (کە زیاتر هەڵسەنگاندنی بەدڕفتاری لەگەڵ منداڵان لە تافی منداڵییە) کە ١٢٧ لە هەزار بۆ دەستدرێژیی سێکسی (٧٦ لە هەر هەزار لە ناو کوڕان و ١٨٠ لە هەزار لە ناو کچان)، ٢٢٦ لە هەزار بۆ منداڵئازاریی جەستەیی، ٣٦٣ لە هەزار بۆ منداڵئازاریی سۆزداریی، ١٦٣ لە هەزار بۆ پشتگوێخستنی جەستەیی، و ١٦٤ لە هەر هەزار بۆ پشتگوێخستنی سۆزداری. ڕێژەی گشتیی خەملێنراوی باوبوون کە لە توێژینەوەکانی ئەم بوارەدا بە هاریکاریی پسپۆڕان (بە شێوەیەکی سەرەکی هەڵسەنگاندنی بەربڵاویی یەک ساڵەی بەدڕفتاری) بۆ دەستدرێژیی سێکسی ٤ لە هەر ١٠٠٠ کەس و ٣ لە هەر ١٠٠٠ کەس بۆ منداڵئازاریی جەستەیی و سۆزداری بووە. لە کۆتاییدا، توێژەران بە کەڵکوەرگرتن لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە بەو ئەنجامە دەگەن کە بەدڕفتاری لەگەڵ منداڵان دیاردەیەکی بەربڵاو و جیهانییە و کاریگەریی لە سەر ژیانی ملیۆنان منداڵ لە سەرانسەری جیهاندا هەبووە کە ئەمەش بە تەواوی پێچەوانەی بڕگەکانی ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ لە نەتەوە یەکگرتووەکانە (ستۆڵتن بێرگ و هاوکارانی، ٢٠١٥). لە توێژینەوەیەکی دیکەدا کە لە لایەن ئەنساری و هاوکارانی (١٣٩١ هەتاوی) لە سەر "تاوتوێی ڕادەی بەئەزموونکردنی توندوتیژیی جەستەیی و دەروونی و سێکسی و هۆکارەکانی پەیوەست بەوە لە ناوی ژنانی مێرددداری زاهیدان" ئەنجام درا و دۆزینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕادەی بەرکەوتنی جەستەیی و دەروونی و سێکس لە ناو ژنانی شاری زاهیدان زۆرە و مامناوەندەکەیان بە ڕیز ٥.٤؛ ٢٠.٩ و ٩.٧ لە سەدە. ڕۆزگەر و نەشاتدووستیش لە توێژینەوەیەکدا لە ژێر ناوی "لێکدانەوەی هۆکارە دیمۆگرافی و خێزانییە کاریگەرەکانی سەر ڕوودانی منداڵئازاری لە شاری ئیسفەهان" دەریدەخەن کە هیچ جیاوازییەکی مانادار

لە نێوان کچان و کوڕاندا بوونی نییە، فرەیی منداڵئازاریی دەروونی- سۆزداری لە جۆرەکانی دیکەی ئازار زیاترە، گروپە تەمەنییەکانی ٥-١٠ ساڵ زۆرترین ئازاریان بەئەزموون کردووە (رزگر و نشاط دوست، ١٣٨٥ هەتاوی).

لە ئامارە وەسفییەکاندا کە لە هەندێک بەرهەمدا بڵاو کراونەتەوە، بە جۆرێک جۆرناسیی توندوتیژی لە منداڵانی تێدا بەدەست دەهێنرێت. بۆ نموونە بە پێی ئەنجامەکانی (واثق رحیم‌پور و کەسانی دیکە ١٣٩٣ هەتاوی) زۆربەی قوربانییەکان لە گروپی تەمەنیی ٢٠-٣٠ ساڵانن. ئاستی خوێندەواریی زۆربەیان قۆناغی مامناوەند و دیپلۆمە و زیاترین داهاتی زۆربەیان لە ئاستی پێویستدا نییە. زۆربەیان خێزاندارن و ئاستی خوێندەواریی هاوسەرەکانیان زیاتر قۆناغی مامناوەند و دیپلۆمە. لە لێکۆڵینەوەکەی خادمی و هاوکارانی (١٣٩٦ هەتاوی)، دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریدەخەن کە ٩٢ لە سەدی قوربانییەکان تەمەنیان لە نێوان ١٨ بۆ ٢٧ ساڵ بووە، لە ڕووی خوێندەوارییەوە ٢,٣ لە سەد ژێر دیپلۆم، ٣٦,٤ لە سەد خاوەن‌بڕوانامەی دیپلۆم، ٤٧,٧ لە سەد بڕوانامەی کاردانیان (قۆناغێکی زانکۆیی لە ئێرانە کە لە دیپلۆم زیاترە و لە نەکالۆریۆس کەمترە) هەبوو و ١٣,٦لە سەد بڕوانامەی بەکالۆریۆس یان زیاتریان هەبووە. ٨٩,٨ لە سەدی قوربانییەکان سەڵت بوون، ٤,٥ لە سەد خێزاندار بوون و ٥,٧ لە سەد تەڵاق درابوون.

بەشێک لەو توێژینەوانەی کە لەم بوارەدا ئەنجام دراون، لێکۆڵینەوەیان لە سەر لێکچوون و لێکنەچوونەکانی تاوانە سێکسییەکانی نێوان ژن و پیاو کردووە و لە سەر بنەمای ئەمەش، جۆرناسیی جیاواز لە دیاردەی توندوتیژیی سێکسی بەرامبەر بە منداڵانیان خستۆتە ڕوو. بە پێی ئەو لێکۆڵینەوە نێوان‌فەرهەنگییەی کە لە هەندێ وڵاتدا ئەنجام دراون، لە سەرتاسەری فەرهەنگە جیاوازەکاندا، تاوانە سێکسییەکانی ژنان لێکچوون و لێکنەچوونیان لەگەڵ تاوانە سێکسییەکانی پیاواندا هەیە. جیاوازییەکی زۆر لە نێوان دەستدرێژیی سێکسیی ژنان و پیاواندا هەیە و یەکێک لەوانە ئەوەیە کە دایک یەکەم بەرپرسیاری پەروەردەکردنی منداڵە. بالبی وتوویەتی، پەیوەندیی نێوان دایک و منداڵ پەیوەندییەکی بنەڕەتییە کە زەمینە بۆ پەیوەندییەکی تەندروستی مرۆیی دەڕەخسێنێت. بە پێی هەندێک لە ئەنجامەکان، پیاوان لە چاو ژنان زیاتر هۆگری پۆرنۆگرافی لەگەڵ منداڵانن. ژنان (٢٠ لە سەد) زیاتر لە پیاوان (٨ لە سەد) ئەگەری دەستدرێژیی سێکسییان لە تافی منداڵیاندا ڕاگەیاندووە. هەروەها ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە دەریدەخەن کە هۆگریی سێکسیی

پیاوان بۆ منداڵان تا ڕادەیەک زۆرە. هەروەها بەڵگەکان نیشان دەدەن کە بەئەزموونکردنی دەستدرێژیی سێکسی زیاتر لە ناو ژناندا باوترە تا لە پیاوان (فریل، ١٩٩٩). لە ڕوونکردنەوەی جیاوازیی نێوان ژنان و پیاوانی قوربانیی دەستدرێژیکاری سێکسی هەندێک لە ئەنجامەکان گوزارشت لەوە دەکەن کە زۆر جار دایک یان ژنێک کە ڕۆڵی دایک دەبینێ دەستدرێژی دەکاتە سەر منداڵەکان، بە شێوەی مامناوەند قوربانیانی ژنە دەستدرێژیکارەکان لە چاو پیاوە دەستدرێژیکارەکان کەمتەمەنترن، ئازار و دەستدرێژی زیاتر لە تافی کۆرپەییەوە دەست پێدەکا و هەتا تەمەنی ٦ بۆ ١١ ساڵی بەردەوام دەبێت. بەڵگەکانی توێژینەوەیەک دەریدەخەن کە ٩٠ لە سەدی قوربانیانی ژنە دەستدرێژیکارەکان تەمەنیان کەمتر لە ٩ ساڵ بووە و هەروەها دەستدرێژیکارە ژنەکان لە نێوان قوربانیانی کچ و کوڕدا فەرق و جیاوازی دانانێن. خادمی و هاوکارەکانی (١٣٩٦ هەتاوی) لە لێکۆڵینەوەکانیاندا ئاماژە بە جۆرە جیاوازەکانی دیکەی ڕەفتارە ئازاردەرەکان دەکەن. بە گوێرەی دەرەنجامەکانیان ٤٦,٦ لە سەدی دەستدرێژییە سێکسییەکان ڕۆمانسی بوون و ٩٤,٣ لە سەدی دەستدرێژییەکان لە جۆری کەسی بووە. کشاوەرز وەلیان و کشاوەرز ئەڕشەدی (١٣٨٩ هەتاوی) منداڵئازارییان لە ناو منداڵانی ئاسایی و ئەو منداڵانەی کە لە قۆناغی سەرەتاییدا کێشەی فێربوونیان هەبووە بەراورد کرد و ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکانیان جیاوازییەکەیان لە ڕەهەندێکی دیکەوە نیشان دا. ئەم خشتەی خوارەوە ئەنجامی جۆرەکانی منداڵئازاری بە پێی بۆچوونی دایک و باوک و منداڵ نیشان دەدات:

گروپ	ئازاری سۆزداری		ئازاردانی جەستەیی		ئازاردانی سێکسی		پشتگوێخستن		منداڵئازاری	
	بۆچوونی منداڵان	بۆچوونی دایک و باوک	بۆچوونی منداڵان	بۆچوونی دایک و باوک	بۆچوونی منداڵان	بۆچوونی دایک و باوک	بۆچوونی منداڵان	بۆچوونی دایک و باوک	بۆچوونی منداڵان	بۆچوونی دایک و باوک
منداڵانی ئاسایی	١٤,١٧	١٤,٤	٢,٣٣	١,٥٦	٢,٦٢	١.٧٠	٢٧.٨٧	٣٠.٢٣	٤٧.١٩	٤٧.٩
منداڵانی بیرکۆڵ	١٨.٤٣	١٩.٠٢	٢.٩٤	٢,٤٤	٢.٢٧	٢.٠٨	٢٨.٩٦	٢٩.٩١	٥٢.٦١	٥٣.٦٤

خشتەی ژمارە ٢-٢. کۆی نمرەکانی منداڵئازاری لە نێوان دوو گروپی منداڵان بە پشتبەستن بە بۆچوونی منداڵان و دایک و باوک (کەشاورز وەلیان و کەشاوەرز ئەڕشەدی، ١٣٨٩ هەتاوی: ٤٦)

وەک لە دۆزینەوەکاندا دەردەکەوێ، ڕێژەی منداڵئازاری لە جۆری پشتگوێخستن و سۆزداری زیاترین جۆری منداڵئازارییە و هەروەها منداڵانی بیرکۆڵ (کە نیڤیشکانن و لە فێربووندا کێشەیان هەیە) لە چاو منداڵانی ئاسایی زیاتر تووشی دەستدرێژی و ئازاردان دەبنەوە (کشاورز ولیان و کشاورز ارشدی، ١٣٨٩ هەتاوی).

بێرگن و هاوکارانی (٢٠١٣) بە شێوەی ئۆنلاین هۆگرییە سێکسییەکانی گەورەساڵان بۆ منداڵان و مێرمنداڵانیان تاوتوێ کرد. ئەوان بە بەکارهێنانی گەڵاڵەیەکی نیمچە تاقیکاری و کەڵکوەرگرتن لە توێژەران لە ژوورەکانی گفتوگۆی ئۆنلاین (چەت ڕووم) ناسنامەی مێرمنداڵان و منداڵانیان ساختە کرد. ئامانجی توێژەران ئەوە بوو کە بزانن ئایا سەردانکەرانی ژوورەکانی گفتوگۆی ئۆنلاین لەگەڵ نەوجەوانان و منداڵاندا دەست بە گفتوگۆی سێکسی یان نا و ئەگەر بەڵێ، ئایا دوای ئەوەی تەمەنی منداڵە وێناکراوەکە زانرا شێوازێکیان بۆ درێژەدان بە پەیوەندییان پیشان دەدان یان نا. ئەنجامی ٢٥٧ دیمانە دەریخستووە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی ئەو کەسانەی کە ناسنامەکەیان ساختە ببوو، هۆگریی سێکسی لە ناو گەورەساڵەکاندا زیادی دەکرد. داواکاری بۆ دیدار و دیمانەی چاو بە چاو زیاتر بۆ کەسانی گەورەساڵتر یان کەسانی تەمەن یاسایی (١٦-١٨ ساڵ) بوو نەک بۆ منداڵانی خوار تەمەنی (١٠-١٤ ساڵ). پیاوان لە ٢٥,٧ لە سەدی گفتوگۆکان لەگەڵ منداڵانی تەمەن ١٠-١٢ ساڵ دەیانویست لە ئاشکراکردنی تەمەنە پیشاندراوەکە درێژە بە پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ منداڵاندا ساز بکەن. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە دەریدەخا کە لە ناو سەردانکەرانی سێ ژووری گفتوگۆکەدا هۆگرییەکی زۆر بۆ گفتوگۆی سێکسی لەگەڵ منداڵان و مێرمنداڵاندا بەدی دەکرێت. بەڵام ڕادە و چۆنیەتیی هۆگریی سێکسی بە پێی تەمەنی ئەو منداڵ و مێرمنداڵانەی کە ناسنامەیان ساختە کراوە و بە پێی ژووری گفتوگۆ جیاواز بوو.

هەروەها پولمان و هاوکارانی (٢٠١٧) لە ئەوپەڕشیکارییەکدا بە ناوی جیاوازییە کۆمەڵایەتی (کۆمەڵناسی) و ژیانییەکان نێوان ئەو تاوانبارانەی کە دەستدرێژیی سێکسییان کردۆتە سەر مەحارم، ئەم بابەتەیان لێک داوەتەوە. بە باوەڕی توێژەران، ئەم جیاوازییانە هەمیشە لە کارە کلینیکی یان ئەزموونییەکاندا ئاشکرا نین و پێویستە توێژینەوەی ئەوپەڕشیکاری لەم بوارەدا ئەنجام بدرێت. توێژەران لە ساڵی ١٩٨٤ هەتا ٢٠١٢ لە کۆی ٢٧ توێژینەوەدا بە گشتی چوار هەزار و ١٩٢ تاوانباری دەستدرێژی

سێکسی بۆ سەر مەحارمی ژیانی لەگەڵ دوو هەزار و ٣٢٢ تاوانباری دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر مەحارمی کۆمەڵایەتییان بەراوردیان کردووە. تاوانبارانی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر مەحارمی کۆمەڵایەتی لە چاو تاوانباری دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر مەحارمی ژیانی زیاتر بە لای هۆگریی دژە کۆمەڵایەتیدا دەشکێنەوە وەکوو کێشەی خۆڕێکخستنیی گشتی، ئیمپاسیڤی و بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان و خواردنەوە کحولییەکان. لە لایەکی دیکەوە تاوانباری دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر مەحارمی ژیانی، زیاتر کێشەی دەروونی وەکوو سەرکوتکردن و کێشەی تەندروستیی دەروونی لە خۆیان نیشان دەدەن. ئەم جیاوازییانە بەگشتی لە ڕووی قەبارەوە بچووک هەتا مامناوەند بوون. بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان، جیاوازییەکی مانادار لەمەڕ هۆگرییە سێکسییە نائاساییەکان بەدی نەکرا هەرچەندە تاوانبارانی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر مەحارمی کۆمەڵایەتی لەوانەیە کێشەی خۆڕێکخستنیان زیاتر بووبێت. لە درێژەی توێژینەوەکەدا، مامناوەندێکی مانادار ئاشکرا بوو: واتە تاوانبارانی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر مەحارمی ژیانی، تەنیا لە باوکی ژیانییەوە پێک هاتبوون و یان لە باوکی ژیانی و خزمە زیندەوەرناسییەکانی دیکەی (وەکوو مامەکان و باپیرەکان) پێک هاتبوون (پولمن و هاوکاران، ٢٠١٧).

- زەمینە و هۆکارناسیی ڕوودانی توندوتیژیی سێکسی

دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان وەکوو هەر دیاردەیەکی تر لە سەر بەستێنی بارودۆخی تایبەتدا دەردەکەوێت. ئەم خاڵە لە لێکۆڵینەوە ئەزموونییەکانی دیاردەی منداڵئازاری، لە قەڵەم نەکەوتووە. توێژەران لەم لێکۆڵینەوانەدا ئاماژەیان بە زۆر بوار کردووە، کە لە ناویاندا بوارەکانی دەروونی- کەسایەتی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئابووری و یاسایی زیاتر گرنگییان پێ دراوە. لەم درێژەدا باسی هەندێک لە لێکۆڵینەوە ئەزموونییەکانی ئەم بوارە دەکەین.

- زەمینە و فاکتەرە ئابوورییەکان

بە پێی ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوانەی کە لەم بوارەدا ئەنجام دراوە، بواری ئابووری یەکێک لە هۆکارە کاریگەرەکانی ڕوودان و بەردەوامبوونی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵانە. زەمینە ئابوورییەکان لە فۆرمگەلی وەکوو هەژاری، بێکاری، کار و کاڵاسەیرکردنی ژنان پەرە بە توندوتیژیی سێکسی دەدات. بە گوێرەی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی مالجۆ، زەمینە ئابوورییەکان لە هەموو ئاستە ئابوورییەکاندا ڕوو دەدەن، بەڵام هەرچی لە چینە باڵاکانی کۆمەڵگاوە بەرەو چینە نزمەکانی کۆمەڵگا شۆڕ ببینەوە ئەگەری ڕوودان یان ڕەنگە ڕوودانی دەستدرێژیی سێکسی زیاتر دەبێتەوە (مالجو: ١٣٨٩ هەتاوی). هەروەها مەدەنی قەهفەرخی و بەیات بە پێداچوونەوە بە توێژینەوەکان پەیوەندیی نێوان هەژاری و منداڵئازارییان شی کردۆتەوە. بە پێی ئەنجامی زۆربەی توێژینەوەکان، پەیوەندیی نێوان هەژاری و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو منداڵئازارییان خستووەتە ڕوو، هەڵبەت ڕێژەیەکی کەمی ئەم توێژینەوانە ئەو پەیوەندییەیان پیشان نەداوە. دۆزینەوەکان گوزارشت لەوە دەکەن کە هەژاری بە چوار بژێرە یان ڕێگە زەمینە بۆ منداڵئازاری خۆش دەکات: ڕێگای یەکەم، لە ڕێگەی داهاتی خانەوادەوە. لەو خێزانانەی کە داهاتیان کەمە و یان هەژارن، دایک و باوک توانای دابینکردنی پێداویستیی منداڵەکانیان نییە و بە هۆی دابینکردنی داهات بە مەبەستی درێژەدان بە ژیانی بنەماڵە، لەو خێزانانەدا پشتگوێخستنی منداڵ هەستی پێ دەکرێت. ڕێگای دووەم، لە ڕێگەی خانووبەرەیە. ئاستی نزمی چۆنایەتیی سەرپەناکان وەکوو ڕووبەری کەم و هەستنەکردن بە ئاسایش بە هۆی خانووبەرەی کرێ زەمینە دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان خۆش دەکات. لە لایەکی دیکەوە بە هۆی ماڵی کرێ و گۆڕینی شوێنی ژیان، داکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆی پچڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییاکانەوە کەمتر دەبێ و هەروەها ژینگەی دەرەوەی ماڵ مەترسیی زێدەتر دەبێت. ڕێگای سێیەم بە هۆی گەڕەکی نیشتەجێبوونی خێزانە. بەشێکی زۆری بنەماڵە ئێرانییەکان - ٢٠ لە سەدی دانیشتوانی وڵاتی ئێران - بە هۆی هەژاری و کەمکردنەوەی تێچووی نیشتەجێبوونیان ناچارن لە گەڕەکە نافەرمییە نیشتەجێبووەکاندا بژین هەر بۆیە لە زۆرێک لە خزمەتگوزارییە شاری و کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو پەروەردە و تەندروستی بێبەشن. ڕێگای چوارەم، پەیوەندیی نێوان هەژاریی خێزانەکان و کاری منداڵانە. زۆرێک لە خانەوادە دەستنەڕۆ و هەژارەکان منداڵەکانیان

دەخەنە ناو خولی کارەوە (مدنی قهفرخی و بیات، ١٣٨٩ هەتاوی). ئەنساری و هاوکارانی لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی "لێکدانەوەی ڕادەی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی جەستەیی و دەروونی و سێکسی و هۆکارە پەیوەندیدارەکانی لە ناو ژنانی مێردداری شاری زاهدان" بەو ئەنجامە دەگەن کە ئاستی بەرزی توندوتیژی دژی ژنان لە شاری زاهدان پێدەچێ بە هۆی نزمیی ئاستی پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و نەخوێندەواری و هۆشیاریی خەڵک بێت (انصاری و هاوکارانی، ١٣٩١ هەتاوی). واسق ڕەحیمپوور و هاوکارانی لەم زەمینەدا باسیان لە ڕۆڵی بێکاری کردووە. ئەوان لە توێژینەوەکەیاندا دۆخی لێکۆڵینەوە لە نەخۆشیی ئیسترێس دوای کارەسات لە ناو ئەو ژنانەدا تاوتوێ کردووە کە لە ناوەندە پزیشکییە یاساییەکانی شاری تاران سکاڵایان لە دژی دەستدرێژیی بۆ سەر ناموسیان کردووە. ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوە دەریدەخا کە زۆربەیان داهاتی تەواویان نەبووە و زۆربەی قوربانیان بێکار بوون (واثق رحیمپور و دیتران، ١٣٩٣ هەتاوی).

هەروەها زەمینەی ئابووری بە جۆرێکی دیکەش کاریگەری لە سەر ڕوودانی توندوتیژیی سێکسی، بە تایبەت لە ناو ژناندا دادەنێت. ڕوانگەی بەکاڵازانینی ژنان بە شیوازی جۆراوجۆر کاریگەری لە سەر ئەم بوارەدا هەیە. و ئەمەش لە چاوی هەندێک لە لێکۆڵینەوەکان نەشاردراوەتەوە، هەر وەکوو چۆن کە لە لێکۆڵینەوەکانی ڕەزایی و ئابداردا دەیخوێنینەوە، "لە ڕوانگەی ژنانەوە، هۆکارەکانی ڕوودانی ئەم جۆرە توندوتیژییانە لە لایەن پیاوانەوە بریتین لە جیاوازیی چینایەتی، بێکاری، پاساوی ئایینی، سەیرکردنی فیلمی وروژێنەر، بیرکردنەوەی پیاوسالارانە و بەکاڵاسەیرکردنی ژن" (رضائی و آبدار، ١٣٩٦ هەتاوی). جگە لەوەش نابێ ڕۆڵی هۆکارە پیشەییەکان، هۆکارە ئابووری و ڕێکخراوەییەکان لەم بوارەدا پشتگوێ بخەین. بە پێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەک، "فاکتەرە ئابووری و پیشەیی و ڕێکخراوەییەکان لە ڕوودانی توندوتیژیی سێکسیدا هۆکارێکی ڕێخۆشکەرن" (قاضی زاده و هاوکاران: ١٣٩٧ هەتاوی: ۴۴). لەم زەمینەدا دەتوانین ئاماژە بە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەیەک لە ژێر ناوی "تیپناسیی بەراوردکاریی قوربانیبوونی ژنانی ئەڤغانی و ئێرانیی نیشتەجێی مەشهەد" بکەین کە بە پێی ئەوە ئیشکردنی ژنان لە کارە ساختەکان، لە کارگا دوور لە شارەکان، لە ژینگە نامۆ و نافەرمی و بێچاودێرییەکان و تەنانەت کاری شەوانەیان خۆی لە خۆیدا فاکتەری مەترسیدارن کە ژنان تێیاندا قوربانی دەبن. لە کۆتاییدا دەرکەوت کە لە هەموو تاوانەکاندا لە نێوان گەڕەکی نیشتەجێبوونی

ژنان و ئاستی قوربانیبوونیان پەیوەندییەک بەدی دەکرێت (جوان جعفری بجنوردی و هاوکاران، ١٣٩٥ هەتاوی).

- زەمینە و فاکتەرە فەرهەنگییەکان

بێگومان زەمینەی فەرهەنگیی تاکەکان لە ڕەخساندنی هەلومەرجی ڕوودانی دیاردەیەکی وەکوو توندوتیژیی سێکسی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ و ئەمەش لە چاوی توێژەرانی ئەم بوارەدا بە شاراوەیی نەماوەتەوە. وردەفەرهەنگی پیاوسالاری لە لایەک ئەم جەسارەت و هێزەی بە پیاوان داوە کە لە پەیوەندییەکانیاندا لەگەڵ ژنان توندوتیژیی سێکسی ئەنجام بدەن و لە لایەکی دیکەشەوە دەستی ژنانی لە خۆڕاگریی لە وەها بارودۆخێکدا بەستووە. کەمالی لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی "ئەزموونی ژیاوی قوربانیانی پەلاماری سێکسی" بە بەکارهێنانی شێوازی کەیس‌توێژی و ژیان‌توێژی، لێکۆڵینەوەی لە سەر ئەم بابەتە کردووە. توێژەر لەم لێکۆڵینەوەدا ئەو کەیسانەی تاوتوێ کردووە کە هاوسەرگیرییان نەکردووە و کچ بوون. هەروەها توێژەرەکە لێکۆڵینەوەی لە سەر دوو قۆناغی دەستدرێژی و دوای دەستدرێژی ئەنجام داوە. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە پیشان دەدا کە دەستدرێژی وەک ناوناتۆرە، پرۆسەیەکە کە لە قۆناغی دووەمی ژیانیشدا بەردەوام دەبێ بە جۆرێک کە ڕوودانی دەستدرێژی و بەردەوامییەکەی لە قۆناغی دووەمدا خۆی پێکهاتەی دەستدرێژیکارانە و پیاوانە و ستەمکارانەی ژیانی ڕۆژانە لە ئێران پیشان دەدات (کمالی، ١٣٨٩ هەتاوی). قازی‌زادە و هاوکارانی، لە لێکۆڵینەوەیەکدا بە ناونیشانی مۆدێلی چەمکیی هۆکارە زەمینەسازەکانی توندوتیژیی هاوسەرێتیی ژنان لە دژی پیاوان لە ڕوانگەی پیاوانەوە، بە بەکارهێنانی شێوازی تیۆریی زەمینەیی گەیشتوونەتە ئەنجامگەلێک کە زاڵبوونی ڕوانگەی پیاوسالارانە بە سەر پەیوەندییەکانی ژن و پیاو و لە ئەنجامدا ڕوودانی توندوتیژی لەم پەیوەندییانەدا دەردەخەن. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە گوزارشت لەوە دەکەن کە بیرکردنەوەی نالۆژیکی، جیاوازییەکانی نێوان ژن و پیاو و ئوستوورە هاوسەرێتییەکان لە فاکتەرە دەستێوەردەرەکانن (قاضی‌زادە و هاوکارانی: ١٣٩٧ هەتاوی: ٤٤).

کۆمەڵێکی دیکە لە توێژەران وێڕای ئاماژە بە شێوازی پۆشاک و حیجابی ژنان ئەم فەرهەنگەیان بە هۆکاری ڕوودانی توندوتیژی لە دژی ژنانی کەم‌تەمەن زانیوە. لە

لێکۆڵینەوەیەکدا کە لەم بارەوە ئەنجام دراوە، باس لەوە کراوە کە لە نێوان تەمەن و خوێندن و حیجاب لەگەڵ ئاستی قوربانیبوونی ژنان لە تاوانگەلێکی دژ بە هەندێک کەس وەکوو پەلاماردان، دەستدرێژیی سێکسی، ڕفاندن، هاشاوڵبردن و لێدان پەیوەندییەکی پێچەوانە هەیە چونکە لە ناو کەسانی بەشداربووی توێژینەوەکە، ژنانی جەحێڵ و گەنج، کەمحیجاب، نەخوێندەوار یان نەزان لە چاو کەسانی دیکە حاڵەتی قوربانیبوونیان بە هۆی ئەو تاوانانەی کە لە دژیان ئەنجام دەدرێ، زیاترە (جوان جعفری بجنوردی و هاوکارانی، ١٣٩٥ هەتاوی). خەنجەری و دیتران ڕێگری لە بەدڕفتاریی سێکسییان بە پێداگریکردن لە سەر وشیاری، ڕوانگە و کارکردی دایک و باوکیان لێک داوەتەوە. لەم توێژینەوەدا لەگەڵ ٥٣٦ دایک و باوک کە منداڵی قۆناغی سەرەتایی و باغچەی ساوایانیان لە سەر ئاستی قوتابخانەکانی شاری ئەراکدا هەبوو، دیمانەیان ساز کرا. ئەنجامەکان پیشان دەدەن کە ٦٦ لە سەدی دایک و باوکەکان زانیارییەکی باشیان هەیە، ٣٤ لە سەدیان ئاستی زانیارییان لاوازە، ٨٠.٦٣ لە سەدیان ئاستی ڕوانگەیان باش بوو و ١٩.٣٧ لە سەد ئاستی ڕوانگەیان خراپ بوو؛ ٨٥,٧١ لە سەدیان کارکردی باشیان هەبووە و ١٤,٢٩ لە سەدیان کارکردی لاوازیان لە بواری خۆپاراستن لە دەستدرێژیی سێکسیدا هەبوو (خنجری و هاوکاران، ١٣٩٣ هەتاوی). هەندێک لە توێژەران ئاماژەیان بە ڕۆڵی فاکتەری کۆمەڵگاگری لە دیاردەی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان کردووە. بە گوێرەی لێکدانەوەکانی فریل توێژینەوەکانی ئەم بوارە پیشان دەدا کە باڵادەستیی پیاوان پەیوەندی لەگەڵ دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان هەیە و هۆگریی سێکسیی پیاوان بۆ منداڵان لە ناو کۆمەڵگادا باوە. فێمینیستەکان ئیدعای ئەوە دەکەن کە زاڵبوونی پیاوان یان چەوسانەوەی لە لایەن پیاوانەوە ئەنجامی کۆمەڵایەتیبوونی جیاوازیانە (فریل، ١٩٩٩).

- زەمینە و فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان

لە ناو ئەو زەمینە کۆمەڵایەتییانەی کە کاریگەرییان لە سەر ڕوودانی توندوتیژیی سێکسی بەرامبەر منداڵان هەیە، زەمینەی خێزانی گرنگییەکی تایبەتی هەیە و زۆرێک لە توێژەران ئاماژەیان پێ کردووە. بە پێی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی مالجۆ (٢٠٠٩)، سەبارەت بە زەمینە خێزانییەکانی دەستدرێژیی سێکسی، هەرچی لە پێکهاتەی خانەوادەی

دیموکراتیک و یەکسانیخوازەوە بەرەو پێکهاتەی خێزانێکی خۆسەپێن و بێسەروسامان و ناسەقامگیر دەچین، ئەگەری دەستدرێژیی سێکسی زیاتر دەبێت. لە ڕاستیدا دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر مەحارم زیاتر لەو خێزانانەدا ڕوو دەدا کە گۆشەگیریی کۆمەڵایەتییان هەیە، پێکهاتەیەکی نەریتی کە لە سەر بنەمای کاسبوونی پیاو و کابانبوونی ژنە، نزیکایەتیی ئەندامانی خانەوادە و پەیوەندییە سۆزدارەکانیان گرنگییەکی کەمی هەیە، دەمەقاڵە و توندوتیژیی خێزانی لە نێوان دایک و باوکدا هەمیشە هەیە، بۆ پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانیان هیچ لۆژیک و هاوسەنگییەکیان نییە، لە پەروەردەکردنی منداڵدا یان زۆر سەختگیرن یان تەواو خەمساردن، پیاوسالاری لەم خێزانانەدا لە سەرووی هەمووانە و بڕیاردان تەواو تاکلایەنەیە و لە لایەن باوکەوە دەدرێ، بەڵام گرنگترین پرس لە ناو ئەم خێزانانەدا باڵادەستیی گریمانەی خاوەندارێتییانە لە پەیوەندییەکانی نێوان باوک و منداڵ و لە نێوان ئەم خێزانانەدایە. لە ڕاستیدا باوکەکان کچەکانیان بە موڵکی خۆیان دەزانن و بە هەر شێوەیەک کە بیانهەوێ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن (مالجو: ١٣٨٩هەتاوی). قازیزادە و هاوکارانی (١٣٩٧ هەتاوی) لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەریانخست کە توندوتیژیی خێزانیی ژنان لە دژی پیاوان ڕەهەندی سەرەکیی تاکەکەسی، هاوسەرێتی، خێزانی و ئەوپەڕخێزانی هەیە کە خۆیان بە سەر وتەزا لاوەکییەکاندا دابەش دەکرێن. بە پشتبەستن بە دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوە، وتەزای تەوەریی لەم مۆدێلە چەمکییەدا، هاوسەرگیریی نەشیاوە. لەم لێکۆڵینەوەدا هۆکارە خانەوادەییەکانی وەکوو جیاوازیی ناتەواو، پێکهاتەی خێزان، پێکهاتەی دەسەڵات لە ناو خانەوادە و ئەزموونە نەشیاوە بنەماڵەییەکان لە هۆکارە زەمینەسازەکانن (قاضیزادە و هاوکارانی: ١٣٩٧هەتاوی: ٤٤). توێژەرانی دیکە لەم بوارەدا ئاماژەیان بە هۆکاری دیکە کردووە کە لە ناویاندا هۆشیاری و خوێندەواری گرنگییەکی تایبەتی هەیە، بەو پێیەی کە بە گوێرەی ڕەزگەر و نەشاتدووست (١٣٨٥ هەتاوی) کەمخوێندەواریی دایک و باوک یەکێک لە پێشبینیکەرە سەرەکییەکانی دەستدرێژی و ئازاردانە.

- زەمینە و فاکتەرە یاسایی – پاڵپشتییەکان

زەمینە یاساییەکانی بەرگریکردن لە دەستدرێژیکراوان و بەستێنەکانی پشتیوانیی لە دەستدرێژیکراوان لە فاکتەرە سیاسی و فراوانەکانن کە لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەی زۆریان

لە سەر کراوە. لاوازییەکانی سیستەمی دادوەریی تاوانکاری و هەروەها نەبوونی سیاسەت و بەرنامە و ڕێوشوێنی پشتیوانی لە قوربانیانی توندوتیژیی سێکسی، لەو کێشانەن کە زۆرێک لە توێژەران لە لێکۆڵینەوەکانیاندا ئاماژەیان پێ کردووە. ئیروانیان لە سەر بەستێنی وەڵامەکانی کۆمەڵگا و سیستەمی دادوەریی تاوانکاریدا توێژینەوەی لە سەر دووبارە ئازاربینینەوەی قوربانیانی سێکسی ئەنجام داوە. دووبارە ئازاربینینەوەی قوربانیانی سێکسی بریتییە لە لایەنێکی بەرفراوان لە زیانە جەستەیی و دەروونییەکان کە بە هۆی کاردانەوەی نەرێنیی کۆمەڵگا و سیاسەتە هەڵەکانی سیستەمی دادوەریی تاوانکارییەوە دروست دەبێ کە قوربانیانی دەستدرێژییە سێکسییەکان دیسان تووشی ئازاردانی سێکسی دەبنەوە. بە بڕوای ئیروانیان سەرچاوەی ئەم جۆرە زیانانە دەگڕێتەوە بۆ بەستێنی ڕوانگەی ناپاڵپشتانە و لە هەندێک حاڵەتدا ڕوانگەی نەرێنیی کۆمەڵگا و چوارچێوەی سیاسەتە هەڵەکانی وەڵامدانەوەی سیستەمی دادوەریی تاوانکاری بۆ قوربانیانی دەستدرێژییە سێکسییەکان. نکۆڵیکردن و حاشاکردن لە دەستدرێژیکراوی، پشتگوێخستنی قوربانی، شاردنەوەی ڕەفتارە زیانبەخشەکان و دواجار بە لادەرزانینی کەسی دەستدرێژیکراو، لەو تەوەرانەیە کە لە ئاستی کۆمەڵگادا زیان بە قوربانییانی دەستدرێژیی سێکسی دەگەیێنێت. نەبوونی کاردانەوە بەرامبەر بە هەندێک ڕەفتاری سێکسیی زیانبەخش، گرتنەبەری سیاسەتی سەرکوتگەرانە دژی هەندێک گروپی دەستدرێکراو (بە تاوانبار زانینی قوربانیانی دەستدرێژیی سێکسی) و لە کۆتاییدا جێبەجێکردنی سیاسەتی وەڵامدانەوەی ناداکۆکیکار و ناتەرخانکراو بۆ ئەو قوربانیانەی کە سەرەڕای قبووڵکردنی قوربانیبوونیان، پێداویستی و کێشە تایبەتەکانیان لە ڕەوتی دادپرسیی تاوانکاریدا لە بەرچاو ناگیرێ و گرنگترین بەستێنەکانی دووبارە زیانبەرکەوتنی قوربانیانی دەستدرێژیی سێکسی لە سەر ئاستی سیستەمی دادوەریی تاوانکارییە (ایروانیان، ١٣٨٩ هەتاوی). ئیرڤانیان بە بەکارهێنانی دوو مۆدێلی ژێربەستێنە کۆمەڵایەتییەکان و سیستەمی دادوەریی تاوانکاریی دیسان زیانبەرکەوتنەوەی قوربانیانی دەستدرێژییە سێکسییەکان نیشان دەدات:



وێنەی ٢-٣. بەستێنی سیستەمی دادی تاوانکاریی زیانبەرکەوتنەوەی قوربانیانی سێکسی (ایروانی، ١٣٨٩ هەتاوی: ١٢)



وێنەی ژمارەی ٢-٢. بەستێنی کۆمەڵایەتیی زیانبەرکەوتنەوەی قوربانیانی سێکسی (ایروانی، ١٣٨٩ هەتاوی: ١٢)

ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەی کەمالی ئەوە دەردەخەن کە دەستدرێژیی سێکسی وەک ناوناتۆرەیەک پرۆسەیەکە کە لە قۆناغی دووەمی ژیانیشدا بەردەوام دەبێ، بە جۆرێک کە

ڕوودانی دەستدرێژی و بەردەوامبوونی لە قۆناغی دووەمدا نیشانەی پێکهاتەی دەستدرێژیکار و پیاوانە و چەوسێنەرانەی ژیانی ڕۆژانەی وڵاتی ئێرانە کە بۆ چاک‌کردنی دەبێ هەم میکانیزمەکانی بەرهەمهێنەرە فەرهەنگییەکان و هەم سیستەمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەم یاساکانی ناو سیستەمی یاساییدا بخرێنە بەر تیشکی ڕەخنە و پێداچوونەوەیان پێدا بکرێتەوە (کمالی، ١٣٨٩ هەتاوی).

ڕەزا ئیمام و کەسانی دیکە پێداچوونەوەیان بە بەڵگەکانی شەرعیەتی لەسێدارەدان بۆ یەکێک لە حاڵەتە هەرەگرنگەکانی توندوتیژیی سێکسی واتە زینا لەگەڵ مەحارم کردووە. ئەوان بە گەڕانەوە بۆ گێڕانەوە و ئیجماعەکان نیشان دەدەن کە "ئەو بەڵگانەی کە بۆ سەلماندنی لەسێدارەدانی تۆمەتبار بەکار دەهێنرێن ناتەواون. لەم لێکۆڵینەوەدا ئەو ئەنجامەی کە لە لێکدانەوەی بەڵگەنامەکانی لەسێدارەدان بەدەست هاتووە، لەسێدارەدان بە ڕەوا نازانێت. [...] بە وردبوونەوە لە بەڵگەی ئەو کەسانەی کە حوکمی لەسێدارەدانیان بە دڵە، دەتوانین بڵێین کە ڕیوایەت و ئیجماعەکان توانای سەلماندنیان نییە. لەوەش زیاتر، لە بەڵگەی ڕیواییدا ڕاشکاوانە باس لە سێدارەدان نەکراوە و هەر ئەمەش بووەتە سەرچاوەی ناکۆکیی نێوان موجتەهیدەکان. ئەو بەڵگە دەرەکییانەی کە لایەنگرانی سێدارە بە مەبەستی بەهێزکردنی دەرکەوتنی ڕیوایەتەکان ئاماژەیان پێ کردووە، کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لە سەر ئەنجامی خوازراو نەبووە و کەموکوڕییان هەیە. بە هۆی ئەوەی یان لە ڕووی بەڵگەوە شێواو بوون یان دەلالەتیان لە سەر شتێکی خوازراو نەکردووە. ئیجماعیش کە یەکێک لە بەڵگەنامەکانی تری لەسێدارەدانە، هەم لە ڕوانگەی (صغرا) واتە ناوەڕۆکەکەی و هەم ڕوانگەی (کبری) کە بریتییە لە حوجییەتی بێ، ڕەخنەی لێ گیرا؛ هەر بۆیە بە گوێرەی فەرموودە سەحیح کە لایەنگرانی سێدارە پشت بەمانە دەبەستن، سزای کەسێک کە زینا لەگەڵ مەحرەمی خۆی بکا، لەسێدارەدان نییە، بەڵکوو پێویستە تاوانبارەکە بە شێوازی تر سزا بدرێ، جا چ ببێتە هۆی مردنی یان مانەوەی. ئەگەر ژنیش بە ویستی خۆی ئەم تاوانەی لێ بووەشێتەوە، ئەوا بە هەمان شێوە سزا دەدرێت" (رضا امام و دیتران، ١٣٩٥ هەتاوی: ٢٩ و ٤١). عەباسی کەلیمانی هەروەها لێکۆڵینەوەی فیقهی و یاسایی بوونی لە سەر نموونەیەکی گرنگی دیکەی ئەم جۆرە توندوتیژییە واتە لەباربردنی منداڵ کە بە هۆی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر ناموسە، ئەنجام داوە. بە پێی یاسای دادپرسیی تاوان، پێویستە قوربانیی ناپاکی، پشتیوانیی

یاسایی لێ بکرێ بۆ ئەوەی وێڕای دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە و بڕینەوەی سزا بۆ دەستدرێژیکار، زیانە جەستەیی و سۆزداری و دەروونییەکانیشی قەرەبوو بکرێتەوە. هەڵبەت پێشنیاری لەباربردنی کۆرپەی بە هۆی ئەم پەیوەندییانەوە هەر وا مومکین نییە؛ بەڵام هەندێک لە فەقێیەکان بە گوێرەی بنەمای فیقهی وەکوو ڕێساکانی لاحرج، لاتضار والدها بولدها و بەرگریی ڕەوا و هتد، لە ڕووی بارودۆخی دەروونی و ڕۆحیی ژن و دوودڵی و نارەزامەندی لە حەقانەتبوونی تاوان و دووگیانی و هەروەها سەپاندنی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی بێسەروسامان و خێزانی لەباربردنی منداڵیان بۆ ئەو ژنە بە ڕێگەپێدراو زانیوە؛ بە لاام ئەمە پێچەوانەی بۆچوونی بەناوبانگی فەقێکانە و هەروەها دژی مافی منداڵ بۆ سودمەندبوون لە هەموو مافە مرۆییەکانی وەکوو مافی ژیانە (پێش لەدایکبوون و دوای لەدایکبوون)؛ چونکە منداڵ بە بێ گوێدانە نیژاد، ڕەنگ، ئایین، شوێنی لەدایکبوون، داپەڕەکانی دایک و باوک و هتد، مافی ئەوەی هەیە کە لە هەموو مافە مرۆییەکان بەهرەمەند بێ و بە هۆی کارە نایاساییەکانی دایک و باوکی یان یەکێک لە کەسوکارەکەی نابێ ئەم مافە سەرەتاییەی ژیانی لێ بسێنرێتەوە (عباسی کلیمانی، ١٣٩٧ هەتاوی).

کۆمەڵێ لە توێژەران باسیان لە لاوازییەکانی سیستەمی پشتیوانیی چارەسەری و تەندروستیی لە قوربانیانی توندوتیژیی سێکسی کردووە. شاعلی و کەسانی دیکە لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی "ئەزموونی پێشکەشکارانی خزمەتگوزاریی تەندروستی – چارەسەری لە بەریەککەوتن لەگەڵ قوربانیانی توندوتیژیی سێکسی: لێکۆڵینەوەیەکی چۆنایەتی" دەریانخست کە پێشکەشکارانی خزمەتگوزاریی تەندروستیی کلینیکی بۆ ژنانی قوربانیی توندوتیژیی سێکسی، بە بێ گوێدانە پێداویستییە چاودێرییەکانیان، هەوڵ دەدەن تەنها لە سەر بنەمای ڕێنماییە کارگێڕییەکان فۆرمە ئاساییەکان ئیش بکەن بۆیە قوربانیانی توندوتیژیی سێکسی کاتێک سەردانی ئەم ناوەندانە دەکەن خزمەتگوزاریی چاودێری تەندروستیی تەواو وەرناگرن. هەروەها ئەنجامەکان نیشان دەدەن کە یەکێک لە گرنگترین کێشەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بە دەستدرێژیکراوان ئەوەیە کە ناوەندێکی دیاریکراو بۆ پرۆتۆکۆڵی چارەسەرکردنی یەکگرتوو بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی چاودێری تەندروستیی بە شێوەی چڕ بۆ ژنانی قوربانیی توندوتیژیی سێکسی لە ئارادا نییە (شاعلی و دیتران، ١٣٩٣ هەتاوی). هەروەها ئیمی و بیشای چۆنایەتیی چاودێریی تەندروستییان بۆ ئەو ژنانە لێک داوەتەوە کە دەستدرێژیی سێکسی

کرابۆوە سەریان. دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوە دەریدەخەن کە ژمارەی ئەو دەستدرێژیانەی کە لە داتاکانی NHAMCSدا ڕاپۆرت کراون لەگەڵ ژمارەی دەستدرێژییە ناچارییەکان کە لە لایەن نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵییەوە بڵاو بۆتەوە یەک دەگرێتەوە. ئەنجامەکان جیاوازییەکی ئاماریی مانادار لە ناو ئەو نەخۆشانەدا نیشان دەدەن کە لە ڕووی تەمەنییەوە سکرینکردنیان وەرگرتووە و هەروەها نیشان دەدەن کە هەمان ئەو جیاوازییە بۆ ئەوانەی وا دەرمانەکانی STD بەکار دەبەن، بوونی هەیە. ژماردنی جیاوازییەکانی سکرینکردن و دەرمانەکان بە پێی تەمەن بە تەواوی ئەوە ڕوون ناکاتەوە کە بۆچی بەشێکی زۆری نەخۆشەکان نە سکرین دەکرێن و نە دەرمانی STD وەردەگرن. توێژەران ئەو ئەنجامە وەردەگرن کە بە پێی ڕیکارەکانی ناوەندی کۆنترۆڵ و ڕێگری لە نەخۆشییەکان، دەستدرێژیکراوان تەواوکەری دەرمانی تەواو وەرناگرن. پێشنیاری ڕێگری لە دووگیانیی بەپەلە لە نموونەی NHAMCS کەمتر لەو نەخۆشخانانەیە کە بەرنامەی چارەسەرکردنی دەستدرێژیی سێکسییان هەیە و پێشنیاری ڕێگری لە دووگیانیی بەپەلەیان ڕادەگەیێنن.

هەر لەم زەمینەدا شانبوچەر[1] و کەسانی دیکە بە وردبوونەوە لە دەستدرێژیی سێکسی لە ناو مێرمنداڵان لێکۆڵینەوەیان لەمەڕ داکۆکییە کۆمەڵایەتییەکانی دوای دەستدرێژیی سێکسی ئەنجام داوە. بە وتەی توێژەران، بە دەگمەن لێکۆڵینەوە لە ڕادە و چۆنایەتیی پاڵپشتییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەو کەسانە کراوە کە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەریان. لەم توێژینەوەدا دیمانە لەگەڵ ٢٦ مێرمنداڵ لە ناو تەمەنی ١٥ بۆ ١٨ ساڵدا کرا. دۆزینەوەکان دەریدەخەن کە هەرچەندە مێرمنداڵان پشتگیریی دایک و باوکیان بە زەروورییترین جۆری پشتگیری دەزانی، بەڵام زیاتر لە پشتیوانیی هاوڕێکانیان ڕازی بوون. بەتایبەت مێرمنداڵان وتبوویان کە بۆ ئەوەی باشتر ڕووبەڕووی دەستدرێژیی سێکسی ببنەوە پێیان خۆشە دایک و باوکیان زیاتر پشتگیرییان لێ بکەن. تەنیا نیوەیان وتبوویان کە ڕاوێژکارییان وەرگرتووە کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لێکەوتەکانی ئەو دەستدرێژییە زۆر سوودمەند بووە. تاقمێکی زۆر کەمیان باسی قوتابخانەیەیان کرد کە پشتگیری کردوون. کاتێک لە ناو خێزانەکەدا دەستدرێژییەکە ڕوو دەدا، قوربانییەکە کەمتەمەنترە،

1Shanbocher

دەستدرێژیکارەکان گەورەساڵن و دەستدرێژیی سێکسییەکە زۆرە، هەموویان کاریگەریی نەرێنییان لە سەر پشتگیریی هەستپێکراو هەیە. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە دەریدەخەن کە پێویستە چۆنیەتیی پاڵپشتی لە قوربانیانی دەستدرێژیی سێکسی باشتر بکرێت. پێشگیری لە دەستدرێژیی سێکسی پێویستی بە گرنگیدان بە هەرچی باشترکردنی کاردانەوەکانی دایک و باوکان بەرامبەر بە دەستدرێژیی سێکسییە، هەروەها ئاسانکاری بۆ دەستڕاگەیشتن بە پشتیوانیی لێهاتووانە و ئاگادارکردنەوەی مامۆستایان سەبارەت بە گرنگیی ڕۆڵی ئەوان لە پشتیوانی لە منداڵانی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی، پێویستە (شانبوچر و هاوکاران، ٢٠١٤).

- زەمینە و فاکتەرە ڕێکخراوەیی و تاکەکەسییەکان

هەر چەندە ئاسان نییە بڵێین کام بوار ڕۆڵێکی بەرچاوتری لە ڕوودانی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان هەبووە بەڵام وا دیارە سەرنجی دەروونناسان زۆر زووتر لە لێکۆڵەرانی بوارەکانی دیکە پرژابێتە سەر بوارە دەروونی و کەسایەتییەکانی ئەم دیاردە. لێکدانەوەی تایبەتمەندییە ڕەفتارییەکانی دەستدرێژیکراوان و دستدرێژیکاران لە شێوەی کەسایەتیدا و هەروەها تێکچوونی ڕەفتار و نانۆرمیگەلی وەکوو ئالوودەبوون، یەکێک لە کۆنترین بابەتە بەرسەرنجەکانی دەروونناسان سەبارەت بەم بوارەیە.

خوسرەوانی و کەسانی دیکە (١٣٩١ هەتاوی) لە لێکۆڵینەوەکانیاندا جۆرەکانی منداڵئازارییان لە ناو کەسانی ئاسایی و ئالوودەدا بەراورد کردووە. توێژینەوەکانیان پیشان دەدا کە لە نێوان جۆرەکانی منداڵئازاریی جەستەیی، سێکسی، سۆزداری و پشتگوێخستن لە ناو ئالوودەبووانی مادە هۆشبەرەکان و کەسانی ئاساییدا جیاوازییەکی مانادار بەدی دەکرێ، بە جۆرێک کە جۆرەکانی منداڵئازاری لە ناو ئالوودەبووانی مادە هۆشبەرەکاندا زیاتر لە کەسانی ئاسایی بووە (خسروانی و هاوکاران، ١٣٩١ هەتاوی: ٢٣٥). هەروەها قازیزادە و هاوکارانی ساڵی ١٣٩٧ هەتاوی لە لێکۆڵینەوەیەکدا بە ناوی "مۆدێلی چەمکیی هۆکارە ڕێخۆشکەرەکانی توندوتیژی هاوسەرێتی ژنان لە دژی پیاوان لە ڕوانگەی پیاوانەوە" بە بەکارهێنانی شێوازی تیۆریی زەمینەیی ئەم بابەتەی لێک داوتەوە. بە پێی دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە، وتەزای تەوەری لەم مۆدێلە چەمکییەدا هاوسەرگیریی نەشیاوە. هۆکارە زەمینەسازەکەی، هۆکاری تاکەکەسییەکانە کە تێیدا بابەتگەلی وەکوو

پرسە فیزیۆلۆژی و زیندەوەرناسییەکان، ئالوودەبوون، تێکچوونی باری کەسایەتی و تایبەتمەندییە کەسایەتییەکان لە هۆکارە کاریگەرەکانن (قاضی‌زادە و هاوکارانی: ١٣٩٧ هەتاوی: ٤٤).

هەروەها کەشاوەرز وەلیان و کەشاوەرز ئەڕشەدی (١٣٨٩ هەتاوی) کێشەی فێربوون وەک فاکتەرێکی زەمینەیی باس دەکەن. بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکانی ئەوان، منداڵانی بیرکۆڵ (نیڤیشکانی زەینی کە لە فێربووندا کێشەیان هەیە) لە چاو منداڵانی ئاسایی زیاتر تووشی دەستدرێژی و ئازار دەبنەوە (کشاورز ولیان و کشاورز ارشدی، ١٣٨٩ هەتاوی). لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکەدا، خادمی و هاوکارانی (١٣٩٦ هەتاوی) دەریدەخەن کە ٣٢,٣ لە سەدی قوربانیانی منداڵئازاری نەخۆشیی دەروونیی سوکیان هەیە، ٦٤,٥ لە سەدیان نەخۆشیی دەروونیی مامناوەندیان هەیە، ١,١ لە سەدیان نەخۆشیی دەروونیی توندیان هەیە. هەروەها باوترین نەخۆشیی دەروونی کە لەم کەسانەدا بینراوە، خەمۆکی و شەڕانگێزی بووە. سەرەڕای ئەمەش هەندێک لە توێژەران باوەڕیان بە جیاوازیی کەسایەتی و دەروونیی ژنانی دەستدرێژیکراو نییە.

بۆ نموونە مالجۆ (١٣٨٩ هەتاوی) لە توێژینەوەی خۆیدا بە ناونیشانی "دەستدرێژیکردنە سەر مەحارم: زەمینەکان، ستراتیژەکانی دەستدرێژیکار و کاردانەوەکانی قوربانی" نیشان دەدا کە تایبەتمەندیی باری کەسایەتی و باری دەروونیی ئەو ژنە ئازاردراوانەی کە لە زۆربەی ئەو حاڵەتانەی کە تاوتوێمان کردن، تایبەتمەندییەکی دەروونیی ئاوارتەیان نەبووە کە بووبێتە هۆی دەستدرێژیی سێکسی؛ بەڵام ئەو ژنانەی بە هۆی ڕەگەزێتیی دیاریکراو یان دووگیانیی نەخوازراوەوە لە لایەن ئەندامانی خێزانەکانیانەوە وەرناگیرێن و هەروەها ئەو ژنانەی کە سەندرۆمی زەینییان هەیە، بە بەراورد بە ژنانی دیکە ئەگەری ئەوەی کە لە لایەن ئەندامانی خێزانەکانیانەوە دەستدرێژیی سێکسی بکرێتە سەریان، زیاترە. هەروەها هەندێک لەو باوکانەی کە دەستدرێژیی سێکسی دەکەنە سەر کچەکانیان تایبەتمەندیگەلی دەروونی و تێکچوونی باری کەسایەتی وەکوو کەم تامووڵی لە ئاست شکستەکان، بێ‌توانایی لە کۆنترۆڵکردنی تورەیی، نەبوونی توانای هاوسۆزی لەگەڵ ئەندامانی خێزان، شەڕانگێزی زارەکی و جەستەیی، بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان و کحۆل، هەستکردن بە دڵەڕاوکێ لە کاتی سێکسکردن لەگەڵ گەورەساڵەکان، پێدۆفیلیا

یان منداڵبازی، پێشینەی ئازاری سێکسی لە تافی منداڵی و بەدگومانییەکی زۆر بەرامبەر بە ئەندامانی خێزانیان هەیە.

بە پشتبەستن بە پێوەرە ڕوانگەیی و کەسایەتییەکان، دەستدرێژیکاران زیاتر لێکدژیی ڕەگەزی، ئیمپاسیڤیتی سێکسی، تەنیایی و بەکلیشەبوونی ڕۆڵە ڕەگەزییەکان، کەمیی متمانە بە خۆیی، تایبەتمەندیی ژنێتییان [٣] ڕاگەیاندووە. پیاوان زیاتر لە ژنان گرنگییان بە پۆرنۆگرافیای منداڵان داوە. (فریل، ١٩٩٩).

عاتفی و هاوکارانی لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی «ادراک متخصصین از رگەهای شخصیتی تأثیرگذار در گرایش افراد به کودک آزاری: یک مطالعه پدیدار شناسی» "تێڕوانینی پسپۆڕان بۆ ئەو سیفەتە کەسایەتییانەی کە کاریگەری لە سەر هۆگریی تاکەکان بۆ دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان: لێکۆڵینەوەیەکی دیاردەناسانە" بە بەکارهێنانی شێوازی دیاردەناسی لێکۆڵینەوەیان لە سەر تایبەتمەندییە کەسایەتییەکانی کەسانی منداڵئازار لە ڕوانگەی پسپۆڕانی بواری تەندروستیی دەروونی و کۆمەڵایەتی وەکوو دەروونناسان، ڕاوێژکاران و یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتی ئەنجام داوە. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە چوار تایبەتمەندیی باری کەسایەتیی ئەم تاقمە کەسانە لە شێوەی هۆگریی دژەکۆمەڵایەتی، هۆگری مەرزی یان سنووری، هۆگریی دەروونپەژاری و هۆگرییە پارانۆیییدییەکان پیشان دەدات (عاطفی و هاوکاران، ١٣٩٧ هەتاوی: ٩٧). ئەم هۆگرییانە ٢٥ بابەتی لاوەکییان هەیە کە لە خشتەی خوارەوەدا نیشان دراوە:

ناوەڕۆکە سەرەکییەکان	ناوەڕۆکە لاوەکییەکان
هۆگریی دژەکۆمەڵایەتی	خۆتەوەری، نەبوونی ویژدان، نەبوونی هەست بە گوناح، نەبوونی بەرپرسیارێتی، ڕەفتاری ئیمپاڵسیڤ، گیرایی ڕووکەشی، فێڵبازی، نەبوونی هەستی هاوسۆزی.
هۆگرییە سنووریییەکان	قەیرانی شوناسی، ناسەقامگیریی ورووژانی – ڕەفتاری - مەعریفی و کۆمەڵایەتی، ئیمپاڵسیڤییەت، زیانبەخۆگەیاندن، هەستی درێژخایەنی هیچۆکەیی

هۆگرییە پارانۆییدییەکان	ڕەشبینیی لە ڕادەبەدەر و بێهۆ، بێمتمانەبوون بە دیتران، دوودڵیی بەرامبەر بە ڕاستگۆیی خەڵک، ناباوەڕی بە دیتران.
هۆگریی دەروونپەژارەیی	دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، ئیمپاڵسیڤییەت و زووهەڵچوو، هەستیاریی لە ڕادەبەدەر بەرامبەر بە خود و خەڵک.

خشتەی ژمارە ٢-٤. بژێرە سەرەکی و لاوەکییەکانی تایبەتمەندیی باری کەسایەتیی کەسانی منداڵئازار (عاطفی و دیتران، ١٣٩٧ هەتاوی: ٩٧)

هەندێک لە لێکۆڵینەوەکان زیاتر لە سەر تایبەتمەندییە ڕەفتارییەکانی دەستدرێژیکاران چڕ بوونەتەوە. محەمەد خانی و کەسانی دیکە (١٣٨٩ هەتاوی) لێکۆڵینەوەیان لە سەر "پەیوەندیی نێوان توندوتیژیی سێکسی و ڕوانگەی هاوسەرێتی و جۆرەکانی توندوتیژی لە پەیوەندییە هاوسەرێتییەکاندا" کردووە. لەم لێکۆڵینەوەدا بە شێوازی نموونەگیری دیمانە لەگەڵ ٢٣٠ هاوسەر ئەنجام درا. دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوە دەریدەخەن کە لە کۆی ٦٦ پیاو کە پێشینەی دەستدرێژی جەستەییان هەبووە، ٦٠ (٩٠.٩ لە سەد) و لە کۆی ١٦٤ پیاو کە پێشینەی دەستدرێژی جەستەییان نەبووە ٦٨ (٤١ لە سەد) دەستدرێژیی سێکسییان لێ وەشاوەتەوە. لە کۆی ٦٥ ژن کە پێشینەی دەستدرێژی جەستەییان هەبووە، ٦٢ (٩٥.٤ لە سەد) و لە کۆی ١٦٥ ژن کە پێشینەی دەستدرێژی جەستەییان نەبووە، ٦٨ (٤١لە سەد) دەستدرێژیی سێکسییان ڕاگەیاندووە. لە کۆی ٦٢ پیاو کە پێشینەی توندوتیژی دەروونییان هەبووە، ٥٧ (٩٢لە سەد) و لە کۆی ١٦٨ پیاو کە پێشینەی توندوتیژی دەروونییان نەبووە، ٥٨ (٣٤.٥لە سەد) قوربانیی توندوتیژیی سێکسی بوون. لە کۆی ٦٠ ژن کە پێشینەی توندوتیژی دەروونییان هەبووە، ٥٨ (٩٦.٧لە سەد) و لە ١٧٠ ژن کە پێشینەی توندوتیژی دەروونییان نەبووە، ٧٢ (٤٢.٤) ژن دەستدرێژیی سێکسییان ڕاگەیاندووە. دەتوانین بڵێین لە توندوتیژیی هاوسەرێتیدا، کاتێک توندوتیژییەک ڕاپۆرت دەکرێ، دەبێ چاوەڕوانی جۆرەکانی تری توندوتیژی بین (محمدخانی و هاوکاران، ١٣٨٩ هەتاوی).

هەروەها ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە دەریدەخەن کە ژنانی قوربانی و ناقوربانیی سێکسی زۆرەملێ لە وردەپێوەرەکانی گەڕانەوەی هۆکارێتی (اسناد علیت) بۆ ڕەفتارەکانیان، چاوەڕوانی باشتربوون و توانای هەستپێکراو بۆ گۆڕینی پەیوەندییەکانیان، فەرقیان هەبوو، ئەمەش بەو مانا دێ کە ژنانی قوربانی کێشەکان کەمتر گرێ دەدەنەوە بە ڕەفتاری خۆیان،

توانای خۆیان بۆ گۆڕینی پەیوەندی و هەروەها چاوەڕوانیان بۆ باشترکردنی پەیوەندی، کەمتر لە ژنانی ناقوربانی بەراورد دەکرد. ئەزموونی هێرشی جەستەیی و شەڕانگێزی دەروونی لەگەڵ هەڵکشانی دەستدرێژیی سێکسی بەتایبەت بۆ سەر ژناندا خۆی دەنوێنێت. ژنانی قوربانیی دستدرێژیی سێکسی کێشەکان کەمتر گرێ دەدەنەوە بە ڕەفتاری خۆیان، توانای خۆیان بۆ گۆڕینی پەیوەندی و هەروەها چاوەڕوانیان بۆ باشترکردنی پەیوەندی، کەمتر لە ژنانی ناقوربانی بوو. بە گوێرەی ئەم دەرەنجامانە لە ئەگەری بەرکەوتنی هەر چەشە توندوتیژییەک، ئەگەری بەئەزموونکردنی سێکسی زۆرەملێی بەتایبەت لە ناو ژناندا زۆر دەبێ و ڕوانگەی سەقەت سەبارەت بە هاوسەرێتی (پەیوەندیی ژن و مێردی) ڕۆڵێکی بەرچاو لە دروستبوون و بەردەوامیی توندوتیژیی هاوسەرێتیدا دەبینێت (محمدخانی و هاوکاران، ١٣٨٩ هەتاوی). بە گوێرەی ئەنجامە وەدەستهاتووەکانی توێژینەوەی (جوان جعفری بجنوردی و هاوکاران، ١٣٩٥ هەتاوی) ئەو ژنانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ناو بنەماڵەدا کێشەیان هەیە، چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوەی خێزان زیاتر تووشی دەستدرێژی بوونەتەوە.

- لێکەوتەدۆزیی دەستدرێژیی سێکسی

ئەگەر توندوتیژی و دەستدرێژیی سێکسی تەنها جارێک لە ژیانی کەسێکدا ڕوو بدا، بە ئەگەری زۆر کاریگەریی درێژخایەنی لە سەر ژیانی کەسی دەستدرێژیکراو دەبێت. لە زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکاندا باس لە کاریگەریی و لێکەوتەکانی توندوتیژیی سێکسی لە سەر کەسانی دەستدرێژیکراو کراوە کە لە نێویاندا دەتوانین ئاماژە بە کاریگەریی و لێکەوتەگەلی وەکوو لەدەستدانی متمانەی منداڵ بە دایک و باوک و خێزان، دروستبوونی دڵەڕاوکێ، دروستبوونی ترۆما، دروستبوونی نەخۆشیی سترێسی دوای ترۆما، زیانبەخۆگەیاندن، مەیلی خۆکوشتن، خەمۆکی، تێکچوونی باری کەسایەتی، بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان، هەستکردن بە بێدەسەڵاتی و بێهێزی، دروستبوونی کێشە لەگەڵ ئایدیای دایکایەتی یان تێپەڕین بۆ دایکایەتی و دەروونپەرێشی بکەین.

دەستدرێژیی سێکسیی بۆ سەر مەحارم دایک - منداڵ: ئەم جۆرە دەستدرێژییە زیان بە متمانەی منداڵ دەگەیێنێت. بەو پێیەی کە منداڵان پێویستیان بە سۆز و خۆشەویستیی دایکە و پێیان وابەستەن، ئەم جۆرە دەستدرێژییانە خیانەتێکی دووقات بەرامبەر بەو

منداڵانەیە. فریل (١٩٩٩) پێی وایە دەستدرێژی دەبێتە هۆی ملهوڕی یان هەڕەشە، زیانگەیاندن بە منداڵ و هەروەها متمانەی منداڵ بە دایک و باوک و متمانە و باوەڕی منداڵ بە خانەوادە لە ناو دەبات. بە وتەی هالیبێرن، دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن دایک و باوک و بەتایبەت دایکەوە تڕۆما لەو منداڵەدا بەدی دێنێ چونکە دایک ئەو کەسەیە کە منداڵەکە متمانەی پێکردووە و دەستدرێژی وەک ناپاکییەک بەرامبەر بەو منداڵە لە قەڵەم دەدرێت. پێداچوونەوەیەک بە ئەدەبیاتی بواری دەروونشیکاری دەریدەخا کە تەنیا چەند توێژینەوەیەک لێکۆڵینەوەیان لە سەر پەیوەندیی سێکسی یان دەستدرێژیی نێوان دایک و منداڵ ئەنجام داوە، سەرەڕای ئەوەی ئەم دیاردە نەناسراوە. لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان لە لایەن ژنانەوە زۆر باو بووە، ئەمەش لە لایەن توێژەرانی ئەم بوارەوە باس کراوە. ئەو ڕاستییەی کە منداڵ لە لایەن دایکیەوە دەستدرێژیێ سێکسی دەکرێتە سەر، هەندێ بابەتی تایبەتی بۆ پاشماوەکان دروست کردووە. شەرم و ترس لە باوەڕ پێنەکران کە ژنانی دەستدرێژیکار بەئەزموونی دەکەن، هەستکردن بە ناوازەبوون و دەستنیشاننەکردنی دەستدرێژی بۆ سەر مەحارم لە لایەن پیاوانەوە کێشەی تایبەتی دروست کردووە کە دەبێ لە چارەسەرەکاندا لەبەر چاو بگیرێت. هالیبێرن بە پێداچوونەوە بە ئەدەبیاتی ئەم بوارە ڕووداوی پەیوەست بە دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر مەحارم تاوتوێ دەکا کە لە درێژەدا شرۆڤەیان دەکەین (هالیبرن ، ٢٠١٧).

لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکەدا، ناهیدی و دیتران لێکۆڵینەوەیان لە سەر فرەیی دڵەڕاوکێ لە ناو قوربانیانی دەستدرێژیی سێکسیدا کردووە. کۆمەڵگەی ئاماریی ئەم توێژینەوە ٩٣ ژنی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسییان پشکنیوە کە سەردانی ناوەندە دادپزیشکییەکانی پارێزگای ئیسفەهان کردووە. ئەنجامەکان دەریدەخەن کە هاوپەیوەندییەکی ئەرێنی و مانادار لە نێوان دەستدرێژیی سێکسی و دڵەڕاوکێدا بوونی هەیە بە جۆرێک کە بڵاوبوونەوەی دڵەڕاوکێ لە ناو ئەو کەسانەی کە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەریان مامناوەند بۆ سەرەوە بوو. هەروەها ٦,٥ لە سەدی کەسەکان (٦ کەس) دڵەڕاوکێیان لە ئاستێکی سووک و ٨١,٧ لە سەد (٧٦ کەس) لە ئاستی مامناوەند و ١١,٨ لە سەد لە ئاستی زۆردا ڕاگەیاندووە. لە کۆی ٩ ژێرپێوەرەکانی پەیوەست بە دڵەڕاوکێ، ٥١,٦ لە سەدی یەکە بەرتوێژینەوەکان ئەزموونی ترسی هەمیشەییان لە ئاستێکی یەکجار زۆردا

ڕاگەیاندووە، ٤٩,٥ لە سەد (٤٦ کەس) هەستیان بە دڵەکوتە کردووە، ٣٩,٨ لە سەد (٣٧ کەس) هەستیان بە ترسی لەناکاو و بێهۆ کردووە، لە سەدا ٢٩ (٢٧ کەس) ترس و وەحشەت، ٢٤,٧ لە سەد (٢٣ کەس) کەمتامولّی و ١٧,٢ لە سەد (١٦ کەس) هەستکردن بە نائارامی، ١٢,٩ لە سەد (١٢ کەس) مۆتەکە و ٤,٣ لە سەدی (٤ کەس) قوربانییەکان دڵەخورپەیان هەبوو (ناهیدی و هاوکاران، ١٣٩٥ هەتاوی).

توێژینەوەکان دەریدەخەن کە دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن ژنانەوە زیان بە تەندروستیی جەستەیی و سۆزداریی قوربانییەکە دەگەیێنێ و هاوشێوەی دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن پیاوانەوە توانای کارکردی باشی لە پەیوەندیکردندا تێک بدات. واسق ڕەحیمپوور و هاوکاران بەدواداچوونیان بۆ دۆخی سترێسی دوای ترۆما لە ناو ئەو ژنانەدا کردووە کە بە نیازی سکاڵا لە دژی دەستدرێژیی بۆ سەر ناموسیان سەردانی ناوەندە دادپزیشکییەکانی شاری تارانیان کردووە. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە دەریدەخا کە ڕادەی سترێسی پاش کارەسات (ترۆما) لە ناو قوربانیانی دەستدرێژی بۆ سەر ناموس لە شاری تاران ٦١.٦ لە سەدە، کە ڕێژەیەکی زۆرە (واثق رحیمپور و هاوکاران، ١٣٩٣ هەتاوی). قوربانیانی هەر دوو ڕەگەزەکە دەکەونە ژێر کاریگەری دەروونییە جدییەکانی وەکوو زیانبەخۆگەیاندن، بیر و خەیاڵی خۆکوژی، خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، تێکچوونی باری کەسایەتی و بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان. بە هەمان شێوە منداڵ لەوانەیە بە دوورکەوتنەوە، جیاکردنەوەی هەستەکانی یان ڕاکردن کاردانەوەی خۆی بەرامبەر بە دەستدرێژیی سێکسی پیشان بدات. هەروەها، هەڵهاتنی دەروونی لەوانەیە لە ڕێگەی جیابوونەوەوە ڕوو بدا، هەرچەندە لەوانەیە نیشانەگەلی وەکوو دڵەڕاوکێ، فۆبیا، کێشەی خەو، تێکچوونی خواردن و ڕەفتارە ڕاڕاییەکانیش ڕوو بدەن. قوربانیانی ئەم جۆرە دەستدرێژیانە هەست بە شەرمەزاری و ناوناتۆرەی دووقات دەکەن. هەستکردن بە خیانەت، کە وەک هەستکردن بە تورەیی و بێمتمانەیی دەردەبڕدرێ، ئەنجامی زینا لەگەڵ مەحارمە، کاتێک دەستدرێژیکردنە سەر منداڵەکە لە لایەن دایکی منداڵەکەوە بێ، کاریگەرییە بنەڕەتییەکانی دەبێتە هۆی گرفتی یەکجار زۆری وەکوو سەرهەڵدانی هەستی دابڕان لە دایک، پێویستییەکی لە ڕادەبەدەر بۆ گەڕانەوە بۆ لای دایک بۆ داکۆکیی وجوودی دەگاتە ئەو ئاستەی کە دەتوانێ دەروونپەرێشی لێ بکەوێتەوە.

سەرەڕای هەندێک لە جیاوازییەکان، بەڵام زانیاریی ئەوتۆمان لەمەڕ دەستدرێژی دایک بۆ سەر کچ لە بەردەستدا نییە. هەندێک لە ڕاپۆرتەکان دەریدەخەن کە هەندێک لە کاریگەرییەکانی، هاوشێوەی دەستدرێژیی بۆ سەر مەحارمە. وەکوو دەستدرێژی باوکێک بۆ سەر کچەکەی، هەستی بێدەسەڵاتی و بێهێزی بە هۆی دەستدرێژییەوە تووشی قوربانییەکان دەبێت. ئەمەش بریتییە لە ترس و تۆقانی خەسارهەڵگریی و زەروورەتی هەستپێکراو بۆ کۆنترۆڵ کە ڕەنگە هەندێک جار ببێتە هۆی ئەوەی کە بە دەستدرێژیکار بناسرێتەوە و دەستدرێژی بکاتە سەر دیتران و کەڵکاوەژۆییان لێ بکات. لە ئەنجامی بەدەروونیکردنی دیترهاوێژیی نەرێنیی دەستدرێژیکار و شەرمەزاریی حەتمی کە بە هۆی دەستدرێژییەوە دروست بووە، زۆر جار قوربانییە ژنەکان هەست بە جیاوازی و هەست بە زیانبەرکەوتن و کەموکوڕی دەکەن. کەوتنە بەر دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن ژنانەوە کە کۆمەڵگا ئەو جۆرە دەستدرێژییە بە نائاسایی و ناباو دەزانێ، ئەگەری ناوزڕاندن و شەرمەزاری و تاوانی بە هۆی دەستدرێژی و ئازار زیاتر دەکات. جگە لەوەش ئەو کچانەی کە لە لایەن دایکیانەوە ئازار دراون، کێشەی زۆریان لەگەڵ بیرۆکەی دایکایەتی یان تێپەڕین بۆ دایکایەتی سەبارەت بە منداڵخستنەوە، ترس لە دووبارەبوونەوەی زینای لەگەڵ مەحارم، ترس لە ئاگادارنەبوون لە دایکایەتی و بەدواداچوونی چالاکانە بۆ پشتیوانی و ڕێنمایی لە بواری پەروەردە هەیە، بەڵام ئەوەی کە ئایا جیاوازیگەلێک لە کاریگەرییە ئاشکرا و شاراوەکانی زینا لەگەڵ مەحارمدا هەیە یان نا، هێشتا ڕوون نییە. بە پێچەوانەی ئەو کچانەی کە لە لایەن دایکیانەوە دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەریان، ئەو کوڕانەی کە لە لایەن دایکیانەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەریان زۆر جار هەست بە ئاوارتەبوون و "ناوازەبوون" و تەنانەت "پاشایەتیی جیهان" دەکەن (مارگولیس، ١٩٧٧).

زۆرێک لە کوڕە مێرمنداڵەکان کە لە سەرەتادا دەستدرێژییان بە شتێکی چاک دەزانن، لە ڕووی دەروونییەوە لاواز دەبن و ڕوو لە بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان دەکەن و لە پەیوەندیی سێکسیدا کێشەیان هەیە و زیان بە خۆیان دەگەیێنن. لەم حاڵەتانەدا زۆر جار گەشەی دەروونیی منداڵ دەوەستێت. ئەم منداڵانە تووشی دەروونپەرێشی دەبنەوە. دەروونپەرێشی بریتییە لە لەدەستدانی پەیوەندی لەگەڵ واقیعدا کە کەسەکە لەوەی کە خۆی بگۆڕێ نیگەرانە. نیشانەکانی دیکەی دەروونپەرێشی بریتین لە سەرلێشێواویی شوناس، کێشە لە تێگەیشتن، ئالۆزیی بیر و گۆڕینی ئەزموونەکانی ژیان لەگەڵ کەسانی

دیکە لە جیهاندا. ئەزموونی کەسایەتی‌سڕینەوە و لەدەستدانی پەیوەندیی لەگەڵ واقیعدا لە دەروونپەرێشی و تێکچوونەکاندا باوە. هەروەها لە دەروونپەرێشیدا توانای لەخۆوردبوونەوە و ئاگاداری لە پرۆسە زەینی و سۆزداریيەکانیش لەدەست دەچێت. کەوتنە ناو ئەو ڕووداوانەی کە تڕۆمای لێ دەکەوێتەوە، وەکوو دەستدرێژیی سێکسی پەیوەندی بە دەروونپەرێشییەوە هەیە (هالیبرن، ٢٠١٧: ١٣-٤٠٩).

ئەنتۆفوک و هاوکارانی [٦] لە لێکۆڵینەوەیەکدا بە ناوی "بێزاری بە هۆی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر مەحارم کەسی سێیەم: ڕۆڵی زیندەوەرناسی، ژیانی هاوبەش و پەیوەندییە خێزانییەکان" بە شێوەی ناڕاستەوخۆ باسیان لە لێکەوتە ئەگەرییەکانی توندوتیژیی سێکسی لە شێوەی زینا لەگەڵ مەحارم کردووە. ئەو پێی وایە لە بەرزترین ئاستدا ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانی وەڕەزبوون لە دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر مەحارم پەیوەستە بە تێچووەکانی زاوزێی هاوخوێنییەوە [٧]، لەگەڵ ئەوەشدا سەبارەت بە چۆنیەتیی بێزاریی لە سێکس لەگەڵ مەحارم کە بە هۆکار و لێکەوتەکانی پەیوەست بە گووران و نوقسانیی زیندەوەرناسی و ژنێتیکییەوە پیشان درا زانیارییەکی ئەوتۆمان لە بەردەستدا نییە. بەو پێیەی کە بێزاری وەک هۆکاری کەمبوونەوەی هۆگریی بۆ زینا لەگەڵ مەحارم پێشنیار کراوە، توێژەرانی ئەم توێژینەوە لێکۆڵینەوەیان لە سەر ئەوە کردووە کە چۆن ڕەگەزێتی، پەیوەندیی ژیانی، نیشتەجێبوونی هاوبەش و جۆری پەیوەندیی خێزانیی کەسایەتییەکان کە لە سیناریۆی زینا لەگەڵ مەحارمدا پێناسە کراوە، ناوبژیوانێتی ئەم پەیوەندییە دەکەن. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە دەریدەخا کە ژنان زیاتر لە پیاوان ڕقیان لە زینا لەگەڵ مەحارمە، پێناسە ژیانییەکانی زینا لەگەڵ مەحارم بە بەراورد لەگەڵ پێناسە کۆمەڵایەتی - یاساییەکان، پێناسەکانی زینا لەگەڵ مەحارم لە نێوان ئەندامانی خێزان کە لە یەک شوێندا دەژین بە بەراورد لەگەڵ دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر مەحارم کە جیا لە یەکتر دەژین و پێناسەکانی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر مەحارم لە نێوان دایک و باوک بە بەراورد لەگەڵ دەستدرێژیی سێکسیی بۆ سەر مەحارم لە نێوان خوشک و برا زیاتر بێزاریی لە زینا لەگەڵ مەحارمی لێ دەکەوێتەوە. ئەنجامی ئەم توێژینەوە ئەوەیە کە گۆڕانکاری لە ئاستی بیزاریی لە زینا لەگەڵ مەحارم لەگەڵ گریمانە گوورانییەکان سەبارەت بە دوورکەوتنەوە لە پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ هاوخوێن یەک دەگرێتەوە (انتفوک و دیتران، ٢٠١٢).

- ستراتیژەکانی دەستدرێژیی سێکسی

بەشێکی گرنگی توێژینەوەکانی بواری ئازاردانی سێکسی بۆ لێکدانەوەی ستراتیژەکانی ئازاردانی سێکسی تەرخان کراوە. ستراتیژییە خۆڕاگرییەکانی کەسانی دەستدرێژیکراو و ستراتیژەکانی کەسانی دەستدرێژیکار لەو بابەتانەن کە لە زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکانی ئەم بوارەدا ئاسەواریان بە ڕوونی دەبینرێت. لە درێژەدا هەندێک لەو ستراتیژانە شی دەکەینەوە.

- ستراتیژی دەستدرێژیکراوان

پەنابردن بۆ ئایین یان مەعنەوییەت: ئایین توانیبووی چەند کاردایەک بۆ ئەم کۆمەڵە ژنە ئەنجام بدا بۆ ئەوەی بە سەر کێشەکانیاندا زاڵ بن. ئەم ژنانە ڕایانگەیاند کە ئایین یان کەلیساکەیان لە دروستکردنی تۆڕێکی پشتیوانی لەو کەسانەی کە دەتوانن لەگەڵیاندا لە پەیوەندیدا بن، ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە. ئەم تۆڕە پشتیوانییە کۆمەک و هاوکاری کردبوون کە ئەزموونی دەستدرێژییەکە بە شێوەیەک لێک بدەنەوە کە بتوانن خۆیان لەو سەرکۆنە و هەستی گوناح و تاوانە کە بە هۆی دەستدرێژییەوە ساز بوو، ڕزگار بکەن. هەروەها ئایینداری یان بەئەزموونکردنی مەعنەوییەت ئیمانی پێبەخشیبوون کە درێژە بە ژیان بدەن و مانا بە ژیانیان ببەخشن و ئامانجیان هەبێت. یەکێک لەو ئافرەتانە ئاماژەی بەوەکردبوو کە ئایینەکەی لەم ڕووەوە بۆ ئەو بەسوودە کە هاریکاری دەکا بۆ ئەوەی باوەڕی بەوە هەبێ کە خودا شتێکی باشتر دێنێتە سەر ڕێگای. ژنێکی دیکە وتی "من باوەڕم وایە کە دەتوانین دەرەقەتی ئەو شتانە بێین کە فڕێ دەدرێنە ناو ژیانمان و خوداش بەم شێوە کۆمەکی کردووم". یەکێکی تریان وتی "ئایین هاوکاری کردووە کە باوەڕیان بەوە هەبێ کە سەرەڕای ئەوەی ڕووی داوە، ڕیزیان هەیە". بەشداربوویەکی دیکە وتبووی "باش دەزانم کە ئیمانێکی زۆر قووڵم هەیە، هەر بۆیە دەزانم هیچ شتێک ناتوانێ لە ناوم ببات". دیتران (کەسانی دیکە) وتبوویان ئایینەکەیان یارمەتیان داون کە باوەڕیان بەوە هەبێ کە گرنگن و لە ژیاندا ئامانجیان هەیە، بۆیە ئیمانیان بەوە هەیە کە بە سەر ئەو ئەزموونەدا زاڵ دەبن. (ولنتاین و فیناور، ١٩٩٣).

گرێدانی سرکۆنە بە دەرەوە و جۆرەکانی دیکەی شێوازی گرێدانەوە: ژنان باسیان لەوە کردووە کە بە لایانەوە ئەستەمە کە تێبگەن کە لە منداڵیدا چییان بە سەر هاتووە. هەندێک

دەیانوت ئەم ڕووداوانە بە هیچ شێوەیەک بۆ ئەوان لۆژیکی نەبووە. هەندێکی تریش وتوویانە کە پێیان وایە کەڵکاوەژۆیی سروشتییە و ئەمە ئامرازی دەربڕینی سۆز و خۆشەویستییە. هەندێکی تر هەستیان بەوە دەکرد کە کارەکەیان هەڵەیە، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کات توانیویانە تێبگەن کە ئەوە خەتای ئەوان نەبووە، ئەوان قوربانی بوون و ئەو کەسە (کەسانە) کە دەستدرێژییەکەیان کردووەتە سەریان تاوانبارن. زۆربەی ژنان وتوویانە کە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات زانیویانە کە ئەوانەی دەستدرێژییان دەکردە سەریان "نەخۆش"، "کاربەدەست"، "بەکارهێنەر" و "پێدۆفیلیا/منداڵباز"ن. بەڵام هەندێکیان وتیان لە تەمەنی جەوانی و گەنجێتیدا توانیویانە بزانن کە هیچ پەیوەندییەکیان بەو ڕووداوەوە نییە. ئەوان تەنها سووکایەتییان پێ کرابوو و ئەو کەسانەی کە سووکایەتییان پێ کردوون "شێت" بوون (ولنتاین و فیناور، ١٩٩٣).

ئومێد بۆ داهاتوو: ژنان کۆمەڵێک شێوازی دیکەی گرێدانەوەی سەرنجڕاکێشیان نمایش دەکرد. بۆ نمونە توانیان دۆخەکە ببینن و بەخۆیان بڵێن "ئەمە دەگۆڕێت. ئەمە تا سەر وا نامێنێت. ڕۆژێک دەتوانم لەم ڕووداوە دوور بکەومەوە". ئەوان توانیبوویان داهاتوویەکی بەدوور لە سووکایەتی و دەستدرێژیی سێکسی بۆ خۆیان وێنا بکەن. یەکێک لە ژنەکان وتبووی: "دەمزانی کە ئەم ڕۆژە کۆتایی پێ دێ و دەتوانم قسەی لە سەر بکەم". (ولنتاین و فیناور، ١٩٩٣).

گۆڕینی ڕوانگە: توانایەکی تری ئەم کۆمەڵە ژنە ئەوە بوو کە وا نیشان بدەن کە توانیویانە لە ڕوانگەیەکی تایبەتەوە لەم کەڵکاوەژۆییە بڕوانن. ئەوان لێیان ڕوون بوو کە کەڵکاوەژۆییەکە کاریگەریی لە سەر دانابوون، بەڵام خۆ کاریگەری لە سەر هەموو کارەکانیان دانەناوە. یەکێک لە ژنەکان وتی: "من توانیم کەڵکاوەژۆیی وەک بڕگەیەک لە ژیانم ببینم. وەک پارچە یان لەتێکی خراپ، لەتێکی پیس هاوشێوەی کرمی ناو سێو؛ بەڵام بە تەواوی لە پام ناخات".

ئیمان بە دەسەڵاتی تاکەکەسی و توانای وتنی نەخێر: هەندێک لەو ژنانە ڕایانگەیاندووە کە لە سەرەتای تەمەندا دەسەڵاتی تایبەتیی خۆیان دەستنیشان کردبوو. یەکێک لە ژنەکان وتبووی: "ئاخری تێگەیشتم کە دەتوانم بە باوکم بڵێم نا." یەکێکی تر وتبووی: "دواجار تێگەیشتم کە دەتوانم بڵێم ئیتر بەسە." هەندێکی تر وتبوویان دۆزینەوەی هێزی

تاکەکەسی دواتر لە ژیانیاندا ڕووی داوە و ئەمەش وای کردووە کە داپەڕگەلی وەکوو جێهێشتنی ماڵ و دانانی سنوور و کەمکردنەوەی پەیوەندیی لەگەڵ خەڵک، چوونە کۆلێژ و هتد بگرنە بەر. ئەم سەرچاوەی کۆنترۆڵکردنی دەروونە و هەستکردن بە دەسەڵات لە وتەگەلێکی وەکوو "من باوەڕم وایە خەڵک هەر کارێک کە بیانهەوێ دەتوانن ئەنجامی بدەن ئەگەر خۆیان لە سەری سوور بن" و "ئەوە منم کە بڕیار دەدەم کە لە ژیانمدا چی بکەم" بەردەوام خۆیان پیشان دەدەن. دیتران دەڵێن "زۆر گرنگە کە ڕیسک بکەین، ئەوەی کە ئامانجێکی دەرەکیمان هەبێ و نەک ئەوەی کە ژیان بەڕێ بکەین". زۆرێک لە ژنان وتبوویان "کۆنترۆڵکردنی ژیان یەکێک لەو بڕیارە هەرەگەورانە بوو کە هەتا ئێستا دەرم کردووە". "لە کۆتاییدا دەستم کرد بە گوێگرتن لە دەنگی ناخی خۆم و وەڵامەکانم دەست خست کە یارمەتی دام". پێدەچێت ئەم هەستکردن بە کۆنترۆڵکردن و دەسەڵاتە یارمەتی ژنانی داوە کە لە تافی منداڵیدا لە قوتابخانەدا باش دەربچن و یان بە سەر ترسەکانیاندا زاڵ ببن و لە ڕێگادا سەرکەوتنی بچووک بەدەست بهێنن.

توانای دۆزینەوەی پەیوەندییە پاڵپشتییەکان لە دەرەوەی خانەوادە: بەشداربووانی ئەم توێژینەوە ئاماژەیان بەوە کردووە کە پەیوەندییە پاڵپشتییەکان لە دەرەوەی خێزان لە یارمەتیدانیان بۆ زاڵبوون بە سەر ئەزموونەکانی دەستدرێژیی سێکسی زۆر گرنگ بوون. ئەوان باسیان لەوە کرد کە هاوڕێیەتی و نموونەی کەسە تەندروستەکان و خێزانەکانی دەوروبەریان یارمەتیان داون بۆ ئەوەی هەست بە پشتیوانی بکەن و هەندێ سەرچەشنیان بە مەبەستی ئەنجامدانی کار پێ نیشان داون. ئەوان ئاماژەیان بەوەش کرد کە پاڵپشتیی کەسانی دیکە و هەبوونی کەسێک کە باوەڕ و متمانەیان پێی هەبێ، کۆمەکیان دەکا کە باوەڕیان بە خۆیان هەبێت. ئەم پاڵپشتییانە ڕەگ و ڕیشەیان دەچێتەوە سەر زەمینەگەلی وەکوو قوتابخانە و کڵێساکان کە زۆر جار هاوسەرگیرییەکی باشی لێ کەوتۆتەوە و بە بڕوای ئەم کۆمەڵە ژنە یەکێک لەو بڕیارە هەرەچاکانە بوو کە لە ژیانیاندا دابوویان. یەکێک لەو ژنانە وتی: "پەیوەندیی باش و پاڵپشتی دیتران گرنگترین شت بووە کە هاوکاری کردم کە بە سەر ئەزموونە تاڵەکانی دەستدرێژیی سێکسیدا زاڵ ببم". هەندێکی تر وتیان "هاوسەرگیرییەکەم گرنگترین بڕیاری ژیانم بوو، ئیشکردن گرنگترین کارێک کە هەتا هەنووکە کردوومە" یان "بوونی کەسێک کە باوەڕی پێم هەبێ، هەموو ئەمانە ژیانی منیان گۆڕی" (ولنتاین و فیناور، ١٩٩٣).

بێدەنگی: لەم ستراتیژەدا کەسی قوربانی نە ئەگەری نارەزایەتی دەربڕین و نە ئەگەری دەرچوونی هەیە. هۆکارە سەرەکییەکانی بێدەنگی بریتین لە هیواداربوون بە باشتربوونی دۆخەکە لە داهاتوودا، خەجاڵەت یان شەرمەزاری و ترس لە بەرچاوبوون، بە تاوانبار هەژمارکران، لەدەستدانی کەسی دەستدرێژیکار (باوک یان برا) و ترس لە کردەوەی تۆڵەسەندنەوە (مالجو، ١٣٨٩ هەتاوی).

خۆڕاگری: لە ڕێگەی ئەم ستراتیژەوە کچان هەوڵیان داوە ڕێگری لە دەستدرێژیی سێکسیی پەیتاپەیتا بکەن و هەمیش هەوڵیان داوە خۆیان لە فشاری دووقات بەدوور بگرن. کچان بە شتگەلێکی وەکوو هاوارکردن، دوورکەوتنەوە لە کەسی دەستدرێژیکار، چوونە گەرماو کاتێک دەستدرێژیکار لە ماڵەوە بووە، لە جەرەیان دانانی کەسانی دەوروبەر، قوفڵکردنی ماڵ، دیترهاوێژی و شتی لەو جۆرە خۆڕاگری دەکەن. (مالجو، ١٣٨٩ هەتاوی).

نارەزایەتی: کاردانەوەی نارەزامەندانە لە ناو قوربانییەکاندا کەم بوو، بەڵام بە هۆی درێژخایەنبوونی دەستدرێژیی سێکسی لە هەندێک حاڵەتدا نارەزایەتیان نواندووە. کاتێک قوربانییەکە تۆڕی پشتیوانی بووە، ئەگەری ئەوە زیاتر بووە کە پەنا بۆ تۆڕە پشتیوانییەکەی ببات (مالجو، ١٣٨٩ هەتاوی).

دەرچوون: ئەم ستراتیژە دواییین کاردانەوەی کچان بووە و لە شێوازگەلی وەکوو هەڵاتن لە ماڵ و هاوسەرگیری و خۆکوشتن یان هەوڵدان بۆ خۆکوژیدا خۆی دەرستووە. کاتێک کە کەسی قوربانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بێبەش بێ ئەگەری بەکارهێنانی ئەم ستراتیژە زیاتر دەبێت (مالجو، ١٣٨٩هەتاوی).

خۆگونجاندنی دەروونی: وانگ و هێپنەر[1] لە لێکۆڵینەوەیەکی چۆنایەتیدا، ئەزموونەکانی قوربانیانی کەڵکاوەژۆیی سێکسییان لە ناو منداڵانی تایواندا تاوتوێ کردووە. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە دەریدەخا کە منداڵە دەستدرێژیکراوە چاکبووەکان بە باشترین شێوە لە ڕێگەی پرۆسەیەکی ئاڵۆزی پەیوەندییە دوولایەنەکان (بۆ نموونە هەڵسەنگاندنی خۆی و دیتران) کە لە پەیوەندییەکان و زەمینە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانیان وەکوو بەها فەرهەنگییەکاندا بەدەروونی بوون، وێنا دەکرێن. لە بنەڕەتدا، سەرەڕای ئەوەی لە ناو

1 Wang and Heppner

قوربانیانی منداڵئازاریی سێکسیدا هەندێ هاوبەشی هەیە، بەڵام ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە نیشان دەدەن کە ڕەوتی ڕووبەڕووبوونەوەی زۆر بگۆڕ لە ناو و لە نێوان قوربانیاندا بەدی دەکرێت. ئەوان ئەم مۆدێلەی خوارەوە بۆ ڕەوتی ڕووبەڕووبوونەوە دەخەنە ڕوو. وەک لە مۆدێلەکەدا دەردەکەوێ سێ زەمینەی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، پەیوەندی و خود بە تایبەتمەندییەکانیانەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی کاریگەر دژ بە منداڵئازاری سێکسی و زاڵبوون بە سەر لێکەوتە ئەزموونکراوەکانیدا گرنگە.



وێنەی ژمارە ٢-٤. مۆدێلی پەیوەندی و ژینگەناسیی بەرەنگاربوونەوەی منداڵئازاریی سێکسی (وانگ و هێپنەر؛ ٢٠١١: ٤٠٤)

- ستراتیژییەکانی دەستدرێژیکاران

ستراتیژیی ناچارکردن و توندوتیژی جەستەیی: لەم شێوازەدا، دەستدرێژیکار واتە باوکی کچەکان بە پەنابردن بۆ توندوتیژیی جەستەیی دەستدرێژی دەکەنە سەریان.

ستراتیژی وەسواسی سۆزداری و تۆقاندنی سۆزداری: لەم ستراتیژەدا باوک خۆشەویستیی خۆی بۆ منداڵەکەی بە پەیوەندیی سێکس دەگۆڕێتەوە، بە جۆرێک کە هەندێک لە کچان پێیان وایە تاکە ڕێگە بۆ خۆشەویستبوون لای باوک ئەوەیە کە لە لایەن باوکەوە دەستدرێژیی سێکسی بکرێتە سەریان.

ستراتیژیی ئابووری: لەم ستراتیژەدا دەستدرێژیکار تاکتیکی وەکوو پێدانی پارە و ئاسانکاری بەکار دەهێنێت.

ستراتیژیی فریودەرانە: لەم ستراتیژەدا دەستدرێژیکاران قوربانییەکانیان فریو دەدەن. هەڵبەت ڕەنگە دەستدرێژیکار لە یەک کاتدا چەند ستراتیژی بۆ دەستدرێژی بەکار بهێنێت (مالجو، ١٣٨٩ هەتاوی).

- کۆبەندی و ڕوانینێکی ڕەخنەگرانە لە مەڕ پێشینەی توێژینەوە ئەنجامدراوەکان

خوێندنەوەی توێژینەوەکان لایەنە جیاوازەکانی ئەزموونی چەشنە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژیی سێکسییان بۆ ئێمە ئاشکرا کرد. ئەم توندوتیژییانە دیاردەی جیهانین و تەنها لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا تەسک نابنەوە، هەرچەندە ڕادە و جۆرەکانی توندوتیژی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە. ئەوە منداڵان و ژنانن کە زیاتر دەبنە قوربانیی توندوتیژی، سەرەڕای تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو دەیە بە سەر پەسەندکردنی پەیماننامەی مافەکانی منداڵ و پەیوەستبوونی زۆر وڵات بەم پەیماننامەوە، هێشتا شایەتی ڕێژەیەکی زۆری منداڵئازاری لە سەر ئاستی جیهانین، کوڕان و پیاوان توندوتیژی بەئەزموون دەکەن و لە هەندێک لە حاڵەتەکاندا ژنان وەک دەستدرێژیکار دەردەکەون. بەو پێیەی کە منداڵان کەمتر توانای بەرگریکردنیان لە خۆیانیان هەیە، بێشک بە شێوەی بەرفراوانتر ڕووبەڕووی لێکەوتەکانی دەبنەوە. لێکەوتەکانی ئەم دیاردە بۆ ژنان زۆر زیاترە، تەنانەت لەو حاڵەتانەشدا کە ژنان دەبنە قوربانیی ئەم دیاردە، ڕەنگە بە توندترین شێوە سزا بدرێن، قەتڵی ناموسی ئەم ئیدعایە پشتڕاست دەکاتەوە.

منداڵان و ژنان لایەنێکی بەربڵاو لە توندوتیژیی سێکسی بەئەزموون دەکەن. هەڵبەت ئەزموونی توندوتیژی بە شێوەی یەکسانی لە ناو چینە کۆمەڵایەتییەکاندا دابەش نەکراوە و بە گوێرەی هەندێک تایبەتمەندی وەکوو هەژاری، هەبوونی خێزانی بێسەروسامان و لە کۆمەڵگە یان جڤاکە پیاوسالارییەکاندا، دابەشبوونی هێشوویی هەیە. خوێندنەوەی

توێژینەوە ئەزموونییەکان لەم بوارەدا دەریخست کە پرسی ئازاردانی سێکسی ڕەهەندی جیاوازی لەخۆ گرتووە. دەتوانین ئەم پرسە بە پێی بڵاوبوونەوە، هۆکارەکان، پڕەنسیپەکانی دەستدرێژیکاران و قوربانییەکان، لێکەوتەکانی توندوتیژیی سێکسی، کاردانەوەی کۆمەڵگا بۆ ئەم پرسە، سیستەمی پشتیوانی و چارەسەر، لایەنە یاساییەکان و ڕێگاکانی باشتربوون تاوتوێ بکەین. مەسەلەیەک کە سەبارەت بە توندوتیژیی سێکسی بەتایبەت پەلامار و دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر مەحارم بوونی هەیە ئەوەیە کە لە بەر ئەوەی ئەم دیاردانە لە ناو کۆمەڵگادا بڤە و تابۆن، زۆر جار باس ناکرێن و ئەمەش زیانی زیاتری بۆ قوربانییەکان لێدەکەوێتەوە. لە زۆر حاڵەتدا قوربانییەکان بە هۆی ترسی ناوەنیتکەلێنان و وەرنەگرتنی پشتگیریی کۆمەڵایەتی و یاسایی خۆیان لە ڕاپۆرتکردنی بەدوور دەگرن. هەڵبەت ئەوە تەنها پیاوان نین کە توندوتیژیی سێکسی ئەنجام دەدەن، ژنانیش بەرامبەر بە پیاوان و منداڵان (بە منداڵەکانی خۆشیانەوە) توندوتیژییان لێ دەوەشێتەوە. لە ڕووی هۆکارناسیی هۆکارەکانی تەشەنەسەندنی توندوتیژیی سێکسی ئێمە لایەنێکی بەربڵاو لە هۆکارەکان لە ئاستە جیاوازەکانی وەکوو کۆمەڵگا، جڤاک، خانەوادە، تایبەتمەندییەکانی کەسی دەستدرێژیکار و قوربانی دەبینین. پێویستە ئەوە لە بیر نەکەین کە ڕەنگە هۆکاری جۆرەکانی توندوتیژیی سێکسی جیاواز بن، بەڵام ئەمە بەو مانا نییە کە هیچ هۆکارێکی بنەڕەتی یان گشتی بۆ ڕوونکردنەوەیان لە ئارادا نییە و ئەزقەزا ئەم هۆکارانە هەن و ئامانج لەم بەشەش ئەوەیە کە ئەم هۆکارانە تاوتوێ بکات.

لە سەر ئاستی کەڵان یان لە سەر ئاستی کۆمەڵگادا، چەند هۆکارێک لە خێراکردنی توندوتیژیی سێکسیدا ڕۆڵیان هەیە. بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە خوێندنەوەمان بۆ کردن یەکێک لەو هۆکارانە هەژارییە. هەژاری دەتوانێ لە چەند ڕووەوە ببێتە هۆی توندوتیژیی سێکسی بەرامبەر بە منداڵان. هەژاری لە زۆر حاڵەتدا دەبێتە هۆی منداڵئازاری لە چەشنی پشتگوێخستن؛ واتە خانەوادەکان لە ڕووی دابینکردنی پێداویستییەکانی منداڵەکانیان و پەرەپێدانی تواناکانیان توانای ئەوتۆی سەرمایەدانانیان نییە. لەم پڕۆسەدا تواناکانی منداڵان بە باشی گەشە ناکا و کاتێکیش کە گەورە دەبن ناتوانن لە ڕێگەی پەیوەندیی گونجاوەوە پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا ساز بکەن و بەو پێیەی ئەوانیش هەژارن، هاوسەرگیرییان بۆ نالوێ یان کەناڵە شەرعییەکانی دیکەی تێرکردنی ئارەزووی سێکسییان بۆ دەست ناکەوێ هەر بۆیە لە ڕێگەی توندوتیژییەوە ئەم کارە ئەنجام

دەدەن. هەروەها هەژاری ئاستی هۆشیاری بۆ پەروەردەکردنی دروستی منداڵ لە ناو دایک و باوکاندا کەم دەکاتەوە، لە زۆر حاڵەتدا ڕەنگە دایک و باوکەکان لەوانەیە شێوازی پەروەردەکردنی نەگونجاو و تێکەڵ بە توندوتیژی و ئازاردان بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان بەکار بهێنن. هەروەها منداڵان و ژنانی هەژار دەچنە ناو ئەو کارانەی کە زۆربەیان بەرەو ڕووی مەترسیی توندوتیژیی سێکسی دەبنەوە. کارکردن لە سەر شەقام، میترۆ، فەزای شار، لە ناوچە دوورەدەستەکان، لە کارگەکان، لە کارە نافەرمییەکان، بەکارهێنانی کەرەستەی گواستنەوەی گشتیی و نەشیاو، تێپەڕین بە شوێنە چۆڵ و بێبەرگرییەکان، هەر هەموو ئەو شتانە دەتوانن توندوتیژی بەرامبەر ژنان و منداڵان زیاتر بکەنەوە. هەژاری پەیوەندی بە کاری منداڵانیشەوە هەیە. بە واتایەکی دیکە هەژاری بزوێنەری سەرەکیی کاری منداڵانە. هەروەها منداڵانیش لە کاتی کارکردندا تووشی جۆرەها توندوتیژی وەکوو توندوتیژیی سێکسی هەم لە لایەن هاوکارەکانیان و هەمیش لە لایەن کەسانی دیکە یان شارۆمەندانەوە دەبنەوە. فاکتەرێکی دیکە ژیان لەو گەڕەک و ناوچانەیە کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە نارێکخراون. ئەم ناوچانە بە هەژاری و ناسەقامگیریی نیشتەجێبوون و فەزای نائارام دەناسرێنەوە. ژیان لەم ناوچانەدا کە کۆنترۆڵە کۆمەڵایەتییەکان دارماون و تاکەکان لە ژێر زەختێکی زۆر لەم ماڵانەدا ژیان بە سەر دەبەن، ئەگەری ڕوودانی توندوتیژیی سێکسی وەکوو پەلاماردان و دەستدرێژیی سێکسی زیاتر دەبێت. هەڵبەت پێویستە ئەوەمان لە بیر بێ کە توندوتیژیی سێکسی تەنها لە ناو چینە نزمەکانی کۆمەڵگادا باو نییە و تەنها ئەوان نین کە بەئەزموونی دەکەن، بەڵکوو لە هەموو ئاستە ئابوورییەکاندا بوونی هەیە، بەڵام زیاتر لە ناو هەژاراندا بەئەزموون دەکرێت.

یەکێک لە فاکتەرەکانی دیکەی سەر ئاستی کۆمەڵگا، پیاوسالارییە کە بە ئایدۆلۆژیای جۆراوجۆری وەکوو ئایین پاکانەی بۆ کراوە و درێژەی پێ دراوە. لە کۆمەڵگا پیاوسالارەکاندا ژن و منداڵ مافەکانیان لێ زەوت دەکرێ و ئەوە پیاوانن کە بڕیاریان بۆ دەدەن. بۆ نموونە منداڵهاوسەری و پەیوەندیی سێکسی کە لەم جۆرە هاوسەرگیرییانەدا باوە، جۆرێک لە دەستدرێژیی سێکسییە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە زۆر حاڵەتدا ئەوە دایک و باوک بەتایبەت باوکی ئەم تاقمە منداڵانەن کە بڕیار لە سەر هاوسەرگیرییەکەیان دەدەن. یان لە بواری دەستدرێژیی سێکسی لەگەڵ مەحارم، هەندێک جار پیاوان بە مافی خۆیانی

دەزانن کە دەستدرێژی بکەنە سەر کچەکانیان، چونکە بە مولک یان کەرەستەی خۆیانیان دەزانن. لە حاڵەتەکانی تردا کاتێک ئافرەتان دەچنە ناو پەیوەندیی سێکسییەوە یان تەنانەت دەبنە قوربانیی ئەو پەیوەندییە، لەوانەیە بە توندترین شێوە لە لایەن پیاوانەوە سزا بدرێن، چونکە بەم سزایانە دەیانهەوێ وەج و ئابڕووی لەدەستچووەیان بگەڕێننەوە.

لە سەر ئاستی خێزانیدا فاکتەرگەلی وەکوو خێزانە بێسەروسامانەکان، خێزانە خۆسەپێنەکان، خێزانە گۆشەگیرەکان، ئەو خێزانانەی کە ڕوانگەی هاوسەرێتیی ناتەواویان هەیە هۆکاری خێراتربوونی توندوتیژیی سێکسی یان منداڵئازاریی سێکسین. ئەم توندوتیژیانە هەم لە ناو خانەوادە و هەم لە دەرەوەی خانەوادەدا ڕوو دەدەن. بۆ نموونە لەو بنەماڵانەی وا منداڵ لەگەڵ زڕدایک یان زڕباوکدا دەژین، ئەگەری دەستدرێژی و دیکەی توندوتیژییە سێکسییەکان لە لایەن زڕباوک و زڕدایک زیاترە. هەروەها لە ناو خێزانە بێسەروسامانەکانی وەکوو خێزانە تاکسەرپەرشت، ژنسەرپەرشت، خێزانە پڕحەشیمەتەکان، ئەو خێزانانەی کە منداڵان لەگەڵ زڕباوک و زڕدایکیاندا دەژین، بەو پێیەی کە هەستی وابەستەبوون و پاڵپشتی و چاودێریی کۆمەڵایەتی لەواندا کەمترە، ئەگەری بەئەزموونکردنی توندوتیژیی سێکسی لە ناو ئەندامانی خێزان و دەرەوەی خێزان زیاتر دەبێت. هەروەها لە خێزانە تاکڕەوەکاندا کە پەیوەندییەکی ناهاوسەنگ لە نێوان دایک و باوک و منداڵدا هەیە و هەبوونی وێنای خاوەندارێتی لە ناو پەیوەندیی باوک و منداڵ ئەگەری توندوتیژیی سێکسی، لەوانەش دەستدرێژیی سێکسی زیاتر دەکات.

هەروەها هەندێک تایبەتمەندیی تاکەکەسیی دەستدرێژیکاران و قوربانییەکانیش توندوتیژی خێراتر دەکەنەوە. لە بواری تایبەتمەندییەکانی کەسی دەستدرێژیکار حاڵەتگەلی وەکوو کەم تامووڵی لە ئاست ناکامی، لاوازیی لە کۆنترۆڵکردنی تووڕەیی، نەبوونی توانای هاوسۆزی لەگەڵ ئەندامانی خێزان، شەڕانگێزیی زارەکی و جەستەیی، بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان و کحۆل، هەستکردن بە دڵەڕاوکێ لە کاتی سێکسکردن لەگەڵ گەورەساڵەکان، پێدۆفیلیا یان منداڵبازی، پێشینەی ئازاری سێکسی لە تافی منداڵی و بەدگومانییەکی زۆر بەرامبەر بە ئەندامانی خێزانیان، هۆگریی دژەکۆمەڵایەتی، مەرزی یان سنووری، دەروونپەژارەیی و پارانۆییدی، ئیمپاڵسیڤی سێکسی، تەنهایی و بەکلیشەبوونی ڕۆڵە ڕەگەزییەکان، کەمیی متمانە بە خۆیی، یەکگرتوویی سۆزداری، بەرگیری لە زاوزێ، کێشەکانی خۆڕێکخستن، ئیماڵسیڤ، سەرکوتکردن و کێشەکانی

تەندروستیی دەروون ئاماژەیان پێ کراوە. خاڵی سەرنجڕاکێش سەبارەت بە بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکانە کە لە ئێراندا زۆر باوە. دەتوانین بڵێین بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان لە دوو ڕووەوە دەتوانێ ببێتە هۆی توندوتیژیی سێکسی. یەکەم: کاتێک مرۆڤەکان مادەی هۆشبەری وەکوو شووشە دەکێشن یان خواردنەوە کحولیەکان دەخۆنەوە، لە هەندێک حاڵەتدا کۆنترۆڵی خۆیان لە دەست دەدەن و توندوتیژییان لێ دەوەشێتەوە کە یەکێک لەوانەش توندوتیژیی سێکسییە. هەروەها لە هەندێک حاڵەتدا ئالوودەبووانی مادە هۆشبەرەکان بۆ دابینکردنی مادە هۆشبەرەکان منداڵ و ژنەکانیان دەدەن بە فرۆشیارەکانی مادەی هۆشبەر بۆ ئەوەی کەڵکاوەژۆیی سێکسییان لێ بکەن (بڕوانە سعادتی فر، ١٣٩٨ هەتاوی).

هەندێک تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسیی قوربانییەکان وەکوو کۆچبەربوون، تەمەنی تایبەت (تافی منداڵی و گەنجێتی)، ژنانی خاوەن ئەزموونی دووگیانیی نەخوازراو، ژنانی کەسانی بیرکۆڵ، منداڵانی زەین‌کوێر، ژنانی نەخوێندەوار و ناوشیار بە ئەگەری زۆر توندوتیژیی سێکسی بەئەزموون دەکەن. ئەم کۆمەڵە ژن و منداڵانە لە پێشدا ئەگەری ئەوەی کە بتارێنرێن زۆر زیاترە و دووهەم ئەوەی کە ناتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن و هەر بۆیە ئەگەری بەئەزموون‌کردنی توندوتیژیی سێکسی لە ناویاندا زۆرە.

یەکێکی دیکە لە ڕەهەندەکانی ئەزموونی توندوتیژی ئەو لێکەوتانەیە کە قوربانییەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە. ئەو توێژینەوانەی کە چاومان پێدا خشاندوونەتەوە لێکەوتەگەلی وەکوو: تانە و توانجی کۆمەڵایەتی و تارێنران، بەئەزموون‌کردنی کێشەی دەروونی وەکوو ستریس، دەروون‌پەرێشی، دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، فووبیا، شەڕەنگێزی و کێشە عەسەبییەکان، تێکچوونی باری کەسایەتی، بەدڕفتاریی بەردەوامی دەستدرێژیکراو لەگەڵ منداڵەکانی خۆی، ڕق لە مێرد، هۆگربوون بۆ تەڵاق، بێزاری لە پیاوان، شەرم و ترس لە بڕواپێنەکردن، ملهوڕی یان هەڕەشە، زیانگەیاندن بە منداڵ و بێمتمانەبوونی منداڵ بە دایک و باوک و بنەماڵەکەی، بیر و خەیاڵی خۆکوژی و هەوڵدان بۆ خوکوژی، بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان، ڕاکردن، تێکچوونی خەو، تێکچوونی خواردن و ڕفتاری وەسواسی، هەست‌کردن بە شەرم و ترس، هەست‌کردن بە بێهێزی و بێدەسەڵاتی، هەست‌کردن بەوەی کە دایک و باوک لێک جیا دەبنەوە، پێویستیی زۆر بۆ گەڕانەوە بۆ لای دایک بۆ داکۆکیی وجوودی، خۆئازاریان ڕاگەیاندووە.

هەڵبەت ئەم لێکەوتانە ڕەنگە بە پێی ئەوەی کەسی دەستدرێژیکار و قوربانییەکە کێ بێ، واتە ئایا دەستدرێژیکارەکە پیاوە یان ژنە، باوک یان دایک یان خوشک و برا بێ و قوربانییەکەش منداڵە یان گەورەساڵ، یا کچ یان کوڕ بێ لەوانەیە لە هەندێک حاڵەتدا جیاواز بن. هەندێک لێکۆڵینەوەی دیکە کە لە ئێرانیشدا ئەنجام دراون، لێکەوتەی نەرێنیی جۆراوجۆریان بۆ ئەزموونی توندوتیژی لە لایەن منداڵانەوە خستووەتە ڕوو. لێکەوتەگەلی وەکوو تاوانکاری و ڕاکردن لە ماڵەوە (کارگری، ١٣٨٦ هەتاوی؛ کامرانی فکور، ١٣٨٥ هەتاوی)، خەمۆکی، مانیا (دووجەمسەری)، تێکچوونی ڕەفتار، ئیمپاڵسیڤ، سەرنەکەوتن لە خوێندن، ئالوودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان و کێشەی جگەرەکێشان یان نێرگەلە، تووشبوون بە ئیسترێس و فشاری دوای ڕووداو، هەموو جۆرەکانی تێکچوونی باری کەسایەتی و هتد (رضایی و احمدیان، ١٣٩٣ هەتاوی)، بەکارهێنانی دواتری توندوتیژی (زارع شاەآبادی و نادرپور، ١٣٩٣ هەتاوی)، ناکۆکی هاوسەرێتی (هاوسەرێتی) (امیری مجد و کاکاوند، ١٣٩٧ هەتاوی) دۆخی خراپی ژیان (طالع پسند و صفایی: ١٣٩٢ هەتاوی) گۆشەگیریی کۆمەڵایەتی، هەستکردن بە ڕق و کینە، سووکی، گوناحباری، تورەیی و عەسەبییەت، تەنیایی، خەمباری و خۆسەرکۆنەکردن (واعظی، ١٣٩٥ هەتاوی).

لە کۆتاییدا ڕەهەندێکی دیکەی ئەزموونی توندوتیژیی سێکسی کاردانەوەی تاک و کۆمەڵگا و دامەزراوە پاڵپشتییەکان بەرامبەر بەو ڕووداوەیە. بەڵگەکان دەریانخست ئەو کەسانەی کە خۆڕاگرن و سەرچاوەی خۆڕاگریی زیاتری وەکوو پشتیوانیی کۆمەڵایەتییان هەیە باشتر دەتوانن بە سەر لێکەوتەکانی ئەزموونی توندوتیژیی سێکسیدا زاڵ ببن و بگەڕێنەوە بۆ ژیانی ئاسایی. بە واتایەکی دیکە پاڵپشتییە کۆمەڵایەتییەکان لە شێوەی تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئاستی بەرگەگرتن و خۆڕاگریی تاکەکان زیاد دەکەن. لە زۆر حاڵەتدا کاردانەوەی کۆمەڵگا بەرامبەر بە قوربانییەکە تاراندنیەتی و کەسەکە هەست بە شوورەیی و ئەتکبوون دەکات. بەڵگەکان دەریانخستووە کە چارەسەر و پرۆتۆکۆڵی چارەسەری دروست لەبەردەستی قوربانیانی دەستدرێژیدا نییە و یاساش بە باشی داکۆکی لە قوربانییەکان ناکات. لێکۆڵینەوەکەی ئیروانیان بە باشی کاردانەوەی دامەزراوە یاسادانەر و کۆمەڵایەتییەکانی بەرامبەر بە دەستدرێژیکراوان نیشان داوە (ایروانیان، ١٣٩٨ هەتاوی).

بەشی دووهەم: ئەزموونی ژیاوی منداڵئازاری و توندوتیژیی سێکسی

پێشەکی

دەستدرێژیی سێکسی لە کۆمەڵگا مرۆییەکاندا دیاردەیەکی دێرین و بەرفراوانە. سەرەڕای ئەمەش لێکۆڵینەوە زانستییەکان خۆ لەم دیاردە نادەن. ئەم خۆلێنەدانە بە هۆی نەتوانینی زانست لە لێکدانەوەی ئەم دیاردە نییە بەڵکوو بە هۆی سەختیی دەستڕاگەیشتن بەو نموونانەیە کە ئامادە نین هاوکاریی توێژەرانی ئەم بوارە بکەن. ئەم پرسە تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەریی ئەوەیە کە ئازاری سێکسی دەکا بە "مەیدرکێنە" کە لەقاودانەکەی هەم کەسی ئازاربینراو (دەستدرێژیکراو) و هەمیش دەستدرێژیکار (ئازاردەر) تووشی گیر و گرفت دەکات. وا دیارە پرسی ئازاردانی سێکسی کاکڵێکی سەخت و پتەوی هەیە و بۆ تاوتوێکردنی بنج و بناوانی ئەم پرسە دەبێ لە شێوازە باوەکانی لێکدانەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان هەنگاوێ زێدەتر بچینە پێشەوە. نهێنیبوونی ئەم دیاردە لە ناو کۆمەڵگایەکی نەریتخوازی وەکوو ئێران زۆر زیاترە و هەر لەبەر ئەمەش لێکدانەوەی ئەم پرسە پێویستی بە ڕێوشوێنی شێوازناسیی ئاڵۆزترە. زۆربەی ئەو توێژینەوانەی کە لەم بارەوە ئەنجام دراون، بە هۆی ئەو هۆکارانەی ئاماژەیان پێ کرا، نەیانتوانیوە دەلاقەیەک بەرەو دنیای دەستدرێژیکراوان و دەستدرێژیکاران بکەنەوە. بەڵام ڕادە و قووڵایی ئەو زیانانەی کە دەرەنجامی دەستدرێژیی سێکسین، لە ئاستێکدایە کە ناتوانین هەر وا خەمساردانە چاوپۆشییان لێ بکەین. بەڵام بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردە ئازاربەخشە جۆرە سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی گەرەکە کە لە لایەک بەرامبەر بە فۆرمە جۆراوجۆرەکانی ئەم دیاردە هەستیاریی پێویستی هەبێ و لە لایەکی دیکەشەوە ڕێکاری کاریگەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردە دەستەبەر بکات.

ئەمەش پێویستی بە دارشتنی تیۆرییەکە کە لە سەر بنەمای بەڵگە و داتا ڕاستەقینە و تاقیکراوەکان بێت. ناسینی ئەم دیاردە لە لایەک پێویستی بە بەدەستهێنانی متمانەی دەستدرێژیکراوان و دەستدرێژیکارانە و لە لایەکی دیکەوە پێویستی بە ئاشنابوون لەگەڵ

ئەو تێگەیشتن و واتایانەیە کە لە ئەزموونی ئەم کەسانەدا هەیە. ئەم جۆرە تایبەتمەندییانە لە شێوازی چۆنایەتی و بەتایبەت لە شێوازی توێژینەوەیی گرەندد تیۆرییە کە لە ئێراندا بە تیۆریی زەمینەیی ناسراوە و بە کورتی پێی دەوترێ GT. ئەم توێژینەوە لە سەر ئەم شێوازە دامەزراوە و لە درێژەدا هەوڵ دەدرێ پوختەیەک لەمەڕ ئەدەبیاتی باوی ئەم ئاراستە توێژینەوەییە بخەینە ڕوو. بەو پێیەی کە ئەم توێژینەوە هەڵوەدای خوێندنەوە و دەستنیشانکردنی بوارەکان و لێکەوتە جیاجیاکانی توندوتیژیی سێکسی لە دژی منداڵان و خستنە ڕووی تیۆرییەکی کۆتایی بۆ ئەم مەبەستەیە شێوازناسیی ئەم توێژینەوە لە سەر شێوازی چۆنایەتییە و بە گوێرەی ئەوە بۆ کاروباری توێژینەوە کەڵکی لە شیوازی تیۆریی زەمینەیی یان گرەندد تیۆری وەرگرتووە چونکە ئەم شێوازە بەو تەکنیک و ئامرازانەی کە بۆ توێژەری دابین دەکا، دەتوانێ زۆر بە باشی لێکۆڵینەوە لە سەر بەستێن و بارودۆخی هۆکارێتی، هۆکار، ئەزموون، ڕێکار و لێکەوتەکانی ئەم دیاردە لەم توێژینەوە "توندوتیژیی بەرامبەر بە منداڵان" ئەنجام بدا و لە کۆتاییدا، تیۆری و یان مۆدێلێکی زەمینەیی لەم دیاردە بخاتە ڕوو. هەر بۆیە لەم توێژینەوەدا بۆ کۆکردنەوەی داتاکانی توێژینەوە و خستنە ڕووی تیۆریی کۆتایی سوودمان لە شیوازی زەمینەیی (گرەندد تیۆری) وەرگرت. ئەم شێوازە لە لایەن گلاسێر و شتراوسەوە ناسێنراوە. ئەوان شێواز یان تیۆریی زەمینەییان بە تیۆرییەک پێناسە کرد کە لە داتاکانەوە هەڵجێنرابوو کە بە شێوەی هەمەلایەنە لە کاتی کۆکردنەوە و بەرهەمهێنانی داتاکان وەدەست هات (گلاسر و کوربین ، ١٩٦٨).

لە شێوازی تیۆریی زەمینەییدا، شێوازەکانی کۆکردنەوە، بەرهەمهێنان، شرۆڤە و شیکردنەوەی داتاکان و ئەو تیۆرییانەی کە لە دڵی داتاکانەوە سەرهەڵدەدا پەیوەندییەکی زۆر نزیک و فرەلایەنەیان پێکەوە هەیە، بۆ نموونە هەر چەندە کۆکردنەوە و بەرهەمهێنان و شرۆڤە و شیکردنەوەی داتاکان لە قۆناغی یەکەمدایە بەڵام دوای بونیادنانی تیۆرییەکە دەتوانین دووبارە داتاکان کۆ بکەینەوە بۆ ئەوەی تیۆرییەکە بەهێز و پێز بێت. وەک ئیمان وتوویەتی، لەم ئاراستەدا توێژەر هەڵوەدای سازکردنی تیۆری لە کاتی خوێندنەوەی ئەو ڕاپەڕێنەرانەیە کە لە پرۆسە و کارلێکە هاوشێوەکاندا بەشدارن. ئەوەی لە پرۆسەی بونیادنانی تیۆرییەک سەبارەت بە دیاردە یان بابەتی بەرلێکۆڵینەوە ئەنجام دەدرێ، "جۆرێک ئەنجامگرتن و هەڵێنجاندنی پرۆسەیەکی ڕوون و دیاریکراوە" کە سەرنجی توێژەری بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە (ایمان، ١٣٩٧هەتاوی: ٣٢-٣٣١).

نموونەگیری و قەبارەی نموونە لە توێژینەوە چۆنایەتییەکان لەو پرسە مشتومڕاوییانەن کە هێشتا باسیان لێ دەکرێت. سەرباری ئەمە زۆر کەس پێیان وایە کە ئامانجی نمونەگیری لە توێژینەوە چۆنایەتییەکاندا تێگەیشتن لە دیاردەی بەرتوێژینەوە بێ (برنز و گرو، ١٤٠٠هەتاوی). نەک گشتێنراوەکان. بەگشتی، ئەنجامەکانی توێژینەوەی چۆنایەتی لە ڕێگەی پرۆسە ئامارییەکانەوە بەدەست ناهێنرێن و ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە چوارچێوەی تیۆریی پێشوەختە دیاریکراو و گریمانەیەکی پشت پێبەستوویان نییە. بە هۆی بچووکیی قەبارەی سووژە بەرتوێژینەوەکان، ئەنجامەکان بە هیچ شێوەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی گەورەتر ناگشتێنرێت (صادقی فسایی، ١٣٩٣ الف). لە توێژینەوەی چۆنایەتیدا، لۆژیکی نمونەگیری لۆژیکی چۆنایەتییە و لە سەر بنەمای یاسای دڵنیابوونی تیۆریک بۆ دیاریکردنی قەبارەی نموونە، لە توێژینەوە چۆنایەتییەکانە.

بۆ تێگەیشتنی دەروونی لە دیاردەیەکی تایبەت شێوازی نمونەگیری بە ئەنقەست یان ئامانجدار بەکار دەهێنرێت (بورنز ، ٢٠٠٠). وەک پاتن (١٩٩٠) دەڵێ: لۆژیک و هێزی نمونەگیریی ئامانجدار لە سەر بنەمای هەڵبژاردنی ئەو حاڵەتانە دامەزراوە کە لە سۆنگەی زانیارییەوە بۆ لێکۆڵینەوە قووڵەکان دەوڵەمەند و گرنگن (ل. ١٦٩). بە پێی پلیکینگ هۆرن (١٩٨٩) مەرجی یەکەم بۆ هەڵبژاردنی بەشداربوویەک لە توێژینەوەیەکی چۆنایەتیدا ئەوەیە کە بەشداربوو بابەتی بەرلێکۆڵینەوەی بەئەزموون کردبێت. مەرجی دووەم ئەوەیە کە ئەم کەسە بتوانێ وەسفێکی بەهێز و وردی ئەزموونەکەی خۆی بکات. بۆ گەیشتن بە خاڵێک کە دەرخەری تەواویی نمونەکە بێ توێژەرانی چۆنایەتی یاسای دڵنیابوونی تیۆری بەکار دەهێنن. دڵنیابوونی تیۆری خاڵێک لە توێژینەوە چۆنایەتییەکانە کە تەواوی و پوختەیی داتا کۆکراوەکان بۆ شیکردنەوە و خستنە ڕووی ڕاپۆرتی کۆتایی پیشان دەدات. دڵنیابوون کاتێک ڕوو دەدا کە گفتوگۆکردن لەگەڵ نمونە نوێکان هیچ شتێک بە زانستی توێژەر سەبارەت بەو دیاردەی کە لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکا زیاد نەکا و بە واتایەکی تر پشکنینی تەواو بۆ داتاکان کرابێت.

شرۆڤەی داتا چۆنایەتییەکان لە ڕێگەی کۆدینگی داتاکانەوە ئەنجام دەدرێت. دوای جێبەجێکردنی دەقی دیمانە ئەنجامدراوەکان، توێژەران بە وردی تاوتوێیان بۆ دەکەن و دواتر دەست دەکەن بە کۆدینگکردن. کۆدینگکردن بە سێ قۆناغ ئەنجام دەدرێت؛ کۆدینگی کراوە، کۆدینگی تەوەری و کۆدینگی هەڵبژێردراو.

کۆدینگی کراوە: کۆدینگی کراوە واتە شکاندنەوەی داتاکان بۆ یەکەیەکی ماناداری جیا و گۆڕینیان بۆ چەمک و ناوگەلێک کە لە سەر بنەمای لێکچوون و لێکنەچوونیان لەگەڵ ئەو چەمک و ناوانەیە کە بە داتاکانی دیکە دەدرێت. ناونان و بەچەمک کردنی داتاکان یەکەم هەنگاوی کۆدینگی کراوەیە (استراوس و کربین، ١٣٩٢ هەتاوی، لاپەڕەی ٦٣). چەمکەکان توخمە سازێنەرەکانی تیۆریی بنەڕەتین. بە شێوەی گشتی لە کۆدینگی کراوەدا مەبەست ئەوەیە کە داتا و دیاردەکان لە بیچمی چەمکدا دەربکەون. واتە لە پێشدا داتاکان لێک جیا دەکاتەوە، دێڕەکان لە سەر بنەمای یەکە ماناداراەکان پۆلێنبەندی دەکرێن بۆ ئەوەی چەمکەکان پێیان زیاد ببن (فلیک، ١٣٨٧ هەتاوی، ل ٣٣٠). کۆدینگی کراوە پرۆسەیەکی شیکارییە کە لە ڕێگەی ئەوەوە چەمکەکان دەستنیشان دەکرێن و تایبەتمەندی و ڕەهەندەکانیان لە ناو داتاکاندا دەدۆزرێتەوە (لی، ٢٠٠١، ٤٩). لەم قۆناغەدا، تیۆریدارێژیی داتابونیاد، لە ڕێگەی دابەشکردنی زانیارییەکان بیچم بە وتەزا سەرەکییەکانی زانیاری لەمەڕ دیاردەی بەرلێکۆڵینەوە دەدات. توێژەر وتەزاکان لە سەر هەموو داتا کۆکراوەکانی وەکوو دیمانە، تێبینی و ڕووداوەکان یان یادداشتە خۆبونیادەکان دادەنێت (کریسول، ٢٠٠٥، ل ٣٩٧ هەتاوی).

کۆدینگی تەوەری: کۆدینگی تەوەری بریتییە لە پرۆسەی لکاندنی وتەزا لاوەکییەکان بە وتەزا سەرەکییەکان. لە ڕاستیدا بە دیاریکردنی چەمک و وتەزاکان، قۆناغی کۆدینگی کراوە کۆتایی پێ دێت. لەم قۆناغەدا توێژەر دەبێ ئەو "وتەزا"یانەی کە لە ڕێگەی کۆدینگی کراوەوە وەدەست هاتوون بخاتە ناو تەکووزییەکی لۆژیکییەوە و پەیوەندییەکانی ئەوان پێکەوە دیاری بکا، بە واتایەکی تر ئەو داتایانەی کە بوونەتە چەمک و وتەزاکان لە کۆدینگی تەوەریدا دەبێ بە شێوەیەکی نوێ پێکەوە پەیوەندییان هەبێت. ئەم کارە بە کەڵکوەرگرتن لە مۆدێلێکی پارادایماتیک کە بریتییە لە "بارودۆخی هۆکاری"، "دیاردە"، "زەمینە"، "بارودۆخی دەستێوەردان"، "لێکەوتەکان" ئەنجام دراوە (استراوس و کربین، ١٣٩٢ هەتاوی، ل ١٠٠). ئەم کۆدینگە، لەبەر ئەم هۆکارە پێی دەڵێن "تەوەری" چونکە کۆدینگەکە لە دەوری "تەوەر"ی وتەزایەکدا بەدی دێت (لی، ٢٠٠١، ل ٤٩). لەم قۆناغەدا، وتەزاکان، تایبەتمەندییەکان و ئەو ڕەهەندانەی کە بەرهەمی کۆدینگی کراوەن کۆ دەکرێنەوە و دەخرێنە شوێنی خۆیان بۆ ئەوەی زانستێکی ڕوو لە هەڵکشان سەبارەت بە پەیوەندییەکان دروست ببێت (لی، ٢٠٠١، ل ٤٩).

کۆدینگی هەڵبژێردراو: کۆدینگی هەڵبژێردراو بە گوێرەی لێکدانەوەی شتراوس و کۆربین هەر ئەوەیە کە گلایسەر بە "سەرهەڵدانی تیۆری" لێکی دەداتەوە. کۆدینگی هەڵبژێردراو لە سەر بنەمای ئەنجامی کۆدینگی کراوە و کۆدینگی تەوەری قۆناغی سەرەکیی تیۆریزەکردنە. واتە وتەزای تەوەری بە شێوەی سیستماتیک بە وتەزاکانی دیکە گرێ دەداتەوە لە چوارچێوەی گێڕانەوەیەکدا ئەو پەیوەندییانە دەخاتە ڕوو و ئەو وتەزایانەی کە پێویستیان باشترکردن و گەشەی زیاترە، چاک دەکات.

لە هەموو توێژینەوەکاندا، بە توێژینەوە چۆنایەتییەکانیشەوە، گرنگیدان بە ئەخلاق لە توێژینەوەدا یەکێک لە پرسە گرنگەکانە. پەیڕەونامە ئەخلاقییەکان بە مەبەستی ڕێکخستنی پەیوەندیی توێژەران لەگەڵ کەسەکان و ئەو بوارانەی کە بە نیازن لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکەن، دارێژراون. بنەماکانی ئەخلاقی توێژینەوە ئەم پرسیارە دەورووژێنن کە ئایا توێژەران لە پرۆسەی توێژینەوەدا بە ڕێزگرتن و گرنگیدان بە پێداویستی و هۆگری و بەرژەوەندییەکانی بەشداربووان خۆیان لە زیانگەیاندن بەوان بەدوور گرتووە یان نا؟ ئەم پەیڕەونامە ئەخلاقییانە باس لەوە دەکەن کە توێژینەوەکە دەبێ لە سەر بنەمای ڕەزامەندیی ئاگادارانە بێ (بەشداربووان دەبێ بە پشتبەستن بەو زانیارییانەی کە توێژەر پێشکەشی کردوون ڕازی بە بەشداریکردن لە توێژینەوەکە بدەن). هەروەها مەرجی ئەوەی داناوە کە توێژینەوە دەبێ خۆی لە زیانگەیاندن بە بەشداربووان بەدوور بگرێت. ئەم بنەمایە بریتییە لە خۆباردن لە پێشێلکردنی سنووری تایبەتییان و فریودانیان سەبارەت بە ئامانجەکانی توێژینەوە (فلیک، ١٣٩١ هەتاوی). لە گرنگترین بنەما ئەخلاقییەکان کە لەم لێکۆڵینەوەدا بوونە سەرچەشنی کار، دەتوانین ئاماژە بەمانەی خوارەوە بکەین:

سەرپێچینەکردن و دوورکەوتنەوە لە زیانگەیاندن لە کاتی کۆکردنەوەی داتاکاندا: توێژەران دەبێ خۆیان لە زیانگەیاندن بە بەشداربووان بەدوور بگرن. بۆ ئەم مەبەستە لە دیمانەکاندا هەر کاتێک بەردیمانەکان لە پرسیارەکاندا هەستیان بە جارزی کرد و نەیانویست وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە، پرسیارەکەی بە بێوەڵام دەهێشتەوە و دەچوو سەر پرسیاری دواتر؛ ئەگەر بەردیمانە گەرەکی نەبوو درێژە بە دیمانە بدا، لە ئەگەری ڕوونکردنەوەی کەسی بەردیمانە و قانع نەبوون، دیمانەکار لە درێژەدان بە دیمانە خۆی دەبوارد.

سەرپشکی یا سەربەخۆیی: دەبێ ڕێز لە بەها و بڕیاری بەشداربووان بگیرێت. بۆ ئەم مەبەستە دیمانەکان بە جۆرێک ئەنجام دران کە هیچ ئاراستەیەکی بەها و نۆرمەکان لە دیمانەکاندا بوونی نەبوو و لە هەمبەر هەر چەشنە تیۆرییەک لە لایەن کەسی بەردیمانەوە، دیمانەکار ئەوەندەی بۆی دەلوا بە ئەرکی خۆی دەزانی هیچ کاردانەوەیەک لە ڕووی نۆرم و بەهاوە لە خۆی پیشان نەدات.

دادپەروەری: پێویستە لەگەڵ هەموو تاکەکان بە یەکسانی هەڵسوکەوت بکرێت: لەم لێکۆڵینەوەدا هەموو بەردیمانەکان لە ڕوانگەی توێژەرەوە شکۆ و ڕێزی هاوشێوەیان هەبوو و دیمانە هەموو هەوڵێکی خۆی خستە ڕوو بۆ ئەوەی ڕێز لە شان و شکۆ و مافی کەسانی بەردیمانە بگرێ و لە کاتی دیمانەدا زیانیان پێنەگەیەنێ و ڕەزامەندیی هەموو بەردیمانەکان وەدەست بێنێ و بەم شێوە هەوڵ درا کە نادادپەروەری ڕوو نەدات.

شان و شکۆ و مافی بەشداربووان: پاراستنی شان و شکۆ و مافی بەشداربووان بەستراوەتەوە بە ڕەزامەندیی ئەوانەوە، بەو ڕەزامەندییەی کە لە ڕێگەی پێدانی زانیاریی پێویست و بە شێوەی خۆبەخشانە بەدەست هاتبێت. جگە لەوەش پێویستە توێژەران ئەوە دەستەبەر بکەن کە ناسنامەی بەشداربووان بە تەواوی بە نهێنی دەمێنێتەوە و زانیارییەکانی ئەوان تەنیا بە شێوەیەک بەکار دەهێنرێن کە کەسانی دیکە نەتوانن بیانناسنەوە و هیچ دامەزراوەیەک ئەو زانیارییانە لە دژی بەرژەوەندییەکانی بەشداربووان بەکار نەهێنێت. هەر لەو پێوەندییەدا، لە سەرەتای دیمانەکەدا، دیمانەکار سەبارەت بە نهێنیپارێزی و ئاشکرانەکردنی زانیارییەکانی کەسانی بەردیمانە ڕوونکردنەوەی داوە و بە ڕەزامەندیی کەسانی بەردیمانە دەنگیان تۆمار کراوە. بە واتایەکی تر، هەر کاتێک ئەوان نەیانویستبا دەنگیان تۆمار بکرێ، دیمانەکار دەنگەکەی تۆمار نەدەکرد و تەنها دیمانەکەی یادداشت دەکرد.

ڕەزامەندیی ئاگادارانە: بە قبووڵکردنی بنەمای ڕەزامەندیی ئاگادارانە وەک پێشمەرجی بەشداریکردنی بەشداربووان لە توێژینەوەکەدا، پێویستە ئەوە بڵێین کە بە ڕەزامەندیی ئاگادارانەوە دیمانە لەگەڵ بەردیمانەکان کراوە.

کۆمەڵێک لە ژێر کاریگەریی وتە سەرەتاییەکانی گلایزەر و ستراوس (١٩٦٧)دا پێیان وایە کە لە توێژینەوە چۆنایەتییەکاندا پێویست ناکا پێداچوونەوە بە بەرهەمەکاندا بکرێ و

تەنانەت جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێویستە لە توێژینەوەی چۆنایەتیدا خۆمان لەم جۆرە کارانە بەدوور بگرین. دامەزرێنەرانی تیۆریی زەمینەیی دواتر بە چاکسازی لە ئیدیعاکانیان لەم بوارەدا دانیان پێدا نا کە بۆ تێگەیشتنێکی وردتر لە بابەتەکە دەبێ کەڵک لە ئەدەبیاتی تەکنیکی و ناتەکنیکیش وەربگیرێ، چونکە ئەوان لە بەرهەمهێنانی مۆدێلێکی زەمینەیی و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوە یارمەتی توێژەریان داوە (استراس و کوربین، ١٣٩٢ هەتاوی: ١٥٣). دوای ئەوە پێداچوونەوە بە بابەتی توێژینەوە ئاستی هەستیاریی توێژەر بەرز دەکاتەوە کە ئەمە کۆمەک و هاوکاریی توێژەر دەکا کە بە کۆکردنەوەی کۆمەڵێ چەمکی هەستیار کە هەڵقەڵاوی پێداچوونەوە بە بەرهەمەکانن، بە شێوازێکی ئامانجدار زانیارییەکان کۆ بکاتەوە. ئەم توێژینەوە بەم ئاراستەوە ئەدەبیاتی پەیوەست بە ئازاردانی سێکسی و شێوازەکانی لێکۆڵینەوە تاوتوێ کردووە.

بەو پێیەی کە لە توێژینەوەی چۆنایەتیدا ئامانجی سەرەکیی خوێندنەوەی بەرهەمەکان بۆ ئەوەیە توێژەر تووشی هەستیاریی تیۆری بکا و لە ئەنجامدا توێژەر زانیاریی پەیوەست بە ئامانجی توێژینەوە دەست بخا، کەواتە ئامانجی ئەم توێژینەوەش لە خوێندنەوەی پێناسە و نموونە و ڕوونکردنەوە و تێبینییەکانی توندوتیژیی سێکسی، ئەوە نییە کە پێناسەیەکی گشتگیر و چوارچێوەیەکی تیۆری و چوارچێوەیەکی چەمکیی تێر و تەسەل بخاتە ڕوو بەڵکوو بە نیازە لەو چوارچێوە چەمکییەی کە لە پێناسە و تیۆرییەکاندا وەدەست هێنراوە، هەستیاریی تیۆری دروست بکات. توێژینەوەی چۆنایەتی، پابەندی پێداچوونەوەی گشتگیر بە ئەدەبیاتی بەرتوێژینەوەی خۆشی نییە چونکە بە گوێرەی پێشنیارە شێوازناسییەکان، پێداچوونەوە بە ئەدەبیاتی توێژینەوەی چۆنایەتی تەنیا هەتا ئەو شوێنە بەردەوامە کە زۆربوونی هەستیاریی تیۆریی توێژەری لێ بکەوێتەوە. بە بڕوای زینۆبیا و هاوکارانی، پێویستە لێکدانەوەی ئەدەبیاتی مەسەلەکە ئەوەندە بەردەوام بێ وێڕای بزواندنی ئەنگێزە بۆ درێژەدان بە کار، هەلی پاساوهێنانەوە بۆ پلانی توێژینەوەیی بۆ ئێمە دابین بکات (کرمانی، ١٣٩٧ هەتاوی: ٨١). هەروەها سترابێرت و کارپێنتەر (١٣٩٢ هەتاوی) ئیدعا دەکەن کە توێژینەوە چۆنایەتییەکان بەگشتی بە پێداچوونەوەی فراوان بە سەرچاوەکان دەست پێ ناکرێن. بەرهەمی بەرهەستی پێداچوونەوەی ئەدەبیات لە توێژینەوەیەکی GT بریتییە لە دەستخستنی کۆمەڵێک ئامرازی تیۆریی هەستیار، کە پێیان دەوترێ چەمکی هەستیار.

بەڵام کۆمەڵگەی بەرسەرنجی ئەم توێژینەوە هەموو ئەو کەسانەن کە لە سەردەمی منداڵیدا جۆرەکانی دەستدرێژیی سێکسییان بەئەزموون کردبوو؛ واتە ئەو کەسانەی کە لە تەمەنی کەمتر لە ١٨ ساڵی تووشی دەستدرێژیی سێکسی هاتبوون. قەبارەی نموونە یان ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەم لێکۆڵینەوەدا دیمانەیان لەگەڵ کرا ٤٥٢ کەس بوو. شێوازی نموونەگیری بە شێوازی تۆپەڵە بەفری و ئامانجدار بوو. واتە پاش دیمانە لەگەڵ کۆمەڵێک لە دەستدرێژیکراوان یان شارەزایانی ئەم بوارە داوایان لێ دەکرا کە ئەگەر کەسانێک دەناسن کە ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسییان هەیە و یان لەم بوارەدا زانست و پسپۆڕییان هەیە بۆ دیمانە بیانناسێنن. هەروەها کەڵکمان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ژووری گفتوگۆ (Chawt Room) وەرگرت بۆ ئەوەی کەسانی دەستدرێژیکراو بدۆزرێنەوە و دیمانەیان لەگەڵدا بکرێت. و لەم توێژینەوەدا بۆ پاراستنی سنووری تایبەت هەرگیز ناوی تەواو و ڕاستەقینەی کەسانی بەردیمانە و پێی داخوازیی خۆیان زانیاریی سەبارەت بە شارەزایانمان نەهێناوە و لە هەندێ حاڵەتدا ناوەکانمان گۆڕی. بە بەکارهێنانی شێوازی نموونەگیریی ئامانجدار، هەندێک لەو کەسانەی کە ئەزموون یان زانستی تایبەتیان هەبوو، سوودمان لێ وەرگرتن. بۆ نموونە پیاوان یان کوڕان بە هۆی غروورییانەوە کەمتر پێیان خۆشە لەم بارەوە دیمانە بکەن و ئەزموونەکانیان بگێڕنەوە، هەر بۆیە هەوڵمان دا بە کەڵکوەرگرتن لە شێوازی نموونەگیریی ئامانجدار لەگەڵ کۆمەڵێ لەوانە قسە بکەین کە لە تافی منداڵیدا ئەزموونی دەستدرێژییان بووە.

بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوە، تەکنیکی دیمانەی نیمچەپێکهاتەیی بە کار هێنرا و بۆ شیکاریی داتاکان توێژەر دەبێ لە پێشدا بە جێبەجێکردنی دیمانەکان و خوێندنەوەی وردیان تێدەکۆشێ کە بە تێروتەسەلی لێیان تێبگات. بۆ شیکردنەوەی داتاکان پرۆسەی کۆدینگی شتراوس و کۆربینمان بەکار هێنا. بەم شێوە بە کۆدینگ دەق دەست پێدەکا؛ کۆدینگ واتە ناولێنان لە دەقی دیمانە کە بریتییە لە سێ قۆناغی کۆدینگی کراوە، تەوەری و بژاردەیی؛ بەگشتی هەنگاوی یەکەم کۆدینگی کراوەیە واتە دەقی دیمانەکە ناوی لێ نراوە؛ لە هەنگاوی دواتردا هەموو ئەو ناو یان وتەزایانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان هاوشێوەن لە دەوری تەوەرێک کۆ بوونەتەوە. بۆ گەیشتن بەم مەبەستە لە یەکەم دیمانەوە دەستی پێ کردووە و ناوی لە چەمکەکانی دیمانە ناوە؛ دوای ئەوەی چەندین دیمانە بەم شێوە ناویان لێ نرا یان کۆدینگی کراوە کران، وتەزاکان بۆ

کۆدینگی تەوەری ئامادە بوون، لەم قۆناغەدا دەتوانین بڵێین وتەزا سەرەکییەکان دەستنیشان کران. وەک ستراوس و کۆربین باسیان کردووە، ئەم پرۆسەی شیکارییە بە شیوەی ئیستقرایە و وتەزا و چەمکەکانی توێژینەوە لە ئۆبژەییەوە بۆ سووژەیی یان لە پاژەوە بۆ کۆ بیچم دەگرێت (استراس و کوربین، ١٣٩٣ هەتاوی).

ئەو لێکۆڵینەوە و تیۆریانەی کە لەم توێژینەوەدا خوێندنەوەیان بۆ کراوە دەریانخستووە کە لە ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا وەکوو ئاستی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و خانەوادە هۆکاری جیاواز هەن کە دەبنە هۆی ئەوەی تاکەکان توندوتیژییان لێ بووەشێتەوە. هەروەها هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی قوربانییەکان وایان لێدەکا زیاتر بەر توندوتیژی بکەون. تێڕامان لە ئەدەبیاتی توندوتیژیی سێکسی ئەوە نیشان دەدا کە لە گەڕانی توێژینەوەکەماندا دەبێ لە کۆی داتای چۆنایەتییەکاندا بە دوای چ نیشانە و سەرەداوێکدا بگەڕێین. یان ڕابردووان لە کام ڕوانگە و لە ڕێگەی کام چەمکەوە، بە دوای داتادا گەڕاون. ئەم ئامرازانە کە پێیان دەوترێ چەمکی هەستیار، لەم گەڕانە توێژینەوەییەدا ڕێنیشاندەرمان دەبن. لەم خشتەی خوارەوەدا، گرنگترین چەمکە هەستیارە شیاوە بەکارهێنانەکانی ئەم توێژینەوە بە پێی هەندێ لە تایبەتمەندییەکانیان جیا کراونەتەوە:

کۆمەڵگا	گەڕەک	خانەوادە	نێوان تاکایەتی (پەیوەندی)	تاکی دەستدرێژیکار	تاکی قوربانی
- پیاوسالاری - نۆرمەکانی نایەکسانیی ڕەگەزێتی - یاسا نایەکسانەکان و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان کە پشتیوانی توندوتیژی دەکەن. - نۆرمە سێکسییەکان کە پشتگیری لە باڵادەستیی پیاو و مافی سێکسیی ئەو دەکەن. - یاسا و سیاسەتە لاوازەکانی قەدەغەکردن و سزادانی توندوتیژیی سێکسی. - یاسا و سیاسەتە لاوازەکانی پشتیوانی	- پاڵپشتینەکردن لە دایکان - هەژاری، کە بە هۆی جۆرەکانی قەیرانی ناسنامەی پیاوانە و نەبوونی دەرفەت ڕۆڵی ناوبژیوان دەگێڕێت. - نەبوونی پاڵپشتی دامەزراوەیی لە لایەن پۆلیس و سیستەمی دادوەرییەوە - مداراکردن لە بەرامبەر توندوتیژیی سێکسی لە ناو کۆمەڵگادا - سزادانی لاوازی کۆمەڵگا بەرامبەر بە ئەنجامدەرانی توندوتیژیی سێکسی	- خێزانی پڕحەشیمەت - خێزانە بێ‌سەروسامانەکان (ناکۆکی و تێکچوونی پەیوەندیی خانەوادەیی) - خێزانە تاک‌سەرپەرشتەکان یان ئەو خێزانانەی کە منداڵان لەگەڵ زەڕدایک و زەڕباوکیاندا دەژین - ڕێگەنەدان بە دەستێوەردانی دامەزراوەکانی دیکە بە هۆی پاراستنی سنووری تایبەتمەندی - هاوسەرگیریی نەشیاو	- ڕفێقایەتی لەگەڵ هاوتەمەنەکان کە لە ڕووی سێکسییەوە شەڕانگێز و تاوانبارن - ژیان لە ژینگەیەکی خێزانی کە توندوتیژی تێدایە و سەرچاوەی کەمە - پەیوەندیی پیاوسالارانەی زۆر لە ناو ژینگەی خێزاندا - کەمیی پاڵپشتی سۆزداری لە ناو ژینگەی خێزاندا -گرنگی شان و شکۆی خێزان بۆ تەندروستی و ئاسایشی قوربانی	- بەهرە بۆماوەییەکان - تێکچوونی باری کەسایەتی - خۆکۆنترۆڵیی کەم - خۆشەیدای - بەکارهێنانی کحۆل و مادەی هۆشبەر - خەیاڵی سێکسیی ناچاری و ڕوانگە و بیر و باوەڕەکانی تر کە پشتگیری لە توندوتیژیی سێکسی دەکەن - حەزکردن لە پەیوەندیی سێکسیی ناتاکەکەسی - دژایەتیکردنی ئافرەتان - پێشینەی دەستدرێژیی	- جۆری چالاکییەکانی ڕۆژانە - بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر و خواردنەوە کحۆلییەکان - هەژار - گەنج - هەبوونی پێشینەی توندوتیژی وەک دەستدرێژیی سێکسی - لەشفرۆشی - ڕاپۆرتنەکردنی ئەزموونی توندوتیژی - ژنانی خاوەن ئەزموونی زکپڕیی نەخوازراو

له یەکسانیی رِەگەزێتی - ئاستی بەرزی تاوان و جۆرەکانی تری توندوتیژی - کەمبایەخیی کاری ئافرەتان - نەبوونی دەرفەتی رِەوا بۆ تێرکردنی ئارەزووە سێکسییەکانی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا - فشارە ئابوورییەکان			- نەبوونی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی	سێکسی لە تافی منداڵیدا - شایەتحاڵی توندوتیژیی سێکسی - بێبەشبوونی سێکسی - کەمتامووڵی و بەرگەنەگرتن لە هەمبەر ناکامی، - کێشە لە کۆنترۆڵکردنی تورِەیی - تێکچوونی توانای هاوسۆزیکردن لەگەڵ ئەندامانی خێزان - پێدۆفیلیا یان منداڵبازی - هەبوونی مەیلی دژە کۆمەڵایەتی، سنووری، دەروونپەرێشی و پارانۆییدی، - ئیمپاڵسیڤییەتی سێکسی، تەنیایی و کلیشەکانی رِۆڵی سێکسی، خۆبەکەمزانین، کێشەی تەندروستیی دەروونی	- منداڵانی بەرهەمی دووگیانیی نەخوازراو - ژنانی بیرکۆڵ - منداڵانی نیفیشکانی زەینی کە کێشەی فێربوونیان هەیە. -ژنانی نەخوێندەوار کە ئاستی هۆشیارییان کەمە.

خشتەی ژمارە ٢-٩ چەمکە هەستیارەکانی توێژینەوە

جۆرناسیی دەستدرێژیی سێکسی بۆ منداڵان

- جۆرەکانی دەستدرێژی

لە بەشی پێشوودا سەبارەت بە جۆرەکانی دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان چەندین پۆلێنبەندی خرایە رِوو. دەستدرێژی و ئازاردان بیچمی جیاوازی هەیە و ئێمە پۆلی جیاوازی ئازار و لایەنێکی بەربڵاوی لێ بەدی دەکەین. بەم پێیە دەتوانین ئازاردانەکان لە سێ پۆلی سەرەکیدا کورت بکەینەوە. پۆلێکیان ئەوانە دەگرێتەوە کە دخوولیان تێدایە وەکوو دەستدرێژیی سێکسی، دەستەکەی دیکە ئەو دەستدرێژی و ئازارانەن کە منداڵان گیرۆدەی چالاکیی سێکسی دەکەن بەڵام دخوولیان تێدا نییە لەم پۆلەدا ئازارگەلی وەکوو خۆرِەحەتکردن، ماچکردن، ماڵین و دەستدان لە ئەندامە سێکسییەکان. لە کۆتاییدا

دەستەی سێیەم ئەو منداڵانەن کە بە شێوەی ناڕاستەوخۆی دەستدرێژی دەکرێتە سەریان وەکوو بیستن یان بینینی پەیوەندیی سێکسیی دایک و باوک، یان پەیوەندیی سێکسیی دایک و باوکیان لەگەڵ کەسانی دیکە لە شێوەی خیانەت یان هەر جۆرە پەیوەندییەکی تر.

لەم بەشەی خوارەوەدا ئاماژە بەو جۆرە دەستدرێژی و ئازاردانە سێکسییانە دەکەین کە لەم توێژینەوەدا لە ڕێگەی ئەزموونی بەردیمانەکان دەستنیشان کراون. بەر لە گەڵاڵەکردنیان دەبێ بڵێین کە کۆمەڵێک لە بەردیمانەکان ئەوانە بوون کە لە تافی منداڵیدا دەستدرێژی کرابووە سەریان و گروپێکی دیکەشیان پسپۆڕان و بگێڕەوەکانی ئەم بوارە بوون. جۆرە دەستنیشانکراونی ئەم توێژینەوە بریتی بوون لە: دەستدرێژیکردن لە لایەن مەحارمەوە، دخوولی واژەنی یان کۆم، سێکسی دەمی لە جۆری دخوول، پەلاماری سێکسی، نەوازشکردن، پەنجە تێخزاندن، بینینی پەیوەندیی سێکسیی دایک و باوک و کەسانی دیکە، بینینی خۆڕەحەتکردنی کەسانی دیکە، دەستلێدانی بە نیازی خراپ، ناچارکردن بە سەیرکردنی فیلمی پۆرنۆ، پۆرنۆگرافی، پەیوەندیی سێکسی لە شێوەی منداڵهاوسەری، پێداماڵینی ئەندامە سێکسییەکان، دانانی ئەندامی سێکسی لە سەر ئەندامە سێکسییەکانی منداڵ وەکوو لە سەر قاچەکانی، عەورەت دەرخستن، دەست لێدان، دەستدرێژیی سێکسی لە شێوەی فرۆشتن، ماچکردن و ڕووتکردنەوە. هەڵبەت پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە لە هەندێک حاڵەتدا منداڵ بە شێوەی هاوکات ڕێژەیەکی جیاوازی ئەم دەستدرێژیانە بەئەزموون دەکات. هەروەها لایەنی دەستدرێژی دەتوانێ لە نەوازشکردن و دەستلێدانەوە دەست پێ بکا و دواجار بگاتە دەستدرێژیی سێکسی. بە گوێرەی ئەو پۆلێنبەندییانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا ئەزموونەکانی منداڵان لەم حاڵەتەدا شی دەکرێنەوە. لە سەرەتای لایەنەکەدا، ئێمە ڕووبەڕووی دەستدرێژیی سێکسی دەبینەوە، دەستدرێژیی سێکسی دەتوانێ لە لایەن کەسانی مەحرەم یان هەر کەسێکی دیکەوە بێت. جۆرێکی تری پەیوەندیی سێکسی کە دەستدرێژی لە چەشنی منداڵهاوسەرییە.



چارتی ژمارە ٣-١. دابەشبوونی وەڵامدەرەکان بە پێی ئەزموونی دخوولی دەم، کۆم یان واژەن لە لایەن گەورەساڵان

یاریدەدەرێکی کۆمەڵایەتی و چالاکێکی بواری خەسارە کۆمەڵایەتییەکان سەبارەت بە یەکێک لە کۆمەکخوازەکانی خۆی کە بە هۆی کێشەیەکی بواری پەیوەندیی ژن و مێردییەوە هاتۆتە لای، دەڵێ:

یەکەم کەس کە دەستدرێژی کردۆتە سەر کچی خاڵۆی باوکی بووە، واتە هاوڕەگەزی خۆی وەک پەرستار هاتۆتە لای دایکی ئەم کچە، بەڵام لەگەڵ کچەکەدا پەیوەندیی سێکسی ساز کردووە و ئازاری داوە، بۆ نموونە پێی وتووە دەبێ ئەوێم بخۆی یان دەیوت سووکی پێمەوە دەنا یان لەبەر چاوی من کە پۆلی چوار و پێنجی قوتابخانە بووم خۆی ڕەحەت دەکرد. ئەو خاڵۆزایەی باوکی خۆی ڕەحەت دەکرد و دواتر دەهات ئەمیشی ڕەحەت دەکرد، خۆی دەڵێ ئەوسا بۆم دەرکەوت کە ئەم خۆڕەحەتکردنە چەندە چێژبەخشە.

حاڵەتەکەی سەرەوە سەرەتا لە لایەن یەکەم دەستدرێژیکارەوە بوو کە ئافرەت بوو کە لێکەوتە دەروونییەکانی و نیشانە ڕەفتارییەکانی لە منداڵەکەدا خۆی نواندووە و پاشان دەستدرێژیکاری دووەم کە کوڕە پووری دایکی بووە بووە کە وەک مامۆستای تایبەت سێکسی لەگەڵ کردووە کە ئەمە تێکەڵ بە چێژ بووە و بە شێوەیەک بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی منداڵەکە ئەنجام دراوە و گرنگترین بابەت ئەوەیە کە ئەم پەیوەندییە سێکسییە لە ساڵانی مێرمنداڵیی کچەکە و هاوکات لەگەڵ وشیاریی سێکسی ئەنجام دراوە. مێرمنداڵی قۆناغی گواستنەوە لە منداڵییەوە بۆ گەورەساڵییە و ئەمڕۆش لە کۆمەڵگای

ئێراندا بەو پێیەی کە هۆشیاری سەبارەت بە قۆناغی مێرمنداڵی (یان نەوجەوانی) زۆر سنووردارە؛ ئەم قۆناغە تەمەنییە ڕووبەڕووی بەدتێگەیشتن و نارِوونی دەبێتەوە، یەکێک لەو بەدتێنەگەیشتنانە ئەوەیە کە دایک و باوک سنووری نێوان تافی منداڵی و هەڕەتی مێرمنداڵی ناناسن. دوابەدوای ئەوە مێرمنداڵ ڕووبەڕووی کێشەی شوناس و هەست و سۆزی نەرێنی وەکوو ترس، توڕەیی، دڵەڕاوکێ، نەبوونی متمانە و ئاسایش و هتد دەبێتەوە کە ئەمەش بە هۆی ئەو ژینگە کارلێکییەیە کە بەئەزموونی دەکات. دەستدرێژیی سێکسی لەم قۆناغەدا دەتوانێ زۆر خەساربەخشتر بێ و ببێتە هۆی بەردەوامبوون و زیاتربوونی ئەو پرس و هەستانە و بە جۆرێک لەم قۆناغە کە هەم لە ڕووی تاکەکەسی و هەم لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە نارِوونە کاسایەتیی ئەم مێرمنداڵە سەقامگیر ببێ و نەهێڵێ بەرەو قۆناغەکانی دواتر و گەشەسەندنی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی خۆی هەنگاو بنێت.

لەم بەشەدا کۆمەڵێک گێڕانەوە و ئەزموونی ئەم جۆرە دەستدرێژییانە تاوتوێ دەکرێن. پسپۆڕێک بە ناوی کورتکراوەی خاتوو ب وتی:

حاڵەتی دووەم ڕاپۆرتکردنی کچێکی تەمەن ٧ ساڵە کە دایکی ڕاپۆرت لە سەر ئەم کچە دەدات. باوکەکە لە تەمەنی یەک ساڵ و نیودا بە نیازی سێکسی دەستی لێداوە. باوکەکە دەستی لە ئەندامی سێکسیی منداڵەکە دەدا.

لەم ڕاپۆرتەدا چەند خاڵێک زۆر بە باشی زەق بۆتەوە. یەکەم ئەوەی کە منداڵەکە ماوەیەکی زۆر لە لایەن باوکیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر. کەواتە هاوشێوەی هەندێک حاڵەتی دیکە، ئەگەری ئەوە هەیە کە ماوەی پەیوەندیی لەو دەستدرێژییانەی کە لە لایەن مەحارمەوە ڕووی داوە زیاتر بێت. خاڵی دووەم ئەوەیە کە ڕەنگە منداڵان لە یەک کاتدا چەندین جۆری ئازار و دەستدرێژی بەئەزموون بکەن. بەو پێیەی کە ئەم منداڵانە ڕاهێنانی سیکسییان بەئەزموون نەکردووە و هەندێکیان لە گەڕەکە هەژارەکاندا دەژین، ڕەنگە ئەم خولەی ئازاردان بە درێژایی نەوەکاندا دووبارە ببێتەوە.

خاتوو ح، یاریدەدەری کۆمەڵایەتی دەڵێ:

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر کچێکی تەمەن ١٩ ساڵ کە هەوڵی خۆکوشتنی دا و تا قۆناغی ئەنجامدانیشی چوو کاتێک قسەم لەگەڵ دەکرد و تاقیکردنەوەکەم پڕ دەکردەوە؛ لێم پرسی: بووە خانەوادەکەت دەستت لێ بدەن؟ بە دڵەڕاوکێیەکەوە وتی: چۆن

دەستلێدانێک؟! وتی: باوکم زۆر لە باوەشم دەکا، لە هەندێک شوێندا وەک دایکم لێم دەڕوانێ، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ڕەنگە لە هەندێک جار ڕووی دابێ یان دەستی لێ درابێت.

یاریدەدەرێکی کۆمەڵایەتی ڕاپۆرتی دوو حاڵەتی بەم شێوە گێڕاوە:

حاڵەتی دووەم ژنێکی تەمەن ٢٥ ساڵ بوو کە دەیگوت من هەمیشە لە کووچە و کۆڵان بووم و پێکەوە یاریمان زەکرد و لەم شتانە. پیاوێکی دراوسێیان لە باوەشی گرتووە و دەستی لە ئەندامە سێکسیی ئەو داوە و ئەویش لەو کاتەدا هەستی بە گێژی کردووە و وتی نەمدەزانی لەو کاتەدا چیم دەکرد. بەم شێوە دەستی لێداوە و وتی دواتر تێگەیشتم کە ئەمە ئەبیووزە (دەستدرێژیکارە).

یەکێک لەو کەسانەی کە دەستدرێژی کراوەتە سەر وتی:

هیچ دخوولێک لە ئارادا نەبوو، بەڵام باشم لە بیرە پیاوێکی هاوسێمان منی بردە ماڵی خۆیان و توند منی بە خۆیەوە گووشی، هێشتا دەنگی هەناسەواریيەکەم لە گوێمدا دەزرینگێتەوە و دەستی لە ئەندامی سێکسیم دەدا.

نێرگز وتی:

نەخێر تەنها دەستلێدان و سەیرکردن بوو. من خەوتبووم. ڕووداوەکە دەگێڕیتەوە؟ لە خەودا بووم کە بینیم جلەکەم لە پشتەوە داکێشراوەتەوە خوارەوە و مامم بە سەرمدا لاخێز بووە و هیچ ڕووی نەدا.

هەروەها خاتوو ج ز ئەزموونی چەند حاڵەتێکی دەستدرێژی بەم شێوە باس دەکا:

بۆ نمونە خاڵۆم خەوتبوو، بەڵام لەگەڵ براکەمدا نەخەوتبوو، دەیوت چاوەکانت بنووقێنە و منیش بۆنێکی تایبەت لە بن باغەڵییەوە دەهات بە لوتمدا، وەختێک باڵق بووم هەستم بەو بۆنە کرد بە لامەوە ئاشنا بوو و وەک شتێک وەبیرم دەهاتەوە. ئەندامی زاوزێیان بە ئەندامی زاوزێمەوە دەنا. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا بۆم دووبارە ببێتەوە و ئەوە دەستدرێژیی سێکسی بوو، بۆ نموونە لەگەڵ کەسێکدا چبووم بۆ بینینی،

بەڵام کاتێک پەلاماری دام هێزی ئەوەم نەبوو بڵێم مەکە، سەرەتاکەی بەرەنگاری دەبوومەوە، بەڵام نەمتوانی بەرگری لە خۆم بکەم.

لەیلا تەمەن ٤١ ساڵ کە فەرمانبەرە و دەڵێ:

دوکاندارەکە گەڕاوە و پێی وتم کچم وتم بەڵێ. وتی بڕۆ سەرەوە و ئەو شتەم بۆ بێنە خوارەوە. منی خستە سەر ئەندامی سێکسی (ئەنجامی زاوزێی) و هەڵبەز و دابەزی پێ دەکردم. من ئەوسا نەمدەفامی بەڵام کە ئێستا بیری لێ دەکەمەوە دەزانم ئەوە خۆی بە من دەحەساندەوە.

لە کۆتاییدا دواین دەستە ئەو دەستدێژییانەن کە منداڵ ڕاستەوخۆ تێوەی ناگلێ، لێرەدا مەبەست لە ڕاستەوخۆ ئەوەیە کە لە ڕووی جەستەییەوە بەشداری ئەو دەستدرێژییە سێکسییە نابێ، هەرچەندە ئەم جۆرە دەستدرێژییانە دەتوانێ لێکەوتەی دەروونی زۆر لە سەر منداڵەکە لە پاش خۆی بە جێ بێڵێت. لەم دەستە دوو جۆر دەستدرێژی هەیە: سەیرکردنی سێکسی کەسانی دیکە بە هەر شێوەیەک و فیلمی پۆرن و بەکارهێنانی منداڵ بۆ پۆرنۆگرافی. لەم بەشەشدا کۆمەڵێک گێڕانەوە شی دەکەینەوە.

خاتوو ب وتی:

دایک هەمیشە لە بەر چاوی منداڵەکەیدا ڕەفتاری لە خشتەبەرانە و ئەو جۆرە ڕەفتارانەی کە حەشەرین ئەنجام دەدا، بە دڵنیاییەوە منداڵ پەیتا پەیتا خۆڕەحەتکردنی دایکی دیوە و هەروەها پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێ هاوڕەگەزەکەیدا واتە دایکی لەگەڵ هاوڕێ هاوڕەگەزەکەی پەیوەندی هەبوو و لە کۆتاییدا دەبێتە دۆستی پیاوێک، کابرا دێنێتە ژوورەوە، ئەم هەڵسوکەوتانە هەمووی لە بەر چاوی ئەو منداڵە ڕووی داوە.

فاتمە تەمەن ٢٦ ساڵ، یاریدەدەریی کۆمەڵایەتیی گەرمخانە، وتی:

دایکم ئالوودە بوو لەشفرۆش دەکرد. و من هەندێ دیمەنم لە دایکم بینیوە، یەکیان ئەوە بوو کە لەگەڵ چەند کەس سێکسی دەکرد.

خاتوو میم، دەروونناس خەڵکی شاری سنە وتی:

ئەو حاڵەتانەی من خۆم لە بەر دەستمدا بوو، منالێکی ٦ ساڵان هەبوو، کاتێک دەهاتە باخچەی ساوایان، بۆی دەگێڕاینەوە کە شایەتحاڵی سێکسکردنی باپیر و داپیرەی بووە. ئەمە جۆرێک لە ئازاردانی سێکسییە و ئەویش نەیدەتوانی پاساو بۆ هاوارەکانی داپیرەی بێنێتەوە کە ئەم ناڵە و نرکانەی لەبەر چی بووە.

خاتوو ف دیسانەوە دەگێڕێتەوە:

ژن بوو و لە تەمەنی شەش حەوت ساڵیدا لە لایەن دوو کوڕی دراوسێیانەوە کە لە نزیک ئەوان دەژیان ئازار درابوو و ئەو دوو کوڕە لە تەمەنی باڵقبووندا بوون، نزیکەی ساڵێک دەستیان لە لەشی دەدا و تەنانەت پێی وتم کە دوو ساڵە میشکی گیرۆدە کردووە ئەوەیە کە دەستی لێدراوە، هەمیشە دەست لە لەشی دراوە.

خاتوو مێعمار تەمەن ٣٣ ساڵە دەڵێ:

باوکم تەلەڤیزیۆنەکەی بە داگیرساوی دەهێشتەوە هەتا بەرەبەیان هەتا خەوی لێدەکەوت، دواتر من لە ناکاو لە خەو هەڵدەستام یان خۆی بێدار بوو دەمبینی کە چ دیمەنگەلێک سەیر دەکات. ئینجا لە زەینی خۆمدا نەدەچوومە قوتابخانە، لە خەو هەڵدەستام.

مامۆستایەکی پیاو تەمەن ٥٠ ساڵ دەڵێ:

جارێکیان کاتی جەنگ بوو و هەموومان لە ژوورێکدا دەژیاین، نیوەشەو بوو کە بە دەنگی ناڵە و نرکەی دایکم و سرتە سرتی باوکم لە خەو هەڵسام. پێم وا تەمەنم لە ناو هەشت ساڵ بوو و گوێم لێ بوو کە دایکم لەبەر ئێش دەیناڵاند و دەیوت بەسە ئیتر یان دەیوت ئێشی دێ، باوکم دەیوت "دەی هیچ نییە" و بەردەوام دەبوو. ئەوەی دەگوزەرا زۆر بە لامەوە سەیر بوو بۆچی باوکم کە لەگەڵ دایکم زۆر میهرەبان و نەرم و نیان بوو کەچی ئاوا هەراسانی دەکرد؟ لەگەڵ یەکتردا دەمەقاڵەیان دەبوو و دەنگیان بەرز و نزم دەبوو و ناڵە و نرکەیان دەهات و من نەمدەزانی ناڵەی ئێشە یان چێژە. منیش گێژ و وڕ دەبووم ئیتر ئەوانیش دەخەوتن، بەڵام کە ڕۆژ دەبووەوە سەیرم دەکردن و دەمبینی نێوانیان ئاساییە. ساڵێک دواتر نیوەڕۆ بوو پێکەوە سێکسیان دەکرد کە دەرگای ژوورەکەیانم کردەوە و سەرم وشک بوو باوکم هیچی نەگوت، بەڵام دایکم خێرا چووە دەرەوە و منیش خۆم لە گەوجی دا هەر چەندە سەرم لەمانە دەرنەدەچوو بەڵام دەمزانی جارێکی تر هەمان ئەو ناڵە و نرکانە دووبار

دەکەنەوە. کە تەمەنم گەورە بوو، ناڵە و نرکەی ناو فیلمە پۆرنەکانم دەبیست هەم پێم خۆش بوو و هەم لێیان بێزار بووم، تەنانەت داوام لە هاوبەشە سێکسییەکانم دەکرد هەمان شت بکەن و هەمان ئەو ناڵە و نرکانە دووبارە بکەنەوە. ئایا پێت وایە ئەمە شتێکی ئاساییە؟ من وای بۆ ناچم.

کاتێک منداڵان و مێرمنداڵان بەرکەوتنیان لەگەڵ وێنە و ڤیدیۆ پۆرنەکان دەبێ، بە ئەگەری زۆر تووشی باڵقبوونی پێشوەختە دەبن، ئەم پرسە مەترسی بۆ ئەم منداڵانە ساز دەکا و زەمینە بۆ ڕەفتاری سێکسیی پێشوەختە، ورووژانی خراپی بە هۆی گۆڕانکارییە جەستەییەکان و تەنانەت تارێنران لە لایەن هاوتەمەنەکان خۆش دەکات. سەیرکردنی فیلمی پۆرن لەوانەیە مێرمنداڵ بۆ بەئەزموونکردنی سێکس دنە بدا و ببێتە هۆی ئەوەی بچێتە ناو پەیوەندییە سێسکییە مەترسیدارەکانەوە کە لە ڕووی جەستەیی و دەروونی و یاساییەوە زۆر خەسارەتبەخشە. هەموو بەرهەمە پۆرنۆگرافییەکان وێنەیەک لە پەیوەندییە سێکسییەکان بە بینەر پیشان دەدەن کە زیادەڕەوی و درۆیە و تاک بەم وێنە هەڵە و زێدەڕۆیانەوە پەروەردە دەبێ و وەک سەرچەشنی دروستی سێکسی قبووڵی دەکا، ئەم مێرمنداڵە بەم وێنە هەڵەوە دەچێتە ناو ژیان و پەیوەندییەکی سێسکیی ڕاستەقینەوە و ئەم دووانە زۆر لێکدژن ژیانی ڕاستەقینە و زەینییەتی ناڕاستەقینەی تێکەڵ بە فانتاسیای سێکسیی سەیر و سەمەر و دەستنەکەوتووە و لێرەدایە کە تاکەکان لە پەیوەندیی سێکسیدا تووشی کێشەی زۆر دەبنەوە. لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا کە ئاماژەمان پێکردن تاک لە تەمەنی منداڵی و ئەو کاتەی کە هێشتا لەگەل پانتای پەیوەندییە سێکسییەکان ئاشنا نییە و ڕاهێنانی نەبینیوە تەنانەت ناڵە و نرکەی ئەم پەیوەندییە سێکسییە ناناسێ و بە لایەوە سەیر و نارِوونە، وێنەیەک لە پەیوەندییە سێکسییەکان وەک ڕاستییەک لە زەینیدا ساز دەبێ کە ئەم وێنە بەرسازکراوی ئەزموونی ژیاوی منداڵییەتی. ئەم بەرسازە زەینییە لەگەڵ واقیعی پەیوەندییە سێکسییەکان کە دواتر لە قۆناغەکانی گەشەکردندا و لە پرۆسەی کۆمەڵگاگریدا لە لایەن دامەزراوەکانەوە پێی دەناسێنرێ یان ئەوەی وەک پەیوەندیی سێکسیی ئاسایی و باو لە لایەن فەرهەنگی کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێران ناسراوە، یەک ناگرێتەوە و بە جۆرێ لە جۆرەکان دەستکاری کراوە. ئەم لێکدژییە دەتوانێ لێکەوتەی زۆری لێ بکەوێتەوە کە ئەمە لە ناکۆکییە دەروونییەکانی تاکەوە بگرە تا دەگاتە دابەشبوونییە دووانەییەکان (کەسی ئاسایی و نائاسایی، تەندروست و لادەری سێکسی،

هاوڕەگەزخواز و ناهاوڕەگەزخواز و هتد) کە لە لایەن خودی کۆمەڵگاوە دیاری دەکرێ، لە خۆ دەگرێت. ئەم پۆلبەندییە دوانەییانە کە تێیاندا، تاک ناوەنیتکەی وەکوو نانۆڕم، لادەر و هاوڕەگەزخواز و ... لە کۆڵ ناوە و وەک کەسێک دێتە بەرچاو کە بە باوەڕی کۆمەڵگا و فەرهەنگ پەیوەندی و فانتاسیای نائاسایی سێکسی هەیە و وەک میکانیزمی تارێنراوی ئیش دەکەن کە لە ڕێگەی ئەوانەوە دەتارێنرێن و پانتای ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ تێکەڵبوون و توانەوەی ئەم کەسانە تەسک دەبێتەوە. لە ئێستادا دەروونناسان و دەروونپزیشکانی بواری سێکس‌تراپی و خانەوادە دەتوانن بێ‌ژوماری و فرەیی ئەم کەسانەمان پێ بڵێن کە بە هۆی گوتاری پزیشکییەوە وەک نەخۆش لە قەڵەم دەدرێن. هەروەها لە پەیوەندییە سێکسییەکانی نێوان هاوسەرەکاندا کە داخوازیی تاکەکان لە سەر بنەمای ئەم بەرسازە زەینییانە لە شێوەی فانتاسیا سێکسییەکاندا خۆی دەنوێنێ، هیچ ئەنجامێکی نییە جگە لەوەی ئارەزووەکان بە نائاسایی لە قەڵەم دەدرێن و پەیوەندییەکە ڕووبەڕووی چالنج دەبێتەوە. کە لە بواری خەسارناسیی خانەوادەدا شیاوی بەدواداچوون و لێکدانەوەیە. خاڵێکی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە پرۆسەیەک لێرەدا دەتوانین ببینین کە لەم پرۆسەدا ئەوەی لە لایەن کۆمەڵگا و لە ژینگەی کۆمەڵگاگریی سەقەت و ناکارامەدا دروست دەبێ واتە دیاردەی زەینی لادەر، لە کاتێکی دیکەدا لە لایەن هەمان ئەو کۆمەڵگاوە ناوناتۆرەی لێ دەدرێ و سزا دەدرێ و بەو پێیەی کە زانست لە پێناو شەرعییەت‌بەخشین بەم دابەشکارییە دووفاقەییە هاوکاریی دەسەڵات دەکا، ئەم پرۆسەی دەسەڵات – زانستە هەمیشە بەردەوام دەبێت.

خاتوو میم ج، چالاکوانی کۆمەڵایەتی بەم شێوە دەگێڕێتەوە:

دایک و باوکی منداڵەکە بە تاوانی فرۆشتنی مادەی هۆشبەر لە زیندان بوون، منداڵەکەش لە لای داپیرەی بوو کە سێکسی دەکرد و شایەتحاڵی هاتوچۆی بێژوماری پیاوان بوو و دەنگی پەیوەندییەکانی دەبیست، داپیرە ژوورەکەی بە پەردەیەک بۆ دوو بەش دابەش کردبوو . تەواوی قسە و کەڵکەڵەی منداڵەکە ئەوە بوو کە هەرچی زووتر گەورە بم بۆ ئەوەی نەهێڵم ئەم پیاوانە بەم شێوە ئەشکەنجە و ئازاری داپیرەم بدەن.

خاتوو ح یاریدەدەری کۆمەڵایەتی لە ڕێکخراوێکی خێرخوازی ڕایگەیاندووە:

لە شوێنە جیاوازەکاندا ئەمە ڕووی داوە، کچێک دەهاتە ئێرە کە باوکی لە تەمەنی ٨ بۆ ٢٢ ساڵییەوە دەستدرێژیی سێکسی دەکردە سەری. لە ماڵێکدا کە ژووری نوستنیشی تێدا نەبوو و باوکی ئەم کچەش پەردەیەکی لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دانابوو و خوشکی بچووکتری ئەم کچە شایەتحاڵی ئەم ڕووداوە بووە.

ئەوەی لە ئەزموونەکانی سەرەوە دەتوانین لێی تێبگەین ئەوەیە کە ئازاردان لە تەمەنی منداڵی و مێرمنداڵیدا دیاردەی منداڵی و مێرمنداڵی سەرکوت دەکا و لەو قۆناغە تەمەنییەدا کە داهێنان و مێرخاسی لە خۆ دەگرێ، ئەم ئەزموونانە هەستی چەوساوەبوون و بێدەسەڵاتی دروست دەکەن. لە ئاخاوتن و زمانی کەسانی بەردیمانەدا نیشانەکانی دەربڕینی ئەم بێتوانایە لەم دوو قۆناغە تەمەنییەدا بەدی دەکرێت. زەینی بەرسازکراوی منداڵ و مێرمنداڵی دەستدرێژیکراو، دان بە بێتوانایی و بێدەسەڵاتیی خۆیاندا دەنێ و لە لایەکی دیکەوە تێپەڕین لە قۆناغی منداڵی و مێرمنداڵییەوە بۆ هەڕەتی گەورەساڵی وەک دەرفەتێک بۆ بەهێزکردن و میکانیزمێکی قەرەبووکردنەوە دەبینێت. لە کاتێکدا ئەم هەستی بێدەسەڵاتییە کە هەڵقوڵاوی ئەزموونی ژیاوی دەستدرێژی سێکسی لە تافی منداڵی و مێرمنداڵییە، ڕەنگە لە ناو دڵ و دەروونیدا بچەسپێ و بە شێوەی خۆبەکەمزانین و هەستی نەرێنی وەکوو سووکی و هیچۆکەیی لە کەسایەتیی تاکدا زەق ببێتەوە. ئەم کەسایەتییە بەرسازکراوە کاریگەری لە سەر قۆناغەکانی داهاتووی ژیانی تاک، واتە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسانی دیکە (پەیوەندی نائاسایی یان گۆشەگیری) و ژینگەی دادەنێت. بە واتەکی دیکە، پەیوەندی و دەروەستیی کۆمەڵایەتیی تاک بە کۆمەڵگا و دیتران بە جۆرێکی دیکە بونیاد دەنێ و بەرسازی دەکات. لە بنەڕەتدا ئەم هەستی بێدەسەڵاتی و بێتوانایە لە تاکدا لە هەر سێ جۆری ئازار کە لە سەرەتای ئەم بەشەدا دابەشمان کرد، دروست دەبێ، بەڵام پانتا و توندی و کاریگەری و لێکەوتەکانی دەتوانێ لە هەر یەکێک لەو جۆرانەدا جیاواز بێت.



چارتی ژمارە ٣-٢. دابەشکردنی وەڵامدەرەکان بە پێی ئەزموونی دەستلێدان بە نیازی ئارەزووی سێکسی لە لایەن گەورەساڵەکانەوە



چارتی ژمارە ٣-٣. دابەشکردنی وەڵامدەرەکان بە پێی ناچاربوون بۆ سەیرکردنی پۆرن لە لایەن گەورەساڵەکانەوە



چارتی ژمارە ٣-٤. دابەشکردنی وەڵامدەرەکان بە پێی ئەزموونی دەست لێدانی سێکسی لە لایەن گەورەساڵەکانەوە

چارتی ژمارە ٣-٥. دابەشکردنی وەڵامدەرەکان بە پێی ئەزموونی ڕووتبوونەوە لە لایەن گەورەساڵەکانەوە و بینرانیان (N=209)



چارتی ژمارە ٣-٦. دابەشکردنی وەڵامدەرەکان بە پێی ئەزموونی نوکتەی سێکسی لە لایەن گەورەساڵەکانەوە

- کێیەتیی دەستدرێژیکاران

دەستدرێژیکارەکان لایەنێک بەربڵاو لە تاکەکان لە خۆ دەگرن. لە سەرەتای ئەم لایەنەدا، نزیکترین کەسانێکن کە لەگەڵ منداڵ دەژین؛ بە جۆرێک کە منداڵ هەم دەیانناسێ و هەم لە باری سۆزداریەوە زۆر پێیان وابەستەیە. ئەم کەسانە ئەندامانی خێزانەکەی ئەون کە باوک و دایک و برا و خوشکی ئەو منداڵەن. بەو پێیەی کە منداڵ لەگەڵ ئەم کۆمەڵە کەسانەدا دەژی و ئەوان سەرچاوەی داکۆکی و ئاسایشی ئەون، ئەزموونی دەستدرێژی لە لایەن ئەوانەوە دەتوانێ پتر لە هەمووان زیان بە منداڵەکە بگەیەنێ و ئاسایشی وجودیی ئەو بخاتە مەترسییەوە. هەروەها بەو پێیەی کە ئەم کەسانە نزیکترین و تەنانەت دواسەرچاوەی داکۆکی و پشتیوانیی ئەون، ئەوا منداڵەکە لە ئاست دەستدرێژییەکانیان ئیتر هیچ کەس یان هیچ شوێنێک شک نابا کە پەنای بۆ ببات. لە هەندێک حاڵەتدا کاتێک باوک یان زەڕباوک دەستدرێژی دەکاتە سەر منداڵ و دایکی منداڵەکەش بەمە دەزانێ، ناتوانێ پشتیوانی لە منداڵەکە بکا، چونکە دایکیش لەوە دەترسێ کە مێردەکەی بە جێی بهێڵێ و بێپشتیوان بمێنێتەوە. لەم جۆرە پەیوەندییانەدا ئەگەری ئەوەی کە دەستدرێژیی سێکسییەکە زیاتر بەردەوام بێ، زۆرترە چونکە منداڵەکە کەسی نییە هاواری بۆ ببات. لە سەرەکەی دیکەی لایەنەکەدا کەسانی نامۆ هەن کە منداڵەکە نە دەیانناسێ و نە هەستی وابەستەیی و دەروەستی بۆیان هەیە. ئەو دەستدرێژییانەی کە لەم جۆرە پەیوەندییانەدا ڕوو دەدەن زیاتر لە شێوەی هاشاوڵبردن بووە و زۆر لە ژێر کاریگەریی ژینگەدایە. بۆ نموونە کاتێک دەستدرێژیکار بۆی دەردەکەوێ کە کەس ئاگاداری منداڵەکە

نییە و منداڵەکە لە ژینگەیەکی دیاریکراودا لە بەردەستە لەوانەیە هێرش بکاتە سەری. وێنەی ئەم لایەنە لە ژێرەوە پیشان دراوە:

وێنەی ژمارە ٣-١: لایەنە دەستدرێژیکارەکان

ڕەنگە بتوانین بڵێین کە لە نێوان دەستدرێژیکار و دەستدرێژیکراو پەیوەندییەک لە ئارادایە. هەڵبەت سەلماندنی ئەم گریمانە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردتر لەم بوارە و بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی ئامارییە. ئەو دەستدرێژیکارانەی کە لەم لێکۆڵینەوەدا دەستنیشان کراون بریتی بوون لە باوک، دایک، برا، باپیرە، باپیرەی دایکی، زەڕباپیرە، خاڵۆ، زەڕخوشک، زەڕبرا، مامە، پوورێ (خوشکی باوک، ئامێ)، کوڕەمام، پوورێ (خوشکی دایک، خالێ)، مێردی پوور (مێردی خوشکی باوک، ئامێ)، کوڕی پوور (خوشکەزای باوک)، کوڕەخاڵی دایک، کچی خزم، خەسوو (دایکی ژن)، زاوا (مێردی خوشک)، زەڕبراژن، درواسێ، هاوڕێی برا، هاوڕێی باوک، براژن، دۆستەکوڕ، دۆستی دایک، هاوڕێیان، مامۆستای تایبەت، مامۆستای قوتابخانە، مەلا، میوەفرۆش، نانەواخانە، شۆفێری ئۆتۆمبێلی قوتابخانە، هاوسەری یەکێک لە خزمەکان، کرێکارانی ئەڤغانی و کەسانی نامۆ.

تاقمی یەکەمی دەستدرێژیکارەکان مەحارمی پلە یەکی کەسی دەستدرێژیکراون. وەک وترا پەیوەندییەکی قووڵ لە نێوان منداڵ و کەسی دەستدرێژیکاردا هەیە و ئەمەش دەتوانێ کاریگەرییەکی بەهێز لە سەر جۆری دەستدرێژی و لێکەوتەکانی دەستدرێژی دابنێت. لەم بەشەدا کۆمەڵێک ئەزموونی قوربانییەکان شرۆڤە دەکەین.

ژنێکی تەمەن ٤٩ ساڵەی کابانی ماڵ دەڵێ:

ئێستا لەبەر ئەوەی کە لە ژێر چارەسەر و چاودێریی ڕاوێژکاردام پێشتریش لە بارەیەوە قسەم کردووە دەتوانم ئاوا بە ئاسوودەییەوە قسە بکەم و بە ئێوەشی بڵێم. من ساڵانێکی زۆر لەگەڵ کوڕ و کچەکەمدا هاوجێییم دەکرد. هەموومان باش دەزانین کە دایک نابێ کاری وا بکا و منیش نە بیانووی بۆ دەهێنمەوە و نە پاکانەشی بۆ دەکەم و خۆشم بە تیۆرییەکانی فرۆید و ئەو جۆرە شتانە هەڵناخەڵەتێنم. بەڵام هەمیشە حەشەری بووم و لەو کاتەدا هاوسەرەکەم ساڵانێکی زۆر لە بەرەکانی جەنگ بوو. بە ڕای خۆم و بە هۆی ژینگەی داخراوی ئەوسا وام پێ باش بوو کە خۆم بە منداڵەکانم بحەسێنمەوە نەک لە کۆڵان و شەقام. کوڕەکەمم دەخستە ژێر خۆم و چون ئەندامی نێرینەی بوو خۆشتر بوو بەڵام دەستم لە کچەکەشم دەدا و داوام لێ دەکرد پەنجە بکاتە ناو ... هەتا تێر دەبم.

خانمێکی تەمەن ٣٣ ساڵ کە خۆی یاریدەدەری کۆمەڵایەتییە بەم شیوە ئەزموونەکانی منداڵیی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە:

لە تەمەنی ١١ ساڵیدا ئەزموونی ئەوەم هەیە کە باوکم دەست لە سینگ و مەمکم دەدا ئەمەش لە نیوە شەودا ڕووی دەدا کە لە گەرمەی خەودا بووم، بەڵام کە هەستم پێدەکرد لە خەو هەڵدەستام، بەڵام ئەم ڕووداوە لە ڕادەبەدەر بە لامەوە باوەڕپێنەکراو بوو چونکە ئەوە لە لایەن پیاوێکەوە ئەنجام دەدرا کە یەکەم خۆشەویستم بوو و چ بە بۆچوونی من و چ بە بۆچوونی کەسانی دیکە باشترین باوکی جیهان بوو و بە هۆی شۆک و ترسێکی زۆرەوە دەچوومە خەوێکی قووڵەوە یان وەک دەڵێی دەبوورامەوە و ساڵانێک کاریگەریی ئەم ڕووداوە دڵ و دەروونمی تەنیبوو.

پەیوەندیی نێوان دایک و باوک و منداڵەکان پەیوەندییەکی توندوتۆڵە کە لە سەر بنەمای هەستی وابەستەیی دامەزراوە. منداڵان دایک و باوکی خۆیان وەک پشتیوان و پاڵەوانی ژیانی خۆیان سەیر دەکەن و بەشێکی زۆری ژیانی خۆیان بە وابەستە بەوان دەزانن.

کاتێک لە ئەنجامی دەستدرێژیی سێکسیدا ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ پەیوەندی تێک دەچێ قەڵای وێناکانی منداڵان سەبارەت بە دایک و باوکیان تێک دەڕووخێ و تووشی هەستی هەمەجۆر و هەندێ جار لێکدژ دەبنەوە، لە لایەک ئەو سەرپەرشتانە دایک یان باوکیانن و لە لایەکی دیکەوە دایک یان باوکی دەستدرێژیکار دەستی لە سەر ناسکترین پەیوەندییەکانی ئەوان داناوە، واتە کارێکی بڤە و تابۆ. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش منداڵان بە هۆی ئەم چەشنە دەستدرێژییانەوە تووشی زیانێکی دەروونیی گەورە دەبنەوە.

خاتوو ئیسماعیلی مامۆستا و ڕاهێنەری نیگارکێشی کە لە هەندێک ڕێکخراوی ناحکومی کار دەکا دەڵێ:

کوڕێکی تەمەن ١٠ ساڵان کە سیمایەکی زۆر خۆشدیمەن و جوانی هەیە، لە ڕووی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ هاوپۆلەکانی زۆر میهرەبان و نەرم و نیان بووە، هەروەها پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ مامۆستاکەی واتە خاتوو ئیسماعیلی هەبووە، پاش ماوەیەک منداڵەکە دیار نامێنێ کاتێک کە بە دواداچوون دەکەن بۆیان دردەکەوێ کە باوکەکە بە هەموو شێوەیەک منداڵەکەی ئازار دەدا کە لە ناویاندا دەستدرێژیشی سێکسیشی تێدا بووە، واتە ئەم منداڵە لە لایەن باوکییەوە کەوتۆتە بەر دەستدرێژیی سێکسی و ئازاردان. و لەبەر ئەوە ئەم ماوە نەهاتۆتەوە بۆ ڕێکخراو. مامۆستا ئیسماعیلی کاتێک بەدواداچوونی کردووە بۆی دەردەکەوێ کە باوکە ماوەی چەند ڕۆژە ئەم منداڵەی لە ژێرزەمینی ماڵەکەیان زیندانی کردووە و زۆر هۆشی بە خۆیەوە نەبووە و هەر لە بیریشی چبۆوە کوڕەکەی لەوێدا زیندانی کردووە.

خاتوو پ بەڕێوەبەر و دەروونناسی دامەزراوەیی لە دەروازە غار وتوویەتی:

دەستدرێژیکار و دەستدرێژیکراو زیاتر چی یەکن؟ دەستدرێژییەکە زیاتر لە لایەن خانەوادەوە بووە یان کەسانی نامۆ؟ لە لایەن بنەماڵەوە بووە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئێمە لە هەمبەر کەسانی نامۆدا زۆر ئاگاداری منداڵەکانمانین، بەڵام ئایا دەتوانین منداڵەکە لە دەستدرێژیی باوکی بپارێزین؟ لە دەستدرێژیی دایکی بپارێزین؟ پوور (خوشکی باوک، ئامێ) خاڵۆ، پوور (خوشکی دایکی، خالێ) نا، زیاتر دایک و باوکە. من بە هیچ شێوەیەک خوشکی باوک و خوشکی دایکم نەبینیوە، لەوانەیە ببێ، بەڵام من بە هیچ شێوەیەک نەمبینیون. دایک و باوک و مام و خاڵۆ و برا زۆرترین ڕێژەی لە خۆ گرتووە و لەوە زیاتر

هیچم نەبینوە. داپیرە و باپیرەش بوون. ئێمە لێرە منداڵێکمان هەبوو ناوی نیلووفەر بوو ئەبیوزی (ئازاردراوی) باوک بوو، پاشان کاتێک بێهزیستی (چاکژیانەوە) لێی سەند و ڕادەستی باپیری باوکی کردەوە، باپیری ٤ ساڵ ئەو پەندەی بە سەر هێنابوو و بە ڕاستی نەخۆشی دەروونی هەبوو؛ واتە سایکۆزێکی زۆر شپرزە کە سەرەڕای ئەوەی دەروونناسانی ئەم ڕێکخراوە زۆر لێهاتوو بوون کاتێک جێی هێشتین، دیسان حاڵی شپرزە بۆوە.

هەر لەم زەمینەدا خاتوو ز.ب بانگەشەکاری ئایینی و ڕاوێژکاری باسی دەڵێ:

حاڵەتی دووەم هەموویان بەو شێوە بوون و بە گاڵتە و جەفەنگ دەستی پێکرد بەڵام ئەو کچە کە تەمەنی ١٨ ساڵ بوو، کە ناویم نووسی سارا [...] لە تەمەنی ١٣ ساڵییەوە دەچێتە لای باوکی. لە تەمەنی ١٣ ساڵییەوە؟ نا نا باوک و دایکە دەبێتە شەڕیان و دایکە دەتۆڕی و دەڕوا و کچە هەر لە منداڵییەوە هۆگری باوکی بووە و وابەستەی باوکی بووە، و هەر لە تەمەنی منداڵییەوە دەچووە باغەڵی باوکی دەخەوت. دایکی لەبەر ئەم پرسە کە بۆچی کچەکەی لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا لەگەڵ دایک و باوکیدا دەنوێ، بێتاقەت دەبێت. دایکە ئارایشتی دەکرد و جلوبەرگی قەشەنگی لەبەر دەکرد بەڵام مێردە هیچ گرنگی پێ نەدەدا، بەڵام بە دەوری کچەکەدا دێت. کێ باوکە؟ بەڵێ، ڕۆژێک خۆی دەشارێتەوە دەبینێ کاتێ مێردە لە سەر کار دێتەوە کچەکەی بۆنی خۆش لە خۆی دەدا و ئارایشت دەکا و ئینجا سێکس دەکەن. بە تەواوی سێکسیان کردووە.

خاتوو میم، بەڕێوەبەری ڕێکخراوێکی ناحکومی دەڵێ:

زۆربەیان ئەندامی خێزان بوون. یەکێکیان باوکیانە و دۆسیەیەکی کوڕێکمان هەبوو کە دایکی پەیوەندی لەگەڵدا ساز دەکرد، کوڕێکی تەمەن ١٤ ساڵ بوو.

لەم زەمینەدا خاتوو سەتاری دەروونپزیشکی منداڵان دەڵێ:

پەیوەندیی سێکسی زینا لەگەڵ مەحارم بە ڕەزامەندیی هەر دوو لا بێ با بیستوومە بەڵام کەمتر کاتێک لە قۆناغی ئامادەیی بووم، خانمێکی نەوجەوان کە هاوپۆلم بوو لەگەڵ برا مێرمنداڵەکەیدا سێکسی دەکرد و ئەوی بە ئیمتیازێک بۆ خۆی لە قەڵەم دەدا.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی دەستدرێژی بۆ سەر مەحارم ئالۆزییەکانیەتی، بەو مانایەی کە کەسی دەستدرێژیکار هەم هاوخوێنی منداڵەکەیە و هەم سەرچاوەی

پاڵپشتیکردن لە منداڵەکەیە. لە زۆر حاڵەتدا منداڵان خۆیان لە ڕاپۆرتکردنی ڕووداوی دەستدرێژی بەدوور دەگرن و هەستی خۆراوجۆریان بەرامبەر بە دەستدرێژیکار هەیە.

لەو زەمینەدا خاتوو کاف کە خاوەنی بڕوانامەی ماستەری بواری ژنان (مطالعات زنان) و لایەنگری مافەکانی ژنانە، دەڵێ:

پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ مەحارم مەسەلەیەکی زۆر ئاڵۆزە چونکە خودی منداڵەکە بەر ململانێکە دەکەوێ چونکە ئەو کەسەی کە دەستدرێژی کردۆتە سەری و لە ڕاستیدا دەستدرێژیکارە لەبەر ئەوەی هاوخوێنیەتی و پێی وابەستەیە، منداڵە دەستدرێژیکراوەکە هەست بە ئازاری ویژدان دەکا و وای پێ باشترە بێدەنگ بێ و ئەو خۆخۆری و نیگەرانییانە لە کۆڵ بنێ، ئەو هەستەی کە "خەتای منە و گوناحەکە هی منە و ئەگەر من لەبەردەستیدا نەبوومایە، ئەمە ڕووی نەدەدا" ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە زیاتر لەم حاڵەدا بمێنێتەوە و زیاتر بێدەنگی بنوێنێ چون ئەم کارەساتە لە ناو دڵی خانەوادە لە کەسێک وەشاوەتەوە کە سەرچاوەی عەشق و ڕێز و ئاسایش بۆ منداڵەکەیە و ئەمە دەتوانێ یەکێک لەو هۆکارانە بێ کە وا لە منداڵە دەکا کە دەنگ هەڵنەبڕێ و نەیهەوێ کەس لەم ڕووداوە ئاگادار بێت.

پیاوێکی تەمەن ٤٨ ساڵ وتی:

تەمەنم نزیکەی ١١ ساڵ بوو کە نیوەڕۆیەکی هاوین، کە هەموو خوشک و براکانم لە ژوورێکدا سەر خەومان دەشکاند، خوشکە گەورەکەم کە لە تەنیشتمەوە پاڵکەوتبوو، قاچەکانی خستە سەر قاچەکانم و دوای ماوەیەکی زۆر، سەرەتا دەستمی خستە ناو سینگ و مەمکی و پاشان دەستمی بەرەو لای ڕانەکانی برد. چەند ڕۆژێ و چەند جار ئەمانە ڕووی دەدا و هەر جارەیان زیاتر دەبۆوە. من سەرەتا لە ترس و لە سەرسوڕمان و تەنانەت بە هۆی ورووژانەوە خۆم لە خەو دەدا، بەڵام دواتر کە بێدار بووم و کەس لە ماڵەوە نەبوو، منی بە دیوارەوە دەچەسپاند و لە کاتێک کە خەریکی سەیرکردنی دەرگای ماڵەوە بوو، دەستی منی دەخزاندە ناو شۆرتەکەی و پێی دەوتم بیماڵە و دواتر تەنانەت داوای لێکردم قامکە بچووکەکەم و ئینجا قامکە کەڵەم بکەمە ناو شەرمگەی و هەڵیخولێنم. دواتر چەند جارێک منی دەبردە گەرماو کە لە دەرەوەی ماڵان بوو و ئەمجارەیان خۆی لە من و ئەندامی زاوزێم دەخشاند. دواتر خۆشم حەزم لێ بوو و داوام لێکرد بەردەوام بێ و تەنانەت پانتۆڵەکەی دابکەنێ بەڵام ئەو ملی نەدەدا وەک شتێک ئەمەی پێ دواسنوورێک بوو کە دەیتوانی

بیبەزێنێت. دواتر نازانم چۆن بوو لە ناکاو هەموو شتێک بڕاوە و ئێمە هەرگیز قسەمان لە سەر نەکرد و تەنانەت بۆ جارێکیش توخنی نەکەوتین. زۆر سەیر بوو بۆ من، نەمدەزانی چی ڕوو دەدا، بەڵام دەمزانی نەدەبا ئەو کارەمان بکردایە و سترێسی خوشکەکەم بە هەناسەدانی خێرا و جوڵەی شێتانە ئەمەی پشتڕاست دەکردەوە. من مناڵتر لەوە بووم کە بفامم بەڵام وەک شتێ چێژم لێ وەردەگرت ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێ کە داوام لێکرد بە ڕووتی ئەم کارە بکەین.

ژنێکی تەمەن ٣٧ ساڵ وتی:

زۆر عەیبە، بەڵام من چەند ساڵ لە خوشکەکەم گەورەتر بووم، لەبەر ئەوەی کچ بووین، دایکم پێکەوە دەمانینارد گەروماو بۆ ئەوەی یەکتر بشۆین. وردە وردە لە کاتی شتنی خوشکەکەم دەستم لە قاچەکانی دەدا و ئەویش ختیلکەی دەهات و پێدەکەنی و دایکم دڵخۆش بوو کە ئێمەی داماو خەریکە یاری دەکەین. دوای ئەوە دەستیم دەخستە سەر مەمکەکانم کە تازە گەورەتر ببوون و نازانم بۆچی دەئێشان و پێم دەوت تا دەتوانی بیگووشە. دەزانم ڕەنگە بڵێن شێتە و سادیسمی هەیە بەڵام قامکەکانیم دەخزاندە ناو زێمەوە یان داوام لێدەکرد بە دەسکی فڵچەی ددان ئەم کارەم بۆ بکات. بەڕاستی یارییەکی شێتانە بوو. دواتر یەکێک لە کچە دراوسێکان هەندێک جار لەگەڵمان دەهاتە گەرماو و سێ بە سێ یاریمان دەکرد.

سەبارەت بە دەستەی یەکەمی دەستدرێژیکاران کە هەمان مەحارمی پلە یەکی کەسی دەستدرێژیکراون دەتوانین بڵێین یەکێک لەم زیانانە دەتوانێ هەستی تێکەڵ بە ترس و گوناح بێ کە لەو پەیوەندییانەدا دروست دەبێ کە لە سەر بنەمای وابەستەیی نێوان منداڵێک یان مێرمنداڵ لەگەڵ دایک یان باوکی دەستدرێژیکار وەک "ئەویترییەکی گرنگ"ە. ئەم پەیوەندییە ناهاوسەنگ و پێبەستراوییە دەبێتە بەدیلی پەیوەندییە هاوسەنگ و پەیوەندییە سۆزدارییەکان کە دەبێ لە سەر بنەمای دۆستایەتی بێت. ئەنجامی وەها پەیوەندیگەلێک دەتوانێ دەرکەوتنی کەسانێکی وابەستە بێ کە لەگەڵ دنیای ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆیان پەیوەندیی پێبەستراوییان هەیە کە لە سەر بنەمای پێگەیشتن و سەربەخۆیی باری کەسایەتی نییە و بەم شێوە کەسایەتییە سەربەخۆکان لە ڕووی شوناسی تاک و کۆمەڵایەتییەوە کە پێشمەرجەکانی گەشەی کۆمەڵگان، دروست نابێت. ئەو

کەسانەی کە نەک هەر خاوەنی شوناسێکی سەربەخۆ نین، بەڵکوو هەستی ئاسایش و متمانەیان بە جیهانی دەوروبەریان نییە. لێرەدا دەبینین کە ئازاردانی سێکسی لە لایەن ئەندامانی بنەماڵە و خزم و کەسوکارەوە لە ڕێگەی لاوازکردنی سەرمایە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بونیادنەرەکان و لە سەر بنەمای سەربەخۆیی شوناسی، کاریگەری لە سەر بارودۆخ و ڕەوتی و گەشەی کۆمەڵگایەکی وەکوو کۆمەڵگەی ئێرانی دادەنێ و ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەیە.

لە دوای سەدەی ١٨، خانەوادە بوو بە شوێنی ناچاریی سۆز، هەست و عەشق. خانەوادە شوێنێکی باشی گەشەکردنی سێکسوالیتەیە، سێکسوالیتە لە یەکەم ڕۆژی لەدایکبوونەوە، هاوزای زینا لەگەڵ مەحارمە، زینا لەگەڵ مەحارم لە ناو خانەوادەدا بە توندی قەدەغە دەکرێ بەڵام هەمیشە داخوازی لە سەرە؛ چونکە خانەوادە لە کۆمەڵگای ئەوڕۆدا چەقی وروژانی هەمیشەیی سێکسوالیتەیە. لە بنەماڵەدا کەسایەتیی نوێ دەرکەوتن کە بریتین لە: ژنی تووڕە، ژنی ساردمەزاج، دایکی کەمتەرخەم یان تووشبووی وەسواس و ڕاڕایی کوشندە، مێردێک کە توانای سێکسکردنی نییە و خەمۆک و گومڕایە، کچێکی هیستریا، منداڵێک کە تووشی باڵقبوونی پێشوەختەیە، پیاوێکی گەنجی هاوڕەگەخواز کە مل بە هاوسەرگیری نادا یان گرنگی بە ژنەکەی نادا، کە هەر هەموویان هەڵگری تێکچوونی سێکسوالیتە و هەروەها بوونی جۆرێک نانۆرمییەت لە سیستەمی خزمایەتیی قبووڵکراو و ئاسایی پیشان دەدەن.

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە، خێزانێکمان بینیوە کە هەڵوەدای بچووکترین نیشانەکانی سێکسوالیتە لە خۆیدایە، قورسترین دانپێدانانەکان لە خۆی دەردەکا، گوێ لە هەموو ئەو کەسانە دەگرێ کە شتێک لەم بارەوە دەزانن، و دەرگاکانی بە تەواوی بۆ تاقیکردنەوە بێکۆتاکان دەکاتەوە. لە سیستەمی سێکسوالیتەدا، بنەماڵە یەک کریستاڵە و یەکێک لە پڕبایەخترین توخمە تاکتیکییەکانی سیستەمی سێکسوالیتەیە کە سێکسوالیتە بڵاو دەکاتەوە و دەیپرژێنێت. زانستی پزیشکی بە گوێرەی ڕێسای زانستیی تایبەت، بەرپرسیارێتیی سێکسوالیتەی لە ئەستۆ گرتووە و هانی بنەماڵە دەدا بۆ ئەوەی وەک ئەرکێکی بنەڕەتی و مەترسییەکی گرنگ سەرنج بپرژێننە سەر سێکسوالیتە. دەروونشیکاری کە وا دیار بوو لە تەکنیکەکانیدا دانپێدانان بە سێکسوالیتە لە قەڵەمڕەوی خانەوادە دەردێنێ، یاسای وەسڵەت و ئەو یارییانەی کە تێکەڵ بە هاوسەرگیری و

خزمایەتی و زینا لەگەڵ مەحارمی لە ناو دڵی ئەم سێکسوالیتەدا وەک بیچمگرتن و ڕەمزی فامهەڵگری ئەم سێکسوالیتەی وەدەست هێناوە (فۆکۆ، ٢٠٠٤). هەر لەبەر ئەم هۆکارە بوو کە دەروونشیکاری، دوای ئەو هەموو دانبەخۆگرتنە، لە کۆمەڵگاگەلی وەکوو کۆمەڵگای ئێستای ئێراندا کە سیستەمی وەسڵەت و سیستەمی خانەوادەیی پێویستیان بە بەهێزی بوو، پەرەی سەند.



چارتی ژمارە ٣-٧. دابەشکاریی وەڵامدەرەکان بە پێی ژمارە و کێیەتیی دەستدرێژیی سێکسی

تاقمی دووهەمی دەستدرێژیکاران مەحارمی پلە دوون، وەکوو باوکی خوێنراو، دایکی خوێنراو، زەڕخوشک و زەڕبرا، خاڵۆ، مامە، باپیر، نەنک و هاوشێوەکانی. ئەم گروپە لە چاو تاقمی یەکەم بەرپرسیارێتییەکی ئەوتۆیان بەرامبەر بە منداڵ نییە و هەروەها ئاستی پەیوەندیی نێوان منداڵ و ئەوان لە ئاستێکی قوڵدا نییە. بە هۆی ئەو پەیوەندییانەی کە منداڵان لەگەڵ ئەم کۆمەڵە کەسانەدا هەیانە، ئەگەری ئەوەی کە لە لایەن ئەوانەوە دەستدرێژی بکرێتە سەریان، زۆرە. هەروەها ئەم تاقمە بە هۆی ئەوەی کە منداڵان بە ئەندامی پلە یەکی خێزانەکەیان نازانن و لە ئاست ئەم منداڵانە خۆیان وەک بەرپرسیار نابینن، ئەگەری ئازاردانی سێکسییان زیاترە، چونکە لە دەستدرێژی و لێکەوتەکانی نیگەران نین. گێڕانەوەکانی ئەم بەشە بەم شێوەیە:

کاک ب کە ڕاوێژکارە وتی:

ئەو شتانەی وا لە مێشکمدایە منداڵێکی کەمتەمەن بوو بەڵام پووری (خوشکی باوک) کە تەمەنی زۆر بووە و ناچاری کردووە کە سێکسی لەگەڵدا بکات.

خاتوو ب، ڕاوێژکاری قوتابخانە و کلینیکی دەروونناسی، وتی:

یەکێک لەو حاڵەتانەی کە لەبەردەستدا بوو، خانمێکی تەمەن ٢٣ ساڵە، دایکی بە هیچ شێوەیەک لە جەرەیاندا نییە، بەڵام خاڵۆی دایکی کە ئێستا تەمەنی لە ناو ٦٧ بۆ ٦٩ ساڵە و ئێستاش ئەم خاڵۆیە لە ژیاندا ماوە، ئەوسا تەمەنی ٥٦ ساڵ بوو و بەردەوام دەستدرێژی دەکردە سەری.

خاتوو ن مامۆستا وتی:

ڕاستییەکە ئەوەیە کە من هاوڕێیەکی نزیکم هەیە کە ماوەی ١٢ ساڵە هاوڕێین و ئەم پەندەی بە سەردا هاتووە خاڵۆی دەستدرێژی کردۆتە سەری.

خاتوو ب یاریدەدەری کۆمەڵایەتی دەڵێ:

من کۆمەکخوازەکانم زۆرن. ناتوانم بێژم هەموو مۆدێلەکانم هەبوو، دەستدرێژیکارەکان هەم نامۆ بوون و هەمیش ئاشنا و ڕۆشنا، ئەم کۆمەکخوازانە هاتوون سەردانیان کردووم، بۆ

وێنە پوورزا (خوشکەزای دایک) بووە، هاوڕێ بووە و ناسیاو بوو، زیاتر مەحارم و ئاشناکانن کە هامووشۆی خێزانییان بووە.

خاتوو میم وتی:

کەیسێکم لەبەر دەستدا بوو لە لایەن زەڕباوکیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر، کچێکی تەمەن ٥ ساڵان کە نقیشکان بوو بە زکماکی ماسوولکەکانی لای ڕاستی لەسم ببوو دواتر دایکی شووی کرد بە پیاوێکی ئالوودە بە مادەی هۆشبەر کە ٢٠ ساڵ لە خۆی گەورەتر بووە. دوای ئەوە ئیتر ئەو کچە نەهاتەوە بۆ باخچەی ساوایان، بۆیە بەدواداچوونم کرد، وتی: لە کۆڵمان بنەوە کچەکەم لەگەڵمان زۆر خۆشبەختە. ڕۆژێکیان نەنکی کچەکە هاتە لامان و وتی کە کچەکە لەو ماڵەدا ئەزیەتی دەکەن و خەریکن کەڵکاوەژۆیی لێ دەکەن. فەرمانی پێدەکا و دەستی لێ دەدا. کەیسێکی دیکەم هەبوو کە کچێکی تەمەن ٢٢ ساڵ سەردانی کردم و وتی پێنج ساڵ لەمەوبەر زەڕباوک و کوڕەکەی شەوانە پەلاماریان دەدام.

بەڕێز سەتاری مامۆستای قوتابخانە:

کوڕەکە زەڕدایکی هەبوو، دواتر لە لایەن زەڕدایکیەوە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەر.

بەڕێز خودایی وتی:

دەتوانی پێم بڵێی کێ بوو؟ مامم بوو. چەند ساڵ لە تۆ گەورەترە؟ لەدایکبووی ساڵانی ٥٥-٥٦ هەتاویی واتە حەوت بۆ هەشت ساڵ لە من گەورەترە.

خاتوو کەنانی وتی:

لە تافی منداڵیدا کێ دەستی لێدای کە حاڵت تێک چوو؟ ااا هاوسێمان بوو. باپیرم ئەمەی دەکرد، قەڵس دەبووم. خاتوو ج ز وتی:

تۆ سەیر کە ئەگەر من بمهەوێ لە تەمەنی ٧ ساڵانەوە دەست پێ بکەم، پێش هەموو شتێک ئەزموونەکەم دەستدرێژیی سێکسی بوو کە لە لایەن زەڕبراکەمەوە دەستدرێژی دەکرایە سەرم.

خاتوو میم وتی:

مامم دەستدرێژی کردە سەرم. دایکم لە ماڵی داپیرەم بە تەنیا جێی هێشتم. داپیرەم خەوتبوو. من لە حەوشە لە ناو حەوزەکە گەمەئاوم دەکرد کە مامم هاتە لام. منی بردە ژوورێکەوە. جلەکانمی داکەند و دەستی لە جەستەم دا. ئەندامی سێسکیی خۆی خستە ناو دەممەوە. تا ڕادەیەک لە بیرمە، نازانم دواتر چی ڕووی دا.

وەک لە ئاخافتنەکانی دیمانەکەدا ڕوونە، ئەو فاکتەرانەی کە لە ئازاردانی سێکسی لە لایەن تاقمی دووەمی دەستدرێژیکارانەوە یەکلاکەرەوە بوون بە شێوەی گشتی لەو فاکتەرانەی کە کاریگەرییان لە سەر تاقمی یەکەمدا بووە، تەواو جیاوازن. لە تاقمی دووەمدا دەتوانین زیاتر کۆنترۆڵی سنووردار یان بە واتایەکی تر، نەبوونی کۆنترۆڵی دروست و پشتگوێخستن لە لایەن کەسانی بەرپرسیار لە ئاست چاودێریکردنی منداڵ و مێرمنداڵ واتە دایک و باوک بەدی بکەین. یان بە واتایەکی دیکە متمانەی نابەجێ و بێئاگایانەی دایک و باوک بە کەسوکار و خزمەکانیان بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەگەر و مەترسییەکان لە سەر بنەمای ئەو ڕاستییانەی کە لە ڕێگەی دەستدرێژیی سێکسییەوە بوونەتە هۆی زیانگەیاندن بە منداڵان و مێرمنداڵان. لێرەدا بیچم و ڕادەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لە لایەن بەرپرسانی کۆمەڵگاگریی منداڵان و مێرمنداڵان، هۆشیاریی کۆمەڵایەتییان بەرامبەر بە پەروەردە و هەروەها بەرپرسیارێتییان بەرامبەر بەو دوو گروپە شیاوی تێڕامانە. ئەوەی دەتوانین شرۆڤەی بۆ بکەین ئەوەیە کە لە کۆمەڵگایەکدا کە ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لەبار نییە، بەرپرسیارێتی و کۆنترۆڵکردن لە کاروباری پەروەردە و کۆمەڵگاگری لە لایەن گرنگترین دامەزراوەی بەرپرسیار، واتە دامەزراوەی خێزان پشتگوێ دەخرێت. هۆشیاریی کۆمەڵایەتیش لە بوونی کۆمەڵایەتییەوە هەڵدەقوڵێ و هەرچی بارودۆخی ئابووری لە کۆمەڵگەیەکی وەکوو کۆمەڵگەی ئێستای ئێران شپرزە و پشێو بێ، هەر ئەوەندەش پێکهێنانی دامەزراوە مەدەنی و پەروەردەییەکان کە بەرپرسیارێتی ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگایان لە سەر پەروەردە و کۆمەڵگاگری لە ئەستۆیە، نابنە یەکەمایەتی و بەم شێوە لە نێوان ئۆبژایەتیی کۆمەڵایەتی و سووژەیەتیی کۆمەڵایەتیدا کە هەمان بوونی کۆمەڵایەتی و هۆشیاریی کۆمەڵایەتییە پەیوەندی بەدی دەکرێت. هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی کە ڕەهەندە زەینییەکانی کۆمەڵگان لە ژێر کاریگەریی بارودۆخی ئۆبژایەتیی کۆمەڵگا کە هەمان هەلومەرجی ئابووریی

ناسەقامگیری ئێستای کۆمەڵگای ئێرانە گەشە ناکا و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیش ڕووبەڕووی چالنج و ناکارایی دەبێتەوە.

تاقمی سێیەمی دەستدرێژیکاران خزم و کەسی نامەحرەمی وەکوو مێردی پوور (مێردی خوشکی باوک یان زاوای باوک)، مێردی پوور (مێردی خوشکی دایک یان زاوای دایک)، خاڵۆزا (کوڕەخاڵ)، ئامۆزا (کوڕەمام) و ...ـن. هەروەها ئەم تاقمە کەسانە بە هۆی پەیوەندیی نزیک و دەستڕاگەیشتنیان بە منداڵ، ئەگەری ئەوەی کە دەستدرێژی بکەنە سەر منداڵ زیاترە. لە هەندێک حاڵەتدا دایک و باوک، منداڵەکە لای خێزانەکەیان بە جێدەهێڵن بۆ ئەوەی ئاگایان لە منداڵەکە بێت. یان لە هەندێ حاڵەتدا کەسی دەستدرێژیکار لەوانەیە بە هۆی پەیوەندیی خزمایەتییەوە بچێتە ماڵی قوربانی و دەستدرێژیی سێکسی بکاتە سەری. لەم بەشەدا چاوێک بە کۆمەڵێک گێڕانەوەدا دەخشێنین.

پیاوێکی تەمەن ٤٩ ساڵی بازاڕی وتی:

ببوورن کە نەمتوانی تەلەفۆنی دیمانەتان لەگەڵدا بکەم چونکە بەڕاستی لە ڕووم هەڵنەدەهات، چووزانم پێم عەیبە، هی زووە بەڵام بە جۆرێک پێم شوورەییە. من کاتێک منداڵ بووم لە خەو و بێداریدا چەند جارێک چوومە لای کچە مامەکەم کە لە من بچووکتر بوو. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە ئاهەنگی زەماوەندی یەکێ لە خزمە دوورەکانمان یەکێ سووکی پێمەوە دەنا و منیش هەر وەردەگەڕامەوە و خۆمم دوور خستەوە، بەڵام نەمدەوێرا هیچ بڵێم. چەند جارێک لەگەڵ منداڵەکاندا یاریمان کردبوو و کەمێک ورووژابووم، واتە شتێکم لە سێکس دەزانی. سەرەتا کچەکەی ئامۆزام هیچی نەدەوت و خۆی لە خەو دەدا، دیار بوو چونکە بۆ نموونە بەرەو لای خۆم ڕامدەکێشا، خۆی شل دەکرد یان قاچەکانی دەکردەوە و هتد. دواتر پێکەوە دەمانکرد و ئەویش هەندێ داواکاری هەبوو و دەیوت بۆ نموونە دەیوت ئاوا نا ئاوا. وەک شتێک هەر دووکمان دەمانزانی و چێژمان لێ دەبینی.

خاتوو ب وتی:

کوڕێکی تەمەن حەوت ساڵانی ئێرانی کە ٣-٤ جار لە لایەن کوڕە مامەکەی کە تەمەن ١٨ ساڵانە دەستدرێژی کراوەتە سەری.

مامۆستای زانکۆ و بەڕێوەبەری بەشی توانابەخشی باسی لە جۆرە جیاوازەکانی دەستدرێژیکاران کردووە:

ئەگەر بمهەوێ ئەزموونە تایبەتەکانی خۆم بگێڕمەوە، من دراوسێیەکمان هەبوو کە ماڵی ئێمە بەتایبەت دایکم زۆر متمانەمان پێ دەکرد و پەیوەندییەکی نزیکیشمان هەبوو. ئەم مەسەلەی دراوسێیە زۆر ڕوو دەدا و دوای ئەوە مەسەلەی خزمەکانمان هەیە. ئەو کەسانەی وا لە ناو بنەماڵەی پڕحەشیمەتن و لە گەڕەکانەی کە ئاست ئابووریی کۆمەڵایەتییان نزمە سەبارەت بە کەسانی نامۆ و نەناسیاو و ئینجا کەسانی مەحرەم و نزیک هەندێ شت دەگێڕنەوە. ئێمە ئەمانە بەشێوەیەکی سەیر و باوەڕپێنەکراو دەبینین کە ئێستا مەسەلە لە زەڕبرا ئەولاتر چووە ئێمە مام و خاڵۆ زۆر دەبینین تەنانەت باوک و باپیریش دەبینین.

بەڕیز ڕیازەتی وتی:

ئایا حاڵەتەکانی پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ مەحارم لای ئێوە ڕاپۆرت کراون؟ نا زۆربەیان ناسیاوەکانن دواتر مەحارمەکان. زیاتر لە ناو ئاشنا و خزمە نزیکەکاندا ڕوو دەدا و ئینجا مەحارمەکانن.

خاتوو ف وتی:

ئەم کەیسە کە لە تەمەنی نۆ ساڵدا دەستدرێژی کراوەتە سەری. دەستدرێژیکار کوڕە خاڵی بوو کە چەند جارێک ئەم کارەی لەگەڵ کردووە.

خاتوو سۆڵتانی وتی:

لە تەمەنی دە ساڵیدا، کە براکەی لە زیندان ئازاد دەبێ، یەکەم دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن براکەیەوە دەکرێتە سەری و ڕادەکەی پێ نەوتم و بۆم دەرکەوت دەستی لێداوە. هەتا ئەوەی کە کوڕە پوورەکەی (خوشکەزای دایکی) لە ئەڤغانستانەوە دێتەوە و ئەویش بەم شێوە پەلاماری دەدا.

شەیدا وتی:

ئامۆزاکەم (کوڕەمام) بوو.

تاقمێکی دیکە ئەو کەسانەن کە منداڵ بە جۆرێک لە جۆرەکان دەیانناسێت. ئەم کەسانە بریتین لە کەسانی ناسیاوی وەکوو فرۆشگای گەڕەک (سووپەرمارکێت)، دراوسێ، شۆفێری ئۆتۆمبێلی قوتابخانە، نانەواخانەی گەڕەک، مامۆستا، ڕاهێنەر و مەلای گەڕەک. لە زۆر حاڵەتدا منداڵ بە هۆی هەندێک چالاکیی ڕۆژانەی وەکوو بازاڕکردن و چوونە قوتابخانە و وەرزشکردن ئەم کۆمەڵە کەسە دەناسێت. دەتوانین بڵێین لە زۆر حاڵەتدا ئازاردانی سێکسی لە لایەن ئەم کەسانەوە لە سەر بنەمای پلانێکی پێشتر دارێژراو نییە. بۆ نموونە کاتێک دەستدرێژیکارەکە تێدەگا کە منداڵ چاودێرێکی لێهاتوو لە دەوروبەریدا نییە، لەوانەیە هێرش بکاتە سەر منداڵەکە و ئازاری بدات. لەم بەشەدا کۆمەڵێک گێڕانەوە لەم بوارەدا باس دەکرێن.

دوکاندارێکی تەمەن ٣٢ ساڵ وتی:

چەند جارێک لەگەڵ کچێکی نەوجەوانی عەیار سێکسی ماڵشیم هەبوو و لەبەر ئەوەی شوێنێک نەبوو، لە پشت دوکانەکەوە ئەو کارەم لەگەڵیدا کرد. بە خوا خۆشی کەمەیل نەبوو هەر بە ناز و لەنجە و ئارایشتەوە هاوتوچۆی دەکرد. ئاخە بڵێ کیژێک لەم تەمەنەدا بۆ دەبێ بە تەنیا بچێتە سەر شەقام و دوکان؟ داوام لێدەکرد پاڵ بکەوێ و دواتر دەمخستە نێوان قاچەکانی و وریا بووم کە تێی نەخزێ کە بەدبەختم بم و قوڕ بکرێ بە سەرما. من داوام لێ دەکرد وەکوو ئەو فیلمە پۆرن و سێکسییەکان ئاخ هەڵبکێشێ و ناڵە و نرکەی هەبێ هەتا تێر دەبووم و ئینجا هەڵدەستاین و هەر یەک دەچووین بە شوێن ئیش و ژیانی خۆماندا. ئێستا دەیبینم چەند دانە منداڵی هەیە و نازانم لە بیری ماوە یان نا، بەڵام خۆزگە ڕۆژێک بموێرابا لەو بارەوە قسەی لەگەڵ بکەم و دڵنەوایی بدەمەوە. نازانم چەندە هەڵە بووم، ئاخە منیش منداڵی دوێنێ بووم بەڵام نەدەبوو ئەمەم لەگەڵدا بکردایە.

خاتوو ئیسماعیلی ڕاهێنەری نیگارکێشان لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان وتی:

ساڵی ڕابردوو لە دەروازەی غار پیاوێک بە جلوبەرگی مەلایەتییەوە حسێنییەیەک دەکاتەوە و کوڕە مێرمنداڵەکان بۆ خولی ئایینی لەوێ بانگهێشت دەکا و چووانم لەمانە بەڵام دیارە ئەم پیاوە نیازێکی تری هەیە و دوای ماوەیەک دەستدرێژی دەکاتە سەر ئەم منداڵانە.

خاتوو ب، ڕاوێژکاری قوتابخانەکە وتی:

کچێکی تر تەمەنی ١٨ ساڵە و ئەمساڵ بەشداری تاقیکردنەوەکانی زانکۆ دەبێت. خێزانێکی زۆر ئایین‌پەروەری هەبوو و لە قوتابخانەی سەرەتاییدا بۆ وانەی بیرکاری مامۆستایەکی تایبەتییان بۆ کرێ گرتبوو. ئەم مامۆستایە یەکێک بوو لە ئەندامانی نزیکی خێزانەکەی. دێ وانەی فێر دەکا و دەستیشی لێ دەدا، چونکە ژوورێکی تایبەتی هەبووە و ئیشی لەگەڵ دەکرد و دەیوت ماوەی وانەوتنەوەکەی درێژ دەکردەوە.

خاتوو ب وتی:

لە تەمەنی ١٣ و ١٤ ساڵاندا یەکێک لە کوڕەکانی دراوسێ دێتە ژوورەکەیان و بە زۆر دەستدرێژی دەکاتە سەری و پیردەمێردەکەی دراوسێیان پێ دەزانێ و دێ ڕزگاری دەکات.

خاتوو ف دەگێڕێتەوە:

یەکەم کەیسێک کە هاتە لام کچێکی تەمەن ٢١ ساڵ بوو. و لە لایەن دووان لە کوڕە دراوسێکانی کە لە نزیکیانەوە دەژیان دەستدرێژی کرابۆوە سەری و ئەویش تەمەنی لە ناو شەش بۆ هەوت ساڵ بوو و ئەو دوو کوڕە لە تەمەنی باڵقبووندا بوون، دەستدرێژییان کردە سەر. نزیکەی ساڵێک دەهاتن دەستیان لێ دەدا تەنانەت پێی وتم کە ئەو دوو ساڵەی لە بیرە و ئەو دوو کوڕە هەمیشە دەستیان لێداوە.

خاتوو سین، چالاکوانی کۆمەڵایەتی لە بواری منداڵان، وتی:

سەیر کە من یەکێک لە هاوڕێکانمم کە دەنگیم بۆ ناردیت. لە تەمەنی ٧ بۆ ٨ ساڵیدا. جاران لە بەردەم ماڵەکەماندا فرۆشگایەکمان هەبوو کە پیاوێکی دەهات و لەوێ دەماوە. بەیانی کە ڕۆیشت، ئەم پیرەپیاوە ئەوی گیر خست و دستی لێدا.

خاتوو ب وتی:

[...] پێم وایە ئەو کاتە تەمەنم لە ناو ٦ ساڵ بوو، نەدەچوومە قوتابخانە، نازانم ئەو کوڕە تەمەنی ١٧ یان ١٨ ساڵ بوو، من زۆر بچووک بووم، منی بردە ئەو پشتە [لە ناو دوکانەکە لە پشت ساردینگەکە] پاڵی خستم و سوارم بوو و خۆی پێوە دەماڵیم.

بەڕێز ز گێڕایەوە:

کە ئێمە چووینە دوکانەکەی، لەبەر ئەوەی زۆر دەترسا، خێرا ئێمەی بردە ناو هەمبارەکەی سەرەتا خۆی بە شتێکەوە ماڵی ئینجا خۆی منەوە دەماڵی پانتۆڵەکەم داکەنرابوو و پشتمان بە دیوارەوە بوو و لە کۆتاییدا بە من خۆی حەساندەوە.

خاتوونی یاریدەدەری کۆمەڵایەتی ماڵی منداڵ (خانە کودک) لە ناسر خەسرەو وتی:

ژنە لە مێردە جیا بووەوە و کچەکە لەگەڵ باوکیدا دەژیا و باوکەکە هاوڕێیەکی هەبوو و متمانەی زۆری پێدەکرد و هاموشۆی دەکرد و ئەو هاوڕێیە بە جۆرێک کچەی ڕازی کرد و وەک خۆشەویستی چەند جارێک شتی بۆ کڕیوە و ئینجا پەلاماری داوە.

یەکێک لە منداڵان لە دامەزراوەی بێهنام موغاری وتی:

جارێکیان کە تەمەنم ٩ ساڵان بوو، هاوڕێیەکی نزیکی باوکم دەستی لە ڕانم دا و من لێێ بێزار بووم و ئیتر متمانەم بە کەس نەما.

لە کۆتاییدا تاقمێکی دیکەی دەستدرێژیکاران نامۆکانن.

خاتوو ب دەڵێ:

کچێکی ئەڤغانی تەمەن ١٧ ساڵ؛ کە شەش منداڵ لە ناو ماڵێکدان و خۆشی منداڵی چوارەمی ماڵەوەیە، باوکی دەستفرۆش و دایکی نەخوێندەوار و کابانی ماڵە. ئەم کچە ڕاپۆرتی داوە کە لە ڕێگای قوتابخانەدا دەستدرێژی کراوەتە سەر. کە هاتوچۆی قوتابخانە دەکرد لە هەمان گەڕەکی دەرواز غار. ڕۆژێکیان دوو کوڕ بە زۆری ڕایدەکێشنە ناو بینایەکی تەواونەکراوەوە و دەستدرێژییان کردە سەری، سێکسی کۆمیان لەگەڵ کردووە، دواتر دۆخەکە زۆر خراپتر بوو.

بەڕێز مەهدەوی چارەسەرکار دەڵێ:

ئەوەی ڕاستی بێ خانمێکی سەڵتی تەمەن ٣٠ ساڵە هاتە لام کە لە تەمەنی ١٠ ساڵیدا لە لایەن پیاوێکی نەناسیاوەوە دەستدرێژی کراوەتە سەری. لە سەر شەقامەکە یەکێ دێ پەلی دەکێشێ و دەیبا وەکوو دز لە شیوێنێکدا ئەتکی دەکا خەڵک ئەم منداڵە بە گریان و شیوەنەوە دەیهێنەوە بۆ ماڵەوە.

خاتوو میم وتی:

شتێکی تر ئەوەیە کە زۆربەی کەیسەکانی دەستدرێژی هی ژنانە، کە لە لایەن مەحارمەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەریان، هەروەها پیاوان و کوڕان، چونکە ئازادترن و دەتوانن بچنە هەر شوێنێک، لە لایەن نامۆ و نەناسیاوەکانەوە کەڵکاوەژۆیی سێکسییان لێ دەکرێت.

بەرپرسی نووسینگەی پاڵپشتی لە ژنان:

کوڕان لە دەرەوەی ماڵەوە لە لایەن کەسانی نامەحرەمەوە دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەریان، بەڵام کچان زیاتر لە ماڵەوە و لە لایەن مەحارمەوە دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەریان.

یەکێک لە قوربانییەکان دەڵێ:

منداڵێکی تەمەن ١٠ ساڵ لە گۆڵپایگان لە لایەن کرێکارێکی ئەڤغانی دەستدرێژی کراوەتە سەر، دانیشتوانی گەڕەکەکە ئاگادار بوونەوە و بەرەنگاری دەستدرێژیکارەکە بوونەوە.

گێڕانەوەکانی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە دەستدرێژیکار دەتوانێ هەر کەسێک بێ لە نزیکترین کەسەوە بگرە تا کەسێکی نامۆ کە منداڵەکە نایناسێت. سەبارەت بە کێیەتیی دەستدرێژیکارەکە دەتوانین ئاماژە بە چەند خاڵ بکەین. یەکەم: هەرچی پەیوەندیی نێوان منداڵ و دەستدرێژیکار نزیکتر بێ و نێوان منداڵ و دەستدرێژیکار پەیوەندیی سۆزداری لە ئارادا بێ، ماوەی دەستدرێژییەکە درێژتر دەبێتەوە و بە هۆی ئەم وابەستەییەوە لێکەوتەکانی بۆ منداڵەکە زۆر ترسناکتر دەبن. وەک خاتوو ڕ وتی "بەداخەوە کاتێک پەیوەندی لەگەڵ مەحارم و ئەندامانی خێزان لە گۆڕابێ، ئەم پەیوەندییە زۆر دووبارە دەبێتەوە. یەکێک لە زیانە سەختەکان، پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ مەحارمە. لە ڕاستیدا زیانەکانی زۆرن، بۆیە یەکێک لە شتەکان ئەوەیە کە منداڵ چاوەڕێی ئەوە دەکا ئەو منداڵە پشتیوانی بێ، بەڵام زیان بە منداڵەکە دەگەیێنێ، ئەم ململانێیە هێندە زۆرە کە زیانەکانی یەکجار زۆرە".

یان کاک ش وتبووی "کەیسێک هات و ڕاپۆرتی کرد کە زۆر بۆ من سەیر بوو کە باوکێک پێدۆفیلیا بووە و بەردەوام لەگەڵ کوڕکانی کە ٦ ساڵان و ٩ ساڵان بوون سێکسی کردووە".

دووەم ئەوەی کە نائاگاداریی خانەوادەکان لەوەی کە کەسوکار و ئاشنا نزیک و پلە یەکەکان دەتوانن زیان بە منداڵەکە بگەیێنن، کە ئەم نائاگاییە وایان لێدەکا کە وا بزانن لە لایەن ئەوانەوە تووشی ئازاردان نابن و هەر بۆیەش لەم حاڵەتانەدا کەمتر چاودێری منداڵەکە دەکەن و یان منداڵەکە لای ئەوان بەجێدەهێڵن بۆ ئەوەی ئاگایان لێیان بێت.

هەر وەک خاتوو بارامی لەو بارەوە ئاماژەی پێ کردووە، "زیاتر لە ناو خزم و بنەماڵەی دایکییە چونکە پەیوەندی زیاترە و هەروەها ئەو متمانەی کە ئەو کەسە بە بنەماڵە هەیەتی و ئەو دایکە کەمتەرخەمەی کە دوودڵ نییە".

خاڵێکی تر کە پێویستە لە بارەی کەسانی نامۆ بخرێتە ڕوو. بە پێی ئەو گێڕانەوانەی کە باسمان کردن پێدەچێ کەسانی نامۆ زیاتر لە گەڕەکە نارێکخراوەکان و فەزا نائارامەکانی شاردا دەستدرێژیی سێکسییان لێ بووەشێتەوە. وەک دکتۆر ئەبهەریان وتی "ئەو کەسانەی کە لە ناو بنەماڵە پڕحەشیمەت و ئەو گەڕەکانەی ئاست کۆمەڵایەتی و ئابوورییان نزمە سەبارەت بە کەسانی نامۆ و ڕێبوار هەندێ قسە دەکەن." سەبارەت بە کەسانی وەکوو فرۆشگای (مارکێت) گەڕەک، شۆفێری ئۆتۆمبێلی قوتابخانە، نانەواخانەی گەڕەک، مامۆستا، ڕاهێنەر و پیاوانی ئایینی، ئەم دەستدرێژییانە تا ڕادەیەک بە هۆی چالاکییەکانی ڕۆژانەی منداڵانە. کاتێک منداڵێک دەچێتە دووکانی گەڕەک بۆ ئەوەی شتێ بکڕێ یان دەچێتە قوتابخانە، ئەگەری ئەوەی کە لە لایەن دوکاندار یان شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە دەستدرێژی بکرێتە سەر، زیاترە. ئەم چالاکییانە وا دەکا نێچیر (منداڵ) بە بێ پارێزەرێکی بەتوانا لە بەردەم دەستدێژیکار بێت.

لە کۆتاییدا خاڵی کۆتایی پەیوەستە بە ڕەگەزی کەسی دەستدرێژیکارەوە. لەم بارەوە خاتوو مەندانی وتی "باوترین بابەت دەستدرێژی هی ژنانە کە لە لایەن مەحارمەکانیان دەستدرێژی دەکرێتە سەریان و هەروەها پیاوان و کوڕان، چونکە ئازادترن و دەتوانن بچنە هەر شوێنێک، هەر بۆیە لە لایەن نەناسیاوەکانەوە دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەریان". لە سەر بنەمای ئەم قسە دەتوانین بڵێین بەو پێیەی کە کۆمەڵگا و خێزانەکان ئازادیی زیاتر بە کوڕان دەبەخشن، ئەوان زیاتر دەتوانن لە ناو کۆمەڵگادا ئامادە بن و لەگەڵ هەموو جۆرە کەسێک لە ناویاندا کەسانی نامۆ هەڵسوکەوت بکەن، بۆیە ئەگەری ئازاردانیان لە لایەن ئەوانەوە زیاترە. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە هەموو ئەم حاڵەتانەی

کە باس کران گریمانەی سەرەتایین کە لە لێکۆڵینەوەکانی داهاتوودا زیاتر تاوتوێ دەکرێت. هەر بۆیە سەلماندنیان پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاترە.

ئەزموونەکانی تاقمی سێیەم کە لە لایەن کەسانی نامۆوە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەریان، ئەوە دەردەخەن کە فاکتەرە پەیوەندیدارەکانی پێکهاتەی گەڕەک لەگەڵ فاکتەرەکانی دیکە لە دوو تاقمی پێشوودا باس کران، کاریگەرییان لە دروستبوونی دەستدرێژیدا هەیە. بە جۆرێک کە ئەو گەڕەکانەی کە بێبەشی زیاتری تێدا دەبینرێ و بە هۆی زۆریی دانیشتوانییەوە بەستێنێکی لەبار بۆ دەستدرێژییە، لە پاڵ ئاستی نزمی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە گروپی منداڵ و مێرمنداڵان لە لایەن دامەزراوە بەرپرسیار و چاودێرەکانەوە بۆ نموونە دایک و باوک و بنەماڵە بە هۆی کەمیی ئاستی هۆشیارییەوە شوێنێکی لەبارتر بۆ دەستدرێژیکردن بوون. لێرەدا پەیوەندییەکی مانادار لە نێوان بێبەشیی جوگرافی و ئابووری لەگەڵ بێبەشیی فەرهەنگی و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لە ئارادایە، کە لە بواری ئازاردانی سێکسیدا سەلمێنراوە و کاری لە سەر کراوە.

بارودۆخی زەمینەیی و هۆکارە کاریگەرەکانی سەر دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان

منداڵئازاریی سێکسی لە بۆشاییدا ڕوو نادا و کۆمەڵێ زەمینە و فاکتەر کاریگەری لە سەری دادەنن. زەمینەکان پیشاندەری ئەو بارودۆخ و پێگانە دەکەن کە بوونی دیاردەی بەرتوێژینەوەیان لێ کەوتۆتەوە. دۆخەکان ئەو بەستێنە پێکهاتەییانە لە خۆ دەگرن کە سروشت، پێداویستی یان ئەو پرسانە بیچم دەدەن کە تاکەکان بەوە وڵامی کارلێک و هەڵسوکەوت و سۆزەکان دەدەنەوە و ئەمە ئاستی کەڵان هەتا ئاستی ورد لە خۆ دەگرێت. ئەم زەمینانە لە لایەک هاندەری دەستدرێژیکارانە و لە لایەکی ترەوە دەستدرێژیکراوان بە بێ کۆنترۆڵ و پاراستن دەکەنە ئامانجێکی بەردەست بۆ دەستدرێژیکارەکان. فاکتەرەکانیش لە زۆر حاڵەتدا پردی نێوان زەمینە و دەستدرێژییەکانن و وەکوو میکانیزمە لکێنەرەکان ئیش دەکەن. زەمینە و فاکتەرە دەستنیشانکراوەکانی ئەم توێژینەوە بریتین لە هەژاری و بێبەشی، خێزانە بێسەروسامانەکان و ڕێکارە ناکارامە پەروەردەییەکانیان، ناکارامەیی دامەزراوەیی لە بواری ڕاهێنانی سێکسی و پشتیوانی لە قوربانییەکانی دەستدرێژیی سێکسی، نەبوونی یاسای تایبەت، لێکدژی و ناکۆکیی نێوان یاساکان، فەزا

بێبەرگری و نائارامەکان، تایبەتمەندییەکانی دەستدرێژیکارانی سێکسی و دەستدرێژیکراوان.

- فاکتەرە پێکهاتەییەکان

پێکهاتەی فیزیکی - ژینگەیی دەستدرێژی: فەزا بێبەرگرییەکان

بابەتی فەزا و کات یەکێک لە تەوەرە گرنگەکانی بواری زانستە کۆمەڵایەتی و جوگرافیاییەکانە، چونکە هەموو ڕەفتارەکان ڕەهەندی فەزایی و کاتییان هەیە و کارتێکراویانن. هەر لەم بوارەدا گیدنز دەڵێ ڕەهەندە فەزایی/کاتییەکانی کرداره کۆمەڵایەتییەکان گرنگن. ناوبراو ڕەخنە لە زانایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێ کە ئەم ڕەهەندانەیان پشتگوێ خستووە (گیدنز ، ١٩٨۴: ١١٠). لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا لە بواری تاواننناسیدا ڕەهەندە فەزایی و کاتییەکانی ڕەفتارە مرۆییەکان جێگەی سەرنج بووە. لەم بوارەدا دەتوانین ئاماژە بە تیۆریی فەزا شیاوی بەرگرییەکان بکەین (نیومان، ١٩٧٢)؛ پەنجەرە شکاوەکان (ویلسون و کلینگ، ١٩٨٢)، تاواننناسیی ژینگەیی (برانتینگهام و برانتینگهام، ١٩٨١)، تیۆریی چالاکییەکانی ڕۆژانە (کوهن و فلسون، ١٩٧٩) و تیۆریی سەرچەشنی تاوان (سیدباتم ، ٢٠١٦) باس کراون.

یەکێک لە پرسیارە سەرەکییەکان ئەوەیە کە فەزا و فەزا بێبەرگرییەکان ڕێک ئاماژە بە چی دەکات. لە پێناسەیەکی سادەدا دەتوانین بڵێین فەزا پانتایەکی سێ ڕەهەندیی بێ سنوورە کە تێیدا شتەکان بوونیان هەیە و ڕووداوەکان لە ناویدا ڕوو دەدەن و مەودا و ئاراستەیەکی ڕێژەییان هەیە (تراستند، ٢٠٠٣). کەواتە فەزا دەتوانێ هەموو شتێک بێ، وەک لە درێژەدا دێ لە ماڵی تایبەتیی تاکەوە هەتا ناو تاکسی و کێڵگەکان. لەم زەمینەدا، برانتنگهام و برانتنگهام پێناسەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشیان بۆ تاواننناسی ژینگەیی خستۆتە ڕوو و بەم شێوە پێناسەی دەکەن: "پێگەیەکی لێکپساو لە کات و شوێندا ... کە تێدا ڕووداوێکی تاوانبارانە ڕوو دەدات" (برانتینگهام و برانتنگهام، ١٩٨١: ٧). ئۆسکار نیوومان باسی فەزای شیاوی بەرگری دەکات. بە بڕوای ئەو، ئەم فەزایانە "چاکسازیی بەدیلێکە بۆ کۆمەڵێک لە میکانیزمەکان (بەربەستە ڕاستەقینە و ڕەمزییەکان کە لە ژێر ناوی بوارەکانی دەسەڵات پێناسە دەکرێن و دەرفەت بۆ چاودێریکردن دەخولقێنن) کە یەک دەگرن بۆ ئەوەی ژینگە بخەنە ژێر کۆنترۆڵی دانیشتووانەکەیەوە" (١٩٧٢: ٣). "هەموو بەرنامەکانی

فەزای شیاوی بەرگری ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە: ئەوان پێکهاتەی فیزیکیی کۆمەڵگاکان دروست دەکەنەوە بۆ ئەوەی دانیشتووان بتوانن ناوچەکانی دەوروبەری ماڵەکانیان کۆنترۆڵ بکەن. ئەمەش شەقام و گۆڕەپانی دەرەوەی شوقەکان و لۆبیەکانیان و ڕێڕەوەکانی ناوەوەیان دەگرێتەوە." لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ ئەو فەزایانە تووشی کێشە دەبن وا "هیچ هەستێک کە هەڵقوڵاوی بوونی شوناسێکی تایبەت بێ بە مرۆڤەکان ئیلهام ناکەن. ئەم جۆرە فەزا بێناو و نیشانانە تەنانەت هاواهەنگیی دانیشتووانی گەڕەکەکانیش لە پێناسەی بازنەی ڕفتاری شیاو و پەسەنکراو ناومکین دەکات. لەم جۆرە فەزایانەدا هەستی خاوەندارێتی یان بەکارهێنەرانی نییە و هەروەها لێکجیاکردنەوەی دانیشتووان لە کەسانی دەستدرێژیکار مەحاڵە" (نیومان، ١٩٩٦: ١١-١٢). کەواتە لە پێناسەیەکی سادەدا دەتوانین بڵێین فەزای بێبەرگری فەزایەکە کە لە ژێر کۆنترۆڵی خاوەنەکان یان بەکارهێنەرانیدا نییە و ڕەنگە ڕەفتاری تاوانکاری لەوانەش ئازاردانی سێکسی تێدا ڕوو بدات.

ئەو فەزا بێبەرگرییانەی کە لەم توێژینەوەدا دەستنیشان کران، زۆر شتیان لە خۆ گرتبوو. بە واتایەکی تر ئەو فەزایانە بوون کە دەستدرێژیکار دەستدرێژیی سێکسی کردبووە سەر منداڵ. ئەم فەزایانە بریتی بوون لە گەڕەکە پەراوێزنشینەکان، گەڕەکە زیانبەخش و تاوانخێزەکان، ناوچە دوورەدەستەکانی گوندەکان، مەزرا و کێڵگە و پێدەشتەکان، ماڵی قوربانی، ماڵی دەستدرێژیکار، ماڵی دراوسێ، ماڵی کەسی سێیەم، شوێنی کار، حسێنییە، قوتابخانە، شەقام، یانە تیمییەکان، بینای وێران، بینای نیمچە تەواو، لە ناو گەڕەک و کووچە، بێهزیستی (چاکژیانەوە)، پارک، فرۆشگا و دوکانی خواردەمەنی، دەرەوەی شار، لە ڕێگای قوتابخانە، ناو تاکسی، ناو ئۆتۆمبێلی قوتابخانە، لە یانەی وەرزش، لە مەلەوانگە و ماڵی ڕاهێنەری وەرزشی. کەواتە، وەک دەبینین، ئێمە ڕووبەڕووی لایەنێکی بەربڵاوی فەزاکان دەبینەوە و ئەمەش دەتوانێ لە پەناگە یان ماڵی دایک و باوکێکی دەستدرێژیکراوەوە دەست پێ بکا هەتا دەگاتە فەزاکانی دەرەوەی شار. هەڵبەت فەزا بێبەرگرییەکان لەم حاڵەتانەدا سنووردار نابنەوە. کەواتە فەزای بێبەرگری شوێنێکی پەرت و دوور نییە، بەڵکوو وەک گوترا، دەتوانێ ماڵی قوربانییەکە بێت. پرسیارێکی تر ئەوەیە کە چۆن فەزای بێبەرگری دەتوانێ هۆکاری زیانگەیاندن بێت. دەکرێ ئاماژە بە دوو میکانیزم بکەین. یەکەم ئەوەی کە میکانیزمەکانی وەکوو چاودێری و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لاواز

دەکەن و دووەم ئەوەی کە بە لاوازکردنی ئەم میکانیزمانە، ئەگەری ئەوە هەیە کە دەستدرێژیکار بۆ ئەنجامدانی دەستدرێژی دنە بدەن. بەتایبەت ئەوانەی وا پلان و نەخشەی پێشوەختەیان بۆ دەستدرێژی نەبووە. زۆرێک لە لێکۆڵینەوە تاوانناسییەکانیش ئاماژەیان بەمە کردووە. لەم بەشەی خوارەوەدا بە ئاماژەدان بە گێڕانەوەکان، باسی فەزا بێبەرگرییەکان زیاتر شی دەکەینەوە.

یەکێک لەو فەزا بێبەرگریانەی کە ئەگەری ڕوودانی هەموو جۆرە توندوتیژی و دەستدرێژییەکیان تێدا زۆرە، ئەو گەڕەکانەن کە بە گەڕەکی نارێکخراو ناو دەبرێن. ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی ئەم گەڕەکانە بە هۆی هەژاری و ناسەقامگیریی نیشتەجێبوون و فرەچەشنیی ئێتنیکی، کۆچ و پرسی پلاندانانی شاری و ئاراستەی زاڵ و ناکارامەی نژیارڤانی لە بازنەی شار و پەراوێزەکانی، پرسی پێکهاتەیی- یاسایی و نارێکیی ژینگەیی بە هۆی گەشەنەکردن و بۆشایی مەدەنی و ... تێک دەچن. لەم دۆخەدا، دانیشتووان چیتر ناتوانن ژینگەی کۆمەڵایەتیی خۆیان ڕێک بخەن یان بەها هاوبەشەکانیان بەدی بهێنن. ئەم گەڕەکانە دەتوانن هەم گەڕەکە پەراوێزنشینەکان و هەم گەڕەکە ناکارامە شارییەکان بن. لە شاری تاران یەکێک لەو گەڕەکە ناسراوانە گەڕەکی دەروازە غارە کە بەدەست گیر و گرفتی هەمەجۆری پێکهاتەیی و لێکەوتەکانی وەکوو تاوانکارییەوە دەناڵێنێت. لەم لێکۆڵینەوەدا گێڕانەوەی زۆر بەدی دەکەین کە پەنجە بۆ ئازاردانی سێکسی لە گەڕەکی دەروازە غار ڕادەکێشن.

لە درێژەدا بەڕێوەبەری ماڵی منداڵانی (طلوع بی‌نشانها) وتی:

ئەو خێزانانەی کە لە گەڕەکە مەترسیدارەکانی وەکوو دەرواز غاردا دەژین کە مەترسی زۆرە و لە دەوروبەری شاری تارانن وەکوو وەرامین و گوندەکانی دەوروبەری. ناوچە پەراوێزییەکان کۆمەڵێک گەڕەکن کە نە چاودێری دەکرێن و نە ڕاهێنانی تێدایە. ئاستی ڕۆشنبیریی خێزانەکان بەرز نییە و ئەو کەسانەی لەم دۆخەدا ئالوودەی مادەی هۆشبەرن لێهاتوویی چاودێریکردنی منداڵیان نییە. ڕێکخراوی بێهزیستیش ئەوەندە ئیمکانیاتی نییە کە بتوانێ هەموو منداڵەکان لە خۆ بگرێت. هەر لەبەر ئەوە هەتا ئەو کاتەی منداڵەکان دەگەنە تەمەنی باڵقبوون، زۆر دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەریان.

ژینگەی گەڕەکی دەروازە غار تەنیا لە ژینگەی دەرەوەی گەڕەکەکەدا قەتیس نابێتەوە بەڵکوو فەزای ناوەوەی هەندێک خانوو بە شێوەیەکە کە پتانسێلی ئەوەی هەیە کە ببێتە فەزای بێ‌بەرگری. لەم گەڕەکەدا زۆرێک لە خێزانەکان لەو خانووانەدا دەژین کە هەر ژوورێکی بە یەک خێزان بە کرێ دراوە، هەر بۆیە ڕەنگە لە یەک خانوودا ڕێژەیکی زۆر خێزان بژین. لە ڕاستیدا یەکێک لەو هۆکارانەی کە ئەم فەزای پەراوێزی شارەی بێ‌بەرگری کردووە، چڕیی دانیشتووان بە پێی ڕووبەری ئەو زەوی نیشتەجێبوونەیە کە ئەم کەسانە تێیدا دەژین. گرنگینەدان بە پێوەرەکانی ڕێژەی ژینگە بەرامبەر بە تاکەکان لە بونیادنانی فەزا نیشتەجێبوونەکان گوزارشت لە سیاسەتدارشتنی ناکارامەی بواری پلاندانانی شار و نژارڤانیی شار و نەبوونی چاودێریی تەکووز بە سەر کێشەکانی پەراویزنشینی لە کۆمەڵگای ئێران دەکات. ئەم فاکتەرە لە فەزای کارلێکی دوو لایەنەی نێوان ئەندامانی هەر خێزانێک کاریگەر بووە و بەو پێیەی کە ئەگەری هەبوونی فەزای تایبەت بە پێی ئەندامانی خێزان دابین ناکا، ئەوا سنوور یان مەرزبەندی نێوان هەرێمی تایبەتی و گشتیی تاکەکانی خێزان دەشێوێنێ و کاریگەریی لە سەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەوان دادەنێ و کەشێکی گرژ و پرسی دەروونی و سۆزدارییان بۆ دروست بکات. لە لایەک ئەم چڕیی حەشیمەتە مەرزبەندیی نێوان فەزای تایبەتیی هەر خێزانێک لەگەڵ فەزای گشتی و پەیوەندیی خێزانەکانی دیکە دەشێوێنێ و ئەمەش بە جۆرێکی دیکە کەمبوونەوەی کۆنترۆڵ و چاودێریکردنی لێ دەکەوێتەوە. بەو پێیەی کە زۆرێک لە دانیشتووانی ئەم گەڕەکە لە هەژاریدا دەژین، دایک و باوک ناچارن کار بکەن و منداڵەکانیان لە ماڵەوە بەڕەڵا بکەن. بەڕەڵاکردنی ئەم منداڵانە لەم ماڵانەدا کە لە هەندێ کاتی ڕۆژدا دەبنە ژینگەیەکی نائارام و بێ‌بەرگری - کاتێک دایک و باوک لە ماڵەوە نین و منداڵەکانیان بە تەنیا جێ دەهێڵن – بەستێنێکی باش بۆ دەستدرێژیکردنیان دەڕەخسێنێت:

بە گوێرەی ڕاپۆرتی ژنە زیندانییەک، لە ماڵێکدا لە نزیک دەروازەی غار دەژیا ماڵانێک کە ژوور و حەوشە و چێشتخانەیان هاوبەشە وەکوو هەوارنشینان کە هەموو شتێکیان هاوبەشە. دیارە دایک و باوکی هەموو ڕۆژێک دەچوونە سەر کارەکانیان و ئەمیش لە تەمەنی ١٣ و ١٤ ساڵان یەکێک لە کوڕەکانی دراوسێ هاتۆتە ناو ژوورەکەیان و بە زۆر دەستدرێژیی کردۆتە سەری کە دراوسێ پیرەکەی پێ زانیوە و هاتووە ڕزگاری کردووە.

کەواتە ڕەنگە هەندێک لەو فەزایانە تەنها بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ببنە فەزایەکی بێبەرگری. لەم حاڵەتەی سەرەوەدا، ئەگەر پیرەمێردەکەی هاوسێ هەر لە سەرەتاوە بە نیازی دەستدرێژیکارەکەی بزانیبایە، ئەوا بە چاودێکریکردنی فەزاکە ڕێگری لە هێرشی دەستدرێژیکار دەکرد. هەروەها ناوچە لادێیەکانیش پڕن لە فەزای بێبەرگری و بە شێوازی جۆراوجۆر منداڵان دەخەنە مەترسییەوە. بەشێکی ئەم دەستدرێژییە دەگەڕێتەوە بۆ چالاکییەکانی ڕۆژانەی منداڵان، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لە نەبوونی پارێزەرێکی بەتوانادا لە فەزا و شوێندا لەگەڵ کەسانی دەستدرێژیکاردا کۆ ببنەوە و ئازار و دەستدرێژی بەئەزموون بکەن. بۆ نموونە لە ناوچە گوندییەکاندا زۆرێک لە منداڵان سەرقاڵی کاروباری وەکوو ئاژەڵداری و کشتوکاڵن. ئەوان لە زۆر حاڵەتدا بە تەنها لەگەڵ دەستدرێژیکارەکەدا دەمێننەوە، تەنانەت ڕەنگە دەستدرێژیکارەکە پلانی پێشوەختەی بۆ ئازاردانیان نەبێ، بەڵام کاتێک منداڵەکە بە تەنها لەگەڵی دەمێنێتەوە و لە بنەمای ئەخلاقی و توانای خۆکۆنترۆڵی بێبەرییە لەوانەیە دەستدرێژی بکاتە سەری. شەیدا کە لە لایەن ئامۆزاکەی و ژمارەیەک کەسی دیکەی خەڵکی گوندەکەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر، فەزا بێبەرگرییەکانی دێکەی خۆیان بەم شێوە شرۆڤە کردووە:

ئێمە ئەوسا لە لادێ دەژیاین، هەندێکجار لەگەڵ کوڕی مام لای مەڕم دەگرت. جارێک لە پشت قوتابخانەی گوندەکە بووین، پێی وتم وەرە ناو ئاودەستخانەی قوتابخانە با شتێکت پیشان بدەم. سەرەتا ملم نەدا نەچووم، بەڵام لە کۆتاییدا ڕۆشتم. لەوێ، پانتۆڵەکەمی داکێشا و ئەندامی سێکسیی خۆی خستە ناو ڕانەکانم. منیش ترسام و هەر دەگریام. ئەویش بە زۆر ئەم کارەی دەکرد. منیش لێی دەپاڕامەوە وا نەکا بەڵام ئەو بەردەوام بوو. بۆ جارەکانی دیکەش ئەم کارەی کرد بۆ نمونە دەمیبردە ناو ماڵە چۆڵەکان و هەر ئەو کارەی لەگەڵمدا دەکرد. یان کاتێک دەچووینە لای مەڕ، منی دەبردە ناو قامیشەڵان و کاری خۆی ئەنجام دەدا. زیاتر خۆی بە من تێر دەکرد. چێژم لێ نەدەبینی. تەنها خۆڕاگریم دەکرد؛ خۆ دەمزانی زیانم پێ ناگەیێنێ، هەر لە سەر ڕانمی دادەنا. بەڵام دەترسام کە ئەگەر بەرەنگاری ببمەوە بە زۆری ئەو کارە بکات.

یان پیاوێک کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکا، ئەزموونی خۆی لە دەستدرێژیی سێکسی لە ناوچە گوندییەکاندا بەم شێوە گێڕاوە:

چەند جارێک کە دەچووین پێکەوە سواری کەر دەبووین و ئەویش لە پشتەوە پێی دەگوتم کە توند دەست لە دەوری کەمەرم بئاڵێنم و دواتر بە هێواشی دەستمی بەرز دەکردەوە و دەیخستە سەر مەمکەکانی، منیش ئەوسا نەمدەزانی خەریکە چ ڕوو دەدا بەڵام هەستێکی خۆشم هەبوو. جا تۆ بیهێنە بەر چاوی خۆت گەرمیی لەشی ئەو کچە و منیش لەو کاتەدا لە سەرەتای باڵقبوونم بوو تەمەنم لە ناو ١١ یان ١٢ ساڵ بوو، و ئەو جوڵە جوڵەی سەر گوێدرێژەکە و ئەو کیژە و هەموو ئەمانە و چەند جارەی کە درێژەی کێشا، ڕۆژێکیان لە نیوەی ڕێگادا چاڵاوێک هەبوو کە بۆ ئاودێریی مەزراکان بەکاریان دەهێنا و ئەویش لەوێ پاڵ کەوت و وتی وەرە با کەمێک پشوو بدەین و بخەوین و لەم شتانە نازانم چی وت، و پێی وتم بچمە سەری و دواتر خۆی دەجوڵاند و خۆی بە منەوە دەماڵی و جارێک یان دووجار دووبارە ئەم کارەی کردەوە، ئەمجارەیان جوان منی پاڵ خست و خۆی دەهات و قاچەکانمی دەکردەوە و خۆی بە منەوە دەخشاند.

منیرە فەزای بێبەرگری دەوروبەری ماڵی خۆیان بەم شێوە وەسف کردووە:

هاوڕێیەکم هەبوو براکەی لە ئێمە گەورەتر بوو، ئەو شوێنەی ئێمە لێی دەژیاین هەر وێرانە و تەپۆڵکە بوو، ئەوسا ئێمە دەچووینە جۆڕەن و یاریمان دەکرد. باشم لە بیرە برای ئەو کچە لەگەڵ هاوڕێکەم کە ناوی نازی بوو منی بردە ئەوێ زیپەکەمی داکێشا دەستی دا لە ئەندامی مێینەم و لەمانە. من منداڵ بووم ڕەنگە تەمەنم لە ناو ٥-٤ ساڵ بوو لە بیرمە بەرماڵەکەمان، دایکم کەسێکی کەمتەرخەم و نەخوێندەوار بوو، دواتر پیاوێک لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا کایەی لەگەڵم دەکرد. لە بیرمە براکەم ئەندامی نێرینەی خۆی بە پشتمەوە چەسپاندبوو، جارێکیان خاڵۆم ویستی بێتە لام.



چارتی ژمارە ٣-١٦. دابەشکاریی وڵامدەران بە پێی شوێنی دەستدرێژی

جگە لەو فەزا نامۆ و چۆڵانەی کە لە ناو گوند و شارەکاندا هەن، هەر شوێنێکی تر لە ماڵەوە، یان لە دەرەوەی ماڵ، لە ناو تاکسی و یانەشدا دەتوانێ ببێتە فەزای بێ‌بەرگری. بە گشتی دەتوانین بڵێین زۆرێک لەو فەزایانە لەبەر ئەوە بێ‌بەرگری دەبن، چونکە پارێزەرانێک لەوێدا نین کە لە کاتی مەترسیدا دەستوەردان بکەن. لە ڕاستیدا هۆکاری سەرەکیی بێ‌بەرگریبوونی ئەو فەزایانە تەنها لەبەر هەلومەرجی فیزیکی و پێکهاتەی نژیارڤانیی ژینگەیی و جوگرافی نییە، بەڵکوو لەبەر ئەو پرسە فەرهەنگی و پەروەردەییانەیە کە بە سەریاندا زاڵن و یان نەبوونی ڕێسا و پەیوەندییە ڕەفتارییە نووسراو و نەنووسراوەکان کە پێویستە بۆ ئەم فەزایانە لە ڕێگەی پێکهاتەی یاسایی، مەدەنی و ئەخلاقیی کۆمەڵگا ڕێک بخرایە و جێبەجێ بکرایە. بەو پێیەی کە هیچ یاسایەک بوونی نییە، کەواتە هیچ چاودێری

و کۆنترۆڵکردنێک بە سەر جێبەجێکردنی ئەو یاسا ڕەفتارییانە لەم فەزایانەدا بوونی نابێ و ئەو دەستدرێژیکارانەشی کە لەم فەزایانەدان، ئاگاداری ئەوە هەن کە ئەم یاسانانە بوونیان نییە و ئەم شوێنانە چاودێریی گشتی و یاساییان بە سەرەوە نییە و پەروەردە و ئەخلاق لە ناویاندا نەچەسپاوە کە کۆنترۆڵی دەروونی ببێتە بەدیلیان. کەواتە دەرەنجامی ئەم هۆکارانەی کە باس کران ئەو جۆرە فەزایانە دەکاتە فەزای بێبەرگری. بۆیە نەبوون یان لاوازبوونی کۆنترۆڵی دەرەکی کە بەرهەمی نەبوونی یاسامەندی و مەسەلە پێکهاتەییەکانە، و هەروەها کۆنترۆڵی دەروونی کە لە پڕۆسەی ناکارامە و مەسەلە پەروەردەیی و ئەخلاقییەکانی ناو کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێ، هەموو ئەمانە دەتوانێ لەمەڕ ژینگەی ماڵ و خێزانی کەسی دەستدرێژیکراو بە ڕاست دەربچێت. بەتایبەت ئەوانەی وا لە لایەن مەحارمەوە دەستدرێژی کراوەتە سەریان.

هەر لەم زەمینەدا لەیلا بەم شێوە بۆمان دەگێڕێتەوە:

هەندێک جار لە ماڵی خۆمان. هەندێک جار لە نزیک ماڵی داپیرەم ئاودەستێکی لێ بوو لە ژێرزەمین. شوێنێک تەریک و پەرت بوو کەسی لێوە دیار نەبوو.

ئەو کەسانەی کە لە لایەن مەحارمەوە ئازار و دستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەریان دەتوانین بڵێین هەموویان لە ماڵی خۆیان بوون. لە ژێرەوە کۆمەڵێک گێڕانەوەی ئەم بوارە شی دەکەینەوە.

حامید سەبارەت بە ئەزموونی خۆی لە ماڵی داپیرەی وتی:

ئێمە لەوێ کۆ دەبووینەوە و لەگەڵ منداڵەکانی تر و مامۆ و خاڵۆ و پوور (خوشکی باوک) پێکەوە دەخەوتین و شەوێک مامم بینی کە لە نیوەی شەودا هاتۆتە تەنیشتمەوە و نوستووە و بەسەرهاتی دیکەشمان لەگەڵی بوو و هەڵبەت، دواتر لە پوورمم بیست (ئامێ، خوشکی باوک) کە وتی عەلی مامەت چۆن بڵێم بە زمانی بازاڕ و کۆڵان منداڵبازە و مامەت ئاوا و ئاوایە، لای خۆم بیرم کردەوە کە هەر ئەو پەندەشی بە سەر پوورزاکانم هێناوە.

ماڵی داپیرە کە بۆ یادەوەرییەکانی منداڵیی تاکەکان شوێنێکی پارێزراو و شادە ئەویش یەکێک لە فەزا بێبەرگرییەکانە، لە بنەڕەتدا ئەم ماڵە بۆ هەموو منداڵ و نەوەکان بە شوێنێکی پارێزراو دادەنرێ و داپیرەش بە یەک چاو سەیری هەموو منداڵەکان دەکا و

هەموو نەوە و منداڵەکانی بە قەت یەک خۆش دەوێ و متمانەی بە هەموویان هەیە و لە چاوی داپیرەدا هیچ ئازاردان و دەستدرێژییەک لە ناو ئەندامانی خێزانەکەیدا بوونی نییە، زۆر جار بە هۆی متمانەی زۆری داپیرە بە منداڵەکەی زۆرێک لە منداڵانی دیکە کەوتوونەتە بەر دەستدرێژیی سێکسی. لە شێوازی ژیانی نەریتیدا کە خزمەکان لە ماڵی داپیرەدا کۆ دەبنەوە، ئەم متمانە و ئاسایشە دەتوانێ بە جۆرێک لە جۆرەکان مەترسیدار بێ و لە شێوازی ژیانی مۆدێرن کە ژنان ئیش دەکەن، ئەم ئەسپاردنە بە شێوەی جیاواز و بە هۆکاری دیکە ڕوو دەدات. زۆرن ئەو ژنانەی کە لە کاتی دەوامدا بە هۆی تێچووی قورسی باخچەی ساوایان وەک ناوەندێکی لاوەکی لە ئێران کە ئەویش بە هۆی بارودۆخی شپرزەی ئابووریی ئێستای کۆمەڵگا، منداڵەکانیان لە ماڵی داپیرە یان کەسوکاریان بە جێ دەهێڵن و لەم کاتەدا پرسی ئیشکردنی ژن و تێچووی قورسی ڕاگرتنی منداڵ، ئەگەری هێشتنەوەی منداڵان لە ماڵی داپیرە و کەسوکار، کە بە شوێنێکی پارێزراو و ئارام ناسراوە زیاتر دەکا و بەو پێیەش ئەگەری ئەو دەستدرێژی و ئازاردانانە کە لە ڕێگەی ئەم فەزایەوە دەتوانێ ڕوو بدا، زیاد دەبێت.

بەڕێوەبەری دامەزراوەیەک لە گەڕەکی دەروازە غار سەبارەت بە شوێنی دەستدرێژی و سووکایەتیکردن لەم گەڕەکە وتی:

شوێنی ڕووداوەکە لە بنەڕەتدا ماڵی منداڵەکەیە، چونکە ئەوانە بە شێوەی خێڵەکی ژیان بە سەر دەبەن، واتە هەمان ئەو خانووە حەوشەیەکی هەیە کە هۆدە هۆدەیە.

خاتوو ب کە لە لایەن خاڵۆیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەری، دەڵێ:

ڕۆژێک لە ماڵەوە خەوتبووم، خاڵۆم هەر دەهات و دەچوو، شتێکی هەڵدەگرت، ماڵی خوشکەکەی بوو، بەیانییەک زوو بوو، خەوتبووم، با ئەوەش بڵێم من خوویەکم هەیە، کاتێک کە دەخەوم دستمە دەخەمە ژێر سەرم واتە بە لاشانەوە دەخەوم بە نیازم دەستبەرداری ئەم خووە ناشیرینەم بم چونکە بیرەوەریی ناخۆشم لێی هەیە. ئینجا بینیم خاڵۆم هاتە لام. لە نێوان خەو و بێداریدا بووم هەر ئەوەنەم زانی شتێکی خستە ناو لەپی دەستمەوە.

خاتوو ج، یاریدەدەری کۆمەڵایەتی، وتی:

ئەو شوێنەی ڕووداوەکەی تێدا ڕووی داوە زیاتر لە ناو ماڵەکان بووە، بۆ نموونە لە تەمەنی ٨ ساڵیدا ماڵی پووریشی (خوشکی دایکی) لەگەڵیاندا دەژیا، دواتر خێزانەکە درکیان بەوە نەکردووە کە ئەمانەیان بە تەنیا بەجێ دەهێشت و پوورزاکە لە ماڵەوە تەنیا بووە و کچەکەش بە تەنیا هەر لە ناو ئەو ماڵەدا بووە و ئەمە لەوێ ڕووی دا.

ماڵی باوک کە هەمووان بە شوێنی ئاسوودەیی و پارێزراوی ناوی دەبەن، دەتوانێ ببێتە شوێنێک بۆ دەستدرێژی و نائەمنی. لە زۆر حاڵەتدا، بەو پێیەی دەستدرێژیکراوان هیچ شوێن و جێگایەکی تریان بۆ ژیان نییە یان کەسێک نییە داوای پشتیوانی لێ بکەن و ئاشنای پاڵپشتییە حکومەتییەکانی وەکوو فریاکەوتنی کۆمەڵایەتی و ناوەندەکانی بێهزیستی (خۆشبژێوی) نین، ناچارن بۆ ساڵانێک لەگەڵ باوکە دەستدرێژیکارەکەیان بمێننەوە و بژین و دەستدرێژیی سێکسی بەئەزموون بکەن. لە ڕاستیدا ئەگەر ژینگەی بێبەرگریی منداڵ ماڵی خۆی بێ و لە لایەن ئەندامە پلە یەکەکانی بنەماڵەکەیەوە ئازار بدرێ، لە کۆمەڵگا ناپێشکەوتووەکانی وەکوو ئێران، هیچ دامەزراوەیەکی پشتیوانی نییە کە لە بەرامبەر ژینگەی بێبەرگریی خانەوادە و ماڵەکەیان بە توندی پشتیوانی لەو منداڵانە بکا و یان کارکردیان بە شێوەی ڕەمزی و شانۆییە کە ئەویش زۆر بەرتەسک و سنووردراوە. هەر بۆیە قوربانییەکە دەبێ ساڵانێکی زۆر لەگەڵ دایک یان باوکە ئازاردەرەکەیدا بژی.

هەروەها ماڵی دەستدرێژیکاریش دەتوانێ شوێنێک بۆ دەستدرێژیکردن بێت. ئەمە دەتوانێ لە بەر دوو هۆکاری سەرەکی بێت. هەندێک جار دایک و باوک ناچارن منداڵەکانیان لای خزم و ناسیاوەکانیان بە جێ بهێڵن، لەم دۆخەدا لەوانەیە ئەوان یان هەندێکیان کەڵکاوەژۆیی لە منداڵەکان بکەن. حاڵەتی دووەم کاتێک ڕوو دەدا کە دەستدرێژیکارەکە بە شێوازی جۆراوجۆر منداڵەکە فریو دەدا و دەیکێشێتە ناو ماڵەوە و دەستدرێژی دەکاتە سەری.

خاتوو ف کە پسپۆڕە دەڵێ:

حاڵەتی دووەم خانمێکی تەمەن ٢٥ ساڵ بوو کە دەیگوت من هەمیشە لە کووچە بووم و یاری و ئەو جۆرە شتانەم دەکرد. پاشان وتی دراوسێکەمان بانگی کردم و دواتر منی برد بۆ ماڵەوە و لە باوەشی گرتم و دەستی لە ئەندامی سێکسیم دا.

خاتوو کاف یاریدەدەری کۆمەڵایەتییە وتی:

زۆرێکیان لە ماڵەوە ڕاپۆرت کراون و هەروەها لە ماڵی دراوسێ و هاوڕێ و ئەو ناسیاوانەی کە دایک متمانەیان پێدەکا و منداڵی خۆی بەوان دەسپێرێ و هەڵبەت لەمەڕ کچە نەوجەوانەکان زیاتر لە ماڵی خۆشەویستەکانیاندا دەستدرێژیی سێکسی ڕوو دەدات. ئەو کچە نەوجەوانە لەگەڵ کوڕێکدا دەبنە دۆست و کوڕەکە متمانەی وەدەست دێنێ، بەڵام کچەکە سەرەڕای ئەوەی پێی خۆش نییە سێکس بکا بەڵام کوڕە بە زۆری ناچار بەم کارەی دەکا و دەستدرێژیی دەکاتە سەر کچە.

دەستدرێژی بۆ سەر مێرمنداڵان لە لایەن کەسانی ناهاوڕەگەزەوە دەگەڕێتەوە بۆ پرسی مێرمنداڵان لە وڵاتی ئێراندا. وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، یەکێک لە پرسە سەرەکییەکانی مێرمنداڵی، شوناسە. بەو پێیەی کە هەڕەتی مێرمنداڵی قۆناغی گواستنەوە لە منداڵییەوە بۆ گەورەساڵییە، ڕووبەڕووی هەندێ ئاڵۆزی و چالنج دەبێتەوە، لەوانەش بەفەرمی‌نەناسرانی شوناسیانە. بە هۆی نەناسینی مێرمنداڵ و قۆناغی مێرمنداڵی، خێزان و کۆمەڵگا لە هەندێک بارودۆخدا مێرمنداڵ بە منداڵ دەزانن کە لەو حاڵەتەدا هەستی بێدەسەڵاتی لە ناخیدا دەچێنرێ و لە هەندێک بارودۆخی دیکەشدا بە گەورەساڵ لە قەڵەم دەدرێت. ئەم نارِوونییە شوناسییە کە لە نەبوونی هۆشیاری و ناسیاری سەبارەت بەم قۆناغە تەمەنییەوە سەرچاوە دەگرن، هەم خودی مێرمنداڵ و هەم خێزان و هەم کۆمەڵگای تووشی چالنج کردووە و پەیوەندیی نێوانیان تا ڕادەیەکی زۆر ڕووبەڕووی بۆشایی و پچڕان بووەتەوە. ئەنجامی ئەو هۆکارانەی باس کران دەبنە هۆی ئەوەی کە مێرمنداڵ پەیوەندیی سۆزداریی‌یەکەی سست ببێ و هەستکردن بە متمانە و ئاسایشی مێرمنداڵ بەرامبەر بە خێزان و کۆمەڵگا کاڵ ببێتەوە و هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا ئەو مێرمنداڵە هەست بە بێدەسەڵاتی و هیچۆکەیی دەکات. ئەم هۆکارانە لە هەمان کاتدا بوونەتە هۆی سەرلێشێواوی و بێ‌ئامانجیی ژیانی مێرمنداڵان لە ناو کۆمەڵگەی ئێراندا، کە هەموو ئەو حاڵەتانەی کە تیشک خرانە سەریان زەمینە بۆ نزیکایەتی سۆزداریی مێرمنداڵەکە (کە لە جۆری وابەستەیی سۆزداریی‌یە نەک پەیوەندی) لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر خۆش دەکا کە دەتوانێ بەستێن‌سازی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر ئەو مێرمنداڵە بێت.

شوێنە ئایینییەکانی وەکوو مزگەوت و حسێنییەکانیش دەتوانن ببنە شوێنی دەستدرێژی. نموونە ئاشکراکەی سەعید تووسی بوو کە قورئانخوێن بوو و دەنگدانەوەی میدیایی لێ کەوتەوە. ڕەنگە زۆر حاڵەتی تریش هەبن، کە هیچیان لە میدیاکاندا باس نەکراون.

قوتابخانەش هەندێک جار دەبێتە شوێنی دەستدرێژی لە لایەن مامۆستایان و هەندێک بەرپرسی دیکەی قوتابخانەوە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەشێکیان لە ڕاگەیاندنەکاندا دەنگدانەوەیان لێ کەوتەوە وەکوو قوتابخانەی ئامادەیی مۆعین لە ڕۆژاوای شاری تاران.

هەر لەم زەمینەدا بەڕێز ئیفتخاری بەڕێوەبەری قوتابخانە وتی:

پەیوەندیی نێوان منداڵئازاری و کارەکەت چۆنە؟ بڕوانە لە ناو کۆمەڵی هاوکاراندا بووین؛ واتە هاوکارێکمان دەستدرێژی کردە سەر قوتابییەک. بەتایبەت مامۆستایەک کە جێی متمانەیە؟ بەڵێ یەک دوو حاڵەتمان بووە. با پیاو ڕاستگۆ بێ، نامهەوێ زۆر زیادەڕەوی بکەم.

بەڕیز کاری کە جێگری بەڕێوەبەری قوتابخانە بوو وتی:

زیاتر لە ناو ماڵەکاندایە. لە ماڵ و لە ماڵی یەکترە. لە قوتابخانەشدا حاڵەتێکمان هەبوو. لەبەر ئەوەی لە قوتابخانەدا چاودێرییەکی زۆر هەیە و منداڵ زۆرن، قوتابی زۆرن و ئەگەر گەرەکیان بێ جوڵەیەک بکەن لەقاو دەدرێن. دەترسن ئاشکرا بێت؟ بەڵێ، بەڵام لە قوتابخانەکاندا تاک و تەرا هەیە. قوتابییەکم هەبوو کە لەم حەوشەدا ١٠-١٥ کەسی لە دەوری خۆی کۆ دەکردەوە. مامۆستای وانەی ئەخلاق دەستدرێژی کردە سەر قوتابییەکی پۆلی یەکی مامناوەندی کە بە جلی مەلایەتییەوە دەهاتە قوتابخانە. دواتر نەمانبینییەوە، ڕۆیینێ ڕۆی ئیتر نەگەڕاوە. بە ناوی پۆلی بەهێزکردن لەو کاتژمێرانەی کە دەوامی قوتابخانە نەبوو بە منداڵانی دەوت کە بێنەوە بۆ قوتابخانە چونکە بەرپرسەکان لەوێ نین.

ڕەنگە ئەم مەسەلە لە نووستنگەی قوتابیاندا جددیتر بێ، شوێنێک کە خوێندکاران بۆ ماوەیەکی درێژتر پێکەوە دەبن و ڕەنگە ملهوڕەکان دەستدرێژی بکەنە سەر کەسانی لاواز یان ئەوانەی وا تایبەتمەندی لاوازیان هەیە:

کوڕێک لە بەشی نووستنگە بوو کە کاتێک قوتابخانە دادەخرا یان زەنگی پشوو لێ دەدرا، دەچووە ناو شار و گەڕەکی نزیکی نووستنگە، کچەکانی بە تەنیا لە کوچە و کۆڵانەکاندا

دەگرت و دەستدرێژی دەکردە سەریان هەتا ئەوەی کە کوڕەکانی دیکە پێیان زانی و ئیتر دوای ئەوە ئەوانەی لەو گەورەتر بوون، دەستدرێژییان دەکردە سەری.

ژمارەیەکی بەرچاوی ئەو کەسانەی دیمانەیان لەگەڵ کرا، وەک شوێنی دەستدرێژی یان پەلامار باسی دوکانی خواردەمەنی فرۆشی دەکرد.

خاتوو ب لەم بارەوە وتی:

ڕاستییەکە ئەوەیە کە لە بیرمە دایکم لەو تەمەنەدا پارەی پێدام بۆ ئەوەی بچمە سووپەرمارکێتی سەر کۆڵانەکەمان و شت بکڕم، من زۆر دەچوومە ئەوێ بۆ شتکڕین. جارێک پێی وتم وەرە ئەم لا، دەستی گرتم، منی بردە پشت ساردینگە کۆنەکە. لە دوکانە قەدیمییەکاندا کەرە و شتیان تێ دەنا، منی بردە ئەو پشتە، ئینجا درگای دوکانەکەی داخست، ئەو کاتە کوڕێکی جەوان و گەنج بوو، وا بزانم ئەوسا تەمەنم لە ناو ٦ ساڵ بوو، نەدەچوومە قوتابخانە، ئەو کوڕەش تەمەنی ١٧ یان ١٨ ساڵ بوو، من زۆر بچووک بووم، منی بردە ئەو پشتە لە سەر عەرزەکە پاڵی خستم، خۆی دا بە سەرم و خۆی بە منەوە دەنا ئینجا هەستا و پارچە شوکولاتەیەکی پێدام و پێی وتم بڕۆ ماڵەوە، دەرگاکەی بۆ کردمەوە.

سەمانە سەبارەت بە ئەزموونی تەمەنی ٥ ساڵانی خۆی وتی:

لە دەرگای ماڵەوە هاتمە دەر و لە کووچەکەمان میوەفرۆشییەک هەبوو و چوومە ئەوێ و وتی وەرە ئێرە با مۆزێکت پێ بدەم، دایکم هەمیشە میوەی لێ دەکڕی و هیچ کێشەیەکمان نەبوو. ڕۆشتم و ئینجا دەستی کرد بە دەستلێدانم، ویستم خۆم ڕاپسکێنم و بکێشمە دواوە. لە پشت دوکانەکە پەردەیەک هەبوو پەردەکەی لادا و بە زۆری منی کێشا ئەوێ، ئیتر چیت عەرز بکەم؟! دخوولی زێ و کۆمی ئەنجام دا. تووشی خوێنبەربوون هاتم ئینجا ئەو کابرا ترسی لێ نیشت و درگای دوکانەکەی داخست، زۆر هەراسان بووم و سێ ڕۆژ تا و لەرزم هەبوو.

ئێمە چاوەڕێی ئەوە دەکەین ناوەندە پشتیوانییەکانی وەکوو ڕێکخراوی بێهزیستی لە هەمبەر زیانبەرکەوتن و زیانلێکەوتووی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی پاڵپشتێک ببینێ، بەڵام ئەو ڕێکخراوانە هەندێک جار دەتوانن ببنە شوێنی ئازار و دەستدرێژی.

بەڕێز ڕیازەتی سەبارەت بەم بابەتە وتی:

... یەکێکی دیکەش منداڵانی بیرکۆڵن کە دەستدرێژی لە ناو ئەوانیشدا یەکجار زۆرە تەنانەت لە ناوەندگەلێکی وەکوو ناوەندەکانی تەندروستی و بێهزیستی و هتد. کەیسێکم لەبەر دەستدا بوو کە لە بێهزیستی بە شێوەی سیستماتیک ئازار دەدرا پێموا تا ڕادەیەک چاوی میدیاکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. فیلمەکانیشی بڵاو بۆوە ئەوەندەی لە بیرم بێ فیلمەکانی بڵاو بۆوە.

هەروەها شەقام، پارک، بینا نیوە تەواوەکان و دیکەی فەزا شارییە بێبەرگرییەکان پتانسێڵی ئەوەیان هەیە کە لە هەندێک کاتی تایبەتدا ببنە شوێنی دەستدرێژی و سووکایەتی. سەبارەت بە شوێنی دەستدرێژی پرسیار لە بەڕێوەبەری ناوەندەکانی ڕاگرتنی منداڵانی نەخۆش و بەکارهێنەرانی مادە هۆشبەرەکان کرا، ئەویش لە وەڵامدا وتی:

ئەو منداڵانەی ئێمە لێرە بەرکەوتنمان لەگەڵیان دەبێ منداڵی سەر شەقامن، ئەمە زیاتر لە سەر شەقامەکاندا ڕوو دەدات.

خاتوو ح سەبارە بە بابەتی سەرەوە وتی:

ڕۆژێک دوو پیاو بە زۆر کوڕێکیان بردە ناو بینایەکی نیمچەکارەوە و دەستدرێژییان کردە سەری، سێکسی کۆمیان لەگەڵی کرد، دواتر دۆخەکە زۆر خراپ بوو.

خاتوو شەیما سەتاری، دەروونناس ئاوا باسی یەکێک لە کۆمەکخوازەکانی دەکات:

کچێکی تەمەن ١٥ ساڵ، کاتی چوونە قوتابخانە لە کاتێکدا کە وڵات چۆڵ و بێدەنگ بووە لە لایەن دوو پیاوەوە بە زۆری دەبرێتە بینایەکی نیوە دروستکراوی ئەو گەڕەکە، و بە شێوەیەکی ترسناک دەستدرێژی دەکرێتە سەر کچەکە و هەر دووکیان خێرا شوێنەکە بە جێ دەهێڵن و ئەو کچە بۆ ماوەیەک لەوێ بە نیوەهۆشی دەمێنێتەوە. هەتا بە خۆ دێتەوە و هێزی دێتەوە بەر و لەوێ دێتە دەرەوە و داوای کۆمەک و هاوکاری دەکات.

هەندێک جار لەوانەیە لە پاسی قوتابخانە یان لە تاکسیدا دەستدرێژی بکرێتە سەر منداڵان. بەڕێز مەهدەوی پسپۆڕی دەروونناس وتی:

شۆفێری پاسی قوتابخانە بۆ ماوەی دوو ساڵ دەستدرێژی دەکردە سەر منداڵەکە.

یان یەکێک لە قوربانییەکان وتی:

من لە تاکسییەکدا دانیشتبووم، کابرایەک لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو، پاشان دەستی لە سەر کورسییەکەی بەردەمی بوو، دواتر وتم، چووزانم شتێکی کرد، دەیهەوێ لە تەنیشتمان بێ، زۆر وریا بوو کە لە من نەکەوێ بەڵام لە ناکاو دەستی بەرەو لای شانم هێنا دەستەکەی دیکەش ئەوە هیچ. ئیتر نەمتوانی هیچ بکەم چی بڵێم، بڵێم دەستت لا بە هەر ئەوەندەم بۆ کرا کە دەستیم فڕێ دا. باش بوو ڕێگاکە نزیک بوو و زوو دابەزیم. درگاکەم توند لێ داخست.

لە کۆتاییدا، هەندێک جار ئەو منداڵانەی کە هۆگری وەرزشێک دەبن، ڕەنگە لە لایەن ڕاهێنەری وەرزشیی خۆیانەوە لە یانە، مەلەوانگە یان هەر شوێنێکی تری وەرزشیدا دەستدرێژی بکرێتە سەریان. لەم بوارەدا کەیسێکی سەرنجڕاکێشمان هەیە کە هی ئەمیرە کە ڕاهێنەرەکەی متمانەی بەدەست دەهێنێ و پەلاماری دەدا، هەڵبەت شوێنی دەستدرێژییەکە ماڵی ڕاهێنەر بووە. ئەمیر دەگێڕێتەوە:

ئەمیر، کە لە تەمەنی ١٥-١٦ ساڵیدا دەچوو بۆ یانەی تایکواندۆ و لە یانەکەدا کەسێکی زۆر سەرکەوتوو بوو، لە تەنیشت ڕاهێنەرەکەی کە پیاوێکی کە بە ڕواڵەت ڕاهێنەر بوو بەڵام ڕاهێنەری سەرەکی نەبوو، گرنگییەکی زۆر بە ئەمیر دەدا و ڕێزێکی فرەی لێ دەگرت تا ئەو ڕادەی کە متمانەی ئەمیری بەدەست هێناوە. بە هەر حاڵ ئەمیر وەک وەرزشوانێکی لێهاتوو کاری کردووە و خاوەنی میدالیا بووە. ئەم ڕاهێنەرە پشتگیری لێ دەکا و ئەوەش وای کردووە کە پەیوەندیی نێوان ڕاهێنەر و وەرزشوانە قووڵتر بێتەوە و متمانە و دۆستایەتییەکی زۆر توندوتۆڵ لە نێوانیاندا دروست ببێ و دەبێتە یەکێک لەو گەورەساڵانەی کە ئەمیر هەرچییەکی گەرەک بوایە بێسێودوو بۆی جێبەجێ دەکرد و لەوانەیە ٨-٩ ساڵ لە ئەمیر گەورەتر بووبێت. شەوێک کە بڕیار دەدەن پێکەو بڕۆن پێی دەڵێ وەرە بەر درگای ماڵمان کە ئەو شتە هەڵبگرین و بچین بۆ ئەو شوێنەی کە مەبەستمانە. هەوا یەکجار سارد بووە، شەوێک زستانی. کاتێک دەگاتە بە دەرگا ڕاهێنەرەکە بە ئەمیر دەڵێ وەرە ناو ماڵەوە هەوا سارده، هێشتاش نەمدۆزیوەتەوە، با بڕێکی دیکە بۆی بگەڕم. ئەمیریش بە هۆی ئەو متمانەی کە بوویەتی دەچێتە ماڵەکەیان. ئەمیر ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێ چەند ساتێک دانیشتم و ئەویش لە سەر گەڕان بەردەوام بوو. ئەوەندەم نەزانی کە لە دەرگایان دا و یەکێک لە هاوڕێکانی هاتە ژوورەوە و سەرەتا گفتوگۆیەکی ئاسایی لە نێوانیاندا ساز دەبێ، بەڵام لە ناکاو هاتنە لام و ئینجا هەر دووکیان

دەست و قاچمیان بەستەوە و بە جووتە دەستدرێژییان کردە سەرم و فیلمیان لەو ڕووداوە هەڵگرتەوە.

خاتوو س دەروونناسێکی منداڵانە و سەبارەت بە یەکێک لە کۆمەکخوازەکانی دەڵێ:

کوڕێکی تەمەن ١٠-١١ ساڵ کە دەچێتە مەلەوانگە، لە هەموو ئەو ماوەی کە دەچووە مەلەوانگە لە لایەن یەکێک لە ڕزگارکەرەکانەوە دەستدرێژی دەکرایە سەری لە مانگێکدا دوو بۆ سێ جار پەلاماری دەدا.

کەواتە فەزا بێبەرگری لە کات و شوێندا دۆخێکی لێکپساون کە دەستدرێژییە سێکسییەکان تێیدا ڕوو دەدات. ئەم فەزایانە لە لایەن پارێزەرە بەهێزەکانەوە چاودێری و کۆنترۆڵ ناکرێن. هەڵبەت کاتێک دەستدرێژی دەکرێتە سەر مەحارم، ئەم فەزایانە کە ماڵی دەستدرێژیکار و دەستدرێژیکراوە ڕەنگە ساڵەهای ساڵ ببنە شوێنی دەستدرێژیکردن. بەو پێیەی کە منداڵ هیچ شوێنێکی پارێزراو و پاڵپشت شک نابا ناچارە مل بەم دەستدرێژیکراوییە بدات. ڕەهەندە فەزاییەکانی ناوچە گوندییەکان، گەڕەکە پەراوێزنشین و نارێکخراوەکان زیاتر هەلی دەستدرێژیی سێکسی خۆش دەکەن. ئەم ناوچانە بە دەست کۆتەڵێکی فەزایی سەرلێشێواوەوە دەناڵێنن، پێکهاتەی خانووبەرە یان لانیکەم هەندێک لە خانووبەرەکان، هاوشێوەی ئەوانەی کە چەند بنەماڵە لە یەک خانوودا دەژین، دەبنە بەستێنی دەستدرێژی. کۆڵانە تەنگەبەرەکان، بینا وێرانەکان و شوێنە تەریک و بێ چاودێرییەکان لەم گەڕەکانەدا زۆرن. هەروەها لەم ناوچە و گەڕەکانەدا بە هۆی ئەوەی ڕێژەی کۆچ و ناسەقامگیریی خانوو فرە زۆرە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لاواز دەبن. ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە لە ناوچە و گەڕەکەکانی دیکەدا دەستدرێژی و سووکایەتی بو ونی نییە، با لەوێش بەدی دەکرێ، باڵەخانە ئاسمانبڕەکان و فەزا نیمچە گشتییەکانی وەکوو لۆبییەکان، ناو بەرزکەرەوە، پارکینگ و ... پتانسێڵی ئەوەیان هەیە کە ببنە شوێنی دەستدرێژی.

ئەوەی وەک پوختەیەک دەتوانین باسی بکەین ئەوەیە کە فەزاکان بە چەندین شێوە دەتوانن ببنە فەزای بێبەرگری، یەکەم فاکتەر پێکهاتەی حەشیمەتناسی - فیزیکی، ژینگەیی، بیناسازی و سازکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و پەراوێزنشنییە، کە هەڵبەت ئەم فاکتەرە بینراوترین هۆکاری بەرسازکردن و کردنی ئەم فەزایانە بە فەزای بێبەرگرییە. ئەم

فەزایانە لە ڕووی فیزیکی - حەشیمەتناسییەوە دەتوانین پێیان بڵێین بێبەرگری (١). بەڵام فاکتەری شاراوەتریش هەن کە هەمان ڕەهەندە زەینی و نابەرهەستەکەیە کە هەندێک لە فەزاکان دەکا بە فەزای بێبەرگری و بۆ بۆ دەستدرێژی لەبار و ئامادەیان دەکات. لە ناو ئەم فاکتەرە شاراوانەدا دەتوانین ئاماژە بە نەبوونی یاسا و ڕێسای ژینگەیی بکەین کە هەر خۆی ئیمکانی چاودێری و کۆنترۆڵکردن لەو فەزایەدا کەم دەکاتەوە و لە هەندێک حاڵەتدا ئیمکانی چاودێری و کۆنترۆڵکردن ناهێڵێت. لە ڕاستیدا ئەم فەزایانە پێکهاتەیەکی یاسایی و مەدەنیی کۆنترۆڵکەریان نییە هەر بۆیە ناتوانێ ئەگەری ڕوودانی دەستدرێژی کەم بکاتەوە. ئەم فەزایانە لە سۆنگەی یاسایی - مەدەنییەوە دەتوانین پێیان بڵێین بێبەرگری (٢). لە فاکتەرە شاراوەکانی دیکە دەتوانین ئاماژە بەو ئاراستە بکەین کە لە فەزا تا ڕادەیەک کەشێکی فەرهەنگی و پەروەردەیی و هونەری و وەرزشی لە خۆ گرتووە و لە ئاخافتنی بەردیمانەکاندا چەندین جار ئاماژەیان پێکراوە، بەو پێیەی کە فەزایەکی وەکوو قوتابخانە و یانە وەرزشییەکان و کەسایەتیگەلی وەکوو مامۆستا و ڕاهێنەر هەڵبەت لە ڕووی پرێستیژەوە و نەک کارداییەوە، لە کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێران پێگە و شان و شکۆیەکی کۆمەڵایەتییان هەیە. هەر ئەم تێڕوانینە پشتبەستوو بە ئەخلاق و فەرهەنگە کە بەرامبەر بەم فەزا و کەسایەتییانە، تا ڕادەیەکی زۆر و ڕەنگە ناعەقڵانیش شەرعیەتیان پێبەخشیون و ئەوان لە هەڵە و شتی نەشیاو بێبەری دەکا و بە هۆی ئەمەوە ئەگەر و ئیمکانی چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنیان کەم دەبێتەوە. ئەم فەزایانە لە ڕووی شەرعیەتی فەرهەنگی - ئەخلاقیەوە بێبەرگرین (٣). جێگای تێڕامانە کە فەزای ناو ماڵ و دامەزراوەی بنەماڵە لە ڕووی پێکهاتە و ڕۆڵگیری و کارداییەو دەتوانێ بە جۆرێک بێ کە نموونەی تەواوی بۆ هەر سێ ئەو فەزای بێبەرگرییەی بێ کە باسمان کرد و هەر لەم بارودۆخەدایە کە لەم دامەزراوەدا ئەگەری دەستدرێژی و سووکایەتیکردنە سەر منداڵان و مێرمنداڵان لە لایەن کەسانی مەحرەمەوە زیاد دەکات.

پێکهاتەی ئابووریی دەستدرێژی: هەژاری و بێبەشیی فرەڕەهەندی

هەژاری پەیوەندی بە زۆرێک لە ڕەهەندە نەخوازراو و خەساربەخشە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، لەوانە دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان. وەک وترا ئەمە بەو مانا نییە کە دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان لە ناو چینی ناوەڕاست و سەرەوەی کۆمەڵگادا بوونی نییە، با لە ناو ئەم دوو چینەشدا بەدی دەکرێ، بەڵام دەتوانین بڵێین بە هۆکار و

میکانیزمی جۆراوجۆر لە ناو هەژاراندا زیاترە، بە واتایەکی تر دەتوانین ئاماژە بە هێشووبەندیی دەستدرێژیی سێکسی لە سەر بنەمای هەژاری بکەین. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە هەژاری بیچم و جۆری جیاوازی هەیە، وەکوو هەژاریی داهات، هەژاریی توانا، هەژاریی فەزایی، هەژاریی ڕێژەیی، هەژاریی ڕەها، هەژاریی هاوبەشی و هتد. بە بێ ئەوەی بچینە ناو پێناسە و پۆلێنبەندی و جۆرەکانی دیکەی هەژارییەوە، لە پێناسەیەکدا دەتوانین بڵێین هەژاری واتە نەبوونی سەرچاوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی. یەکێک لە لێکەوتە گرنگەکانی هەژاری بێبەشبوونە، بێبەشبوون لە چ شتێک؟ لە زۆر شت، وەکوو خانووبەرە، تەندروستی، پەروەردە و ستاندارده شیاوەکانی ژیان، کە وەک پێداویستییە سەرەتاییەکانی هەموو مرۆڤێک باس دەکرێن، کە زۆرێک لە مرۆڤەکان لێی بێبەشن. زۆرن لە دەوروبەرمان، هەر لەم ئێران و شاری تاراندا، ئەو جێگایەی کە دەنگی دەسەڵاتداران بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری گوێی هەمووانی کەڕ کردووە، بەڵام ئێمە شاهیدی ڕووتترین شێوەی هەژاری لە سەر شەقامەکانەوە بگرە هەتا دەگاتە چینە شاراوەترکان لە گەڕەکە قەراغنشین و پەراوێزنشین و لادێکانین. لە سەر ئەم دیاردە نەگبەتە و لێکەوتە کوشندەکانی هەرچی بگوترێ، کەمە، بەتایبەت لە کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێران کە هەژاری بە دیاردە نەخوازراوەکانی دیکەی وەکوو نایەکسانی و حکوومەتی پاوانخواز و ناکارامە و ئالوودەبوونەوە بەستراوەتەوە و زەمینەی پێکهاتەیی لەبار بۆ دەستدرێژیی سێکسی ڕەخساندووە. لە ئێستادا لە فەزای زانستدا وشەی هەژاری یان بێبەشی بەکار ناهێنرێ و لە ئاراستەدا نوێکاندا وشەی تاراندن بۆتە بەدیلی هەژاری و بێبەشی. بەو پێیەی کە بێبەشبوون بە دیاردەیەکی فرەڕەهەند دادەنرێ کە هەژاری تەنیا یەکێک لە ڕەهەندەکانیەتی و بۆ ئەوەی خۆمان لە بچووککردنەوەی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان بەدوور بگرین، چەمکی تاراندن کە چەمکێکی فرەڕەهەندە و هەمیشە ڕەهەندە هەمەچەشن و فرەکان وەک بەدیلێکی گونجاو لە بەرەچاو دەگرێ بۆیە لە ئاراستە نوێیەکاندا بەکار دەهێنرێت. تاراندن، پرۆسەیەکی بەرسازکراوی کۆمەڵایەتییە کە هەموو ڕەهەندەکانی بێبەشێتی لەوانە ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، سیاسی، سۆزداری و هتد لە خۆ دەگرێت. کاتێک باس لە تاراندن دەکرێ، میکانیزمە تارێنەرەکان و ئەو پرۆسەی کە لە درێژەی ئەودا تاراندن ڕوو دەدا چاودێری دەکرێن. ئەم میکانیزمانە هەندێ پەیوەندییان بە دیاردەی دەستدرێژیی سێکسییەوە دەبێ کە شیکاری و شرۆڤەی ئەم دیاردە قووڵتر و

فرەڕەهەندبین دەکا بۆ ئەوەی هەمیشە ئەم دیاردە لە پێوەندی لەگەڵ ڕەهەندە جیاوازەکانی بێبەشی و ئاست و چینەکانیدا ببینرێ و گفتوگۆی لە سەر بکرێت.

لە بەشی دووەمدا لە ئەدەبیاتی تیۆریدا باس لە کۆمەڵێک ڕێگای شووم و نگریس کرا کە هەژاری دەبێتە هۆی دەستدرێژیی سێکسی. دەرکەوت کە هەژاری لە ڕێگەی جۆری خانووبەرەوە دەتوانێ کاریگەریی لە سەر منداڵئازاریی سێکسی دابنێت. خێزانە نەدار و هەژارەکان زیاتر لە گەڕەکە هەژارەکان و لە خانووی بچووکدا دەژین. ڕووبەری کەمی ماڵ دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵان دەنگی سێکس کردنی دایک و باوکیان ببیستن یان هەموو ئەندامانی خێزانەکە شەوانە لە پاڵ یەکتر بخەون، کە ئەمەش پەلامار و تەنانەت دەستدرێژیی سێکسی لێ دەکەوێتەوە.

لەو زەمینەدا بەڕێوەبەری ڕێکخراوێکی ناحکومی وتی:

کەیسی دواتر خاتوونێکی تەمەن ٢٥ ساڵەی ئێرانییە کە باوکی ئالوودە بووە، دایکی ئالوودە بووە. بە گوێرەی ڕاپۆرتی ئەم ئافرەتە تەمەن ٢٥ ساڵە، کە تافی منداڵییەکەی بەم شێوە بە سەر بردووە لەبەر ئەوەی دایکی مادەی هۆشبەری گواستووەتەوە لە لایەن پۆلیسەوە گیراوە و ئەوسا دایکی زکی بەم کچەوە پڕ بووە، دایکەکە ڕەوانەی زیندان دەکرێ، ئەم خانمە لە زیندان لەدایک بووە و تا تەمەنی ٨ ساڵان کە دایکەکە لە زیندان بووە، منداڵەکەش بە بۆنەی دایکییەوە لەگەڵ دایکی لە زیندان ژیانی بە سەر بردووە و گەورە بووە. بە پێی ڕاپۆرتەکە، ناوبراو لە زیندان ئازاد دەکرێ ...

لە گێڕانەوەی سەرەوەدا، لە پاڵ بژێرەی خانوبەرە، باس لە بژێرەیەکی دیکە کراوە و ئەویش کارکردن دایک و باوکی ئەم کچەیە، کە لە هەژاریدا ژیاون. هەر دووکیان چوونەتە سەر کار و منداڵەکەیان بە تەنیا لە ماڵەوە بەجێهێشتووە. بۆیە هەر لە نەبوونی ئەواندا کوڕی دراوسێ دەهات و دەستدرێژی دەکردە سەری.

حاڵەتی دوایی لە مەڕ هەژاری لە لایەن خاتوو میم، چالاکوانی کۆمەڵایەتی بەم شێوە دەگێڕدرێتەوە:

چووم سەردانی ماڵی ئەم کچە بکەم، کە چوومە ناو ماڵەوە بینیم داپیرە لەگەڵ منداڵەکەدا لە ژوورێکی کرێدا دەژیان.

بژێرەیەکی دیکەی ئەم گێڕانەوە جگە لە بژێرەی خانوبەرە، ئیشی سەرپەرشتیاری سەرەکیی منداڵەکەیە کە بۆ دابینکردنی بژێویی ژیانی لەشفرۆشی کردووە. بەم پێیە ئەم منداڵە بە هۆی بینینی ئەو توندوتیژییە سێکسییەی کە داپیرەی تامووڵی دەکرد - جۆرە توندوتیژییەکی سێکسی لە دژی منداڵان - هەستی بە نارەحەتی کردووە و هەوڵی داوە داپیرەی لەم دۆخە ڕزگار بکات. تاکە بژاردەی ئەو لەم دۆخەدا ئەوە بوو کە سەردانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بکا، بەڵام ئەم کێشە بە بێ بنبڕکردنی هەژاریی سەرپەرشتی ماڵ چارەسەر نابێ و پێویستی بە پشتیوانیی کاریگەری ڕێکخراوە حکومییەکانە کە دەتوانین بڵێین ئەمە لە ئێران بەردەست نییە، چونکە ئەو ڕادەی پشتگیرییەی کە ئەوان دەیکەن ئەو توانا ئەوتۆیەی نییە کە خێزانە نەدارەکان لە هەژاری ڕزگار بکات. هەروەها چارتەکانی خوارەوە بە باشی نیشان دەدەن کە ئاستی خوێندەواری و پیشەی دایک و باوکی وەڵامدەرەکان وەک پێوەرێک کە نیشاندەری پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتییە هەموویان پیشەی ئاست نزم و ئاستی خوێندەواریی کەمیان هەیە. ئەم چارتە خۆی پشتڕاستکەرەوەی ئەوەیە کە بێبەشیی ئابووری زەمینە و ژێرخانی جۆرەکانی تری بێبەشییە، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، بێبەشیی ئابووری کاریگەری لە سەر ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و پانتای کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێت. بە جۆرێک کە وەک لە نموونەیەکەدا خوێندمانەوە، بێبەشبوونی ئابووری بە مانای هەژارییەکەی بووەتە هۆی ئەوەی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەک دروست ببێ کە داپیرەی مێرمنداڵەکە فۆرمێکی ڕاپەڕێنەری هەبێ کە بیر لە ڕەهەند و لێکەوتەکانی سەبارەت بە کچە نەوجەوانەکە نەکاتەوە. لە هەمان شوێنی ژیاندا ئەم نەوجەوانە لەشفرۆشی دەکا و زەینی ئەم نەوجەوانەش بە پێی ئەم کارلێکە بەرساز دەبێ، بە جۆرێک کە هەوڵ دەدا کە لە تەمەنی گەورەساڵیدا بتوانێ میکانیزمی قەرەبووکردنەوە بە کار بێنێ و ببێ بە فریادڕەسی نەنکی. ناوبراو لەم ماوەدا هەمیشە هەستی نەرێنی وەکوو بێدەسەڵاتی و بێدەرەتانی بەئەزموون کردووە کە لە قۆناغەکانی داهاتووی ژیانی و کارلێکەکانی لەگەڵ جیهانی ژینگەیدا یەکلاکەرەوە و وێرانکەر دەبن. لەم گێڕانەوەدا میکانیزمی بێبەشیی ئابووری، مۆدێلێکی شێوازی ژیان و ئاستێکی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی پێک هێناوە کە کارلێکێکی لێ کەوتۆتەوە کە لە بەرامبەریدا مێرمنداڵ هەست بە بێدەسەڵاتی (بێبەشیی کۆمەڵایەتی) دەکا و هەوڵ دەدا بە بازدان بە سەر هەڕەتی مێرمنداڵی بگا بە قۆناغی گەورەساڵی و ببێ بە فریادڕەسێکی خورت و بەهێز. سەرکوتکردنی سەردەمی مێرمنداڵی لە ڕێگەی

هەستکردن بە بێدەسەڵاتی و بێتوانایی، ڕوانگەی پشتبەستوو بە قارەمانخوازی و ڕۆڵی ڕزگارکەر لەو لێکەوتە ڕووخێنەرانەیە کە درێژەی ژیانی تاک و پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی ژینگەکەی بونیاد دەنێت.



چارتی ژمارە ١: دابەشکاریی وەڵامدەرەکان بە پێی ئاستی خوێندەواریی دایک و باوک



چارتی ژمارە ٢: دابەشکاریی وەڵامدەرەکان بە پێی پیشەی باوک



چارتی ژمارە ٣: دابەشکاریی وەڵامدەرەکان بە پێی پیشەی دایک

یەکێک لە دەروونناسانی ناوەندی (یاریگران پوویان) سەبارەت بە گەڕەکی دەروازە غار و هەژاری و پەیوەندیی هەژاری لەگەڵ دەستدرێژی دەڵێ:

لە دەروازەی غاردا لە چەند تایفە و هۆز زیاترمان نییە. هەندێکیان لوڕن، لوڕەکان سێ تایفەی سۆزەنی، جەزی و دۆستی لە خۆ دەگرن. ئەمانە چۆنن؟ ئەمانە لوڕن و زۆربەیان خەریکی کاری قاچاخچێتین. بەڵام ملهوڕەکانی ناوچەکەن. تاقمێکیان قەرەجەکانن کە خەڵکی باکووری ئێرانن. دوو مانگ لە تاران، دوو مانگ لە باکوورن و دووبارە دێن و دەگەڕێنەوە. دۆخی منداڵەکانیان چۆنە؟ ئایا ئاسایشیان هەیە؟ بە هیچ شێوەیەک نییانە و کۆمەڵێک ئەڤغانیش هەن. با من شتێک بڵێم بە هۆی ئەو بارودۆخەی کە پێکەوە دەژین؛ واتە ڕێژەیەکی زۆریان لە یەک ماڵدا دەژین و زۆریان مەترسییان لە سەرە؛ بۆ نموونە بیر لەوە بکەرەوە کە یەکیان باکوورییە و کۆچەرن چ منداڵە ئەڤغانییەکانمان چونکە هەموویان پێکەوە دەژین. زۆر مەترسییان لە سەرە. کوڕە قەرەجەکان هەتا تەمەنیان دەگاتە ١٦ ساڵ دەتوانن لە ماڵەوە شۆرت لەبەر نەکەن. من خۆم کوڕی گەورەساڵم لە ناو تەمەنی ١٢-١٣ بینیوە کە هیچیان لە بەر نەبووە. دەی باشە بە دڵنیاییەوە لەم دۆخەدا ئازار دەدرێن. لانیکەم وەک سووکایەتی سەیری کوڕەکانیان دەکەن [...] ئەی کچەکانیان؟ لە کچۆڵەییدا پەیوەندیی سێکسی ساز دەکەن و دووگیان دەبن و منداڵ دەخەنەوە. زۆریان کاغەزی ناسنامەیان نییە و ئەم نەبوونەش وای کردووە کە هاوسەرگیرییەکەیان شتێکی گرینگ نییە، کەواتە ئەگەری ئەوە هەیە کە لە ناو دڵی خانەوادەدا دووگیان بن؟ زۆریشیان وا نین، بەڵام هەموویان پێکەوە دەژین. یەکێک لەو شتانەی کە هەیانە ئەوەیە کە نازانن منداڵەکانیان زکیان لە کێ پڕ بووە. قەرەجەکان نازنن منداڵەکەیان هی کێیە. لە ناو

ماڵێکدان کەس لە کەسێکە هەموو پێکەوەن، لێرە سێکسکردن لەگەڵ مەحرەم زۆرە. پێیان دەکرێ و سەیر نییە.

ڕێگایەکی دیکە کە هەژاری دەبێتە هۆی ئازاردانی سێکسی، شوێن و گەڕەکی ژیانە. لەم ناوچانە و گەڕەکانەدا هاوشێوەی گەڕەکی دەروازە غار، چڕبوونی فەزایی هەژاری بەدی دەکەین. باس لەوە کراوە کە هەژاری لەو ناوچانە یان گەڕەکانەدا کە لانیکەم لە سەدا ٤٠ یان ٣٠ی دانیشتووانەکەی لە هەژاریدا دەژین، هەژاری و نەداری چڕ بووەتەوە (ایسلند و هرناندز ، ٢٠١٧). لەم گەڕەکانەدا جگە لەوەی خێزانەکان بەدەست هەژاریی داهاتەوە دەناڵێنن، بەدەست هەندێک پرسی دیکەی وەکوو ناتەکووزی کە بە هۆی هەژاریی فەزاییە، ڕەنج دەکێشن. لەم گەڕەکانەدا هەژاری بە تێکەڵاوبوون لەگەڵ هۆکارەکانی دیکەی وەکوو ناسەقامگیریی نیشتەجێبوون دەبێتە هۆی دارمانی میکانیزمی پتانسێڵی کۆمەڵایەتیی دانیشتووان بۆ ڕێکخستنی ژینگەکەیان. لە حاڵەتی دارمانی ئەم پتانسێڵەدا، ئەگەری ڕوودانی تاوانی جۆراوجۆری وەکوو سووکایەتی و دەستدرێژی زیاد دەبێ و هەروەها نەبوونی ناسنامە بۆ پشتڕاستکردنەوەی شوناسیان وای کردووە کە دەستدرێژیکاران بێشەرمانەتر درێژە بە کارەکانیان بدەن چونکە ناسینەوەیان لە لایەن یاساوە مەحاڵە و ئەوان وەک بەشێک لە حەشیمەتی ئێران دانیان پێدا نەنراوە. لە لایەکی ترەوە، وەک لە ئاخافتنەکانی سەرەوەدا ئاماژەمان پێدا، لەو گەڕەکانەی کە بێبەشیی ئابووری یەکجار زەقە و ڕەهەندگەلێکی زۆر لە هەژاری دەبینرێ، ئێمە بەرکەوتنمان لەگەڵ گروپگەلی کۆمەڵایەتیی هەمەچەشن و زۆر دەبێتەوە کە لە ڕووی شێوازی ژیان و وردەفەرهەنگەوە جیاوازن کە لە فەزای کارلێکی دوولایەنەی کۆمەڵایەتیدا هەم گیرۆدەی دژوازییە کۆمەڵایەتییەکانن و لە هەمان کاتدا لە یەکترەوە شت فێر دەبن. لە ئەنجامدا لەم جۆرە فەزایانەدا کە بێبەشیی ئابووری بێبەشی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سۆزداری و ... لێ کەوتۆتەوە، بە هۆی ئاستی کەمیی چاودێری و کۆنترۆلەوە ئەگەری ڕوودانی پەلامار لەوانەش دەستدرێژیی سێکسی زۆرە. لە لایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی تا ڕادەیەک گشت ئەم گروپانە لە ڕووی شکۆ و پێگەوە لاسایی وردەفەرهەنگییە چەوتەکان دەکەنەوە، لە ڕێگەی فێربوونە کۆمەڵایەتییەکان لە ناو فەزای کارلێکە دوولایەنە کۆمەڵایەتییەکاندا، تەنیا بە نانۆرمی و کارلێکە نائەخلاقی و نامەدەنییەکانی ئەو فەزایەدا هاواهەنگ دەبن و تەشەنەی پێ دەدەن.

خاتوو میم، شارەزای دەروونناسی، سەبارەت بە دەستدرێژیی سێکسی لە یەکێک لە گەڕەکە پەراوێزخراوەکاندا وتی:

ژنێک لە وڵاتی ئاڵمانەوە هات بۆ شاری سنە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی ئەنجام بدا و کاتێک بۆی خوێندمەوە کە ٢٠ لە سەدی خەڵکی دانیشتووی پەراوێزی شاری سنە لە لایەن ئەندامە مەحرەمەکانی بنەماڵەیانەوە دەستدرێژی کراوەتە سەریان. ئەمەش مەودای تەمەنیی خوار ١٥ ساڵە. ئەو پەیوەندییە سێکسییەی کە ڕاپۆرت کراوە لە لایەن کێوە بووە؟

بەڕێوەبەری ماڵی منداڵانی (طلوع بی‌نشانها) وتی:

ئەو خێزانانەی کە لە گەڕەکە مەترسیدارەکاندا دەژین، وەکوو دەروازە غار کە ناوچەیەکی مەترسیدارە لە دەوروبەری تاران، وەکوو وەرامین و گوندەکانی دەوروبەری و هەروەها کۆچبەرگرە. ناوچە پەراوێزییەکان کۆمەڵێک ناوچەن کە نە چاودێری دەکرێن و نە پەروەردەیان هەیە. ئاستی فەرهەنگ و ڕۆشنبیریی خێزانەکان بەرز نییە، ئەو کەسانەی لەم دۆخەدا ئالوودەی مادەی هۆشبەرن لێهاتوویی چاودێریکردنی منداڵیان نییە. ڕێکخراوی بێهزیستیش ئەوەندە ئیمکانیاتی نییە کە بتوانێ هەموو منداڵەکان لە خۆ بگرێت. هەر لەبەر ئەوە هەتا ئەو کاتەی منداڵەکان دەگەنە تەمەنی باڵقبوون، زۆر دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەریان.

لە نموونەی سەرەوەدا ئەوە ڕوونە کە ئاستی چاودێریی کۆمەڵایەتی و ئاستی پەروەردەی ڕۆشنبیری لە ناوچە پەراوێزییەکان نزمە کە ئەمەش بێبەشیی فەرهەنگی شان بە شان لەگەڵ بێبەشیی ئابووری لەو گەڕەکانەدا پیشان دەدا کە پەروەردە و کۆمەڵگاگریی تاکەکان تووشی مەترسی دەکات. هەروەها کەمیی ئاستی کۆنترۆڵ و پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی بە کارکردی لاواز و نەبوونی هەر چەشنە کارکردێک و هەروەها هاوتەریبکاریی دامەزراوە پاڵپشتی - کۆمەڵایەتییەکان وای کردووە کە لەم گەڕەکانەدا جۆرێک لە بێبەشیی کۆمەڵایەتی دروست ببێ کە لە پاڵ ڕەهەندەکانی دیکەی بێبەشی وەکوو هەژاری و کەمیی چاودێری و نزمیی ئاستی پەروەردە، فرەیی ڕادەی دەستدرێژی و ئازاردانی منداڵان هەتا تەمەنی باڵقبوونیان بەردەوامە. لە ڕاستیدا لە ناوچە پەراوێزییەکانی ئێرانی ئێستادا، تاراندنی کۆمەڵایەتی وەک بێبەشییەکی فرەڕەهەند

بیچمی گرتووە کە هاوکات لەگەڵ ئەو ناکۆکی و نایەکسانییانەی کە لە ناو حەشیمەتی ئەم گەڕەکانەدا بە هۆی دیاردەی کۆچ و فەرهەنگییەوە لە ئارادا بوون، بۆتە هۆی ئەوەی کە لە ناویاندا جۆرەها کێشە و زیانی کۆمەڵایەتی سەر هەڵبدا کە یەکێک لە گرینگترین کێشەکان ئازاردانی سێکسی بەتایبەت لە ناو منداڵان و مێرمنداڵاندا بوو. هەڵبەت هەمیشە پەیوەندییەکی مانادار لە نێوان ئەو پرس و زیانانەدا هەیە کە بەهێزکەرەوەی یەکترن و ئەمەش حاشاهەڵنەگرە، گرنگترینیان هەژاری یان هەمان بێبەشبوون و تاراندنی ئابوورییە کە چەقی هەموو ئەو جۆرە کێشە و زیانانەیە کە لایەنی ئابووری و نائابوورییان هەیە و پرسگەلی وەکوو ئالوودەبوون، تەڵاق، دزی و هتد بەرهەم دەهێنێتەوە، کە هەموویان پەیوەندییەکی مانادارییان لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ دەستدرێژیی سێکسی هەیە.

بە پێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی پلاندانان و بوودجە، نزیکەی ٢١ میلیۆن کەس لە دانیشتووانی ئێران لە گەڕەکە پەراوێزییەکان و ئەو گەڕەکانەدا دەژین کە پێکهاتەیەکی ناکارامەیان هەیە (سازمان برنامە و بودجە، ١٣٩٧ هەتاوی بەرگی ٢: ل ١٢٥). پێویستە بیر لەم ژمارە بکەینەوە، ئانجا بۆمان دەردەکەوێ کە چ بونیادێکی پێکهاتەیی بۆ ئازاردانی سێکسی و بابەتی کۆمەڵایەتییەکانی دیکە دروست بووە. لە بواری کۆمەڵناسی و ئاراستەی ئەدەبیاتی نارێکخراویی کۆمەڵایەتیدا بە باشی دەرکەوتووە کە چۆن ژیان لەم گەڕەکانەدا تاکەکان بەرەو ڕووی چالاکییە تاوانکارییەکان ڕاکێش دەکات. لەم گەڕەک و ناوچانەدا بە هۆی چڕبوونەوەی هەژاری، ناسەقامگیریی نیشتەجێبوون، نایەکسانی نەتەوەیی، جۆری خانووبەرەی وەکوو خانووەکانی "ئیالەتی" و "نەنێ قەمەر"، توانای دانیشتووان بۆ چاودێریی گەڕەکەکەیان کەم دەبێتەوە، بێناونیشانی زیاد دەکا و تاکەکان بە ئاسانی دەتوانن کەڵکاوەژۆیی لە خەڵک و لەوانەش منداڵان بکەن. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە لە ناو هەموو پرسە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ئالوودەبوون، تەڵاق، پەراوێزنشێنی، منداڵئازاری و هەموو ئەمانەدا ڕەوتێکی خۆبەهێزکەر هەیە کە یەکێکیان دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوی دیکەیان. بۆ نموونە ئالوودەبوون بە مادەی هۆشبەر پتانسێڵی ئەوەی هەیە کە ببێتە هۆی لێکترازانی خێزان و تێکچوونی پێکهاتە و کاکردەکانی کە ئەمەش بەش بە حاڵی خۆی دەتوانێ دەستدرێژیی سێکسی لێ بکەوێتەوە. ئەو کەسەی کە لەم پڕۆسەدا تووشی دەستدرێژی دەبێ، لەوانەیە بۆ کەمکردنەوەی ڕەنجی دەستدرێژییەکە و

دەربازبوون لە دەستی دەستدرێژیکار لە ماڵەوە ڕا بکا و بچێتە ناو سووڕی لانەوازی و ئالوودەبوون بە مادەی هۆشبەرەوە.

فەرەنگێز تەمەن ٣٩ ساڵ، یەکێک لە کۆمەکخوازانی ماڵی بێدەرەتانانە دەڵێ:

کاتێک تەمەنم لە ناو پێنج شەش ساڵان بوو، براکەم کە ١٠ ساڵ لە خۆم گەورەتر بوو لە ماڵی خۆماندا دەستدرێژیی سێکسی کردە سەرم هەتا بەر لە ساڵ و نیوێک لەمەوبەر لای کەس نەمدرکاندووە، وتم ئەگەر بیڵێم سەرەڕای ئەوەی تەمەنم کەمە هەمووان ئێژن جا چۆن شتی وا دەبێ؟ هەر ئەوە بووە هۆی لە ناوچوونم و بە ڕاستی هەمیشە زۆربەی بەدبەختی و نەهامەتییەکانم بە هۆی ئەمەوە بووە. ئالوودەم و ڕووم کردە مادەی هۆشبەر، دوو جار شووم کردووە و قەت لە بیرم ناچێ و هەرگیزاوهەرگیز فەرامۆشی ناکەم هەتا کۆتایی تەمەنم.

یەکێک لە بوارەکانی دیکە کارکردنی منداڵانە. لە ئەدەبیاتی کاری منداڵاندا بە باشی دەرکەوت کە هەژاری و بێبەشی گرنگترین هۆکاری کاری منداڵانن. زۆرێک لە منداڵان لە جۆرە جیاوازەکانی کار، چ لە سەر شەقام و چ لە کارگاکاندا دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەریان. ئەم دەستدرێژی و سووکایەتییە دەتوانێ هەم لە لایەن شارۆمەندان و هەم لە لایەن خاوەنکار و هەم لە لایەن ئەو منداڵانەوە بێ کە کار دەکەن. ڕەنگە هەندێک جار خاوەنکارەکان دۆستەکچەکانیان بهێنن بۆ شوێنی کار و سێکسی لەگەڵدا بکەن و منداڵانیش ئەم دیمەنانە ببین.

بەڕێوەبەری یەکێک لە لقەکانی ڕێکخراوی ناحکوومی ئیمام عەلی دەگێڕێتەوە:

یەکێک لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی دەستدرێژی، کاری زۆرەملێیە. ژینگەی کارکردنیان چ لە سەر شەقام بێ یان ئەو کەسانەی لەگەڵیاندا پەیوەندیمان هەبووە، ئیتر منداڵئازاریی سێکسی لە ناو ئەو منداڵانەدا زۆرە کە لە سەر چوارڕێیانەکانن یان لە کارگاکاندا تووشی دەستدرێژیی سێکسی دەبنەوە. جۆرەکانی ئازاردانی منداڵان هەم لایەنی جەستەیی و هەمیش دەروونی لە خۆ دەگرێ و دەتوانێ منداڵان لە هەڕەتی مێرمنداڵی و گەنجیدا تووشی کۆمەڵێک کێشە بکات. ئەمانە هەموویان بە جۆرێ لە جۆرەکان کاریگەرن. ئەگەر حاڵەتێک بەدی دەکەن بیفەرموون. [...] گەورەترینەکەیان کە زۆر زەقە منداڵانی کارن؛ ئەو کچانەی کە لە دەروازەی غاردا کارم لەگەڵ کردوون،

دەیانگوت فەرهادێ لە فڵان پاساژ لە وەلیعەسر هەیە زۆر قورسە بۆ منداڵێک کە لە سەر شەقام ئیش بکا، نەک تەنها ژینگەی سەقەتی خێزانەکە، کە هەژاری و ئالوودەبوون ئەمەی ڕاکێشی شەقام کردووە تەنانەت لەوێشدا دەمانبینی کە جەستەیەکی ناسکی منداڵانەیان هەیە و هێشتا بە قۆناغی ژنێتی نەگەیشتوون کە دەستدرێژی دەکرایە سەریان و ئەم هەلەیان بۆ ڕەخساندوون کە لەشفرۆشی بکەن.

یەکێک لە منداڵانی کار دەگێڕێتەوە:

... چی لێرە لەم پارکەدا چی هەیە؟ لەم پارکە ئێستا من و دادم بەم پارکەدا دەڕۆشتین. زۆر کەس تەعلیقمان لێ دەدەن دەڵێن وەرە با بچینە فڵان جێگا ئەوەندەت پارە پێ دەدەم بەڵام ئێمە هەتا ئێستا بۆیان کەر نەبوون؟ بەڵێ بەتایبەت ئەم باکوورییانە پێشنیاری دۆستایەتیمان پێ دەدەن هەڵبەت نیوەی ئەو دەستگێڕانە کە لێرە کار دەکەن نیوەیان کە نا وەلێ یەک لە سەر سێیان دۆستەکوڕیان هەیە. خۆشەویستەکانیان ئەو جۆرە پێشنیارانەیان پێدەدەن، هەندێکیان بە ڕاستی بۆیان کەر دەبن بە درۆ دەڵێ با بچینە فڵان شوێن، بەڵێ پێکەوە ماڵێک دروست دەکەین، ژیانێکی خۆش بۆ خێزانەکەمان پێک دێنین، ئیتر بەم درۆیانە کچان لە خشتە دەبەن.

بەشێک لە تاکەکانی ناو کۆمەڵگا منداڵانی کار بە کەسانێک دەزانن کە توانای بەرگریکردن لە خۆیانیان نییە و دەتوانن دەستدرێژی بکەنە سەریان، بە واتایەکی تر ئەم منداڵانە پارێزەری بەتوانایان نییە هەر بۆیە ئامانجی بەردەستی دەستدرێژیکارانن، هەر بۆیە ڕێگە بە خۆیان دەدەن زیانیان پێ بگەیێنن. هەروەها دەتوانین بڵێین منداڵان لە ژینگە جیاوازەکاندا زیاتر بەرکەوتنیان لەگەڵ ئەم کۆمەڵە کەسانەدا دەبێ و هەر بۆیەش زیاتر تووشی دەستدرێژیی سێکسی دەبن. لە ڕاستیدا ئێمە لە ئاخافتنی دیمانەکاندا دەبینین کە دەستدرێژیکارانی منداڵانی کار، چەوساوەبوونی ئەم منداڵانە و ڕەهەندەکانی تاراندنیان هەم لە ڕووی ئابووری و هەم لە ڕووێ کۆمەڵایەتی و هەم لە ڕووی فەرهەنگییەوە بۆ نیازی خراپ بە کار دەبەن. ئەوان هەژاری و بۆشاییە سۆزدارییەکان و نەبوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و سستیی هەستی وابەستەیی کۆمەڵایەتی و هەروەها هیوا و خەونی منداڵانە و مێرمنداڵانەیان دەقۆزنەوە، بۆ نموونە لە ئاخافتنەکانیاندا حەسرەتی خێزانێکی باشیان دەخوارد بۆ ئەوەی دەستدرێژیی سێکسی نەکرێتە سەریان. لە لایەکی

دیکەوە، پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانی کۆمەڵگای ئێران لە بواری هەژاریی منداڵاندا ئەوە دەردەخا کە کۆمەڵگای ئێستای ئێران لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا، لە بەرامبەر ئەم ڕەهەندە فراوانانەی بێبەشیی منداڵان و مێرمنداڵاندا، نەک هەر بۆ کەمکردنەوەی هەژارییان سیاسەتێکی دانەڕشتووە بەڵکوو لە ڕاستیدا لە بری سیاسەتدارشتن، سیاسەتسڕینەوەی گرتۆتە بەر. چاوخشاندن بە بەڵگەنامە و سیاسەت و پلانە جێبەجێکراوەکانی ئەم بوارەدا دەریدەخا کە سیاسەتەکان زیاتر لە سەر بنەمای تاراندنی منداڵانی هەژار بەتایبەت منداڵانی کار و سەرشەقامە بووە، واتە تارێنەر بووە نەک ئەوەی کە ئەم منداڵانە تێکەڵ بە کۆمەڵگا بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەم منداڵانە لەگەڵ کۆمەڵگا پەیوندی ساز بکەنەوە. سیاسەتی تیژتێپەڕ تەنیا پەیجووری کۆکردنەوەی کاتی و کورتخایەنی منداڵانی کارە بۆ ئەوەی سیمای شار خاوێن بکاتەوە و فەزای شار جوان بکا و شەرعییەتی پێ بدا، لە حاڵێکدا دەبێ لە ڕێگەی گۆڕانکاریی پێکهاتەیی و بنەڕەتییەوە بەرەنگاری کێشەی هەژاریی منداڵان و دیاردەی منداڵانی کار و منداڵانی سەرشەقام ببێتەوە کە یەکێک لە ڕەهەندە گرنگەکانی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر ئەم منداڵانەیە (مقاله سیاستگذاری یا سیاست زدایی پدیده فقر کودکان در همایش بین المللی پژوهشکده ارتباطات، نوشته مهناز علی زاده "وتاری سیاسەتدانان یان سیاسیسڕینەوەی دیاردەی هەژاریی منداڵان لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی توێژینگەی پەیوەندییەکان، لە نووسینی مەهناز عەلیزادە).

یەکێکی دیکە لە زەمینەکانی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ منداڵهاوسەری. گەلێ توێژینەوە پەیوەندیی نێوان هەژاری و منداڵهاوسەرییان دەرخستووە. خێزانە هەژارەکان منداڵەکانیان بەتایبەت کچان وەک بارگرانییەکی ئابووری لە قەڵەم دەدەن و بە بەشوودانیان دەیانهەوێ لەم بارگرانییە کەم بکەنەوە (ئەحمەدی، ٢٠١٦). وەک لە بەشی دووەمدا دەردەکەوێ هەر جۆرە پەیوەندییەکی سێکسی لە تافی منداڵیدا جۆرێک لە دەستدرێژی و توندوتیژیی سێکسییە.

لە توێژینەوەیەکدا کۆمەڵێک لە گێڕانەوەکانی ئەو کچانەی کە لە تەمەنێکی زۆر بچووکدا هاوسەرگیرییان کردووە سەبارەت بە هەژاری بەم شێوە بوون:

- باوکم داهاتێکی باشی نەبوو. پێمان وابوو ئەگەر هاوسەرگیری بکەین بارێک لە سەر شانی لا دەبەین." "دۆخی ئابووریمان زۆر خراپ بوو، جلوبەرگی پوورزاکانم و ئەوانمان لەبەر دەکرد، بۆچی ئەوان جلی نوێیان لەبەر دەکرد و ئێمەش شرەپۆش بووین [...]. هەموو ئەمانە وای لێکردم کە هاوسەرگیری بکەم". (خضری و هاوکاران، ١٤٠٠ هەتاوی).

هەژاریش یەکێک لە ئاستەنگەکانی بەردەم پەروەردە و خوێندنە. وەکوو منداڵهاوسەری، ناردنی منداڵان بۆ قوتابخانە خەرج دەخاتە سەر شانی خێزانەکان. هەندێک لە خێزانە هەژارەکان منداڵەکانیان ناچار بە کارکردن دەکەن و ڕێگری لە خوێندنیان دەکەن یان منداڵەکان خۆیان بۆ ئەوەی بەشێک لە خەرجییەکانی خێزانەکەیان قەرەبوو بکەنەوە ڕوو لە کارکردن دەکەن. کاتێک منداڵ واز لە خوێندن دەهێنێ فێری زۆرێک لە تواناکانی ژیان وەکوو توانای چاودێریکردنی خۆی نابێ و ناتوانێ بەرەنگاری دەستدرێژی ببێتەوە یان ناتوانێ بڵێ "نا". هەژاریی بنەماڵەکانیان بەتایبەت هەژاریی فەرهەنگی کە دەرەنجامی هەژاریی ئابووری و پێکهاتە تارێنەرەکانە وایان لێدەکا کە بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان و چاودێریکردنیان توانای پێویستیان نەبێت. ڕوون و ئاشکرایە کە ڕەهەندی ئابووریی بێبەشی لە سەر خۆوشیاریی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی، کاریگەر و چارەنووسساز بووە. لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوو لە کۆمەڵگای ئێراندا بە پارەبوونی سیستەمی پەروەردە خێراییەکی بێوچانی بووە، ڕەوتێک کە بە ئیدعای دیمۆکراتیزەبوونی ژینگەی پەروەردە دەستی پێکرد، بەشێکی حەشیمەت بەتایبەت چینی پلە نزم و پەراوێزنشین ڕاشکاوانە لە وتەزای پەروەردە و پەیوەندییەکانی پەروەردە تارێنران. بە هۆی گرژبوونی کێشە و ناسەقامگیرییە ئابووریەکان، لە ناو کۆمەڵگادا گروپگەلێکی زیاتر لە پەروەردە و ئیمکانیاتی فەرهەنگی و هونەری دوور خراونەتەوە و دەرکراون، واتە هەم لە پەروەردەی فەرمی و هەمیش لە پەروەدەی نافەرمی، کە هاوکاری گەشەی فەرهەنگی و وشیاریی کۆمەڵایەتیی ئەو منداڵانەی دەکرد. ئاوا بوو کە وەک بۆردیۆ دەڵێ توندوتیژیی سیمبۆلی هەڵبەت نەک تەنیا لە بواری هونەریی کۆمەڵگادا، بەڵکوو لە هەموو بوارە فەرهەنگی و پەروەردەییەکان و نەک تەنها لە بواری پەروەردەی فەرمیدا، بەڵکوو لە هەموو ڕەهەندەکانی پەیوەندییە نافەرمییەکان، بۆ چینە لاواز و تەنانەت چینی مامناوەندی کۆمەڵگاش ڕووی دا. بێبەشیی ئابووری هاوتای بێبەشیی پەروەردەیی و فەرهەنگییە (هەم لە پێکهاتەی فەرمی و هەم لە پێکهاتەی نافەرمیدا) و بێبەشیی پەروەردەیی و فەرهەنگی جگە لە

لاوازکردنی خۆوشیاری و لێنەهاتوویی ئەم چینانە نەبێ هیچی دیکەی لێ سەوز نەبوو، واتە لە جەوهەری خودی ژیاندا، هونەری ژیانکردن و ڕاپەڕینەریی چالاکانەی کردە ئاماج کە یەکێک لە نیشانە و لێکەوتەکانی بریتی بوو لە نەبوونی لێهاتوویی لە چاودێریکردنی خۆ و بێتوانایی لە چاودێریکردنی منداڵان و مێرمنداڵان لە لایەن خۆیان و دامەزراوەی خێزانەوە.

خاتوو میم، ڕاوێژکاری خێزان و چالاکوانی کۆمەڵایەتی ڕایگەیاند:

ئەوسا کە لە ماڵی خۆمان لە شووش منداڵ بووم کچێک هەبوو ناویت پێ دەڵێم [...]. لوڕ بوو زۆر قەشەنگ بوو دەهاتە خولی ماڵی منداڵان (خانەی کودک) لە شاری شووش. باوکی لە قوتابخانە گێڕابوویەوە و هێنابوو بۆ خولی درووماں و کاری دەستی، پاشان لە لایەن باوک و براکانیەوە، برای زۆر بوو هەمیشە لێی دەدرا و هەر وەختێ جلی کورت و درێژی لەبەر دەکرد و خۆی دەڕازاندەوە ئەمانە هەراسانیان دەکرد و لە کۆتاییدا بەداخەوە زۆر زوو لە دەستیان لە خوێندن پێ هەڵگرت خۆشی ئەوەندە تامەزرۆی خوێندن نەبوو لە بیرمە لە بری قوتابخانە پارکێکی دۆزییەوە و هەندێک کچ کە هاوتەمەنی خۆی بوون و هەندێ کوڕ کە تەمەنیان لە خۆی بچووکتر بوون کۆیانی دەکردەوە و کەڵکاوەژۆیی لێ دەکردن و دواتر بوون بە باندێک کە هەم مادە هۆشبەرەکانیان بڵاو دەکردەوە و هەمیش لەشفرۆشییان دەکرد.



وێنەی ژمارە ٣-٢. پەیوەندیی نێوان کۆمەڵێک لە ڕێگە شوومەکانی هەژاری و دەستدرێژیی سێکسی

ڕێگاکانی هەژاری و بێبەشی تەنها بەوانەی سەرەوە کۆتایی نایە و دەتوانێ لەمانە زیاتر بێت. بۆ نموونە دانیشتوانی کۆمەڵگە هەژارەکان زیاتر نەریتگەران و نۆرمی وەج و ئابڕوو بۆ ئەوان گرنگترە، کاتێک منداڵێک تووشی دەستدرێژی دەبێ، لەبەر پاراستنی ئابڕوویان کەمتر بە دوای هۆکارەکانی دەستدرێژیکردندا دەگەڕێن و پشتگیری منداڵە دەستدرێژیکراوەکە ناکەن و یان تەنانەت بۆ گەڕاندنەوەی شان و شکۆ و ئابڕوویان دەستدرێژیکار و دەستدرێژیکراو لێک مارە بکەن وەکوو ئەو حاڵەتەی کە لە سەرەوە ڕوون کراوەتەوە. هەروەها منداڵانی هەژار لەو جێگایەی کە خێزانەکان لە دابینکردنی زۆرێک لە پێداویستییەکانیان کەمتەرخەمن، زیاتر ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە لە لایەن دەستدرێژیکارانەوە بە کڕینی کاڵا بۆیان، فریو بدرێن. هەروەها هەژاری دەبێتە هۆی ئەوەی دایکی تەڵاقوەرگرتوو لەگەڵ منداڵەکەی شووی نابەدڵ بکا، بەڵام بۆ هەبوونی سەرپەرشتیار و دابینکردنی خەرجییەکان مل بەم هاوسەرگیرییە بدات. لە ناو ئەم خانەوادانەدا بواری ئازاردانی سێکسیی منداڵانیش لە ئارادایە. هەستی نەرێنی وەکوو ترس و تاوانباری، بیروباوەڕی وەکوو وەج، ئابڕوو و داکۆکیی کۆمەڵایەتی، هەروەها سەرکوتکردنی ئارەزووە سێکسییەکان و سیستەمی پاداشت و سزادان لە ناو ئەو خێزانانەی کە بە بێبەشی لە ڕەهەندی ئابووری و نائابوورییەوە تێوەگلاون، جێی تێڕامانە. چونکە ئەم حاڵەتانە ئەگەری دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان و مێرمنداڵان لەم خێزانانەدا زیاد دەکەن و ئاستی بەردەوامبوون و بێدەنگی لە هەمبەر ئەم دەستدرێژییەدا بەرز دەکەنەوە.

بە پێی ڕاپۆرتی دەروونناس شیما سەتاری:

یەکێک لە کۆمەکخوازەکانم خانمێکی تەمەن ٤٠ ساڵە بوو کە لە تەمەنی مێرمنداڵیدا لە لایەن خاڵۆیەوە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەری و ئەمە چەندین جار ڕووی داوە، بەڵام خۆی بێدەنگ بووە، چونکە خاڵۆی بۆ هەر جار سێکسکردنێک پارەی پێداوە و ئەمەش هۆکاری بێدەنگیی ئەم خاتوونە بووە. بە وتەی ئەم خانمە، ئەو بڕە پارەی کە خاڵۆی پێی داوە، هەرگیز لە لایەن دایک و باوکییەوە ئەم بڕە پارەی پێ نەدراوە.



چارتی ژمارە ٣-١١. دابەشکردنی وڵامدەران بە پێی ڕەگەز (N=452)



چارتی ژمارە ٣-١٢. دابەشکردنی وەڵامدەرەکان بە پێی ئەو شار یان پارێزگایەی کە وەڵامدەرەکان تێیدا دەژین

دەروونناس خاتوو ب وتی:

حاڵەتی دواتر کە خاتوو بێهبۆدی باسیان کرد، کوڕێکی تەمەن حەوت ساڵانی ئێرانی و باوکێکی کرێکار و دایکێکی نەخوێندەوار. ٣-٤ جار لە لایەن مامە تەمەن ١٨ ساڵەکەیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر.

بەڕێز ئەبهەریان مامۆستای زانکۆ و بەڕێوەبەری بەشی توانابەخشی باسی لە لایەنە جیاوازەکانی دەستدرێژیکاران کرد:

ئەو کەسانەی کە لە ناو ئەو خێزانە پڕحەشیمەت و گەڕەکانەدان کە ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتییان نزمترە باس لەوە دەکەن کە لە لایەن کەسانی نامۆ و نەناسیاو و ئینجا لە لایەن کەسانی مەحرەم و نزیکەوە دەستدرێژی کراوەتە سەریان.

خاتوو ئیسماعیلی ڕاهێنەری نیگارکێش لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان وتی:

پێی خۆش بووە کە زۆرێک لە منداڵەکان ببا بۆ مەلەوانگە بۆ شوێنە جۆراوجۆرەکان ئیتر دەیتوانی لە شارەوانی و ئەم لا و ئەو لا بە خۆڕایی کارتی مەلەوانگەیان بۆ دابین بکا و زۆرێک لە منداڵەکانی بردووە بۆ مەلەوانگە، تەنانەت زۆرێک لە منداڵەکانی بردووە بۆ ئۆردوو کە پاش ئەم ئۆردووە چەند دانە لە منداڵەکان دێنە لای خاتوو ئیسماعیلی و ئەم ڕاپۆرتە ڕادەگەیێنن کە ئەم پیاوە بەڕێزە چەندین جار دەستدرێژیی سێکسی کردووەتە سەر منداڵان و سووکایەتی پێکردوون.

خاتوو ب وتی:

دۆسیەی دووهەم کچێکی تەمەن ٧ ساڵانە کە دایکی ڕاپۆرتی لە سەر ئەم کچە داوە. لە ماڵەکەدا دوو کچ هەن، ئەمیان کچە گەورەکەیە، خوشکێکی چوار ساڵەی هەیە، دایکی نەخوێندەوار و باوکەکەش نەخوێندەوار. لە تەمەنی یەک ساڵییەوە هەموو دیمەنەکانی خۆڕەحەتکردنی باوکی بینیوە. باوک لە تەمەنی یەک ساڵ و نیودا دەست لە بەشە سێکسییەکانی منداڵەکە داوە. کاتێک ژنەکەی پێی دەڵێ وا مەکە، مێردە دەڵێ بە دەست خۆم نییە و ناتوانم کۆنترۆڵی خۆم بکەم هەتا تەمەنی ٢ ساڵانی ئەم منداڵە ئەم دەستلێدانە چەندین جار لە لایەن باوکەوە دووپات دەبێتەوە.

حاڵەتی دواتر لە لایەن خاتوو ب بەم شێوە ڕاگەیێندراوە:

کوڕێکی تەمەن حەوت ساڵانی ئێرانی و باوکێکی کرێکار و دایکێکی نەخوێندەوار. ٣-٤ جار لە لایەن مامە تەمەن ١٨ ساڵەکەیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر [...] هەموویان لە یەک ماڵدا لەگەڵ مامی دەژیان. ئەمان نهۆمی خوارەوە و ئەویش لە نهۆمی سەرەوە، ئامۆزای تەمەن ١٨ ساڵەکەی بە بیانووی یاری ئارمانی بانگهێشتی قاتی سەرەوە دەکرد [...] و ئەوەی ڕوویدا ئەوە بوو کە دایکەکە بۆی دەردەکەوێ کە جلەکانی ئارمان تەڕ و خووساون و تەڕبوونەکەی جیاوازە.

پێکهاتەی یاسایی دەستدرێژی: بۆشاییە یاساییەکان و پرسە یاساییەکانی ئێستا

هەتا پێش لە پەسەندکردنی یاسای پاراستنی منداڵان و مێرمنداڵان لە ١٣٩٩/٠٢/٢٣ هەتاوی، هیچ یاسایەکی دیاریکراو سەبارەت بە پاراستنی منداڵانی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی و سزادانی دەستدرێژیکاران، تەنانەت پاڵپشتییان بۆ ئەنجامنەدانەوەی دەستدرێژی بوونی نەبوو، بەڵام پەسەندکردنی ئەم یاسایە هەندێک لە بۆشاییەکانی ئەم یاسایەی پڕ کردەوە. هەتا بەر لەو یاسایە، بنەمای مامەڵەکردن لەگەڵ دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان، بەتایبەت لە جۆری مەحارمەکەی بە گوێرەی یاسای سزادانی ئیسلامی بوو. بەڵام سەبارەت بە جێبەجێکردنی ئەم یاسایانە لە لایەن کارگێڕانێکی پابەند و خەمخۆرەوە هێشتاش جێی تێڕامان و نیگەرانییە و هێشتاش چاودێریکردن بە سەر کەرتی تایبەت و ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە پێویست و زەروورییە. ئەم بابەتە لە کتێبی دووەمدا واتە سنوور و بابەتی زینا باس کراوە. پێش ئەوەی پێداچوونەوە بەم یاسایانەدا بکرێ چاوێک بە بۆچوونی بەشداربووان سەبارەت بە یاساکان دەخشێنینەوە. مەرج نییە کە ئەم بۆچوونە ڕەنگدانەوەی یاساکانی ئێستای ئێران بێ، بەڵام لە ڕووی ئاراستەی فیکرییان بەرامبەر بە یاساکانی بواری منداڵئازاری سەرنجڕاکێشە. بە چاوخشاندن و پۆلێنبەندی ڕوانگەی بەشداربووان، سێ تێمی بنەڕەتی لەم بوارەدا دەستنیشان کراون کە بریتین لە نەبوونی پاڵپشتیی یاسایی، جێبەجێنەکردنی بڕگەکانی یاساکان و پێگەی پیاوسالاری لە ناو یاساکان. بەشێک لە بەشداربووان پێیان وایە هیچ یاسایەکی دیاریکراو لە بواری پاڵپشتی لە منداڵانی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی و یان یاسای دەستدرێژیی سێکسی لە ئارادا نییە. هەڵبەت پێویستە لە بیرمان بێ کە بەو پێیەی لەم دواییانەدا یاسای پاراستنی منداڵان و مێرمنداڵان دەرچووە، شتێکی سروشتییە کە ئەو بەردیمانانەی کە لە ساڵی ٢٠١٩ دیمانەیان لەگەڵدا کرا، لە بوونی ئەو جۆرە یاسایانە بێئاگا بن. لە کردەوەشدا ڕێکار و میکانیزمی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی یاساکان دانەڕێژراون و جێبەجێ نەکراون بۆ ئەوەی ببنە هۆی جێبەجێکردنی یاساکان. هەڵبەت لە زۆر حاڵەتدا یاساکان جێبەجێ ناکرێن.

خاتوو ئیسماعیلی مامۆستا و ڕاهێنەری نیگارکێشی لە هەندێ لە ڕێکخراوی ناحکومییەکاندا وتوویەتی:

لە دۆسییەکەی تووسیدا بۆمان دەرکەوت لەم وڵاتەدا هیچ یاسایەک بوونی نییە.

خاتوو ئیسماعیلی ئاماژە بە بەڕێز سەعید تووسی قورئانخوێنی بەناوبانگ دەکا کە بەوە تۆمەتبار کراوە کە دەستدرێژیی سێکسی کردۆتە سەر کۆمەڵێ لە قوتابییەکانی. سەرەڕای ئاشکرابوونی ئەم دۆسیە و سکاڵاکردنی چەندین جارەی دایک و باوکەکانیان، تووسی ئازاد کرا. زۆرێک لە بەڵگەکان دەریدەخەن کە "لە پرۆسەی دادوەریدا" دەستێوەردان کراوە. بە وتەی خاتوو ئیسماعیلی، لانیکەم ئەم دۆسییە دەریخستووە کە "لەم وڵاتەدا یاسا بوونی نییە".

دامەزرێنەر و سەرۆکی کۆمەڵەی ئایدزی ئێران وتی:

لە کتێبی نەخۆشییە دەروونییەکان یان Dsm5 کە سەبارەت بە پۆلێنکردنی نەخۆشییە دەروونییەکانە، پۆلێنبەندی جیاوازی هەیە کە منداڵئازاری لە هەموو جێگایەکی ئەم جیهانەدا جگە لە ئێران بە تاوان دادەنرێ، ئێستاش زۆر سەیرە کە ئەمە لە ئێراندا بە تاوان لە قەڵەم نادرێت. شتێک کە سەبارەت بە منداڵئازاری زۆر گرنگە کە من پێی دەڵێم پێدۆفیلیا کە شتێکی زۆر باوە، پێش هەموو شتێک ئەو حاڵەتانەی کە ڕاپۆرت دەکرێن لەو حاڵەتانەی کە لە ڕاستیدا ڕوویان داوە زۆر جیاوازن. زۆریان ڕاپۆرت ناکرێن و نزیکەی ٧٠ لە سەدی ئەم جۆرە حاڵەتانە بە هیچ شێوەیەک ڕاپۆرت ناکرێن.

خاتوو مەحموودی، پسپۆڕی دەروونناس لە شاری سنە وێڕای ئاماژە بە ئەستەمی و تەنانەت ناموکینیی سەلماندنی دەستدرێژیی سێکسی لە ناوەندە یاساییەکان وتی:

کەیسێکم هەبوو خوازبێنی بووە و نەیویستووە هاوسەرگیری بکا، چونکە پوورزاکەی (خوشکەزای دایکی) لەگەڵ سێ کەس لە هاوڕێکانی شەوانە دەچن پەلاماری دەدەن. ئیتر هاتە لام و منیش بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ دەستدرێژیکارەکە کرد. پێم وت من لە ناوەندە یاساییەکان بەدواداچوونی بۆ دەکەم. وتی ئەگەر بیسەلمێنی کە من پەلامارم داوە لە خزمەتدام و قسەکەشی ڕاست بوو چونکە دەیتوانی بڵێ دۆستم بووە و منیش بە ڕەزامەندیی ئەو سەرجێییم لەگەڵ کردووە. دەزانی چۆنە لە ئێران یاسایەک نییە بەرگری لە دەستدرێژیکراوان بکا، هیچ پەناگەیەک نییە.

بەڕێز ڕیازەتی (پارێزەر) وێڕای ئاماژە بە کەموکوڕییەکانی یاسا لە بواری دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان (منداڵئازاری) و ئەو پێشکەوتنانەی کە لە یاساکەدا بەدەست هاتوون، دەڵێ

یەکێک لە کەموکوڕییە گەورەکانی یاسا، دیارینەکردنی سزای کاریگەر بۆ باوک و باپیرانی بکوژە کە ڕەگ و ڕیشەی ئەمە دەچێتەوە سەر تێگەیشتنی هەڵە لە فیقهـ، بە شێوەیەک کە ئەگەر باوک منداڵەکەی خۆی بکوژێ، هیچ سزایەکی کاریگەر بۆ ئەو دیاری ناکرێ کە ئەمەش نیشانەی هەژموونیی پیاوسالاری لە ناو یاساکانی ئێرانە و ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ فیقهـ. هەروەها بە وتەی بەڕێز ڕیازەتی لە پرۆژەیاسای پاڵپشتیی لە منداڵان و مێرمنداڵان کە لە ئێستاشدا بووەتە یاسا پێشکەوتنی بەرچاو لە بواری پاراستنی مافەکانی منداڵاندا بەدی هاتووە:

لە یاسادا دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان بە تاوانێکی گشتی دادەنرێ و پێویستی بە سکاڵاکاری تایبەت نییە، واتە هەر کەس بە بینینی حاڵەتێکی منداڵئازاری بۆی هەیە ڕاپۆرتی بکا و دادستێنیش وەک داواکاری گشتی بەدواداچوون بۆ بابەتەکە دەکات. زۆرترین سزای دیاریکراو لەم یاسایەدا ٦ مانگ زیندانیکردن و یەک ملیۆن تمەن سزای نەختییە. هەرچەندە پەسەندکردنی ئەم یاسایە بۆ یارمەتیدانی منداڵانی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی بە هەنگاوێکی گەورە دادەنرێ، بەڵام هێشتا کەموکوڕیی زۆری هەیە. گرینگترین چالنجی ئەم نێوەندە سەبارەت بە کوشتنی منداڵ لە لایەن باوکە. لە مادەی "٢٢٠" لە یاسای سزادانی ئیسلامیدا هاتووە "باوک یان باپیرەی باوکی کە منداڵەکەی دەکوژێ قیساس ناکرێ و بە پێدانی دییە بە کەس و کاری قوربانی و زیندان سزا دەدرێت". ئەم سزایە بە گوێرەی مادەی "٦١٢"ی یاسای سزادانی ئیسلامییە، کە ڕاشکاوانە جەخت دەکاتەوە کە ئەگەر کەسێک سزای قیساس بیگرێتەوە و ئەم حوکمەی بۆ دەرنەکرێ بە پێی لایەنی گشتیی تاوانەکە، سزای سێ بۆ ١٠ ساڵ زیندانی بەسەردا دەسەپێندرێت. قیساسنەکرانی باوک و باپیرەی باوکی، هەڵدەگەڕێتەوە بۆ هەندێک بۆچوونی فیقهی، کە هەڵبەت ئەمە دایکان ناگرێتەوە. ئەم مادە بووەتە هۆی کەڵکاوەژۆیی هەندێ لە باوکان و لە زۆر حاڵەتدا بووەتە هۆی ئەوەی تاوانبار لە سزای شیاوی خۆی، ڕا بکات.

پزیشکی پسپۆڕی مێشک و ئەعساب کەیسێک دەگێڕێتەوە کە تایبەتمەندیی توندوتیژیی پێکهاتەیی و فەرهەنگیی پیاوسالاری لە ناو یاسادا نیشان دەدات. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: یاسا چۆن مامەڵە لەگەڵ منداڵێکدا دەکا کە لە لایەن مەحارمەوە دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەری و زکی پڕ دەبێت؟ گێڕانەوەی بەڕێزیان وەڵامی پرسیارەکەی ئێمەیە.

هەروەها توندوتیژیی فەرهەنگی ئاماژە بۆ زۆڵبوونی ئەم کۆمەڵە منداڵانە دەکات. ئەم توندوتیژییە نەک هەر لە دەرفەتە کۆمەڵایەتی - ئابوورییەکان بێبەشیان دەکا بەڵکوو لە کۆمەڵگا دووریان دەخاتەوە و لە ژیانێکی پارێزراویش بێبەش دەبن:

یەکەم دیاردەیەک کە لە ژووری فریاکەوتن بینیم، کچێکی تەمەن ١٤ ساڵ بوو کە بە هۆی ئازاری دڵەوە هێنایانە بەر دەستم. کاتێک پشکنینمان بۆ کرد، لە سکیدا هەستمان بە گرتکێک کرد. دواتر زانیمان ئەمە نە مێردی هەیە نە دەزگیراندارە. لە دێوە هێنابوویانە فریاکەوتنی شار کەمێک پێمان سەیر بوو ئیتر خەڵکی لادێ حاڵەتی مامناوەندیان نییە کچ لە چواردە ساڵاندا دەدەنە شوو یان هەر نایدەن بە شوو. چووین پشکنینی تیشکمان بۆ کرد (سنۆگرافی) وتمان لەوانەیە تۆمۆر بێ، بەڵام بۆمان دەرکەوت کۆرپەلەیە. کچەکە دانیشت و گریا جا چ بە نەهامەتییەک دایکەمان هێنا، تۆمەس ئەم کۆرپەلە لە باوکەیە، دەترسا باوکەکە کۆرپەلە دەربهێنێ و بیفرۆشێت. ئێمەش بە ناوەندە یاساییەکانمان ڕاگەیاند و متمانەمان پێکرد، کچەکە مافی لەباربردنی نییە و باوکیش سەرپەرشتیارە و دەبێ سزا بدرێت. هێشتا خەفەتی ئەو کچە دەخۆم، نازانم کچەکە چی بەسەر هات چونکە لە ژێر چاودێریی ئێمە لایان برد و ئەمە دەردە ئەوەی کە ئێمە وەک پزیشکێک چەندە بێدەسەڵاتین. و خودی یاساکە دەستدرێژیکارە و یاسایەک کە خۆی ئازاردەرە ماف دەدا و بە نەرم و نیانی هەڵسوکەوت دەکا نازانم لە چی تێدەگات. دواتر هەر ئەم یاسایە بەو منداڵە دەڵێ منداڵی زۆڵ و حەرامزادە. ئەم منداڵە خۆی لە ڕوانگەی شەریعەتەوە تووشی کێشە دەبێ و یاسا لەم بابەتەوە پشتگیری لێ ناکات.

لەم گوتارانەی سەرەوەدا بابەتێک کە لەم پرۆسەدا شیاوی شرۆڤە و تێڕامانە ئەوەی کە شەرعییەت بە پێکهاتەی یاسایی بۆ سزانەدانی دەستدرێژیکاری سێکسی دەدا، ئەو گوتارەیە کە لە سەر بنەمای هەڵاواردنی ڕەگەزێتی دامەزراوە کە دەرەنجامی زاڵبوونی فەرهەنگی پیاوسالاری بە سەر کۆمەڵگایە. هەروەها گوتاری ئابووری لە ڕێگەی گۆڕینی ئەم سزایە بۆ سزای نەختی لە هاودەستی لەگەڵ ئەم گوتارە فەرهەنگییە کە باوک بە خاوەنی منداڵ دەزانێ دەبنە هۆی ئەوەی کە گوتاری یاسایی سزاکە هەڵپەسێرێ و کەسی دەستدرێژیکار ئازاد بکات. ئەم هەڵپەساردنە دەبێتە هۆی دووبارەبوونەوەی هەموو جارەی دەستدرێژیی سێکسی (زینا لەگەڵ مەحارم) و ڕێژەکەی زۆر دەکا چونکە لە ڕوانگەی یاساییەوە و لە ڕێگەی ڕێکاری یاسایی و دادوەرییەوە سیاسەتی ڕێگرانەی بۆ لە بەر چاو

نەگیراوە، دەرەنجامی ئەم ڕەوت و پرۆسانە لەدایکبوونی مرۆڤێکە کە لە ڕێگەی هەر هەمان ئەو کۆمەڵگاوە کە بە هۆی گوتارە باڵادەستەکانیەوە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی دەستدرێژیی سێکسیی لەگەڵ مەحارم، ناوەنیتکەی شەرعی لە قوربانیی دەستدرێژییە سێکسییەکە دەدا و لەم قۆناغەدا گوتاری ئایینی بە ناوەنیتکەی زۆڵ، فەرمان بە ناشەرعیبوونی دەدا و لەم ڕێگەوە دەیخاتە ناو پێکهاتەیەکی یاسایی کە لە ماف و کەرامەتی مرۆیی بێبەرییە و دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە سەر بنەمای فیقهـ و شەریعەت ئامادە نین لە چوارچێوەی سیاسەتی خۆشبژێوی و دابینکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری پشتیوانیی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی ئابووری پێشکەشی ئەو کەسە بکەن. لە ڕاستیدا منداڵی زۆڵ کە بەرسازکراوی فەرهەنگ و پەیوەندییەکانی کۆمەڵگایە لە لایەن ئەم کۆمەڵگاوە دەتارێنرێ و کۆمەڵگا لە ئاست ئەم منداڵە هیچ بەرپرسایەتییەک لە ئەستۆ ناگرێ و بەم شێوەیە کە شەرعییەتی بە نەبوونی پاڵپشتی لەم قۆناغە دەبەخشێت. ئەم قۆناغە کە باس کرا لە بواری یاسایی دەستدرێژیی سێکس هەمیشە بە شێوەی سەقەت بەردەوام بووە و بەردەوامیش دەبێت.

خاتوو ک دەرچووی بواری توێژینەوەی ژنان و چالاکی بواری ژنان و منداڵان، چەند بابەتی بنەڕەتی لە یاسا دێنێتە بەر باس کە هۆکاری زیانبەرکەوتنی منداڵانی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسییە. پرسی یەکەم پاڵپشتینەکردنی یاسا لە منداڵانی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسییە. بەو پێیەی کە منداڵان پشتگیرییەکی ئەوتۆ ناکرێن، ئەزموونی ئازاردانی سێکسییەکە ڕاپۆرت ناکەن و تەنانەت ئەگەر ڕاپۆرتیش بکەن بە هۆی نەبوونی پشتیوانیی یاساییەوە زیاتر لە لایەن خێزانەکەیانەوە دەتارێنرێن کە ئەمەش زەمینە بۆ خەسارهەڵگریی زیاتریان خۆش دەکات. پرسێکی تر لە یاسادا پرسی پیاوسالاری لە ئاسایە. لە کۆتاییدا پرسێکی جددی لە یاسادا هاوسەرگیریی منداڵان یا منداڵهاوسەرییە کە جۆرێکە لە توندوتیژیی پێکهاتەیی. بە گوێرەی یاسا، هاوسەرگیری لە خوار تەمەنی ١٥ ساڵ بۆ کوڕان و خوار تەمەنی ١٣ ساڵ بۆ کچ ڕێگەپێدراوە، چونکە لە یاسای ئێراندا هاتووە: "کچ پێش ئەوەی بگاتە تەمەنی ١٣ ساڵی هەتاوی و کوڕیش پێش ئەوەی بگاتە تەمەنی ١٥ ساڵی هەتاوی، بەستراوەتەوە بە ئیزنی سەرپەرشتیار بە مەرجی لێکدانەوەی دادگای کارامە." بۆیە لە یاسای ئێراندا هیچ تەمەنێکی دیاریکراو بۆ هاوسەرگیری دانەنراوە و کچێکی دە ساڵان یان تەنانەت بچووکتر دەتوانێ هاوسەرگیری بکات. هەروەها

بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن کە ساڵانە هەزاران کچ لە تەمەنێکی زۆر بچووکدا هاوسەرگیری دەکەن. هەر چەشنە پەیوەندییەکی سێکسی لەم تەمەنەدا جۆرێک دەستدرێژیکردنە سەر منداڵانە.

خاتوو ک دەڵێ:

ڕای بەڕێزیان ئەوەیە کە لە ماوەی ئەو ساڵانەی کە ئەزموونی وەدەست هێناوە بۆی دەرکەوتووە کە ئەو یاسایەی ئێستا لە وڵاتدا (ئێران) هەیە پڕە لە کەموکوڕی کە نەک هەر پشتگیری ناکا بەڵکوو لایەنێکی پارێزەریشی بۆ کەسی دەستدرێژیکراو هەیە. بۆچوونی ئەوان ئەوەیە کە ئەو یاسایەی کە لە ئێراندا حوکمڕانی دەکا زۆر ڕەگەزێتییە، بۆیە باسکردنی یاسا بەتایبەت لە دژی توندوتیژیی سێکسی، پێویستە بۆ هەمیشە سڕ بکرێ و ڕەنگە قوربانییەکە خۆی زیاتر زیانی پێ بگا نە تەنیا درکاندنی ئەم بابەتی پشتیوانییە ڕوو نادا بەڵکوو زۆریش بێڕێزی پێ دەکرێ و کاتێک کە دەیهەوێ بگەڕێتەوە بۆ باوەشی بنەماڵەکەی لە لایەن بنەماڵەوە ڕەنگە بتارێنرێت. "خەتای تۆ بوو، تۆ ئابڕوومانت برد" و لەم قسانە دەکرێت. هەروەها دەتوانن ئەم بابەتانە لە دەستدرێژیی سێکسی و قەتڵی ناموسیدا ببینن کە ئەم پرسانە کێشەدارن و لە هەمووشی خراپتر هاوسەرگیریی منداڵان و هاوسەرگیری لە تەمەنێکدایە کە بە هیچ شێوەیەک قبووڵکراو و شیاوی تێگەیشتن نییە. دەی ئەمە ڕاستەوخۆ توندوتیژیی سێکسی و دەستدرێژیی سێکسییە، بەڵام یاسا هێشتا پشتگیری لە دیاردەی سێکسی دەکات.

لەو قسانەی سەرەوە دەتوانین ئەوە دەربکێشین کە نەبوونی یاسایەکی دیاریکراو و نەبوونی دامەزراوەی پشتیوانی لە دەستدرێژیکراوان بۆتە هۆی ئەوەی نەک هەر پاڵپشتی نەکرێن، بەڵکوو لە ئەگەری لەقاودانی دەستدرێژییەکە لە لایەن خانەوادەوە دەتارێنرێن و ڕەوت و پرۆسە تێکەڵکەرەکان لە پەیوندی لەگەڵ ئەم کەسان لە کۆمەڵگادا بوونی نییە، بەڵام زیاتر لایەنی تارێنەری هەیە و ڕەهەندەکانی تاراندنیان زیاتر دەکات. کێشەی بنەماڵەی باوکسالار، شان و شکۆ و ئابڕووە کە بە هۆیەوە لە لایەن ئەم ناوەندەوە دەتارێنرێن، بۆیە وایان پێی باشترە کە میکانیزمی بێدەنگی بە کار بێنن و یان شێوازی دیکەی ئازاردان بگرنە بەر وەکوو هاوسەرگیریی منداڵان و هاوسەرگیریی زۆرەملێ و یان بە زیانی دیکەی وەکوو خۆفرۆشتن، ڕاکردن لە ماڵ، ئالوودەبوون و هتد تێوەبگلێن.

کەواتە ئەو سیاسەتانەی کە لە سەر بنەمای تاراندن لە لایەن بنەماڵە (بە هۆی شکۆ و ئابڕوو و لە سەر بنەمای نکۆڵیکردن لە پرسەکە) و کۆمەڵگەی ئێران (بە هۆی نەبوونی پێکهاتەی یاسایی و مەدەنیی کارا و پشتگیر و لە سەر بنەمای نکۆڵیکردن لە پرسەکە) لە هەمبەر پرسی دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن مەحارم نەک هەر لە ڕێگریکردن لەم زیانە لە ڕێگەی تێکەڵکردنەوە و هێنانەوەی کەسی دەستدرێژیکراو بۆ ناو کۆمەڵگا کاریگەر نەبووە، بەڵکوو بوونەتە هۆی فرەتربوون و پەرەسەندنی زیان و پرسە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە کە لە لایەن ئەمانەوە وەک میکانیزم و ڕەفتارگەلی بەرگری و خۆبەدوورگرتن بە کار هێنراون. بنەماڵە و کۆمەڵگای ئێرانی هەر دووکیان لە کەڵکوەرگرتن میکانیزمێک لە دژی ئازاردانی سێکسی لە لایەن مەحارمەوە هاوبەش بوون و ئەویش میکانیزمی نکۆڵیکردن لە هەموو بارودۆخەکان و هەموو لایەنە کۆمەڵایەتییەکانە.

بەڕێوەبەری (خانە کودک) و (مادر طلوع بی‌نشان‌ها) دیوێکی دیکەی کێشەکە واتە جێبەجێکردنی یاسای ورووژاندووە. بەڕێزیان زیاتر ڕوانیویەتییە سەر پرسی کاربەدەستانی جێبەجێکاری یاسا کە نەک هەر یاسا جێبەجێ ناکەن بەڵکوو بەربەستی جۆراوجۆریشیان خستۆتە بەردەم چالاکوانانی بواری منداڵان.

بەڕێزیان لە وڵامی ئەم پرسیارە کە تا چەندە ئاشنای یاساکانن:

لە سەر کاغەز بەڵێ، بەڵام جێبەجێکردنی خودا دەیزانێ کاتێک بە دواداچوونی بۆ دەکەین یەکەم جار تیرێک ئاراستەی دامەزراوەکەمان دەکەن کە بۆچی بەدواداچوونی بۆ دەکەن بۆچی پرسەکە ڕوون دەکەنەوە لە ئێراندا بە هیچ شێوەیەک شتی وا نییە.

لە سەرەوە کۆمەڵێک بابەتی سەرەکی لە بواری یاسادا لە ڕوانگەی بەشداربووانەوە تاوتوێ کران و یاسای تەمەنی هاوسەرگیری کە شەرعیەتی بە دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان داوە، خوێندنەوەی بۆ کرا. لە خوارەوە پێداچوونەوە بە ژمارەیەک یاسای دیکە دەکرێ بۆ ئەوەی ناکۆکی و دژوازییەکانی یاساکان ڕوون بکرێتەوە.

یەکێکی دیکە لە پرسە بنەڕەتییەکانی ناو یاسای ئێران، تەمەنی منداڵی و ئەو چەمکانەیە کە لە یاسادا سەبارەت بەم قۆناغە بوونیان هەیە. لە یاسا جیاجیاکانی ئێراندا، بە پێی بابەت یان تەمەن، هیچ یاسایەکی تایبەت بۆ منداڵان ڕەچاو نەکراوە، یان شاهیدی دیاریکردنی تەمەنی جیاوازین وەکوو تەمەنی هاوسەرگیری یان لە یاسای کار شاهیدی

تەمەنی پازدە ساڵ بۆ دەستپێکردنی کارین یان لە یاسای پاڵپشتی لە منداڵان و مێرمنداڵان هەموو کەسانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵ وەبەر یاسا دەکەون. هەروەها هەر سێ وشەی ساوا، منداڵ و مێرمنداڵ بۆ ناونانی قۆناغی منداڵی بە کار دەبرێ کە ئەمەش نیشانەی نەبوونی یەکدەنگی لە نێوان یاسادانەرانی ئەم بوارەیە. نەبوونی مەرزبەندییەکی ڕوون لە نێوان قۆناغ و دیاردەی منداڵی لەگەڵ قۆناغ و دیاردەی مێرمنداڵی وای کردووە کە لە پرسی دەستدرێژیی سێکسیی زینا لەگەڵ مەحارم پرس و کێشەی نوێ و ڕەهەندی تازە دروست ببێت. چونکە دیاردەی منداڵی لە ڕووی سروشت و پێکهاتەوە لەگەڵ دیاردەی مێرمنداڵی فەرقی هەیە و وەکیەک سەیرکردنی ئەو دووانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە پرسی دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن مەحارمەوە سیاسەتی مامەڵەکردن وەکوو یەک بێ و جگە لە توندتربوونی کێشە و دەرکەوتنی ڕەهەندە نوێکانی ئەم دیاردە هیچی دیکەی لێ سەوز نەبێت.

بەتایبەت لە یاسای سزادانی ئیسلامی و یاسای پاراستنی منداڵان و مێرمنداڵاندا پرسی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان شی کراوەتەوە. لە چاوی یاسای سزادانی ئیسلامیدا پرسی سزا بوونی هەیە. لەم یاسایەدا تەمەنی منداڵ بە ١٥ ساڵ دیاری کراوە. بۆ نموونە لە مادەی ٨٨ دا هاتووە "سەبارەت بەو منداڵ و مێرمنداڵانەی کە تاوانی سزادراو ئەنجام دەدەن و لە کاتی ئەنجامدانیدا تەمەنیان نۆ بۆ پانزە ساڵی تەواو هەتاوییە، بە پێی دۆسیەکە، دادگا یەکێک لەم بڕیارانەی خوارەوە پەسەند دەکات". لە بڕگەی دووەمی بەشی یەکەمدا پرسی زینا تاوتوێ کراوە. لە مادەی ٢٢١دا هاتووە کە "زینا بریتییە لە پەیوەندیی سێکسی نێوان ژن و پیاوێک کە هاوسەرگیرییان نەکردووە و جێی گومان نەبێت". لە تێبینیی ٢ی هەمان مادەدا هاتووە "کاتێک هەر دوو لایەن یان یەکێکیان منداڵی پێنەگەیشتوو و ناباڵق بێ، ئەوە زینا ڕووی داوە بەڵام کەسی ناباڵق سزا نادرێ و بە میکانیزمی دابینکردنانە و پەروەردەییانە کە لە کتێبی یەکەمی ئەم بابەتەدا دیاری کراون حوکم دەدرێت". لە مادەی ٢٢٤دا سزای زینا لە هەندێک حاڵەتدا سێدارەیە، وەکوو زیناکردن لەگەڵ مەحرەمە خوێنییەکان (نەسەبی). هەروەها لە مادەی ٩١ی یاساکەدا هاتووە کە "زینا بە شایەتیی چوار پیاوی دادپەروەر یان سێ پیاوی دادپەروەر لەگەڵ دوو ژنی دادپەروەر دەسەلمێنرێت. جا چ ببێتە هۆی سزای لێدان یان سزای بەردبارانکردن" ئەم یاسایە گیر و گرفتی زۆرە بۆ وێنە تەمەنی منداڵی بە ١٥ ساڵ دیاری

کردووە لە کاتێکدا بە پێی زۆرێک لە بەڵگە نێودەوڵەتییەکان کە ئێرانیش ئەندامی هەندێکیانە، تەمەنی منداڵی ١٨ ساڵانە. دووەم ئەوەی کە سەپاندنی سزای سێدارە لەم حاڵەتانەدا نەک هەر نەبۆتە هۆی ڕێگری، بەڵکوو دژی شان و شکۆی مرۆییشە و پێویستە دادپەروەریی چاکسازی ببێتە بەدیلی ئەم یاسایە. پرسە گرینگترەکە سەلماندنی پرسی زینا لەگەڵ مەحارمە. بەڵگە مێژوویییەکان دەریدەخەن کە هەندێک جار ئەوە کچۆڵە قوربانییەکانی دەستدرێژین کە بە تاوانبار دەناسرێن. مالجۆ لە کۆمەڵەی هزری سێکسیدا باسی ئەم بابەتەی کردووە.

لە یاسای پاڵپشتی لە مافەکانی منداڵان و مێرمنداڵاندا، ئەم بابەتە لە شێوەی زینادا باس نەکراوە، بەڵکوو لە بابەتگەلێکی وەکوو دەستدرێژیی سێکسی، لەشفرۆشی، سووکی، وروووژێنەری سێکسی، مەترسیی زۆر و پۆرنۆگرافی باس کراوە، بە جۆرێک کە هەر چەشنە دەستدرێژی کردنە سەر منداڵ لەم حاڵەتانەی سەرەوەدا دەبێتە هۆی دەستێوەردان. لە دەستپێکی ئەم یاسادا چەمکگەلێکی زۆر نارِوون لە بواری تافی منداڵیدا بەدی دەکەین. بۆ نموونە لە پێناسەی منداڵدا هاتووە کە "هەر کەسێک کە نەگەیشتبێتە تەمەنی باڵقبوونی شەرعی". ئەگەر مەبەست لە تەمەنی شەرعی، تەمەنی ٩ ساڵ بۆ کچان و ١٥ ساڵ بۆ کوڕان بێ، ئەوا شاهیدی هەڵاواردنی ڕەگەزێتین (ڕەگەزێتی). پێناسەی مێرمنداڵیش بەم شێوەیە: "هەر کەسێک کە خوار تەمەنی ١٨ ساڵی هەتاوی کە بە تەمەنی باڵقبوونی شەرعی گەیشتبێت". ئەوەی کە یاسا لە سەر بنەمای ئەم شەرعە دامەزراوە کێشەی بنەڕەتی هەیە. هەروەها لە مادەی ٢دا هاتووە: "هەموو ئەو کەسانەی کە تەمەنیان نەگەیشتووەتە هەژدە ساڵانی هەتاوی، ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە". بەڵام تەمەنی منداڵی بە وردی پێناسە نەکراوە و لەم بوارەدا چەندین ناوی نارِوون هەیە. لە درێژەدا هەموو جۆرەکانی سزا بۆ کەسانی دەستدرێژیکار و ئازاردەر و ئینجا شێوازی پشتیوانی لە کەسانی دەستدرێژیکراو دیاری کراوە. سەرەڕای ئەوەی ئەم یاسایە لە چاو یاساکانی دیکە لەم بارەوە پێشکەوتووترە بەڵام هێشتا لە سۆنگەی پێناسەکانی ئەم بوارە کێشەی زۆرە.

دیاریکردنی یاسای پێشکەوتوو و پاڵپشتانە بۆ منداڵانی دەستدرێژیکراو زۆر پێویستە، بەڵام لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی بەس نییە. یاسا با پێشکەوتوو و پاڵپشتانەش بێ ئەگەر بۆ جێبەجێکردنی بیر لە میکانیزمی کاریگەر نەکرێتەوە، ئەوا وەکوو زۆرێک لە یاساکانی تر

تەنها وەک بەڵگەنامەیەک دەمێنێتەوە. دەزگا جێبەجێکارەکانی یاسای پشتیوانی لە منداڵان و مێرمنداڵان لە ئێران بریتین لە: دەزگای داد، بێهزیستی (چاکژیانەوە) و هێزەکانی پۆلیس و هتد. هەرچەندە لەم ساڵانەی دواییدا فریاکەوتنی کۆمەڵایەتی وەک یەکێک لە دامودەزگاکانی پاڵپشتی لە منداڵان بە شێوەیەکی بەرچاو فراوانتر بووە، بەڵام ئەم ڕێکخراوەش ڕووبەڕووی پرسی جددی بۆتەوە. یەکێک لەم پرسە جیدیانە، گیر و گرفتی دابینکردنی داراییە بە جۆرێک کە ڕەنگە کارمەندەکانی بۆ ماوەی چەند مانگ مووچە وەرنەگرن یان لە ڕووی ئیمکانیاتی سەرەتایی وەکوو ئیمکانیاتی شوێنی مانەوەی منداڵ ڕووبەڕووی چەندین کێشە ببنەوە، لە زۆر حاڵەتدا منداڵانی دەستدرێژیکراو ڕادەستی بنەماڵەکانیان دەکرێنەوە کە لە لایەن ئەوانەوە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەریان. کە ئەمەش زەمینەخۆشکەری دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر ئەو منداڵانەیە.

پرسێکی گرنگی دیکە ئەو بەستێنە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی ناو کۆمەڵگایە کە یاساکانی تێدا جێبەجێ دەکرێت. ئەگەر ئەم بەستێنانە بوونیان نەبێ یاسا هەر وا بە تەنیایی ناتوانێ ئەو کارامەیی و کاریگەرییەی هەبێت. لە ئێراندا ئەم بەستێنانە نەڕەخسێنراون. بۆ وێنە ئێمە شاهیدی هەژاری، نایەکسانی، دارمان یان لاوازبوونی دامەزراوەگەلی وەکوو بنەماڵە، کەمبوونەوەی سەرمایەی کۆمەڵایەتیی نەریتی و بیچمنەگرتنی سەرمایەی کۆمەڵایەتیی نوێ، کۆبوونەوەی تایبەتمەندییە پێکهاتەییە نەخوازراوەکان لە ناو گەڕەکەکاندا وەکوو هەژاری، ناسەقامگیریی شوێنی نیشتەجێبوون و شتی دیکەین. ئەم تایبەتمەندییانە زەمینە بۆ خەسارەتە کۆمەڵایەتییە بەرفراوانەکان لەوانەش دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان دەڕەخسێنێن. لە وەها بەسێتێنێکدا یاسا ئەگەر پێشەنگیش بێ ئەو کاریگەرییە ئەرێنییەی نابێت.

ئەگەر بمانهەوێ کۆبەندییەکمان هەبێ ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە یاسا پەسەندکراوەکانی بواری ئازاردانی سێکسی و پاڵپشتی لە قوربانیانی دەستدرێژیی سێکس یدا وابەستەی فاکتەر و پێکهاتەکانی دیکەن کە پێویستە لە بەرچاو بگیرێن. لەو پێکهاتە ڕێکخراوەییانەی کە هۆکاری جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەن و گرنگن و وەک دیارە لە کۆمەڵگای ئێستای ئێراندا ئەم ڕێکخراوانە بە ناوەکی و دەرەکییەوە خۆیان ڕووبەڕووی پرسی هەمەچەشنی پێکهاتەیی دەبنەوە، کە ئاستەنگی بەردەم کاردای بەسوود و خوازراوی ئەو ڕێکخراوانە لەو بوارەدان. لە ناو ئەم پرسە پێکهاتەییانەی ناوڕێکخراوەییانە

دەتوانین وەک نموونە ئاماژە بە لاوازیی مووچە و قازانجەکانی پاڵپشتیکردن لە هێزە مرۆییە پیشەدارەکان بکەین کە کاریگەریی لە سەر ئەنگێزەکانیان دادەنێ و هەروەها ئەو بیرۆکراسییە دەست و پاگیرانەی کە بە سەر ژینگەی ناوڕێکخراوەییدا زاڵن، و بۆ پرسە پێکهاتەییە دەرەڕێکخراوەییەکانیش وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بکەین بە کاری هاوتەریبکاری و سەریەککەوتن و بەریەککەوتنی ئەرک و بەرپرسیارێتیی ئەم ڕێکخراوانە پێکەوە و هەروەها ئەو قەرز و بوودجانەی کە بۆ هەموارکردنەوەی ئەم پرسە لە لایەن پێکهاتەی حکومەتەوە پێیان دەدرێت. لە فاکتەرەکانی دیکە دەتوانین باس لە پرسە زەمینەیی و گەشەییەکانی کۆمەڵگا بکەین، باسی سیاسەتەکانی چاودێریی کۆمەڵایەتی، دابینکردنی کۆمەڵایەتی، تەندروستی، پەروەردە، پەراوێزنشینی، بابەتە سێکسییەکان و هتد لەم چەشنەیە کە هەرچی نەبوون و لاوازیی ئەم سیاسەتە زەمینەییانە ببینرێ، نەک تەنها شاهیدی زیاتربوونەوەی پرسی ئازاردانی سێکسی و زینا لەگەڵ مەحارم لە ناو چوارچێوەی خێزاندا دەبین بەڵکوو تەنانەت ئەو یاسایانەی کە تا ڕادەیەک باشن و بۆ ئەم مەبەستە پەسەند کراون بێکاریگەر یا کەمکاریگەر دەبن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر لە جێبەجێکردنیاندا ڕووبەڕووی چالنج دەبینەوە.

یاریدەدەرێکی کۆمەڵایەتی (خانە کودک) لە ناسر خەسرەو وتی:

و سێ چوار جار دەستدرێژی کردە سەر ئەم کچە و لای داپیرەی درکاندوویەتی و ئەوانیش بەدواداچوونیان کردووە و چوونەتە دادگا و بڕە پارەیەکیان وەک قەرەبوو لەو پیاوە وەرگرتووە.

جۆرێکی تری دەستدرێژیی سێکسی کە لە چوارچێوەی منداڵهاوسەریدا ڕوو دەدا؛ لێکەوتەکانی ئەم دەستدرێژییەش زۆرە چونکە هەم ڕەهەندی پێکهاتەیی هەیە و هەم لە چوارچێوەی خزمایەتیدا ڕوو دەدا و هەمیش لە زۆر حاڵەتدا منداڵ لە مەودایەکی چەندین ساڵەدا ناچارە قبووڵی بکات. ئەم خەسارەتە بەو پێیەی کە ڕەهەندی پێکهاتەیی هەیە کە هەندێ منداڵ بەتایبەت کچان ناچارن بە هۆی نەریت و هەژاری و یاسای شەرعییەوە مل بەم هاوسەرگیرییە بدەن. بە واتایەکی دیکە ئەم جۆرە دەستدرێژییە سێکسییە لە ناو بەستێنی یاسا و نەریتدا مەشرووعییەتی پێ دەدرێت. تەنانەت لە زۆر حاڵەتدا منداڵ ئارەزووی سێکس کردنی نییە بەڵام دەبێ کۆڵ بەم پەیوەندییە سێکسییە بدات.

یەکێک لە شارەزایانی ئەم بوارە وتی:

تۆ سەیر کە زۆرێک لە منداڵەکان لەم تەمەنەدا هیچ تێگەیشتنێکیان لە هاوسەرگیری نییە، منداڵێکی ٩ ساڵان یان تەنانەت ١٤ ساڵ و ١٧ ساڵان هیچ تێگەیشتنێکی لە هاوسەرگیری نییە، تەنانەت هەندێکیان بە هیچ شێوەیەک نازانن کە لە هاوسەرگیریدا سێکس هەیە، بۆ نموونە من کەیسێکم هەبوو کە کچە بە مێردەکەی وتبوو ئەگەر منت خۆش دەوێ سێکسم لەگەڵ مەکە، یان کەیسێکی دیکەم هەبوو کە کچێک شووی کردبوو کە دووگیان ببوو و سکی گەورە ببوو، وایدەزانی قەڵەو بووە، ئەمانە عەقڵیان بە هیچ ناشکێ؛ و کاتێک سێکس دەکەن، بە پێچەوانەی ویستی خۆیانە و ناچارن سێکسی نابەدڵ بکەن.

- فاکتەرە دامەزراوەییەکان

پرسە پێکهاتەیی و کارداییەکانی خێزان

خێزانە شێواو و بێسەروسامانەکان فۆرمی جۆراوجۆریان هەیە. وەکوو خانەوادەی تەڵاق، خانەوادەی تاکسەرپەرشت، ئەو خێزانانەی کە ژن سەرپەرشتە (هەڵبەت مەرج نییە هەموو ئەم جۆرە خێزانانە نارێک و بێسەروسامان بن بەڵکوو لە ڕووی پێکهاتەییەوە جیاوازن)، ژیان لەگەڵ زەرباوک و زەرداییک و منداڵەکانیان، ئەو خێزانانەی کە لە ناو خۆیاندا نەساز و ناتەبان، ئەو خێزانانەی کە سەرپەرشتەکەیان ئالوودەیە، ئەو خێزانانەی کە سەرپەرشتەکەیان لە زیندانە یان بە جێی هێشتوون. خانەوادە پڕحەشیمەت و بەربڵاوەکان، ئەو خانەوادانەی کە جیاوازیی تەمەنی نێوان دایک و باوک و منداڵەکان زۆرە، ئەو خێزانانەی کە دایک یان باوکیان مردووە، خێزانە تاوانبارەکان و هەتا دوایی. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە مەرج نییە کە هەمیشە ئەم جۆرە خێزانانە بەستێنی دەستدرێژی بن، بەڵام ئەگەری دەستدرێژی لە ناو ئەم خێزانانەدا زۆرە. ئەم جۆرە خانەوادانە تەنیا لە چینێکی کۆمەڵایەتی - ئابووریی دیاریکراودا سنووردار نابنەوە و لە ناو هەموو چینەکاندا بوونیان هەیە، چونکە ناتوانین پەیوەندییە مرۆییەکان و سروشتی مانادار و کاریگەرەکەی لە فاکتەری ئابووریدا تەسک بکەینەوە. بە واتایەکی دیکە خێزانە

بێسەروسامان و ئەو خێزانانەی کە توانای پەروەردەکردنی منداڵیان نییە، لە ناو هەموو چینەکاندا هەن.

شێوازە پەروەردەییە ناکارامەکان ئاماژە بۆ شێوازی پەروەردەکردنی منداڵ لە لایەن خێزانەوە دەکەن. بەر لە هەر شتێک دەبێ بڵێین پەروەردەکردنی منداڵ یەکە یان وردەسیستەمی سیستەمی بنەماڵەیە کە بەرهەمەکەی پەروەردەکردنی منداڵە. پێویستە دایک و باوک لە سەر پرسگەلی وەکوو بەها ئەخلاقییەکان، چاوەڕوانیی ڕەفتاری و دیسیپلین، پێداویستییە سۆزدارییەکانی منداڵان، ستاندارد و یەکەمایەتییەکانی پەروەردە، ئاسایش و پەیوەندی لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان ڕێک بکەون و ڕێکاری گونجاو لەم بوارانەدا هەڵبژێرن (فیننبرگ ، ٢٠٠٩). شۆفیلد و بەیک منداڵ پەروەردەکردنی باشیان بە سەر چوار ڕەهەنددا دابەش کردووە کە وا دیارە لەگەڵ تیۆریی وابەستەبوون و تیۆرییەکانی خۆڕاگری لە منداڵاندا یەک دەگرێتەوە: ١. بەرزکردنەوەی ئاستی متمانە بەخۆیی، ٢. بەرزکردنەوەی کارکردی تێڕامانی، ٣. بەرزکردنەوەی ئاستی بەرزەخۆیی و ٤. بەرزکردنەوەی ئاستی سەربەخۆیی. ئەوان ڕایانگەیاندووە کە ئەم متمانە بەخۆییە بۆ بەشداریکردنی سۆزداریی تەندروستانەی منداڵان زۆر گرنگە چونکە هەموو منداڵێک پێویستیان بە چاودێرە کە بەردەست، پاڵپشت و ئاگادار بە پێداویستیەکانی منداڵان بێ و بۆ هەر چەشنە چاودێری و پاراستنێکی پێویست، ئامادە بێت (شوفلید و بیک ، ٢٠٠٥). ئەو هۆکارە مەترسیدارانەی کە هەمیشە لە ئەدەبیاتی ئەم بوارەدا پیشان دراوە، بە هۆکارە گشتگیرەکان گروپبەندی کراون و بریتین لە: ١. پەیوەندیی لاوازی نێوان دایک و باوک و منداڵ؛ ٢. لاوازیی لە پەروەردەکردنی منداڵ، ئەمەش بە واتای ڕەخنەگرتنی زۆر و پەروەردەکردنی توندژۆ، ناهاواهەنگ و کەمتەرخەمانەیە؛ ٣. ناسەقامگیریی ژینگەیی. ئەم هۆکارە بریتییە لە نزمیی پێگەی ئابووری-کۆمەڵایەتی، کەمخوێندەواریی دایک و باوک، دۆخی کەمینە بێبەشەکان و هەروەها بەدڕفتاری لەگەڵ منداڵان و ٥. ناکۆکی و ململانێی لە ڕادەبەدەری نێوان دایک و باوک. لاوازیی پەروەردەکردنی منداڵ، لەوانەش شێوازی پەروەردەی توندژۆ و ڕەخنەگرانە و ناتەبا وەک تایبەتمەندیی شێوازی پەروەردەکردنی تاکڕەوانە و کەمتەرخەم دەستنیشان کراون (داج و هاوکاران ، ٢٠٠٦).

لە سۆنگەی پێکهاتەییەوە، فۆرمە سەرەکییەکانی خێزانە بێسەروسامانەکان کە لەم لێکۆڵینەوەدا دەستنیشان کراون بریتین لە خێزانە پیاوسالار و ئایینپەروەرەکان، تەڵاق

وەرگرتووەکان، نەبوونی یەکێک لە سەرپەرشتیارەکان بە هۆی مەرگ یان جیابوونەوە، زیندانی‌کرانی سەرپەرشتیار، خێزانە پڕحەشیمەت و گەورەکان، نەبوونی سەرپەرشتیارێکی شیاو، دووبارە هاوسەرگیریکردنەوەی باوک یان دایک و ژیانی منداڵ لەگەڵ زەڕباوک و زەڕدایک و منداڵەکانیان، مردنی دایک و ژیان لەگەڵ زەڕباوک، فرەژنیی باوک و ژیانی لەگەڵ زەڕبرا و زەڕخوشکەکان و مەودای زۆری تەمەن لەگەڵ دایک و باوک.

پێویستە بگوترێ کە لە ماوەی زیاتر لە یەک دەیەی ڕابردوودا ڕێژەی تەڵاق لە کۆمەڵگای ئێراندا بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، لە ٩٤ هەزار و ٣٩ تەڵاق لە ساڵی ١٣٨٥ هەتاوی بۆ ١٨١ هەزار و ٤٩ تەڵاق لە ساڵی ١٣٩٥ هەتاوی و ١٧١ هەزار و ٢٤٦ تەڵاق لە ساڵی ١٣٩٨ هەتاوی بەرز بۆتەوە (سەرچاوە: پۆرتاڵی ناوەندی تۆماری باری کەسیی ئێران). ئەم زیادبوونەی ڕێژەی تەڵاقە و جیابوونەوە دەتوانێ ببێتە بەستێنێک بۆ تێکچوونی خانەوادە و ئەمەش دەستدرێژیی سێکسی لێ دەکەوێتەوە. تەڵاق وا لە منداڵەکە دەکا کە لانیکەم بۆ ماوەیەکی دیاریکراو تەنها لەگەڵ دایکی یان باوکیدا بژی. لەم بارودۆخەدا باوک یان دایک کەمتر توانای چاودێریکردنی منداڵەکانیان هەیە و لەوانەیە چاودێریکردنیان بدەنە دەست کەسانی دیکە. هەروەها جیابوونەوە، هاوسەرەکان لە سۆنگەی ئابووریییەوە دەخاتە تەنگانەوە، هەر بۆیە ناچارن زیاتر کار بکەن و منداڵەکان لە ماڵەوە بە جێ بهێڵن یان بە کەسانی دیکەیان بسپێرن. تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا دوای تەڵاق و جیابوونەوەش، ڕەنگە دایک و باوک خۆیان دەست بە ئازاردان بکەن. ئەم گێڕانەوانەی خوارەوە هەموویان بە جۆرێک ڕۆڵی تەڵاق و جیابوونەوە لە سەر توندوتیژیی سێکسی نیشان دەدەن.

کچە خوێندکارێکی تەمەن ٢٧ ساڵە دەڵێ:

هەرچی دەکەم تێناگەم کە باوکم بە من و بە لەشی من حەشەری دەبوو؟ باشە چۆن؟ بریا دەتبینی کە دایکم چەند ژیکەڵە و جوانە؟ هەرچەن ئەوانیش هەرگیز پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ یەکتردا نەبووە و ئێستاش باوکم فەڕی بە دنیاوە نەماوە.

لە هەندێک حاڵەتدا کاتێک دایک و باوک تەڵاق لە یەکتر وەردەگرن و جیا لە یەکتر دەژین، بۆ ئەوەی بتوانن بژێویی ژیانیان دابین بکەن ناچارن کار بکەن. ئیتر ئەوان لە کاتی کارکردندا وەختێکی ئەوتۆیان بۆ منداڵەکانیان نییە و چیتر نایانپەرژێتە سەر ئەوەی

که ئاگاداری منداڵەکانیان بن. ئەوان هەندێک جار ناچارن منداڵەکانیان لای کەسانی دیکە بە جێ بهێڵن، بۆیە ئەمە بەستێنی ئازاردانی سێکسی دابین دەکات.

بەڕێز ڕیازەتی کە پارێزەرە وتی:

ئەم بەسەرهاتە زیاتر لە ناو منداڵانی تەڵاقدا هەیە کە منداڵی تەڵاق دەستاودەستیان پێ دەکرێ یان کاتێ دەچنە سەر کار لای کەسێ بە جێیان دەهێڵن ئیتر دراوسێ بێ لای هێوەر بێ ئیتر ئەم بە جێهێشتن لای کەسانی دیکە وای کردووە کە ئەم حاڵەتە زیاتر ڕوو بدات.

پسپۆری دەروونناس لە خانەی بێدەرەتانانی (طلوع بی‌نشانها) دەڵێ:

ژنێکی تەمەن ٤٢ ساڵ کە دایکی و باوکی لە منداڵیدا تەڵاق لە یەکتر وەردەگرن و لێک دادەبڕێن و دایکی سەرپەرشتیی منداڵەکە وەردەگرێ و لە ئێران دەڕوات. دایک لە وڵاتە نوێکەدا هاوسەرگیری دەکا و زەڕباوک پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ ئەم کچەدا ساز دەکات. ئەم کچۆڵە لەو کاتەدا تەمەنی لە ناو ١٣ ساڵ بووە، کاتێک دەست دەکا بە پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ ئەم کچە، ئەوەندە هەراسانی دەکا کە دایکی ئاگادار دەکاتەوە، بەڵام دایکی هیچ گرنگی پێ نادا و لە کەمتەرخەمیی دایکی زەڕباوکی هەموو جارێ پەلاماری دەدا. ئیتر دەگاتە جێگایەک کە تەنانەت دایکەکەش خۆی تێکەڵی ئەم پەیوەندییە دەبێ و سێ بە سێ بە پەیوەندیی سێکسییەوە تێوەدەگلێن. ئەمە هەتا تەمەنی ١٧ ساڵی کچەکە بەردەوام بووە و کاتێک دەگاتە ئەم تەمەنە دەتوانێ داوای گەڕانەوە بۆ ئێران لە باوکی بکا بەڵام هەتا تەمەنی ١٧ ساڵی ناچار بووە بە هاوکاری و ڕەزامەندیی دایکی خزمەتی زەڕباوکی بکات. بەڵام پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران، دەستی کرد بە بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر و لە ماڵی باوکیشی نەگیرساوەتەوە ئێستا پەنای هێناوە بۆ ناوەندی طلوع بی‌نشانها.

کەیسی دواتر لە لایەن خاتوو ج دەروونناس و چالاکوانی کۆمەڵایەتییەوە باس کراوە. باس لە منداڵێک دەکا کە دایکی دەمرێ و باوکی چەندین ساڵ دەستدرێژی دەکاتە سەری:

پۆلی پێنجەم و تەمەنی لە ناو ١١ ساڵ بوو. ئەمە هەر لە منداڵییەوە دەستدرێژی کراوەتە سەری و کاتێک تەلەفۆنی کرد وتی ئەگەر ناونیشانی کۆمەڵەکەم پێ نەڵێن خۆم فڕێ دەدەمە ژێر بارهەڵگر یان ئۆتۆمبێلێک. ئێمەش ناونیشانەکەمان دا و تاکسی هێنایە ئەنجومەن. بیرم دێ کە خەڵکی گەڕەکی جەنەتاباد و ئونۆرا بوو. وتی باوکم هەر لە منداڵییەوە ئەم کارەی لەگەڵم دەکرد. من وام دەزانی هەموو باوکەکان ئەم کارە دەکەن.

دواتر بۆم دەرکەوت لە ناو ئەو منداڵانەی کە پێکەوە گەورە بووین تەنیا باوکی منە کە پەلامارم دەدا. دایکی مردبوو و بە تەنیا لەگەڵ باوکیدا دەژیا، منیش خۆم بردمە لای پزیشکی داد و بۆم دەرکەوت کە ڕاست دەکا و دواییین پەیوەندیی سێکسییان شەوی هەینیی ڕابردوو بووە.

فاتمە تەمەن ٢٦ ساڵ سەبارەت بە ئەزموونی منداڵیی خۆی وتی:

ڕقم لە دەریایە، هەر خۆشم لە شیمال نایە (باکووری ئێران) و چیتر ناچمەوە بۆ ئەوێ، باشم لە بیرە ئەو کەسەی وا دەستی لیدام زەڕباوکم بوو ئەوسا عەقڵم پێ نەدەشکا. نەمدەزانی بەڕاستی ئەم هەستە ناخۆشە چییە. کاس و وڕ ببووم. کاتێک کە دەچووینە دەریا و لە ئاوەکەدا باوەشی پێدا دەکردم و دەستی لێدەدام و زۆر خۆی بە منەوە دەنووساند. ئەوسا وام دەزانی باوکی ڕاستەقینەی خۆمە بەڵام باوکی ڕاستەقینە نەبوو. کاتێک دایکم لێی جیا بووەوە پێی وتم ناوی ئەم کەسە لە سەر ناسنامەکەتە نەک باوکی ڕاستەقینەت. کاتێک لەدایک بووم تەڵاقی لە باوکم وەرگرتووە و شووی کردۆتەوە.

خاتوونێکی ئارایشتکاری تەمەن ٣٧ ساڵ کە ئەمە بە سەر مشتەرییەکەیدا هاتووە:

ژنێک کە کوڕە ٦ ساڵانەکەی لای هێوەرەکەی کە هاوسێیان بووە بە جێ دەهێشت و دەچوو بۆ کار، بۆ ماوەیەک کوڕەکە بە بێ هۆکاری جەستەیی تووشی هێڵنج و ڕشانەوە دەبێ و پاش پشکنینی پزیشکی، گومان لە دخوولی دەمی دەکرێ و بۆ دڵنیابوون لە ڕووداوەکە ڕۆژێ منداڵەکەی دیسان ڕادەستی ماڵی خەزووری دەکا و بە بیانووی کارکردن بە تەنیا جێیان دەهێڵێ، بەڵام دوای چەند خولەکێک، دێتەوە ماڵ و دەبینێ خەزوورەکە لەگەڵ منداڵەکە سێکس دەکا و بۆ ئەوەش ڕێکاری یاسایی دەگرێتە بەر و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی جیابوونەوەی لە هاوسەرەکەی.

ئەم گێڕانەوانە باس لەوە دەکەن کە خێزان لە دونیای ئەمڕۆدا چەندە ناسکە و چۆن ئەوانەی بێسەروسامان و هەستیارن دەتوانن ببن بە بەستێنێک بۆ دەستدرێژی، ئەویش لە لایەن نزیکترین کەسانی خۆیان وەکوو باوک، خاڵۆ، دایک و برا و ئەوانەی لە دژی بێدەرەتانترین کەسەکانن واتە منداڵ. کەواتە دەبینین کە هەندێک جار ئەم دامەزراوە نەک هەر پەناگەیەکی ئارام بۆ ئەندامەکانی بەتایبەتی منداڵان نییە، بەڵکوو بە هۆی دەستدرێژیی سێکسییەوە ئاسایشی منداڵانیش دەخاتە مەترسییەوە. ئەمە تەنها لە ناو خێزانە لێکدابڕاوەکاندا باو نییە، بەڵکوو جۆرەکانی تری بنەماڵەش دەتوانن ببنە بەستێنێک بۆ ڕوودانی دەستدرێژیی سێکسی. یەکێک لەو خێزانانە خێزانە

ئایینپەروەرەکانن. ئێمە ناڵێین کە ئایینپەروەربوون دەتوانێ ببێ بە بەستێنێک بۆ دەستدرێژیکردن، بەڵام دەتوانین بڵێین دەستدرێژیی سێکسی دژ بە منداڵان لە هەر جۆرە خێزانێکدا دەتوانێ ڕوو بدا لەوانەش خێزانە ئایینییەکان.

دامەزرێنەر و سەرۆکی ئەنجومەنی ئایدزی ئێران دەگێڕێتەوە:

... لە وڵاتی ئێمەدا بە هۆی فەرهەنگی ئایینی و ئایدۆلۆژیمانەوە دەستەواژەی زینای بۆ بە کار دەبەن. لە ساڵی ڕابردووەوە بەو پەیوەندییانەی کە گرتوومە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە سەبارەت بە خەسارەتە کۆمەڵایەتییەکان سیاسەت دادەڕێژن ئەمانە ئایینپەروەرانێکی زۆر ڕادیکاڵن و هەتا ئێستاش لە پۆستە بەرزەکاندا هەن، لە ڕێکخراوی بێهزیستی و بنکەی بەرەنگاربوونەوەی مادە هۆشبەرەکان و دامەزراوەی سەرۆکایەتیی کۆمار و هتد. یەکێک لەو کەڵکەڵە و نیگەرانییانەی کە لە ئەنجومەنی باڵای وڵاتی ئێراندا دەیانوروژاند، چونکە من سەردەمانێک لەوێ ئەندام بووم. یەکێک لەو نیگەرانییانەی کە دەیانخستە بەر باس پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ مەحارم بوو و ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوە بوو کە ئەو ئامارانەی کە سەبارەت بە پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ مەحارم زۆر نهێنی بوو ... لە ناو خێزانە ئایینپەروەرەکاندا زۆر زیاتر بوو وەک لەو خێزانانەی کە پێشینەی ئایینییان کاڵتر بوو.

یەکێک لەو هۆکارانەی کە دەتوانێ ببێتە هۆی زینا لەگەڵ مەحارم و دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن خێزانە ئایینپەروەرەکان ئەوەیە کە خێزانە ئایینپەروەرەکان بە هۆی ئەو ئاستەنگ و کۆسپانەی کە دەیخەنە بەر پێی ئەندامەکانیان هەمیشە هەست و ئارەزوەکانیان سەرکوت دەکەن و ئەم سەرکوتکردنی ئارەزووی سێکسی و سێکسوالیتەیە دەتوانێ ڕادەیەک لە وروژان و دنەدان بۆ بەئەزموونکردنی سێکس وەک دەرهاویشتە و شتێکی گشتگیر لە ناو ئەم پێکهاتەی لەگەڵ بێت.

لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا دەربارەی خێزانی ئاسایی و نۆرماڵ باس لە خاڵێکی گرنگ دەکەین کە چۆن خێزانە بە ڕواڵەت باشەکان دەتوانن ببنە بەستێنێک بۆ دەستدرێژیکردن، ئەویش لە لایەن ئەندامانی متمانەپێکراوی خێزان یان تەنانەت ئەندامانی سەرەکیی خێزان لە دژی منداڵەکە، هەڵبەت لێرەدا شایانی ئاماژەیە کە ناوەندی خێزان دەتوانێ لە ڕووی پێکهاتەییەوە لە هەر چەشنە خەسارەتی دیاریکراو و باسکراو (ئالوودەبوون، تەڵاق، بەدسەرپەشت و هتد) بێبەری بێ بەڵام ئەمە بە مانای ئاسایی‌بوون و هاوسەنگی نییە. زۆر خانەوادە هەن کە لە ڕووی پێکهاتەوە یان شێلگیرن یان لە جۆری کەمتەرخەمن و

جێهێڵراون کە هەر دوو خانەوادەکە بەستێنێکی باش بۆ ئازاردانی سێکسین. مەبەست لە خانەوادەی سەختگیر و شێلگیر ئەو خانەوادانەن کە ئازادیی کردار و سەربەستیی شوناسی تاکەکان تێیدا تووشی چالنج دەبێتەوە و بنەماڵەی یەکتەوەر، خۆسەپێن، ناهاوبەش و نادابەشکاری کار لەم جۆرە بنەماڵانەن کە لە کۆمەڵگای ئێستای ئێراندا ڕێژەیان کەم نییە. هەروەها بنەماڵەی ئاسانگیر یان جێهێڵراو ئەو بنەماڵانەن کە ئازادیی لە ناویاندا زۆر و نەشیاو و لە هەمان کاتدا نالۆژیکی و جۆرێک لە بەڕەڵایەتییە، لەم خانەوادانەدا هەم دابەشبوونی کار و هەم بەشداری سەقەتە و هەستی پەیوەندیی سۆزداری و وابەستەیی تاکەکان بۆ ناوەندی بنەماڵە بە جۆرێکی دیکە لاواز کراوە. هەر دوو جۆری خێزانە باسکراوەکە بەستێنێکی گونجاو بۆ ڕوودان و بەردەوامیی دەستدرێژیی سێکسی و زینا لەگەڵ مەحارمن، چونکە لە هەر یەکێکیاندا هەست و ئارەزووی تاکەکان بە شێوەیەک سەرکوت کراوە و یان ناهاوسەنگانە وڵامی دەردێتەوە کە یەکێک لە دەرهاویشتەکانی ئەم ناهاوسەنگی و کۆنترۆڵکردن لە لایەن بنەماڵەیە دەتوانێ ڕوودانی دەستدرێژیی سێکسی و زینا لەگەڵ مەحارم بێت.

دکتۆر ئەبهەریان پزیشکی پسپۆڕی مێشک و دەمار دەڵێ:

لەبەر ئەوەی کۆمەکخوازەکانمان ڕاستەوخۆ بە هۆی ئازاردانەوە سەردانیان نەکردووین، ناتوانین بڵێین چارەسەریان دەکەین، بەڵام بێشک هەرچی منداڵتر بن و زیاتر ئەمە ڕوویدا بێ و هەرچی ئەم دەستدرێژییە لە لایەن کەسانی نزیکەوە بێ ئەو حاڵەتی نەرێنییە دەروونی و ورووژانەی کە دروستی دەکەن تۆختره. با وردتر پێت بڵێم ئێمە نازانین چەن جار، بەڵام بەداخەوە ئەم بابەتە یەک جار ڕووی نەداوە چەندین جار ڕووی داوە، و واش نەبووە کە کۆتایی پێ بێ بەڵکوو سپێردراوە بە یەکێکی دیکە و بەسەرهاتێکی زۆر ترسناکی بەسەر هاتووە کە کابرا مووچڕکی پێدا دێت. ئەگەر گەرەکم بێ ئەزموونەکانی کەسێکتان بۆ بگێڕمەوە ئەوەیە کە: دەستدرێژیکارەکان هاوسێ، کەسی متمانەپێکراوی بنەماڵە بەتایبەت دایکە کە پەیوەندییەکی نزیکیان هەیە. ئەم مەسەلەی دراوسێیە زۆر جار ڕوو دەدا و دوای ئەوە مەسەلەی خزم و کەسوکارمان هەیە. ئەو کەسانەی وا لە ناو خێزانە قەرەباڵغەکان و لە ناو ئەو گەڕەکانەدا دەژین کە ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی نزمترە سەبارەت بە کەسانی نەناسیاو و نامۆ قسەگەلێک دەکەن و دوای ئەویش کەسانی مەحارم و نزیک. کە ئەمانە دەبیستم واقم وڕ دەمێنێ کە لەوەش زیاتر زەڕبرا و ئەمانە و مەسەلەی

مام و و خاڵۆش زۆر بەدی دەکەین تەنانەت باوک و باپیریش، بەڵام ئەمانە کەسانێکن کە کێشەی دەروونییان هەیە و ئالوودە بە مادەی هۆشبەرن. کەسێکم نەبینیوە کە کێشەی نەبێ و ئەم کارە بکات. مێردی پوور و زاواش کە هەموویان کەسانی متمانەپێکراوی خانەوادەن، لە لایەن ئەوانیشەوە ڕوو دەدات.

دکتۆر ئەبهەریان سەبارەت بە کۆمەڵگەی دەستدرێژیکراوان لە ئێران ئاماژەی بە خاڵە گرنگەکان کرد کە ئەو کەسانە بە مەبەستی چارەسەرکردنی دەستدرێژیی سێکسی هەرگیز نەهاتوونەتە ئێرە بەڵکوو لەبەر تێکچوون و نیشانە دەروونییەکان هاتوونەتە لای کە ڕەگ و ڕیشەکەی دەچێتەوە سەر ئەزموونی منداڵییان و کەسەکە هەرگیز لە ماوەی گەشەکردن و تێپەڕبوونی تەمەنیدا، بە شوێن چارەسەرکردنی خۆی نەکەوتووە هەڵبەت نەگێڕانەوەی ئەم ئەزموونە لە تاکەکاندا چەند هۆکاری هەیە وەک لە زۆرێک لە توێژینەوەکاندا دەرکەوتووە کە ٨٠ لە سەدی ئەو کەسانەی کە قوربانیی دەستدرێژیی سێکسین هەرگیز ئەزموونی خۆیان نەیانگێڕاوەتەوە تەنانەت لەو کۆمەڵگایانەی کە ئەم دیاردە بە بڤە و تابۆ نازانرێ، تەنانەت لە ڕووی دەروونییەوە وەبیرهێنانەوەی ئەم یادەوەرییە دڵهەژێن و ناخۆشە و کەسەکە وای پێ باشترە کە لە ناو کەڵەکەی یادەوەرییەکانیدا پشتگوێی بخات.

خاڵێکی گرنگی دیکە نیشانەکانی دەستدرێژیکارەکانە؛ ئەم نیشانانە بە پێی ئەزموونی کەسیی خۆیان لە زۆر حاڵەتدا بە هۆی متمانەی لە ڕادەبەدەری چاودێرە سەرەکییەکانی منداڵ پشتگوێ دەخرێن لەوانە کەسوکاری نزیکی دایک و دراوسێکان کە هەر یەکەیان متمانەپێکراوی دایکن و هەروەها ئاماژەیان بەو دەستدرێژیکارانە کردووە کە تێکچوونی دەروونییان هەبوو و ئالوودە بە مادە هۆشبەرەکان بوون و ئەگەری ئەوەی کە منداڵەکەی لە لای ئەوان دەستدرێژیی سێکسی بکرێتە سەر زیاترە. سەرەڕای ئەوەی لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە هەر کەسێک بۆی هەیە دەستدرێژیکار بێت. لە بواری ئایینداە ئێمە ڕووبەڕووی دابەشکردنی ڕۆڵ و ئەرکەکان دەبینەوە کە بە پێی ڕەگەزە، پیاو یان باوک خاوەنی هەموو شتێکە، بۆ وێنە ئەندامانی خێزان و داراییەکان. دەشێ بڵێین بنەماڵە ئایینیپەروەرەکان بنەماڵەی پیاوسالارییەکانن و لەم بنەماڵانەدا پیاو خاوەنی هەموو شتێکە. منداڵان و ئەندامانی دیکەی بنەماڵە بۆیان نییە لە دژی نارەزایەتی بنوێنن و ئەگەر نارەزایەتی دەرببڕن سزا دەدرێن.

مۆریس سێتوودێگان، دەروونپزیشک دەڵێ:

هەر ئێستا ئەو ژنەی وا باسی دەکەم لە کوردستان بینیمان ساڵ و نیوێک دواتر تەڵاقی لە مێردەکەی وەرگرت. بۆ دایکی گێڕاوە کە براکەی چەندین جار دەستدرێژی کردۆتە سەری و دایکی خاڵۆ و براکەی ڕووبەڕا کردووەتەوە و عوزرمایی خواستووەتەوە بەڵام پێی وتووە خەتای خۆتە دەبا لەو ساتەدا حیجابەکەت بکردایە [...] تۆ سەیر بکە لە تەمەنی ٣٥ ساڵدا هێشتا هاتوچۆی دەروونناس و ئەمانە دەکەن. ئیتر چ بگا بەوانەی وا لە کوردستانی بچووکی ئێمە و سیستان و بەلووچستان گەنجانێک هەن کە لە ناو بنەماڵەی پیاوسالار و ئایینپەروەر گەورە بوون، نەیاندەتوانی بڵێن بۆ نموونە باوکم پەلامارم دەدا. ئەمانە چ هەستی گوناحێکیان لە کۆڵ ناوە؟ لە ڕووی ئایینی و سیستماتیکی – فەرهەنگییەوە دەڵێم.

وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، بنەماڵە ئایینپەروەرەکان بە هۆی سەرکوتکردن و پشتگوێخستنی هەست و ئارەزووی ئەندامەکان کە بە هۆی ئەم ئاستەنگ و سنووردارکردنەوە دروست دەبێ، دەتوانێ ببێتە بەستێنێک بۆ ورووژاندن و هاندانی سێکسوالیتە و لە ئەنجامدا ئازاردانی سێکسی و زینا لەگەڵ مەحارم. تاکەکان لە ناو بنەماڵە ئایین‌پەروەرەکاندا فێری هەستگەلی وەکوو گوناح و شەرم دەبن و ئەم هەستانە لە دڵ و دەروونیاندا دەچەسپێ و لە دوای دەستدرێژییەکە تووشی هەستی شەرم و گوناحێکی زۆر دەبن. وەک لە گێڕانەوەکانی سەرەوەدا دەردەکەوێ لە لایەن کەسانی دیکە و تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا کەسی دەستدرێژیکراوەوە، بە هۆی جل و بەرگی نەشیاو، بە ورووژێنەری ئارەزووی سێکسیی دەستدرێژیکار لە قەڵەم دەدرێن و هەستکردن بە گوناحەکەش لە بری ئەوەی تووشی دەستدرێکار ببێ تووشی دەستدرێژیکراو دەبێ و دەستدرێژیکراو تووشی ئازاری ویژدان دەکات. ئەم هەستە نەرێنییانە کە لە پێکهاتەی ئایینی و فەرهەنگیی بنەماڵەوە سەرهەڵدەدەن و هەڵبەت لە کۆمەڵگەی ئایینپەروەرەوە سەرچاوە دەگرێ کە کەسی ئازاردراو لە پێگەی قوربانییەوە بۆ تاوانبار دادەبەزێنێ کە کە ئەمە دەتوانێ کارێکی وا بکا کە کەسی دەستدرێژیکراو خۆی لەبەر ئەم تاوانە سەرکۆنە بکا و بەرامبەر بەو کارەی کە لە سەر بنەمای دەستدرێژی و بەردەوامییەکەیەتی، بێدەنگی هەڵبژێرێ و هەمیشە لەگەڵ هەستە ناخۆشەکانی دڵ و دەروونی لە ململانێیەکی هەمیشەییدا بێت. بە جۆرێک کە کەسی ئازاردراو لەم دۆخەدا بووەتە ئۆبژەی دەسەڵات.

هەروەها خێزانە گەورە و بەرفراوانەکان دەتوانن ببنە بەستێنێک بۆ دەستدرێژیی سێکسی. لەم زەمینەدا پێویستە بڵێین بەڵگەی زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە هەژاری

پەیوەندیی زیاتری لەگەڵ زکوزا هەیە. بۆ نموونە لە ئێستادا لە ئێران کە ڕێژەی زکوزا بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە، ئەم ڕێژە لە پارێزگاگەلی وەکوو سیستان و بەلووچستان و خوراسانی باشووری کە پارێزگا هەژارترەکانن، لە هەمووان زیاترە. یەکێک لەو هۆکارانەی کە دایک و باوکی هەژار منداڵی زیاتر دەخەنەوە ئەوەیە کە چاوەڕێی ئەوە دەکەن لە تەمەنی پیریدا ببنە دارەدەستیان. ئەم خێزانانە نەک هەر سەرچاوەی پێویستیان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی منداڵەکانیان نییە – منداڵئازاری لە جۆری پشتگوێخستن - بەڵکوو منداڵی زیاتر دەتوانێ سەرچاوەی خێزانەکە کەم بکاتەوە. ئەم کۆمەڵە خانەوادانە لە زۆر حاڵەتدا هیچ ستراتیژێکی دیاریکراویان بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان نییە و منداڵەکان وازیان لێ دەهێنرێ و ئەگەری دەستدرێژیکردنیان یەکجار زۆرە. هەڵبەت ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی خێزانیش دەتوانن ببنە بەستێنێک بۆ پەلاماردان و سووکایەتی و هەم هەندێک جار وەک پارێزەرێکی بەهێز ئیش دەکەن. بۆ نموونە خاتوو ب لەبارەی منداڵێکی ئەڤغانییەوە کە لە لایەن خاڵۆیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر دەگێڕێتەوە:

بەڕێزیان باسی نۆ دۆسییەی بۆ کردم کە یەکەمیان کچێکی تەمەن ٦ ساڵان بوو بە ناوی زەهرا خەڵکی ئەڤغانستان. ئەوان دەیانگوت ئەگەر منداڵەکە نەخۆش دەکەوت و دەیانبردە لای پزیشک، ئەویش پێی وابوو کە لە لایەن خێزانەوە پاڵپشتی ناکرێ، خێزانێکی ناکارامە و هەموو پاڵپشتییە پزیشکییەکان لەم ڕێکخراوەوە - ڕێکخراوی بێهنام مۆغاری – دابین دەکرا. ئەم کچۆڵەمان کە تەمەنی لە ناو شەش ساڵانە، ناوی زەهرایە، دایکی کارەکەری ماڵانە و باوکیشی ناخوێندەوارە و ئیشی ئازادی هەیە، دایکیشی نەخوێندەوارە. ١٠ دانە منداڵن کە هەندێکیان زەڕن لە یەک ماڵدا دەژیان.

هەروەها نووسیویەتی:

سێهەم حاڵەتێک کە ڕاپۆرتیان کردووە، کوڕێکە بە ناوی ئومێد کە تەمەنی ٥ ساڵە و ئەڤغانییە، دایک و باوکی نەخوێندەوارن و خاوەنی شەش منداڵ لە ماڵێکن، ئومێد سێیەم منداڵە لەو ماڵەدا، هەروەها بەسەرهاتەکە بەم شێوە بووە کە کە کاتێک ئومێد تەمەنی لە ناو پێنج ساڵان بووە، برا گەورەکەی کە تەمەنی ١٤-١٥ ساڵ بوو، پەلاماری دەدا و سێکسی کۆمی لەگەڵ دەکا و ئومێد لە تەمەنی ٧ ساڵیدا ... .

دامەزرێنەر و سەرۆکی ئەنجومەنی ئایدزی ئێران وتی:

منداڵێک کە لە خێزانێکی پڕحەشیمەتدا دەژیا و پێکەوە لە ژوورێکدا لەگەڵ ٨ کەس و لە پاڵ یەکتر دەخەوتن، لە تەمەنی سێ یان چوار ساڵییەوە فێر بووە کە دەست لە برا گەورەکەی خۆی بدا و ئەمەش درێژە دەکێشێ و وای کردووە کە پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ براکەیدا ساز بکا و فێر بووە و ئەمە تەنیا هاوڕەگەزبازیمان وەبیر دێنێتەوە.

ژنێکی تەمەن ٣٧ ساڵ دەڵێ:

نازانم، ڕەنگە ئەمە وای کرد کە بوومە دووهاوڕەگەزخواز (بای سێکسواڵ) و ئێستا لەگەڵ ژن و پیاو هەر دووکیان سەرجێیی دەکەم. چەند جارێک لەگەڵ خوشکەکەم باسمان کرد و پێدەچێ ئەویش لە بابەتەکە ناڕازی نەبێ یان وەسەر خۆی نەهێنێت. هەرچییەک بوو، دەزانم کە دواتر من و خوشکەکەم ئەم کارەمان لەگەڵ کوڕ و کچدا دەکرد.

نموونەی سەرەوە ئەوە دەردەخا کە دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان لە لایەن مەحارمەوە دەتوانێ لە قۆناغەکانی دواتری ژیانیاندا بەتایبەت لە قۆناغی دوای مێرمنداڵی بزوێنەری مەیلی هاوڕەگەزخوازی لە ناو کەسانی دەستدرێژیکراو بێت. ئەو گریمانەی کە هۆگریی و مەیلی هاوڕەگەزخوازی بابەتێکی تەنیا زاتی و زیندەوەرناسییە، لێرەدا لە ڕێگەی ئەم لێکۆڵینەوەوە دەخرێتە ژێر پرسیارەوە. چونکە ئەو قسانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە ئەم هۆگرییانە لایەنێکی کۆمەڵایەتییان هەیە، ئەوە شتێکی کۆمەڵایەتی و بەرسازکراوی کۆمەڵگایە. لە پرۆسەی کۆمەڵگاگریدا تاکەکان بەتایبەت لە هەڕەتی منداڵی و مێرمنداڵیدا، کە زەین لە ڕێگەی فێربوونی کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبێ و خواست و هەستەکان بەرسازکراوی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونی تاکن، ئەم هۆگری و مەیلانە دەتوانن لە دڵ و دەروونی تاکدا دروست ببن و بەردەوام بن. هەروەها لە قۆناغەکانی داهاتووی ژیاندا جۆر و شێوازی پەیوەندیکردن و ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی ئەو تاکە ئاراستە بکەن.

خاتوو میم لە سەردەمی منداڵیدا بۆ ماوەیەکی زۆر لە لایەن خاڵۆیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەری، سەبارەت بە ژمارەی ئەندامانی خێزانەکەی وتی:

ئێمە چوار خوشکین، من دووەمیان بووم؛ و دوای چوار کچ خوا وجاغی دایک و باوکمی ڕۆشن کرد و کوڕێکی پێ بەخشین. پێنج منداڵمان هەیە.

گێڕانەوەی خاتوو میم بە ڕوونی ئەوە دەردەخا کە هەم ژمارەی ئەندامانی خێزانەکەیان تا ڕادەیەک زۆر بووە و هەم لە ناو بنەماڵەکانیاندا بایەخ و گرنگیی کوڕ زیاتر لە کچ بووە. لەم خانەوادانەدا کە بایەخی کوڕ لە کچ زیاترە، ئەو کچانەی پێش ئەوەی کوڕێک لەدایک بێ،

سەرکۆنە دەکرێن و گرنگی بە خواستەکانیان نادرێ و بە باشی ئاگایان لێیان نابێ، هەمیشە بەستێنی ئازاردان بۆ ئەوان ئامادەیە. خاتوو میم سەبارەت بەو ئاستەنگ و ئازارانەی کە لە لایەن خێزانەوە بە سەریاندا سەپاوە بەم شێوە دەدوێ:

لە ڕووی داراییەوە زۆر باش بووین، بەڵام دایکم ئاگای لە خەڵکی ڕەش و ڕووت بوو هەمیشە پێی دەوتین زۆر مەکڕن و جلوبەرگی ئاڵاوالا لەبەر مەکەن با ئەوان دڵیان بە خۆیاندا نەمێنێ ... هەمیشە حەسرەتی ئەوە دەخۆم کە لە خەڵک تێروپڕتر بووین بەڵام جلی ئاساییمان لەبەر دەکرد ئەمانە هەمووی لە دڵمدا بوو بە گرێ. هەر چوار خوشکەکە ئاواین. ئەمەش لە گەوجەژنی دایکم.

جیاوازی تەمەنی نێوان ئەم کچە لەگەڵ باوکی زۆرە. ئەم کیژە کە ئێستا تەمەنی لە ناو ٢٤ ساڵە، نزیکەی ٦٠ ساڵ لە باوکی منداڵترە و هەر ئەم جیاوازییە تەمەنەش هۆکاری تێنەگەیشتن و پاڵپشتینەکرانی لە لایەن باوکییەوە بووە. بە واتایەکی تر جۆرێک لە ناکارامەیی لە پەروەردەکردنی منداڵ.

جیاوازیی نێوان تەمەنی من و باوکم کە تەمەنی ٨٥ ساڵە و تەمەنی منیش نزیکەی ٢٤ ساڵە باوکم پشتگیرییەکی زۆری لێم نەدەکرد بۆ ئەوەی هاوکاریم بکا کە گەشە بکەم یان گرنگیم پێ بدەن.

یان خاتوو نیما کە دایکی لە دەست داوە، بەم شێوە ئازار دراوە:

دەمهەوێ باسی کەیسێکتان بۆ بکەم کە ئەم حاڵەتە لە هەموویان جەرگبڕتر بوو. کچێک بوو بە ناوی نیلۆفەڕ. نیلۆفەڕ لە تەمەنێکی زۆر بچووکدا لە لایەن باوکیەوە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەر. زۆر دژەکۆمەڵایەتی بوو و تاقەتی کەسی نەبوو. ڕقی لە هەموو کەسێک بوو، سەرباری ئەوەی کە من زۆرم خۆش دەویست، بەڵام جارێکیان کە بەرپرسی بەشی ئەوان بووم، دیاری ڕۆژی لەدایکبوونم بۆی کڕی و ڕۆژی دواتر کە سڵاوم لێ کرد، ڕووی وەرگێڕا و لێیدا ڕۆی. هەرگیز نەیدەویست پەیوەندیی سۆزداری لەگەڵ کەسدا ساز بکا تەنانەت زەردەخەنەشی نەدەکرد، کاتێکیش چاوم دەبڕییە ناو چاوی هەر کەس ڕووی وەردەگێڕا و خۆی لە مرۆڤەکان بەدوور دەگرت. ئەمە حاڵەتی دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن باوکی ڕاستەقینەوە بوو. نازانم دایکی لە کوێ بوو، بەڵام دایکی نەبوو. نازانم تەڵاق درابوو یان مردبوو هیچ نازانم.

ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسی لە نموونەکەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ دەردەخا کە دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن باوکەوە لە گوورانی لایەنێکی گرنگی بوونی هەر مرۆڤێکدا

(بەبێ گوێدانە ڕەگەز) ڕۆڵی هەیە، واتە لایەنی بەرپرسیارێتی و ئاسایش کە لە دوای بەئەزموونکردنی دەستدرێژی متمانە و هەستی ئاسایشی تاک بەرامبەر بە ژینگەکەی تێک دەچێت. بە واتایەکی دیکە سەرمایە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو متمانە و ئاسایش لە ناو ژینگەی بایۆکۆمەڵایەتیی ئەم کەسەدا لاواز و بێکاریگەر بووە.

دەستدرێژیی سێکسی لەم خێزانانەدا تەنها لە کچاندا سنووردار نابێتەوە، کوڕانیش دەستدرێژی دەکرێتە سەریان. ئەمەش ئەوە دەردەخا کە پێکهاتەی خانەوادە بە بێ گوێدانە ڕەگەز دەتوانێ تایبەتمەندیی زەمینەیی یان بەستێنی لەبار بۆ پەلامار و دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن مەحارمەوە بۆ هەر دوو ڕەگەزەکە بڕەخسێنێ، کە لە دەقی شیکارییەکەدا ئەم تایبەتمەندی و هۆکارانەمان باس کرد. بەڵام لێکنەچوونی ڕێژەی دەربڕینی ئازاردانی سێکسی لە لایەن هەر دوو ڕەگەزەکە و زیاتر دەربڕینی ئەزموونە ژیاوەکان کە لە سەر بنەمای دەستدرێژییە لە لایەن ژنانەوە، پیشاندەری جیاوازی و جیاکارییە پەروەردەیی و کۆمەڵگاگرییەکانە کە لە سەر بنەمای لاگیری، ئاراستە و کلیشە ڕەگەزێتییەکانە. لە ناو کەسانی بەردیمانەدا پیاوان کەمتر ئامادە بوون کە باسی ئەزموونی ئازاردانیان بکەن و زۆر جاریش لە زمانی کەسێکی دیکەوە باسی ئەزموونی دەستدرێژیکراویی خۆیانیان دەکرد وەک ئەوەی ئەگەر ئەزموونێکی لەو شێوە لە ڕابردووی کەسێکدا هەبێ ئەوە مایەی سەرشۆڕی و شەرمەزاری بۆ پیاوە بەڵام بە بۆچوونی ئەوان، ژنان ئاسوودەتر ئەزموونەکانیان دەگێڕاوە بەتایبەت کاتێک زانیان کە گێڕانەوەی ئەزموونەکانیان دەتوانێ یارمەتیدەرێک بێ بۆ پڕۆژەی توێژینەوەیەک کە بەقازانجی نەوەکانی داهاتووە. عەلی، مامۆستای قوتابخانەی کوڕان دەڵێ:

ئەم کوڕە زەڕدایکی هەبوو، دواتر لە لایەن زەڕدایکیەوە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەر، من لە هونەرستانی ناوەندی چاکسازی و پەروەردە (اصلاح و تربیت) بووم، ئەو منداڵە ئەوکات تەمەنی ٨-٩ ساڵ بووە شتێک ڕووی دا باوکی دایکی تەڵاق دابوو. باوکەکە دەچێ ژنێکی دیکە دێنێ، کاتێک ئەم خانمە دێتە ئەو ماڵە، خۆشەویستیی خۆی بۆ منداڵەکە دەردەبڕێ بۆ ئەوەی دڵی بەدەست بهێنێت.

شێوازەکانی خانەوادە واتە چۆن خانەوادەکان منداڵەکانیان پەروەردە دەکەن، پشکێکی زۆری لە دەستدرێژیی سێکسیدا هەیە. لەم زەمینەدا دەتوانین باس لە ڕێکارە پەروەردەییە ناکارامەکانی خێزانەکان بکەین. لە سەرەوە هەندێک ڕەهەندی منداڵپەروەردەکردنی لاواز یان ناکارامە لە ئەدەبیاتی ئەم بوارەدا باس کرا. گرنگترین بژێرەی شێوازە پەروەردەییە

ناکارامەکانی خێزانەکان کە ئەم توێژینەوە وەدەستی هێناوە بریتین لە نەبوونی یان کەمیی سۆز و خۆشەویستیی لە ناو ژینگەی خانەوادە، کەڵکاوەژۆیی بنەماڵە لە منداڵان، چاودێرینەکردنی منداڵان، کەمتەرخەمی لە ئاست دابینکردنی پێداویستیەکانیان، سانسۆرنەکردنی قسە لە ناو ئەندامانی خێزان، نەبوونی سەرپەرشتیارێکی شیاو، ئالوودەبوونی باوک و تێکچوونی باری دەروونیی دایک و جێگرەوەی دایک (چاودێری سەرەکی)، ئاستەنگی توندی خێزان، نەبوونی کۆنترۆڵ لە ژینگەی ژیانی منداڵ، سپاردنی منداڵ بە کەسانی دیکە، نەبوونی پارێزەرێکی چاک و ڕاپۆرتنەکردنی دەستدرێژی، سەپاندنی ئاستەنگی ئابووری بە سەر منداڵان، سەرزەنشت و عەیبگرتن لە لایەن بنەماڵەوە، ئەزموونی ژیان لەگەڵ داپیرەیەکی زاڵ، بیروباوەڕی هەڵەی دایک، نەبوونی توانای منداڵپەروەردەکردن و نەبوونی پەروەردە لە لایەن خانەوادەوە. کەمیی یان نەبوونی خۆشەویستی لە ناو ژینگەی خێزاندا دەتوانێ وا لە منداڵان بکا لە کەسانی دیکە داوای سۆز و خۆشەویستی بکات. تەنانەت دەتوانین بڵێین کە دەستدرێژیکاران باشتر دەتوانن بە تەکنیکی وەکوو فێڵ و سۆز و هاوشێوەکانی سەرنجی ئەو منداڵانە ڕابکێشن.

لە ناو خێزانە هەژار و بێسەروسامانەکان زیاتر ئەگەری ئەوە هەیە کە ئاگاداری منداڵەکانیان نەبن و ڕووداوی دەستدرێژیی سێکسی بکەوێتەوە. لە خێزاندا پەیوەندی لە نێوان هەژاری و کۆنترۆڵ و چاودێریی کۆمەڵایەتیدا هەیە. بێبەشیی ئابووری بێبەشیی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە کە لە وتەزای دەستدرێژیی سێکسی، بێبەشیی لە ناو خانەوادە نەدار و هەژارەکان لە چوارچێوەی نەبوونی پەروەردە، و بێبەشیی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی نەبوونی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و نەبوونی کۆنترۆڵ و چاودێریی کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت.

خاتوو ب ڕاهێنەر دەگێڕێتەوە:

دەی ئەو دایکە کە لە خێزانێکی بێسەروساماندا گەورە بووە و لە کۆتاییدا بۆ هاوسەرگیری فرۆشراوە واتە سەودایەک لە بەینەدا ڕووی داوە پارەیەک لە ماڵی زاوا وەرگیراوە. ئەم کچە زکی پڕ دەبێ و منداڵێک دەخاتەوە بەڵام منداڵەکەشی ئێستا لەو گەڕەکەدایە، بە گوێرەی ماڵی چاکبوونەوە (خانە بهبودی)، لەوێ دەبینن کە منداڵەکە لە ناو کۆڵانەکاندا بەڕەڵا دەسووڕێتەوە و هەر کەسێک هەڵدەستێ پەلامارێکی ئەو منداڵە دەدات.

هەروەها لە ناو ئەم خێزانانەدا هیچ سانسۆرێکی کەلامی بەدی ناکرێت. بە واتایەکی تر لە ناو ئەم بنەماڵانەدا ئەدەبیاتێکی ڕووتیان هەیە و هەموو جۆرە ناوێکی ناشیرین لە یەکتر

دەنێن. ئەم ئەدەبیاتە لە ناو ژینگەی خێزاندا شێوازە نەشیاوەکانی دایک و باوک بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان نیشان دەدات. لە ڕاستیدا کۆمەڵگاگری و بەکۆمەڵایەتیبوونی منداڵان لە خانەوادەدا وەک ناوەندی سەرەتایی کۆمەڵگاگری لە ڕێگەی پەیوەندی و زمانەوە ڕوو دەدات. زمان نەک هەر وەک وشە، بەڵکوو بە مانای نیشانەناسی، بیچم بە زەینی منداڵ و مێرمنداڵ دەدا و وێنەیەک لە ژیانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی بۆ بەرساز دەکات. خانەوادە بە هۆی نەبوونی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی سەبارەت بەم بابەتە، هیچ چاودێری و تەرکیزکردن و هەستیارییەکی لە سەر ئەدەبیاتی ئاخافتن و زمانیی خۆی لە ناو پانتای پەیوەندییە خێزانییەکاندا بەتایبەت لەگەڵ منداڵ و مێرمنداڵدا نییە و بەم شیوەیە کە ناوشیارانە پەرە بە پرسە پەروەردەییەکانی منداڵان بە شێوەیەکی ناکارامە دەدا و زەمینەگەلی وەکوو ئازاردانی سێکسی لە ناو خێزان هەم بەم شێوە و هەمیش لە ڕێگەی بەکارهێنانی سیستەمی سزا و پاداشتی ناکارامەوە خۆش دەکات.

خاتوو ج وتی:

باشم لە بیرە ئەو لە لایەن خێزانەکەیەوە ئەوەندە لێی دەدرا و کەمێک کێشەی دەروونی هەبوو و چەند جارێکیش لە خۆی دابوو. لە (خانە کودک) دەستی بە شووشە بڕیبوو. بڵێی ... هەمووان دەیناسن. لە بیرمە نزیکەی چوار پێنج مانگ لە مزگەوت دەخەوت. لە نزیک گۆڕەپانی شووش مزگەوتێک هەبوو، کە ڕۆژ دەبۆوە دەهاتە (خانەی کودک)ـی شوش. بەڵێ دەریان کردبوو و خۆشی کەسێکی سەربزێو بوو. هەمیشە ئەمەم وتووە کە بەداخەوە دایک و باوک بە هۆی ئەوەی نازانن چۆن منداڵ پەروەردە دەکەن، نازانن چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن. شێوازی پەروەردەکردنیان لێدان و تەمبێکردنە. لە قوتابخانەدا لۆمە و لەگەڵ قوتابیانی تر بەراوردیان دەکەن. ڕێگایەکی تریان پێ شک نایە چونکە نازانن و وشیار نین.

یان خاتوو ب وتی:

ئەمە لە خێزانێکی نالەباردا بووە کە لە ئەدەبیات و ئاخاوتنی ناو خۆیان سانسۆڕیان نەبوو و دەتوانین بڵێین گاڵتە و جەفەنگی سێکسییان هەبووە.

خاتوو میم کە لە لایەن خاڵۆیەوە دەستدرێژی کرابۆوە سەری، سەبارەت بە شێوازی منداڵپەروەردەکردنی دایک و باوکی وتی:

لە سەرەتای قسەکانمدا وتم نەخوێندەواری و نەزانیی دایک و باوک بۆ گەشەی منداڵ گرنگترین بژاردەیە. دایکم خەڵکی شەمرووونە و باوکم خەڵکی شەریعەتییە لە باشترین بارودۆخدا گەورە بووە، بەڵام هیچ هیچ هیچ زانیارییەکیان لە سەر پەروەردەکردنی منداڵ نییە.

ئەم دایک و باوکانە کەسانێک بوون کە تەنها بیریان لە پێداویستییەکانی خۆیان دەکردەوە، زۆر گرنگییان بە منداڵەکانیان نەدەدا و تەنانەت لە زۆر حاڵەتدا باوکی خێزانەکە پەیوەندیی سێکسیی نانۆڕمی لە ناو ژینگەی خێزانەکەدا هەبووە و منداڵەکەش بینیویەتی. هەروەها گێڕانەوەی دەستدرێژیکردنە سەر شەیدا نموونەیەکە کە دایک و باوکی توانای پەروەردەکردنی منداڵیان نەبووە و نەیانتوانیوە بە باشی چاودێرییان بکەن. خانەوادەی شەیدا خێزانێکی ئاسایی بوون، دایک و باوکێکی ئاسایی و برایەکی هەیە. باوکی ئالوودە بوو، بەڵام یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی ئازاردرانی لە لایەن ئامۆزاکەیەوە کەمتەرخەمیی خێزانەکە بووە چونکە لە چاودێری و پەروەردەکردنیدا شێلگیر نەبوون:

من ئێژم هەر کچێک کە لە دۆخی مندا بێ دەستدرێژی دەکرێتە سەری. بە ڕای من گرنگترین هۆکار خەمساردیی بنەماڵە بوو، نەدەبوو خێزانەکەم لەو تەمەنەدا منیان لەگەڵ ئامۆزاکەمدا بناردبایە بۆ لای مەڕ. تەنانەت دایکیشم هەندێک جار دڕدۆنگ دەبوو و دەیگوت لەگەڵ کوڕی نەناسیاو مەچۆ دەرەوە، بەڵام نازانم بۆچی منیان لەگەڵ ئەو دەنارد دەرەوە. یان بۆ نموونە باوک و براکەم کەمێک منیان پیاوانە بار هێنا. بۆ نموونە کاتێک منداڵ بووم منیان فێری ماتۆڕسواری دەکرد، تراکتۆریان پێ دەدام کە لێی بخوڕم، بە گشتی زۆر ئیشی پیاوانەم دەکرد. باوکم ئالوودەی مادە هۆشبەرەکان بوو، تلیاکی بەکار دەهێنا، زۆر گوێی لە من و براکەم نەبوو.

بە هەمان شێوە لەیلا کە لە لایەن کەسانی جۆراوجۆری وەکوو مام و ئامۆزا و کەسانی نامۆوە دەستدرێژی کراوەتە سەر، سەبارەت بە خێزانەکەی وتی:

بەڵێ مەخابن باوکم ئالوودە بووە و ئێستاش هەر ئالوودەیە. پێم وایە ئەمە زۆر کاریگەر بوو. ئەگەر باوکێک گرنگی بە کچەکەی بدا، کچ توخنی زۆر شت ناکەوێت. باوکم گرنگی بە ئێمە نەدەدا. ئێستا چاودێری چی کردووە و سەرنجی پرژاندۆتە سەر چی؟ دایکم زۆر گرنگی پێ دەداین. زۆر هەوڵی دەدا بژی. ئێستاش هەر هەوڵ دەدا، بەڵام دایکم بیروباوەڕی خۆیشی هەبوو. ئێستاش وەکوو خۆی ماوە و پێی وایە نابێ تەڵاق وەربگری،

دەبێ دانیشی بزانین خوا چیمان لێ دەکات. دایکم دەڵێ ئەوەڵ بەخت و ئەوەڵ تەخت. ئیتر ئەویش باوەڕێکی ئاوای هەیە. قەدیمییانە بیر دەکاتەوە. یان قەسابییەکی بەرامبەر ماڵمان هەیە. دەیووت دەستتم بدرێ با منیش دەستت بگرم؟ ئەوسا من منداڵتر بووم، باشە بۆچی دەستی بگرم؟ ئەو وەختە مناڵ بووم و هەموو بازاڕکردن و کڕینی شمەکی ناو ماڵ لە ئەوستۆی من بوو. عەقڵم بە زۆر شت نەدەگەیشت و دایکم لە سەر زۆر بابەت قسەی لەگەڵ نەکردم.

گێڕانەوەی لەیلا بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەخا کە بە هۆی ئالوودەبوونی باوکی و ناوشیاریی و بیروباوەڕی هەڵەی دایکیەوە نەک هەر لە خۆشەویستی و بایەخی دروست بێبەشیان کردووە، بەڵکوو تەنانەت لە بواری خۆپارێزی و بەرەنگاربوونەوەی دژ بە داواکاریی کەسانی نامۆ ڕاهێنانی دروستی نەبینیوە. تەنانەت کاتێک خێزانەکەی بۆیان دەردەکەوێ کە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەر لەیلا، بە شێوەیەکی زۆر نەشیاو لێی دەدەن و ناچاری دەکەن کە شوو بە دەستدرێژیکار بکات:

ئەرێ بوو بە چی دەستدرێژیی سێکسی بەردەوام نەبوو و کۆتایی پێهات؟ بە جۆرێک وتم کە لە کۆتاییدا دایک و باوکم لێم دەدەن. ئەو سەرەکەی بەرگە دەگرم، بەڵام ئەم کارەم نەکرد؛ واتە بەم ئەنجامە گەیشتم. لێشیان دام. ئەها چووی بە دایکتت وت؟ نا من پێم نەوت، ئەو چوو وتی. کوڕەکە بە دایکمی وت و منیش لێدانێکی باشم لە باوکم خوارد. باوکم زۆر پیس لێی دام. وا لێی دابووم کە گشت گیانم ڕەش و شین ببۆوە. هەر کوشتمی و جارێکیان بەداخەوە خاڵۆزاکەی دایکم کە ئێستا مێردمە خەریک بوو دەستدرێژی دەکردە سەرم، باوکم منی بینی و بردمانیانە لای پزیشکی دادوەری بۆ ئەوەی پەردەی کچێتیم بپشکنن.

بۆشاییە سۆزدارییەکان، سیستەمی چاودێری و چاودێریی ناکارامە، سیستەمی پاداشت و سزادانی نابەجێ و نەشیاو لە ڕووی شیکاریی بارودۆخ لە لایەن خێزانەوە وەک ناوەندی سەرەتایی بەکۆمەڵایەتیبوونی تاکاکان لەو فاکتەرە هەرەگرنگانەیە کە زەمینە بۆ دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان و مێرمنداڵان خۆش دەکا و هەروەها ئەو کەسانەی کە لەم جۆرە خێزانانەدا دەژین توانای خۆچاودێریکردنی خۆیان نییە و زۆرێک لە کارامەییە پێویستەکانی ژیانیان نییە یان تێیدا لاوازن. وەک وترا، خێزانی لەیلا نەک هەر خۆشیان نەدەویست و گرنگییان پێ نەدەدا، بەڵکوو بۆ گرنگیدان و پەروەردەکردنی زانیاریی دروستیان نەبوو تەنانەت دوای ئەوەی کە دەستدرێژیی سێکسییەکەی بەئەزموون کردووە

بنەماڵەکەی بە شێوەیەکی دروست مامەڵەیان لەگەڵ بابەتی دەستدرێژییەکە نەکردووە و پشتگیری منداڵەکەیان نەکرد، واتە، لێیان دا و لە دەستدرێژیکاریان مارە کرد. ئەگەر منداڵان لە ناو ژینگەی خێزاندا سەرنج و خۆشەویستیی تەواو وەرنەگرن، لەوانەیە لە دەرەوەی بازنەی بنەماڵەکەی خۆی سۆراغی بگرێت. لەم دۆخەدا کەسانی دەستدرێژیکار کەڵکاوەژۆیی لەم بارودۆخە دەکەن و زیان بە منداڵان دەگەیێنن.

مۆریس سێتوودێگان، دەروونپزیشک، ئەزموونی یەکێک لە کۆمەکخوازەکانی بەم شێوە باس کردووە:

من مامۆستاکەمم زۆر خۆش دەویست چونکە باوکم دکتۆر و دایکم مامۆستا بوو هەرگیز وەختیان بۆ من تەرخان نەدەکرد و منیش زۆرم پێ خۆش بوو کە سەرنجم بدەن. مامۆستاکە دەیوت وەرە با بچینە ناو باغ و ئەمانە. ئەمە بۆ من شانازییەکی گەورە بوو. هەتا ئەو ساتەی دەستدرێژی کردە سەرم، خۆشم دەویست. ئەمە ئەنجامی نەبوونی سۆز و خۆشەویستی بوو.

ئالوودەبوونی دایک و باوک بە مادەی هۆشبەر بە شێوازی جیاواز دەبێتە بەستێنێک بۆ ئازاردانی منداڵان. کاتێک دایک و باوک یان یەکێکیان ئالوودە بە مادەی هۆشبەر بن، کەمتر دەیانپەرژێتە سەر منداڵەکان و کەمتر توانای گرنگیدان و خۆشویستنی منداڵەکانیان هەیە، چونکە هەموو یان بەشێکی کەڵکەڵەکانیان کڕین و بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکانە. ئالوودەبوون لە ڕێگەی گۆڕینی ئەرک یان نەهێشتنی ڕۆڵ و ئەرکەکان لە ناو بنەماڵەدا و هەروەها تێکدانی سیستەمی دابەشکردنی کار و نەمانی هاوسەنگیی ڕەهەندی سۆزداریی خانەوادە دەتوانێ خێزان بکاتە ناوەندی ململانێ و توندوتیژی.

هەڵبەت پێکهاتە و کارداکانی ئەو خێزانەی کە ئالوودە بە مادەی هۆشبەرن هەمیشە و لە سەرەتاوە گیر و گرفتیان هەیە.

ناهاوسەنگیی سۆزداری لە شێوەی پاڵپشتییەکی لە ڕادەبەدەر یان پشتگوێخستنی پێداویستییە دەروونی و سۆزداریەکانی ئەندامانی بنەماڵە لە ڕێگەی شێوازی پەروەردەکردنی ناهاوسەنگ، پێکهاتەی دەسەڵاتی ناوەندی یان جۆرێک لە بەڕەڵاکردن لە شێوازی بەڕێوەبردنی خێزان و هەروەها دەرکەوتنی کەسایەتیگەلی وەکوو فریادڕەس، قوربانی، باڵادەست، بێدەسەڵات و ... هەمیشە ڕێخۆشکەری ئالوودەبوون لە ناو خێزانەکانەکان بووە. هەروەها ئالوودەبوون بە چەند شێوە لە کەمکردنەوەی سەرچاوەکانی

خێزان و دەرکەوتنی هەژاری ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت. سەرەتا پێویستە بڵێین ئەو کەسانەی کە ئالوودەی مادەی هۆشبەرن بەشێک لە سەرچاوە داراییەکانیان بۆ کڕینی مادە هۆشبەرەکان تەرخان دەکەن. دووەم ئەوەی کە بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر کارکردی ڕۆژانەیان تێک دەدا و هەر ئەمەش وایان لێدەکا کە نەتوانن بە باشی کارەکەیان ڕاپەڕێنن و سێیەم ئەوەی کە ئەگەری دەرکردنیان لە سەر کارەکەیان یەکجار زۆرە، بە شێوەیەکی گشتی خاوەنکارەکان زۆر پێیان خۆش نییە کە کار بە کەسانی ئالوودە بدەن. هەموو ئەمانە دەبێتە هۆی هەژاربوونی خێزانی کەسی ئالوودە هەتا ئەو ڕادەی کە ڕەنگە لە پێناو بەدەستهێنانی مادە هۆشبەرەکان کەڵکاوەژۆیی لە منداڵەکانیان بکەن.

بەڕێوەبەری ڕێکخراوێکی ناحکومی لە گەڕەکی دەرواز غار وتی:
کەیسێکی دیکە کچێکی تەمەن ١٣ ساڵە کە خەڵکی گەڕەکی دەرواز غارە کە ئێرانین و ئەم کچە تاقانە بووە و ئەوەی کە لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا لە لایەن باوکیەوە فرۆشرا و ناچار بوو هاوسەرگیری بکا و ئێستا منداڵێکی هەیە، ئەوە تەمەنی لە ناو ١٥ و ١٦ ساڵانە کە منداڵێکی دوو ساڵانی هەیە. ئەم کچە دایکی لە زیندان و باوکی فرۆشیاری مادەی هۆشبەر بووە.
یان بەڕێز ئومێد کە لە (خانە کودک)ـی شووش ئیش دەکا باس لە شێوازی ژیانی هەندێک خێزان دەکا کە دەبێتە هۆی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان:
هەر خێزان خۆی ئەمانە بۆ فرۆشتن ئامادە دەکات. هەر لەبەر ئەم هۆکارە گەورەیان دەکەن نەک تەنها بۆ سواڵکردن یان دزیکردن. سەیر بکە ئەم منداڵانە هیچ چوارچێوەیەکی زەینییان نییە و ڕاهێنانیان لە ڕادەبەدەر قورسە. تەمەن ٢٠ ساڵەکانیانم بینیوە کە چەندە زەین کوێرن و زۆر بە سەختی ڕاهێنان دەبینن و گەورە دەبن و وا دەزانن ئەمە شێوازی ژیانە. فێر بووە ئیتر لە ماوەی دە ساڵدا فێری شتێک بووە هەرچییەکی پێ بڵێی دەیکا چونکە پێی وایە باشە. منداڵێکمان هەبوو ئێستاش هەیە دەخوێنێ و منیش لە هەندێک وانەدا مامۆستای بووم. لە ڕووی زیرەکییەوە کەمی هەبوو و خێزانەکەی خواردنیان بۆ دەهێنا و ئەمیش لای خۆی دەیوت کە چەندە باشە کە هەر جارێک سێکس دەکا، خواردنی هەیە. ببووره، وەکوو سەگێک کە هەر جارێک کە ئەو کارە دەکا وەک خەڵات خواردەمەنییەکی پێ دەدەن. ئیتر ئەم منداڵە مەرجدار ببوو و منداڵێکی لە براکەی خۆی هەبوو. یاریدەدەرە کۆمەڵایەتییەکان پەیجووری بوون و منداڵەکانیان لێ وەرگرت و ئەویش

بە جیا دەژی ئیتر واتە تا ئەم ڕادە فێر دەبن و فێر دەکرێن. شێوازی ژیانیان بەم شێوەیە ئیتر.

وەک لە ئاخافتنەکانی سەرەوەدا شی دەکرێتەوە ئەوەی کە بیچم بە زەین و ڕوانگەی تاکەکان دەدا و یان بە واتایەکی باشتر، زەینەکان دروست دەکا، شێوازی ژیانیان لە ناو خێزان و کۆمەڵگایە، کە لە ژێر کاریگەریی هەلومەرجی ئۆبژەیی ژیان بۆ وێنە ئابووریی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی پێک دێت. لە ڕاستیدا ئەوە بارودۆخە ئۆبژەییەکەیە کە ڕەهەندی زەینی و دەروونیی تاکەکان وەک ڕاپەڕێنەرانی کۆمەڵایەتی ساز دەکا و بیچم و ئاراستە بە کارلێکەکانیان دەبەخشێت. کەواتە لە بەریەککەوتنی ئۆبژە لەگەڵ سووژە، واقیعی ژیان و هەڵبەت واقیعییەتی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت. لەم ئاخافتنانەدا ڕوونە کە لە بەریەککەوتنی ئۆبژە لەگەڵ سووژە، زەمینە و بەستێنی ئازاردانی سێکسی وەک واقیعێکی کۆمەڵایەتی ئامادە دەکرێ و ئەم واقیعەش لە ناو پانتای کارلێکە دوولایەنەکاندا لە لایەن هەمان ئەم زەینانەوە هەموو ڕۆژێ لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕوو دەدەن، دیسان دروست و بەرساز دەبێتەوە و لە هەمان ڕەوتدا بەرهەم دەهێنرێتەوە و پیشان دەدرێتەوە و چینەکان پتەو دەبن، وەک ئەوەی هەمیشە هەبووە و شتێکی زاتی و سروشتییە و هەر ئەمەش وای کردووە کە بە شتێکی کۆمەڵایەتی لە قەڵەم نەدرێ کە پێویستی بە تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و شیکاریی کۆمەڵناسی بێ، بەم شێوەیە کە هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە بەدیهێنەرەکانی ئەم دیاردە، واتە ئازاردانی سێکسی پشتگوێ دەخرێن. هەڵبەت ئەم شێوازی ژیانە بەرهەمی میکانیزمی تاراندنی پێکهاتەیی ئابووری و کۆمەڵایەتیی گروپە پەراوێزخراوەکانە، بە واتایەکی دیکە ئەو گروپانەی کە لە خوێندن و دەرفەتە ئابوورییەکان بێبەش دەبن. بەگشتی دەبێ بڵێین کە تایبەتمەندییە پێکهاتەییە نەخوازراو و شێوازە ناکارامەکانی خانەوادە وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی، وەکوو شێوازی نەشیاوی منداڵپەروەردەکردن و بەکارهێنانی توندوتیژی، دەتوانێ زەمینە بۆ ئازاردانی ئەندامەکانی خێزان خۆش بکات. یەکێک لە کاردا گرنگەکانی خانەوادە وەک یەکەم دامەزراوەی کۆمەڵگاگری و بەکۆمەڵایەتیکردن، دروستکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاک و کۆمەڵگایە و کاتێکیش کە چەوتکارکرد دەبێ، زەمینەکانی تاراندنی کۆمەڵایەتیی تاکەکان خۆش دەکا و دەبێتە بەستێنسازی خەسارەت و کێشەگەلی وەکوو دەستدرێژیی سێکسی. بەشێکی گرنگ لە ئەزموونی ژیاوی زۆربەی تاکەکان لە ناو بنەماڵەدا بیچم دەگرێ و لەو ماوەشدا هەست و تێڕوانینی تاکەکان پێک دێت. خێزانێک کە ئاگاداری

دیاردەگەلی وەکوو منداڵی و مێرمنداڵی نەبێ، ئەوە تووشی کێشە و خەسارەتی زیاتری لەو چەشنە دەبن. هەندێک جار ئەم دامەزراوە بە بێ پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوەکانی تر دەتوانێ ببێتە هۆی دەستدرێژی، وەک دایک و باوکی خاتوو مێعماری کە لە سەرەوە باسمان کرد. ئەوان لە یەکێک لە گەڕەکەکانی باکووری تاران دەژیان و بارودۆخی ئابوورییان باش بوو. تەنانەت ئەم بنەماڵە لە ڕووی پێکهاتەییەوە کێشەیەکی ئەوتۆیان نەبوو، بەڵکوو تەنها شێوازە پەروەردەییەکانیان ناکارامە بووە. لە لایەکی تریشەوە ئێمە خانەوادەگەلێک دەبینین کە جگە لە تایبەتمەندیی پێکهاتەیی و لە ڕووی شێوازەوە خراپ و ناکارامەن، هەروەها بەدەست هەژارییەکی زۆرەوە دەناڵێنن کە بەرهەمی تایبەتمەندییە پێکهاتەییەکانە. کەواتە دەتوانین بڵێین ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی دەستدرێژی لە ناو خێزانە جۆراوجۆرەکاندا دەتوانێ جیاواز بێت.

پێگەی باوک بۆ منداڵ دەتوانێ هێمای جەمسەری دەسەڵات و ڕۆڵی پشتیوانیی تایبەتی هەبێ و منداڵ هەر چەندە لە سەر ئەو وێنا و باوەڕە بێ کە باوکم بەهێز و تەندروستە و بۆ من لەبەردەستترە و لە هەر کوێ پێویست بێ، بەرگریم لێ دەکا و ناهێڵێ کەس زیانم پێ بگەیێنێ، بە متمانەیەکی زیاترەوە ئاگاداری خۆی دەبێ، پشت بەو دەسەڵاتە بێسنوورە دەبەستێ کە هەمیشە پاڵپشتی لێ دەکا، لێرەدا باس لە گێڕانەوەی سەمانە دەکەین، کە بە هۆی نقیشکانی باوکی کە کەمئەندامی سەنگەرە لە منداڵیدا جەمسەری دەسەڵات واتە باوکی لاواز بووە و هەرگیز نەیتوانیوە وەک پاڵپشتێک داوای یارمەتی لێ بکات. باوک هێمای دەسەڵات و بەرپرسیارێتییە، کاتێک کە بە هۆی پرسە پێکهاتەیی و کارداییەکان لە ناو دامەزراوەی خێزاندا ڕۆڵی باوک ون دەبێ و یان ئەرک و ڕۆڵەکان دەگۆڕدرێن، منداڵ هەم لە ڕەهەندی پشتیوانی و هەم لە ڕەهەندی پەروەردەیی و فێربوون و سەرچەشنگریی کۆمەڵایەتییەوە کە هەمان ئامادەبوونی تاک بۆ ڕۆڵگیریی کۆمەڵایەتی لە هەڕەتی گەورەساڵییە، ڕووبەڕووی کێشە و چالنج دەبێتەوە. سەمانە تەمەن ٣٥ ساڵ سەبارەت بە ئەزموونی منداڵیی خۆی وتی:

باوکم سوپایی و نقیشکانە، لە کار کەوتووە و بڕوانامەکەشی بەکالۆریۆسە. من لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە هەتا تەمەنی ١٤ ساڵان دەستدرێژی کراوەتە سەرم، پێت خۆشە کامیان بڵێم، خاڵۆم لە تەمەنی حەوت ساڵان هەتا تەمەنی چوارده ساڵان دەستدێژی دەکردە سەرم و یەکەم جاریش لە لایەن کەسێکی نەناسراوەوە بوو.

هەروەها جەنگیش وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە گۆڕانی فەرهەنگی بە دوای خۆیدا دێنێ، کاریگەریی درێژخایەن و کورتخایەنی لە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کەسی، کۆمەڵایەتی، سۆزداری و خانەوادەیی لە ناو ڕزگاربووانی جەنگ و کەمئەندامانی سەنگەر دادەنێت. هەروەها، نڤیشکانان بە هۆی هەندێ بارودۆخەوە لەوانەیە تووشی پەرێشانیی هەیەجانی وەکوو خەمۆکی، دڵەڕاوکێ و ئاڵۆزبوونی فشاری دوای کارەسات ببن. ئەم پەرێشانییە سۆزدارییانە دەتوانێ کاریگەری لە سەر چاکژیان و تەندروستیی دەروونیی ئەندامانی خێزانەکە دابنێت. هەرچەندە ئەم کاریگەرییانە ڕەنگە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە هەڵسوکەوت لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکاندا ببنرێت. لە توێژینەوەیەکەدا کە ڕەی و هاوکارەکانی ئەنجامیان داوە، گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە تورەیی و گۆشەگیری یان تاراندنی سۆزداری لە ورووژانە هەرەنەرێنییەکانە کە کەسانی نڤیشکان لە پەیوەندی لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانیاندا دەریدەبڕن و لە زۆر حاڵەتدا منداڵان لە پەیوەندییەکانیاندا بە تایبەت لەگەڵ باوک، خەمساردی و ساردیی سۆزداری بەئەزموون دەکەن. ئەرکی چاودێریی دەروونی و بینراوی لە کەسی نڤیشکان کە بە پێی جۆر و ڕادەی نڤیشکان جیاوازە، لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە خواستە دەروونی و سۆزداریەکانی ئەو منداڵانەیە کە بە هۆی یەکەمایەتیبوونی نەخۆشی و کێشەکانی باوکی نڤیشکانیانەوە، کەمتر گرینگییان پێ دەدرێت. لە جەنگی نێوان عێراق و ئێراندا، یەکێک لەو پرسە گرنگانەی کە تا ئێستا کەمتر ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە، کاریگەری و لێکەوتە دەروونی و سۆزداریە درێژخایەنەکان و ئەزموونی ئەو کچانەیە کە لەگەڵ باوکێکی کەمئەندام و نڤیشکانی جەنگدا دەژین. ئەم کچانە بە لەبەرچاوگرتنی زیاتر لە سێ دەیە جەنگ ئێستا لە تەمەنی بیست و سی ساڵیدا دەژین و هاوشێوەی هاوتەمەنەکانی دیکەیان لەم تەمەنەدا پێویستییەکی بێژوماری دەروونی و سۆزداریان هەیە، بەڵام جۆری ڕوانگە و ئەزموونی ژیان لەگەڵ باوکێکی نڤیشکان تووشی ئەزموونی جیاوازی کردوون کە لێکدانەوەیەکی قووڵ و ورد دەتوانێ بۆ باشترناسینی خواستەکان، ڕوانگەکان و لە کۆتاییدا بۆ بڕیارە گرنگەکانی ژیان هاوکارییان بکا و هاوکاری دۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتیی ژیانیان بکات (خدابخشی و نجمی صادق ١٣٩٨ هەتاوی).

خاتوو ئیسماعیلی مامۆستا و ڕاهێنەری نیگارکێشی کە لە هەندێک ڕێکخراوی ناحکومی کار دەکا دەڵێ:

کوڕێکی تەمەن ١٠ ساڵان کە سیمایەکی زۆر خۆشدیمەن و جوانی بووە، لە ڕووی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ هاوپۆلەکانی زۆر میهرەبان و نەرم و نیان بوو، هەروەها پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ مامۆستاکەی واتە خاتوو ئیسماعیلیدا بوو، پاش ماوەیەک منداڵەکە دیار نامێنێ هەڵبەت ئەمە منداڵی خانەوادەی تەڵاق بووە باوکی ئالوودە بووە دایکیشی تەڵاقی وەرگرتووە. کاتێک کە بە دواداچوونی بۆ دەکەن بۆیان دردەکەوێ کە باوکەکە بە هەموو شێوەیەک منداڵەکەی ئازار دەدا.

بەڕێز بەدەخشان وتی:
لەو بابەتانەی کە لە زەینمدا ماوە لەمەڕ منداڵێکە کە تەمەنی کەم بەڵام پووری تەمەنی زیاتر بووە و ناچار بە سێکسی کردووە هەر دووکیان مادەی هۆشبەریان دەکێشا.
ڕاوێژکاری قوتابخانە و کلینیکی دەروونناسی وتی:
یەکێک لەو حاڵەتانەی کە لەبەردەستدا بوو، خانمێکی تەمەن ٢٣ ساڵە، کە عومری لە ناو چوار سالان بووە کە دایک و باوکی لێک جیا ببوونەوە ئەوەی لە بیریەتی ئەوەیە کە بەر لە تەڵاقدانی دایکی لای باوکی هەستی بە پارێزراوی نەکردووە؛ واتە بەو نەوازشنایەی کە باوکی دەیکرد هەستێکی خۆشی نەبووە. پاش تەڵاق کاتێک دایکی سەرپەرشتیارییەکەی وەردەگرێ ناچار دەبێ کە ئەم کچە لە ماڵەوە بە تەنیا بە جێی بێڵێ یان داوای هاوکاری لە کەسانی دیکە کردووە کە لای خۆیان ڕایبگرن. دایکی بە هیچ شێوەیەک لە جەرەیاندا نییە، بەڵام خاڵۆی دایکی کە ئێستا تەمەنی لە ناو ٦٧ بۆ ٦٩ ساڵە و ئێستاش ئەم خاڵۆیە لە ژیاندا ماوە و ئەوسا تەمەنی ٥٦ ساڵ بوو و بەردەوام دەستدرێژی دەکردە سەری.
خاتوو نوری مامۆستا وتی:
بەسەرهاتەکە بەم شێوە بووە کە خێزانەکە تورکن. پڕحەشیمەت بوون و زۆر کەس هاتوچۆیان کردوون. دەی زەمانی ئێمە وەکوو ئێستا نەبوو کە ژمارەی منداڵەکان یەک و دوون بن. دایک و باوک منداڵەکانیان و خوشک و براکانیان لە حەوشەدا دادەنا کە پێکەوە یاری بکەن. لە تەمەنی چەند ساڵان؟ یان لە پۆلی یەکەمە یان ناچێتە قوتابخانە. کەواتە تەمەنی ٦-٧ ساڵان بووە. بەڵێ بچووک بووە و سپییە و چاوی گەورەیە و زۆر جوانە. هەرگیز نەیویستووە ئەمە بگێڕێتەوە، بەسەرهاتێکی دوور و درێژ ڕووی دا کە وای لێ کرد دواتر بیگێڕێتەوە. ئەم بەندەی خوا خاڵۆیەکی سەڵتی بووە کە ئالوودە بوو. ئەمە لە ژوورەکەدا خەوتبوو و لەناکاو دەبینێ ئەوە یەکێکە خەریکە نەوازشی دەکا، هەر کە دەیهەوێ بڵێ

خاڵۆ ئەوە چی بووە توند دەمی دەگرێت. دەمی دەگرێ و پەلاماری دەدا و خۆی پێ دەحەسێنێتەوە بەڵام وا نا کە کچێتییەکەی لە دەست دابێت.

خاتوو میم وتی:

کەیسێکم لەبەر دەستدا بوو لە لایەن زڕباوکیەوە دەستدرێژی دەکرایە سەری کچێکی تەمەن ٥ ساڵان کە نقیشکان بوو بە زکماکی ماسوولکەکانی لای ڕاستی لەسم ببوو دواتر دایکی شووی کرد بە پیاوێکی ئالوودە کە ٢٠ ساڵ لە خۆی گەورەتر بووە. دوای ئەوە ئیتر ئەو کچە نەهاتەوە بۆ باخچەی ساوایان، هەر لەبەر ئەوەش بەدواداچوونم کرد، وتی: لە کۆڵمان بنەوە کچەکەم لەگەڵمان زۆر خۆشبەختە. ڕۆژێکیان نەنکی کچەکە هاتە لامان و وتی کە کچەکە لەو ماڵەدا ئەزیەتی دەکەن و خەریکن کەڵکاوەژۆیی لێ دەکەن. فەرمانی پێدەکا و دەستی لێ دەدا. کەیسێکی دیکەم هەبوو کە کچێکی تەمەن ٢٢ ساڵ سەردانی کردم و وتی پێنج ساڵ لەمەوبەر زڕباوک و کوڕەکەی شەوانە پەلاماریان دەدام. دەستدرێژیی سێکسییان نەکردبووە سەری بەڵام دەیانویست پەلاماری بدەن لە ترسی ئەوەی کە نەکا کچە هاوار بکا و بقیژێنێ و دایکی لە خەو هەستێنێ تەنیا دەستیان لێ دەدا.

ڕاوێژکاری قوتابخانە وتی:

کچێکی تر تەمەنی ١٨ ساڵە و ئەمساڵ تاقیکردنەوەی زانکۆی هەیە. لە خێزانێکی زۆر ئایین‌پەروەردا پەروەردە ببوو و لە قوتابخانەی سەرەتاییدا بۆ وانەی بیرکاری مامۆستایەکی تایبەتیان بۆ کرێ گرتبوو. ئەم مامۆستایە یەکێک بوو لە ئەندامانی نزیکی خێزانەکەی. دێ وانەی فێر دەکا و دەستیشی لێ دەدا، چونکە ژوورێکی تایبەتی هەبووە و ئیشی لەگەڵ دەکرد و خۆی دەیوت کە ماوەی وانەوتنەوەکەی درێژ دەکردەوە.

خاتوو ب وتی:

[...] وادیارە دایک و باوکی دەچوونە سەر کار و ئەمیش لە تەمەنی ١٣ و ١٤ ساڵانە و یەکێک لە کوڕەکانی دراوسێ دێتە ژوورەکەیان و بە زۆر دەستدرێژی دەکاتە سەری و پیرەمێردە دراوسێکەیان پێ دەزانێ و دێ ڕزگاری دەکات.

خاتوو ئێرانشاهی، توێژەری کۆمەڵایەتی لە ماڵی منداڵانی (خانە کودک) ناسر خوسرۆ وتی:

دایکەکە لە باوک جیا بووەوە و کچەکە لەگەڵ باوکیدا دەژیا و باوکەکە هاوڕێیەکی هەبوو و متمانەی زۆری پێدەکرد و هاتوچۆیانی دەکرد و ئەو هاوڕێیە بۆ ئەوەی کچەکە ڕازی بکا سۆز و خۆشەویستی بۆ دەربڕیوە و سێ چوار جار پەلاماری داوە.

خاتوو ماندانی وتی:

شتێکی تر ئەوەیە کە زۆربەی قوربانیانی دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن مەحارمەوە ژنانن، و پیاوان و کوڕان، لەبەر ئەوەی ئازادترن و دەتوانن بچنە هەر شوێنێک، لە لایەن کەسانی نامۆوە دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەریان.

ئەو قسانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە فۆرم و ئاستی ئازاردانی سێکسیش لە ژێر کاریگەریی فاکتەرەکانی دیکەی وەکوو ڕەگەزێتییە. بە جۆرێک کە فرەیی ئازاردانی سێکسی لە لایەن مەحارمەوە لە ناو ژناندا لە چاو پیاوان زیاترە، کە ئەمە خۆی لە جیاکاریی ڕەگەزییەوە سەرچاوە دەگرێ، کە بە شێوەیەکی جیاواز کاریگەری لە سەر بارودۆخی ئۆبژەیی ژیانکردن و شێوازی ژیانی هەر دوو ڕەگەزەکە داناوە. ژنان بە هۆی ڕەگەزیان و سنووردارباونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، لە لایەن کەسانی مەحرەمەوە زیاتر دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەریان، لە کاتێکدا پیاوان بە هۆی ئەو ئازادییەی لە پەیوەندی کۆمەڵایەتییەکەیاندا هەیانە کە ئەویش کە لە بەر ڕەگەزیانە، زیاتر لە لایەن کەسانی دوورتر و نامۆترەوە دەستدرێژیی سێکسییان کراوەتە سەر.

بەرپرسی نووسینگەی ڕێکخراوی پاڵپشتی لە ئافرەتان:

کوڕان لە دەرەوەی ماڵەوە و لە لایەن کەسانی دیکە جگە لە کەسانی مەحرەم دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەریان بەڵام کچان زیاتر و بەگشتی لە ناو ماڵەوە و لە لایەن مەحارمەوە دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەریان.

هەر لەم زەمینەدا خاتوونی بانگەشەکاری ئایینی و ڕاوێژکار باسی لەوە کرد:

حاڵەتی دووەم هەموویان بەو شێوە بوون و بە گاڵتە و جەفەنگ دەستی پێکرد بەڵام ئەو کچە کە تەمەنی ١٨ ساڵ بوو، کە ناویم ناوە سارا [...] لە تەمەنی ١٣ ساڵییەوە دەچێتە لای باوکی. لە تەمەنی ١٣ ساڵییەوە؟ نا نا باوک و دایکە دەبێتە شەڕیان و دایکە دەتۆڕی و دەڕوا و کچە هەر لە منداڵییەوە هۆگر و وابەستەی باوکی بووە، و هەر لە تەمەنی

منداڵییەوە دەچووە لای باوکی دەخەوت. دایکی لەبەر ئەم پرسە کە بۆچی کچەکەی لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا لەگەڵ دایک و باوکیدا دەنوێ، بێتاقە دەبێت، ئیتر دایکە ئارایشتی دەکرد و جلوبەرگی قەشەنگی لەبەر دەکرد بەڵام مێردە هیچ گرنگی پێ نەدەدا، بەڵام بە دەوری کچەکەدا دەهات. کێ باوکە؟ بەڵێ، ڕۆژێک خۆی دەشارێتەوە دەبینێ کاتێ مێردە لە سەر کار دێتەوە کچەکەی بۆنی خۆش لە خۆی دەدا و ئارایشت دەکا و ئینجا پێکەوە سێکس دەکەن. ئەم باوک و کچە کەین و بەینیان هەبووە.

کاتێک دایک و باوک پێکەوە دەژین، جگە لەوەی ئارەزووە سێکسییەکانی یەکتر تێر دەکەن، هەر دووکیان یان لانیکەم یەکێکیان ڕۆڵی پارێزەرێکی بەهێز دەگێڕێ و بوونیان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاگاداری منداڵەکە بێ؛ بەڵام کاتێک دایک و باوک لە یەکتر جیا دەبنەوە و منداڵەکە تەنها لەگەڵ یەکێکیاندا دەژی، ئەم کاریگەرییە نامێنێ و ئەگەر هۆکاری دیکە هەبن ئەوا بەستێنێکی لەبار بۆ دەستدرێژیکردنە سەر منداڵەکە دەڕەخسێت. لە ڕاستیدا خێزانی تاکسەرپەرست (دایک یان باوک)، کە بە هۆی تەڵاق یان مردنی یەکێکیان (دایک یان باوک) زەمینە و بەستێنێکی لەبار بۆ دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن مەحارمەوە ئامادە دەبێ، وەک لە بەردیمانەکانەوە چەندین جار ئاماژەی پێ کراوە. ئەم جۆرە بنەماڵانە لە شێوازی ژیانی مۆدێرندا لە هەموو کۆمەڵگاکاندا هەن و لە کۆمەڵگای ئێرانیشدا بە پێی هەلومەرج و کۆمەڵگەی جیهانی ڕێژەی ئەم جۆرە بنەماڵە بووە. بەڵام بەو جیاوازییەی کە لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا دامەزراوە کۆمەڵایەتییە تەواوکەر و پاڵپشتەکانی ئەم جۆرە خێزانانە بە هۆی ئاستی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی و سیاسەتدارشتنە کۆمەڵایەتییەکانەوە کاراتر و چاکتر ئیش دەکەن تا کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێران کە ڕووبەڕووی کێشەی گەشەسەندن و چالنجگەلێکی وەکوو ناسەقامگیریی ئابووری و شێوازی ئابووریی سیاسیی باڵادەست بۆتەوە.

لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێراندا، بنەماڵەی تاکسەرپەرشت (دایک یان باوک) بە بێ هیچ پشتیوانییەک لە لایەن دامەزراوە پاڵپشت و چاکژیانییەکان و هەروەها لە نەبوونی سیاسەتی لایەنگری کۆمەڵایەتییەکاندا ڕووبەڕووی کێشە و چالنجی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاد دەبێتەوە. یەکێک لە گرنگترینەکەیان دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵ لە لایەن مەحارم یان هەمان تاکسەرپەرشتە (دایک یان باوک) یان لە حاڵەتێکی دیکەدا لە لایەن کەسوکارەوەیە کە بە هۆی سەرقاڵییەکانی دایک و باوکەوە کۆنترۆڵ و چاودێریکردنی

منداڵ کەمترە. بەڕێوەبەری کلینیک و دەروونپزیشک، باس لە دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن مەحارم دەکا کە نزیکەی ١٦ ساڵ درێژەی کێشاوە:

شتێکی تر هەیە بیڵێی؟ زۆر ترسناک بوو. ئەو باوک بوو و کاتێک تەمەنی منداڵەکەدا لە ناو ٤ ساڵان بووە ژن و مێردە تەڵاق لە یەک وەردەگرن. دایکە دەڕواتە هەندەران و باوکیش لەگەڵ منداڵە چوار ساڵانەکەیدا دەمێنێتەوە. باوک لە تەمەنی چوار ساڵانەوە لەگەڵ ئەم منداڵە سێکسی کردووە هەتا ئەو کاتەی کچە سەردانی ئێرەی کردووە، خانمەکە ئێستا تەمەنی ٢٠ ساڵە؛ واتە هەتا تەمەنی بیست ساڵان لەگەڵ ئەم باوکەدا بووە.

خاتوو مێعمار (دەرچووی بواری بیناسازی) کە چەندین جار شایەتحاڵی پەیوەندیی سێکسیی دایک و باوکی بووە و تەنانەت باوکی پەیوەندی ناشەرعی لەگەڵ ژنانی دیکەدا هەبووە، سەبارەت بە لێکەوتەکانی ئەو دەستدرێژییەی کە کراوەتە سەری دەڵێ:

خۆ من ئەوەندە دڵڕەق نەبووم و تێگەیشتم کە باجم بەم کەسانە نەداوە؛ بەڵام لەگەڵ زۆر کوڕ دەبوومە دۆست و زۆر سێکسم کرد. کە دۆستم دەگرت زوو پام دەدا. هەر لەگەڵ کوڕان سێکسم دەکرد تەنها بۆ ئەوەی بزانم چۆن سێکس دەکا هەر ئەوەندە. من بەو کارەم زیانم بە خۆم گەیاند. زۆر ئازاری خۆمم دەدا. ڕەنگە چێژم ببردایە بەڵام ڕۆحم تێر نەدەبوو. بە خۆمم دەوت باشە بۆچی وا لە خۆت دەکەیت؟ لەگەڵ هەموو کەس دەبیتە دۆست کاتیان بۆ تەرخان دەکەی؟ من تەنها ویستم بزانم ئەم سێکسە چییە و کوا ئەو چێژەی کە دەیڵێن؟ دایک و باوکمم بینیبوو و ویستم کارەکانیان دووبارە بکەمەوە. هایش لەگەڵ هەموو کوڕێ دەبوومە دۆست و زیانم بە خۆم دەگەیاند. دەستم لێ بەر دەدان، دەگریام، دەچوومە حاڵەتی خەڵسەوە کە هەر خۆتی و کەسی تر. ئەم کارانە دەکەی و لە کۆتاییدا تەنیایت.

لەو ئاخافتنانەی سەرەوەدا ئاماژە بەو زیانانە دەکەن کە مرۆڤەکان لە ڕێگەی بینینی پەیوەندیی سێکسیی دایک و باوکیان لە هەڕەتی منداڵیدا بەئەزموونی دەکەن. بەو پێیەی کە منداڵ هیچ تێگەیشتن و ڕاهێنانێکی سەبارەت بە پەیوەندیی سێکسی نییە، کاتێک کە چەندین جار شاهیدی پەیوەندیی سێکسیی دایک و باوکی دەبێ، وێنەیەک لەو پەیوەندییانە لە زەینیدا دروست دەبێ، یان بە جۆرێک لە زەینیدا بەرساز دەبێ کە زیاتر سەرقاڵی بەئەزموونکردنی ئەم پەیوەندییە دەبێ یان لە هەندێک حاڵەتدا، پێی شتێکی قێزەونە کە لە هەر دوو حاڵەتەکەدا کاریگەری و لێکەوتەی وێرانکەری لە سەر ئەم کەسانە بووە، کە ئەم لێکەوتانە بریتین لە ئالوودەبوون بە پەیوەندیی سێکسی یان سێکس، کە بە جۆرێک هەمان فرەیی پەیوەندیی سێکسی لە چوارچێوەی دەستدرێژیی سێکسییە.

پەیوەندیی خانمی مێعمار لەبەر ڕەزامەندیی دەروونی نەبووە، چونکە نەک هەر هیچ خۆشەویستی و سەرنجێکی لە لایەن خێزانەکەیەوە وەرنەگرتووە، بەڵکوو چەندین جار شایەتحاڵی پەیوەندیی سێکسیی دایک و باوکی و تەنانەت دەستدرێژی لە لایەن ئەوانەوە بووە.

ناکارامەیی دامەزراوەیی لە بواری ڕاهێنانی سێکسی و پشتیوانی لە قوربانییەکان

بە پێچەوانەی کۆمەڵگەی نەریتی کە مرۆڤەکان لە کۆمەڵگەی بچووکدا دەژیان و کەمتر لەگەڵ پرس و کێشەکاندا دەست و پەنجەیان نەرم دەکرد، ئەمڕۆکە ئێمە لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە تووشی چەندین پرس و کێشەی کەسی و کۆمەڵایەتی بووینەتەوە. لە سەر ئاستی تاک، بۆ بەرەنگاربوونەوەی کاریگەرانەی کێشەکان پێویستمان بە لێهاتوویە. واتە هەموو جۆرە لێهاتوویەکی تاکەکەسی و نێوان‌کەسی و کۆمەڵایەتی. فێربوونی لێهاتوویە سێکسییەکان بە هۆی ڕاهێنانە سێکسییەکان لە تافی منداڵیدا لە ڕێگەی ڕاهێنانی سێکسییەوە یەکێک لەو لێهاتوویانەیە. بەو پێیەی کە منداڵان لە زۆر حاڵەتدا توانای بەرگریکردن لە خۆیانیان نییە، پێویستە هەم چاودێری بکرێن و هەمیش فێر بکرێن کە کاتێک هەڕەشە و مەترسییان لە سەرە بزانن چی بکەن یان چۆن ئاگایان لە خۆیان بێت. هەڵبەت ئەم ڕاهێنانانە نە دەبێ تەنها بۆ منداڵان بێ، بەڵکوو دەبێ هەموو کۆمەڵگا بە تایبەت دایک و باوکیان لەو ڕاهێنانانە سوودمەند بن، چونکە لە زۆر حاڵەتدا دایک و باوکیش پێویستیان بەم ڕاهێنانەیە.

ڕاهێنانی سێکسی بریتییە لە فێرکردنی لایەنە مەعریفی، سۆزداری، کۆمەڵایەتی، پەیوەندی و جەستەییەکانی سێکس. ڕاهێنانی سێکسی منداڵان و مێرمنداڵان بۆ ئەنجامدانی سێکس هان نادات. لە پێوەرەکانی ڕاهێنانی سێکسیدا، پسپۆڕان لە سەر ئەوە کۆکن کە "ڕاهێنانی سێکسی لە سەرەتای منداڵییەوە دەست پێدەکا و هەتا تەمەنی مێرمنداڵی و گەورەساڵی بەردەوام دەبێت. بۆ منداڵان و گەنجان مەبەست لە ڕاهێنانی سێکسی پاڵپشتی و پاراستنی گەشەسەندنی سێکسییانە. ئەمەش وردە وردە منداڵان و مێرمنداڵان بە زانیاری و لێهاتوویی و بەها ئەرێنییەکان تەیار و بەهێز دەکا بۆ ئەوەی بتوانن لە سێکس تێبگەن و لە قۆناغەکانی دواتری ژیاندا چێژی لێ وەربگرن و پەیوەندییەکی سێکسی تەندروست و تەواویان هەبێ و بەرپرسیارێتیی تەندروستیی سێکسیی خۆیان و کەسانی دیکەش لە ئەستۆ بگرن.

"ڕاهێنانی سێکسی لە ڕێگەی هاندان بۆ تێگەیشتن لە هەست و سۆزەکان، فێرکردنی زاوزێ، لێکدانەوەی پەیوەندییە خێزانی و نێوان کەسییەکان، فێربوون دەربارەی ئاسایش و بونیادنانی متمانە بەخۆبوون و توانای پەیوەندیسازکردن بنەمایەک بۆ تێپەڕینێکی پارێزراو و دڵخۆشکەر بۆ تەمەنی گەورەساڵی" دابین دەکات (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، ٢٠١٢ : ١).

پێویستە لە تەمەنی پێش قوتابخانەوە یان بەر لە چوونە قوتابخانە ڕاهێنانەکان بۆ منداڵان دەست پێ بکرێ، هەروەها پێویستە دایک و باوک هەر لە یەکەم ساتی لەدایکبوونەوە بۆ ئەم بابەتە ڕاهێنان ببینن و زانیاری وەدەست بهێنن. قۆناغەکانی ڕاهێنان لە پێشدا دەبێ بە شێوەی ڕاهێنان سەبارەت بە ئەندامەکانی لەش و ناونانی ئەندامانی جەستە و پاراستنی لەش، وەکوو ناسینی هەموو شێوەکانی بەرکەوتنی لەش وەکوو ماچکردن و لە باوەشکردن و ئەوەی کە چ کەسانێ بۆیان هەیە دەست لە جەستەی منداڵەکە بدەن، و ئەگەر ئەو کەسە ئیزنی ئەو کارەی نەبێ منداڵەکە چۆن دەتوانێ ئەم بابەتە بە دایک و باوکی و تۆڕە متمانەپێکراوەکانی دیکە ڕاپۆرت بکات. گرنگترین پرس فێربوونی توانای وتنی "نا" لەم بوارەیە، پێویستە منداڵان فێر بن کە ئەگەر هەر کەسێک داوای هەر جۆرە پەیوەندییەکی سێکسی لێکردن و یان لە ناکاو پەلاماری دان بتوانن بڵێن "نا" و ڕاپۆرتی بکەن. پێویستە هەنگاوی یەکەمی ڕاهێنانی سێکسی لە ناو ژینگەی خێزاندا هەڵبهێنرێ، واتە دایکان و باوکان ڕابهێنرێن کە لە کاتی تووشبوون بە کێشەکانی منداڵان وەکوو پرسیارەکانیان چی بکەن و چ وڵامێکیان پێ بدەنەوە. هەروەها پێویستە سیستەمی پەروەردەیی بە شێوەیەک دابڕێژرێ کە بە شێوەیەکی سیستماتیک منداڵ بە پێی قۆناغی گەشەکردنی لەگەڵ تەندروستیی سێکسی و پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ کەسانی دیکە ئاشنا بکات. هەروەها پێویستە بگوترێ ناوەڕۆکی ئەم ڕاهێنانە لە لایەن کۆمەڵێک پسپۆڕی ئەم بوارەوە واتە دەروونناس، پزیشک، یاریدەدەری کۆمەڵایەتی، کۆمەڵناس، مامۆستا و شارەزای زانستە ئاینییەکان ئامادە بکرێت. بە شداریی هەموویان لەم ڕووەوە پێویستە بۆ ئەوەی یەکەم: ناوەڕۆکی گونجاو لەم بوارەدا ئامادە بکرێ و دووەم ئەوەی کە ئەم ناوەڕۆکە لە لایەن کۆمەڵگەوە قبووڵ بکرێت. گرنگە کە کۆمەڵگا ڕازی بکرێ کە پەی بە گرنگی و پێویستیی ئەو ڕاهێنانانە ببا و ڕەتی نەکاتەوە.

کەواتە، ڕاهێنانی سێکسی ماوەڕای تەنها چاودێریکردنی خۆ لە هەمبەر مەترسییەکانە، و بریتییە لە فێرکردنی چۆنیەتی سازکردنی پەیوەندیی سێکسیی پارێزراو و تەندروست و

بەهێزکردنی لێهاتوویی‌یەکان. لە ناو کۆمەڵگادا ڕیکخراوە جۆراوجۆرەکان دەتوانن بەرپرسی ڕاهێنانی سێکسی بن و لە سەروویانەوە ناوەندە پەروەردەییەکان بەرپرسیارن. بەداخەوە سەرەڕای گرنگیی زۆری ئەو ڕاهێنانانە، لە ئێراندا قەدەغەیە و بەردەست نییە و نەبوونی هۆشیاری و ڕۆشنگەری چەندین گرفتی خوڵقاندووە و یەکێک لەوانە پرسی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵانە. هۆکاری جۆراوجۆر، یان باشتر بڵێین چەند ئاستەنگێک زۆر هۆکاری نەبوونی ڕاهێنانی سێکسی لە کاتی خۆی بۆ گروپی ئامانجی منداڵان و مێرمنداڵان و هەروەها بنەماڵەکان لە کۆمەڵگای ئێراندا هەیە کە باشتر وایە لەم بەشەدا هەندێکیان پۆلێنبەندی و وتەزابەندی بکەین و ئاماژەیان پێ بکەین: نەبوونی پسپۆڕگەرایی، تابۆبوونی پرسی سێکسی بە هۆی سروشتی ئایینپەروەریی کۆمەڵگا، میکانیزمی نکۆڵیکردن و نەبوونی شەفافیەت لە هەموو چینەکانی کۆمەڵگادا، نەبوونی دانوستانی دامەزراوەیی سەبارەت بەم بابەتە، ناکۆکی لایەنگران و نەیاران سەبارەت بە هۆشیاری لە سەر ئەم بابەتە و هتد. وەک دەزانین و لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، بۆ ئامادەکردنی بەرنامەی ڕاهێنان لە بواری پرسە سێکسییەکان چ بۆ منداڵ و مێرمنداڵان و چ بۆ خێزان پێویستە لە گۆشەنیگای پسپۆڕی و بوارگەلێکی جۆراوجۆرەوە لەم پرسە بڕوانین و ئەمەش لە حاڵێکدایە کە هەندێک بوار، لەوانەش زانستە کۆمەڵایەتییەکان و شارەزایانی ئەم بوارە (دەستدرێژیی سێکسی و زینا لەگەڵ مەحارم) لە کۆمەڵگەی ئێراندا لە چاو هەندێک بواری دیکە قێزەونتر و پەراوێزخراوترن و ئەمەش دەبێتە هۆی پشتگوێخراوبوونی تێڕوانین و ڕوانگەی ئەوان سەبارەت بەم بابەتە و هەلی ڕوانینی فرەڕەهەند بۆ پرسی سێکس بۆ دارشتنی سیاسەت و پلاندانانی پەروەردەیی لە ناو دەبات. لە لایەکی دیکەوە ئەو گوتاری باڵادەستە ئایینییەی کە باڵی بە سەر سیاسەتی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و بەتایبەت لە بواری سیاسەتی دامەزراوەی بنەماڵەدا کێشاوە هەمیشە بووەتە هۆی ئەوەی کە لە کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێران پرسی سێکس بە بڤە و تابۆ بزانرێ و لێکدانەوەی بۆ نەکرێت. لە کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێران کە دامودەزگاکانی کۆمەڵگاگری و بەکۆمەڵایەتیبوون وەکوو بنەماڵە، قوتابخانە، میدیا و دیکەی دامەزراوە پەیوەندییەکان یەکجار زۆر بە میکانیزمی نکۆڵیکردن و ناشەفافێتییەوە تێوەگلاون، قسەکردن لە سەر سێکس بە توندی ڕەت دەکرێتەوە و وەک بابەتێکی ناپیرۆز لە قەڵەم دەدرێ کە لە ڕێگەی گوتاری ئایینییەوە لەم دامەزراوانەدا شەرعییەتی پێ دراوە کە قسەکردن لە سەری ڕێگەپێدراو نییە. بەم شێوە میکانیزمی نکۆڵیکردن یان نەبوونی شەفافییەت وەک فاکتەری

باڵادەست دەستی بە سەر هەموو چینەکانی کۆمەڵگادا کێشاوە. ئەو جێگایەی کە میکانیزمی نکۆڵی کار دەکا، هاندان و وروژاندن بە دوایدا دێ، کەواتە هەرچەندە ئارەزووی سێکسی شتێکی سروشتییە، بەڵام ئەم هاندان و وروژاندنە میکانیزمێکی کۆمەڵایەتی و بەرسازکراوە. نکۆڵیکردن لە بوونی کێشە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەلی کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردن لە لایەن کۆمەڵگاوە لە بار بچێت. ڕاهێنانی سێکسی پێویستی بە پەیوەندیی نێوان ئەو دامەزراوانەیە کە هەر یەکەیان لەم ڕاهێنانەدا بە جۆرێ تێوەگلاون و بەشدارن. خانەوادە، قوتابخانە، میدیا وەک دامەزراوە کۆمەڵگاگرییەکان لە لایەن ناونده ئایینییەکان، دامەزراوەی حکومەت و دامەزراوەکانی دیکە لە دارشتنی سیاسەت و دیاریکردنی بوودجە بۆ پلاندانان و لە هەمووی گرنگتر شەرعییەتدان بەو جۆرە ڕاهێنانە بەشدارن و هەماهەنگیی نێوانیان لە کاریگەرتربوون و ئامادەکردنی فرەڕەهەندی ئەم بەرنامانە زۆر یەکلاکەرەوەیە. بەو پێیەی کە لە کۆمەڵگای ئێراندا، پەیوەندیی نێوان دامەزراوەکان بە هۆی بەریەککەوتنی ئەرکەکان، سەریەککەوتنیان لە هەندێک حاڵەتدا و ڕوانگەی یەکترڕەتکردنەوەیان هەمیشە تووشی چالنج هاتووە، ڕاهێنانی سێکسیش پەراوێز خراوە. بەڵام جیاوازیی بیر و ڕا لە نێوان لایەنگران و نەیارانی ڕاهێنانی سێکسی کە هەر یەکەیان هۆکار و بەڵگەی خۆیان دەردەبڕن، بەربەستێکی گرنگی دیکەی بەر دەم ئەم بەرنامەیە، لایەنگران پێیان وایە کە هۆشیارکردنەوەی خەڵک لەمەڕ بابەتی سێکسی بە هۆی ئەوەی فێری لێهاتوویی دەبن لە پێویستییەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵگایە و بە پێچەوانەوە نەیارانیش ئەم ڕاهێنانە بە فاکتەری دنەدان و وروژانی ئارەزووی سێکسی دەزانن کە دەتوانێ لێکەوتەی هەبێت. لە هەر حاڵەتێکدا ئەم دووبۆچوونییە بەربەستێکی جیددی بووە و جگە لە ڕانەهێنانی سێکسی لە کۆمەڵگەی ئێراندا هیچ دەرەنجامێکی دیکەی نەبووە. دەرهاویشتەی ئەو هۆکارانەی کە باسیان لێ کرا و هەروەها هۆکارەکانی دیکە، ناهێڵێ ئەم پرسە گرنگە لێکدانەوەی بۆ بکرێ و پلانی بۆ دابڕێژرێت.

دوکاندارێکی تەمەن ٣٢ ساڵ وتی:

چەند جارێک لەگەڵ کچێکی نەوجەوان سێکسی پێداماڵینم ئەنجام دەدا و بەو پێیەی کە هیچ شوێنێک نەبوو، لە پشت دوکانەکەوە ئەو کارەم لەگەڵیدا کرد. خۆزگە ئەو شتانەی ئەمڕۆ دەیزانم، هەر دووکمان ئەوسا بمانزانیبایە، چاودێریی دایک و باوک و ڕاهێنانی سێکسیش هەبووایە. ئێرە وڵاتی گوڵ و بولبولە، کە هەموو کەس بە درێژایی شەو و ڕۆژ

خەریکی ئەم کارەن نکۆڵی لە هەموو شتێک دەکرێ و ناهێڵدرێ خەڵک ڕاهێنانی سێکسییە پێویستەکان ببینن.

خانمی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە وتی:

سەیر بکە بە هیچ شێوەیەک ڕاهێنانی سێکسی پێشکەش ناکرێ من خۆم کارمەندی پەروەردە و ڕاهێنانم تەنانەت مامۆستاکانیش ئەوەندە ڕاهێنان نابینن کە بێن بە منداڵەکانی فێر بکەن. تەنانەت ئەگەر خولێکیش بکرێتەوە مامۆستایان شەرم لە مامۆستا ژن و پیاوەکان دەکەن. بەداخەوە ئێمە ئاوا ڕاهێنراوین. ئەگەر خولێک بۆ قوتابییەکان بکەینەوە ئەوا دەیانتوانی هەتا ئاستێک ڕاهێنان ببینن و ئەو کات من دەتوانم بڵێم ٥ لە سەد و ١٠ لە سەد و ١٥ لە سەد خەریکە باشتر دەبێت. کەم تا زۆر ڕاهێنان دەکرێت. ئەگەر ڕاهێنان پێشکەش بکرایە بۆ هەموو تەمەنەکان پێشکەش دەکرا تەنانەت بۆ منداڵانی قۆناغی سەرەتاییش، چونکە بە ڕای من منداڵئازاری لەو سەردەمە تەمەنییەدا زیاترە ئیتر با باسی منداڵانی کەمتەمەنتر بمێنێ کە ئەوان جارێ نایەن بۆ قوتابخانە، ئەگەر ڕاهێنانی پێویست پێشکەش بکرێ، مەحارم کێیە و چۆن دەبێ ڕاهێنانەکە بکرێ ئێمە ئێستا لە قوتابخانەکانی گوندەکانداین. ئەگەر پەیوەندیی تەلەفۆنی هەبێ، کچان و کوڕان، لە بەر ئەوەی ژینگەکەیان بچووکە، بۆ پاراستنی ئابڕوو لەوانەیە دەستیان لە خوێندن پێ هەڵبگیرێت.

ڕوونکردنەوەی گێڕانەوەکانی سەرەوە بە ڕوونی ئەوە دەردەخا کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە هیچ شێوەیەک ڕاهێنان پێشکەش ناکرێ و نەبوونی ئەم پەروەردە و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا بۆتە کێشە. کێشەیەکی وەکوو پەیوەندییەکی سادەی تەلەفۆنی لە نێوان کچ و کوڕێک دەتوانێ ببێتە هۆی گێڕانەوەی کچان لە قوتابخانە، چونکە لە کۆمەڵگە بچووکەکانی وەکوو لادێکان ئەگەر ئەم پەیوەندییە لەقاو بدرێ، ئەوە بێئابڕوویی لێ دەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی سنووردارکردن و وازهێنان لە قوتابخانە. گرنگترین خاڵی ئەو گێڕانەوەی سەرەوە ئەوەیە کە هێشتا بە لای شارەزایانی بواری پەروەردە تابۆیە کە باس لە بابەتی سێکسی بکەن و ئەوەش نیشان دەدا کە ڕێگایەکی دوور و درێژمان لە پێشە کە ئەم بابەتانە لە کۆمەڵگا یان هەندێک جڤاکدا ئاسایی ببێتەوە و منداڵان و تەنانەت ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگاش لە بواری پرسە سێکسییەکاندا ڕاهێنانیان پێشکەش بکرێت. ئەو قسانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەخا کە یەکێک لە ئاستەنگە جیددیەکانی بەردەم ڕاهێنانی سێکسی لە کۆمەڵگای ئێراندا ئەو هەستە کۆمەڵایەتییە باڵادەستانەیە کە

ڕەگ و ڕیشەیان دەچێتەوە سەر شێوازی کۆمەڵگاگری و ڕەوت و فۆرمی پەروەردەی کۆمەڵایەتی. هەستگەلێکی وەکوو شەرم، گوناح، ترس و هتد لەو هەستە زاڵانەن کە لە ناو فەزای پەروەردەی کۆمەڵایەتی و لە قۆناغەکانی منداڵی و مێرمنداڵی لە ناو تاکەکانی کۆمەڵگادا سەر هەڵدەدەن و بەدەروونی دەبن و دەچەسپن کە یەکێک لە بەربەستە سەرەکییەکانی گفتوگۆکردن سەبارەت بە بابەتی سێکسە تەنانەت لە ئاستی پسپۆڕان و مامۆستاکانیشماندا ئەم هەستانە دەردەکەون و بەربەستی بەردەم هۆشیاری و ڕاهێنانن. هەروەها میکانیزمی ئابڕوو و حورمەتی کۆمەڵایەتی وەها لە جومگە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی ئێمەدا چەسپیوە کە ئەو وتەزایانەی کە شیاوی قسە لە سەر کردنن و پێوسیتیان بە باسێکی بەکۆمەڵ هەیە نکۆڵییان لێ دەکرێ و ناهێڵن ڕوون بکرێتەوە. کاتێک گفتوگۆ و ڕۆشنگەری سەبارەت بە بابەتە سێکسییەکان گرێ دەردێتەوە بە بێئابڕوویی و دەبێ قەدەغە بکرێ، هەمیشە بە تابۆ لە قەڵەم دەدرێ و نکۆڵی لێدەکرێت. هەروەها بەڕێوەبەری ناوەندی (مهر و ماه) ڕایگەیاندووە:

دەتوانم بڵێم ٩٩ لە سەدی ئەو حاڵەتانەی کە تا ئێستا پەیوەندیم لەگەڵدا کردوون بە هۆی نەبوونی هۆشیارییەوە ڕوویان داوە، بە هۆی نکۆڵی لە پرسی سێکسی، خانەوادەکانمان هێشتا نایانهەوێ قبووڵی بکەن کە ئەمە بە سەر منداڵەکانیاندا هاتووە، کە منداڵەکانن ڕانەهێنراون من باشم لە بیرە لە سەر پۆلی یەکی سەرەتایی بووم، بە منداڵەکانم وت ئەگەر کەسێک ویستی دەستتان لێ بدا، ئەوا بینیم کەسێک هاوار دەکا، بۆچی مامۆستا ئەمە کارێکی خراپە؟ من فلان کەس دەستم لێ دەدا و دەست لە گیانم دەدا ئەوێم ختیلکە دەدا، بۆ ئەمە کارێکی خراپە؟ ئەم منداڵە ئەوەندە نەزان بوو و خانەوادەکەی تەنانەت پێیان نەوتبوو کە کەس بۆی نییە دەست لە ئەندامە تایبەتەکانت بدات."



چارتی ژمارە ٦: دابەشکردنی وەڵامدەرەکان بە پێی ڕێژەی ڕاگەیاندنی ڕاپۆرتی ئازاردانی سێکسی بە دەزگا حکومییەکانی وەکوو بێهزیستی

ئەو قسەی سەرەوە ئەوەمان پیشان دەدا کە نەبوونی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، یان باشتر وایە بڵێین نزمیی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، دەرهاویشتەگەلی وەکوو نکۆڵی و قبوڵنەکردنی پرس و بابەتی سێکسی لە ناو دامەزراوەی بنەماڵە لە کۆمەڵگای ئێرانی لێ کەوتۆتەوە. وەک دەزانین هەنگاوی یەکەم بۆ پلاندانان و دارشتنی سیاسەت بۆ ڕاهێنانی بابەتی سێکسی قبوڵکردنی بوونی کێشەیە، کە ئەم ئاستی نکۆڵیکردن لە بوونی کێشە و قبوڵنەکردن بە هۆی کەمیی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، چوونە ناو قۆناغی دواتر واتە قۆناغی بە میکانیزمکردنی ڕاهێنانی سێکسی بۆ خێزان و کۆمەڵگەی قورس و مەحاڵ کردووە. نەبوونی ڕاهێنانی سێکسی لە ناو ژینگەی پەروەردەیی ئێران چ بۆ دایک و باوک، ڕاهێنەران، مامۆستایان و هەروەها فێرنەکردنی هەنگاوەکانی چاودێری بە منداڵان بووەتە هۆی دەرکەوتنی ڕووداوی ناخۆش کە نە تەنیا بۆ زۆرێک لە کەسوکاری نزیکی منداڵ شاراوە نییە بەڵکوو بە هۆی پشتگوێخستن و قبوڵنەکردنی ئەو ڕووداوە، منداڵەکە لە هەر جۆرە پشتگیری و خزمەتگوزارییەکی پزیشکی بێبەش دەبێ، ڕەنگە حاڵەتی منداڵخستنەوەی نەخوازراو هاتبێتە گۆڕێ کە بەرهەمی پەیوەندییە سێکسییە نەخوازراوەکان بووە و لێکەوتە نەرێنییەکانی کاریگەرییان لە سەر پەیوەندیی منداڵپەروریی دایک - منداڵەکە داناوە.

بەڕێوەبەری خانەی منداڵانی (طلوع بی‌نشانها) وتی:

ئەو ورووژانە سێکسییەی کە لە منداڵان و مێرمنداڵاندا، لە کۆتایی گەنجیدا دەگاتە ئەوپەڕی خۆی دەبێ کۆنترۆڵ بکرێ، بەڵام بە هۆی کەمتەرخەمی و خەمساردیی دایک و باوک و کەسانی دەوروبەریان، هەندێک جار دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە تەمەنی زۆر کەمدا دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان ڕوو بدات. تا کۆمەڵگاکەمان لە باسە فەرهەنگی، هۆشیاری و پەروەردەییەکانی خۆیدا ئاڵۆزتر و کراوەتر دەبێ، هەرچی هێڵی سووری زیاتر بێتە بەر دەمی و زیاتر قەتیس ببێ، کاریگەری لە سەر ئەم بابەتە دادەنێت.

لە کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێران ئەو دامەزراوانەی کە دەبێ ئەو ڕاهێنانانە پێشکەش بکەن بریتین لە وەزارەتی پەروەردە و ڕاهێنان، وەزارەتی تەندروستی، شارەوانییەکان، بێهزیستی، ڕاگەیاندنەکان بە تایبەت ڕاگەیاندنی نیشتمانی، ڕێکخراوە ناحکومییەکان و هتد. پێویستە ئەم ڕاهێنانانە لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە دەست پێبکا چونکە لەم

تەمەنەوە کونجکۆڵی سێکسیی منداڵان دەست پێدەکا و دەستدرێژی دەکرێتە سەریان. ڕەنگە بتوانین بڵێین تەمەنی ٣ ساڵان بەو لاوە تەمەنێکی گونجاوە. هەڵبەت جۆری ڕاهێنانەکە بە پێی تەمەن دەتوانێ جیاواز بێت؛ بەڵام ئەم ڕاهێنانە بەردەست نین. هەڵبەت ناوبەناو لە میدیاکانەوە دەبیستین کە لە هەندێک ناوچەدا هەندێ گەڵاڵە بەردەستن، بەڵام بەرنامەیەکی یەکگرتوویان نییە و تەنیا بەشێکی بچووکی کۆمەڵگا ڕادەهێنرێن و ناوەڕۆکی فێرکارییەکەیان ڕوون نییە کە چییە. پێویستە بە شێوەی سیستماتیک ئەم ڕاهێنانانە لە ناو پەروەردەدا جێگیر بکرێن. لە ڕاستیدا هەم ناوەڕۆکی ئەم ڕاهێنانانە و هەم یەکگرتوویان بە گرنگ بزانرێ و هاوکات هەموو گروپە ئامانجەکان بە خێزان و منداڵ و مێرمنداڵان (بە لەبەرچاوگرتنی زمان و شێوازی هەڵسوکەوتی هەر گروپێک) لە خۆ بگرێت.

پسپۆڕێکی دەروونناس دەڵێ:

٦ ساڵ لە گوندەکان کارم کرد. کاتێک دەستم پێکرد لە کامیاران خوێندکار بووم، سپا لەوێ پۆلی خوێندن دەکاتەوە بەڵام یەک جاریش نایەن خولی پاراستنی سنووری تایبەتی بکەنەوە. ئەمانە لەوێ بڤە و تابۆن، بەڵام سپا چ جۆرە ڕاهێنانێک لەوێ دادەنێت؟ ڕاهێنانی ئەوەی کە منداڵەکەتان ئاوا پەروەردە بکەن بەڵام پێت ناڵێ کە ئەگەر لە ماڵەوە کێشەت هەبوو چی بکەیت. چۆن دەتوانی هاوسەرگیری بکەی و منداڵ بخەیتەوە؟

ئەوەی کە بۆچی ئەم ڕاهێنانانە لە کۆمەڵگای ئێراندا بەردەست نین، دەگەڕێتەوە بۆ لێکدانەوەیەکی وردتر لە مەڕ بۆچوونی دارێژەرانی سیاسەت و بەرپرسانی ئێران؛ بەڵام دەکرێ بڵێین لە سەر ئاستی پێکهاتەییدا یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان کۆنەپەرستی و ئایدۆلۆژیبوونی دامەزراوە سیاسەتدانەرەکانە. لە کۆمەڵگای ئێراندا بواری ئایین هەژموونێکی قوڵی بە سەر ناوەند و دامەزراوە سیاسەتدانەرەکاندا هەیە. بەرپرسان و سیاسەتدانەرانی وڵاتی ئێران لە زۆر حاڵەتدا پیاوانی ئایینین. تێڕوانینی ئایینەکان، لەوانەش ئیسلام، بەرامبەر بە بابەتی سێکسی (سێکسوالیتە) نەرێنییە، چونکە سێکسوالیتە وەک یەکێک لەو غەریزانە باس دەکرێ کە دەتوانێ مرۆڤ بە لاڕێدا ببات. تەنانەت لە حاڵەتەکانی دیکەشدا کردنی ئایین بە بونیادی کۆمەڵگا و یاسا پەرەی بە توندوتیژی بەتایبەت دژی ژنان و منداڵان داوە. کە نموونەکەی منداڵهاوسەرییە. لە ڕاستیدا ئەو گوتارە ئایینییەی کە لە سەر بنەمای تابۆبوونی بابەتی سێکسی و نکۆڵیکردنە (کە ئەنجامی قەدەغەکردنە)، بە زاڵبوون بە سەر پانتای پێکهاتەی یاسایی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، شەرعیەت بە سڕکردنی بابەتی سێکسی و نەخستنە بەر باس و

پێشکەشنەکردنی بەخشیوە. بە پێی هەموارکردنەوەی یاسای مەدەنیی ساڵی ١٣٦١ هەتاوی و مادەی ١٠٤١، قەدەغەکردنی هاوسەرگیریی منداڵ بە پێچەوانەی شەریعەتە و نیکاحی بەر لە تەمەنی باڵقبوون بە مەرجی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی باوکی منداڵەکە بە ڕێگەپێدراو ناسراوە. لە یاسا نوێکەدا مۆڵەتی دادگا پێویست نەبوو. پلانی هەموارکردنەوەی مادەی ١٠٤١یاسای مەدەنی لە ساڵی ١٣٨١ هەتاوی پێشکەشی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی کرا و دواجار بە پێی پەسەندکراوی کۆڕی دەستنیشانکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕژێم لە ١ی مانگی تەمموزی ١٣٨١ هەتاوی، ئەم مادە بەم شێوە گۆڕدرا: "گرێبەستی هاوسەرگیری بۆ کچێک پێش ئەوەی بگاتە تەمەنی ١٣ ساڵی هەتاوی و کوڕێک پێش گەیشتن بە تەمەنی ١٥ ساڵی هەتاوی، بەستراوتەوە بە مۆڵەتی باوک و مەرجی مەسڵەحەت بە بڕیاری دادگایەکی شیاو" (غدیری، ١٣٩٥ هەتاوی). وەک لە بەشی دووەمدا هاتووە، هەر جۆرە پەیوەندییە سێکسییە لە منداڵیدا جۆرێک لە دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵانە. کەواتە منداڵهاوسەری لە ئێران بە هۆی ئەو بنەمای شەرعی و یاساییەی کە هەیەتی بەستێنێکی گونجاوی بۆ دەستدرێژیی سێکسی ڕەخساندووە.

بۆیە لە کۆمەڵگای ئێراندا نەک هەر ڕاهێنانی سێکسی بە شێوەی سیستماتیکی بوونی نییە، بەڵکوو لە زۆر حاڵەتدا دامودەزگا بەپرسەکان ڕێگری لە هەوڵی ئەو کەسانە دەکەن کە بە جۆرێک لەم بوارەدا هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن. چوون بۆ قوتابخانە و وەرگرتنی مۆڵەت بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەی ڕاهێنان لەوانەش ڕاهێنانی سێکسی زۆر چەتوونە و تەنانەت ئەوانەشی کە بە جۆرێک لەم بوارەدا تێدەکۆشن ڕووبەڕووی ئاستەنگی جددی دەبنەوە. خاتوو میم پسپۆری دەروونناس دەڵێ:

من ماوەی پێنج ساڵ سەرەڕای ئەوەی یارمەتیدەری کۆمەڵایەتی بووم، بەڵام پاشنوێژان دەهاتمە باخچەی ساوایان کارم دەکرد. بۆ ماوەی سێ ساڵ مۆڵەتی هاوکاریم لە خانمێکی کارمەندی بێهزیستی وەردەگرت کە بەشداری چەندین خول و سیمیناری ئازاردانی سێکسی کردبوو. من ئەمەم دەهێنا چونکە لە پەراوێزدا ئیشم دەکرد منداڵانم فێر دەکرد، و ئیشێکی هێندە سەختمان هەبوو کە ناچار دەبووین لە بەردەم ڕێکخراوی بێهزیستیدا بووەستایەین کە بۆچی ئەم ڕاهێنانانە پێشکەشی ئەو منداڵانە دەکەین؟ من ئەمە کارەم دەکرد و دایکانم ڕازی دەکرد کە من ئەو کارە بۆ ئەوە دەکەم کە منداڵەکانتان تووشی زیانی سێکسی و ڕۆحی نەبن. دەتوانم بڵێم ٧٠-٨٠ لە سەدیان لەگەڵ من هاوڕا بوون و

من ئەم خولانەم دەکردەوە چونکە دەمزانی دەستدرێژیی سێکسی چەندە کاریگەریی تێکدەرانەی لە سەر منداڵەکانمان هەیە. کەواتە دەڵێی دەتوانرێ کاریگەرییەکی هێندە قووڵی هەبێ کە پێشگرتنتان پێ باشتر بوو و دەستت بە ڕاهێنان کرد؟ بە ڕای من ئەگەر منداڵەکان ڕاهێنان نەبینن ڕەنگە بڵێم کەمکارییەکە لە لایەن دایک و باوکە چونکە نەزانن و تا ڕادەیەکیش خەتا لە کۆمەڵگایە. ئەگەر ئەم منداڵانە ڕاهێنانیان پێ نەکرێ و پێشگری لە ڕوودانی دەستدرێژیی سێکسی نەکرێ، دواتر چۆن خۆیان بپارێزن؟ ئەوان نازانن چۆن بەرگری لە خۆیان بکەن. بە ڕای من ئەمە گەورەترین و قووڵترین کەمایەسیی پەروەردە و ڕاهێنانی ئێمە لە ناو کۆمەڵگایە؛ کە منداڵانیان لە ڕاهێنانێکی ئاوا گرینگ بێبەش کردووە، بەڵام من بۆ ماوەی سێ ساڵە خەریکە ڕاهێنان بە منداڵان دەکەم.

بەڕێوەبەری خانەی منداڵانی (طلوع بی‌نشانها) وتی:

... یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی ڕێگریکردن لە [ئازاردانی سێکسی] ڕاهێنان لە قوتابخانەیە. من هەمیشە قوتابخانەکان بە تاوانبار دەزانم. قوتابخانە هەر ئەوە نییە، چوار وشە بیرکاری و ئەدەبیات، جوگرافیا فێری منداڵان بکەن. پێویستە هەموو لایەنەکانی قوتابی لە قوتابخانە تاوتوێ بکرێ چونکە دانگێکی ڕۆژ لە قوتابخانەیە.

لە ڕاستیدا ئەو قسانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە لە کۆمەڵگای ئێراندا میکانیزمی پێشگرتن لە ئازاردانی سێکسی لە ڕێگەی ڕاهێنانی پرسە سێکسییەکانەوە بوونی نییە. پشتگوێخستنی پرسە سێکسییەکان دەتوانێ تایبەت بێ چونکە ئێران وەک کۆمەڵگایەکی ئایینی هەمیشە لە ڕێگەی گوتاری پشتئەستوور بە تابۆبوونی بابەتی سێکسی، شەرعییەتی بە پێشکەشنەکردنی ڕاهێنانی پێشگرتن لە دەستدرێژیی سێکسی داوە. لە لایەکەوە دەتوانێ گشتی بێ، واتە تەنها ئەوە بواری پرسە سێکسییەکان نییە کە بابەتی پێشگرتن تێیدا لاوازە، بەڵکوو پێشگرتن لە بوارەکانی دیکە و پرسە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش لاوازە. ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بێ کە لە کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێران کە تاک و دامەزراوە و ڕێکخراوەکان زیاتر بە خستنە ڕووی کارەکانیان و دروستکردنی سیڤییەوە تێوەگلاون، نەک ئەوەی کە ڕوانگەیەکی کاردایان بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان هەبێ، بە بۆچوونی ئەوان تەرخانکردنی کات، وەخت و هێز لە بواری پێشگرتن کاتێکی زۆری دەوێ هەتا بەرهەم بێ، هەر بۆیە لە باری ئابوورییەوە سوودی ئەوتۆی نییە و لە ڕووی ئامرازەوە کارێکی ژیرانە نییە. لەبەر ئەم هۆکارە، بواری چارەسەرکردن زیاتر لە پێوەندی لەگەڵ پرسە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینرێ و بەو پێیەی کە هەم قازانجدار و هەم جێی گفتوگۆیە، زیاتر

لێکدانەوەی بۆ دەکرێ، هەر چەندە سەبارەت بە بواری سێکسی، بە هۆی نکۆڵی لە نەبوونی کێشە و قبوڵنەکردنی، بەداخەوە بواری چارەسەرکردن پشتگوێ خراوە. ڕێکخراوە ناحکومییەکان یەکێکی دیکە لە ئامرازەکانی ڕاهێنانی ناو کۆمەڵگان. بە هۆی نەبوونی ڕاهێنانی سیستماتیک لە ناو دامەزراوە پەروەردەییەکان لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا، ژمارەیەک ڕێکخراوی ناحکومی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خزاونەتە ناو ئەم بوارەوە و ڕاهێنان پێشکەش بە کەسانی ڕووماڵدراو دەکەن، لەوانە خێزان و منداڵ. لە هەندێک حاڵەتدا، لە کاتی ئەم ڕاهێنانانەدا، بۆیان دەردەکەوێ کە منداڵەکە دەستدرێژی کراوەتە سەری، چونکە منداڵەکە متمانەیان پێدەکا و پرسی دەستدرێژیکردنەکە ڕاپۆرت دەکات. لە وتەزای دەستنیشانکردنی دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان، ئەم بابەتە زیاتر تاوتوێ کراوە؛ بەڵام دەبێ بڵێین پانتا و کاریگەریی ڕاهێنانی ئەو ڕێکخراوانە سنووردارە و تەنیا دەتوانن بەشێکی کەمی کۆمەڵگا ڕابهێنن. لە لایەکی تریشەوە ڕەنگە ئەو کەسانەی کە لەو ڕێکخراوانەدا کار دەکەن، زانستی پێویستیان نەبێ و لەگەڵ ئەوەشدا لە لایەن حکومەت و دامەزراوەکانی دیکەوە چەندین هێڵی سوریان بۆ ڕەچاو کراوە و هەستیارییەکی زۆر لەم بوارەدا هەیە. ئەمەش تەنها ڕێکخراوە ناحکومییەکان ناگرێتەوە، کارمەندانی ڕێکخراوە پاڵپشتییەکانیش ڕووبەڕووی ئەم کێشە دەبنەوە، واتە زانیاری و لێهاتوویی پێویستیان لەم بوارەدا نییە. بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین کە هەر وەک چۆن بەربەستەکانی بەردەم ڕاهێنانی سێکسی لە کۆمەڵگای ئێراندا فرەفاکتەری و فرەڕەهەندن، کێشە و ئاستەنگەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە بابەتی ڕاهێنانی سێکسیشدا فرەفاکتەرین. یەکێک لەو فاکتەرانەی کە ڕێکخراوە ناحکومییەکان تووشی بوون، نائاشنایی و ناهۆشیاریی خەڵک لەو ڕێکخراوانە و کارداکانیانە کە ئەمەش لە نزمیی ئاستی هۆشیاریی مەدەنیی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێ کە دەبێتە هۆی ئەوەی نەبنە ئەندامی ئەو دامەزراو و ڕێکخراوانە، بە جۆرێک کە ئەوان حەشیمەتێکی کەم ڕووماڵ دەکەن و پشتگیریان لێ دەکەن. یەکێکی دیکە پێوەندییە نێوان ڕێکخراو و داموودەزگا جەماوەرییەکان لەگەڵ دامەزراوە و داموودەزگاکانی حکومی و ئەهلییەکانە کە لە سەر بنەمای پەیوەندی نییە و زیاتر لە کۆمەڵگەی ئێراندا پەیوەندییەکی لێکدژ و ڕکابەرانەی ناتەندروست و ناسازێنەریان هەیە کە ناهێڵێ کارامە بن. بەڵام نەبوونی زانیاری و لێهاتوویی پێویست لە بواری پرسە سێکسییەکان لە لایەن ئەو هێزە مرۆییانەی کە لەم ڕێکخراوانە و ڕێکخراوەکانی دیکە کە لەم بوارەدا کار دەکەن، ئەوەمان بۆ دەردەخا کە لەم ڕێکخراوانەدا پرۆسەی دامەزراندنی

هێزی مرۆیی، بە پێی شیاوسالاری نییە کە ئەمەش وای کردووە کە ڕێکار و هەڵبژاردن و کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردنیان لاواز بێ کە ئەم لاوازییە ناهێڵێ لەم بوارەدا کاریگەریی ئەوتۆیان هەبێت. دامەزرێنەر و سەرۆکی کۆمەڵەی ئایدزی ئێران وتی:

... سەبارەت بە منداڵانی کار و منداڵئازاری و پەیوەندیی سێکسی زۆر کەیسم لە بەر دەستدا بوو و لەو بوارانەدا لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و بێهزیستی کارم کردووە. بەڵام ئەوانەی لەم بوارەدان و خەریکی چالاکین، ئەم ڕاهێنانانەیان نەبینیوە، یان تەنانەت ئەگەر هەر ڕاهێنانێکیشیان بینیبێ، بە شێوەیەکی دروست مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا ناکەن.



چارتی ژمارە ٣-١٤. دابەشکردنی وەڵامدەرەکان بە پێی ئەزموونی ملهوڕی لە لایەن هاوپۆلەکانەوە



چارتی ژمارە ٣-١٥. دابەشکردنی وەڵامدەرەکان بە پێی ئەزموونی یاریی پزیشک و دەرزی لێدان لەگەڵ منداڵانی گەورەتر لە خۆیان

لە پاڵ پرسی ڕاهێنان، پرسێکی گرنگی دیکە پشتیوانی لە قوربانیانە. شیکارییەکی وردتر بۆ ئەم بابەتە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیە کە بچێتە ناو دامەزراوە پشتیوانییەکان و

لێکۆڵینەوە لە سەر پرسەکە بکات. لە توێژینەوەکانی مالجۆدا بەشێک لەم بابەتە لێکۆڵینەوەی لە سەر کراوە (بڕوانە مالجو، ١٣٨٩ هەتاوی). بەر لە هەر شتێک دەبێ بڵێین لە ڕووی یاساییەوە ئێمە هێشتا لەم بوارەدا کێشەی جددیمان هەیە و یاساکان جگە لەوەی لێکدژن و زۆر جار قوربانییەکە بە تاوانبار دەزانن و سزای دەدەن. ئەم بابەتە لە باسی یاسادا زیاتر تیشک خراوەتە سەر. خاتوونی یاریدەدەری کۆمەڵایەتی لە ناوەندی پشتیوانی لە ژنان لەم بارەوە ڕایگەیاند:

سەیر بکەن، مەخابن کە لە یاسادا، هەرگیز ناتوانرێ دەستدرێژیی سێکسی بسەلمێنرێ، بەتایبەت دەستدرێژیی سێکسییەک کە لە لایەن مەحارمەوە بێت. خۆ ئێمە زۆر باش ئاشنای بابەتەکە هەین و لە یاسادا ئەم پێناسە هەیە کە کەسی دەستدرێژیکار سزای لە سێدارەدانی بە سەردا سەپێنراوە، بەڵام ئەوەندە ڕوونکاری هەیە و یان وەک خۆمان دەڵێین ئەوەندە ڕێدەرەتان هەیە کە لەم سزایە ڕزگار بن. با نموونەیەکتان بۆ بهێنمەوە بۆ ئەوەی خۆتان باشتر تێبگەن. ئێمە کچێکی پۆلی شەشەمی سەرەتاییمان دەناسی کە لە لایەن باوکیەوە دەستدرێژی کرابووە سەر و تەنانەت ئەم منداڵە لە باوکی خۆی زکی پڕ بوو و ئەم منداڵە لەدایک بوو و پشکنینی DNA ی بۆ کرا و وڵامەکەی پۆزەتیڤ بوو و دەرکەوت ئەم کۆرپەلە ئەنجامی ئەم دەستدرێژییەیە بەڵام لە دانیشتنی دادگادا بڕیاریان لە سەر ئەوە دا کە لێکچوونی DNA بەڵگەی دەستدرێژی نییە. سەلمێنەری دخوولی تەواو نییە و باوکە دەستدرێژارەکە بە بێتاوان دەرچوو، ئەو باوکە ٩٠ قامچی لێدرا و دیپۆرت کراوە بۆ وڵاتەکەی خۆی.

دامەزرێنەر و سەرۆکی کۆمەڵەی ئایدز بەشێک لەم بابەتەی بە باشی شرۆڤە کردووە:

لە وڵاتی خۆماندا و بەداخەوە لەو شوێنانەی کە ڕاهێنانی تێدا نەکراوە ئێمە بە چاوی پێشگیری سەیری ئەم بابەتە ناکەین. ئێمە لە بنی هێڵەکەدا دانیشتووین و ئەم قوربانیانە تاوتوێ دەکەین بە بێ ئەوەی بۆ ڕێگریکردن لەم ڕووداوانە هیچ دەستێوەردانێک بکەین. لە وڵاتی ئێمەدا بەداخەوە بۆ ئەم بابەتە یاسای توندوتۆڵ و ڕێگرمان نییە و لەم حاڵەتانەدا خودی قوربانییەکان، واتە ئەو کەسانەی دەستدرێژی دەکرێتە سەریان، وەک تاوانبار سەیر دەکرێن و ئەمەش وایان لێدەکا لە زۆر حاڵەتدا بەسەرهاتی دەستدرێژییەکەیان نەگێڕنەوە. هەندێ وردبینی هەیە کە ئێمە بە هیچ شێوەیەک نایزانین، نەک ئەوەی

نەزانین، بەڵام من دەزانم و ئێوەش دەزانن، بەڵام ئەم دیاردە لە وڵاتی ئێمەدا ڕووبەڕووی هەڵسوکەوتی خراپ و وەڵامدانەوەی خراپ دەبێتەوە.

کاتێک منداڵێک دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەر، پێویستە دامەزراوە پاڵپشتەکان بە شێوازی جیاواز پشتگیری لێ بکەن. خۆشبەختانە لە ماوەی یەک دوو دەیەی ڕابردوودا، ئیمکانیات زۆر فراوان بوون. لەم زەمینەدا دەتوانین ئاماژە بە فراوانبوونی ناوەندەکانی فریاکەوتنی کۆمەڵایەتی بکەین کە لەو شارانەدا هەیە کە زیاتر لە ٥٠ هەزار کەسی دانیشتوو لە خۆ دەگرێت. یەکێک لە بابەتە دەستێوەردانی ئەم ناوەندانە بواری منداڵان و منداڵئازارییە؛ بەڵام سەرەڕای فراوانکردنی ئیمکاناتەکان، هێشتا ئێمە ڕووبەڕووی ئاستەنگی جددی دەبینەوە کە یەکێک لەوانە نەبوونی دەستێوەردان و پشتیوانیی کاریگەر لە ناوەندەکانی قەیرانە. منداڵی ئەو خێزانانەی کە لە قەیراندان پێویستیان بە دەستێوەردان و پشتیوانییە چونکە بناغە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی خانەوادە بە جۆرێکە کە تەنها ڕاهێنان لەم خێزانەدا بەرهەمی ئەوتۆی نییە، بەڵکوو دەزگا حکومییە بەرپرسەکانی لەم بوارەدا دەبێ ئەرکی خۆیان ڕابپەڕێنن کە ئەوانیش هێشتا نەیانتوانیوە بە باشی ئەو پاڵپشتییانە دابین بکەن، هەڵبەت ئەمە بەو مانا نییە کە کاربەدەستان و یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتیی ئەم ڕێکخراو و تەنانەت ڕێکخراوە جەماوەرییەکانیش هەوڵ نادەن، چونکە لە تێکۆشانەکانیاندا تەنانەت زیاتر لە ئەرکەکانیان ئیش دەکەن، بەڵام بەو پێیەی کە بازنەی ئەم بابەتە زۆرە و ئاستەنگ و کۆسپی بەر دەمیان زۆرە، دەستێوەردانەکانیان زۆر وەڵامدەرە نین. بە واتایەکی تر مەسەلەی پێکهاتەیی لە ئارادان کە وای کردووە کە کاردای یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتی و هێزە مرۆییە دڵسۆزەکان وەک چالاکانی کۆمەڵایەتی لە بابەتی ئازاردانی سێکسیدا کارەگەر و کارامە نەبن. لە ناو ئەو پرسە پێکهاتەییانەدا یەکێکیان ئەوەیە کە ڕاهێنان و هۆشیارکردنەوە بە شێوەی هەمەلایەنە و تەکووز و سیستماتیک بوونی نییە و ئەوی دیکەیان نەبوونی دامەزراوەی پشتیوانییە کە بتوانێ لەم بوارەدا بەهێز و هاریکارانە ئیش بکەن. ڕاهێنان بە تەنهایی و کارکردی دامەزراوەیی بە تەنها ناتوانێ ئەم پرسە لە کۆمەڵگای ئێراندا هەموار بکاتەوە و هەروەها ئەم دوو فاکتەرە جیا لە چارەسەرکردنی کێشە پێکهاتەیی و ئاست کەڵانەکان کە فاکتەری زەمینەییەکان لە خۆ دەگرن، جێبەجێ ناکرێن و کارامەییان نییە.

شیما سەتاری، پسپۆڕی دەروونناس و چارەسەرکاری منداڵان، سەبارەت بە ئەزموونی کارکردنی خۆی لە گەڕەکی ٩ پەروەردە و ڕاهێنان وتوویەتی:

لە بیرمە ساڵی ١٣٩٤ هەتاوی بوو کە چەندین حاڵەتی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان ڕەوانەی ژوورەکەم لە پەروەردە و ڕاهێنان کرا. کاتێک بە جێگرایەتیی سەرۆکی پەروەردەم وت و بۆ پشتیوانی لەو منداڵانە داوای ڕاوێژم لێ کرد، بەڕێزیان لێم گرژ بوو و بە توندی پێیان وتم کە ئەو جۆرە حاڵەتانە هیچ پەیوەندییان بە ئێمەوە نییە و دەبێ داوای کۆمەک و هاوکاری لە فریاکەوتنی کۆمەڵایەتیی خودی خانەوادەی منداڵ یان دایکی بکەن ئێمە بۆمان نییە هیچ چەشنە دەستوەردان یان پشتیوانییەک بکەین. تەنانەت جەنابت وەک دەروونناسی ئەم ناوەندە ئیزنی ڕاپۆرتکردن بۆ ١٢٣ نییە.

ئەو قسانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە چۆن نکۆڵی لە ناو دامەزراوەی قوتابخانە شانبەشانی دامەزراوەی بنەماڵە و میدیاکان بووەتە هۆی شاردنەوەی کێشەکە و بەدوادانەچوون و نابەرپرسیارێتی و دیترهاوێژیی ناوەندە بەرپرسیارەکان و کەسانی بەرپرسیاری ئەم بوارە. لە نەبوونی ڕاهێنانی سێکسی بۆ منداڵان و کۆمەڵگا بە شێوەی سیستماتیک زەمینە بۆ دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان زۆر بە باشی تەیار دەبێ، چونکە بەشێکی زۆری کۆمەڵگا تێگەیشتن و وێنایەکی دروستیان سەبارەت بە دەستدرێژیی سێکسی و نموونە و لێکەوتەکانی نییە، هەروەها منداڵان توانای پێویستیان بۆ چاودێریکردنی خۆیان نییە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دەستدرێژیکاران کەلکاوەژۆییان لێ بکەن و ئەوان نەتوانن ئاگاداری خۆیان بن. بە هۆی نەبوونی ڕاهێنانە سێکسییەکان خێزانەکانیش زۆر باش لەگەڵ ئەم بابەتە ئاشنا نین و بە هۆی قێزەونی یان تابۆبوونی بابەتەکە و ناهۆشیارییەوە منداڵەکانیان ڕاناهێنن و پرسیارەکانیان بێوەڵام دەهێڵنەوە یان وەڵامی هەڵەیان پێدەدەنەوە. هەروەها نەبوونی یاریدەدەری کۆمەڵایەتی و ڕاوێژکار لە ناو قوتابخانەکان یان لانیکەم لە هەموو ناوچەکانی پەروەردە و ڕاهێنان بۆ دەستنیشانکردنی منداڵە دەستدرێژیکراوەکان و هەروەها پشتیوانی لەم منداڵانە لە کاتی دەستدرێژی لە لایەن خێزانەوە کێشەکە دوو ئەوەندە گەورەتر دەکاتەوە. لە کۆمەڵگای ئێراندا بە پارەبوونی سیستەمی پەروەردە و ڕاهێنان، هەم کاردا سەرەکییەکانی پەراوێز خران و هەم ئەوەی کە پەیوەندیی نێوان قوتابخانە و بنەماڵە بە بەراورد لەگەڵ پێشوو گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە. بە جۆرێک خانەوادە وەک مشتەری لەقەڵەم دەدرا کە دەبێ بە هەر چۆنێک بێ سەرنجی ڕابکێشرێ و کاردا پەروەردەییەکانی قوتابخانە بە بێ گوێدانە بنەماڵە و بە بێ دەستێوەردانی ئەو ئیتر ئامانجی یەکەم نییە و پێویستی بە ڕەزامەندیی بنەماڵەیە، تەنانەت ئەگەر ئەم خێزانە نائاگا و ناهۆشیار بن و لە لایەکی دیکەوە پەیوەندیی نێوان خێزان و

قوتابخانە تەنیا ڕەمزی و بۆ لەکۆڵخۆکردنەوەیە کە لێک پساوە. ڕاوێژکاران لە قوتابخانەکاندا زیاتر وەک کارگێڕی ڕاکێشانی خێزان و قوتابخانە وەک مشتەری دەور دەبینن نەک ئەوەی کە لە بابەتە جیاوازەکان لەوانەش ڕاهێنانی پرسە سێکسییەکان ڕۆڵی ئاگادارکردنەوەیان هەبێ و بە هۆی ئەم ڕۆڵەی ئەوانەوە متمانە و پەیوەندییان لەگەڵ خوێندکاران تەنیا لە قازانج و بەرژەوەندیی قوتابخانەدا تەسک دەبێتەوە. هەموو ئەمانە وا لە منداڵەکە دەکەن کە لە بەرامبەر دەستدرێژیی سێکسیدا نەتوانێ بەرگری لە خۆی بکا و ئەگەر دەستدرێژی کرایە سەری بە تۆڕە پشتیوانییەکانی خۆی ڕابگەیێنێت. لە درێژەدا ئەنجامەکان بە ڕوونی دەریانخستووە کە زۆرێک لە منداڵان ڕوودانی دەستدرێژییە سێکسییەکان ڕاناگەیێنن یان تەنها کاتێک ڕایدەگەیێنن کە ڕاهێنانیان بینیبێ یان تۆڕی پشتیوانیی متمانەپێکراو و ئەمنیان هەبێت.

- هۆکاری تاکەکەسی

تایبەتمەندیی دەستدرێژیکارانی سێکسی

بۆچی هەندێک کەس دەست بۆ کارلێکی نائەخلاقانەی وەکوو ئازاردانی منداڵان دەبەن؟ ئەوان چ تایبەتمەندییەکیان هەیە؟ سەر بە کام پێگە و گروپی کۆمەڵایەتین؟ زۆرێک لە لێکۆڵینەوە و تیۆرییەکان هەوڵیان داوە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە. هەرچەندە بەڵگە ئەزموونییەکانی ئەم توێژینەوە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی سەرەوە سنووردارە، بەڵام هەوڵ دەدرێ لە بەر ڕۆشنایی توێژینەوە و تیۆرییەکانی ئەم بوارە وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارانەی سەرەوە بدۆزرێتەوە تەنانەت ئەگەر وڵامێکی تەواویش نەبێ و هاوشێوەی کۆمەڵێک پێشگریمانە بێت. پێویستە بڵێین کە وەڵامی وردتر، پێویستی بە دیمانە و کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر کەسانی دەستدرێژیکارە.

یەکێک لە توێژینەوەکانی ئەم بوارە لە لایەن گرۆینا و هاوکارانی (٢٠١٨) ئەنجام دراوە. ناونیشانی توێژینەوەکەیان بریتییە لە تایبەتمەندییە کلینیکییەکانی پەیوەست بە پێدۆفیلیا و منداڵئازاریی سێکسی: جیاکردنەوەی یەکەمایەتیی سێکسی لە دۆخی تاوان. دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوە دەریدەخا کە ئەو نەخۆشییانەی کە پەیوەست بە تایبەتمەندییە دەروونپزیشکییەکان، تێکچوونی سێکسی و ئەزموونە خراپەکانی تافی منداڵین لە ناو پێدۆفیلیاکان و ئەنجامدەرانی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان زیاتر

لە گروپی کۆنترۆڵ بوو. هەروەها دەرەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەنجامدەرانی دەستدرێژیی سێکسی و کەسانی ئاسایی لە ڕووی تەمەن و ئاستی زیرەکی و ئاستی خوێندن و ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسی لە تەمەنی منداڵیدا جیاوازییان هەبوو، لە حاڵێکدا کەسانی پێدۆفیلیا و ناپێدۆفیلیا لە ڕووی تایبەتمەندییە سێکسییەکانی وەکوو لادانی سێکسی و دەستپێکردن و ئاستی چالاکیی سێکسی جیاواز بوون. توێژینەوەی دواتر هی کرۆگێرِ و هاوکارانی لە ساڵی (٢٠١٩)ە. ناونیشانی ئەم توێژینەوە بریتییە لە: "ئەنجامدەرانی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان" گۆڕانکاری پێش لەدایکبوون و ئێپیژنەتیکی لە سیستەمی ئەندرۆژن[1] نیشان دەدەن. دۆزینەوەکانی ئەم توێژینەوە دەریدەخەن کە جگە لە پێباشییە سێکسییەکان، تاوانبارانی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان نیشانەکانی زیادبوونی ئەندرۆژنیان لە کاتی دووگیانیدا بە بەراورد لەگەڵ منداڵان و کەسانی کۆنترۆڵکاری ناتاوانبار/تاوانبار نیشان داوە. هەروەها دۆخی میتیلاسیۆنی ژێنی وەرگری ئەندرۆژن لە ناو تاوانبارانی سێکسی بۆ سەر منداڵان بەرزتر بووە کە پیشاندەری کارکردی کەمتری سیستەمی تێستۆسترۆن، لەگەڵ ئاستی نزمی تێستۆسترۆنی ژینگەییە. جگە لەوە: کاریگەرییەکی دوولایەنە لە سەر ئاستی میتیلاسیۆنی نێوان دۆخی تاوان و کارکردی وەرگری ئەندرۆژن لە ئارادا بووە.

توێژینەوەیەکی دیکە لە لایەن تۆرنێر و ڕێتێنبێرگێر (٢٠٢٠) لە ژێر ناوی کارکردی دەروونی - عەسەبی لە ناو دەستدرێژیکارانی سێکسی بۆ سەر منداڵان: پێداچوونەوەیەکی سیستماتیکە. بە پێی باوەڕی توێژەران، تێکچوونی کارکردی عەسەبی – دەروونی لە پاژە سەرەکییەکانی مۆدێلی هۆکارناسیی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵانە. ئەنجامەکان دەریدەخەن کە زۆربەی بەڵگەکان سەبارەت بەو گریمانەیە کە منداڵئازارانی سێکسی بە بەراورد لەگەڵ کەسانی تەندروست لە ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردن و کارکردی زارەکیدا نوقسانیان زیاترە. هەروەها لە کاتی بەراوردکردنی دەستدرێژیکارانی سێکسی بۆ سەر منداڵان (منداڵئازارانی سێکسی) لەگەڵ کەسانی تەندروستدا هیچ جیاوازییەکی بەرچاو نەدۆزراوەتەوە. تەنیا ئەنجامەکانی یەکێک لە توێژینەوەکان دەریدەخا کە دەستدرێژیکارانی پێدۆفیلیا بە بەراورد لەگەڵ دەستدرێژیکارانی سێکسی ناپێدۆفیلیا توانای دەرهەست و پلاندانانیان باشترە. تێکچوونی کارکردی جێبەجێکردن دەتوانێ

---

١ - کۆمەڵێک هۆرمۆنی سێکسی کە تایبەتمەندیی پیاوانە بە پیاوان دەبەخشێت. وەرگێڕ.

کێشەی خۆڕێکخستنی لێ بکەوێتەوە هەر بۆیە ئەگەری ئازاردانی سێکسی زیاد دەکات. ئەنجامەکانی پێداچوونەوەی ئەم توێژینەوە نیشان دەدا کە پۆلێنبەندی دەستدرێژیکارانی منداڵان لە سەر ئەنگێزەکانیان بۆ ئەنجامدانی دەستدرێژی، ڕەنگە بۆ چارەسەرکردنی هەندێک لە ناتەباییە ئەزموونییەکان یارمەتیدەر بێت. بە گشتی، ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکانی سەرەوە جەخت لە سەر گرنگیی ڕۆڵی هۆکارە دەروونی و زیندەوەرناسییەکانی ناو ئازاردەرەکان دەکاتەوە و کەمتر سەرنجیان پرژاندۆتە سەر ڕۆڵی دیاریکەرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی وەکوو توێژ و ڕەگەزێتی. هەروەها مالجۆ لە توێژینەوەکانیدا جەختی لە سەر ڕۆڵی بێبەشیی سێکسی کردەوە و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی دەریخست کە دەستدرێژیکاران لە ژیانیاندا تووشی بێبەشیی سێکسی بوون (مالجو، ١٣٨٩ هەتاوی).

ئەو کەسانەی کە دەستدرێژیی سێکسییان لێ دەوەشێتەوە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ئەم کارە ناکەن کۆمەڵێک تایبەتمەندییان هەیە و ڕەنگە کارەکەیان لە یەک بەستێندا ڕوو بدات. لە بەشی دووەمدا ژمارەیەکی زۆر لە تایبەتمەندییەکانی کەسانی دەستدرێژیکار بە پێی تیۆری و سەرچاوەکان تاوتوێ کران. گرنگترینیان بریتی بوون لە بەهرە بۆماوەییەکان، تێکچوونی باری کەسایەتی، کەمیی خۆکۆنترۆڵکردن، خۆشەیدای، بەکارهێنانی کحۆل و مادە هۆشبەرەکان، خەیاڵاتی سێکسیی ناچاری، ڕوانگە و بیروباوەڕی پشتیوانی توندوتیژیی سێکسی، پێباشبوونی پەیوەندیی سێکسیی ناتایبەتی، دوژمنایەتی بەرامبەر بە ژنان، پێشینەی دەستدرێژیی سێکسی لە تافی منداڵی، شایەتحاڵی توندوتیژیی سێکسی، بەرگەگرتنی کەم لە هەمبەر شکست، کێشەی کۆنترۆڵکردنی تورەیی، کەموکوڕی لە توانای پەیوەندیسازکردن و هاوسۆزی لەگەڵ ئەندامانی خێزان، پێدۆفیلیا یان منداڵبازی، هەبوونی هۆگریی دژەکۆمەڵایەتی، سنووری، دەروونپەرێشی و پارانۆییدی، ئیمپاڵسیڤی سێکسی، تەنیایی و کلیشەییبوونی ڕۆڵە سێکسییەکان. لە ناو دیمانەکاندا کۆمەڵێک تایبەتمەندیی دەستدرێژیکارانمان دۆزییەوە، کە بریتین لە: ئالوودەبوون و خواردنەوەی کحۆلەکان، کێشەی تێکچوونی باری دەروونی، کێشەی سێکسی، پێدۆفیلیا، ملهوڕی و شەڕانگێزی و ئازاردانی کەسانی دیکە لە بوارەکانی دیکەدا؛ بەڵام بەر لە لێکدانەوەی ئەم تایبەتمەندییانە، پێویستە پێداچوونەوە بە یەکێک لە تیۆرییە پێشەنگەکانی بواری ڕوونکردنەوەی کارلێکەکانی تاوانکاریدا بکەین.

پێویسته بڵێین تیۆریی کارلێکی بارودۆخی ویکسترۆم یەکێک لە تیۆرییە سەرنجڕاکێشەکانی ڕوونکردنەوەی ڕەفتارگەلی وەکوو منداڵئازاریی سێکسییە. کارلێک/کردەوەی منداڵئازاریی سێکسی تاوانە و لە تیۆریی کارلێکی تاواندا، "لە بنەڕەتدا کردەوەی پێشێلکردنی یاسا ئەخلاقییەکانە. یاسا ئەخلاقییەکان کە ئەنجامدانی (و ئەنجامنەدان) ئەوەی شتەی دروست یان هەڵەیە دیاری دەکەن " (ویکسترۆم، ٢٠٠٦: ٣٢؛ جەختکردنەوە لە سەر ئەسڵ). پێناسەکردنی تاوان وەک پێشێلکردنی یاسا ئەخلاقییەکان یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەم پێناسەیە و دەستدرێژیی سێکسی و منداڵئازاریی سێکسی یەکێک لە کارە ناپەسەندە ئەخلاقییەکانە. ناوبراو بۆ ڕوونکردنەوەی کردارە پێشێلکەرەکانی واتە کرداری تاوانکاری زۆر مۆدێل پێشکەش دەکا کە یەکێکیان بەم شێوەیە:



وێنەی ٣-٣. هۆکار و پرۆسە سەرەکی - بارودۆخییەکان لە هۆکارێتیی تاواندا بە پێی تیۆریی کارلێکی بارودۆخی (ویکسترۆم و تریبێر، ٢٠١٦: ١٢٣٦)

بە پێی ئەو مۆدێلەی سەرەوە، مرۆڤەکان دەوروژێن و وەسوەسە دەبن کە دەستدرێژیی سێکسی ئەنجام بدەن، بەڵام ئەگەر چوارچێوەی ئەخلاقیی گووراویان هەبێ، ئەوا ئازاردانی سێکسی لە لای ئەوان بژاردەیەکی بەدیل نییە، بەڵام ئەگەر ئەو چوارچێوانەیان نەبێ، ئەوا ئازاردانی سێکسی دەتوانێ بەدیلێک بێت. ئەوان سەرەتا لەوانەیە لە سەر بنەمای خوو و خدە، دەستدرێژیی سێکسی ئەنجام بدەن. بە واتایەکی تر دەستدرێژیی سێکسی لە پرۆسەیەکدا بۆیان دەبێتە خوو. لە ناو دیمانەکاندا حاڵەتی جۆراوجۆرمان هەیە

کە کۆمەڵێک لە منداڵان بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە لایەن یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەیانەوە دەستدرێژیی سێکسیان کراوەتە سەر و کردەوەی دەستدرێژی بۆ ئەوان ببوو بە کارلێکی خوو و خدەیی.

خاتوو ب کە لە لایەن خاڵۆیەوە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەر، لەم بارەوە دەڵێ: باشە لەو کاتەدا جگەرەی دەکێشا و بۆنی جگەرەی لێ دەهات، دایکم گومانی لێ کردبوو و لێپێچینەوەی لێ دەکرد، پێم وا دواتر بۆم دەرکەوت کە ئەویش لەو کاتەدا تلیاکیشی دەکێشا، بەڵام باشم لە بیرمە دایکم هەر گیری پێ دەدا، بۆچی بۆنی جگەرەت لێ دێت؟ دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک و لەم کارانەی لەگەڵ چەند کەس لە خزمان ئەنجام دابوو هەر بە دەوری خوشکەزا و برازاکانیدا دەهات، گەواد. من خاڵۆم نەخۆشە، بە نەخۆش لە قەڵەمی بدەن. چ نەخۆشییەک؟ نەخۆشی مەبەستم ئەوەیە کە پاتۆڵ پیسە؛ تەماح لە هەموو کەس دەکا، تەماح لە مەحارمەکانی خۆشی دەکا پیسە ئیتر، پیسبوون نەخۆشییە. هەروەها ئەو گێڕانەوەی سەرەوە ئەوەمان پیشان دەدا کە بۆ خاڵۆی خاتوو ب، دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر خەڵک و مەحارم بووەتە کارلێکێکی بەدیل لە جۆری خوو و خدە. لە مۆدێلی سەرەوەدا، بژاردەیەکی دیکە لە کاتی ئازاردانی سێکسی وەک بەدیل ئەو کاتەیە کە دەستدرێژییەکە نەبووبێتە کارلێکی خووخدەیی، بۆ نموونە کاتێک دەستدرێژیکارەکە بۆ یەکەم جار دەورووژێ و وەسوەسە دەبێ کە دەستدرێژی ئەنجام بدا، بۆ ئەو دەستدرێژی بەدیلە و بەر لەوەی دەستدرێژی ئەنجام بدا بیری لێ دەکاتەوە. لەم حاڵەتەدا دوو شت ڕوو دەدات. ئەگەر ئەو توانای خۆکۆنترۆڵی هەبێ، خۆی لە ئەنجامدانی دەستدرێژی بەدوور دەگرێ، بەڵام ئەگەر ئەم توانایەی نەبوو، ئەوا ئەو کارە دەکات. خۆکۆنترۆڵکردن تایبەتمەندییەکی دەروونییە کە زیاتر وا گریمانە دەکرێ کە کەسانی دەستدرێژیکار ئاستی ئەم تایبەتمەندییەیان کەم بێت. بەڵام لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کەسانی دەستدرێژیکار، دەتوانین ئاوا شرۆڤەی بکەین کە دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان وەک کارلێکێکی چالاکە کە وەکوو هەر کارلێکێکی تر ڕەهەندی لێکدانەوەیی هەیە. بە واتایەکی تر ئەم کارلێکە لە ئەنجامی بارودۆخێکدا ڕوو دەدا کە تێیدا کەسی دەستدرێژیکار لێکدانەوەیەکی بۆ ئەو دۆخە هەیە کە وەک کارلێکێک دەبێتە هۆی ئازاردانی سێکسی. کەواتە، کارلێک لێکدانەوەی سووژەیی بۆ واقیعێکی ئۆبژەییە، کە لە بەریەککەوتنی ئۆبژە لەگەڵ سووژەدا بەرساز دەبێت. دەستدرێژیی سێکسی وەک کارلێک، وامان لێ دەکا کە ئەو بارودۆخە ئۆبژەییە کە

دەستدرێژیکاری تێدا بووە بناسین و هەروەها بەرەو ناسینی بەرسازبوونی زەین یان هەمان ڕەهەندی سووژەیەتیی دەستدرێژیکار کە کارتێکراوی ئەو ئۆبژێتییەیە پەلکێشمان دەکات. تایبەتمەندیی سووژەیی، هەمان خۆکۆنترۆڵکردنی کەمە کە لە سەر بنەمای بارودۆخە ئۆبژەییەکان کە هەمان تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو توێژ، ڕەگەز، ئەزموونی ژیاو و ...ـی کەسی دەستدرێژیکارە، بەرساز بووە کە بە تەرکیز خستنە سەری ئەم تایبەتمەندییانە دەتوانین وەدەستی بهێنین. دەستدرێژیی سێکسی لە پۆلێنبەندیی کارلێکەکاندا دەتوانین لەو کارلێکانەدا بگونجێنین کە پەیوەست بە ئامانج و کارلێکی سۆزداریيە چونکە هەمیشە لە ژێر کاریگەریی هەستی دەستدرێژیکاردا ڕوو دەدا و ئامانجێکی هەیە، بەم ئاراستە، ڕەهەندە خوویيەکەی ناهێڵێ لایەن و ڕەهەندەکانی ببینرێ و شرۆڤە بکرێت. بۆ نموونە ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسی لە تافی منداڵیی دەستدرێژیکار یان ئەزموونی بینینی توندوتیژیی سێکسی لە ئەزموونی ژیاوی هەڕەتی منداڵیی کەسی دەستدرێژیکاردا (ئۆبژێتیی کۆمەڵایەتی)، وەها زەینی ئەوی بەرساز کردووە (سووژێتیی کۆمەڵایەتی)، کە لە تەمەنی گەورەساڵیدا کاتێک لە دۆخێکی ئۆبژەیی (ئۆبژێتیی کۆمەڵایەتی) بێ کە بە هەر شێوەیەک وەبیرهێنەرەوەی ئەو ئەزموونە بێ (سووژێتیی کۆمەڵایەتی) وەک کارلێکێک (وەک بەریەککەوتنی ئۆبژێتیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ سووژێتیی کۆمەڵایەتی) دەست دەکا بە ئازاردان و لەبەر ئەوەی ئەم کارلێکە لە سەر بنەمای ئەو دۆخە ئۆبژەییە وەبیرهێنەرەوە، دووبارە دەبێتەوە وەک کارلێکێکی خووخدەیی لە قەڵەم دەدرێت. لە کاتێکدا کە ڕەهەندی خووخدەیی وەها کارلێکێک نابێ لە چاودێریکردنی ئەم پرۆسە بمانگێڕێتەوە و چالاکبوون یان زیرەکانەبوونی وەها کارلێکێک پەراوێز بخات. ئەنجامی دیمانەکانیش دەریانخست کە دەستدرێژیکاران کۆمەڵێک تایبەتمەندی دیکەیان هەیە. پێدۆفیلیا یەکێک لەوانەیە. پێدۆفیلیا نانۆڕمییە و بریتیە لە مەیلی سێکسی بەرامبەر بە منداڵانی خوار تەمەنی ١٣ ساڵ لە ماوەیەکی زەمەنیی لانیکەم ٦ مانگ. هەر لەو زەمینەشدا چالاکوانی بواری منداڵان سەبارەت بە یەکێک لە دایکە دەستدرێژیکارەکان وتی:

بە باوەش و دەمی منداڵەکە کاری سێکسی کراوە، چونکە کۆمی منداڵی دوو ساڵان بچووکە، واتە لە هەر شوێنێک بۆی مومکین بوایە. زارەکی و ئەمانە [...]. ئەمڕۆ ڕۆژێک بوو کە تیمێک لە دەروونناسان و دەروونپزیشکان هاتبوونە ئێرە هاتبوون بۆ ئەوەی میوانمان بن. منداڵەکان بزۆزی و سەمایان دەکرد [ناوی کوڕ] هێنایە دەرەوە. ئەو دڵەڕاوکێی بوو،

هیچ حاڵی باش نییە، دەبێ بیهێنی، ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە ڕوانگەی ئێمەوە زۆر ئاساییە منداڵی دایکێکە نەخۆشی پێدۆفیلیای هەیە.

پیاوێکی خوێندکارێکی تەمەن ٢٦ ساڵ وتی:

من دان بەوەدا دەنێم کە کچۆڵەکان سەرنجم ڕادەکێشن، منداڵەکان نا بەڵکوو مێرمنداڵەکان زیاتر. خۆشیان بڕێ قوون بە گێچەڵن و شکور ئەوە ماشاڵا بە پێی یاسا دەتوانی کچانی ١٣ و ١٤ ساڵانیش بخوازیت. ئێستا، ناڵێم منداڵبازم، بەڵام ئەوسا کە مێرمنداڵ بووم و تەنانەت ئێستاش کە گەنجیشم کچۆڵە تازە پێگەیشتووەکان سەرنجم ڕادەکێشن نە گەورەترەکان. لە میوانییەکاندا تەنوورەی کورتیان لەبەردایە و ئیتر لێیان ڕادەمێنم. بە خوا بە قەستی سەیری ئەوانی دیکە دەکەم دەبینم ئەوانیش سەیریان دەکەن. نازانم چیمە بەڵام چەند جارێک حەزم کرد بچمە لای دکتۆر، بەڵام لە ڕووم هەڵنەدەهات و دەترسام. باشە بچم چی بڵێم، من پێدۆفیلیا بووم و ئاوا بیر دەکەمەوە.

دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری کۆمەڵەی ئایدزی ئێران وتی:

ڕۆژێک لە بنکەی پۆلیس کارێکم هەبوو، و لەوێ پزیشکی دەروونناسی بنکەی پۆلیس منی ناسی و کەیسێکی بۆ باس کردم کە زۆر بە لامەوە سەیر بوو، کە باوکەکە پێدۆفیلیایە و بەردەوام لەگەڵ کوڕە تەمەن ٦ ساڵان و ٩ ساڵانەکەیدا سێکسی کردووە.

بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان و خواردنەوە کحۆلییەکان یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی کەسانی دەستدرێژیکارە. هەڵبەت ئیدعای ئەوە ناکرێ کە بەکارهێنانیان لە هەموو حاڵەتەکاندا دەبێتە هۆی ئازاردانی سێکسی و ڕەنگە زۆر کەس هەبن کە ئالوودەی مادە هۆشبەرەکان و خواردنەوە کحۆلییەکانن و دستدرێژیی سێکسیشیان لێ ناوەشێتەوە. ڕەنگە باشتر وا بێ بڵێین دەستدرێژیی سێکسی و بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان و خواردەوە کحۆلییەکان کۆمەڵێک تایبەتمەندیی ڕەفتاریی ژمارەیەک لە دەستدرێژیکارانی سێکسییە کە لە هۆکاری بنەڕەتیی قووڵترەوە سەرچاوە دەگرن، هۆکارگەلی وەکوو تایبەتمەندیی ئەخلاقیی نەگووراو، توانای کەمی خۆکۆنترۆڵکردن، بەئەزموونکردنی بێبەشییەکان و فشارەکان. هەڵبەت وەک لە بەشی دووەمدا باس کراوە، بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان و بە تایبەت خواردنەوە کحۆلییەکان دەتوانێ لە ڕوودانی دەستدرێژیدا ڕۆڵی هەبێت. بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر و کحولییەکان هۆکارێکە کە دەتوانێ لەگەڵ هۆکارەکانی دیکە و بە شێوەی لێکەوتەیی ببێتە هۆی دەستدرێژیی سێکسی. خودی ئالوودەبوون ڕەگ و ڕیشەی لە نەخۆشیگەلی

وەکوو خەمۆکیدایە. کەواتە کەسێک کە بەکارهێنەرە، بە هۆی کێشە دەروونییەکان کە لە فاکتەرە زەمینەییەکان و بەستێنە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری ژینگەییکانەوە سەرچاوە دەگرن، ئەگەری هەیە کە وەها کارلێکێک واتە ئازاردانی سێکسی ئەنجام بدا و مەرج نییە کە بەکارهێنەر نەبێتە ئازاردەری سێکسی، بەڵام بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان و خواردنەوە کحولییەکان دەتوانێ لە پاڵ ئەو فاکتەرە زەمینەییانەی کە ڕەگیان لە پێکهاتەی دەروونی و کەسایەتیی کەسەکەدا هەیە، ئەگەری دەستدرێژیی سێکسی زۆر بکات. لەم بارەوە خاتوو کەنعانی تەمەن ٣٩ ساڵ وتی:

براکەم سەرخۆش بوو، هەمیشە من نانی نیوەڕۆم لێدەنا. من تەنوورە و تاپم لەبەر بوو. ئەوساش زۆر وردیلە بووم. کەس ماڵەوە نەبوو. چەند کرێچییەکمان هەبوو، کە ئەوانیش لە ماڵەوە نەبوون. نەنکیشم لە ماڵەوە نەبوو. بەخت ئەو ڕۆژە یارم نەبوو و هەموو شتێک دەستیان دابووە دەستی یەکتر. لەو وەختەدا چارەکە کاتژمێرێک گەورەترین ئازاری ویژدانی دنیا هەموو گیانی تەنیم. ئایا پەیوەندییە سێکسییەکە بە تەواوی ئەنجام درا؟ نا نا نا، ئیتر نەگەیشتە ئەو ڕادە. ئەوەندە دەستم لێ بدا و ڕووتم بکاتەوە و بە پەنجەی پەردەی کچێتیم هەڵدرێنێ و ئەوەندە سەرخۆش بوو نەبێتەوە، بووراوە. کە وەهۆش خۆی هاتەوە بۆم گێڕاوە، بە هیچ لەونێ باوەڕی نەدەکرد دەیوت گەوجە گەوج دەکات.

لە گێڕانەوەی خاتوو کەنعانیدا ڕوونە کە خواردنەوەی خواردنەوە کحولییەکان لە لایەن براکەیەوە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لە دەستدرێژیی سێکسیدا هەبووە. خاتوو نووری مامۆستا سەبارەت بە یەکێک لە قوتابییەکانی وتی:

[...] بچووک و سپی و چاوی گەورەی هەیە، زۆر ژیکەڵە و جوانە. هەرگیز پێی خۆش نەبوو ئەمە بگێڕێتەوە، بەسەرهاتێکی دوور و درێژ ڕووی دا کە ئیتر لە بەر ئەوە گێڕایەوە. ئەم بەندەی خوا خاڵۆیەکی سەڵتی بووە کە ئالوودە بوو. ئەمە لە ژوورەکەدا خەوتبوو و لەناکاو دەبینێ ئەوە یەکێکە خەریکە نەوازشی دەکا، هەر کە دەیهەوێ بڵێ خاڵۆ ئەوە چی بووە توند دەمی دەگرێت. دەمی دەگرێ و پەلاماری دەدا و خۆی پێ دەحەسێنێتەوە بەڵام وا نا کە کچێتییەکەی لە دەست دابێت.

خاتوونی یارمەتیدەری کۆمەڵایەتی باس لە یەکێک بینراوەکانی خۆی دەڵێ:

حاڵەتێک هەبوو کە لەگەڵ بەڕێز عولەمایی بەدواداچوونمان بۆ کرد و چووین و باوکەکە ئالوودە بوو، دایکیشی بە بۆچوونی من هەندێک کێشەی دەروونی هەبوو، ئەم کچە تەواو لەگەڵ باوکی خۆی پەیوەندیی سێکسی هەبوو.

خاتوو دەروونناس لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە "ئایا هەلتان بۆ ڕەخسا کە دیدار لەگەڵ (دەستدرێژیکار) بکەن شرۆڤەیەکی لێ وەربگرن؟ وتوویەتی:
جارێک دووجار بەڵێ، جارێک لەگەڵ کەسێک بوو کە بەم دواییە لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا پەیوەندییەکی سێکسی لەگەڵ کەسێک ساز کردووە. و بۆ نموونە، کاتژمێر ٢:٠٠ی بەیانی وڕینەی دەکرد، عارەقخۆر بوو، لە باری دەروونییەوە ئاسایی نەبوو، جگەرەی دەکێشا، تەمەنی لە ناو ٢١ ساڵ بوو. ئایا ڕاوێژەکانتان هیچ کاریگەری لە سەر دانا؟ بەداخەوە بە هیچ شێوەیەک هاوکاریمانی نەدەکرد، لە دانیشتنێکدا بینیم هەر ئەوەندەم توانی کە پێی بڵێم، بەڵام هۆشی بە خۆیەوە نەبوو و سەرخۆش بوو.

لەو حاڵەتەی لە سەرەوە کە گێرایانەوە، ئالوودەبوون و ناهاوسەنگیی دەروونی تایبەتمەندیی کەسانی دەستدرێژیکارە. هەر بۆیە هەبوونی ئاڵۆزیی دەروونی و پشێویی باری کەسایەتی وەکوو کەسایەتیی دژەکۆمەڵایەتی دەتوانێ تایبەتمەندییەکی دیکەی کەسانی دەستدرێژیکار بێت. بەو پێیەی کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و کاتێکیش کە بە هۆی کۆمەڵێ هۆکارەوە ناتوانێ پەیوەندییەکی بونیادنەر لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتیی خۆیدا دروست بکا کە هەڵبەت سەرچاوەی ئاستەنگەکانی بەر دەم ئەم پەیوەندییە سازێنەر و بونیادنەرە هەمان ژیانی کۆمەڵایەتی و بناغەکانی لە ناو کۆمەڵگادایە، ڕوو لە گۆشەگیری و تەنیایی دەکا و بەم شێوە کەسایەتییە دژەکۆمەڵایەتییەکان دروست دەبن. دەستدرێژیی سێکسی جیا لەوەی بە ڕوانگەیەکی ئەخلاقییەوە سەیر دەکرێ، شێوازێک بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ جیهانی زیندوو بۆ ئەو دەستدرێژیکارەیە کە کەسایەتییەکی دژە کۆمەڵایەتی هەیە و ژیانە کۆمەڵایەتییەکەی ڕێگەی پێ نەداوە بە شێوەیەکی بونیادنەرانە و لە ڕێگەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە هاوسەنگەکانەوە پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی دابینکردن دابین بکا و بەدی بهێنێت.

دکتۆر حەسەنی ئەبهەریان دکتۆرای عەسەبی دەروونناسی و مامۆستای زانکۆ زۆر بە تێروتەسەلی باسی لە جۆرە جیاوازەکانی دەستدرێژیکاران و هەندێ تایبەتمەندیی گرینگیان کردووە:

... ئێمە ئەمانە بە شێوەیەکی سەیر و باوەڕپێنەکراو دەبینین کە ئێستا مەسەلە لە زەڕبرا و ئەمانە ئەولاتر چوو ئێمە مام و خاڵۆ زۆر دەبینین تەنانەت باوک و باپیریش دەبینین، بەڵام

ئەمانە کەسانێکن کە کێشەی دەروونییان هەیە و ئالوودە بە مادەی هۆشبەرن. کەسێکم نەبینیوە کە کێشەی نەبێ و ئەم کارە بکات. مێردی پوور و زاواش کە هەموویان کەسانی متمانەپێکراوی خانەوادەن، لە لایەن ئەوانیشەوە ڕوو دەدات.

لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا دەڵێ:

ئەوەی ئێمە دووراودوور لێکۆڵینەوەمان لە سەر کردووە، لە ڕاستیدا ئەوە نییە بڵێین دەستدرێژی، ڕاستە دەستدرێژیکارن بەڵام ناتوانین بڵێین تاوانبارن چونکە خۆشیان نەخۆشن و زۆرێکیان کێشەی دەروونیان هەیە ئەوە ئەم نەخۆشییەیە کە بۆ ئەم کارە دنەیان دەدا بەڵام پاساوی نییە. هەر کەسێک هەوڵی بۆ نەدا ئەوە تاوانبارە بەڵام کێشەکە هەر وا ئاسان نییە؛ کە بڵێین بە پلانێکی پێشوەختە هاتوون هەر لەبەر ئەوەی پیاو بووە یان ناهاوڕەگەز چونکە تەنها پیاو بووە یان ناهاوڕەگەزخواز یان گەورەساڵ بووە، ئەمە هەمیشە بیرێکی نەخۆش و ئاڵۆزە، دەتوانین بڵێین زۆربەیان کێشەی سێکسییان هەیە و هەیانە. ئەوان نەخۆشی سێکسین ئەگەر نەخۆشییەکی تریان نەبێ کە هەیانە؛ بۆ نموونە دەڵێن ئەم تاوانبارە بگرین و کۆتایی پێ بێنن، بەڵام بەداخەوە ئەوەندە ئاسان نییە. زۆرێک لە دەستدرێژیکارەکان خۆیان لە منداڵیدا بوونەتە قوربانی دەستدرێژیی سێکسی، ئەمە زۆر باو و ئاساییە و پرسەکە ئاڵۆزتر دەکات.

باوکی شۆفێرێکی تاکسی تەمەن ٣٥ ساڵ دەڵێ:

بە پێی پێناسەکانی ئەمڕۆ، من لە منداڵیدا دەستدرێژی کراوەتە سەرم و دەستدرێژیم کردۆتە سەر خەڵک یان نازانم ئەم نازناوانە ڕاستن یان نا. من دەستم لێ درا و کەڵکاوەژۆییم لێ دەکرا و منیش هەر ئەو کارەم لەگەڵ منداڵانی دیکەدا کرد، ئێستا کە گەورەتر بووم، دەبێ دان بەوەدا بنێم کە ئەمە هەمیشە وەک گرێیەک لە سەر دڵ و دەروونم ماوەتەوە. تۆخودا ئەوەی دەیڵێم با بە ناو خۆمەوە نەبێ بەڵام دان بەوەدا بنێم کە ئێستا منداڵەکەم لە ئامێز دەگرم و لە باوەشمدایە، بێ ئەوەی خۆم بمهەوێ بیرم بەرەو شتێکی سێکسی دەچێت. بۆ نموونە دەستم دەست لە پشت و سمتی دەکەوێ لەناکاو دەستم وەک ئەوەی تەزووی کارەبا گرتبێتی لێی دەگەڕێتەوە کە نەکا حەشەری دەبم. دەترسم حەشەرم بم یان نازانم چیمە ڕەنگە ئێوە باشتر بزانن. یان دێ و لە سەر قاچەکانم دادەنیشێ و لە کیرم دەدا، یەکسەر لە باوەشمی دوور دەخەمەوە و ئەمەش بۆ هەر دووکمان سەیرە. من زۆر دەترسم و جنێو و تف و لەحنەت لە خۆم دەکەم کە گەواد کابرا تەماح لە منداڵی خۆی دەکا و یان ئەوەی کە منداڵانی دیکە دەبنیم چاوپۆشییان لێ

دەکەم کە نەکا خوا بەو ڕۆژ نەکا ئیشتیام بۆیان بچێ. نازانم چیمە؟ ئایا ئەمە هەر ئەو شتانە و ترسەکانی سەردەمی منداڵی نییە؟

لە دوو گێڕانەوەی سەرەوەدا بە باشی ئاماژەی بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی کەسانی دەستدرێژیکار و ئەزموونەکانیان و شێوازی دەستدرێژییان کراوە. هەبوونی تێکچوون و ئاڵۆزیی دەروونی یەکێک لەو تایبەتمەندییانەیە. تایبەتمەندییەکی دیکە ئەوەیە کە دەستدرێژیکارەکان یان هەندێکیان لە منداڵیدا بە جۆرێک لە جۆرەکان قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی بوون و ئەم ڕەوتە لە ناویاندا بەردەوامە. لەبارەی ئەو کەسە دەستدرێژیکارانەی کە لە منداڵیدا دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەریان و ئەزموونی دەستدرێژییان هەبووە، دەتوانین بڵێین دەستدرێژیکردن وەک کارلێکی قەرەبووکردنەوە یان میکانیزمی قەرەبووکردنەوە وایە کە ئەوان کەڵکی لێ وەردەگرن. دەستدرێژی بە پرۆسەیەک دادەنرێ کە بە شێوەیەکی سەقەت لە کەسی ئازاردراوەوە لە دۆخێکدا و هەمان کەس وەک دەستدرێژیکار لە دۆخێکی دیکەدا و بە شێوەی جیاواز درێژ دەبێتەوە. هەروەها ئەدەبیاتی ئەم بوارە نیشان دەدا کە ئەزموونی دەستدرێژی لە تافی منداڵیدا دەتوانێ کاریگەریی لە سەر دەستدرێژییەکانی دواتر دابنێت. حالەتێکی دیکە کە ئاماژەی پێ دەکا سەبارەت بە شێوازی کرداری دەستدرێژییە بە جۆرێک کە کردەی ئازاردانی سێکسی لە زۆر حاڵەتدا پلانی پێشوەختەیان بۆ دانەنراوە بەڵکوو ڕوو دەدات. لەم زەمینەدا دەبێ بڵێین بە گوێرەی تیۆریی چالاکیی ڕۆژانە ئەوەی کە چۆن کارێکی تاوانبارانە ڕوو دەدا پێویستی بە یەکگرتنی سێ توخم هەیە: تاوانباری ورووژاو، ئامانجی بەردەست و نەبوونی پارێزەرێکی بەتوانا. ئەم یەکگرتنە لە کات و شوێندا ڕوو دەدا (کوهن و فیلسون، ١٩٧٩). بۆ نموونە منداڵێک کە بە تەنیایە یان منداڵێک کە بۆ ڕاگرتنی بە کەسانی دیکە سپێردراوە ئەگەری ئەوەی کە ببێتە قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی زیاترە. لە کۆتاییدا دکتۆر ئەبهەریان ئاماژە بە خاڵێکی سەرنجڕاکێش دەکا و ئەویش ئەوەیە کە هەبوونی ئاڵۆزی بەو مانا نییە کە ئێمە پاکانە بۆ کارەکانیان بکەین و بەرپرسیارێتیی ئەخلاقیی کارەکە لە کۆڵ کەسانی دەستدرێژیکار بکەینەوە، ئەوان پێویستیان بە چارەسەرە و نابێ لە کۆمەڵگا بەڕەڵا بکرێن و کەسانی دیکە ئازار بدەن. لە بواری ئاڵۆزیی دەروونیی دەستدرێژیکار یان ئازاردەردا، خانمێکی تەمەن ٥٠ ساڵ کە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بواری وێنەکێشیدا هەیە دەڵێ:

پاشان زەڕبراکەم (نیوە براکەم) کە ژنی هێنا بوو، ژنەکەی زۆر خراپ بوو، ئێستاش لە نەخۆشخانەی نەخۆشییە دەروونییەکانە، ئیرەیی دەبرد و چووزانم خراپ بوو، یەکەم جار ئەو پەیوەندی لەگەڵم ساز کرد، پەردەی کچێتیمی هەڵدڕی، دواتر کە بۆم دەرکەوت چوومە لای پزیشک.

خاتوو ڕ، ماجستەری باڵای یاریدەدەریی کۆمەڵایەتی، وەک یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هەندێ لە دەستدرێژیکاران باسی ملهوڕی کرد:

برام لە هەموویان پتر دیوە و زۆر جاریش دایکەکە دەزانێ و مشووری لێ ناخوا چونکە تابۆیە ئەگەر باسی دەستدرێژی لە ماڵ دەربچێت. هەندێ جار خەرجی ماڵەوە دەکێشێ بۆیە هیچ کاریان پێ نییە. براکە ملهوڕ و زۆرداره و ئەمان دەرەقەتی نایەن و ناتوانن ڕێگری لە دەستدرێژی بۆ سەر منداڵە چەوساوەکە بکەن. زۆر جار کچەکە خۆی لە کەسانی تر دەشارێتەوە.

هەڵبەت دەسەڵاتخوازی و ملهوڕبوونی کەسی دەستدرێژیکار وەک یەکێک لە سیفەتەکانی کەسایەتییەکەی، دەبێ بە پێی هەلومەرجی شی بکرێتەوە، چونکە ئەم کەسە جاران دەستدرێژیکراو و ئێستا دەستدرێژیکارە. وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، بەو پێیەی کە ئەم کەسانە لە ئەزموونی ژیاویاندا دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەریان، کەواتە لە بارودۆخێکی دیکە و پێشتر واتە لە هەڕەتی منداڵیدا وەک دەستدرێژیکراوێک چەوساوەتەوە. وەک ئێریک فرۆم دەڵێ، هەر تاکێکی دەستدرێژیکار لە دۆخێکی دیکەدا دستدرێژی کراوەتە سەری و بە پێچەوانەوە، بە جۆرێک ئەم پرۆسە بە پێی ئەو بەستێن و زەمینە کۆمەڵایەتییەی کە ئەم کەسە تێیدا بووە، بەردەوام بووە. ئەگەر زەمینەی کۆمەڵایەتی دەسەڵاتخواز بێ یان نیشانەی دەسەڵاتخوازی هەبێ، ئەوا کەسەکە لە بەرامبەریدا زاڵ دەبێ، و هەر ئەم کەسە ئەگەر لە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتیی دیکە و لە دۆخێکی دیکەدا بێ کە باڵادەستی تێدا بێ، ئەوا کەسەکە لە ئاستیدا تەسلیم دەبێ و کۆڵ دەدات. ئەم ئاراستە و ڕەوتە دەستدرێژیکار و پرسی ئازاردانی سێکسیش دەگرێتەوە. سەمانە تەمەن ٣٥ ساڵ کە لە لایەن خاڵۆیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر، هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی خاڵۆی ئاوا باس دەکات:

تەمەنم لە ناو شەش ساڵ و نیودا بوو و زۆرێک لە کچانی خزم و کەس ئەم دەستلێدانەیان لە لایەن ئەوەوە بەئەزموون کردبوو. هەر وا بێتەوە کەمێک سەرسەختتر و لاسارتر و کەمێک ترسنۆکتر بووم، چونکە باوکم نیڤیشکان و کەمئەندام بوو. خاڵۆم دەیتوانی بە دڵی خۆی

هەموو شتێکم لەگەڵدا بکات. دایکم زۆر عەیبەی پێ عەیب بوو. دایکم هەمیشە بۆڵەی دەهات با بڵێین هەمووان لێی دەترسان، کاتێک مێرمنداڵ بوو زۆر شەڕانگێز بوو. خاڵۆم دەستی لێ دەداین کە بینیم لەگەڵ منداڵەکانی دیکەش هەر وایە و ئەوان هیچ دەنگیان نەدەکرد و پێم وابوو نابێ هیچ بڵێم، ئەو لە تەمەنی شەش ساڵییەوە دەستی لێدەدام، بەڵام لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە، دایکم دەچوو بۆ هەر کوێ چونکە من لە ماڵەوە نەدەچوومە دەرەوە، منی لە ماڵی باپیرم دادەنا و خاڵۆم لەوێ بوو و باپیرم دوکانێکی هەبوو، ئەوا تۆزێک قورسە ئەو شتە بڵێم چونکە هێشتا ئەم کەسە دەبینم و قەڵس دەبم. ئەیچی ئەرێوەڵا لەگەڵ پوورزاکەم (خوشکەزای دایکم) دەمیانبردە ناو ئەو دوکانە.

خاڵۆم بە منداڵی زۆر جوان و ژیکەڵە و خوێن شیرین بووە. نازانم لە منداڵیدا چی بە سەر هاتووە، ڕەنگە خۆشی دەستدرێژی کرابێتە سەر چونکە لە پڕ ئاوا شەڕانگێزە بوو لە تەمەنێکی دیاریکراوەوە وای لێ هات. دایکم دەڵێ لە تەمەنێکەوە ئاوای لێ هات جاران وا نەبوو. ئێستا وای لێ هاتووە من ڕقم لێیە و بووەتە کەسێکی ئایینپەروەریش هەر وەرە سەیری. کابرا لێ دەترسێت. لە بەر چی لێی دەترسن؟ کە نەکا شتێک لە خۆی و لە خەڵک بکات. خاڵۆم لە هەموو شتێک دەترسێت. ئێستا سەڵتە یان هاوسەرداره؟ مارەی کرد هەڵوەشاوە ناتوانێ هاوسەرگیری بکا سۆز و خۆشەویستی لە ناخیدا نییە. ئەوەی کە نەنکم لەگەڵی دەژی ئەوەندەی دیکە ئازاری دەدا، خۆ ناتوانی بۆ دەقەیەکیش لەگەڵی هەڵبکەی زۆر کۆنترۆلچییە، وەک یاری خاڵۆم کۆنترۆڵ دەکا ئێستا بخەوە ئێستا بخۆ. ئەمانە ئازاری دەدات.

بەندەی خودا هۆشی بە خۆیەوە نییە. دەرمانەکانی ناخوا و پێم خۆش نییە بێنە ماڵمان بەڵام خۆ ناتوانم بە دایکم بڵێم با دایک و براکەت نەیەنە ئێرە. وەختێکیش کە دێنە ماڵمان یان لە دەرەوەم یان درەنگ دەچمەوە یان دەڵێم کارم هەیە و دەچم دەخەوم. بەڵام ئەو شەوە دایکم وتی دەرمانەکانی ناخوا و بۆی نیگەرانین و پزیشکەکەی وتوویەتی نابێ دەرمانەکانی لێ ببڕێت، پێم وت بۆ ناخۆیت؟ پێت وایە لەوە باشتر دەبیت؟ یان گەرەکتە بچیتەوە سەر بەزمەکەی جاران؟ کە پێم وت چاوی لێم کرد و دەرمانەکەی خوارد. دایکم وتی چیت پێ وت؟ وتم، خۆی دەزانێ چیم پێ وت، وا دیارە هەر من لێی ناترسم و ئەنێشی لێ ناکەم. دوای ئەوەی دەستم کرد بە وتنی ئەم قسە پێم وت کە کاتی خۆی چی کردووە و چی بە سەرم هێناوە، زۆر گریا و داوای لێبوردنیشی کرد و چەند جار بینیم و قسەم لەگەڵ کرد. ئێستا دەبینم کە هیچ باری دەروونی باش نییە. خوا چووە بە گژیدا چووە،

چیم لە دەست دێت؟ تاکە شتێک کە دەتوانم بیکەم ئەوەیە کە لێی خۆش بم، نەخۆشە ئیتر.

لەگێڕانەوەکانی سەرەوەدا ئاماژە بە شەڕانگێزیی کەسێکی دەستدرێژیکار کرا، وەک کارلێکێک وایە کە لە هەستی ناخی کەسی دەستدرێژیکارەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە سەر بنەمای ئاراستەی کۆمەڵناسیی هەستەکان، ڕیشەی ئەو هەستانە لەو بارودۆخ و زەمینەدایە کە کەسەکە تێیدا ژیاوە. کاتێک تاکەکان لە دۆخێکی نالەباردان، هەندێ نارەزامەندی بەئەزموون دەکەن کە ئەم نارازیبوونە هەستی نەرێنی و تێکدەرانەیان تێدا دروست دەکا و بە دوایدا توڕەیی و شەڕانگێزی وەک کارلێکێک لەواندا دەردەکەوێت. وەک باس کرا، خاڵوی وەک کەسێکی دەستدرێژیکار بەردەوام لە لایەن دایکیەوە کۆنترۆڵ و چاودێری کراوە بە جۆرێک کە کەسایەتییەکی سەربەخۆ و ئازاد و سەربەستی نەبووە. بەشێک لەم هەستە توڕەییە کە لە شێوەی کارلێکی شەڕانگێزانەدا خۆی دەنوێنێ، هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەم نەبوونی ئازادی و ئەو کۆنترۆڵە زۆرەی کە لە لایەنی ئەویتری کە هەمان دایکە. بە واتایەکی دیکە هەندێ هەلومەرج و زەمینە دەبینین کە توانیویانە توڕەیی و کارلێکی شەڕانگێزانە لە دەستدرێژیکاردا دروست بکەن کە یەکێک لە دەرکەوتەکانی دەستدرێژیی سێکسی بووە. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە هەر ئەم کەسە لە پەیوەندییەکدا لەگەڵ دایکی و ئەوانی دیکەدا کۆڵدەر و ترسنۆکە و لە پێوەندی لەگەڵ ئازاردراوەکان (یان دەستدرێژیکراوان) کە خوشکەزاکەی خۆیەتی، باڵادەست و چەوسێنەرە. ئەم حاڵەتە تیۆریی ئێریک فرۆم لە کتێبی "ڕاکردن لە ئازادی"دا پشتڕاست دەکاتەوە. شایانی باسە کە هەستی ترس و توڕەیی لە هەستە بەهێزەکانی کەسانی دەستدرێژیکارە و هەڵبەت لە هەمان کاتدا هەستی لێکدژی ئەویتری بەئەزموون دەکا وەکوو هەستکردن بە خاوەندارێتی، کۆنترۆڵکردن، شەرم، گوناح و تاوان و هتد. هەڵبەت کەسانی دەستدرێژیکار زیاتر بۆشایی سۆزداری و سەرنجپێدانیان هەیە و هەروەها دژەکۆمەڵایەتیبوون و گۆشەگیری لە ناویاندا یەکجار زۆرە. سەمانە باس لە هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی خاڵوی پێش و پاش ڕووداوی دەستدرێژی دەکات. سەرەتا بەر لە هەموو شتێک دەبێ بڵێین ئەوە تەنیا سەمانە نەبوو کە قوربانیی دەستدرێژیی سێکسیی خاڵوی بووە، بەڵکوو خاڵوی پەلاماری کچانی دیکەشی دابوو. بۆیە کارەکەی کارێکی بەڕێکەوت نەبووە و پێدەچێ ئازاردانی کەسانی دیکە کاری هەمیشەیی بێت. شەڕانگێزی تایبەتمەندیی دووەمی بووە. لە بنەڕەتەوە کەسانی شەڕانگێز توانای خۆکۆنترۆڵکردن و

خۆڕێکخستنیان کەمە و لە هیچ کردەوەیەکی مەترسیدار و زیانبەخش سڵ ناکەنەوە. هەڵبەت لە حاڵەتی ئازاردانی سێکسیدا زیانەکە ئاراستەی قوربانییەکە دەکرێت. پێدەچێ شەڕانگێزبوونی خاڵۆی سەمانە دوای تەمەنێک و ڕووداوێک ڕووی داوە. ئەگەری زۆرە کە ئەویش دەستدرێژیی سێکسی کرابێتە سەر و بە جۆرێک، بەئەزموونکردنی دەستدرێژیی سێکسی لە کاتی نەبوونی چارەسەرێکی کاریگەر، کاریگەری لە سەر دەستدرێژیکاربوونی داناوە. حاڵەتێکی دواتر ئەوەیە کە خاڵۆی سەمانە لە هەستی ئەرێنی وەکوو سۆز و خۆشەویستی بێبەری بووە و ئەمە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو کەسانەیە کە کەسایەتیی دژە کۆمەڵایەتییان هەیە. ئەوەی کە دواتر بۆتە دەروونگەرا و کەسایەتییەکی ئایین‌پەروەری لێ دەرچووە و دواجار هیچ دەسەڵاتێکی نییە، پیشاندەری زنجیرە پشێوی و ئاڵۆزییەکە کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی وردترە.

ئەزموونی دیکە کە نیشاندەری هەست و تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی کەسانی دەستدرێژیکار و ئازاردەرن و لە سەرەوە باسمان کرد و لێرەدا دەیخەینە ڕوو:

کارمەندێکی پیاوی تەمەن ٤٥ ساڵ وتی:

ئای خوایە کە وەبیری دەکەومەوە خەریکە دڵم بتۆقێ و ڕەنگە بۆ ئەویش هەر ئەمە بێ چونکە مێرمنداڵ بوو دواتر بووبێتە ئازارێکی گەورەی ویژدان. نازانم، بەڵام کە دێتەوە یادم دڵم توند دەبێ و لێی ڕا دەکەم، ئێستاش زۆر قورسە بۆ ئەوەی ئەمەتان بۆ بنووسم. هەرچییەک بوو، خۆش نەبوو و بۆ ئەویش کە ئێستا کەسێکی دینپەروەرە، ڕەنگە زۆر گوناحبارانە بێت. ئەوەندە ترساوم کە ئێستا ناهێڵم منداڵەکانم پێکەوە بخەون چونکە دەڵێم ئەگەری ئەو جۆرە بەریەککەوتنانە زۆرە و زۆرم لەو بارەوە بیستووە کە تەنها من نەبووم کە ئەم پەندەم بە سەر هاتووە.

پیاوێکی خانەنشینکراوی تەمەن ٣٥ ساڵ دەڵێ:

هەر جارێک وەبیرم دێتەوە تف و جنێو بە خۆم دەدەم و دەڵێم "ئەی خوایە گیان چۆن دەمتوانی لە کاتی یارییەکەدا تەماح لە برا بچووکەکەم بکەم؟ ڕاستە هەر دووکمان منداڵ بووین، ڕەنگە من تەمەنم لە ناو ٨ یان ٩ ساڵان بوو، بەڵام گەورەتر بووم. چاکم لە بیرە ئەندامی نێرینەم هەستا و لە کاتی یاریدا هەر بە پانتۆڵەوە سووکم پێوە دەنا. ئێستا سەیری منداڵەکانم و منداڵی خەڵک دەکەم و دەیخوێنمەوە، دەزانم ئەمە بەشێک لە کونجکۆڵی سێکسی بوو، بەڵام بۆچی من دەبا کونجکۆڵ بام کە ئێستا بۆتە بەڵای گیانم؟ دوای دوو ساڵیش لە ناکاو، لە ناو گەرماودا پێم وا دەستم لێدا یان داوام لێکرد کە دەستم لێ بدا و

دوای ئەوەش سوپاس بۆ خوا نازانم چی ڕووی دا، بەڵام ئیتر دووبارە نەبووەوە. ماوەیەکی زۆر ئازاری ویژدانم هەبوو.

خاوەن چێشتخانەیەکی تەمەن ٤٢ ساڵ وتی:

من چەند جار سێکسم لەگەڵ کچەکەمدا کردووە، دەزانم کەرم پاتاڵم بۆ مردن باشم. بەڵام خۆم بە خاوەنی دەزانم ئەویش دەڵێ تۆ هی منیت. هەندێک جار ئەوەندە هەست بە تاوانباری و زەخت و فشار دەکەم کە لە خۆم دەدەم یان گاز لە خۆم دەگرم بەڵام هەر دەچمە لای. ئێستا چۆنتان پێ خۆشە قەزاوەتم بکەن بەڵام ئەگەر بژاردەیەکم هەبوایە، بە مەولا عەلی توخنی نەدەکەوتم.

پیاوێکی تەمەن ٤٩ ساڵ وتی:

زۆر ئازار دەچێژم، هەرچەندە ئێستا باشتر و ئاسوودەترم. بۆ نەهامەتیش خۆ ناتوانم چاو لە ناو چاوی بکەم. شەرمی لێ دەکەم بارتەقا کاکەشانەکان. بە خوا ئێمە دەبێ بمانخەنە ناو تیزاب و بمانتوێننەوە و بمانتۆپێنن.

هەستی شەرم و لۆمەکردن و ئازاری ویژدان، ترس و خاوەندارێتی و هەستی گوناح، هەندێک لەو هەستە سەرەکییانەن کە دەستدرێژیکارانی سێکسی لە ئاخافتنەکانیاندا بە کۆی دەنگ ئاماژەیان پێکردووە.

تایبەتمەندیی کەسانی دەستدرێژیکراو

یەک بە یەکی منداڵان لە بەر دەم مەترسیی دەستدرێژیی سێکسیدان؛ بەڵام ئەگەری ئەوەی کە هەندێک منداڵ کە هەندێک تایبەتمەندییان هەیە زیاتر لە منداڵانی تر ببنە قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی، ئەو منداڵانەی کە لە ناو خێزاندا بە توندوتیژی و تەمبێ و سزاکردنەوە پەروەردە کراون. دایک و باوک دەبێ کات بۆ منداڵەکانیان تەرخان بکەن بۆ ئەوەی بە ئارامی و خۆشەویستی و بەڵام ڕژدانە گوێ لە هەڵەکانیان بگرن. بەداخەوە زۆرێک لە قوربانیانی دەستدرێژیی سێکسی و توندوتیژی سێکسی منداڵانێکن کە سزای جەستەیی و لێدانیان بەئەزموون کردووە و بە توندوتیژی و ڕەفتاری توندا‌ژۆیانە ڕاهاتوون. پەروەردەی تێکەڵ بە توندوتیژی زیان بە متمانەبەخۆبوونی منداڵ دەگەیێنێت؛ ئەو منداڵانەی کە ئاستی متمانە بە خۆییان کەمە، دەبنە نێچیری کەسانی دەستدرێژیکار (ستاری و خوشنویس: ١٣٩٨ هەتاوی).

لە وتەزاکانی پێشوودا ئەوە ڕوون کراوە کە لە ناو خانەوادە بێسەروسامانەکان، خێزانە قەیراناوییەکان (ناکۆکی و ململانێی نێوان هاوسەرەکان هەندێک جار دەبێتە هۆی پشتگوێخستنی منداڵ)، و هەژار و ئەو خێزانانەی کە لە گەڕەک و ناوچە بێبەشەکاندا دەژین؛ ئەگەری بوونە قوربانیی دەستدرێژی لە ناویاندا زیاترە. ئەم تایبەتمەندییانە بەگشتی تایبەتمەندیی پێکهاتەیین. لە بەشی دووەمدا هەندێک لە فاکتەرەکانی ئاستی تاکەکەسی کە بوونیان ئەگەری "بوونە قوربانیی ئازاردانی سێکسی" زیاد دەکەن؛ چاوی پێدا خشێنرا، بریتین لەم حاڵەتانەی خوارەوە: ئەو منداڵانەی کە ئەنجامی دووگیانیی نەخوازراون، ئەو منداڵانەی کە لە ئەنجامی پەیوەندییە نائاساییەکان لەدایک بوون، منداڵانی بیرکۆڵ، منداڵانی کەمئەندامی جەستەیی و زەینی کە جگە لەوەی ئاستی زیرەکییان کەمتر لە ئاستی ئاساییە، لە ڕەفتارە سازشی و خۆڕێکخستنەکانیشدا کێشەیان هەیە و لە چارەسەرکردنی کێشە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها ناسینی یاسا باڵادەستەکانی کۆمەڵگا و هەبوونی توانای خۆپاراستن تووشی کێشەی زۆر دەبن، منداڵانی بیرکۆڵ، ئەو منداڵانەی کە دەستدرێژییەکە ڕاپۆرت ناکەن و ئەو منداڵانەی کە بە هۆی کێشەی ئابووری و کاری دوو دانگەی هەم دایک و هەم باوک زۆر جار لە ماڵەوە بە تەنیا دەمێننەوە، منداڵانی خێزانە پڕحەشیمەت یان لە بارودۆخی تایبەت، منداڵانی تاوانبار یان ئەو منداڵانەی کە لە نزیک لە کەسانی تاوانبار دەژین.



چارتی ژمارە ٣-١٧: دابەشکردنی فرەیی وڵامدەران بە پێی تەمەن

لەم توێژینەوەدا کۆمەڵێک تایبەتمەندیی کەسانی دەستدرێژیکراومان دۆزییەوە، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان زیاتر کەسانی دەستدرێژیکراوی بەرەوڕووی مەترسیی دەستدرێژی و بەردەوامبوونی کردبۆوە. ئەم تایبەتمەندییانە بریتین لە: کەمئەندامبوونی (نڤیشکان) منداڵ لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە، کەمیی ئاستی زیرەکی، جیاوازی لە ئەندامە جەستەییەکان، جوانی و قەشەنگی، هێمنبوون و نەتوانین لە نارەزایەتی دەربڕین، جوانبوون و جیاوازبوون لە فەرهەنگی ناوچەکە، منداڵی کۆچبەر، منداڵێکی ئالوودە بە مادەی هۆشبەر، فرەچالاکی و ملهوڕی. سەلماندنی ئەوەی کە منداڵانی خاوەن ئەم تایبەتمەندییانە زیاتر ئەگەری دەستدرێژیکراوی یان ئازاربینراوییان لە سەرە؛ پێویستی بە لێکدانەوە و توێژینەوەی زێدەترە و ئەوەی لێرەدا دەخرێتە ڕوو گریمانەی پشتڕاستنەکراوەیە. خستنە ڕووی ئەم تایبەتمەندییانە بەو مانا نییە کە منداڵانی ئاسایی دەستدرێژی ناکرێتە سەریان، بەڵکوو تەنیا ئەو گریمانە دێتە ئاراوە کە ئەم دەستە منداڵانە زیاتر تووشی دەستدرێژی دەبنەوە. لە منداڵانی ئاساییدا ئەوەی تایبەتمەندییە کەسایەتی و کۆمەڵایەتییەکانیان دیاری دەکا، لە ژێر کاریگەریی شێوازەکانی منداڵپەروەردەکردن و کۆمەڵگاگرییان بووە کە ڕێخۆشکەری "کەوتنە بەر ئازار"یان بووە؛ بە جۆرێک کە لە شێوازی منداڵپەروەراندنی گرفتار و بەڕەڵاکراو، خانەوادە لە پێکهاتە و کارداکانیدا هاوسەنگ نییە و هەروەها لە کۆمەڵگاگرییاندا بە باشی کاری نەکردووە. بەگشتی ئەو منداڵانەی کە سیفەتی کەسایەتییان ناکارامەیە ناکارامەیی وەکوو کەمیی متمانە بە خۆیی، خۆبەکەمزان، هەستی نەرێنی وەکوو تووڕەیی، ترس، ... گەشە دەکەن کە ئەمە ڕێگە بۆ بەئەزموونکردنی ئازار لە لایەن کەسانی دیکە بەتایبەت کەسانی نزیکی خۆیان خۆش دەکا و وایان لێ دەکا کە نەتوانن کاردانەوەیەکی گونجاویان بۆ ڕێگری کردن لەم دەستدرێژی و ئازارە هەبێت.

لە ناو ئەم تایبەتمەندییانەدا دوو خاڵی بەرجەستە دەردەکەوێ کە بریتییە لە: یەکەمیان نەبوونی توانای بەرگری کردن لە خۆیان و نەبوونی توانای ڕاگەیاندنی دەستدرێژی و دووەمیان جیاوازبوونی ئەم گرووپە لە منداڵانی دیکە. ئەو منداڵانەی کە بە هەر هۆکارێک وەکوو کەمئەندامیی جەستەیی و زەینی ناتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن، دەبنە نێچیری کەسانی دەستدرێژیکار.

بە ئەگەری زۆر ئەم تاقمە دەستدرێژیکارە چوارچێوەی ئەخلاقیی گووراویان نییە و لە ڕووی کەسایەتییەوە بە هۆی کێشە گەورەکانەوە دەناڵێنن کە هەر ئەمەش وا دەکا کە زیان بەم کۆمەڵە منداڵە دەگەیێنن. هەروەها لە هەندێک حاڵەتدا جیاوازبوونی منداڵێک، ئەو منداڵە دەخاتە بەر دەم مەترسیی دەستدرێژی. بۆ نموونە کاتێک منداڵێک لە کۆمەڵگایەکەوە دەچێتە ناو کۆمەڵگایەکی دیکەوە، بە ئەگەری زۆر بە هۆی هەندێک جیاوازییەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەری و ئازار دەدرێت. بۆ نموونە یەکێک لەو پیاوانەی کە لە منداڵیدا دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەری دەڵێ:

بەڵێ پێم وایە جیاوازبوونەکەم بووم، منداڵێکی زۆر جوان بووم، چەرمۆڵە و خڕ و ژیکەڵە و قژ خورمایی بووم کە ئەمە لە ئێراندا باو نییە منداڵی وەکوو من بەم سەر و بیچمەوە یان ئەو ژینگەی کە منی تێدا گەورە ببووم دەی بنەماڵەکەم خواپێداو و تێروپڕ بوون هەر لەبەر ئەوەش پۆشاک و جلوبەرگەکەی بەرم زۆر جیاواز بوو چونکە دەستم بە مۆدی ڕۆژ دەگەیشت و خێزانێکی مۆدێرنتر بووین، دواتر من قسەخۆش و سوحبەتچی بووم، زۆر قون بە گێچەڵ بووم کوڕێک بوو کە زۆر خۆم لە قسەی گەورەکاندا هەڵدەقورتاند، شۆخی و سوحبەتم دەکرد ڕەنگە گاڵتە و جەفەنگەکانم لە تەمەنی خۆم گەورەتر و نەشیاو بووبێ و پێم وایە زەمینەیەکەم بۆ خۆم ئامادە کردبوو، یان لانیکەم ئێستا کە بیری لێ دەکەمەوە، دەبینم کە من زۆر جیاواز بووم لەو فەرهەنگە گشتی و باوەی کە لەوێ بووم و پێم وا هەر ئەمە وای کرد کە دەستدرێژی بکرێتە سەرم.

ئەم کابرایە باسی چەند تایبەتمەندییەکی گرنگ دەکا، کە یەکێک لەوانە جیاوازبوون لە ڕووی ڕواڵەتە. تایبەتمەندییەکانی وەکوو ڕووخۆشی، نوکتەبازی، قونبەگێچەڵ، سپیبوون و ژیکەڵەیی، قژی خورمایی و جلوبەرگی جیاواز لە کۆمەڵگای ناوچەکە. هەموو ئەمانە وای کردووە کە لە خەڵکی ڕەسەنی ئەو کۆمەڵگە نەچێ و وەک خۆی دانی بەوەدا ناوە، ئەم جیاوازییانە بوونە هۆی ئەوەی کە دەستدرێژی بکرێتە سەری. حاڵەتی دواتر لە لایەن خاتوو ئەلفە کە مامۆستا و ڕاهێنەری نیگارکێشان لە ڕێکخراوە ناحکومییەکانە بەڕێزیان ڕووداوەکە بەم شێوە ڕاپۆرت دەکا:

حاڵەتی دواتر کوڕێکی تەمەن دوانزە و سێزدە ساڵانە کە چوار کوڕ لە خێزانەکەیدا هەیە و ئێستا لە ناو ئەم چوار کوڕەدا کوڕێکی خرتۆڵە و سینگ کۆتری بووە، کە دایکی ئەمەی بە خاتوو ئەلف ڕاگەیاندووە باوکی تیتاڵی و گاڵتەی پێ دەکا و پێی دەڵێ سینگ و مەمکی

دەرپەڕیوە تۆ نێرەمۆکی، پیاو نی، تۆ کوڕ نیت. و دایکە گومان لەم مۆدێلە ئەدەبیات و ئەم مۆدێلە گفتوگۆیەی نێوان باوک و منداڵەکەی دەکا کە ئەمە چۆن ئاوا لە بارەی ئەندامی تایبەتی کوڕەکەی قسە دەکا کە لێی دەکۆڵێتەوە و سەرنجی ڕفتارەکانی باوکە دەدا بۆی دەردەکەوێ کە ئەم کوڕە تەمەن ١٣-١٤ ساڵە لە لایەن باوکیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەری و ئەوەی کە چەند جار دواتریش تێدەگا کە ئەم باوکە ئەم کوڕە لەگەڵ خۆی دەباتە گەرماو و ڕەفتارە نائاساییەکانی و حاڵەتی باوکەکە لە دەستدرێژیی سێکسی دەچێت. کە کاتێک دایکەکە تێدەگا ئەمە لای خاتوو ئیسماعیلی ڕاپۆرت دەکا و داوای کۆمەک و یارمەتییان لێ دەکا کە هەڵبەت باوکەکەش ئالوودەی مادەی هۆشبەر بووە.

هەروەها ئەم منداڵە لە ڕووی هەندێک تایبەتمەندیی جەستەیی وەکوو قەڵەوبوون و شێوەی مەمکەکانی لە براکانی تری جیاواز بووە کە هەر ئەمەش وای کردووە کە باوکی دەستدرێژی بکاتە سەری. لەم ئاخافتنانەی سەرەوەدا جیاوازی لە تایبەتمەندییەکانی منداڵدا وەک زەمینە و فاکتەرێک بۆ دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن کەسانی نزیکەوە دەناسێنرێت. ئەم جیاوازییانە ناهێڵێ ئەم کەسە تێکەڵ و هاوڕەنگی گرووپی خانەوادە و گروپە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بێ و منداڵەکە پەیوەندییان لەگەڵ ساز بکا و هۆکارێک بۆ زیاتر بینرانیان بێ کە لە لێکەوتە زیانبەخشەکانی ئەم بینرانە دەتوانێ ئازاردانی سێکسی بێ کە لە گێڕانەوەی ئەزموونەکاندا باس کراوە. هەڵبەت لە ئاخافتنەکاندا شیکاری دەکرێ کە لە هەمان کاتدا ئەم جیاکارییانە لە خودی کەسەکەشدا بەدەروونی بووە بە جۆرێک کە پەیتا پەیتا دەریدەبڕێ و بەشێک لە بیروباوەڕەکانیەتی. ئەم باوەڕی جیاوازبوونە دەتوانێ لە هەندێک بارودۆخدا نەهێڵێ کەسەکە تێکەڵی گروپەکان بێ و لە ڕێگەی ژیانی گروپی و ئەزموونی گرووپییەوە فێری کارامەییەکان بێ و ئەمە هەر خۆی فاکتەری ملدان بە دەستدرێژی و بەرگری لەخۆنەگرتن لە هەمبەر دەستدرێژییە، چونکە ئەو لێهاتوویییەی کە دەبا لە ناو گروپ و لە ڕێگەی گروپە بەدەستی بهێنایە، نییەتی. خاتوو ب کە لە لایەن خاڵۆی و دوکانی خواردەمەنی فرۆشی (سووپەرمارکێت) گەڕەکی لای ماڵی خۆیانەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر، وتی:

من کاتێک لە ناو خزم و کەسدا کۆ دەبووینەوە، یان لە ناو هاوڕێکانمدا، من زۆر گرنگی بە لەبەرکردنی جلوبەرگەکانم دەدا، بۆ نموونە هەمیشە حەزم لە پۆشینی شتی ڕازاوەیە، هەر لە منداڵییەوە وا بووم.حەزم لە جانتا، پێڵاو و جلوبەرگ و ئەمانە بوو، لە لایەکی دیکەشەوە دەڵێم ئێستا کە خۆم ناڵێم، بەڵام کاتێک لە میوانییەکدا کۆ دەبووینەوە، هەمووان پێیان

دەگوتم کە مەعسووم بەژن و باڵایەکی زۆر ناسک و جوانی هەیە، ئینجا دەیانوت، ئەگەر ئاهەنگێک شاییەک بوایە من سەماکار بووم، پێیان دەوتم مەعسووم جوانە،تۆخودا قانگ بۆ خۆت بسووتێنە با نەبی بە چاوا. لەو تەمەنەدا زۆر خرتۆڵ و سپی بووم.

هەروەها ئەمەش باس لە تایبەتمەندیگەلی وەکوو خڕتۆڵی و سپیبوون، سەماکردنی جوان، پۆشینی جلوبەرگی ئاڵاواڵا و جوان و لەو جۆرەی کردووە، کە ڕەنگە کردبێتی بە ئامانجێکی سەرنجڕاکێشتر بۆ دەستدرێژیکاران. خانمێکی تەمەن ٢١ ساڵ کە ئێستا خوێندکاری بواری یاریدەدەری کۆمەڵایەتییە وتی:

... ئەوەی کە من چیم هەبوو کە سەرنجی ڕاکێشاوە دەبێ بڵێم من کچێکی ئارام و بێدەنگم، هاوار ناکەم، ئەو منی باش دەناسی؛ بمهەوێ بیری لێ بکەوەمە دەبێ بڵێم قوونم گەورەیە ڕەنگە لە منداڵییەوە وا بووبم، ئیتر بۆماوەییە، ئیتر هەر لەبەر ئەوە ڕەنگە حەشەری بووبێت. بەڵام لە خۆمەوە دەڵێم ڕەنگە وا نەبێت. من ئەوە نەبێ هیچ جوانییەکی ئەوتۆم نەبوو.

خاتوو ئەلف بەم شێوە باسی تایبەتمەندییەکی دیکەی کردووە:

لە بنەڕەتدا دەستدرێژیکاران سۆراغی منداڵانە دەگرن کە بەستەزمانن یان ئەو منداڵانەی کە خێزانەکانیان ناکۆکن.

لە قسەکانی سەرەوەدا باس لە منداڵان کراوە، کە توانای قسەکردن و سازکردنی پەیوەندیی شیاویان نییە. ئەم نەبوونی لێهاتوویییە زەمینەیەکی لەبار بۆ هەڵبژاردنیان لە لایەن دەستدرێژیکارانی سێکسییەوە دەڕەخسێنێت. لە لایەکی دیکەوە، منداڵانی سەر بە خێزانە بێسەروسامانەکان کە کێشەی پێکهاتەیی و کارداییان هەیە؛ زیاتر لە بەر دەم ئازاردانی سێکسیدان و هەر دوو تایبەتمەندییەکە ئەگەری بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژیکار کەم دەکاتەوە و لە ئەنجامدا دەستدرێژیکار دوای ڕوودانی دەستدرێژییەکە ڕووبەڕووی مەترسییەکی کەمتر دەبێتەوە. ئەم تاقمە خانەوادە و کەسانە ئەوانەن کە ناتوانن چاودێریی خۆیان و منداڵەکانیان بکەن. هەر بۆیە دەستدرێژیکاران باش دەزانن کە بە ئاسانی دەتوانن ئامانجەکەیان بپێکن و دووەم: دوای ڕوودانی دەستدرێژییەکە کەمتر لە لایەن قوربانی و خانەوادەکەی یان تۆڕەکانی پشتیوانییەوە سکاڵایان لە سەر تۆمار دەکرێ و لێپێچینەوەیان لێ دەکرێت. منداڵانی کۆچبەریش بە هەمان شێوەیە. لە ئێراندا کە بەشێکی بەرچاوی کۆچبەران خەڵکی ئەڤغانستانن، زیاتر مەترسیی جۆرەها ئازار لەوانە دەستدرێژیی سێکسییان لە سەرە. ئەوان لە زۆر حاڵەتدا بە هۆی ترس لە هەڵسوکەوتی

توندتر، نەتوانینی داوای هاوکاریکردن لە پۆلیس، ترسی دەستگیرکردن و ناردنەوەیان و ... ، ناتوانن دەستدرێژییەکە ڕاپۆرت بکەن و کەواتە بۆ دەستدرێژیکاران ئامانجێکی بەردەستترن و هەمیش ناتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن. هەروەها منداڵانی ئەڤغانستان بەشێکی بەرچاو لە منداڵانی کار پێک دەهێنن و ئەوان لە جۆرە جیاوازەکانی کاردا، دەستدرێژیی سێکسیی جۆراوجۆر بەئەزموون دەکەن. منداڵانی ئەڤغانستان لەم ڕووەوە زیاتر دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەریان چونکە لە کۆمەڵگای ئێراندا پشتیوانیی کۆمەڵایەتیی لەوان زۆر لاوازە و تەنانەت لە سەر ئاستی ناسنامەییدا پاڵشپتییان لێ ناکرێ و لە هەموو مافە شارۆمەندییەکان بێبەشن. ئەم نەبوونی پشتیوانیی کۆمەڵایەتییە و نەبوونی سیاسەتی کۆمەڵایەتی سەبارەت بەم تاقمە کۆمەڵایەتییە، کە حەشیمەتێکی بەرچاویان لە ناو کۆمەڵگای ئێراندان، یەکێک لەو حاڵەتانەیە کە ڕێژەی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵانی ئەم گرووپەی کۆمەڵگای ئێرانی زیاد کردووە. لە ڕاستیدا ئەڤغانییەکان لە ناو کۆمەڵگای ئێراندا وەک شارۆمەند وەرنەگیراون کەواتە لە لانیکەمی مافە شارۆمەندی و مرۆییەکان بێبەشن و ئەمەش ڕێ بۆ دەستدرێژیکردنە سەر منداڵەکانیان خۆش دەکات (بڕوانە ئەحمەدی، ١٤٠٠ سەبارەت بە دەستدرێژیکردنە سەر ئەم کۆمەڵە منداڵانە، ١٤٠٠ هەتاوی) .



چارتی ژمارە ٣-١٨. دابەشکردنی وەڵامدەرەکان بە پێی ئاستی خوێندەواری

لەم حاڵەتەدا دەروونناسێک سەبارەت بە یەکێک لە کۆمەکخوازە مێرمنداڵە ئەڤغانییەکان دەڵێ:

ئەو ڕۆژەی وا تەلەفۆنی بۆ کردم، لە پشت تەلەفۆنەکەوە بەپەلە و بە پەرۆشەوە وتی دادە گیان من خۆم دەکوژم چونکە دەستدرێژی کراوەتە سەرم، ئەمڕۆ لە ڕێگای قوتابخانەدا داوام لێکرد کە بۆ دیدار وەختێکم بۆ دابنێ ئینجا هەر بڕیارێکی هەیە دەریبکا. زۆر زوو

چاوم پێ کەوت و بۆی گێڕامەوە کە لە بەیانیی زوو بە شەقامێکدا بەرەو قوتابخانە دەچوو، دوو کەس پەلی دەگرن بەرەو بینایەکی نیمچە سازکراو پەلکێشی دەکەن و بە جووتە پەلاماری دەدەن و وتی ئەم پیاوانە چەند جاری دیکەش ئەم کارەیان لەگەڵ کچانی دیکەی قوتابخانەکەیان کردووە. بەڵام هەر کامیان کە ویستوویەتی سکاڵا تۆمار بکا، یاسا پشتگیری نەکردوون و وتوویانە لە پێش هەموو شتێک دەبێ باوکت لەگەڵت بێ بۆ دادگا، و ئەوانیش دەستبەرداری سکاڵاکە بوون، دیارە هەر دوو دەستدرێژیکارەکە ئەم خاڵەیان بۆ دەرکەوتووە بۆیە کچە ئەڤغانییەکانی ئەو قوتابخانەیەیان دەستنیشان کردبوو و پەلاماریان دەدان.

تاقمێکی دیکە ئەو منداڵانەن کە بەدەست کەمئەندامییەوە (نڤیشکان) دەناڵێنن. منداڵانی بیرکۆڵ، کەڕ و لاڵ، منداڵانی کەمئەندام و حاڵەتەکانی دیکەی لەو جۆرە بە هۆکاری جۆراوجۆر دەبنە ئامانجی دەستدرێژیکاران. هەندێک جار، دایک و باوک و ئەندامانی تری خێزان لەوانەیە ئەو منداڵانە بە هۆکاری کێشەکانی خێزان بزانن و بەو هۆیەوە ئازاریان بدەن، چونکە دەزانن توانای بەرگری لەخۆکردنیان نییە. تایبەتمەندییەکانی وەکوو کێشەی قسەکردن و بیسایی یان کەڕولاڵبوون، هەروەها بیرکۆڵی، دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵەکە نەتوانێ ئەو ڕووداوی دەستدرێژی و ئازارە بۆ کەسانی دیکە ڕابگەیەنێ، بۆیە دەستدرێژیکاران بە خەیاڵێکی ئاسوودەترەوە پەلاماریان دەدەن. ڕەنگە ئەم تایبەتمەندییانە تایبەت بە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوەوە نەبن و لە هەموو کۆمەڵگاکاندا بوونیان هەیە، بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کۆمەڵە منداڵە لە وڵاتە جیاوازەکاندا بە پێی ئاستی گەشە و پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی هەر کۆمەڵگایەک جیاوازە. لەکۆمەڵگایەکی وەکوو ئێراندا، کە ئەمڕۆ بە مەسەلەی گەشەپێدانەوە تێوەگلاوە و بەدەست دۆخێکی نالەبار و پشێویی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە دەناڵێنێ، گروپە تایبەتە کۆمەڵایەتییەکان، لەوانەش کەمئەندامانی زەینی و جەستەیی چ لە ڕووی ئیمکاناتی ژیان و چ لە ڕووی فیزیای ژینگەییەوە، و چ لە ڕووی ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە پشتیوانییەکی ئەوتۆ ناکرێن چونکە ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵگا بەرامبەر بەم گروپانە کەمە (کێشەکە هەم لە ئۆبژەی کۆمەڵایەتیدایە و هەم لە سووژەی کۆمەڵایەتیدا). منداڵانی ئەم گرووپە تایبەتە کۆمەڵایەتییانە، هاوشێوەی منداڵانی ئەڤغانستان، لە پشتیوانیی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی کۆمەڵایەتیی چاودێرانە بێبەشن و ئەمەش خۆی هۆکارێکە کە دەستدرێژیکاران ئەم منداڵانە زیاتر هەڵدەبژێرن، چونکە بە هۆی پشتگیرینەکردن لەم

جۆرە منداڵانە لە لایەن کۆمەڵگاوە، بە هەڵبژاردنی ئەو منداڵانە بۆ دەستدرێژیکردن، تووشی لێکەوتە و مەترسیی کەمتر دەبنەوە. بەستێنی دەرەکیی کۆمەڵگا وای کردووە کە ئەم منداڵانە لەگەڵ ئەوەی ئاستی متمانەبەخۆییان کەمترە و لە سۆنگەی سیفەتی کەسایەتییەوە ترسیان زیاترە؛ هەست بە ترس و لاوازی دەکەن، هەر بۆیە لە ئاست دەستدرێژیکاران و ئازاردەران توانای پێویستیان بۆ بەرگری و ڕێگری نییە. لە ڕاستیدا دوو گرووپی منداڵانی ئەڤغانی و منداڵانی کەمئەندام (لە ڕووی جەستەیی و زەینییەوە) هەر دووکیان بە هۆی ئەو هۆکارانەی کە باسمان کردن لە لایەن کۆمەڵگاوە تارێنراون و بەو پێیەی ئەندامێتییان لە گروپە کۆمەڵایەتییەکان و پشتیوانییە کۆمەڵایەتییەکاندا نییە، هەمیشە ئازار دەدرێن. لە هەندێک حاڵەتدا ئەم دوو کۆمەڵە منداڵە بە هۆی ئەو کێشە و گرفتانەی کە هەیانە لە لایەن بنەماڵەکانیانەوە تارێنراو و لە دڵەوە دوورن و بنەماڵەی ئێرانیش بە هۆی نەبوونی پشتیوانیی کۆمەڵگا و ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان لە بوونی ئەم منداڵانە ماندووە و لێیان وەڕەزە و هەر لەبەر ئەم هۆکارە نەخوازراوانە ئازاریان دەدەن.

دکتۆر مۆریس سێتوودێگان، دەروونپزیشک دەڵێ:

لە هەندەران چەند حاڵەتێکم لەبەر دەستدا بوو هەم مەحارم و هەمیش کچی جحێڵمان بوو کە ئەمانەمان لە خانەوادەکانیان وەرگرت دامانن بە ناوەندی کچانی جیهاد. ئەوانە بوون وا لە لایەن باوەپیارەوە دەستدرێژی کرابووە سەریان واتە دایکەکان هاوسەرگیری دەکەنەوە و لە دوو حاڵەتی دیکە کە دایکەکان پەرستار بوون. باوکەکان پەلاماری کچە منداڵەکانی خۆیانیان دەدا. کەیسی دیکەشم هەبوو لە باوکی خۆیان بوو واتە براکەی و ئەم برایە کێشەی دەروونی هەبوو و بیرکۆڵ بوو، بەڵام ئەم چوار نموونە ئاوارتەیە.

خاتوو ج، یاریدەدەری کۆمەڵایەتیی ئێن‌جی‌ئۆی (مهروماه) وتی:

کەیسێکمان هەبوو کە لە لایەن دایکەوە هات بیرکۆڵ بوو و لە ڕاستیدا ڕەوانەی لای من کرا بۆ ئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکەین، تەمەنی چەندە؟ ئەم کەیسە ئێستا تەمەنی لە ناو ١١ ساڵە و لە لایەن مێرمنداڵێکی تەمەن ١٦ ساڵانەوە دەستدرێژی کراوەتە سەری و بەداخەوە ئێستا تووشی کێشە هاتووە وەک ئەوەی هەستی بە چێژ کردبێ و ئێستا خەریکی خۆڕەحەتکردن و کەپڵەمەلێدانە.

خاتوو پ لە ڕێکخراوێکی ناحکومی وتی:

کەیسێکی سەختمان لەبەردەستدا بوو لەوێ منداڵێک بوو کە دایکی لە تەمەنی ٧ ساڵییەوە بە زۆر لەشفرۆشی پێکردبوو، و ژنێکی قەڵەو بوو و وەک ئاگاداریان کردینەوە لەو

کاتەوە قەڵەو بووە و لە تەمەنی ٧ ساڵییەوە لەشفرۆشی دەکرد و کاتێک تەمەنی دەگاتە ١٢ ساڵ، دایکە، پێی دەڵێ دەبێ بچی لەگەڵ هەر سێ براکەت بخەوی و دواتر دایکەکە بە کوڕەکانی وتووە دەبێ پارە پەیدا بکەن و سەرجێی بکەن، کەس نازانێ ئایا ئەمانە تەندروستن یان نا.

بەڕێز ڕیازەتی پارێزەر وتی:

... یەکیان منداڵانی بیرکۆڵە کە دەستدرێژی لە ناویاندا یەکجار زۆرە، تەنانەت لە ناو ناوەندە تەندروستییەکان و بێهزیستی لەوانیشدا دۆسییەی دەستدرێژی هاتۆتە بەر دەستم. کەیسێکم لەبەر دەستدا بوو کە لە بێهزیستی بە شێوەی سیستەماتیک دەستدرێژی کراوەتە سەری.

خاتوو میم، دەروونناس لە شاری سنە وتی:

دەزانی چییە من لەو گوندەدا کارم دەکرد کەسێک لە لایەن براکەیەوە دەستدرێژی کرابووە سەر. کچەکە کەڕولاڵ بوو و نەیدەتوانی بڵێ براکەم دەستدرێژی کردۆتە سەرم. ترساوە چونکە سەیری کردبوو. ئەوەندە دەستدرێژی کردە سەری کە کچە کەڕولاڵەکە زکی پڕ بووە.

ئالوودەبوون تایبەتمەندییەکی دیکەی کەسانی دەستدرێژیکراوە کە تووشی مەترسیی دەستدرێژییان دەکات:

سێزدە ساڵانە و دایکی وەسواسی و باوکی وەسواسی لە ڕادەبەدەرن. لە تەمەنی چوار ساڵیی منداڵەکەدا، تەڵاقیان لە یەکتر وەرگرتووە، پێشتر دەستدرێژی نەکرابووە سەری بەڵام دوای ئەمە بە هۆی ئالوودەبوونەوە کاتێکی نەشە دەبوو دەچوون پەلاماریان دەدا، ئەیچی خۆ بە خۆی نەدەزانی.

بەڕێوەبەری ناوەندی ڕاگرتنی منداڵانی نقیشکان و بەکارهێنەرانی مادە هۆشبەرەکان ڕایگەیاندووە:

زۆر شتی وا ڕوو دەدا کە منداڵێک ئالوودە بە مادەی هۆشبەر دەکەن و کەڵاکوەژۆیی سێکسی و ناسێکسی لێ دەکەن. ئەو خێزانانەی لە گەڕەکە مەترسیدارەکاندا دەژین، وەکوو دەرواز غار کە مەترسیی زۆرە و لە دەوروبەری تارانن وەکوو قەرامین و گوندەکانی دەوروبەری مەترسییان زۆر لە سەرە.



چارتی ژمارە ٣-١٩. دابەشکردنی وەڵامدەرەکان بە پێی باری هاوسەرداری

لە سەرەوە باس لە هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو قوربانیانە کرا کە بوونە هۆکاری دەستدرێژیکراوبوونیان، بەڵام وەک وترا زۆرێک لە منداڵان بێ هیچ حاڵەتێکی تایبەت و یان منداڵانی ئاسایی تووشی هەموو جۆرە دەستدرێژییەکی سێکسی دەبنەوە و تەنانەت ئەم دەستدرێژییە سێکسییانەیە کە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی حاڵەتی وەکوو گۆشەگیری و دوورەپەرێزی. هەڵبەت پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە منداڵە ئاساییەکان کە دەستدرێژی دەکرێتە سەریان، دەبێ لە سۆنگەی حاڵەتگەلی وەکوو باری کەسایەتی و باری دەروونی و هەروەها لێهاتوویی و بارودۆخی هەستەکانەوە شیکاری و چاودێری بکرێن. لاوازی لە وتنی نەخێر و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و ... تایبەتمەندیی کەسایەتیی ناکارامەی وەکوو خۆبەکەمزانین، دژەکۆمەڵایەتیبوون و گۆشەگیری و ... و هەستە نەرێنییەکانی وەکوو تورەیی، ترس، گوناح و تاوانباری، شەرم و ... ڕێخۆشکەری ئازاردانی سێکسین کە لە پاڵ تایبەتمەندییەکانی کەسی دەستدرێژیکار دەتوانێ هاندەری دەستدرێژیی سێکسی بێ و بوار بۆ بەردەوامبوونی ئەم دەستدرێژی کردنە بڕەخسێنێت. ئەم تایبەتمەندییانە و نەبوونی لێهاتوویی و هەستی نەرێنی ڕیشەیان دەگەڕێتەوە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی و بناغەکانی کۆمەڵگا. بۆ نموونە خاتوو ج ز وتی:

حاڵەتێکی تایبەت نییە، بەڵام دەزانم کە هەمیشە کچێکی چالاک و بزۆز بووم، شاد و دڵخۆش بووم، بۆ نموونە لە بیرمە هەتا تەمەنی ٧ یان ٨ ساڵان، نازانم چۆن بیڵێم، پڕوزە و ئاگری قودرەت بووم، بەڵام دوای ئەم ڕووداوە، لە ناخمدا چەخماخەیەک هەڵگیرسا و بە تەواوی ژیانم بەرەو ئاقارێکی دیکە چوو و تێگەیشتم کە لە زۆر ڕووەوە جیاوازم لەوانی تر و

پێم وایە کە هۆشیاریم سەبارەت بە پرسە سێکسییەکان دوای ئەو ڕووداوانە بیچمی گرت، ئێستا پێم وایە کە بەڕاستی مردووم و وزەم کەم بووە.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین دەستدرێژیی سێکسی کاریگەرییەکی وەها گەورە و کارەساتبار لە سەر دەروونی منداڵ دادەنێ کە دەتوانێ لە منداڵێکی شاد و دڵخۆشەوە بیکا بە منداڵێکی خەمبار و خەمۆک و منداڵەکە لە پرۆسەی ژیانی ئاسایی بترازێنێ و لێرەدایە کە تەمەنی دەستدرێژیکراویی منداڵ بە گرنگ دادەنرێ بۆ ئەوەی بزانین منداڵ لە کام قۆناغی ڕەوتی گۆڕانکاریدا زۆرترین زیانی بەرکەوتووە. یەکێک لە گرنگترین وێرانکاری و لێکەوتەکانی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان ئەوەیە کە ئەو منداڵە لە سۆنگەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و زەینییەوە لە هەمان تەمەن و بارودۆخی دەستدرێژیکراوییەکەیدا قەتیس دەمێنێتەوە و بە واتایەکی دیکە گەشەی ئەو کەسە لە هەمان مەودای زەمەنیدا دەوەستێت.



چارتی ژمارە ٣-٢٠. دابەشکردنی وەڵامدەرەکان بە پێی پیشە

ڕێکار و ستراتیژەکانی ئازاردانی سێکسی

دەرخەری ئەو جۆرە هەڵسوکەوت و کارلێکانەیە کە ڕاپەڕێنەران لە وەڵامی ئەو بارودۆخانەدا لە خۆیان نیشان داوە. بە واتایەکی دیکە هەڵسوکەوت و ڕێکار یان ستراتیژەکان ئەو کارلێک، هەڵسوکەوت و سۆزانەن کە لە وەڵامی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان ڕوو دەدەن. هەڵبەت ئەمانە تەنها لە کەسانی دەستدرێژیکراودا سنووردار نابێتەوە، بەڵکوو کەسانی دەستدرێژیکاریش کۆمەڵێک ستراتیژ و ڕێکار بۆ دەستپێکردن و بەردەوامیدان

بەو دەستدرێژییە بەکار دەهێنن و کۆمەڵگاش لە شێوەی دیکەی تاکەکان و دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی دیکەدا بەرامبەر بەو دەستدرێژییە سێکسییەی کە دەکرێ منداڵان کاردانەوەی دەبێت. وتەزاکانی ئەم بەشە بریتییە لە تەکنیک و ستراتیژییەکانی دەستدرێژیکاران بۆ دەستدرێژی و درێژەپێدانی، ستراتیژی دوورکەوتنەوە لە دەستدرێژی لە لایەن کەسانی دەستدرێژیکراو بۆ ئەوەی دەستدرێژییە سێکسییەکە بەردەوام نەبێ و هەروەها نهێنیپارێزی لە هەمبەر قەزاوەت و کاردانەوەی دیتران و کاردانەوەی کەسانی دەوروبەر و دامەزراوەکان.

- تەکنیکەکانی دەستدرێژیکاران

لە زۆر حاڵەتدا دەستدرێژیکاران بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەیان کە ئازاردانی منداڵە تەکنیکی جیاواز بەکار دەهێنن. تەنانەت ئەو دەستدرێژیکارانەشی کە بە بێ پلانی پێشوەختە دەستدرێژی دەکەنە سەر منداڵان و کارەکەیان لە ساتەوەختدایە، لەوانەیە لە هەمان ساتدا تەکنیک بەکار بهێنن. دەکرێ بڵێین هەندێک لە تەکنیکەکانیان لە سەر بنەمای پلانێکی پێشوەختەن و هەندێکیان لە کاتی دەستدرێژیدا و بە شێوەی نائاگا بەکار دەهێنن. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی دوو بەشی پێشوو دەریخست کە دەستدرێژیکاران ستراتیژی وەک ناچارکردن و توندوتیژی جەستەیی، ستراتیژی هەڵخەڵەتاندنی سۆزداری و تۆقاندنی سۆزداری، ستراتیژی ئابووری و ستراتیژی فریودان بۆ خستنە تەڵەی ئامانجەکانیان بەکار دەهێنن. هەڵبەت ڕەنگە دەستدرێژیکاران کۆمەڵێک تەکنیک یان ستراتیژی جیاواز لە یەک کاتدا یان لە قۆناغە جیاوازەکانی دەستدرێژیدا بە شێوەی ئاوێتەیی بەکار بهێنن. بۆ نموونە ڕەنگە سەرەتا هەڕەشە بەکار بهێنن، بەڵام لە قۆناغی دواتردا کە ڕەزامەندیی منداڵەکە وەدەست دەهێنن، ستراتیژی هەڵفریواندنی سۆزداری و تۆقاندنی سۆزداری بەکار دەهێنن. ئەو تەکنیکانەی لەم لێکۆڵینەوەدا دەستنیشان کراون بریتین لە هەڕەشەکردن، فریودان، بەکارهێنانی هێز و ناچارکردن، خۆشەویستی دەربڕین و وەدەستهێنانی ڕەزامەندی، پاساودان، باجدان، ئالوودەکردن و لە کۆتاییدا کڕین (فرۆشران لە لایەن دایک و باوک و کڕین لە لایەن دەستدرێژیکارەوە). هەڵبەت هەندێک حاڵەتی ئازاردانی سێکسی پێویستیان بە بەکارهێنانی تەکنیک نییە چونکە دەستدرێژیکار نیازی زیانگەیاندن بە قوربانییەکەی نییە. بۆ نموونە کاتێک منداڵێک

پەیوەندیی سێکسیی دایک و باوکی دەبینێ یان گوێی لە دەنگیان دەبێت. لە خوارەوە هەر یەکێک لەو تەکنیکانەی کە باس کران تاوتوێ دەکرێن.

بەکارهێنانی تەکنیکی هەڕەشە: بە گشتی دەستدرێژیکاران ئەم تەکنیکەیان لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی بەکار هێناوە. یەکەم: بە هۆی ناچارکردنی ئازاردراو بۆ بەردەوامی بە ملدان بە دەستدرێژی و دووەمیش بە هۆی لەقاونەدانی دەستدرێژییەکە. ئەوان داوایان لە قوربانییەکە کردووە کە ڕووداوەکە لای کەس نەدرکێنێ، دەنا ڕووبەڕووی دەرهاویشتەی جۆراوجۆری وەکوو کوشتن، دستدرێژیکردنە سەر ئەندامانی دیکەی خێزانەکەی، تەڵاقدانی دایک، ئابڕووبردن، توندوتیژی و هاوشێوەکانی دەبنەوە. لەم بەشەدا باس لە گێڕانەوەکانی ئەم تەکنیکە دەکرێت. دکتۆر سێتوودێگان دەروونپزیشک دەڵێ:

من دەڵێم، بۆچی پێت وایە ئەرکی تۆیە [کە لە بەردەستی باوکتدا بیت]؟ دەیوت ئەگەر من نەمکردبا دایکمی تەڵاق دەدا. پشتیوانیکردن لە دایک بە شێوەی ناڕاستەوخۆ. ئەم سێ هۆکارەی کە خانمان ئاماژەی پێ دەکەن سەرم سوورِ دەکا و دەبێ شتێک بڵێم کە ئەمانە هەر لە هەڕەتی منداڵییەوە متمانەیان بە سیستەمی دەرەکی لەدەست دەدەن و متمانەیان بە هیچ کەسێک نییە.

دکتۆر ئەبهەریان مامۆستای زانکۆ وتی:

زۆر جار منداڵەکان لە لایەن کەسی دەستدرێژیکارەوە دەترسێنرێن و هەڕەشەیان لێدەکرێت. بە جۆرێک کە دەڵێن لای کەس لەقاوی مەدە و لەبەر عەیب و شوورەیی دەستدرێژییەکە هەم خێزان و هەمیش منداڵ ڕووداوی دەستدرێژییەکە دەشارنەوە.

ئاخافتنەکانی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە هاودەستییەکی سیستماتیک هەیە لە نێوان ئەو کەسەی کە دەستدرێژی دەکرێتە سەر، واتە منداڵ وەک قوربانییەکە و خێزانەکەی کە بەرپرسی پاراستن و بەرگریلێکردنی لە هەمبەر دەستدرێژیکارن. ئامانجی هاوبەشی هەر دووکیان شاردنەوە یان نکۆڵیکردن لە دەستدرێژییەکەیە بۆ ئەوەی ئابڕوویان نەچێ، چونکە دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵ بە بابەتێکی قێزەون دادەنرێ کە دەبێ بشاردرێتەوە بۆ ئەوەی ئابڕوویان نەچێ، کەواتە ئەم هاوقۆڵییە سیستماتیکە ڕێک دەخرێ و ڕوو دەدات.

یان پرسێکی تر [بۆ ئاشکرانەکردنی دەستدرێژییەکە] ئەو هەڕەشەیانە کە دەستدرێژیکارەکە دەیکا و دەڵێ ئەگەر لای هەر کەس بیدرکێنی دەتکوژم.

بەڕێوەبەری کلینیک و دەروونپزیشک لە چەند گێڕانەوەدا دەڵێ:

لەبەر ئەوەی منداڵ بووە، هەڕەشەی لێ کراوە کە دایکت دەکوژین و باوکت دەدەینە دەست پۆلیس. هەڕەشەی ئاوایان هەیە. یان ئەگەر قسە بکەی دەتکوژین نابێ کەس بزانێت. زیاتر بە هۆی ئەو هەڕەشانەیە کە لێیان دەکرێت. منداڵەکەش حاڵی باش نەبووە و پێی وتووە تۆ باوک و برات نییە من دایک و خوشکت وەک ئاخواردنەوە دەکوژم. هەڕەشەی لێکرد و منداڵەکە بێدەنگ بوو.

خاتوو سین چالاکوانی کۆمەڵایەتی و مامۆستا دەڵێ:

هەتا تەمەنی ٢٣ یان ٢٤ ساڵی، تا لەم تەمەنەدا کەسێک پەلاماری دەدا و کۆمەڵێک خاڵی لاوازی لێ وەردەگرێ و لە سەر ئەوە هەڕەشەی لێدەکات. ئیتر متمانەی بە هیچ پیاوێک نەماوە.

خاتوو ب، یاریدەدەر و چالاکوانی کۆمەڵایەتی لە بواری زیانە کۆمەڵایەتییەکان، سەبارەت بە یەکێک لە کۆمەکخوازەکانی دەڵێ کە بە هۆی کێشەی لە پەیوەندیی سێکسیدا سەردانی کردووە، دەڵێ:

یەکەم کەسێک کە دەستدرێژی کردە سەری خاڵۆزای باوکی بووە (کچی خاڵۆی باوکی)، واتە وەک پەرستار هاتە لای دایکی ئەم کچە، بەڵام لەگەڵ ئەم کچە سێکسی کردووە و ئازاری داوە، بۆ نموونە وتوویەتی: دەبێ ئەوێم بخۆی یان ئەگەر ئەم کارە نەکەی، باوکت دووربینێکی داناوە کە تەلەڤزیۆنێکی شاراوەی هەیە و تۆ دەبینێ، ئەگەر بە گوێم نەکەی پێی دەڵێم، ناچاری کردووە.

خاتوو ج ز دەڵێ:

ئەو کوڕە ٣-٤ مانگ هەڕەشەی لێکردم. ئەو هەتا بڵێی خوێڕی بوو (بمبوورە کە ئەم وشەم بەکار هێناوە)، بەڵام بەڵێنی هاوسەرگیری پێدام و پێی وتم کە بە خێزانەکەت بڵێ، منیش کۆڵێ بەرگەی هەموو دەستدرێژی و لێدان و سوکایەتییەکانی دەگرت، هەوڵم دەدا لە کیسی نەدەم چونکە پەلامارمی دابوو ئیتر گەرەکم بوو هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم.

ئەو قسانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە ئاراستەی زاڵ لە لایەن خێزان و کۆمەڵگاوە بۆ مەسەلەی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان لە سەر بنەمای بێئابڕوویە کە ئەمە شاردنەوە و نکۆڵکردنی لێ دەکەوێتەوە، بەو پێیەی زەینی منداڵانی دەستدرێژیکراو لە سەر ئەم ئاراستە بونیاد نراوە و ئەم باوەڕە لەواندا بەدروونی بووە، وەک کارلێکێک نکۆڵی لە دەستدرێژییەکە دەکەن. ئاوایە کە نێوان دەستدرێژیکاران وەک کەسانێک کە دەسەڵات دەسەپێنن و منداڵانی ئازاردراو وەک قوربانی و کەسانێک کە دەسەڵات بە

سەریاندا سەپاوە، هاودەستی و هاوقۆڵییەکی ڕێکخراو بۆ نکۆڵیکردن لە ڕوودانی دەستدرێژی بەدی دەکرێت. لە کۆتاییدا کەسی دەستدرێژیکراو یان ئازاردراو بۆ شەرعییەتدان بەم دەستدرێژییە کە هەمیشە بە شتێکی ناشیرین دادەنرێ، مل بە هاوسەرگیری لەگەڵ کەسی دەستدرێژیکراو دەدات.

یان ئەمیر وتی:

لە ناکاو بەرەو لام هاتن و دەست و قاچمیان بەست و دەستیان کرد بە دەستدرێژی و فیلمیان لەو ڕووداوە هەڵگرتەوە. وردەکارییەکانی ئەم ڕووداوەیان زۆر باش لە بیر نییە و لە فیلمهەڵگرتنەکاندا ئەم ڕاهێنەرە هەمیشە هەڕەشەی لێدەکرد کە دەبێ گوێڕایەڵم بی و لە هەر شوێنێک بم دەبێ بێی و بهێڵی ئەم پەیوەندییە سێکسییە بمێنێ، دەنا فیلمەکەت بڵاو دەکەمەوە.

بە گوێرەی قسەکانی سەرەوە، میکانیزمی هەڕەشە لە لایەن دەستدرێژیکارەوە لەم ڕووەوە سەرکەوتووانە بە کار دەبرێ کە دەستدرێژی وەک شتێکی ناشیرین و ئابڕووبەرە لە زەینییەتی کۆمەڵایەتی و زەینی دەستدرێژیکراو کە قوربانییە لە قەڵەم دەدرێ و لە ترسی بێئابڕوویی خۆ لە درکاندنی دەپارێزێت. کەواتە دەستدرێژی لە لایەن کەسی دەستدرێژیکراوە دەشاردرێتەوە و حاشای لێ دەکرێ و هەر بۆیە دەستدرێژیکراو وەڵامی ئەرێ بە هەڕەشەکانی دەستدرێژیکار دەداتەوە.

خاتوونی دەروونناسی ناوەندی طلوع بی‌نشانها بە گێڕانەوە لە یەکێ کۆمەکخوازەکان دەڵێ:

ژنێکی تەمەن ٣٤ ساڵ کە لە منداڵیدا لە لایەن زەڕباوکی دەستدرێژی کراوەتە سەر و سێیەم منداڵی ماڵەوەیە و ئەوسا کە زەڕباوک دەستدرێژی کردۆتەوە سەری و ئەمە کچێکی بچووک بووە پێی وتووە نابێ بچی لای دایکت بیدرکێنی، دەنا من دوو خوشکەکەی دیکەشت وا لێ دەکەم و بەو پەندەی کە بە سەر کچەی هیناوە هەڕەشەی لێ دەکرد کە بێدەنگی دەکرد و کاتێکیش سێکسی لەگەڵ دەکرد ئەوەندە درندانە هەڵسوکەوتی دەکرد کە جەستە و لەشی کچەکەی کۆڵەوار دەکرد و بە جۆرێک کە بێ‌هەست دەبوو و لە سەر خۆی دەچوو. لەو کاتەدا بۆ ئەوەی باقی ئەندامانی خێزانەکە گومان لەم بابەتە نەکەن، کاتێک کچە دەبووراوە دەیبردە ژێرزەمین هەتا حاڵی باشتر دەبوو و هۆشی دەهاتەوە سەر خۆی و ئینجا دەیهێناوە ناو ئەندامانی خانەوادەکەی. ئەم بەسەرهاتە ساڵەهای ساڵ سڕ کرا و ئەم کیژە لە ناو ئازار و دەستدرێژیدا بوو هەتا ئەوەی کە ڕۆژێک دایکەکە هاتەوە ماڵەوە

و چاوی بەم دیمەنە دەکەوێ مێردەکەی کە زەڕباوکی منداڵەکانی بووە لە ماڵەوە دەکاتە دەرەوە و تاکە کارێک کە دایکەکە دەیکا ئەوە بووە و نەیکردووە بچێ سکاڵا لە دژی مێردە تۆمار بکا یان ڕژدانە بەدواداچوون بۆ بکات.

لە گێڕانەوەی سەرەوەدا دەردەکەوێ کە دەستدرێژیکار پێدۆفیلیایە کە لە ناو نێچیرەکانیدا بچووکترین منداڵی ژنەکەی بۆ دەستدرێژی هەڵدەبژێرێ چونکە کەسانی پێدۆفیلیا منداڵانی خوار تەمەنی ١٢ ساڵ سەرنجیان ڕادەکێشێت؛ و هەڕەشەکردن لە منداڵەکە تەنیا لە دەستدرێژیی جەستەییدا سنووردار نابێتەوە بەڵکوو بە ئازاردانی سۆزداری ناچاری کردووە کە بێدەنگ بێت. چونکە پێی وتووە کە ئەگەر نهێنییەکە ئاشکرا بکەی، دوو خوشکەکەی دیکەشت هەر وا لێ دەکەم؛ و هەڕەشەی دەستدرێژیکردنە سەر خوشکەکانی دیکەی ئەم منداڵە ستراتیژی دەستدرێژیکار بۆ دەستدرێژیکردن بووە.

وەک لە گێڕانەوەکانی سەرەوەدا دەردەکەوێ، دەستدرێژیکاران بۆ ئازاردانی منداڵان و بەردەوامبوون لە دەستدرێژیکردن، تەکنیکە جۆراوجۆرەکانی هەڕەشەکردن دەقۆزنەوە. دەستدرێژیکاران باش دەزانن کە منداڵان بێدەرەتانن و ناتوانن خۆیان بپارێزن، بۆیە بە هەڕەشە لێکردنیان دەستدرێژی دەکەنە سەریان و لە دەستدرێژییەکە بەردەوام دەبن. ئەم دەستدرێژی و توندوتیژییانەی کە منداڵان بەئەزموونی دەکەن، متمانەیان بە ژینگەی دەرەوە لە ناو دەبا و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دەستدرێژی و بەردەوامییەکەی ڕاپۆرت نەکرێت. گێڕانەوەکان ئەوە دەردەخەن کە یەکێک لە لێکەوتەکانی دەستدرێژیکردن لە لایەن کەسێکی دەستدرێژیکارەوە بۆ سەر منداڵ ئەوەیە کە سەرمایە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو متمانە و ئاسایش و ڕاستگۆیی ئەو منداڵە بەرامبەر بەو جیهانەی تێیدا دەژی و هەروەها ژیانی کۆمەڵایەتییەکەی لاواز دەکا بە جۆرێک کە منداڵی دەستدرێژیکراو هیچ هەوڵێک بۆ ڕاگەیاندنی ئەم ئازار و دەستدرێژییانە بە فەزای کۆمەڵایەتیی دەوروبەری خۆی نادات. ئەمەش پەیوەندیی نێوان دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان و لاوازبوونی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگادا نیشان دەدات.

بەکارهێنانی تەکنیکی فریودان: لە نەبوونی ڕاهێنانی سێکسی و هۆشیارکردنەوەی منداڵان ئەوان لەوانەیە بە ئاسانی لە لایەن دەستدرێژیکارەوە فریو بدرێن. لەوانەیە دەستدرێژیکاران خۆیان وەک کەسێکی باش، پشتیوان یان لە ڕۆڵی کەسێکی چاک پیشان بدەن و دەستدرێژی بکەنە سەر منداڵەکە. هەندێک جار فێڵکردن بە کڕینی یاری،

پێدان پارە و یان لە ڕێگای یاریکردنەوە ئەنجام دەدرێت. بەکارهێنانی تەکنیکەکانی فریودان لە لایەن دەستدرێژیکارانەوە ئەوە نیشان دەدا کە خواستێکی سەرکوتکراو لە ناخی منداڵدا هەیە کە ئەم خواستە سەرکوتکراوە بریتییە لە خواستی سۆزداری و خواستی گرنگیپێدان کە لە ناخی ئەو منداڵەدایە کە لە لایەن "ئەویترە گرینگەکان"ـی ژیان، واتە دایک و باوک و کەسوکار کە بەرپرسیاری چاودێریکردن و کۆمەڵگاگریی ئەون؛ وڵام نەدراوەتەوە یان پشتگوێ خراوە. ئەو منداڵانەی کە خواستی سەرکوتکراویان هەیە یان نابینرێن یان سەرنجی پێویستیان پێ نادرێ، زیاتر لە لایەن دەستدرێژیکارانەوە بە تەکنیکی فریودان وڵامی ئەرێنییان پێ دەدرێتەوە. خاتوو ئەلف مامۆستا و ڕاهێنەری نیگارکێشی، وتی:

کاتێک ئەم خانمە جحێڵە لەگەڵ پیاوێکی تەمەن پەنجا ساڵدا دێنە ناو دامەزراوەکە لە ڕووی ڕووالەت و ڕوخسارەوە لێک ناوەشێنەوە، کاتێک دەهاتن هەموو ڕاهێنەر و مامۆستاکان گومانیان لەو جۆرە پەیوەندییە هەبوو کە ئەم کچە ئاوا دۆستانە دەستی لە ناو دەستی ئەم پیاوە خستووە. کە لێی کۆڵینەوە و وتیان ئەوە کێیە وتی ئەمە زەڕباوکمە و من و دایکمی داڵدە داوە و کاتێک دیمانە لەگەڵ پیاوەکە دەکەن، دەڵێ من ژیانی خێزانیی خۆمم هەیە، ژیانی خۆمم هەیە، بەڵام ئەمانە بە هۆی ئەوەی کێشەی دارایيان هەیە، دایکەم هێناوەتە لای خۆم کە خاتوو ئیسماعیلی وتی کە بۆمان دەرکەوت لەو مۆدێل پەیوەندییانەیە. ئەم کچە لەگەڵ ئەم پیاوە پەیوەندیی سێکسی هەیە و کەین و بەینەکەیان دیار بوو کەواتە بەو ئەنجامە گەیشتین کە بە تیرێک دوو نیشانی پێکاوە واتە هەم دایکەی ماڕە کردووە بە قسەی خۆی داڵدەی داوە و هەم لەگەڵ زەڕکچەکەی سێکسی کردووە و ئەوەی لە نێوانیاندا بەدی ناکرێ ئەزموونی باوک و کچی بوو.

خاتوو ب پسپۆڕی باڵای دەروونناسیی کلینیکی دەڵێ:

بۆ نموونە یەکێکیان بوو مەحبووبەی ڕەنجبەر تەمەنی لە ناو ١١ ساڵ بوو و دەیوت کاتێک ویستم لە ژوورەکەم یاری بکەم، باوکم دەهات و لێم ڕادەما. دەیوت وەرە با پێکەوە یاری بکەین. دەیوت من دەبمە دایک و تۆ دەبیتە کچم؛ و وا مەزانە کە من باوکتم، من دایکتم و چارشێوەکەی منی لە سەر دەکرد. منی لە باوەش دەگرت و دستی لە مەمک و ئەندامەکانی جەستەم دەدا. کاتێک سیستەمی جەستەی حەشەری دەبوو. دایک دەهات کچەی دەبینی کە هۆشی نییە و سڕ و خەواڵووە. جاری دووەمیش هەر وا دوبارە دبێتەوە بە جۆرێک کە باوکەکە دەست لە زێی کچەکەی دەدا.

بەڕێوەبەری کلینیکەکە و دەروونپزیشک دەڵێن:
کەیسێکم لەبەر دەستە کە خاڵۆی باوکی ئەم کارەی لەگەڵ کردووە. لە تەمەنی چەند ساڵان؟ لە تەمەنی پێنج ساڵیدا دەهات و ئەو منداڵەی بە بیانووی ئەوەی دەیبا دەیگەڕێنێ لەگەڵ خۆی دەبرد. خێزانە نەفام و ساویلکەکەی دەیاندا بە دەستیەوە. کە گوایا بۆ سەیران و گەڕان بەیانان دەیبرد، پاشنیوەڕۆ دەیبرد و دواتر کە بەدواداچوونمان کرد بینیمان هاوسەرەکەی تۆراوە لە ماڵ دەرچووە و لە ماڵەوە تەنیایە ئەویش منداڵەکە دەبا و خۆی پێ دەحەسێنێتەوە و بووکەشووشەی بۆ دەکڕێ و دەیگەیەنێتە ماڵەوە. هێشتا ئەوەندە کەیفساز بوون کە چ خاڵۆیەکی میهرەبانیان هەیە.
خاتوو ک وتی:
باشە ئیتر دراوسێ بوو. باپیرم وای دەکرد، من قەڵس دەبووم و کەرمی دەکرد، پارەی پێدەدام بۆ ئەوەی بهێڵم ماچم بکات.
خاتوو میم، بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکە دەڵێ:
کوڕێکی تەمەن ١٤ ساڵان دایکی ناچاری کردووە سێکسی لەگەڵدا بکا بۆ ئەوەی لە دەرەوە لەگەڵ ژنانی دیکە سێکس نەکا و تووشی ڤایرۆس بێت.
گێڕانەوەکانی سەرەوە پیشاندەری پەیوەندیی سێکسی لە سەر بنەمای خاوەندارێتی و لە جۆری پێبەستراویی نێوان دایک و کوڕە. پەیوەندیگەلێک کە لە سەر بنەمای وابەستەیی توند و نەخۆشیئاسایە. ئەو هەستە خاوەندارێتییەی کە پێگەی دایکی وەک دایکێک کە دەبێ منداڵەکەی فێری هونەری خۆشەویستی بکا، لە ناو بردووە. هەر مرۆڤێک لە سەر بنەمای چەمکی خۆشەویستی پەیوەندی لەگەڵ جیهانی کۆمەڵایەتیی دەوروبەری خۆیدا ساز دەکا و ئەم چەمکە یەکەم جار لە پەیوەندی لەگەڵ دایکیدا بەئەزموونی دەکا و بۆ خۆشویستنی جیهانی کۆمەڵایەتیی خۆی وەک سەرچەشن و مۆدێلێک بەکاری دەهێنێت. منداڵێک کە لە جیاتی چەمکی خۆشەویستی لە پێوەندی لەگەڵ دایکیدا ئەو جۆرە پەیوەندییە پێبەستراوییە خاوەندارێتییانە بەئەزموون دەکا، پەیوەندییەکەی لەگەڵ جیهانی کۆمەڵایەتییە ژیاوەکەی لە سەر بنەمای ئەم پێبەستراوەیی و وابەستەییە ناهاوسەنگەکان بەرساز دەکا و لە داهاتوودا جۆرەکانی پەیوەندیی مازۆخیستی و سادیستی بەرهەم دەهێنێتەوە.
کاک خ وتی:

بەڵێ من زۆر منداڵ بووم لە ناو چوار پێنج ساڵان بووم، کە تێگەیشتم مامم شەوانە دەیهەوێ لەو شوێنەی کە خەوتووم پەلکێشم بکا و بمباتە لای خۆی بەڵام بۆی نەلوا و پێم زانی.

خاتوو ف دەروونناس وتی:

ئەم کەیسە کاتێک تەمەنی لە ناو نۆ ساڵدا بوو، دەستدرێژی کراوەتە سەری، ئازاردەرەکە کوڕی خاڵۆی بووە و چەندین جار ئەم کارەی لەگەڵ کردووە و پێی وتووە وەرە با بچین قورئان بخوێنین با خوا بمابەخشێت. سووکیان بە یەکەوە دەنا و سواری یەکتر دەبوون.

شەیدا وتی:

ئەو ئامۆزا (کوڕی مام) بوو و سەرەتا فریوی دەدام و بە زۆر ئەم کارەی کرد، بەڵام دواتر دڵی منی بەدەست هێنا، کاتێک کە دەیکوت وەرە ئەو کارە بکەین، ئیتر زۆر بەرەنگاری نەدەبوومەوە.

خاتوو ب وتی:

[...] پێم وا ئەوسا تەمەنم لە ناو ٦ ساڵان بوو، نەدەچوومە قوتابخانە، ئەو کوڕەش ناناسم، تەمەنی ١٧ یان ١٨ ساڵ بوو، من زۆر بچووک بووم، منی بردە ئەو پشتە [لە ناو دوکانەکە لە پشت ساردینگەکە] پاڵی خستم و سوارم دەبوو و خۆی پێوە دەماڵیم. ئینجا هەستا و دەڵقێک شوکلاتی پێدام و وتی بڕۆوە ماڵی خۆتان، درگای بۆم کردەوە.

بەکارهێنانی تەکنیکی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی: بەکارهێنانی ئەم تەکنیکەش ڕێگایەکە بۆ فریودانی منداڵ. دەستدرێژیکاران هەندێک جار بە قسەکانیان ڕەزامەندیی منداڵان بەدەست دەهێنن. یەکێک لە قوربانییەکان لەو بارەوە وتی:

بەڵێ بەداخەوە دەڵێم بە سۆزدەربڕین لێم نزیک دەبووەوە و منیش سەرەڕای ئەوەی دەمتوانی نەهێڵم، بەڵام ڕێگریم لێ نەدەکرد.

یان یەکێکی تریان وتی:

ئیتر هەڕەشە نەبوو، زیاتر لە سەر بەدەستهێنانی ڕەزامەندی بوو، ئێستا حاڵەتی یەکەم؛ و دەتوانم بڵێم ئەوە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی و بەتەماحخستن بوو، من باسی ئەوە دەکەم کە لەگەڵ ئەو کوڕەدا چی بە سەرم هاتووە، باشە، بە پارە بەتەماحی خستم هێز و تەمەنی و هەموو ئەمانە کاریگەر بوون.

و قوربانییەکی دیکەش وتی:

سەرەتا بێ‌شک بە ناخۆشی و شەرمەزارییەوە بوو و دواتر هێواش هێواش ڕازی بووم بەوەی کە ئەمە دەبێ بوونی هەبێت. پێم وا لە قۆناغی مامناوندییەوە قبووڵم کرد.

ئەو گێڕانەوەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەخا کە منداڵە دەستدرێژیکراوەکان بۆشایی سۆزداری و گرنگینەدانیان بووە کە لە ڕێگەی تێرکردنی سۆزداری لە لایەن دەستدرێژیکارەوە هیچ بەرەنگارییەکیان نەنواندووە و وڵامی ئەرێنیشیان بە دەستدرێژیکارەکان داوەتەوە کە ئەمە هەلی بەردەوامیی دەستدرێژی دەڕەخساند.

خاتوو ب، ڕاوێژکاری قوتابخانە و کلینیکی دەروونناسی وتی:

یەکێک لەو کەیسانەی کە لەبەر دەستە خانمێکی تەمەن ٢٣ ساڵە کە لە لایەن خاڵۆی دایکیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەری. خۆی دەڵێ یەکەم جار شکم خست کە بۆچی ئەوەندە خۆشی دەوێم و سەرنجم دەدا؛ بەڵام وردە وردە کە ئەمە گەورە بووە ئەم دەستلێدانانە زیادیان کردووە تا ئەو ئاستەی کە دەڵێ لە قۆناغی ناوەندیدا، کاتێک ئەمە ڕووی دا، من لە ڕووی سۆزداریشەوە تێوەگلام؛ مەبەستم ئەوەیە کە منیش پێم خۆش بووە.

بەڕێز سەتاری مامۆستای قوتابخانە:

کوڕەکە زەڕدایکی هەبوو، دواتر لە لایەن زەڕدایکیەوە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەر. من لە ناوەندی چاکسازی و پەروەردەی منداڵان مامۆستا بووم. من وای بۆ دەچووم کە لە پێشدا لەگەڵی پەیوەندیی دۆستانەی هەبووە تەنانەت بۆ ئەوەی یارمەتی بدا لەگەڵ خۆی دەیبردە گەرماو. پاشان کاتێک متمانەی منداڵەکە بەدەست هێناوە، پەلاماری داوە.

خاتوونی یاریدەدەری کۆمەڵایەتی خانەی منداڵانی ناسر خەسرەو وتی:

دایکەکە لە باوک جیا بووەوە و کچەکە لەگەڵ باوکیدا دەژیا و باوکەکە هاوڕێیەکی هەبوو و متمانەی زۆری پێدەکرد و هاتوچۆیانی دەکرد و ئەو هاوڕێیە بۆ ئەوەی کچەکە ڕازی بکا سۆز و خۆشەویستی بۆ دەربڕیوە و سێ چوار جار پەلاماری داوە.

بەکارهێنانی زەبر و تەکنیکی ناچارکردن: تەکنیکی زەبر و ناچارکردن ئاماژە بە بەکارهێنانی هێزی جەستەیی بۆ پەلاماردان یان دەستدرێژی دەکا؛ وەکوو نموونەی ئەمیر کە لە سەرەوە خوێندمانەوە. بەو پێیەی کە دەستدرێژیکاران لە ڕووی جەستەییەوە لە منداڵەکە گەورەترن و هێزی جەستەیی زیاتریان هەیە زۆر بە ئاسانی دەتوانن ئەم تەکنیکە بەکار بهێنن. بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە زیاتر بۆ دەستدرێژی یان هاشاوڵی سێکسی بووە.

لەو زەمینەدا شەیدا وتی:

ئێمە ئەوسا لە لادێ دەژیاین، هەندێک جار لەگەڵ کوڕی مامم لای مەڕم دەگرت. جارێک لە پشت قوتابخانەی گوندەکە بووین، پێی وتم وەرە ناو ئاودەستخانەی قوتابخانە با شتێکت پیشان بدەم. سەرەتا ملم نەدا نەچووم، بەڵام لە کۆتاییدا ڕۆشتم. لەوێ، پانتۆڵەکەمی داکێشا و ئەندامی نێرینەی خستە نێوان ڕانەکانم. منیش ترسام و هەر دەگریام. ئەویش بە زۆری ئەم کارەی دەکرد.

خاتوو سین، چالاکوانی کۆمەڵایەتی لە بواری منداڵان، وتی:

سەیر کە من یەکێک لە هاوڕێکانم کە دەنگەکەی بۆ ناردم لە تەمەنی ٧ بۆ ٨ ساڵیدا. لە لای ماڵمانەوە دوکانێکی خواردەمەنیفرۆشی لێ بوو کە پیاوێک وەک باوکی دەهات و لەوێ دەماوە. بەیانی کە ڕۆیشتوو، ئەم پیرەمێردە گیری هێناوە و دەستی لێ دەدا.

خاتوو ب دەڵێ:

کچێکی ئەڤغانی تەمەن ١٧ ساڵ؛ کە شەش منداڵ لە ناو ماڵێکدان و خۆشی منداڵی چوارەمی ماڵەوەیە، باوکی دەستفرۆش و دایکی نەخوێندەوار و کابانی ماڵە. ئەم کچە ڕاپۆرتی داوە کە لە ڕێگای قوتابخانەدا هاتوچۆی قوتابخانە دەکرد لە هەمان گەڕەکی دەرواز غار. ڕۆژێکیان دوو کوڕ بە زۆری ڕایدەکێشنە ناو بینایەکی تەواونەکراوەوە و دەستدرێژی دەکەنە سەری، سێکسی کۆمیان لەگەڵ کردووە، دواتر دۆخەکە زۆر خراپتر بوو.

ئەو قسانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەخا کە ئەو کاتە دەستدرێژیکاران هێزی جەستەیی و فیزیکی بەرامبەر ئەو منداڵەی کە لە ڕووی فیزیکی و جەستەییەوە لەوان لاوازترن، بە کار دەهێنن کە دەستدرێژیکاران لە پشتگوێخران، چاودێرینەکران و بێبەرگریبوونی منداڵ لە لایەن پارێزەر و بەرپرس و چاودێرانییەوە ئاگادار بووبێتن؛ دەستدرێژیکاران تەنیا بە هێزی فیزیکی و جەستەیەکی بەهێزتر ناتوانن دەستدرێژیی سێکسی بکەنە سەر نێچیرەکەیان و یان بە دڵنیاییەوە هۆکارێکی تەواو نەبووە و بە شێوەی مەرجدار ڕێخۆشکەری پەلامار و دەستدرێژی بووە.

بەکارهێنانی تەکنیکی کڕین و فرۆشتن: لەم حاڵەتەدا دەستدرێژیکار منداڵەکە لە سەرپەرشتیار یان دایک و باوکی دەکڕێتەوە. هەژاری و ئالوودەبوون ڕۆڵێکی گرینگی لەم بارەوە هەیە. کاتێک بە هەر هۆکارێک خانەوادە ئالوودە دەبێ و لەم پرۆسەدا هەموو سامانەکەی لەدەست دەدا، ڕەنگە دوابژاردە بۆ دایک و باوکانی ئالوودە ئەوە بێ کە

منداڵەکەیان بە دەستدرێژیکار بفرۆشن بۆ ئەوەی مادە هۆشبەرەکەی پێ دابین بکات. یەکێک لە کارمەندانی کۆمەڵەی منداڵانی کار لە گەڕەکی شووش وتی:

باوکێک ساڵانێکی زۆر لە خانەی شووش چونکە مادەی هۆشبەری دەویست و کچە بچووکەکەی دەبرد بۆ دەروازەی غار و دەیگەڕاند بۆ ئەوەی پارەی پێ دەست بخات خۆ سێکسی لەگەڵ نەدەکرا بەڵام ئازاریان دەکرد. نەیدەزانی ئەوە ئازاری دەدەن، پێی شتێکی ئاسایی بوو.

لە کەیسەکەی سەرەوەدا، هەژاریی هۆشیاری لە پاڵ هەژاریی ئابووریی بە باوکی منداڵە دەستدرێژیکراوەکەوە دیارە و ئەمەش ئەو گریمانە پشتڕاست دەکاتەوە کە بێبەشیی ڕەهەندی فراوانی هەیە کە تەنیا یەکێکیان بێبەشیی مادی و ئابووری یان پارەیە و هەڵبەت ڕەهەندە گرنگترکەیە، چونکە بێبەشیی ئابووری یان مادی دەبێتە زەمینەیەک بۆ دەرکەوتنی ڕەهەندەکانی دیکەی بێبەشی و بە واتایەکی دیکە بێبەشی پێشەکیی هەموو ڕەهەندەکانی دیکەیە. بێبەشێتی لە هەموو ڕەهەندەکانیدا زەمینەسازی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵانە.

خاتوو ح، یاریدەدەریی کۆمەڵایەتی، لە زاری یەکێک لە کۆمەکخوازەکانیەوە دەڵێ:

ئەو خانم گوڵەمان وتی کاتێک بچووکتر بووم کوڕی خاڵۆم (خاڵۆزاکەم)، هەڵبەت دەبێ ئەوەش زیاد بکەم کە ئەڤغانییەکان خانوویەک بەکرێ دەگرن و ژوورەکان دەدەن بە خزمەکانیان. وتی: ئەو وەختە خاڵۆزاکەم لەگەڵمان بوو. ژوورێکمان پێدا بوو. دەستی لێدەدام و منیش بە دایکمم وت کە ئەو کوڕە دەستم لێدەدا. بە دایکمم وت و ئەویش پێی وتم کە: پێویستم بەم پارەیە. بۆیە باشتر وایە بەرگەی بگریت. واتە ئەم کچەی فرۆشتووە! ئەیچی. و وتی کوڕ خاڵۆم ڕۆشت. من لەم گەڕەکەدا کوڕێکی ئێرانیم ناسی و ئەو کوڕە کۆڵێ دۆستی هەیە و تەنانەت سێکسی گروپیش دەکات. جلی ڕەنگاوڕەنگی ژێرەوەم بۆ دەکڕێ و دەڵێ با پێکەوە بین! ئەیچی.

ئەو نموونەی سەرەوە پەیوەندیی نێوان پێداویستییەکانی ژیانی کۆچبەرانی ئەڤغانی و دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵەکانیان پیشان دەدا، ئەو کۆچبەرانەی کە لە کۆمەڵگەی ئێراندا لە پێداویستییە سەرەتاییەکان و لانیکەمی ماف و مافە مرۆییەکان بێبەشن و ئەم بێبەشی و هەلومەرجەی کە لە کۆمەڵگەی ئێراندا بەئەزموونی دەکەن، بەستێنێکی گونجاوە بۆ دەستدرێژیکاران کە زیاتر دەستدرێژیی سێکسی بکەنە سەر منداڵە ئەڤغانییەکان.

لە پرسی منداڵهاوسەریدا، هەندێک جار پرسی فرۆشتنی منداڵ دێتە ئاراوە. بۆ نموونە بنەماڵە هەژارەکان وەک بارگرانییەکی ئابووری لە کچەکانیان دەڕوانن و دەیانهەوێ بە بەشوودانیان ئاستی ئەم بارگرانییە کەم بکەنەوە و تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا خێزانەکان وەک شیربایی بڕە پارەیەک لە خێزانی زاوا وەردەگرن. ئەم نەریتە لە ناو خێزانە ئەڤغانستانەکاندا زۆر باو و ئاساییە. هەروەها بینیمان کە لەگەڵ کشانەوەی ئەمریکا لە ئەڤغانستان و تەشەنەسەندنی هەژاری لەم وڵاتەدا، هەندێک لە خێزانەکان بۆ بژێوییان منداڵەکانیان بە خەڵک دەفرۆشت. ئەم بارودۆخانە ئەوپەڕی ڕەنجێکە کە منداڵ لە ئەنجامی هاوسەرگیری و پەیوەندیی سێکسیدا بەئەزموونی دەکا، چونکە دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان فۆرمێکی چەسپاوی دەگرێ و بۆ چەندین ساڵ بەردەوام دەبێت.

ئالوودەکردنی منداڵ: لە هەندێک حاڵەتدا بەتایبەت کاتێک کە منداڵێک بەدسەرپەرشتیارە، ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە بۆ کڕین و فرۆشتنی مادەی هۆشبەر و دەستدرێژیی سێکسی ئالوودە بە مادەی هۆشبەری بکەن. لەم دۆخەدا، بەو پێیەی کە منداڵەکە هیچ توانایەکی دارایی بۆ کڕینی مادەی هۆشبەر نییە، لەوانەیە دەستدرێژیکارەکە بە بەکارهێنانی ستراتیژیی پێدانی مادە هۆشبەرەکان و ئالوودەکردنی، چەندین جار دەستدرێژیی سێکسی بکاتە سەری. بەڕێوەبەری ناوەندی چاودێریی منداڵانی نەخۆشی و ئالوودە بە مادە هۆشبەرەکان ڕایگەیاندووە:

لە هەلومەرجی کارتۆن‌خەویدا ئەگەری کە ئەوەی دەستدرێژیی سێکسی بکرێتە سەر و ببێتە بازرگانی مادەی هۆشبەر و بیفرۆشرێ، زۆرە. ئەمانە زۆر ڕوو دەدا کە گەرەکیان بێ منداڵەکە ئالوودە بکەن و یان چ بە شێوەی سێکسی یان ناسێکسی کەڵکاوەژۆیی لێ بکەن.

لە گێڕانەوەکانی سەرەوەدا بە ڕوونی دەردەکەوێ کە دەستدرێژیکاران تەکنیکی ئالوودەکردنی منداڵان بەکار دەهێنن چونکە جۆرە وابەستەییەکیان تێدا دروست دەکا کە لە سەر بنەمای خواستی مادە هۆشبەرەکانە. چونکە لە ڕێگەی دابینکردنی مادەی هۆشبەر بۆ منداڵە ئالوودەبووە وابەستەکە، دەتوانن زەمینەی دەستدرێژیی سێکسی و بەردەوامبوونی بڕەخسێنن.

دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵ لەکاتی خەوتندا: هەندێک جار ڕەنگە دەستدرێژیکارەکان سود لە دۆخی نائاگایی منداڵەکە یان ئامانجەکەیان وەربگرن و ئازاریان بدەن. بۆ نموونە وەک لە بەشی دووەمدا هاتووە، کاتێک قوربانییەکان خواردنەوە

کحوولییەکان دەخۆنەوە، ئەگەری ئەوەی کە توندوتیژیی سێکسی بکرێتە سەریان، زۆرە. لە ناو نموونەکانی دیمانەدا بەکارهێنانی تەکنیکی خواردنەوە کحولیەکان و دابەزینی ئاستی هۆشیاریی منداڵ بوونی نەبوو، بەڵام کەڵکاوەژۆیی لە منداڵ لە کاتی خەوتندا بینراوە، واتە کاتێک ئاستی هۆشیاریی منداڵەکە کەم بووەتەوە. خانمێکی تەمەن ٣٣ ساڵ کە خۆی یاریدەدەری کۆمەڵایەتییە سەبارەت بە ئەزموونی منداڵیی خۆی وتی:

لە تەمەنی ١١ ساڵیدا ئەزموونی ئەوەم هەبووە کە باوکم دەستی لە سینگ و مەمکم داوە ئەمەش لە نیوە شەودا ڕووی دەدا کە لە گەرمەی خەودا بووم، بەڵام کە هەستم پێکرد لە خەو هەڵدەستام، بەڵام ئەم ڕووداوە لە ڕادەبەدەر بە لامەوە باوەڕپێنەکراو بوو چونکە ئەوە لە لایەن پیاوێکەوە ئەنجام دەدرا کە یەکەم خۆشەویستم بوو و چ بە بۆچوونی من و چ بە بۆچوونی کەسانی دیکە باشترین باوکی جیهان بوو و بە هۆی شۆک و ترسێکی زۆرەوە دەچوومە خەوێکی قووڵەوە یان وەک دەڵێی دەبوورامەوە و ساڵانێک کاریگەریی ئەم ڕووداوە دڵ و دەروونمی تەنیبوو.

خاتوو ب وتی:

ڕۆژێک لە ماڵەوە خەوتبووم، خاڵۆم هەر دەهات و دەچوو، شتێکی هەڵدەگرت، ماڵی خوشکەکەی بوو، بەیانییەک زوو بوو، خەوتبووم، با ئەوەش بڵێم من خوویەکم هەیە، کاتێک کە دەخەوم دستمە دەخەمە ژێر سەرم واتە بە لاشانەوە دەخەوم بە نیازم دەستبەرداری ئەم خووە ناشیرینەم بم چونکە بیرەوەریی ناخۆشم لێی هەیە. ئینجا بینیم خاڵۆم هاتە لام. لە نێوان خەو و بێداریدا بووم هەر ئەوەنەم زانی شتێکی خستە ناو لەپی دەستمەوە.

- ستراتیژییەکانی خۆپاراستن لە دەستدرێژی

وەک چۆن دەستدرێژیکارەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان واتە ئازاردانی منداڵان کۆمەڵێک ڕێکار و ستراتیژ بەکار دەهێنن، منداڵان، واتە منداڵانی دەستدرێژیکراویش بۆ خۆبەدوورگرتن لە دەستدرێژی یان بەردەوامیی دەستدرێژی کۆمەڵێک ستراتیژ بەکار دەهێنن. هەڵبەت ڕەنگە هەموو منداڵێک بە هۆکاری وەکوو ترس، خۆبەدوورگرتن لە توندوتیژی و ئابڕووچوون هیچ ستراتیژێکی دیاریکراو بۆ پاراستنی خۆیان لە هەمبەر دەستدرێژی هەڵنەبژێرن. لێرەدا ستراتیژ، بە مانا فراوانەکەی، ئامرازێکە کە کەسانی

ئازاردراو لە ڕێگەی ئەوەوە هەوڵ دەدەن ئامانجەکەیان کە دوورکەوتنەوە لە بەردەوامیی دەستدرێژییە بپێکن. ستراتیژ تیشک دەخاتە سەر گەیشتن بە ئامانجە تایبەتەکان و تەرخانکردنی سەرچاوە و وزە لە خۆ دەگرێ و چەند بڕیار یان داپەڕی هاوکۆک، دروست، یان یەکدەست پیشان دەدا کە منداڵان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان ڕێنوێنی دەکات. ئەو ستراتیژانەی کە منداڵان بۆ خۆبەدوورگرتن هەڵیدەبژێرن لەوانەیە کاریگەر یان بێکاریگەر بن.

گرینگترین ڕێکار و ستراتیژەکان کە لەم لێکۆڵینەوەدا دۆزیمانەوە کە منداڵان بۆ بەرگریکردن لە خۆیان بەکاریان دەهێنا بریتی بوون لە هەڕەشەکردن لە دەستدرێژیکار، هێرشی فیزیکی، هاوسەرگیری کردن، دوورکەوتنەوە لە دەستدرێژیکار، خۆداپۆشین بە جلوبەرگ یان هەر شتێکی تر، قوفڵکردنی دەرگا، لە ماڵ ڕاکردن. هاوار و قیژاندن و تکا و پاڕانەوە. وەک دەبینین بە گشتی ئەم ستراتیژانە بۆ خۆبەدوورگرتن لە دەستدرێژی میکانیزمێکی کاریگەر نین و نیشاندەری کەمیی هۆشیاری و لاوازیی منداڵانە. ڕەنگە بتوانین بڵێین کە کاریگەرترین تەکنیکەکان بۆ منداڵان بریتییە لە ڕاپۆرتکردنی دەستدرێژییەکە بە تۆڕە پشتیوانییە فەرمی و نافەرمییەکان و داوای پشتیوانی لێکردنیان. تۆڕە پشتیوانییە نافەرمییەکان بریتین لە ئەندامانی خێزان و ئاشنا و ناسیاوەکانی دیکە و خزمان و چالاکانی بواری منداڵان لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان. ڕاستە هەندێک جار منداڵان لە لایەن ئەم کۆمەڵە کەسانەوە ئازار دەدرێن، بەڵام هێشتا هەندێکی کەسی دیکە هەن کە دەتوانن داوای پشتیوانییان لێ بکەن. تۆڕە فەرمییەکانیش ئاماژە بە دامەزراوە پاڵپشتییە حکومییەکان دەکەن، ڕێکخراوگەلی وەکوو بێهزیستی، ناوەندەکانی فریاکەوتنی کۆمەڵایەتی و فریاگوزاری کۆمەڵایەتی یان هێڵی تەلەفۆنی ١٢٣ و ڕاوێژکارانی قوتابخانە.

تۆڕە پشتیوانییە فەرمی و نافەرمییەکان لە کۆمەڵگای ئێراندا هەر یەکەیان ئاستەنگ و چالنجی خۆیانیان هەیە کە کاتێ منداڵان بۆ شکاندنی زنجیرەی ئازاردان یان وەستاندنی ڕووبەڕووی داوای هاوکاریان لێ دەکەن، تووشی کێشە و گرفت دەبنەوە. تۆڕە پشتیوانییە نافەرمییەکانی وەکوو خانەوادە و هاوڕێ و ناسیاوەکان بە هۆی کلیشە فەرهەنگییە باڵادەستەکانەوە لاوازە کە ئەم لاوازییە دەرەنجامی نزمیی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵایەتییە، بۆ وێنە لەقاودانی دەستدرێژی بە ئابڕووچوون لە قەڵەم دەدەن، یان فەزای گفتوگۆ و پەیوەندی لاوازە کە دەتوانێ لە ژێر کاریگەریی جیاوازی و لێکدژیی سیستەمی بەهای

نەوەکان لە بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگای ئێراندا بێ، هەروەها بێ‌متمانەیی و ناڕاستگۆیی بۆ ئاشکراکردن، نەبوونی شەفافیەت و نکۆڵیکردن لە دەستدرێژی. بە هۆی ئەو هۆکارانەی کە باس کرا تۆڕەکانی پشتیوانیی نافەرمی بێکاریگەرە و کارامەیی نییە. لە لایەکی ترەوە تۆڕەکانی پشتیوانیی فەرمی بە هۆی بارودۆخی نالەباری ئابووری و کۆمەڵایەتی و نزمیی ئاستی چاودێریی کۆمەڵایەتی، نەبوونی سیاسەت و خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیی پاڵپشت، بەتایبەت بۆ گروپە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکانی وەکوو منداڵان، بەساڵاچووان و ژنان لەم حاڵەتەشدا ناکارامە و بێکاریگەرە. لە ئەنجامدا، هەم تۆڕە پشتیوانییە فەرمییەکان و هەم نافەرمییەکان هەمیشە وەک ستراتیژییەک بۆ دوورکەوتنەوە لە دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان بێکاریگەر بوون. منداڵان وەک ڕاپەڕینەرانێک کە دەبێ لە بەکارهێنانی ستراتیژییەکانی دوورکەوتنەوە لە دەستدرێژی، چالاک و زیرەکانە ئیش بکەن، بەڵام بەداخەوە بە هۆی نەبوونی ڕاهێنانی پێویست سەبارەت بە لێهاتوویی پێویستەکان، کارکردێکی زیرەکانەیان نییە، ئەمەش نەبوونی پەروەردە و جێبەجێ‌کردنی توانا و پتانسێلە پەنگراوەکانیان پیشان دەدا کە هەم دەگەڕێتەوە بۆ پرسە پێکهاتەیی و زەمینەییەکان لە سەر ئاستی کەڵان (نەبوونی پشتیوانیی فەرمی و نافەرمی) و هەمیش دەگەڕێتەوە بۆ پرس و بەربەستەکانی کارلێکی سازێنەر و چالاک لە سەر ئاستی ورد لە لایەن منداڵ کە خۆی ڕاپەڕینەرە. ستراتیژ یان تەکنیکەکانی سەرەوە هەموویان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە منداڵان بە باشی ڕانەهێنراون بۆ ئەوەی داوای یارمەتی لەم تۆڕانە بکەن. لەو بوارەشدا سیستەمی پەروەردەیی ئێران و میدیای گشتی تاوانبارن کە خێزان و منداڵان فێر ناکەن کە چۆن خۆیان لەم مەترسیانە بپارێزن. تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا تۆڕەکانی پاڵپشتیی منداڵ وەکوو دایکی خۆیان بۆیان دەردەکەوێ کە منداڵەکە لە لایەن هاوسەرەکەی یان ئەندامانی تری خێزانەکەیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەری، بەڵام بە هۆی نەبوونی زانیاری یان وابەستەبوون بە دەستدرێژیکار لە ڕووی ئابووری و بێ‌پەنایی و بێکەسییەوە ناتوانێ پشتگیرییەکی ئەوتۆ لە منداڵی دەستدرێژیکراو بکات. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە نەبوونی پەروەردە و زانیاری و لێهاتوویی پێویست لە ناو کۆمەڵی منداڵاندا، پیشاندەری زەروورەتی خەسارناسیی دامەزراوە کۆمەڵگاگرییەکانی وەکوو خێزان، قوتابخانە و میدیا گشتییەکان بە تیشک خستنە سەر پێکهاتە و کاردای هەر کامیانە. لە لایەکی دیکەوە پشتیوانی نەکردنی دایک لە منداڵێک کە لە لایەن باوکەوە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەر، دەگەڕێتەوە بۆ سەر خەسارناسیی بواری ژنان و هەڵاواردن و جیاکاریی ڕەگەزی لە ناو

کۆمەڵگای ئێستای ئێراندا، چونکە دەبینرێ کە ژنان، سەربەخۆیی، بوێری، لێهاتوویی پێویست و هەروەها پشتگیرییەکی تەواویان بۆ پاراستنی منداڵان لە هەمبەر دەستدرێژیی سێکسیی پیاوان نییە. هەر یەکێک لەم تەکنیکانە لەم بەشەی خوارەوەدا باس دەکرێن.

ستراتیژی هەڕەشەی دەستدرێژیکار بۆ درکاندنی ئازاردانی سێکسی: هەڕەشەی دەستدرێژیکار زیاتر لە سەر ئاشکراکردنی دەستدرێژی و ئازاردانی سێکسییە. لە هەندێک حاڵەتدا منداڵەکان بە لەقاودانی دەستدرێژییەکە هەڕەشەیان لە دەستدرێژیکارە کردووە. دەتوانین بڵێین منداڵان ئەو وەختە ئەم ستراتیژەیان بە کار هێناوە کە دەستدرێژیکارەکەیان ناسیوە و کەسانێک لە دەوروبەریان بوون کە دەستدرێژیکارەکەیان ناسیوە. ئەم ستراتیژە بۆ ئەو دەستدرێژیکارانەی کە نامۆن و لەوانەیە تەنها یەک جار دەستدرێژییان کردبێتە سەر منداڵەکە کار ناکات.

لەم زەمینەدا خاتوو ب ڕاوێژکاری کلینیک و قوتابخانە وتی:

کچە دەڵێ کاتێک دەستی لێ دەدام وشک دەبووم. هیچم لە دەست نەدەهات؛ بەڵام دەڵێ کاتێ لە قۆناغی مام ناوەندی هاتۆتە لام مستێکم لە دەستی دا. هێزێکی وای وەدەست هێناوە و پێی وتووە ئەگەر لێ نزیک ببیتەوە بە دایکم دەڵێم؛ واتە ئازایەتی زیاتری نواندووە.

نەهال تەمەن ٣٤ ساڵ کە ئێستا خەریکی خوێندنی دەروونناسییە، دەڵێ:

ئازاردانی سێکسی ئەوە بوو کە ئەندامی نێرینەی خۆی پیشان دەدام یان باسی دەکرد. یان دەیویست باوەشم پێدا بکا و لە سەر قاچی خۆی دامبنیشێنێ، من پێم خۆش نەبوو، منالی قدیم بووم هەڕەشەم لێدەکرد و دەمقیژاند. دەمزانی خەریکە کارێکی هەڵە دەکات. هەڕەشەم لێدەکرد و هاوارم دەکرد، هەڵدەستام و دەڕۆیشتم. جارێکیان شتێک ڕووی دا هات چیرۆکێکی بۆم گێڕاوە و منیش پێم خۆش بوو گوێم گرت. چەند جار ئەندامی نێرینەی خۆی نیشان دام. ویستم شتێکت بۆ بگێڕمەوە کە پێبکەنی. جارێکیان دیتم ئەندامی نێرینەی ئاسایی بوو و جارێکی تریش ڕەق ببوو، بۆ من زۆر سەرنجڕاکێش بوو. وتم واو چەندە گەورە بووە، چەند سەیرە.

لە گێڕانەوەی سەرەوەدا تووشی پرسی کونجکۆڵیی سێکسیی منداڵ دەبینەوە، چونکە لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەدا دەڵێ چەندە سەیر بوو و دەتوانێ نیشانەی چێژوەرگرتنی منداڵەکە بێ، بە لەبەرچاوگرتنی تەمەنی کونجکۆڵیی سێکسی منداڵ، کە زۆر جار لە تەمەنی ٣ ساڵییەوە دەست پێدەکا و ئەگەر بە دروستی و لە کاتی خۆیدا ڕانەهێنرێ لەوانەیە لە

ئەگەری بچووکترین ڕووداو یان تەنانەت گفتوگۆیەک لە سەر تەوەری پرسە سێکسییەکان ببێتە چەخماخەیەک بۆ بەئاگاهێنانەوەی کونجکۆڵیی سێکسی لە ڕەهەندی گەورەتر و زیاتر لە منداڵدا، یان ئەوەی کە منداڵ لە ئەندامە سێسکییەکانی خۆی بکۆڵێتەوە و پەی بە خۆوروژان تەنانەت لە تەمەنی کەم و پێش تەمەنی باڵقبوون ببا، کە لێرەدا بە پێی وتەی خۆیان:

ئەم ڕووداوە بوو بە سەرەتای خۆتوێژیی سێکسی لە تافی منداڵیمدا و وای لێکردم فێری خۆڕەحەتکردن ببم و لە تەمەنی کەمەوە گیرۆدەی خۆڕەحەتکردن بم.

ئەگەر مرۆڤێک، بەتایبەت منداڵ، وەک بوونەوەرێکی مەلەوەر کە لە سەرەتای گەڕان و دروستکردنی مانادایە، لە لایەن کەسانی دیکە کە بەرپرسی پیشاندانی ئاراستەی ژیان بەو منداڵەن، سنووردار و سەرکوت بکرێ یان بە شێوەیەکی دروست ڕێنمایی نەکرێ، ئەوا زەینی دەست دەکا بە دروستکردن و تاوتوێکردن و ماناسازی، ئێستا ئەگەر لە ڕێگای دروستەوە ڕێنمایی نەکرێ، ئەوا ناوەنیتکەی لادەر لە ئاراستە بەرسازکراوەکەی (خۆڕەحەتکردن وەک لادان) لێ دەدرێ و خۆشی لە لایەن هەمان ئەو کۆمەڵگایەوە کە پرۆسەی ئەم ماناسازییەی دیاری کردووە، ناوناتۆرەی لادەر یان نەشیاوی لێ دەنرێت. کۆمەڵگا هەرگیز پرۆسەی تاراندن ناخاتە ژێر پرسیارەوە و زۆر جار ئەوە کەسانی تارێنراون کە لە لایەن کۆمەڵگاوە دەخرێنە ژێر پرسیارەوە و ئەمەش ڕێک لە میکانیزمی دەسەڵات دەچێت. خاتوو ب تەکنیکە جۆراوجۆرەکانی بەکار هێنابوو کە یەکێکیان بریتی بوو لە:

من لەبەردەم خاڵۆمدا ببووم بە سەگێکی تەواو، بەڕاستی ببووم بە سەگێکی ڕاستەقینە، دواتر بۆ نموونە لە ناو خەڵکدا دەیوت مەعسووم کچێکی زۆر چاکە، فەرقی لەگەڵ کچانی تر نییە، ئیتر ژاوەژاوی زۆر دەکرد. بەڵام من تەواو بۆ ئەو ببووم بە سەگ، من لەبەر چاوی ئەوم دەوەڕیم نەیدەویرا توخنم بکەوێت.

لەم ڕاپۆرتەدا بە پێی جۆری دەربڕین و ئەدەبیاتی کەسەکە تێدەگەین کە پەنجەی لۆمەکردنی ئاراستەی خۆی دەکا و هەست بە گوناحباری دەکا کە هێشتا لەگەڵیەتی و تەنانەت لە کاتی دەربڕینی یادەوەرییەکە بە مەبەستی لە ناوبردن، جنێو بە خۆی دەدا، نەک ئازاردەرەکە بەڵکوو خۆی بە تاوانبار دەزانێت. هەروەها ئەم قسانە لە سەر بەرزەخۆیی تێکڕووخاوی کەسەکە چڕ بۆتەوە کە هۆکارەکەی ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسی لە منداڵیدایە. بە شووبهاندنی خۆی بە سەگ بە ڕوونی ئاماژە بە بێبایەخزانینی شان و شکۆی مرۆیی خۆی دەکات. ئەو قسانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە زۆربەی ئەو هەستانەی کە

منداڵانی ئازاردراو بەئەزموونی دەکەن بریتییە لە هەست کردن بە گوناح و تاوانباری، شەرم، سەرزەنشت و لە کۆتاییدا هەستکردن بە ئازاری ویژدان. دەستدرێژیکراو یان ئازاردراو دەچێتە ناو گەمەی تاوانباری و گوناحباری و بە شێوازی ئەخلاقی دەورە دەدرێ و دەستدرێژیکراو شوناسی خۆی بۆ گوناحکار و خەتابار دەگۆڕێ و لە ڕاستیدا ئەم هەستکردن بە گوناح و تاوانبارییە لە دەرەوە (کۆمەڵگا) وردە وردە بەرەو دڵ و دەروونی کەسی دەستدرێژیکراو ئاراستە دەکرێ، لە ئەنجامی ئەوەدا پێگەی کەسی ئازاردراو کە قوربانییە، بۆ گوناحبار دەگۆڕێت. هەستی تێکەڵ بە ڕق و بەزەیی بەرامبەر بە دەستدرێژیکاران لە پاڵ هەستی ترس و تورەیی کە لە منداڵی دەستدرێژیکراودا دروست دەبێت؛ دژایەتییەکی چارەسەرنەکراوە کە چەندین پشێوی لە وجوودی ئەودا بەدی دەهێنێت.

ستراتیژیی هێرشی جەستەیی: هێرشی جەستەیی ئاماژە بە لێدان یان زیانگەیاندن بە دەستدرێژیکار دەکات. لە سەرەوە دکتۆر بەهرامی باسی لەوە کرد کە دەستدرێژیکراوان بە مشت هێرشیان دەکردە سەر ئازاردەرەکە. هەروەها دکتۆر مۆریس سێتوودێگان، دەروونپزیشک وتی:

کاتێک خاڵۆی دەهات دەیوت ئەوەندە ئێشم بوو کە گازم لە دەستی خاڵۆم دەگرت و دەستی خوێنی لێ دەهات، دواتر کە خوێنەکەی دەتکایە سەر لێفە و باڵنجەکەم لەبەر ئەوەی تاریک بوو هیچ نەدەبینرا بەیانی کە لە خەو هەڵدەستا و بینیویەتی کە ئاوای لێ هاتووە بە دایکی وتووە کە کەوتۆتە سووڕی مانگانە لە حاڵێکدا هێشتا باڵق نەببوو.

لە قسەکانی سەرەوەدا شاردنەوە و نکۆڵیکردن لە دەستدرێژی وەک ستراتیژییەکی بەرگری لە خۆکردن لە کەسی ئازاربینراودا دەبینرێ، کە لە ترسەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت، وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، ئەم ترسەش ڕەگ و ڕیشەی لە خۆ بە گوناحبار و خەتابارزانیندایە کە لە فەزای دەرەکیی قوربانییەوە بەرەو دڵ و دەروونی ئەو ئاراستە کراوە و لە ژێر کاریگەرییەکەیدا، و پێگەی کەسی دەستدرێژیکراو لە قوربانییەوە بۆ خەتابار دەگۆڕێت.

سەمانە تەمەن ٣٥ ساڵ سەبارەت بە ئەزموونی منداڵیی خۆی دەڵێ:

کاتێک بینیم خاڵۆم خۆی لە خوشکەکەم نزیک دەکاتەوە پێم وابوو پێم وتن کە پێدۆفیلیایە و لەگەڵ زۆربەی منداڵاندا سێکس دەکات. بینیم ئەوە خەریکە دەچێتە لای خوشکەکەم و دەستم کرد بە شەڕکردن چونکە پێش ئەوە بۆ بەرەنگاربوونەوە هیچ ئەنگێزەیەکم نەبوو.

پێم وایە لە تەمەنی ١٢ ساڵییەوە دەمتوانی شەڕ بکەم، بەڵام هیچ ئەنگێزەیەکم نەبوو، کاتێک بینیم خوشکەکەم خەریکە دەستدرێژی دەکرێتە سەر، ئیتر درندەکەی ناخم ڕاپەڕی و ئەویش ترسا. چوومە ناو شەڕێک و جارێکیان چەقۆم لێ هەڵگرت و وتم ئاگادار بە ئەگەر گەرەکتە نەتکوژم دەست لەم کارە هەڵگرە. ئیتر ئەویش ترسا.

لەم قسانەی سەرەوە دەتوانین ئەوە هەڵبهێنجێنین کە بەرگریکردن لە کەسێکی دیکە بۆ کەسی قوربانی باشتر لەوەیە کە بەرگری لە خۆی بکا و ئەمەش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە کەسی قوربانی لە ڕووی دەروونی و ڕۆحییەوە خۆی وەک قوربانی و گوناحبار قبوڵ کردووە و ئەمەی لە دڵیدا چەسپاندووە و لە ئەنجامدا هەوڵ بۆ بەرگریکردن لە خۆی نادا و لە بری ئەوە شەڕ بۆ یەکێکی دیکە و وەستاندنی دەستدرێژیکردنە سەر یەکێکی دیکە دەکات. لە دوو گێڕانەوەی سەرەوەدا، ململانێی منداڵ لە دژی دەستدرێژی، یان هەمان کاردانەوەی شەڕ و هەڵاتن لە دژی دیاردەی زیانگەیاندن وەک کاردانەوەیەکی فیزیۆلۆژی دێتە بەر چاو. هەموو بوونەوەرێک لە وەڵامی تێگەیشتنیان لە دۆخە مەترسیدارەکان بۆ ڕزگارکردنی خۆیان سازوکاری وەکوو هاشاوڵبردن، یان ڕاکردن لە خۆیان نیشان دەدەن. ئەم کاردانەوە بۆ یەکەم جار لە لایەن والتەر برادفۆرد کانۆنەوە باس کراوە. لە تیۆریی ئەودا بوونەوەرە زیندووەکان لە هەمبەر هەڕەشەکان بە زنجیرەیەک دەردراو لە تەواوی کۆئەندامی عەسەبیی سەمپاتیک وڵام دەدەنەوە کە ئەم کاردانەوەش دەبێتە هۆکاری سەرەکیی شەڕکردن (بەرەنگاربوونەوە) یان هەڵهاتن (ڕاکردن) کە لە ڕاپۆرتەکانی سەرەوەدا بە پێی ئەم تیۆرییە هەر دوو منداڵەکە بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن، شەڕیان لەگەڵ دەستدرێژیکارەکەدا کردووە یان بەرەنگاری بوونەتەوە.

ستراتیژیی هاوسەرگیری یان نەشوونەکردن: لە هەندێک حاڵەتدا منداڵ بۆ ئەوەی لە دەستدرێژیی سێکسی ڕزگاری ببێ هاوسەرگیری دەکات. فەرەنگێز کە ئێستا تەمەنی لە ناو ٣٩ ساڵە دەڵێ:

لە تەمەنت چەنددا هاوسەرگیریت کردووە؟ ١٢ ساڵان. هەڵبەت نەمیاندا بە شوو، گوتم تاکە ڕێگە بۆ دەربازبوون لە ماڵەوە ئەوەیە کە شوو بکەم کاتێکیش کە هاوسەرگیریم کرد، [دەستدرێژییە سێکسییەکان] کۆتاییان هات.

لەم گێڕانەوەدا هەڵبژاردنی ستراتیژیی هاوسەرگیریکردن لە لایەن کەسی دەستدرێژیکراوەوە دەبینین، چونکە بۆ ڕزگارکردنی خۆی لە دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن براکەی، هاوسەرگیری وەک تاکە ڕێگا شک دەبا و تاکە چارەی بێداڵدەیی و داماویی

خۆی لە پەنابردنە بەر ماڵێکی دیکە دەزانێ، بە بێ ئەوەی ناسیارییەکی تەواوی لە خوازبێنەکەی هەبێ یان تەنانەت خۆشی بووێ و مەبەست لە هاوسەرگیری تەنها بۆ دەربازبوون لە ماڵی باوک یان هەمان شوێنی ئازاردانە. لێرەدا هاوسەرگیری پەیوەندییەکی دراماتیک نییە بەڵکوو بۆ کەسی دەستدرێژیکراو گۆڕانی شوناس کاردایە و میکانیزمی هەڵهاتن بە ئامانجی وەستاندنی دەستدرێژییەکەیە. سەمانە کە لە لایەن خاڵۆیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەری، دەگێڕێتەوە:

چاو کە ئەم هاوسەرگیرییەی کە کردوومە زیاتر هەڵبژاردنی کەسێکی هەڵە بوو بۆ ئەوەی لە ماڵەوە ڕا بکەم. چونکە زۆر بێ کۆنترۆڵ شەڕم لەگەڵیان دەکرد و دەمویست ڕا بکەم. هەڵبژاردنێکم کرد کە ئێستا بیری لێدەکەمەوە، بۆچی ئەمە هەڵبژاردەی من بوو؟ پاشان ئەو هەڵبژاردنەی کە من کردم، هیچ یەک لەو شتانەی کە چاوەڕوانی بووم نەیبوو. هەروا بێتەوە ئەم کەسە هێواش هێواش بەرەو ڕووم هات و خۆم ئیزنم پێدا و لێم نزیک بووەوە.

بوونی فشارە سۆزدارییە جۆراوجۆرەکان مەترسیی دەروونپەرێشی زیاد دەکا، لە ئەنجامدا کەسەکە ناتوانێ ڕەفتارێکی هاوسەنگ و یەکپارچە و دەروونێکی تەندروست لە خۆی بنوێنێت (جیوواگنولی و منسس، ٢٠٠٦). لە دیمانەیەکدا لەگەڵ سەمانە، کاتێک باسی هاوسەرگیرییەکەی دەکرد، ساڵانێکی زۆر لە ڕووداوی ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسییەکەی تێپەڕیبوو، بەڵام وتی بۆ ئەوەی لە ماڵەوە ڕابکا کەسێکی هەڵەی هەڵبژاردووە بەڵام لە ناو ڕاپۆرتەکاندا، بیانووی ڕاکردن لە ماڵەوە کەمڕەنگتر و لەو دیو وشەکانەوە، تێدەگەیشتی کە بۆ ڕزگاربوون لە یادەوەریی دەستدرێژیی سێکسی لە تافی منداڵی هاوسەرگیری کردووە، لەیلای تەمەن ٣٨ ساڵ وتی:

ئەو کەسەی بەدبەختی کردم و لە منداڵیدا دەستدرێژی کردە سەرم، یەکێک لە خزمەکانی دایکم بوو، جارێکیان کە لە ژێر پلیکانەکانی ماڵی داپیرەمدا ئەم کارەی لەگەڵ دەکردم، باوکم پێمانی زانی و دیمەنەکەی بینی، ئەو ڕای کرد و منیش لێم درا. باوکم هەمیشە پێی دەوتم مایەی سەرشۆڕیی ئەم ماڵە هەتا ئەوەی کە هەر لەو هەڕەتی مێرمنداڵییەدا منی دا بەو کەسە. باشم لە بیرە لە زەماوەندی شووکردنەکەمدا دایکم پێی دەوتم تۆ ئابڕوومانت برد بەشکەم ئەم زەماوندە تەواو بوو هەموو شتێک ببڕێتەوە و منیش لەم ئەشکەنجە ڕزگار بم، ئابڕووبەرەی ماڵ. و بەم شێوە منیان دا بە دەستدرێژیکارەکەم.

ئەو قسانەی سەرەوە پشتڕاستی دەکەنەوە کە هەستکردن بە گوناح و خەتاباری وردە وردە لە دەرەوەی کەسی دەستدرێژیکراوەوە واتە لە ناو خێزان و کۆمەڵگاوە هاتۆتە ناو دڵ و

دەروونی کەسی دەستدرێژیکراو. بە جۆرێک کە دایکی و باوکی هەمیشە بە هۆی دەستدرێژیی سێکسییەی کە لە منداڵیدا بە سەریدا هاتووە بە خەتاکار و گوناحباریان زانیوە کە بۆتە هۆی سەرشۆڕی و ئەتکی بنەماڵەکەی. هەتا دوای ماوەیەک هەمان باوەڕ لە کەسی دەستدرێژیکراویشدا بەدەروونی بووە کە ئەو تاوانباری ئەو دەستدرێژییەیە کە بە سەریدا سەپاوە و ئەم هەستکردن بە خەتابارییە کە لە دەروون و زەینیدا بەم شێوە بەرساز بوو دەبێتە هۆی دروستبوونی کارلێکێک کە لە کۆتاییدا بە گرتنە بەری ستراتیژی هاوسەرگیریی زۆرەملێ و ڕاکردن لە ماڵەوە کۆتایی پێ هاتووە. لە ڕاستیدا نەک هەر دامەزراوەی بنەماڵە و کۆمەڵگا (زەمینەی کۆمەڵایەتی)، لە ئێراندا ڕۆڵی پشتیوان یان پاڵپشتی لە دەستدرێژیکراوی سێکسی ناگێڕن، بەڵکوو لێکەوتە و ڕەهەند و دەرهاویشتەکانی دەستدرێژیی سێکسی بۆ کەسی دەستدرێژیکراو فراوانتر و بەربڵاوتر دەکەنەوە و لەم ڕێگەوە ئەو دەخەنە ناو پەیوەندییەک کە هەمیشە لەگەڵ دەستدرێژیکارە و هەمیشە ئەزموونی دەستدرێژییەکە لە هەموو چرکەساتەکانی ژیانیدا وەبیر دێتەوە. لە ڕاستیدا بە پێی ئەو شیکارییانەی کە هەتا ئێستا کراوە، ئەم زەمینە کۆمەڵایەتییە لە شێوەی دامودەزگا و ژینگەی گشتیی کۆمەڵگادایە کە لە ڕێگەی چەوتکارداکان و یان بێ‌کاردایی‌کانیان بوونەتە هۆی دروستبوونی میکانیزمەکانی دەستدرێژی و هەر ئەم زەمینە کۆمەڵایەتییە دوای ڕوودانی دەستدرێژییەکە بۆ بەردەوامی یان لێکەوتە وێرانکەرەکانی جارێکی دیکە و لە پێگەیەکی دیکەدا ڕۆڵگێڕی دەکات. لە گێڕانەوەی لەیلادا ستراتیژیی بەشوودانی لەیلا لە لایەن باوکی و دایکیەوە دەبینین کە هەڵبژاردەی دەستدرێژیکراو نەبووە بەڵام لەیلا بە هۆی ئاشکرابوونی ڕووداوی دەستدرێژیی سێکسییەکە لەبەر چاوی باوکی، لێکەوتەی جددیتری هەیە. باوکی لەیلا بەشوودانی هەڵدەبژێرێ بەڵام نەک بە کەسێکی تر، بەڵکوو دەیدا بە خودی دەستدرێژیکارەکە. لەم ڕاپۆرتەدا ئاڵۆزترین جۆری دەستدرێژیی سێکسی دەبینین کە قوربانییەکە دیسان ساڵانێکی زۆر لەگەڵ دەستدرێژیکارەکەدا دەژی، کە لە بنەڕەتدا دژی پێشنیارەکانی زانستی دەروونناسی و بنەما زانستییەکانە، کە پێی وایە قوربانیانی سێکسی باشتر وایە چاویان بە دەستدرێژیکار نەکەوێ بۆ ئەوەی جارێکی تر بیرەوەریی دەستدرێژییەکەیان وەبیر نەیەتەوە. لە حاڵەتێکی دیکەدا، منداڵێک بە هۆی دەستدرێژیی سێکسییەوە لە ماڵەوە هەڵدێ و هیچ سەرچاوەیەکی پشتیوانیی نییە، ڕێکخراوی بێهزیستی لە پیاوێکی

ماره کرد که ٣١ ساڵ له دەستدرێژیکراوەکە گەورەتر بوو. خاتوونی پسپۆڕی دەروناسی ڕێکخراوی (یاریگران پویان) دەروازە غار لەم بارەوە وتی:

... باوەژنەکەی وتی پیاوە کێشەی نییە کێشەکەش لەوەدایە کە لەبەر چاوی باوکی لەنجە و لار دەکا و بەو کارە باوکی حەشەری دەکات. من لە بیرمە کە لە قوتابخانە دەردەکرێ لە ماڵەوە ڕا دەکات. بێهزیستی ئەم کچە وەردەگرێ لە ڕێگەی بێهزیستیی مەشهەدەوە دەیگوازنەوە بۆ بێهزیستیی تاران و دواتر دەسپێردرێ بە (بنیاد). پاش کەمێک بنیاد هەڵوەشاوە و ئەم منداڵە تەمەنی ١٩ ساڵانەیان لە پیاوێکی تەمەنی ٥٠ ساڵیان مارە کرد. ژنی نەهێنابوو ئیتر ئەمەیان پێدا. بەسەرهاتەکەیان تەواو کرد و بابەتەکەیان پێکەوە گرێ دا. هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکدا کرد کە ٣١ ساڵ لە خۆی گەورەتر بوو.

لێرەدا منداڵی دەستدرێژیکراو لە دۆخی دەستدرێژییەکە ڕا دەکا و بەو پێیەی کە شوێنی دەستدرێژییەکە لە ماڵی کەسەکەدا بووە، ئەوا ناوەنیتکە کچە هەڵهاتوو دەبێتە هۆی ئەوەی خێزانەکە ستراتیژی هاوسەرگیری بەکار بهێنن تەنها لەبەر ئەوەی حەیا و ئابڕووی خێزانەکە لەکەدار نەبێ و لەم جۆرە حاڵەتانەدا پشتگیری منداڵەکەیان ناکەن. لەو بنەماڵانەی کە کچەکان سنووردار و داخراون لەم ڕووداوانە زۆر پێش دێت. ئەزموونەکانی سەرەوە ئەوە پیشان دەدا کە بە هۆی مەسەلەی پێکهاتەیی و کارداییەوە کە ناوەندە کۆمەڵگاگری و پشتیوانییەکان لە کۆمەڵگای ئێراندا هەیانە، وەکوو دامەزراوەی بنەماڵە و ڕێکخراوی بێهزیستی و دامودەزگا و ڕێکخراوەکانی دیکە، دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان لە جیاتی ئەوەی چارەسەر و ڕێگری لێ بکرێ و چاکسازی تێدا بکرێ لە ڕێگەی سیاسەتەکانی کۆمەڵگای ئێرانەوە لە ئاستە جیاجیاکان و لە ڕێگەی بەرنامەی ڕێکخراو لە ڕەهەندی کاتیی تەکووز و یەکدەستەوە، خۆیان بوار بۆ خەسارەت و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەکوو ڕاکردنی کچان لە ماڵەوە و هاوسەرگیریی زۆرەملێ و هتد خۆش دەکەن یان بە واتایەکی دیکە زیاتری تەشەنەی پێ دەدات.

خاتوو پ سەبارەت بە حاڵەتێکی دیکە وتی:

ئێستا بیستوومەتەوە شووی کردووە و شووکردنەکەشی ئاوا بوو کە دەبێتە دۆستی کوڕێ و لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا لەگەڵی سەرجێی دەکا و پەردەی کچێنی لەدەست دەدا و زۆر بێتاقەت دەبێ، زۆر ... وای دەزانی ئەو کابرا لەبەر ئەوەی کە زۆری خۆش دەوێ ئەم پەندەی بە سەر هێناوە بەڵام ئەزیەتی دا و ئینجا بەڕەڵای کرد. ئەو وایدەزانی خەریکە بەم کارە ئەو کەسە دەکاتە پشتیوانی خۆی بەڵام ئەو کوڕە گوێی لەوانە نەبوو. دواتر زانیم کە

شووی کرد و هەر ئەوەندەشی لێ دەزانم، شووی کردووە بە کوڕکی ئەهوازی و خەریکە لەگەڵی دەژی. کاتێک لێم پرسی خۆت بڕیارت داوە شووی پێ بکەی؟ وتە هیچ دەرەتانێکی دیکەم نەبوو لەبەر ئەوەی پشتگیریم لێدەکا، وتی ئەمە باشترین ڕێگایە کە من دەمتوانی هەڵیبژێرم.

لە گێڕانەوەی سەرەوەدا ستراتیژیی هاوسەرگیری بەدی دەکەین کە لە هەڵبژاردنی کەسی ئازاردراویشدا بوونی هەیە بەڵام هەڵبژاردنەکە لەبەر ناچارییە نەک لەبەر خۆشەویستی و سۆز یان ناسیارییەکی دروست، بەڵکوو هاوسەرگیری پەناگەیە بۆ هەموو بێدەرەتانییەکانی. ئەزموونەکان دەریانخستووە کە کاتێک کەسانی دەستدرێژیکراو لە لایەن خێزان یان هاوڕێیان و تەنانەت یارمەتیدەرەکانیان یان دەروونناسەکانەوە پشتیوانی سۆزداری و دەروونییان لێ دەکرێ کەمتر خوازیاری بژاردەی هاوسەرگیریی هەڵە دەبن.

ستراتیژی دوورکەوتنەوە لە دەستدرێژیکار: دوورکەوتنەوە لە دەستدرێژیکار ئاماژە بە ستراتیژی دوورکەوتنەوە لە ڕووی جەستەییەوە دەکات. لەم حاڵەتانەدا منداڵان هەوڵ دەدەن بە دوورکەوتنەوە خۆیان لە بوونە ئامانجی دەستدرێژی دوور بخەنەوە. خانمێکی تەمەن ٢١ ساڵ کە ئێستا خوێندکاری بواری یاریدەدەریی کۆمەڵایەتییە وتی:

زۆر ڕام دەکرد و تەنانەت بە سووچ و گۆشەکانی ماڵەکەدا دەڕۆیشتم بەڵام لە ناوەڕاستدا هاتوچۆم نەدەکرد. نازانم بۆچی بەو سووچ و گۆشانەدا دەڕۆشتم، بەڵام ئەمەم باش لە بیرە گورجانە ڕام دەکرد. هەوڵم دەدا لە ژوورێکی چۆڵدا لەگەڵیدا نەبم. ئەگەر بڕیار با لە تەنیشتی دابنیشێم، هەوڵم دەدا دانەنیشم. تەنانەت لە ناو قەرەباڵغیشدا نەدەچوومە لای. لەوەی کە پای لە پام دەکەوت قەڵس دەبووم. هەوڵم دەدا توخنی نەکەوم. هەر ئەوەی دەستی لێدەدام، ڕقم لێی دەبوو، هەوڵم دەدا نەیکەم، بەڵام لەبەر ئەدەب و ئەوەی کە ئەوان دەیانوت دەبێ دەستومشتاخی لەگەڵدا بکەی. بەڵام کاتێک کە ئێمە تەنیا بوواین، ئیتر ئەم ئەدەبە بوونی نەبوو.

خاتوو پ لەم بارەوە وتی:

دایکە دۆستی بووە و ئەمیش لەگەڵ دۆستەکەی دایکی کەین و بەینی بووە و دۆستی دایکی دەستی لێ داوە، بەڵام دخوولی نەکردووە. کە لەو ماڵەوە هاتبووە دەرەوە و خۆی بە بێهزیستی ناساندبوو؛ بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کە دواتر، خوشکەکەشی دەستدرێژی کراوەتە سەری.

لە دوو گێڕانەوەی سەرەوەدا ئاماژە بە یاسای شەڕ و هەڵاتن لە دژی دیاردەی دەستدرێژی کراوە کە لێرەدا کەسەکە بۆ پاراستنی خۆی لە مەترسیی دەستدرێژیکار تەکنیکی هەڵهاتن بەکار دەهێنێت.

ستراتیژیی خۆداپۆشین: دوای ئەوەی منداڵ دەستدرێژی دەکرێتە سەری هەوڵ دەدا لە ڕێگەی لەبەرکردنی جلوبەرگی زیاتر و یان پۆشتە و پەرداخکردنی خۆی لە کاتی خەودا خۆی لە دەستدرێژیکار و ئازارەکانی بپارێزێت. یەکێک لە هۆکارەکانی منداڵان بۆ بەکارهێنانی ئەم ستراتیژانە، ڕەنگە نۆرمەکانی کۆمەڵگا یان قەزاوەتی کەسانی دەوروبەریان بێ، بەو مانای کە پێیان وتراوە کە دەرکەوتنی هەندێک بەشی جەستە ڕەنگە ببێتە هۆی وروژاندنی دەستدرێژیکار و بەو هۆیەوە باشترە خۆی بە تەواوی دابپۆشێ بۆ ئەوەی کەسانی دیکە حەشەری نەبن و پەلاماریان نەدەن. دکتۆر سێتوودێگان پزیشکی دەروونی دەڵێ:

[...] من هەموو شەوێک دەرگای ژوورەکەم بە کراوەیی دەهێشتەوە و خاڵۆم لە ژووری تەنیشتدا لەگەڵ براکەم دەنووست باوکیشم لە ژووری میوانەکان دەخەوت من و خوشکەکەم و دایکم لە ژوورێکدا دەخەوتین. من لێفەکەم لە خۆم دەئاڵاند و خۆمم دەکردە بابۆڵە و دەمویست دەستم لێ نەدات. دایکم و دادم خەوقورسن و ئەمەش دەهاتە لام. دایکم لێی دەدام و دەیگوت بۆچی ئەم لێفە ئەوا بە خۆتدا دەدەی؟ گەرەکم نەبوو پێی بڵێم کە لەبەر چی ئەم کارە دەکەم. وتی لێفە دەدرێت.

یەکێکی دیکە لە بەردیمانەکان کە ئێستا تەمەنی ٢٥ ساڵە وتی:

ئیتر جلی تەسک و کراوەم لەبەر نەدەکرد، زۆر وریا بووم. لە لای ئەو برایەم زۆر باڵاپۆش بووم و خۆمم پۆشتە و پەرداخ دەکرد. دەترسام بمبینێ و جلوبەرگی پۆشتەم لەبەر دەکرد کە نەمبینێت.

خاتوو ب وتی:

چونکە نەمدەتوانی ئەم بابەتە لای خانەوادەکەم بدرکێنم. کەسی ناو ماڵەوە بۆ ئەم کارە لواو نەبوو، نەخۆشی و هتد نەمدەتوانی ئەوان لە جەرەیانی پرسەکەدا دابنێم. خۆشم ڕووم پێ نەدەدا، واتە هیچ وڵامی سڵاویم نەدەداوە و ئەوەی کە هەمیشە جلوبەرگی باڵاپۆشم لەبەر دەکرد و هەوڵم دەدا پۆشتە بم.

بە بڕوای فرۆید میکانیزمە بەرگرییەکان ستراتیژە دەروونییەکانن کە بە شێوەی نائاگایانە بۆ پاراستنی مرۆڤ لە دڵەڕاوکێ کە بە هۆی بیرکردنەوە یان هەستە قبوڵنەکراوەکانەوە

دروست دەبێ، بەکار دێت. ئێمە میکانیزمە بەرگرییەکان بۆ پاراستنی خۆمان لە هەمبەر هەستکردن بە دڵەڕاوکێ یان گوناح کە لە هەستکردن بە مەترسی یان داواکارییە لە ڕادەبەدەرەکانی نەستمانەوە سەرچاوە دەگرێ، بەکار دەهێنین. لە ڕاپۆرتەکانی سەرەوەدا دەتوانین ئەوە دەربکێشین کە ئەم کەسانە بە هۆی سازوکار و میکانیزمی بەرگریکردنی بەڵگەهێنانەوە توانیان لە هەمبەر دڵەڕاوکێ یان هەست بە گوناحباری خۆیان بپارێزن. میکانیزمی بەڵگەهێنانەوە بریتییە لە چەواشەکردنی مەعریفیی "حەقیقەتەکان" بۆ ئەوەی ڕووداو یان ئەنگێزەیەک دروست بکەن کە کەمتر هەڕەشەئامێزە. کاتێک کەسێک قبووڵکردنی بارودۆخەکە بە لایەوە ئەستەمە، هۆکارێکی لۆژیکی بۆ ڕوودانی ئەمە دەخاتە ڕوو. بۆ نمونە: دەترسام ببینرێم و جلەکانمم کۆ دەکردەوە کە ئەمە ڕوو نەدا؛ و نموونەیەکی تر، لە هەموو ئەو ماوەدا خۆمم وەک بابۆڵە گرمۆڵە دەکرد بۆ ئەوەی دەستم لێ نەدا. ڕوانگەی فرۆید ئەو هۆکارە دەروونناسییانەی کە لە سەر بنەمای خۆداپۆشینی کەسی دەستدرێژیکراو وەک ستراتیژییەکی بەرگری لە دژی دەستدرێژی شرۆڤە و شی دەکاتەوە بەڵام لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، لە کۆمەڵگای ئێراندا کە کۆمەڵگایەکی ئایینییە، گوتاری ئایینی باڵی بە سەر هەموو بوار و بەستێنەکانی پێکهاتە و سیستەمی کۆمەڵایەتیی ئێراندا کێشاوە و بە پێی ئەم گوتار و ئەو نۆرمانەی کە شەرعییەتیان پێ دەدا، خۆداپۆشین لە پێناو خۆپاراستن، چاودێری و گوناحبارنەبوونە. تاکەکانی کۆمەڵگا بەتایبەت منداڵان لە قۆناغی کۆمەڵگاگری و گەشەکردندان، ئەم نۆرمانە بە جۆرێک بەدەروونی و چەسپاون کە بۆ ڕێگریکردن لە دەستدرێژی یان لە هەندێک حاڵەتدا پاکانە بۆ کردنی، ئەم نۆرمە بەدەروونیکراوانە بە مەبەستی شەرعییەت پێدانی بەکار دەهێنێت. ئەمە بەرسازبوونی زەینی چالاکانی کۆمەڵایەتی لە ژێر کاریگەریی گوتارە باڵادەستەکانی کۆمەڵگا (بونیادنانی کۆمەڵایەتیی واقیع لە نووسینی بێرگەر و لاکمان) پشتڕاست دەکاتەوە. بەڵام لە واقیعدا پەردەپۆشکردن و نهێنیپارێزی وەک سەرکوتکردن زۆر جار ورووژان و دنەدانی لێ دەکەوێتەوە کە ئەزموونی کۆمەڵگاکان لە سۆنگەی مێژووییەوە ئەمە دەسەلمێنێت.

ستراتیژیی ڕاکردن لە ماڵەوە: یەکێک لە ستراتیژییە ناکاریگەرەکانی منداڵان لە کاتی بەئەزموونکردنی ئازار، بەتایبەت ئازار و دەستدرێژیی سێکسی، ڕاکردن لە ماڵەوەیە. ئەم دیاردە لە ناو منداڵاندا زۆر باوە. کاتێک وا بیر دەکەنەوە کە نەک هەر لە لایەن بنەماڵەوە پاڵپشتی ناکرێن، بەڵکوو ڕەنگە بە تاوانبار هەژمار بکرێن و لە ترسی سەرکۆنە و ئەوەی کە تووشی ئازاردانی جەستەیی و دەروونیی دووبارە ببنەوە، لە ماڵ هەڵدێن. لە هەندێک

حاڵەتدا ڕاکردنیش لێکەوتەی قەرەبوونەکراویان ئاوقان دەکا، چونکە ڕەنگە بە هۆی زۆرێک لە کێشەکان و کەوتنە ناو ژینگە مەترسیدارەکانەوە زیاتر زیانیان پێ بگات. خاتوو ع، کارمەندی یەکێک لە ڕێکخراوەکان ڕایگەیاند:

بەڵێ یەکێک لە کۆمەکخوازەکانی ئێرە بوو کە باوکی دایکی تەڵاق دابوو و لەگەڵ پووری (خاڵێ، خوشکی دایکی) هاوسەرگیری کرد. هەرچی ئەم کیژە دەچووە لای پووری کە باوکم پەلامارم دەدا، پووری باوەڕی پێ نەدەکرد و دەیوت زۆری باوکی خۆش ویستووە هەتا ئەوەی کە لەم چەند ساڵەی ڕابردووەوە لە لایەن باوک و براکەیەوە پەلاماری دەدرا و دواجاریش ڕای کرد و هاتە تاران و لێرەدا بوو بە سۆزانی و لەشفرۆش. پێی وتم کە من کاتێک لە ماڵەوە بووم تەنیا دوو کەسی دەسترێژییان دەکردە سەرم، هاتوومەتە ئێرە لەگەڵ زۆر کەسی نەناسیاو نزیکایەتیم کردووە.

دیارە کاتێک کەسی دەستدرێژیکراوی سێکسی لە لایەن خێزان و کۆمەڵگاوە پاڵپشتی نەکرێ، ناچار دەبێ پەنا بۆ ئەو کارلێکانە ببا کە گرِی کێشە و خەسارەتە کۆمەڵایەتییەکانی هەمان ئەو کۆمەڵگایە خۆش دەکا و ئەم ڕەوتە سەقەت و ناکارامە بەردەوام دەبێت. یەکێک لەو کارانە ڕاکردن لە ماڵە کە لەگەڵ ئەوەی کێشەی ڕاکردنی کچان لە ماڵەوە تۆختر دەکا، خەسارەتی لەشفرۆشیش زیاد دەکات. کەواتە دەتوانین دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان وەک کێشە یان کێشەیەکی ناوەندی لە قەڵەم بدەین کە ئەگەر کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێران بۆ ڕێگری و کەمکردنەوەی ئەم خەسارەتە، سیاسەت و ڕێوشوێنی گونجاو نەگرێتە بەر، ئەوا دەبێتە بەستێنێک بۆ دروستکردن و تۆختربوونی کێشە و زیانە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە کە ئەمەش گەشەنەکردنی کۆمەڵگای لێ دەکەوێتەوە.

خاتوو کەنعانی کە لە منداڵیدا تووشی دەستدرێژی بووە، وتی:

لە ماڵەوە ڕام کرد؛ واتە دوای دەستدرێژییەکە ڕام کرد. بەڵێ بە براکەمم وت، چونکە دایکم گەرەکی بوو بمدا بە شوو. خوازبێنم زۆر بوو دەیانویست بمدەن بە هاوکارێکیان لە زانکۆ. دوای ئەوەی دایکت بە مێردی دای هەڵهاتی؟ بەڵێ، ئەگەر بیزانیبا جەڵتە لێی دەدا کە ئەگەر بیزانیبا کاکم دەستدرێژی کردە سەرم.

خاتوو میم، چالاکوانی کۆمەڵایەتی، وتی:

لە ماڵی مامی ڕای کردبوو، نازانم چییان لێ کرد و چەند جارێکیش تەلەفۆنم بۆ ژمارەی مامی و باوکی کرد، وەڵامیان نەداوە. چارەنووسی ئەم منداڵانە ئەمەیە.

لێرەدا ڕێکاری ڕاکردن لە ماڵەوە، هاوشێوەی دوورکەوتنەوە لە دەستدرێژیکار، وەک کاردانەوەی شەڕ و دوورکەوتنەوە لە خەسارەت وایە. لە گێڕانەوەکانی سەرەوەدا کەسەکان بە بەکارهێنانی کاردانەوەی هەڵهاتن لە دۆخی دەستدرێژیی سێکسی، لە ماڵەوە هەڵاتوون بۆ ئەوەی خۆیان لە ڕووداوەکانی دواتر و لێکەوتەکانی دەستدرێژیی سێکسی بەدوور بگرن.

ستراتیژیی قفڵکردنی دەرگا: ئەم ستراتیژە زیاتر لە کاتی بەکارهێنانی توندوتیژیدا بەکار دەهێنرێت. کاتێک کە منداڵەکە تێدەگا کە دەستدرێژیکارەکە یەکێک لە مەحارمەکانیەتی و دەیهەوێ ئازاری بدا، لەو شوێنەی کە بتوانێ خۆی لێی دوور بخاتەوە، دەرگاکە لە سەر خۆی قوفڵ دەکا و لە هەمبەر دەستدرێژی بەرگری لە خۆی دەکات.

یاریدەدەری کۆمەڵایەتی (خانە کودک) ناسر خەسرۆ وتی:

ئەوسا وا من دەهاتم بۆ خولی فێرکاری یەکێک هەبوو پێم سەیر بوو کە ئەمە بۆچی لێرەیە و کاتێ دواندم زانیم کە ناوی زارایە، وتم زارا ئەوە بۆچی لێرەیت؟ وتی باوکم دەستدرێژی نەکردووەتە سەرم، بەڵام بە نیازی ئەوە بووە و منیش ئەوەندەم پێ عەیب بوو ئیتر هەر وەختێ دایکم بۆ سەوزە کڕینیش دەچێتە دەرەوە من لەگەڵ خۆی دەبا شەوانەش کە لە ژوورەکەمدا دەخەوم درگاکە لە سەر خۆم قوفڵ دەکەم. باوکی جێی ترسە. و لەگەڵ دایکی گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە بهێنێتە بێهزیستی و لەوێ بژی. ئیتر ئەو کچە هات و دەبا فۆڕمی پڕ بکردایەتەوە. هەر وا بێتەوە باوکیشی ئالوودە بوو.

خاتوو میم پسپۆری دەروونناس دەڵێ:

حاڵەتێک هەبوو بۆ ڕاوێژ دەهاتە کلینیکەکە، خانمێک بوو زۆر دڵەڕاوکێی هەبوو، وتی کە لە لایەن خاڵۆمەوە دەستدرێژی کراوەتە سەرم، جارێکی تر دیسان هاتووە پەلامارم بدا خۆم هاویشتۆتە توالێتەکە و قیژاندم. وتی پشتیوانم نییە و ناتوانم شکاتی لێ بکەم ئەگەر شکاتی لێ بکەم ئەوە ئابڕوومان دەچێت. چونکە بەدواداچوون بۆ بابەتەکە ناکەن بەداخەوە دەگەنە ئاستێک کە ئیتر حەجمینیان نامێنێ و خۆیان دەخۆنەوە. تەنانەت کۆمەڵگاش ڕێگەیان پێ نادا کە بەرگری لە خۆیان بکەن. هیچ شتێکیان نییە کە دەستدرێژییەکە بسەلمێنن. ناتوانن بچنە پزیشکی دادوەری.

ستراتیژیی هاوارکردن: یەکێک لەو ستراتیژانەیە کە دەتوانین بڵێین کاریگەرە و دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی دەستدرێژیکار چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی کەسانی دیکە ئاگادار بن و دەستوەردان بکەن. هەڵبەت ئەم ستراتیژە کاتێک کاریگەرە کە یەکەم: کەسانێک لە

منداڵەوە نزیک بن و دوو: خواست و توانای دەستوەردانیان هەبێت. دیسان خاتوو میم پسپۆڕی دەروونناس وتی:

وتی پێنج ساڵ لەمەوبەر لە لایەن باوەپیارەکەم و کوڕەکەیەوە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەرم. تەنها دەستدرێژی نەبوو، بەڵام بە نیاز بوون وتی قیژاندم و هاوارم کرد دایکم لە خەو هەستا بەڵام ئەوان ماسماڵییان کرد.

خانمێکی تەمەن ٣٦ ساڵ کە بواری بیناسازی خوێندووە، گێڕایەوە:

ئەو ڕووداوەم لە بیرە کە ڕووی دا بۆ ئەوەی خوشکەکەم بخاتە پێکەنین جلەکەمی هەڵداوە و مەمکمی خوارد و من دەرەقەتی باوکم نەدەهاتم و زۆر هاوارم دەکرد، ئەوە ترسناکترین شتێک بوو کە دەکرا ڕوو بدات. خوشکەکەم پێی وابوو ئەوە خەریکە گاڵتەم و جەفەنگم لەگەڵ دەکات. ئەو دووانە پێدەکەنین و منیش سووکایەتیم پێدەکرا. دەمقیژاند بۆ ئەوەی خۆم لە دەستی باوکم دەربهێنم، دایکم شاهیدی ئەم دیمەنە بوو، هیچی نەکرد نیگاکانمی دەدی کە داوای هاوکاری لێ دەکەم بەڵام ئەم کارەی نەکرد.

لە ئاخافتنەکای سەرەوەدا کەسی دەستدرێژیکراو لە یەک کاتدا چەندین هەستی نەرێنی بە شێوەی ئاوێتەیی بەئەزموون کردووە. هەستی سووکی و هیچۆکەیی، گاڵتەپێکران، خەمساردیی دایک، و لە هەمووی گرنگتر و ڕووخێنەرتر هەستکردن بە بێدەسەڵاتی و بێتوانایی کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەرزەخۆیی و متمانەبەخۆیی ئەو کەسە لە قۆناغەکانی دواتری ژیانیدا. هەڵبەت کێشەی لاوازبوونی سەرمایە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو ئاسایش و متمانە و هاوسۆزی لە پێوەندی لەگەڵ دونیای کۆمەڵایەتی لەودا بەدی دەکەین چونکە لە لایەن کسانی گرنگی ژیانی واتە دایک و خوشک و باوکییەوە ڕووی داوە هەر بۆیە نائەمنی و بێ‌متمانەیی و نەبوونی هاوسۆزی بەئەزموون کردووە.

و کەسێکی تر کە دەستدرێژیکراوە وتی:

لە ڕێگای قوتابخانەدا لە لایەن کەسێکی نامۆوە ئازار کرام کە بە شێوەیەکی درندانە مامەڵەی دەکرد، بۆیە هاوارم کرد و دراوسێکەمان گەیشت و نەیهێشت.

ستراتیژیی تکا و پاڕانەوە: ئەم ستراتیژە زیاتر لە کاتی ئازاردانی سێکسیدا ڕوو دەدا، واتە کاتێک کە ئازاردەرەکە (دەستدرێژیکارەکە) دەیهەوێ زیان بە قوربانییەکە بگەیەنێ و لێی نزیکە و یان کاتێک خەریکە پەلاماری دەدات. ئەم ستراتیژە بە جۆرێک بێدەرەتانی و بێکەسیی منداڵ نیشان دەدا، چونکە لە نەبوونی ڕاهێنان بۆ چۆنیەتیی بەرگریکردن لە خۆی لە کاتی دەستدرێژیکردن و لە نەبوونی تۆڕی پشتیوانیی ئەوتۆدا، منداڵ تەنها

دەتوانێ لە دەستدرێژیکارەکە بپارێتەوە کە پارانەوەش ڕێکارێکی کاریگەر بۆ بەرگریکردن نییە. شەیدا کە لە منداڵیدا دەستدرێکی کراوە، دەڵێ:

سەرەتا زۆر لێی پارامەوە و لاڵامەوە، گریام بۆ ئەوەی کە ئەم کارە نەکا، بەڵام دواتر ئیتر تکام لێ نەدەکرد، چونکە زانیم زیانم پێ ناگەیێنێ و خۆشم لەگەڵی ڕاهاتبووم؛ بەڵام بەدڵم نەبوو. بۆ نموونە ئەگەر لە دۆخێکی تایبەتدا بوومایە، ئامادە بووم لەگەڵیدا بچم.

فەرەنگێز تەمەن ٣٩ ساڵ وتی:

بەڵێ ئەوسا تەمەنم لە ناو دە ساڵ و گەورەتر بوو و جیاوازیی تەمەنمان زۆر بوو. ئەو نەدەبوو ئەو کارە بکا و هەرچی وتم تۆقوڕئان، تۆخوا هیچ نەچووە گوێی. خۆشی ئالوودە بوو.

لە کۆتاییدا خاتوو ب جگە لە دوورکەوتنەوە لە خاڵۆ دەستدرێژیکارەکەی ڕووی لە قورئانخوێنی کردووە:

نەخێر نەمتوانی هاوار بکەم، وەک کەسێک کە تووشی شۆک دەبێ حەپەسام، دواتر من باوەڕم بە ئایەتەلکورسییە، دەستم کرد بە خوێندنەوەی ئایەتەلکورسی و خاڵۆم ڕۆیشت، ئەمە بە سەر مندا هات.

منداڵ لە ڕێگەی ستراتیژیی پارانەوە، وادەزانێ کەسی دەستدرێژیکار ڕازی دەبێ و بە واتایەکی دیکە بەزەیی کەسی دەستدرێژیکار دەبزوێ و بەم کارە ڕێگری لە ڕفتارە ئازاردەرەکەی دەکا و بەم شێوە دەتوانێ خۆی بپارێزێت. ڕێکار و ستراتیژیی پارانەوە و لاڵانەوە دەتوانێ هەستی سووکایەتی، هیچۆکەیی، بێتوانایی و بێدەسەڵاتی بە شێوەیەکی تۆختر لە کەسی دەستدرێژیکراودا چڕتر و بەدەروونیتر بکاتەوە.

- نهێنیپارێزی لە بەرامبەر کارلێکەکانی تر

پرسیاری گرنگی ئەم زەمینە ئەوەیە، بۆچی هەندێک لە منداڵان لە هەمبەر دەستدرێژی، نهێنیپارێزی هەڵدەبژێرن و لای کەسانی دیکە یان هەر کەسێک کە بتوانێ پشتگیریان بکا ڕاپۆرتی ناکەن؟ ئەو توێژینەوانەی کە لەم بوارەدا ئەنجام دراون دەریدەخەن کە کەسانی دەستدرێژیکراو و تەنانەت شایەتحاڵەکانی دەستدرێژییەکە بە هۆی هەستی شەرم، نکۆڵی، بە کەم سەیرکردنی دەستدرێژی، ترس لە لێکەوتەکانی، کەمیی متمانە بەخۆبوون، نەبوونی زانیاری، نەبوونی سەرچاوە و دەسەڵات، هەستکردن بە داماوی و بێهیوایی، نۆرم و پێکهاتەی پیاوسالاریی کۆمەڵگا، نەبوونی هەستی ئاسایش و هتد، دەستدرێژییەکە ڕاپۆرت ناکەن. پێویستە ڕووداوی ئازاردانی سێکسی بە کەسانی دیکە ڕابگەیێنرێ، بەڵام ترس و شەرم لە چۆنیەتیی کاردانەوەی کەسانی دیکە هەمیشە یەکێک

لە بەربەستەکانی بەردەم درکاندن بووە. وتەزای نهێنیپارێزی لە هەمبەر قەزاوەت و کاردانەوەی ئەوانی دیکەیە کە پیشان دەدا کە ترسی منداڵان لە قەزاوەت و کاردانەوەی کەسانی دیکە تا چەندە کاریگەریی لە سەر لەقاونەدانی دەستدرێژیی سێکسییەکە هەبووە.

لەم توێژینەوەدا فاکتەرگەلی وەکوو: ترس لە قەزاوەت و ئابڕوو (پاراستنی وەج و ئابڕووی خۆیان و خێزان)، ترس لە کاردانەوەی خێزان، ترس لە تارێنران، ترس لە لەدەستدانی خانەوادە/ پشتیوان (دەستدرێژیکار)، ترس لە تەمبێ کران، ترس لە باوەڕپێنەکرانی لە لایەن خانەوادە و پشتیوانینەکرانی لە لایەن ئەوانەوە، ترس لە توندوتیژی، ترس لە دەرکران لە قوتابخانە، ژینگەی پڕزەبروزەنگی قوتابخانە، هەڕەشەی دەستدرێژیکار و ترس لەو، هەستکردن بە شەرم و شەرمەزاری، ناوشیاری، پەیوەندیی نادروست لەگەڵ خێزان و نەبوونی تۆڕەکانی پشتیوانی، غرووری پیاوانە، فەرامۆشکردنی دەستدرێژی، خۆ بە تاوانبارزانین، هەستی گوناحباری، نەوێران و بارودۆخی پشێوی بنەماڵە لە کاتی دەستدرێژی هۆکاری نهێنیپارێزی بوون. لەم بەشەی خوارەوەدا هەر کامیان تاوتوێ دەکەین. پێویستە لە بیرمان نەچێ کە زۆرێک لەم حاڵەتانە بە یەکەوە گرێ دراون و لە یەکتر جیا نین. بۆ نموونە لەوانەیە منداڵەکە بە هۆی هەستکردن بە گوناحباری و هەڕەشەی دەستدرێژیکار و ترس لە کاردانەوەی کەسانی دیکە دەستدرێژییەکە ڕاپۆرت نەکات.

ترس لە قەزاوەتی خەڵک و حەیانەچوون (پاراستنی ئابڕووی خۆی و خانەوادە): لە زۆر حاڵەتدا ئەو کەسانەی کە لە منداڵیدا دەستدرێژی کراوەتە سەریان لە ترسی ئابڕووچوون و حەیاتکان ئەزموونی دەستدرێژییەکە لای کەس ناخەنە ڕوو، چونکە هەمیشە لە ناوەنیتکە ترساون. بۆ نموونە کاتێک منداڵێک لە لایەن مەحارمەوە دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەری، ئەگەر لای کەسانی دیکەی لەقاوی بدەن، دەترسێ کۆمەڵگا خانەوادەکەی سەرزەنشت بکا و دەنگۆیان لە سەر دروست بکا و بڵاوی بکاتەوە. لەم دۆخەدا ئاشکراکردنی دەستدرێژیی سێکسییەکە نەک هەر یارمەتی کەسی ئازاردراو نادا، بەڵکوو زیاتر زیانی پێ دەگەیێنێت. ئابڕوو لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بوونی هەیە و هەتا ئەو کاتەی دیتران نەبن گرنگییەکی ئەوتۆی نییە. کاتێک ئابڕووی کەسێک یان بنەماڵەکەی لە ناو کۆمەڵگادا لە دەست دەچێ، هەم سزا دەدرێ و هەمیش لە زۆرێک لە هەڤیازی و سوودە کۆمەڵایەتییەکان بێبەش دەبێت. بۆ نموونە لە زۆر حاڵەتدا ڕەنگە

کەسانی دەستدرێژیکراو بە تاوانبار هەژمار بکرێن و سەرکۆنە بکرێن، لەوانەیە وەک کەسێکی شاوەتباز و بێئابڕوو سەیر بکرێن. تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا، خێزانەکان بۆ گەڕاندنەوەی وەج و ئابڕووە لەدەستچووەکەیان دەستدرێژیکراو لە دەستدرێژیکار مارە دەکەن یان کاتێ لە دەستدرێژیکار خۆش دەبن کە کچەکەیان مارە بکات.

ئەو قسانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە لە ڕاستیدا سێ هەستی تۆخ لە کەسی دەستدرێژیکراودا دەبێتە هۆی نهێنیپارێزبوونی و ئەم سێ هەستە گرنگ و سەرەکییە بریتین لە: هەستی گوناحباری، هەستی ترس (کە ڕەهەندەکانی بریتین لە: ترس لە بێئابڕوویی کە دەرهاویشتەی وەکوو تەمبێکران و بێبەشکران لە سوود و هەڤیازییە کۆمەڵایەتییەکانی لێ دەکەوێتەوە، ترس لە ناوناتۆرەلێنان، ترس لە سەرزەنشتکران و دەنگۆسازی و ...) و هەستکردن بە شەرم. هەر یەکێک لەم هەستانە ڕەهەندی جیاوازیان هەیە. لە ناوشیارگەی تاکەکاندا لێکەوتەکانی ئاشکراکردنی دەستدرێژیی سێکسی چەسپاوە، کە بریتین لە: تەمبێکران، بێبەشی، ناوەنیتکەلێنان، سەرکۆنەکران، دەنگۆبڵاوکردنەوە و ... و هەموو ئەم لێکەوتانەش پیشاندەری ئەوەن کە ئازاردراوەکان لە لایەن بنەماڵە و کۆمەڵگاوە زیاتر وەک گوناحبار و تاوانبار سەیریان دەکرێ نەک وەک قوربانی. بە هۆی هەموو ئەو حاڵەتانەی کە باس کران، لە ئەنجامدا دەستدرێژیی سێکسی دەبێتە هۆی کارلێکی پشتبەستوو بە بنەمای نکۆڵی و نهێنیپارێزی لە کەسی دەستدرێژیکراودا.

سیستەمی تیۆریی گافمەن دەتوانێ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم چەمکە یارمەتیدەر بێت. ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسی مایەی سەرشۆڕییە و ئەگەر لەقاو بدرێ یان ئاشکرا بێ، ئەوا کەسی ئازاردراو (دەستدرێژیکراو) و کەسانی دەوروبەریشی دەکاتە ئامانج. هەر بۆیە کەسانی دەستدرێژیکراو هەوڵ دەدەن سەرشۆڕییەکەیان لەقاو نەدرێ و بە جۆرێک بەڕێوەی دەبەن. ئاشکرابوونی سەرشۆڕی یەکسانە لەگەڵ تارێنران لە لایەن کۆمەڵگا لە ڕێگەی سزای فەرمی و نافەرمییەوە. هەڵبەت سزای نافەرمی لێرەدا ڕۆڵێکی گرنگتر دەگێڕێ و ئەندامانی کۆمەڵگا بە دەنگۆ و پشتەمل قسەکردن، قوربانی و کەسانی دەوروبەری و ... سزایان دەدەن. سزا نافەرمیەکان لەم ڕوانگەوە ڕۆڵی گرنگتریان هەیە کە جێبەجێکارەکانی ئاپۆرەی خەڵک و لایەنێکی زۆری خەڵکن کە لە ڕێگای جیاواز و لە بارودۆخی جۆراوجۆر و لە هەر کاتێکدا کاردانەوەیان بەرامبەر بە کەسەکە هەیە. تەنانەت لە ئەگەری نەبوونی خەڵک و تەنیایی کەسەکە ئەم سزایانە لە ڕێگەی خۆی و ویژدانییەوە

زەخت دەکاتە سەری، چونکە نۆرم و قەزاوەتەکانی دیتران لە خۆشیدا بەدەروونی دەبێ و هەمیشە ئەو ڕوانگەی کە کەسانی دیکە بەرامبەری بەو و کارکردەکەی بوویانە بۆتە بەشێک لە باوەڕەکانی کەسی دەستدرێژیکراو. کەواتە هێزی سزای نافەرمی زیاتر لە سزای فەرمییە. دکتۆر حەسەنیی ئەبهەریان مامۆستای زانکۆ سەبارەت بە ترس وەک هۆکاری نهێنیپارێزی وتی:

یەکێکیان پرسی ئابڕووە و ئەوی دیکەیان پرسی ترسە. من نەخۆشێکم هەبوو باوکی پزیشکی پسپۆڕ بوو، وتم بۆ نەتگوت؟ وتی پێش ئەوەی ئەمە ڕوو بدا ئێمە سەیری فیلممان دەکرد و باوکم بۆ ئەو کەسەی کە ئەمە بە سەریدا هاتووە وتی سوودی نییە و ژیانی تێک چووە. وتی کاتێک ئەمە ڕووی دا لەگەڵ هاوڕێی خوشکەکەیدا هاتوچۆی بوو وتی لای کەس باسم نەکردووە. لە نموونەکانی دیکەدا دەیوت کرد ئەم کچە خۆی بێ خراپترە. ترس لە ئابڕووچوون و ئەو سەرشۆڕییە کۆمەڵایەتییە [...] ئەمانە لەو بابەتانەن کە دەرینابڕن بەهەر حاڵ تابۆیە و بە جۆرێکە کە پەنجەی تۆمەت بەرەو لای خۆت ڕادەکێشرێ سەرباری ئەوەی قوربانیت.

ئەو قسانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە لەبەر ئەوەی کەسی دەستدرێژیکراوی سێکسی خۆی باش دەزانێ کە قوربانی لە زەینییەتی کۆمەڵایەتی (خێزان و کۆمەڵگا)دا پێگەیەکی نییە، بۆیە بە مەبەستی ڕێگریکردن لە سزا و تارێنران لە لایەن ئەوانەوە دەست دەکا بە شاردنەوە یان نکۆڵیکردن لە دەستدرێژییەکە کە لە ڕوانگەی زەینی گشتیدا وەک بێئابڕوویی سەیر دەکرێت. بە واتایەکی دیکە دەستدرێژی وەک گوناح، خەتا، کردەیەکی نەشیاوانە، تاوان، بێئابڕوویی و ... دەرهاویشتە و لێکەوتەکانی بریتین لە سزا و تارێنران لە لایەن بنەماڵە و کۆمەڵگاوە و بۆ ڕێگریکردن لە لێکەوتەکانی، پێویستە کەسی دەستدرێژیکراو کارلێکی نکۆڵی و شاردنەوە لە خۆی پیشان بدات. پێگەی کەسی دەستدرێژیکراو لە قوربانییەوە بۆ تاوانبار و خەتاکار دەگۆڕێ و سەرزەنشتکردن، سزادان و تاراندن دەبێتە بەدیلی پشتیوانی.

خاتوو ک. ئەلف چالاکوانی مافی ژنان وتی:

چونکە لە ئابڕووچوون دەترسن. ترس لەوەی کە نەتوانن دەستدرێژیکارەکە پاشگەز بکەنەوە بە جۆرێک کە ئەوانیش ئازار دەدرێن. کەواتە لە ڕێگەی دایکی و خوشک و براکانی و ئازیزانی دیکەی کە دەتوانن پشتگیری لێ بکەن و ئەویش قسەی خۆی بکا، ئەوان ئەم مۆڵەتەی پێ نادەن کە قسەی خۆی بکات. دیسانەوە لە لایەن ئەوانیشەوە بە تاوانبار

دەناسرێ و ئەمەش وا دەکا کەسی دەستدرێژیکراو بە تاوانبار لە قەڵەم بدرێ و بێدەنگ بێت. هەر ئەم بێدەنگییە دەبێتە بەستێنێک بۆ ئەوەی کە کەسی دەستدرێژیکراو جا هەر کەسێکە برایە باوکە یان هەر کەسێکی ناو بنەماڵەیە درێژە بە ڕەفتارە بێئەخلاقییەکەی بدات.

ئەو قسانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە لە ڕاستیدا دەستدرێژی وەک کارلێکێک، دیاردە یان واقیعێک لە لایەن خانەوادە و کۆمەڵگاوە هەستی پێناکرێ، بە جۆرێک کە بتوانرێ سەیری ڕەهەندە هەمەچەشن و فرەچەشنەکانی بکرێ و چارەسەر بکرێت. گوتاری ئەخلاقی و عورفی وەها بە سەر فەزای پەیوەندییە سێکسییە نانۆرمەکاندا باڵادەست و زاڵە کە ڕێگە بە لێکۆڵینەوەیەکی لۆژیکی و بەڵگەمەند لەمەڕ دیاردەی دەستدرێژیی سێکسی و ڕەهەندەکانی نادات. ئەم گوتارە ئەخلاقییە زاڵە، وەک بێئابڕوویی لە دەستدرێژی دەڕوانێ و کەسی دەستدرێژیکراو وەک تاوانبار و گوناحبار لە قەڵەم دەدا و لە ئەنجامدا شەرعێتی بە تاراندن، سەرزەنشت و سزادانی دەبەخشێت.

خاتوو میم، پسپۆری دەروونناس کە لە گەڕەکی قەراغی شاری سنەدا کار دەکا، وتی:

وتی پشتیوانم نییە و ناتوانم شکاتی لێ بکەم ئەگەر شکاتی لێ بکەم ئەوە ئابڕوومان دەچێت. چونکە بەدواداچوون بۆ بابەتەکە ناکەن بەداخەوە دەگەنە ئاستێک کە ئیتر حەجمینیان نامێنێ و خۆیان دەخۆنەوە. تەنانەت کۆمەڵگاش ڕێگەی دروستیان پێ نیشان نادا کە بەرگری لە خۆیان بکەن. خۆ هیچ شتێکیان نییە کە دەستدرێژییەکە پێ بسەلمێنن.

و وتم، یەکێکیان وەج و ئابڕووە کە ئەگەر بیڵێی چی ڕوو دەدات؟ هەر ئابڕووی خۆت دەچێت. جا ئەگەر بشتوانی هاوسەرگیری بکەی هەر ناتوانی چونکە حەیات تکاوە و تەنانەت خێزانەکەی خۆشت پشتگیریت ناکەن. پاڵپشتی زۆر گرنگە، ئەگەر دایک و باوکت لەو دۆخەدا پشتیوانت بن کەس ناتوانێ ئەزیەتت بکات. ناتوانێ پێم بڵێ دەستدرێژی کراوەتە سەرم، بەڵام من بەهێزم. نەخۆش دەکەوێ ئەگەر سنووری ببەزێنرێت. ناتوانێ ڕەنگە دواتر دەسەڵاتێکی ساختەی وەدەست بهێنێ، بەڵام کە ئاوڕێک لە ڕابردوو دەداتەوە، برینێک هەیە کە ناتوانێ سارێژی بکات.

یەکێک لە قوربانییەکان لە وەڵامی ئەو پرسیارەی "چی نەیهێشت دەستدرێژییە سێکسییەکە لەقاو بدرێت؟"، وەڵامی داوە: ئابڕوونەچوونی خۆم و بنەماڵەکەم.

خاتوو ئیسماعیلی ڕاهێنەری نیگارکێشان لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان وتی:

ساڵی ڕابردوو لە دەروازەی غار پیاوێک بە جلوبەرگی مەلایەتییەوە حسێنییەیەک دەکاتەوە و کوڕە مێرمنداڵەکان بۆ خولی ئایینی بانگهێشتی ئەو حسێنییە دەکا و زۆرێک لە منداڵەکان دەبا بۆ مەلەوانگە تەنانەت ئەم منداڵانە دەبا بۆ مەشهەد بۆ گەشت و سەیران. لە پاش ئەم سەیرانە چەند کەسێک لە منداڵەکان دەچنە لای خانمی ئیسماعیلی و ئەم ڕاپۆرتەی پێ ڕادەگەیێنن کە ئەم پیاوە چەندین جار کوڕەکان یان منداڵەکانی بردووە و پەلاماری داون و دەستدرێژیی سێکسی کردووەتە سەریان بەڵام ئەمانە لەبەر ئەوەی ئابڕوویان نەچێ و گاڵتە و تیتاڵییان پێ نەکرێ دەنگی لێ دەرناهێنن.

ئەو لێدوانانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە سەبارەت بە ڕەگەزێتیی پیاو یەکیک لەو هۆکارانەی کە ناهێڵێ قوربانییەکە دەستدرێژییەکە بدرکێنێ، ترس لە گاڵتەپێکران لە لایەن کەسانی دیکەیە، کە ئەم حاڵەتە تەنها بۆ پیاوان دەتوانێ ڕێگر بێ، و لە پەیوەندی لەگەڵ پرسی ڕەگەزێتی وەک فاکتەر و هەڵبەت ئاستەنگ مانای هەیە.

خاتوو ج ز دانیشتووی شاری شەهرکورد، کە لە لایەن زەڕبراکەیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەری، وتی:

لە ناو بنەماڵە و تەنانەت لە ناو گەڕەکیشدا ناتوانم باسی بکەم چونکە زۆر دەمارگرژن و ڕەنگە شەڕ و کوشتار و هتد ڕوو بدا و هەوڵم نەدا گەورەی بکەمەوە چونکە کاتێک ڕووی دا خۆڕاگریم نەکرد، چونکە لەو تەمەنەدا بە ڕاستی نەمدەتوانی بەرگری لە خۆم بکە لەبەر ئەوەی نەمدەفامی، بەڵام کە گەورە بووم لەبەر بارودۆخی فەرهەنگی نەمتوانی ئاشکرای بکەم. ترس لە بەریەککەوتن، ترس لە حەیاتکان و ترس لە لەدەستدانی هەستی پاکی، ئەم هەستە بە جۆرێک بوو کە کاتێک یەکێک لە زەڕخاڵۆکانم کە پەیوەندیی منی لەگەڵ ئەم کوڕەدا زانی و پەیامەکانمانی خوێندەوە کە پەیوەندیم لەگەڵیدا هەبووە، ئەویش بەداخەوە دەستی لێدام و لە نێوان مەرگ و ژیاندا بووم و هۆشم بە خۆمەوە نەمابوو کە نەچێ بە ماڵەوە بڵێ چونکە هەستم بە هیچ نەدەکرد، بەڵام وەک پەیکەرێک مابوومەوە.

هەروەها شەرم و شەرمەزاری فاکتەرێکی دیکەی نهێنیپارێزییە. ژنێکی تەمەن ٢٥ ساڵ کە براکەی دەستی لە ئەندامە سێکسییەکانی داوە وتی:

ئاخە لە ڕووم هەڵنەدەهات پێم عەیب بوو بیڵێم. هەر لەبەر ئەوە لای کەس دەرمنەبڕی.

خاتوو ب دەروونناس وتی:

ئێستا منداڵانی ئەڤغانی، کە منداڵی کارن و ئەو لێکدانەوانەی کە لە ڕێگەی پەیوەندییان لەگەڵ منداڵانی ئەو گەڕەکەوە ڕاپۆڕت کراون ئەوە بوو کە لەبەر ئەوەی ئەمانە خێڵەکی لە ناو ماڵێکدا، ماڵی حەوشەدار کە هۆدە هۆدەیە هەموویان لە ناو ماڵێکدا دەژین و زۆربەیان بەدەست ئازارەوە دەناڵێنن، بەڵام بە هۆی شەرم و ترسیان لە گەورەترەکان بنەماڵەکانیان ئاگادار ناکەنەوە.



چارتی ژمارە ٣-٢١. دابەشکردنی وەڵامدەرەکان بە پێی هۆکاری نهێنیپارێزی

هەستی شەرم لە پێوەندی لەگەڵ دیتران (کەسانی دیکەدا) مانای هەیە. شەرم و شەرمەزاری لەوەی کە دواتر چۆن قەزاوەت دەکرێن و ئەوانی دیکە چۆن کاردانەوەیان دەبێت. ترس سەرچاوەیەکی دیکە نهێنیپارێزییە. هۆکارەکانی ترسی منداڵان زۆر جیاوازن. هۆکارە سەرەکییەکانی ترس بریتین لە کاردانەوەی خێزانەکان، تارێنران، ترس لە لەدەستدانی بنەماڵە یان پشتیوان، سزادان، باوەڕپێنەکردنی کەسانی دەوروبەر، دەرکران لە قوتابخانە و هەڕەشەی دەستدرێژیکار. منداڵان دەترسن کاتێک خێزانەکان ئاگاداری ڕوودانی دەستدرێژیی سێکسی ببنەوە، بیانتارێنن یان بە شێوازی جۆراوجۆر تەمبێیان بکەن. لە زۆر حاڵەتدا دەستدرێژیکار باوک و دایک یان ئەندامانی تری بنەماڵەی منداڵەکەیە. ترس لە لەدەستدانیان یان سزادانیان لە لایەن ئەوانەوە وا دەکا منداڵەکە ڕاپۆرتی دەستدرێژییەکە ڕانەگەیێنێت. هەندێک جار منداڵان دەترسن کە دوای ڕاپۆرتکردنی توندوتیژییەکان، خێزانەکەیان یان تۆڕە پاڵپشتییەکانی دیکەیان باوەڕ بە قسەکانیان نەکەن و بە جۆرێک متمانەیان پێ نەکەن. خانمێکی تەمەن ٢١ ساڵ کە ئێستا خوێندکاری بواری یاریدەدەریی کۆمەڵایەتییە وتی:

من و دایکم بە هۆی هەندێک کێشەی خێزانییەوە کەمێک لێک دابڕابووین. بە هۆی ئالوودەبوونی باوکم بە مادەی هۆشبەر و کێشەکانی دیکەوە من پەیوەندییەکی سۆزداریی ئەوتۆم لەگەڵ دایکمدا نەبوو؛ ئەم نەبوونی پەیوەندییە سۆزداریییە هەر هەیە و منیش کاری لە سەر دەکەم. پەیوەندیی سۆزداریمان باش نەبوو و مینش نەمدەزانی ئەگەر ئەمە لای دایکم بدرکێنم کاردانەوەی چی دەبێت". بۆ وێنە دەڵێ ئەم قسانە بۆ تۆ شوورەییە لەم تەمەنەدا قسەی وا مەکە یان دەڵێ بۆچی وا دەڵێی درۆ مەکە. زۆر دەترسام ڕۆژێ بە هۆی ئەمەوە شەڕ ڕوو بدات.

خانمێک لە نووسینگەی (خانەی خورشید) ئەزموونی یەکێک لە کۆمەکخوازەکانی بەم شێوە باس کرد:

حاڵەتێکم لە بیرە کە تەنانەت دایک و باوکەکەش دەیانزانی براکە پەلاماری خوشکەکە دەدا، بەڵام دایک و باوکەکە هەوڵیان دەدا ڕووداوەکە ئاسایی بنوێنن و تەنانەت کچەکەیان بە نەخۆشی دەروونی و درۆزن تۆمەتبار دەکرد، چونکە هیچ ڕیکارێکیان قبووڵ نەدەکرد و پاڵپشتیی کوڕەکەیان دەکرد.

ئەو قسانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە کاتێک خانەوادە ناهۆشیار و ڕانەهێنراو بوو، وەکوو کەسی دەستدرێژیکراو هەوڵی نکۆڵیکردن لە دەستدرێژییەکە دەدا و میکانیزمی نکۆڵیکردن بەکار دەهێنێت. بنەماڵە بۆ پاساوهێنانەوە و دیترهاوێژیی پرسی دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن یەکێک لە ئەندامانی خێزانی خۆی، تێدەکۆشێ کە قوربانییەکە بە درۆزن پیشان بدا یان بە شێت و نەخۆشی دەروونی لە قەڵەمی بدا و لە ئەنجامی دابەشکاری دووفاقەیی و ئەویتریسازی، کەسی دەستدرێژیکراو لە بری پاڵپشتی دەتارێنرێ و سزا دەدرێت. لە ڕاستیدا خانەوادە و کۆمەڵگا لە سێ میکانیزمی هاوبەشی دەسەڵات سوودمەندن: نکۆڵی، دیترهاوێژی و پاساوهێنانەوە.

گێڕانەوەکانی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە جەوی بنەماڵە واتە پەیوەندیی شێواو و پچڕاوی نێوان دایک و باوک و ئەندامانی دیکەی خێزان، نەبوونی پەیوەندیی سۆزداری، کاردانەوەی نەشیاوی دایک و باوک، نەبوونی سەرچاوەی پشتیوانی و ترس لە تەمبێ کران و سزادان، وای کردووە دەستدرێژیکراو بێدەنگی بگرێتە بەر و ئەزموونی ئازاردانەکە لای هیچ کەسێک باس نەکات. حاڵەتی یەکەم لە لایەن باپیر و خاوەنی دوکانی خواردەمەنی فرۆشی (سووپەرمارکێت) گەڕەک پەلاماری دراوە، حاڵەتەکەی دیکەش لە لایەن برا. دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە خێزانانە بە جۆرێک هەم بەستێنێک بۆ دەستدرێژی و ئازاردانن و دوای دەستدرێژییەکە بە هۆی ئەو جەوەی کە باڵی بە سەریاندا کێشاوە، منداڵ ناتوانێ ڕاپۆرتی ڕووداوی دەستدرێژییەکە ڕابگەیێنێ و نە بنەماڵەش لەم حاڵەتەدا پشتیوانی لێ دەکات. لێرەدا ئێمە چیتر پەیوەندیی هۆکار و هۆدارمان نییە بەڵکوو سیستەمێکی شێواو دەبینین کە هەم پێکهاتەکە و هەم پاژەکانی و هەم پەیوەندیی پەشێوی نێوان پاژەکان بەدی دەکەین. خاتوونی یاریدەدەری کۆمەڵایەتی دوای ئەوەی لە منداڵیدا لە لایەن خاوەنی خواردەمەنی فرۆشییەکەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر، هۆکاری ئەم نهێنیپارێزییەی بەم شێوە ڕوون کردەوە:

ئەمە ڕووداوی دەستدرێژییەکە بوو کە بە سەرمدا هات، بەڵام ئەمەم لای کەس نەگوت تەنانەت لای ئەندامانی خێزانەکەم. دەمزانی کە تووشی شەڕ دەبم و نەمدەویست لەو ئاهەنگەدا ئەمە ڕوو بدات.

لەم وەرگێڕانەی سەرەوەدا ڕوونە کە هەر دوو میکانیزمی چەسپاو، واتە شێوازی کاردانەوەی خێزان و میکانیزمە بارودۆخییەکان واتە لە میوانی بوون وای کردووە کە ئەزموونی

دەستدرێژییەکە ڕاپۆرت نەکات. هەروەها خانمێکی تەمەن ٣٣ ساڵ کە لە منداڵیدا لە لایەن شۆفێرێکی تاکسییەوە دەستدرێژی کراوەتە سەری، سەبارەت بە هۆکاری نهێنی‌پارێزییەکەی دەڵێ:

بۆچی بە خێزانەکەت نەگوت؟ هیچم نەوت، کەمقسە بووم. ئاها زۆر تێکەڵ نەدەبووی؟ بەڵێ، من ئەوەندە بەقسە نەبووم. یان لە کاردانەوەکانیان دەترسای؟ ناتوانم هەموو شتێک بڵێم.

ئەو ئاخافتنانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەخا کە هیچ پەیوەندییەک لە سەر بنەمای متمانە و ڕاستگۆیی و هاوسۆزی لەگەڵ خانەوادەدا بوونی نییە. بە واتایەکی تر لە ڕێگەی گفتوگۆکانەوە دەتوانین ببینین کە سەرمایە کۆمەڵایەتییەکان هەم لە ناو پێکهاتەی بنەماڵە و هەمیش لە ناو کۆمەڵگادا لاواز بووە. جگە لەوەش میکانیزمی نکۆڵیکردن بە توندی لە ناو خێزان و کۆمەڵگادا کار دەکا چونکە فەزای گفتوگۆ بەرتەسکە و پەیوەندییەکانیان تووشی هەندێ چالنج دەبێتەوە، وەکوو نەبوونی ڕاهێنانی توانای گفتوگۆ و ڕەخنەهەڵگری. ئەو فێری لێهاتوویی وەدەستهێنانی پشتیوانی لە تۆڕەکانی کەسانی دەوروبەری نەبووە و تەنانەت کاتێک دەستدرێژی کراوەتە سەر، خۆی سەرکۆنە دەکا:

وتم نەکا من شتێکم کردبێ کە ئەو ئاوا ... ، هەر خۆمم بە تاوانبار زانی، وتم نەکا بۆ نموونە من جوڵەیەکم کردبێ، بەڵێ هەمیشە گوێم لە خۆم بوو گومانم لە خۆم دەکرد. نازانم بۆچی.

ئومێد کە لە (خانە کودک) لە شووش مامۆستا بووە، هۆکاری نهێنی‌پارێزییەکەی بەم شێوە دەگێڕاوە:

ترس لە تارێنران و ئەوەی کە ئەوان لە ناو خانەوادەدا هیچ شوێنێکیان نییە. ئەو ساڵانەم لە بیرە، هەر کچێک کە لە ماڵ دەردەچوون، لە دەرەوە هیچ شوێنێکیان نەبوو، ئیتر سەریان لە بێهزیستی و ئەمانە دەردەهێنا.

سادقیان، مامۆستای قوتابخانە دەڵێ:

یەکێ دەترسێ و یەکێ لە دەستدرێژیکارەکە دەترسێ و دواتر ترس لە هەڵسوکەوتی خێزانەکە. بۆ نموونە کاتێک کارێکی هەڵە دەکەن، خانەوادە بە شەڕانگێزییەوە لێیان دەدەن. ئەوان گرنگییان پێ نادەن و باوەڕیان پێ ناکەن. منداڵ وا دەزانێ تەمبێ دەکرێ و خۆیان خەتابارن، واتە منداڵ خۆی هەست بە تاوانەکە دەکات.

یاریدەدەری کۆمەڵایەتی ڕێکخراوی خێرخوازی ئاتینا بەم شێوە پرسی ترسەکانی ڕوون کردەوە. ناوبراو لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا "کە کەسی دەستدرێژیکراو چەند وەخت دوای ڕووداوەکە بابەتەکەی ئاشکرا کردووە؟" وتی:

دوای کۆڵێ بەرگەگرتنی لە ئاست دەستدرێژییەکە، دێنە ئێرە یان بۆ ئێرە ڕەوانە دەکرێن، هۆکاری ئاشکرانەکردنی دەستدرێژییەکە لەبەر ئەوەیە کە ئاگاداری تۆڕە پشتیوانییەکانیان نین و لە قەزاوەتکرانیش دەترسن. لە دەستدرێژیکار دەترسن چونکە لە ئەندامانی خێزانە و ئەو کەسەش بە شێوازی جۆراوجۆر هەڕەشە لە قوربانییەکە دەکا و قوربانییەکەش بۆ ئەوەی ئابڕوو و خانەوادەکەی لە دەست نەچێ و قەزاوەت نەکرێ و لە تۆڕەکانی پشتگیری ئاگادار نییە نهێنی دەستدرێژییەکە لای کەس باس ناکات.

ئەو لێدوانانەی سەرەوە نیشان دەدەن کە هۆشیاریی سەبارەت بە تۆڕە پشتیوانییەکانی ئێستا لە کۆمەڵگای ئێراندا سەبارەت بە ئازاردانی سێکسی لاوازە. ئەم کەیسە ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە ڕێکخراوە بەرپرسەکانی زانیاری و ئاگادارکردنەوە سەبارەت بە بوونی ئەم تۆڕە پاڵپشتیانە بە شێوەیەکی لاواز و ناکارامە مامەڵەیان کردووە و یان بە هۆی بوونی میکانیزمی نکۆڵیکردنەوە، شەفافیەت لەوانیشدا لاوازە. لەم بەشەدا خەسارناسیی میدیای گشتی و کەناڵە پەیوەندییەکان زەرووری دەبن.

خاتوونی بەڕێوەبەری کلینیکی مێشک و دەمار وتی:

چا شتەکە جیاوازە، هەندێکیان لە منداڵیدا لای کەسێک درکاندوویانە و یان تەمبێ کراون یان هان دراون. بۆ نموونە کەسێک ڕاوێژی لەگەڵ کوڕە گەورەکەی کردووە و وتوویەتی منیش بە سەرم هاتووە بەڵام دەنگم نەکردووە هەندێک کەس ساڵەهای ساڵ یەک وشەیان لەو بارەوە نەدرکاندووە هەتا لای خۆم قسەیان کردووە. ئەوەی کە بە دایک و باوکیان نەوتووە هۆکاری جۆراوجۆری هەیە ئەوەی کە هێشتا کاکی خۆش دەوێ، باوک و دایکی خۆش دەوێ، یەکێ لە بەر ترس نەیدرکاندووە، هەندێکیشیان لەبەر ئەوەی ئابڕوویان نەچێ لەقاویان نەداوە ئازیزێکی چکۆلەم هەبوو چووە لای هەموویان ئاشکرای کردووە لەبەر ئەوە تەمبێ کراوە. بابەتێکی دیکە کە من ئامارەکەییم لەبەر دەست نییە دەڵێن دایکمان داکۆکیمان لێ ناکا و دەڵێ وس بە خاڵۆتە، باوکتە.

خاتوو ز خاهـ، چالاکی کۆمەڵایەتی لەم بارەوە، وتی:

ترس، ترس، ئەوەندە پێیان وتوون با کەس نەزانێت. کاتێک گڵۆپەکە دەکووژاوە یان دادەگیرسا ئەمە دەجووڵاوە ئەمە خەڵوەتە و خەڵوەت شوێنێکی زۆر تایبەتە. ئەوە شتێک بوو کە بنەماڵەکەی بۆیان دەگێڕاوە. ئاوا ترساندوویانە.

خاتوو قوبادی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە وتی:

بۆ نموونە ترس لە ئابڕووچوون و ترس لەوەی کە لە لایەن خێزانەکەی خۆیەوە بتارێنرێت. یان هەر بڕوای پێ نەکەن، ئەوەش هەیە. چونکە بیستوومە بە دایکی گوتووە، دایکە وتوویەتی جا چۆن ئاوا باسی هێوەرەکەت دەکەی، نەیڵێی چاکترە. باوەڕیان پێ نەکرد.

شەیداش ترسی شەڕ و تەمبێکران وەک هۆکاری ئاشکرانەکردنی دەستدرێژییەکە دەربڕیوە، پێشتر ئەمە بە سەر براکەشیدا هاتووە و ئەمەش وای کردووە کە ترس لە ناخیدا بەدەروونی ببێت. گێڕانەوەی ئەو بەم شێوەیە:

جارێکیان براکەم لەگەڵ کوڕێکی هاوتەمەنی خۆی چوو ئەم کارانە بکا ماڵەوە پێیان زانی، باوکم دەیویست بیکوژێ، دایکم نەیهێشتووە، مانگێک لە سەر ئەوە ماڵی ئێمە شەڕ بوو [...] نەخێر، بە هیچ شێوەیەک نەمدەتوانی، بۆ براکەمم گێڕاوە کە چی ڕووی دا. ئەگەر بنەماڵە بیانزانیایە خوێن دەکرا. من لە ترسی شەڕ و ئابڕووچوون بە کەسم نەگوت.

نهێنیپارێزیی دەستدرێژیکراو ڕەگ و ڕیشەی لە بیر و باوەڕ و بونیادی کارلێکەکانی بنەماڵەدایە. لە ناو ئەو بیر و باوەڕانەی بنەماڵەدا کە ڕێگری لە ئاشکراکردنی دەستدرێژییەکە لە لایەن کەسانی دەستدرێژیکراوەوە دەکا دەتوانین ئاماژە بە وتەزای ئابڕوو، قەزاوەتکران، سەرەنشتکران و ... بکەین. لە ناو کارلێکەکانی بنەماڵەدا دەتوانین ئاماژە بە نکۆڵیکردن و قبووڵنەکران، سزادان و تەمبێکردن، تاراندن، سووکایەتی، گاڵتە پێکردن، شەڕ و گرژی و هتد بکەین کە ئەمانە ناهێڵن کردەوەی دەستدرێژییەکە لە لایەن کەسی دەستدرێژیکراوەوە ئاشکرا ببێت.

نێرگزی تەمەن ٣٦ ساڵ کە لە منداڵیدا لە لایەن مامیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر وتی: چی نەیهشێت ئەو دەستدرێژییە بدرکێنی؟ ترس. ترس لە ئابڕووچوون؟ بەڵێ، و ئەوەی کە لە ناو خێزان خوێن دەکرێ و خوێن دەڕژێت.

هەروەها هەڕەشەکانی کەسی دەستدرێژیکاریش یەکێک لە هۆکارەکانی نهێنیپارێزیی منداڵانە. ئەوان بە توندوتیژیی جەستەیی و تەنانەت کوشتنیش هەڕەشە لە منداڵەکە یان ئەندامانی دیکەی خێزانەکەی دەکەن، بۆ نموونە دەڵێن ئەگەر ڕاپۆرتی لە سەر بدەی من سەرپەرشتیارەکەت یان دایک و باوکت دەکوژم. لە حاڵەتەکانی دیکەدا هەڕەشەیان

لێدەکەن کە ئابڕووی خودی منداڵەکە لە مەترسیدایە. هەموو ئەم هۆکارانە دەبنە هۆی ئەوەی منداڵەکە ڕاپۆرتی دەستدرێژییەکە بۆ تۆڕەکانی پشتیوانی خۆی نەگوازێتەوە. دکتۆر ئەبهەریان وتی:

مەسەلەیەکی دیکە ئەو هەڕەشانەیە کە دەستدرێژیکار دەیکا بۆ نموونە دەڵێ ئەگەر لای کەسێک بیدرکێنی دەتکوژم. ئەمانە بابەتگەلێکن کە ناهێڵن دەستدرێژییەکە لەقاو بدرێ هەرچۆنێک بێ، ئەوە بڤە و تابۆیە و هەر چییەک بێ لە کۆتاییدا پەنجەی تۆمەت بەرەو لای خۆی ڕادەکێشرێ ئەگەرچی قوربانییە.

خاتوو ڕەسووڵی، یاریدەدەی کۆمەڵایەتی باس لە ملهوڕی دەکات:

من زیاتر برام دیوە، زۆر جاریش دایکەکە دەزانێ و هیچیش ناکا چونکە ئەمە تابۆیە و نابێ لە ماڵەوە بچێتە دەرەوە. هەندێ جار خەرجی ماڵەوە دەکێشێ بۆیە هیچ کاریان پێ نییە. براکە ملهوڕ و زۆرداره و ئەمان دەرەقەتی نایەن و ناتوانن ڕێگری لە دەستدرێژی بۆ سەر منداڵە چەوساوەکە بکەن.

ئەو گێڕانەوەی سەرەوە ئەوە دەردەخا کە ملهوڕی و زۆرداری و هێزی دەستدرێژیکار ئاوێتەی توندوتیژی و هەڕەشە دەبێ و بەکارهێنانی ئەم میکانیزمە ناهێڵێ ڕووداوی دەستدرێژییەکە لە لایەن دەستدرێژیکراوەوە ئاشکرا ببێ، هەمیش ئەوەی کە ئەم فاکتەرە لەگەڵ ئەوەی کە کەسی ئازاردراو وەک تاوانبار و گوناحکار لە قەڵەم دەدا لە بەرەو پێشبردنی ئاکاری دەستدرێژیکراودا کارسازە. وەک لە شیکارییەکانی پێشووماندا وتمان لەبەر ئەوەی دەستدرێژیکراو بە قوربانی نازانرێ و ئەم باوەڕە لە لایەن خودی دەستدرێژیکراوەوە بەدەروونی بووە و قبووڵی کردووە، دەبێتە بەستێنێکی گونجاو بۆ دەستدرێژیکار بۆ ئەوەی هێزی جەستەیی و ملهوڕیی خۆی بقۆزێتەوە.



چارتی ژمارە ٣-٢٢. ئەزموونی تەمبێکردنی جەستەیی لە منداڵیدا لە لایەن گەورەساڵانەوە

ترسی دەرکران لە قوتابخانە و ژینگەی نالەباری قوتابخانەکە هۆکارێکی دیکەی ڕاپۆرتنەکردنی ڕووداوی دەستدرێژییەکەیە. یەکێک لە قوربانییەکان وتی:

ترس لە ئابڕووچوون و دەرکران لە قوتابخانە نەیهێشت بیدرکێنم.

سەمانە، تەمەن ٣٣ ساڵ و خوێندکاری دکتۆرای یاسایە کە لە منداڵیدا تووشی دەستدرێژی بووە، سەبارەت بە جەوی پڕزەبروزەنگی قوتابخانە و بێسوودبوونی گواستنەوەی ڕاپۆرتی دەستدرێژییەکە بە تۆڕە پشتیوانییەکانی وەکوو قوتابخانە و ڕاوێژکاری قوتابخانە و وتی:

هیچ سوودێکی نەبوو، بە کێ بڵێم؟ چ سوودێکی بوو؟ باوکم کە ئەوە لە ناو جێگادا بوو، هیچی لە دەست نەدەهات کە بۆم بکا، خۆ براشم نەبوو. هەر دایکم بوو ئەویش بە خاڵۆمی بگوتایە کە خاڵۆم لێی بدا؟ دایکم چی لە دەست دەهات؟ ئەوساش ئەوەندە خەڵک وشیار نەبوون کە بچم بە ڕاوێژکاری قوتابخانە بڵێم. من دەچوومە قوتابخانەی شاهید و زۆر پڕزەبروزەنگ بوو. خۆ ئێمە نەماندەوێرا بە قوتابخانە بڵێین کە شتێکم ئاوام بینیوە. دایک و باوکیان بانگ دەکرد، باشم لە بیرە کتێبێکم کە ناوی ڕیسالە بوو بە دزییەوە برد بۆ قوتابخانە، سێ ڕۆژ لە قوتابخانە دەرکرام. لە قوتابخانەیەکدا کە بۆمان نەبوو مۆز لەگەڵ خۆمان ببەن بۆ قوتابخانە دەمتوانی شتێکی ئاوایان بۆ باس بکەم؟

قوتابخانە وەک دووەم دامەزراوەی کۆمەڵگاگری و بەکۆمەڵایەتیبوونی منداڵان، کە دوای دامەزراوەی خێزانە و تەواوکەری ئەوە، لە پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی و هەروەها پاڵپشتیی کۆمەڵایەتیی منداڵان زیاترین ڕۆڵ و پشکی هەیە، کە بەداخەوە لاوازی و کەموکوڕی هەیە کە کارداکانی تەنها لە پەروەردەدا سنووردار نابێتەوە، بەڵکوو وەک لە گوتارەکانی سەرەوەدا دەردەکەوێ، کاردا پەروەردەییەکانیشی گوماناوین. هەبوونی پێکهاتەیەکی سیستماتیک و یەکدەست کە تێیدا پێکهاتەی ڕاوێژکار پێگەیەکی تایبەت و پسپۆڕانەی هەبێ و هەڵبژاردنی بە پێی بنەما و ڕێسای یەکپارچە ئەنجام بدرێ، هەموویان بۆ کاردای پەروەردەیی دامەزراوەی قوتابخانە یارمەتیدەر دەبن. بە گوێرەی قسەکانی ئەو منداڵە، قوتابخانە کە ڕووبەڕووی سنووردارکردن و کۆنترۆڵکردنی زۆر دەبێتەوە، منداڵ تێیدا هەست بە ئاسایش و متمانە ناکا، کە بتوانێ لە سەر بنەمای ئەوە بابەتی ئەو دەستدرێژییە سێکسییە کە بە سەر هاتووە بدرکێنێ و وای پێی باشترە نکۆڵی لێ بکا بۆ ئەوەی لە لایەن ئەم ڕێکخراوەوە تووشی ناوەنیتکە، سەرکۆنە و یان سزادان و تاراندن نەبێتەوە و بەم شێوە

کێشەکەی قووڵتر و زیاتر نەبێت. لێرەدا خەسارناسیی دامەزراوەی قوتابخانە لە کۆمەڵگای ئێراندا بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کاردا پەروەردەییانەی کە دەبێ بۆ گرووپی منداڵان و مێرمنداڵان هەیبێ، زەرووری دەبێت. قوتابخانە دەبێ شوێنێک بۆ فێرکردنی توانا جیاوازەکان بە ڕاهێنانە سێکسییەکانیشەوە و ڕێگاکانی بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژی بێ، لە هەندێ لە قوتابخانەکانی ئێراندا دەبێتە فەزای ترس و تۆقاندن کە منداڵانی دەستدرێژیکراو ناتوانن ئەزموونی دەستدرێژیکردنەکە بە ڕاوێژکاری قوتابخانە ڕابگەیێنن. یەکێک لە هۆکارەکانیان ترسی دەرکردنیان لە قوتابخانەیە. لانیکەم ئەوە دەزانین کە ئەو کچانەی لە تەمەنێکی بچووکدا هاوسەرگیری دەکەن ئەگەری دەرکردنیان لە قوتابخانە زۆرە. هۆکاری دەرکردنیشیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەڕێوەبەر یان مامۆستا ترسی ئەوەیان هەیە کە منداڵانی تر بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەم ڕەفتارانەیان لێ فێر ببن. لەم پێوەندییەدا بەڕێز ئیفتیخاری بەڕێوەبەری قوتابخانە ڕوونکردنەوەیەکی سەرنجڕاکێشی سەبارەت بە بۆچوونی مامۆستایان و دایک و باوکانی قوتابخانە لە بارەی منداڵانی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی دەدات:

چونکە ئەم بابەتە لە فەرهەنگی ئێمەدا زۆر باڵادەستە. منداڵەکە وەک پەرداخێکی لێورێژ سەیر دەکرێ و وەک کەسێک قەزاوەتی لە سەر دەکرێ کە خۆشی حەزی لەم کارە بووە، کەواتە ئەم جۆرە نیگایانە جۆرێک لەو منداڵە دەڕوانێ کە هەر خۆی دەستدرێژ و ئازاردەرە، دەڵێن لەوانەیە کێشەیەکی هەیە کە پەلاماری دراوە. تەنانەت لە قوتابخانە کەیسێکم هەبوو هەر کە بە مامۆستاکەی وتووە کە هۆشی پێوە بێ بەڵام دۆخەکە خراپتر بووە، لە بری ئەوەی مامۆستاکە پشتگیری لێ بکا، بە چاوێکی خراپتر سەیری ئەم منداڵەی کردووە واتە بە پێچەوانەوە وەک دەستدرێژیکارێک سەیری ئەم قوتابییەیان کردووە و مامۆستاکە پێی وتم بە بۆچوونی من، ئەو خۆی ویستویەتی ئەم کارەی لەگەڵ بکا، دە هیچ ئیتر داوام لە دایک و باوکی منداڵەکە کرد کە بێن و پێم وتن منداڵەکە لەم قوتابخانە وەربگرنەوە و بیبەنە قوتابخانەیەکی دیکە، ڕەنگە ئەم جێگۆڕکێیە بە قازانجی خۆی بێت.

ئەو قسانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە لە ئێراندا قوتابخانە وەک دامەزراوەی بنەماڵە و کۆمەڵگا و هاواهەنگ لەگەڵ ئەوان لە سەر ئەم پێش‌گریمانە دامەزراوە کە قوربانیی سێکسی، چ منداڵ بێ یان مێرمنداڵ و چ لە ڕۆڵی قوتابیدا بێ، خەتاکار و گوناحبارە و ئەوە قوربانیی دەستدرێژی نییە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش وەک گوناح و خەتا لە دەستدرێژی دەڕوانێ و لە ئەنجامدا ئەو خوێندکارەی کە تووشی ئازاری سێکسی بووە

ناوەنیتکەی ڕیسوای لێ دەنرێ و میکانیزمی تاراندن بە شێوەی دەرکردن لە قوتابخانە، ئابڕووبردن و سەرکۆنەکردن دەقۆزرێتەوە. لێرەدا لە بری ئەوەی کەسی دەستدرێژیکراو قوربانی بێ، بخرێتە ژێر چەتری داکۆکیی کۆمەڵگا و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان؛ بۆ تاوانبارکردن و خەتابارکردنی دەستدرێژیکراوەکان هاواهەنگییەکی سیستەماتیک لە نێوان کۆمەڵگای سەرەکی و دامەزراوە بەکۆمەڵایەتیکردنەکانی تاک وەکوو خانەوادە و قوتابخانەدا بەدی دەکرێت.

هەروەها جۆری ڕەگەزیش کاریگەریی لە سەر ڕاپۆرتنەکردنی دەستدرێژی یان هۆکارەکانی هەیە. کوڕان زیاتر لە کچان پێیان عەیبە ڕاپۆرتی ئازاردان و دەستدرێژییەکە بگوازنەوە چونکە پێیان وایە ئەمە لەگەڵ غروری پیاوەتییان ناکۆکە. ئەم غرووره پیاوانەیە لە لایەن کۆمەڵگەی پیاوسالارەوە لەواندا بەدەروونی بووە، چونکە کۆمەڵگا چاوەڕێی ئەوە لە پیاوان دەکا کە بەهێز بن، هەرگیز ڕێگە بەم دەستدرێژییانە نەدەن، وەک ئەوەی هەمیشە ئەوە پیاوانن کە دەبێ ئازاردەر یان دەستدرێژیکار بن نەک ئازاردراو یان دەستدرێژیکراو. کاک حامید وتی:

پێت وایە چی نەیهێشت کە ئەم قسە لای گەورەکانت و کەسانی تر باس بکەیت؟ غروور یان ترس لە قەزاوەتی کەسانی تر؟ نا هەر لەبەر غروور بوو.

قوربانییەکی دیکە وتی:

بە ڕاستی جگە لەو شەرم و ئەتکەی کە ئەنجامی ئەم ڕووداوەیە، ئەگەر بە سەرمدا هات، دەبێ بیشارمەوە چونکە کاریگەریی لە سەر خۆم و پیاوەتیم و غروور و کەسایەتیم و هەموو شتێکم دادەنێ، واتە خۆت دەخەیتە ژێر پرسیار، ئەگەر بهاتبای و دانت پێدا نایە و ئەگەریش بتکردایە ... هەمیشە ئەم ترسە هەیە کە چۆن سەیرت دەکەن و هەموو تاوانەکان دەخەنە مل تۆ چونکە تۆ ئاگاداری خۆت نەبوویت و تۆ چ جۆرە کوڕ یان پیاوێکی و هەموو غروور و کەسایەتی و وەک دەڵێن بوونت دەچیتە ژێر پرسیار، ئەم دانپێدانانە خۆدرکێنەرە بکەی.

ئەو لێدوانانەی سەرەوە لە لایەن دەستدرێژیکراوێکی پیاوە کە نیشان دەدا کە ئاراستە و کلیشە ڕەگەزێتییە زاڵ و و باوەکان لە ناو کۆمەڵگای ئێراندا لە سەر بنەمای تێهەڵکێشبوونی دەسەڵات و پیاوەتی یان غروور و پیاوسالاری لە دەروونی خودی ڕەگەزی پیاودا لە منداڵییەوە و لە درێژەی پرۆسەی کۆمەڵگاگری و پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتییەوە بەدەروونی کراوە و زەینیان لە سەر بنەمای ئەو باوەڕە کۆمەڵایەتییانە بەرساز بوو و بەردەوام

دەبێت. ئەم پەیوەندی و کاریگەری و کارتێکراوییە پەیوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵگا بە شێوەی کارلێکی دوولایەنە پیشان دەدات. هێزی ئەم زەینە بەرسازکراوە بە جۆرێکە کە تەنانەت کاتێک کەسەکە لە دۆخی دەستدرێژی سێکسیدا بێ، بە هۆی ئەو باوەڕانەی کە لەبارەی ڕەگەزی خۆی و پیاوەتییەوە هەیەتی، ئامادە نییە دەستدرێژییەکە ئاشکرا بکا و ئەمە بە پێشێلکردنی ئەو زەینییەت و بیروباوەڕە پیاوسالارییانە دەزانێ هەر لەبەر ئەم هۆکارە نکۆڵی لێ دەکا یان دەیشارێتەوە. کەواتە، ڕەگەزێتی و ئەو باوەڕە کۆنەپەرست و باوانەی کە لەم بارەوە هەن هۆکارێکی دیکەن کە لە پاڵ هۆکارە باسکراوەکانی دیکە، دەستدرێژیکراو دەخاتە دۆخی خەتابار و گوناحبارەوە نەک قوربانیی دەستدرێژی.

نەبوونی هۆشیاری هۆکارێکی دیکەی ڕاپۆرتنەکردنی دەستدرێژییە. نەبوونی هۆشیاری لە بواری زەروورەتی ڕاپۆرتکردنی دەستدرێژی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە نەبوونی ڕاهێنانەوە هەیە. کاتێک لە سیستەمی پەروەردەدا ئەم پرسە گرنگی پێ نەدرێ و ڕاهێنانی سێکسی بۆ منداڵان دابین نەکرێ، زۆر سروشتییە کە زۆرێک لە منداڵان نەتوانن ڕاپۆرتی دەستدرێژیەکانیان بگەیێننە تۆڕە پشتیوانییە فەرمی و نافەرمییەکان. هەروەها خانەوادەکان لەبەر ئەوەی لەم بوارەدا ڕاهێنانیان نەبینیوە ناتوانن منداڵەکانیان ڕابهێنن. کەواتە لە هۆکارەکانی دیکە، ناوشیاری سەبارەت بەوەی کە ئەزموونی دەستدرێژی چۆن و لای کێ ڕاپۆرت بکرێت کە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵەکە دەستدرێژییەکە ڕاپۆرت نەکات. لەم زەمینەدا خاتوو ح وتی:

دوای کۆڵێ بەرگەگرتنی لە ئاست دەستدرێژییەکە، دێنە ئێرە یان بۆ ئێرە ڕەوانە دەکرێن، هۆکاری ئاشکرانەکردنی دەستدرێژییەکە لەبەر ئەوەیە کە ئاگاداری تۆڕە پشتیوانییەکانیان نین و لە قەزاوەتکرانیش دەترسن. لە دەستدرێژیکار دەترسن چونکە لە ئەندامانی خێزانە و ئەو کەسەش بە شێوازی جۆراوجۆر هەڕەشە لە قوربانییەکە دەکا و قوربانییەکەش بۆ ئەوەی ئابڕوو و خانەوادەکەی لە دەست نەچێ و قەزاوەت نەکرێ و هەروەها لەبەر ئەوەی لە تۆڕەکانی پشتگیری ئاگادار نییە نهێنیی دەستدرێژییەکە لای کەس باس ناکات.

خاتوو خ ب وتی:

کەیسی منالێکم هەبوو خەڵکی شارێکی تر بوو. دوایی زانیم منداڵەکە قوربانیی دەستدرێژییە وتی باوکم و براکەم زۆریان خۆش دەوێم. نیوەڕۆیان دەمبەن. زۆر بە ئاسانی دەیگێڕاوە، باوکی دەستدرێژی کردووەتە سەری. دەمهەوێ بڵێم نائاگایی لە ناو زۆربەی خەڵک و شار و شارۆچکەکاندا هەیە.

ئەمیر وتی:

بۆچوونی ئەوان ئەوە بوو کە لەو هەلومەرج و کاتانەدا دوو جار چوومە لای پۆلیس و وتم کابرایەک دەستدرێژی دەکاتە سەرم، پۆلیسیش وتی برۆ بە باوکت بڵێ، منیش وتم ناتوانم پێی بڵێم چونکە نازانم کاردانەوەی باوکم چۆن دەبێ، بەڵام کێشەیەکی تر ئاوقانی ئەمیری ببوو، وەک خۆی دەڵێ من ئەو ڕۆژە نەمدەزانی بچمە کوێ و بە کێ بڵێم. هیچ کەس پێی نەوتم کەی و لە کوێ ئەم شتانە بگێڕمەوە. لە کام ڕێکخراو و ژمارە تەلەفۆن و دامەزراوە دەتوانم ئەمە بڵێم و داوای هاریکاری بکەم.

ژمارەیەکی دیکەی کەسانی دەستدرێژیکراو باسیان لە نەبوونی لایەنگر یان تۆڕە پشتیوانییەکان دەکرد کە ناتوانن لای ئەوان ڕاپۆرتی دەستدرێژییەکەیان ڕابگەیێنن. هەندێک جار منداڵەکە بە تەنها لەگەڵ باوکیدا دەژیا و باوکی دەستدرێژی دەکردە سەری، بەو پێیەی کە کەسێکی دیکە لە ناو ژینگەی بنەماڵەی منداڵەکەدا نەبووە و منداڵەکەش شوێنێکی دیکەی بۆ نیشتەجێبوون نەبووە، ناچار بووە لەگەڵ باوکیدا بژی و دەستدرێژییەکە لای کەس نەدرکێنێت. لە هەندێک حاڵەتی دیکەدا دایکی خێزانەکە و ئەندامانی دیکەی خێزانەکە بووە و دایکەکەش لە جەرەیانی پەلامار و دەستدرێژییە سێکسییەکەدا بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەستدرێژیکارەکە بژێویی خێزانەکەی دابین کردووە و ئەندامانی دیکەی خێزانەکەش لە ڕووی ئابوورییەوە بە تەواوی پێی وابەستە بوون، ئەوان لە ترسی بەرەلاکران، دەستوەردانێکی کاریگەریان نەنواندووە. کەیسی سێیەم بە هۆی نەبوونی پەیوەندییەکی دروست لە نێوان قوربانییەکە و ئەندامانی دیکەی خێزانەکەیدا بووە، کاتێک ئەم پەیوەندییە بوونی نەبێ، قوربانییەکە پێی وایە کە ئەگەر ڕاپۆرتی دەستدرێژییەکە ڕابگەیێنێ، لە لایەن ئەوانەوە پشتیوانییەکی ئەوتۆی لێ ناکرێت. بەگشتی کێشەی وابەستەیی قوربانیی دەستدرێژی و ئەندامانی خێزانەکەی بە کەسی دەستدرێژیکار ڕێگری لە درکاندنی دەستدرێژی و بەرەنگاربوونەوە دەستدرێژیکار دەکات. ئەم وابەستەییە دەتوانێ هەم لە ڕەهەندی مادی یان هەمان بژێویی ژیان و هەم لە ڕەهەندی نامادی، واتە دەروونی و سۆزداری بێت. لە لایەکی ترەوە، نەبوونی پەیوەندیی دۆستانە لە نێوان ئەندامانی خێزان، کە کاریگەریی لە سەر متمانە و ئاسایشی کەسی دەستدرێژیکراو بەرامبەر بەوان دادەنێ، هۆکارێکە کە ڕێگری لە قسەکردن و ئاشکراکردنی ڕووداوی دەستدرێژییەکە دەکات. لە کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێران، بە هۆی چالنجە گەشەیی و فەرهەنگییەکانەوە، دامەزراوە و ڕێکخراوە پشتیوانییەکان لەم ڕووەوە

پشتیوانییەکی بەهێز لە قوربانیی دەستدرێژی ناکەن، هەر بۆیە ناتوانن ببنە بەدیلێکی گونجاو بۆ نەبوونی پشتیوانی لە لایەن بنەماڵە یان کێشەی ئەو وابەستەییانەی کە باسیان کرا. لەم بەشەدا پێداچوونەوە بە کۆمەڵێک لە گێڕانەوەکانی ئەم بوارەدا دەکرێت. بەڕێوەبەری کلینیک و دەروونپزیشک وتی:

منداڵەکە کۆڵی دابوو چی بکا شوێنە ئارامەکەی ماڵەوە بوو و کەسی نەبوو. دایکی نەبوو کە بچێ پێی بڵێ، هەر باوک و منداڵەکە خۆیان بوون.

خاتوو ک یاریدەدەر وتی:

کاتێک یەکێک لە کچەکان بەسەرهاتی دەستدرێژییەکەی بە دایکی دەڵێ ئەویش نکۆڵی لێ دەکات. هەرچەندە خۆشی بەمەی زانیبوو، بەڵام نەیدەزانی چی بکا و داوای پشتیوانی لە کێ بکا، باوەپیارەکە (هاوسەری دایکە) بژێویی ماڵەکەی دابین دەکرد و ئەگەر بیهەوێ جیا ببێتەوە، ڕوو بکاتە کوێ و چۆن بژێویی ژیان دابین بکات؟ دایکە لە ئاست ئەم ڕووداوانە ناچار بێدەنگی هەڵدەبژێرێ بەڵام منداڵەکان لە لایەن دامەزراوەوە ئەم پاڵپشتییانە وەردەگرن، بەڵام لە کۆتاییدا، ژینگەیەکی تەندروستیان نەبوو چونکە دوای کۆتاییهاتنی خولەکان و وەرگرتنی پاڵپشتی، شەو دەچوونەوە ماڵەکانی خۆیان دیسانیش تووشی ئەم دەستدرێژیکارە دەبنەوە کە زەڕباوکیانە.

سەمانە، خوێندکاری دکتۆرا لە بواری یاسادا دەڵێ:

کەس نەبوو کە بچم لای باسی بکەم، کەس نەبوو متمانەی پێ بکەم و کەس لێم حاڵی نەدەبوو. زامێکی قووڵ بوو ئێستا کە بیری لێ دەکەمەوە پێم وایە شوێنێک یان کەسێکی جێی متمانەم شک نەدەبرد کە بچم و پێی بڵێم. هیچ ئاسایشێک بۆ من دابین نەکرابوو کە ئەگەر بیڵێم شتێکی باشتر دێتە سەر ڕێم.

خانمێکی تەمەن ٣٣ ساڵ یاریدەدەری کۆمەڵایەتی سەبارەت بە ئەزموونەکەی وتی:

گێڕانەوەی ئەم ڕووداوە و وەبیرهێنانەوەی تا بڵێی دڵتەزێنە و لەویش دڵتەزێنتر ئەوەیە کە وتنی لای هەر کەسێکی نامۆ یان ناسیاو چ قازانجێکی هەیە خۆ ئەوان بە باشی و دروستی لەم ئازارە تێناگەن بۆیە باشترە ئەم پێشهاتە هەر لای خۆم لە ناخمدا بینێژم ئەم بەسەرهاتە ساڵەهای ساڵ وەک نهێنییەک دەمێنێتەوە بەڵام نهێنییەکی دڵهەژێن و کاریگەرە.

خانمێکی تەمەن ٢١ ساڵ کە ئێستا خوێندکاری بواری یاریدەدەری کۆمەڵایەتییە وتی:

هۆکاری سەرەکی ئەوە بوو کە من و دایکم لە ڕووی سۆزدارییەوە زۆر لێک دوور بووین. من هەستم دەکرد ئەگەر ئەم بەسەرهاتە سێکسییە بهێنمە ئاراوە چونکە زۆر جار ڕووی داوە،

ئەگەر پرسیارێک بۆ من یان بۆ خوشکەکەم بهاتبایەتە گۆڕێ؛ دەیکوت ئەوە بۆ تەمەنیتان گونجاو نییە. پێم وابوو کە کاتێک ئەم دەستدرێژییە سێکسییەم بە سەر هات، هەڵبەت ئەوسا نەمدەزانی ئەوە دەستدرێژییە. ئەوەی کە بینیم سەبارەت بە ئەندامی نێرینە بوو و ئەوەی کە تەرێق دەبوومەوە چونکە ئەو پەیوەندییە سۆزدارییەمان نەبوو. یان پێم بڵێ بۆچی ئەو قسە دەکەی؟ چەندە ڕوورداری چەند عەیبە. ئەمانە وا دەکا کە من سارد ببمەوە و زنجیرەیەک ناکۆکی کە ڕەنگە ڕوو بدات. ئەمە گەورەترین هۆکار بوو. بەڵام ئەوەی کە نەکا ببێتە شەڕ و گەنگەشە ترسم بوو بەڵام کەمتر.

لە ئاخافتنەکانی سەرەوەدا ئاشکرا دەبێ کە شەرم بە هۆی نەبوونی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ دایک و بە بێئەدەبی زانینی ڕووداوی دەستدرێژی بە هۆی ئەو قەزاوەتانەی کە بوونەتە خووخدە، لەو هۆکارانەن کە بوونەتە هۆی ئەوەی کە دەستدرێژیکراو نکۆڵی لە دەستدرێژییەکە بکا و لەقاوی نەدات.

حەدیسی تەمەن ٣٣ ساڵ کە دەرچووی بواری بیناسازییە، لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا "حەدیس بۆ خۆبواردن لە دەستدرێژی و دووبارەبوونەوەی پەیتا پەیتای ڕووداوی دەستدرێژییەکە چیت کرد؟ گلەییت کرد؟" وتی:

لای دایکم باسی باوکمم نەکرد چونکە هیچی نەدەکرد. - ئەی لای خودی باوکت؟ بە باوکمم نەوت. تەنها بە پوورمم وت (خوشکی دایک) و لەم دواییانەدا بە یەکێک لە هاوڕێکانمم وت. ئەم ترس و سترێس و ڕق و کینە لە هەموو ئەم پرسیارانەدا سێبەرێکی خستە سەر ژیانم. زۆر کەمتر بووەتەوە، زۆر ڕاهێنانم کرد بۆ ئەوەی لە دایک و باوکم خۆش بم، زۆر ئیشم گەڵدا خۆمدا کرد. لێیان خۆش بووم. جاری وایە شتی وایان لێ دەوەشێتەوە کە ئەو یادەوەرییانەم بۆ زیندوو دەکەنەوە. هەمیشە دەڵێم خۆزگە کەسێک بوایە ئەم بیرەوەرییانەی بسڕیبایەتەوە. من هیچ هەستێکم بۆ دایک و باوکم نییە؛ واتە لای خۆشیان وتوومە کە بمرن بۆتان دڵتەنگ نابم.

لە هەندێک حاڵەتدا منداڵان خۆیان بە تاوانبار دەزانن، چونکە دەستدرێژی کراوەتە سەریان. ئەوان پێیان وایە بە هۆی هەندێک ڕەفتاری وەکوو باڵاپۆش نەبوون یان نەپاراستنی خۆیان لە هەمبەر دەستدرێژیی سێکسی تاوانبارن هەڵبەت مێشکی منداڵان و مێرمنداڵان لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵگا و بیروباوەڕەکانیدا بیچم دەگرێ و لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا سەبارەت بە ڕووداوی دەستدرێژی پشتگیری لە ئازاردراوەکان ناکا و زۆر جار قوربانییەکە وەک تاوانبار و خەتابار لە قەڵەم دەدا نەک قوربانی؛ بە هۆی ئەم پرۆسە

کۆمەڵایەتییانەوە، ئەم جۆرە پێشگریمانە و باوەڕانەش زەینی دەستدرێژیکراوان دروست دەکا و لە ناخیاندا بەدەروونی دەبێ و ئەم سووڕە سەقەتە دووبارە دەبێتەوە و بەرهەم دەهێنرێتەوە. ئەمەش یەکێک لە هۆکارەکانی نهێنیپارێزبوونیانە:

منداڵان لەم باسانەدا خۆیان بە ناپاک و گوناحبار دەزانن. بۆ نموونە دەبینین کە زۆر لە خۆیان تورەن و هەستی نەرێنیی لە ڕادەبەدەریان بەرامبەر بە خۆیان هەیە، هەست دەکەن ئەگەر ئەم بەسەرهاتە بگێڕنەوە بەشێکی خەتاکە لە خۆیانە.

ناوشیاریی منداڵ و نەبوونی ڕاهێنانی دروست هۆکارێکە بۆ ئەوەی منداڵەکە لەم بارودۆخەدا بە پاسیڤی و خەسارهەڵگری بمێنێتەوە و چونکە منداڵەکە تەنانەت نازانێ بۆ ڕزگارکردنی ژیانی چی بکا، بەتایبەت ئەگەر دەستدرێژیکارەکە یەکێک لە خزمەکانی ئەو منداڵە بێ کە منداڵەکە وەک کەسێکی متمانەپێکراو لێی دەڕوانێ و باوەڕی پێ کردووە، ئێستا نازانێ بەرامبەر بە کەسێکی متمانەپێکراو و ئاشنا خۆی بپارێزێ یان نا و ئەم مەسەلەیە زیاتر ناهومێدی دەکا چونکە کاریگەری لە سەر متمانەی پێشتر بونیادنراوی منداڵەکە دادەنێ بۆیە پێی باشە بێدەنگ بێ و بابەتەکە وەک نهێنییەک لای خۆی بهێڵێتەوە بۆ ئەوەی تەنانەت تووشی قەزاوەتی کەسانی دەوروبەر و ناسیاوەکانی نەبێتەوە، هەندێ جاریش بە هۆی ئەو هۆگرییەی کە پێشتر بەرامبەر بە کەسی دەستدرێژیکار هەیەتی بێدەنگی هەڵدەبژێرێت.

- کارلێکە ئەویتری و ڕێکخراوەییەکان

کاردانەوەی دەوروبەرییەکانی منداڵ و هەندێک لە دامودەزگاکان بەرامبەر بە کەسانی دەستدرێژیکراو چییە؟ یان ئەو کاتەی کە منداڵان ئەزموونی دەستدرێژی بە دەوروبەرییەکانیان ڕادەگەیێنن، چ جۆرە کاردانەوەیەکیان لێ بەدی دەکەن؟ لەم بەشەدا وەڵامی ئەم پرسیارە دەدرێتەوە. وەڵامی سەرەکی لە سەر دوو تەوەرە: تەوەری یەکەم پشتیوانینەکردن و سەرکۆنەکردنی کەسی دەستدرێژیکراوە. هەروەها کۆدە کراوەکانی ئەم وتەزاکانی بریتین لە: باوەڕپێنەکران، پشتیوانینەکران، پشتیوانینەکران لە لایەن دایکەوە بە هۆی ترسی لە بڕینی سەرچاوەی پشتیوانییەکەی لە لایەن دەستدرێژیکارەوە، سەرکۆنەکردنی قوربانی، سزادانی قوربانی لە لایەن قوتابخانەوە، بەتاوانبارزانینی قوربانی، پشتیوانیکردن لە دەستدرێژیکار، تەمبێکردن و گوێپێنەدان، نکۆڵی یان شاردنەوە، ئازاردانی قوربانی، گرنگینەدان لە لایەن خێزانەوە، کاردانەوەی توندوتیژانە، پشتگوێخستن و پشکنین یان تاقیکردنەوەی پەردەی کچێتیی قوربانی. تەوەری دووەم

سەبارەت بە پشتیوانییە. لە هەندێک حاڵەتدا تۆڕەکانی تاکەکان دەبنە سەرچاوەی پشتیوانیکردن لە منداڵە دەستدرێژیکراوەکە. کۆدە کراوەکانی ئەم تەوەرە بریتین لە: پشتگیری، ڕاپۆرتکردنی دەستدرێژی لای تۆڕە پشتیوانییەکان، ڕاگەیاندن لای دایک و پچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ دەستدرێژیکار، فامکران لە لایەن هاوسەرەوە لە کاتی هاوسەرگیریدا و بەئەزموونکردنی هاوسۆزی. لە بەشەکەی خوارەوەدا ئەم دوو تەوەرە شی دەکرێنەوە.

لە زۆر حاڵەتدا، کاتێک کەسانی دەوروبەری منداڵەکە بۆیان دەرکەوتووە کە دەستدرێژی کراوەتە سەری یان منداڵی دەستدرێژیکراو ئەزموونی دەستدرێژییەکەیان پێ ڕادەگەیێنێ، نەک هەر پاڵپشتی ناکەن، بەڵکوو سەرکۆنەشی دەکەن و هەم ئەوەی کە قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی تووشی جۆرەکانی تری ئازاردان وەکوو ئازاردانی جەستەیی، ئازاردانی دەروونی و پشکنینی پەردەی کچێنی بەئەزموون دەبنەوە. یەکێک لە دەستدرێژیکراوان وتی:

جارێکیان براکەم لەگەڵ کوڕێکی هاوتەمەنی خۆی چوو ئەم کارانە بکات. خانەوادەکەم پێیان زانی، باوکم دەیویست بیکوژێ، دایکم ڕێگەی نەدا، مانگێک لە سەر ئەوە ماڵی ئێمە شەڕ و قڕە بوو. بۆچی، شەڕەکە لە سەر چی بوو؟ باوکم دەیگوت ئابڕوومان لەکەدار بوو.

تابۆی سێکس دەبێتە هۆی ئەوەی خێزانەکان کاتێک ڕووبەڕووی پرسی دەستدرێژیکراوی یان پەیوەندییە سێکسییەکان (بە هۆی کونجکۆڵیی منداڵەوە) دەبنەوە بە خراپترین شێوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. تەمبێکردنی جەستەیی یەکێک لەو حاڵەتانەیە کە هەندێک جار خانەوادەکان بۆ ئەم جۆرە بابەتانە دەیقۆزنەوە. خاتوو مونشیزادە ڕایگەیاند:

حاڵەتێکم لە بیرە کە تەنانەت دایک و باوکەکەش دەیانزانی براکە پەلاماری خوشکەکە دەدا، بەڵام دایک و باوکەکە هەوڵیان دەدا ڕووداوەکە ئاسایی بنوێنن و تەنانەت کچەکەیان بە نەخۆشی دەروونی و درۆزن تۆمەتبار کرد، چونکە ڕیکارێکیان قبووڵ نەدەکرد و پاڵپشتیی کوڕەکەیان دەکرد.

خاتوو مووەحید تەمەن ٣٥ ساڵ کە لە لایەن کەسانی جۆراوجۆرەوە دەستدرێژی کراوەتە سەری دەڵێ:

هەتا تەمەنی ١٨ ساڵان لەگەڵ خاڵۆم ناکۆکیمان هەبوو و هەر جارێک نارەزایەتیم دەردەبڕی، داپیرەم دەیگوت چیت کردووە کە ئەو ئەم کارە دەکات؟ ئەم فەرهەنگ و باوەڕە لە ناو بنەماڵەی دایکیمدا هەیە کە هەر چییەک ڕوو بدا ژن تاوانبارە و پیاو بێتاوانە.

سەرەڕای ئەوەی خێزانێکی زۆر ئایینپەروەرن، بەداخەوە هەتا کچێک لەدایک نەبێ کوڕ دەرناکەوێت.

پەریسای تەمەن ٢٨ ساڵ سەبارەت بە ئەزموونەکەی دەڵێ:

من خەریکی ماڵهەڵگرتن بووم و کەسیش لە ماڵەوە نەبوو، ئەو [براکەی] لە ناکاو هاتە ژوورەوە کە سەرمان لێ بدا کە زانی کەس لە ماڵەوە نییە بە هەست و نیازێکی پیسەوە هاتە لام، بەڵام من ئیتر گەورە ببووم و دەرەقەتی دەهاتم و ئەو دوای چەند کاتژمێرێک گەوجەگەوج کردن لە ماڵ دەرچوو، دوای چەند کاتژمێر خوشکە گەورەکەم هاتە ماڵمان، واتە ماڵی باوکم، پێم گوت کە براکەم ئەمڕۆ بە نیازێکی بەدەوە کە من تەنیا بووم هاتە لام. خوشکە گەورەکەم کە دادمە هاشاوڵی بۆ هێنام و وتی فێدارە گوو مەخۆ. منی دا بە عەرزدا و پێی خستە سەر قوڕگم و ئەوەندە قژمی کێشا کە دەستی پڕ بوو لە موو، و منیش قوڕگ و شانم بریندار بووم و پێی وتم کە تۆ درۆزنی، تۆ بوختان بە پیاوی ژن و منداڵدار دەکەی، ئەو برا گەورەتە، تۆش قاحبەیەکی درۆزنی.

گێڕانەوەکانی سەرەوە بە باشی جیاکاریی ڕەگەزێتی لە ناو ژینگەی خێزاندا نیشان دەدەن. لە زۆر حاڵەتدا خێزانەکان بە تایبەت خێزانە نەریتی و پیاوسالارەکان بایەخێکی زیاتر بە پیاوان دەدەن و هەر بۆیە کاتێکیش کچان دەستدرێژی دەکرێتە سەریان، نەک هەر پشتیوانیان لێ ناکەن بەڵکوو سەرزەنشتیان دەکەن و بە مایەی سەرشۆڕی خانەوادەیان دەزانن و دەستدرێژیکار چ خاڵۆ، برا، مام، باوک و هتد بێ کە لە هەر حالەتێکدا پیاوە، پشتگیری لێ دەکرێت. بەتاوانبارزانینی قوربانییەکە کاردانەوەیەکی دیکەی کەسانی نزیک لە دەوروبەری دەستدرێژیکراون. لە زۆر حاڵەتدا خانەوادەکان کەسی دەستدرێژیکراو بە خەتاکار دەزانن چونکە پێیان وایە کەسی دەستدرێژیکراو ئاگاداری خۆی نەبووە، یان بە کۆمەڵێک ڕەفتار بووەتە هۆی ئەوەی دەستدرێژیکارەکە حەشەری بێ و پەلاماری بدات. لە ڕاستیدا وەک پێشتر لە ئاخافتنەکانی پێشوودا باس و شیکاری کراوە، ئەگەر قوربانییەکە ژن بێ، زیاتر سەرکۆنە دەکرێ و بە تاوانبار دەزانرێ کە کاری وەکوو لەخشتەبردن و کارلێکی ژنانەی لێ وەشاوەتەوە بۆیە دەستدرێژی کراوەتە سەری و هەستی شەرم لەودا دروست دەبێت. بەڵام ئەگەر دەستدرێژیکراو پیاوێک بێ، لەبەر ئەوەی کاردانەوەی خەڵک ئەوەیە کە دەستدرێژی بە هاوتەریب لەگەڵ غروور و دەسەڵاتی پیاوانە نازانن، ئازاردراو وای پێ باشترە کە پێشهاتی دەستدرێژییەکە لای کەس نەدرکێنێ و هەستی شەرم لەودا دروست نەبێت. ڕەگەزێتی و کلیشە باوە ڕەگەزییەکان

دەستدرێژیکراویی سێکسیش دەگرێتەوە و کارلێکی دیتران لە ژێر کاریگەریی ئەم کلیشانەیە، هەر لەبەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی دەستدرێژیکراو وەک خەتاکار نەک وەک قوربانی نکۆڵی لە ڕووداوی دەستدرێژیی سێکسی بکات. خاتوو مووەحید لە گێڕانەوەیەکی دیکەشدا وتی:

لە بیرمە کە کاتێک دەستدرێژی دەکردە سەر خوشکەکەم، دایکم دەهات و هەر ئەم خاڵۆ و کوڕە پوورەم زیانێکی زۆریان بە خوشکەکەم گەیاند، ئێستا دەچێتە هەر شوێنێک پێی دەڵێن نەخۆشیی دووجەمسەری هەیە و سێ جار هاوسەرگیری کردووە و بەردەوام خەریکی سێکسکردنە، و دۆخی زۆر خراپە. دایکم کە دەنگی دەدا پێی وت هیچ مەڵێ خەتای کچەکانی خۆتە.

بەڕێوەبەری ڕێکخراوی موغاری لە گەڕەکی دەرواز غار ڕایگەیاند:

یەکێک لە کوڕەکانی دراوسێ دێتە ژوورەکەیان و بە زۆری دەستدرێژی دەکاتە سەری، پیرەمێردەکەی دراوسێیان پێی دەزانێ و دێ ڕزگاری دەکات. دەیقەومێنن. کاتێک دایک و باوکەکە دەگەڕێنەوە شوێنی ڕووداوەکە، کاتێک دایک و باوک ئاگادار دەکرێنەوە لە بری ئەوەی پشتگیری لێ بکەن، دەست دەکەن بە سووکایەتیکردن و بێڕێزیکردن و دەڵێن خەتای تۆیە، تۆ ڕیسوامانت کرد و تاراندیان و لە کۆتاییدا کچەکەیان دا بە پیاوێکی ئەڤغانی.

لە هەندێک حاڵەتدا، کەسانی دەستدرێژیکراو ئەزموونی ڕاپۆرتی ئازاردانەکە بە تۆڕی پشتیوانییەکەیان دەگوازنەوە، بەڵام تۆڕە پشتیوانییەکان پشتگیرییەکی ئەوتۆیان لێ ناکەن. تۆڕە پشتیوانییەکان داوای بێدەنگی لە منداڵان دەکەن چونکە وەج و ئابڕووی خێزانەکە لە مەترسیدایە و پێیان وایە ئەگەر ئەزموونی دەستدرێژیکردنە سەریان ئاشکرا ببێ، ئەوا ئابڕووی دەستدرێژیکار وەک ئەندامێکی خێزانەکەیان و تەنانەت خێزانەکەیان دەچێ و لە لایەکی ترەوە کەسانی دەوروبەریان وەک "ناماقووڵ" لێیان دەڕوانن.

ژنێکی تەمەن ٢٥ ساڵ کە لە منداڵیدا لە لایەن براکەیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەری، دەگێڕێتەوە:

دوای ئەم ڕووداوە هەستت بەرامبەر بە براکەت چۆن بوو؟ بێزم لێی دەهاتەوە و شەرمم لە خۆم دەکرد کە براکەم پەلاماری داوم. بیرلێکردنەوەی ئازاری دەدام کە بۆچی براکەی خۆم دەستدرێژی کردۆتە سەرم. زۆر بێزار بووم، ئێستا کەمێک باشتر بووم. قسەی زۆر لە مێژە، ئێستا بیری لێ ناکەمەوە بەڵام هەر وەختێ براکەم دەبینم ڕووداوی دەستدرێژییەکەم

وەبیر دێتەوە، بەڵام هەرگیز بە چاویم نەداوەتەوە. ئایا لەمەڕ ئەم ڕووداوە لەگەڵ هیچ یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەت قسەت کردووە؟ بە دووان لە خوشکەکانمم وت و ئەوانیش گوتیان عەیبە دەنگی لێ دەرمەهێنە. ئیتر منیش لای کەس نەمدرکاند. ئەوان ناچار بە بێدەنگییان کردی؟ بەڵێ بەڵێ جگە لەوان بە کەسم نەگوت.

ئەو قسانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە خودی تۆڕە پشتیوانییەکان هەستی شەرم لە کەسی دەستدرێژیکراودا دروست دەکەن، نەک هەر پشتگیری لێ ناکەن، بەڵکوو هەستی شەرم لە ناو دڵ و دەروونیدا دروست دەکەن و هانی دەدەن کە کارلێکی ناچالاک و پاسیڤانەی لە جۆری بێدەنگی هەڵببژێرێت.

هەندێک جار هەژاریی خانەوادەکان ناهێڵێ پاڵپشتی لە منداڵە دەستدرێژیکراوەکە بکرێت. لە هەندێک حاڵەتدا لەبەر ئەوەی دەستدرێژیکارەکە بە جۆرێک لە جۆرەکان پشتگیری لە قوربانییەکە و تۆڕەکانی دیکەی پشتیوانی وەکوو دایکی قوربانییەکە دەکا، تۆڕە پشتیوانییەکانی دیکە ناتوانن لایەنگری لە قوربانییەکە بکەن، چونکە دەترسن دەستدرێژیکارەکە چیتر پشتیوانیان نەکا و ئەوان هەژار و بێپەنا بن. خاتوو ئیسماعیلی مامۆستای نیگارکێشی و ڕاهێنەر لە هەندێ ڕێکخراوی ناحکومی ڕایگەیاند:

ئەگەر ئاگادارمان بکردایەتەوە پشتگوێیان دەخست چونکە زۆر بەدبەخت بوون، دەیانگوت ئێمە بەم بابەتانەوە تێوەمەگلێنن.

خاتوو میم، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە و چالاکوانی کۆمەڵایەتی دەڵێ:

یەکێک لە مامۆستاکان لە کۆمەڵەی مامۆستایان و منداڵان تەلەفۆنی بۆ کردم کە باوکەکە مردووە و دایکەکە دەزانێ و برا گەورەکەی شەوانە دەچێتە لای ئەم کچە. پەیوەندییەکە لە ڕێگەی زێیەوە نەبووە، بەڵکوو لە پشتەوە پەیوەندی سێکسی لەگەڵدا هەبووە. مامۆستاکە کە دەبینێ ڕەنگی ئەم کچە ١٥ ساڵانە ڕۆژ بە ڕۆژ زەردتر دەبێ، ئاگاداری کردینەوە و ئەم دایکەمان هێنایە ئەوێ. پاشان دایکەکە وتی چونکە خەرجمان دەکێشێ و ناتوانم هیچی پێ بڵێم چونکە سەرچاوەی داراییەکەمان دەبڕێت.

لەیلا یەکێک لە تاڵترین بەریەککەوتنەکانی بە خۆوە بینیوە، ناوبراو نەک هەر دایک و باوکی پشتگیرییان لێ نەکرد، بەڵکوو بە توندی لێیان داوە و تەنانەت پشکنینی بۆ پەردەی کچێتیشیان کردووە، کە دیسانەوە جۆرێکی دیکەی ئازاردانە:

بوو بە چی دەستدرێژییە سێکسییەکە درێژەی نەکێشا و کۆتایی هات؟ بە جۆرێک وتم، لە کۆتاییدا لە لایەن دایک و باوکمەوە لێم دەدرێت. بەرگە دەگرم، بەڵام ئەم کارەم نەکرد؛

واته بەم ئەنجامە گەیشتم. لێشم درا. ئاها یانی تۆ چووی بە دایکتت وت. نا پێم نەگوت، ئەو چوو وتی. کوڕەکە بە دایکمی وت و من لە لایەن باوکمەوە زۆرم لێ درا. زۆری لێ دام. یانی گشت گیانم ڕەش و شین ببۆووە. لە کەلک و کەرەم کەوتم. جارێکی دیکەیان خاڵۆزاکەی دایکم کە ئێستا هاوسەرمە، دەستدرێژی دەکردە سەرم، باوکم منی بینی و بردمی بۆ دادپزیشکی و پشکنینی پەردەی کچێتی بۆ کردم.

ئەوە تەنها خێزان و تۆڕە پشتیوانییەکانی نزیک لە منداڵانی دەستدرێژیکراو نین کە پشتگیرییان لێ ناکەن، بەڵکوو زۆر دامەزراوەی دیکەشن کە بە جۆرێک پەیوەندییان بە منداڵەوە هەیە یان بەرپرسیارێتی یاساییان لەم ڕووەوە هەیە پشتیوانی لە منداڵان ناکەن. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە ئەمە بەو مانا نییە کە ئەم دامەزراوانە لە هەموو حاڵەتەکاندا بەم شێوە مامەڵە دەکەن بەڵکوو بە پێی کەیسەکە دەشێت جیاواز بێت. تاوانبارکردنی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی یەکێک لەو حاڵەتانەیە. لە بەشی دووەمدا، وەک مالجۆ گوتی، لە یاسا و تەنانەت شەرعیشدا هیچ جیاوازییەک لە نێوان دەستدرێژی و زینادا نییە و هەموویان لە ژێر ناوی زینادا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ، لە ئەنجامی ئەم جیاوازینەکردنە، "لەیلا مافی کچێک بوو کە بە تۆمەتی زینای لەگەڵ مەحارم و پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ براکانی سزای لەسێدارەدانی بە سەردا سەپێنرا، لە کاتێکدا نابراو لە لێدوانەکانیدا چەندین جار وشەی دەستدرێژی بۆ شیکردنەوەی پەیوەندییە سێکسییەکانی لەگەڵ براکانی بەکار دەهێنا. کچێکی قوربانی بۆ ڕزگاربوون لە دەستدرێژیی سێکسیی ئەندامانی خێزانەکەی داوای هاوکاری کردووە بە هۆی بێهەستی و جیاوازی نەکردن لە نێوان دەستدرێژی و زینا بە تاوانبار لە قەڵەم درا و سزای لەسێدارەدانی بە سەردا سەپێندرا" (مالجۆ، ١٣٨٩ هەتاوی: ٣٣-٤). کەواتە، بە تاوانبارزانینی کەسانی دەستدرێژیکراو یەکێک لەو شتانەیە کە لە دامەزراوەکاندا باو و ئاساییە.

لە کۆمەڵگای ئێراندا گوتاری یاسایی لەگەڵ گوتاری ئایینیدا یەک دەگرنەوە، بە شێوەیەک کە لە هەر دوو گوتارەکەدا هیچ جیاوازی و سنوورێک لە نێوان دەستدرێژی و زینادا لەبەرچاو ناگیرێ و ئەم دوو چەمکە لە ڕووی مانای هاوتاییەوە بەکار دەهێنرێن؛ هەڵبەت دەستدرێژیی سێکسی لە ژێر ناوی زینا لەگەڵ مەحارم مامەڵە دەکرێ و سزاکەشی بەو پێیە ئەنجام دەدرێت. بەم پێیە قوربانی کە هەمان دەستدرێژیکراوە دەبێتە کەسێکی تاوانبار و گوناحبار و پێویستە لە لایەن دامەزراوەکانەوە سزا بدرێت. ئەم پرسە خۆی لە

خۆیدا گڕی نکۆڵی لە دەستدرێژی لە لایەن دەستدرێژیکراوەوە خۆش دەکا و بەم شیوە ناهێڵێ دەستدرێژیکراو نهێنییەکە بدرکێنێت.

دامەزرێنەر و سەرۆکی کۆمەڵەی ئایدزی ئێران وتی:

لە وڵاتی خۆماندا و بەداخەوە لەو شوێنانەی کە ڕاهێنانی تێدا نەکراوە ئێمە بە چاوی پێشگیری سەیری ئەم بابەتە ناکەین. ئێمە لە بنی هێڵەکەدا دادەنیشتووین و ئەم قوربانیانە تاوتوێ دەکەین بە بێ ئەوەی بۆ ڕێگریکردن لەم ڕووداوانە هیچ دەستێوەردانێک بکەین. لە وڵاتی ئێمەدا بەداخەوە بۆ ئەم بابەتە یاسایەکی توندوتۆڵ و ڕێگرمان نییە و لەم حاڵەتانەدا خودی قوربانییەکان، واتە ئەو کەسانەی دەستدرێژی دەکرێتە سەریان، وەک تاوانبار سەیر دەکرێن و ئەمەش وایان لێدەکا کە لە زۆر حاڵەتدا بەسەرهاتی دەستدرێژییەکەیان نەگێڕنەوە. هەندێ وردبینی هەیە کە ئێمە بە هیچ شێوەیەک نایزانین، نەک ئەوەی نەزانین، بەڵام من دەزانم و ئێوەش دەزانن، بەڵام ئەم دیاردە لە وڵاتی ئێمەدا ڕووبەڕووی هەڵسوکەوتی خراپ و وەڵامدانەوەی خراپ دەبێتەوە.

بەڕێزیان لەو دوو گێڕانەوەدا نەبوونی پشتیوانیی یاسا بۆ کەسانی ئازاردراو و تەنانەت وەک تاوانبار سەیرکردنیانی بەم شێوە باس کرد:

بەو پێیەی کە یاساکانی ئێستای ئێران دەستدرێژیکار وەک کەسێکی نەخۆش و ئاتاجی ڕاوێژکاری و چارەسەر نابینن و تەنها بڕیار لە سەر سزادانی دەدا، خێزان و کەسوکاری لە لێکەوتەکانی بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵ و بە واتایەکی تر ئابڕووچوونەکانی دواتر و ئەو گیر و گرفتانەی کە لە ماوەی مافخوازیدا ڕووبەڕووی دەبنەوە؛ دەترسن و بە چاوپۆشیکردن و نکۆڵیکردن بەسەرهاتی دەستدرێژییەکە ڕەت دەکەنەوە.

میکانیزمی نکۆڵیکردن لە لایەن کەسی دەستدرێژیکراو و خێزانەکەیەوە لە لایەک دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بە ئاشکراکردنی ئەو دەستدرێژییە، ئەو گوتارە یاساییە باڵادەستە نەک هەر داوای دادپەروەری لە دەستدرێژیکارەکە ناکا، بەڵکوو کەسی دەستدرێژیکراو بە تاوانبارێک لە قەڵەم دەدا کە پێویستە سزا بدرێت. بە هۆی زاڵبوونی ئەم گوتارە یاساییە و جێبەجێکرانی لە ڕێگەی یاساکانی ئێستاوە، کەسی ئازاردراو و بنەماڵەکەی وا بە باش دەزانن کە نکۆڵی لە بابەتەکە بکەن و نەیدرکێنن. لە یاسادا سزای جۆراوجۆر بۆ دەستدرێژیکار ئامادە کراوە کە تەنانەت هەتا قۆناغی لەسێدارەدانیش دەچێ، بەڵام لە حاڵەتی منداڵی دەستدرێژیکراودا، هیچ یاسایەکی پشتیوانی و جێبەجێکردنی پێویست

بوونی نییە و بە شێوەیەکی بەرفراوان بینراوە کە منداڵی دەستدرێژیکراو تەنانەت لە کۆمەڵگای خۆشیدا بە تۆمەتبار دادەنرێ و هەر ئەوە بەداخەوە بووەتە هۆی ئەوەی دەستدرێژیکارانی دیکەش پەلاماری بدەن.

خاتوونی پسپۆڕی دەروونناسی ڕێکخراوی (یاریگران پویان) دەروازە غار کەیسێک دەگێڕێتەوە کە کەسی ئازاردراو بە هۆی ئەزموونی دەستدرێژییەوە هەم لە قوتابخانە دەردەکرێ و هەمیش لە لایەن بێهزیستییەوە هیچ پاڵپشتییەکی لێ ناکرێ بەڵکوو بە پێچەوانەی خواستی خۆی دەیدەن بە شوو:

... باوەژنەکەی وتی پیاوە کێشەی نییە کێشەکە لەوەدایە کە لەبەر چاوی باوکی لەنجە و لار دەکا و بەو کارە باوکی حەشەری دەکات. من لە بیرمە کە لە قوتابخانە دەردەکرێ و لە ماڵەوە ڕا دەکات. بێهزیستی ئەم کچە وەردەگرێ لە ڕێگەی بێهزیستیی مەشهەدەوە دەیگوازنەوە بۆ بێهزیستیی تاران و دواتر دەسپێردرێ بە (بنیاد). پاش کەمێک بنیاد هەڵوەشاوە و ئەم منداڵە کە تەمەنی ١٩ ساڵانە بوو دایان بە پیاوێکی تەمەنی ٥٠ ساڵ.

لە بەرامبەر نەبوونی پشتیوانی لە منداڵانی دەستدرێژیکراو کۆمەڵێکی دیکەی منداڵانی نزیکین کە بە شێوازی جیاواز پشتیوانیان لێ دەکەن. نێرگزی تەمەن ٣٦ ساڵ، کە لە لایەن مامییەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر دەڵێ:

سێ چوار ساڵ پێش ئێستا بە دایکمم وت. ئەها، دوای ٢٠ ساڵ. هەر ئەوسا بۆ ڕۆژی بەیانییەکەی بە خوشکەکەمم وت. لە ماڵی داپیرەم لە ئیسفەهان بووم پێم وت بە بێهرۆز بڵێ بمانباتە تاران. نەیوت بۆچی؟ وتم با بڕۆین، پێت دەڵێم؛ کە لە ڕێگادا پێم گوت. وتی بۆ هاتووین و لە ئیسفەهان ماینەوە. خوشکەکەت پاڵپشتی تۆی کرد. ئەرێ سەرەڕای ئەوەی بچووک بوو تەمەنی لە ناو شەش حەوت ساڵان بوو. سەرەڕای ئەوەی بچووکتر بوو، بەڵام دەیفامی. هۆشی بوو. لێت تێگەیشت؟ بەڵێ ئێستاش هەر وایە، هەموو خێزانەکەم بە لایەک، خوشکەکەم بە لایەک. هەموو قسەیەکی لەگەڵ دەکەم.

یەکێک لە دەستدرێژیکراوان ئەزموونی خۆی لەم پاڵپشتییانە بەم شێوە دەربڕی:

لە ڕێگای قوتابخانە و ئەو کارە درندانەیەی کە کرا، لێم دا و دراوسێکەمان هات و دەستوەردانی کرد، دواتر لای کەسێک وتت؟ لای هاوڕێکەم گێڕامەوە، هاوسۆزی لەگەڵم کرد.

دەستێوەردانی دراوسێکان بۆ ڕێگری لە ڕوودانی تاوان کە مەبەستمان لێرەدا دەستدرێژییە، زۆر گرنگە. لەم زەمینەدا لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە ئەو گەڕەکانەی

کە دانیشتووەکانی لە ناو خۆیاندا متمانەیان هەیە یان بۆ ئەوەی ڕێگری لە تاوانەکان بکەن، دەستوەردان دەکەن، گەڕەکێکی ئارام و ئەمنە. لە ڕاستیدا پێکهاتەی ئەو گەڕەکەی کە سەرمایە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو ئاسایش، متمانە، ڕاستگۆیی، هاوسۆزی و هتد زیاتر تێیدا بەدی دەکرێ؛ ڕۆحێکی جەماوەری و یەکگرتووتریان هەیە، سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئازاردانی سێکسی و کەسی دەستدرێژیکراو ئەگەر خەڵکی ئەو گەڕەکە ئاگادار بکرێنەوە بە هاوسۆزی و ئاسایشی زیاترەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ و یارمەتی دەدرێت. وەک ئەو کەسە دەستدرێژیکراوەی کە لە سەرەوە گێڕایەوە، دراوسێکە دەستوەردانی کردووە و نەیهێشتووە پەلاماری بدرێ و دواتر بەسەرهاتی دەستدرێژییەکەی بۆ هاوڕێکەی گێڕاوەتەوە و لە لایەن ئەوەوە پشتگیری سۆزداری لێ کراوە. لە حاڵەتی چارەسەرکردنی کەسانی دەستدرێژیکراوی سێکسی، پشتیوانی لە لایەن تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی کەسی دەستدرێژیکراو لە چارەسەری دەروونیی ئەودا پشکی گەورەی دەبێت.

خاتوو ح وتی:

لای دایکم جەرەیانی خاڵۆزاکەم باس کرد. ئیتر دایکم زۆر هۆشی لە سەرمان بوو کاتێک کوڕە خاڵم ئەم کارەی کرد و منیش بە دایکم و باوکمم وت زۆر توند بوون و دایکم هەمیشە ئاگاداری ئێمە بوو و هەرگیز بە تەنیا لای یەک بەجێی نەدەهێشتین و ئەم بابەتە ئیتر جارێکی تر ڕووی دووبارە نەبۆوە.

لە هەندێک حاڵەتدا، کەسانی ئازاردراو دوای ساڵانێک لە هاوسەرگیرییەکەیان ئەزموونی دەستدرێژیکردنەکەیان بۆ هاوسەرەکانیان دەگێڕنەوە کە هەندێک جار هاوسەرەکانیان کاردانەوەی تێکەڵ بە هاودڵی و هاوخەمی لە خۆیان نیشان دەدەن.

لەم زەمینەدا خاتوو میم وتی:

بە خوا مێردەکەم بەسەرهاتی منی زانی و زۆر لێم تێگەیشت و وەکوو ڕەفێق وا بوو. دڵەڕاوکێکانی منی دەبینی و زۆر هەوڵی دەدا لەگەڵم ڕابێ و پەلە نەکا بۆ ئەوەی شتەکان وردە وردە ئاسایی ببنەوە.

وەک لە گێڕانەوەکانی سەرەوەدا دەرکەوت، ئێمە ڕووبەڕووی دوو کاردانەوەی سەرەکی بووینەوە، یەکێکیان بوونی پشتیوانی و ئەوی دیکەیان نەبوونی پشتیوانییە. ئەو منداڵانەی کە پاڵپشتی ناکرێن و تەنانەت ئازاری جۆراوجۆری وەکوو سەرزەنشتکردن بەئەزموون دەکەن ناتوانن کێشەکە قبووڵ بکەن و پرسی دەستدرێژییەکە یەکلایی بکەنەوە. پشتگیرییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ڕێگریکردن و بەرەنگاربوونەوە و تەنانەت چارەسەرکردنی

ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسی زۆر گرنگن چونکە یەکەم ئەوەی کە وەک پارێزەرێکی بەهێز کار دەکەن و ڕێگری لە ڕوودانی ئازاردان دەکەن، دووەم ئەوەی کە کاتێک منداڵی دەستدرێژیکراو ئەزموونی دەستدرێژی بە تۆڕە پشتیوانییەکانی خۆی ڕادەگەیێنێ و لە لایەن ئەوانەوە پشتگیری لی دەکرێ دەبێتە هەڕەشەیەک لە دژی دەستدرێژیکار و لە بەردەوامبوون لە دەستدرێژییەکە پاشگەزی دەکاتەوە چونکە باش دەزانێ کە منداڵەکە لایەنگرانێکی هەیە کە لە کاتی دەستدرێژیکردندا پشتگیری لێ دەکەن. هەروەها پاڵپشتیکردنی دوای دەستدرێژی دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵ بە شێوەیەکی کاریگەرتر بەرەنگاری لێکەوتە و هەستە نەرێنییەکانی دەستدرێژی ببێتەوە کە ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگی لە چارەسەرکردنی دەستدرێژی هەیە. پرسیارێکی گرنگ کە دەبێ توێژینەوەکانی داهاتوو وەڵامی بدەنەوە ئەوەیە کە کەی یان بۆچی تۆڕە پشتیوانییەکانی هەندێک کەسی دەستدرێژیکراو پشتگیری لە منداڵان دەکەن و هەندێکی تر نەک هەر پشتگیری ناکەن بەڵکوو منداڵەکە سەرکۆنە دەکەن و لەوانەیە بە شێوازی جیاواز ئازاری بدەن.

لێکەوتەکانی دەستدرێژیی سێکسی

لێکەوتەکان لە تیۆریی زەمینەییدا ئەنجامی هەڵسوکەوتەکان دەردەخەن و لە ژێر کاریگەریی بارودۆخە پەیوەندیدارەکانیاندان. ئەگەر بڵێین ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسی بەتایبەت لە تافی منداڵیدا یەکێک لە ئازاربەخشترین و گەورەترین سترێسێکانە کە هەندێک کەس لە ماوەی تەمەنیاندا دەتوانن بەئەزموونی بکەن، ئەوە قسەیەکی هەڵە نییە. دەرەنجامەکانی لێکۆڵینەوە لەم بەشەدا ئەم قسە پشتڕاست دەکەنەوە. لێکەوتەکانی دەستدرێژیی سێکسی دەتوانن ئاشکرا یان شاراوە بن، هەندێکیان دوای بەئەزموونکردنی ئەو دەستدرێژییە خۆیان نیشان دەدەن و هەندێکی تریش لەوانەیە لە قۆناغەکانی دواتری ژیاندا خۆیان بنوێنن. بەشێکی بەرچاوی لێکەوتەکانی دەستدرێژیی سێکسی شاراوەن و لە قۆناغەکانی دواتری ژیاندا خۆیان نیشان دەدەن، هەڵبەت ئەگەر منداڵەکان لە کاتی گونجاودا دوای دەستدرێژیکردنەکە چارەسەر نەکرێن بۆ نموونە کاتێک کە لە ئەنجامی بەئەزموونکردنی دەستدرێژییەکە متمانەی منداڵان بە کەسانی دیکە لەدەست دەچێ و هەستی ئاسایشی وجودییان دەکەوێتە مەترسییەوە، ئەم لێکەوتە نەک هەر ئاشکرایە بەڵکوو لێکەوتە ناخۆشەکانی ئاوقانی ژیانیان دەبێت. ئەمە لێکەوتەکانی تریش دەگرێتەوە. گرنگترین لێکەوتەکان کە لەم توێژینەوەدا دەستنیشان کراون بریتین لە:

لاوازبوونی پەیوەندییەکان و متمانەی کۆمەڵایەتی لە درێژەی ژیاندا، هەستی ناخۆش و هەستکردن بە جیاوازبوون، تێکچوونی دەروون و باری کەسایەتی و نیشانەکانی، پەرەسەندنی گەڵاڵەئاسا ناتەباکان، تێکچوونی کارکردەکان، خەسارەتە جەستەییەکان، بیرکردنەوە لە خۆکوژی، هەوڵدان بۆ خۆکوشتن و لە خۆدان، باڵقبوونی پیشوەختە، ئاشنابوون بە بابەتی سێکسی و ڕەفتارە سێکسییە مەترسیدارەکان، ڕەفتارە مەترسیدارەکان، هاوسەرگیریی پێشوەختە و هاوسەرگیری نەکردن، کێشە لە پەیوەندی هاوسەرێتی (پەیوەندیی ژن و مێردی) و تەڵاق.

پاش ئەوەی لێکەوتەکانی ئازاردانی سێکسی ڕوون کراوە، دوو وتەزای دیکە دێنە ئاراوە کە بریتین لە: ڕێگاکانی ناسینەوەی کەسانی دەستدرێژیکراو و چارەسەرکردنی دەستدرێژیی سێکسی و سیستەمی چارەسەر لە ئێراندا. وتەزای یەکەم دەتوانێ هاوکاری پسپۆڕانی بواری منداڵئازاری بکا بۆ ئەوەی لە دەستێوەردانەکانیان ئەو منداڵانە ئاسانتر دەستنیشان بکەن کە ئەزموونی دەستدرێژییان هەیە. وتەزا و چارەسەری دەستدرێژیی سێکسی و سیستەمی چارەسەر لە وڵاتی ئێران باسێکی دوور و درێژە و هەر خۆی بە تەنیا دەتوانێ ببێتە بابەتی لێکۆڵینەوەکانی دیکە. لەم وتەزادا بە گوێرەی ئەنجامە مەیدانییەکان زیاتر سەرنج پرژێنراوەتە سەر تێکچوونە سەرەکییەکانی سیستەمی چارەسەر و پرۆسەی چارەسەرکردن. دەتوانین بڵێین بەشێکی گرنگی لێکەوتەکانی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان کە منداڵانی دەستدرێژیکراو بەئەزموونی دەکەن دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی چارەسەرێکی کاریگەر چونکە لە زۆر حاڵەتدا ئەم چارەسەرانە بەردەست نین.

- لێکەوتە پێکهاتەیی و دامەزراوەییەکان

لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سەرمایە کۆمەڵایەتییەکان

پسپۆڕانی بواری زانستە مرۆییەکان لەوانە بۆردیۆ، چوار پۆلی سەرمایەی بۆ تاکەکان و کۆمەڵگا مرۆییەکان دەستنیشان کردووە، کە بوونیان دەبێتە هۆی خۆشگوزەرانیی تاکەکەسی و جەماوەری. ئەم سەرمایانە بریتین لە مادی و فەرهەنگی و ڕەمزی و کۆمەڵایەتی. لەم بەشەدا زیاتر تیشک دەخرێتە سەر جۆری دوایی سەرمایە کە سەرمایەی کۆمەڵایەتییە. توێژەران چەندین ڕەهەند و پێکهاتەیان بۆ ئەم سەرمایە خستۆتە ڕوو کە پەیوەندی و متمانەی کۆمەڵایەتی چەقی هەموویانە. بۆ نموونە بە بڕوای ڕۆتستاین

سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە دوو بەش پێک دێت. یەکەم: بەشی "کۆمەڵایەتی" کە نیشان دەدا ئەمە شتێکە کە پەیوەندی لەگەڵ پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان هەیە و "سەرمایە" کە جۆرێک لە ملک و ماڵی ئەو کەسانەیە کە خاوەنین. ئەو کەس و ڕێکخراو و کۆمەڵگایانەی کە خاوەنی ئەم ملکەن دەبێ بتوانن کارێک بکەن کە ئەگەر ڕێژە تەواوەکەیان نەبایە نەیاندەتوانی ئەنجامی بدەن. سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە سەر ئاستی تاکەکەسیدا بریتییە لە هەڵدانی کۆی ڕێژەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە چۆنیەتیی متمانەی ناو پەیوەندییەکان (روشستاین، ١٣٩٣ هەتاوی: ٢٥-١٢٣). خاڵێکی گرنگ لە باسی سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا ئەوەیە کە مرۆڤەکان بە هەبوونی ئەم سەرمایە کۆمەڵایەتییە دەتوانن ئەو کارانە بکەن کە ئەگەر نەیانبوایە نەیاندەتوانی بیکەن. بۆ نموونە ئەگەر منداڵ پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی و دەوروبەری هەبێ و یان ئەم پەیوەندییانە تێکەڵ بە متمانە بێ، ئەوا دەتوانێ ژیانێکی ئەمن و شادتری هەبێت. ئەو تەنانەت ئەو کاتەی لە لایەن دیترانەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەر دەتوانێ ڕووداوی دەستدرێژییەکە ڕاپۆرت بکات. هەبوونی متمانە و ئاسایش، تاک بە کەسانی گرینگی ژیانەوە دەبەستێتەوە و لە ئەنجامی ئەمەدا هەستی هۆگری و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و سۆزداری دروست دەکا و هەلی تێکەڵبوون بە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان واتە خانەوادە و گرووپەکانی تر دەڕەخسێنێ، بە پێچەوانەوە کاتێک ئەم متمانە و هەستکردن بە ئاسایشە تێک دەچێ یان لاواز دەبێ، ئەوە دەبێتە هۆی تاراندنی کۆمەڵایەتی و دابڕانی تاک لە گروپ و لە ئەنجامدا ئەو ناتوانێ لە پاڵپشتیی سۆزداری و پەیوەستبوون بە گروپ سوودمەند بێت. لە ڕاستیدا سەرمایەگەلی وەکوو متمانە و ئاسایش و هاودڵی و هاوسۆزیی کۆمەڵایەتی بە دوای خۆیدا دەهێنێ و کاریگەری لە سەر پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی تاک لەگەڵ گروپ و کۆمەڵگا و هەروەها یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی دادەنێت.

تەمەن ٣٥ ساڵ و ماستەری یاسا، وتی:

کەسێکی وام شک نەدەبرد کە بچم لای باسی بکەم. کەس نەبوو کە متمانەی پێ بکەم و لێم تێبگات. بریندار بووم ئێستا کە بیری لێ دەکەمەوە هیچ کەس و شوێنێکی جێی متمانە نەبوو کە بچم هاواری بۆ بەرم. هیچ ئاسایشێک بۆ من دابین نەکرابوو. کە بڵێم دواتر شتێکی باشترم بە سەر دێت.

خاڵێکی تر ئەوەیە کە لە ڕەوتی ژیان یان لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیاندا بیچم و ڕادەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی تاکەکان لەگەڵ تۆڕەکانی دەوروبەریان دەگۆڕێت. لەم زەمینەدا

دەروونناسان باسیان لە پۆلێنبەندیی جیاواز بۆ قۆناغەکانی گەشەکردن کردووە کە یەکێک لە بایەخداترینەکەیان ئێریکسۆنە. ناوبراو ئاماژە بە هەشت قۆناغی ژیانی مرۆیی کردووە: متمانە لە هەمبەر بێمتمانەیی، سەربەخۆیی لە هەمبەر شەرم و گومان، داهێنان لە هەمبەر هەستی گوناح، تێکۆشەری لە هەمبەر کەمتەرخەمی، شوناس لە هەمبەر سەرلێشێواوی، هەستی وابەستەیی لە هەمبەر گۆشەگیری، چالاکی و خۆپێگەیاندن لە هەمبەر داتەپین، و یەکدەستی لە هەمبەر نائومێدی (سیف و هاوکاران، ١٣٩٢ هەتاوی).

چەند خاڵێکی تریش هەن کە دەتوانین سەبارەت بەم قۆناغانە ڕوونی بکەینەوە: یەکەم ئەوەی کە تاکەکان لە هەر قۆناغێکدا ڕووبەڕووی قەیرانێکی قۆناغی دەبنەوە و ئەگەر بە سەریدا زاڵ بن، ئەوا قۆناغەکانی گەشەی دەروونی-کۆمەڵایەتییان بە باشی بە سەر دەبەن. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە دەتوانین بڵێین لە زۆرێک لەم قۆناغانەدا، کەسانی دیکە لە ژیانی تاکدا هەن کە دەتوانن لە سەرکەوتن یان شکستی لە هەمبەر قەیرانی قۆناغیی ئەودا ڕۆڵیان هەبێت. لەم زەمینەدا کۆمەڵناسانێکی وەکوو لۆبلانک تۆڕی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی جیاوازییان لە ئاراستەی ژیانی مرۆڤەکاندا دەستنیشان کردووە. بۆ نموونە لە تەمەنی قۆناغی کۆرپەییدا خانەوادەی منداڵ تاکە تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەون؛ بەڵام هەرچی کۆرپە گەورەتر دەبێ و دەچێتە ناو قۆناغەکانی داهاتووی ژیانیەوە، بە هۆی ئەو ڕۆڵ و ئەرکانەی کە لە کۆمەڵگادا قبووڵیان دەکا، بازنەی تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەرفراوانتر دەبێ، بۆ نموونە لە قۆناغەکانی دواتری ژیانیدا، دەچێتە ناو تۆڕی هاوڕێ، هاوپۆل، هاوکار و هتد، و دوای کاتێک هاوسەرگیری دەکا لەگەڵ هاوبەشەکەی یان ژنەکەی/مێردەکەی دەچێتە ناو تۆڕێک لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە (لوبلانک، ٢٠٠٦).

خاڵی گرنگتر لێرەدا ئەوەیە کە ئەزموونی دەستدرێژی دەتوانێ زیان بە متمانەی کەسانی ئازاردراو بەرامبەر کەسانی دیکە بگەیێنێ و بازنەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و متمانەیان سنووردار بکاتەوە. لە ڕاستیدا فراوانیی تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە بەرهەمی متمانەی کۆمەڵایەتیی تاک لە ساڵانی سەرەتای ژیانیەتی و لە ژێر کاریگەریی متمانەی ئەویترە گرنگەکانی ژیانی واتە ئەندامانی خێزانیەتی و ڕادەی پەیوەندیی سۆزداری و ژیانی لەگەڵ ئەوانە، جۆری دیدگا و زەینییەتی کۆمەڵایەتیی ئەو تاکە دیاری دەکا و لەم ڕێگەوە شێوازی ژیانی بەرساز دەبێت. ئەزموونی دەستدرێژی لە تەمەنی منداڵیدا ڕوو دەدا، بەڵام ئەم ئەزموونانە دەتوانن لە هەموو قۆناغەکانی دواتری ژیاندا بەردەوام بن. میکانیزمە

شاراوەکەی کە ئەنجامی ئەو دەستدرێژییەیە دەتوانین بەم شێوە شرۆڤە بکەین: کاتێک کە تاک دەستدرێژی دەکرێتە سەر، هەستی ئاسایشی وجودی و کۆمەڵایەتییەکەی دەکەوێتە مەترسییەوە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە چیتر متمانەی بە کەسانی دیکە و ئەو جیهانە نەبێ کە تێیدا دەژی، ئەمەش وا دەکا کە لە قۆناغەکانی دواتری ژیاندا نەچێتە ناو پەیوەندییەکی کاریگەر یان پەیوەندییەکی تێکەڵ بە هەستی متمانە و ئاسایشەوە. دکتۆر مۆریس سێتوودێگان، دەروونپزیشک، لە دوو گێڕانەوەی پەیوەست بەم بوارەدا ڕوونی دەکاتەوە:

با شتێکتان پێ بڵێم، ئەمانە هەر لە منداڵییەوە متمانەیان بە سیستەمی دەرەکی لەدەست دەدەن و متمانەیان بە کەس نامێنێت. ناتوانن پەیوەندی لەگەڵ کەسدا ساز بکەن چونکە بە لایانەوە قورسە.

ئەو کەیسەی ئیسفەهان کە بۆم باس کردوون وتی من مامۆستاکەم زۆرم خۆش دەویست لەبەر ئەوەی باوکم دکتۆر و دایکم مامۆستا بوو، هەرگیز وەختیان بۆ من تەرخان نەدەکرد و منیش زۆرم پێ خۆش بوو کە سەرنجم بدەن. مامۆستاکە دەیوت وەرە با بچینە ناو باغ و ئەمانە. ئەمە بۆ من شانازییەکی گەورە بوو. هەتا ئەو ساتەی دەستدرێژی کردە سەرم، خۆشم دەویست. ئەمە ئەنجامی نەبوونی سۆز و خۆشەویستی بوو. من پێم وایە هەرچی ڕادەی خۆشویستنی ئەو کەسە زیاتر بێ برینەکەم لە سەر ئەو کەسە قووڵتر دەبێتەوە. چونکە ئەو متمانەی کە تۆ بۆ ئەوت هەیە کە کەڵکاوەژۆیی دەکا ئیتر قەڵای متمانەکەی دەڕووخێت. لەم کەیسانەدا متمانەی بنەڕەتی لە ناو دەچێت. ڕوخساڕێکی سۆزداری دروست دەبێ و ئەمانە باوەڕ دەکەن و دەستدرێژی دەکرێتە سەریان.

ئەو قسانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە لە نێوان سەرمایە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو متمانە و پەیوەندیی سۆزداریی تاکدا پەیوەندی بەدی دەکرێ و کاتێک پەیوەندیی سۆزداری و دۆستایەتیی تاک لەگەڵ ئەویتریی گرنگەکانی ژیانی لاواز دەبێ، متمانە بە کەسانی دیکە دەکا و لە لایەن ئەوانەوە دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەر. لەم حاڵەتەدا سیستەمی باوەڕی و متمانە بنەڕەتییەکەی و لە ئەنجامی ئەوەدا بۆشاییە سۆزداریەکانی تێک دەچن و دوای ئەوە ناتوانێ لە قۆناغەکانی داهاتووی ژیانیدا لەگەڵ جیهانی دەوروبەری و پەیوەندییەکانی ناو ئەو جیهانە متمانە و هاودڵییەکی بونیادنەر و کاریگەرانە ساز بکات.

لەو زەمینەدا خاتوو ڕ، ڕاوێژکار و پسپۆڕی بواری خەسارەتە کۆمەڵایەتییەکان ڕایگەیاند:

بەداخەوە کاتێک پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ مەحارم و ئەندامانی خێزاندا ساز دەبێ، ئەم پەیوەندییە زۆر دووبارە دەبێتەوە. یەکێک لە زیانە هەرە سەختەکان پەیوەندیی سێکسی

لەگەڵ مەحارمە. لە ڕاستیدا زیانی زۆری هەیە، یەکێک لە شتەکان ئەوەیە کە منداڵەکە چاوەڕێی ئەوە دەکا کە پاڵپشتی لێ بکرێ، بەڵام زیان بە منداڵەکە دەگەیێنێ، ئەم لێکدژییە هێندە زۆرە کە زیانەکەی یەکجار زۆرە. هەرچی ئەو کەسە نزیکتر بێ، منداڵەکە زیاتر وابەستە دەبێ و منداڵەکە زیاتر ئازاری پێدەگا چونکە بڕیارە جیهان بۆ منداڵەکە پارێزراو بکا، بڕیارە پاڵپشتی بێ، بەڵام کاتێک منداڵ دەستدرێژی دەکرێتە سەر، سەرەکیترین هەستێک کە دەیبینێ هەستی حەپەسانە.

لە ڕاستیدا ئەو قسانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە ئەو منداڵانەی کە لە تەمەنی منداڵیدا لە لایەن مەحارمیانەوە بەتایبەت دایک و باوک دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەریان، لە تەمەنی گەورەساڵیدا و لە قۆناغەکانی دواتری ژیانیاندا تووشی لێکدژیی دەروونی و ڕۆحی دەبنەوە کە لە ڕووی هەستی ئاسایش و متمانەکردن بە دنیای کۆمەڵایەتی و جیهانی دەوروبەریان تووشی کێشە و گرفتی پەیوەندیسازکردن دەبن. تۆڕە پەیوەندییە نزیکەکانی منداڵان وەکوو دایک و باوک یان مامۆستا یان هەر کەسێکی تر کە منداڵ وا دەزانێ لە ڕێگەی ئەوەوە دەتوانێ ئەم متمانە و ئاسایشە بەدەست بهێنێ، زۆر گرنگە. بوونیان دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵ وا هەست بکا کە خەڵک و ئەم جیهانە جێگایەکی شیاوی متمانەیە و دنیا بۆ ژیانی ئەو شوێنێکی پارێزراوە. هەر لەم زەمینەدا دەروونناسان و کۆمەڵناسەکان ئاماژە بە متمانەی وجودی یان بنەڕەتی دەکەن، وەک گیدنز دەڵێ متمانە بە مانا سۆزداری و تا ڕادەیەک مەعریفییەکەی ڕەگ و ڕیشەی لە متمانە بە کەسانی لێهاتوو و متمانەپێکراوە، کە زیاتر لە یەکەم ئەزموونەکانی منداڵییەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەوەی ئێریکسۆن بە ئیلهام وەرگرتن لە وینیکات ناوی دەنێ "متمانەیەکی بنەڕەتی"، کە پەیوەندییەک پێک دەهێنێ کە سەرچاوەی لاگیری سۆزداری مەعریفی بۆ دیتران، بەرەو جیهانیی ئۆبژەیی و بەرەو شوناسی کەسییە. ئەزموونی متمانەی بنەڕەتی لە ڕاستیدا کاکڵی جیهانی هیوادارییە. لە ڕاستیدا متمانەی بنەڕەتی لێکەوتەی جۆرێک لە بەکۆمەڵایەتیبوونی نائاگایانە، متمانە بە جیهانی ئۆبژەیی و بەرهەست، هەروەها متمانە بە هەمیشەییبوونی دیترانە، کە لە ئەزموونی قۆناغە یەکەمەکانی گەشەی منداڵەوە سەرچاوە دەگرێت (گیدنز، ١٣٧٧ هەتاوی، ١١٠). بە بۆچوونی ئەو متمانەی بنەڕەتی، دڵەڕاوکێ کەم دەکاتەوە و هەستی بەردەوامیی و تەکووزی لە ڕووداوەکاندا تەنانەت ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ لە بازنەی تێگەیشتنی کەسی یان ئاسایشی وجودیی ئەودا نین، لە تاکدا دروست دەکات (هەمان سەرچاوە، ٣٢٢). گیدنز لە چوارچێوەی متمانە و "ئاسایشی

وجودی"دا سەرنج دەخاتە سەر متمانەی بنەڕەتی بە بڕوای ئەو ئاسایشی وجودی ئاماژە بەو متمانە دەکا کە زۆربەی مرۆڤەکان بۆ بەردەوامی دەستنیشانکردنی شوناسی خۆیان و مانەوەی ژینگە کۆمەڵایەتی و مادییەکانی دەوروبەرییان هەیانە (گیدنز، ١٣٧٧ هەتاوی، ١١٠). کاتێک متمانە و ئاسایشی منداڵەکە دەکەوێتە مەترسییەوە، منداڵەکە گۆشەگیر و دوورەپەرێز دەبێت. هەر لە هەمان زەمینەدا دەروونناسی دامەزراوەی (یاریگران پوویان) لە دەرواز غار سەبارەت بە یەکێک لە کۆمەکخوازەکانی وتی:

دەمهەوێ باسی کەیسێکتان بۆ بکەم کە ئەم حاڵەتە بۆچی لە هەموویان جەرگبڕتر بوو. کچێک بوو بە ناوی نیلۆفەڕ. نیلۆفەڕ لە تەمەنێکی زۆر بچووکدا لە لایەن باوکیەوە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەر. زۆر دژەکۆمەڵایەتی بوو و تاقەتی کەسی نەبوو. ڕقی لە هەموو کەسێک بوو، سەرباری ئەوەی کە من زۆرم خۆش دەویست، بەڵام جارێکیان کە بەرپرسی بەشی ئەوان بووم، دیاری ڕۆژی لەدایکبوونیم بۆ کڕی و ڕۆژی دواتر کە سڵاوم لێ کرد، ڕووی وەرگێڕا و لێیدا ڕۆی. هەرگیز نەیدەویست پەیوەندیی سۆزداری لەگەڵ کەسدا ساز بکا تەنانەت زەردەخەنەشی نەدەکرد، کاتێکیش چاوم دەبڕییە ناو چاوی ڕووی وەردەگێڕا و خۆی لە مرۆڤەکان بەدوور دەگرت. ئەمە ئەنجامی دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن باوکی ڕاستەقینەوە بوو. نازانم دایکی لە کوێ بوو، بەڵام دایکی نەبوو. نازانم تەڵاق درابوو یان مردبوو هیچ نازانم.

ئەو لێدوانانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە جگە لە لێکدژییە دەروونییەکان و شێواندنی ئاسایش و متمانە لە پانتای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کەسی دەستدرێکراو، ئەو تووشی هەستی دژەکۆمەڵایەتی بووە و لە ئەنجامی ئەوەدا کارلێکی گۆشەگیرانە و دوورەپەرێزانە دەگرێتە بەر. هەڵبەت گێڕانەوەکان لە سەر ئەم بنەمایەن کە هەندێ لە منداڵان کارلێکی سەرکەشانە و توندوتیژیی لە ڕادەبەدەر و نەسازان لەگەڵ ژینگە و دیتران (کەسانی دیکە) لە خۆیان پیشان دەدەن. کەواتە لە کۆمەڵگای ئێراندا هەرچی دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن مەحارم لە تافی منداڵیدا زیاتر بێ و ڕێژەی فرە بێ ئێمە شاهیدی کەسانێکی دژەکۆمەڵایەتی دەبین کە ناتوانن کارلێکی سازێنەر و چالاکانە لەگەڵ جیهانی کۆمەڵایەتیی خۆیاندا هەبێ لە ڕاستیدا سەرمایە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو ڕاستگۆیی، متمانە، هاوسۆزی کە بۆ گەشە و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا لە هەموو ڕەهەندەکان و ژیانی پێویستە، لاواز دەکات.

خاتوو ب سەبارەت بە یەکێک لە کۆمەکخوازەکان وتی:
کێشە ڕەفتارییەکانی ئەو منداڵە لە باخچەی ساوایاندا بەم جۆرە بووە کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کە دەبوو لەگەڵ مامۆستاکانی و منداڵەکانی دیکە هەیبێ یەکجار زۆر لاواز بووە. منداڵەکە لەگەڵ ژینگەدا ناسازێ و هەروەها لەگەڵ دایکیدا ناسازێ، پاش ئەوەی لە لایەن دامەزراوەکەوە دوای ئەوەی لەم بارەوە ئاگادار دەکرێنەوە پاڵپشتی دەروونی لە منداڵەکە دەکەن.
خاتوو سین، چالاکوانی کۆمەڵایەتی، سەبارەت بە گۆشەگیریی یەکێک لە کۆمەکخوازەکانی ڕایگەیاندووە:
کاری دەروونی کە لە سەری ئەنجام دەدرێ و یاریدەرمانی و ئەمانەی لە سەر ئەنجام دەدرێ، بەڵام هێشتا هەندێک کاریگەری لە سەر ماوە. زۆر لاوازە، و دەڵێم کە ئەو یەکێک لەو منداڵانەیە کە زۆر گۆشەگیرە هەمیشە پێی خۆشە لە سووچیکدا دانیشێ و نەبینرێت. بڕوای بە خۆی کەمە و وەکوو منداڵەکانی تر نییە هەر دەقیژێنێ و هاروهاجی دەکات. بۆ نموونە دەبینی لە گۆشەیەکدا دانیشتووە و بە تەنیا یاری دەکات.
ئەو قسانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە ئەو منداڵانەی دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەریان بەتایبەت لە لایەن مەحارمیانەوە، تووشی حاڵەتێک دەبن کە بە شێوەی توندڕەوانە و ناهاوسەنگ و نیگەرانانە هەوڵی کەوتنە بەرچاو دەدەن و زیاتر ڕەفتارێکی ناتەبا و یاغیانە و سەرکەشانە و تواندانەوەیانە لە خۆیان دەنوێنن یان هەوڵ دەدەن نەبینرێن و گۆشەگیر و دوورەپەرێز دەبن، لە هەر حاڵەتێکدا هاوسەنگیی کارلێکی لەم کەسانەدا نابینرێ و ناتوانن کارلێکی هاوسەنگ و بونیادنەر لەگەڵ جیهانی دەوروبەریاندا ساز بکەن.
کاتێک ئەم منداڵانە بە هۆی دەستدرێژییەوە متمانەیان بە کەسانی تر لە دەست دەدەن، ئەوا بە کەسانی دیکەش بێمتمانە دەبن و کاریگەریی لە سەر پەیوەندییەکانی کەسی دەستدرێژیکراو لەگەڵ کەسانی دیکەدا دادەنێت. وەک وترا تاکەکان لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانیاندا بە ڕۆڵی جیاوازەوە دەچنە ناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. یەکێک لەو ڕۆڵانە ڕۆڵی هاوسەرێتییە. ئەزموونی دەستدرێژی بەتایبەت لە ناو کچاندا دەتوانێ کاریگەریی لە سەر ئەم پەیوەندییە هاوسەرێتییانە هەبێت. لەم زەمینەدا خاتوو ف وتوویەتی:
هەروەها لە پەیوەندییەکانیش دەترسا. وتی من زۆر دەترسم، حەزی دەکرد دەزگیراندار بێ و هاوسەرگیری بکا، بەڵام وتی تەنها شتێک کە من دەترسێنێ هاوسەرگیریکردنە.

خاتوو سین هەروەها وتی:
تەنانەت ئیتر متمانەی بە هیچ پیاوێک نەمابوو. هێندە لە ماچ و باوەشکردن بێزار بوو کە خێزانەکەشی تا تەمەنی ٢٠ ساڵی نەیانتوانی لە باوەشی بگرن و لەم مەسەلە سڵی دەکردەوە. هەر وا بێتەوە نەیدەتوانی بڵێ نا و وتی کاتێک پیاوێک لێم نزیک دەبێتەوە، هەست دەکەم ئەرکی منە ئەم کارە بکەم، و ئەویش هاوسەرگیری کرد، و لە سەرەتادا، ڕووبەڕووی کێشەی زۆر بووەوە دەیوت هەر کات سەرجێیم لەگەڵ دەکا وا دەزانم پەلامارم دەدا هەتا ئەوەی کە کەمێک هێور بووەوە بەڵام هەر وا بیری دەکردەوە و دەیوت کە ئەمە ئەرکی منە. وەک ئەوەی من بۆ ئەوە دروست کراوم کە کارێکی لەو شێوە بکەم.
یەکێک لە منداڵانی دامەزراوەی بێهنام موغاری وتی:
جارێکیان کە تەمەنم ٩ ساڵ بوو، هاوڕێ نزیکەکەی باوکم دەستی لێدام و من لەوساوە لێی بێزار بووم و ئیتر متمانەم بە کەس نەما.
ئەو گێڕانەوەی سەرەوە بوونی کێشە لە پەیوەندیی هاوسەرێتی لە ناو ئەو کەسانەدا پیشان دەدا کە لە منداڵیدا دەستدرێژیی سێکسییان کراوەتە سەر و سووژەی دەستدرێژییان وەبیر دێنێتەوە. هەروەها لێهاتوویی وتنی نا (نەخێر) لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی ئەم کەسانەشدا تووشی کێشە و ناکارامەیی دەبێت.

زوو هاوسەرگیری و دواکەوتنی هاوسەرگیری

ئازاردانی سێکسی یەکێکی تر لە لێکەوتە ئەگەرییەکانی هاوسەرگیریی پێشوەختە (هاوسەرگیری لە تەمەنێکی بچووکدا) یان هاوسەرگیری نەکردنە، کە هەر دووکیان هۆکاری کۆمەڵایەتییان هەیە. لەم بەشەدا سەرەتا باس لە هاوسەرگیریی پێشوەختە دەکرێ و پاشان تیشک دەخرێتە سەر هاوسەرگیری نەکردن. ئەو پرسیارەی کە دەبێ لەم بەشەدا وەڵام بدرێتەوە ئەوەیە کە چۆن ئازاردانی سێکسی دەبێتە هۆی هاوسەرگیریی پێشوەختە؟ نۆرمەکانی پاکیزەیی و ئابڕوو وەڵامی ئەم پرسیارەن. بە پێی ئەم نۆرمانە تاکەکان بەتایبەت کچان پێش هاوسەرگیری نابێ سێکس بکەن و ئەگەر بە هەر هۆکارێک ئابڕوویان ئەتک بوو ئەوا پاکیزەیی کچە و ئابڕووی خۆی و بنەماڵەکەی دەکەوێتە مەترسییەوە. کاتێک پاکیزەیی کچێک دەکەوێتە مەترسییەوە، دوو لێکەوتەی ئەگەری لە ئارادایە، یەکەم: لەوانەیە کەس بۆ هاوسەرگیری خوازبێنی لێ نەکا، دووەم ئەوەی کە: لە زۆر حاڵەتدا خێزانەکان بە هۆی لەقاودرانی ڕوودانی دەستدرێژی و ئەوەی پاکیزەیی

کچەکەیان ئەتک کراوە دەیاندەن بە شوو، چونکە خێزانەکان دەزانن کە ئەگەر ئەم مەسەلە ئاشکرا بێ کە کچەکەیان پاکیزە نییە، ئەوا ناتوانن خوازبێنێکی گونجاو بۆی بدۆزنەوە و شەرمەزار دەبن. لە هەندێک حاڵەتدا کاتێک کێشەکە ڕوون دەبێتەوە، دوو لێکەوتەی ئەگەری لە ئارادایە: یەکەم، دەستدرێژیکراو لە دەستدرێژیکار مارە دەکەن چونکە پێیان وایە ئابڕووی کچەکەیانی لەکەدار کردووە، بۆیە دەبێ بە جۆرێک ئابڕوویان بۆ قەرەبوو بکاتەوە، دووەم ئەوەی کە کچە لە یەکەم خوازبێن مارە دەکەن، ئیتر گرنگ نییە کە ئەوە هەڵبژاردەیەکی باشە بۆ کچەکەیان یان کچەکەیان لە ڕەهەندە جیاوازەکاندا باڵق بوو یا نا. لەو زەمینەدا یەکێک لەو منداڵانەی دەستدرێژی کراوەتە سەر وتی:

بە زۆر بە مێردمیان دا بۆ ئەوەی ئابڕوومان نەچێت.

یەکێکی تر سەبارەت بە لێکەوتەکانی دەستدرێژی وتی:

من خۆم لە ڕەگەزی بەرامبەر بەدوور دەگرت، دژی هاوسەرگیری بووم، دواتر بە ناچاری هاوسەرگیرییان پێم کرد، چەند ساڵێک ڕقم لە هاوسەر و پیاوان بوو.

ئەم جۆرە هاوسەرگیرییانە زۆر جار بە بێ ڕەزامەندیی منداڵەکە، چ لە منداڵیدا و چ لە ساڵانی دواتردا ڕوو دەدات. بەو پێیەی کە پێوەر و ڕەزامەندیی منداڵە دەستدرێژیکراوەکە بۆ هاوسەرگیری لەبەرچاو ناگیرێ، ئەوان لە هاوسەرگیرییەکەی خۆیان و پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ مێردەکانیان ڕازی نین. لە لایەکی ترەوە بەو پێیەی ئەوان لە تافی منداڵیدا لە لایەن پیاوێکەوە دەستدرێژی کراوەتە سەریان، لە زۆرحاڵەتدا لە پیاوان دەترسن و ڕقیان لێیانە، چونکە لە ئەنجامی دەستدرێژی لە لایەن پیاوانەوە؛ ئاسایش و پاکیزەیی و ئابڕوویان کەوتۆتە مەترسییەوە. هەر بۆیە کاتێک دەچنە ناو پەیوەندی هاوسەرگیرییەوە، نە لە مێردەکەیان و نە لە هاوسەرگیری و نە لە پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ هاوسەرەکەیان ڕازی نین. خاتوو میم سەبارەت بە هاوسەرگیرییەکەی وتی:

من کاتێک تەمەنم ٢٦ ساڵ بوو [هاوسەرگیرم کرد] و ئەگەر بیانهێشتبایە بە سەڵتی بژیم شووم نەدەکرد. نەیانهێشت و بۆ ئەوەی نەگەڕێمەوە بۆ ماڵێک کە باوکم لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، باوکم گەورەی هەمووان بوو و هەمووان خۆیان بە گەورەی من دەزانی. پێم وتن گەرەکمە بە سەڵتی بمێنمەوە و ڕێگەیان پێ نەدام. خۆ ئەگەر بیانهێشتبایە هەرگیز هاوسەرگیریم نەدەکرد.

خاتوو ب لەم بارەوە وتی:

لێکەوتەی زۆر خراپی هەبوو و لە ڕووی دەروونییەوە هەتا ئێستاش پێم وایە کە نەگەڕاومەتەوە بۆ ناو ژیانێکی ئاسایی، ئەمەش وای لێ کردم زوو هاوسەرگیری بکەم، شوو بە کەسێک بکەم کە خۆشم ناوێ، ئێستا نزیکەی ٢ ساڵە تەڵاقم لێ وەرگرتووە، بەڵام لە ڕووی یاساییەوە نا، کاریگەری لە سەر ژیان و داهاتووم دانا.

شەیدا ئەزموونی هاوسەرگیریی پێشوەختەی خۆی بەم شێوە باس کردووە:

[...] دوای ئەوە زۆر دەترسام کەسێک پێم بزانێ و ئابڕووم ببات. [...]. دوای ئەوەش حەزم دەکرد لەگەڵ کوڕان بم، هەمیشە هەستم بە وابەستەیی دەکرد، حەزم دەکرد لەگەڵ کوڕان بم. ئەمەش بووە هۆی نیگەرانیی خێزانەکەم، ترسیان لەوە هەبوو کە من ناماقووڵییەک بکەم و ئابڕوویان ببەم، ئیتر دامیان بە شوو، واتە لە تەمەنی ١٥ ساڵاندا هاوسەرگیریم کرد.

ئەو لێدوانانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە هەمان ئەو میکانیزمەی کە بووەتە هۆی پاراستنی نهێنیی دەستدرێژیی سێکسی لە تافی منداڵیی کەسەکەدا، واتە باسی ئابڕوو و نۆرمە زاڵە نەریتییەکان، لە قۆناغەکانی دواتردا بووەتە هۆی بەردەوامبوونی دەستدرێژییەکەی و بە شێوازی دیکە کاریگەریی لە سەر ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی ئەو داناوە، بە جۆرێک کە بە هۆی پاراستنی کەرامەت و ئابڕووی کۆمەڵایەتی، ناچارە هەتا کۆتایی ژیانی لەگەڵ کەسێکدا بژی کە هیچ هەستێکی بۆی نییە، و بە شێوازی تر و هەڵبەت شەرعییەت پێدراو لە ڕێگەی هاوسەرگیری وەک گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی، ئەم دەستدرێژی و پەلاماردانە درێژ ببێتەوە. ئەو کە لە ژینگەیەکی بچووکی لادێدا دەژیا، نیگەرانی ئەوە بوو کە خەڵکی لادێ بەم بابەتە بزانن، خێزانەکەشی کە نیگەرانی پاکیزەیی ئەو بوون، و ئەم بابەتە وای کرد کە لە تەمەنێکی بچووکدا هاوسەرگیری بکات. ئەزموونی لەیلا لە هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی دەستدرێژیکار یان ئەو کەسەی کە دەستدرێژی کردبووە سەری بەم شێوەیە:

بەداخەوە خاڵوزاکەی دایکم کە ئێستا مێردمە خەریک بوو دەستدرێژی دەکردە سەرم، باوکم منی بینی و بردمانیانە لای دادپزیشک بۆ ئەوەی پەردەی کچێتیم ببپشکنن. لێیان دام خوێن لە دەمم هات. دەموچاوم ماسی بوو. لە چ تەمەنێکدا ئەمە ڕووی دا؟ تەمەنی ١٢-١٣ ساڵ بوو. من زۆر منداڵ نەبووم. کەواتە، لەو تەمەنەدا، دایک و باوک تێدەگەن پێش ئەوەی تەنانەت هیچ بڵێیت؟ بەڵێ ڕێک وایە. دەزانی سەیرەکەی لە چی دایە؟ ئەوەی کە من کرامە تاوانبار و ئەمەش بۆ من زۆر قورس بوو و ئێستاش قورسە. کاتێک

ویستم هاوسەرگیری لەگەڵ خاڵۆزای دایکمدا بکەم، دایکم ڕستەیەکی سەیری وت، پێی وتم: "لەیلا ... " دایکم کەسێکی دەم بەتاڵە خۆ قسە لە دەمیدا ڕاناوەستێ زوو بە خوشکەکانم و نەنکمی وت و ئەوانیش لای خزم و کەس لەقاویان دا. کە هات بۆ خوازبێنیم دایکم وتی: لەیلا کێ تۆی دەوێ؟ ئەو پەندەت بە سەردا هاتووە. خۆشت دەزانی ئەوە هاتۆتە پێشەوە و دەیهەوێ بتخوازێت.

کەواتە وەک لە گێڕانەوەکانی سەرەوەدا دەردەکەون، هاوسەرگیری لە منداڵی و هاوسەرگیریی نابەدڵی کچ چ لە تەمەنی منداڵیدا و چ لە تەمەنەکانی دواتردا، لە لێکەوتەکانی هاوسەرگیریی منداڵانە. خاڵێکی تر شووکردنی کەسی ئازاردراوە (دەستدرێژیکراو) لەگەڵ ئازاردەرە (دەستدرێژیکار)، واتە دەستدرێژیکراو شوو بە کەسێک دەکا کە دەستدرێژی کردۆتە سەری و هەستی نەرێنی بەرامبەر بەو کەسە هەیە. ئەم جۆرە هاوسەرگیرییانە لە سەرەتاوە مەحکوم بە شکستن چونکە دەستدرێژیکارەکە ئەو تەندروستییە دەروونییەی نییە کە بتوانێ ژیانی خۆی و خێزانەکەی بەڕێوە ببات. لە لایەکی ترەوە هاوسەرگیریی کەسی دەستدرێژیکراو لەگەڵ کەسی دەستدرێژیکار دەتوانێ ببێتە هۆی بەردەوامبوونی ئەزموونی هەستی نەرێنی وەکوو توڕەیی و ڕق و دڵەڕاوکێ و هەستی لەو چەشنە کە ئەمانە هەر هەموویان کاریگەری لە سەر پەیوەندیی ئەو لەگەڵ هاوسەرەکەی و لایەنەکانی دیکەی ژیانی دادەنێت. نەبوونی حەز و ئارەزووی هاوسەرگیری، یەکێکی دیکە لە لێکەوتەکانی دەستدرێژیی سێکسی لە هەڕەتی منداڵییە.

خاتوو فەرزان پوور ڕاپۆرتی کەیسێکی بڵاو کردەوە کە لە لایەن کوڕانی دراوسێیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەری:

وتی من زۆر دەترسم، حەزی دەکرد دەزگیراندار بێ و هاوسەرگیری بکا، بەڵام وتی تەنها شتێک کە من دەترسێنێ هاوسەرگیریکردنە.

خاتوو کاف کە لە لایەن برا و باوکیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر دەڵێ:

هەستێکی زۆر ناخۆشم هەبوو. هەست دەکەم ناتوانم هاوسەرگیری بکەم. من ناتوانم جلی بووکێنی لەبەر بکەم. ناتوانم دایکم سەربەرز بکەم. ئەو هەستەی کە بۆچی ئەمەی کردووە، بۆچی هاتە ئەم ماڵە؟ بۆچی کاتێک لە سەر و گوێلاکم دەدا دەستبەردار نەدەبوو؟ بۆچی ئەوەندە سەرەڕۆ بوو؟ بۆچی بە دەستی ئەم کارەی کرد؟

هەڵبەت دواجار هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێک دەکا، بەڵام لە پەیوەندیی ژن و مێردیدا ڕووبەڕووی چەندین کێشە دەبێتەوە و ناچار دەبێ جیا ببێتەوە. لە ڕاستیدا ڕوونە کە یەکێک لە لێکەوتەکانی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان لە لایەن مەحارمەوە هاوسەرگیریی زۆرەملێیە کە زیاتر منداڵهاوسەرییە و ئەوی دیکەیان جیابوونەوەیە کە دوای هاوسەرگیریی زۆرەملێ ڕوو دەدات. بۆیە نەبوونی ڕوانگەی دروستی بنەماڵە و کۆمەڵگا بەرامبەر بەم جۆرە دەستدرێژییانە نەک هەر ڕێگری لە بەردەوامبوونی ناکا، بەڵکوو دەبێتە هۆی ئەوەی لە دوای ئەوانەوە زیان و کێشەی تر سەرهەڵ بدا و ئەمە دەبێتە هۆی تێوەگلانی خانەوادە و کۆمەڵگا و سەپاندنی تێچوو بە سەریاندا و بەردەوامبوونی پرۆسەیەکی سەقەت و خەسارەتبەخش. منداڵێکی دیکەی دەستدرێژیکراو کە لە کاتی مارەبڕینیدا ناچار بووە نهێنیی پاکیزەنەبوون ئاشکرا بکات. ئەم کچە کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە لایەن باوکیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەری، دەڵێ:

ئەو ڕۆژەی کە مارە دەکرام بە دایکمم وت کە من کچ نیم، پێم گوت باوکم ئەم پەندەی بە سەرم هێناوە.

وەک ئەو ئەزموونانەی سەرەوە دەریدەخەن کە لێکەوتەکانی دەستدرێژیی سێکسی بریتییە لە هاوسەرگیریی پێشوەختە و مەحاڵبوونی هاوسەرگیری یان هاوسەرگیری لەگەڵ کەسانێک کە منداڵەکە خۆی حەزی لێی نییە و نایهەوێ هاوسەرگیری لەگەڵدا بکا وەکوو هاوسەرگیری لەگەڵ دەستدرێژیکارەکە.

لە سەرەوە ئەو میکانیزمانەی کە دەستدرێژی دەبێتە هۆی هاوسەرگیریی پێشوەختە یان هاوسەرگیری لە تەمەنێکی بچووکدا ڕوون کراوە، لەم بەشەدا پەیوەندیی نێوان ئازاردان بەتایبەت لە جۆری دەستدرێژی و مەحاڵبوونی هاوسەرگیری شرۆڤە کراوە.

هێشتا لە هەندێک کۆمەڵگادا پەردەی کچێتی بۆ کچ وەک بەهایەک سەیر دەکرێ، بەڵام کاتێک دەستدرێژیکراو بە هۆی دەستدرێژییەوە پەردەی کچێتیی خۆی لە دەست دەدا ئیتر ئەمە دەبێتە کێشە. کاتێک خوازبێنی بۆ دێ لە ترسی ئاشکرابوونی ئەم بابەتە و ئابڕووچوون و لەکەداربوونی وەج و شەرەفی خۆی و بنەماڵەکەی بەڵێ بۆ هاوسەرگیری ناکات. دەستدرێژیکراو لەوە دەترسێ کە پاش ئەوەی زاوا بەم بابەتەی زانی، دەری بکا یان تەڵاقی بدا، هەر بۆیە لەبەر ترس لە حەیاچوون و دەرکران لە زۆر حاڵەتدا هەلی هاوسەرگیری لەدەست دەدات. لە هەندێ حاڵەتدا ئەوە خوازبێنە کە بە هۆی نەبوونی

پەردەی کچێتییەوە نایخوازێ و هەر ئەمەش دەبێتە بەربەستێک لە بەردەم هاوسەرگیریی ئەم کۆمەڵە کچانە. لەو حاڵەتانەی کە هاوسەرگیریش ڕوو دەدا پەیوەندییە هاوژینییەکە تێک دەچێ و یان تەڵاقی لێ دەکەوێتەوە.

وەکوو حاڵەتی ب کە لە سەرەوە شی کراوە.خاتوو نوری مامۆستا لە ژمارەیەک ڕێکخراوی ناحکومی سەبارەت بە یەکێک لەو کەسانەی کە دەستدرێژی کراوەتە سەر وتی:
کاتێک هاوسەرگیری کرد لە سێکسکردن دەترسا و نەیدەویست سێکس بکات. ئەو ئافرەتە نەیدەویست هاوسەرگیری بکا و بە زۆری و لێدانی باوکی شووی کرد، شووی کرد بە خزمێکی خۆیان. دواتر تەڵاقی وەرگرت. تەڵاقەکە هی زۆر لە مێژە، بە هیوا نییە ئیتر شوو بکاتەوە. من پاش چەندین ساڵ دۆستایەتی کە کەسێکم بۆ دۆزییەوە وتم شووی پێ بکە وتی نایکەم. پێم وت بچۆ لای ڕاوێژکارێ بزانە ڕابردووت چی تێدایە وا ئاوا مل بە شووکردن نادەی ئیتر لەوەدا بوو کە بۆی باس کردم. هی زۆر دەمێکە. ئۆمێدی بە پیاو نییە و بە جۆرێک خۆشی لێیان نایە.

دەرکەوتنی کێشە لە پەیوەندیی نێوان کەسی و زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق

ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسی لە تەمەنی منداڵیدا بە شێوازی جیاواز دەتوانێ کاریگەریی نەرێنی لە سەر پەیوەندییە هاوسەرییەکان دابنێ و ببێتە هۆی ناڕازیبوون لە ژیانی هاوسەرێتی و دارمانی ئەو ژیانە. لە باسەکانی پێشوودا باس لەوە کرا کە ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسی چەندین لێکەوتەی نەرێنی هەیە، یەکێکیان لاوازبوونی پەیوەندییەکان و متمانەی کۆمەڵایەتی لە درێژەی ژیانە. بیر لە کەسێک بکەرەوە کە لە منداڵیدا دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەری و بە هۆی ئەزموونی ئەم دەستدرێژییەوە نە هەست بە ئاسایش دەکا و نە متمانەی بە کەسانی دیکە هەیە، ئەم کەسە لە کۆتاییدا بە هەر هۆکارێک هاوسەرگیری دەکا و دەچێتە ناو پەیوەندی هاوسەرێتییەوە. پرسیار ئەوەیە ئایا کەسێک کە متمانەی بە کەسانی تر نەبێ بەتایبەت پیاوان؛ ئایا دەتوانێ لە ژیانی هاوسەرێتیدا سەرکەوتوو بێت؟ لەم توێژینەوەدا دەرکەوت کە ژمارەیەک کەسی دەستدرێژیکراو لە کاتی چوونە ناو ژیانی هاوسەرێتییەوە بە هۆی ئەزموونی دەستدرێژی و حاڵەتەکانی دیکەی پەیوەست بە دەستدرێژییەوە لە ژیانی هاوسەرێتیدا کێشەی جدییان هەبووە. هەندێک لەو ژنانە هەست دەکەن کە لە ژیانی هاوسەرێتی و پەیوەندیی سێکسیدا دەستدرێژی دەکرێتە سەریان یان خۆیان وەک دابینکەری خزمەتگوزاریی

سێکسی لە قەڵەم دەدەن. لەم زەمینەدا خاتوو سین سەبارەت بە یەکێک لەو کەیسانەی کە لە منداڵیدا لە لایەن خاوەنی دووکانی خواردەمەنی فرۆشییەوە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەری دەڵێ:

تەنانەت ئیتر متمانەی بە هیچ پیاوێک نەمابوو. هێندە لە ماچ و باوەشکردن بێزار بوو کە خێزانەکەشی هەتا تەمەنی ٢٠ ساڵی نەیاندەتوانی لە باوەشی بگرن و لەم مەسەلە سڵی دەکردەوە. هەر وا بێتەوە نەیدەتوانی بڵێ نا و وتی کاتێک پیاوێک لێم نزیک دەبێتەوە، هەست دەکەم ئەرکی منە ئەم کارە بکەم، و ئەویش هاوسەرگیری کرد و لە سەرەتادا ڕووبەڕووی کێشەی زۆر بووەوە دەیوت هەر کات سەرجێیم لەگەڵ دەکا وا دەزانم پەلامارم دەدا هەتا ئەوەی کە کەمێک هێور بووەوە بەڵام هەر وا بیری دەکردەوە و دەیوت کە ئەمە ئەرکی منە. وەک ئەوەی من بۆ ئەوە دروست کراوم کە کارێکی لەو شێوە بکەم.

لە قسەکانی سەرەوەدا کە هی کەسانی دەستدرێژیکراوە وا دەردەکەوێ کە هەستی نائومێدی و بێدەسەڵاتی لەودا زۆر بەهێز بووە هەستێ کە لە بێبایەخی و هیچۆکەییەوە سەرچاوە دەگرێ بە جۆرێک کە لە پەیوەندییە سێکسییە ژن و مێردایەتییەکاندا هەمیشە هەست دەکا کە هاوسەرەکەی دەستدرێژی دەکاتە سەری و لە بەر ئەوە ناتوانێ لە پەیوەندییە سێکسییەکانیدا پەیوەندییەکی سازێنەری سۆزداری دروست بکات. خاتوونی یاریدەدەری کۆمەڵایەتی تەمەن ٣٣ ساڵ کە خۆی لە منداڵیدا تووشی دەستدرێژیی سێکسی بووە، دەڵێ:

باشم لە بیرە کاتێک تەمەنم نزیکەی ٢٤ ساڵ بوو بۆ یەکەم جار لەگەڵ کوڕێک بووینە دۆست هەرچەندە پەیوەندییەکی تەندروست و باشمان هەبوو، بەڵام هەمیشە دڵەڕاوکێی خەیانەت و ناپاکیم هەبوو و هەستێکی ناخۆشم بۆی هەبوو کاتێک خۆشەویستیی خۆی بۆ من دەردەبڕی هەستم دەکرد درۆ دەکا، یان باوەشی پێدا دەکردم پێستم دەئێشا، یان باشتر وایە بڵێم ئەو لە ئامێزگرتنانەیم پێ درۆ بوو پێم خۆشەویستی نەبوو هەستم دەکرد کە لەو پەیوەندییە دۆستانەیەدا خەریکە ئازار دەکێشم لەو پەیوەندییە هاتمە دەرەوە [...] شتێک لە ناخەوە پێم دەڵێ پیاوان هەموو ناپاک یان خیانەتکارن، لە هەمووی خراپتر، ئەو ئارەزووە سێکسییەی کە لە مندا خنکێنرابوو، و هیچ ئارەزوو و مەیلێکی سێکسیم بۆ هیچ پیاوێک نەبوو، تەنانەت ئەو کەسەی وا عاشقی ببووم، چونکە لە سێکس دەترسام، هەتا زۆر دوای ئەوە هەتا تەمەنم ٣٠ ساڵان لە سێکس دەترسام و لێی ڕام دەکرد، سەرەڕای ئەوەی لە ژیانمدا بژاردەی باشم بۆ هاوسەرگیری هەبوو، بەڵام هەرگیز شووم نەکرد.

ئەو گێڕانەوەی سەرەوە بە باشی ئەوە دەردەخا کە چۆن ئەم کەسانە بە هۆی ئەزموونی دەستدرێژیکردنەوە کۆمەڵێک بیرۆکەیان لە مەڕ خۆیان، پیاوان، سێکس لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر یان ژیانی هاوسەرگیری پەرە پێداوە کە کێشەیەکی جددی لە ژیانی هاوسەرێتی و گیر و گرفت لە دروستکردنی پەیوەندیی سۆزداری لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەری لێ کەوتۆتەوە. ئەم پرسانە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ئەزموونی ئەوان سەبارەت بە ئازاردانی سێکسی هەیە. هەستی ترس لە پەیوەندیی سێکس لە ناو کەسانی دەستدرێژیکراودا تۆختره. سەمانەی تەمەن ٣٥ ساڵ، خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە بواری یاسا، باسی لەوە کرد کە لە لایەن خاڵوێیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەری:

چاو کە ئەم هاوسەرگیرییەی کە کردوومە زیاتر هەڵبژاردنی کەسێکی هەڵە بوو بۆ ئەوەی لە ماڵەوە ڕا بکەم. چونکە زۆر بێ کۆنترۆڵ شەڕم لەگەڵیان دەکرد و دەمویست ڕا بکەم. هەڵبژاردنێکم کرد کە ئێستا بیری لێدەکەمەوە، بۆچی ئەمە هەڵبژاردەی من بوو؟ پاشان ئەو هەڵبژاردنەی کە من کردم، هیچ یەک لەو شتانەی کە چاوەڕوانی بووم نەیبوو. پاشان ئەم کەسە هێواش هێواش بەرەو ڕووم هات و خۆم ئیزنم پێدا و لێم نزیک بووەوە. نازانم ئەمجارە چی ڕووی دا، زۆر ورد لێی نەکۆڵامەوە، بەڵام ئەوەندە دەزانم خۆشەویستیم لەگەڵ ئەم کەسەدا بەئەزموون نەکردووە، هەروەها هیچ پەیوەندییەکی سێکسیم لەگەڵ ئەو کەسەدا نەبووە کە بە دڵ چێژم بردبێت. چونکە هەر جارێک کە سەرجێیمان دەکرد، وامدەزانی هاکا دەستدرێژی بکاتە سەرم.

گێڕانەوەی سەمانە سەبارەت بە چۆنیەتیی شووکردنی لە ئەنجامی دەستدرێژیی سێکسی و پەیوەندیی سێکسی لە ژیانی هاوسەرێتیدا دەلالەت لە سەر زۆر شت دەکات. ناوبراو لە ئەنجامی بەئەزموونکردنی دەستدرێژیدا لە لایەن تۆڕە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو خانەوادەکەی هەست بە ئاسایش و متمانە ناکات. بۆ ئەوەی لە کەشی خانەوادەکەی ڕزگاری بێ، بیر لە بژاردەی هاوسەرگیری دەکاتەوە و دواجار هەڵیدەبژێرێت. هەڵبژاردنەکەی لە سەر بنەمای حەز و خۆشەویستی نەبووە، بەڵکوو لە سەر بنەمای پێوەری هەڵهاتن لە ژینگەی خانەوادە بووە. ئەزموونی دەستدرێژی لە تافی منداڵیدا و ڕەشبینییەکەی بەرامبەر بە مرۆڤەکان، بەتایبەت پیاوان هاوکات لەگەڵ هاوسەرگیریکردن لەگەڵ کەسێک کە حەزی لێی نەبوو، وای کردووە کە لە ژیانی هاوسەرێتی و پەیوەندیی سێکسی ڕازی نەبێ و تەنانەت لە کاتی سێکسکردن لەگەڵ مێردەکەیدا هەستی دەستدرێژیی سێکسی وەبیر دەهاتەوە. لە درێژەدا وتی:

شتێکی دواتر ئەوەیە کە من زۆر دژی پیاوانم، بۆ نموونە هەموویان بە درۆزن و ساختەچی دەزانم مەگەر بە پێچەوانەوە بسەلمێنرێت. کاتێک دەمهەوێ بچمە ناو پەیوەندییەکەوە، جۆش و خرۆشم هەیە، بەڵام هەر کە سڵاو لە کەسێک دەکەم و دەڕۆم، دەڵێم نەخێر باوە ئەمە بە کەڵکی من نایە، تەنها چڵێسی سێکسە.

ئەوەی سەمانە گێڕایەوە هەمان ئەو پرۆسەیە کە خاتوو سوڵتانیش گوزارشتی لێکرد. ڕەشبینی بەرامبەر بەو ڕەگەزەی کە لە لایەن ئەوەوە هەمیشە دەستدرێژی کراوەتە سەر و ئەم ڕەشبینییە ئەوەندە تۆخە کە هەموو کەسانی هاوڕەگەزی دەستدرێژیکار وەک دەستدرێژیکار و ئازاردەر هەژمار دەکرێن و بەم شێوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کەسی دەستدرێژیکراو لەگەڵ ئەواندا تێک دەچێ و شکستی لێ دەکەوێتەوە. قوربانییەکی دیکە وتی:

چیتر بیرم سەبارەت بە سێکس خراپ بوو، چێژم لە سێکس نەدەبینی و نەمدەویست.

سروشتییە کە کەسێک کە دەستدرێژی بەئەزموون کردووە تووشی کێشەی گەورە بێ و چارەسەریشی بۆ نەکرابێ، ئەوە لە ژیانی بۆ نموونە ژیانی هاوسەرێتی ڕووبەڕووی چەندین کێشە دەبێتەوە.

گێڕانەوەی خاتوو میم سەبارەت بە ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسی و ڕووداوەکانی دواتری لە ژیانی هاوسەرێتیدا بەم شێوەیە:

بۆ دەڵێی من هەرگیز شووم نەدەکرد؟ لەبەر چ هۆکارێک؟ دیارە من کەسێکم کە زیاتر حەزم تەنیاییە. هاوسەرگیری ئازارت دەدا؟ هەڵبەت ئێستا خەریکە کەمێک باشتر دەبم. ئێستا باشم. ئینجا چووم شووم بە کەسێکی هەستیار و زۆر سۆزدار کرد و ئەویش دوای شەش بۆ حەوت مانگ لە هاوسەرگیرییەکەمان تووشی ئێم ئێس (MS) هات تووشی ناکۆکی هاتین و کاتێک منداڵەکە لەدایک بوو ئەوەندەی تر کێشە کەوتە نێوانمان. گەیشتە ئاستێک کە ساڵی ٢٠١٣ (١٣٩٣ هەتاوی) ئەگەر هەڵە نەبم و پێم گوت وەرە با جیا ببینەوە، دواتر پێم گوت کە کچەکەم ناوی سێتیایە، من سێتیام ناوێ بۆ خۆت. دۆخی نەخۆشییەکەی زیاتر ببوو و لاسار بوو دەرزییەکانی لە خۆی نەدەدا. خاتوو میم هاوسەرگیری پێ خۆش نەبووە، پێدەچێ بە هۆی دەستدرێژیی سێکسی و چارەسەرنەکرانەوە هۆگری تەنهایی ببوو. دوای ئەوەی چۆتە ناو پەیوەندیی هاوسەرێتییەوە، هێشتا ڕووبەڕووی چەندین کێشە دەبێتەوە وەکوو ناتەبایی هاوسەرێتی و ناپاکیی هاوسەرێتی.

نێرگزی تەمەن ٣٦ ساڵە سەبارەت بە دۆخی هاوسەرگیرییەکەی وتی:
لە بەر دەرگاکەدا خەوتبووم کە لە ناکاو بینیم جلەکەم لە پشتەوە داکێشراوەتە خوارەوە و مامم بە سەر سەرمەوە لاخێز ڕاوەستابوو خۆ هیچ ڕووی نەدا، بەڵام ئەمە تەواو میشکمی قەپات کردووە و باوکمی هێناوەتە بەرچاوم. چەند ساڵ لەم بابەتەدا تێپەڕیوە؟ ٢٥ ساڵ. ئایا لە ماوەی ئەم ٢٥ ساڵەدا ئەم دیمەنانە هێشتا لە یادتە؟ بەڵێ بێزارم دەکات. ئایا ئەمە کاریگەریی لە سەر سێکسکردنەکەت داناوە؟ من ڕقم لە سێکسە. چ کاتێک هاوسەرم هەبوو و چ ئێستا کە نیمە.

ئەزمونی نێرگز و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ دەستدرێژی، ئەوەمان بۆ دەردەخا کە چۆن ژیانی و ژیانی هاوسەرێتییەکەی بۆ چەندین ساڵ بە هۆی دەستدرێژی و نەبوونی چارەسەرەوە لە ژێر کاریگەریی ئەم دەستدرێژییەیە. ئەگەر لە ناو کۆمەڵگادا ڕاهێنانی سێکسی هەبوایە و سیستەمێکی چارەسەری کاریگەر لە بەردەستدا بووایە، ئەم کۆمەڵە کەسە سەردانی پزیشکی پسپۆڕی تەندروستیی دەروونیان دەکرد و چارەسەریان بۆ دەکرا. ڕاهێنانی سێکسی دەبێتە هۆی هۆشیاریبەخشی و ڕاهێنان کە دواتر دەبێتە هۆی ئەوەی کەسانی ئازاردراو بۆ چارەسەرکردن سەردانی پزیشکی پسپۆڕی ئەم بوارە بکەن. لە ڕاستیدا لە کۆمەڵگای ئێراندا ڕاهێنانێک بۆ بابەتی سێکسی لە ئارادا نییە کە بتوانێ لە پێشگرتن لە دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان کاریگەر بێ و هەروەها سیاسەت و خزمەتگوزاریی پشتیوانیی کۆمەڵایەتی لە ناو دامەزراوە و ڕێکخراوەکان بۆ پشتیوانیکردن لە دەستدرێژیکراوان بە شێوەیەکی یەکگرتوو و سیستماتیک بوونی نییە. ئەم نەبوونانە دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەم جۆرە دەستدرێژییانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاد بکا و هەم ئەوەی کە لێکەوتە و دەرهاویشتەکانیان هەمیشە بەردەوام و چڕتر ببنەوە. خاتوو ب کە لە لایەن خاڵۆیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەری، وتی:

ئەمەش بووە هۆی ئەوەی زوو شوو بە کەسێک بکەم کە خۆشم نەدەویست، نزیکەی ٢ ساڵە جیا بوومەوە، بەڵام نە بە شێوەی یاسایی، تەواو کاری کردۆتە سەر ژیانم چونکە من کەسێکی زۆر هەستیارم، هەرچەندە ئەوسا کێشەیەکی تایبەتم بۆ پێش نەهات مەبەستم پەردەی کچێتییە، بەڵام لە ڕووی دەروونییەوە زۆر زۆر زۆر ئاڵۆزاوم. تەنانەت دەتوانم بڵێم، کاریگەریی لە سەر داهاتووشم دەبێت.

ئەم دوو گێڕانەوە بە باشی ئەزموونی ئازاردانی سێکسی و کێشەکانی ئەم ئەزموونە لە ژیانی هاوسەرێتی و پەیوەندییە سێکسییەکاندا نیشان دەدەن. کەیسی خاتوو ب لە جۆری

هاوسەرگیری لە سەردەمی منداڵیدا بووە. هاوسەرگیریی منداڵ دژی مافی مرۆڤە و بە پێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ قەدەغەیە. زۆرێک لە وڵاتان ئەم جۆرە هاوسەرگیرییەیان قەدەغە کردووە، جگە لە چەند وڵاتێک لەوانە وڵاتی ئێران. ئەم جۆرە هاوسەرگیرییانە دژی مافی مرۆڤن چونکە منداڵ هێشتا تەمەنی ئەوەندە نییە کە بتوانێ بڕیارێکی ئاگادارانە لەبارەی هاوسەرگیری و داهاتووی خۆیەوە بدات. ئەو منداڵانەی کە لە منداڵیدا دەستدرێژیی سێکسییان بەئەزموون کردووە، لە ساڵانی دواتردا ئەم دەستدرێژییە لە شێوەی پەیوەندیی هاوسەرێتیدا بۆیان دووبارە دەبێتەوە، بە توندی دەکەونە ژێر کاریگەریی دەستدرێژیی سێسکیی منداڵییان و وەک خاتوو ب وتی دەڵێ "ئاڵۆزاوە و کاریگەری لە سەر داهاتووشی داناوە". فەرەنگێزی تەمەن ٣٩ ساڵ وتی:

لەو ساڵ و نیوەیدا کە هاتمە ئێرە لەگەڵ دەروونناس و ئەو جۆرە شتانە قسەم کرد. چی بوو کە ویستت بیڵێی؟ هەر متمانەیە و بیرم لەوە کردەوە کە ڕەنگە هەر ئەمە هۆکاری لە ناوچوونم بێ و بەڕاستی زۆربەی نەهامەتییەکانم هەمیشە بە هۆی ئەمەوە بووە. ئالوودەبوونم و ئەوەی کە ڕووکردنە مادە هۆشبەرەکان. دووجار هاوسەرگیریم کرد و لە بیرم ناچێ و لە بیرم ناچێ هەتا کۆتایی تەمەنم لە بیرم ناچێتەوە.

بە گوێرەی وتەی خودی ئالوودەبووان لەو توێژینەوانەی کە کراوە، بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان یەکێک لە ڕێگاکانی سەرکوتکردنی هەستەکانیانە و بەو پێیەی کە دەستدرێژیکراوی سێکسی هەڵوەدای کوشتنی ئەو هەستە ڕووخێنەرانەیە کە ئەنجامی ئەزموون و بیرەوەریی دەستدرێژیی سێکسییە، وەکوو هەستکردن بە هیچۆکەیی، بێبایەخی، ڕەشبینی، ترس، شەرم، گوناح، بێدەسەڵاتی، ڕق، سەرزەنشت، توڕەیی و هتد، کە تا ئێستا خوێندنەوەمان بۆ کردووە، لەبەر ئەم هۆکارە، یەکێک لەو ڕێگایانەی کە هەڵیدەبژێرێ بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکانە بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئەوەوە ئەم هەستانە کەم بکاتەوە و لە ڕێگەی سەرخۆشییەوە سەرکوتی بکات. کەواتە ئەگەر بۆ ئەم کەسانە سیاسەتێکی دروست لە لایەن بنەماڵە و کۆمەڵگاوە نەگیرێتە بەر، لە پاڵ خەسارەت و بابەتەکانی تر کە تا ئێستا باسمان کردووە؛ پەرە بە کێشەی ئالوودەبوون دەدرێت. ئەزموونی فەرەنگێزیش هاوشێوەی منداڵانی دیکەی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسییە، لە ژیانی هاوسەرێتیدا تووشی کێشە هاتووە و تەڵاقی وەرگرتووە. ئیدعای ئەوە ناکرێ کە هەموو ئەو منداڵانەی لە منداڵیدا دەستدرێژیی سێکسییان بەئەزموون کردووە، لە ژیانی هاوسەرێتی و پەیوەندیی سێکسیدا تووشی کێشە دەبن، بەڵام وەک لە زۆر حاڵەتی

دەستدرێژیدا خوێندمانەوە، ڕۆڵێکی گەورەی لەم بابەتەدا هەبووە و بە تەواوی کاریگەریی لە سەر ژیانیان داناوە. ئەزموونی ئازاردانی سێکسی لە ناو پێکهاتە و بەستێنێکدا ڕوو دەدا و لە ژێر کاریگەریی هۆکارە جۆراوجۆرەکانە کە لە سەرەتای ئەم بابەتەدا تاوتوێ کراون. ئەم منداڵانە لە ناو ئەم بەستێن و پێکهاتەدا تەنها دستدرێژی بەئەزموون ناکەن، بەڵکوو بە گشتی هەلومەرجی بەکۆمەڵایەتیبوونیان بە شێوەیەکی کاریگەر دابین نەکراوە، بەکۆمەڵایەتیبوونێک کە ئاسایش و خواستەکانیان بۆ دابین بکرێ، شاد بن و یاری بکەن و لە فێرکردنی لێهاتوواییەکاندا سەرمایەیان بۆ تەرخان بکرێت. جگە لەوانە، ئەوان کاتێک دەستدرێژی بەئەزموون دەکەن بۆ زاڵبوون بە سەر کێشەکانیان چارەسەر وەرناگرن؛ هەر بۆیە هەمیشە یادەوەرییە تاڵەکانی ئەم دەستدرێژییە لەگەڵیاندا دەمێنێتەوە. لە کاتی هاوسەرگیری و لە کاتی سێکسدا ئەم پەیوەندییە سێکسییە وەک دەستدرێژیی سێکسی دێتە بەر چاویان. بە واتایەکی دیکە نەک هەر چێژ لە هاوسەرگیری و سێکس وەرناگرن، بەڵکوو سێکس لە ژیانیاندا دەبێتە ئەزموونێکی ناخۆش کە تووشی ناکۆکیی هاوسەرێتی دەبنەوە و ڕەنگە ژیانی هاوسەرێتییان لە بەر یەک هەڵبووەشیتەوە، یان وەک وترا "لە باری دەروونییەوە زۆر زۆر زۆر زۆر ئاڵۆزاوم تەنانەت کاریگەری لە سەر داهاتووشم دادەنێت".

لەیلای تەمەن ٣٨ ساڵ وتی:

کاتێک ئەو ڕووداوەم بە سەردا هات، بۆ دایکمم گێڕاوە و ئەویش بە باوکمی گوت و ماڵەوە هەموو لە بەسەرهاتەکە ئاگادار بوون، کاتێک بەسەرهاتەکەم لەقاو دا دامیان بە خوشکەزاکەی دایکم واتە دەستدرێژیکارەکە. بەداخەوە ژیانێکی پڕ لە بێمتمانەیی و تووڕەیی و ڕق و کینەیەکی زۆر و تۆڵەسەندنەوە و خەمۆکی و بیری خۆکوژیم بە سەر بردووە و هەرگیز خۆشەویستی و چێژم لە پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ ئەم کەسەدا بەئەزموون نەکردووە، هەرچەندە زۆر هەوڵمدا عاشقی بم چونکە منداڵم لێی هەبوو، بەڵام هیچ خۆشەویستییەک دروست نەبوو.

بە گوێرەی گێڕانەوەی لەیلا سەبارەت بە جۆری ئەو هاوسەرگیرییەی کە لە ئەنجامی دەستدرێژیی سێکسی بوویەتی کە بە بڕیاری دایک و باوکی لە تافی منداڵیدا بە زۆری لە دەستدرێژیکارەکەیان مارە کردووە؛ بۆتە هۆی ئەوەی کە هەر جارێک بە بینینی دەستدرێژیکار کە ئێستا هاوسەریەتی، یادەوەریی دەستدرێژیی سێکسی وەبیر لەیلا بێتەوە. لەم گێڕانەوەدا لە ئەنجامی بەئەزموونکردنی دەستدرێژیی سێکسی، لەیلا لە لایەن تۆڕە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەوانە خێزانەکەی هەستی ئاسایش و متمانە

وەرناگرێ و هەروەها متمانەنەکردن بە هاوسەری ئێستای وای کردووە کە هەر جارێک کە لەگەڵ هاوسەرەکەی سەرجێیی دەکا بیرەوەریی دەستدرێژییەکەی وەبیر دێتەوە و ئەمەش نەیهێشتووە چێژ لە سێکس وەربگرێت. بۆ ئەوەی لە توڕەیی و ڕق و بێزاری لە مێردەکەی کە وەک خۆی دەڵێ باوکی منداڵەکانیەتی ڕزگاری بێ هەوڵی داوە ئەو یادەوەرییە لە خۆیدا بکوژێ و عەشق و خۆشەویستی بکاتە بەدیلی ئەم بێزارییە، بەڵام بێ‌کەڵک بوو. شووکردنی ئەو نە لە سەر بنەمای هەڵبژاردن و نە بە پێی خۆشەویستی و سۆز بووە، بەڵکوو لە بەر ناچارکردن لە لایەن دایک و باوکیەوە بووە بۆ ئەوەی ئابڕوویان نەچێت. ئەزموونی دەستدرێژی لە تافی منداڵیدا و ڕەشبینییەکەی بەرامبەر بە مرۆڤەکان، بەتایبەت پیاوان هاوکات لەگەڵ هاوسەرگیریکردن لەگەڵ کەسێک کە حەزی لێی نەبوو، وای کردووە کە لە ژیانی هاوسەرێتی و پەیوەندیی سێکسی ڕازی نەبێ و تەنانەت لە کاتی سێکسکردن لەگەڵ مێردەکەیدا هەستی دەستدرێژیی سێکسی وەبیر بێتەوە.

خاتوو ب، یاریدەدەر و چالاکوانی کۆمەڵایەتی لە بواری خەسارەتە کۆمەڵایەتییەکان، سەبارەت بە یەکێک لە کۆمەکخوازەکانی کە بە هۆی کێشەی لە پەیوەندیی سێکسیدا سەردانی کردووە، دەڵێ:

یەکەم کەسێک کە دەستدرێژی کردە سەری خاڵۆزای باوکی بووە (کچی خاڵۆی باوکی)، واتە وەک پەرستار هاتە لای دایکی ئەم کچە، بەڵام لەگەڵ ئەم کچە سێکسی کردووە و ئازاری داوە، بۆ نموونە وتوویەتی: دەبێ ئەوێم بخۆی یان ئەگەر ئەم کارە نەکەی، باوکت دووربینێکی داناوە کە تەلەڤزیۆنێکی شاراوەی هەیە و تۆ دەبینێ، ئەگەر بە گوێم نەکەی پێی دەڵێم، ناچاری کردووە. ئینجا ئەم خاتوونە پەرستارە شوو دەکا و دەڕوا بەڵام ئەم منداڵە هەر دڵەڕواکێی هەبووە لە قوتابخانە وانەکانی بە باش نەدەخوێند و لەبەر ئەوەی دەستدرێژی کراوەتە سەری شەڕەنگێز بووە، کەس نەیدەزانی ئەم کچە بۆچی ئاوا دەکا هەموو وایاندەزانی کچێکی بزۆز و نەسازە ماوەیەک لە وانەی بیرکاری و وانەی زانستەکەی کەمێک لاواز بووە ئەمیان لای پوورزاکەی (کوڕی خوشکی دایکی) داناوە کە وانەی پێ بڵێ، بەداخەوە ئەم کوڕەش پەلاماری داوە، بۆ نموونە دستی لێ دەدا یان کچە دەیوت لە بەر چاوی من کە پۆلی چوار و پێنجی قوتابخانە بووم خۆی ڕەحەت دەکردەوە. ئەو پوورزایەی خۆی ڕەحەت دەکردەوە و دواتر دەهات ئەمیشی ڕەحەت دەکردەوە. کچە وتی ئیتر ئا لەوەدا بوو کە چێژم لێ بینی و هەتا ماوەیەکی زۆر ئەم کارەم دەکرد ئینجا لە لەگەڵ

چەندین کەس سێکسی کردووە. دواتر لە تەمەنی مێرمنداڵیدا بە شێوازی دیکە پەیوەندی ساز کردووە، بەڵام ئەوەی زۆری ئازار داوە ئەم ڕووداوە بوو کە زۆر کاریگەری لە سەر پەیوەندییە هاوسەرێتییەکانی داناوە.

ئەوەی لەم قسانەی سەرەوەدا ڕوونە ئەوەیە کە دەستدرێژیی سێکسی لە تافی منداڵیدا کاریگەریی لە سەر لێکدانەوەی زەینیی تاک لە چێژی سێکسی و فرەیی پەیوەندیی سێکسی داناوە و هەم ئەوەی کە ئەگەر ئەم دەستدرێژییە لە لایەن کەسی هاوڕەگەزەوە بێ، ئەوا ئەگەری هەیە کە کاریگەریی لە سەر مەیلی هاوڕەگەزخوازیی کەسەکە دابنێ و لە قۆناغەکانی دواتری ژیانیدا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبێت.

باڵقبوونی پێشوەختە و ڕوودانی ڕەفتارە سێکسی و ناسێکسییە مەترسیدارەکان

باڵقبوونی پێشوەختە: بە زوو دەرکەوتنی نیشانەکانی باڵقبوونی جەستەیی و هۆرمۆنی دەڵێن باڵقبوونی پێشوەختە. ئەم کێشە دەتوانێ چەندین هۆکاری جیاوازی هەبێ و وەکوو هەر دیاردەیەکی نائاسایی دیکە دەرهاویشتەی لێ بکەوێتەوە. تەمەنی باڵقبوون لە کچان لە نێوان ٨ بۆ ١٣ ساڵ و لە کوڕاندا لە نێوان ٩ بۆ ١٤ ساڵان دەست پێدەکات. پزیشکان کاتێک باڵقبوونی پێشوەختە دەستنیشان دەکەن کە بە هۆکاری نادیار ئەم ڕەوتە سروشتییە زووتر دەست پێدەکا و ئێسک و جەستەی گەشە دەکات. باڵقبوونی پێشوەختە لەو کچانەی کە پێش تەمەنی ٨ ساڵ و لەو کوڕانەی وا پێش تەمەنی ٩ ساڵیدا نیشانە گرنگەکانی باڵقبوونیان تێدا دەردەکەوێ، دەستنیشان دەکرێت. لە کۆی هەر ٥٠٠٠ منداڵ منداڵێک تووشی تەمەنی باڵقبوونی پێشوەختە دەبێت.

ژمارەیەک منداڵ کاتێک تووشی دەستدرێژیی سێکسی دەبنەوە گرفتاری باڵقبوونی پێشوەختە دەبن، هەڵبەت تەمەنی باڵقبوونی پێشوەختە هۆکاری زۆرە و تەنها بۆ دەستدرێژیی سێکسی سنووردار نابێتەوە. باڵقبوونی پێشوەختە، لەگەڵ نەبوونی ڕاهێنانی سێکسی و فێربوونی توانا سێکسییەکان دەتوانێ بۆ منداڵان زیانبەخش بێ چونکە وەک لە وتەزاکانی دیکەدا خوێندنەوەمان بۆ کرد دەبێتە هۆی ئەوەی فێری ڕەفتارە سێکسییەکان ببن و هەندێکیان ئەنجامی بدەن و ئازاریان پێ بگات. کاتێک منداڵان تووشی دەستدرێژیی سێکسی دەبنەوە، ئەندامە سێکسییەکان و هەست و بیرکردنەوەکانیان بەم پەیوەندییە سێکسییەوە تێوە دەگلێ و دەتوانێ بیانوروژێنێ، هەر

بۆیە تووشی باڵقبوونی پێشوەختە دەکەن. بەڕێوەبەری دامەزراوەی منداڵان بێهنام موغاری وتی:

خراپترین شت کە دەتوانێ بە سەر هەر کەسێکدا بێ کە تا کۆتایی ژیانی کاریگەریی لە سەر مرۆڤ دابنێ دەستدرێژیی سێکسی بۆ منداڵانە، چونکە لێکەوتەکانی دەتوانێ باڵقبوونی پێشوەختەی لێ بکەوێتەوە کە ئەمە دەبێتە هۆی ئالوودەبوونی سێکسی کە ئەمەش دەتوانێ زۆر زیانبەخش بێت.

لەم قسانەی سەرەوەدا دەردەکەوێ کە دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان دەتوانێ هۆکارێک بۆ باڵقبوونی پێشوەختەیان بێ کە دواجار دەبێتە هۆی فرەیی پەیوەندیی سێکسی و ئالوودەبوون بە پەیوەندییە سێکسییەکان. ئالوودەبوون بە پەیوەندییە سێکسییەکان چەندین لێکەوتەی وێرانکەری دەروونی و کۆمەڵایەتی ئاوقانی مرۆڤ دەکا بە جۆرێک کە کاریگەری و لێکەوتەی قەرەبوونەکراوی لە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کەسە و هەروەها وتەزای کار و بە گشتی شێوازی ژیان و ژیانی کۆمەڵایەتییان هەیە. وەکوو هەر ئالوودەبوونێکی دیکە پەرەسێنەر و دووبارەبووەوەیە و ئەگەری هەیە هەتا کۆتایی تەمەن، کاریگەری لە سەر ژیانی ئەو دابنێ و بە شێوازی جیاواز گیرۆدەی بکات.

خاتوو سین، چالاکوانی کۆمەڵایەتی، سەبارەت بە ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسی و کۆمەڵێک لە لێکەوتەکانی لە زنجیرەیەکدا، لەوانەش زوو باڵقبوون، سەبارەت بە یەکێک لە کەیسەکانی دەڵێ:

وتی لەبەر ئەو بەسەرهاتە هەست دەکەم تەمەنی باڵقبوونم زووتر دەستی پێکردووە، و هەست دەکەم لەبەر ئەو بەسەرهاتە زۆر شت لە ناخمدا بیچمیان گرتووە و ئەوەش مێشکی منی گیرۆدەی زۆر شت کردووە کە ئێمە لەو تەمەنەدا بیرمان لێ نەکردووەتەوە. و کێشەیەکی تر کە ڕووی دا ئەمە بوو، نەمتوانی بڵێم نا و هەستەکانم لەوێوە دەستی پێکرد کاتێک وتم من کەسێکی باش و پاک نیم و هەستەکانم لەوێوە دەستی پێکرد.

ئەو قسانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەخا کە تێڕوانینی کەسی دەستدرێژیکراو بەرامبەر بە خۆی خراپە و خۆی وەک کەسێکی گوناحبار و ناپاک وێنا دەکا کە شایەنی شتی باش نییە و هەستی خۆبەکەمزانین، بێبایەخی و هیچۆکەیی مرۆڤەکانیش لەمەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم کەیسە لە ئەنجامی دەستدرێژیی سێکسی کۆمەڵە زیانگەلێکی بەئەزموون کردووە کە بووەتە هۆی تێکچوونی باری کەسایەتییەکەی. ئەم کەسە لە تەمەنێکی

بچووکدا باڵقبوون و پرسەکانی دیکەی پەیوەست بە تەمەنی باڵقبوون بەئەزموون دەکا واتە کاتێک کە کارامەیی پێویستی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان نییە، ئەمەش لە بەرامبەردا دەبێتە هۆی کۆمەڵێک لێکەوتەی دیکە لێکەوتەی وەکوو لاوازی لە وتنی "نا"، نەبوونی توانای سێکسی و ... . بەڕێز خودایی تەمەن ٣٨ ساڵ کە لە لایەن مامی و کەسێکی نامۆوە دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر، سەبارەت بە بەئەزموونکردنی پێشوەختەی باڵقبوون وتی:

کەمێک زوو باڵق بووم، هەرچەندە پێشتر بیرم لێ نەدەکردەوە. بەڵام، کەمێک زوو باڵق بووم و هەندێ ئەزموونی هاوشێوەم لەگەڵ کەسانی دیکەدا هەبوو، هەڵبەت من هۆگری کوڕان نەبووم؛ بۆ نموونە کچانی دەوروبەرمم دەبینی، ئەوان وەکوو من تووشی دەستدرێژی نەببوون، بەڵکوو ئارەزووی سێکسیم هەبوو.

شەیدا وتی:

من کەمێک زووتر ئاشنای بابەتە سێکسییەکان بووم، هەندێک جار دەستم لە خۆم وەردەدا و باڵقبوونی پێشوەختەم بەئەزموون کرد، زۆر ناخۆش بوو. زۆرم پێ خۆش بوو لەگەڵ کوڕان بم، هەمیشە هەستم بە وابەستەیی دەکرد.

لە ئاخافتنەکانی سەرەوەدا ڕوونە کە باڵقبوونی پێشوەختە لە کەسانی دەستدرێژیکراودا لەگەڵ کەمەلێهاتوویی بۆ وتنی نەخێر و هەستکردن بە وابەستەییە، یان ئەمانە لێکەوتەکانین. هەستکردن بە وابەستەیی کە دەتوانێ بناغەی سۆزداریی تاک دابڕێژێ و پەیوەندییەکانی لەگەڵ دیتران بە شێوەیەکی پێبەستراوەیی بونیاد بنێ و ئەم پەیوەندییە پێبەستراوییە کە لە وابەستەیی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن، دەبنە هۆی ناهاوسەنگی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دیتران (کەسانی دیکە) و ژیانە کۆمەڵایەتییەکەی و لە ئاکامدا هەلی پەیوەندیی تەندروست و هاوسەنگی لێ زەوت دەکات. تاک زۆر جار لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکاندا پەیوەندیی بەستراوانە و نەبوونی سەربەخۆیی بەئەزموون دەکا و دەرفەتی پەیوەندییەکی لە سەر بنەمای خۆشەویستیی سازێنەری لێ دەستێنێتەوە. شەیداش وەکوو ئەوانی تر کۆمەڵێک کێشەی وەکوو باڵقبوونی پێشوەختە، بەئەزموونکردنی ڕەفتارە سێکسییەکان و لاوازی لە خۆکۆنترۆڵکردن یان ئارەزووی سێکسکردن لەگەڵ کوڕانی بەئەزموون کردووە، چونکە ئەزموونی دەستدرێژیکردن دەبێتە هۆی باڵقبوونی پێشوەختە، واتە کاتێک منداڵێک هیچ کارامەییەکی بنەڕەتی بۆ بەرەنگاربوونەوە نییە، و ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ ڕووبەڕووی کێشەی جۆراوجۆر

ببێتەوە و سیستەمی کەسایەتییەکەی تێک بچێ، ئەم تێکچوونە دەتوانێ دەرکەوتنی جۆراوجۆری هەبێ، یەکێک لەوانە نەبوونی توانای کۆنترۆڵکردنە کە وا دەکا هەست بە وابەستەیی بە پیاوان بکات.

باڵقبوونی پێشوەختە، کە بریتییە لە دەرکەوتنی نیشانە جەستەیی و هۆرمۆنییەکانی باڵقبوون کە لە کچاندا پێش تەمەنی ٧ ساڵ و لە کوڕانی پێش تەمەنی ٩ ساڵە؛ دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم منداڵانە باڵابەرزتر و گەورەتر لە هاوتەمەنەکانیان بنوێنن، بەڵام لە تەمەنی گەورەساڵیدا، بە هۆی باڵقبوونی پێشوەختەوە، گەشەی ئێسک زووتر لە کاتی ئاسایی دەوەستێ و لە کۆتاییدا ئێسکەکان کورتتر دەبن.

کاریگەرییە دەروونییەکانی سەرەتای باڵقبوونی پێشوەختە دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵان تووشی فشارەکانی هەڕەتی مێرمنداڵی ببن. لە ڕووی جەستەییەوە نیشانەکانی باڵقبوونیان هەیە، بەڵام ئەزموونی پێویستیان نییە؛ بۆ نموونە، کچان لە کاتی دەرکەوتنی نیشانەکانی باڵقیی سێکسیدا، لەوانەیە ئازاردانی سێکسی بەئەزموون بکەن و تووشی ترس و دڵەڕاوکێ و کێشەی دەروونی ببن. بەگشتی باڵقبوونی پێشوەختە لە کچاندا زیاترە وەک لە کوڕان. لە هەندێک حاڵەتدا نەخۆشییە گرنگەکانی کۆئەندامی عەسەبیی ناوەندی دەبنە هۆی ئەم حاڵەتە. هەندێک جار بەرهەمهێنانی هۆرمۆنی سێکسیی ژنانەش دەبێتە هۆی زوو باڵقبوون. باڵقبوونی پێشوەختە دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵان زۆر زوو وەبەر فشارەکانی هەڕەتی مێرمنداڵی بکەون. کاتێک منداڵ زوو باڵق دەبێ، پێی خۆشە وەکوو گەورەساڵان ڕەفتار بکا لە حاتێکدا هێشتا ناسیارییەکی زۆری لەبارەی ژینگە و جیهانی گەورەساڵان نازانێ و ئەمەش تەنانەت هەندێک جار دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەستدرێژیی سێکسی بکرێتە سەری، دواتر هەست بە گوناحباری دەکا، کە ئەمە زیاتر لە هەمووان منداڵ بێزار دەکا، بۆیە پێویستە پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ منداڵەکەدا دروست بکرێت. بابەتێکی تر ئەوەیە کە ئەگەر باڵقبوونی پێشوەختە لە کاتی خۆیدا چارەسەر نەکرێ ئەوە دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ و نائەمنیی پەیتا پەیتا و منداڵ لە ژیانیدا تووشی دڵەخورپەی دەبێ و ژیانی دەفەوتێت. لە هەموو حاڵەتێکدا زوو باڵقبوون کێشەیە چونکە کەسەکە لە ڕووی فیکرییەوە لە هەمان تەمەنی منداڵیدایە، بەڵام لە ڕووی جەستە و ئارەزووی غەریزەییەوە هەستی گەورەساڵەکانی هەیە. هەروەها باڵقبوونی پێشوەختە دەبێتە هۆی ئەوەی کەسەکە بچێتە ناو پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێ کە لە تەمەنی ئەودا نین و لە ڕێگەی ئەم پەیوەندییەوە لەگەڵ ئەزموونگەلێک ئاشنا بێ یان ئەو دۆخانە

بەئەزموون بکا کە لەگەڵ تەمەنی ڕاستەقینەی خۆیدا ناگونجێ و بە هۆی ئەمەشەوە ئەو تووشی زیان و کێشە ببێت. لێکەوتەی ئەندامێتی کەسێکی دەستدرێژیکراو کە زوو باڵق بووە لەم ناو گروپانەدا، دەتوانێ ببێتە هۆی بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان، ئالوودەبوونی سێکسی و لەشفرۆشی، هاوڕەگەزخوازی و پرسەکانی دیکە.

ڕەفتارە سێکسی و ناسێکسییە مەترسیدارەکان: ئەمە یەکێکی دیکە لە لێکەوتەکانی ئازاردانی سێکسییە. هەڵبەت ئەم ڕەفتارانە لەوانەیە لە منداڵیدا ڕوو نەدەن، بەڵکوو لە تەمەنەکانی دیکەدا خۆیان بنوێنن. منداڵێک بهێنە بەرچاوت کە لە خێزانێکی ناکۆک و هەژار و لە گەڕەکێکدا دەژی کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە نارێکخراوە. لەوانەیە دایک و باوکی لێک جیا بووبێتنەوە و لەگەڵ زەڕباوک یان یەکێکیان (دایک یان باوک) بژی. هەژاریی خێزان دەبێتە هۆی ئەوەی کە پێداویستییەکانی منداڵ بە باشی دابین نەکرێن و دایک و باوک لە پەروەردەی منداڵ و تواناکانی ئەودا نەتوانن سەرمایەی بۆ تەرخان بکەن. ئەم خێزانانە زۆر جار ناتوانن منداڵەکانیان بە شێوەیەکی کاریگەر بەکۆمەڵایەتی بکەن و شێوازی پەروەردەکردنی منداڵیان ناکارامەیە. بەئەزموونی ئازاردانی جەستەیی و دەروونی لەم خێزانانەدا زۆر باوە. جگە لە هەموو ئەم حاڵەتانە، وەک پیشانمان دا لە زۆر حاڵەتدا لە لایەن یەکێکیان (دایک یان باوک) یان کەسانی دیکە و ئەندامانی خێزانەکەیانەوە دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەریان.

هەروەها زۆر جار لەو گەڕەکانەدا دەژین کە هەموو جۆرە نانۆرمییەک دەبینرێ و بەئەزموون دەکرێت. لەو گەڕەکانەی کە پێیان دەوترێ نارێکخراو، فەزاکە بۆ کەڵکاوەژۆیی لەم منداڵانە بەستێنێکی لەبارە. بە هۆی هەژاری و داڕمانی تۆڕەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان - پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کاکڵی سەرەکیی سەرمایەی کۆمەڵایەتین - بەستێنێکی باش بۆ کەڵکاوەژۆییکردن لەم منداڵانە ئامادەیە، چونکە لە ئەنجامی هەژاری و هەرەسهێنانی تۆڕەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوان توانای کۆنترۆڵکردنی ژینگەی گەڕەکەکەیان نییە. لەم زەمینەدا ویکستروۆم و سامپسۆن باس لە گەشەکردن لە شێوەی چوارچێوە نیمچە گشتییەکان دەکەن کە دەبێتە هۆی ئەوەی گەشەی ئەخلاقیی منداڵان، کارکردی جێبەجێکردن و توانای خۆکۆنترۆڵکردنیان بکەوێتە مەترسییەوە. چوارچێوە گشتییەکان ئەوانەن کە زۆربەی منداڵان بە دوور لە چاودێریی خێزان گەورە دەبن (سامپسون و ویکستروم، ٢٠٠٣). لە ئەنجامی هەموو ئەمانە و بەتایبەت ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسی، منداڵ فێری ڕەفتاری سێکسی دەبێت.

فێربوونی کۆمەڵایەتی میکانیزمی کۆتایی ئەم بوارەیە کە بە باشی لە لایەن پارادایمی کۆمەڵایەتیی فێربوونەوە ڕوون کراوەتەوە و میکانیزمەکانی بریتین لە لاساییکردنەوە و مەرجداربوون و هاوشێوەکانی. هەروەها ئەم تیۆرییە ئەمڕۆ پەیوەندییەکی باشی لە نێوان میکانیزمە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو هەژاری لە ئاستی کەڵان و میکانیزمەکانی فێربوون لە ئاستی ورد ساز کردووە (بڕوانە اکرز ، ١٩٩٨). ئەم پرۆسە لە لایەن خاتوو لەیلا ئەرشەد، یاریدەدەری کۆمەڵایەتی (خانە خورشید) لە گەڕەکی دەرواز غار بە باشی شی کراوەتەوە: "هەموو شتێک زۆر بە یەکەوە گرێ دراوە. سووڕێکی هەژاری. پێکهاتەیەکی داڕزاو، و بێکاری و خەسارەتە کۆمەڵایەتییەکان و هتد کۆسپی بەر دەم مانەوەن کە لە ڕابردووەوە لەم گەڕەکەدا وەکوو خۆی ماوە و تێک نەشکاوە. ئێستا کەسێک هەیە سێ نەوە لەشفرۆشە کە بە هۆی هەمان هەژاری و بەرهەمهاتنەوەی هەژارییەوەیە، لێرەدا کەسێکمان هەیە کە تەمەنی ١٤ ساڵ بووە و دایکی هاوسەری پیاوێکی ناشیرینە. کچەکە لەگەڵ کوڕەکاندا دەچوو بۆ دزی. چەند جارێک کچەکەیان لەم ماڵە ڕفاندووە و دوای چەند ڕۆژێک بە دووگیانی گەڕاندوویانەتەوە. ئەم کچە خۆی لە ماڵ بێزار بووە، دەیوت "دەچم تاوانێک دەکەم، با بێن بمگرن و بمبەنە ناوەندێکی چاکسازی بۆ ئەوەی لە دایکم و باوەپیارەم دوور بکەومەوە و چاوم پێیان نەکەوێت" یان دەستدرێژی جەستەیی و سێکسی زۆرە، بە تایبەت بۆ کچۆڵەکان [...] . لێرە ماڵمانێکمان هەیە کە کوڕان دەچن و دەستدرێژی دەکرێتە سەریان و پارە وەردەگرن [...]. لێرەدا پارە بە کوڕانی ٨ یان ٩ ساڵان دەدەن بۆ ئەوەی شەڕ بکەن و ئەمانیش پێبکەنن" (قادری، ١٣٩٤ هەتاوی: ١٠٦ و ١١٢).

لەو قسانەی سەرەوەدا دیارە کە منداڵێک کە لە لایەن دایک و باوەپیارەیەوە ئازار دەدرێ، لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگەیەکدا دەژی کە بە هیچ شێوەیەک لە لایەن دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە پاڵپشتی لێ ناکرێ و هیچ سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی لە لایەن کۆمەڵگاوە بۆ گۆڕینی شێوازی ژیانی دانەڕێژراوە، ناچارە ڕوو لە کاری نایاسایی بکا بۆ ئەوەی بچێتە ناوەندی چاکسازی کە زیندانی منداڵانە و بەم شێوە ئاسایش و شوێنی نیشتەجێبوون بۆ خۆی دابین بکات. لە لایەکی دیکەوە لە هەمان کۆمەڵگای ئێراندا هەندێ گەڕەک هەن کە هەوڵ دەدەن کە لە ڕێگەی هاندانی منداڵان، بەتایبەت کوڕان بۆ شەڕ و خۆنمایشکردن گاڵتەیان پێ بکەن و کاتێکی خۆش بە سەر بەرن. بێ ئاگا لەوەی کە غروورێکی درۆیانە هەمیشە بەدەروونی دەبێ و تێکەڵ بە هەستی سووکی و لێکدژییە دەروونی و زەینییەکان دەبێ کە دەرەنجامی بەئەزموونکردنی ئەم بارودۆخانەیە و ئەمە ئەو

زەمینە بۆ ئەم کەسە دروست دەکا کە ڕوو لە گەنگەشە و خەسارەتە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بکا کە هەندێک جار هەتا کۆتایی تەمەن هەموو ژیانی تێوە دەگلێنێت.

لە میانەی دیمانە لەگەڵ منداڵان و پسپۆڕانی ئەم بوارەدا بۆمان دەرکەوت کە منداڵان چ لە تەمەنی منداڵیدا و چ لە قۆناغەکانی دواتری ژیاندا بە هۆی ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسی و بابەتەکانی دیکە کە لە سەرەوە باسمان کرد، فێری ڕەفتارە سێکسییەکان دەبن و لەوانەیە ڕوو لە ڕەفتارە سێکسییە مەترسیدارەکان بکەن. خاتوو زوڕییەتخوا چالاکوان لە بواری منداڵان سەبارەت بە فێربوونی ڕەفتارە سێکسییەکان لە ئەنجامی دەستدرێژی سێکسی وتی:

گفتوگۆیەکی تایبەتم لەگەڵیدا ساز کرد تا بگەمە قۆناغێک کە بتوانێ باسی ئەوە بکا کە ئەم بابەتە سەرچاوەکەی کوێیە. دەستی کرد بە دەست لێدان لە سکم، هەستم دەکرد کە وروژاوە و خۆی بەم لا و ئەو لادا دەخست دەستی لە خۆی دەدا. بە پاڕانەوەوە وتی دەتوانی دەست لە ... بدەیت؟ من دڵنیا بووم کە چی ڕووی داوە! وتم چی؟ نا دایە کەس نابێ دەست لە شوێنە تایبەتەکەمان ئێمە بدات. ئەو دەلاڵاوە تۆخوا. وتم بۆچی؟ وتی پێم خۆشە. وتم هەتا ئێستا کەسێک دەستی لە .... داوە؟ وتی نەخێر. وتم دەی ڕۆڵە گیان بۆ دایکی خۆتی باس بکە بە خوا هەر لای خۆمان دەمێنێتەوە. ئینجا وتی دایکم.

خاتوو ج ز کە لە لایەن کەسانی جۆراوجۆرەوە لە ناویاندا زەڕبراکەی دەستدرێژی کراوەتە سەر دەڵێ:

[...] دوای ئەم ڕووداوە، چەخماخەیەک کەوتە ناخمەوە و بەرەو ئاقارێکی جیاواز ڕاکێشرام و تێدەگەیشتم کە لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ کەسانی دیکە فەرقم هەیە و پێم وایە هۆشیاریی سێکسیم لەوساوە دروست بوو، ئێستا پێموایە بە ڕاستی مردووم و وزەم کەم بووە.

لە درێژەدا وتی:

تەنانەت دوای ئەوەی براکەم پەلاماری دام، دەستم لەوێم دەدا بە کەلوپەلی ناو ماڵ وەکوو بەتانی ئەوێم دەماڵی ویستم بزانم براکەم چی لێکردووم.

لە ئاخافتنەکانی سەرەوەدا هەستی جیاکاری و ئارەزووی خۆڕەحەتکردن لە ناو منداڵانی دەستدرێژیکراودا دەبینرێت. هەستکردن بە جیاوازبوون ناهێڵێ ئەو کەسە تێکەڵی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە سازێنەرەکان بێ و خۆڕەحەتکردن دەتوانێ ڕێگایەک بۆ ڕەفتارە سێکسییە مەترسیدارەکان بێت. خاتوو میم کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە لایەن خاڵۆیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەری، وتی:

هەمیشە پێم وابوو شتێکی ئاسایی و سرووشتییە و هەموو کەس هەیەتی. مێشکم گیرۆدەی ئەندامی نێرینەی کوڕی پوورم ببوو هەتا تەمەنی ٢٣ ساڵ و ئینتەرنێتم دەست کەوت و یەکەم شت کە بەدوایدا گەڕام گەورەترین ئەندامی نێرینە بوو. دیسانەوە ئەوەی لە مێشکمدا بوو گەورەتر بوو و من هەتا تێگەیشتم چۆناوچۆنە و کێ بە کێیە و پێم وایە لە پۆلی دووەمی ناوەندی بوو کە لە تەواوەکەی تێگەیشتم هی هەموو پیاوێکم دەبینی. بێجگە لە باوکم و خاڵۆم نەبێ ئەم هەستەم بۆ هەموو کەس هەبوو. سەیری هەموو پیاوەکانم دەکرد کە کوا ئەندامی نێرینەیان؟ لەکوێیە؟ بۆچی دیار نییە؟ لە قۆناغێ ناوەندیدا زانیم مەسەلەکە چییە، بەڵام مێشکم بە شیکردنەوەی پشتوێن بەرەو خواری پیاوان ڕاهاتبوو. ئەمە دڵەڕاوکێ و بێ بایەخی و ئازاردانی ویژدان و سترێسی منی زیاتر دەکرد. لە بیرمە کە بە هۆی ئەم حاڵەتەوە سێ جار چوومە مەزاری ئیمام ڕەزا بۆ ئەوەی بڵێم لێم خۆش بێ چونکە گوناحبارم. تەوبە دەکەم، شتێکم بۆ بکە تا چاک ببمەوە و کەسێکی باش بم.

گێڕانەوەکانی سەرەوە هەموویان ئاماژە بۆ فێربوونی ڕەفتارە سێکسییەکان لە ئەنجامی بەئەزموونکردنی دەستدرێژیی سێکسی دەکەن. سروشتییە کە هەموو مرۆڤێک لە قۆناغێکی ژیانیدا فێری ئەم ڕەفتارانە دەبێ، بەڵام فێربوونیان لە ئەنجامی دەستدرێژی بە شێوەیەکی دروست ئەنجام نادرێ و دەتوانێ ڕەفتاری مەترسیدار لە نێو منداڵانی لێ بکەوێتەوە. لە ئەنجامی ئەم بیرکردنەوە و ڕەفتارانەدا، لەوانەیە هەست بە گوناح بکا، هەستکردن بە گوناحێک کە تێکەڵ بە ئازاری ویژدان و خۆتۆمەتبارکردنە و لە کۆتاییدا پەنابردن بۆ هێزی دیکەیە بۆ ئەوەی قەڵەمی لێخۆشبوون و بە گوناحەکانیاندا بهێنرێت. وەک خاتوو مووەحد کە سێ جار بە نیازی تەوبەکردن چووەتە مەزاری ئیمام ڕەزا. دەتوانین لەوە تێبگەین کە منداڵان لە ئەنجامی ئەم دەستدرێژییانە و فێربوونی ڕەفتارە سێکسییەکان و لە هەندێک حاڵەتدا ئەنجامدانیان تووشی چ گرژییەکی دەروونی و هەستی گوناحکردن دەبن. لە خشتەبردن یەکێکی دیکە لەو جۆرە ڕەفتارانەیە کە پیشاندەری فێربوون دەربارەی پرسە سێکسییەکانە.

خاتوو س مامۆستا وتی:

لێکەوتەکانی دەستدرێژی خۆڕەحەتکردن بوو کە هەندێک جار زیانی بە جەستەی دەگەیاند بۆ نموونە منداڵێکی تەمەن نۆ ساڵان کە کەشمە و نەشمی تایبەتی هەبوو. لە خشتەبردن؟ بەڵێ. شێوەکاری و مۆدێلی ئەو جلوبەرگانەی کە لەبەریان دەکرد زۆر بۆیان

گرنگ بوو، کە لە چاوی ئەو پیاو و کوڕانەی کە لە دەرەوەن جوان دەربکەون و چۆن بیانبینن. ئەوان دەیانوت چی لەبەر بکا کە ئەوان حەزیان لێیە.

کەسی دەستدرێژیکراو سەبارەت بە خۆی ڕوانینی بەشتدانان و کاڵایانەی هەیە کە لە پێوەندی لەگەڵ دیتران (کەسانی دیکە) ئەم ڕوانینە تۆختر دەبێتەوە و بەردەوام هەوڵی دەستکاریکردنی جەستەی دەدا بۆ ئەوەی ڕەزامەندیی دیتران یان کەسانی دیکە بەدەست بهێنێ و میکانیزمی کۆنترۆڵگەرانە بۆ خۆی درێژە پێ بدا و زیاتری دەکاتەوە.

خاتوو سین چالاکوانی کۆمەڵایەتی لە بواری منداڵان وتی:

هیز ببوو و زۆر هەوڵی دەدا پیاوان بەرەو لای ڕابکێشێ و ئەم کچە تەمەن ١٠ ساڵە وەها لەگەڵ پیاوان ڕەفتاری دەکرد کە کچێکی تەمەن ٢٥ ساڵ ئاوا ڕەفتار دەکات. شێوازی جل و بەرگەکانی، زۆر حەزی لە گۆرانیبێژ و ئەکتەرەکان بوو، لەو تەمەنەدا تەواوی ڕێزی کچێکی نەوجەوانی لەدەست دابوو.

ئەو قسانەی سەرەوە هۆگریی کەسی دەستدرێژیکراوی بۆ بوون بە ئەکتەر یان گۆرانیبێژ نیشان دەدات. ئەم ململانێ زەینییە بۆ بینران و هەوڵدانی بۆ ئەم مەبەستە، بە هۆی هەستی سووکایەتی، بێبایەخی و بێدەسەڵاتیی دەروونییە کە ڕەنگە ڕەگ و ڕیشەکەی لە ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسیدا بێت. منداڵان، لە تەمەنێکی دیاریکراودا، دوای فێربوونی ڕەفتارە سێکسییەکان، دەست دەکەن بە ئەنجامدانی ئەم جۆرە ڕەفتارانە، خۆڕەحەتکردن یەکێک لەو ڕەفتارە سێکسیانەیە. ژنێکی تەمەن ٥٠ ساڵ کە لە منداڵیدا لە لایەن براژنیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەری دەڵێ:

ڕاستییەکەی لە تەمەنێکدا بووم کە چێژم لەم کارە دەبینی و نەمدەتوانی لەگەڵ پیاوێکدا سێکس بکەم، چێژێکی زۆر خۆشی پێم دەبەخشی، هەر بۆیە دەستم کرد بە خۆڕەحەتکردن. ئایا لەگەڵ کەس لە سەر ئەم ئەزموونە قسەت کردووە؟ بەڵێ کە گەورەتر بوو، دۆستێکی کوڕم هەبوو و وتی تۆ پاکیزە نیت. وتم، بۆچی شتی وا دەبێت؟ وتم من لەگەڵ کەس سێکسم نەکردووە و ئەو خانمەی کە هاوڕێم بوو چووم بۆ لای وتی بە هۆی سووانەوە وای لێ هاتووە و بە دخوولی پیاو وای لێ نەهاتووە.

نەهال تەمەن ٣٤ ساڵ و پسپۆری دەروونناس دەڵێ:

ئەنجامەکەی ئەوە بوو منێک کە کونجکۆڵ بووم، ئەوە وای لێکردم زیاتر هۆشیار بم، و ئەو خۆڕەحەتکردنەی کە هەر بەو جۆرەی کە خاڵۆم پێی وتم ساڵەهای ساڵ ئەوە تاکە شێوازی ئەو بوو. من هەتا ماوەیەک نەمدەزانی کلیتۆر چییە؟ ناوەکەی نازانم، مرۆڤ دەستی لێ

دەدا و دەیماڵێ و تێر دەبێ، بەڵام بەو شێوازەی کە ئەو وتی سەیری فیلمێکی کرد. کە لەو فیلمەدا ژنێک کە کتێبێکی دەخوێندەوە، پاشان قاچەکانی لێک دەخشاند و من هەر ئەوەم ساڵانێکی زۆر بەکار دەهێنا.

گێڕانەوەی نەهال بە باشی نیشان دەدا کە چۆن لە ئەنجامی دەستدرێژی بە هەڵە فێری ڕەفتارە سێکسییەکان دەبن و ئەمە بووەتە هۆی بەردەوامبوونی ئەو ڕەفتارانە. ژنێکی تەمەن ٤٢ ساڵ و کارمەندێکی بانک سەبارەت بە ئەزموونکردنی دەستدرێژی و فێربوونی ڕەفتاری سێکسی و ئارەزووی سێکسکردن دوای کۆتاییهاتنی دەستدرێژییەکە دەڵێ:

[دەستدرێژیکارەکە] باوکم بوو و هەستم نەدەکرد شتێکی خراپم بە سەر هاتووە و پێم وا بوو لە تەمەنێکی تایبەتدا گرنگییەکی تایبەتم پێ دەدرا و پێم وابوو کە ئەمە دەتوانێ هاوسەرەکەم بێت. کاتێک لە باوکم جیا بوومەوە و هاوسەرگیریم کرد، هەستم دەکرد ئەوە یەکەم تەڵاقمە، هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە کە شتێکی خراپ بە سەرمدا هاتووە، یان دەستدرێژی کراوەتە سەرم. وەک ئەوەی عاشقی باوکم بووبم، ئەو منی خۆش دەوێ و ئەمەم لەگەڵ دەکات.

دەستلێدان یان ئەنجامدانی ڕەفتارە سێکسییە مەترسیدارەکان: خەسارەتێکی دیکە بریتییە لە ئازاردانی سێکسی. خاتوو ب باسی بێباکی لە سێکسدا کردووە:

ئینجا سەیر ئەوەیە کە ئێستا ئەم بێباکییەی لە سێکسدا هەبووە؛ واتە ئەوە نییە هەموویان خۆیان بەدوور بگرن. هەندێکیان بێ ئەدەبن و شتێکت پێ دەڵێن کە یەکسان لەگەڵ دیترئازارییە.

خاتوو ج ز لە تەمەنی ١٧ ساڵییەوە پەیوەندییەکی سێکسیی زیانبەخشی بەئەزموون کردووە. ئەو دەبێتە دۆستی کەسێک لەبەر ئەوەی بەڵێنی هاوسەرگیری پێدەدا، سێکسی لەگەڵ دەکا بە جۆرێک کە سواری ماتۆڕسکیلێتی دەکا و دەیباتە دەرەوەی شار و سێکسی لەگەڵ دەکات. لەم زەمینەدا وتی:

یەکێکی دیکە لە لێکەوتەکان ئەوە بوو کە لە تەمەنێکی بچووکدا ئاشنای بابەتی سێکسی بووم و یەکێک لە کەڵکەڵەکانم بوو. بۆ نموونە لە تەمەنی ٨ ساڵانەوە فێری خۆڕەحەتکردن بووم و لە تەمەنی ٩ ساڵاندا کەوتمە سوڕی مانگانە، بۆ نموونە، ئەگەر کاتێک تەمەنم لە ناو ١٠ ساڵ بووایە، هەستم دەکرد کە عاشقی پیاوێکی تەمەن ٢٥ ساڵم و بە جۆرێک خۆشەویستی و سەرنجڕاکێشیم لە خۆمدا بەدی دەکرد و ئەمەش وای کرد کە دیسانەوە لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا ڕوو بدا، کە نموونەکەشی ئەو دەستدرێژییە سێکسییە بوو کە کرایە

سەرم. لەگەڵ کەسێکدا چووبووم بۆ ئەوەی ببینم بەڵام کاتێک دەستدرێژی کردە سەرم، هێزم نەبوو بڵێم نا، لە پێشدا خۆڕاگرییەکم کرد بەڵام نەمتوانی بەرگری لە خۆم بکەم.

لەم لێدوانانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئازاردانی سێکسی بۆ کەسی قوربانیی پەیوەندیی سێکسی لە ماوەی خولێکدا دەتوانێ ببێتە هۆی پەیوەندیی سێکسیی مەترسیدار. واتە دوای بەئەزموونی دەستدرێژییەکە، هەست و ئارەزوویەک لە کەسەکەدا دەبزوێنرێ و توندتر دەبێ کە تەنانەت هۆگری کەسانی گەورەتر لە خۆی دەبێ و هاوکاتیش خۆیان ڕەحەت دەکەنەوە و لە کۆتاییدا هەموو ئەم هەست و ئارەزووانە، کە ڕێخۆشکەرەکەیان هەمان دەستدرێژیی سێکسی بووە خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوەی لە هەمبەر دەستدرێژییە سێکسییەکانی دیکە و تەنانەت فرەیی ڕێژەی پەیوەندییە سێکسییەکان کەم دەکاتەوە؛ بە جۆرێک کە ڕەنگە فرەیی ڕێژەی پەیوەندیی سێکسی و لە زۆر پەیوەندیدا ناکامی بەئەزموون دەکا و بەردەوام کێشەکانی زیاتر دەبێت. بە واتایەکی تر ڕاپەڕێنەری بە شێوەیەکی بونیادنەر و کارا لێی دەسێندرێتەوە و زیاتر ناچالاک و پاسیڤ دەبێت. لە ڕاستیدا هەستی کونجکۆڵیی منداڵانە لە منداڵانی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسیدا بەرەو بەئەزموونکردنی پەیوەندیی سێکسی پەیتا پەیتا و لەگەڵ کەسانی جیاواز ڕاکێش دەکات.

لە گێڕانەوەیەکدا، لێکەوتەکانی دەستدرێژیی سێکسی بەتایبەت پەیوەندییە بێ ئاکامەکان، بە باشی ڕوون کراونەتەوە:

ئەگەر لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا ئەمەم بە سەر هاتبێ و ئێستا تەمەنم ٣٣ ساڵە، تەمەنم لەناو ٢٠ ساڵی ڕەبەقە. من ٢٠ ساڵە هەستی ناخۆش و ڕق و بێزاری و نائەمنی و ئەزموونی تاڵ و عەشقی بێئاکام و پەیتا پەیتام بەئەزموون کردووە. هەستێکی باش نییە.

هەموو گێڕانەوەکانی سەرەوە بە باشی نیشان دەدا کە چۆن ئەم کۆمەڵە منداڵە چ بە دڵی خۆیان و چ بە نابەدڵ ڕەفتاری سێکسیی مەترسیداریان ئەنجام داوە. لە هەندێک حاڵەتدا، وەکوو کەیسی خاتوو مێعمار، بە هۆی تۆڵەسەندنەوە لە دایک و باوکی و بەئەزموونکردنی ئەو ڕەفتارانە، کارێکی لەو شێوەی ئەنجام داوە. خاتوو ج ز بە جۆرێک هەڵوەدای دەستخستنەوەی هەستی پاکیی بووە کە زیانێکی زیاتری پێگەیشتووە و خوشکی خاتوو مووەحد ئالوودەی سێکس بووە. هۆگری یان مەیل بۆ ڕەگەزی بەرامبەر لێکەوتەکانی دیکەی دەستدرێژیی سێکسین، خاتوو میم ر وتی:

شتێکی تر کە پێویستە باسی بکەین ئەوەیە کە خێزانەکان بە گشتی وا بیر دەکەنەوە کە کوڕان هەمیشە لە پەیوەندییە سێکسییەکاندا بکەرن و هەرگیز بە بیریاندا نایە کە کوڕانیش لە سێکسدا دەتوانن ڕۆڵی بەرکاریان هەبێ و دەستدرێژی بکرێتە سەریان سێکسی بکرێن، بۆیە ئازادن و بە ئاسانی دەتوانن هاتوچۆ بکەن. بە پێچەوانەی ئەم شێوە بیرکردنەوە، کوەڕان زیاتر تووشی دەستدرێژیی سێکسی دەبن و ئەوان بە هۆی ئەوەی کە زۆر دەچنە دەرەوە، دەستدریژیی سێکسی دەکرێتە سەریان، ئەو کوڕانەی کە لە منداڵیدا دەستدرێژیی سێکسییان کراوەتە سەر و بە ئاسانی دەچنە دەرەوە و لە تەمەنی گەورەساڵیدا ڕوو لە هاوڕەگەزخوازی و هاوڕەگەزبازی دەکەن.

خانمی یاریدەدەری تەمەن ٣٣ ساڵە ئەزموونی خۆی بەم شێوە گێڕاوەتەوە:

چونکە بە هۆی ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسییەوە زیانێکی زۆرم پێگەیشتبوو و ڕقم لە پیاوان بوو، بەڵام کچێکی قەشەنگ و ژیکەڵە بووم بەڵام هیچ هەستێکم بۆ سێکسکردن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر نەبوو و متمانەشم پێیان نەبوو، جوانییەکانم دەقۆستەوە بۆ تۆڵەسەندنەوە لە پیاوان، بۆ نموونە باشم لە بیرە کاتێک حاڵەتێک پێش دەهات و پیاوێک تووشم دەبوو بە نیازی تۆڵەکردنەوە نەزانانە هەندێ ڕەفتارم لێ دەوەشاوە کە ئێستا ناوی دەنێم لە خشتەبردن و کەشم و نەشمی پیاوبزوێن. کارێکی وام دەکرد ئەو کەسە شێتم دەبوو و هەندێ جار هەستم دەکرد کە خەریکە حەشەری دەبێ بەڵام لە هەمان کاتدا، بە قسە یان ڕەفتاری تۆڵەسەندنەوە بەرپەرچیم دەداوە، یان ڕەتم دەکردەوە، بۆ ئەوەی تەواو بشەمزێ بەڵام هەرگیز سێکسم لەگەڵ نەدەکرد واتە نەدەچوومە ناو پەیوەندیی سێکسیی مەترسیدارەوە، بەڵام من بەم فێڵە تۆڵەم دەکردەوە و لەو کاتەدا منداڵتر بووم و درکم بە ئەنجامی ڕەفتارەکانم نەدەکرد و هەڵبەت بەشێکی ئەم فێڵە بەئەنقەست بوو، بەڵام چێژم لێ دەبینی؛ بەڵام ئێستا کە تێگەیشتووم زۆر پەشیمانم، بەڵام چونکە دەزانم بۆچی نەزانانە ئەم کارەم کردووە، لە خۆم خۆش دەبم.

لەم قسانەی سەرەوەدا ڕوونە کە ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسی لە منداڵیدا دەتوانێ کاریگەری و دەرهاویشتەی جیاوازی لێ بکەوێتەوە هەر وەکوو چۆن لە ڕووی لێکەوتەوە خاڵی هاوبەشیشی هەیە. بۆ نموونە مەیلی هاوڕەگەزبازی لە پیاواندا دروست دەکا، لە ژنانیشدا، ئارەزووی فرەیی پەیوەندیی سێکسی بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە دروست دەکات. لەم ڕاپۆرتەی سەرەوەدا، خاڵێک بەدی دەکەین کە چۆن ئەم کۆمەڵە منداڵانە چ

هۆشیارانە و چ ناهۆشیارانە ڕوو دەکەنە ڕەفتارە تۆڵەسێنانە کە هەندێک جار مەترسیداریشن. وەکوو نموونەکەی سەرەوە لە هەندێک حاڵەتدا ئەم ڕەفتارانە بە هۆی تۆڵەسەندنەوە لە پیاوان ئەنجام دراون، هەرچەندە دوای ئەم ڕەفتارە هەستی گوناحباریی دووقات دەروونی تەنیوە و پەشیمانبوونەوە لەو ڕفتارە بۆ ماوەیەک کاریگەری لە سەر داناوە بەڵام دوای ماوەیەک هۆشیار بووەوە و هەوڵی داوە ئەم ڕەفتارە قەرەبوو بکاتەوە و لە هەڵەی خۆی خۆش بێ و باشتر بووەتەوە. کەواتە بۆیە ئەو هۆکارانەی کە تاک بەرەو ڕەفتاری سێکسیی مەترسیدار دنە دەدا، لێکەوتەی ڕووخێنەر و قەرەبوونەکراوی هەیە. کەسەکان کە زانیاریی تەواویان لە سەر پەیوەندیی سێکسی مەترسیدار نییە، تەندروستیی خۆیان تووشی چەندین مەترسی و زیان دەکەنەوە. ڕەفتاری سێکسیی مەترسیدار دەتوانێ هەموو جۆرە نەخۆشییەکی نزیکی و ئایدزی لێ بکەوێتەوە، هەر بۆیە پێویستە مرۆڤ لێی دوور بکەوێتەوە. پەیوەندیی سێکسیی مەترسیدار ئەوانەن کە ئەگەری بریندار‌بوون و خوێنبەربوونیان هەیە، کە تێیدا کۆندۆم بەکار نەهێنراوە یان بە شێوەیەکی هەڵە بەکار هێنراوە. نیگەرانی لە پەیوەندیی سێکسیی مەترسیدار تەنها لە نەخۆشیی ئایدزدا تەسک نابێتەوە، ڕەفتارە سێکسییە مەترسیدارەکان ئەگەری گواستنەوەی هەر چەشنە نەخۆشییەکی سێکسی زیاد دەکەن.

لە بواری تاواناسی، دەروونناسی و کۆمەڵناسیدا چەندین تیۆری و لێکۆڵینەوە هەن کە ڕوونی دەکەنەوە بۆچی مرۆڤەکان ڕەفتاری لادەرانە و مەترسیدار لە خۆیان پیشان دەدەن کە زیانیان پێ دەگەیێنێت. دوو پارادایمی سەرەکی لەم بوارەدا هەن کە بریتین لە پارادایمی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و فشار. بە پێی پارادایمی یەکەم، ڕەفتاری مەترسیداری وەکوو تاوانکاری، ڕاکردن لە ماڵەوە، ڕەفتاری دژە کۆمەڵایەتی، تاوان و هتد دەرەنجامی تێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو کۆنترۆڵانەن کە لە ئەنجامی ئەم پەیوەندییانە دروست دەبن (هیرشی، ١٩٦٩؛ گاتفردسون و هیرشی، ١٩٩٠). کۆنترۆڵەکان، بەتایبەت خۆکۆنترۆڵکردن، ئەو توانایانەن کە لە ئەنجامی چاودێریکردنی منداڵان و بەکۆمەڵایەتیکردنی کاریگەریان لە کەسایەتیاندا بیچم دەگرێت. ئەگەر بە هەر هۆکارێک ئەم کۆنترۆڵانە تێک بچن ئەوا زەمینە بۆ ڕەفتارە مەترسیدارەکان خۆش دەبێ، وەک ئاماژەی پێ کرا، ئەم جۆرە ڕەفتارانە لە ئەنجامی گرنگینەدانی دایک و باوک بە خۆشگوزەرانیی منداڵەکانیانە (گۆتفرێدسۆن و هیرشی، ١٩٩٠).

پارادایمی فشار جەخت لە سەر ئەزموونی فشارە جۆراوجۆرەکان دەکاتەوە، لەوانەش ئەزموونی ڕەفتارە بێزارکەرەکان کە دەرهاویشتەی ڕەفتارە مەترسیدارەکانە (اگنیو ، ٢٠٠٧). بەئەزموونکردنی ئەم فشارانە دەبێتە هۆی هەستی نەرێنی و هەستی نەرێنیش دەبێتە هۆی ڕەفتاری بەدیل کە نموونەکەی ڕاکردن لە ماڵە. ئەو منداڵانەی کە دەستدرێژیی سێکسی بەئەزموون دەکەن زۆر جار لە ناو خێزانە پشێوەکان و یان لە گەڕەکە نارێکخراوەکاندا دەژین. ئەم خێزانانە نەک هەر سەرمایە بۆ گەشەپێدانی تواناکانی منداڵەکانیان تەرخان ناکەن، بەڵکوو بەشێوەیەکی ئازاردەرانە مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیاندا دەکەن. یەکێک لەو ڕەفتارە ئازاردەرانە، دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵانە. ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسی دەبێتە هۆی لاوازبوونی وابەستەیی بە دایک و باوک و دیتران و هەستی نەرێنی و لە کۆتاییدا ڕەفتاری بەدیل.

لەم توێژینەوەدا بینیمان کە هەندێک لە منداڵان کە تووشی دەستدرێژیی سێکسی ببوون، ڕوویان کردبووە ڕەفتاری مەترسیدار و زیانبەخش. یەکێک لەو ڕەفتارانە ڕاکردن لە ماڵەوە بوو. ئەگەر پێداچوونەوە بە توێژینەوەکان لە بواری ڕاکردن لە ماڵەوە بکەین، بێشک یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم ڕاکردنە دەستدرێژی بە شێوەی جۆراوجۆر بووە. نووسەری ئەم بەشە کە چەند ساڵێک ئەزموونی کارکردن لە بواری خەسارەتە کۆمەڵایەتییەکان لەوانەش کارکردن لەگەڵ کەیسەکانی ڕاکردنی بووە بە باشی بۆی دەرکەوتووە کە دەستدرێژیی سێکسی یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی هەڵاتنی منداڵان لە ماڵەوە بووە. دەبێ بگوترێ کاتێک ژینگەی ماڵەوە بۆ منداڵان پارێزراو نەبێ و هەموو جۆرە ڕووداوێکی ئازاردەری وەکوو دەستدرێژیی جەستەیی، فیزیکی، دەروونی و سێکسی بەئەزموون بکەن و تۆڕی پشتیوانییان نەبێ، ناچار دەبن ڕا بکەن. دەروونناسی ناوەندی کەمکردنەوەی خەسارەتەکانی ژنان ئەزموونی یەکێک لە کۆمەکخوازەکانی بەم شێوە باس کردووە:

بەڵێ یەکێک لەو کۆمەکخوازانەی لێرە بوو باوکی و دایکی لێک جیا ببوونەوە و لەگەڵ پووری هاوسەرگیری کردبوو. هەر جارێک کە دەچوو بە پووری دەوت کە باوکم پەلامارم دەدا، پووری باوەڕی پێ نەدەکرد. و کچە دەیوت عاشقی باوکیەتی و هەتا ئەوەی چەندین ساڵ لە لایەن باوکی و براکەیەوە دەستدرێژی دەکرایە سەر، دواجاریش ڕای کرد و هاتە تاران و دواجار لەوێ بوو بە لەشفرۆش.

خاتوو ب، توێژەری کۆمەڵایەتی، بەسەرهاتی یەکێک لە کۆمەکخوازەکانی بەم شێوە گێڕاوە:

و ئەوەی کە لە منداڵیدا بە نیازی سێکسی دەستی لێدراوە، ئەم کچە بە هۆی ئەو دەستدرێژییە لە پۆلی چوارەم و پێنجەمی سەرەتایی لە قوتابخانە هەڵدێ و لە لایەن ژنێکەوە دەڕفێنرێ و لە ماڵەوە دەیفرۆشرێ و دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەر.

ژنێک لە سەر شەقام، بینیوتە ئەمانە متمانە بە هەر کەسێک دەکەن، بەڵێ لە سەر شەقام، دەیانبەن بۆ ماڵی سەیر و سەمەر یان خانەی گەندەڵی ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە، بەڵێ، دواتر ڕا دەکا، بێهزیستی دەیگرێتەوە ماوەیەک لە بێهزیستی بووە هەتا ئەوەی کە داپیرەی دێ و لە بێهزیستی دەیبا ئیتر هەر لە بێهزیستی لەگەڵ ئێمە ئاشنا دەبێ و دەیهێنە هەڵبەت ئێرە نا ئەو شوێنەی پێشتر لەوێ بووین، بەڵام ٤ ساڵ لەگەڵ ئێمە بوو و لەو ماڵەدا کاتێک هەست دەکا کە خەریکە دەستدرێژی دەکرێتە سەر و هەمو جۆرە دەستدرێژییەکی سێکسی بۆ نموونە جووتبوونی کۆمی و...؟ هەتا ماوەیەک لەو ماڵەدا دەمێنێتەوە و دواتر دیسانەوە بە تەنیا لەو ماڵە ڕا دەکا، بە جۆرێک زیندانی بووە، ئیتر بە کردەیی زیندانی دەبێ، بەڵێ ئیتر جێگای نەبوو و خۆشی منداڵیش بوو.

ئەو دوو گێڕانەوەی سەرەوە بە ڕوونی نیشان دەدەن کە چۆن ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسی لە نەبوونی سیستەمی پشتیوانیدا بووەتە هۆی هەڵهاتن و چۆن هەڵهاتن بووە بە هۆی کۆمەڵێک ڕەفتاری ئازاردەرانەی بەرفراوانتر لەوانەش لەشفرۆشی. بە واتایەکی تر لێرەدا ئێمە ڕووبەڕووی کاردانەوەی شەڕ و ڕاکردن دەبینەوە، وەڵامی شەڕ و ڕاکردن کە بە وەڵامدانەوەی فشاری توندیش ناو دەبرێ، بۆ یەکەم جار لە ساڵانی ١٩٢٠ لە لایەن واڵتەر کانۆنەوە ناسێندرا. بە پێی تیۆریی کانۆن، ئاژەڵەکان بە چالاککردنی بەهێزی سیستەمی ئەعسابی سەمپاتیک بەرامبەر بەو مەترسییانەی کە هەڕەشەیان لێدەکەن، کاردانەوەیان دەبێت. دواتر زاناکان بۆیان دەرکەوت کە کاردانەوەی شەڕ و ڕاکردن بەشێک لەو نیشانەیە کە زیندەوەران بۆ بەرەنگاربوونەوەی ترس بەکاری دەهێنن. کاتێک ڕووبەڕووی بزوێنەرێک دەبینەوە، مێشکمان سەبارەت بە هەڕەشەئامێزبوونی دۆخەکە قەزاوەت دەکات. ئەم قەزاوەتە لە سەر بنەمای زانیارییە هەستییەکانمان و ئەزموونەکانی پێشوومان بیچم دەگرێت. لە هەر دوو حاڵەتی سەرەوەدا تووشی دیاردەی ڕاکردن لە دۆخێکی سترێسدار بووینەوە کە دەستدرێژیی سێکسی بابەتی سترێسداری هەر دووکیان بووە بژاردەی ڕاکردنیان لەو دۆخە بە ڕێگەیەک بۆ ڕزگارکردنی گیانی خۆیان زانی و ڕاکردن لە ماڵەوەیان پێ باشتر بوو.

بەڕێوەبەری کۆمەڵەی ئایدزی ئێران وتی:

ژمارەی ئەو حاڵەتانەی کە کچان لە ماڵەوە ڕایان کردووە بە هۆی ئەوەی برا یان باوکیان کە زیاتر باوکەکان بوون دەستدرێژی کراوەتە سەریان، زۆر زۆر زۆر بووە و ئێستاش هەر زۆرە و زۆربەی حاڵەتەکان ئەگەر لە تاران بن، هی وەرامین، شاری ڕەی یان ژمارەی حاڵەتەکانی دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان لە هەمان دەروازە غارە کە خۆتان بینیوتانە، زۆر زۆر زۆرن.

لەم گێڕانەوەشدا ڕوونە کە ئەزموونی ژیان لە گەڕەک و ناوچە نارێکخراوەکان و خێزانە پشێوەکان و دەستدرێژیی سێکسی یەکێک لە هۆکارەکانی ڕاکردنی کچان لە ماڵەوە بووە. پزیشکی دەروونناس و بەڕێوەبەری کلینیکەکە حاڵەتەکەی دیکەمان ئاوا بۆ دەگێڕێتەوە:

خانمەکە تەمەنی ٢٠ ساڵ بوو؛ واتە هەتا تەمەنی بیست ساڵی لەگەڵ ئەم باوکەدا بووە. دەی بۆچی سەردانی ئێرەی کرد؟ ئەو قبووڵی کردبوو کە لەگەڵ باوکیدایە و بە نیازە شوو بە کوڕێک بکا کە لە زانکۆ ناسیویەتی و باوکیشی مل نادات. باوکی وتوویەتی تۆ هەر هی منی و ناتوانم بتدەم بە کەسێکی دیکە. هات و وتی چی بکەم؟ ئایا پەیوەندیی سێکسیی تەواویان بووە؟ تەواو تەواو. ئایا دووگیانی ڕووی داوە؟ نا. وایە شانزە ساڵ؟ منداڵەکە قبووڵی کردووە چونکە شوێنێکی پارێزراوی جگە لە ماڵەوە نەبوو و کەسیشی نەبووە. دایکیشی نەبووە کە پێی بڵێت. باوک و منداڵەکە بوون. کۆمەکخوازی خۆتانە؟ بەڵێ. ئایا لە ماوەی ئەم هەمووە ساڵەدا بە کەسی نەوتووە؟ نا نەیوتووە و دەیگوت هەڕەشەم لێدەکات. ئێستا کچە دەڵێ دەمهەوێ ڕەدوو بکەوم و باوکم ناهێڵێ شوو بکەم. وتی ڕا دەکەین خۆمان دەشارینەوە.

لەم حاڵەتەدا دەستدرێژیی سێکسی درێژخایەن بۆ سەر ئەم منداڵە وای کردووە کە باوکە بەرامبەر بە کچەکە هەست بە خاوەنداریتی بکا و نەهێڵێ شوو بکا، هەر بۆیە بژاردەی بەدیل بۆ ڕزگاربوون لە باوکی ئەوەیە کە هاوسەرگیری لەگەڵ کەسی دڵخوازی خۆی بکا و لەگەڵی ڕەدوو بکەوێت.

کەیسێکی دیکە لە لایەن خاتوو ف.کاف، پسپۆڕی باڵای خانەوادە دەڵێ:

[...] لە کۆتاییدا سارام بەداخەوە دوای چەند ساڵێک لە چوارڕیانەکەدا بینی. نەکا ئەمەش! بەڵێ لە ماڵی مامی هەڵاتبوو، نازانم چۆنیان هەڵسوکەوت لەگەڵ دەکرد و چەند جارێک تەلەفۆنم بۆ ژمارەکانی مامی و باوکی کرد، وەڵامیان نەدامەوە. ئەمە چارەنووسی ئەم منداڵانەیە. ئەی باوە گیان، خۆ ئەمانە هیچ پشتگیرییەکیان دەست ناکەوێت.

بەڕێزیان سەبارەت بە حاڵەتێکی تر دەڵێ:

مێردی پوور (زاوای باوک) پەردەی کچێنیی ئەم کچە هەڵدەدرێ و ساڵانێکی زۆی سێکسی لەگەڵ دەکا، بەڵام دەگاتە ئاستێک کە ئەم کابرا ئیتر ئەم کچەی ناوێ، کاتێکیش پەیوەندییەکەی لەگەڵ دەپچڕێنێ، کچە لە ماڵ ڕا دەکا و دەبێتە کچە خیابانی.

گێڕانەوەکانی سەرەوە بە باشی نیشان دەدەن کە چۆن ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسی و بە دوایدا ڕاکردن لە ماڵەوە مەترسیی دواتری لێ کەوتۆتەوە، مەترسیگەلێکی وەکوو ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسی و لەشفرۆشی. منداڵان چ ئەو کاتەی کە لە ئەنجامی دەستدرێژیکردن لە منداڵیدا ڕا دەکەن و چ لە ساڵانی دواتردا، لایەنێکی بەربڵاو لە خەسارەتەکان بەئەزموون دەکەن. بەشێکی زۆری کۆمەڵگا ڕوانینێکی نەرێنییان بۆ کچانی هەڵهاتوو هەیە، واتە کچێک کە بە هۆی نەگونجان لەگەڵ خانەوادەکەی و بابەتە ئەخلاقییەکان لە ماڵەوە هەڵدێت. ئەوان کاتێک لە ماڵەوە هەڵدێن، دەبنە ئامانجی بەردەستی تاوانباران و لە یەکەم دەرفەتدا کەڵکاوەژۆییان لێ دەکرێت. هەروەها ئەم کچانە بە هۆی نەبوونی پشتیوانێکی وەکوو خانەوادەیەک کە بتوانن لەگەڵیدا بژین، ڕوانگەی نەرێنیی کۆمەڵگا بەرامبەر بەم کچانە و هەروەها نەبوونی دەرفەتی ئابووری بۆ کارکردن و دەستخستنی داهات بە هۆی کێشە ئابوورییەکانی کۆمەڵگای ئێران و جیاکاری لە دژی ژنان، لە هەندێک حاڵەتدا بۆ دابینکردنی تێچووی ڕۆژانەیان ناچارن لەشفرۆشی بکەن. هەڵبەت هەڵبژاردنی لەشفرۆشی تەنها بۆ دابینکردنی خەرجی ژیان ڕوو نادا، بەڵکوو ڕەنگە دوای دەستدرێژیی سێکسی و چەندین ڕووداوی ئازاردەری دیکە ڕوو بدات.

ڕەفتارە مەترسیدارەکان لایەنێک لە ڕەفتارە جۆراوجۆرەکان لە خۆ دەگرن، یەکێکی دیکە لەو ڕەفتارانە ڕەفتاری تاوانکارییە. لە بنەڕەتدا دەبێ بڵێین ئەزموونی دەستدرێژی و هۆکارەکانی دیکەی پەیوەست بە دەستدرێژی لایەنێکی بەربڵاو لە ڕەفتارە مەترسیدارەکانی لێ دەکەوێتەوە. ئەم ڕەفتارانە دەتوانن لە زنجیرەیەکدا یان وەک بە شێوەی کۆمەڵە دەربکەون.

خاتوو میم سەبارەت بە ئەزموونی دەستدرێژی و ڕەفتاری تاوانکارانەی کەیسێک وتی:

لە تەمەنی ٥ ساڵیدا لە لایەن خانەوادەکەیەوە وەک منداڵی خۆیان بەخێوی دەکەن، ئەم خێزانەش ئەم کچەیان بردە ناو خێزانەکەیان. ئەم کچە گەورە دەبێ، بەڵام بەداخەوە کاتێک کەمێک گەورە بووە، لە تەمەنی ٩ بۆ ١٠ ساڵیدا، لە لایەن برا گەورەکەیەوە بە شێوەیەکی دڕندانە دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەر و ڕەنگە براکەی پێنج یان شەش

جار دەستدرێژیی سێکسی دەکاتە سەری بەڵام ئەم دەستدرێژییە سێکسییە ئەوەندە ترسناک بووە و تێکەڵ بە شەق و لێدان بووە کە ئەم کچەی دەدا بە عەرزدا، دواتر ئەم کچە تووشی کێشەی عەسەبی و دەروونی دەبێ و چارەسەری بۆ دەکرێت. دواتر ئەم بنەماڵە دەیبەنەوە پاش ئەوەی کەمێک چاک دەبێتەوە دەڵێ گەرەکمە بڕۆمەوە بۆ بێهزیستی و ڕایدەگەیێنێ کە لە دۆخێکی باشدا نیم و کاتێک بێهزیستی لێکۆڵینەوە لە سەر بابەتەکە دەکا بنەماڵەکە دەخاتە ژێر پرسیار، بەڵام خێزانەکە قبوڵی ناکەن و لە کۆتاییدا ئەم کچەمان دەبێتە تاوانبار و بە پێی ئەو تاوانانەی کە تووشی بووە لە هیچ تاوانێک سڵ ناکاتەوە.

لەم حاڵەتەدا منداڵی دەستدرێژیکراو نەک هەر هەستی ئاسایش و پاڵپشتی لە لایەن بنەماڵەکەیەوە وەرنەگرتووە، بەڵکوو دەستدرێژیی سێکسیشی کراوەتە سەر، هەر بۆیە ڕوانین و هەستەکانی بەرامبەر بە ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگا گۆڕاوە و کەسایەتییەکەی بووەتە کەسایەتییەکی دژەکۆمەڵایەتی. پەنابردن بۆ مادە هۆشبەرەکان و بەو هۆیەوە ئالوودەبوون یەکێکی تر لە ڕەفتارە مەترسیدارەکانی ناو ئەم کۆمەڵە کەسانەیە. سەبارەت بە ئەزموونی دەستدرێژی و ئالوودەبوون، فەرەنگێز وتی:

وتم ئەگەر بڵێم هەرچەندە تەمەنم کەمە هەمووان دەڵێن، جا بۆچی شتی وا دەبێت؟ کەواتە ساڵ و نیوێکە بە یاریدەدەرت وتووە؟ بەڵێ یاریدەدەر نا کۆمەکیار، لەو ساڵ و نیوەدا لەگەڵ دەروونناس و ئەو جۆرە شتانەدا قسە دەکەم. چی ڕووی دا کە ویستت بیڵێیت؟ هەمان ئەو متمانەیە و بیرم لەوە کردەوە کە ڕەنگە هەر ئەمە هۆکاری لە ناوچوونم بووبێ و بە ڕاستی زۆربەی نەهامەتییەکانم هەمیشە بە هۆی ئەمەوە بووە. ئالوودەبوونم و ڕووکردنە مادە هۆشبەرەکان. دووجار هاوسەرگیریم کردووە و لە بیرم ناچێ و هەتا کۆتایی تەمەنم لە بیرم ناچێتەوە.

ئەزموونی فەرەنگێز بە ڕوونی دەریخست کە چۆن لە ئەنجامی دەستدرێژیی سێکسیدا زیانی پێگەیشتووە و ڕووی لە مادە هۆشبەرەکان و ئالوودەبوون کردووە. ئەو بە ڕوونی ڕایگەیاندووە کە ئەزموونی ئازاردانی سێکسی هۆکاری کۆمەڵێک ڕەفتاری مەترسیدار بووە و لە کۆتاییدا بووەتە هۆی لە ناوچوونی ژیانی. خاتوونی تەمەن ٣٣ ساڵ دەرچووی بواری بیناسازی کە لە لایەن باوکیەوە تووشی هەموو جۆرە ئازارێک لەوانە دەستدرێژیی سێکسی بۆتەوە لە چەند گێڕانەوەکدا بە ڕوونی نیشان دەدا کە چۆن ئەزموونی دەستدرێژی وای لێکردووە ڕوو بکاتە مادەی هۆشبەر و جگەرەکێشان و خواردنەوە کحۆلیەکان:

لە ماوەی ساڵێکدا دۆخەکەم ئەوەندە شپرزە ببوو کە بەردەوام دەچوومە لای دەروونپزیشک و دەروونناس و بە لۆری حەبم دەخوارد تەنها بۆ ئەوەی بتوانم بخەوم. واتە ئەو گرژی و پەیوەندییانەی کە لەوانم بینیبوو ساڵەهای ساڵ لە مێشکمدا چەقی بەستبوو و لە مندا ماوە. ئەوەی کە من لای باوکم ئاسایشم نییە.

هەر بوختانم لێ دەدرا. وتم خۆ من هەر تۆمەتبارم، بۆ نەیکەم؟ دەستم کرد بە چوونە میوانی، عارەق خواردنەوە و جگەرەکێشان و لە تەمەنی ١٨ ساڵییەوە خواردنەوەم دەست پێکرد. تەمەنم زۆر کەم بوو کە مژم لە جگەرە دا. تەواو ببووم بە عارەقخۆر، ئایا ئالوودەی عارەق و مەی ببوویت؟ زۆر پیس ئالوودە ببووم. لە (خانە کودک) منیان کەم دەبینی، قەیافەم جۆرێک بوو کە بەڕێوەبەری (خانەی منداڵان) دەیزانی کە من مەی دەخۆمەوە.

لەم حاڵەتانەدا بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر و کحۆل و حەبە هۆشبەرەکان لێکەوتەی ئازاردان و دەستدرێژین. کاتێک منداڵان تووشی ئازاردان دەبن، لایەنێکی بەربڵاو لە هەستە نەرێنی و فشارەکان بەئەزموون دەکەن، ئەوان بۆ کەمکردنەوەی ئەم فشارانە ڕوو لە مادە هۆشبەرەکان و خواردنەوە کحۆلییەکان دەکەن، چونکە هیچ بەدیلێکی باشتر لەبەردەستیاندا نییە. بەکارهێنانی ئەمانە لە کورتخایەندا ئۆقرەیی و ئارامییەکی ڕێژەییان پێدەبەخشێ، بەڵام لە درێژخایەندا ئالوودەبوون و زیانەکانی دیکەی لێ دەکەوێتەوە. بە واتایەکی تر دەیانهەوێ بە بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان بەشێک لەو فشارە ڕۆحی و دەروونییەی کە تووشی بوون کەم بکەنەوە، بەڵام ئەنجامی کۆتایی ئەمە ئالوودەبوونە.

- لێکەوتە تاکەکەسییەکان

ڕەهەندی فیزیکی

دەستدرێژیی سێکسی لە هەندێک حاڵەتدا هەندێک خەسارەتی جەستەیی لەگەڵدایە. خەسارەتە جەستەییەکانی وەکوو زیانگەیاندن بە ئەندامە سێکسییەکان. گرنگترین زیانە جەستەییەکان کە لەم توێژینەوەدا دەستنیشان کراون بریتین لە: دخوولی ئازاربەخش (واژینیسمووس)، زیانگەیاندن بە ئەندامی زاوزێ، زیانگەیاندن بە چاو، زیانگەیاندن بە جەستە، لەدەستدانی پەردەی کچێنی، نیشانە جەستەییەکانی وەکوو لاوازی، هۆمۆرۆیید و خوێنبەربوون، تا و لەرز و سەرئێشە و سکچوون، HPV، شێرپەنجەی منداڵدان، لێدانی دڵ و هەندێک لە نیشانەکانی زیانبەرکەوتنی جەستەیی. لە هەندێک حاڵەتدا منداڵەکە

بە هۆی توندیی خەسارەتە جەستەییەکانەوە کە بە هۆی دەستدرێژیی سێکسییەوە دروست دەبێ، دەمرێت. واژینیسمووس یان دخوولی ئازاربەخش یەکێک لە لێکەوتەکانی دەستدرێژیی سێکسییە کە بە نەخۆشییەک دەناسرێ کە تێیدا مرۆڤ لە کاتی سێکسکردندا تووشی ئێش و ئازارێکی زۆر دەبێتەوە (لێرەدا مەبەست دەستدرێژیی سێکسی و ئازاردانە)، هەر بۆیە لە ئەنجامدانی سێکس دەترسێت. واژینیسمووس زاراوەیەکی پزیشکییە کە باس لە وێکچوونی نائیرادیی ماسولکەکانی زێ لە کاتی دخوول دەکات. کەسێک کە بەدەست ئەم کێشەوە دەناڵێنێ، ناتوانێت سێکس بکا و هەمیشە لە دخوولی ئازاربەخش دەترسێت. لەم بوارەدا پزیشکی گەورەساڵان لە کلینیکی دەروونناسیی هێستیا وتی:

نموونەیەکی تر ئەوەیە کە خاتوونێک واژینیسمووس هەبوو ژن و مێرد بوون و مێردەکەش کێشەی تایبەتیی خۆی هەبوو و زۆر لەمەوبەر چووبوونە لای ٢-٣ پزیشک، بەڵام هیچ وەڵامێکیان دەست نەکەوتووە. پەیوەندیی سێکسییان هەبوو بەڵام هیچ دخوولێک (ئینتەرکورس) ڕووی نەدابوو، پشکنینمان کرد و بینیمان بە CBT و ئەوە کار ناکا، بە گفتوگۆی شیکاری دەستمان پێکرد، بینیم کە پرسەکە قووڵە، ئەم نموونە بۆ ئەوە دەڵێم کە نە ئەم کەسە لەم تەمەنەدا بیری لێ کردۆتەوە، نە باوکی و نە ئەو کەسەی بیسەرە نازانێ کە دەستدرێژیی سێکسی ڕووی داوە، لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین ئازاردانی سۆزداری بووە، بەڵام شێوازی بابەتی سێکسی لێرەدا جێی باسە و کەس نازانێ کە ئەم منداڵە دەستدرێژی کراوەتە سەری، ئەم کچە لە تەمەنی ٥ ساڵاندا پەلاماری دراوە. من باسی ئەو باوکە دەکەم کە لە شەقامی قەدەغەکراو تێدەپەڕێ پۆلیس دەنگی نادا و ڕووی وەردەگێڕێ و ئەویش چەند جاری گوێنەدەرانە بە شەقامی قەدەغەکراودا تێپەڕێ، ئایا تۆ بەمە دەڵێی دەستدرێژیی سێکسی؟ چەندین جۆر دەستدرێژیی سێکسیمان هەیە، بەڵێ، کاتێک لە لایەن کەسێکی پێگەیشتووەوە ڕووت و قووت دەکرێتەوە و منداڵەکە تەرێق دەبێتەوە، ئافەرەم. باوکەکە هەرگیز بە خەیاڵیدا نەدەهات کە دەستدرێژیی سێکسی دەکاتە سەر منداڵەکەی، پێی وابوو کە فێڵ لەم منداڵە دەکا بۆ ئەوەی تەشقەڵە لە یەکێکی دیکە بکەن و منداڵەکەش هەرگیز هەستی نەدەکرد کە باوکی خەریکە کەڵکاوەژۆیی لێ دەکا بەڵام نائاگایانە هەستێکی ناخۆشی بووە ئێستا ئەمە بخەنە ناو ڕیزبەندییەوە ئەم کابرا بە شەقامێکدا ڕۆشتووە کە پۆلیسی لێ نەبووە و خێراییەکەی زۆر دەکا و بە تەوژم دەڕوا کە پۆلیس لە ناکاو دێت. دەی بۆ ئەوەی پۆلیس سزای نەدا دیسان ئەم تەکنیکە دووبارە

دەکاتەوە لانیکەم ٧ بۆ ٨ ساڵ ئەم دادەیە دەستدرێژیی سێکسی بەئەزموون کردووە یەکێک لە هۆکارەکانی واژینیسموسمان لەم خاتوونەدا بەدی کرد بەڵام بەر لە دخوولیش واژینیموسمان هەیە کە جەستە کاردانەوەی دەبێ و لەم دادەیەدا یەکەمین کاردانەوەیک کە لە لەشیدا بینراوە لەباربردنی کۆرپەلە بە ماسولکەی ئەندامی زاوزێ بوو.

خاتوو سین کە مامان و پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنانە، وتی:

ئەو حاڵەتانەی کە سەبارەت بە واژینیسمووس ڕەوانەی ئەوان کرا کاتێک لێکۆڵینەوەیان لە سەری کردووە، بۆیان دەرکەوتووە کە ڕەنگە لە تەمەنی منداڵیدا دەستدرێژیی سێکسی کرابێتە سەری، ئەم ژنانە ٢ حاڵەتی واژینیسمووسیان پێ ناساندین و ڕوونیان کردەوە کە یەکێک لەو ژنانە لە لایەن مامیەوە لە تەمەنی ٥ ساڵاندا دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەر و ئەم بەردەوامیی دەستدرێژییە لە تەمەنی گەورەساڵیدا لە شێوەی واژینیسمووسدا خۆی دەرخستووە.

زیانگەیاندن بە ئەندامە سێکسییەکانی منداڵ یەکێکی تر لەو خەسارەتانەیە. دەتوانین بڵێین هێشتا ئەندامی سێکسیی منداڵ وەک پێویست گەشەی نەکردووە و توانای باشی بۆ ئەنجامدانی سێکس نییە. هەروەها بەو پێیەی کە دەستدرێژی و جۆرەکانی تری ئازاردانی سێکسی بە زەبر و نارەزامەندیی قوربانییەکە ئەنجام دراوە، دەتوانێ زیانێکی زۆر بە ئەندامە جەستەییەکانی بگەیێنێت. خاتوو سین، چالاکوانی کۆمەڵایەتی، هەندێک لە لێکەوتە جەستەییەکانی ئازاردانی سێکسی لە کەیسێکدا بەم شێوە باس کردووە:

باوکەکە دەستدرێژی کردبووە سەر منداڵەکە و لە دۆخێکی زۆر ترسناکدا چووبوون ئەم منداڵەیان لە نەخۆشخانە وەرگرتبووەوە؛ ئەوەندە تۆقێنەر بووە کە بە جگەرە داغیان کردبوو و یان ئەو ڕووداوانەی کە بە سەر کۆمیدا هاتبوو. چەند نەشتەرگەری لە سەر ئەنجام درابوو. کاتێک ئێمە لێمان سەندنەوە چاوەکانی زیانێکی زۆری پێ گەویشتبوو و لار و خێچ ببوو واتە چاوەکانی چەپ و ڕاست ببوو و هێنە و بەرەیەکی فرەمان پێ کرد و لێی کۆڵاینەوە بۆمان دەرکەوت ئەوەندە ئەو فشارە زۆر بووە و کە هەندێک لە پەردەکانی بینایی مێشکی دڕاوە و تازە هیچیش ناکرێ چاوەکانی لار و گێڕە و و ڕەنگە ئیتر هەرگیز نەتوانێ هیچ ببینێت.

دەستدرێژیی سێکسی لە سەردەمی منداڵیدا بە جۆرێک پەیوەستە بە دەستکاریکردنی جەستەوە، ئەم دەستکاریکردنە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە ئەندامە سێکسییەکان و ئەندامەکانی دیکەی جەستە. ڕیک ئەو کاتەی کە منداڵ لە قۆناغی ناسینی جەستە و

لەشیدایە، دەستدرێژی دەکرێتە سەری و ئەم دەستکاریکردنە جگە لە نیشانە فیزیکی و زیندەوەرناسییەکانی سەر جەستە، وەک ئەتکێک لە ناو دەروون و ڕۆحی ئەو کەسەدا دەمێنێتەوە و هەمیشە و لە هەموو ساتەکانی ژیانیدا ئەم نیشانە جەستەییانە ئەتکبوونەکەی وەبیر دێنێتەوە و هەمیشە لە باری زەینی و دەروونییەوە لەگەڵیەتی. جەستە و دەروون لە پرسی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان لێک جیا نین، دەستدرێژیی سێکسی جگە لەوەی کە لە سەر جەستە و لەش ئاسەواری خۆی بە جێ دەهێڵێ، لە سەر ڕۆح و دەروونیش هەستی شوورەیی شوێندانەر دەبێ، کە هەر یەکەیان ئەوی دیکەیان وەبیر دەهێنێتەو و لە کۆتاییدا وەبیرهێنەرەوەی دەستدرێژی و ئازارە. جەستە و ڕۆحی ئازاردراو و دەستدرێژیکراو بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک هێماناسی و زمان و گوتاری ئازارە. بەڕێوەبەری بەشی دایک و منداڵی دامەزراوەی طلوع بی‌نشانها سەبارەت بە خەسارەتە جەستەییەکانی یەکێک لە کۆمەکخوازەکانی ئەو ناوەندە کە لە منداڵیدا دەستدرێژی کراوەتە سەر، دەڵێ:

کاتێک پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ کراوە [باوەپیارەکەی]، ئەوەندە دڕندانە سێکسی لەگەڵ کردووە کە جەستە و لەشی کچەکەی ئازار دەدا و کاتێک کچە بێهێز و لاواز دەبوو. لەو کاتەدا، بۆ ئەوەی باقی ئەندامانی خێزانەکە شک لە بابەتەکە نەکەن، دەیبردە ژێرزەمین و دەیشاردەوە هەتا دەگەڕاوە سەر دۆخی ئاسایی خۆی و حاڵی باشتر دەبوو و دەیهێناوە ناو خێزانەکەی.

دەستدرێژی کە هەمیشە بە زەبر و زەنگ ئەنجام دەدرێ لە زۆر حاڵەتدا دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە ئەندامە سێکسییەکان، و لە ئەنجامدا خوێنبەربوونی لێ دەکەوێتەوە. ئەمە بە سەر ئەمیردا هات. کاتێک ڕاهێنەرە وەرزشییەکەی دەستدرێژی دەکاتە سەر، ئەندامە سێکسییەکەی بریندار دەبێ و خوێن‌ڕێژی دەکات. تەنانەت ئەمیر بە هۆی ئەو دڵەڕاوکێ و فشارە توندەی کە لە ئەنجامی ئەو ئازارانەدا تووشی دەبێ، تووشی دڵەڕاوکێ دەبێ و ناچار دەبێ دەرمان بخوات:

کاریگەریی زۆر پیسی لە سەر متمانە بەخۆبوونم دانا و بەرزەخۆییمی لێم زەوت کرد. و هەتا ئێستاش بەدەست دڵەڕاوکێی زۆرەوە دەناڵێنم و دوای پێنج ساڵ لەو ڕووداوە لێدانی دڵم توندە و حەبم دەخوارد و ئێستاش ئەم حەبە هەر دەخۆم.

سەمانە کە خوێندکاری دکتۆرایە و نوسینگەی پارێزەری هەیە، چیرۆکی خۆی سەبارەت بە دەستدرێژی و لێکەوتە جەستەییەکانی بەم شێوە خستە ڕوو:

دخوولیش ڕووی دا هەم سێکسی زێ و هەمیش سێکسی کۆمی. تووشی خوێنبەربوون هاتم و دواتریش کابراکە ترسا و دەرگای دوکانەکەی داخست. زۆر ئێشم بوو و سێ ڕۆژ تا و لەرزم هەبوو؛ و دایکم زانی پێم وت و دایکم زۆر تەمەنی زیاتر لە من نییە لە تەمەنی ١٤ ساڵدا منی بووە و خۆی زۆر بچووک بوو و تێنەدەگەیشت چی ڕووی داوە. ئەوسا لە ماڵی باوکم زۆر دەترسا و لەبەر ئەوەی ناوەنیتکەی دایکی خراپ و ئەوانەی لێ نەدەن، ئێستا یان زانیویەتی یان نەیزانیوە، خۆی دەڵێ تێنەگەیشتم چونکە دوو ساڵە لە سەر ئەم بابەتە لەگەڵ دایکم قسەم کردووە و بۆم گێڕاوە. ئەوسا وتی ئەم قسانە مەکە و بە هیچ شێوەیەک وا نییە. منی نەگبەت سێ ڕۆژ لەم بارەوە هیچم نەوت و تا و لەرز و خوێنڕێژیم هەبوو. لە بیرمە دەچوومە توالێت خۆمم دەشت لەبەر ئەوەی کەس پێ نەزانێت.

لەدەستدانی پەردەی کچێتی یەکێکی تر لە زیانەکانی دەستددرێژیی سێکسییە. هێشتا لە هەندێک کۆمەڵگادا پەردەی کچێتی بۆ کچ وەک بەهایەک سەیر دەکرێ، کە لەدەستدانەکەی لێکەوتەی نەخوازراوی هەیە. هەستکردن بە بێبایەخی یەکێک لەم لێکەوتانەیە. بەو پێیەی کە منداڵ پێی وایە ئەم بەشە بەنرخەی ئەندامی سێکسی لەدەست داوە، ئیتر هەست بە بایەخداربوونی خۆی ناکات. هەروەها ئەوان لە هاوسەرگیری دەترسن، چونکە پێیان وایە ئیتر ناتوانن شوو بکەن. لە ڕاستیدا لەدەستدانی پەردەی کچێتی هەستی ترس و کەمبایەخی لە مرۆڤدا دروست دەکات. ئەم ترس و کەمبایەخییە لێکەوتەی ئەو باوەڕانەیە کە لە لایەن فەرهەنگ و نەریت و بنەماڵە و کۆمەڵگاوە دەخرێتە میشکی مرۆڤەوە کە هەبوونی پەردەی کچێتی جەوهەر و بایەخی وجودیی ژنە و لەدەستدانی ڕووداوێکی ناخۆشە کە لە لایەن هەمان ئەو خێزان و کۆمەڵگایەوە سەرکۆنە دەکرێ و بە شێوەی ئاشکرا و شاراوە کۆنترۆڵ دەکرێ و نەبوونی هاوواتای بێئابڕوویی و بێبایەخییە.

یەکێک لە قوربانییەکان وتی:

ئەو پەردەی کچێتیی منی لە ناو برد و من هەمیشە دەترسام، لە شووکردن دەترسام، دەترسام ئەوانی تر پێم بزانن.

ڕۆیا تەمەن ٣٩ ساڵ سەبارەت بە ئەزموونەکەی وتی:

هەستێکی زۆر ناخۆشم هەبوو. هەست دەکەم ناتوانم هاوسەرگیری بکەم. من ناتوانم جلی بووکێنی لەبەر بکەم. ناتوانم دایکم سەربەرز بکەم. ئەو هەستەی کە بۆچی ئەمەی کردووە،

بۆچی هاتە ئەم ماڵە؟ بۆچی کاتێک لە سەر و گوێلاکم دەدا دەستبەردار نەدەبوو؟ بۆچی ئەوەندە سەرەڕۆ بوو؟ بۆچی بە دەستی ئەم کارەی کرد؟

HPV یەکێکی تر لە زیان و خەسارەتە جەستەییەکانە کە منداڵان ڕووبەڕووی بوونەتەوە. HPV کۆمەڵێک ڤایرۆسی باون کە دەبنە هۆی دروستبوونی بالووکە لە ناوچەی زاوزێ و لە سەر پێستی پیاوان و ژنان، و لە ژنانیشدا دەبێتە هۆی شێرپەنجەی ملی منداڵدان و زێ. بە نزیکەی ٤٠ جۆر لەم ڤایرۆسانە دەڵێن HPVی ئەندامی زاوزێ کە دەبێتە هۆی بالووکەی ئەندامی زاوزێ. ئەم ڤایرۆسانە لە کاتی جووتبوونی سێکسیدا بە هۆی بەرکەوتنی ئەندامەکانی زاوزێ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوازرێنەوە. ئەم ڤایرۆسە دەتوانێ لە ڕێگەی جووتبوونی سێکسی و لە ڕێگەی دەمیشەوە بگوازرێتەوە. HPV باوترین نەخۆشییە کە لە ڕێگەی تێکەڵبوونی سێکسییەوە دەگوازرێتەوە. هەندێک جۆری HPVی ئەندامی زاوزێ زیاتر ئەگەری تووشبوونیان بە شێرپەنجە هەیە و بەم جۆرانە دەوترێ HPV مەترسیدار. هەڵبەت سیستەمی بەرگریی ئافرەت یان پیاوێکی تووشبوو بە ڤایرۆسی HPV ی کەمەترسی یان پڕمەترسی لەم هەوکردنە ڕزگاری دەبێ و ڤایرۆسەکە زیانی پێناگەیەنێ؛ بەڵام لە هەندێک کەسدا هەوکردنێکی هەمیشەیی بەدی دێ کە بە هێواشی و زۆر جار لە ماوەی چەند ساڵێکدا خانە ئاساییەکان دەگۆڕێ کە ڕەنگە زیانی پێش شێرپەنجە یان شێرپەنجەی لێ بکەوێتەوە. گرنگترین شێرپەنجەکانی پەیوەست بە HPV بریتین لە شێرپەنجەی ملی منداڵدان، شێرپەنجەی دەم و شێرپەنجەی کۆم. خاتوو میم کۆمەڵێک لێکەوتەی جەستەیی دەستدرێژیی سێکسی لەوانەش HPV بەم شێوە باس کردووە:

من کراسەکەم لەبەر دا بوو و پانتۆڵ و شۆرتەکەمی داکەند و ناچاری کردم دەست لە ئەندامی نێرینەی بدەم. و ئەندامی نێرینەی لە دەم و چاوم دەساوی و ئەمەش وای لێکردم کە بێزم لە بۆی نمی و شێداری بێتەوە و هەر شتێک کە بۆنی شاوەت یان ڤیتێکسی لێ بێ ڕشانەوەم پێی بێت. تووشی سەرئێشەی خراپ و هێڵنجدان هاتووم. تەنانەت هەتا چەند ساڵێک لەمەوبەر دەنگی قرخەی دەهات. دەی بە پشتەوە پاڵمی خست و خۆی خست بە سەرمدا و ئەوەش بووە هۆی ئەوەی تووشی HPV بم، لە تەمەنی ١٥ ساڵییەوە

ئەم کێشەم هەبووە، ئێستاش کە تۆڕە دەبم، برینەکانی دەمی دەکاتەوە و ئاوا برینەکانی دەکولێنەوە.

سەبارەت بە شێرپەنجەی منداڵدانی خوشکەکەی وتی:

تووشی شێرپەنجەی منداڵدان بوو و منداڵدانیان دەرهێنرا. کێشەی جەستەیی و دەروونیش کە ئەوە سەرباقی هەموویەتی. من چەند جارێک ئەمەم نارد کاتێک کە چووم، بەڵام بەردەوام نەبوو، و ئەم خۆنەخۆش‌خستن و نابەرپرسیارێتی و خۆ بەستەزمان‌نواندنەی یەکجار زۆرە و بە گشتی، دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەری، و نە دایکم و نە باوکم هەرگیز وازیان لێ نەهێنا و هەر بۆیەش زوو هاوسەرگیری کردووە.

دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان دەتوانێ ببێتە هۆی مردنی کەسانی دەستدرێژیکراو، بۆ نموونە کاتێک منداڵ لە ئەنجامی دەستدرێژییەکەدا تووشی برینێکی قەرەبوو نەکراوە دەبێ، لەم زەمینەدا خاتوو میم ز وتی:

لە ناو خێزانەکەیاندا چەند کچ هەبوون، زەڕباوک دەستدرێژی دەکردە سەر خوشکە گەورەکە. دیارە کاتێک دایک و باوکیان لێک جیا دەبنەوە، دایکەکە دووبارە هاوسەرگیری لەگەڵ ئەم پیاوە دەکات. لە کۆتایی هەفتەدا منداڵان دەهاتن و لەو ماڵەدا دەمانەوە و کۆمەڵێ کچ بوون. ئەم باوەپیارە جار نە جارێ دەچوو پەلاماری یەکێکیانی دەدا، سەرەتا دەستدرێژیی سێکسی دەکردە سەر خوشکە گەورەکە و زۆر دڕندانە پەلاماری دەدا. خوشکە گەورەکە لەبەر ئێش و ئازار کە بە هۆی دەستدرێژییەکەوە بووە، دەمرێت.

ئەو قسانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەخا کە دەستدرێژیی سێکسی نەک تەنها کاریگەریی لە سەر ژیانی قوربانییەکە دادەنێ و ژیانی تێک دەدا، بەڵکوو لە هەندێک حاڵەتدا مەرگ و نەمانی دەستدرێژیکراوەکەی لێ دەکەوێتەوە. ئەم مردنە دیارترین نیشانەکانی دەستدرێژیی سێکسییە و کاردا شاراوەکانی ئەوەیە کە ئەگەر کەسی دەستدرێژیکراو لە ژیانیشدا بمێنێتەوە، زیانەکانی ئەوەندە جددی و قووڵ و فرەڕەهەندن کە کاریگەری لە سەر هەموو ژیان و هەموو لایەنەکانی ژیان دادەنێت. بەو پێیەی کە دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن کەسوکار و ئەویتریی گرنگەکانی ژیان و ڕێک لەو قۆناغانەدا ڕوو دەدا (واتە منداڵی و مێرمنداڵی) کە تاک تێکەڵی جیهان و ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێ هەر بۆیە کاریگەرییەکانی لە سەر خودی ژیان هەم لە سەر جەستە و هەمیش لە ناو زەین و دەروونداا جێگیر دەبێ و هەموو ڕەهەندەکانی بوونی ئەو منداڵە دەتەنێ و بۆ ساتێکیش لە کۆڵی نابێتەوە و لە ڕاستیدا خودی ژیان و بوونی دەکاتە ئامانج.

یاریدەدەرێکی کۆمەڵایەتی تەمەن ٣٣ ساڵ سەبارەت بە ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسی لە سەردەمی منداڵی و کاریگەرییەکانی دەڵێ:

نەبوونی پەیوەندییەکی دروست لەگەڵ جەستەم و دواجار ڕازیبوون بە نەشتەرگەریی مەمک بۆ جوانی، بەڵام پێم وایە نەشتەرگەرییەکی زۆر سەرکەوتوو نەبووە و ڕەنگە پێویستی بە نەشتەرگەریش نەبووبێ، بەڵام ئەوە تێڕوانینی خۆم سەبارەت بە جەستەم بوو چونکە هەرگیز پەیوەندییەکی دروستم لەگەڵ جەستەمدا نەبوو، هەروەها ساڵانێک تووشی نەخۆشیی زۆرخۆریی عەسەبی ببووم بەتایبەت لە کاتژمێر ٣ی بەرەبەیانی کە بێگومان دەتوانێ کاتی ڕوودانی دەستدرێژییە سێکسییەکە بێت.

منداڵئازاریی سێکسی کێشەی نارێکیی جەستەیی لێ دەکەوێتەوە. کە جۆرێک تێکچوونی دەروونییە کە تێیدا کەسەکە زۆر نیگەرانی عەیبێکی خەیاڵی یان زۆر بچووکی جەستەی خۆی دەبێ و بەردەوام بیری لێدەکاتەوە. ئەم کەموکوڕییە زیاتر خەیاڵییە یان ئەگەر بەڕاستی کەموکوڕییەکی جەستەیی هەبێ، کەسانی تووشبووی ئەم نەخۆشییە زۆر گەورە دەیبینن. کەسانی تووشبوو، بە هۆی بێئیشتیایی عەسەبی، وێنەیەکی جەستەیی شێواو یان ناڕاستەقینەیان هەیە؛ واتە تێڕوانینی ئەم کەسانە بۆ جەستەیان تێڕوانینێکی ناڕاستەقینە. ئەم شێواوی و ئاڵۆزییە ناوی دیکەشی هەیە وەکوو شێواویی جەستە، ئاڵۆزیی خۆپێناشیرینی، خۆ بە نارێکزانین. وێنەی جەستە بە گشتی (وەک بەردەوام بیرکردنەوە لە قەڵەوبوون) و نارازیبوون لە بەشە تایبەتەکانی جەستە وەکوو مەمک، سمت و هتد. ئەو کەسانەی کە تێکچوونی خۆبەنارێکزانینیان هەیە بە هۆی کەموکوڕییەکانی ڕواڵەتیان تەرێق دەبنەوە و ڕەنگە هەمیشە خۆیان بە ناشیرین بزانن. هەمیشە بیر لە نەشتەرگەریی جوانکاری دەکەنەوە بۆ ئەوەی کەموکوڕییەکانیان چاک بکەنەوە. ئەمەش دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی کە کەسەکە ئالوودەی دەستکاریکردنی جەستەی بێ کە ڕەگ و بناغەکەی دەروونی و زەینییە کە لە ژێر کاریگەریی ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسییە. ئەمەش لێکەوتەیەکی دیکەی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵانە.

ڕەهەندی دەروونی و ڕەفتاری

پەرەپێدانی گەڵاڵەئاسا ناتەباکان: بابەتی ئەم باسە کاریگەریی قوربانیبوونی دەستدرێژیی سێکسی لە سەر بیچمگرتنی گەڵاڵەئاسا ناتەبا سەرەتاییەکانە. ئەم گەڵاڵەئاسایانە سەرچەشنی ورووژان و ناسیاریی "زیان بە خۆگەیاندن"ن کە لە سەرەتای گەشەکردن و

گۆڕانکاریدا لە زەیندا دروست دەبن و لە درێژایی ژیاندا دووبارە دەبنەوە (رئیس الساداتی، ١٣٩٤ هەتاوی: ٩). وشەی گەڵاڵەئاسا بە گشتی وەک پێکهاتە، چوارچێوە، قاڵب و هتد بەکار هێنراوە یان پێناسە کراوە. لە بواری دەروونناسیدا، ناسینی گەڵاڵەئاسا وەک چوارچێوەیەک دادەنرێ کە لە دونیای واقیعدا لە سەر بنەمای ئەزموونەکان بیچم دەگرێ و هاوکاری تاکەکان دەکا بۆ ئەوەی مانا بەو ڕووداو و تاکەکان و شت و هتد ببەخشن کە تووشی دەبن. هەروەها تێگەیشتنی تاکەکان لە ڕێگەی گەڵاڵەئاساکانەوە نێوەندگیری دەکرێن و وەڵامەکانیان لە ڕێگەی گەڵاڵەئاساکانەوە ئاراستە دەکرێن. گەڵاڵەئاسا نواندنەوەی دەرهەستی تایبەتمەندییە جیاواز و جیاکەرەوەکانی ڕووداوێکە. بە واتایەکی تر، بە گەڵاڵەی گشتیی توخمە زەقەکانی ڕووداوێک یان پێشهاتێک دەڵێن گەڵاڵەئاسا.

زۆرێک لە گەڵاڵەئاساکان لە سەرەتای ژیاندا دروست دەبن و لە بزاڤ و ئاراستەی خۆیاندا بەردەوام دەبن و لە هەموو ئەزموونەکانی دواتری ژیاندا خۆیان دەسەپێنن، تەنانەت ئەگەر هیچ کەڵکێکی ئەوتۆشیان نەبێت. ئەم بابەتە شتێکە کە زۆر جار لە ژێر ناوی "هاواهەنگی/تەبایی مەعریفی" ناو دەبرێ، واتە پاراستنی تێڕوانینێکی نەگۆڕ لەمەڕ خۆت و ئەوانی دیکە (دیتران)، تەنانەت ئەگەر ئەو ڕوانگە هەڵە یان چەواشە بێت. بە گوێرەی ئەم پێناسە، گەڵاڵەئاسا دەتوانێ ئەرێنی یان نەرێنی، تەبا یان ناتەبا، کاردایی یان ناکاردایی بێ و هەروەها دەتوانێ لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیاندا دروست ببێت. یۆنگ و هاوکارانی پێیان وایە کە گەڵاڵەئاسا سەرەتاییە ناتەباکان بریتین لە سەرچەشنە ورووژانی و مەعریفییە زیان‌بەخۆگەیێنەرەکانن کە لە سەرەتای گەشەکردندا لە زەیندا دروست دەبن و بە درێژایی ژیان دووبارە دەبنەوە. هەندێک لە گەڵاڵەئاساکان، بە تایبەت ئەوانەی کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ئەنجامی ئەزموونە نەرێنییەکانی سەردەمی منداڵیدا دروست دەبن، لەوانەیە ببنە ناوەڕۆکی سەرەکیی تێکچوونەکانی باری کەسایەتی، کێشەی ڕەفتاری مەعریفیی سووکتر، و زۆرێک لە تێکچوونە درێژخایەنەکانی لە سەر یەک تەوەر بن. (یانگ و هاوکاران، ١٣٩٧ هەتاوی).

ئەو کەسانە بهێننە بەرچاوتان کە لە منداڵیدا بەڕەڵا کراون، ئازار دراون، فەرامۆش کراون، یان تارێنراون. لە تەمەنی گەورەساڵیدا ئەگەر (بە شێوەی ناوشیار) ڕووداوەکانی ئێستای ژیانی خۆی وەکوو ئەزموونە خەساربەخشەکانی سەردەمی منداڵی هەستی پێ بکا و فامی بکا، ئەوا گەڵاڵەئاساکانیان دەورووژێت. کاتێک گەڵاڵەئاساکان دەورووژێن هەست و سۆزی نەرێنیی تۆخی وەکوو شیوەن، شەرم، ترس، یان تورەیی بەئەزموون دەکەن.

هەڵبەت هەموو گەڵاڵەئاساکان لە سەر بنەمای ڕووداوە خەساربەخش یان ئازاربەخشەکانی سەردەمی منداڵی پێک نەهاتوون. لەوانەیە لە زەینی کەسێکدا، بە بێ ئەوەی ڕووداوە خەساربەخشەکانی منداڵی بەئەزموون بکا، گەڵاڵەئاسای وابەستەیی سەرهەڵ بدات؛ چونکە لە تافی منداڵیدا بە تەواوی بندەست و لە لایەن دایک و باوکیەوە پاڵپشتی کراوە. سەرەڕای ئەمە هەرچەندە هەموو گەڵاڵەئاساکان ڕەگ و ڕیشەی گۆڕانکاریی ڕووداوە خەساربەخشەکانیان نییە، بەڵام هەموویان شوێنی ژیانی تەندروستن. زۆربەی گەڵاڵەئاساکان دەرهاویشتەی ئەو ئەزموونە زیانبەخشانەن کە تاک لە تەمەنی منداڵی و مێرمنداڵیدا بەردەوام ڕووبەڕووی بووەتەوە. کاریگەریی ئەم ئەزموونە ناخۆشانە لە ڕەوتی گۆڕانکاریدا پێکەوە کەڵەکە دەبن و دەبێتە هۆی دروستبوونی گەڵاڵەئاسایەکی تەواو ناتەبا. هەروەها گەڵاڵەئاساکان دۆخی ڕەهەندییان هەیە. واتە لە ڕووی توندی و بازنەی چالاکی لە زەیندا لێک جیاوازن. بەگشتی، تا گەڵاڵەئاساکە توندتر بێ، تاک لە کاتی ورووژانی گەڵاڵەئاساکاندا هەستی نەرێنیی زیاتر بەئەزموون دەکا و چالاکبوونی ئەوە لە زەینیدا کاتێکی زیاتر دەخایەنێت (یانگ و هاوکارانی، ١٣٩٧ هەتاوی).

ڕەگ و ڕیشەی گۆڕانکاریی گەڵاڵەئاسا ناتەبا سەرەتاییەکان لە ئەزموونە نەرێنییەکانی سەردەمی منداڵیدا شاراوەتەوە. ئەو گەڵاڵەئاسایانەی کە زووتر بەدی دێن بەهێزترن و تا ڕادەیەکی زۆر داینامیکییە جیهانییەکانی زەینی منداڵن. چوار دەستەی ئەزموونە سەرەتاییەکانی ژیان، پرۆسەی بەدەستهێنانی گەڵاڵەئاساکان خێراتر دەکەنەوە. دەستەی یەکەمی ئەزموونەکانی سەرەتاییەکانی ژیان، شکستی ناخۆشی خواستەکانە. ئەم حاڵەتە کاتێک ڕوو دەدا کە منداڵ ئەزموونە خۆشەکان بەئەزموون نەکات. گەڵاڵەئاساگەلێکی وەکوو بێبەشیی ورووژانی یان بەڕەڵاکران بە هۆی کەموکوڕییەوە لە ژینگەی سەرەتاییدا بەدی دێن. لە ژینگەی ژیانی وەها منداڵێکدا سەقامگیری و فامکران یان عەشق و خۆشەویستی بوونی نییە. جۆری دووهەمی ئەزموونە سەرەتاییەکانی ژیان کە گەڵاڵەئاسا دروست دەکەن بریتین لە زیانبەرکەوتن و قوربانیبوون. لە دۆخێکی ئاوادا منداڵ زیانی پێدەگا یان قوربانی دەبێ و گەڵاڵەئاساگەلێکی وەکوو بێمتمانەیی، هەڵسوکەوتی خراپ، کێشەی شەرم یان خەسارهەڵگری لە هەمبەر زیان و زەرەر لە زەینیدا دروست دەبێت. لە جۆری سێیەمی ئەزموونەکاندا کێشەکە ئەوەیە کە منداڵ زۆر شتی باش بەئەزموون دەکات. دایک و باوک هەموو شتێک بۆ خۆشگوزەرانیی و ئاسوودەیی منداڵەکە دابین دەکەن، لە حاڵێکدا دابینکردنی خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی بە شێوەیەکی هاوسەنگ بۆ

گەشەکردنی تەندروستانەی منداڵ پێویستە. لە ئەنجامی ئەم جۆرە ئەزموونانەدا، لە زەینی منداڵدا گەڵاڵەئاساگەلێکی وەکوو وابەستەیی، بێ‌کەڵکی یان شیاوی/گەورەیی سەرهەڵدەدەن. جۆری چوارەم بریتییە لە بەدەروونیکردنی هەڵبژێراو یان هاوشێوەسازی لەگەڵ کەسانی گرنگ لە ژیاندا. منداڵ بە شێوەیەکی هەڵبژێراو خۆی لەگەڵ فیکر و هەست و ئەزموون و ڕەفتارەکانی دایک و باوکیدا هاوشێوە دەکا و بەدەروونییان دەکات (یانگ و هاوکارانی، ١٣٩٧ هەتاوی).

ئەزموونی ئازاردانی سێکسی جۆری دووەمی ئەزموونە سەرەتاییەکانە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە گەڵاڵەئاساگەلی وەکوو بێ‌متمانەیی، بەدڕفتاری، کەموکوڕی، شەرم یان خەسارهەڵگری لە ئاست زیان لە زەینی منداڵدا دروست ببێت. هەڵبەت تەنیا لەمانەدا سنووردار نابێتەوە و پێویستی بە لێکدانەوەی وردترە. بۆ نموونە لە ئەنجامی ئەم ئازاردان و دەستدرێژییەدا هەستی خراپی وەکوو هەستی گوناح و گوێقوڵاغی لە ناویاندا دروست دەبێت. هەر لەم زەمینەدا خاتوو ز خ، چالاکوانی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە ئەزموونی ئازاردان لە ناو یەکێک لە منداڵەکان و پەرەپێدانی گەڵاڵەئاساکانی خۆ بە شیاوزانین و هەستکردن بە گوناح وتی:

[...] دایکیان کەسایەتیی سنووری هەیە بە چەقۆ هەموو گیانی بڕیبوو. ئیتر پێیان وابوو شایەنی ئەو چەقۆیانەن. منداڵ هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە کە خەریکە ستەمی لێ دەکرێت. ئەگەر بینیبێتتان کەسێک دوای ئەوەی لە منداڵەکەی دەدا منداڵەکە دیسان دێتەوە باوەشی دایکەکەی چونکە زوو لە بیری دەچێتەوە. تەنانەت لەو دۆخە گرژەشدا کە چەندین جار منداڵ لە لایەن دایکیەوە چەقۆی لێ دەدرێ منداڵ دیسان دەچیتەوە ئامێزی دایکی. منداڵ دایک بە تاوانبار نازانێت. ئەوەی من لە منداڵانم بینیوە کاتێک تووشی ڕووداوێک دەبن خۆیان بە شایەنی ئەو ڕووداوە دەزانن و تەنانەت هەست بە تاوانباربوونیش دەکەن. ئەوەی من بینیومە و ئەوەی دەتوانم لەبارەی چەقۆکێشانەکەیان بیگێڕمەوە [...] ئەوەیە کە بە هۆی ئەو گوناحەی کە کردوویانە ئازار ویژدانێکی زۆریان هەیە و [...] ئێستا تەمەنی هەشت ساڵە و دەگری و دەڵێ من هیچم نەکردووە و خەریکی یاریکردن بووم یاریی تۆپی پێم دەکرد. و پۆلیس و فریاگوزاریی کۆمەڵایەتی هاتن و بردیان.

سەبارەت بە حاڵەتەکەی سەرەوەدا، کەسی دەستدرێژیکراو، هەستێکی زۆر خراپ لە ناخیدا دروست بووە هەستی وەکوو هەستکردن بە گوناح و شیاوی دەستدرێژیکراوبوون.

ئەم هەستانە تیژتێپەڕ نین و بۆ هەمیشە یان بۆ ماوەیەکی زۆر لە ناو ئەم کۆمەڵە منداڵانەدا دەمێننەوە و دەتوانن ببنە گەڵاڵەئاسا و هەرچییەک کە لەبارەی خۆیان و جیهانەوە بەئەزموونی دەکەن بە پێی ئەوانە لێکی دەدەنەوە. لە ڕاستیدا منداڵ و مێرمنداڵێک کە پەلامار و دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەریان، لە سەر بنەمای هەستی زاڵی خۆیان، کە هەمان هەستکردن بە گوناح و تاوانباری و لۆمەکردنە، جیهانی کۆمەڵایەتیی خۆی لێک دەداتەوە و دەست دەکا بە ماناسازی. لە ئەنجامی ئەم هەستی گوناحباریيە، هەمیشە ئازاری ویژدانی دەبێ کە لە ساڵانی دواتری ژیانیدا ئەم هەستی گوناحباری و تاوانباریيە، لە بارودۆخە جیاوازەکانی ژیانیدا توانای بیرکردنەوەی عاقڵانەی لێ زەوت دەکا و هەمیشە لە پەیوەندییەکانیدا خەریکی باجدانە و بەردەوام ڕۆڵی قوربانی و فریادڕەس دەگێڕێ و بە شێوەی کۆمەڵایەتی بەرهەمی دەهێنێتەوە. ڕ ق کارناسی باڵای یاریدەدەریی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە لێکەوتەکانی دەستدرێژیی سێکسی وتی:

ئەوەی دەتوانم بیڵێم بە گشتی هەستی بایەخ و متمانە بەخۆییان زیانی پێدەگات. تێڕوانینیان بۆ جیهان تێک دەچێ و لە بنەڕەتدا کاتێک کەسێک دەبینن بەردەوام کۆرتیزۆڵ دەردەدەن و لیمبیکیان چالاکە و هەست بە مەترسی دەکەن. لە ڕاستیدا دۆخی پاراسەمپاتیکیان چالاکە و وایان لێدەکا هەمیشە وازر و لە ئامادەباشیدا بن. ئەم حاڵەتە بەردەوامەی ئامادەباشی دەبێتە هۆی ئەوەی مێشکی منداڵ بەشێوەیەکی جیاواز گەشە بکا و کەم حەوسەلە بێت. زوو هەڵدەچێ و لە کۆتاییدا زیانیان پێدەگات.

خاتوو نوری مامۆستا وتی:

خاڵۆ، منداڵەکەی بە تەواوی ڕووت دەکاتەوە، بەڵام لەو ڕووەوە هیچی بە سەر نایەت. دەی ئەمەش بە دەستدرێژیی سێکسی دادەنرێ و کاریگەرییەکی زۆر لە سەر مێشکی دادەنێ، کاتێکی زۆری پێچوو تا توانی بیڵێت.

زیانگەیشتن بە هەستی گرینگبوون و متمانەبەخۆییان و لە ئەنجامدا گۆڕینی تێڕوانینیان بۆ جیهان و وازری و ئامادەباشییان جۆرێک لە گەڵاڵەئاسا سەرەتاییەکانە کە لە ئەنجامی ئازاردان و دەستدرێژیدا لە ناخی ئەم منداڵانەدا دروست دەبێت. لە ئەنجامی بەئەزموونکردنی دەستدرێژی، چیتر متمانەیان بە کەس نامێنێ، سیستەمی ورووژانیان بە سەر سیستەمی کۆنترۆڵکردنیاندا زاڵ دەبێ و هەمیشە لە ئامادەباشی و گوێقوڵاغیدان.

لەو زەمینەدا پزیشکێکی ژن لە کلینیکی ساحێل وتی:

بەڵام سەبارەت بەم بەڕێزە، کە [دەستدرێژیکار] خزمی دایکی بووە، لە ڕادەبەدەر تووڕەیە [دەستدرێژیکراو] و دوای وەرگرتنی بڕوانامەکەی کارێکی وای کردووە کە بە هیچ شێوەیەک نەتوانێ بیبینێت. چونکە نەدەچووە ماڵیان. ئەم بابەتەی بە کەس نەوتووە؛ بەڵام هێشتا هیچ پەیوەندییەک ساز ناکا، چاو ئەمە وازر و گوێقوڵاغە. بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ پەیوەندی لەگەڵ پیاواندا ساز بکات. بێمتمانەییەکی زۆری سەبارەت بەم بابەتە پەیدا کردووە و ئەمەش یەکێک لە کێشەکانیەتی.

پسپۆڕی دەروونناس لە دامەزراوەی یاریگەرانی پوویای دەروازە غار دەڵێ:

یەکەم جار کە من بەرپرسی شوێنێک بووم و وەختێک ئەم منداڵە ڕادەستی من کرا پێیان وتم ئەم منداڵە زۆر لە باوکی دەترسێت. کاتێک بۆ یەکەم جار لەگەڵیدا چوومە دەرەوە، چونکە بەرپرسی فەزایەک بووم کە دەبا ئەم منداڵەم ببردایەتە ئەوێ. ئێمە پێکەوە دەچووین و دەگەڕاینەوە. بە درێژایی هەموو کاتەکە سەیری پشتەوەی دەکرد. هەڵبەت بەشێکی ئەوە بوو کە خەڵکی تر بترسێنی و ئاگادار بێ کە نەکا باوکی بێت. کەسانی دەوروبەری ترساندبوویان، بەڵام ئەم ترسە لە ناخیدا بەدەروونی ببوو.

لەم حاڵەتەدا تووشی فۆبیا و گەڵاڵەئاسای گوێقوڵاغی ببوو، ئەمەش وای کردووە بەردەوام نیگەران بێت. یەکێکی دیکە لەو گەڵاڵەئاسایانە کە لە ئەنجامی پشتگوێخستنی خواستەکانی منداڵ و ئازاردانی منداڵ سەرهەڵدەدا، گەڵاڵەئاسای فیداکارییە. لە گەڵاڵەئاسای فیداکاری یان خۆبەختکردندا، کەسەکە بۆ دابینکردنی خواست و پێداویستییەکانی ئەوانی دیکە لەخۆبردوویی و فیداکاری دەنوێنێ، تەنانەت ئامادەیە لەم پێناوەدا پێداویستی و خواستەکانی خۆی پشتگوێ بخات. هەڵبەت ئەم گەڵاڵەئاسایە دەتوانێ بە شێوەی وردتر ڕۆڵی فریادڕەس و قوربانی بە کەسەکە ببەخشێ، بە جۆرێک کە هەمیشە زۆر پشتیوانی ئەویتری یان دیترانە و پێداویستییەکانی دیتران تری دەخاتە پێش کەڵکەڵەکانی خۆی و ئەوانی پێ یەکەمایەتییە، بە بێ ئەوەی بیرکردنەوەیەکی عەقڵانی بۆی هەبێ، ئەمە لە کێشەی وابەستەیی ئەو کەسەوە سەرچاوە دەگرێ کە پەیوەندییەکانی لە سەر بنەمای وابەستەبوون بە دیترانە. هەڵبەت ئەم پەیوەندییە کە لە سەر بنەمای وابەستەیی و پێبەستراوییە وا لە کەسەکە دەکا لە ڕۆڵی فریادڕەس و قوربانیدا دەربکەوێ، کە ئەم جۆرە پەیوەندییە وابەستەییە گرێ دراوە بە هەستە نەرێنییەکانی دیکەی وکوو ترس و شەرم کە لە ژێر کاریگەریی دەستدرێژیی سێکسیدا ئەوانیش سەریان هەڵداوە. لە زۆربەی هەلومەرجەکاندا تاک بە هۆی ترسی لەدەستدانی کەسانی تر (دیتران) و بە هۆی

ئەو هەست بە شەرمکردنەی کە بەئەزموونی دەکا، توانای ئەوەی نییە بۆ داواکاری و خواستەکان، نەخێر بڵێ و لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی پەیوەندییە پێبەستراوەییەکانەوە کە لە سەر بنەمای وابەستەیین، لە ڕۆڵی فریادڕەس و قوربانیدا دەردەکەوێت. ئەم سازوکار و میکانیزمانە هەموویان یەک لە دوای یەک دەردەکەون و لە شێوەی سووڕێکی کارلێکەکانی تاکدا یەک لە دوای یەک ڕوو دەدەن و بەردەوام دەبن و دووبارە بەرهەم دەهێنرێنەوە. خاتوو پزیشکی سەبارەت بە یەکێک لەو کەسانەی کە دەستدرێژی کراوەتە سەر وتی:

ئێستا لەگەڵ کوڕێکە کە لە پەیوەندیدا کێشەی هەیە کە زۆر فیداکار و خۆنەویستە و ئەم کوڕە تەواو کەڵکاوەژۆیی لێ دەکات. هێشتاش دەڵێ نەخێر، من لەم پەیوەندییەدا دڵخۆش بووم؛ بەڵام کاتێک لەگەڵ یەکتر دانیشتین و شیمان کردەوە بۆمان دەرکەوت کە دڵخۆشییەکەی هەمان ئەو گیانبازییەیە کە خەریکە بۆ ئەو کوڕەی دەکا کە ئێستا دۆستایەتییەتی. هەنووکە بە گوێرەی قسەکانی خۆی ڕازییە، بەڵام ئەگەر کەسێک ناچارت بکا کە ڕۆژانە چوار جار سێکسی لەگەڵ بکەی، ئیتر ئەوە شتێکی ئاسایی نییە، بەڵام چۆنە نارەزایەتی دەرنابڕیت؟ ڕاستە خەمی لەدەستدانی هەیە. نیگەرانی دەست لێ بەردانیەتی. بەڵام ئەمە هەر ئەوەیە. کاتێک بە کەسانی جۆراوجۆر دەڵێم "سەرەتا هەستت بە ئێش و ئازار کرد؟ دەڵێ بەڵێ، ئێستا کە تۆ دەیڵێی، تێدەگەم، سەرەتا هەستم بە ئازار دەکرد." واتە هێشتا ئەو کێشەی کە جاران بوویەتی ئێستاش هەیەتی و بینیمان کە ئەنجامەکەی بوو بەمە.

کاتێک مرۆڤەکان لە تافی منداڵیدا لە لایەن سیستەمە پەیوەندییەکانیانەوە پاڵپشتییەکی ئەوتۆیان لێ ناکرێن و تەنانەت هەموو جۆرە دەستدرێژییەک، لەوانەش دەستدرێژیی سێکسی بەئەزموون دەکەن، چیتر لەگەڵ کەسانی دیکە هەست بە ئاسایش و ئاسوودەیی ناکەن و متمانە بەخۆبوون و بەرزەخۆییان زیانی پێدەگات. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە شێوەیەکی جیاواز جیهان لێک بدەنەوە، جیهانێک کە ئەمن و ئارام نییە و هەر بینا لەوانەیە لە لایەن کەسانی دیکەوە زیانیان پێ بگات. بە پێی جۆری ئەو زیانەی کە بەئەزموونی دەکەن و جۆری ئەو پەیوەندییانەی کە لەگەڵ کەسانی دیکەدا دروستی دەکەن، گەڵاڵەئاسای جیاواز دروست دەکەن. لە سەرەوە بە پێی ئەو زانیارییانەی کە لەبەردەستدان، بە شێوەی ناڕاستەوخۆ باس لە گەشەسەندنی کۆمەڵێک گەڵاڵەئاسا کراوە کە لە ئەنجامی دستدرێژی و ئازاردا دەرەکەون، هەرچەندە لێکدانەوەی وردتری ئەم بابەتە

پێویستی بە لێکۆڵینەوەی جیاواز و ڕژد هەیە. ئەم گەڵاڵەئاسایانە ئاراستە و تەنانەت ژیانی داهاتووی منداڵان، جۆری ئەو پەیوەندییانەی کە لەگەڵ کەسانی دیکەدا پەرەی پێدەدەن، سەرچەشنی کارکردن و چالاکییەکانیان و چەندین شتی دیکەش ئاراستە دەکا و تەنانەت یەکلاییان دەکاتەوە کە دەتوانن لە داهاتووی منداڵدا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبێ، چونکە لە سەر بنەمای ئەم گەڵاڵەئاسایانە هەموو ئەو شتانەی کە لە دەوروبەریدایە شرۆڤەیان دەکات.

تێکچوونی کارکرد: هەر مرۆڤێک بە پێی هەر قۆناغێکی ژیانی کۆمەڵێک کارکردی هەیە کە دەبێ ئەنجامی بدات. بە گوێرەی ئەو گەڵاڵەئاسایانەی کە لە زەینیدا دروست دەبن و ئەو هەستانەی کە لە زەینی قوربانیی دەستدرێژیی سیکسی لە تەمەنی منداڵی و مێرمنداڵیدا بەرساز دەبن، دەست دەکا بە دروستکردنی مانا و شرۆڤە و لێکدانەوەی بارودۆخەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆی. ئەم شرۆڤە و لێکدانەوانە هەندێ کارلێکی لێ دەکەوێتەوە. ئەم کارلێکانە وەک کارکردەکانی کەسی دەستدرێژیکراو فام دەکرێ کە لایەنێکی جیاواز لە کارکردە ناسیاری (مەعریفی)، بەڕێوەبەری، سۆزداری و کۆمەڵایەتییەکان لە خۆ دەگرێت. بۆ نمونە چاوەڕێی ئەوە لە منداڵان دەکەین کە یاری بکەن و دڵخۆش بن و بچنە قوتابخانە و بتوانن وانەکان بە باشی فێر ببن، ئەو شتانەی کە لە دەوروبەریاندایە سەرنجی پێ بدەن و پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا ساز بکەن؛ بەڵام منداڵئازاری بەتایبەت جۆری سێکسییەکەی لە جێبەجێکردنی کاریگەرانەی ئەم کارکردانە نەک تەنها لە سەردەمی منداڵی بەڵکوو لە قۆناغەکانی دواتری ژیانیاندا کێشە و ئاڵۆزیی گەورە دروست دەکات. بۆ نموونە ژمارەیەک منداڵی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی لە قۆناغەکانی دواتری ژیانیاندا تەنانەت لە ژیانی هاوسەرێتیشدا ڕووبەڕووی کێشەی گەورە دەبنەوە کە دواجار هەڵوەشانەوەی شیرازەی ژیانیانی لێ دەکەوێتەوە. لەم وتەزادا باس لە تێکچوونی کارکرد بە جەختکردنەوە لە سەر قۆناغی منداڵی کرا و لە وتەزاکانی داهاتووشدا قۆناغەکانی دیکەی ژیان تاوتوێ دەکرێت.

ئامادەنەبوون لە قوتابخانە و سەرنەکەوتن لە خوێندن یەکێک لە تێکچوونە سەرەکییەکانی کارکردی منداڵانە. کاتێک منداڵان دەستدرێژی و ئازار بەئەزموون دەکەن، بەتایبەتی لە لایەن کەسانی نزیک و مەحرەمیانەوە وەکوو باوک یان دایک، پەیوەندی و سیستەمی وابەستەبوونیان بە کەسانی دەوروبەر نائەمن دەبێت. توێژینەوەکان دەریانخستووە کە وابەستەیی لاواز یان نائەمن، کێشەگەلی وەکوو سازنەکردنی پەیوەندی لەگەڵ

هاوتەمەنەکان لە قۆناغەکانی دواتری ژیان، شەڕانگێزی، کارکردی خراپ لە قوتابخانە و خۆبەکەمزانین لە ناو کەسانی دەستدرێژیکراودا دروست دەکات (آینسورث و ویتینگ، ١٩٦٩؛ مارکوس و بتزر، ١٩٦٩؛ اوکون، ١٩٩٧؛ اشنایدر و یونگر، ١٩٩٦؛ شونکف و فیلیپس، ٢٠٠٠؛ سومی، ٢٠٠٠). لە ناو نیشانە ڕەفتارییەکانی دیکەی ئەم منداڵانەدا هەستکردن بە گوناحباری و تاوانباری، هیچۆکەیی، ناتەواوی و پیسی، خۆسەرزەنشتکردن، تێکچوونی خەو و مۆتەکەی شەوانە، گۆشەگیری و ماتبوون، گریانی زۆر و ترس (بۆ نموونە بینینی هەر کەسێک کە لە دەستدرێژیکار دەچێ، دەست دەکا بە گریان یان کاردانەوەی دەبێت). دەربڕینی ناڕاستەوخۆی دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن منداڵەوە لە ڕێگەی شێوەکاری، یاری و خەیاڵپەرەری، ترس لە شوێنەکان یان شتگەلێکی پەیوەست بە دەستدرێژیی سێکسی، ئاژەڵئازاری، لاوازئازاری، ئازاری درێژخایەن، بیری زیان بە خۆگەیاندن و خۆکوشتن، گلەیی کردن لە نەخۆشییە جەستەییەکان (بەبێ ئەوەی سەرچاوەیەکی دیاریکراوی بۆ بدۆزرێتەوە)، دووبارە دەستدان لە ئەندامی زاوزێ، گرینگیدانی یەکجار زۆر یان یەکجار کەم بە جەستە (بۆ نموونە ناچێتە بەر ئاوێنە و زۆر خۆی دادەپۆشێ گرینگیدانی یەکجار کەم بە جەستە؛ خۆ دەرخستن یەکجار زۆر گرینگیدان بە جەستە)، هۆگرییەکی زۆر بە خۆدوورکردنەوە لە کەسێکی دیاریکراو بە بێ هۆکارێکی ڕوون، کەشم و نەشم و ڕەفتاری لە خشتەبەرانە، هۆگرنەبوون بە بەشداریکردن لە یارییەکانی منداڵان، ئالوودەبوون بە کحۆل و مادە هۆشبەرەکان (لە مێرمنداڵاندا)، ڕاکردن لە ماڵەوە (لە مێرمنداڵاندا)، لاوازی لە دروستکردنی پەیوەندییەکی سۆزداریی سەرکەوتوو لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر، هەستکردنی زۆر بە سووکی و ئەنجامدانی پەیوەندییە سێکسییە مەترسیدارەکاندا (ستاری و خۆشنویس، ١٣٩٨ هەتاوی). بەڕێز کاف، جێگری بەڕێوەبەری قوتابخانە، ئاماژە بە حاڵەتێک دەکا کە منداڵێک پاش ئەوەی لە لایەن پووریییەوە (خوشکی دایک یان خاڵێ) دەستدرێژی کرابووە سەری نەدەهاتەوە بۆ قوتابخانە و لە وانەکاندا سەر نەکەوت.

سەبارەت بە لێکەوتەکانی دەستدرێژی وتی:

دوورەپەرێز و گۆشەگیر بوو و تەنانەت پرسیاری دەرسیشی نەدەکرد. ئایا لە وانەکاندا خراپ بوو؟ بەڵێ. نمرەی وانەکانی و ئەخلاقی دابەزیبوو و کەمتر هەوڵی دەدا بێتە قوتابخانە و ئەگەریش بهاتبایە بۆ قوتابخانە بە زۆرەملێیەتیی دایک و باوکی بوو. چونکە یەکێک لە هۆکارە گرنگەکان بۆ خۆپاراستن، پەروەردە لە قوتابخانەیە. من هەمیشە قوتابخانەکان بە

تاوانبار دەزانم. قوتابخانە هەر ئەوە نییە، چوار وشە بیرکاری و ئەدەبیات، جوگرافیا فێری منداڵان بکەن. پێویستە هەموو لایەنەکانی قوتابی لە قوتابخانە تاوتوێ بکرێ چونکە دانگێکی ڕۆژ لە قوتابخانەیە.

لەم ڕاپۆرتەی سەرەوەدا کە لە لایەن یەکێک لە دایک و باوکانی قوتابخانەکەوە باس کراوە، بە ڕوونی ڕەوتی ڕوو لە دابەزینی ئەو منداڵەی کە تووشی دەستدرێژیی سێکسی بووە دەبینرێ؛ کە چۆن ئەم ڕووداوە ژیان و کاروباری ڕۆژانەی خستووەتە ژێر کاریگەریی خۆی و نیشانەی ڕەفتاری نوێ کە پێشتر لە منداڵەکەدا بوونی نەبووە، بەدی هێناوە. تەنانەت مامۆستا و جێگری بەڕێوەبەری قوتابخانەکەش ئەم گۆڕانکارییانەی بۆ دەرکەوتووە؛ دابەزینی ئاستی نمرەکان، نەهاتنەوەی پەیتا پەیتا، دوورەپەرێزیی منداڵ لێکەوتەکانی ئەم کێشە بوون. هەڵبەت کارتێکراوی و هەروەها ئەو نیشانە ڕەفتارییانەی کە لە منداڵاندا دەردەکەوێ، ڕەنگە لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی دیکە جیاواز بن. هەروەها خاتوو سەتاری، دەروونپزیشکی منداڵان و مێرمنداڵان، دواکەوتن لە خوێندن بە یەکێک لە نیشانەکانی دەستدرێژیی سێکسی دەزانێ کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دایک و باوکی منداڵەکە یان تۆڕەکانی دیکەی پشتیوانی، منداڵەکە ڕەوانەی لای دەروونناس بکەن:

ئەم تێکچوونانە لە دوای قۆناغی مێرمنداڵیدا دەستنیشان دەکرێن، چونکە منداڵ لەگەڵ گەشەکردندا زیاتر بوێریی ئەوەی هەیە دەستدرێژیی سێکسییەکە ڕاپۆرت بکا، هەندێک جار لەقاودانی ئەم نهێنییە سێ ساڵی خایاندووە و دوای ئەوە منداڵەکە بەسەرهاتی دەستدرێژییەکەی گێڕاوەتەوە و سەبارەت بە منداڵیش یەکەم نیشانەکانی دڵەڕاوکێی زۆر، مۆتەکەی شەوانە و بەتایبەت دەرنەچوون لە وانەکانی قوتابخانە دەبێتە هۆکاری هێنانی منداڵ بۆ ئێرە [دەروونناس].

بەهەمان شێوە، یاریدەدەرێکی کۆمەڵایەتی لە (خانە خورشید) پێی وایە یەکێک لە لێکەوتەکانی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان دواکەوتن لە وانەکانی خوێندنە. ناوبراو لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا نیشانەکانی تێکچوونی دەروونی لە کەسی ئازاردراودا دەستنیشان دەکرێ؟ چ تێکچوونێک؟ وتی:

بەڵێ، تێکچوونی باری دەروونی، ڕانەگرتنی میز، گۆشەگیری، شەڕانگێزی، دواکەوتن لە وانەکان، ترس، لەخۆدان، هەستکردن بە تاوان و گوناح، وەسواس و هتد.

کێشەی فێربوون و تەرکیزنەکردن یەکێکی تر لە کێشە باوەکانی ناو منداڵانی دەستدرێژیکراوە. کاتێک منداڵان دەستدرێژیی سێکسی بەئەزموون دەکەن، ئەوە تووشی کێشەی دەروونیی جۆراوجۆر دەبنەوە وەکوو نینۆک خواردن، دڵەڕاوکێ، ترس و خەمۆکی. ئەوان پێیان وایە تۆڕە پشتگیرییەکانیان یان هەندێکیان نەک هەر پشتیوان نین بەڵکوو دەستدرێژیکاریشن، هەر بۆیە توانای تەرکیزکردن و سەرنجدانیان نییە. ئەمەش خۆی دەتوانێ یەکێک لە میکانیزمەکانی سەرنەکەوتن لە خوێندن بێت. ئەمڕۆکە کەمیی تەرکیز و تێکچوونی فێربوون لە منداڵاندا بە هۆکارێکی بەهێز بۆ فرەچالاکیی منداڵ لە قەڵەم دەدرێ، یان ئازاردانی ئاژەڵ، وەسواس و لەخۆدان ... یەکێک لەو حاڵەتانەیە کە لە سەردەمی منداڵیی ئالوودەبووانی مادە هۆشبەرەکان و ئالوودەبووانی سێکسی بەرتوێژینەوەدا بینراوە. پێداچوونەوە بەم حاڵەتانە ئەوە دەردەخا کە پرسگەلێکی وەکوو دیاردەی فرەچالاکی و پرسی ئالوودەبوون پەیوەندییەکی زۆری بە پرسی ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسی لە تافی منداڵیدا هەیە و هاوبەشی لە نێوانیاندا هەیە کە شیاوی لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەن.

ئەندامێکی کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی منداڵان سەبارەت بە نیشانەکانی دەستدرێژیی سێکسی لە ناو منداڵاندا وتی:

دەستدرێژیی سێکسی و جەستەیی کرابووە سەریان و درەنگ فێر دەبوون و ناچار دەبووم چەندین کاتژمێر فێریان بکەم. یان دەگریان یان قسەیان لەگەڵ دەکردم، هەوڵم نەدەدا زۆر نزیکیان ببمەوە، چونکە ڕەگەزی بەرامبەر بووم، زۆرێکیان تەنانەت هەندێک جار دەترسان لەوەی کە دەمویست شتێک لە دەفتەرەکانیاندا بنووسم و لە نزیک مێزەکانیانەوە لە ژوور سەریانەوە بووم، بەڵام زۆر بیرکۆڵ بوون.

دکتۆر ئەبهەریان، مامۆستای زانکۆ و بەڕێوەبەری بەشی توانابەخشی، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا، کە ئەو کەسانە کێن کە کەیسی ئەم بابەتە ڕەوانەی لای ئێوە دەکەن؟ وتیان: ڕاستییەکەی کەس لەبەر دەستدرێژیی سێکسی سەردانم ناکا کە ئەویش بەتایبەتی بێتە ئێرە و باسی ئەم بەسەرهاتە بکا، چونکە پسپۆڕیی من سێکسۆلۆژی نییە، بەڵام کاتێک دێن بە پێی ئەو دیمانانەی کە ئەنجامی دەدەین و ئەو هەڵسەنگاندنانەی کە بۆی دەکەین، زنجیرە پرسیارێک بە شێوەی ناڕاستەوخۆ دەخرێتە ڕوو و لە دوو حاڵەتدایە، یەکێکیان ئەوەیە کە ئەو منداڵانەی کە سەردانی ئێرە دەکەن بە هۆی سەختی فێربوون و فرەچالاکیی

ئۆتیزم و ئەم جۆرە تێکچوونانە کە دەتوانین بڵێین لە قۆناغی سەرەتایی و تەمەنی منداڵیدان و تاقمێکیان ئەوانەن ئەو کەسانەن کە نەخۆشیی دەروونییان هەیە؛ واتە گەنجان یان کەسانی مامناوەند کە چەندین کێشەی وەکوو کێشەی دەروونیی جیاوازی وەکوو کێشەی وەسواسی زۆر و دووجەمسەری و کێشەی باری کەسایەتیی زۆر و دڵەڕاوکێ و ئەمانە. ئەمانە کاتێک دێن و بەسەرهاتی خۆیان دەگێڕنەوە دەبینین کە بەڵێ یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکان دەستدرێژیکراوی بووە کە بەئەزموونیان کردووە.

لە گێڕانەوەی سەرەوەدا ڕووبەڕووی ئەو مەسەلە دەبینەوە کە ڕەنگە ئەو کەسانەی کە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەریان ساڵەهای ساڵ خۆیان لە بیرهێنانەوەی ئەزموونەکەیان بەدوور بگرن و تەنانەت گەرەکیان نەبێ سەبارەت بەو باسە لەگەڵ کەسدا قسە بکەن، بەڵام بەداخەوە لێکەوتەکانی ئەم ڕووداوە بە شێوازی دیکە لە سەر کەسەکەدا دەردەکەون. بۆ نموونە کەسێک بە هۆی خەمۆکی یان دڵەڕاوکێیەوە دەچێتە لای پزیشکی دەروونناس، بەڵام بە دیمانە و پشکنینی وردتر، یان تەنانەت هەندێک جار دوای چەندین دانیشتنی دەروونپزیشکی و کاتێک متمانە لە نێوان نەخۆش و دەروونپزیشک دروست دەبێ، باسی ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسیی تافی منداڵی و مێرمنداڵیی خۆی دەکا و دەیگێڕێتەوە و بە دەگمەن ڕووی داوە کە کەسێکی گەورەساڵ تەنها بە هۆی ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسییەوە دەستی بە پرۆسەی دەروونچارەسەری کردبێت. هەڵبەت پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە خەمۆکی نەخۆشییەکە کە لەگەڵ زۆرێک لە کێشە و زیانە کۆمەڵایەتییەکان لەوانە دەستدرێژیی سێکسی، ئالوودەبوون، لەشفرۆشی و هتد دێتە ئاراوە.

خانمێکی تەمەن ٣٣ ساڵەی دەرچووی بواری بیناسازی دەڵێ:

من نەمدەتوانی بخەوم و لە ڕۆژدا هۆشم بە سەر هیچەوە نەبوو، تەرکیزم لە سەر دەرس و دەورەکانم نەبوو. ئەم ڕووداوە هەستی سێکسی لە مندا زۆر زوو ورووژاند. لە تەمەنی حەوت ساڵان یان پێشترەوە، کاتێک کە هێشتا نەدەچوومە قوتابخانە. هەستی سێکسی زۆر زوو لە مندا ورووژا بوو.

لەم ڕاپۆرتەدا گێڕەوەر کەسێکە کە خۆی لە سەردەمی منداڵیدا تووشی دەستدرێژی بووە، ئەمە باس لە باڵقبوونی پێشوەختە و گۆڕانکاری و گۆڕانکارییە جەستەیی و دەروونییەکانی خۆی دەکا کە لەگەڵ دەرکەوتنی لە جەستەی هەر مرۆڤێکدا، دەچێتە ناو جیهانی گەورەساڵییەوە و ئەگەر ئەم قۆناغە بۆ منداڵێک زووتر لە وادەی سەرەکیی خۆی بێ؛ دنیای

منداڵییەکەی بە هەموو یاری و ڕەنگاڵەییەکانیەوە زووتر کۆتایی دێت. باڵقبوونی پێشوەختە بۆ منداڵ چەندین لێکەوتەی هەیە کە دواتر باس دەکرێن. لە بەشێکی تردا وتی:

هەر لە تەمەنی ٢٤-٢٥ ساڵییەوە حەبی هێورکەرەوەم بەکار دەهێنا و خەوهێنەر بوو. دایکم چاوەڕێی ئەوە بوو کاتژمێر هەشت بچمە سەر کارەکەم. لەوان وا بوو من ئالوودەی مادە هۆشبەرەکانم. لە حاڵێکدا بە هۆی ئەو حەبە هێورکەرەوانەوە کە بۆ میگرێن و سترێس دەمخوارد هیچ تەرکیزم نەبوو ناچار بووم بخەوم چونکە حەبەکان خەوهێنەر بوون.

لەم ڕاپۆرتەدا گێڕانەوەیەک لە کەسی دەستدرێژیکراو هاتووە کە ساڵانێکە تەنانەت لای نزیکترین ئەندامانی خێزانەکەشی سەبارەت بەو بەسەرهاتەکەی کە بەئەزموونی کردووە هیچی نەوتووە بۆ باشترکردنی باری دەروونییەکەی لە تەمەنی گەورەساڵییەوە هەوڵی چارەسەرکردنی خۆی داوە و لە ژێر چاودێڕیی چڕی چارەسەر بووە و دەرمانەکانیش کارکردی ڕۆژانەیان تێک داوە و بووەتە هۆی ئەوەی کە چیتر نەتوانێ بچێتە سەر کارەکەی، بەڵام بێ‌ئاگایی خێزانەکەی لە بەکارهێنانی دەرمان، ئەم گومانەی لەواندا دروست کردووە کە مادە هۆشبەرەکان بە کار دێنێ و ئەم جۆرە قەزاوەتکردنانە ئەوی خستووەتە ژێر فشارەوە. کەواتە دەستدرێژیی سێکسی بۆ منداڵان چ لە تافی منداڵی و چ لە قۆناغەکانی دواتری ژیاندا کێشەی زۆر لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. ئەو قسانەی سەرەوە ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی بوونی هەندێک لە نەخۆشە دەروونییەکان لە کەمپەکانی وازهێنان لە مادە هۆشبەرەکان لە ئێراندا بێت. خاتوو کاف، ماستەری لێکۆڵینەوەی ئافرەتان و چالاکوانی بواری منداڵان و ژنانیش ئاماژەی بە تەرکیزنەکردنی ئەو منداڵە دەستدرێژیکراوانە کرد:

لە بارەی منداڵانیشدا گرنگترین بابەت کە دەیبینین، نەبوونی تەرکیزکردنە، توانای تەرکیزکردن تێک دەچێ و هەر چییەک بڵێین و داوای هەر چییەکی لێ بکەن هۆشی نامێنێ و ناتوانێ بە هیچ شێوەیەک فۆکووس و تەرکیز بکاتە سەر ئەو بابەتانەی کە منی وانەبێژ و مامۆستا پێی دەڵێم. تەواو شێواو و نائارامە، ئەو ترۆمایەی کە ڕووی دا تەواوی ژیانی ئەم منداڵەی تەنیوە، کاتێک بەنیازە پەیوەندی لەگەڵ دنیای ڕاستەقینە ساز بکا جار جار دەپچڕێ و لەوانەیە لەو حاڵ و هەوا ترۆماییەدا پەیوەندییەکەی بپچڕێ و تەرکیزی تێک بچێت.

پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ دنیای واقیع کە بە نەبوونی تەرکیز خۆی دەردەخا، لە زۆرێک لە دەستدرێژی و ئازاردانەکاندا دیارە، لەوانەش لە کەسانی قوربانیی دەستدرێژیی

سێکسیدا، ئالوودەبووانی مادە هۆشبەرەکان و سێکس ... بە واتایەکی تر، بەو پێیەی کە دنیای واقیع بۆ ئەم کەسانە، بە هۆی ئەزموونە ناخۆشەکانیانەوە، ڕووخساریێکی ناشیرین و دێزی هەیە، پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ ئەو واقیعە خۆی بە نەبوونی تەرکیز نیشان دەدا کە ئەمەش کاریگەریی زۆر تێکدەرانەی لە سەر پرۆسەی فێربوونی کۆمەڵایەتییان لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا دەبێت.

خاتوو ف ز سەبارەت بە تێکچوونی کارکردەکانی یەکێک لە منداڵە دەستدرێژیکراوەکان وتی:

کێشەی دواتری کە هەیبوو، وەسواس و ئالوودەبوون بە کارەکەی بوو. ئەو چووبووە ناو کاری کاراتێ و لەم بوارەدا کەسێکی سەرکەوتوو بوو، واتە حەزێکی زۆری هەبووە و لێکدژییەکی توندی هەبوو و دەیگوت هەرچەندە چوومە ناو ئەم بوارەوە و لە لێدان دەترسم، دەشترسم دەست و قاچی کەسێکم لێ بکەوێت. ماوەیەک کارمان لە سەر ئەم بابەتە کرد، هەستم دەکرد بە هۆی دەستدرێژییەوە دەترسێ و وەسواسێکی سەیری هەبوو کە من دەبێ لەم کاتەدا بخەوم و لە خەو هەستم. کۆڵێ "دەبێ" لە ژیانیدا بوو. زۆر ئالوودەی کاراتێ بوو، بە جۆرێک کە هەموو ژیانی تەرخانی کردبوو و ڕاهێنانی تاکەکەسی دەکرد و نەیدەتوانی بەشداری پێشبڕکێکان بکات. دەیگوت بچمە ناو کێبەرکێ دەیدۆڕێنم و دەترسا ئەمانەم بیر بێنێتەوە. هەروەها لە پەیوەندیش دەترسا. وتی من زۆر دەترسم، بە تەما بوو دەزگیراندار بێ و هاوسەرگیری بکا، بەڵام وتی تەنها شتێک کە من دەترسێنێ هاوسەرگیریکردنە.

ئەو قسانەی سەرەوە نموونەی کاریگەری و لێکەوتەکانی دەستدرێژیی سێکسین، کە دەبێتە هۆی وەسواس و هەموو جۆرە ڕەفتارێکی ئالوودەبوون و دووبارەبوو بۆ کەمکردنەوەی فشار و دڵەڕاوکێ کە لە ئەنجامی دەستدرێژی لە کەسی دەستدرێژیکراودا دروست دەبێت. گێڕانەوەی سەرەوە بە ڕوونی نیشان دەدا کە دەستدرێژیی سێکسی کاریگەری لە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانی منداڵ هەبووە. ئەم منداڵە لە لایەن دوو دراوسێی خۆیەوە کە هاوتەمەنی ئەو بوون، دەستدرێژی کراوەتە سەری. ناوبراو سەرەڕای ئەوەی لە ژیانیدا "دەبێ"ـی زۆری بووە و هەموو وزەی خۆی پرژاندۆتە سەر وەرزشی کاراتێ، بەڵام ئەنجامدانی ئەم وەرزشە کاریگەری لە سەر ژیانی نەبووە. ڕەفتاری ڕاڕاییانە یان ڕەفتاری پەیتاپەیتا لە کەسی تووشبوودا دەبێتە هۆی هێورکەرەوەیەکی کاتی، بەڵام کێشە

سەرەکییەکە هەر دەمێنێتەوە. ئەمیری تەمەن ٢٥ ساڵ کە لە لایەن ڕاهێنەری وەرزشییەکەیەوە دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر، دەڵێ:

ساڵانێکە بە هۆی ئەو گرفتە جەستەیی و دەرونییانەی کە ئاوقانی بووە، دەناڵێنێ و دوای ئەمەش چیتر توخنی وەرزش و هۆڵی وەرزشی ناکەوێت. ئەو شتەی کە ئاڵۆزییە زەینییەکانی ئەهوەن دەکاتەوە یارییە کۆمپیوتەرییەکانە و بۆ ماوەیەک زۆر خراپ پێی ئالوودە بووە.

ئەمیری تەمەن ٢٥ ساڵ لە منداڵیدا لە لایەن ڕاهێنەری وەرزشەکەی دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەر و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دەستبەرداری وەرزشە دڵخوازەکەی کە کاراتێ بوو، ببێت. تێکچوونی توانای پەیوەندیسازکردنی کاریگەر لەگەڵ ئەندامانی دیکەی خێزانەکەی و کۆمەڵی دۆست و هاوڕێیان و کەسانی تر لێکەوتەکانی تری دەستدرێژیی سێکسین.

خاتوو بێهبۆدی وتی:

کێشە ڕەفتارییەکانی ئەو منداڵە لە باخچەی ساوایاندا بە شێوەیەک دەرکەوتووە کە زۆر یاخی بووە، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ڕاهێنەران و منداڵەکانی دیکەدا زۆر زۆر لاواز بوو. منداڵ لەگەڵ ژینگەدا نەدەسازا و هەروەها لەگەڵ دایکیشی ناکۆک بوو.

باروتی، یاریدەدەر بەم شێوە باس لە ئەزموونی یەکێک لەو کۆمەکخوازانە دەکا کە بە هۆی ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسییەوە لە بارودۆخی ماڵەوە هەڵاتووە:

و ئەوەی کە لە منداڵیدا بە نیازی سێکسی دەستی لێ دراوە. ئەم کچە بە هۆی ئەو دەستدرێژییە لە پۆلی چوارەم و پێنجەمی سەرەتایی لە قوتابخانە هەڵدێ و لە لایەن ژنێکەوە دەڕفێنرێ و لە ماڵەوە دەیفرۆشرێ و دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەر.

لە سەر بنەمای ئەو گێڕانەوەی سەرەوە دەتوانین ڕێک ئاماژە بەو خاڵە بکەین کە هەندێک جار ژینگەی ناو ماڵ بۆ منداڵەکە هێندە نائەمن و سارد و بێسۆز دەبێ کە منداڵەکە ڕاکردنی پێ باشترە بە بێ ئەوەی لە لێکەوتەکانی ڕاکردن بزانێ و لە ناکاو پا دەنێتە ناو جیهانێکی درندە و نامیهرەبانەوە و تووشی بێخانومانی و لانەوازی دەبێ بە جۆرێک کە ئەم دۆزەخەی لە ماڵ و خێزانێکی پەشێو و نائارام پێ باشترە. هەندێک لە لێکەوتەکانی دەستدرێژی ئەوەندە کار دەکەنە سەر کارکرد و دەستکەوتەکانیان کە هەموو ژیانی منداڵان لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیاندا دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، وەک خاتوو م سەبارەت بە لێکەوتەکانی دەستدرێژی وتی "هەموو ژیانم بە فیڕۆ چوو. من هەتا ساڵانێکی

زۆر وامدەزانی ژیان هەر ئەمەیە." ئەم لێکەوتانە دەبنە هۆی ئەوەی منداڵان لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیاندا بەتایبەت لە سەردەمی منداڵیدا نەتوانن کاروباری ڕۆژانەی ژیانیان وەکوو پەروەردە و فێربوون بەڕێوە ببەن و نەتوانن پەیوەندیی گونجاو و کاریگەر لەگەڵ کەسانی تردا ساز بکەن، سازکردنی ئەم پەیوەندییانە بۆ سەرکەوتن، بەختەوەری و هەموو ئەوانەی مرۆڤ پێویستی پێیەتی، پشکی بەرچاوی هەیە لە حاڵێکدا ئەم منداڵانە لێی بێبەش دەبن. هەموو ئەمانە دەست لە ناو دەستی یەک دەکەن بۆ ئەوەی هەموو یان بەشێکی گرنگی ژیانیان لەدەست بچێ یان "بە فیڕۆ" بچێت.

ڕەهەندی دەروونی و کەسایەتی

یەکێک لە لێکەوتەکانی دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان بەتایبەت منداڵئازاریی سێکسی، ئەو کێشە دەروونیانەیە کە منداڵان لە سەردەمی منداڵی و قۆناغەکانی تری ژیانیاندا ڕووبەڕووی دەبنەوە. زۆرێک لە توێژینەوەکان پەیوەندیی نێوان دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان و تێکچوونی باری دەروونیان نیشان داوە. کاردانەوەی ژنان بەرامبەر بە دەستدرێژیی سێکسی زۆر لە ستریسی دوای کارەسات دەچێ و هەر بۆیە ناویان ناوە نیشانەکانی دستدرێژیی سێکسی. پاشماوەکانی دەستدرێژیی سێکسی، تەنانەت دوای کۆنترۆڵکردنی کاریگەرییەکانی توندوتیژی و مەترسییەکانی، لەوانەیە زیاتر لە قوربانیانی تاوانەکانی دیکە تووشی تێکچوونی ستریسی دوای کارەسات ببن (جنکینز، ١٩٩٥). لەم لێکۆڵینەوەدا، دوای ئەنجامدانی دیمانەکی پێکهاتووی PTSD لە لایەن دەروونناسێکی کلینیکی، دەرکەوت کە تاقیکراوەکانی گروپی قوربانیانی دەستدرێژیی سێکسی ئەم تێکچوونەیان هەیە. تێکچوونی ستریس دوای کارەسات کۆمەڵێک نیشانەیە کە لە هەمبەر ڕووداوە زیانبەخشەکانی ژیاندا دەبینرێن. توێژینەوەکان دەریدەخەن کە پەیوەندییەکی ئەرێنی و جێگیر لە نێوان توندیی تێکچوونی ستریسی دوای کارەسات و کەمکردنەوەی کارکردی یادگەدا هەیە. ئەم پەیوەندییە لە بواری کارکردی گشتیی یادگە، یادەوەریی بەسەرهاتی واتایی و ڕووداوی بە ڕاست دەردەچێت. هەروەها کەمبوونەوەی تاکەکەسیبوونی یادەوەرییەکان، ستریسی دوای کارەسات زیاتر دەکا و کەموکوڕییەکانی بیرەوەریی بەرفراوانتر دەکا، هەروەها لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە کارکردی یادگەی گشتی، کارکردی یادگەی چالاک، یادگەی زارەکی، یادگەی بەسەرهاتی واتایی و ڕووداوی لەم کۆمەلە نەخۆشانەدا کەم دەبێتەوە (ساروخانی و مرادی، ١٣٩٥ هەتاوی). نەقەوی و کەسانی دیکە بە لێکۆڵینەوە و بەراوردکردنی منداڵانی دەستدرێژیکراو و

منداڵانی ئاسایی دەریانخستووە کە لە ڕووی یادگەوە جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان کەسانی دەستدرێژیکراو و ئاساییدا هەیە؛ بەڵام لە نێوان هەر دوو گروپی بەرلێکۆڵینەوەدا لە ڕووی زیرەکی و وردبینییەوە هیچ جیاوازییەک بەدی نەکرا. شوعاع کازمی نیشانی دا کە منداڵان و مێرمنداڵانی دەستدرێژیکراو بەدەست خەمۆکی و گۆشەگیری و تورەیی شاراوە دەناڵێنن؛ لە خوێندندا دوا دەکەون و لە هاوڕێدۆزینەوەدا کێشەیان هەیە، متمانەیان بە کەس نییە و بە هۆیەوە هەست بە سووکی و شکست دەکەن و لە سەردەمی مێرمنداڵیدا تووشی ڕفتارگەلی دژەکۆمەڵایەتی (تاوانباری)، دزی، ڕاکردن لە ماڵ، ئالوودەبوون و ڕاکردن لە قوتابخانە دەبن (شعاع کاظمی، ١٣٨٤ هەتاوی). هەروەها دوو گروپی منداڵانی دەستدرێژیکراو و منداڵانی ئاسایی لە لایەنەکانی ڕەفتاری دژەکۆمەڵایەتی، شەڕانگێزی، ڕەفتاری پاسیڤ-شەڕانگێزانە، ئالوودەبوون بە دەرمان و مادە هۆشبەرەکان لێک جیاوازن. واتە دەرکەوتنی ئەو جۆرە ڕەفتارانە لە ناو کچانی دەستدرێژیکراودا زیاتر بووە. لە ڕەهەندی سۆزداریشدا، بە گشتی، ئەو دوو گرووپە لە تایبەتمەندیگەلی وەکوو دانبەخۆداگرتن، کۆمەڵگاگری، هەستکردن بە تەندروستی، کارایی زەینی، بەهرەی دەروونناسی، ئاستی خۆڕاگری و بەهرە بۆ بەدەستهێنانی پێگە لێک جیاوازن؛ بەڵام لە تایبەتمەندیگەلی وەکوو خۆقبوڵکردن، ئامادەبوونی کۆمەڵایەتی، خەڵکقبوڵکردن، پێشکەوتن لە ڕێگەی هاواهەنگی، پێشکەوتن لە ڕێگەی سەربەخۆیی و بەرپرسیارێتیەوە هیچ جیاوازییەکیان پێکەوە نییە (تقوی و هاوکاران، ١٣٨٣ هەتاوی).

لێکۆڵینەوەکان لە ئێراندا گرفتی جۆراوجۆری بەدەروونیکراو و بەدەرەکیکراو لەو منداڵانەدا نیشان دەدەن کە لە بارودۆخی دەستدرێژیکراویدا دەژین. توێژەران لایەنێکی بەربڵاو لە بابەتەکان وەکوو بابەتە دەروونناسی و ڕەفتاری و سۆزداریەکان بە هۆکاری پەشێویی جەوی ناو خێزان دەزانن (محمدخانی و هاوکاران، ١٣٧٩ هەتاوی). هەروەها لێکەوتەکانی ئەم توێژینەوە دەریدەخەن کە منداڵانی دەستدرێژیکراو کۆمەڵێک کێشەی دەروونیی بەرفراوانیان و هەندێک نیشانەی وەکوو دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، ڕاڕایی، تێکچوونی سترێسی دوای کارەسات (ptsd)، ترۆما، مۆتەکەی شەوانە و تێکچوونی خەو، شەڕانگێزی، سادیزم، تێکچوونی دووجەمسەری یان سنووری، دەروونی، ڕەفتاری خۆورووژاوی، تێکچوونی باری کەسایەتی، تێکچوونی خۆدەرخستن، کێشەی ئەعساب، هێرشی پانیک، وڕینەی زەینی، فەرامۆشی، گۆشەگیری و ترسیان هەیە. خەمۆکی یەکێک لەو تێکچوونانەیە. خەمۆکیی باری دەروونی بریتییە لە بێحەوسەلەیی و دوورکەوتنەوە لە

چالاکی یان هۆگرنەبوونە و دەتوانێ کاریگەری لە سەر بیرکردنەوە و ڕەفتار و هەست و تەندروستیی کەسەکە دابنێت. کەسە خەمۆکەکان دەتوانن هەستی دڵتەنگی، دڵەڕاوکێ، هیچۆکەیی، بێهیوایی، داماوی، هیچ و پووچی، شەرم، یان بێئۆقرەییان هەبێت. دکتۆر بارامی سەبارەت بە خەمۆکیی یەکێک لە کۆمەکخوازەکانی کە لە منداڵیدا دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەری وتی:

ژنێک هەیە پزیشکی ددانە و تەمەنی ٣٢ ساڵە، لە منداڵیدا حاڵەتی ئازاردانی هەبووە. لە چەند ساڵان؟ نزیکەی پێنج بۆ شەش ساڵان. لەو خێزانانە بووە کە دایکی لە نیژادی بیانی بووە، فلیپینی بووە و هاتووچۆیان دەکرد یەکێک لە هاوڕێکانیان بووە. دەی بۆچی هێناویانە؟ چونکە زۆر لە دایکی تورەیە و خەمۆکی هەبوو. پاشان دایکی دەیگوت نازانم چیم کردووە ئەوەندە لێم قەڵسە.

لەو قسانەی سەرەوە دەردەکەوێ کە کەسی دەستدرێژیکراو تورەییەکی شاراوەی بەرامبەر بە کەسانی نزیک و چاودێرە کەمتەرخەمەکانی هەیە کە نابەرپرسایەتییان بەرامبەر بەو منداڵە نواندووە، تورەییەکی شاراوەی هەیە کە کاریگەری لە سەر پەیوەندییە سۆزدارییەکانی لەگەڵ ئەواندا لە قۆناغەکانی دواتری ژیاندا هەیە کە لەوە دەچێ پەیوەندییەکە هەر وا ئاسان خۆش نەبێتەوە.

خاتوو م ح کە لە منداڵیدا لە لایەن مامیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر، دەڵێ:

ژیانم وێران بوو. من ساڵەهای ساڵ وام دەزانی ژیان ئەمەیە، دڵەڕاوکێیەکی زۆر و خەمۆکییەکی توند هەتا سێ ساڵ لەمەوبەر دڵ و دەروونمی تەنیبوو.

بەڕێوەبەری کلینیکی ئەعساب ئاماژەی بە لایەنێک لە کێشە ڕەفتاری و دەروونییەکانی ناو ئەم منداڵانە کرد، لەوانە تورەیی و خەمۆکی:

کۆمەڵێکیان هەن، ئێستا خەمۆکییەکەیان کاریگەر و قووڵە یان زۆر وەسواس و ڕاڕایین لەوانەیە پەیوەندی بەو حاڵەتەوە هەبێت. هەمیشەش لەبەر تابۆبوون نییە و ئێستا زۆر باشتر بووە، دوای سێ چوار دانیشتن بە هاندانێکی بچووک دەیڵێ و زۆر باشتر دەبێت. ئێستاش ئەم تابۆیانە هەن، کە کەسەکە خۆی هەست بە گوناح دەکا بەتایبەت کچان و ئەمەش بۆ کوڕان یەکجار زۆر بووە.

ئەو لێدوانانەی سەرەوە کاریگەریی دەستدرێژیی سێکسی لە تافی منداڵیدا لە هەر دوو ڕەگەزی جیاوازی ژن و پیاودا دەردەخەن، و وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، کوڕان بە هۆی ڕوانگەی پیاوەتی و ئەو غروورەی کە عەقڵیەتی کۆمەڵایەتیی باڵادەستە، زۆر زیاتر هەست

بە گوناح و تاوانباری دەکەن. ڕەنگە ئەم هەستکردن بە گوناح و تاوانبارییە هۆکارێک بێ بۆ هاوڕەگەزخوازی لە پیاوی دەستدرێژیکراودا کە پێشتر باسمان کرد، کە لە ژنی دەستدرێژیکراودا خۆی لە شێوەی هەستکردن بە ڕق و کینە بەرامبەر بە ڕەگەزی بەرامبەر دەردەخات. خانمی یاریدەدەر تەمەنی ٣٣ ساڵە سەبارەت بە ئەزموونی منداڵیی خۆی دەڵێ:

باشە من لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانمدا تووشی خەمۆکی هاتم، لە تەمەنی مێرمنداڵیشمدا ڕۆژی ڕەشم زۆر بووە لە سەردەمی مێرمنداڵیدا بۆ ماوەی ٦ مانگ بۆ ساڵێک تووشی خەمۆکییەکی توند بووم و پاشان لە تەمەنی ٢٣ بۆ ٢٧ ساڵی، خەمۆکییەکی زۆر توندم تێپەڕاند، کە زۆر کاری کردە سەرم، هەست دەکەم گەنجێتیم لەدەست داوە.



چارتی ژمارە ٣-٢٤. ئەزموونی گاڵتەپێکران لە سەردەمی منداڵیدا لە لایەن گەورەساڵانەوە (N=209)

دڵەڕاوکێ یەکێکی تر لە نەخۆشییە باوەکانی ناو منداڵانی دەستدرێژیکراوە. دڵەڕاوکێ هەستێکی ناخۆش، نیگەرانی یان گرژییەکە کە کاردانەوەی مرۆڤەکان لە وەڵامی بارودۆخە هەڕەشەئامێز یان سترێسدارەکانە. لە پێناسەیەکی تردا دەتوانین بڵێین دڵەڕاوکێ هەستێکی بەربڵاو و ناخۆش و نارِوونی ترس و نیگەرانییە کە سەرچاوەکەی نادیارە کە تاک بەئەزموونی دەکا و بریتییە لە نادڵنیایی و داماوی و وروژانی فیزیۆلۆژی. ئەمیر کە لە لایەن ڕاهێنەرە وەرزشییەکەیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر، دەڵێ:

زۆر کاریگەریی لە سەر متمانە بەخۆبوونم دانا و بەرزەخۆییمی لێم زەوت کرد و هەتا ئێستاش بەدەست دڵەڕاوکێیەکی زۆرەوە دەناڵێنم و دوای پێنج ساڵ لەم ڕووداوە لێدانی دڵی توندم هەبوو و حەبم دەخوارد و هەتا ئێستاش ئەم حەبانە هەر دەخۆم. زۆر دڵەڕاوکێم هەیە و هەندێک جار زۆر دەشڵەژێم.

یەکێک لە مامۆستایانی گەڕەکێکی دەوروبەری تاران وتی:

سەبارەت بە یەکێک لە قوتابیانی پۆلی پێنجەم وتبووی کە هەمیشە لە سەر پۆلی خوێندندا دەخەوت و ماوەیەکەش لە وانەکانیدا نمرەی باشی وەدەست نەدەهێنا و لە وانەکانیدا دەکەوت. هەستم دەکرد لە کاتی پشووی نێوان وانەکاندا زۆر دەشڵەژا، هەندێ جار وەها دەپۆشۆکا کە بە نهێنی دەگریا و تەنانەت دواییـن کەسیش بوو کە لە پۆلی دەچووە دەرەوە. هەستم دەکرد کە پێی خۆش نییە دوای کۆتاییهاتنی قوتابخانە بڕواتەوە بۆ ماڵەوە کاتێک لێم پرسی زۆری پێ چوو هەتا متمانەیم وەدست هێنا، چوونکە دەترسا.

خاتوو مووەحد وتی:

هەمیشە سترێسم هەیە و ئێستا ئەوەندە بەردەوامە کە یەکێک لە هەستە هەمیشەییەکانمە و لە زەین و مێشکمدا چەقی بەستووە. من هەمیشە ئەم هەستەم هەیە و بەئەزموونی دەکەم چ شاد بم چ غەمگین. ئێستا هەوڵ دەدەم کە کۆنترۆڵی بکەم، بەڵام نا زیاتر ترس و دڵەڕاوکێیە.

ژنێکی تەمەن ٣٣ ساڵ کە لە تەمەنی منداڵیدا لە ناو تاکسییەکدا دەستدرێژی کراوەتە سەر دەڵێ:

هەمیشە دڵەخورپەی ئەوەم هەیە کە بۆ نموونە کەسێک بێ و لە تەنیشتم دابنیشێت.

هەروەها تێکچوونی دووجەمسەری یان سنووری لە ئەنجامی دەستدرێژیکردن لە ناو منداڵانی دەستدرێژیکراو لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانیاندا باو و ئاساییە. تێکچوونی دووجەمسەری جۆرێک تێکچوونی دەروونییە کە بە خولەکانی خەمۆکی و شەیدایی و خووخدەی نائاسایی دەستنیشان دەکرێت. وەک لە ناوی ئەم تێکچوونەدا هەڵدەهنجرێ کەسێک کە تووشی تێکچوونی دووجەمسەری دەبێ باری دەروونییەکەی نەوەستانی توندی هەیە. ئەم نەوەستان و هەڵچوونانە چەند هەفتەیەک یان چەند مانگێک دەخایەنێ و لەگەڵ ئەوەی وا مرۆڤە ئاساییەکان لە ژیانی ڕۆژانەدا بەئەزموونی دەکەن زۆر فەرقی هەیە. سێ تایبەتمەندیی کەسانی خاوەن حاڵەتی دووجەمسەری کە بریتین لە ١) خووخدەی خەمۆک: هەستکردن بە خەمۆکیی توند، ٢) خووخدەی شەیدایی: هەستکردن بە شادمانییەکی زۆر و ناهومێدی و ٣) خووخدەی تێکەڵاو: بۆ نموونە خەمۆکییەکی زۆری تێکەڵ بە نائارامی و چالاکیی لە ڕادەبەدەری بە هۆی شەیداییەوە. لە ڕاستیدا تێکچوونی خووخدە کاریگەری لە سەر سەقامگیریی بارودۆخەکان و بەتایبەت هاوسەنگیی هەست و ورووژانەکانیان دادەنێ، دەتوانین بڵێین لە لێکدژی و ناکۆکی و گرژییە دەروونییەکانیانەوە سەرچاوە دەگرن، کە پێشتر باسی خۆی و هۆکارەکانیمان کرد. لە ڕاستیدا کەسانی

دەستدرێژیکراو لە چاو کەسانی دیکە، سەقامگیری و سۆز و هاوسەنگیی ڕەفتاریان کەمترە، بۆیە کارلێکەکانیان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا کەمتر پێشبینی دەکرێ و شەفافیەتیان نییە. ئەم فاکتەرە خۆی دەبێتە هۆی ئەوەی لە لایەن کەسانی دیکەوە کەمتر متمانەیان پێ بکرێ و لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا کارلێکی ناکارامەتریان هەیە و متمانە و هاوسۆزی لە ناو ئەواندا لە ژێر کاریگەریی دەستدرێژیی سێکسیدا کەم دەبێتەوە و لە پەیوەندییە دەرەکی و کۆمەڵایەتییەکانیشدا متمانەی خەڵکیش بەوان کەم دەبێتەوە. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، لە ناخیاندا بەرسازکراوی ئەو دستدرێژییەیە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بەئەزموونیان کردووە، بە واتایەکی تر هۆکارە دەروونناسی و کۆمەڵایەتییەکان لە پەیوەندییەکی لێکدژدان. لەم زەمینەدا خاتوو مووەحد سەبارەت بە خوشکەکەی وتی:

لە بیرمە کاتێک دەستدرێژی دەکردە سەر خوشکەکەم، دایکم هات و خاڵۆم و کوڕی پوورم (خوشکەزای دایک) زۆر پەندیان بە سەر خوشکەکەم هێنا، کە ئێستاش بۆ هەر شوێنێک دەچێ، پێی دەڵێن دووجەمسەرییە، کە سێ جار هاوسەرگیری کردووە، و پەیوەندیی زۆر بووە دۆخی زۆر شپرزەیە.

دکتۆر حەسەنیی ئەبهەریان وتی:

بەڵێ، بە توندی تووشی دڵەڕاوکێ و تێکچوونی باری کەسایەتی دەبن؛ بۆ نموونە زۆریان تووشی دووجەمسەری دەبن. تێکچوونی باری کەسایەتی؟ ئێمە زیاتر لە هەموویان تێکچوونی کەسایەتیی سنووری دەبینین. پارانۆیید دەبینین، زۆربەیان ڕەشبینن. هەموو جۆرەکانی تێکچوونی باری کەسایەتییان هەیە. هەروەها OCD زۆر دەبینرێت.

بەڕێوەبەری ناوەندی کەمکردنەوەی زیانەکانی ئافرەتان ڕایگەیاند:

زۆربەیان تێکچوونی سنووریان هەیە و ئەگەر بگەنە ئاستی قەیران دەروونپەرێش دەبن. هەموویان حاڵەتی بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان و لەخۆدان و خۆکوشتنیان هەیە. ئەگەر بیانوو یان شتێک ڕوو بدا ئەمانە دەست دەکەن بە لەخۆدان و بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر و ئەو جۆرە شتانە.

لەخۆدان و بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان بە مەبەستی ئەهوەنکردنی ئەزموونی دەستدرێژی ئەنجام دەدرێت. ئەگەر بە وردییەوە لەو وەهمانە بڕوانین کە بە هۆی بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکانەوە دروست دەبن و ئەو خەیاڵ و زەینییەتانەی کە دەستدرێژیکراوان بە هۆیەوە لە خۆیان دەدەن و یان بە واتایەکی تر ئەگەر سەرنج بپرژێنینە سەر جۆرەکانی لەخۆدان، نیشانەکانی زمانی نارەزایەتیی دەستدرێژی لە هەموویدا

دەبینین. ئەم کارلێکانە (بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر و لەخۆدان) زمانی ناڕەزایەتین کە پێویستی بە شیکاری و نیشانەناسی هەیە.

یاریدەدەری کۆمەڵایەتی ڕێکخراوی خێرخوازی ئاتینا وتی:

کەسی دەستدرێژیکراو باری کەسایەتی تێک دەچێ کە ئەویش بە هۆی ئەو دەستدرێژییەی کە کراوەتە سەری نەخۆشی دووجەمسەری لە ناویاندا زۆر باوە هەڵبەت بە پێی ئەزموونی خۆم.

یەکێکی دیکە لە نەخۆشییە باوەکانی ناو کەسانی دەستدرێژیکراو، وەسواس و ڕاڕاییبوونی فیکری - کردەیی، یان تێکچوونی ڕاڕایی – ناچاری تێکچوونێکی دەروونییە کە تێیدا کەسەکە بیرێکی تایبەت (بە ناوی ڕاڕاییبوونی فکری) پەیتا پەیتا بەئەزموون دەکا یان هەستی پێ دەکا کە پێویستیان ئەنجامدانی پەیتا پەیتای کارێکی تایبەتە (بە ناوی ڕاڕایی‌بوونی کردەکی) کە هەتا ڕادەیەک دەبێتە هۆی پەرێشانی یان تێکچوونی کارکردی گشتیی کەسەکە. کەسەکە تەنها بۆ ماوەیەکی کورت نەبێ، ناتوانێ بیر و کارە ڕاڕاییەکانی کۆنترۆڵ بکات. بە پێی پێوەرەکانی DSM، تێکچوونی ڕاڕایی بە دوو شێوەی فیکری و کردەیی پێناسە دەکرێت. ڕاڕاییبوونە کردەییە باوەکان بریتییە لە دەستشۆردن، ژماردنی شتەکان و پشکنینی قوفڵبوونی دەرگاکان. ئەم وەسواسانە هەتا ڕادەیەک ڕوو دەدەن کە ژیانی ڕۆژانەی تاک دەکەوێتە ژێر کاریگەرییە نەرێنییەکان (کۆمەڵەی دەروون‌ناسی ئەمریکی، ٢٠١٩). لەمەڕ ئەم تێکچوونە، خاتوو میم سەبارەت بە یەکێک لە کۆمەکخوازەکانی وتی:

١٥ ساڵان بوو کە هاوسەرگیری کردبوو، تەنانەت نەیدەتوانی سێکس لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بکا، دەیوت کاتێک سێکس دەکەم دەچمە گەرماو بە فڵچە خۆم دەشۆم، وەسواسێکی زۆری هەبوو و لە کۆتاییدا تەڵاقی وەرگرت.

خاتوو بارامی وتی:

[...] پاش خۆڕەحەتکردن هەست بە گوناحباری دەکا کە دواتر دەبێتە هۆی ڕەفتارە دووبارەییەکانی، وەکوو شتنی دەستەکانی ئەوەندە دەستی دەشوا هەتا هەست بە پاکی بکات. بەڕاستی وەسواس شتێک بوو کە زۆر بە لامەوە سەیر بوو. لە بنج و بنەوانی کۆڵینەوە دەروونپزیشکەکە دەیوت دەرمان مشک‌کوژ ناتوانێ هۆکاری ئەم حاڵەتە بێت. لە سەردەمی کۆرۆنادا دەمانگوت وەسواس و کەرەنتینە فشاری بۆ هێناوە. دواتر من ڕێمنماییە تەندروستییەکانم پێ ڕاگەیاند و بە دەروونپزیشکم گوت کە دەرمانی پێ بدات. زۆر

لێکۆڵینەوەمان لە سەر کرد و زەمینەی سێکسییەکەی زیادی کردووە، بەتایبەت لەبەر ئەوەی وەسواس و دڵەڕاوکێی لە ماڵی دایکیدا هەیە و ژێنەکەی چالاک بووە. لە سێکسدا زۆر چالاک بووە.

خاتوو ف ج یاریدەدەری کۆمەڵایەتی کێشە دەروونییەکانی کچێک کە لە لایەن دراوسێکەیەوە دستدرێژی کرابووە سەری بەم شێوە باس دەکات:

کێشەکە ئەوە بوو کە تووشی نۆرۆتیک ببوو. کەوتبووە ناو سێگۆشەی دڵەڕاوکێ و وەسواسەوە. دڵەڕاوکێیەکی زۆر و وەسواسی شتنی هەبوو. لە گەورەساڵیدا وەسواسی فکری – کردەیی زۆر بوو بە جۆرێک کە حاڵی خراپ دەکرد و دڵەڕاوکێیەکی لەڕادەبەدەر و هەر وا بێتەوە زۆر خەمۆک بوو.

هەروەها ڕەفتارەکانی خۆئازاردەر و دیترئازاردەر لە ناو ئەم کۆمەڵە منداڵە دەستدرێژیکراوەدا باوە. خۆئازاری یان مازۆخیزم جۆرێک تێکچوونی دەروونییە کە تێیدا کەسەکە بە ئازاردانی خۆی هەست بە ڕەزامەندی دەکات. ئەم خۆئازاردانە لەوانەیە زیانانە دەروونی و جەستەییەکان بن. دەکرێ بڵێین هەر جۆرە خۆئازادانێکی بەئەنقەست پێی دەوترێ لەخۆدان، خۆئازاردان و زیان بە خۆگەیاندن. هەر بۆیە دیترئازاریش ڕفتارێکە کە زیان و ئازار بە دیتران دەگەیێنێ و دەستدرێژیکار بە جۆرێک چێژ لەم ئازاردانە دەبینێت. هەڵبەت بە پێی شیکاریی فرۆمی کە پێویستە لێرەدا وەبیری بهێنینەوە ئەوەیە کە هەموو حاڵەتێکی خۆئازار لە هەمان کات و لە پێگەیەکی دیکەدا دەبێتە دیترئازار و ئەمە قوربانییانی دەستدرێژیی سێکسیش دەگرێتەوە. ئەو کەسەی دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەر، لەبەر دەست دەستدرێژیکاردا، کەوتۆتە ژێر دەستدرێژیی سێکسی و هێز بەڵام هەمان کەس، وەک پێشتر شرۆڤە کراوە، دەتوانێ لە دۆخێکی دیکەدا وەک میکانیزمی قەرەبووکردنەوە مامەڵە بکا و بە هۆی ئەو هەست و کێشانەی کە ئەو لە ئەنجامی دەستدرێژیدا بەئەزموونی کردووە وەکوو توڕەیی، ڕق، ئیرەیی و ... لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا بە هەموو جۆرێک ئەویتری ئازار بدا و وەک سادیستیک یان دیترئازار یان ئازاردەر لە قەلەم بدرێت. دکتۆر بارامی لە چەند گێڕانەوەدا دیترئازاری لە ناو کەسانی دەستدرێژیکراودا بەم شێوە وەسف کردووە:

چاو کە هەموو ئەم کێشانە توڕەیی توندی لێکەوتووەتەوە و بووەتە کەسێک کە لە ڕادەبەدەر کینەیی و نالێبوردە و حەسودە کە پەیوەندی لەگەڵ خوشک و برا و دایک و باوکیدا نییە.

لە پەیوەندییەکانیشدا باس لەو کەس و کوڕانە دەکا کە سێکسی لەگەڵ کردووە، وا دیارە لە بواری دەستدرێژیدا بووەتە وەستا.

دایکی یەکێک لە قوربانیانی دەستدرێژیی سێکسی دەڵێ:

کوڕەکەم دوای بەئەزموونکردنی دەستدرێژیی سێکسی بۆ ماوەیەکی زۆر بە توندی لە برا بچووکەکەی دەدا و بینیومە کە چەند جار داری هەڵگرتووە و ویستوویەتی بیکاتە قونی برا بچووکەکەوە، کە من نەمهێشتووە و لە بیرمە کە دەچوومە شارێکی دیکە سۆراغی ئاژەڵەکانی دەگرت زۆر ئاژەڵەکانی ئازار دەدا کە دوای بینینی ئەم ڕووداوانە باری دەروونیم زۆر خراپ دەبوو.

لەم قسانەی سەرەوەدا ڕوونە کە ئاژەڵئازاری دەتوانێ ڕەگ و ڕیشەی لە دەستدرێژیی سێکسیی کەسێک لە تافی منداڵیدا بێ، کە هەڵبەت لە زیانبەرکەوتن و پرسەکانی دیکەی وەکوو ئالوودەبوون و ... لە منداڵیی کەسانی بەرلێکۆڵینەوەدا ئەم جۆرە ئەزموونانە دەبینرێت. ئەمانە پەیوەندیی نێوان کێشەکان و خەسارەتەکان نیشان دەدەن کە شایەنی تێڕامانە. دەروونناس و بەڕێوەبەری دامەزراوەی یاریگران پوویان دەرواز غار سەبارەت بە حاڵەتێکی خۆئازار وتی:

سەیر کە، شتێکی دیکەتان بۆ بگێڕمەوە دەزانم کچێکە کە بواری یاریدەدەریی کۆمەڵایەتی خوێندووە و ئێستا یاریدەدەری کۆمەڵایەتییە. ئەم منداڵە خۆی دەخستە بەر دەستدرێژیی سێکسی و دەستدرێژییەکی ترسناکی بەئەزموون دەکرد. نازانم یەکەم دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر ئەم منداڵە کەی دەستی پێکرد. منداڵ نەبوو کاتێک منی ناسی، کچێکی تەمەن ٢٢-٢٣ ساڵ بوو. ئەگەر وشەی منداڵ بەکار بهێنم، مانای ئەوە نییە کە منداڵە؛ بەڵام یەکەم جار کە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەر، نازانم کەی بووە، دواتر وەک ئەوە وابوو تۆڵە لە جەستەی خۆی بکاتەوە، وەک ئەوەی خۆی دەچوو کە پەلاماری بدەن و خۆی بخاتە مەترسییەوە. بە جۆرێک کە لە بیرمە سێکسێکی زۆر ترسناکی لەگەڵ دۆستە کوڕەکەی ئەنجام داوە و کە یەکێک لە بڕبڕەکانی پشتی شکا. دەچوو خۆی دەخستە بەر دەستی کەسانێک بۆ ئەوەی ... .

خانمێکی تەمەن ٣٣ ساڵ کە دەرچووی بواری بیناسازییە دەڵێ:

لەو چرکەساتەوە ڕەفتارم کوڕانە بوو. دوو جار بە شووشە لە خۆم داوە. شووشەم دەشکاند و دەستمم پێ بریندار دەکرد بۆ ئەوەی دایک و باوکم بمبینن، دواتر گرنگییان پێ نەدام. بە دەستێکی خوێناوییەوە چوومە لایان هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە، ناو لەپی دەستم شەڵاڵ

خۆێن بوو و پارچە پارچە ببوو. ئێستا جێگای چەند شوێنێکی ماوە زۆر لێی پەشیمانم، بەڵام هیچ دەرەتانێکم نەبوو. پێم خۆش بوو وەکوو کوڕ بم، وەکوو کوڕ قسەم بکەم. توندا‌ژۆ بم و گوێ لە مۆسیقای توندا‌ژۆیانە بگرم، هەستم دەکرد ئاوا بەهێز دەبم. لە حاڵێکدا بینیم هیچ کاریگەرییەکی نییە. خەریکە توندا‌ژۆ دەبم بەڵام لە ناو کوڕاندا سەرنجڕاکێش دەبم. دەڵێن هەڵسوکەوتی کوڕانەیە دە با بچین هاوڕێیەتی بکەین. زیاتر سەرنجم ڕادەکێشا. من کچ بووم و وتم ئەگەر وەک کوڕێک ڕەفتار بکەم، سەرنجڕاکێشیی خۆم لە دەست دەدەم، بەڵام لە تەمەنی ١٧-١٨ ساڵیدا زیاتر بەرسەرنج بووم.

لەم قسانەی سەرەوەدا ئەوە ڕوونە کە کەسی دەستدرێژیکراو بەرامبەر بە ڕەگەزەکەی خۆی هەست بە کەمتەرخەمی و خۆبەکەمزانین دەکا کە لە ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسییەوە سەرچاوە دەگرێ و بۆ قەرەبووکردنەوەی، و هەروەها لە هەمان کاتدا بە ئامانجی زیاتر بینران؛ هەوڵ دەدا ڕەگەزی خۆی بگۆڕێ و وەکوو ڕەگەزی پیاو وەک ڕەگەزێکی بەهێز دەربکەوێت. ئەمەش ئەوە دەردەخا کە ئازاردانی سێکسی کاریگەریی لە سەر ڕەگەزەکەی دادەنێ و هەرچەند ئەم کاریگەرییە بە هۆی ئەو کلیشە ڕەگەزێتییانەی کە ڕەگیان لە زەینییەتی کۆمەڵایەتیدا هەیە توندتر دەبێ بۆ نموونە ژن وەک ڕەگەزی دووەم و لاواز و هتد. کەواتە سێ هۆکار کاریگەریی لە سەر هۆگربوون بە ڕەگەزی بەرامبەر دادەنن: هەستکردن بە هیچۆکەیی و خۆبەکەمزانین بەرامبەر بە ڕەگەزی خۆ بە هۆی ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسییەوە، بینران، ئەو کلیشە ڕەگەزێتییانەی کە بە سەر فەزای زەینییەتی کۆمەڵگادا زاڵن.

مۆتەکەی شەوانە یەکێکی دیکە لە کێشە باوەکان ناو مناڵانی دەستدرێژیکراوە، مۆتەکە خەونێکی ناخۆشە کە زیاتر مەترسی یان هەڕەشە لە خۆ دەگرێ، ئەم خەونانە لەوانەیە سەبارەت بە دۆخێکی ترسناک یان بابەتێکی ترسناک وەکوو وێنە و ڕوخساری ئەهریمەنی، جنۆکە، ئاژەڵ و کەسانی خراپ بێت. مۆتەکە لە منداڵاندا خەونی پەرێشان و ترسناکن کە زۆر جار لە خەو هەڵیاندەستێنێت. مۆتەکە بریتییە لە هەستگەلی وەکوو ترس، دڵەڕاوکێ، توڕەیی، دڵتەنگی، شەرم، یان بێزاری. زۆر جار مۆتەکەکان لێکەوتەی ڕووداوێکی سترێس‌بەخش یان ترسناکی وەکوو دەستدرێژیکردنن کە لە درێژەی ڕۆژدا بە سەر منداڵەکەدا هاتوون. خاتوو مێعمار تەمەن ٣٣ ساڵ لە چەندین گێڕانەوەی جیاوازدا بەم شێوە باسی لە مۆتەکەی شەوانە کردووە:

ئیتر چوونە گەرماو و مانەوە لە ماڵەوە بە تەنیا بوو بە ئازار، هەمیشە وام هەست دەکرد کە هەر بینا باوکم جارێکی تر ئەم کارەم لەگەڵ دەکات. مۆتەکەی شەوانە و بێداری هەتا بەیانی خەوی لە چاوم تۆراندبوو. لام وا بوو هاکا باوکم بێتە سەرم. سێبەری باوکم بە لای ژووری نووستنەکەمدا تێدەپەڕی و هەموو جەستەم دەلەرزی. هیچ ئۆقرەیی و ئارامییەکم نەبوو. هەتا چەندین ساڵ.

خاتوو ب وتی:

کوڕە مامە تەمەن ١٨ ساڵەکەم، بە بیانووی یاریکردن، ئارمانی بانگهێشتی قاتی سەرەوە دەکرد. کە دیارە یاریی کۆمپیوتەری بووە و ئارمان نەیبووە و ئەویش ئەو یارییەی پێ خۆش بووە؛ و دایکە دوای ماوەیەک تێدەگا کە ئارمان خووخدەی گۆڕاوە، شەوانە دەترسێ و مۆتەکە دەبینێ و ڕفتاری گۆشەگیرانەی هەیە.

خاتوو ش کە لە لایەن ئامۆزاکەیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەری، سەبارەت بە لێکەوتەکانی ئەو دەستدرێژییە وتی:

لێکەوتەی زۆری هەبوو، بۆ نموونە یەکێک لەوانە ئەوە بوو کە سەرەتا منی بە زۆری ئەتک دەکرد بۆ ماوەیەک زۆر دەترسام، شەوانە مۆتەکەم دەبینی، بە جۆرێک گۆشەگیر ببووم. دوای ئەوە ئیتر زۆر دەترسام کە کەسێک بزانێ و ئابڕووم بچێت.

مۆتەکەکانی کەسانی دەستدرێژیکراو لە خەونە ڕاستەقینەکان دەچن کە ڕەگ و ڕیشەیان دەچیتەوە سەر واقیعی ژیانیان بەتایبەت ئەزموونی دەستدرێژی و ئازاردان و ئەو هەستانە وەبیر دێنێتەوە و توندتری دەکا کە بە هۆیەوە دروست دەبن.

شەڕانگێزی یەکێکی دیکە لە پرسە باوەکانی ناو هەندێک لە منداڵانی دەستدرێژیکراوە. شەڕانگێزی بە شێوەیەکی باو لە لایەن دەروونناسەکانەوە بەم شێوە پێناسە کراوە: "هەر ڕەفتارێک کە بە مەبەستی زیانگەیاندن بە کەسێکی دیکە بێت" (فیسک ، ٢٠٠٤: ٣٦٣). یان "هەر چەشنە ڕەفتارێک کە مەبەستی زیانگەیاندن یان ئازاردانی بوونەوەرێکی زیندوو کە مەبەستی لێی دوورکەوتنەوە بێت" (بارون و ریچاردسون، ١٩٩٤: ٧). بێرکۆڤیتز شەڕانگێزی بە هەر جۆرە ڕەفتارێک پێناسە دەکا کە ئامانجی زیانگەیاندن بە کەسێک لە ڕووی جەستەیی یان دەروونییەوە (برکوویتز، ١٩٩٣: ٣). کردەوەی شەڕانگێزی دەتوانێ فیزیکی یان زارەکی بێ و لە ڕووی سروشتەوە دەتوانێ جەستەیی یان دەروونی بێت. هەبوونی مەبەستی زیانگەیاندن یان ئازاردان بژێرەی سەرەکی شەڕانگێزییە. ڕەفتارێکی شەڕانگێزانە ڕەنگە زیانێکی ڕاستەقینەی لێ بکەوێتەوە یان نەکەوێتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی

کردەوەیەک شەڕانگێزی بێ، دەبێ بۆ زیانگەیاندن مەبەستێکی هەبێت. ئەو ڕەفتارەی کە لە ئەنجامدا زیان بە کەسێک دەگەیێنێ، ئەگەر مەبەستی زیانگەیاندن نەبێ، ڕەنگە بە هیچ شێوەیەک شەڕانگێزی نەبێ، وەکوو ڕەفتاری نابەئەنقەست. فیسک لە پێناسەی شەڕانگێزیدا ئاماژە بە مەبەستی دەستبەجێ یان خێراترین مەبەست دەکات. توێژەران دوو جۆری سەرەکی شەڕانگێزییان دەستنیشان کردووە: شەڕانگێزیی دوژمنکارانە و شەڕانگێزی ئامرازانە. شەڕانگێزی دوژمنکارانە بریتییە لە شەڕانگێزییەک کە لە هەوڵی زیانگەیاندن بە ئامانجی سەرەکییە. ئەم جۆرە شەڕانگێزییە کە پێی دەوترێ شەڕانگێزیی تووڕە یان شەڕانگێزیی سۆزداری، ئیمپاڵسیڤ و خۆبەخۆیە. لە شەڕانگێزیی ئامرازانەدا زیانگەیاندن بە ئەویتری ئامانجی سەرەکی نییە، بەڵکوو ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دیکە. بە هەمان شێوە شەڕانگێزی ئامرازێکی کۆنترۆڵکراوتر و بەرنامە بۆ دارێژراوە (فیسک، ٢٠٠٤). لە چوارچێوەی شەڕانگێزی لە ناو منداڵانی دەستدرێژیکراودا، پسپۆڕی دەروونناس و بەڕێوەبەری دامەزراوەی "یاریگران پویان دەرواز غار" وتی:

بەڵێ و دەبێ بڵێم ئەم منداڵە دوو ساڵ بە بێ ئەوەی گەورەیەک بە سەریەوە بێ ژیاوە و دوو ساڵ لە شەقامەکاندا خەوتووە و لە بەهارەوە هەتا زستان ئەمە حاڵ و وەزعی بووە. بە بێ هیچ سەرپەنایەک گوزەرانی کردووە و ئێستا منداڵێکی زۆر تووڕەیە و کاتێک تووڕە دەبێ دەتوانێ وا لە منداڵێک بدا هەتا بمرێت.

سەمانە، خوێندکاری یاسا تەمەن ٣٦ ساڵ، وتی:

منداڵ بووم بە هۆی شەڕانگێزی و ئەو شەڕانەی کە دەمانکرد دەچووینە لای دەروونپزیشک. من زۆر لە دایکم قەڵس بووم و پێم وابوو پشت گوێی خستووم و بۆیە ئەم بە سەرمدا هاتووە. بەر لەوەی لەگەڵی ڕابێم لە جەستەی خۆم بێزار بووم و هاوسەرگیریم کرد و تووشی تەڵاق هاتم. لە ئاوێنەدا سەیری خۆمم نەدەکرد، یەکەم جار کە خۆمم لە ئاوێنەدا بینی ڕەنگە دوو ساڵ لەمەوبەر بووبێت. خۆمم نەدەببینی، هەر وا بێتەوە هەمیشە ناو چاوم گرژ بوو و ڕقم لە خەڵک بوو. هیچ کەسێکم وەک هاوڕێ سەیر نەدەکرد و پێم خۆش بوو لە هەمووان بدەم. ڕقم لە دەستلێدان بوو و نەمدەهێشت کەس لە باوەشم بکات. لەگەڵ ئەوەی پێم خۆش بوو خۆشەویست بم و لە باوەش بکرێم، بەڵام بێزم لە باوەش دەهاتەوە. کەس بۆی نەبوو لە دواوە دەستم لێبدا و حاڵم تێک دەچوو. هێشتا بە دەستلێدان قەڵسم، دەتوانم دەست لە هەندێک کەس بدەم. هەندێک کەس دەبێ خۆیان ڕاوەستن کە من بچم بۆ لایان.

ئەو قسانەی سەرەوە بوونی توڕەییەک پیشان دەدەن کە بە هۆی بەئەزموونکردنی دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن کەسی دەستدرێژیکراوە، کە کارلێکی شەڕانگێزانەی لێ کەوتۆتەوە. هەروەها هەستی ڕق و کینەی تێکەڵ بە بێزاربوون لە بینران، هەستێکی لێکدژە کە لە کەسانی دەستدرێژیکراودا بەدی دەکرێت. و بەو پێیەش کارلێکی لێکدژ و ناهاوسەنگ نیشان دەدەن.

خاتوو واحدی مامۆستا لە ژمارەیەک ڕێکخراوی ناحکومیدا ڕایگەیاندووە:

شەڕانگێزی لە منداڵاندا دەبینرێت. لە خۆدان کە بە تیغ لە خۆیان دەدەن، وەکوو ڕەفتار ناشەفافانە و ئەو درۆیانەی کە دەیانکرد. هەندێکیان گۆشەگیر بوون و ڕوویان لە حاڵەتی ئیمپالسیڤی کردووە و کۆمەڵێکیان خەمۆک و دەڕوونگەرا دەبوون. بەڵام زۆربەیان ڕوو لە حاڵەتی شەڕانگێزی و ئەو جۆرە شتانە دەکەن.

کارلێکەکان لە سەر بنەمای گۆشەگیری و دوورەپەرێزی و تارێنران لە لایەک و کارلێکی لە سەر بنەمای شەڕانگێزی و توڕەیی زۆر لە لایەکی ترەوە دوو دیوی ئەو کارلێکانەن کە لە بارودۆخەکاندا یان هاوکات پێکەوە لە کەسانی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسیدا دیارە. بە وتەی مێرتن، کارلێکەکانی ئەوان یان سەر بۆ تاراندن و گۆشەگیری دەکێشێ یان سەر بۆ توڕەیی و شەڕانگێزی دەکێشێت. وەک لە بەڵگە و گێڕانەوەکانی سەرەوەدا دەردەکەوێ منداڵانی ئازاردراو ڕووبەڕووی چەندین کێشەی دەروونی و کەسایەتی دەبنەوە. ئەگەر ئاوڕێکی سیستەماتیک لەم کێشە بدەین، هەموو پاژەکانی ئەم سیستەمە پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە. زۆرێک لەو منداڵانە لە خێزانە پەشێو و هەژارەکاندا دەژین. خێزانەکانیان هەموو جۆرە کێشەیەکیان هەیە، بە واتایەکی تر ململانێیەکی بەرچاو لە نێوانیاندا هەیە و بە جۆرێک ئەم لێکدژی و ململانێیە بۆ منداڵەکانیان دەگوازنەوە. لە لایەکی تریشەوە ناتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر منداڵەکانیان بەکۆمەڵایەتی بکەن، شێوازە منداڵپەروەردەکردنەکانیان هەڵەیە و لەم خێزانانەدا توندوتیژی دژی منداڵان باوە. کێشەکانی بەکۆمەڵگاگری و بەکۆمەڵایەتیکردنی ئەم منداڵانە لە ناو خێزانەکاندا، بە هۆی هۆشیارنەبوونی بنەماڵە و بێئاگایی لە بارەی دیاردەی منداڵی و مێرمنداڵییە. هەموو ئەم بابەتانە بەسە بۆ ئەوەی منداڵ ڕووبەڕووی هەموو جۆرە کێشەیەکی دەروونی ببێتەوە. ئێستا با هەر جۆرە ئازاردانێکی سێکسی بەم هاوکێشە زیاد بکەین. منداڵ ڕووبەڕووی کێشەی دەروونیی جددیتر دەبێتەوە. دیسان نەبوونی سیستەمێکی کارای چارەسەرکردن و چارەسەرکردنی کاریگەر بەم هاوکێشە زیاد دەکرێت. هەم بە هۆی نەبوونی سیستەمی

چارەسەریی کاریگەر لە کۆمەڵگا و هەم نەناسینی و نەبوونی توانای دارایی ئەم منداڵانە و خێزانەکانیان لە بواری وەرگرتنی چارەسەردا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم منداڵانە هەرگیز چارەسەرێکی کاریگەر وەرنەگرن. ئەنجامی بەردەوامیی کێشە و پرسە دەروونییەکان لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیاندایە کە لە جێگایە خۆیدا لێکەوتەی بەرفراوانتری لە ژیانیاندا هەیە و دەبێتە ئەو شتەی کە کەسی ئازاردراو پێی وایە "هەموو ژیانی" لە ناو چووە. دکتۆر سێتوودێگان، دەروونپزیشک بە باشی پەیوەندیی نێوان دەستدرێژیی سێکسی و لێکەوتەکانی (لەوانەش تێکچوونە دەروونییەکان) بەم شێوە باس کردووە:

منداڵان لەبەر ئەوەی هیچ تێگەیشتنێکیان لەمەڕ سێکس نییە و ئەم ڕووداوانە زیاتر لە ناو خێزان و خزم و دۆست و دراوسێ و ناسیاو و ڕاهێنەری وەرزشی و هتد ڕوو دەدەن، یەکەم لێکەوتە کارەساتبارەکانی بریتین لە نەبوونی متمانە بە دنیای دەرەوە و نەبوونی ڕوونکردنەوە، کە دەتوانێ تێکەڵ بە سەرکوتکردنی هەستی ترس و دڵەڕاوکێی بە هۆی ئەو و لێکپسان (dissociation) بێ؛ و نەبوونی متمانە بەخۆیی و هەستکردن بە گوناح و تاوانباری کە لە دروستبوونی کۆمپلێکسی سووکایەتی دەتوانێ هەستی قوربانیبوون لە منداڵدا دروست بکا، دەبێتە هۆی ڕەفتارگەلی وەکوو وابەستەیی ناتەندروست بە هۆی ترسەوە (ڕەگی ئالوودەبوون). ئەم هەستی قوربانیبوون و کۆمپلێکسە لە سەرەتاوە دەتوانێ لێکەوتەی نەرێنیی تایبەت بە خۆی هەبێ کە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات خراپتر دەبێ و کێشەگەلی وەکوو دڵەڕاوکێ و خەمۆکی، هەستکردن بە گوناح و شەرم، خۆسەرکۆنەکردن، تێکچوونی خواردن، وابەستەیی و ئالوودەبوون و نیگەرانییە جەستەییەکان، و لێکدژیی مەعریفی و ڕۆحی دەبێتە هۆی نەمانی متمانە بەخۆیی هەتا ڕادەی دڵەڕاوکێ و پانیک. کاریگەرییە تێکدەرەکانی ئەم ڕەفتار و هەست و فکرانە لە هەڕەتی گەورەساڵیدا، بە کێشەی سێکسی، کێشە لە پەیوەندییەکان و تێکچوونی سترێسی دوای کارەسات، تورەیی نەزانراو و تەنانەت لەوانەیە تێکچوونی کەسایەتی و یان تێکچوونی باری دەروونی خۆی پیشان بدات. هەڵبەت دەبێ بگوترێ کە هۆکاری دەرکەوتنی تێکچوون بە هۆی کەسایەتیی منداڵ (فاکتەری بۆماوەیی)، ڕاهێنانی بەهێزکردنەوە لە ناو خێزان، ڕاهێنانی پەیوەندیی کاریگەر و بەستێنی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو جۆرە منداڵانە بە پشتیوانیی خێزان یان بەداخەوە بە هۆی دووبارەبوونەوەی کارەساتەکە (هۆکارە ژینگەییەکان) و لە کۆتاییدا (هۆکارە دەروونییەکان)ـە کە بە هۆشیارکردنەوە و لێکۆڵینەوە و چارەسەر دەتوانن لە توندی و کەمکردنەوەی تێکچوونەکان کاریگەر و جیاواز بن. توێژینەوەیەک لە لایەن

زانکۆی بیرمینگهام له ساڵی ٢٠١٩دا دەریخست که ئەو منداڵانەی تووشی منداڵئازاری بوون یان پشتگوێخستنیان بەئەزموون کردووە چوار هێندە زیاتر ئەگەری تووشبوونیان بە نەخۆشییە دەروونییە جیدییەکانی وەکوو دەروونپەرێشی و شیزۆفێرنیا و تێکچوونی دووجەمسەرییان هەیە.

ڕەهەندی هەستیاری: هەستی نەرێنی و ئەویتربوون

هەستەکان ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لە ژیانی مرۆڤدا هەیە و بە هۆی گرنگییەکەیانەوە ئەمڕۆکە بۆتە بابەتی لێکۆڵینەوە لە بوارەکانی وەکوو دەروونناسی و کۆمەڵناسی. ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان پڕە لە هەست و سۆزی خۆش و ناخۆش، کە لە هەڵسوکەوتمان لەگەڵ دیتران و خۆماندا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە. لە بواری دەروونناسیدا گرنگییەکی جددی بە وتەزای هەست دراوە. لەم بوارەدا لە نێوان چەند چەمک کە هەموومان پێیان دەڵێین "هەست و سۆز" جیاوازی دانراوە. ئەو چەمکانەی کە لەم بوارەدا بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر ئەم ڕەهەندەی مرۆڤ بەکار دەهێنرێ بریتین لە سۆز، هەست، خووخدە، هەستیاری و هتد. بە گشتی دەروونناسەکان ئەم توخمانەی خوارەوەیان بۆ وەسفکردنی هەست پێشنیار کردووە: ١) ئەو حاڵەتە زەینییەی کە دەتوانرێ لە پرۆسەی هۆشیارانەدا بەئەزموون بکرێ، ٢) تێگەیشتنی هەستیارانە بەرامبەر بە هەستگەلی وەکوو گەرمی، ئێش و هتد، ٣- حاڵەتە سۆزدارییەکان وەکوو هەستی ئاسوودەیی، خەمۆکی، شادی و هتد و ٤. بیروباوەڕەکان، وەکوو هەستێکی نارِوون سەبارەت بە شتێک یان کەسێک کە بە بەڵگەنامەی ڕوونەوە نە بۆمان پشتڕاست دەکرێتەوە نە ڕەت دەکرێتەوە. بە هەمان شێوە سۆز لە دەروونناسیدا بەم شێوە پێناسە دەکرێت: گواستنەوەی کاریگەری وروژێنەر لە وەرگری هەستەوە بۆ ناو سیستەمی ئەعسابی ناوەندی، کە بە شێوەی بینران شیاوی بەدواداچوونە، پێی دەوترێت هەست. ئەمە هەر ئەوەیە کە لە ئاژەڵ و کۆرپەی مرۆڤدا بە ڕوونی شیاوی ببینن و تاقیکردنەوەیە. هەست لە دوو قۆناغدا بیچم دەگرێ، یەکێکیان وروژانی دەرەکی یان ناوەکییە و ئەوی دیکەیان کاریگەریی ئەندامێکی هەستیارە کە لە لایەن یەکێک لە هەستەکانەوە بەدەست دێ و لە ڕێگەی ئەعسابە ناوەندییەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ نوخاع (مرۆخە) و ناوەندە دەماریەکان و دەبێتە هۆی هەستکردن. بێگومان دەکرێ بڵێین هەست هەمیشە کاردانەوەیەکی پەنگراو و شیاوی بینین لە بوونەوەرە زیندووەکاندا دروست دەکا، لە هەموو حاڵەتێکدا ئەنجامەکە یەک شتە چونکە ناتوانین هەست و ڕەفتار

بە هاوشێوە لە قەڵەم بدەین، بەڵام دەتوانین کاریگەرییەکانی لە ڕەفتاردا ببینین. لە ڕوانگەیەکی تەواو دەروونناسییەوە، دەتوانین هەست وەک دیاردەیەکی سەرەکی و سەرەتایی تەنیا لە پێوەندی لەگەڵ ڕێڕەوێکی عەسەبیی ناوەندگەیێن هەژمار بکرێت. بەم شێوە بە پێی ژمارەی ڕێڕەوە عەسەبییەکان، هەستی جیاواز دروست دەبێت (ایروانی و خداپناهی،١٣٨٤ هەتاوی).

بەڵام لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە سۆز کە بوارێکی نوێی ناو بوارەکانی زانستی کۆمەڵناسییە، سۆز ئەڵقەیەکی ونبووە کە سەرنجپێدان و چاودێریکردنی زۆر گرینگە. بە هۆی ئەوەی ئەو هەلومەرجانەی کە لە ژێر کاریگەریی ئەودا تاک کارلێکی دەبێ و هەروەها کارلێکەکانیان بینراو، بەرجەستە و هەستپێکراون و لەبەر ئەم هۆکارەش لێکۆڵینەوەیان لە سەر دەکرێ، بەڵام بەو پێیەی کە هەلومەرجەکان هەمیشە دەبنە لە تاک، گروپ یان کۆمەڵگا هەست و سۆز بەدی دێنن و تاک، گروپ یان کۆمەڵگا بە پێی ئەو هەستانە کارلێکیان دەبێ، بۆیە سۆز و هەست ئەڵقەی نێونجی و ونبووە چونکە بە هۆی ڕەهەندی زەینی و نابەرهەستەوە، سەرنجیان پێ نادرێ و لێکۆڵینەوەیان لە سەر ناکرێت. کۆمەڵناسیی سۆز و هەست بۆ ئەوەی بە شێوەی تایبەت و بە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسی باس لە هەستەکان بکا و هەروەها باڵادەستیی ئاراستە و شیکارییە بە تەنیا دەروونناسییەکان لە سەر وتەزای هەستەکان بسرێتەوە، سەری هەڵدا و زۆر ڕچەشکێن بووە. لە کۆمەڵناسیشدا پێناسەی زۆر بۆ هەستەکان هەیە، بەڵام بە گشتی توخمگەلێکی وەکوو ١) هەڵسەنگاندنی بزوێنەر یان پێکهاتەیەکی بارودۆخی، ٢) گۆڕانکاری لە هەستە جەستەیی یان فیزیۆلۆژیکییەکان، ٣) نمایشکردنی ئازادانە یان قەدەغەکراوی جووڵە شیاوی بینینەکان و ٤. هێمایەکی فەرهەنگی بۆ ئاماژەکردن بە کۆمەڵێکی تایبەت لە یەکێک یان زیاتر لە سێ توخمەکەی پێشوو سەرنجیان پێ دراوە. لە پێناسەیەکدا هاتووە کە سۆز بریتییە ١) حاڵەتێکی هەڵسەنگێنەری نەرێنی یان ئەرێنی کە هەتا ڕادەیەک کورتخایەنە ٢) لە ژێر کۆنترۆڵی تەواوی مرۆڤدا نییە (ربانی خوراسگانی و کیانپور، ١٣٨٨ هەتاوی: ٨-٣٦).

پۆلێنبەندیی جیاوازی بۆ هەستەکان کراوە. لە سەر بنەمای پۆلێنبەندییەک، هەندێک کەس هەستەکان بۆ سەر دوو بەش دابەش دەکەن: هەستی سەرەتایی و هەستی دواتر. بەم پێیە دەتوانین بڵێین ئەو هەستانەی کە لە هەستەکانی دیکە بنەڕەتیترن دەچنە ڕیزی هەستە سەرەتاییەکانەوە، بۆ نموونە ترس، تورەیی یان شادی لە هەستە بنەڕەتییەکانن و

تەنانەت لە ناو ئاژەڵەکانیشدا دەبینرێن. لە دابەشکردنێکی دیکەدا دەتوانین بڵێین هەستەکان بە سەر دوو بەشی خۆش و ناخۆشدا شیاوی دابەشکردنن. هەستگەلی وەکوو هیوا، شادی، ئاسایش، دەروەستی، خۆشویستن و خۆشەویستبوون لە هەستە ئەرێنییەکانن و هەستگەلی وەکوو توڕەیی، ڕق، گوناح، شەرم، خەم و هتد لە هەستە نەرێنییەکانن.

پلاچیک (١٩٨٠) لە مۆدێلەکەیدا هەشت هەست/سۆزی بنەڕەتی بە شیوەی دووجەمسەری پێشنیار کردووە: شادی بەرامبەر بە خەم؛ توڕەیی لە بەرامبەر ترس؛ متمانە لە بەرامبەر ڕق و کینە؛ و سەرسوڕمان بەرامبەر بە پێشبینی. جگە لە سەرچەشنی خولگەیی، ئەو پەیوەندییەک لە نێوان ئایدیای بازنەی هەست و سووڕیکی ڕەنگ دروست دەکات. بە واتایەکی تر دەتوانین هەستە بنەڕەتییەکان هاوشیوەی ڕەنگەکان، بە چڕیی جیاوازەوە باس بکەین. ئەو هەستانەی کە چڕییەکەیان مامناوەندە و لە بازنەی دووەمدا باس دەکرێن، بنەما و چەمکی سەرەکیی ئەم تیۆرییەن. جگە لەوەش هەشت هەستە سەرەکییە ئاست مامناوەندەکان پێکەوە دەتوانن تێکەڵ ببن بۆ ئەوەی هەستی جیاواز دروست ببێت. بۆ نموونە هەستی عەشق ئاوێتەیەک لە شادی و متمانەیە و سووکایەتی و بێرێزیش ئاوێتەیەک لە توڕەیی و ڕقە. ئەو هەستانەی کە لە سووڕێکی پێچەوانەی یەکترن، لێکدژن. هەروەها، هەرچی هەستەکان لە ناوەندی بازنەکەوە نزیکتر بن، بەهێزتر دەبن و هەرچی لە ناوەند دوورتر بن، لاوازتر دەبن.



وێنەی ژمارە ٣-٤. سووڕی هەستەکانی پلاچیک

مەبەست لە هەموو ئەم باسانە سەبارەت بە هەست و سۆز ئەوە بوو کە منداڵان لە ئەنجامی بەئەزموونکردنی ئازار و دەستدرێژی، لایەنێکی بەرفراوان لە هەستە ناخۆشەکان بەئەزموون دەکەن کە چ لە کاتی ئازاردان و چ لە قۆناغەکانی دواتری ژیانیاندا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان هەیە. هەستە هەرەگرنگەکان کە لەم توێژینەوەدا دۆزیمانەوە بریتین لە ترس، تورەیی، خۆسەرکۆنەکردن، گوناح، ئازاری ویژدان، ڕق، نائەمنی، وەک دەستدرێژیی سێکسی سەیرکردنی پەیوەندیی سێکسی، خۆبەشیاوزان، سووکی/هیچۆکەیی، تارێنراو و گۆشەگیری، تەنیایی، نیگەرانی، دڵساردی، شەرم، بێزاری، وەحشەت، تۆڵەسەندنەوە، شەرمەزاری، دڵتەنگی، سەرسوورمان، بێدەسەڵاتی و داماوی، غەم، نارەحەتبوون، هەستکردن بە پیسی یان بێزکردنەوە، بێهێزی، بێ‌هیوایی، ڕەشبینی، هەستکردن بە قوربانیبوون، وابەستەیی سۆزداری، دڵمردوویی و مەلوولی، خەتابار، سەرلێشێواوی و واق ورمان، هەستکردن بە شکست، هیچ و پووچی، خۆ بە شیاوی بەزەیی زانین، ئیرەیی، نەبوونی هەست و هەندێک هەستی دیکەی وەکوو هەستی خۆشی دەستلێدران، هەستکردن بە لەشفرۆشی، هەستکردن بە هاورەگەزخوازی و هەستکردن بە ئاوارتەبوون. هەندێک لەو هەستانە لە کاتی دەستدرێژی یان کاتە نە زۆر دوورەکانی بەئەزموون کراون، هەندێکیان ساڵەهای ساڵ ماونەتەوە و هەندێکی تریش لە قۆناغەکانی دواتری ژیاندا سەریان هەڵداوە. هەستی کەسانی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی بە پێی بارودۆخە و لە هەر بارودۆخێکی گونجاودا بە وەبیرهێنانەوە و یان هاوشێوەبوونی دۆخەکە، بارودۆخەکە لێک دەدەنەوە و هەستی خۆیان دەردەبڕن و هەڵبەت لە هەندێ لە بارودۆخەکاندا دەتوانن هەستە دەربڕدراوەکان بە شێوەی ئاوێتەیی و هەندێک جار پێچەوانەی دۆخەکە دەرببڕن. هەستی وەکوو ترس، سترێس، تورەیی، شەرم، گوناح و ئازاری ویژدان، ڕەشبینی، هیچۆکەیی و تارێنران، قوربانیبوون، نکۆڵیکردن کە لە کەسانی ئازاردراودا زەقە و ژێرخانی هەستەکانی دیکەیانە دەتوانین ناوی لێ بنێین هەستی ناوەندی یان ناوەکی. بۆ نموونە هەبوونی ئەم هەستە کە کەسی دەستدرێژیکراو لە پەیوەندیی هاوسەرێتیدا دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەری، یەکێک لەو حاڵەتانەیە. لە خوارەوە گێڕانەوەی هەر یەکێک لەو هەستانە دەخەینە ڕوو.

ترس یەکێک لەو هەستانەیە. بەڕێوەبەری دامەزراوەی ناحکوومی مەغاری سەبارەت بە ترس لە ناو یەکێک لە کۆمەکخوازەکانی دامەزراوەدا وتی:

[...] بۆ ماوەیەکی زۆر لە ڕووی دەروونی و ڕۆحییەوە کاریگەریی زۆری لە سەر بوو، ڕۆژ بە ڕۆژ لاوازتر و کزتر و ڕەنگ هەڵپڕووکاوتر دەبوو، گۆشەگیر دەبوو و شەوانە وەحشەتی دەکرد. یەکێک لەو کەسانەی کە دەستدرێژی کراوەتە سەر لەم زەمینەدا وتی:

فۆبیای تاریکی و تەنیایی و بەرزاییم هەیە و ئەگەر کەسێک بە توندی مەچەکم بگووشێ بە هۆی ترسێکی زۆرەوە بێهۆش دەبم.

خاتوو میم تەمەن ٣٥ ساڵ وەک قوربانییەک وتی:

هەمیشە سترێسم هەبوو و ئێستا ئەوەندە بەردەوامە کە یەکێک لە هەستە هەمیشەییەکانمە و لە مێشکمدا چەقی بەستووە. من هەمیشە ئەم هەستەم هەیە و بەئەزموونی دەکەم چ شادی بێ یان دڵتەنگی. ئێستا هەوڵ دەدەم کۆنترۆڵی بکەم، بەڵام زیاتر ترس و دڵەڕاوکێ بوو.

ژنێکی تەمەن ٣٣ ساڵ کە لە منداڵیدا لە ناو تاکسیدا دەستدرێژی کراوەتە سەر، ترسی خۆی لە سواربوونی لە تەکسی بە بارودۆخی دیکە گرێ دەداتەوە و دەڵێ:

جارێکی دیکە سواری تاکسی بووم، لە ماڵی باپیرم بووین، پاشان دایکم هات کە سواری تاکسیم بکا سواری تاکسییەکی ئەمن بووم، دواتر کابراکەم بینی جۆرێک بوو جگەرەی دەکێشا من بە جگەرە نارەحەت دەبم و پاشان ئەو جگەرەم بینی کە بە گیرفانیەوە هەڵواسرابوو جلوبەرگی فیتەری لەبەردا بوو. خوا خوام دەکرد زوو بگەمە قوتابخانە و ئینجا هەر گەرەکی بوو قسە بکا و لە کۆتاییدا، وتی کە تۆ هەمیشە بەم ڕێگایەدا دێی و دەچی، وەک شتێک دەیویست سەری قسە بکاتەوە بەڵام من زۆری لێ دەترسام. هەرچی پارەی ئاسنیم هەبوو گەشتیم پێدا و هاتمە دەرەوە. ئاها پێت وایە ئەو ترسەی کە لەو تاکسییەی پێشوودا هەتبوو یان ئەو ئەزموونەی کە لەو تاکسییەدا هەتبوو لێرەدا جارێکی دیکە بە سەرت هاتەوە، واتە ترسێکی دووقاتی بۆت دروست کرد؟ بە گشتی من کەسیکم کە وەک دایکم دەڵێ زۆر باوەڕ بە هیچ ناکەم. دەترسی؟ ئەرێ، ترسنۆکم.

خاتوو میمار کە ئێستا تەمەنی ٣٣ ساڵە وتی:

ئیتر چوونە گەرماو و مانەوەم لە ماڵەوە بە تەنیا بۆم بوو بە ئازار، هەمیشە وام هەست دەکرد کە هەر بینا باوکم جارێکی تر ئەم کارەم لەگەڵ بکاتەوە. مۆتەکەی شەوانە و بێداری، هەتا بەیانی نەدەخەوتم لام وا بوو هاکا باوکم بێتە سەرم. سێبەری باوکم بە لای ژووری نووستنەکەمدا تێدەپەڕی و هەموو جەستەم دەلەرزی. هیچ ئۆقرەیی و ئارامییەکم نەبوو. هەتا چەندین ساڵ. ئێستاش کە تەمەنی ٣٣ ساڵە و باوکم هەرگیز ئەمەی دووبارە

نەکردۆتەوە و جارێکی تریش نایکاتەوە. جارێک یان دووجار بە زۆر لێوەکانی ماچ کردم و ئەو ڕووداوانە دووبارە نەبوونەوە، بەڵام ئیتر لەگەڵ ئەو خێزانەدا هەستم بە ئارامی نەدەکرد. لە لایەن ئامۆزاکەیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەری، سەبارەت بە چەندین هەستی ناخۆشی وەکوو ترس و دڵەڕاوکێ وتی:

لێکەوتەی زۆری هەبوو، بۆ نموونە یەکێک لەوانە ئەوە بوو کە سەرەتا منی بە زۆری ئەتک کرد بۆ ماوەیەک زۆر دەترسام، شەوانە مۆتەکە دەمیگرت، بە جۆرێک گۆشەگیر ببووم. دوای ئەوە ئیتر زۆر دەترسام کە کەسێک بزانێ و ئابڕووم بچێت.

وەڵامدانەوەی ڕووداوێکی خەساربەخش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر زۆر جیاوازە، بەڵام نیشانە بنەڕەتی و باوەکان هەن. نیشانە سۆزدارییەکان بریتین لە: خەم، تورەیی، نکۆڵی، شەرم، ترس. وەک لە گێڕانەوەکانی سەرەوەدا ڕوونە؛ بەئەزموونکردنی ترس بە جۆرێک کاردانەوە بەرامبەر بە ڕووداوێکی خەساربەخش بووە.



چارتی ژمارە ٣-٢٣: گۆڕانکارییە دەروونی و ڕفتارییەکانی دوای بەئەزموونکردنی دەستدرێژیی سێکسی

ترس لە سێکس و هاوسەرگیری یەکێکی تر لە لێکەوتەکانی ترس بە هۆی دەستدرێژیی سێکسی بووە. خاتوو نووری مامۆستا لە هەندێک ڕێکخراوی ناحکومی سەبارەت بە یەکێک لەو کەسانەی کە دەستدرێژی کراوەتە سەری وتی:

کاتێک شووی کرد زۆر لە پەیوەندیی سێکسی دەترسا و نەیویستووە سێکس بکات. ئەو ژنە نەیدەویست هاوسەرگیری بکا، لە باوکی خۆشی دەترسا و لە هەموو پیاوێک دەترسا و نەیدەویست شوو بکا بە زۆری و لێدانی باوکی شووی کرد، شووی کرد بە خزمێکی خۆیان. دواتر تەڵاقی وەرگرت. تەڵاقەکە هی زۆر لە مێژە، بە هیوا نییە ئیتر شوو بکاتەوە. من پاش چەندین ساڵ دۆستایەتی کە کەسێکم بۆ دۆزییەوە وتم شووی پێ بکە وتی نایکەم. پێم وت بچۆ لای ڕاوێژکارێ بزانە ڕابردووت چی تێدایە وا ئاوا مل بە شوو نادەی ئیتر لەوەدا بوو کە بۆی باس کردم. هی زۆر دەمێکە. ئۆمێدی بە پیاو نییە و بە جۆرێک خۆشی لێیان نایە. باوکیشی ئالوودەیە و هەموو خەرجییەکانی باوکیشی دەدا، چونکە کچە گەورەیە و بە جۆرێک هەموو بارگرانیی ماڵەکە لە سەر شانی ئەوە. کچێکی زۆر سەرکەوتووە و خانوو و ئۆتۆمبێلێکی کڕیوە. کچێکی زۆر خۆبژێوە و ئێستا مووچەکەی شەست ملیۆنە. کەسێکی ژیرە بەڵام نایهەوێ هاوسەرگیری بکات.

هەروەها خاتوو ف ر سەبارەت بە یەکێک لە کۆمەکخوازەکانی وتی:

هەروەها لە پەیوەندییەکانیش دەترسا. وتی من زۆر دەترسم، حەزی دەکرد دەستگیراندار بێ و هاوسەرگیری بکا، بەڵام وتی تەنها شتێک کە من دەترسێنێ هاوسەرگیریکردنە.

فۆبیای هاوسەرگیری یان گامۆفۆبیا بریتییە لە ترسێکی نارِاستەقینە لە پابەندبوون و پەیمان بەستن و قبوڵکردنی مانەوە لە پەیوەندییەکی جێگیر و ڕاستگۆیانە و هەمیشەیی لەگەڵ کەسێکی دیکە. گامۆفۆبیا زاراوەیەکە بۆ وەسفکردنی ترسی نائاسایی لە پابەندبوون و هاوسەرگیری بەکار دێت. بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی ئەرخایەن و دۆستانە لەگەڵ هاوبەشی ژیاندا، تاک دەبێ ڕووبەڕووی ترسی جۆراوجۆر ببێتەوە و مەترسییە سۆزدارییەکان قبوڵ بکات. دۆستایەتی لەگەڵ ئەویتری واتە هاوبەشکردنی هەست و ئەزموونی قووڵ لەگەڵ کەسانی تر. بەڵام کەسانێک هەن کە لەم کارەدا کێشەیان هەیە یان دەترسن هەستەکانیان لەگەڵ کەسانی تردا باس بکەن. تەنانەت لەوانەیە بگاتە ئەو ئاستەی کە بە ئەنقەست پەیوەندییەکە تێک بدەن یان خۆیان لە نزیکبوونەوە لەو کەسەی کە خۆشیان دەوێ بەدوور بگرن. یەکێک لە هۆکارەکانی ترس لە دۆستایەتی لە مرۆڤەکاندا، هەبوونی ئەزموونی ئازاردانی جەستەیی یان دەستدرێژیی سێکسی لە تافی

منداڵییە کە لە ناخیاندا ترسێکی قووڵ دروست دەکات. ئەم ترسە لە هەڕەتی گەورەساڵیدا بە شێوەی جۆراوجۆر لەوانە ترس لە دۆستایەتی، خۆی نیشان دەدات. خۆسەرکۆنەکردن یەکێکی تر لە هەستە نەرێنییەکانە. فەرەنگێز سەبارەت بەم بابەتە وتی:

بەڵێ، وتم ڕەنگە هەڵە بووم. لەوانەیە زۆر خراپم و چاک نیم بۆیە ئەم کارەم لەگەڵ دەکات.

ژنێکی کابانی ماڵ کە تەمەنی ٣٣ ساڵە دەڵێ:

وتم نەکا شتێکی وام کردبێ، خۆمم بە خەتابار دەزانی، وتم نەکا جوڵەیەکم لێ وەشابێتەوە بەڵێ هەمیشە خۆمم دەبیست، گومانم لە خۆم دەکرد. نازانم بۆچی.

خانمێکی تەمەن ٢١ ساڵ کە ئێستا خوێندکاری بواری یاریدەدەریی کۆمەڵایەتییە سەبارەت بە هەستی خۆ بە تاوانبارزانینی وتی:

هەستم دەکرد من تاوانبارم؛ مەبەستم ئەوەیە ئەوەندە هەستم بە گوناحباری دەکرد کە گوتم ئەم بەڕێزە کە لەو لاوە سەیری من دەکا من بە تاوانبار دەزانێ، لە حاڵێکدا ئەو منی گرت و ئەتکی کردم.

بەڕێوەبەری کلینیک و دەروونپزیشک سەبارەت بە هەستی ئازاری ویژدانی یەکێک لە کۆمەکخوازەکانی وتی:

ئەوان ئازاری ویژدانیان هەبوو و من تەنها پێم دەوتن ئێوە تاوانبار نین، هیچ نیگەران مەبە و دەچیتە شوێنێک کە هاوکاریت دەکەن بۆ ئەوەی بتوانی بەرگری لە مافەکانت بکەیت. خەتای ئەوە کە پەلاماری داوی تۆ هیچت نەکردووە، ئەو پەلاماری دای. زۆربەیان هەر وا بیر دەکەنەوە. هەستیان بە گوناحباری دەکرد.

هەستکردن بە شەرم هەستێکە کە وا لە مرۆڤ دەکا کەسایەتیی خۆی لە بەر دەم هێرشدا بزانێ و وا بزانێ کە خراپە و کەسێکی هێژا نییە و هەست بە دڵتەنگی بکات. جیاوازیی ئەم هەستە و هەستکردن بە گوناحباری ئەوەیە کە لە هەستکردن بە گوناحباریدا بارگەرانیی بەرپرسایەتی لە سەر من (خۆم) دادەنرێ و وا دەکا من (خۆم) وا بزانم کە شتێکم کردووە یان ئەو ڕەفتارەی کە هەمبووە خراپ بووە و چاک نەبووە. لێرەدا ڕەفتارێک یان کردارێکی تایبەت دەکرێتە ئامانج نەک تەواوی کەسایەتی و ڕەهەندە وجوودییەکانی من. کە نموونەکەی ئەمانەن هەستکردن بە شەرم، هێرشکردنە سەر کەسایەتیی خود، هەستکردن بە بێ نرخ و خراپبوون، غەمگین بوون، هەستکردن بە گوناحباری، هێرشکردنە سەر ڕەفتار یان کرداری خۆ، هەستی ناخۆش، پەشیمانبوونەوە لە ڕەفتار و کرداری ئەنجامدراو، تورەبوون لە خۆی. ئێمە کاتێک بۆ بابەتێک هەست بە شەرم دەکەین لەبەر

ئەو شەرمەمان خەجاڵەت دەبینەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی خەم و دڵتەنگی. هەستکردن بە شەرم لێرەدا لەگەڵ مانا گشتییەکەی شەرم کە لە فەرهەنگی ئێمەدا لەگەڵ خەجاڵەتبوون یەک شتە، فەرقی هەیە و لێرەدا بە پێچەوانەی بێشەرمی نییە. لە کۆمەڵگادا شەرم بە چاک و بێشەرمی بە خراپ دادەنرێ، بەڵام لەم بابەتەدا شەرم بە هەستێکی نەرێنی پێناسە دەکرێت. شەرم بکوژی شاراوەی پەیوەندیی نێوان کەسەکان و پەیوەندییە سۆزدارییەکانە و ئەم هەستە ژێرکۆمەڵی هەستی خەم و پەژارەیە. وەک لە وتارەکاندا دەردەکەوێ، ئەو هەستانەی وا کەسی قوربانی بەئەزموونی دەکا، بە تەنیا شیاوی شرۆڤە نین بەڵکوو ئەم هەستانە یەک لە دوای یەک درێژەپێدەر و توندکەرەوە و دەرخەری یەکترن کە لە خولێکدا شیاوی ڕوونکردنەوەیە. بە جۆرێک کە هەستکردن بە گوناح و خەتاباری، ڕوانگەی کەسەکە بەرامبەر بە خۆی سووک دەکا و هەستی هیچۆکەیی و کەمبایەخی بە دوای خۆیدا دەهێنێ و بە هۆی ئەوەی هەستی هیچۆکەیی و کەمبایەخی بە دوای خۆیدا دێنێ و بەرزەخۆیی لە ناو دەبا، هەستی شەرم لە کەسەکەدا دروست دەکا کە ئەمە نکۆڵی و خەم و پەژارەی لێ دەکەوێتەوە، و بناغەی هەموو ئەم هەستانە ترس و تورەیی دەروونی و بناغەییە ... . ئەم هەستانە دەرهاویشتەی ئەو هەلومەرجانەن کە ئەو بەئەزموونی کردوون، واتە هەمان ئەزموونی دەستدرێژی و لێکەوتەکانی. هەموو ئەو هەستانەش ئەو کارلێکانەن کە قوربانیی دەستدرێژیی لە ناو پانتای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بارودۆخ و ڕووداوە زیندەوەرناسی و کۆمەڵایەتییەکاندا لە خۆی دەنوێنێت. ئەم پەیوەستارە کە هەتا ئێستا لە هەموو ئاخافتنەکاندا بینراوە و شیاوی شیکارییە. بەڕێوەبەری کلینیکی مێشک و ئەعساب سەبارەت بە هەستکردن بە تورەیی لە ناو ئەم کەسانەدا وتی:

[...] نالێ ئاساییە بەڵکوو خۆڕاگری دەکا یان تەنانەت ئەگەر کردبێتیشی دێ باس لە تاوان و گوناحەکەی دەکا و دەڵێ نەمتوانی کۆنترۆڵی بکەم و دەیهەوێ بمرێت. دووهەمیان تورەییە. تورەیی زۆر و بێئەخلاقیی لە ڕادەبەدەر. بەرپەرچدانەوەی بەهێز و ڕق و کینەیەکی بەرز. من ئەم دووانەم زۆر بینیوە و خەمۆکیشم لە ناویاندا بینیوە، بەڵام ئەم دووانە سەرەکین.

خاتوو ج ز لە گێڕانەوە جیاوازەکاندا سەبارەت بە هەستکردن بە تورەییەکەی وتوویەتی:

ئێستاش کە باسی ئەم کەسە دەکەم زۆر لێی تورەم و یەکێک لە گەورەترین ئاواتەکانم ئەوەیە کە بەڕاستی نەمێنێت. لە درێژەی ڕاوێژەکاندا هەوڵی دەدا کاریگەرییەکان لە سەر من کەم بکاتەوە بەڵام من ئەگەر تووشی حاڵەتێک ببم تورە دەبم وەکوو ئێستا. من ئێستا

زۆر تورەم و هیچ ڕاوێژکارێک ناتوانێ ئەمە چارەسەر بکا تەنیا کاریگەرییەکانی کەم بکاتەوە.

هەستی ڕق و کینە یەکێک لە هەستە باوەکانی ناو کەسانی ئازاردراوە. سەرچاوەی ڕق و کینەش کەسی دەستدرێژیکار، ڕەگەزی بەرامبەر بە مانایەکی گشتی، خۆی و چاودێرانی منداڵەکەن کە بە باشی ئاگاداری نەبوون. یەکێک لەو کەسانەی کە دەستدرێژییان کراوەتە سەر وتی:

ڕقم لە هەموو شتێکە، خۆم، جەستەم، باوکم.

ژنێکی دەرچووی بواری نژیارڤانی کە تەمەنی ٣٣ ساڵ دەڵێ:

ئەو هەڵسوکەوتەی باوکم هەستی ڕق و کینەی منی بەرامبەر بە خوشکەکەم لە مندا بزواند و هۆکاری ئەمە دەگەڕێنمەوە بۆ باوک و دایکم. کاتێک من کچێکی تەمەن ١١-١٢ ساڵان زیانم پێ بگا بۆ ئەوەی خوشکە بچووکترکەم بخاتە پێکەنین. جا ئەمە کارە؟ پێت وا نییە کە بەو کارەت وا دەکەی کە من ڕقم لەو خوشکە بێت؟ بۆچی باوک بۆ ئەوەی تۆ پێ بکەنێنێ ئەم کارەی کرد؟ کاتێک گەورە بووم ویستم خوشکەکەم بکوژم، واتە لە شوێنێکەوە فڕێم دا.

خاتوونی تەمەن ٢١ ساڵ خوێندکاری بواری یاریدەدەریی کۆمەڵایەتی وتی:

یان کاتێک دەستومشتاخی لەگەڵم داوە، چاوی بڕیبووە ناو چاوم و من نەمدەتوانی هیچ بکەم، زۆرم ڕق لێیە. ئەمە چەندین جار ڕووی دا و دەستی منی دەنایە ناو دەستیەوە. لەوانە بوو ماچم بکا، پێی وەڕەز دەبووم، چەند ساڵ بە هۆی ئەم بابەتەوە ڕقم لێی بوو. ساڵانێکی زۆری پێچوو هەتا بە دایکم بڵێم و بە درێژایی ئەم چەند ساڵە هاتوچۆمان بوو و ئەم هەستە ڕق و کینە و ئەوەی کە مەحرەم بوو دەبا ڕێزم بگرتایە و دەستومشتاغم لەگەڵی بکردایە و ئەم لا و ئەو لایم ماچ کردایە. خۆ نەمدەتوانی ماچی نەکەم و دەستومشتاغی لەگەڵ نەدەمەوە.

لەیلای تەمەن ٤٠ ساڵ کە هاوسەرگیری لەگەڵ دەستدرێژیکارەکەی کردبوو دەڵێ:

بەڕاستی ئێستا هەموو دڵ و دەروونم تەژییە لە ڕق و ئەم ڕق و کینە ناهێڵێ زۆر شت ببینم. ڕق زۆر خراپە.

لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا ترس و ڕق و کینەی خۆی لە پیاوان بەم شێوە دەردەبڕێ:

سەیر کە بەڕاستی ڕقم لە پیاوە. کەم پیاو هەیە لەگەڵیان ئاسوودە بم، و هەمیشە لێیان دەترسم. ئەگەر لەگەڵ پیاوێکدا لە شوێنێکی داخراوی وەکوو بەرزکەرەوە بم لێدانی دڵم

بەرز دەبێتەوە. حاڵم تێک دەچێ و زۆر بە دەگمەن کەسانێک هەن کە لەگەڵیان هەست بە ئاسوودەیی بکەم. بۆ نموونە من دەترسم تەنانەت ئەگەر من و براکەم لە ماڵەوە بە تەنیا بین، دەترسم. لە کاتێکدا لای ئەو تووشی هیچ ڕووداوێک نەهاتووم. بەڵام دەترسم. لە باوکی خۆم دەترسم. پێم خۆش نییە ئاوا دڵم ئاوا دادەچڵەکێ، بەڵام چی بکەم وەڕەزم.

بێزاری یان ڕق جۆرێک هەست و ورووژانە و ئەو کاردانەوانەی کە لە ئەنجامی هەستی ڕق و کینەدا بەئەزموون دەکرێ هەمیشە تێکەڵ بە حاڵەتە سۆزداریە ناخۆشەکانە. لە دەروونناسیدا ڕق و کینە بە هەستێکی گشتیی وەڕەزی و ئارەزووی ڕزگاربوون لە شتێکی پیس و گەندەڵ و هتد پێناسە دەکرێ، کە لە گێڕانەوەی کەسانی ئازاردراودا ئەم هەستە باس کراوە. خاتوو ڕەسووڵی سەبارەت بە لە ناوبردنی هەستی ئاسایشی منداڵان لە ئەنجامی دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن مەحارمەوە وتی:

هەتا ئەو کەسە نزیکتر بێ، منداڵەکە زیاتر وابەستە دەبێ و منداڵەکە زیاتر ئازاری پێدەگا چونکە ئەو بڕیارە جیهان بۆ منداڵەکە پارێزراو بکا، بڕیارە پشتیوانی بێ، بەڵام کاتێک منداڵەکە ئازاری پێدەگا، سەرەکیترین هەستێک کە دەیبینێ حەپەسانە. زۆر دۆخەکە تێک دەدات.

خاتوو سوڵتانی مامۆستا وتی:

زۆر هەستیار بوو و زۆر قسەی نەدەکرد، و هەندێ ئەخلاقی هەبوو کە ئێستا کاتێک بیر لە ئەخلاقەکەی دەکەمەوە، تێدەگەم کە وای دەزانی هێشتا ئەو ئاسایشەی بۆ دروست نەکراوە.

پیاوان بە هۆی ئەو ڕوانگە فەرهەنگییە باوەی ناو کۆمەڵگا کە پیاوان بە هۆی پیاوەتییانەوە نابێ دەستدرێژی بکرێتە سەریان، زیاتر هەست بە کەمی و هیچۆکەیی دەکەن. لە کۆمەڵگای ئێراندا، لە ژێر کاریگەریی ئەو کلیشە زەینییەتیانەی کە باڵیان بە سەر فەزای فەرهەنگیی کۆمەڵگادا کێشاوە، ڕەگەزی نێر بە گشتی ڕەمزی دەسەڵات و پیاوەتییە و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ئازاردانی سێکسی زیاتر لە حاڵەتی ژناندا قبوڵکراوترە و ئەم باوەڕە باڵادەستانە لە ناو فەزای زەینییەتی کۆمەڵایەتیدا وەک باوەڕێکی باو، زەینی خودی پیاوانیشی وەک ڕاپەڕێنەرانێک بەرساز کردووە، بە جۆرێک کە خودی پیاوانیش هەر لە منداڵییەوە بە شێوەیەک پەروەردەی کۆمەڵایەتی دەکرێن کە هێمای دەسەڵات و غروور لە ناخیاندا بەدەروونی دەکەن و ئەمە هێزی کۆمەڵگا لە بونیادنان و بەرسازکردنی زەینەکاندا نیشان دەدات. لە ئەنجامدا ئەگەر ڕەفتار و کردارێکی دژ بەم ئەم زەینییەتە ڕوو بدا

(دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر پیاو)، هەستی سووکیی زیاتری پێ دەبەخشێت. ئەوەی زۆر جێگای سەرنجە ئەوەیە کە باڵادەستیی ئەم زەینییەتە کۆمەڵایەتییە لە سەر ئاراستە ڕەگەزێتییەکان لە خەسارەتێکی وەکوو ئالوودەبووندا بە پێچەوانەوە کار دەکات. واتە لە ڕای گشتیی کۆمەڵگادا، ئالوودەبوونی پیاوان زیاتر لە ئالوودەبوونی ئافرەتان قبوڵ دەکرێ و بەو پێیەی کە ئالوودەبوون وەک پرسێکی پیاوانە دەردەکەوێ و بە هۆی کەمیی هۆشیاریی کۆمەڵایەتییەوە ڕەهەندە ڕەگەزییەکەی نابینرێ، بۆیە ئالوودەبوون بۆ ژنان بە دزێوتر لە قەڵەم دەدرێ و بە لەشفرۆشییەوە دەبەسترێتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە ژنان لە چاو پیاوان لە کاتی ئالوودەبووندا ڕووبەڕووی چالنجی جیاواز دەبنەوە. بۆ نموونە، بە بڕوای خۆیان، بۆ بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان لە هیچ کارێ سڵ ناکەنەوە لەوانە ڕاکردن لە ماڵ و لەشفرۆشی و هتد، تەنها لەبەر ئەوەی ناتوانن و نابێ لە ماڵەوە مادەی هۆشبەر بەکار بهێنن، چونکە بەکارهێنەری مادەی هۆشبەر ئافرەتە و زیاتر لە لایەن خێزان و کۆمەڵگاوە کۆنترۆڵ دەکرێن.

لەو زەمینەدا یەکێک لە پیاوانی دەستدرێژیکراو وتی:

من و هاوڕێکەم پاک و بێتاوان لە دەرەوەی قوتابخانە لە ناو باڵەخانەیەکی نیوە دروستکراودا بووین کە منداڵەکانی تر وەک ئەوەی بەدوای ئێمەدا بگەڕێن گەمارۆیان داین. ئەوەی وا گەورەیان بوو یەکەم تفی ڕۆ کردە ناو چاوم ئەوانی دیکەش بە دوایدا دوبارەیان کردەوە. پێیان دەوتم تۆ سووک و چرووکی کە ئەو کوڕە تۆی وا لێ کردووە. ئەوەی ناجوان و نەکوڵاو بوو پێی کردین بەڵام من زیاتر جنێوم پێ درا، لەبەر ئەوەی من بەرکار بووم و ئەو بەکار. ئەمە ئەزموونێکی زۆر زۆر سەخت بوو زۆر تفیان لێم کرد، زۆر جنێویان پێدام و ئەمە بابەتێکە کە بە درێژایی ژیانم ئازارم دەدام، لەو شارە بچووکە کە لە کوردستانە، ناوم زڕا، ناوم کەوتە دەمی خەڵک زۆرم ئازار چەشت، ساڵانێک دواتر بۆ زۆرێک لە هاوتەمەنەکانم بوو بە باوەڕێکی زەینی تەنانەت لە تافی مێرمنداڵیشمدا، هەمیشە لە لایەن ئەوانەوە بێبڕێزم پێ دەکرا و ئەمە هەستێکی زۆر ناخۆشی بۆ دروست دەکردم، کاتێک دەچوومە ناو هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی نەریتی وەکوو شایی و سەرەخۆشی هەمیشە ترسی ئەوەم هەبوو ئێستا خەڵک باسی من دەکەن یان دوای ڕۆشتنم خەڵک دەست دەکەن بە سرتە سرت؛ باسی منیان دەکرد و ئەمەیان دەخستە پاڵم.

هەستی هیچۆکەیی واتە مرۆڤ وا بیر دەکاتەوە کە لە ئاست کەسانی دیکەدا بچووکتر و کەمبایەختره و خۆی بە کەم دەزانێت. گرێی هیچۆکەیی خاڵی پێچەوانەی بەرزەخۆییە و

ئەم دوو چەمکە پەیوەندییان بە خۆوازانینەوە هەیە. ئەو قەزاوەتانەی کە دیتران لە سەر ڕواڵەت و توانا و تایبەتمەندییەکانتان دەیکەن، بەتایبەت لە سەردەمی منداڵیدا، ئەم وێنایەیان لە ئێوەدا دروست کردووە کە ئێوە لە چاو ئەوانی تر لە پێگەیەکی نزمتر و لاوازتردان. هەستی دڵساردی و هیوابڕاوی کە پەیوەندییەکی نزیکی بە هەستی هیچۆکەییەوە هەیە؛ یەکێکی دیکە لەو ئەزموونە نەرێنییانەیە. هەر لەو زەمینەدا ژنێکی کابانی ماڵی تەمەن ٣٤ ساڵ وتی:

هەستێکی زۆر ناخۆش بوو، هەستم بە دڵساردی و هیوابڕاوی دەکرد.

هەستکردن بە تارێنران و گۆشەگیری یەکێکی دیکە لە هەستە باوەکانی ناو کەسانی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسییە. خاتوو ج، یاریدەدەری کۆمەڵایەتیی دامەزراوەی مێهر و ماهـ، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا نیشانەکانی تێکچوونی دەروونی لە کەسی ئازاردراودا دەستنیشان کران؟ وتی:

بەڵێ بەڵێ دڵەڕاوکێکەیان زۆر نائاساییە. هەڵکورمان، گۆشەگیری، خەمۆکی، کوڕبوونەوە و سەرنج نەدان، ئارەزووی خواردنیان نامێنێ و لە خەودا تووشی کێشە دەبن.

هەستی تارێنراوی حاڵەتێکی دەروونیی سۆزداریە کە بە هۆیەوە تاکەکان هەست بە جێهێڵدراوی، نەخوازراوی، نائەمنی یان تارێنران دەکەن. توێژینەوەکانی FMRI کە لە سەر مێشک ئەنجام دراون دەریانخستووە کە لە کاتی تاراندندا هەمان ئەو ناوەندانەی مێشک چالاک دەبن کە لە کاتی هەستکردن بە ئێش و ئازاردا چالاک دەبن؛ و ئەمە هۆکاری دژواری و ئازاربەخشبوونی تارێنران لە مرۆڤدا پیشان دەدات. ئەم هەستە ناخۆشە تەنانەت لە کاتی ونکردنی شتەکانیشدا بەئەزموون دەکرێت. بە گوێرەی ئەو توێژینەوانەی کە لە زانکۆی کێنتاکیی ئەمریکا ئەنجام دراوە، هەستکردن بە تارێنران پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ خەمۆکی و دڵەڕاوکێ هەیە. بەڕێز ئیفتیخاری بەڕێوەبەری قوتابخانە سەبارەت بە یەکێک لە خوێندکارەکانی وتی:

بێدەنگ و دوورەپەرێز بوو. زۆر توخنی ناو جەماوەر نەدەکەوت و بە گشتی جاڕز بوو. متمانە بەخۆبوونیان تەواو تێک دەچێت.

بەڕێز کاری جێگری بەڕێوەبەری قوتابخانە سەبارەت بە خوێندکارێکی تر وتی:

گۆشەگیر و دوورەپەرێز ببوو و تەنانەت پرسیاری وانەکانیشی نەدەکرد.

هەستکردن بە تەنیایی کە زۆر جار تێکەڵ بە هەستکردن بە خەمۆکییە، لێکەوتەیەکی دیکەی دەستدرێژییە. هەڵبەت دەبێ بڵێین هەستی وەکوو تارێنران و گۆشەگیری و

تەنیایی سەریەککەوتنی بەرچاویان هەیە. هەر لەو زەمینەدا یەکێک لەو کەسانەی کە دەستدرێژی کراوەتە سەر وتی:

هەمیشە هەستم بە تەنیایی و خەمۆکی دەکرد.

گۆشەگیری جۆرێک تێکچوونی دڵەڕاوکێیە کە تێیدا کەسەکە هەست بە ترس دەکا و زۆر جار توخنی ئەو شوێنانە یان ئەو بارودۆخانە ناکەوێ کە ئەو تێیدا هەست بە ترس و گیرخواردن، داماوی، دووری یان شەرمەزاری دەکات.

پیاوێکی تەمەن ٣٤ ساڵە سەبارەت بە هەستکردن بە بێزاری کە یەکێکی تر لە هەستە باوەکانی ناو کەسانی دەستدرێژیکراوە وتی:

ئەو هەستە زۆر خراپەی کە هەمبوو کاتێک ئەم سپێرمە ڕژایە سەر جەستەم و هەستم بە وەڕەزی کرد، هەستم کرد کە کەڵکاوەژۆییم لێ کراوە و دەستدرێژیی سیکسی کراوەتە سەرم، هەستێکی زۆر ناخۆش لە مندا دروست بوو و ئەو هەستە خراپە هەتا ئێستاش لەگەڵمە.

جارِزی و بێزاری هەستێکە کە پەیوەندی بە مێشکەوە هەیە و پشت بە دوورکەوتنەوە و خۆپاراستن دەبەستێت. ئەم هەستە هۆشداریمان پێ دەدا کە خۆمان لە هەڕەشەکان بەدوور بگرین. کاردانەوەی بێزاری، تارێنرانە و ئەو کەسەی دەتارێنرێ نیشانەگەلی وەکوو دڵەخورپە و سکچوونی هەیە. هەستی بێزاری زۆر بە ئاسانی بە حاڵەتی دەموچاو دەستنیشان دەکرێت. چرچکردنی لووت بەرەو سەرەوە و سوڕانی دەم بەرەو خوارەوە و خێلبوونی چاو ئەو حاڵەتانەن کە لە ئەنجامی بێزاری و جارِزیدا دەردەکەون. بێزاری یارمەتیمان دەدا بۆ ئەوەی خۆمان بپارێزین و پێنج هەستەکە لە چالاککردنی ئەم هەستە لە ئێمەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت. لەوانەیە بە هۆی بۆنکردن، دەست لێدان، تامکردن، بینین یان بیستن هەست بە بێزارییەکی زۆر بکەین. هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە کە بێزاری لە ئەنجامی بیرکردنەوە لەو شتەی بێ کە بیری لێ دەکەینەوە وەکوو ئەوەی کەسانی دیکە بە هۆی ئەو هەستیارییەی کە بەرامبەر بە ئێمە هەیانە، ناوەنیتکە دژخۆراکمان لێ دەدەن. ئەزموونەکانی پێشوو کە هەستی جارِزی و بێزارییان لە ئێوەدا چالاک کردووە، لەوانەیە ببنە هۆی ئەوەی لە ئەزموونە هاوشێوەکاندا هەمان ئەو هەستانە چالاک ببنەوە. کاتێک مێشک ئەزمونی پێشوو هەڵدەسەنگێنێ، بۆ نمونە ئەگەر پێشتر بە خواردنەوەی چا هەستت بە خراپی کردبێ ، بە ئەگەری زۆر بیرکردنەوە لە خواردنەوەشی، هەر ئەو هەستی بێزاری و جارِزی و خۆبەدوورگرتنە لە ئێوەدا چالاک دەکات. هەستی

بێزاربوونی وەکوو دڵەخورپە و شادومانی، بە هۆی هەندێ بۆنەوە دەورووژێن کە پێیان دەوترێ هەڵێنجێنەری بۆنی هەستی. بەڵام هەستگەلی وەکوو ترس، خەفەت، و تورەیی و سەرسوڕمان وا نین.

هەستکردن بە ترس و وەحشەت کە هەمیشە لەگەڵ ترسە، یەکێکی دیکە لە لێکەوتەکانی دەستدرێژییە. سەرچاوەی هەستکردن بە وەحشەت دوو هۆکارە. یەکەم: کاتێک منداڵان دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەریان، ئەوان هەست بە وەحشەت دەکەن، سەرچاوەی دووەمیش ترس لە ئاگاداربوونی دیترانە، واتە کەسانی دەستدرێژیکراو هەمیشە لەوە دەترسن کە کەسانی دیکە بەم بابەتە بزانن.

خاتوو ج ز لەم بارەوە وتی:

کاتێک فریوی دام کە بۆ یاریکردن بچینە ناو باڵەخانەیەکی نیوە دروستکراوەوە، لەوێ هاشاوڵی بۆ هێنام و پانتۆڵەکەمی داکێشا خوارەوە و ئەندامی نێرینەی خستە نێوان ڕانەکانم، ترسابووم و دەگریام.

یەکێکی تر وتی:

هەمیشە دەترسام کە کەسانی تر بەم بابەتە بزانن و ئابڕووم بچێت.

هەستی خەجاڵەتبوون یەکێکی تر لە هەستە باوەکانی ناو دەستدرێژیکارەکانە. ئەوان کاتێک دوای دەستدرێژییەکە کە بەرکەوتنیان لەگەڵ ئازاردەرەکە دەبێ، بەرامبەر بەوان هەستی خەجاڵەت و شەرمەزاری تێکەڵ بە تۆڵەکردنەوەیان هەیە. ئەگەر کەسی دەستدرێژیکار کەسێکی ناسیاو و بەتایبەت لە مەحارم بێ زیاتر خەجاڵەت دەبێتەوە.

خانمێکی تەمەن ٢٥ ساڵە کە ئێستا خێزانداره و پیشەی ئارایشتگای هەیە، دەڵێ:

بێزم دەهاتەوە و شەرمم لە خۆم کرد کە کچەکەم و براکەم ئەم کارەیان لەگەڵ کردم. بیر لێکردنەوەی زۆر ئازاری دەدام کە بۆچی وای لێکردم، خۆ برای خۆم بووم. زۆر ئەزەیەت بووم، ئێستا کەمێک باشتر بووم. بیری لێ ناکەمەوە، بەڵام کاتێک براکەم دەبینم وەبیرم دێتەوە، بەڵام هەرگیز بە چاویم نەداوەتەوە.

خانمێکی تەمەن ٣٠ ساڵەکە سەبارەت بە داماوی و بێدەسەڵاتیی خۆی وتی:

لەوەی کە کچ بووم هەستم بە بێدەسەڵاتی و لاوازی دەکرد، ئەوەی کە ناتوانم هیچ بکەم. داماوی یەکێک لەو ڕەفتارە گشتییە باوانەیە کە زۆربەمان کاتێک ڕووبەڕووی پەیوەندییەکی نالەبار دەبینەوە، هەڵیدەبژێرین. باوترین جۆری داماوی کە زۆر جار هەڵدەبژێردرێ خەمۆکییە، بەڵام بژاردەی دیکەشمان بۆ هەڵبژاردن هەیە، وەکوو گۆشەگیری، گلەیی و

سکاڵا، شێتی یان بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان، هەروەها دەتوانێ بژاردەی دیکەی وەکوو نیگەرانی، دڵەڕاوکێ، ترس، وەسواس و نەخۆشیی جەستەیی بێت. هەستکردن بە پیسبوون یان بێزهاتنەوە یەکێکی دیکە لەو هەستانەیە کە کەسانی دەستدرێژیکراو هەیانە. زۆر جار دوای ئەوەی منداڵان دەستدرێژیی سێکسی بەئەزموون دەکەن، ئەم هەستەیان دەبێت:

بەردەوام هەست بە پیسی دەکەم و بێز دەکەمەوە، سەرەڕای ئەوەی خۆم دەشۆم بەڵام بێزم لە خۆم دێتەوە.

ترس لە چەپەڵی و پیسبوون یەکێک لە جۆرەکانی تێکچوونی وەسواسی فکری و ڕەفتارییە کە زۆریش باوە و ڕەنگە زۆربەی خەڵک تەنها ئەم جۆرە تێکچوونە ڕاڕایی و وەسواسییە بناسن. کەسەکە بۆ ڕەواندنەوەی ئەو نیگەرانییانەی کە بەرهەمی فکری بەردەوام و نابەجێیە، ڕەفتارێک دووبارە دەکاتەوە کە بۆ ئەوەی کۆتایی بەم دڵەڕاوکێیە بهێنێ، بەڵام ئەم خولە هەتا چارەسەر نەکرێ بەردەوام دەبێت. هەستی بە بێهیوایی هاوکات لەگەڵ ئەم هەستە کە ژیانیان وەک دەستدرێژیکراوێک لەناو چووە لە ناو ئەم کۆمەڵە کەسانەدا باو و ئاساییە. فەرەنگێز کە لە لایەن کاکیەوە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەر، سەبارەت بە لایەنێکی جیاوازی هەستەکان دەڵێ:

هەستێکی زۆر خراپ، هەستی پەشێوی. نائومێدی و شەرمەندەیی کە پاش دوو هاوسەرگیری هێشتا لە ناخما ماوە. کاتێک کە براکەت دەبینی؟ بەڵێ من هێشتا ئەو حاڵەتەم تێدا هەیە، و دەبێ گڵۆپەکان بکوژێنرێتەوە بۆ ئەوەی چاوم بە مێردەکەم نەکەوێ. لەبەر ئەوەی تەرێق دەبمەوە. خۆت بە تاوانبار دەزانی؟ بەڵێ.

ژنێکی دەرچووی بواری نژیارڤانی تەمەن ٣٣ ساڵ سەبارەت بە هەستکردن بە نائومێدی وتی:

لە ناخمدا بەرامبەر بە خۆم و بوونم لە ناو ئەو ماڵەوەدا سترێس و گرژیم هەبوو کە بۆچی دایک و باوکم ئەم کارە دەکەن؟ ئەمەش وای کرد کەسایەتیم بڕووخێت. بشەمزێم. هەستی قوربانبوون یەکێکی دیکە لە هەستەکانە.

خاتوو ج ز وتی:

هەتا قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی، هەتا ئێستاش ئاسەوارەکانی لە سەر خۆم دەبینم چونکە دەتوانم بڵێم هەتا قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی ناڕەحەت بووم و وامدەزانی غەدرم لێ کراوە

و دواتر بووە هۆی ئەوەی لە ژیانمدا کۆمەڵێ هەڵەم لێ بووشێتەوە و ئێستاش خەمساردانە کە نا بەڵام فڕێی دەدەمە ناو ناوشیارگەم.

کەسێک کە هەست بە قوربانی‌بوون دەکا، ڕۆڵی خۆی لە ڕووداوەکاندا قبوڵ ناکا و هەمیشە کەسێکی دیکە بە بەرپرسیاری ڕووداوەکانی ژیانی دەزانێ و ئەمەش واتە کەمکردنەوەی دەسەڵات و هەیمەنەی کەسەکە. لە ڕاستیدا ڕۆڵی قوربانییەکە هەڵوەدای خودێکی پشتبەستوو بە فریادڕەس‌بوونە. کەسێک کە هەست بە قوربانیبوونی دەکا، بەو پێیەی کە ناتوانێ لە سەر بنەمای لۆژیک و ئاراستەی عەقڵانی، پەیوەندی و پشک و ڕۆڵی خۆی لە ژیانی ڕۆژانە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا شی بکاتەوە، کارلێکی لە سەر بنەمای فریادڕەس و ڕزگارکەر و لە پەیوەندییەکاندا پاڵپشتیی لە ڕادەبەدەر لە ئەویتری یان ئەویترییەکان لە هەندێک بارودۆخدا لە خۆی پیشان دەدا کە هەندێک جار لە پەیوەندییەکانیدا هەستی ناکامی و شکستی لێ دەکەوێتەوە. هەروەها لە هەندێک بارودۆخدا لە ڕۆڵی قوربانیدا دەست دەکا بە دیترهاوێژی، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە بەرپرسیارێتی و ڕۆڵ و دەوری خۆی لە کاروباری ژیانی ڕۆژانەدا دەگەڕێنێتەوە بۆ کەسێکی دیکە (ئەویتری) یان کەسانی دیکە (دیتران). لە هەر دوو حاڵەتی فریادڕەس و دیترهاوێژدا بە شێوەی سەربەخۆ و لە سەر بنەمای عەقڵانییەت بەرپرسیارێتی و پشک و ڕۆڵی خۆیان قبوڵ ناکەن و بە شێوەیەکی هاوسەنگ هەڵسوکەوت ناکەن. لە ڕاستیدا زۆر جار کەسی دەستدرێژیکراو لەو بارودۆخانەی کە بەئەزموونی دەکا و بە هۆی ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسی و لە ژێر کاریگەریی ئەوەدا لە ناو سێگۆشەیەکدا گیر دەکا کە سووچەکانی ئەم سێگۆشە بریتین لە هەستی توڕەیی، ڕۆڵی قوربانی و کارلێکی پشتبەستوو بە فریادڕەسی یان دیترهاوێژی کە لە کۆتاییدا لە ناوەڕاستی ئەم سێگۆشەدا شکست لەو بارودۆخانەدایە کە لە ژیاندا بەئەزموونی دەکات. بەڕێزیان لە درێژەدا سەبارەت بە هەستی جیاوازبوون لە کەسانی دیکە و دڵ‌مردوویی وتی:

بەڵام دوای ئەم ڕووداوە، لە ناخمدا چەخماخەیەک هەڵگیرسا و بە تەواوی ژیانم بەرەو ئاقارێکی دیکە چوو و تێگەیشتم کە لە زۆر ڕووەوە جیاوازم لەوانی تر و پێم وایە کە هۆشیاریم سەبارەت بە پرسە سێکسییەکان دوای ئەو ڕووداوانە دروست بوو، ئێستا پێم وایە کە بەڕاستی مردووم و وزەم کەم بووە.

پیاوێکی تەمەن ٣٤ ساڵ کە لە تافی منداڵیدا فریو درابوو و لە بەرامبەر دەستدرێژیی سێکسیدا بڕە پارەیەکی وەرگرتبوو، سەبارەت بە هەستی خۆفرۆشی و هەستەکانی دیکەی پەیوەست بەم هەستە وتی:

بێزاری و جارزبوون و شەرم و ئەم کاریگەرییە دەروونییانەی کە دوای ئەوە بە سەرمدا هات و زۆر بە لامەوە قورس بووە و بە جۆرێک بێرێزم پێ دەکرا. خۆفرۆشی یان لە زمانی خەڵکدا کوڕێک کە لە پێناو پارەدا سێکس دەکا، کوونییە و ئەمە لە هەموو ژیانمدا ئازاری دەدام.

هەروەها هەستی تۆڵەسەندنەوە لە ناو ئەو کەسانەی کە قوربانیی دەسترێژیی سێکسین زۆر باو و ئاساییە. ئەگەر پرسیار لە کەسانی دەستدرێژیکراو بکرێ کە چ هەستێکتان بەرامبەر بە دەستدرێژیکار هەیە، ئەوان ئاماژە بە دوو هەستی ڕق و تۆڵەسەندنەوە دەکەن. بەو پێیەی کە ژمارەیەک لە کەسانی دەستدرێژیکراو لایان وایە کە بەشێکی گرنگی ژیانیان کەوتۆتە ژێر کاریگەریی دەستدرێژی و بەتایبەت دەستدرێژیی سێکسی، هەمیشە هەستێکی بەهێزی تۆڵەسەندنەوە لە دژی دەستدرێژیکار لە ناخیاندا هەیە. هەڵبەت ئەوانەی سەرکەوتووانە پرۆسەی چارەسەرکردنیان تێپەڕاندووە توانیویانە بەرەنگاری ئەم هەستە ببنەوە یان فەرامۆشی بکەن. هەستی تۆڵەسەندنەوە تەنها لە کەسانی دەستدرێژیکاردا تەسک نابێتەوە، لە هەندێک حاڵەتدا ئەم جۆرە کەسانە دەیانهەوێ بە ئازاردانی کەسانی دیکە بەتایبەت منداڵان تۆڵە بکەنەوە. سێتوودێگانی دەروونپزیشک وتی:

لەم دواییانەدا دوو جار پەیوەندییان پێوە کردووم کە پێم خۆشە تەلەفۆن بۆ منداڵان بکەم. پێم خۆش نییە بەڵام چی بکەم؟ وتم دەبێ چارەسەر بکرێی و شیاوی فامکردنە. ئەوە نیشان دەدا کە ئەوان لە ناوشیارگەیاندا پێیان خۆشە تۆڵە بکەنەوە. پێیان خۆشە ئەو تۆڵەی لە منداڵیدا نەیانتوانی بیکەنەوە ئێستا بیکەنەوە. تۆڵەیان نەکردۆتەوە بەڵام پێیان خۆشە.

خاتوو بارامی کە ڕاوێژکارە وتی:

دەزانی ئێستا چی دەڵێ؟ دەڵێ دەتوانم سکاڵا لە سەر خاڵۆم تۆمار بکەم؟ بە جۆرێک دەتوانم لەبەر ئەو غەدرەی کە لێی کردم سکاڵای لە سەر تۆمار بکەم و بڕە پارەیەکی لێ وەربگرم. هەستێکی سەیر و سەمەری بۆ تۆڵەسەندنەوەی بەرامبەر بەم کەسە هەیە. ئەو کەسە ژنەکەی بە هۆی شێرپەنجەوە لەدەست داوە و زۆر تورەیە دەڵێ مافی خۆیەتی. دەبێ تەنیا بێ و ئازار بچێژێت.

یەکێک لەو کەسانەی کە دەستدرێژی کراوەتە سەر، بەم شێوە هەستی تۆڵەسەندنەوەی خۆی دەربڕیوە:

مامم شەهید بوو، کێ دەڵێ مرۆڤ بە شەهادەتی هەموو گوناحەکانی پاک دەبنەوە. خۆ من گەردنیم ئازاد نەکردووە.

یەکێکی تر وتی:

پوورزا گەورەکەم (خوشکەزای باوکم) ئەم کارەی کرد و دواتر هەستم بە تۆڵەکردنەوە کرد و دواتر لەگەڵ خوشکەکەی سێکسێکی منداڵانەم کرد.

هەبوونی ئارەزوو یان هۆگریی سێکسی بۆ هاوڕەگەز هەستێکی دیکە بوو کە هەندێک کەسی دەستدرێژیکراو هەیانبوو. لەم زەمینەدا خاتوو میم گ وتی:

هەموو ژیانی منی تێکومەکان دا و بووم بە کەسێک کە ناتەبا و بە زمانم هەمووان هەراسان دەکرد و ڕەنگە ئەگەر دەمامکی ئەو کچە باشە لا ببەم، بۆ باوکم دەبوومە کچێکی سووک و چرووک. ساڵانێک پێم وابوو هاوڕەگەزخوازم و دەبێ سێکس لەگەڵ هاوڕەگەزەکەمدا بکەم. ئێستا هەندێک جار ئەم هەستەم تێدا دەوروژێ و دەزانم لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە.

بەڕێوەبەری ماڵی منداڵان (خانە کودک) و دایکانی طلوع بی‌نشانها وتی:

زۆربەی ئەو کوڕانەی لە تافی منداڵیدا دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەریان، ئەوانە بوون وا بە ئارەزووی خۆیان هاتوچۆی دەرەوەیان دەکرد، کە دەگەنە هەڕەتی گەورەساڵی ڕوو لە هاوڕەگەزبازی و هاوڕەگەزخوازی دەکەن.

بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتەی سەرەوە دەتوانین بەم شێوە لێکی بدەینەوە کە بە هۆی ئەو زیانانەی کە لە لایەن ڕەگەزی بەرامبەرەوە لە دوو مەودای تەمەنی منداڵی و مێرمنداڵیدا بە سەریاندا هاتووە، لە ڕەگەزی بەرامبەر دەترسن و متمانەیان پێ ناکەن و پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ پیاوان ساز ناکەن کە لە کۆتاییدا بووەتە هۆی ئەوەی کە هۆگرییەکی سێکسیی جیاواز لەواندا بیچم بگرێ و بە لای هاوڕەگەزی خۆیاندا بشکێنەوە. وروژانی هەستی سێکسی و هەستکردن بە وابەستەیی سۆزداری یەکێکی تر لە لێکەوتەکانی دەستدرێژییە، لەم زەمینەدا خاتوو ج ز وتی:

بۆ نموونە، ئەگەر کاتێک تەمەنیان لە ناو ١٠ ساڵ بووایە، هەستم دەکرد کە عاشقی پیاوێکی تەمەن ٢٥ ساڵم و بە جۆرێک خۆشەویستی و سەرنجڕاکێشیم لە خۆمدا بەدی دەکرد و ئەمەش وای کرد کە دیسان لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا ڕوو بدا، کە نموونەکەشی ئەو

دەستدرێژییە سێکسییە بوو کە کرایە سەرم. لەگەڵ کەسێکدا چووبووم بۆ ئەوەی بیبینم بەڵام کاتێک دەستدرێژی کردە سەرم، هێزم نەبوو بڵێم نا، لە پێشدا خۆڕاگرییەکم کرد بەڵام نەمتوانی بەرگری لە خۆم بکەم.

ئەو هەستی جیاوازی یان جیاکارییەی کە لە قسەکانی سەرەوەدا باس کرا، بە پشتبەستن بە ئاراستەی ناوناتۆرە لێنان کە لە ئاراستە کۆمەڵناسییەکانە، کاتێک کەسی دەستدرێژیکراو لە لایەن کەسێکی دیکە یان کەسانی دیکەوە ناوەنیتکەی لێ دەنرێ، وردە وردە فەزای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، زەینشی بەرساز دەکا و ئەمە هێزی کۆمەڵگا لە بونیادنانی بیروباوەڕە زەینییەکان و ڕوانگەی تاک سەبارەت بە خۆی نیشان دەدات. هەر بەم شێوەیە کە کاتێک کەسی دەستدرێژیکراو ناوناتۆرەی لێ دەنرێ، ئەو ناوناتۆرە وەک باوەڕێک بەدەروونی دەبێ و وردە وردە قبوڵی دەکا و بەرەو نزیکبوونەوە لەو باوەڕە هەنگاو دەنێ و کارلێکی دەبێت. هەروەها دژایەتی ڕەگەزی بەرامبەر لە کەسێکی دەستدرێژیکراودا کە لە لایەن ئەوەوە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەر، دەتوانێ مەیل و هۆگریی هاوڕەگەزخوازی لە کەسەکەدا دروست بکات. زۆر جار کەسێک کە لە منداڵیدا دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەر، تووشی باڵقبوونی پێشوەختە بووە و چالنجێکی گەورە بۆ منداڵەکە بەدی هاتووە هەر بۆیە منداڵ هێزی ئەوەی نییە کە هەستی سۆزداری و ئارەزووی سێکسی لێک جیا بکاتەوە، بەتایبەت ئەو منداڵانەی کە ڕاهێنان یان پەروەردەی سێکسییان نەبینیوە. کەواتە زیاتر کاریگەرییان لە سەر دەبێ و زیاتر تووشی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ دەبن.

لە کۆتاییدا پێویستە بڵێین ئەو پیاوە تەمەن ٣٤ ساڵەی کە لە سەرەوە باسی هەستی لەشفرۆشی کردبوو، ئاماژەی بە کۆمەڵێک هەستی ناخۆشی دیکە کرد کە لە ئەنجامی دەستدرێژییە:

لێکەوتەی دەروونی زۆر هەبوو، بەڕاستی هەستی بێڕێزی بە خۆکردن هەستێکی ناخۆشە، هێشتا من لانیکەم لە حاڵەتی یەکەمدا، هاوشێوەی حاڵەتی دووەم هەستم بە لێکەوتەکانی نەدەکرد، بەڵام بەڕاستی غروورمی شکاند، هەستی ناخۆشی ئەوەی کە پەلامارم درا کەڵکاوەژۆییم لێ کرا، هەرچەن بە ڕووکەش بوو، هەرچەندە کاتی بوو، بەڵام هیچ دخوولێک ڕووی نەدا و زیاتر هەتا ئەو ڕادە بوو کە باسم کرد، بەڵام بەڕاستی، ئەو هەستە زۆر هەستێکی ناخۆشی لە منداا بەدی هێنا کە ساڵانێک دڵ و دەروونمی تەنیبوو و هەستی ترس، نەبوونی متمانە بەخۆیی و ئەو سووکایەتییەی کە پێم کرا، دوای ئەوەی

لە ناو ئەو شارەدا بەو ناوەنیتکە ناو نرام و بووم بە بابەتی قەزاوەت هەموو ئەوانە لە باری دەروونییەوە هەراسانیان کردبووم.

هەروەها لە دەروونناسیی ئەمڕۆدا، پرسی بەڕێوەبردنی وروژانەکان، یان بە واتایەکی تر باس لە هەست و سۆز دەکرێت. مایێر و سالڤی (١٩٩٧) زیرەکیی هەیەجانیان بە توانای دەستنیشانکردن و ناسینەوە، بەکارهێنان و تێگەیشتن و بەڕێوەبردنی وروژانەکان پێناسە کردووە. لە سەرەتای سەرهەڵدانی زیرەکیی هەیەجانییەوە توێژەران و دەروونناسەکان لێکۆڵینەوەیان لە سەر پەیوەندیی زیرەکیی هەیەجانی لەگەڵ بوارە جیاوازەکانی ژیاندا (وەکوو کارکردی خوێندەواری، ڕەفتارە لادەرییەکان، پەیوەندیی نێوانکەسی (ناستا و سالا، ٢٠١٢) و چۆنایەتیی پەیوەندیی هاوسەرێتی) ئەنجام داوە (نیلس و هاوکاران، ٢٠٠٩). جگە لەمەش لاوازیی لە زیرەکیی هەیەجانیدا دەبێتە هۆی ئەوەی تاک تووشی زیانە دەروونییەکان ببێتەوە کە ئەمەش دەبێتە هۆی کارکردی ناتەبا بەرامبەر بە یەکتر و لاوازیی لە پەیوەندیسازکردندا (یار محمدیان و هاوکارانی، ١٣٩١ هەتاوی). بە گشتی دەوترێ کە ئاستی "ئاستی زیرەکی"ـی مرۆڤەکان لە درێژخایەندا سەرکەوتنیان لە ژیاندا دەستەبەر ناکا، بەڵکوو تایبەتمەندیی دیکە بۆ سازکردنی پەیوەندیی شیاوی مرۆیی و سەرکەوتن لە ژیاندا پێویستن کە پێی دەوترێ زیرەکیی هەیەجانی. پەروەردەکردنی زیرەکیی هەیەجانی دەتوانێ لە بڕیاردانی بەرپرسیارانە و پابەند، بەشداریکردن و هاوکاریی کاریگەر لە کاروباری پیشە، ڕۆڵگێڕانی بونیادنەر لە ناو ماڵبات و کۆمەڵگا کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر گۆڕانی بەسەردا دێ، ڕۆڵێکی کاریگەری هەبێت. زیرەکیی هەیەجانی لە سەر بنەمای هەست و سۆز دامەزراوە و ئەو کەسانەی ئاستی زیرەکیی هەیەجانیان بەرزترە کەمتر تووشی خەمۆکی دەبن و لە ڕووی جەستەییەوە تەندروستترن و ئەگەری دامەزراندنیان لە ڕێکخراوەکاندا زیاترە و لە ڕووی لێهاتوویی و پەیوەندییەوە لە بارودۆخێکی باشتردان (اکبرزادە، ١٣٨٠ هەتاوی: ٣-٤).

پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەو منداڵانەی تووشی دەستدرێژیی جۆراوجۆری وەکوو پەلامار و دەستدرێژیی سێکسی دەبنەوە، هەموو هەست و سۆزەکانیان بۆ ماوەیەکی زۆر تێوە دەگلێن و هیچ چارەسەرێکی کاریگەر لەبەردەستیاندا نییە ئایا توانای هەموو کارکردەکانی ڕۆژانە، پەرەدان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە پارێزراو و ئەرخایەنەکان لەگەڵ دیتران و لە ناو کۆمەڵگا و ڕۆڵێکی بونیادنەریان لە ناو کۆمەڵگادا دەبێت. بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە نەخێرە. ئەوان نەک هەر توانای بەڕێوەبردنی هەست و سۆزەکانیان نییە، بەڵکوو لە

ئەنجامی هەبوونی ئەو هەستە ناخۆشانە، ڕوو لەو ڕەفتارانە دەکەن و یان تەنانەت ڕوو لە هەندێ ڕەفتار ناکەن کە ئەمە دەبێتە هۆی تێکچوون و کێشەی گەورە لە ژیانیاندا و زیان بە خۆیان و کەسانی دیکە دەگەیێنن. هەندێک جار ئەم لێکەوتانە ئەوەندە توندن کە وەک هەندێکیان گێڕایانەوە، هەستیان کردووە "هەموو ژیانیان" لە ناو چووە. هەموو ئەمانە ئاماژە بۆ هەبوونی ئەزموونێکی چێژبەخش لە ژیان، پەرەپێدانی پەیوەندیی کاریگەر لەگەڵ ئەویتران و هەبوونی ڕۆڵێکی بەسوود لە ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیدا دەکەن.

هەستێکی دیکە کە لە کاتی دەستدرێژیدا کاریگەری لە سەر منداڵان دادەنێ؛ هەستی تایبەتبوونە. لە ڕاستیدا هەستی تایبەتبوون، جگە لەوەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی کەسی دەستدرێژیکراو لەگەڵ ئەوانی دیکە لەرزۆک و کێشەدار دەکا، هاوکات پەیوەندییەکەی لەگەڵ واقعی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و وێنەکانیان لێک دەپسێنێت. خانمێکی کارمەندی بانکی تەمەن ٤٢ ساڵ و شارەزای باڵای ئابووری سەبارەت بەم هەستە وتی:

سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ باوکم هەستم کرد کە پێویستە هەبێ و هەستێکی تایبەتم بۆ ئەم بابەتە هەبوو چونکە بە جۆرێک هەستم دەکرد کە کەسێکی زۆر گرنگ بووم چونکە بەرسەرنجی باوک و ئینجا کەسانی زۆر نزیکم بووم. بە جۆرێک هەستم بە تایبەتمەندبوون دەکرد نەک ناچاری. هەستم بە سەرنجڕاکێشی دەکرد چونکە سەرنجڕاکێشی ئاوایە. [...] هەستم دەکرد کە لە تەمەنی خۆمدا گرنگییەکی تایبەتم پێدراوە و پێم وابوو کە ئەمە دەتوانێ هاوسەرەکەم بێت. کاتێک لە باوکم جیا بوومەوە و هاوسەرگیریم کرد، هەستم دەکرد ئەوە یەکەم تەڵاقمە، هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە کە شتێکی خراپ بە سەرم هاتووە یان دەستدرێژی کراوەتە سەرم. وەک ئەوەی عاشقی باوکم بووم، ئەو منی خۆش دەوێ و ئەو کارەم لەگەڵ دەکات.

خاتوو ڕەسووڵی، یاریدەدەری کۆمەڵایەتی، وتی:

بەداخەوە کاتێک پەیوەندییە سێکسییەکە لەگەڵ کەسانی مەحرەم و ئەندامانی خێزان بێ، ئەم پەیوەندییە زۆر دووبارە دەبێتەوە. یەکێک لە زیانە سەختەکان پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ مەحارمە. لە ڕاستیدا زیانی زۆرە، یەکێک لە زیانەکان ئەوەیە کە منداڵ چاوەڕێی ئەوە دەکا کە ئەو کەسە پشتیوانی بێ، بەڵام ئەو کەسە زیان بە منداڵەکە دەگەیێنێ، ئەم ململانێیە ئەوەندە توندە کە زیانەکانی یەکجار زۆرە. هەرچی ئەو کەسە نزیکتر بێ، وابەستەیی منداڵەکە زیاترە و منداڵەکە زیاتر ئازاری پێدەگا چونکە بڕیارە جیهان بۆ

منداڵەکە پارێزراو بکا، بڕیارە پاڵپشتی بێ، بەڵام کاتێک منداڵەکە دەستدرێژی دەکرێتە سەر، سەرەکیترین هەست هەستی حەپەساو بوونە. زۆر دۆخەکە تێک دەدات.

خاتوو ج ز وتی:

باشە ئەگەر بمهەوێ لە تەمەنی ٧ ساڵیەوە دەست پێبکەم، پێش هەموو شتێک ئەزموونەکەم دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن زەڕبراکەمەوە بوو، خۆزگەمە ئەو کەسە ڕاستەقینە نەبێ و من نکۆڵی لێ بکەم و پێم خۆش نییە قبوڵی بکەم.

لە گێڕانەوەکەی سەرەوەدا، بە باشی دەردەکەوێ کە دوای بەئەزموونکردنی دەستدرێژیی سێکسی و لەدەستدانی پەردەی کچێتی، چ جۆرە فکر و هەستێکی نەرێنی ئاوقانی قوربانی دەبێتەوە فکر و خەیاڵی وەکوو ناپاکی و تاوانباربوون. ئەمانە دەبێتە هۆی ئەوەی قوربانییەکە هەتا ساڵانێکی زۆر خۆی وەک تاوانبار لە قەڵەم بدا، پەیوەندییەکەی لەگەڵ کەسانی دیکەدا بخاتە ژێر کاریگەریی ئەم دەستدرێژی و نەمانی پەردەی کچێتییە و هەست بە گوناح بکات. ئەمانە ئەو لێکەوتانەن کە پێویستیی ڕاهێنانی سێکسی بۆ منداڵان و دابینکردنی خزمەتگوزاریی چارەسەری کاریگەر بۆ دەستدرێژیکراوان زەق دەکەنەوە.

بەشی سێیەم: ڕێکار و ستراتیژی پێشنیارکراو لە بواری پێشگری و چارەسەرکردنی مەسەلەی دەستدرێژیی سێکسی

پێشەکی

بابەتی ئەم توێژینەوە ئەزموونی توندوتیژی یان دەستدرێژیی سێکسی لە ناو منداڵاندا پیشان دەدات. وەک باس کرا، ئەم دەستدرێژییانە لایەنێکی بەرفراوانی کردارەکان لە خۆ دەگرن. هەروەها دەستدرێژیکارانیش لایەنی جۆراوجۆر لەو کەسانەن کە لە سەرێکیان کەسانی نامۆ و لە سەرەکەی تردا ئەندامانی خێزان و کەسانی مەحرەمن. ئەزموونی دەستدرێژی لە لایەن کەسانی نامۆ و نەناسیاوەوە بۆ منداڵێک لەوانەیە لە ئەنجامی هەندێک ڕووداو و پێشهات و بە بێ پلانی پێشوەختە بێ و ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەشی ڕەنگە کەم بێ یان بە هیچ شێوەیەک دووبارە نەبێتەوە و ڕەنگە قوربانی دووبارە بەرکەوتنی لەگەڵ ئەو دەستدرێژیکارەدا نەبێ، بەڵام ئەزموونی دەستدرێژی لە لایەن ناسیاوەکان و مەحارمدا دەتوانێ چەندین جار و ساڵەها ساڵ دووبارە ببێتەوە.

دەرەنجامەکانی توێژینەوە ئاماژەی بەوە کردووە کە چەند هۆکارێک ڕۆڵیان لە دەستدرێژیکردندا هەیە و منداڵانی دەستدرێژیکراو ڕووبەڕووی لێکەوتەی جۆراوجۆری زیانبەخش دەبنەوە. ئەو مۆدێلەی کە لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە، لە درێژەی پرۆسەی لۆژیکیی ئەنجامە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەدا کێشراوەتەوە کە مۆدێلی زەمینەیی توێژینەوەکەیە و پیشان دەدا کە گرنگترین هۆکارەکانی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان بریتییە لە هەژاری و بێبەشی، خێزانە بێسەروسامانەکان، ناکارامەیی دامەزراوەکان لە بواری پێشکەشکردنی ڕاهێنانی سێکسی و پشتیوانی، نەبوونی یاسایەکی شەفاف و ڕوون و ناکۆکی و لێکدژی لە ناو یاساکاندا. هەژاری و بێبەشی یەکێک لە هۆکارەکانە. ئیدعای ئەوە ناکرێ کە دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان تەنیا لە ناو خێزان یان گەڕەکە هەژار و بێبەشەکاندا بوونی هەیە، بەڵام لە ناو ئەو خێزان و ناوچانەدا ڕێژەی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان زیاترە. وەک لە ئەنجامەکاندا دەرکەوت لە هەندێک حاڵەتدا، خانەوادە هەژارەکان (و ئەو خێزانانەی کە هەم دایک و هەم باوک کار دەکەن)، یان کۆمەڵێک خێزان کە لە خانووی "نەنێ قەمەر"ی دا دەژین، وەکوو خانووەکانی گەڕەکی دەروازە غار، و هەروەها ژیانی چەند خێزان پێکەوە دەتوانێ بەستێنێکی لەبار بۆ دەستدرێژیی سێکسی بێت. هەروەها خێزانە هەژارەکان کە سەرچاوەی پێویستیان بۆ سەرمایەدانان بۆ گەشەپێدانی تواناکانی منداڵەکانیان نییە؛ منداڵەکانیان بە ئامرازی کاریگەری وەکوو لێهاتوویی و وشیاری بۆ بەرگریکردن لە خۆیان لە هەمبەر مەترسییەکان تەیار ناکەن.

فاکتەرە هۆکارییەکان

١. هەژاری وەک تاراندنی کۆمەڵایەتی و بێبەشیی فرەڕەهەند لە بەستێنە لێکدژیی کۆمەڵایەتی و کارلێکە نائەخلاقی و نامەدەنییەکان ٢. پرسە پێکهاتەیی و کاردانییەکانی بنەماڵە: خەسارناسیی خانەوادەی ئاسانگیر و سەختگیر ٣. نەبوون و ناکارامەیی ناوەندەکان لە بواری ڕاهێنانی سێکسی و پاڵپشتی لە قوربانیان، گوتاری پشتبەستوو بە بڤەبوون و نکۆڵی لە بابەتی سێکسی ٤. بۆشایی یاساکان، ناروونیی یاساکان، لاگیری، سەلیقەیی جێبەجێبوونی یاساکان و پشتیوانینەکردن لە کەسی ئازاردراو، بەربەستەکانی بەردەم بەتاوانزانینی دەستدرێژی، هاوپۆشیی یاساکان لەگەڵ ڕوانگەی فیقهی کە لە سەر

فاکتەرە زەمینەییەکان

١. تەمەن، ٢. ڕەگەزێتی، ٣. شوێنی بێبەرگری:

- بێبەرگری لە سونگەی فیزیکی و حەشیمەتناسییەوە
- بێبەرگری لە سونگەی یاسایی و مەدەنییەوە

دیاردەتەوەری

منداڵئازاریی سێکسی و زینا

لەگەڵ مەحرەم

ڕێکارەکان

فاکتەرە کاریگەرەکان

١. پەیوەندییەکان، شێوازی ژیان و کۆمەڵگاگریی ناکارامەی بنەماڵە (نەبوونی توانای تێکەڵ بە ئاراستەی ڕەگەزێتی) ٢. تایبەتمەندییەکان، هەست و تەکنیکی دەستدرێژیکارانی سێکسی (هاوبەش: ترس، تووڕەیی، جیاوازی ...) ٣. تایبەتمەندییەکان، هەست و لاوازی لە

١. هەوڵ بۆ خۆپاراستن لە دەستدرێژی (لە ڕێگەی هەڕەشەکردن لە دەستدرێژیکار بە لەقاودانی دەستدرێژییەکە، هاشاوڵبردن، هاوسەرگیریی ناچاری، خۆداپۆشین، ڕاکردن ...) ٢. نهێنیپارێزی و نکۆڵی وەک میکانیزمی هاوبەشی دەستدرێژیکراو – دەستدرێژیکار و دەستدرێژیکراو – بنەماڵە: (بۆ پاراستنی وەج و ئابڕوو لە بەرامبەر قەزاوەت و ترس لە سەرزەنشت و ناوەنیتکە و دەنگۆ و ترس لە گاڵتەجاڕی و لەکەداربوونی غرووری پیاوانەی پیاوانی دەستدرێژیکراو)، کارلێکی کەسانی دیکە و ناوەندەکان: (نەبوونی پشتیوانی و کۆنترۆڵ و سەرزەنشتکردنی کەسی ئازاردراو وەک تاوانبار و گوناحبار نەک وەک کەسێکی قوربانی) و ٤. پشتیوانیی بنەماڵەکان

لێکەوتەکان

١. لاوازبوونی پەیوەندییەکان و سەرمایە کۆمەڵایەتییەکان (پەیوەندیی دژەکۆمەڵایەتی و پێبەستراوەیی – لاوازبوونی متمانە و ئاسایش) ٢. دەربڕینی هەستی نەرێنی (ڕەشبینی و ڕوانگەی خراپ بەرامبەر بە جەستە) سەبارەت بە خۆ، دەستدرێژیکار و هەستی ئەویتریبوون (جیاوازبوون و تایبەتبوون)، هەستی زاڵ و هاوبەش لە ناو هەموو دەستدرێژیکاران ٣. دروستبوونی کێشە لە پەیوەندیی نێوانتاکەکەسی و هەڵکشانی ڕێژەی تەڵاق ٤. هاوسەرگیریی پێشوەختە، وەدواکەوتنی هاوسەرگیری و بێزاربوون لە

وێنەی ژمارە ٤-١. مۆدێلی زەمینەیی GT توندوتیژیی سێکسی لە دژی منداڵان



چارتی ژمارە ٤-١. دابەشکردنی فرەیی وڵامدەرانی توێژینەوە بە پێی تەمەن

دواییین وتە

ئەوەی لەم لێکۆڵینەوە و لە بابەتی پێشوودا بە پێی ئاخافتن و گێڕانەوەی بەردیمانەکان شی کراوە، لێرەدا بە شێوەی پەیوەستار و لە چوارچیوەی ناونیشانە وتەزابەندیکراوەکان دەخرێتە ڕوو بۆ ئەوەی بەم پێیە کێشە و چالنجەکانی بواری دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان لە کۆمەڵگای ئێراندا کە وەرگیراوی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، بە جۆرێک کە شەفافتر و یەکگرتووتر فام بکرێ و پێداچوونەوەی بۆ بکرێ و لە کۆتاییدا سەر لە نوێ بیری لێ بکرێتەوە و چارەسەر بکرێت.

لە ڕەهەندی مێژووییەوە، توندوتیژی و دەستدرێژیی خێزانی ڕەنگدانەوەی توندوتیژیی کۆمەڵگای چینایەتییە و پێگەی ژنان و پێگەی کۆمەڵایەتییان لەو کۆمەڵگایەدا نیشان دەدات. پێگەی پیاو لە ناو پێکهاتەی ئابووریی خانەوادە و ڕەنگدانەوەی لە فەرهەنگ و نەریتە سەرچاوەگرتووەکانی کە نازناوی سەرۆکی بنەماڵەیان بە پیاو داوە، نیشانەی سەرتریی پیاو بە سەر ژنە و لە وەها دۆخێکدا بوونی توندوتیژی لە کاردانەوە بەرامبەر بەو

چالنج و نانۆڕمییانەی کە لە کۆمەڵگا و خانەوادەدا هەن، بە سروشتی دادەنرێت. ژمارەیەکی زۆر لە داکۆکیکارانی مافەکانی ژنان هۆکاری ڕوودانی قەتڵی ناموسی و توندوتیژی و دەستدرێژیی بەدەروونیکراوی ناو کۆمەڵگا و خێزان دەگەڕێننەوە بۆ هۆکارگەلی وەکوو پیاوسالاری، ئایین، کۆچ، سنووورداری، میدیا، دەمارگرژیی زۆر، ئاستی نزمی هۆشیاری، ژیانی خێڵەکی و تەواوداخراوبوونی هەندێک گەڕەک، هاوسەرگیریی زۆرەملێ و یاسا حکومەتییە دژە ژنەکان. هەر یەک لەمانە دەتوانن کاریگەرییەکی بەرچاویان لە ڕوودانی تاوان و توندوتیژیی خێزانیدا هەبێ، بەڵام هۆکاری بنەڕەتی و بونیادیی ئەم کارەساتانە نین. زوڵم و ستەم لە ژنان لەگەڵ سەرهەڵدانی خاوەنداریەتیی تایبەتی و کۆمەڵگەی چینایەتی سەری هەڵداوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بۆ نەهێشتنی ئەم ستەمە دەبێ گۆڕانکاری لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی - ئابووریی کۆمەڵگای چینایەتیدا بکرێت.

دەستدرێژیی سێکسی، لە پرۆسەی پەیوەندیی دوولایەنەی هەبوونی کۆمەڵایەتی و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگەی ئێراندا

لە نێوان هۆشیاریی مرۆڤ و بوونی کۆمەڵایەتیی ئەودا پەیوەندییەکی دوولایەنە هەیە. هۆشیاریی مرۆڤ لە ژێر کاریگەریی هەبوونی کۆمەڵایەتیدایە. ئەم پەیوەندییە وابەستەییانە لەگەڵ پەیوەندییەکانی نێوان ژوورخان و ژێرخانی سەرتاسەری کۆمەڵگادا یەک دەگرنەوە. ژێرخانی ئابووریی کۆمەڵگا یەکلاکەرەوەیە، واتە هێزە بەرهەمهێنەرەکان و پەیوەندییە بەرهەمهێنەرەکان و ژوورخانی سیاسی و تیۆری، بەها و نۆرمەکان، پاساوی ئایدیۆلۆژی و دەستەبەرکاری یاسایی بۆ ژێرخانی ئابووری و چینی دەسەڵاتدارە.

ئەم لێکۆڵینەوە نیشان دەدا کە بیچم و سنووری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لە لایەن بەرپرسانی کۆمەڵگاگریی منداڵان و مێرمنداڵان (واتە خانەوادە، قوتابخانە و دامەزراوەکان)، هۆشیاریی کۆمەڵایەتییان سەبارەت بە پەروەردە و هەروەها بەرپرسیارێتییان لە ئاست ئەم دوو گرووپە لە کۆمەڵگای ئێستای ئێراندا جێی تێڕامانە. لە ڕاستیدا لە کۆمەڵگایەکدا کە ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی نزمە، بەرپرسیارێتی و کۆنترۆڵکردن بۆ پەروەردەکردن و بەکۆمەڵایەتیکردنی منداڵان لە لایەن گرنگترین دامەزراوەی بەرپرسیار واتە هەمان دامەزراوەی خانەوادە پشتگوێ دەخرێت. بەستێنی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، هەبوونی کۆمەڵایەتییە و هەرچی بارودۆخی ئابووریی ناجێگیر و

پشێوتر بێ بە هەمان اندازە بیچمگرتنی دامەزراوە مەدەنی و پەروەردەییەکان کە بەرپرسیاری ئاگادارکردنی کۆمەڵگا بۆ پەروەردە و کۆمەڵگاگرین، سنووردار دەبێتەوە. کەواتە لە نێوان ئۆبژەی کۆمەڵایەتی و سووژەی کۆمەڵایەتیدا کە هەمان بوونی کۆمەڵایەتی و هۆشیاریی کۆمەڵایەتییە پەیوەندییەکی دوولایەنە بەدی دەکرێت. هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی کە لە ڕەهەندە سووژەییەکانی کۆمەڵگان، بە هۆی بارودۆخی ئۆبژەیی کۆمەڵگا کە هەمان هەلومەرجی ئابووریی ناجێگیری ئێستای کۆمەڵگای ئێرانە، گەشەی نەبووە و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووی چالنج و ناکارامەیی بووەتەوە.

ئەو گەڕەکانەی کە زیاتر بێبەشن و بە هۆی زۆریی چڕیی دانیشتووانەوە بەستێنێکی گونجاوتریان بۆ دەستدرێژی هەیە، بە هۆی ئەوەی ئاستی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی نزمە و ڕێکخراوە بەرپرسیارەکان و دامەزراوە چاودێرییەکانی وەکوو دایک و باوک و خانەوادەکان بەرپرسیارێتیان بەرامبەر بە گروپی منداڵان و مێرمنداڵان نییە ژینگەیەکی لەبارتریان بۆ دەستدرێژیکار هەیە. لێرەدا پەیوەندییەکی مانادار لە نێوان بێبەشیی جوگرافی و ئابووری لەگەڵ بێبەشیی فەرهەنگی و هۆشیاریی کۆمەڵایەتیدا هەیە کە لە بواری ئازاردانی سێکسیدا سەلمێنراوە و بینراوە.

لە ناوچە قەراغ شارییەکاندا چاودێریی کۆمەڵایەتی و ئاستی پەروەردەی ڕۆشنبیری نزمە، کە ئەمە پیشاندەری بێبەشیی فەرهەنگی وێڕای بێبەشیی ئابووری لەم گەڕەکانەیە کە پەروەردە و کۆمەڵگاگریی تاکەکانی خستۆتە مەترسییەوە. لەگەڵ توندتربوونی کێشە و ناسەقامگیرییە ئابووریییەکان، زۆر گروپی کۆمەڵگا لە پەروەردەی پارەیی و ڕەوت و ئاسانکارییە فەرهەنگی و هونەرییەکان دوور خراونەتەوە و دەرکراون، واتە هەم لە خوێندنی فەرمی و هەم لە پەروەردەی نافەرمی کە یارمەتی گەشەسەندنی فەرهەنگی و هۆشیاریی کۆمەڵایەتییانی دەدا، بێبەش بوون. وەک بۆردیۆ دەڵێ توندوتیژیی سیمبۆلی نەک تەنها لە بواری پەروەردەی فەرمیدا، بەڵکوو لە هەموو ڕەهەندەکانی پەیوەندییە نافەرمییەکان، چینە لاوازەکان و تەنانەت چینی مامناوەندی کۆمەڵگاشی تێوەگلاندووە. بێبەشیی ئابووری هاوتای بێبەشیی پەروەردەیی و فەرهەنگییە (هەم لە پێکهاتەی فەرمی و هەم لە پێکهاتەی نافەرمیدا) و جگە لە داتەپاندنی ئاستی خۆوشیاری و فێرنەبوونی لێهاتوویی ئەم چینانە هیچی دیکەی لێ سەوز نەبوو، واتە لە جەوهەری خودی ژیاندا، هونەری ژیانکردن

و ڕاپەڕینەریی چالاکانەی کردە ئامانج کە یەکێک لە نیشانە و لێکەوتەکانی بوو بە لاوازی لە چاودێریکردنی خۆ و بێتوانایی لە چاودێریکردنی منداڵان و مێرمنداڵان لە لایەن خۆیان و دامەزراوەی خێزانەوە. هەروەها نزمیی ئاستی کۆنترۆڵ و کەمیی پشتیوانیی کۆمەڵایەتی، یان نەبوونی کارکردی ئەوان و هاوتەریبکاریی دامەزراوە پاڵپشتی - کۆمەڵایەتییەکان بووەتە هۆی بیچمگرتنی فۆرمێک لە بێبەشیی کۆمەڵایەتی لەم گەڕەکانەدا، کە لە پاڵ ڕەهەندەکانی دیکەی بێبەشی وەکوو هەژاری و کەمیی چاودێری و پەروەردەی بێکاریگەر، ڕێژەی دەستدرێژی و ئازاردانی منداڵان هەتا بەر باڵقبوونیان منداڵانی زیاتر کردووە.

لە ڕاستیدا لە ناوچە پەراوێزییەکانی ئێرانی ئێستادا، تاراندنی کۆمەڵایەتی وەک بێبەشییەکی فرە ڕەهەند بیچمی گرتووە، کە وێڕای ئەو ناکۆکی و نایەکسانییانەی کە لە چوارچێوەی حەشیمەتی ئەو ناوچانەدا بە هۆی دیاردەی کۆچ و فەرهەنگییەوە هەبووە، بووەتە هۆی ئەوەی هەموو جۆرە کێشە و زیانێکی کۆمەڵایەتی لە ناویاندا سەر هەڵبدا کە یەکێک لە گرنگترین بابەتەکان ئازاردانی سێکسی بەتایبەت لە ناو منداڵان و مێرمنداڵانە. هەڵبەت هەمیشە پەیوەندییەکی مانادار لە نێوان ئەو پرس و زیانانەدا هەیە کە خەملێنەری یەکترن و ئەمەش حاشا هەڵنەگرە، گرنگترینەکەیان هەژاری یان هەمان بێبەشبوون و تاراندنی ئابووریی، کە ئەمەش چەقی هەموو ئەو کێشە و خەسارەتانەیە کە لایەنی ئابووری و نائابووریان هەیە و پرسگەلی وەکوو ئالوودەبوون، تەڵاق، دزی و هتد بەرهەم دەهێنێتەوە کە هەموویان پەیوەندییەکی ماناداریان لەگەڵ یەکتر و بە بواری دەستدرێژیی سێکسییەوە هەیە.

بە بڕوای ئاڤاکیان، هێزە ئابووریی ژێرخانییەکان و گۆڕانکارییەکان و ململانێ قووڵە کۆمەڵایەتی - فەرهەنگییەکان لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە بنەماڵەی پیاوسالار و پەیوەندییە پیاوسالارییەکانیان خستووەتە ژێر فشارێکی توندەوە. لاوازبوون و کەمبوونەوەی فۆرمە نەریتی و پێشتر سەقامگیرەکان - "تۆڵەسەندنەوەی پیاوانە" کۆنترۆڵی پیاوسالارانە بە سەر ژناندا - و هەستکردن بە "لەدەستدانی پێگەی پیاوانە" لە ماڵەوە، لە شوێنی کار و لە سەر ئاستی کۆمەڵگا، توندوتیژی دژی ژنان، لەوانەش دەستدرێژیی سێکسی و دەستدرێژیی سێکسیی بەکۆمەڵ، لە هەوڵدان بۆ وەرگرتنەوەی باڵادەستی و ئیمتیازخوازی و خاوەن

مافبوونی پیاوانە و "تەمبێکردن"ـی ئەو کەسانەی کە ئەو ئیمتیازاتانەیان دەخەنە مەترسییەوە (لوتا، ٢٠٢١).

دەستدرێژیکاران هەژاری و بۆشایی سۆزداری و نەبوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و سستبوونی هەستی وابەستەیی کۆمەڵایەتی و هەروەها هیوا و خەونی منداڵانە و مێرمنداڵانەی نێچیرەکانیان دەقۆزنەوە بۆ ئەوەی بۆ دەستدرێژیی سێکسی و کەڵکاوەژۆیی بەرەو لای خۆیان ڕایانبکێشن. لە لایەکی دیکەوە، پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانی کۆمەڵگای ئێران لە بواری هەژاریی منداڵاندا نیشان دەدا کە لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا، لە بەرامبەر ئەم ڕەهەندە بەرفراوانەی بێبەشیی گروپی منداڵان و مێرمنداڵان، حکوومەتی ئێران نەک هەر بۆ کەمکردنەوەی ئاستی هەژارییان سیاسەتێکی دانەڕشتووە بەڵکوو لە ڕاستیدا لە بری سیاسەتدارشتن، سیاسەتسڕینەوەی گرتۆتە بەر. چاوخشاندن بە بەڵگەنامە و سیاسەت و پلانە جێبەجێکراوەکانی ئەم بوارە دەریدەخا کە سیاسەتەکان زیاتر لە سەر بنەمای تاراندنی منداڵانی هەژار بەتایبەت منداڵانی کار و سەرشەقامە بوون، واتە تارێنەر بووە نەک ئەوەی کە ئەم منداڵانە تێکەڵ بە کۆمەڵگا بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەم منداڵانە تێکەڵی کۆمەڵگا ببنەوە. سیاسەتی تیژتێپەڕ کە تەنیا پەیجووری کۆکردنەوەی کاتی و کورتخایەنی منداڵانی کارە بۆ ئەوەی سیمای شار خاوێن بکاتەوە و فەزای شار جوان بکا و شەرعییەتی پێ بدا؛ لە حاڵێکدا دەبێ لە ڕێگەی گۆڕانکاریی پێکهاتەیی و بنەڕەتییەوە بەرەنگاری کێشەی هەژاریی منداڵان و دیاردەی منداڵانی کار و منداڵانی سەرشەقام ببێتەوە کە وەک دەزانین دیاردەی منداڵانی کار یەکێک لە ڕەهەندە گرنگەکانی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر ئەم منداڵانەیە.

مارکسیستەکان لە ڕوونکردنەوەی ئەم دیاردە لە ناو پەیوەندیی دوولایەنەی هەبوونی کۆمەڵایەتی و هۆشیاریی کۆمەڵایەتیدا پێیان وایە: ئەو فاکتەرەی کە دەبێتە هۆی گەشەکردنی "تاکایەتی" و گەشەکردنی مرۆڤ وەک کەسایەتییەکی داهێنەر و بەتوانا، لە پلەی یەکەمدا وابەستە بە "هۆگری" و "خولیا"ی ئەو نییە، بەڵکوو لە شیکاریی کۆتاییدا، بە پەیوەندییە ئۆبژەییە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و مادییەکان دیاری دەکرێت. بە واتایەکی تر لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییانەی کە مرۆڤەکان لە ژێر هەژموونیی ئەودا دەژین. پەیوەندیی تاکەکەسی لە سەر بنەمای جیاوازیی سروشتیی نێوان ژن و پیاو، ئەو چێژ و پشتیوانییەی کە بە شێوەیەکی سروشتی بە یەکتری دەبەخشن، لەو ڕووەوە پەیوەندییەکی

نایەکسانن چونکە ژنان بندەستی پیاوانن و وەک کاڵا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. ئەم پەیوەندییە ناهاوسەنگانەی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگا پەیوەندیگەلێکن کە هیچ پەیوەندییەکیان بە سروشتی مرۆڤ و تایبەتمەندییە زیندەوەرناسی و ڕەگەزێتی و فیزیکییەکانەوە نییە. بەڵکوو بە هۆی هەبوون یان نەبوونی مافی خاوەندارێتی بە سەر موڵک و ماڵییان ئەم پەیوەندییانە ساز دەبن. هۆکاری سەرەکیی نامۆیەتیی لە نێوان تاک و جڤاکە مرۆییەکاندا، ئەو دابەشبوونی کارەیە کە بووە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی خاوەندارێتیی تایبەت لە مێژوودا. بۆیە هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتیی تایبەت بە سەر ئامرازی بەرهەمهێنان مەرجی یەکەمی نەهێشتنی نامۆبوونی مرۆڤ لە مرۆڤە کە ئاستەنگی بەر دەم بەمرۆیی‌بوونی پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاوە. هەتا ئەندامانی کۆمەڵگا بە شێوەیەک پێکەوە هەڵسوکەوت بکەن کە وەک کاڵایەک مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەن، ناکۆکی و ڕووبەڕووبوونەوەی دڕندانە لە شێوەی "کوشتنی ژنێک لە لایەن هاوسەر یان خۆشەویستەکەی"، "توندوتیژیی جەستەیی و سێکسی و ڕۆحی لە لایەن ڕەگەزێکەوە لە دژی ڕەگەزەکەی دیکە" و ... کەم تا زۆر بە بەهێزی دەمێنێتەوە. سیستەمی سەرمایەداری بریتییە لە وێرانبوون و نەمانی هاوپەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤێکی دیکە، پیاو لەگەڵ ژنە. لێک‌نامۆبوونی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ، لێک‌نامۆبوونی پیاو لەگەڵ ژن و لێکەوتە ئاڵۆزەکانی، بە پێی مێژوو و ڕەوتی سەرهەڵدانی دیاردەی خاوەندارێتیی تایبەت و کەڵەکەبوونی سەرمایە لە دەستی چینێکی تایبەت، قۆناغێکی کاتی لە مێژووە و دروستکراوی پیاوە. کەواتە ئەو کاتەی کە مرۆڤەکان بتوانن ئەو پەیوەندییانە بە قازانجی خۆیان بگۆڕن، بە جۆرێک کە بە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا زاڵ ببن، ئەوە نامێنێت (اردوان، ٢٠١٥)، دەنا هەتا ئەو کاتەی ژن وەک کاڵا هەژمار بکرێ، توندوتیژی و دەستدرێژیی سێکسی بەردەوام دەبێ، کێشەیەک کە زۆرێک لە گێڕەرەوەکانی ئەم توێژینەوە بەئەزموونیان کردووە.

پێکهاتەی یاسایی ناکارامە لە بواری پێشگیری لە دەستدرێژیی سێکسی و پاراستنی قوربانیانی دەستدرێژیی سێکسی

لە لایەک یاسا پەسەندکراوەکانی بواری ئازاردانی سێکسی و پاراستنی قوربانیانی دەستدرێژیی سێکسی گرێدراو و وابەستە بەو فاکتەر و پێکهاتانەیە کە دەبێ لە بەرچاو بگیرێن، لەوانەش پێکهاتەی ئەو ڕێکخراوانەی کە لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەدا بەشدار و گرنگن و لە کۆمەڵگای ئێستای ئێراندا وەک ئاشکرایە کە ئەم ڕێکخراوانە ڕووبەڕووی پرسی هەمەچەشنی پێکهاتەیی بە (ناوخۆیی و دەرەکییەوە) دەبنەوە کە ناهێڵێ ئەم ڕێکخراوانە لەم بوارەدان کاردای بەسوود و باشیان هەبێت. بۆ پرسە پێکهاتەییە ناوڕێکخراوەییەکان بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە لاوازی لە مووچە و ئیمتیازە پاڵپشتییەکانی هیزە مرۆییە پیشەدارەکان بکەین کە کاریگەری لە سەر ئەنگێزەیان دادەنێ و هەروەها بیرۆکراسییە دەست و پاگیرەکان کە باڵی بە سەر پانتای ناوڕێکخراوەییدا کێشاوە.

سەبارەت بە پرسە دەرەوەڕێکخراوەیش وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بکەین بە هاوتەریبکاری و سەریەککەوتن و بەریەککەوتنی ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی ئەم ڕێکخراوانە لەگەڵ یەکتر و ئەو ئیمکانیات و گوژمانەی کە بۆ هەموارکردنەوەی ئەم پرسە لە لایەن پێکهاتەی دەوڵەتەوە تەرخان دەکرێت. هۆکارەکانی دیکە بریتین لە پرسە زەمینەیی و گەشەییەکانی کۆمەڵگا وەکوو سیاسەتدانانی خۆشبژێویی کۆمەڵایەتی: دابینکردنی کۆمەڵایەتی، تەندروستی، پەروەردە، پەراوێزنشینی، پرسە سێکسییەکان و ... کە هەرچی نەبوون و لاوازیی ئەم سیاسەتە زەمینەییانە ببینرێ، دەبینین کە نە تەنها کێشەی دەستدرێژیی سێکسی و زینا لەگەڵ مەحارم لە ناو دڵی بونیادی بنەماڵەدا کەم نابێتەوە بەڵکوو زیاتر تەشەنە دەستێنێ و تەنانەت شاهیدی بێکاریگەری یان کەمکاریگەریی ئەو یاسا تا ڕادەیەک باشانە دەبین کە بۆ ئەم مەبەستە پەسەند کراون و هەروەها لە بواری جێبەجێکردنی ئەم یاسایانەدا ڕووبەڕووی چالنجی زێدەتر دەبینەوە.

ئەوەی شەرعییەت بە پێکهاتەی یاسایی بۆ سزانەدانی دەستدرێژیکاری سێکسی دەدا، ئەو گوتارەیە کە لە سەر بنەمای هەڵاواردنی ڕەگەزێتی دامەزراوە کە دەرەنجامی زاڵبوونی فەرهەنگی پیاوسالاری بە سەر کۆمەڵگایە. هەروەها گوتاری ئابووری لە ڕێگەی گۆڕینی ئەم سزایە بۆ سزای نەختی (پێبژاردن) بە هاودەستی لەگەڵ ئەم گوتارە فەرهەنگییە کە

باوک بە خاوەنی منداڵ دەزانێ، دەبنە هۆی ئەوەی کە گوتاری یاسایی سزاکە هەڵپەسێرێ و کەسی دەستدرێژیکار ئازاد بکات. ئەم هەڵپەساردنە دەبێتە هۆی دووبارەبوونەوەی پەیتا پەیتای دەستدرێژیی سێکسی (زینا لەگەڵ مەحارم) چونکە لە ڕوانگەی یاساییەوە و لە ڕێگەی ڕێکاری یاسایی و دادوەرییەوە سیاسەتی ڕێگرانەی بۆ لە بەر چاو نەگیراوە.

لێکەوتەی ئەم ڕەوتانە لەدایکبوونی مرۆڤێکە کە ئەمجارەیان لە ڕێگەی هەمان ئەو کۆمەڵگایەی کە بە هۆی گوتارە باڵادەستەکانیەوە بووەتە هۆی ڕوودانی دەستدرێژیی سێکسیی لەگەڵ مەحارم، ناوەنیتکەی شەرعی لە قوربانیی دەستدرێژییە سێکسی دەنێ و لەم قۆناغەدا گوتاری ئایینی بە ناوەنیتکەی زۆڵ، فەرمان بە ناشەرعیبوونی دەدا و لەم ڕێگەوە دەیخاتە ناو پێکهاتەیەکی یاسایی کە لە ماف و شکۆی مرۆیی بێبەرییە و دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە سەر بنەمای فیقهـ و شەریعەت ئامادە نین لە چوارچێوەی سیاسەتی خۆشبژێوی و دابینکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری، پشتیوانیی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی ئابووری بۆ بکەن. لە ڕاستیدا دیاردەی منداڵی زۆڵ کە بەرسازکراوی فەرهەنگ و پەیوەندییە پیاوسالارییەکانی ناو کۆمەڵگایە لە لایەن هەمان ئەو پەیوەندییانەوە دەتارێنرێ و کۆمەڵگاش هیچ بەرپرسیارێتییەکی لە ئەستۆ ناگرێ و بەم شێوە لەم قۆناغەدا شەرعییەت بەم پشتیوانینەکردنە دەدرێت. ئەم سوڕە ئیفلیج و ناکارامە لە بواری یاسایی دەستدرێژیی سێکسیدا لە زۆر ڕووەوە بەردەوامە.

لە ڕاستیدا لە ناو کۆمەڵگای ئێراندا گوتاری یاسایی بە پێی گوتاری ئایینییە کە هیچ جیاوازی و سنوورێکی لە نێوان دەستدرێژیی سێکسی و زینا لەبەرچاو نەگرتووە و ئەم دوو چەمکە لە ڕووی مانایییەوە بە هاوواتا بەکار دەهێنرێن و هەڵبەت دەستدرێژیی سێکسی لە ژێر ناوی زینا لەگەڵ مەحارم سزا دەدرێت. هەر بۆیە بیر و باوەڕ و یاسای کۆنەپەرستانەی ئیسلامی کە لە یاساکانی ئێستای ئێراندا چەسپاوە ناهێڵێ دەستدرێژیی سێکسی ئاشکرا بکرێت. بەم پێیە کەسی قوربانی (دەستدرێژیکراو) دەبێتە تاوانبار، گوناحکار و خەتاکار کە دەبێ لە لایەن ناوەندەکانەوە سزا بدرێ، ئەم بابەتە پەرە بە نکۆڵیکردن لە ڕووداوی دەستدرێژیی سێکسی دەدا و ناهێڵێ ئاشکرا ببێت. میکانیزمی نکۆڵی لە لایەن خودی کەسی دەستدرێژیکراو و خێزانەکەیەوە ڕوو دەدا چونکە بە لەقاودرانی دەستدرێژییەکە، گوتاری یاسایی باڵادەست نەک داوای مافی دەستدرێژیکراوەکە لە دەستدرێژیکارەکە ناکا، بەڵکوو دەستدرێژیکراوەکە وەک تاوانبار سزا دەدات. بە هۆی زاڵبوونی ئەم گوتارە

یاساییە و جێبەجێنەکرانی لە ڕێگەی یاساکانی ئێستاوە، کەسی ئازاردراو و بنەماڵەکەی نکۆڵی لە ڕووداوەکە دەکەن و نایدرکێنن. پێکهاتەی گەڕەکێک کە تێیدا سەرمایە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو ئاسایش، متمانە، ڕاستگۆیی و هاوسۆزی و ... تۆخ بێت؛ ڕۆحێکی بەکۆمەڵ و یەکگرتوو بۆ پشتگیریکردن لە کەسی دەستدرێژیکراو دروست دەبێ و لە ئەگەری زانیندا بە هاودڵی و ئاسایشی زیاترەوە هاوکاری کەسی دەستدرێژیکراو دەکەن.
بۆ خۆبواردن لە هەموو جۆرە هەڵەیەک و بۆ ڕاستکردنەوەی چەوتفامییەکان سەبارەت بە دەستدرێژی، پێویستە سەرنجی ئەم مژارانەی ژێرەوە بدەین: دەستدرێژیکار هەمیشە کەسێکی توندوتیژی سەر بە چینە کۆمەڵایەتییەکانی خوارەوە نییە، بەڵکوو دەتوانێ پیاوێک بێ کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ماقووڵ بێ و خاوەن سەرمایەی فەرهەنگیی بەرز، پیاوێکی زانکۆیی، پزیشک، هونەرمەند و ڕۆژنامەنووسێک بێ کە دەستدرێژیکار هەر ئەم تایبەتمەندییانە وەک سەرچاوەیەک بۆ دەستدرێژیی سێکسی دەقۆزێتەوە و بە کەڵکاوەژۆیی لە بارودۆخەکە دەستدرێژیی سێکسی دەکاتە سەر ژنان. لە سۆنگەی نیژادی و نەتەوەییشەوە لاگیری بۆ هەندێ لە دەستدرێژیکارەکان دەکرێ، بۆ نموونە ڕەشپێستەکان لە ئەمریکا و کۆچبەرە ئەڤغانییەکان لە ئێران زیاتر لە خەڵکی سپی پێست و ئێرانییەکان تۆمەتی دەستدرێژییان لە سەرە؛ لە حاڵێکدا دەستدرێژیکار دەتوانێ سەر بە هەر چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی و نەتەوە و نیژاد و ئێتنیکێک بێت.
دەستدرێژیکار هەمیشە کەسێکی نامۆ نییە کە بە بێ هیچ ئاشنایەتییەک وەکوو ئاژەڵێکی درندە هێرش بکاتە سەر نێچیرەکەی، بەڵکوو دەشێ کەسێکی ناسیاو بێ کە بە کەڵکاوەژۆیی لە متمانەی ژنان، بیانخاتە بەر توندوتیژیی سێکسی. دەستدرێژیکار دەتوانێ مێردی ژن بێ کە بە بێ ڕەزامەندیی ژنە، سێکسی لەگەڵدا دەکات. دەستدرێژیکار مەرج نییە کەسێکی بێ کە لە ڕووی سێکسییەوە بێبەش بێ کە هەر ژنێ کەوتە بەر دەستی پەلاماری بدا و ئارەزووە سێکسییەکەی پێ دابمرکێنێت. لەوانەیە دەستدرێژیکار پیاوێکی خێزاندار یان پیاوێک بێ کە هاوبەش یان چەندین هاوبەشی سێکسی هەیە. ئەم گریمانە، لە ڕاستیدا جۆرێک پاکانەکردن بۆ دەستدرێژییە. دەستدرێژیی سێکسی مەرج نییە لە شوێنێکی نەناسراو و لە کێو یان بیاباندا ڕوو بدا، بەڵام لەوانەیە لە ماڵی قوربانی، ماڵی دەستدرێژیکار، زانکۆ، نەخۆشخانە، شوێنی کار و هتد ڕوو بدات. لە ڕاستیدا هەر شوێنێک کە لە ژێر کۆنترۆڵ و دیدی گشتی دەرچووبێ دەتوانێ زەمینە بۆ دەستدرێژیی سێکسی خۆش بکات. و هەڵبەت هەر ئەم تایبەتمەندیی دوورکەوتنەوە لە ژێر چاودێریی

کۆمەڵایەتی و نەبوونی شایەتحاڵەیە کە سەلماندنی ڕوودانی دەستدرێژی و دادخوازی دژوار دەکاتەوە. بوونی ژنێک لە ماڵ یان شوێنی کار یان بازنەی دەستدرێژیکار بە مانای ڕەزامەندیی کەسی دەستدرێژیکراو بۆ سێکسکردن نییە، بۆیە ئەگەر ژنێک جیا لەو شوێنەی کە هەیەتی، بە پێچەوانەی ویستی خۆی سێکسی کرد ئەم کارە نموونەی دەستدرێژیی سێکسییە ئەوەی دەبێ سەرەنشت و لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێ، دەستدرێژیکارە نەک دەستدرێژیکراو.

بۆ شەرعیەتدان و پاساودار نیشاندانی دەستدرێژیی سێکسی، هەندێ بابەتی وەهمی و درۆ بەرهەم دەهێنرێ و بڵاو دەبێتەوە، کە بە پێی ئەو گریمانە پیاوسالارییانەیە کە سەبارەت بە سێکسە. ئەوەی کە پیاوان توانای کۆنترۆڵکردنی ئارەزووە سێکسییەکانیان نییە و ئەوە ژنانن کە دەبێ بپارێزرێن و سنووردار بکرێن و هەروەها ئەو ئیدعایانەی کە بە فیلمە پۆرنۆگرافییەکان پەرەی پێ دراوە کە ژنان سێکسی توندوتیژانەیان پێ خۆشە و ... ئەمانە ئیدعای بێ بنەما و پووچەڵن، کە بە نیازی پاساوهێنانەوە بۆ دەستدرێژی و بێتاوانکردنی پیاوانی دەستدرێژیکار و سەرکوتکردنی ژنان بەکار دەهێنرێن. وێنا و بیری کۆنەپەرستانە دەبێتە هۆی ئەوەی دەستدرێژیی سێکسی لە بێدەنگیدا بەردەوام بێ و قوربانییەکان جەسارەتی لەقاودان و دادخوازییان نەبێ، پێویستە ئەو چەشنە کلیشانە تێک بشکێنرێن و قوربانییەکان پشتیوانیان لە بکرێت. ڕەنگە بە گۆڕانی ڕوانگە، ئەم دیاردە توندانۆ و خەساربەخشە کەمتر ڕوو بدات (کاظمی، ٢٠١٧).

ئاستەنگەکانی بەر دەم ڕاهێنانی سێکسی لە پێشگیری لە دەستدرێژیی سێکسی و لێکەوتەکانی

پێشگرتن لە دەستدرێژی و ئازاردانی سێکسی لە ڕێگەی ڕاهێنانی سێکسییەوە لە کۆمەڵگای ئێراندا پشتگوێ خراوە. ئەم پشتگوێخستن و کەموکوڕییە سەبارەت بە زەروورەت و پێویستیی ڕاهێنانی پرسە سێکسییەکان دەتوانێ تایبەت بێ، چونکە ئێران وەک کۆمەڵگایەکی ئایینی، هەمیشە لە ڕێگەی گوتاری پشتبەستوو بەوەی کە پرسی سێکسی بڤە و تابۆیە، شەرعییەت بە ڕانەهێنانی پێشگرتن دەدا و وەک بەهایەک لەم ڕانەهێنانە دەڕوانێت. لە لایەکی دیکەوە دەتوانێ گشتی بێ، واتە تەنیا بواری پرسە سێکسییەکان نییە کە لە ڕاهێنانی پێشگرتن لە دەستدرێژیی سێکسی بێبەرییە، بەڵکوو پێشگری لە بوارەکانی دیکە و پرسە کۆمەڵایەتییەکانیش بە گشتی لاوازە. ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بێ

کە لە کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێران تاک و دامەزراوە و ڕێکخراوەکان زیاتر خەریکی بەرەوپێشبردنی کارەکانی خۆیانن و لەم ڕێگەوە سیڤی بۆ خۆیان دروست بکەن، نەک ئەوەی کە ڕوانگەیەکی کاردابیان بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان هەبێ، بە بۆچوونی ئەوان تەرخانکردنی کات، وەخت و هێز لە بواری پێشگرتن کاتێکی زۆری دەوێ هەتا بەرهەم بێ، هەر بۆیە لە باری ئابوورییەوە سوودی ئەوتۆی نییە و لە ڕووی ئامرازەوە کارێکی ژیرانە نییە. لەبەر ئەم هۆکارە، بواری چارەسەرکردن زیاتر لە پێوەندی لەگەڵ پرسە کۆمەڵایەتییە پڕڕەنگەکاندا دەبینرێ و بەو پێیەی کە هەم قازانج و هەم جێی گفتوگۆیە، زیاتر لێکدانەوەی بۆ دەکرێ، هەر چەندە بە هۆی نکۆڵی لە بوونی دیاردەی دەستدرێژیی سێکسی و قبوڵنەکردنی ئەم دیاردە لە ناو کۆمەڵگای ئێراندا، بەداخەوە بواری چارەسەرکردن پشتگوێ خراوە. لە ڕاستیدا ئەو گوتارە ئایینییەی کە پشتبەستوو بە تابۆبوونی پرسی سێکسی و نکۆڵیکردن لەم دیاردە خەساربەخشەیە، بە زاڵبوون بە سەر فەزای پێکهاتەی یاسایی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا، شەرعییەتی بە سەرکوتکردنی پرسی سێکس و پێویستنەبوونی گفتوگۆ و ڕاهێنان لەبارەی سێکسەوە داوە.

لە لایەکی تریشەوە بە گشتی وا دەزانرێ دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن پیاوێکی دەشتەکی و دڕندە و نەناسیاو لە شوێنێکی نامۆ یان لە کاتی هێرش و بە توندتیژانە چوونە ناو شوێنی نیشتەجێبوونی ژن ڕوو دەدات. وەها وێنایەک وای کردووە کە کاتێک پیاوانی دیکە و لە بارودۆخی دیکەدا دەستدرێژیی سێکسییان لێ دەوەشێتەوە، کردەوەکەیان بە دەستدرێژیی سێکسی لە قەڵەم نەدرێ و تەنانەت ئەگەر بەسەرهاتەکەی بگاتە گوێی کەسێک، ئەوا ژنە تاوانبار دەکەن کە بۆچی خۆی خستووەتە بەردەستی دەستدرێژیکارەکە. جگە لەوەش، بەگشتی لە مامەڵەکردن لەگەڵ قوربانیدا تێڕوانینێکی هەڵە هەیە کە ئەم وێنا ڕەق و چەقبەستووانە دەبنە هۆی ئەوەی کە سکاڵای ئەو ژنانەی کە لەگەڵ ئەو وێنا و بۆچوونانەدا یەک ناگرن، بە هەند وەرنەگیرێن و دەنگیان نەبیسترێت. بۆ نموونە، ژنی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی دەبێ هەندێ ڕاکێشەریی سێکسیی تایبەتی هەبێ یان جلوبەرگی تایبەتی لەبەر دابێ کە دەستدرێژیکراوییەکەی باوەڕپێکراو بێت؛ کە هەڵبەت لەم حاڵەتەشدا هەر ژنەکە بە تاوانبار و ڕێخۆشکەری دەستدرێژیی سێکسی دادەنرێت. ئەوەی هاوکاری گۆڕینی ئەم وێنە دەکا و لە ئاشکراکردنی بابەتی دەستدرێژیی سێکسییەدا یارمەتیدەرە، زیادکردنی ئەو زانیارییانەیە کە لە قوربانیانی دەستدرێژیی سێکسی کۆ دەکرێنەوە. ئەم زانیارییانە نیشان دەدەن کە یەکەم: دەستدرێژیی سێکسی

لەبەر ئەوەی بە سنووری تایبەتی و ئابڕووی کەسەکانەوە گرێ دراوە، تا ڕادەیەک بە شاراوەیی دەمێنێتەوە لە کاتێکدا ڕەنگە فراوانتر لەوەی بێ کە ئێمە لەبارەیەوە دەزانین؛ دووەم: مەرج نییە دەستدرێژیی سێکسی لەگەڵ ئەو وێنا کلیشەیی لەبارەیەوە هەیە یەک بگرێتەوە (کاظمی، ٢٠١٧).

هۆکاری جۆراوجۆر و ئاستەنگی زۆر هۆکاری نەبوونی ڕاهێنانی سێکسی لە کاتی خۆی و لە کاتی گونجاو بۆ گروپی ئامانجی منداڵان و مێرمنداڵان و هەروەها بنەماڵەکانی کۆمەڵگای ئێراندا هەیە کە بریتین لە: نەبوونی پسپۆڕێتی، بە تابۆزانینی مەسەلەی سێکس بە هۆی ئایینیبوون و بەڕێوەبردنی ئایدۆلۆژییانەی کۆمەڵگا، میکانیزمی نکۆڵیکردن و نەبوونی شەفافیەت لە ناو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا، نەبوونی پەیوەندیی دامەزراوەیی سەبارەت بەم بابەتە، ناکۆکیی لە نێوان لایەنگران و نەیاران لە سەر هۆشیارکردنەوەی خەڵک سەبارەت بەم بابەتە و هتد.

بۆ ئامادەکردنی بەرنامەیەکی فێرکاری لە بواری بابەتی سێکسی هەم بۆ منداڵان و مێرمنداڵان و هەروەها هەم بۆ خانەوادە پێویستە کە ئەم بابەتە لە ڕوانگەی پسپۆڕی و بوارە جۆراوجۆرەکانەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێ و ئەمە لە حاڵێکدایە کە هەندێک لە بوارەکان، لەوانەش بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان و کەسانی پسپۆڕ لەم بوارەدا لە کۆمەڵگای ئێراندا لە چاو هەندێ بواری دیکە بێزراوتر و پەراوێزخراوترن و ئەمەش هۆکاری پشتگوێخراونی تێڕوانین و ڕوانگەی ئەوان سەبارەت بەم بابەتە بووە کە ئەمە لە دارشتنی سیاسەت و پلاندانانی پەروەردەییدا هەلی ڕوانینی فرەڕەهەند بۆ پرسی سێکسی لە ناو دەبات.

لە لایەکی دیکەوە ئەو گوتارە باڵادەستە ئایینییەی کە باڵی بە سەر سیاسەتی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و بەتایبەت لە بواری سیاسەتی دامەزراوەی بنەماڵەدا کێشاوە هەمیشە بووەتە هۆی ئەوەی کە لە کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێران پرس سێکس بە بڤە و تابۆ بزانرێ و لێکدانەوەی بۆ نەکرێت. هەروەها لە کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێران کە دامودەزگاکانی کۆمەڵگاگری و بەکۆمەڵایەتیبوون وەکوو بنەماڵە، قوتابخانە، میدیا و دیکەی دامەزراوە پەیوەندییەکان بە توندی بە میکانیزمی نکۆڵیکردن و ناشەفافێتییەوە تێوەگلاون، قسەکردن لە سەر سێکس بە توندی ڕەت دەکرێتەوە و وەک بابەتێکی ناپیرۆز لە قەڵەم دەدرێ کە لەم دامەزراوانەدا لە ڕێگەی گوتاری ئایینییەوە شەرعییەت بە تابۆبوونی پرسی سێکس دراوە و قسەکردن لە سەر سێکس قەدەغە کراوە. بەم شێوە میکانیزمی نکۆڵیکردن

یان نەبوونی شەفافیەت وەک فاکتەرێکی باڵادەست دەستی بە سەر هەموو چینەکانی کۆمەڵگادا کێشاوە. ئەو جێگایەی کە میکانیزمی نکۆڵی کار دەکا، هاندان و وروژاندن بە دوایدا دێ، کەواتە هەرچەندە ئارەزووی سێکسی شتێکی سروشتییە، بەڵام پێوستی و چۆنیەتیی تێرکردنی ئەم ئارەزووە سێکسییە میکانیزمی کۆمەڵایەتی دەیوروژێنێ و دابینی دەکات. نکۆڵییەک کە لە سەر بنەمای نەبوونی کێشەیە، هەلی کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردن لە لایەن کۆمەڵگاوە لە بار دەبات. ڕاهێنانی سێکسی پێویستی بە پەیوەندیی نێوان ئەو دامەزراوانەیە کە هەر یەکەیان لەم ڕاهێنانەدا بە جۆرێ تێوە دەگلێن و پشکدارن. خانەوادە، قوتابخانە، میدیا وەک دامەزراوە کۆمەڵگاگرییەکان لە لایەن ناونده ئایینییەکان و دامەزراوەی حکومەت و دامەزراوەکانی دیکە لە دارشتنی سیاسەت و دیاریکردنی بوودجە بۆ پلاندانان و لە هەمووی گرنگتر شەرعییەتدان بەو جۆرە ڕاهێنانە بەشدارن و هەماهەنگیی نێوانیان لە کاریگەرتربوون و ئامادەکردنی فرەڕەهەندی ئەم بەرنامانە زۆر یەکلاکەرەوە دەبێت.

بەو پێیەی کە لە کۆمەڵگای ئێراندا، پەیوەندیی نێوان دامەزراوەکان بە هۆی بەریەککەوتنی ئەرکەکان، سەریەککەوتنیان لە هەندێک حاڵەتدا و ڕوانگەی یەکترڕەتکردنەوەیان هەمیشە تووشی چالنج هاتووە، ڕاهێنانی سێکسیش هەمیشە پەراوێز خراوە.

بەڵام جیاوازیی بیر و ڕا لە نێوان لایەنگران و نەیارانی ڕاهێنانی سێکسی کە هەر یەکەیان هۆکار و بەڵگەی خۆیان دەردەبڕن، بەربەستێکی گرنگی دیکەی بەر دەم ئەم بەرنامەیە، لایەنگران پێیان وایە کە هۆشیارکردنەوەی خەڵک لەمەڕ بابەتی سێکس بە هۆی ئەوەی فێری لێهاتوویی دەبن لە پێویستییەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵگایە و بە پێچەوانەوە نەیارانیش ئەم ڕاهێنانە بە فاکتەری دنەدان و وروژانی ئارەزووی سێکسی دەزانن کە دەتوانێ لێکەوتەی هەبێت. لە هەر حاڵەتێکدا ئەم دووبۆچوونییە جگە لە ڕانەهێنانی سێکسی لە کۆمەڵگەی ئێراندا هیچ دەرەنجامێکی دیکەی نەبووە و وەک بەربەستێکی جیدی هەمیشە بوونی هەبووە. دەرهاویشتەی ئەو هۆکارانەی کە باسیان لێ کرا و هەروەها هۆکارەکانی دیکە، ناهێڵێ ئەم پرسە گرنگە لێکدانەوەی بۆ بکرێ و پلانی بۆ دابڕێژرێت.

بە پێی دەقی دیمانە مەیدانییەکان، یەکێک لە ئاستەنگە جیددیەکانی بەردەم ڕاهێنانی سێکسی لە کۆمەڵگای ئێراندا ئەو هەستە کۆمەڵایەتییە باڵادەستانەیە کە ڕەگ و ڕیشەیان دەچێتەوە سەر شێوازی کۆمەڵگاگری و ڕەوت و فۆرمی پەروەردەی کۆمەڵایەتی.

هەستگەلێکی وەکوو شەرم، گوناح، ترس و هتد لەو هەستە زاڵانەن کە لە ناو فەزای پەروەردەی کۆمەڵایەتی و لە قۆناغەکانی منداڵی و مێرمنداڵی لە ناو تاکەکانی کۆمەڵگادا سەر هەڵدەدەن و بەدەروونی دەبن و دەچەسپن کە یەکێک لە بەربەستە سەرەکییەکانی گفتوگۆکردن سەبارەت بە بابەتی سێکسە تەنانەت لە ئاستی پسپۆڕان و مامۆستاکانیشماندا ئەم هەستانە دەردەکەون. هەروەها میکانیزمی ئابڕوو و حورمەتی کۆمەڵایەتی وەها لە جومگە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی ئێمەدا تۆخە کە ئەو وتەزایانەی کە شیاوی قسە لە سەر کردنن و پێویستیان بە باسێکی بەکۆمەڵە نکۆڵییان لێ دەکرێ و ناهێڵدرێ ڕوون بکرێنەوە. کەواتە هەمیشە بە بڤە و تابۆ لە قەڵەم دەدرێ و نکۆڵی لێدەکرێت.

دەتوانین بڵێین هەر وەک چۆن بەربەستەکانی بەردەم ڕاهێنانی سێکسی لە کۆمەڵگای ئێراندا فرەفاکتەری و فرەڕەهەندین، کێشە و ئاستەنگەکانی بەر دەم ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ بابەتی ڕاهێنانی سێکسیش فرەفاکتەرین. یەکێک لەو فاکتەرانەی کە ڕێکخراوە ناحکومییەکان تووشی بوون، نائاشنایی و نائاگاداریی خەڵک لەو ڕێکخراوانە و کارداکانیانە کە ئەمەش لە نزمیی ئاستی هۆشیاریی مەدەنیی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێ کە دەبێتە هۆی ئەوەی نەبنە ئەندامی ئەو دامەزراو و ڕێکخراوانە، بە جۆرێک کە ئەم ڕێکخراوانە حەشیمەتێکی کەم ڕووماڵ دەکەن و پشتگیریان لێ دەکەن. یەکێکی دیکە پێوەندییە نێوان ڕێکخراو و دامودەزگا جەماوەرییەکان لەگەڵ دامەزراوە و دامودەزگا حکومی و ئەهلییەکانە کە لە سەر بنەمای دانوستان نییە، لە کۆمەڵگەی ئێراندا لێکدژن و ڕکابەرییەکەیان بە شێوەی ناتەندروست و ناسازێنەرە کە ناهێڵێ کارامە و سوودبەخش بن. بەڵام نەبوونی زانیاری و لێهاتوویی پێویست لە بواری پرسە سێکسییەکان لە لایەن ئەو هێزە مرۆییانەی کە لەم ڕێکخراوانە و ڕێکخراوەکانی دیکە کە لەم بوارەدا کار دەکەن، ئەوەمان بۆ دەردەخا کە لەم ڕێکخراوانەدا پرۆسەی دامەزراندنی هێزێکی مرۆیی کاربەدەست، بە پێی شیاوسالاری نییە کە ئەمەش لاوازیی لە ستراتیژی هەڵبژاردن و کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردنیانی لێ کەوتۆتەوە کە ئەم فاکتەرانە ناهێڵن لەم بوارەدا کاریگەریی ئەوتۆیان هەبێت.

بە واتایەکی تر مەسەلەی پێکهاتەیی لە ئارادان کە وای کردووە کە کاردای یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتی و هێزە مرۆییە دڵسۆزەکان وەک چالاکانی کۆمەڵایەتی بۆ بابەتی ئازاردانی سێکسیدا ناکارامە بن. پرسە پێکهاتەییە گرینگەکان بریتین لە: یەکێکیان نەبوونی

ڕاهێنان و هۆشیاریی هەمەلایەنە و تەکووز و سیستماتیکە و ئەوی دیکەیان نەبوونی دامەزراوەی پشتیوانییە کە لەم بوارەدا بەهێز و دانوستانانە ئیش بکەن. ڕاهێنان بە تەنهایی و کارکردی دامەزراوەیی بە تەنها ناتوانێ ئەم کێشە لە کۆمەڵگای ئێراندا کەم بکاتەوە و لەوەش زیاتر ئەم دوو فاکتەرە جیا لە چارەسەرکردنی کێشە پێکهاتەیی و ئاست کەڵانەکان کە فاکتەری زەمینەییەکان لە خۆ دەگرن، جێبەجێ نابن و کاریگەر نابن. ئەو قسانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە چۆن نکۆڵی لە ناو دامەزراوەی قوتابخانە شانبەشانی دامەزراوەی بنەماڵە و میدیاکان بووەتە هۆی شاردنەوەی کێشەکە و بەدوادانەچوون و نابەرپرسیارێتی و دیترهاوێژیی ناوەندە بەرپرسیارەکان و کەسانی بەرپرسیاری ئەم بوارە.

لە کۆمەڵگای ئێراندا بە پارەبوونی سیستەمی پەروەردە و ڕاهێنان، هەم کاردا سەرەکییەکانی پەراوێز خراون و هەم ئەوەی کە پەیوەندیی نێوان قوتابخانە و بنەماڵە لە چاو جاران گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە. بە جۆرێک کە خانەوادە وەک مشتەری لە قەڵەم دەدرێ کە دەبێ بە هەر چۆنێک بێ سەرنجی ڕابکێشرێ و کاردا پەروەردەییەکانی قوتابخانە بە بێ گوێدانە بنەماڵە و بە بێ دەستێوەردانی ئەو، ئیتر ئامانجی یەکەمی قوتابخانە نییە و پێویستە ڕەزامەندیی بنەماڵەی لە سەر بێ، تەنانەت ئەگەر ئەم بنەماڵانە نائاگا و ناهۆشیار بن و لە لایەکی دیکەوە پەیوەندیی نێوان خێزان و قوتابخانە تەنیا شتێکی ڕەمزی و بۆ لەکۆڵخۆکردنەوەیە کە ئەمە پەیوەندیی نێوان قوتابخانە و خانەوادە لێک پساندووە. ڕاوێژکاران لە قوتابخانەکاندا زیاتر وەک کارگێڕی ڕاکێشانی خێزان، و قوتابخانە وەک مشتەری دەور دەبینن نەک ئەوەی کە لە بابەتە جیاوازەکان لەوانەش ڕاهێنانی پرسە سێکسییەکان ڕۆڵی ئاگادارکردنەوەیان هەبێ؛ و بە هۆی ئەم ڕۆڵەیانەوە متمانە و پەیوەندییان لەگەڵ خوێندکاران تەنیا لە قازانج و بەرژەوەندیی قوتابخانەدا تەسک دەبێتەوە.

لە ڕاستیدا لە کۆمەڵگای ئێراندا ڕاهێنانێک بۆ بابەتی سێکسی بوونی نییە کە بتوانێ لە پێشگرتن لە دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان سوودمەند بێ و هەروەها سیاسەت و خزمەتگوزاریی پشتیوانیی کۆمەڵایەتی لە لایەن دامەزراوە و ڕێکخراوەکان بۆ پشتیوانیکردن لە دەستدرێژیکراوان بە شێوەیەکی یەکگرتوو و سیستماتیک نییە. ئەم بۆشاییانە دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەم جۆرە دەستدرێژییانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاد بکەن و هەم ئەوەی کە لێکەوتە و دەرهاویشتەکانیان هەمیشە بەردەوام و چڕتر ببنەوە. بە گوێرەی وتەی خودی ئالوودەبووانی مادەی هۆشبەر کە لەو توێژینەوانەدا وەدەستمان کەوت،

بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان یەکێک لە ڕێگاکانی سەرکوتکردنی هەستەکانیانە و بەو پێیەی کە قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی هەڵوەدای خنکاندنی ئەو هەستە ڕووخێنەرانەیە کە ئەنجامی ئەزموون و بیرەوەریی دەستدرێژیی سێکسییە (وەکوو هەستکردن بە هیچۆکەیی، بێبایەخی، ڕەشبینی، ترس، شەرم، گوناح، بێدەسەڵاتی، ڕق، سەرزەنشت، توڕەیی و هتد)، لەبەر ئەم هۆکارە، یەکێک لەو ڕێگایانەی کە هەڵیدەبژێرێ بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکانە بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئەوەوە ئەم هەستانە کەم بکاتەوە و لە ڕێگەی نەشەبوونەوە سەرکوتی بکات. کەواتە ئەگەر بۆ ئەم کەسانە سیاسەتێکی دروست لە لایەن بنەماڵە و کۆمەڵگاوە نەگیرێتە بەر، لە پاڵ خەسارەت و بابەتەکانی تر کە هەتا ئێستا باسمان کردووە؛ پەرە بە کێشەی ئالوودەبوون دەدرێت.

بنەماڵەی مۆدێرن لە کۆمەڵگای شێواوی ئێراندا، ڕێخۆشکەری دەستدرێژیی سێکسییە

فەرهەنگی کۆمەڵگای ئێران سەبارەت بە دەربڕینی پرسە سێکسییەکان شەرم و حەیایەکی زۆری دروست کردووە و باسکردنی ئەم پرسە لە کۆمەڵگادا بە بڤە و تابۆ دادەنرێ، ئەم شەرمە لە ڕاهێنانی سێکسی منداڵان زیاتر ئاشکرا دەبێت. کە دایک و باوک و تەنانەت مامۆستاکانیش کاتێک ڕووبەڕووی پرسیاری سێکسی منداڵان دەبنەوە هەست بە شەرم و نارەحەتی و سەرلێشێواوی دەکەن و تەنانەت لەوانەیە گومان لە منداڵەکەیان بکەن یان ڕقیان لێیان بی و لێیان وەڕەز بن و ئەم ڕق و کینەیە دەبێتە هۆی منداڵئازاری. لە حاڵێکدا دەبێ بزانین کە منداڵان بە شێوەی سروشتی لە تەمەنی یەک یان دوو ساڵییەوە دەست دەکەن بە دۆزینەوەی جەستەی خۆیان، کە ئەندامە سێکسییەکانیش بەشێک لە جەستەیە. تەنانەت منداڵان لە تەمەنی سێ ساڵیدا توانای لێک جیاکردنەوەی هەر دوو ڕەگەزەکەیان هەیە. و یەکەم پرسیارەکانیان سەبارەت بە بابەتە سێکسییەکان بەتایبەت سەبارەت بە چۆنیەتیی لەدایکبوونی منداڵ لە تەمەنی چوار یان پێنج ساڵییەوە دەست پێدەکات. ئەگەر وەڵامی دروستی پرسیاری منداڵان نەدرێتەوە ئەوا منداڵەکە سەرکوت دەبێ و لە ڕێگای ترەوە بە دوای وەڵامدا دەگەڕێ، بەو پێیەی کە کۆمەڵگا لە ڕووی چینە کۆمەڵایەتی - فەرهەنگییەکان و تەنانەت ناوچە جوگرافییەکانەوە نایەکدەستە، بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی ڕاهێنان و فێرکاری لە سەر تەوەری ڕاهێنانی سێکسی بۆ منداڵان و مێرمنداڵان پێویستە. کاتێک بابەتی ڕاهێنانی سێکسی بۆ منداڵان دێتە گۆڕێ، دەبێ

تایبەتمەندیی کۆمەڵگا و تایبەتمەندییە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی لەبەر چاو بگرین. کۆمەڵگای ئێران یەکدەست نییە. بەشێکیان نەریتخواز و مەحافزەکار و هەندێکیشیان مۆدێرنن و لە ژێر کاریگەریی سەرچەشنی ژیانی ڕۆژئاواییدان. کەواتە دەبێ بە پێی ئەم فرەچەشنییە ئێتنیکی و زمانی و فەرهەنگییە، ناوەڕۆکێکی یەکدەست بەرهەم بهێنرێ کە هەمووان بتوانن بەکاری بهێنن. دوو دامەزراوەی پەروەردە و ڕاهێنان و وەزارەتی تەندروستی دەتوانن لەم بوارەدا ڕۆڵێکی کاریگەر لە کۆمەڵگادا بگێڕن. وەزارەتی پەروەردە و ڕاهێنان بە ڕاهێنانی پێویست منداڵان بۆ چوونە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی ئامادە دەکا و وەزارەتی تەندروستیش بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵ و بازنەی ئەرکەکانی، کە تەنانەت لە لایەن کارمەندانی تەندروستی لە دوورەدەستترین گوندەکانی وڵاتی ئێران خزمەتگوزاری دابین دەکەن، دەتوانێ شانبەشانی ئەو چاودێرییە تەندروستییەی کە پێشکەشی دەکا ڕاهێنانی سێکسیی منداڵان لە لایەن دایک و باوکەوە بخەنە بەرنامەی کاریانەوە بۆ ئەوەی پێش لەدایکبوونی منداڵەکانیان دەستیان بەم زانیاری و لێهاتوویانە بگات (کاظمی، ١٤٠٠هەتاوی).

جگە لەوانەش لە شێوازی ژیانی نەریتیدا کە خزمەکان لە ماڵی داپیرەدا کۆ دەبنەوە، ئەم متمانە و ئاسایشە دەتوانێ بە جۆرێک لە جۆرەکان مەترسیدار بێ و لە شێوازی ژیانی مۆدێرن کە ژنان ئیش دەکەن، ئەم ئەسپاردنە بە شێوەی جیاواز و بە هۆکاری دیکە ڕوو دەدات. زۆرن ئەو ژنانەی کە لە کاتی دەوامدا بە هۆی تێچووی قورسی باخچەی ساوایان وەک ناوەندێکی لاوەکی لە ئێراندا کە دەرهاویشتەی بارودۆخی شپرزەی ئابووریی ئێستای کۆمەڵگایە، منداڵەکانیان لە ماڵی داپیرە یان کەسوکاریان بە جێ دەهێڵن. لەم کاتەدا پرسی ئیشکردنی ژن و تێچووی قورسی ڕاگرتنی منداڵ، ئەگەری هێشتنەوەی منداڵان لە ماڵی داپیرە و کەسوکار، کە بە شوێنێکی پارێزراو و ئارام ناسراوە زیاتر دەکا و بەو پێیەش ئەگەری ئەو دەستدرێژی و ئازاردانانە کە لە ڕێگەی ئەم فەزایەوە دەتوانێ ڕوو بدا، زیاد دەبێت. لە کۆمەڵگا ناپێشکەوتووەکانی وەکوو ئێران، هیچ دامەزراوەیەکی پشتیوانی نییە کە لە بەرامبەر ژینگەی بێبەرگریی خانەوادە و ماڵەکەیان ڕژدانە پشتیوانی لەو منداڵانە بکا، و یان کارکردیان بە شێوەی هێمایی و شانۆییە کە ئەویش زۆر بەرتەسک و سنوورداوە. هەر بۆیە قوربانییەکە دەبێ ساڵانێکی زۆر لەگەڵ دایک یان باوکە دەستدرێژیکار و ئازاردەرەکەیدا بژی.

خێزان لە کۆمەڵگای ئێرانی ئەمڕۆدا بە هۆی هەلومەرجی نالەبار و پشێویی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ناوەندی ورووژاندنی هەمیشەیی سێکسوالیتەیە. لە خێزاندا کەسایەتیی نوێ دەرکەوتن، وەکوو ژنی تووڕە، ژنی ساردمەزاج، دایکی کەمتەرخەم یان گیرۆدەی حاڵەتی ڕاڕایی کوشندە، مێردێک کە توانای سێکسکردنی نییە و خەمۆک و گومڕایە، کچێکی هیستریا، منداڵێک کە تووشی باڵقبوونی پێشوەختەیە، پیاوێکی گەنجی هاوڕەگەخواز کە مل بە هاوسەرگیری نادا یان گرنگی بە ژنەکەی نادات. ئەم کەسایەتییانە لە سیستەمی پەیوەندیی لادەرانەدا کێشەی سێکسوالیتەی نانۆڕمیان هەیە.

ناوەندی خێزان دەتوانێ لە ڕووی پێکهاتەییەوە لە هەر چەشنە خەسارەتێکی دیاریکراو و باسکراو (ئالوودەبوون، تەڵاق، بەدسەرپەشت و هتد) بێبەری بێ بەڵام ئەمە بە مانای ئاساییبوون و هاوسەنگی نییە. زۆر خانەوادە هەن کە لە ڕووی پێکهاتەوە یان شێلگیرن یان لە جۆری کەمتەرخەم و جێهێڵراون کە لە هەر دوو خانەوادەکەدا بەستێنێکی باش بۆ ئازاردانی سێکسی هەیە. مەبەست لە خانەوادەی سەختگیر و شێلگیر ئەو خانەوادانەن کە ئازادیی کردار و سەربەستیی شوناسی تاکەکان تووشی چالنج و کێشە دەبێتەوە و بنەماڵەی یەکتەوەر، خۆسەپێن، نابەشدار و نادابەشکار لە کارکردن لەم جۆرە بنەماڵانەن کە لە کۆمەڵگای ئێستای ئێراندا ڕێژەیان کەم نییە. هەروەها بنەماڵەی ئاسانگیر یان بەڕەڵاکراو ئەو بنەماڵانەن کە ئازادی لە ناویاندا زۆر و نەشیاو و لە هەمان کاتدا نالۆژیکانە و جۆرێک لە بەڕەڵایەتییە، لەم خانەوادانەدا هەم دابەشبوونی کار و هەم بەشداریکردن سەقەتە و هەستی پەیوەندیی سۆزداری و وابەستەیی تاکەکان بۆ ناوەندی بنەماڵە بە جۆرێکی دیکە لاواز کراوە. هەر دوو جۆری خێزانە باسکراوەکە بەستێنێکی گونجاو بۆ ڕوودان و بەردەوامیی دەستدرێژیی سێکسی و زینا لەگەڵ مەحارمن، چونکە لە هەر یەکێکیاندا هەست و ئارەزووی تاکەکان سەرکوت کراوە و یان ناهاوسەنگانە وڵامی دراوەتەوە کە یەکێک لە گرینگترین دەرهاویشتەکانی ئەم ناهاوسەنگی و کۆنترۆڵکردنەی کە بنەماڵە دروستی کردووە، دەتوانێ ڕوودانی دەستدرێژیی سێکسی و زینا لەگەڵ مەحارم بێت.

بنەماڵە ئایینپەروەرەکان بە هۆی سەرکوتکردن و پشتگوێخستنی هەست و ئارەزووی تاکەکان کە بە هۆی ئەم ئاستەنگ و سنووردارکردنەوە دروست دەبێ، دەتوانێ ببێتە بەستێنێک بۆ ورووژاندن و هاندانی سێکسوالیتە و لە ئەنجامدا ئازاردانی سێکسی و زینا

لەگەڵ مەحارمی لێ بکەوێتەوە. تاکەکان لە ناو بنەماڵە ئایینپەروەرەکاندا فێری هەستگەلی وەکوو گوناح و شەرم دەبن و ئەم هەستانە لە دڵ و دەروونیاندا دەچەسپێ و لە دوای دەستدرێژییەکە بە شێوەی توندتر تووشی هەستی شەرم و گوناح دەبن، لەم توێژینەوەدا، دانەپۆشراویی جەستە بە هۆکاری بزواندنی دەستدرێژیکار دادەنرێ و گوناح لە دەرەوە ئاراستەی دەستدرێژیکراو دەبێ و میکانیزمی ئازاری ویژدان لە دەستدرێژیکراودا بیچم دەگرێت. ئەم هەستە نەرێنییانە کە لە پێکهاتەی ئایینی و فەرهەنگیی بنەماڵەوە سەرهەڵدەدەن و هەڵبەت لە کۆمەڵگەی ئایینپەروەرەوە سەرچاوە دەگرێ کە کەسی ئازاردراو لە پێگەی قوربانییەوە بۆ تاوانبار دادەبەزێنێ و قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی دەتوانێ خۆی لەبەر ئەم تاوانە خۆی سەرکۆنە بکا و بەرامبەر بەو کارلێکێک کە لە سەر بنەمای دەستدرێژی و بەردەوامییەکەی، بێدەنگی هەڵبژێرێ و هەمیشە لەگەڵ هەستە ناخۆشە دەروونییەکانی لە ململانێیەکی هەمیشەییدا بێت. بە جۆرێک کە کەسی ئازاردراو لەم دۆخەدا دەبێتە ئۆبژەی دەسەڵات.

هەستی نەرێنی وەکوو ترس و گوناحباری، بیروباوەڕی وەکوو وەج، ئابڕوو و داکۆکیی کۆمەڵایەتی، هەروەها سەرکوت‌کردنی ئارەزووە سێکسییەکان و سیستەمی پاداشت و سزادان لە ناو ئەو خێزانانەی کە لە ڕەهەندی ئابووری و نائابوورییەوە بە دەست بێبەشییەوە دەناڵێنن، جێی تێڕامانە. چونکە ئەم حاڵەتانە ئەگەری دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان و مێرمنداڵان لەم خێزانانەدا زیاد دەکەن و ئاستی بەردەوامبوون و بێدەنگی لە هەمبەر ئەم دەستدرێژییەدا زیاتر دەکەنەوە. بۆشاییە سۆزدارییەکان، سیستەمی چاودێری و چاودێریی ناکارامە، سیستەمی پاداشت و سزادانی نابەجێ و نەشیاو لە ڕووی شیکاریی بارودۆخ لە لایەن خێزانەوە کە ناوەندی سەرەتایی بەکۆمەڵایەتیبوونی تاکاکانە لەو فاکتەرە هەرەگرنگانەیە کە زەمینە بۆ دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان و مێرمنداڵان خۆش دەکا و هەروەها ئەو کەسانەی کە لەم جۆرە خێزانانەدا دەژین توانای چاودێریکردنی خۆیانیان نییە و لە زۆرێک لە کارامەییە پێویستەکانی ژیانیان بێبەشن یان تێیدا لاوازن. بەشێکی گرنگ لە ئەزموونی ژیاوی زۆربەی تاکەکان لە ناو بنەماڵەدا بیچم دەگرێ و لەو ماوەشدا هەست و تێڕوانینی تاکەکان بەرسازە دەبێت. خێزانێک کە ئاگاداری دیاردەگەلی وەکوو منداڵی و مێرمنداڵی نەبێ، ئەوە هەژاریی هۆشیارییان هەیە، کە لەم حاڵەتەدا کێشە و خەسارەتی لەو چەشنە زیاتر دەکات. ئالوودەبوون بە مادەی هۆشبەر لە ڕێگەی

گۆڕینی ئەرک یان نەهێشتنی ڕۆڵ و ئەرکەکان لە ناو بنەماڵەدا و هەروەها تێکدانی سیستەمی دابەش‌کردنی کار و نەهێشتنی هاوسەنگیی ڕەهەندی سۆزداریی خانەوادە دەتوانێ خێزان بکاتە ناوەندی ململانێ و توندوتیژی. هەڵبەت پێکهاتە و کارداکانی ئەو خێزانەی کە ئالوودە بە مادەی هۆشبەرن هەمیشە گیر و گرفتیان هەیە.

ناهاوسەنگیی سۆزداری لە چوارچێوەی پاڵپشتیی لەڕادەبەدەر یان پشتگوێخستنی پێداویستییە دەروونی و سۆزدارییەکانی ئەندامانی بنەماڵە لە ڕێگەی پەروەردەکردنی ناهاوسەنگ، پێکهاتەی دەسەڵاتی چەقبەستوو یان جۆرێک لە بەڕەڵاکردن لە ڕێگەی بەڕێوەبردنی خێزان و هەروەها دەرکەوتنی کەسایەتیگەلی وەکوو فریادڕەس، قوربانی، باڵادەست، پاسیڤ و ... هەمیشە زەمینە بۆ ئالوودەبوون لە ناو خێزانەکانەکاندا خۆش دەکات. لە ڕاستیدا لە ناو خێزانی تاکسەرپەرست (دایک یان باوک)، کە بە هۆی تەڵاق یان مردنی یەکێکیان (دایک یان باوک) زەمینە و بەستێنێکی لەبار بۆ دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن مەحارمەوە ئامادە دەبێ، وەک لە لایەن بەردیمانەکانەوە چەندین جار ئاماژەی پێ کراوە. لە شێوازی ژیانی مۆدێرندا لە هەموو کۆمەڵگاکاندا ئەم چەشنە خانەوادانە زۆرن و لە کۆمەڵگای ئێرانیشدا بە پێی هەلومەرج و کۆمەڵگەی جیهانییەوە شاهیدی زۆربوونی ڕێژەی ئەم جۆرە بنەماڵە بووینەتەوە. بەڵام بەو جیاوازییەی کە لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا دامەزراوە کۆمەڵایەتییە تەواوکەر و پاڵپشتەکانی ئەم جۆرە خێزانانە بە هۆی ئاستی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی و سیاسەتدارشتنە کۆمەڵایەتییەکانەوە کاراتر و چاکتر ئیش دەکەن تا کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێران کە ڕووبەڕووی کێشەی گەشەسەندن و چالنجگەلێکی وەکوو ناسەقامگیریی ئابووری و شێوازی ئابووریی سیاسیی باڵادەست بۆتەوە توانا و ئیرادەی بەڕێوەبردنی دۆخەکەی نییە. لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێراندا، بنەماڵەی تاکسەرپەرشت (دایک یان باوک) بە بێ هیچ پشتیوانییەک لە لایەن دامەزراوە پاڵپشت و خۆشگوزەرانییەکانەوە و هەروەها لە نەبوونی سیاسەتی لایەنگری کۆمەڵایەتییەکاندا ڕووبەڕووی کێشە و چالنجی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاد دەبێتەوە. یەکێک لە گرنگترینەکەیان دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵ لە لایەن مەحارم یان هەمان تاکسەرپەرشتە (دایک یان باوک) یان لە حاڵەتێکی دیکەدا لە لایەن کەسوکارە کە بە هۆی سەرقاڵییە بژێوییەکانی دایک و باوکەوە منداڵ کەمتر کۆنترۆڵ و چاودێری بە سەردا دەکرێت.

لە کۆمەڵگای ئێراندا، نەبوونی یاسایەکی تایبەت و نەبوونی دامەزراوەی پشتیوانی بۆ قوربانیانی دەستدرێژیی سێکسی بووەتە هۆی ئەوەی کە نەک هەر پشتیوانییان لێ نەکرێ، بەڵکوو لە ئەگەری ئاشکرابوونی ڕووداوی دەستدرێژییەکە لە لایەن دامەزراوەی بنەماڵەوە دەتارێنرێن، و ڕەوت و پرۆسەیەک نییە کە ئەم کەسانە بێنێتەوە ناو کۆمەڵگا، بەڵکوو زیاتر لایەنی تاراندن و کوشتنیان هەیە کە ئەمە ڕەهەندەکانی پرسەکە زیاتر دەکاتەوە. کێشەی بنەماڵە ئابڕوو و وەج و شکۆیانە کە بە هۆی ئەوەوە تاک لە لایەن ئەم ناوەندەوە دەتارێنرێ، بۆیە دستدرێژیکراو وای پێ باشترە کە میکانیزمی بێدەنگی بەکار بێنێ، و یان شێوازی دیکەی ئازاردان وەکوو هاوسەرگیریی منداڵان و هاوسەرگیریی زۆرەملێ قبووڵ بکا و یان بە خەسارەت دیکەی وەکوو خۆفرۆشتن، ڕاکردن لە ماڵەوە، ئالوودەبوون و هتد تێوەبگلێن.

کەواتە ئەو سیاسەتانەی کە لە سەر بنەمای تاراندن لە لایەن بنەماڵە (بە هۆی شکۆ و ئابڕوو و لە سەر بنەمای نکۆڵیکردن لە پرسەکە) و کۆمەڵگای ئێران (بە هۆی نەبوونی پێکهاتەی یاسایی و مەدەنیی کارا و پاڵپشت و لە سەر بنەمای نکۆڵیکردن لە پرسەکە) لە هەمبەر پرسی دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن مەحارم نەک هەر لە ڕێگەی تێکەڵکردن و هێنانەوەی کەسی دەستدرێژیکراو بۆ ناو کۆمەڵگا ڕێگری لەم زیانانە نەکردووە، بەڵکوو بوونەتە هۆی فرەتربوون و پەرەسەندنی زیان و خەسارەتە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە کە لە لایەن دەستدرێژیکراوانەوە وەک سازوکار و ڕەفتارگەلی بەرگری و خۆبەدوورگرتن لە هەمبەر خانەوادە و کۆمەڵگا بە کار هێنراون. بنەماڵە و کۆمەڵگای ئێرانی هەر دووکیان لە کەڵکوەرگرتن لە میکانیزمێک لە دژی پرسی ئازاردانی سێکسی لە لایەن مەحارمەوە هاوبەش بوون و ئەویش سازوکار و میکانیزمی "نکۆڵیکردن" لە هەموو بارودۆخەکان و لە سەر ئاستی هەموو جومگە و لایەنە کۆمەڵایەتییەکاندا بووە.

بنەماڵەی ناوشیار و ڕانەهێنراو، وەکوو کەسی دەستدرێژیکراو هەوڵی حاشاکردن لە دەستدرێژییەکە دەدا و ئەم میکانیزمە دەقۆزنەوە و بۆ پاساو و دیترهاوێژیی پرسی دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەی خۆی، تێدەکۆشێ کە قوربانییەکە بە درۆزن پیشان بدا یان بە شێت و نەخۆشی دەروونی لە قەڵەمی بدا و بە واتایەکی دیکە لێرەدا میکانیزمی دەسەڵات کە بنەماڵە بۆ کەسی دەستدرێژیکراوی بە کار دەبا لە ڕێگەی ئەویتریسازی و بە شێتپیشاندانی دەستدرێژیکراو وەکار دەکەوێت. لە

ئەنجامی دابەشکاری دووفاقەیی و ئەویتریسازی، کەسی دەستدرێژیکراو لە بری پاڵپشتی، دەتارێنرێ و سزا دەدرێت. لە ڕاستیدا خانەوادە و کۆمەڵگا لە سێ میکانیزمی هاوبەشی دەسەڵات سوودمەندن: نکۆڵی، دیترهاوێژی و پاساوهێنانەوە.

لە بنەماڵەی بێسەروسامانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای ئێراندا، هیچ پەیوەندییەک لە سەر بنەمای متمانە، ڕاستگۆیی و هاوسۆزی بوونی نییە. لە ئەنجامی دیمانەکاندا دەردەکەوێ کە سەرمایە کۆمەڵایەتییەکان چ لە چوارچێوەی پێکهاتەی بنەماڵە و چ لە سەر ئاستی کۆمەڵگادا لاواز بووە. جگە لەوەش میکانیزمی نکۆڵیکردن لە لایەن خێزان و کۆمەڵگادا بە توندی خۆی دەنوێنێ چونکە ژینگەی گفتوگۆ تەسک و ژەهراوییە و پەیوەندییەکان ڕووبەڕووی چالنجی وەکوو نەبوونی لێهاتوویی گفتوگۆ و ڕەخنەهەڵگری دەبنەوە. هەبوونی متمانە و ئاسایش، تاک بە کەسانی گرنگی ژیانەوە دەبەستێتەوە و لە ئەنجامی ئەمەدا هەستی هۆگری و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و سۆزداری دروست دەکات. بە واتایەکی دیکە هەلی تێکەڵبوون لە ناو گرووپە کۆمەڵایەتییەکان واتە خانەوادە و گرووپەکانی تر دەڕەخسێنێ، بە پێچەوانەوە کاتێک ئەم متمانە و هەستکردن بە ئاسایشە تێک دەچێ یان لاواز دەبێ، ئەوە دەبێتە هۆی تاراندنی کۆمەڵایەتی و دابڕانی تاک لە گروپ، و لە ئەنجامدا ئەو ناتوانێ لە پاڵپشتیی سۆزداری و پەیوەستبوون بە گروپ سوودمەند بێت. سەرمایەگەلی وەکوو متمانە و ئاسایش، هاوسۆزیی کۆمەڵایەتی بە دوای خۆیدا دەهێنێ و کاریگەری لە سەر پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی تاک لەگەڵ گروپ و کۆمەڵگا و هەروەها یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی دادەنێت.

لە ڕاستیدا فراوانیی تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە بەرهەمی متمانەی کۆمەڵایەتیی تاک لە ساڵانی سەرەتایی ژیانیەتی و لە ژێر کاریگەریی متمانە بە ئەویترە گرنگەکانی ژیان واتە ئەندامانی خێزانیەتی و ڕادەی پەیوەندیی سۆزداری و ژیانی لەگەڵ ئەو کەسانە، جۆری دیدگا و زەینییەتی کۆمەڵایەتیی تاک دیاری دەکا و لەم ڕێگەوە شێوازی ژیانی بەرساز دەبێت. گێڕانەوەکان ئەوە دەردەخەن کە لە نێوان سەرمایە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو متمانە و پەیوەندیی سۆزداریی تاکدا پەیوەندییەک لە ئارادایە و کاتێک پەیوەندیی سۆزداری و دۆستایەتیی تاک لەگەڵ ئەویترییە گرنگەکانی ژیانی لاواز دەبێ، متمانە بە کەسانی دیکە دەکا و لەوانەیە لە لایەن ئەوانەوە دەستدرێژیی سێکسی بکرێتە سەر. لەم حاڵەتەدا سیستەمی باوەڕ و متمانە بنەڕەتییەکەی و لە ئەنجامی ئەوەدا

بۆشاییە سۆزدارییەکانی بە هۆی ئەو کارەساتەوە تێک دەچن و دوای ئەوە لە قۆناغەکانی داهاتووی ژیانیدا ناتوانێ لەگەڵ جیهانی دەوروبەری خۆی پەیوەندییەکی پشتبەستوو بە متمانە و هاودڵییەکی بونیادنەر ساز بکات.

ئاراستە ڕەگەزێتییەکان لە پەروەردەی کۆمەڵایەتیدا فاکتەری جیاکەرەوەی دەستدرێژیی سێکسی و لێکەوتەکانیەتی

ماوەیەکی کەمە کە پێناسەی توندوتیژیی سێکسی هاتۆتە ناو ئەدەبیاتی کۆمەڵگای ئێرانەوە، لە حاڵێکدا هەتا بەر لەو، نە تەنیا باسی لێ نەکرابوو، بەڵکوو چ لە لای ڕۆشنبیران و چ لای خەڵکی ئاسایی تاموڵکردنی ئەم ڕەهەندەی توندتیژی بە یەکێک لە ئەرکە جدییەکانی ژنان لە قەڵەم دەدەرا و ئەم ملکەجێتییە بێ‌پێچ و پەنایە بە توندوتیژی هەژمار نەکرا. زۆرێک لە کۆمەڵناس و دەروونناسەکان پێیان وایە کە توندوتیژی بابەتێکە کە لە منداڵییەوە بەدەست دێت. بیرمەندانێکی وەکوو ئادرنۆ پێیان وایە ئەو توندوتیژییەی کە منداڵ لە سەردەمی منداڵی و لاوازیدا لە لایەن دایک و باوکیەوە تامووڵی دەکا، لە درێژەی تێپەڕینێکدا لە تەمەنی گەورەساڵیدا قەرەبووی دەکاتەوە. بە ڕای ئەو، شێوازەکانی منداڵپەروەراندنی وشک و ڕەق دەتوانێ دروستبوونی مرۆڤی دەسەڵاتخواز و ملکەچی لێ بکەوێتەوە. ئەم جۆرە تێڕوانینە دۆگماتیکانە بەرامبەر بە ژنان و منداڵان وەک بیروباوەڕی چوارچێوەیی و داخراو لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێنەوە و کاتێک تێکەڵ بە ورووژان و سۆز و بیروباوەڕگەلێک دەبێ کە بەهای ڕەهان، جۆرەها خەسارەتی کۆمەڵایەتی وەکوو قەتڵی ناموسی، منداڵئازاری و... لێ دەکەوێتەوە. ڕەنگە گرنگترین چارەسەر بۆ ئەم نەخۆشییە کوشندەیە ئەوەیە کە ڕەخنە لە ناوەوەی کۆمەڵگا و لە ناو ئەو لایەن و کۆمەڵگایانەی کە زیاتر لە ناوچەکانی تر بەم نەخۆشیانەوە تێوەگلاون، بگیرێت، ڕەخنەی ڕژدانە لە توندوتیژی، دەمارگرژی، هاوسەرگیریی زۆرەملێ، ڕوانگەی داخراو، بیروباوەڕی هەتاهەتایی و ئەبەدی بگیرێت. تەنها بیرمەندانی نوێگەرا لە ناو ئەم کەسانەدا بە ڕەخنەگرتن و ململانێ لەگەڵ ئەم نەریت و بیروباوەڕە کۆنانەدا دەتوانن فەزا بۆ پرسیارکردن ئامادە بکەن بۆ ئەوەی بە تەواوی بەرەنگاری ئەو جۆرە لێکەوتە ترسناکانە ببنەوە (بەختیارنژاد، ١٣٨٨ هەتاوی).

لێکنەچوونی فرەیی دەربڕینی ئازاردانی سێکسی لە لایەن هەر دوو ڕەگەزەکە و زیاتر باسکردنی ئەزموونی دەستدرێژی لە لایەن ژنانەوە، جیاوازی و جیاکارییە پەروەردەییەکان

و کۆمەڵگاگری لە سەر بنەمای لاگیری و ئاراستە و کلیشە ڕەگەزێتییەکان دەردەخات. فۆرم و ئاستی ئازاردانی سێکسیش کاریگەریی فاکتەرێکی دیکەی لە سەرە کە ئەویش ڕەگەزێتیی تاکەکانە. بە جۆرێک کە فرەیی ئازاردانی سێکسی لە لایەن مەحارمەوە لە ناو ژناندا زیاتر لە پیاوانە، کە ئەمە خۆی لە هەڵاواردنە ڕەگەزێتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، کە بە شێوەیەکی جیاواز کاریگەری لە سەر بارودۆخی بینراوی ژیان و شێوازی ژیانی هەر دوو ڕەگەزەکە داناوە. ژنان بە هۆی ڕەگەزیان و سنووردارباوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە لە لایەن کەسانی مەحرەمەوە زیاتر دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەریان، لە کاتێکدا پیاوان بە هۆی ئەو ئازادییەی کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکەیاندا هەیانە کە ئەویش هەر لە بەر ڕەگەزیانە، زیاتر لە لایەن کەسانی دوورتر و نامۆترەوە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەریان.

ئەنجامی لێکدانەوەکان ئەوە دەردەخەن کە سەبارەت بە ڕەگەزێتیی پیاو یەکیک لەو هۆکارانەی کە ناهێڵێ قوربانییەکە ڕووداوی دەستدرێژییەکە بدرکێنێ، ترس لە گاڵتەپێکران لە لایەن کەسانی دیکەیە، کە ئەم حاڵەتە تەنها بۆ پیاوان دەتوانێ ڕێگر بێ و سەبارەت بە پرسی ڕەگەزێتی وەک هۆکار و ئاستەنگ دەردەکەوێت.

لێدوانەکانی دەستدرێژیکراوێکی پیاو کە نیشان دەدا کە ئاراستە و کلیشە ڕەگەزێتییە زاڵ و باوەکان لە ناو کۆمەڵگای ئێراندا لە سەر بنەمای تێهەڵکێشبوونی هێز و پیاوەتی یان غروور و پیاوەتی لە دەروونی خودی ڕەگەزی پیاودا لە منداڵییەوە و لە درێژەی پرۆسەی کۆمەڵگاگری و پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتییەوە بەدەروونی کراوە و زەینیان لە سەر بنەمای ئەو باوەڕە کۆمەڵایەتییانە بەرساز بووە و بەردەوام دەبێت. ئەم پەیوەندی و کاریگەری و کارتێکراوییە پەیوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵگا بە شێوەی کارلێکی دوولایەنە پیشان دەدات. هێزی ئەم زەینە بەرسازکراوە بە جۆرێکە کە تەنانەت کاتێک کەسەکە لە پێگەی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسیدا بێ، بە هۆی ئەو باوەڕانەی کە لەبارەی ڕەگەزی خۆی و پیاوەتییەوە هەیەتی، ئامادە نییە ڕووداوی دەستدرێژییەکە ئاشکرا بکا و ئەمە بە ڕووشێنەری ئەو بیروباوەڕانە دەزانێ و هەر لەبەر ئەم هۆکارە نکۆڵی لێ دەکا یان دەیشارێتەوە. کەواتە، ڕەگەزێتی و ئەو باوەڕە کلیشەیی و باوانەی کە لەم بارەوە هەن هۆکارێکی دیکەن کە لە پاڵ هۆکارە باسکراوەکانی دیکە، دەستدرێژیکراو دەخاتە دۆخی خەتابار و گوناحکارەوە نەک قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی.

لە ڕاستیدا وەک پێشتر لە ئاخافتنەکانی پێشوودا باس و شی کراوە، ئەگەر قوربانییەکە ژن بێ، زیاتر سەرکۆنە دەکرێ و بە تاوانبار دەزانرێ کە کاری وەکوو لەخشتەبردن و کارلێکی ژنانەی لێ وەشاوەتەوە بۆیە دەستدرێژی کراوەتە سەری و هەستی شەرم لەودا دروست دەبێت. بەڵام ئەگەر دەستدرێژیکراو پیاوێک بێ، لەبەر ئەوەی کاردانەوەی خەڵک ئەوەیە کە دەستدرێژی بە هاوتەریب لەگەڵ غروور و دەسەڵاتی پیاوانە نازانن، ئازاردراو وای پێ باشترە کە پێشهاتی دەستدرێژییەکە لای کەس نەدرکێنێ و هەستی شەرم لەودا دروست نەبێت. ئەو قسانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە خودی تۆڕە پشتیوانییەکان هەستی شەرم لە کەسی دەستدرێژیکراودا دروست دەکەن، نەک هەر پشتگیری لێ ناکەن، بەڵکوو هەستی شەرم لە ناو دڵ و دەروونیدا دروست دەکەن و هانی دەدەن کە کارلێکی پاسیڤانەی لە جۆری بێدەنگی هەڵببژێرێت.

ئەو لێدوانانە کاریگەریی دەستدرێژیی سێکسی لە تافی منداڵیدا بۆ سەر هەر دوو ڕەگەزی جیاوازی ژن و پیاودا دەردەخەن، کوڕان بە هۆی ڕوانگەی پیاوەتی و غروورێک کە بەرسازکراوێکی کۆمەڵایەتییە، زۆر زیاتر هەست بە گوناح و تاوانباری دەکەن. ڕەنگە ئەم هەستکردن بە گوناح و تاوانبارییە هۆکارێک بێ بۆ دەرکەوتنی هۆگری و مەیلی هاوڕەگەزخوازی لە پیاوی دەستدرێژیکراودا؛ بەڵام ژنی دەستدرێژیکراو خۆی لە شێوەی هەستکردن بە ڕق و کینە بەرامبەر بە ڕەگەزی بەرامبەر دەردەخات.

ئازاردانی سێکسی بەرهەمی پەستیی چەند پیاوێک نییە، بەڵکوو سیستماتیک و پلان بۆ دارێژراو و بەسروشتی کراوە. ماوەیەکی زۆرە توندوتیژیی خێزانی و دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان بەتایبەت کچان، بە تەوەری سەرەکیی زیانەکانی دیکەی پەیوەست بە ژنان و خێزان لە قەڵەم دەدرێت. ئەم توندوتیژییە یان لە ڕێگەی پەلامار و دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر مەحارم دەسەپێنرێ یان لە شێوەی هاوسەرگیریی پێشوەختە و هاوسەرگیریی منداڵان ئەنجام دەدرێ، بەڵام بە هۆی ئەم هۆکارانەی خوارەوە فرەیی ڕاپۆرتدانەکەی کەمە: ١- ئازاردانی سێکسی هەتا ئەو کاتەی نەبێتە هۆی توندوتیژیی جەستەیی ڕاپۆرت ناکرێت.٢- ئازاردانی سێکسی بە هۆی تابۆبوون و هەستکردن بە بێئابڕووی و شەرمەزارییەوە، بە گشتی ڕاپۆرت ناکرێت ٣- لە یاسا و مادە تاوانکارییەکانی ئێراندا پێناسەیەکی ورد و ڕوون بۆ ئازاردانی سێکسی بەدەست نەهاتووە. ٤- بیروباوەڕی فەرهەنگیی باو، جۆرێک لە پەلامارەکان لە بازنەی پەیوەندییە ئاساییەکاندا پێناسە

دەکاتەوە. ٥- باڵادەستیی فەرهەنگی پیاوسالاری و نەبوونی سەربەخۆیی ئابووری ناهێڵێ ڕووداوی دەستدرێژییەکە لەقاو بدرێت.

لێکەوتەکانی بەرسازکردنی زەین و هەستی قوربانیانی دەستدرێژیی سێکسی وەک تاوانبار

لە کەسانی دەستدرێژیکراودا نەک هەر شوناسی سەربەخۆیان گەشە ناکا بەڵکوو هەستی ئاسایش و متمانەیان بەرانبەر بەو جیهانەی کە تێیدا دەژین تێک دەچێت. لە ڕاستیدا دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن ئەندامانی بنەماڵە و کەسوکار لە ڕێگەی لاوازکردنی سەرمایە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بونیادنەر و پشتبەستوو بە سەربەخۆیی شوناسییەکانەوە، کاریگەریی لە سەر هەلومەرج و پرۆسەی گەشەسەندنی کۆمەڵگایەکی وەکوو کۆمەڵگای ئێراندا دەبێ و ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی دەبێت. دەستدرێژیی سێکسی لە کاتی منداڵی و مێرمنداڵیدا، دیاردەی منداڵی و مێرمنداڵی سەرکوت دەکا و لەم قۆناغە تەمەنییەدا کە داهێنان و ئازادی وەک غەریزە بوونیان هەیە، ئەم ئەزموونانە هەستی چەوساوەیی و بێدەسەڵاتی لە دەروونی دەستدرێژیکراودا دروست دەکەن. زەینی بەرسازکراوی منداڵ و مێرمنداڵی دەستدرێژیکراو، ئەم هەستە بێدەسەڵاتییە کە لە ئەزموونی ژیاوییەوە هەڵقوڵاوە، بەدەروونی دەکا و لە شێوەی خۆبەکەمزانین و هەستی نەرێنی وەکوو هیچۆکەیی و بێبایەخی لە شوناسی خۆیدا دەینوێنێتەوە. ئەم شوناسە بەرسازکراوە، قۆناغەکانی داهاتووی ژیانی کەسەکە واتە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دیتران (پەیوەندیی ناباو و یان گۆشەگیری) و ئەو جیهانەی کە تێیدا دەژی، دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. بە واتایەکی تر پەیوەندیی و دەروەستیی کۆمەڵایەتی تاک لەگەڵ کۆمەڵگا و دیتران (کەسانی دیکە) بە جۆرێکی دیکە بەرساز دەکات. لە بنەڕەتدا ئەم هەستی بێدەسەڵاتی و بێدەرەتانییە بە هەموو جۆرەکانی دەستدرێژیی سێکسییەوە لە کەسی دەستدرێژیکراودا دروست دەبێ بەڵام پانتا و چڕی و کاریگەری و لێکەوتەکانی لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی دیکە دەتوانێ جیاواز بێت.

نەبوونی مەرزبەندییەکی ڕوون لە نێوان قۆناغی منداڵی لەگەڵ قۆناغی مێرمنداڵی وای کردووە کە لە پرسی دەستدرێژیی سێکسیی زینا لەگەڵ مەحارم پرس و کێشەی نوێ و ڕەهەندی تازە دروست ببێت. چونکە دیاردەی منداڵی لە ڕووی سروشت و پێکهاتەوە لەگەڵ دیاردەی مێرمنداڵی فەرقی هەیە و وەکیەک سەیرکردنی ئەو دووانە دەبێتە هۆی

ئەوەی کە لە پرسی دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن مەحارمەوە جۆری مامەڵەکردن وەکوو یەک بێ و جگە لە توندتربوونی کێشە و دەرکەوتنی ڕەهەندە نوێکانی ئەم دیاردە هیچی دیکەی لێ سەوز نەبێت. تاک لە تەمەنی منداڵی و ئەو کاتەی کە هێشتا لەگەل پانتای پەیوەندییە سێکسییەکان ئاشنا نییە و ڕاهێنانی نەبینیوە تەنانەت ناڵە و نرکەی ئەم پەیوەندییە سێکسییە ناناسێ و بە لایەوە سەیر و نامۆیە، وێنەیەک لە پەیوەندییە سێکسییەکان وەک ڕاستییەک لە زەینیدا ساز دەبێ کە ئەم وێنە بەرسازکراوی ئەزموونی ژیاوی منداڵییەتی. ئەم بەرسازکراوە زەینییە لەگەڵ واقیعی پەیوەندییە سێکسییەکان کە دواتر لە قۆناغەکانی گەشەکردندا و لە پرۆسەی کۆمەڵگاگریدا لە لایەن دامەزراوەکانەوە پێی دەناسێنرێ یان ئەوەی وەک پەیوەندیی سێکسیی ئاسایی و باو لە لایەن فەرهەنگی کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێران ناسراوە، یەک ناگرێتەوە و بە جۆرێ لە جۆرەکان دەستکاری کراوە. ئەم لێکدژییە دەتوانێ دەرهاویشتە زۆری لێ بکەوێتەوە کە ئەمە لە ناکۆکییە دەروونییەکانی تاکەوە بگرە تا دەگاتە دابەشبوونە دووانەییەکانی کۆمەڵگا (کەسی ئاسایی و نائاسایی، تەندروست و لادەری سێکسی، هاوڕەگەزخواز و ناهاوڕەگەزخواز و هتد) کە لە لایەن خودی کۆمەڵگاوە دیاری دەکرێ، لە خۆ دەگرێت. ئەم پۆلبەندییە دوانەییانە کە تێیاندا تاک ناوەنیتکەی وەکوو نەشیاو، لادەر و هاوڕەگەزخواز و ... لە کۆڵ ناوە و وەک کەسێک دێتە بەرچاو کە بە باوەڕی کۆمەڵگا و فەرهەنگ پەیوەندی و فانتاسیای نائاسایی سێکسی هەیە و وەک ئەو میکانیزمانە ئیش دەکەن کە لە ڕێگەی ئەوانەوە دەتارێنرێن و پانتای ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ تێکەڵبوون و توانەوەی ئەم کەسانە تەسک دەبێتەوە.

لە ئێستادا دەروونناسان و دەروونپزیشکانی بواری سێکس‌تراپی و خانەوادە دەتوانن بێ‌ژوماری و فرەیی ئەم کەسانەمان پێ بڵێن کە بە هۆی گوتاری پزیشکییەوە وەک نەخۆشی لە قەڵەم دەدرێن. هەروەها لە پەیوەندییە سێکسییەکانی نێوان هاوسەرەکان کە داخوازیی تاکەکان لە سەر بنەمای ئەم بەرسازە زەینییانە لە شێوەی فانتاسیا سێکسییەکاندا خۆی دەنوێنێ، هیچ ئەنجامێکی نییە جگە لەوەی ئارەزووەکان بە نائاسایی لە قەڵەم دەدرێن و پەیوەندیی سێکسیی هاوسەرێتی ڕووبەڕووی چالنج دەبێتەوە کە لە بواری خەسارناسیی خانەوادەدا شیاوی بەدواداچوون و لێکدانەوەیە. لێرەدا دەتوانین پرۆسەیەک بیبینین کە لە خولگەکەیدا ئەوەی لە لایەن کۆمەڵگا و لە ژینگەی کۆمەڵگاگریی سەقەت و ناکارامەدا بەرسازە دەبێ (دیاردەی زەینی لادەر)، لە کاتێکی دیکەدا لە لایەن هەمان ئەو کۆمەڵگاوە ناوناتۆرەی لێ دەدرێ و تەمبێ دەکرێ و بەو پێیەی

کە زانست لە پێناو شەرعییەتبەخشین بەم دابەشکارییە دووفاقەییەدا هاوکاریی دەسەڵات دەکا، ئەم پرۆسەی دەسەڵات – زانستە هەمیشە بەردەوام دەبێت.

دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان لە لایەن مەحارمەوە دەتوانێ لە قۆناغەکانی دواتری ژیانیاندا بەتایبەت لە قۆناغی دوای مێرمنداڵیدا بزوێنەری مەیلی هاوڕەگەزخوازی لە ناو کەسانی دەستدرێژیکراو بێت. لە پرۆسەی کۆمەڵگاگریدا تاکەکان زیاتر لە هەڕەتی منداڵی و مێرمنداڵیدا، کە زەین لە ڕێگەی فێربوونی کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبێ و خواست و هەستەکان بەرسازکراوی ڕەوتی بەکۆمەڵایەتیبوونی تاکن، ئەم هۆگری و مەیلانە دەتوانێ لە دڵ و دەروونی تاکدا دروست ببن و پەرە بستێنن. هەروەها لە قۆناغەکانی داهاتووی ژیاندا جۆر و شێوازی پەیوەندیکردن و ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی ئەو تاکە ئاراستە بکەن. جگە لەم تاوانە ناوخێزانییە، دەستڕاگەیشتنی ئاسان و ئاسوودە بە دەستدرێژیکراو، نەبوونی چاودێری و زاڵبوونی ئاسانی دەستدرێژیکار بە سەر دەستدرێژکراوەکەدا، نەبوونی توانای بەرەنگاری و بەرگریی منداڵ یان مێرمنداڵی دەستدرێژیکراو لە بەرامبەر دەستدرێژیکار، وابەستەیی ئابووری و سۆزداری دەستدرێژیکراو بە دەستدرێژیکار و ... پانتای خەسارەتەکانی ئەم تاوانە زیاتر دەکات.

دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن باوکەوە کە لە گوورانی لایەنێکی گرنگی بوونی هەموو مرۆڤێکدا (بەبێ گوێدانە ڕەگەز) ڕۆڵێکی بێبەدیلی هەیە، واتە لایەنی بەرپرسیارێتی و ئاسایش کە منداڵ لە دوای دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن باوکیەوە بەئەزموونی دەکا، چیتر متمانە و هەستی ئاسایشی بەرامبەر بە ژینگەکەی نامێنێت. بە واتایەکی دیکە سەرمایە کۆمەڵایەتی وەکوو متمانە و ئاسایش لە ناو ژینگەی بایۆکۆمەڵایەتیی ئەم کەسەدا لاواز و ناکارامە دەبێت.

مرۆڤەکان لە ڕێگەی بینینەوە، پەیوەندیی سێکسیی دایک و باوکیان لە هەڕەتی منداڵیدا بەئەزموونی دەکەن. بەو پێیەی کە منداڵ هیچ تێگەیشتن و ڕاهێنانێکی سەبارەت بە پەیوەندیی سێکسی نییە، کاتێک کە چەندین جار شاهیدی پەیوەندیی سێکسیی دایک و باوکی دەبێ، وێنەیەک لەو پەیوەندییانە لە زەینیدا دروست دەبێ، یان بە جۆرێک لە زەینیدا بەرساز دەبێ و بەم شێوە زیاتر سەرقاڵی بەئەزموونکردنی ئەم پەیوەندییە دەبێ یان لە هەندێک حاڵەتدا، پێی شتێکی قێزەونە کە لە هەر دوو حاڵەتەکەدا کاریگەری و لێکەوتەی وێرانکەری لە سەر ئەم کەسانەدا دەبێ، کە ئەم لێکەوتانە بریتین لە ئالوودەبوون

بە پەیوەندیی سێکسی و ڕێگەدان بە فرەیی پەیوەندیی سێکسی لە چوارچێوەی دەستدرێژیی سێکسی. لە منداڵانی ئاساییدا ئەوەی تایبەتمەندییە کەسایەتی و کۆمەڵایەتییەکانیان دیاری دەکا کە دەبێتە ڕێخۆشکەری کەوتنە بەر دەستدرێژییان، لە ژێر کاریگەریی شێوازەکانی منداڵپەروەردەکردن و کۆمەڵگاگرییە کە لە درێژەی پرۆسەی گەشە لە شیوازی ژیانی خۆیان و لە پێوەندی لەگەڵ خێزان و کۆمەڵگاکەیان کە لە تێیدان، بەئەزموونیان کردووە. بە جۆرێک کە لە شێوازی منداڵپەروەراندنی گرفتار و پشتگوێخراو، خانەوادە لە پێکهاتە و کارداکانیدا هاوسەنگ نییە و هەروەها لە کۆمەڵگاگرییدا ناکارامەییان پێوە دیارە، هەر بۆیە ئەگەری ئەوە لە ئارادایە منداڵان بە سیفەتی کەسایەتیی زیانبەخشی وەکوو خۆبەکەمزانین و کەمیی متمانە بەخۆیی و هەست و سۆزی نەرێنی وەکوو توڕەیی و ترس و ... پەروەردە بکرێن کە ئامادەیان دەکا لە لایەن خەڵک بەتایبەت کەسانی نزیکەوە دەستدرێژیی سێکسی بکرێتە سەریان. چونکە بە هۆی کەمیی متمانە بەخۆبوون و نەبوونی لێهاتوویی و بوێری، وەڵامێکی گونجاویان بۆ ڕێگریکردن لەم دەستدرێژییە نابێت.

لە گێڕانەوەکاندا جیاوازی لە تایبەتمەندییەکانی منداڵ وەک زەمینە و فاکتەرێک بۆ دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن کەسانی نزیکەوە باس دەکرێت. ئەم جیاوازییانە ناهێڵێ ئەم کەسە تێکەڵ و هاوڕەنگی گرووپی خانەوادە و گروپە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بێ کە منداڵەکە پەیوەندیی لەگەڵیان هەیە و هۆکارێک بۆ زیاتر بینرانیەتی کە لە لێکەوتە زیانبەخشەکانی ئەم بینرانە دەتوانێ ئازاردانی سێکسی بێ کە لە گێڕانەوەی ئەزموونەکاندا باس کراوە. هەڵبەت لە قووڵبوونەوە لە ئاخافتنەکاندا بۆمان دەردەکەوێ کە لە هەمان کاتدا ئەم جیاکارییانە لە خودی کەسەکەشدا بەدەروونی بووە بە جۆرێک کە پەیتا پەیتا دەریدەبڕێ و بەشێک لە بیروباوەڕەکانیەتی. ئەم باوەڕی جیاوازبوونە لە هەندێک بارودۆخدا ناهێڵێ کەسەکە تێکەڵی گروپەکان بێ و لە ڕێگەی ژیانی گروپی و ئەزموونی گرووپییەوە فێری کارامەییەکان بێ کە ئەمە هەر خۆی هۆکاری ملدان بە دەستدرێژی و بەرگری لەخۆنەکردن لە هەمبەر دەستدرێژیکارە، چونکە ئەو لێهاتوویی‌یەی کە دەبا لە ناو گروپ و لە ڕێگەی گروپەوە بەدەستی بهێنایە، نییە.

لە قسەکاندا باس لە منداڵانێک کراوە کە توانای قسەکردن و سازکردنی پەیوەندیی شیاویان نییە. ئەم نەبوونی لێهاتوویی‌یە زەمینەیەکی لەبار بۆ دەستدرێژیکارانی سێکسی

دەڕەخسێنێ کە ئەم جۆرە منداڵانە وەک نێچیر هەڵبژێرن. لە لایەکی دیکەوە، منداڵانی سەر بە خێزانە بێسەروسامانەکان کە کێشەی پێکهاتەیی و کارداییان هەیە؛ زیاتر لە بەر دەم ئازاردانی سێکسیدان و هەر دوو تایبەتمەندییەکە ئەگەری خۆڕاگری لە هەمبەر دەستدرێژیکار کەم دەکەنەوە و لە ئەنجامدا دەستدرێژیکار دوای دەستدرێژی ڕووبەڕووی مەترسییەکی کەمتر دەبێتەوە. لە ئێراندا منداڵانی ئەڤغانستان لەم ڕووەوە زیاتر دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەریان چونکە لە کۆمەڵگای ئێراندا زۆر کەم پشتیوانیی کۆمەڵایەتییان لێ دەکرێ و تەنانەت لە سەر ئاستی پرسی ناسنامەشدا پاڵشپتییان لێ ناکرێ و لە هەموو مافە شارۆمەندییەکان بێبەشن. نەبوونی پشتیوانیی کۆمەڵایەتیی و سیاسەتی کۆمەڵایەتی سەبارەت بەم تاقمەی کۆمەڵگا، کە ڕێژەیەکی بەرچاوی لە حەشیمەتی کۆمەڵگای ئێراندا لە خۆ گرتووە، یەکێک لەو حاڵەتانەیە کە ڕێژەی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵانی ئەم گرووپەی کۆمەڵگای ئێراندا زیاد کردووە. لە ڕاستیدا ئەڤغانییەکان لە ناو کۆمەڵگای ئێراندا وەک شارۆمەند وەرنەگیراون بۆ ئەوەی لە لانیکەمی مافە شارۆمەندی و مرۆییەکان بەشدار بن و ئەمەش ڕێ بۆ دەستدرێژیکردنە سەر منداڵەکانیان خۆش دەکات.

تایبەتمەندییەکانی پەیوەست بە منداڵانی خەسارهەڵگری وەکوو کەرولاڵ یان نقیشکان (کەمئەندام) لە هەموو کۆمەڵگایەکدا هەیە و لە کۆمەڵگایەکی تایبەتدا تەسک نابێتەوە. بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کۆمەڵە منداڵە لە وڵاتە جیاوازەکاندا بە پێی ئاستی گەشە و پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی هەر کۆمەڵگایەک جیاوازە. لەکۆمەڵگایەکی وەکوو ئێران، کە ئەمڕۆکە بە مەسەلەی گەشەپێدانەوە تێوەگلاوە و بەدەست دۆخی نالەبار و پشێویی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە دەناڵێنێ، گروپە تایبەتە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو کەمئەندامانی زەینی و جەستەیی چ لە ڕووی ئیمکاناتی ژیان و چ لە ڕووی فیزیکی ژینگەییەوە، و چ لە ڕووی ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە پشتیوانییەکی ئەوتۆ ناکرێن چونکە ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵگا بەرامبەر بەم گروپانە کەمە (کێشەکە هەم لە ئۆبژەی کۆمەڵایەتیدایە و هەم لە سووژەی کۆمەڵایەتیدا). منداڵانی ئەم گرووپە تایبەتە کۆمەڵایەتییانە، هاوشێوەی منداڵانی ئەڤغانستانی دانیشتووی ئێران، لە پشتیوانیی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی کۆمەڵایەتیی چاودێرانە بێبەشن و ئەمەش خۆی هۆکارێکە کە دەستدرێژیکاران ئەم منداڵانە زیاتر هەڵبژێرن، چونکە بە هۆی پشتگیرینەکردن لەم جۆرە

منداڵانە لە لایەن کۆمەڵگاوە، بە هەڵبژاردنی ئەو منداڵانە بۆ دەستدرێژیکردن، دەستدرێژیکار تووشی لێکەوتە و مەترسیی کەمتر دەکاتەوە. بەستێنی ئۆبژەیی کۆمەڵگا وای کردووە کە ئەو منداڵانە لە ناخی خۆیاندا هەست بە ترس و لاوازی بکەن، چونکە ئەم نەبوونی پشتیوانییە دەرەکییە بەدەروونی کراوە و ئاستی بەرزەخۆییان کەمترە و لە ڕووی تایبەتمەندیی کەسایەتییەوە ترسیان زیاترە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش، ئەوان توانای پێویستیان بۆ بەرگریکردن و ڕێگریکردن لە دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن دەستدرێژیکارانەوە نییە. لە ڕاستیدا دوو گرووپی منداڵانی ئەڤغانی و منداڵانی کەمئەندام (لە ڕووی جەستەیی و زەینییەوە) هەر دووکیان بە هۆی ئەو هۆکارانەی کە باسمان کردن لە لایەن کۆمەڵگاوە تارێنراون و بەو پێیەی کە لە ناو گروپە کۆمەڵایەتییەکان و پشتیوانییە کۆمەڵایەتییەکاندا بوونیان نییە، هەمیشە قوربانیی ئازار و دەستدرێژیی سێکسین. لە هەندێک حاڵەتدا ئەم دوو کۆمەڵە منداڵە بە هۆی ئەو کێشە و گرفتانەی کە هەیانە لە لایەن بنەماڵەکانیانەوە تارێنراو و لە دڵەوە دوورن و بنەماڵەی ئێرانیش بە هۆی نەبوونی پشتیوانیی کۆمەڵگا و ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان لە بوونی ئەم منداڵانە ماندوون و لێیان وەڕەزن و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش نەخوازراوانە ئازاریان دەدەن. هەڵبەت پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە منداڵە ئاساییەکان کە دەستدرێژی دەکرێتە سەریان، دەبێ لە سۆنگەی باری کەسایەتی و دەروونناسی و هەروەها لێهاتوویی و هەستەوە شیکاری و چاودێری بکرێن. ئەوانیش لە تواناگەلی وەکوو وتنی نەخێر و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و ... و تایبەتمەندیی کەسایەتیی ناکارامەی وەکوو خۆبەکەمزانین، دژەکۆمەڵایەتیبوون و گۆشەگیری و ... و هەستە نەرێنییەکانی وەکوو توڕەیی، ترس، گوناح و تاوانباری، شەرم و ... بێبەشن کە لە پاڵ تایبەتمەندییەکانی کەسی دەستدرێژیکار دەتوانێ هاندەری دەستدرێژیی سێکسی بێ و بوار بۆ بەردەوامبوونی ئەم دەستدرێژی کردنە بڕەخسێنێت. ڕەگ و ڕیشەی ئەم تایبەتمەندییانە و نەبوونی لێهاتوویی و هەستی نەرێنی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و بونیادەکانی کۆمەڵگادایە. یەکێک لە گرنگترین وێرانکاری و لێکەوتەکانی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان ئەوەیە کە ئەو منداڵە لە سۆنگەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و زەینییەوە لە هەمان تەمەن و بارودۆخی دەستدرێژیکراوییدا قەتیس دەمێنێ و بە واتایەکی دیکە گەشەی ئەو کەسە لە هەمان مەودای زەمەنیدا دەوەستێت.

ئەو قسانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە زۆربەی ئەو هەستانەی کە منداڵانی ئازاردراو بەئەزموونی دەکەن بریتییە لە هەست کردن بە گوناح و تاوانباری، شەرم، سەرزەنشت و بە واتایەکی تر هەست بە ئازاری ویژدان دەکەن. دەستدرێژیکراو یان ئازاردراو دەچێتە ناو گەمەی تاوانباری و گوناحباریەوە و شێوازە ئەخلاقییەکان دەورەی دەدەن و دەستدرێژی شوناسی خۆی بۆ گوناحکاری و خەتاباری دەگۆڕێ و لە ڕاستیدا ئەم هەستکردن بە گوناح و تاوانباریە لە دەرەوە (کۆمەڵگا) وردە وردە بەرەو دڵ و دەروونی کەسی دەستدرێژیکراو ئاراستە دەکرێ، لە ئەنجامی ئەوەدا پێگەی کەسی ئازاردراو کە قوربانییە، بۆ خەتابار دەگۆڕێت. هەستێکی تێکەڵ بە ڕق و بەزەیی بەرامبەر بە دەستدرێژیکاران لە پاڵ هەستی ترس و تورەیی لە دەروونی منداڵی دەستدرێژیکراودا دروست دەبێت. شەرم هەستی کەسێکە کە وەک مرۆڤێک ڕێز لە خۆی دەگرێت. شەرم هیچ پەیوەندییەکی بە سوکایەتی، هیچۆکەیی و خۆبە هیچ نەزانەوە نییە. شەرمەزاری بە مانای ئاگاداربوون لە سووکی و هیچۆکەیی خۆ نییە، بەڵکوو بە مانای ئاگاداری لەم بابەتەیە کە شتێکی نەشیاو و هیچ و پووچ کە بەرەو ئەنجامدانی کاری عەیب و هەڵە ڕامانده‌کێشێ لە ئێمەدا هەیە کە دەبێ لە خۆمانی دابماڵین. لەم ڕوانگەوە هەوڵدان بۆ نکۆڵیکردن لە خۆ، بە هیچۆکە و سووک زانینی خۆ، و ڕق لە خۆبوون و خۆپشتگوێخستن هەوڵێکە بۆ نەهێشتنی هەستی شەرم لە ژیاندا.

لە فەرهەنگی نەریتیدا شەرم بە سێ چەمک دەناسرێت: لە فەرهەنگی ئایینیدا بە چەمکی گوناح، لە فەرهەنگی عیرفانیدا بە چەمکی حەیا و لە فەرهەنگی عورفیدا بە چەمکی خەجاڵەت و شەرمەزاری. خاڵی هاوبەشی ئەم جۆرە هەستکردن بە شەرمە ئەوەیە کە ئەوە هۆکارێکی دەرەکییە کە کردەوەکانمان هەڵدەسەنگێنێ و لە سەر بنەمای ئەو قەزاوەتەی کە پێمانی دەقەبووڵێنێ، ئێمە بەرەو هەستی گوناح یان حەیا و خەجاڵەتی و شەرمەزاری ڕادەکێشێت. بەڵام لە فەرهەنگی مۆدێرندا شەرم بە جۆرێک پێناسە دەکرێ کە خودی کەسەکە هۆکاری پلە یەک بۆ هەڵسەنگاندنی ئاکارەکانیەتی و هەر خۆشی قەزاوەتیان دەکات. لە سەر ئەم بنەمایە پێناسەی مارکس بۆ شەرم زۆر بەجێیە و دەڵێ: "شەرم جۆرێک لە خۆ تورەبوونە". لەم پێناسەدا ئەوە خودی تاکە کە ئاکارەکانی خۆی شی دەکاتەوە و ئەگەر کەموکوڕی یان لاوازی یان دەرکەوتنی سیفەتە نەرێنییەکانی تێدا بدۆزێتەوە لە خۆی تورە دەبێت. ئەم لە خۆتورەبوونە، واتە شەرم، بۆ ئەوەی مرۆڤ هەوڵ بۆ چاکبوونی خۆیدا بدات. شەرم توخمی سەرەکی و کلیلیی سیستەمی بەرگریی دەروونی مرۆڤە کە بە

پرسیارکردن لە کۆی کەسایەتیی خۆی لە هەر قۆناغێکی بەرکەوتنی ئەو لەگەڵ ئەو جۆرە سیفەتانەدا، هەموو ئەو هەڵسەنگاندنەی کە لە دەروونی کەسەکەدا هەیە ئامادە دەکا بۆ ڕەخنەگرتن و نەهێشتنی ئەو سیفەتانە و بەم شێوە سنووورداری و بێکەڵکبوونی ئاکارەکانی لە ناو کۆمەڵگادا دەسڕێتەوە (قاضی موراڕی، ١٣٩١ هەتاوی).

لە قسەکاندا دەبینین کە شاردنەوە و نکۆڵیکردن لە دەستدرێژی، ستراتیژێکە کە دەستدرێژیکراو بۆ بەرگریکردن لە خۆی بە کاری دەبا کە سەرچاوەکەی ترسە. وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، ئەم ترسە ڕەگ و ڕیشەی دەچێتەوە سەر هەستکردن بە گوناح و تاوانباری کە لە دەرەوە بۆ ناو دڵ و دەروونی کەسی دەستدرێژیکراو ئاراستە دەکرێت. لە ژێر کاریگەریی ئەوەدا لە پێگەی قوربانییەوە بۆ تاوانبار دادەبەزێت. لەم قسانەی سەرەوە دەتوانین ئەوە هەڵبهێنجێنین کە کەسی قوربانی وای پێ باشترە کە لە جیاتی خۆی بەرگری لە کەسێکی دیکە بکا و ئەمەش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە کەسی قوربانی لە ڕووی دەروونی و ڕۆحییەوە خۆی وەک قوربانی و خەتابار قبوڵ کردووە و ئەمەی لە دڵیدا چەسپاندووە و لە ئەنجامدا هەوڵی بەرگریکردن لە خۆی نادا و لە بری ئەوە شەڕ بۆ یەکێکی دیکە و هەوڵ بۆ وەستاندنی ڕووداوی دەستدرێژییەکە دەدات. لێرەدا هاوسەرگیری پەیوەندییەکی دراماتیک نییە بەڵکوو بۆ کەسی دەستدرێژیکراو گۆڕانی شوناس و کاردایە و میکانیزمی هەڵهاتن بە ئامانجی وەستاندنی کارەساتی دەستدرێژییە.

قسەکانی سەرەوە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە هەستکردن بە گوناح و تاوان وردە وردە لە دەرەوە (خێزان و کۆمەڵگا) هاتۆتە ناو دڵ و دەروونی قوربانییەکە، بە جۆرێک کە دایک و باوک لەبەر ئەوەی لە منداڵیدا دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەری هەمیشە بە تاوانبار و گوناحباریان دەزانی و پێیان وا بوو کە هۆکاری ئەم سەرشۆڕی و شەرمەزارییەی ئەوان بوو، هەتا ئەوەی کە دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک، هەمان ئەو باوەڕانە لە کەسی دەستدرێژیکراودا بەدەروونی دەبێ کە خەتای ئەو بوو کە دەستدرێژیی سێکسی کرایە سەری و ئەم هەستی تاوانبارییە دەروونی و زەینییە کە بەم شێوە بەرساز کراوە کارلێلێکی لێ دەکەوێتەوە کە لە سەر بنەمای ستراتیژیی هاوسەرگیریی زۆرەملێ و ڕاکردن لە ماڵە. لە ڕاستیدا نەک هەر بونیادی بنەماڵە و کۆمەڵگا (زەمینەیی کۆمەڵایەتی)، لە ئێراندا پشتیوانی یان پاڵپشتی لە قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی ناکا، بەڵکوو بە ناوەنیتکە، دەرهاویشتە و ڕەهەند و لێکەوتەکانی ئەو دەستدرێژییە بۆ قوربانییەکە بەرفراوانتر و قووڵتر دەکەنەوە و لەم ڕێگەوە لە کەسی دەستدرێژیکاری ماره دەکەن کە ئەمە هەمیشە و لە

هەموو چرکەساتەکانی ژیانیدا ئەزموونی دەستدرێژییەکەی وەبیر دێنێتەوە. لە ڕاستیدا بە پێی ئەو شیکارییانەی کە هەتا ئێستا کراوە، ئەم بوارە کۆمەڵایەتییە لە چوارچێوەی داموودەزگاکان و فەزای گشتیی کۆمەڵگادا، لە ڕێگەی چەوتکاردایی و بێ‌کاردابیەوە ڕێخۆشکەری میکانیزمی دەستدرێژی بوون و هەر ئەم زەمینە کۆمەڵایەتییەی دوای ڕوودانی دەستدرێژییەکە بۆ درێژەدان و یان لێکەوتە ڕووخێنەرەکانی جارێکی تر و لە دۆخێکی تردا ڕۆڵ دەگێڕێت. لێرەدایە کە گافمەن پێی وایە: بێ‌بایەخکردنی کۆمەڵایەتی[1] دەبێتە هۆی بێبایەخکردنی خۆ[2]. ئەو کەسانەی کە لە لایەن دیترانەوە (بەتایبەت لە لایەن کارگێڕە بەهێزەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی) وەک لادەر پۆلێن دەکرێن دەگەنە ئاستێک کە خۆیان بە لادەر دەزانن. قبووڵکردنی شوناسی لادەر بەم شێوە ڕوو دەدا کە کەسانی ناوەنیتکە لە سەر بۆچوونی دیتران (کەسانی دیکە) سەبارەت بە خۆیان وەردەگرن و خۆیان بەو شێوە پێناسە دەکەنەوە کە دیتران پێناسەیان کردوون (گافمن ١٣٨٦ هەتاوی)، کە لە کۆتاییدا شوناسێکی نوێ دروست دەکا و دەیچەسپێنێ و لێکەوتەی سۆزداری، ناسیاری و ڕەفتاری بە دوای خۆیدا دێنێ کە ئەم پرۆسە بە ڕوونی لە گێڕانەوەی قوربانییەکاندا دیار بوو.

کەسانی ناوەنیتکە لە سەر ڕەنگە ڕوو لە هەموو جۆرە ستراتیژییێکی بەرەنگاری بکەن و بە سێ شێوە مامەڵە لەگەڵ شوورەیی و ناوەنیتکە بکەن: ١) نکۆڵیکردن لە شوورەیی و هەوڵدان بۆ شاردنەوەی سیفەتی ئابڕووبەرە بۆ ئەوەی وەک کەسێکی ئاسایی و شیاو قبووڵ بکرێ ٢) پەردەپۆشکردن و هەوڵدان بۆ ئەوەی شوورەییەکە نەک ئەوەی کە نکۆڵی لێ بکا بەڵکوو بە ئاسایی پیشانی بدا؛ ٣) گۆشەگیری و دابڕان لە دوای ئاشکراکردنی هۆشیارانەی شوورەیی و خۆبەدوورگرتن لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسانی ئاسایی. هەڵبژاردنی هەر یەکێک لەو ستراتیژانە هەتا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە جۆری شوورەییەکەوە واتە ئەرکی سەرەکیی کەسی ناوزڕاو و ئابڕووچوو ئەوەیە کە گرژی و ستریسی بە هۆی ئاشکرابوونی ئەتک و شوورەییەکە بەڕێوە ببا، لە کاتێکدا بۆ کەسێک کە خەریکە ئابڕووی دەچێ، بابەتی سەرەکی ئەوەیە کە زانیاری و نهێنییەکان شوورەیی و ئەتکەکە (هەمان) بەڕێوە ببا کە کارکردی هەر سێ ڕێکارەکە لە ئاخافتنی قوربانیانی دەستدرێژیی سێکسیدا بینراوە. ئەگەر منداڵ لە پرۆسەی گەشەکردنیدا لە ڕێگەی خێزان

1 Self-devaluation
2 Self –fulfiling prophecy

و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی دیکەی کۆمەڵگاوە ڕاهێنانی پێویست وەربگرێ، ئەوا دەتوانێ لە هەمبەر ناوەنیتکە و بەدناویدا زۆرترین بەرگری لە خۆی بکات.

ئەزموونەکانی سەرەوە ئەوە پیشان دەدا کە بە هۆی مەسەلەی پێکهاتەیی و کاردابیەوە کە ناوەندە کۆمەڵگاگری و پشتیوانییەکان لە کۆمەڵگای ئێراندا هەیانە، وەکوو دامەزراوەی بنەماڵە و ڕێکخراوی بێهزیستی و دامودەزگا و ڕێکخراوەکانی دیکە، دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان لە جیاتی ئەوەی چارەسەر و ڕێگری لێ بکرێ و کەم بکرێتەوە لە ڕێگەی سیاسەتەکانی کۆمەڵگای ئێرانەوە لە ئاستە جیاجیاکان و لە ڕێگەی بەرنامەی ڕێکخراوەوە لە ڕەهەندی کاتیدا بە شێوەی سیستەماتیک بوار بۆ خەسارەت و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەکوو ڕاکردنی کچان لە ماڵ و هاوسەرگیریی زۆرەملێ و ... خۆش دەکەن یان بە واتایەکی دیکە زیاتری دەکەنەوە. ڕوانگەی فرۆید ئەو هۆکارە دەروونناسییانە شرۆڤە و شی دەکاتەوە کە کەسی دەستدرێژیکراو وەک کارلێکێک ستراتیژیی خۆداپۆشینی لە هەمبەر دەستدرێژی بە کار دەهێنێ بەڵام لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، لە کۆمەڵگای ئێراندا کە کۆمەڵگایەکی ئایینییە، گوتاری ئایینی باڵی بە سەر هەموو بوار و بەستێنەکانی پێکهاتە و سیستەمی کۆمەڵایەتیی خەڵکدا کێشاوە و بە پێی ئەم گوتار و ئەو نۆرمانەی کە شەرعییەتیان پێ دەدا، خۆداپۆشین لە پێناو خۆپاراستن، چاودێری و گوناحبارنەبوونە. لە ناو تاکەکانی کۆمەڵگا بەتایبەت منداڵان کە لە قۆناغی کۆمەڵگاگری و گەشەکردندان، ئەم نۆرمانە بە جۆرێک بەدەروونی بوون کە بۆ ڕێگریکردن لە دەستدرێژی یان لە هەندێک حاڵەتدا پاساودانی، ئەم نۆرمە بەدەروونیکراوانە بە مەبەستی شەرعییەتدانی بە دەستدرێژیی سێکسی دەقۆزرێنەوە. ئەمە دروستبوونی زەینی چالاکانی کۆمەڵایەتی لە ژێر کاریگەریی گوتارە باڵادەستەکانی کۆمەڵگا پشتڕاست دەکاتەوە. بەڵام لە واقیعدا پەردەپۆشکردن و نهێنیپارێزی وەک سەرکوتکردن، زۆر جار ورووژان و دنەدانی لێ دەکەوێتەوە کە ئەزموونی کۆمەڵگاکان لە سۆنگەی مێژووییەوە ئەمە دەسەلمێنێت.

دیارە کاتێک کەسی دەستدرێژیکراوی سێکسی لە لایەن خێزان و کۆمەڵگاوە پاڵپشتی نەکرێ، ناچار دەبێ پەنا بۆ ئەو کارلێکانە ببا کە گرِی کێشە و خەسارەتە کۆمەڵایەتییەکانی هەمان ئەو کۆمەڵگایە خۆش دەکا و ئەم ڕەوتە سەقەت و ناکارامە بەردەوام دەبێت. یەکێک لەو کارانە ڕاکردن لە ماڵە کە لەگەڵ ئەوەی کێشەی ڕاکردنی کچان لە ماڵەوە زیاتر دەکا، خەسارەتی لەشفرۆشیشی لێ دەکەوێتەوە. کەواتە دەتوانین دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان وەک کێشە یان خەسارەتێکی کاکلێ لە قەڵەم بدەین کە ئەگەر

کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێران بۆ ڕێگری و کەمکردنەوەی ئەم خەسارەتە، سیاسەت و ڕێوشوێنی گونجاو نەگرێتە بەر، ئەوا دەبێتە بەستێنێک بۆ دروستکردن و تۆختربوونی کێشە و زیانە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە کە ئەمەش گەشەنەسەندنی کۆمەڵگای لێ دەکەوێتەوە.
کەسی دەستدرێژیکراو لە یەک کاتدا چەندین هەستی نەرێنی بە شێوەی ئاوێتەیی بەئەزموون دەکات. هەستی سووکی و هیچۆکەیی، گاڵتەپێکران، و لە هەمووی گرنگتر و ڕووخێنەرتر هەستکردن بە بێدەسەڵاتی و بێتوانایی کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی بەرزەخۆیی و متمانەبەخۆیی ئەو کەسە لە قۆناغەکانی دواتری ژیانیدا. هەڵبەت کێشەی لاوازبوونی سەرمایە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو ئاسایش و متمانە و هاوسۆزی لە پەیوەندی لەگەڵ دنیای ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەو کەسە بەدی دەکەین چونکە ئەو کەسە لە لایەن ئەویترە گرنگەکانی ژیانی واتە دایک و خوشک و باوکی دەستدرێژی کاروەتە سەر؛ هەر بۆیە نائەمنی و بێ‌متمانەیی و نەبوونی هاوسۆزی بەئەزموون کردووە. ستراتیژیی پاڕانەوە و لاڵانەوە دەتوانێ هەستی سووکایەتی، هیچۆکەیی، بێ‌توانایی و بێدەسەڵاتی بە شێوەیەکی تۆختر لە کەسی دەستدرێژیکراودا چڕتر و بەدەروونیتر بکات.
لە ڕاستیدا سێ هەستی تۆخ لە کەسی دەستدرێژیکراودا دەبێتە هۆی نهێنی‌پارێزبوونی و ئەم سێ هەستە گرنگ و سەرەکییە بریتین لە: هەستی گوناحباری، هەستی ترس کە ڕەهەندەکانی بریتین لە: ترس لە بێ‌ئابڕوویی کە دەرهاویشتەی وەکوو تەمبێکران و بێبەشکران لە سوود و هەڤیازییە کۆمەڵایەتییەکانی لێ دەکەوێتەوە، ترس لە ناوناتۆرەلێنان، ترس لە سەرزەنشتکران و دەنگۆسازی و ... و هەستکردن بە شەرم. هەر یەکێک لەم هەستانە ڕەهەندی جیاوازیان هەیە. لە ناوشیارگەی تاکەکاندا لێکەوتەکانی درکاندنی ڕووداوی دەستدرێژیی سێکسی بەدەروونی بووە، کە بریتین لە: تەمبێکران، بێبەشی، ناوەنیتکەلێنان، سەرکۆنەکران، دەنگۆبڵاوکردنەوە و ... و هەموو ئەم لێکەوتانەش پیشاندەری ئەوەن کە ئازاردراوەکان لە لایەن بنەماڵە و کۆمەڵگاوە زیاتر وەک خەتابار و تاوانبار سەیریان دەکرێ نەک وەک قوربانی. بە هۆی ئەو حاڵەتانەی کە باس کران، لە کۆتاییدا دەستدرێژیی سێکسی دەبێتە هۆی کارلێکی پشتبەستوو بە نکۆڵی و نهێنی‌پارێزی لە کەسی دەستدرێژیکراودا. هەر بۆیە وەکوو دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی پەیوەست بە بواری ژنان، لێرەشدا کاڵفامی و بیروباوەڕی ناڕاست هەیە کە پێویستی بە پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەیە.

سزا نافەرمییەکان لە بواری قوربانیانی دەستدرێژیی سێکسی لەم ڕوانگەوە ڕۆڵی گرنگتریان هەیە کە جێبەجێکارەکان ئاپۆرەی خەڵک و لایەنێکی زۆری خەڵکن کە لە ڕێگای جیاواز و لە بارودۆخی جۆراوجۆر و لە هەر کاتێکدا کاردانەوەیان دژ بە کەسەکە هەیە. تەنانەت لە ئەگەری نەبوونی خەڵک و تەنیایی کەسەکە ئەم سزایانە لە ڕێگەی کەسەکە خۆی و ویژدانییەوە فشار دەکاتە سەری، چونکە نۆرم و قەزاوەتەکانی دیتران لە کەسەکەدا بەدەروونی دەبێ و هەمیشە ئەو ڕوانگەی کە کەسانی دیکە بەرامبەری بە ئەو و کارکردەکەی بوویانە دەبێتە بەشێک لە باوەڕەکانی کەسی دەستدرێژیکراو. کەواتە هێزی سزای نافەرمی زیاتر لە سزای فەرمییە.

ئەو قسانە ئەوە دەردەخەن کە لەبەر ئەوەی کەسی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی خۆی باش دەزانێ کە قوربانی لە زەینییەتی کۆمەڵایەتیدا (خێزان و کۆمەڵگا)دا پێگەیەکی نییە، بۆیە بە مەبەستی ڕێگریکردن لە سزا و تارێنران لە لایەن ئەوانەوە ڕووداوی دەستدرێژییەکە دەشارێتەوە یان نکۆڵی لێ دەکا چونکە لە ڕوانگەی زەینی گشتیدا دەستدرێژیی سێکسی بێئابڕوویە. بە واتایەکی دیکە دەستدرێژی وەک گوناح، خەتا، کارێکی نەشیاوانە، تاوان، بێئابڕوویی و ... دەرهاویشتە و لێکەوتەکانی بریتین لە سزا و تارێنران لە لایەن بنەماڵە و کۆمەڵگا، و بۆ ڕێگریکردن لە لێکەوتەکانی، پێویستە کەسی دەستدرێژیکراو کارلێکی نکۆڵی و شاردنەوە بگرێتە بەر. پێگەی کەسی دەستدرێژیکراو لە قوربانییەوە بۆ تاوانبار و خەتاکار دەگۆڕێ و سەرزەنشتکردن، سزادان و تاراندن دەبێتە بەدیلی پشتیوانی. لە ڕاستیدا ئەو منداڵانەی کە لە لایەن مەحارمەوە بەتایبەت لە لایەن دایک و باوکیانەوە دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەریان، لە هەڕەتی گەورەساڵیدا و لە قۆناغەکانی دواتری ژیاندا لە سۆنگەی دەروونی و ڕۆحییەوە تووشی لێکدژی و ناکۆکی دەبنەوە کە لە ڕووی هەستکردن بە ئاسایش و متمانەکردن بە دنیای کۆمەڵایەتی و ژینگەی ژیانی دەوروبەریان لە پەیوەندیسازکردندا تووشی گیر و گرفتی دەبنەوە.

ئەو لێدوانانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە جگە لە ناکۆکییە دەروونییەکان و تێکچوونی ئاسایش و متمانە لە ناو پانتای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، کەسی دەستدرێژیکراو تووشی هەستی دژەکۆمەڵایەتی دەبێ و لە ئەنجامی ئەوەدا کارلێکی گۆشەگیرانە و دوورەپەرێزانە دەگرێتە بەر. هەڵبەت ئاخافتنەکان گەواهی دەدەن کە هەندێ لە منداڵان کارلێکی سەرکەشانە و توندوتیژیی لەڕادەبەدەر و نەسازان لەگەڵ ژینگە و دیتران

(کەسانی دیکە) لە خۆیان پیشان دەدەن. کەواتە لە کۆمەڵگای ئێراندا هەرچی دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن مەحارم لە تافی منداڵیدا زیاتر بێ و ڕێژەکەی فرەتر بێ ئێمە شاهیدی کەسانێکی دژەکۆمەڵایەتی دەبین کە ناتوانن کارلێکی بونیادنەر و چالاکانەیان لەگەڵ جیهانی کۆمەڵایەتیی خۆیاندا هەبێ و لە ڕاستیدا سەرمایە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو ڕاستگۆیی، متمانە، هاوسۆزی کە بۆ گەشە و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا لە هەموو ڕەهەندەکان و ژیانی ئەودا پێویستە، لاواز دەبێت.

ئەو منداڵانەی دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەریان بەتایبەت لە لایەن مەحارمیانەوە، تووشی حاڵەتێک دەبن کە بە شێوەی توندڕەوانە و ناهاوسەنگ و نیگەرانانە هەوڵی کەوتنە بەرچاو دەدەن و زیاتر ڕەفتارێکی ناتەبا و یاغیانە و سەرکەشانە و تواناداژۆیانە لە خۆیان دەنوێنن یان هەوڵ دەدەن نەبینرێن کە ئەوانەن وا گۆشەگیر و دوورەپەرێز دەبن، لە هەر حاڵەتێکدا هاوسەنگیی کارلێکی لەم کەسانەدا کەم دەبێتەوە بە جۆرێک کە ناتوانن کارلێکی هاوسەنگ و بونیادنەر لەگەڵ جیهانی دەوروبەریاندا ساز بکەن.
ئەو کێشانەی کە دەرهایشتەی دەستدرێژیی سێکسی لە هەڕەتی منداڵین، پەیوەندیی هاوسەرێتی تێک دەدەن، هەستکردن بە دەستدرێژیی سێکسی و پەلاماردران لە کاتی سێکسکردن لەگەڵ هاوبەشی ژیاندا یەکێک لە ئەزموونە ژیاوەکانی قوربانییەکانە. هەروەها ئەم کەسانە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیاندا توانای "نا" وتنیان نییە. لە کێشەکانی دیکە، مانەوەی ترس و دڵەڕاوکێی نۆڕمییە. هەمان ئەو میکانیزمەی کە بووەتە هۆی پاراستنی نهێنیی ڕووداوی دەستدرێژیی سێکسی لە تافی منداڵیی کەسەکەدا، واتە باسی ئابڕوو و نۆرمە زاڵە نەریتییەکان، لە قۆناغەکانی دواتردا بووەتە هۆی بەردەوامبوونی دەستدرێژییەکەی و بە شێوازی دیکە کاریگەریی لە سەر ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی دەستدرێژیکراو داناوە، بە جۆرێک کە بە هۆی پاراستنی شکۆ و ئابڕووی کۆمەڵایەتی، ناچارە هەتا کۆتایی ژیانی لەگەڵ کەسێکدا بژی کە هیچ هەستێکی بۆی نییە، و دەبێ بە شێوازی تر و هەڵبەت شەرعییەت پێدراو لە ڕێگەی هاوسەرگیری کە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییە، مل بەم دەستدرێژی و پەلاماردانە بدات.
یەکێکی تر لە لێکەوتەکانی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان لە لایەن مەحارم، هاوسەرگیریی زۆرەملێیە کە زیاتر لە شێوەی منداڵهاوسەریدا خۆی دەنوێنێ و یەکێکی دیکەشیان تەڵاقە، کە زیاتر دوای هاوسەرگیریی زۆرەملێ ڕوو دەدات. کەواتە ئاراستەی

نەشیاوی خێزان و کۆمەڵگا بەرامبەر بەم جۆرە دەستدرێژییانە نەک ڕێگری لە ڕوودانی دەستدرێژیی سێکسی بناکا، بەڵکوو دەبێتە هۆی ئەوەی زیان و کێشەی دیکە لە دوای ئەوانەوە سەرهەڵبدات و خێزان و کۆمەڵگاش تێوە بگلێن و بە شێوازی جیاواز تێچوونەکانیان زیاد بکەن و بکەونە ناو خولێکی سەقەت و پووچەڵەوە. هەر بۆیە بە هۆی ترس لە ئابڕووچوون و تاراندن، لە زۆر حاڵەتدا ئەگەری هاوسەرگیری یان ناومکین یان کەم دەبێتەوە.

هەموو ئەمانە بە لایەک، وا پێ دەچێ کەسی دەستدرێژیکراو زیاتر هەست بە نائومێدی و بێدەسەڵاتی دەکا، کە ڕەنگە بە هۆی هەستی خۆبەکەمزانین و هیچۆکەییەوە بێت. ڕەشبینی بەرامبەر بەو ڕەگەزەی کە لە لایەن ئەوەوە هەمیشە دەستدرێژی کراوەتە سەر و ئەم ڕەشبینییە ئەوەندە تۆخە کە هەموو کەسانی هاوڕەگەزی دەستدرێژیکار وەک دەستدرێژیکار و ئازاردەر هەژمار دەکرێن و بەم شێوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کەسی دەستدرێژیکراو لەگەڵ ئەواندا تێک دەچێ و شکستی لێ دەکەوێتەوە. بێشک دەستدرێژیی سێکسی لە تافی منداڵیدا کاریگەریی لە سەر لێکدانەوەی کەسێک بۆ چێژی سێکسی و فرەیی پەیوەندیی سێکسی هەیە و ئەگەر ئەم دەستدرێژییە لە لایەن کەسی هاوڕەگەزەوە بێ، لەوانەیە کاریگەریی لە سەر هۆگریی و مەیلی هاوڕەگەزخوازیی کەسەکە هەبێ و لە قۆناغەکانی دواتری ژیانیدا یەکلاکەرەوە بێت.

دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان دەتوانێ ببێتە هۆی باڵقبوونی پێشوەختەیان کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی فرەیی ڕێژەی پەیوەندیی سێکسی و ئالوودەبوون بە پەیوەندیی سێکسی. ئالوودەبوون بە پەیوەندییە سێکسییەکان، چەندین کاریگەریی وێرانکەری دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ کەسەکەی لێ دەکەوێتەوە کە ئەمەش کاریگەری و لێکەوتەی قەرەبوونەکراو و ڕووخێنەری لە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها وتەزای کار و شێوازی ژیانی گشتی و ژیانی کۆمەڵایەتی کەسەکە دادەنێت. ئەم بابەتە هاوشێوەی هەر ئالوودەبوونێکی دیکە ڕوو لە زیادبوون و سەرهەڵێنەرە و ڕەنگە هەتا کۆتایی تەمەنی کەسەکە، کاریگەریی لە سەر ژیانی دابنێ و بە شێوازی جیاواز تێوەی بگلێنێت. ڕوانینی کەسی دەستدرێژیکراو بەرامبەر بە خۆی باش نییە و خۆی بە کەسێکی گوناحکار و ناپاک وێنا دەکا کە شایەنی شتە چاکەکان نییە و هەستکردن بە خۆبەکەمزانین و کەمبایەخی و هیچۆکەیی کەسانی دەستدرێژیکراو ڕەنگە لێرەوە سەرچاوە بگرێت.

باڵقبوونی پێشوەختە لە کەسانی دەستدرێژیکراودا لەگەڵ نەبوونی توانای وتنی "نەخێر" و هەستکردن بە وابەستەیی ڕوو دەدا، یان ئەمانە لێکەوتە و دەرهاویشتەکانین. هەستکردن بە وابەستەیی کە دەتوانێ بناغەی سۆزداریی تاک تێک بدا و پەیوەندییەکانی ئەو کەسە لەگەڵ دیتران بە شێوەیەکی پێبەستراوەیی بونیاد بنێ؛ دەبێتە هۆی ئەوەی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دیتران (کەسانی دیکە) و لە ژیانە کۆمەڵایەتییەکەی ناهاوسەنگ بێ، هەورەها هەلی پەیوەندیی لە سەر بنەمای عەشقێکی سازێنەری لێ زەوت دەبێت. باڵقبوونی پێشوەختە دەبێتە هۆی ئەوەی کەسەکە بچێتە ناو پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێ کە لە تەمەنی ئەودا نین و لە ڕێگەی ئەم پەیوەندییەوە لەگەڵ ئەزموونگەلێک ئاشنا بێ یان ئەو دۆخانە بەئەزموون بکا کە لەگەڵ تەمەنی ڕاستەقینەی خۆیدا ناگونجێ و بە هۆی ئەمەشەوە ئەو تووشی زیان و کێشە ببێت. لێکەوتەی ئەندامێتی کەسێکی دەستدرێژیکراو کە زوو باڵق بووە لەم ناو گروپانەدا، دەتوانێ ببێتە هۆی بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان، ئالوودەبوونی سێکسی و لەشفرۆشی، هاوڕەگەزخوازی و پرسەکانی دیکە.

منداڵێک کە لە لایەن دایک و باوەپیارەیەوە ئازار دەدرێ، لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگایەکدا دەژی کە بە هیچ شێوەیەک لە لایەن دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە پاڵپشتی ناکرێ و هیچ سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی لە لایەن کۆمەڵگاوە بۆ گۆڕینی شێوازی ژیانی دانەڕێژراوە، ناچارە ڕوو لە کاری نایاسایی بکا بۆ ئەوەی بچێتە ناوەندی پەروەردە و چاکسازی کە زیندانی منداڵانە. لە هەمان کۆمەڵگای ئێراندا هەندێ گەڕەک هەن کە هەوڵ دەدەن بە هاندانی منداڵان بەتایبەت کوڕان بۆ شەڕ و خۆنواندن و ملهوڕی گاڵتەیان پێ بکەن و کاتێکی خۆش بە سەر بەرن. بێ ئاگا لەوەی کە غرووڕێکی درۆیانە لە ناخیاندا بۆ هەمیشە بەدەروونی دەبێ و تێکەڵی هەستی سووکی و لێکدژییە دەروونی و زەینییەکان دەبێ کە ئەنجامی بەئەزموونکردنی ئەم بارودۆخە خەساربەخشانەیە، و ئەمە زەمینە بۆ ئەم کەسە دروست دەکا کە ڕوو لە کێشە و خەسارەتە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بکا کە هەندێک جار هەتا کۆتایی تەمەن هەموو ژیانی تێوە دەگلێنێت.

هەستی جیاکاری و ئارەزووی دەستدرێژیی سێکسی لە منداڵانی دەستدرێژیی سێکسیدا دیارە. هەستکردن بە جیاکاری دەتوانێ ببێتە بەربەستێک لەبەردەم دامەزراندنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بونیادنەر، و دەستدرێژیی سێکسی دەتوانێ دەرگا بە ڕووی ڕەفتارە سێکسییە مەترسیدارەکاندا بۆ کەسی دەستدرێژیکراو بکاتەوە. کەمترین لێکەوتەی ئەم ڕەفتارە هەستکردن بە گوناح و ئازاری ویژدان و خۆسەرزەنشتکردن و دواجار پەنابردنە بەر

هێزە سەرووسروشتییەکان (مەتافیزیک) بۆ بەدەستهێنانی لێخۆشبوون و لێبووردنی گوناحەکانە. کەسی دەستدرێژیکراو سەبارەت بە خۆی ڕوانینی بەشتدانان و کاڵایانەی هەیە کە هەندێ جار دەبێتە هۆی دەستکاریکردنی جەستە بۆ ئەوەی ڕەزامەندیی کەسێکی دیکە یان کەسانی دیکە بەدەست بهێنێ و سازوکار و میکانیزمی کۆنترۆڵگەرانە بۆ خۆی درێژە پێ بدا و زیاتری بکاتەوە.

هۆگریی کەسی دەستدرێژیکراو بۆ بوون بە ئەکتەر یان گۆرانیبێژ نیشاندەری ئەوەیە کە ئەم منداڵانە گیرۆدەی بینرانن، ڕەگ و ڕیشەی ئەم ئەم ململانێ زەینییە هەستی هیچۆکەیی، بێبایەخی و بێدەسەڵاتیی دەروونییە کە کە هۆکارەکەی ئەزموونکردنی دەستدرێژیی سێکسی لە سەردەمی منداڵییە.

دەستدرێژیی سێکسی لە سەردەمی منداڵیدا بە جۆرێک پەیوەستە بە دەستکاریکردنی جەستەوە، ئەم دەستکاریکردنە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە ئەندامە سێکسییەکان و ئەندامەکانی دیکەی جەستە. ڕێک ئەو کاتەی کە منداڵ لە قۆناغی ناسینی جەستە و لەشیدایە، دەستدرێژی دەکرێتە سەری و ئەم دەستکاریکردنە جگە لە نیشانە فیزیکی و زیندەوەرناسییەکانی سەر جەستە، وەک شوورەیی و ئەتکێک لە ناو دەروون و ڕۆحی ئەو کەسەدا دەمێنێتەوە. جەستە و دەروون لە پرسی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان لێک جیا نین، دەستدرێژیی سێکسی جگە لەوەی کە لە سەر جەستە و لەش ئاسەواری خۆی بە جێ دێڵێ، لە سەر ڕۆح و دەروونیش هەستی شوورەیی بەجێ دەهێڵێ، کە هەر یەکەیان ئەوی دیکەیان وەبیر دەخاتەوە و لە کۆتاییدا وەبیرهێنەرەوەی دەستدرێژی و ئازارە. جەستە و ڕۆحی کەسی ئازاردراو یان دەستدرێژیکراو بە جۆرێک لە جۆرەکان هێماناسیی زمان و گوتاری ئازارە.

لەدەستدانی پەردەی کچێتی لەگەڵ هەستی ترس و کەمبایەخی لە کەسی دەستدرێژیکراودا دروست دەبێت. ئەم ترس و کەمبایەخییە لێکەوتەی ئەو باوەڕانەیە کە لە لایەن فەرهەنگ و نەریت و بنەماڵە و کۆمەڵگاوە بەرساز کراون؛ کە هەبوونی پەردەی کچێتی جەوهەر و بایەخی وجودیی ژنە و لەدەستدانی ڕووداوێکی ناخۆشە کە لە لایەن هەمان ئەو خێزان و کۆمەڵگایەوە سەرکۆنە دەکرێ و بە شێوەی ئاشکرا و شاراوە کۆنترۆڵ دەکرێ و نەبوونی هاوواتای بێئابڕوویی و بێبایەخییە.

دەستدرێژیی سێکسی نەک تەنها کاریگەریی لە سەر ژیانی قوربانییەکە دادەنێ و ژیانی تێک دەدا، بەڵکوو لە هەندێک حاڵەتدا مەرگ و نەمانی لێ دەکەوێتەوە. ئەم مردنە

دیارترین نیشانەکانی دەستدرێژیی سێکسییە و کاردا شاراوەکانی ئەوەیە کە ئەگەر کەسی دەستدرێژیکراو لە ژیانیشدا بمێنێتەوە، زیانەکانی ئەوەندە جددی و قووڵ و فرەڕەهەندن کە کاریگەریی لە سەر هەموو ژیان و هەموو لایەنەکانی ژیانی دادەنێت. بەو پێیەی کە دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن کەسوکار و ئەویترییە گرنگەکانی ژیانە و ڕێک لەو قۆناغانەدایە (واتە منداڵی و مێرمنداڵی) کە تاک تێکەڵی جیهان و ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێ کاریگەرییە حاشاهەڵنەگرەکانی لە سەر خودی ژیان هەم لە سەر جەستە و هەمیش لە ناو زەین و دەروەوندا جێگیر دەبێ و هەموو ڕەهەندەکانی وجوود و هەبوونی دەتەنێ و بۆ ساتێکیش لە کۆڵی نابێتەوە و لە ڕاستیدا خودی ژیان و بوون دەکاتە ئامانج. ئەمە دەتوانێ خووخدەی دەستکاریکردنی جەستە لە کەسەکەدا بەدی بێنێ کە هۆکارەکەشی کاریگەریی دەستدرێژیی سێکسی لە سەر دەروون و جەستە و زەینی کەسەکەیە.

منداڵ و مێرمنداڵێک کە پەلامار و دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەری، لە سەر بنەمای هەستی زاڵی خۆی کە هەمان هەستکردن بە گوناح و تاوانباری و لۆمەکردنە، جیهانی کۆمەڵایەتیی خۆی لێک دەداتەوە و دەست دەکا بە ماناسازی و لە ئەنجامی ئەم هەستی گوناحباریيە، تووشی ئازاری ویژدانی دەبێ کە لە ساڵانی دواتری ژیانیدا ئەم هەستی گوناحباری و تاوانباریيە، لە بارودۆخە جیاوازەکانی ژیانیدا توانای بەڵگەهێنانەوەی عاقڵانەی لێ زەوت دەکا و هەمیشە لە پەیوەندییەکانیدا خەریکی باجدانە و بەردەوام ڕۆڵی قوربانی و فریادڕەس دەگێڕێ و بە شێوەی کۆمەڵایەتی بەرهەمی دەهێنتەوە. ئەم گەڵاڵەئاسا، ڕۆڵی فریادڕەس و قوربانی بە کەسەکە دەبەخشێ، بە جۆرێک کە هەمیشە لە ڕادەبەدەر پشتیوانی ئەویتری یان دیترانە و پێداویستییەکانی دیتران دەخاتە پێش کەڵکەلەکانی خۆی و ئەوانی پێ یەکەمایەتییە، بە بێ ئەوەی بیرکردنەوەیەکی لۆژیکی و عەقڵانی بۆی هەبێ، ئەم پرۆسە لە کێشەی وابەستەیی ئەو کەسەوە سەرچاوە دەگرێ کە پەیوەندییەکانی لە سەر بنەمای وابەستەبوون بە دیترانە (کەسانی دیکە). هەڵبەت ئەم پەیوەندییانە لەگەڵ هەستە نەرێنییەکانی دیکەی وکوو ترس و شەرم لە پەیوەندیدایە کە ئەوانیش لە ژێر کاریگەریی دەستدرێژیی سێکسی سەریان هەڵداوە. لە زۆربەی هەلومەرجەکاندا تاک بە هۆی ترسی لەدەستدانی دیتران و بە هۆی هەستکردن بە شەرمێک کە بەئەزموونی دەکا، توانای ئەوەی نییە کە لە وڵامی داواکاری و پێداویستییەکان "نەخێر" بڵێ و لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی پەیوەندییە پێبەستراوەییەکانەوە کە لە سەر بنەمای وابەستەیین، لە ڕۆڵی فریادڕەس و قوربانیدا

دەردەکەوێت. ئەم سازوکار و میکانیزمانە هەموویان یەک لە دوای یەک دەردەکەون و لە شێوەی سووڕێکدا کارلێکەکانی تاک یەک لە دوای یەک ڕوو دەدەن و بەردەوام دەبن و دووبارە بەرهەم دەهێنرێنەوە.

لە ڕاستیدا ڕۆڵی قوربانی، هەڵوەدای کارلێکی پشتبەستوو بە فریادڕەس‌بوونە. کەسێک کە هەست بە قوربانیبوون دەکا، بەو پێیەی کە ناتوانێ لە سەر بنەمای لۆژیک و ئاراستەی عەقڵانی، پەیوەندی و پشک و ڕۆڵی خۆی لە کێشەکانی ژیانی ڕۆژانە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا شی بکاتەوە، لە بواری پەیوەندی لەگەڵ ئەویتری یان دیتران لەو بارودۆخانەدا کارلێکی پشتبەستوو بە فریادڕەس و ڕزگاریبەخشی و پاڵپشتیی لە ڕادەبەدەری دەبێ کە هەندێک جار لە پەیوەندییەکاندا هەستی ناکامی و شکستی لێ دەکەوێتەوە. هەروەها لە هەندێک بارودۆخدا لە ڕۆڵی قوربانیدا دەست دەکا بە دیترهاوێژی، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە بەرپرسیارێتی و ڕۆڵ و دەوری خۆی لە کاروباری ژیانی ڕۆژانەدا گرێ دەداتەوە بە ئەویتری یان دیتران.

لە هەر دوو حاڵەتی فریادڕەس و دیترهاوێژدا بە شێوەی سەربەخۆ و لە سەر بنەمای عەقڵانییەت بەرپرسیارێتی و پشک و ڕۆڵی خۆیان قبوڵ ناکەن و بە شێوەیەکی هاوسەنگ هەڵسوکەوت ناکەن. لە ڕاستیدا کەسی دەستدرێژیکراو هەندێ جار یان هەمیشە بە سێگۆشەیەکەوە تێوەگلاوە و هەر کام لەو بارودۆخانەی کە بەئەزموونی دەکا یەکێک لە لوتکەکانی ئەم سێگۆشەیە کە بریتییە لە: هەستی توڕەیی، ڕۆڵی قوربانی و کارلێکی پشتبەستوو بە فریادڕەس‌بوون یان دیترهاوێژی کە لە کۆتاییدا لە ناوەڕاستی ئەم سێگۆشەدا شکستگەلێکە کە لە ژیاندا بەئەزموونی دەکات.

بە گوێرەی ئەو گەڵاڵەئاسایانەی کە لە زەینیدا دروست دەبن و ئەو هەستانەی کە لە زەینی قوربانیی دەستدرێژیی سیکسی لە تەمەنی منداڵی و مێرمنداڵیدا بەرساز دەبن، دەست دەکا بە دروستکردنی مانا و شرۆڤە و لێکدانەوەی بارودۆخەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی. ئەم شرۆڤە و لێکدانەوانە هەندێ کارلێکی وەک کارکردی لێ دەکەوێتەوە.

ئەمڕۆکە کەمیی تەرکیز و کێشەی فێربوون لە منداڵاندا بە هۆکارێکی بەهێز بۆ فرەچالاکیی منداڵ لە قەڵەم دەدرێ، یان ئازاردانی ئاژەڵ، وەسواس و لەخۆدان ... یەکێک لەو حاڵەتانەیە کە لە سەردەمی منداڵیی کەسانی ئالوودەبووی مادە هۆشبەرەکان و ئالوودەبووانی سێکسی لە ناو کەسانی بەرتوێژینەوەدا بینراوە. پێداچوونەوە بەم حاڵەتانە

ئەوە دەردەخا کە پرسگەلێکی وەکوو دیاردەی فرەچالاکی و پرسی ئالوودەبوون پەیوەندییەکی زۆری بە پرسی ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسی لە تافی منداڵیدا هەیە. خەمۆکیش وەک نەخۆشییەک، پەیوەستە بە چەندین کێشە و خەسارەتی کۆمەڵایەتییەوە لەوانە دەستدرێژیی سێکسی، ئالوودەبوون، لەشفرۆشی و هتد.

پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ دنیای واقیع کە بە نەبوونی تەرکیز خۆی دەردەخا، لە زۆرێک لە خەسارەتەکاندا دەبینرێ، لەوانەش کەسانی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی، ئالوودەبووانی مادە هۆشبەرەکان و سێکس ... بە واتایەکی تر، بەو پێیەی کە واقیع بۆ ئەم کەسانە، بە هۆی ئەزموونە ناخۆشەکانیانەوە، ڕووخسارێکی ناشیرین و دێزی هەیە، پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ ئەو واقیعە خۆی بە نەبوونی تەرکیز نیشان دەدا کە ئەمەش کاریگەریی زۆر تێکدەرانەی لە سەر پرۆسەی فێربوونی کۆمەڵایەتییان لە بوارە جیاوازەکانی ژیان دادەنێت. بە پێی ئەو لێدوانانەی سەرەوە، وەسواس و هەموو جۆرە ڕەفتارێکی ئالوودەیی و دووبارەبوو بۆ کەمکردنەوەی فشار و دڵەڕاوکێ کە لە ئەنجامی دەستدرێژیدا دروست دەبێ، لە لێکەوتە گرنگەکانی دەستدرێژیی سێکسین. ئەو کەسەی دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەر توڕەییەکی شاراوەی بەرامبەر بە کەسوکارەکەی هەیە کە لە منداڵیدا بەرپرسی چاودێریکردنی بوون بەڵام لە چاودێریکردنی کەمتەرخەمییان نواندووە. کە ئەم توڕەییە لە پەیوەندی سۆزداریی ئەو لەگەڵ ئەواندا لە هەموو قۆناغەکانی دواتری ژیانیدا کاریگەر و قەرەبوونەکراو دەبێت.

لە ڕاستیدا تێکچوونی خووخدە کە کاریگەری لە سەر سەقامگیریی حاڵ و بەتایبەت هاوسەنگیی هەست و ورووژانەکانیان دادەنێ، دەتوانین بڵێین لە لێکدژی و ناکۆکی و گرژییە دەروونییەکانیانەوە سەرچاوە دەگرێ، کە پێشتر باسی خۆی و هۆکارەکانیمان کرد. لە ڕاستیدا کەسانی دەستدرێژیکراو لە چاو کەسانی دیکە، سەقامگیری و سۆز و هاوسەنگیی ڕەفتاریان کەمترە، بۆیە کارلێکەکانیان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا کەمتر پێشبینیکراو و شەفافە. ئەم فاکتەرە خۆی دەبێتە هۆی ئەوەی لە لایەن کەسانی دیکەوە کەمتر متمانەیان پێ بکرێ و لە ئەنجامدا لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا کارلێکی ناکارامەتریان دەبێت. لە لایەک متمانە و هاوسۆزییان بە هۆی دەستدرێژیی سێکسییەوە کەم دەبێتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە لە پەیوەندییە دەرەکی و کۆمەڵایەتییەکاندا متمانەی دیتران بەرامبەر بەمان کەم دەبێتەوە و بە واتایەکی دیکە

هۆکارە دەروونناسی و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لە پەیوەندی دیالکتیکیدا "کاریگەریی دوولایەنە"یان دەبێت.

لەخۆدان و بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان بە مەبەستی ئەهوەنکردنی ئەزموونی دەستدرێژی ئەنجام دەدرێت. ئەگەر بە وردییەوە لەو وەهمانە بڕوانین کە بە هۆی بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکانەوە دروست دەبن و ئەو خەیاڵ و زەینییەتانەی کە بە هۆیانەوە لە خۆیان دەدەن و یان بە واتایەکی تر ئەگەر سەرنج بپرژێنینە سەر جۆرەکانی لەخۆدان، نیشانەکانی زمانی نارەزایەتیی دەستدرێژی لە هەموویاندا دەبینین. ئەم کارلێکانە (بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر و لەخۆدان) زمانی نارەزایەتین کە پێویستی بە شیکاری و نیشانەناسی هەیە. هەڵبەت بە پێی شیکاریی فرۆمی هەر حاڵەتێکی خۆئازار لە هەمان کات و لە پێگەیەکی دیکەدا دەتوانێ دیترئازار بێ و ئەمە قوربانییانی دەستدرێژیی سێکسیش دەگرێتەوە. کەسی دەستدرێژیکاری سێکسی، لە هەمبەر دەستدرێژیکاردا، وەک ئۆبژەیەک دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەر و کەڵکاوەژۆیی لێ دەکرێ بەڵام هەر ئەو کەسە دەتوانێ لە دۆخێکی دیکەدا وەک میکانیزمی قەرەبووکردنەوە و بە هۆی هەست و ئەزموونی دەستدرێژییەوە وەکوو توڕەیی، ڕق، ئیرەیی و ... لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا، بە هەموو جۆرێک ئەویتری ئازار بدا و وەک سادیستیک یان دیترئازار یان ئازاردەر خۆی بنوێنێت.

ئاژەڵئازاری دەتوانێ سەرچاوەی لە دەستدرێژیی سێکسی لە تافی منداڵیدا بێ، کە هەڵبەت لە خەسارەتگەلێکی دیکەی وەکوو ئالوودەبوون و ... لە سەردەمی منداڵیی کەسانی بەرلێکۆڵینەوەدا ئەم جۆرە ئەزموونانە دەبینرێت. کە ئەم بژێرە دەتوانێ پەیوەندیی نێوان کێشە و خەسارەتەکان پیشان بدات. گێڕانەوەکان گوزارشت لەوە دەکەن کە کەسی دەستدرێژیکراو بەرامبەر بە ڕەگەزێتیی خۆی هەست بە هیچۆکەیی و کەمی دەکا کە ئەم هەستە لە ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسییەوە سەرچاوە دەگرێ و بۆ قەرەبووکردنەوەی و هەروەها لە هەمان کاتدا بە ئامانجی زیاتر بینران، هەوڵ دەدا لە ڕەگەزی خۆی دوور بکەوێ و وەکوو ڕەگەزی پیاو (ڕەگەزێکی بەهێز) دەربکەوێ کە ئەم گۆڕانە لە ئەزموونی دەستدرێژییەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەمەش ئەوە دەردەخا کە ئازاردانی سێکسی کاریگەریی لە سەر ڕوانگەی تاک سەبارەت بە ڕەگەزی خۆی دادەنێ، هەرچەند ئەم کاریگەرییە بە هۆی ئەو کلیشە ڕەگەزێتییانەی کە ڕەگیان لە زەینییەتی کۆمەڵایەتیدایە توندتر دەبێ بۆ نموونە ژن ڕەگەزی دووەم و لاواز و ... .

کەواتە سێ هۆکار کاریگەریی لە سەر هۆگربوون بە ڕەگەزی بەرامبەر دادەنن: هەستکردن بە هیچۆکەیی و خۆبەکەمزانین بەرامبەر بە ڕەگەزی خۆ بە هۆی ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسییەوە، ٢. بینران ٣. ئەو کلیشە ڕەگەزێتییانەی کە بە سەر فەزای زەینییەتی کۆمەڵایەتیدا زاڵن.

گێڕانەوە تاوتوێکراوەکان، بوونی تورەییەک پیشان دەدەن کە بە هۆی بەئەزموونکردنی دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن کەسی دەستدرێژیکراوە کە ئەمە کارلێکی شەڕانگێزانەی لێ کەوتۆتەوە. هەروەها هەستی ڕق و کینەی تێکەڵ بە بێزاربوون لە دەرکەوتن و بینران، هەستێکی لێکدژە کە لە کەسانی دەستدرێژیکراودا بەدی دەکرێ و بە پێی بارودۆخ کارلێکی لێکدژ و ناهاوسەنگیان لێ دەکەوێتەوە. ئەو کارلێکانەی کە لە سەر بنەمای گۆشەگیری و دوورەپەرێزی و تارێنرانن لە لایەک و ئەو کارلێکانەی کە لە سەر بنەمای شەڕانگێزی و تورەیی زۆرن لە لایەکی ترەوە دوو دیوی ئەو کارلێکانەن کە لە هەندێ بارودۆخ یان هاوکات پێکەوە لە کەسانی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسیدا دەردەکەوێ، بە وتەی مێرتن، کارلێکەکانیان یان سەر بۆ تاراندن و گۆشەگیری دەکێشێ یان سەر بۆ تورەیی و شەڕانگێزی دەکێشێت. کێشەکانی بەکۆمەڵگاگری و بەکۆمەڵایەتیبوونی ئەم منداڵانە لە ناو خێزانەکاندا، لە هۆشیارنەبوونی بنەماڵە و بێئاگایی لە بارەی دیاردەی منداڵی و مێرمنداڵییەوە سەرچاوە دەگرێت.

بەڵام لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە هەست کە بوارێکی نوێی ناو بوارەکانی زانستی کۆمەڵناسییە، ئەڵقەیەکی ونبووە کە سەرنجپێدان و چاودێریکردنی زۆر گرینگە. بە هۆی ئەو هەلومەرجانەی کە لە ژێر کاریگەریی ئەواندا تاک کارلێکی دەبێ و هەروەها کارلێکەکانیان بینراو، بەرجەستە و هەستپێکراون و لەبەر ئەم هۆکارەش لێکۆڵینەوەیان لە سەر دەکرێ، بەڵام بەو پێیەی کە هەلومەرجەکان هەمیشە هەستی تاک، گروپ یان کۆمەڵگا دەجووڵێنن و بە پێی ئەو هەستانە کارلێکیان دەبێ، بۆیە هەست و ئێحساس ئەڵقەی نێونجی و ونبووە چونکە بە هۆی ڕەهەندی زەینی و نابەرهەستەوە، سەرنجیان پێ نادرێ و لێکۆڵینەوەیان لە سەر ناکرێت.

ئەو هەستەی کە کەسانی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی بە پێی بارودۆخ دەریدەبڕن و بە پێ بارودۆخە و لە هەر بارودۆخێکی گونجاودا بە وەبیرهێنانەوە و یان هاوشێوەبوونی دۆخەکە، بارودۆخەکە لێک دەدەنەوە و هەستی خۆیان دەردەبڕن و هەڵبەت لە هەندێ لە بارودۆخەکاندا دەتوانن هەستە دەربڕدراوەکان بە شێوەی ئاوێتەیی و هەندێک جار

پێچەوانەی دۆخەکە دەربڕن. هەستی وەکوو ترس، سترێس، توڕەیی، شەرم، گوناح و ئازاری ویژدان، ڕەشبینی، هیچۆکەیی و تارێنران، قوربانیبوون، نکۆڵی کە لە کەسانی ئازاردراودا زەقە و ژێرخانی هەستەکانی دیکەیانە کە دەتوانین ناوی لێ بنێین هەستی ناوەندی یان کاکڵی.

ئەو هەستانەی وا کەسی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی بەئەزموونی دەکا، بە تەنیا شیاوی شرۆڤەکردن نین بەڵکوو ئەم هەستانە یەک لە دوای یەک درێژەپێدەر و توندکەرەوە و دەرخەری یەکترن کە لە خولێکدا شیاوی وتن دەبێت. بە جۆرێک کە هەستکردن بە گوناح و خەتاباری دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕوانگەی کەسەکە بەرامبەر بە خۆی سووک بێ و هەست بە هیچۆکەیی و کەمبایەخی بکا و بە هۆی ئەوەی هەستی هیچۆکەیی و کەمبایەخی بەرزەخۆیی لە ناو دەبا، هەستی شەرم لە کەسەکەدا دروست دەکا و نکۆڵی و خەم و پەژارەی لێ دەکەوێتەوە، و بناغەی هەموو ئەم هەستانە ترس و توڕەیی دەروونی و بونیادییە ... . ئەم هەستانە دەرهاویشتەی ئەو هەلومەرجانەن کە ئەو بەئەزموونی کردووە، واتە هەمان ئەزموونی دەستدرێژی، و لێکەوتەکانی هەموو ئەو هەستانەش ئەو کارلێکانەن کە قوربانیی دەستدرێژیی لە ناو پانتای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بارودۆخ و ڕووداوە ژیانی و کۆمەڵایەتییەکاندا دەریدەبڕێت. ئەم پرۆسە، پەیوەستارێکە کە هەتا ئێستا لە هەموو ئاخافتنەکانی کەسانی بەرتوێژینەوەدا دەبینرێت.

لە کۆمەڵگای ئێراندا، لە ژێر کاریگەریی ئەو کلیشە سووژەییانەی کە باڵیان بە سەر فەزای فەرهەنگیی کۆمەڵگادا کێشاوە، ڕەگەزی نێر بە گشتی ڕەمزی دەسەڵات و پیاوەتییە و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ئازاردانی سێکسی زیاتر لە حاڵەتی ژناندا قبوڵکراوترە و ئەم باوەڕە باڵادەستانە لە ناو فەزای سووژە و زەینییەتی کۆمەڵایەتیدا وەک باوەڕێکی باو، زەینی خودی پیاوانیشی وەک ڕاپەڕێنەرانێک بەرساز کردووە، بە جۆرێک کە خودی پیاوانیش هەر لە منداڵییەوە بە شێوەیەک پەروەردەی کۆمەڵایەتی دەکرێن کە هێمای دەسەڵات و غروور بەدەروونی دەکەن و ئەمە هێزی کۆمەڵگا لە بونیادنان و بەرسازکردنی زەینەکاندا نیشان دەدات. لە ئەنجامدا ئەگەر ڕەفتار و کردارێکی دژ بەم ئەم زەینییەتە ڕوو بدا (دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر پیاو)، هەستی سووکیی زیاتری بە دواوەیە. ئەوەی زۆر جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ئەم زەینییەتە کۆمەڵایەتییە لە سەر ئاراستە ڕەگەزێتییەکان لە خەسارەتێکی وەکوو ئالوودەبووندا بە پێچەوانە کار دەکات. واتە لە ڕای گشتیی کۆمەڵگادا، ئالوودەبوونی پیاوان زیاتر لە ئالوودەبوونی ئافرەتان قبوڵ دەکرێ و بەو پێیەی کە ئالوودەبوون وەک

خەسارەتێکی پیاوانە دەردەکەوێ و بە هۆی کەمیی هۆشیاریی کۆمەڵایەتییەوە ڕەهەندە ڕەگەزییەکەی نابینرێ، بۆیە ئالوودەبوون بۆ ژنان بە دزێوتر لە قەڵەم دەدرێ و بە لەشفرۆشییەوە دەبەسترێتەوە. هەر بۆیە ژنان لە چاو پیاوان لە کاتی ئالوودەبووندا ڕووبەڕووی چالنجی جیاوازتر دەبنەوە. بۆ نموونە، بە قسەی خۆیان، بۆ کڕین و بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان لە هیچ کارێ سڵ ناکەنەوە و هەموو کارێکی وەکوو ڕاکردن لە ماڵ و لەشفرۆشی و ...یان لێ دەوەشێتەوە، تەنها لەبەر ئەوەی زیاتر لە لایەن خێزان و کۆمەڵگاوە کۆنترۆڵ دەکرێن ناتوانن و نابێ لە ماڵەوە مادەی هۆشبەر بەکار بهێنن.

بە پشتبەستن بە ئاراستەی ناوناتۆرەلێنان کە لە ئاراستە کۆمەڵناسییەکانە، کاتێک کەسی دەستدرێژیکراو لە لایەن کەسێکی دیکە یان کەسانی دیکەوە ناوەنیتکەی لێ دەنرێ، وردە وردە فەزای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، زەینشی بەرساز دەکا و ئەمە هێزی کۆمەڵگا لە بەرسازکردنی بیروباوەڕە زەینییەکان و ڕوانگەی تاک سەبارەت بە خۆی نیشان دەدات. هەر بەم شێوەیە کە کاتێک کەسی دەستدرێژیکراو ناوناتۆرەی لێ دەنرێ، ئەو ناوناتۆرە وەک باوەڕێک لە دڵ و دەروونیدا دەیچەسپێنێ و وردە وردە قبوڵی دەکا و بەرەو نزیکبوونەوە لەو باوەڕە هەنگاو دەنێ و کارلێکی دەبێت. هەروەها کەسی دەستدرێژیکراو لەبەر ئەوەی ڕقی لە ڕەگەزی بەرامبەرە چونکە لە لایەن ئەوەوە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەر، دەتوانێ تووشی مەیل و هۆگریی هاوڕەگەزخوازی بێت. لە ڕاستیدا هەستی جیاکاری و جیاوازی و هەستی تایبەتبوون کە لە وتارەکاندا ئاماژەی پێکراوە، جگە لەوەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی کەسی دەستدرێژیکراو لەگەڵ دیتران لەرزۆک دەکا، پەیوەندیی ئەو لەگەڵ واقیعییەتی تاک و کۆمەڵایەتی و وێنەکەیان دەپسێنێت.

بۆ ڕوونکردنەوەی شێوازی سەرهەڵدانی ئەم ڕەوشتە بێبەرهەمانە ئێمە ئاماژە بە بۆچوونی ئێریک فرۆم دەکەین. ناوبراو پێوەری تەندروستیی کۆمەڵگاکان لە هاواهەنگی لەگەڵ سروشتی مرۆڤ و پێداویستییە ڕەسەنەکانی ئەو دەزانێ و لە بەرامبەر کۆمەڵگایەکی ناتەندروست دایدەنێ کە مرۆڤەکان ناچار بە ئەنجامدانی کارێک دەکا کە تەنها مەبەستیان بەدیهێنانی ئامانج و نیازەکانی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگایە. کاتێک ڕەوشتێکی کۆمەڵایەتی (وەکوو هەژموونیی پیاوسالاری) بە سەر ڕەفتاری مرۆڤدا زاڵ دەبێ و هزر توانای سازکردنی پەیوەندیی پشتبەستوو بە خۆشەویستی و هاوسۆزی، ڕێزگرتن، ئازادی و سەربەخۆیی تاکەکەسی نەبێ، ئەوە کاتێکە کە مرۆڤ لە بەشە ئیلاهییەکەی خۆی جیا دەبێتەوە و بەشە ئاژەڵییەکەی چالاک دەبێ و چیتر بە خۆشەویستی و

ئاسایشەوە ڕەفتار ناکا، ئەو ئیتر نە بە مانای ڕاستەقینەی وشە خۆی خۆش دەوێ و نە دیتران، لێرەدایە کە پەیوەندییەکانی لە سەر ڕەوشتی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێ و مرۆڤ لە مرۆڤایەتییەکەی بێبەری دەبێت.

بە پێچەوانەی فرۆم مەرجی مانەوەی هەر بوونەوەرێکی زیندوو بەتایبەت مرۆڤ ئەوەیە کە "هەستی ئاسایش"ی هەبێ کە لە نەبوونی ئەم هەستە ئەو کەسە یان دەمرێ یان تووشی نەخۆشییەکی دەروونی دەبێ یان خۆی دەکوژێت. فرۆم پێی وایە مرۆڤ بۆ وەرگرتنەوەی ئەم ئاسایشە لەدەستچووە، لە ڕێگەی دوو لاگرییەوە واتە بەرهەمدار (تەندروست) و بێبەرهەم (ناتەندروست) مامەڵە دەکا کە هەر یەکەیان لە دابەشکردنێکی جیاوازدا ئاماژە بۆ ڕەوشتەکانی مرۆڤ دەکەن. جۆری یەکەم ڕەوشتی نابەرهەمدار لاگیریی "نزیکایەتی"یە. مرۆڤ بە بوونە بەشێک لە دیتران، چ لە ڕێگەی تێکەڵبوونی لە ناو ئەواندا و چ لە ڕێگەی تێکەڵکردنی دیتران لە ناو خۆیدا، لە مەترسیی تەنهایی ڕا دەکات. یەکەمیان لە زاراوەی کلینیکیدا پێی دەوترێ "ئازارخوازی" کە مەیلی ڕزگاربوون لە خۆ و پشتبەستن بە دیترانە. ئەم جۆرە وابەستەییە زیاتر لە ژێر ناوی فیداکاری، ئەرک یان عەشق و خۆشەویستیدا پاکانەی بۆ دەکرێ بەتایبەت ئەو کاتەی کە سەرچەشنە فەرهەنگییەکانیش ئەم پاساوانەیان قبووڵە. حاڵەتێکی دیکەی وابەستەیی بریتییە لە تێکەڵکردنی دیتران لە خۆ، بە جۆرێک کە تاک دیتران دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی خۆی و بەم جۆرە لە دڵەڕاوکێی خۆی کە بە هۆی ئازادییەوەیە ڕا دەکات. فرۆم ئەم جۆرە وابەستەییە ناو دەنێ "ئازاردان" کە تێکەڵ بە هەستگەلی وەکوو عەشق و خۆشەویستی، پشتیوانیی بەهێز، تۆڵەسەندنەوەی ڕەوا و هتدە و هەر دوو ئەم پەیوەندییانە گوزارشت لە جۆرێک نزیکایەتیی نێوان مرۆڤەکان دەکات.

جۆرێکی تری پەیوەندیی نابەرهەمدار لە سەر بنەمای "دوورکەوتنەوە" لە دیترانە کە خۆی دوو جۆرە: یان ئەو جۆرە چالاکەیە کە کەسەکە بوونی دیتران بە مەترسی بۆ سەر خۆی دەزانێ و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی بەرپەرچدانەوەی ئەو مەترسییە دەدات. لە وەها دۆخێکدا، بوونی جەستەیی یان دەروونیی دیتران بۆ کەسی دوورەپەرێز وەک مەترسییەکی قورس و هەڕەشەیەکی جددی لە قەڵەم دەدرێت. کەسێکی لەو جۆرە کاتێک دەتوانێ ئاسایشی لەدەستچووی خۆی بەدەست بهێنێتەوە کە سەرچاوەی ئەم مەترسییە نەهێڵێ و بەم شێوە دەبێتە کەسێکی وێرانکەر و شەڕانگێز.

جۆرێکی تر گۆشەگیریی ناچالاکە کە کەمتەرخەمی و توانەوە لە ناو جەماوەری لێ دەکەوێتەوە. لەم جۆرە پەیوەندییەدا تاک خۆی وەکوو کاڵایەک دەخاتە بەردەم ئاڵوگۆڕی ڕۆژانە و دەبێتە ئەوەی وا دیتران دەیانهەوێت. گرنگترین لاگیریی ڕەوشتی لەم جۆرەدا لاگیریی بازاڕییە، هەموو ئەم لاگیرییە ڕەوشتییانە لە هەموو جۆرە بێبەرهەمەکانیدا دەبنە هۆی نامۆبوونی مرۆڤ لەگەڵ سروشتی ڕەسەنی خۆی و نامرۆڤانەبوونی مرۆڤ یان ئەرکمەندبوونی لە بەرامبەر بارودۆخی ژینگەیی کە بەرهەمەکەی جگە لە بچووکبوونەوەی مرۆڤ بۆ بوونەوەرێکی تاکڕەهەند و ناتەندروست و دەستکرد هیچی تر نییە.

گەڕانەوە بۆ خۆ و دۆزینەوەی توانا سروشتییەکانی خۆ وەکوو ئاوەزکاری، و وێنەسازی و باوەڕکردن بەوەی کە مرۆڤ دەتوانێ بە پشتبەستن بەو توانایانەی کە هەیەتی و گرتنەبەری لاگیرییەکی بەرهەمدار، ئاسایشی ڕاستگۆیانە بەدەست بهێنێ و پەیوەندییەک لە سەر بنەمای خۆشەویستی و ڕێزگرتن لە دیتران ساز بکا، گرنگترین مەرج بۆ دروستبوونی لاگیرییەکی بەرهەمدار و وەڵامێکی دروست بۆ بەدەستهێنانی ئاسایشە. بەڵام هەموو ئەمانە پێویستی بە بوونی پێکهاتەیەکی تەندروستە کە بەداخەوە حکومەتەکانی ئێستا نەک هەر تەندروستیی کۆمەڵگا و تاک دەستەبەر ناکەن، بەڵکوو مرۆڤیان کردووە بە مۆرەیەک کە هێزی یاخیبوون و سەربزێوی نەبێ و لە خووخدەی مرۆیی بێبەری بێت. چونکە هەمیشە توانای سەربەخۆیی و ئاوەزکاری و خەیاڵپەروەرییان سووک کردووە و کردوویانە بە بوونەوەرێکی تاک ڕەهەند. (تلخیص از تنهایی، ٣٨٥-٣٨٨).

دەستدرێژیی سێکسی وەک شێوازێکی پەیوەندیی دەستدرێژیکار لەگەڵ جیهانی ژیانی خۆی

بەو پێیەی کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و کاتێکیش کە بە هۆی کۆمەڵێ هۆکارەوە ناتوانێ پەیوەندییەکی بونیادنەر لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتیی خۆیدا دروست بکا (هەڵبەت ئاستەنگەکانی بەر دەم ئەم پەیوەندییە سازێنەرە لە ناو هەمان ژیانی کۆمەڵایەتی و بناغەکانی لە ناو کۆمەڵگادایە) ڕوو لە گۆشەگیری و تەنیایی دەکات. دەستدرێژیی سێکسی جیا لەوەی بە ڕوانگەیەکی ئەخلاقییەوە سەیر دەکرێ، شێوازی پەیوەندیسازکردن لەگەڵ جیهانی زیندوو بۆ ئەو دەستدرێژیکارەیە کە کەسایەتییەکی دژە کۆمەڵایەتی هەیە و ژیانە کۆمەڵایەتییەکەی ڕێگەی پێ نەداوە بە شێوەیەکی بونیادنەرانە

و لە ڕێگەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە هاوسەنگەکانەوە پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بەدی بهێنێت.

ئەو دەستدرێژیکارانەی کە لە تافی منداڵیدا دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەریان، سازوکار و میکانیزمی دەستدرێژی بۆیان وەک کارلێکی قەرەبووکردنەوە وایە و بە شێوەی سووڕێکی سەقەت کەسی دەستدرێژیکراو لە دۆخێکدا و هەمان کەس وەک دەستدرێژیکار لە دۆخێکی دیکەدا بەرهەم دێنێتەوە. هەروەها دەسەڵاتخوازی و ملهوڕبوونی کەسی دەستدرێژیکار وەک یەکێک لە تایبەتمەندییە کەسایەتییەکانی ئەو دەبێ بە پێی بارودۆخ شی بکرێتەوە.

بە پێی ڕوانگەی ئێریک فرۆم، هەر کەسێکی دەستدرێژیکراو لە دۆخێکی دیکەدا دەستدرێژیکراو بووە و بە پێچەوانە، بە جۆرێک ئەم پرۆسە بە پێی ئەو بەستێن و زەمینە کۆمەڵایەتییەی کە ئەم کەسە تێیدا بووە؛ بەردەوام دەبێت. ئەگەر زەمینە کۆمەڵایەتییەکە دەسەڵاتخوازانە بێ یان نیشانەی دەسەڵاتخوازی لە خۆدا هەڵگرتبێ، ئەوا کەسەکە لە بەرامبەریدا ملهوڕی دەکا و هەر ئەم کەسە ئەگەر لە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتیی دیکە و لە دۆخێکی دیکەدا بێ کە ملهوڕی تێدا بێ، ئەوا کەسەکە لە ئاستیدا دەبێتە کەسێکی ملکەچ و کۆڵدەر. ئەم ئاراستە و ڕەوتە دەستدرێژیکار و پرسی ئازاردانی سێکسیش دەگرێتەوە.

شایانی باسە کە هەستی ترس و توڕەیی لە هەستە بەهێزەکانی کەسانی دەستدرێژیکارە و هەڵبەت لە هەمان کاتدا هەستی لێکدژی دیکە بەئەزموون دەکەن وەکوو هەستکردن بە کۆنترۆڵکران، شەرم، گوناح و تاوان و هتد. کەسانی دەستدرێژیکار زیاتر بۆشایی سۆزداری و گرێی سەرنجپێدانیان هەیە و ڕفتاری دژەکۆمەڵایەتی و گۆشەگیری لە ناویاندا یەکجار زۆرە.

خۆکۆنترۆڵکردن تایبەتمەندییەکی دەروونناسانەیە کە زیاتر وا گریمان دەکرێ کە کەسانی دەستدرێژیکار ئاستی ئەم تایبەتمەندییەیان کەم بێت. بەڵام لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کەسانی دەستدرێژیکار، دەتوانین ئاوا شرۆڤەی بکەین کە دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان وەک کارلێکێکی چالاکە کە وەکوو هەر کارلێکێکی تر ڕەهەندی لێکدانەوەیی هەیە. بە واتایەکی تر ئەم کارلێکە لە ئەنجامی

بارودۆخێکدا ڕوو دەدا کە تێیدا کەسی دەستدرێژیکار بە لێکدانەوەی ئەو دۆخە وەک کارلێکێک دەستدرێژیی سێکسی لێ دەوەشێتەوە. کارلێک، لێکدانەوەی زەینی (سووژەیی) بۆ واقیعێکی ئۆبژەییە، و لە دیالێکتیکی ئۆبژە و سووژەدا بەرساز دەبێت. دەستدرێژیی سێکسی وەک کارلێک، بەرەو ناسینی ئەو بارودۆخە ئۆبژەییە ڕامان دەکێشێ کە ڕەهەندی زەینیی (سووژەیی) دەستدرێژیکار لە ژێر کاریگەریی ئەو ئۆبژێتییە، بەرساز دەبێت. تایبەتمەندیی سووژەیی هەمان خۆکۆنترۆڵکردنی کەمە کە لە سەر بنەمای بارودۆخە ئۆبژەییەکان کە هەمان تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو چین و توێژ، ڕەگەز، ئەزموونی ژیاو و ...ی کەسی دەستدرێژیکارە بەرساز بووە کە بە تەرکیز خستنە سەر ئەمانە دەتوانین ئەم تایبەتمەندییانە وەدەست بهێنین.

لە پۆلێنبەندیی کارلێکەکاندا دەتوانین دەستدرێژیی سێکسی لەو کارلێکانەدا بگونجێنین کە پەیوەست بە ئامانج و کارلێکی سۆزدارین چونکە هەمیشە لە ژێر کاریگەریی هەستی دەستدرێژیکاردا ڕوو دەدا و ئامانجێکی هەیە، بەم ئاراستەوە ڕەهەندە خوورییەکەی ناهێڵێ لایەن و ڕەهەندەکانی ببینرێ و شرۆڤە بکرێت. بۆ نموونە ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسی لە تافی منداڵیی دەستدرێژیکار یان ئەزموونی بینینی توندوتیژیی سێکسی لە ئەزموونی ژیاوی هەرەتی منداڵیی کەسی دەستدرێژیکاردا (ئۆبژێتیی کۆمەڵایەتی)، وەها زەینی ئەوی بەرساز کردووە (سووژێتیی کۆمەڵایەتی) کە لە تەمەنی گەورەساڵیدا کاتێک بکەوێتە دۆخێکی ئۆبژەیی (ئۆبژێتیی کۆمەڵایەتی) کە بە هەر شێوەیەک وەبیرهێنەرەوەی ئەو ئەزموونە بێ (سووژێتیی کۆمەڵایەتی) وەک کارلێکێک (وەک بەریەککەوتنی ئۆبژێتیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ سووژێتیی کۆمەڵایەتی) دەست دەکا بە ئازاردان و لەبەر ئەوەی ئەم کارلێکە لە سەر بنەمای ئەو دۆخە ئۆبژەییە وەبیرهێنەرەوە، دووبارە دەبێتەوە کارلێکێکی خووخدەیی لە قەڵەم دەدرێت. لە حاڵێکدا کە ڕەهەندی خووخدەیی وەها کارلێکێک نابێ لە چاودێریکردنی ئەم پرۆسە بمانگێڕێتەوە و چالاکبوون یان زیرەکانەبوونی وەها کارلێکێک پەراوێز بخات.

شەڕانگێزیی کەسێکی دەستدرێژیکار، وەک کارلێکە، ئەم کارلێکە لە هەستی ناخی کەسی دەستدرێژیکارەوە سەرچاوە دەگرێت. لە سەر بنەمای ئاراستەی کۆمەڵناسیی هەستەکان، ڕیشەی ئەم شەڕانگێزییە لە بارودۆخ و زەمینەی ژیانی کەسەکەیە. کاتێک تاکەکان لە دۆخێکی نالەباردان، هەندێ نارەزامەندی بەئەزموون دەکەن کە ئەم نارازیبوونە هەستی نەرێنی و تێکدەرانەیان تێدا دروست دەکا و بە دوایدا توڕەیی و

شەڕانگێزی وەک کارلێکێک لەواندا دەردەکەوێت. وەک لە گێڕانەوەیەکدا باس کرا، خاڵۆی وەک کەسێکی دەستدرێژیکار بەردەوام لە لایەن دایکی خۆیەوە کۆنترۆڵ و چاودێری کراوە بە جۆرێک کە کەسایەتییەکی سەربەخۆ و ئازاد و سەربەستی نەبووە. بەشێک لەم هەستە تورەییە کە لە شێوەی کارلێکی شەڕانگێزانەدا خۆی دەنوێنێ، هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەم نەبوونی ئازادی و کۆنترۆڵە زۆرەی کە لە لایەنی ئەویتری کە هەمان دایکە. بە واتایەکی دیکە هەندێ هەلومەرج و زەمینە دەبینین کە توانیویانە تورەیی و کارلێکی شەڕانگێزانە لە دەستدرێژیکاردا دروست بکەن کە یەکێک لە دەرکەوتەکانی لە چوارچێوەی دەستدرێژیی سێکسیدا بووە. هەر ئەم کەسە لە پەیوەندییەکدا لەگەڵ دایکی و دیتران کەسێکی کۆڵدەر و ترسنۆکە و لە پێوەندی لەگەڵ ئازاردراوەکان (یان دەستدرێژیکراوان) کە خوشکەزاکەی خۆیەتی، باڵادەست و چەوسێنەرە. هەستی ترس و تورەیی لە هەستە بەهێزەکانی کەسانی دەستدرێژیکارە و هەڵبەت لە هەمان کاتدا هەستی لێکدژی دیکە وەکوو هەستکردن بە کۆنترۆڵکردن، شەرم، گوناح و تاوان و هتد بەئەزموون دەکەن.

چارلز هۆرتن کۆلی بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتیی بیچمگرتنی "خۆ" لە پەیوەندیی دوولایەنەی نێوان تاک و کۆمەڵگا لە کاتی ئەزموونی بەکۆمەڵایەتیبووندا، پرۆسەی "خۆی ئاوێنەیی" لە سێ قۆناغی جیاوازدا بە شیاوی پێکهاتن دەزانێت:

١- دەرکەوتنی "خۆ" لە چاوی دیتران یان لەبەردەم ئاوێنەی "خۆی دیتران".

٢- چۆنیەتیی قەزاوەتکردنی دیتران سەبارەت بە دەرکەوتنی "خۆ"ی ئێمە.

٣- دەرکەوتنی سۆزداری لە ئێمەدا لە ئەنجامی قەزاوەت و هەڵسەنگاندنی دیتران، کە دەتوانێ غروور یان ڕیسوایی ئێمەی لێ بکەوێتەوە. (وەرگیراو لە تخلیص تنهایی). ئەم سێ قۆناغە پیشاندەری سەرهەڵدان و چاکسازی و تەواوبوونی خۆ لە هەمبەر دیترانە و ئەگەر ئەم پرۆسەی گەشەکردنە بە هەر شێوەیەک تێک بچێ، ئەوا "خۆ" لە فۆرمێکی نەخۆشدا دەردەکەوێ و ئەم شێوازی تێگەیشتنە ڕەگ و ڕیشەی لە ئابووریدایە. بە بڕوای کۆلی دواکەوتوویی هەژاران لە مانەوەی شیاوترین (مانەوەی خۆگونجێنەکان) پرسێکی کۆمەڵایەتییە و پرسێکی زیندەوەرناسی نییە. ناوبراو ڕەگی هەژاری و لێکەوتەکانی لە کۆمەڵگادا دەبینێ نەک لە سروشتدا. هەژاری دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێک چینی کۆمەڵایەتی بە هۆی دۆخی ئەو ژیانە نزمەی کە لە دەرفەتەکاندا بەدەستی دەهێنن هەندێک فەرهەنگ و سەرچەشنی نۆرماتیڤی تایبەتیان هەبێت. دەرفەتەکانی ژیان، وەکوو

دەرفەتی یەکسان، سوودمەندبوون لە کار و پیشە، خانووبەرە و خوێندن، هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ هەبوون یان نەبوون، و چینە کۆمەڵایەتییەکان لەم جیاوازییانەدا لە یەکتر جیا دەبنەوە. بۆیە تێگەیشتنی مرۆڤەکان لە پێگەی چینایەتیی خۆیان کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر شێوازی ژیانیان دەبێت.

پرۆسەی نکۆڵی‌کردن لە بواری دەستدرێژیی سێکسیدا، میکانیزمی هاوبەشی تاک و خێزان و کۆمەڵگا و هۆکارە زەمینەسازەکانیان

هاودەستییەکی سیستماتیک هەیە لە نێوان ئەو کەسەی کە دەستدرێژی دەکرێتە سەر، واتە منداڵ وەک قوربانییەکە، و خێزانەکەی کە بەرپرسی پاراستن و بەرگریلێکردنی لە هەمبەر دەستدرێژیکارن، و دامەزراوە چاودێری و یاساییەکان. ئامانجی هاوبەشی هەموویان شاردنەوە یان نکۆڵیکردن لە ڕووداوی دەستدرێژییە بۆ ئەوەی ئابڕوویان نەچێ، چونکە دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵ بە بابەتێکی قێزەون دادەنرێ کە دەبێ بشاردرێتەوە بۆ ئەوەی ئابڕوویان نەچێت.

بەو پێیەی کە زەینی منداڵانی دەستدرێژیکراو لە سەر ئەم ئاراستە بونیاد نراوە و ئەم باوەڕە لەواندا بەدروونی بووە، وەک کارلێکی بەرگری نکۆڵی لە دەستدرێژییەکە دەکەن و دەیشارنەوە. ئاوایە کە نێوان دەستدرێژیکاران وەک کەسانێک کە دەسەڵات دەسەپێنن و منداڵانی ئازاردراو وەک قوربانی و کەسانێک کە دەسەڵات بە سەریاندا سەپاوە، هاودەستی و هاوقۆڵییەکی ڕێکخراو بۆ نکۆڵیکردن لە ڕووداوی دەستدرێژییەکە بەدی دەکرێت. لە کۆتاییدا کەسی دەستدرێژیکراو یان ئازاردراو بۆ شەرعییەتدان بەم دەستدرێژییە کە هەمیشە بە شتێکی ناشیرین دادەنرێ، مل بە هاوسەرگیری لەگەڵ کەسی دەستدرێژیکراو دەدات. بە گوێرەی دیمانەکان، میکانیزمی هەڕەشە لە لایەن دەستدرێژیکارەوە لەم ڕووەوە سەرکەوتووە بووە کە لە زەینییەتی کۆمەڵایەتی و زەینی دەستدرێژیکراواندا کە قوربانین دەستدرێژی وەک شتێکی ناشیرین و ئابڕووبەرە لە قەڵەم دەدرێ نەک وەک دەستدرێژی و پەلامار. کەواتە لە ترسی بێئابڕووبوون خۆ لە درکاندنی ڕووداوەکە دەپارێزێ و وەک نهێنییەکی سەر بە مۆر دەیشارێتەوە و حاشای لێ دەکا و هەر بۆیە دەستدرێژیکراو پەیتا پەیتا دەستدرێژی دەکرێتە سەر و وەڵامی ئەرێ بە هەڕەشەکانی دەستدرێژیکار دەداتەوە.

یەکێک لە لێکەوتەکانی دەستدرێژیکردن بۆ سەر منداڵ ئەوەیە کە سەرمایە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو متمانە و ئاسایش و ڕاستگۆیی ئەو منداڵە بەرامبەر بەو جیهانەی تێیدا دەژی و ژیانی کۆمەڵایەتییەکەی لاواز دەبێ بە جۆرێک کە منداڵی دەستدرێژیکراو هیچ هەوڵێک بۆ ڕاگەیاندنی ئەم ئازار و دەستدرێژییانە بە فەزای کۆمەڵایەتیی دەوروبەری خۆی نادات. گرینگینەدان بە دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان، وردە وردە سەرمایە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا لاواز دەکات.

ئاخافتنە وەدەستهاتووەکانی توێژینەوە دەریدەخا کە هۆشیاریی قوربانیان سەبارەت بە تۆڕە پشتیوانییەکەیان بۆ ڕاگەیاندنی ڕووداوی ئازاردانی سێکسی لە سەر ئاستی کۆمەڵگای ئێراندا لاوازە. ئەم حاڵەتە ناکارامەیی ئەو دامەزراوانە نیشان دەدا کە بەرپرسی زانیاریبەخشین و ئاگادارکردنەوەن، کە ئەمە خەسارناسیی میدیای گشتی و کەناڵە پەیوەندییەکان زەرووری و پێویست دەکات.

ئەوەی بیچم بە زەین و ڕوانگەی تاکەکان دەدا، شێوازی ژیانیان لە ناو خێزان و کۆمەڵگایە، کە لە ژێر کاریگەریی هەلومەرجی ئۆبژەیی ژیان لەوانە ئابووریی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی پێک دێت. لە ڕاستیدا ئەوە بارودۆخە ئۆبژەییەکەیە کە ڕەهەندی زەینی (سووژەیی) و دەروونیی تاکەکان وەک ڕاپەڕێنەرانی کۆمەڵایەتی بەرساز دەکا و بیچم و ئاراستە بە کارلێکەکانیان دەبەخشێت. کەواتە لە بەریەککەوتنی ئۆبژە لەگەڵ سووژە، واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی و وشیاری دروست دەبێت. لە لێکدانەوەی ئاخافتنانەدا ڕوون دەبێتەوە کە لە بەریەککەوتنی ئۆبژە لەگەڵ سووژە، زەمینە و بەستێنی ئازاردانی سێکسی وەک واقیعێکی کۆمەڵایەتی خۆش دەبێ و ئەم واقیعەش لە ناو پانتای کارلێکە دوولایەنەکاندا لە لایەن هەمان ئەم زەینانەوە هەموو ڕۆژێ لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕوو دەدەن، دیسان بەرساز دەبێتەوە و لەم ڕەوتدا بەرهەم دەهێنرێتەوە و پیشان دەدرێتەوە و چینەکانی پتەو دەبن، وەک ئەوەی هەمیشە هەبووە و شتێکی زاتی و سروشتییە و هەر ئەمەش وای کردووە کە بە شتێکی کۆمەڵایەتی لە قەڵەم نەدرێ کە پێویستی بە تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و شیکاریی کۆمەڵناسی هەبێ، بەم شێوەیە کە هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە بەدیهێنەرەکانی دەستدرێژیی سێکسی، دەشاردرێنەوە و پشتگوێ دەخرێن.

لە درێژەدا شێوازی کارکردی میکانیزمە سۆزدارییەکان لە ڕوانگەی کارلێکی دوولایەنەگەرایی و کۆمەڵناسیی سۆزەکانی ئۆک چایڵد[1] ڕوون دەکرێتەوە. بە بڕوای ئەو، سۆز لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە داینامیکی زیندەوەرناسییەوە هەیە، بە پێچەوانەی هەستەکانی دیکەمان، سۆز ڕاستەوخۆ بە ڕەفتاری تاکەکانەوە بەستراوەتەوە و ئەوەش ئەو کاتەیە کە جەستەی کەسێک لە ڕووی زیندەوەرناسییەوە ئامادەیی پێویستی بۆ تێوەگلان بە کارێکی کۆمەڵایەتی هەیە، سۆز لە ڕەوتی کردەوەدا دروست دەبێت. جگە لەوەش، لە کاتی ئامادەکاری بۆ جووڵە بۆ ئەنجامدانی کارلێک، سۆز، هەندێ توخمی مەعریفە لە شێوەی "کاردای سیمبۆلی" لە خۆدا هەڵگرتووە. بەم شێوە سۆزەکان دەرەنجامی هەوڵەکانی ئێمە بۆ ئاشتکردنەوەی ئەزموونەکانی ڕابردوو و ڕووداوە ڕاستەقینەکانی ئێستان. بەڵام سۆزەکان داتای لێبڕاوەی زیندەوەرناسی یان دەروونناسی نین کە لە کاریگەریی کۆمەڵگا و فەرهەنگ پاڕێزراو بن، بەڵکوو سۆزەکان لە ڕەوت و لە چوارچێوەی کارلێکی دوولایەنەدا لە لایەن تاکەکانەوە چالاکانە بەرهەم دەهێنرێن و بەڕێوە دەبرێن، ئەوان هەر وا بە ئاسانی لە ڕێگەی ئەزموونەوە بەدەست ناهێنرێن، بەڵکوو دەخولقێنرێن. لە مانایەکی گرنگدا، ئێمە سۆز لە چوارچیوەی کاری سۆزداریدا "ئەنجام" دەدەین. واتە تاک هەوڵ دەدا جۆر و توندیی ئەو هەستانەی کە لە ڕەوتی کارکردندا دەریاندەبڕێ، بیگۆڕێ یان بەڕێوەی ببات. کاری سۆزداری دەتوانێ هاوکات هەوڵێک بێ بۆ دروستکردنی

---

١ - ئارلی ڕوسیل ئۆک چیڵد (Arlie Russell Hochschild) لە ساڵی ١٩٤٠ لە ویلایەتی میریلاند لە ئەمریکا لەدایک بوو. ڕوانگەکانی بووە هۆی ئەوەی کە دنیای دابەشکراو بە شێوەی ژنانە و پیاوانە ببینێ، جیهانی پیاوانە دنیای کاری پیشەیی و پسپۆڕییە، جیهانی ژنانە جیهانی پەرستاری و سەرپەرشتیکردنە. لێکۆڵینەوەکانی لەم بوارەدا وای لێکرد کە بڵێ کۆمەڵناسی بواری کاری پیاوانە، تیۆری و شێوازەکانی ئەم بوارە بە پێی ئەزموونی پیاوبوون بیچمی گرتووە و ئامادە کراون. بۆیە هەوڵی دا کۆمەڵناسییەک بناسێنێ کە لە ژێر کاریگەریی ئەزموونی ژنانەشدا بێت. ئەم کۆمەڵناسییە تەنیا لە ڕووی ژمارە و ئامار و ڕاستییە ئاشکراکانەوە لێکۆڵینەوە لە واقیعی کۆمەڵایەتی ناکا، بەڵکوو چیرۆکی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان بە وتەی خۆیان شی دەکاتەوە و لێی دەکۆڵێتەوە. لەم ئاراستەدا دەیهەوێ وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە: تەنیا گرنگ نییە بزانین مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا چۆن بیر دەکەنەوە، بەڵکوو گرنگە بزانین چۆن هەست دەکەن، کۆمەڵناسیی سۆز بە دوای ئەم ئامانجەدا دەگەڕێت.

ئەنگێزە بۆ بیچمدان بە هەستێکی دیاریکراو یان هەوڵێک بێ بۆ سەرکوتکردنی هەستێکی تر. جەختکردنەوەی ئۆک چایلد لە سەر بەڕێوەبردنی سۆزداری لە سەر کارلێکی "قووڵ"ە، کارلێکێکی دەروونی کە هەوڵێکی دەروونی بۆ بەرهەمهێنانە نەک دەربڕینی هەستەکان، "هەستێکی ڕاستەقینە کە خۆورووژاو و بە ئەنقەستە" (اُک‌چیلد، ١٩٨٣ هەتاوی) و ئەمەش هەمان ئەو خاڵەیە کە لە پرۆسەی نکۆڵیکردندا لە لایەن قوربانیانی دەستدرێژیی سێکسیی بەرلێکۆڵینەوە شاهیدی بووین.

پێویستیی بینران، وابەستەیی و بێبەشیی فرەڕەهەند سێ هۆکاری زەمینەساز و درێژەپێدەری دەستدرێژیی سێکسین

بەکارهێنانی تەکنیکەکانی فریودان لە لایەن دەستدرێژیکارانەوە ئەوە نیشان دەدا کە خواستێکی سەرکوتکراو لە منداڵدا هەیە کە ئەم خواستە سەرکوتکراوە خواستە سۆزداریەکان و خواستی گرنگیپێدانە کە لە لایەن "ئەویترە گرینگەکان"ـی ژیان، واتە دایک و باوک و کەسوکار کە بەرپرسیاری چاودێریکردن و کۆمەڵگاگریی ئەون؛ وڵام نەدراوەتەوە یان پشتگوێ خراوە. ئەو منداڵانەی کە خواستی سەرکوتکراو یان نەبینرانیان هەیە یان سەرنجی پێویستیان پێ نادرێ، زیاتر لە لایەن دەستدرێژیکارانەوە بە تەکنیکی فریودان وڵامی ئەرێنی دەدەنەوە.

پەیوەندیی سێکسی لە سەر بنەمای خاوەندارێتی و لە جۆری پێبەستراویی نێوان دایک و کوڕ پەیوەندیگەلێکن کە لە سەر بنەمای وابەستەیی لەڕادەبەدەر و نەخۆشیئاسایە. ئەو هەستە خاوەندارێتییەی کە پێگەی دایکی وەک سەرپەرشتێک کە دەبێ منداڵەکەی فێری هونەری خۆشەویستی بکا، لە ناو بردووە. هەر مرۆڤێک لە سەر بنەمای چەمکی خۆشەویستی پەیوەندی لەگەڵ جیهانی کۆمەڵایەتیی دەوروبەری خۆیدا ساز دەکا و ئەم چەمکە یەکەم جار لە پەیوەندی لەگەڵ دایکیدا بەئەزموونی دەکا و بۆ خۆشویستنی جیهانی کۆمەڵایەتیی خۆی وەک سەرچەشن و مۆدێلێک بەکاری دەهێنێت. منداڵێک کە لە جیاتی چەمکی خۆشەویستی لە پێوەندی لەگەڵ دایکیدا ئەو جۆرە پەیوەندییە پێبەستراوەییە خاوەندارێتییانە بەئەزموون دەکا، پەیوەندییەکەی لەگەڵ جیهانی کۆمەڵایەتی، لە سەر بنەمای ئەم پێبەستراویی و وابەستەییە ناهاوسەنگانە بەرساز دەکا و لە داهاتوودا جۆرەکانی پەیوەندیی مازۆخیستی و سادیستی بەرهەم دەهێنێتەوە.

لە منداڵانی دەستدرێژیکراودا، بۆشایی سۆزداری و گرنگینەدان بەدی دەکرێ و ڕازی‌کردنی سۆزداری ئەم بۆشاییە لە لایەن دەستدرێژیکارەوە وای لێ دەکا کە خۆڕاگری نەنوێنێ و وەڵامی داخوازیی دەستدرێژیکار بداتەوە کە ئەمەش ڕێگە بە بەردەوامبوونی دەستدرێژییەکە دەدات. دیمانەکان ئەوەمان بۆ دەردەخا کە ئەو کاتە دەستدرێژیکاران هێزی جەستەیی و فیزیکیان بەرامبەر بەو منداڵەی کە لە ڕووی جەستەیی و فیزیکییەوە لەوان لاوازتر بوون، بە کار دەهێنا کە دەستدرێژیکراوان لایەن پارێزەران و بەرپرس و چاودێرانکانیانەوە پشتگوێ خرابان و چاودێری نەکرابان و بەرگرییان لێ نەکرابایە. دەستدرێژیکاران تەنیا بە هێزی فیزیکی و جەستەیەکی بەهێزتر نێچیرەکەیان ناپێکن و دەستدرێژیکاران تەنیا هێزی جەستەییان پێ هۆکارێکی تەواو نییە و ئەم بۆشاییە بە شێوەی مەرجدار ڕێخۆشکەری پەلامار و دەستدرێژییە.

لە گێڕانەوەکاندا ئاماژە کراوە بە نەبوونی هۆشیاری و هەژاریی ئابووریی باوکی منداڵێک کە دەستدرێژی دەکرایە سەر و ئەمەش ئەو گریمانە پشتڕاست دەکاتەوە کە بێبەشی، ڕەهەندی بەرفراوانی هەیە کە تەنیا یەکێکیان بێبەشیی مادی و ئابووری یان دارایی و هەڵبەت ڕەهەندە گرنگترەکەیە، چونکە بێبەشیی ئابووری یان مادی ڕەهەندی دیکەی بێبەشی لێ دەکەوێتەوە و بە واتایەکی دیکە پێشەکیی هەموو ڕەهەندەکانی دیکەی بێبەشییە. بێبەشێتی لە هەموو ڕەهەندەکانیدا زەمینەسازی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵانە.

ئەو نموونەی سەرەوە پەیوەندیی نێوان پێداویستییەکانی ژیانی کۆچبەرانی ئەڤغانی و دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵەکانیان پیشان دەدا، ئەو کۆچبەرانەی کە لە کۆمەڵگەی ئێراندا لە پێداویستییە سەرەتاییەکان و لانیکەمی ماف و مافە مرۆییەکان بێبەشن و ئەم بێبەشی و هەلومەرجەی کە لە کۆمەڵگەی ئێراندا بەئەزموونی دەکەن، زەمینەسازی ئەوەیە کە منداڵەکانیان زیاتر ڕووبەڕووی ئازاردانی سێکسی ببێتەوە. هەروەها دەستدرێژیکاران تەکنیکی ئالوودەکردنی منداڵان بەکار دەهێنن چونکە جۆرە وابەستەییەکیان تێدا دروست کە لە سەر بنەمای خواستی مادە هۆشبەرەکانە و لەم ڕێگەوە دەتوانن زەمینەی دەستدرێژی و بەردەوامیدان بە دەستدرێژی لە ڕێگەی دابینکردنی مادەی هۆشبەر بۆ منداڵە ئالوودەبووە وابەستەکە خۆش بکەن. بەگشتی کێشەی وابەستەیی قوربانیی دەستدرێژی و ئەندامانی خێزانەکەی بە کەسی دەستدرێژیکار ڕێگری لە درکاندنی ڕووداوی دەستدرێژی و لێپێچینەوە لە دەستدرێژیکار دەکات. ئەم

وابەستەییە دەتوانێ هەم لە ڕەهەندی مادی یان هەمان بژێویی ژیان و هەم لە ڕەهەندی نامادی، واتە دەروونی و سۆزداری بێت. لە لایەکی ترەوە، نەبوونی پەیوەندیی دۆستانە لە نێوان ئەندامانی خێزان، کە کاریگەریی لە سەر متمانە و ئاسایشی کەسی دەستدرێژیکراو بەرامبەر بەوان دادەنێ، هۆکارێکە کە ڕێگری لە قسەکردن و ئاشکراکردنی ئەو دەستدرێژییە دەکات. لە کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێران، بە هۆی چالنجە گەشەییەکانەوە، دامەزراوە و ڕێکخراوە پشتیوانییەکان لەم ڕووەوە پشتیوانییەکی بەهێز لە قوربانیی دەستدرێژی ناکەن، هەر بۆیە ناتوانن ببنە بەدیلێکی گونجاو بۆ نەبوونی پشتیوانی لە لایەن بنەماڵە یان پرسی ئەو وابەستەییانەی کە باسیان کرا.

شەرم بە هۆی نەبوونی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ دایک و بە بێئەدەبی زانینی دەستدرێژی بە هۆی قەزاوەتانەی کە بوونەتە خووخدە، ئەو هۆکارانەن کە بوونەتە هۆی ئەوەی کە دەستدرێژیکراو نکۆڵی لە ڕووداوی دەستدرێژییەکە بکا و لەقاوی نەدات.

هەڵبەت زەینی منداڵان و مێرمنداڵان لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵگا و بیروباوەڕەکانیدا بیچم دەگرێ و لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا لە سەر بنەمای دەستدرێژی پشتگیری لە ئازاردراوەکان نییە و زۆر جار قوربانییەکە وەک تاوانبار و خەتابار لە قەڵەم دەدا نەک قوربانیی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان، هەر بۆیە ئەم جۆرە پێشگریمانە و باوەڕە هەڵانە زەینی دەستدرێژیکراوان دەشەمزێنێ و بەدەروونیبوونی ئەم زەینییەتە هەڵەیە، سووڕی سەقەتی دەستدرێژی دووبارە دەکاتەوە و بەرهەمی دەهێنێتەوە.

چالنجی تۆڕە پشتیوانییە فەرمی و نافەرمییەکان بۆ قوربانیانی دەستدرێژیی سێکسی لە کۆمەڵگای ئێراندا

تۆڕە پشتیوانییە فەرمی و نافەرمییەکان لە کۆمەڵگای ئێراندا هەر یەکەیان ئاستەنگ و چالنجی خۆیانیان هەیە کە منداڵان لە کاتی داوای هاوکاریکردن بۆ شکاندنی زنجیرەی ئازاردان یان وەستاندنی دەستدرێژی، ڕووبەڕووی کێشە و گرفت دەبنەوە. تۆڕە پشتیوانییە نافەرمییەکانی وەکوو خانەوادە و هاوڕێ و ناسیاوەکان بە هۆی کلیشە فەرهەنگییە باڵادەستەکان کە دەرەنجامی کەمیی هۆشیاریی کۆمەڵایەتییە کە وەک ئابڕووچوونێک لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ وتەزای دەستدرێژیی سێکسی دەڕوانن؛ یان بە هۆی لاوازیی فەزای گفتوگۆ و هەڵسوکەوتە کە دەتوانێ لە ژێر کاریگەریی جیاوازی سیستەمی بەهای نەوەکان و لێکدژیی نێوانیان لە بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگای ئێراندا؛ ناکارامە و ناکاریگەر

بێ کە متمانە و ڕاستگۆیی بۆ ئاشکراکردن ڕووداوی دەستدرێژییەکە لە ناو دەبات. لە لایەکی ترەوە تۆڕەکانی پشتیوانیی فەرمی بە هۆی بارودۆخی نالەباری ئابووری و کۆمەڵایەتی و نزمیی ئاستی چاودێریی کۆمەڵایەتی، نەبوونی سیاسەت و خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیی پاڵپشت، بەتایبەت بۆ گروپە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکانی وەکوو منداڵان، بەساڵاچووان، و ژنان لەم بارودۆخەشدا ناکارامە و بێکاریگەرە.

لە ئەنجامدا، هەم تۆڕە پشتیوانییە فەرمییەکان و هەم نافەرمییەکان هەمیشە وەک ستراتیژییەک بۆ دوورکەوتنەوە لە ڕوودانی منداڵئازاری بێکاریگەر بوون. منداڵان وەک ڕاپەڕێنەرانێک کە دەبێ لە بەکارهێنانی ستراتیژییەکانی دوورکەوتنەوە لە دەستدرێژی، چالاک و زیرەکانە ئیش بکەن، کارلێکێکی چالاکانە یان زیرەکانەیان نییە، ئەمەش بە هۆی ئەوەیە کە بۆ بەتوانابوون ڕاهێنانی پێویستیان نەبینیوە و ئەمەش پیشاندەری گرینگینەدان بە پەروەردە و کاراکردنەوەی تواناکانیان و پتانسێلە پەنگراوەکانیانە. کەواتە ئەوەی کە منداڵان بە شێوەیەکی گونجاو و بارودۆخی کەڵک لە ستراتیژی خۆ بەدوورگرتن لە دەستدرێژی وەرناگرن و ئەم ستراتیژانە جێبەجێ ناکەن دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار ١. پرسە پێکهاتەیی و زەمینەییەکان لە سەر ئاستی کەڵان و ٢. کێشە و ئاستەنگەکانی کارلێکی سازێنەر و چالاک لە سەر ئاستی بچووک لە لایەن منداڵەوە کە وەک چالاکێک لێرەدا دەردەکەوێت.

ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە نەبوونی ڕاهێنان و زانیاری و لێهاتوویی پێویست لە ناو گرووپی منداڵاندا، پیشاندەری پێویستیی خەسارناسیی دامەزراوە کۆمەڵگاگرییەکانی وەکوو خێزان، قوتابخانە و میدیا گشتییەکان بە پێداگریکردنە سەر پێکهاتە و کاردای هەر کامیانە. لە لایەکی دیکەوە پشتیوانینەکردنی دایک لە منداڵێک کە لە لایەن باوکیەوە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەر، دەگەڕێتەوە سەر خەسارناسیی بواری ژنان و هەڵاواردن و جیاکاریی ڕەگەزی لە ناو کۆمەڵگای ئێستای ئێراندا، چونکە دەبینرێ کە ژنان، سەربەخۆیی، بوێری، لێهاتوویی پێویست و هەروەها پشتگیرییەکی تەواویان بۆ پاراستنی منداڵان لە هەمبەر دەستدرێژیی سێکسیی پیاوان نییە. هەر یەکێک لەم تەکنیکانە لەم بەشەی خوارەوەدا باس دەکرێن.

کاتێک منداڵ لە سەرەتای پەیجووری و ماناسازیدا، لە لایەن ئەو کەسانەی کە بەرپرسی پیشاندانی ڕێگا بەون سنووردار و سەرکوت بکرێ یان بە شێوازێکی گونجاو ڕێنوێنی نەکرێ، ئەوا ناوەنیتکەی لادەر لە ڕێبازە بەرسازکراوەکەی دەدرێ و خۆشی لە لایەن هەمان

ئەو کۆمەڵگایەوە کە پرۆسەی ئەم ماناسازییە نەشیاوەی دروست کردووە، ناوناتۆرەی لادەر یان ناپەسەندی لێ دەنرێت. کۆمەڵگا هەرگیز پرۆسەی تاراندن ناخاتە ژێر پرسیارەوە و زۆر جار ئەوە کەسانی تارێنراون کە لە لایەن کۆمەڵگاوە دەخرێنە ژێر پرسیارەوە و ئەمەش ڕێک هاوشێوەی میکانیزمی باڵادەستیی دەسەڵات بە سەر حەقیقەتە.

ئەخلاق وەک گوتارێکی باڵادەست بە سەر فەزای دەستدرێژیی سێکسی لە کۆمەڵگای ئێران و لێکەوتەکانی

ئەخلاق بە پێی کات و شوێن، سیستەمی کۆمەڵایەتی، دۆخی چینایەتی و هتد جیاوازە. بۆیە زۆر بە توندی لایەنێکی ڕێژەیی هەیە، بەڵام یاساکانی ئێتیک کە باس لە گرنگیی ڕەفتاری ئەخلاقییە (ماف و ئەرک، چاکە و خراپە، کەرامەت و پەستی) و پێوەرە هەڵسەنگاندنەکانی دەکا لایەنی ڕێژەییان کەمترە و لە ڕاستیدا یاسا گشتییەکانی ئەخلاق دەدا بە دەستەوە و سروشتی ئەم یاسایانە ڕوون دەکاتەوە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە خودی پێوەری ئێتیک بە هۆی قۆناغە دیاریکراوەکانی گەشە پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکانە و بە بەدیهێنانی هەندێک پەیوەندیی دیاریکراو لە ناو کۆمەڵگادا، ئەو پەیوەندییانە جێگەی خۆیان دەگۆڕن بۆ پەیوەندییە ئاسایی و گشتییەکانی هاوکاریی مرۆیی، و بارودۆخی تایبەتی خۆی لە دەست دەدا و کاتێک دێ کە وتەزا ئێتیکییەکانیش بە سەر دەچن (طبری، ١٣٥٨ هەتاوی؛ ٦٨-٦٩). وتەزای دەستدرێژیی سێکسی وەک کارلێک، دیاردە یان واقیعێکی نائەخلاقی، لە لایەن خێزان و کۆمەڵگاوە فام ناکرێ هەتا ڕەهەندە هەمەچەشن و فرەچەشنەکانی نەبینرێن و چاودێری نەکرێن. زاڵبوونی گوتاری ئەخلاقی و عورفی ئەوەندە پانتای پەیوەندییە سێکسییە ناباوە باڵادەست و زاڵەکانی سنووردار کردووە کە لێکدانەوەیەکی لۆژیکی و بەڵگەمەند لە دیاردەی ئازاردانی سێکسی و ڕەهەندەکانی هەر وا بە ئاسانی مەیسەر نابێت. لە هەر پێکهاتەیەکی سیاسی - چینایەتی، پێوەرە ئەخلاقییەکان بە شێوەی زەینی و بە بێ گرێدراوی لەگەڵ پێداویستییە ئۆبژەییەکانی جەماوەری خەڵک، مانەوە و پاساوی ئەو پێکهاتە بەرهەم دەهێنێنەوە و دیاری دەکات. ئەم گوتارە ئەخلاقییە زاڵە، وەک بێئابڕوویی لە دەستدرێژی دەڕوانێ و کەسی دەستدرێژیکراو وەک تاوانبار و گوناحبار لە قەڵەم دەدا و لە ئەنجامدا شەرعێتی بە تاراندن، سەرزەنشت و سزادانی دەبەخشێت. بەشێک لە نهێنیپارێزیی کەسی دەستدرێژیکراو ڕەگ و ڕیشەی لە بیروباوەڕی خێزانەکەدایە و بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ

کارلێکە مەسڵەحەتییەکانی بنەماڵە. لە ناو ئەو بیر و باوەڕانەی بنەماڵەدا کە ڕێگری لە ئاشکراکردنی ڕووداوی دەستدرێژییەکە لە لایەن کەسانی دەستدرێژیکراوەوە دەکا دەتوانین ئاماژە بە وتەزای ئابڕوو، قەزاوەتکران، سەرەنشتکران و ... بکەین و لە ناو کارلێکەکانی بنەماڵەدا دەتوانین ئاماژە بە نکۆڵیکردن و قبووڵنەکران، سزادان و تەمبێکردن، تاراندن، سووکایەتی، گاڵتە پێکردن، شەڕ و گرژی و هتد بکەین کە ئەمانە ناهێڵن ڕووداوی دەستدرێژییەکە لە لایەن کەسی دەستدرێژیکراوەوە ئاشکرا ببێت.

لێرەدا دەتوانین لە ڕۆڵی "دەسەڵات" لە ملکەچکردن تێبگەین. بە پێی پێناسەی وێبەر، دەسەڵات بە واتە توانای دەسەڵاتداربوونە بۆ ناچارکردنی دیتران بۆ ملکەچکردنیان لە هەمبەر خواستی خۆ بە هەر شێوەیەک کە بگونجێت. (بشیریە، ١٣٨١ هەتاوی: ٧٤) و پارسۆنز دەڵێ: دەتوانین دەسەڵات بەم شیوە پێناسە بکەین: توانای کۆنترۆڵکردن یان کاریگەریی لە سەر دیتران، بەبێ گوێدانە خواست و ئارەزووەکانیان. دەسەڵات یانی توانای کەسێک یان گروپێک بۆ ناچارکردنی دیتران بۆ ئەنجامدانی کارێک کە خاوەن یان خاوەنەکانی دەسەڵات دەیانهەوێت (عضدانلو، ١٣٨٤ هەتاوی: ٢٧٢). لە شیکاریی فۆکۆدا دەسەڵات واتە کردارێک کە ڕفتاری دیتران دەگۆڕێ یان یان ئاراستەی دەکات. لەم ڕوانگەوە دەسەڵات پێکهاتەی گشتیی ئەو ئاکارانەیە کە کاریگەریی لە سەر کردارە مومکینەکانی دیکە دادەنێت. دەسەڵات دەوروژێنێ، فریو دەدا، ئاسان یان دژواری دەکا و سنووورداری دەکا یان بە تەواوی قەدەغەی دەکات. بەڵام دەسەڵات هەمیشە شێوازی ئەنجامدانی کردەوە لە سەر ئەنجامدەری کردەوە بووە، چونکە ئەنجامدەری کردەوە، کار دەکا و یان توانای ئەنجامدانی کردارەکەی هەیە (دریفوس و رابینو، ١٣٨٧ هەتاوی: ٣٥٨).

لە لێکدانەوەی وتارەکاندا دەرکەوت کە دەستدرێژیکاران بە پەنابردنە بەر ملهوڕی، هێز و دەسەڵات، توندوتیژی و هەڕەشە ڕێگری لە لەقاودانی ڕووداوی دەستدرێژییەکە لە لایەن دەستدرێژیکراوەوە دەکەن. ئەم فاکتەرە، جگە لەوەی کە کەسی دەستدرێژیکراو وەک تاوانبار و گوناحکار نیشان دەدا؛ لە شاردنەوەی دەستدرێژی و درێژەپێدانی دەتوانێ کارساز بێت. وەک لە شیکاریی پێشوودا وتمان، لەبەر ئەوەی قوربانییەکە بە قوربانی نازانرێ و ئەم باوەڕە لە لایەن ئەوەوە بەدەروونی دەبێ و قبوڵی کردووە، بەستێنێکی گونجاو بۆ دەستدرێژیکارەکە دابین دەبێ بۆ ئەوەی هێزی جەستەیی و ملهوڕیی خۆی بەکار بهێنێت.

ڕۆڵی قوتابخانە لە پێشگرتن و بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان و مێرمنداڵان لە کۆمەڵگای ئێراندا

قوتابخانە وەک دووەم دامەزراوەی کۆمەڵگاگری و بەکۆمەڵایەتیکردنی منداڵان؛ دوای دامەزراوەی خێزان و وەک تەواوکەری ڕۆڵی بنەماڵە، زۆرترین پشکی لە پەروەردەی کۆمەڵایەتی و پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی لە منداڵاندا هەیە، بەڵام بەداخەوە لاوازی و کەموکورتی هەیە کە چەوتکارداکانی تەنها لە بواری ڕاهێناندا سنووردار نابێتەوە، بەڵکوو کاردا پەروەردەیی و پێگەیاندنەکانیشی گوماناوین. بوونی پێکهاتەیەکی سیستماتیکی کە تیایدا ڕاوێژکار پێگەیەکی تایبەت و پسپۆڕانەی هەبێ و هەڵبژاردنی بە پێی بنەما و ڕێسایەکی یەکدەست ئەنجام بدرێ، هەموویان لە کاردای پەروەردەدا یارمەتی قوتابخانە دەدەن. بە گوێرەی ئاخافتنەکانی ناو لێکۆڵینەوە، منداڵانی قوتابخانەیی ڕووبەڕووی کۆت و بەند و کۆنترۆڵکردنێکی وەها دەبنەوە کە هەستی ئاسایش و متمانەیان لەم ژینگە و فەزایە باڵادەستەدا کاڵ دەبێتەوە و ناهێڵێ سەبارەت بە ڕووداوی دەستدرێژیی سێکسی ڕاپۆڕیت بدەن و ئاشکرای بکەن و پێیان باشە نکۆڵی لە هەر چەشنە ڕووداوێکی دەستدرێژی بکەن بۆ ئەوەی لە لایەن ئەم دامەزراوەوە ناوەنیتکەیان لێ نەنرێ و سەرکۆنە و سزا نەدرێن و نەتارێنرێن و بەم شێوە کێشەکەیان لەوە قوڵتر و زیاتر نەبێتەوە. لێرەدا خەسارناسیی ناوەندی قوتابخانە لە کۆمەڵگای ئێراندا بە لەبەرچاوگرتنی ئەرکە پەروەردەییەکان بۆ گرووپی منداڵان و مێرمنداڵان زەرووری و پێویستە.

قوتابخانە، هاوتەریب لەگەڵ دامەزراوەی بنەماڵە و گشتێتیی کۆمەڵگای ئێران، ئەو پێشگریمانەی هەیە کە منداڵ یان مێرمنداڵی دەستدرێژیکراو لە ڕۆڵی قوتابیدا، تاوانبار و خەتاکارە و قوربانی دەستدرێژی نییە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش دەستدرێژی وەک گوناح و تاوان دەبینێ و لە ئەنجامدا ناوەنیتکە لە قوتابیی دەستدرێژیکراو دەدا و بۆ قەرەبووکردنەوەی کەموکوڕییەکەی، ڕێکاری دەرکردن لەقوتابخانە، لێنانی ناوەنیتکەی بێئابڕوو و سەرکۆنە بەکار دەهێنێت. لێرەدا دەستدرێژیکراو لە بری ئەوەی بە قوربانی بزانرێ و لە لایەن کۆمەڵگا و دامەزراوەکانەوە پاڵپشتی بکرێ؛ یەکگرتنێکی سیستماتیکی نێوان کۆمەڵگا و داموودەزگاکانی کۆمەڵگاگری وەکوو خێزان و قوتابخانە هەیە کە دەستدرێژیکراو بە تاوانبار و خەتابار سەیر دەکا؛ ڕێکاری سزادانی دەستدرێژکراو لە لایەن دامەزراوەکانەوە ئاسانە و کەڵکاوەژۆیی دەستدرێژیکار بەردەوامە.

پێشنیار و ڕێکارەکان

لەم بەشەدا بۆ پێشگرتن و خۆپاراستن لە دەستدرێژی و چارەسەری قوربانیانی دەستدرێژیی سێکسی کۆمەڵێ پێشنیار خراوەتە ڕوو. بەڵگەکانی ئەم بەشە لە سێ سەرچاوەی سەرەکییەوە وەرگیراون. سەرچاوەی یەکەم ئەزموونی ئەو کەسانەیە کە دەستدرێژی کراوەتە سەریان. ئەم کۆمەڵە کەسە، وەک کەسانێک کە ئەزموونی ژیاوی دەستدرێژی و لێکەوتەکانیان هەیە، سەرچاوەیەکی زانیارییان هەیە کە دەتوانرێ لە داڕشتنی سیاسەتدا لەبەرچاو بگیرێت. سەرچاوەی دووەم پێشنیاری پسپۆڕان و خاوەنڕایانی ئەم بوارەیە لە بوارە جیاوازەکانی وەکوو کۆمەڵناسی، مێژوو، توێژینەوەکانی بواری ژنان و خێزان، یاریدەدەریی کۆمەڵایەتی، دەروونناسی، یاسا و تاواننناسی و ... کە دیمانەیان لەگەڵ کرا. پسپۆڕانی ئەم بوارە بە هۆی ئەو زانیارییە پسپۆڕییەی کە هەیانە یەکێک لە سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی زانیارین و ڕەنگە هەندێکیان ساڵانێکی زۆرە لەگەڵ کەسانی دەستدرێژیکراو و ئازاردراو کاریان کردبێت. سەرچاوەی سێیەم ئەدەبیاتی بواری منداڵئازارییە کە بۆ دەوڵەمەندکردنی پێشنیارەکان بەرهەمدار بووە. پێشنیارەکان بەم شێوەن:

پەروەردە و هۆشیارکردنەوە: بابەتی سێکس پێش ئەوەی پەیوەندی بە غەریزە و ڕەفتاری زیندەوەرناسییەوە هەبێ، لە ژێر کاریگەریی مادە ناسێکسییەکاندایە (نۆرم و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، فەرهەنگی کۆمەڵگا ...) (پیوندی، ٢٠١٩) کە دەتوانرێ بە پەروەردەی کارامەوە کۆنترۆڵ بکرێت. یەکێک لەو بابەتانەی کە لە لایەن هەم منداڵانی دەستدرێژیکراو و هەم لە لایەن شارەزایانی ئەم بوارەوە پێشنیار کراوە و لە ئەدەبیاتی ئەم بوارەشدا بوونی هەیە، ڕاهێنان و هۆشیارکردنەوەی منداڵان و خێزانەکانیان لە بواری پەروەردەی سێکسییە، بۆ ئەوەی زانیاری و تواناکانیان لە بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان زیاد بکات. وەک وترا "ڕاهێنانی سێکسی لە سەرەتای منداڵییەوە دەست پێدەکا و هەتا مێرمنداڵی و گەورەساڵی بەردەوام دەبێت". مەبەست لەمە پاڵپشتی و پاراستنی گەشەی سێکسییە. ئەمەش وردە وردە منداڵان و مێرمنداڵان بە زانیاری و لێهاتوویی و بەها ئەرێنییەکان تەیار و بەهێز دەکا بۆ ئەوەی بتوانن لە سێکس تێبگەن و لە قۆناغەکانی دواتری ژیاندا چێژی لێ وەربگرن و پەیوەندییەکی سێکسیی تەندروست و تەواویان هەبێ و بەرپرسیارێتیی تەندروستیی سێکسیی خۆیان و کەسانی دیکەش لە ئەستۆ بگرن. "ڕاهێنانی سێکسی بناغە و بونیادێک بۆ تێپەڕینێکی پارێزراو و دڵخۆشکەر

بۆ تەمەنی گەورەساڵی" دابین دەکا بۆ ئەوەی لە ڕێگەی دنەدان بۆ تێگەیشتن لە هەست و سۆزەکان، فێرکردنی زاوزێ، لێکدانەوەی پەیوەندییە خێزانی و نێوان‌کەسییەکان، فێربوون دەربارەی ئاسایش و متمانە بەخۆبوون و توانای پەیوەندیسازکردن هان بدرێن (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، ٢٠١٢ : ١). زۆرێک لەو شارەزایانەی کە کە دیمانەیان لەگەڵ کرا و هەروەها ژمارەیەکی زۆری ئەو کەسانەی دەستدرێژی کراوەتە سەریان، ئاماژەیان بە گرنگیی ڕاهێنان و هۆشیارکردنەوە لە ڕێگەی ئەو ڕاهێنانەوە کردووە کە منداڵان فێری ڕێگری لە منداڵئازاری بکات. هەر لەم زەمینەدا دکتۆر مۆریس سێتوودێگان بە مەبەستی ڕێگریکردن لە دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان بە دروستی ئاماژەی بە کارکردن لە سەر چوار ئاست کردووە کە دوو ئاستیان جەخت لە سەر گرنگیی ڕاهێنان دەکەنەوە:

من لام وایە کە پێویستە لە سیستەمێکی کەڵاندا شتێکی زۆر مەزن ڕوو بدا دەبێ یەکەم جار چاکسازی لە یاسادا بکرێ، چونکە یاسا دەتوانێ ببێتە بەربەست و ڕێگر. شتێکی تر مێزۆسیستەمە کە قوتابخانە و شوێنە ئایینییەکان و ئەمانەیە، دەبێ منداڵەکان بە شێوەی دروست ڕابهێنرێن و لە سیستەمی سێیەمیشدا سیستەمی وردە کە سیستەمەکە بچووکە و پێویستە خانەوادەکان ڕابهێنرێن دایک و باوک دەبێ ڕابهێنرێن کە چۆن لەگەڵ منداڵەکانیان لەمەڕ جەستەیان قسە بکەن و فێریان بکەن کاتێک دەستدرێژی دەکرێتە سەریان چی بکەن. ئەمانە لەم سێ سیستمەدا دەبێ فێر بکرێن و سیستەمی چوارەم کە وا بزانم پێی دەڵێن ئیکۆسیستەم، کە لە دەرەوە ڕۆڵی کۆنترۆڵکاری لە سەر ئەم سێ سیستەمە هەیە.

خاتوو ج پسپۆڕی دەروونناس، سەبارەت بە گرنگیی ڕاهێنان و لە پاڵیەوە چارەسەرکردن وتی:

دەتوانم بڵێم ٩٩ لە سەدی ئەو حاڵەتانەی کە هەتا ئێستا پەیوەندیم لەگەڵیاندا کردوون بە هۆی نەبوونی هۆشیارییەوە ڕوویان داوە، بە هۆی نکۆڵی لە پرسی سێکسی، خانەوادەکانمان هێشتا نایانهەوێ قبووڵی بکەن کە ئەمە بە سەر منداڵەکانیاندا هاتووە، کە منداڵەکان ڕانەهێنراون من باشم لە بیرە لە سەر پۆلی یەکی سەرەتایی بووم، بە منداڵەکانم وت ئەگەر کەسێک ویستی دەستتان لێ بدا مەهێڵن، ئەوا بینیم کەسێک هاوار دەکا، بۆچی مامۆستا ئەمە کارێکی خراپە؟ من فڵان کەس ئەمەم لەگەڵ دەکا، دەست لە گیانم دەدا ئەوێم ختیلکە دەدا، بۆ ئەمە کارێکی خراپە؟ ئەم منداڵە ئەوەندە

نەزان بوو و خانەوادەکەی تەنانەت پێیان نەوتبوو کە کەس بۆی نییە دەست لە ئەندامە تایبەتەکانت بدات. من پێشگرتن بە باش دەزانم و لەم بارەوە ڕاهێنان بکرێ و من دەڵێم لە قوتابخانەکانەوە دەبێ دەست پێ بکاتەوە."

خانمێکی ئازاردراو کە لە بواری نژیارڤانیدا خوێندوویەتی جەختی لە سەر گرنگیی ڕاهێنانی خێزانەکان کردەوە و وتی:

تەنها دەتوانم بڵێم دەبێ ئاستی زانیاریی خێزان تەنانەت پێش دووگیانیش بەرز بکەنەوە، خەڵک وا دەزانن کە هەر کەسێک کە متمانەیان پێیەتی دەتوانن منداڵەکەیان پێ بسپێرن، بەڵام وا نییە. من ئەوە دەڵێم لەبەر ئەوەی کچێکی جوان و قەشەنگ بووم گوێم پڕ بوو لە قسەی خەڵک، دایکم بە تەنیا لە جێگایەک جێی هێشتم. منی لای فڵان کەس دانا و بە باڵامدا فرەی خوێند هەستێکی خۆشم نەبوو چونکە دایکم لە لام نەبوو و پیاوێکی نامۆ پێی دەوتم چەندە ژیکەڵە و شوش و لەباری.

بەڕێوەبەری کۆمەڵەی ئایدزی ئێران جەختی لە سەر ڕاهێنان و هۆشیارکردنەوە لە ڕێگەی سینەماوە کردەوە. دەتوانین بڵێین دروستکردنی فیلمی سینەمایی لە مەڕ دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان، ڕێکارەکانی پێشگرتن و بەرەنگاربوونەوە و پەخشکردنی ئەم فیلمانە لە سینەما و کەناڵە تەلەڤیزیۆنییەکان وەک بەڕێزیان پێشنیاریان کردووە، دەتوانێ پشکێکی یەکلاکەرەوەی لە کەمکردنەوەی دەستدرێژیی سێکسی و چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوەی کاریگەری هەبێت:

ئێستا بە بڕوای من هونەر و سینەما لەم حاڵەتانەدا دەتوانێ یارمەتیدەرێکی زۆر باش بێت. یەکێک لە حەزەکانم سینەمایە و زۆر سیناریۆم لە سەر ئەو بابەتانە نووسیوە. پێم وایە ئەو کاریگەرییەی کە سینەما دەتوانێ لە سەر مرۆڤەکانی دابنێ یەکجار زۆرە و پێم وایە ئەگەر ئێوەش هاوڕا بن دەتوانین لەم بوارەدا پێکەوە کار بکەین. من خەریکە تیمێک لە بواری زۆربەی زیانە کۆمەڵایەتییەکان تەنانەت بۆ نموونە خۆکوشتن ساز دەکەم، سینەما دەتوانێ یارمەتیدەر بێت. ئەگەر ئەم بابەتانە بکرێتە فیلم نەک میدیایی. ئێستا، ڕاستە سینەما بە وەک میدیایەک دادەنرێ، بەڵام مەبەستی من سینەمایە؛ ئەگەر مرۆڤ بتوانێ ئەمە لە شێوەی سینەمادا دروست بکا، باشترین هاوکاری و ڕۆشنبیری لێ دەردەچێت.

ئەو خاتوونە یاریدەدەرییە کۆمەڵایەتییە کە لە منداڵیدا لە لایەن باپیرەیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر، پێشنیاری ڕاهێنانی سێکسی و ڕاهێنانی شێوازی منداڵپەروەردەکردن بە شێوەی هاوکات بە دایک و باوک و منداڵانی داوە:

باشە بە دڵنیاییەوە یەکێک لەوانە ڕاهێنانی سێکسی بۆ منداڵانە. شێوازی منداڵپەروەردەکردنی دروستی ئەم دووانە پێکەوەیە. کاتێک شێوازی منداڵپەروەردەکردنی دایک و باوک تاکڕەوانە نەبێ و شێلگیر و خەمسارد نەبن بەڵام ڕاهێنانی سێکسی نەبینن پێم وا نییە دایک و باوک بتوانن سەرکەوتوو بن. ئەم دووانە پێکەوەن. هەم دەبێ شێوازی منداڵپەروەردەکردن دروست بێ و هەم ڕاهێنانی سێکسی، نە بە پێی ئەو شتانەی کە دەیزانن ڕوون بکرێتەوە. بە دڵنیاییەوە پێویستە ڕاهێنانیان پێ بکرێ چونکە لە هەر تەمەنێکدا دەبێ بزانێ چۆن بۆ منداڵەکەی ڕوون بکەنەوە. بە منداڵەکەم بڵێم چی دەزانی؟ ناتوانی بە دایک و باوک بڵێی بچن ڕاهێنانی سێکسی بدەن بە منداڵەکەتان. لەوانەیە ببنە هۆی ئازاردانی سێکسی و شتێکی زیاتری پێ بڵێن. هەموو ئەمانە دەبێ بە ڕەچاوکردنی مەسەلە بێت.

دوو تەوەری سەرەکی لە سیستەمی خێزان بریتین لە "پەیوەندیی ژن و مێرد" و "پەیوەندیی دایک و باوک و منداڵ". لە هەر دوو بوارەکەدا سێکسوالیتە پرسێکی کاکڵییە چونکە کۆنترۆڵی ئەندامی سێکسی و پەیوەندیی سێکسی، زاوزێ، بەرهەمهێنانەوەی سیستەمی بەها، تابۆ و قەدەغەکردن و یاساکان سەبارەت بە منداڵان لە کاردا سەرەکییەکانی خێزانن (پیوندی، ٢٠١٩). ئەدەبیاتی ئەم بوارە ئەوە دەردەخا کە گفتوگۆکردن لەمەڕ ڕاهێنانی سێکسی لەگەڵ منداڵان هەرگیز زوو نییە. قسەکردن لەگەڵ منداڵ سەبارەت بە ڕاهێنانی سێکسی، پێویستی بە قسەکردن لەمەڕ قۆناخەکانی گەشەی سێکسی و پێداویستییەکانی هەر قۆناغێک و زانیاریی تەواو، خواستی دەروونیی سێکسیی منداڵە نەک بابەتی زیاتر، و ئاماژە بە خاڵە گرنگەکانی خۆپاراستن لە بەرامبەر دەستدرێژیی سێکسی بکرێ نەک ئەو بابەتانەی کە لەبارەی پەیوەندیی سێکسیی نێوان دوو کەسی گەورەساڵە. ئەم بابەتە گرنگەمان هێنایە ئاراوە چونکە خەمی زۆرێک لە دایک و باوکان و گەورەساڵەکان ئەوەیە و بە هەڵە باس لەوە دەکرێ کە لە ڕاهێنانی سێکسیدا منداڵان دەگەنە تێگەیشتنێک لە پەیوەندییە سێکسییەکان کە بۆ تەمەنی ئەوان گونجاو نییە. پێویستە بگوترێ لە ڕاهێنانی سێکسیدا باس لە قۆناغەکانی گەشەی سێکسی دەکرێ، نەک بابەتەکانی پەیوەست بە پەیوەندیی سێکسی، هەروەها منداڵان فێری ناسینی ئەندامەکانی جەستە و ئەندامە تایبەتییەکانیان دەکرێن، بۆ ئەوەی لە تەمەنی مێرمنداڵی و باڵقبووندا شێوازی دروستی ڕووبەڕووبوونەوەی بابەتە سێکسییەکان وەک بەشێکی تەندروستی ژیانیان بزانن. قۆناغی مێرمنداڵی و باڵقبوون قۆناغی قەیرانیی گەشەی مرۆڤە،

کە نەبوونی هۆشیاری هەم ئەگەری خەسارهەڵگریی مێرمنداڵ و هەم ئەگەری زیانگەیاندن بە کەسێکی بچووکتر و لاوازتر لە لایەن مێرمنداڵەکە زیاد دەکات. قسەکردن لە سەر سێکس و ڕەگەزێتی و جەستە لە سەردەمی منداڵیدا یارمەتی منداڵان دەدا بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی دروستیان لە گەشەکردنی سێکسی و قۆناغەکانی گەشەکردن هەبێت. پرسی سێکس تەنها لە سێکسدا سنووردار نابێتەوە، بەڵکوو ئەو هەستانەش دەگرێتەوە کە منداڵان سەبارەت بە جەستەی لە حاڵی گەشەسەندنی خۆیان هەیانە و هەروەها تێگەیشتن و دەربڕینی هەستەکان، دۆستایەتی، ڕاکێشان و سۆز لە لایەن دیتران و لە لایەن منداڵەوە بەرامبەر بە دیتران و هەروەها پاراستنی پەیوەندیی پشتبەستوو بە ڕێزگرتنی دوولایەنە دەگرێتەوە. هەڵبەت پێویستە ڕاهێنانی سێکسی بدرێ بەو کەسانەشی کە لە ڕۆڵی جیاوازدا لەگەڵ منداڵاندا لە پەیوەندیدان، کەسانێکی وەکوو دایک و باوک، مامۆستا، ڕاهێنەرانی باخچەی ساوایان و هەر کەسێک کە منداڵەکە پەیوەندییەکی بەردەوامی لەگەڵدا هەیە. ئەم ڕاهێنانانە، منداڵان، خێزانەکان و چاودێرانی دیکە فێری زانیاری و لێهاتوویی دروست دەکا بۆ ئەوەی یەکەم: ڕێگری لە ڕوودانی دەستدرێژیی سێکسی بکەن و دووەمیان: ئەگەر منداڵەکە دەستدرێژی بکرێتە سەر فێری کاردانەوەی دروستی بکەن بۆ ئەوەی بەکاری بهێنێت.

بەڵام کێ دەبێ ڕاهێنان پێشکەس بکا و ڕابهێنرێ و چ ناوەڕۆکێک دەبێ فێر بکرێت؟ خێزان و منداڵ و هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا لە بواری سێکسدا دەبێ ڕاهێنان ببینن. هەڵبەت بە پێی تەمەن جۆری ڕاهێنانەکە جیاوازە. بەتایبەت منداڵان دەبێ لە سەر ئەو مەترسیانە ڕابهێنرێن کە لەم بوارەدا هەڕەشەیان لێدەکرێت. بەرپرسیارێتیی سەرەکیی ڕاهێنان لە ئەستۆی حکومەتەکاندایە. ئەوان دەبێ لە ڕێگەی میکانیزمی جۆراوجۆرەوە (لەوانە پەروەردە) ئەم ڕاهێنانانە پێشکەش بە منداڵان و خێزانەکانیان بکەن و ئەو منداڵانەی کە لە لایەن خێزان یان تۆڕی پشتیوانییەوە زیانیان پێگەیشتووە، دەستنیشان و پشتگیریان لێ بکرێت. هەڵبەت بەرپرسیارێتیی حکومەت وا لە دامەزراوە و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی تر ناکا کە لەم بوارەدا کەمتەرخەمی بنوێنن، خێزان و حکومەتە خۆجێیەکانی وەکوو شارەوانی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەبێ لە بواری پەروەردەدا پێشەنگ بن.



چارتی ژمارە ٤-٣. پێشنیارەکان بۆ کەمکردنەوەی دەستدرێژیی سێکسی بۆ منداڵان[1]

بەرهەمهێنانی ناوەڕۆک بۆ کۆمەڵگا لە بواری ڕاهێنانی سێکسی بۆ منداڵان:

دەتوانین بڵێین لە ئێراندا لە بواری ڕاهێنانی سێکسیدا بە پێی پێوەرە گشتیەکان بۆ منداڵان و بنەماڵەکانیان، هیچ ناوەڕۆکێکی ستاندارد بوونی نییە. هەر بۆیە پێویستە حکومەتەکان سیاسەتی پێویست دابڕێژن بۆ ئەوەی ئەم ناوەڕۆکە بەرهەم بهێنن و بڵاوی بکەنەوە و هەروەها جەوێک دابین بکەن بۆ ئەوەی توێژەران و هۆگران ئەم ناوەڕۆکانە بەرهەم بهێنن و بڵاوی بکەنەوە. سەبارەت بە دژایەتیکردنی بەڵگەنامەی ساڵی ٢٠٣٠، چ بەدیلێکی بۆ ڕەچاو کراوە و لە ڕووی یاسا پشتیوانییەکانەوە بیر لە چ ئامادەکارییەک بۆ منداڵان و قوتابیان کراوەتەوە؟ دەوڵەتی ئێران وەکوو ئەو بەڵگەنامەی کە لەم دواییانەدا لە لایەن ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی فەرهەنگییەوە ئامادە و کۆ کراوەتەوە و ڕەخنەی جیددیشی لێ گیراوە شیاویی پێویستی لەم بوارەدا نییە. گرنگترین ڕەخنە ئەوەیە کە ئەم بەڵگەنامە لە سەر بنەمای دۆزینەوە زانستییەکان و بۆچوونی پسپۆڕان و چالاکانی بواری منداڵان دانەنراوە، بەڵکوو بەڵگەنامەیەکی ئایدیۆلۆژیکییە و ناڕوونی و چالنجی جددی لە

---

١ . .... ئاماژە بە شتگەلێکی وەکوو هەڵبژاردنی مامۆستای باش بۆ قوتابخانەکانی ناوچە خەسارهەڵگرەکان، بوون بە دەنگی بێدەنگەکان، بەتواناکردنی ژنان، پێشکەشکردنی پاڵپشتیی دارایی زیاتر بۆ ئەو خێزانانەی کە پێویستیان بە هاوکارییە (ئەوانەی لە ژێر چاودێری کومیتەی ئیمداد و بێهزیستیدان) و دۆزینەوەی ڕەگ و ڕیشەی ئەم ڕەفتارانە.

خۆ دەگریت. هەر بۆیە چالاکوانانی منداڵان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەتوانن لە غیابی حکومەتێکی کارامە بەرپرسیارێتیی بەرهەمهێنانی ئەم ناوەڕۆکە لە ئەستۆ بگرن.

ڕاهێنانی ڕاهێنەر و مامۆستا و بەرپرسانی قوتابخانە لە بواری چۆنیەتیی هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵانی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی: لە بەشی پێشوودا وتمان کە لە هەندێک حاڵەتدا مامۆستایان و بەرپرسانی قوتابخانە نەک هەر ناتوانن پاڵپشتی لە منداڵانی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی بکەن، بەڵکوو بە داپەڕی نەگونجاو زیانیشیان پێدەگەیێنن، هەر بۆیە دەبێ لە سەر چۆنیەتیی هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵانی دەستدرێژیکراو خولی ڕاهێنانیان بۆ بکرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانن کارامەیی پێویست بەدەست بهێنن. هەروەها بەو پێیەی کە مامۆستایان و ڕاهێنەر و بەرپرسانی قوتابخانە پەیوەندییەکی بەرفراوانیان لەگەڵ خوێندکاراندا هەیە، لە ڕێگەی ئەم پەیوەندییەوە دەتوانن هەندێک نیشانە لە ڕەفتار و کارکردی منداڵانی دەستدرێژیکراودا دەستنیشان بکەن و ڕەوانەی دامەزراوەکانی پشتیوانی و چارەسەرکردنیان بکەن.

داپەڕ و هەڵمەتی کردەیی لە قوتابخانەکان بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژیی سێکسی و جۆرەکانی تری توندوتیژی: لە زۆرێک لە وڵاتاندا بە ئێرانیشەوە، پەیوەندیی سێکسی نێوان مامۆستا و خوێندکار بە تاوانێکی گەورە نازانرێ و سیاسەتەکانی پەیوەست بە ئازاردانی سێکسی لە قوتابخانەکاندا یان بوونیان نییە یان جێبەجێ ناکرێت. لەم ساڵانەی دواییدا هەندێک وڵات یاسای قەدەغەکردنی پەیوەندیی سێکسی نێوان مامۆستایان و قوتابیانیان دەرکردووە. ئەم جۆرە ڕێوشوێنانە یارمەتی کەمکردنەوە یان نەهێشتنی ئازاردانی سێکسی لە قوتابخانەکان دەدەن. لە هەمان کاتدا هەڵمەت و ڕێوشوێنی فراوانتریش پێویستە، لەوانە گۆڕانکاری لە ڕاهێنانی مامۆستایان و چاکسازی لە مەنهەجی وانەکان بۆ ئەوەی پەیوەندییە ڕەگەزێتییەکان لە قوتابخانەکاندا گۆڕانی بە سەردا بێت.

سازکردنی پەیوەندیی لەگەڵ منداڵان و دروستکردنی هەستی ئاسایش و ئارامی لەواندا: ئەم ڕێکارەش یەکێک لە ڕێکارە کاریگەرەکان بۆ چاودێریکردنی منداڵان لە بەرامبەر دەستدرێژیی سێکسییە. سازکردنی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ منداڵان لە لایەن دایک و باوکەوە هەستی متمانە و ئاسایش لە منداڵاندا دروست دەکات. ئەمەش وایان لێدەکا کە کاتێک منداڵ لە لایەن دەستدرێژیکارەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەر ئەم هەستی متمانە و ئاسایشەیان هەبێ کە ڕووداوی دەستدرێژییەکە بە تۆڕەکانی پشتیوانییەکان و چاودێرەکانیان ڕابگەیێنن. هەروەها بەشێک لەو ستراتیژە ئاماژە بە دایک

و باوکان دەکا، واتە پێویستە بە باشی ئاگاداری منداڵەکانیان بن و بۆ ڕاگرتنیان لای خەڵکی دیکەیان بەجێ نەهێڵن، چ بۆ ماوەیەکی کورت یان بۆ ماوەیەکی زۆر. هەر لەم زەمینەدا نەهال کە ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسی هەیە، سەبارەت بە گرنگیی چاودێریکردنی منداڵان وتی:

من ناڵێم وەکوو هەڵۆ هەمیشە بە سەریانەوە بن، نەخێر. بزانێ هیچ دەرفەتێک بۆ کەس نەڕەخسێنێت. جا ئەم ڕووداوە لە لایەن پیاو بێ یان ژن. بیرەوەرییەکم وەبیر هاتەوە هی خۆمە. من لە پۆلی یەکەم یان دووهەمی ناوەندی بوو ژنێکی دراوسێمان کچێکی تەمەن یەک ساڵانی هەبوو. لای ئێمە داینا و ڕۆشت. دایکم کارێکی بۆ پێش هات و چوو بیکات. وەبیرم هاتەوە کە من پێم خۆش بوو ئەو منداڵە دەستم لێ بدا؛ مەبەستم ئەوەیە کە مەسەلە کچ و کوڕی نییە دایک و باوک دەبێ خۆیان ئاگادار بن. هەندێک کەس بەئەزموونی دەکەن بەڵام لێی تێناگەن. هەندێک وەکوو من چاوپۆشی لێ دەکەن. منداڵ هەرچی فێری بکەی کە بتوانێ بقیژێنێ و جەسارەتی پێ بدەی هێشتا جێی چاودێکردنی باوک و دایک ناگرێتەوە.

دکتۆر حەسەنی ئەبهەریان جەختی لە سەر گرنگیی ڕۆڵی چاودێریکردنی منداڵان لە بەرامبەر مەترسییە هەڕەشەئامێزەکان و ڕاهێنانیان کردۆتەوە:

لە پزیشکیدا دەڵێین پێشگرتن و خۆپاراستن لە سەرووی چارەسەرکردنە، زۆر شت هەیە کە ناتوانین ڕێگری لێ بکەین، ناتوانین چارەسەری بکەین. کۆمەڵگای پڕ لە گورگە پڕە لە کەسانێک کە بە ئەنقەست یان بە هۆی نەخۆشیەوە بۆ ئێمە و منداڵەکانمان باش نین کەڵکاوەژۆییمان لێدەکەن خۆ هەر دەستدرێژیی سێکسی نییە. پارەیە، دەستدرێژیی سێکسییە. کۆمەڵگا پڕە لە کەڵکاوەژۆیی و سووکایەتیکردن. لەم بەینەدا چی بکەین؟ چاودێری دوو جۆر هەیە. یەکیان لە سەردەمی منداڵییە و فازی یەکەم منداڵەکە بە تەنیا بۆ هیچ کوێ مەنێرە. متمانە بە هەموو کەس مەکە، وریای منداڵەکەت بە. متمانەی بەجێ مەکە. ئەمە چاودێریی فیزیکییە و ئەوی دیکەشیان چاودێریی فەرهەنگییە. دەبێ منداڵەکانمان فێری "نا" وتن بکەین، فێری بکەین هەر کەسێک بۆی نییە دەست لە ئەندامە تایبەتەکانی بدات. ئەمە لە هەموو جیهان هەیە دەبێ لە ئێرانیشدا ببێت. ئەگەر کەسێکیش ئەمەی کرد، ئێمە بە دەنگی بەرز دەڵێین، بووەستە، دەستی لێ مەدە، و دوای ئەوە ڕاپۆرتی لێ بدەین، دەبێ بڵێی ئەوە کارێکی وای کردووە. دەبێ ئەم ڕاهێنانانە بکرێت. لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن دەبێ منداڵ فێری بەرگریکردن لە خۆی بێ، ئێمە

خولێکمان لە سیستەمی ڕاهێناندا هەیە کە پێی دەڵێن قۆناغێ ڕێنوێنی، کە ئەمە شتێکی فشە نەبوو. ئەم منداڵە سێ قۆناغی هەیە کە دەبێ لانیکەمەکان فێر ببێ، بۆچی ناویان لێنا قۆناغەی ڕێنوێنی؟ پێویستە منداڵ فێر بێ لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، خۆی بپارێزێ و بەرگری لە خۆی بکا و تەنانەت فێری ڕاهێنانی جەنگیش بێت. ئەگەر دەتانهەوێ لەگەل بابەتە سێکسییەکان ئاشنا بێ، لە ئێستا زووتر نییە. ئەگەر بە نیازن فێری تواناکانی ژیانی بکەن فێری بکەن متمانەی بە خۆی هەبێ و فێری دەربڕینی هەستی خۆی بێ، دەبێ لە قۆناغی سەرەتاییەوە دەست پێ بکرێ، دەبێ لەم قۆناغەدا تەواو بێت. ئێمە ئەمە لەدەست دەدەین، گەورەترین قۆناغ سەردەمی باڵقبوونە. گرنگترین قۆناغی ژیانی منداڵە، ئەگەر ڕایبهێنین و لەوە دڵنیا بین کە دەتوانێ بەرگری لە خۆی بکا تەواوە. پرسێکی گرینگی دیکە بێ‌بەرگری و کۆڵدانە. ئەگەر منداڵەکە باش پەروەردە نەکەی ئەگەر ئەمەی بە سەردا هات ئەوە کۆڵ دەدات. کاتێک تووشی کێشەی لەو جۆرە هات تەنها پێی دەڵێم نا خەتای تۆ نییە. دەبێ ئاوا هەڵسوکەوت بکەی و ئەویش بڵێ بە سەرچاو. کە هێنانە بەرباسی ئەمانە ئەوانی دیکەش تێدەگەیێنێت.

خاتوو ب کە لە منداڵیدا لە لایەن خاڵۆیەوە دەستدرێژیی زۆر کراوەتە سەری دەڵێ:

بە ڕای من ئەگەر بتوانن ئەوەندە تێکەڵی خێزانەکەیان بن کە بتوانن باسی بکەن، ئەوە وایان لێدەکا کە لایەنگریان هەبێت.

ئەمیر کە لە لایەن ڕاهێنەرە وەرزشییەکەیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەری، باس لە کێشە زۆرەکانی خۆی دوای دەستدرێژییەکە دەکا، لەوەی کە نەیدەزانی چۆن ئەزموونی ئازاردانەکە بە کەسانی دیکە ڕابگەیەنێت. بە واتایەکی تر، نەزانین و نائاگادارییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕاهێنانی نەبینیوە. هەر بۆیە پێشنیار دەکا کە خێزان و مامۆستایان و منداڵان ڕابهێنرێن و لە هەمووی گرنگتر پێی وایە دەبێ پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان دایک و باوکاندا هەبێ بۆ ئەوەی ڕێگری لە دەستدرێژیی سێکسی و ئازاردان بکرێ و بە شێوەی کاریگەر بەرەنگاری ببنەوە:

خانەوادەکان لەمەڕ بابەتی پێشگرتن و پەروەردەکردنی سێکسی ڕابهێنرێن کە ئەمە زۆر کاریگەرە و بەهەر حاڵ ئەم نەوە زۆر بەدەست دەستدرێژیی سێکسییەوە دەناڵێنن، و پێویستە زیاتر وریا بین لەوەی کە نەوەی داهاتوو تووشی ئەم نەهامەتییە نەیەت و کەمتر قوربانیان لێ بکەوێتەوە و منداڵە بێتاوانەکان بێوەی بن. من لەو دۆخەدا نەمدەزانی بە کێ بڵێم و لە کوێ داوای هاوکاری بکەم و هەستم بە بێ‌پشت و پەنایی دەکرد، نەمدەزانی

چۆن خۆم لەو نەهامەتییە ڕزگار بکەم، تەنانەت قوتابخانەش شوێنێکی پارێزراو نەبوو کە لای مامۆستا و بەڕێوەبەری قوتابخانە بیڵێم و داوای هاوکاریان لێ بکەم. زۆر گرنگە کە ئەوانیش ئەم بابەتانە بزانن و هۆشیار بن و بە منداڵەکان بڵێن. هەروەها پێویستە مامۆستایان و بەڕێوەبەران ڕاهێنانیان پێ بکرێ و لە هەمووی گرنگتر دۆستایەتیی دایک و باوک لەگەڵ منداڵدا دەتوانێ زۆر یارمەتیدەر بێ، و منداڵان دەتوانن بە ئاسانی نهێنییەکانیان لای دایک و باوک بدرکێنن، بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی و بە شێوەیەکی دروست یارمەتی وەربگرن.

گرنگیدان بە منداڵان و متمانەنەکردن بە کەسانی تر: وەک بەڵگەکانی ئەم توێژینەوە و توێژینەوەکانی تر دەریدەخەن، دەستدرێژیکاران کەسانی جۆراوجۆرن، لە کەسانی نامۆوە بگرە هەتا کەسانی مەحرەم، بەڵام زۆربەی دەستدرێژییەکان لە کەسانێک دەوەشێتەوە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندییان بە منداڵەکەوە هەیە. دایک و باوک متمانە بە هەر کەسێک نەکەن و ئەوەی کە منداڵەکەیان تەنانەت بە ناسیاو و خزمەکانیش نەسپێرن. پێشنیاری جۆراوجۆر سەبارەت بە چاودێریکردنی منداڵ لە لایەن دایک و باوک و متمانەنەکردن بە کەسانی دیکە بۆ ئەوەی منداڵیان پێ بسپێردرێ، لە ئارادایە. خانمێکی تەمەن ٢٥ ساڵ کە لە منداڵیدا لە ڕووداوێکدا لە لایەن براکەیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر؛ دەڵێ:

متمانە بە کوڕەکانیان نەکەن و کچەکانیان بە تەنیا لەگەڵ هیچ پیاوێکدا بەجێ نەهێڵن. جا ئەو پیاوە هەر پیاوێک بێ چونکە پیاوان هەمیشە سێکسین و کاتێک حەشەری دەبن بیر لەوە ناکەنەوە کە ئەوە خوشکەکەیەتی، دایکیەتی یان هەر کەسێک، بە بۆچوونی من نابێ هیچ کچێک لای پیاو بە تەنیا بێت.

هەرچەندە ئەوەی ئەم خانمە دەیڵێ هەموو پیاوان ناگرێتەوە، بەڵام بەو پێیەی کە ئەزموونی ژیاوی بەم شێوە بووە، ئەم سیفەتی حەشەریبوونە بە هەموو کەسێک دەگشتێنێت.

نەرگێزی تەمەن ٢٥ ساڵ کە لە لایەن مامیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر، دەڵێ:

منداڵ بە تەنیا لە لای پیاوان بەجێ مەهێڵن. تەنانەت لای براکەی و مامی و باوکیشی. من ئەمە دەڵێم. کچەکەیان بە تەنیا لە ماڵدا بەجێ نەهێڵن لای هیچ پیاوێک، نزیکترین کەس باوکە! لای ئەویش بە جێی مەهێڵن.

هەموارکردنەوەی یاساکان و جێبەجێکردنی کاریگەریان: وڵاتی ئێران یاسایەکی دیاریکراوی بۆ ئازاردانی سێکسی نییە و بڕگە یاساییەکانی لەگەڵ یەکتر ناکۆکن. بۆچوونی

بەشداربووان سەبارەت بە یاسا لە سەر تەوەرگەلێکی وەکوو نەبوونی پشتیوانیی یاسایی، جێبەجێنەکردنی بڕگەکانی و پێگەی پیاوسالاری لە یاساکاندا بوو. هەر بۆیە پێویستە یاسایەکی کارا لەم بوارەدا بنووسرێ بۆ ئەوەی بتوانرێ بە جۆرێک پشتگیری لە کەسانی دەستدرێژیکراو بکرێ و زەمینە بۆ گەڕانەوەی دەستدرێژیکاران بۆ ناو کۆمەڵگا دابین ببێت. پێویستە ئەم یاسایانە لە سەر بنەمای دۆزینەوە زانستییەکان و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ئەزموونی وڵاتانی پێشەنگ لەم بوارەدا بن. بەشداریی کاریگەرانەی پسپۆڕان و چالاکوانانی بواری منداڵان یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی دارشتنی ئەو یاسایانەیە. هەروەها پێویستە ئاراستەی سزادان لە یاساکاندا بگۆڕدرێ و ببێتە ئاراستەی چاکسازی. دەرکردنی یاساکان بەتەنها بەس نییە، پێویستە سازوکار و میکانیزمی کاریگەر بۆ جێبەجێکردنی دروستی یاساکان دابڕێژرێ و جێبەجێ بکرێت. بوونی دامەزراوە شیاوەکانی بەڕێوەبردنی هەڵسوکەوت، نۆرم و مەیلە کۆمەڵایەتییە کاراکان، پەرەدان بە هاوسۆزی و ئەویتریخوازی، سزادانی ڕوون و یەکسان، تێگەیشتن لەو ئاستەنگانەی کە لە لایەن ژیانی ژینگەیی و تەکنەلۆژیاییەوە سەپێنراون، هەموو تەنگژەکان دەڕەوێنێتەوە و لێکدژیی بەرژەوەندییەکان چارەسەر دەکا و ئەنجامی کۆمەڵایەتیی دڵخواز لە پەیوەندی و دانوستانەکانی خەڵکدا دابین دەکەن. لەو زەمینەدا خاتووح، کارناسی باڵای توێژینەوەی ژنان سەبارەت بە پرسە یاساییەکان و پێویستیی هەموارکردنەوەی یاسا وتی:

لە ماوەی ئەو ساڵانەی کە بەئەزموونم کردووە، تێگەیشتووم کە ئەو یاسایەی ئێستا لە وڵاتی ئێراندا هەیە پڕە لە کەموکوڕی کە نەک هەر پشتگیری ناکا، بەڵکوو لایەنێکی پشتیوانی بۆ دەستدرێژیکار هەیە. بۆچوونی ئەوان ئەوەیە کە یاسای حوکمڕانی لە ئێراندا زۆر ڕەگەزێتییە بۆیە باسکردنی یاسا بەتایبەت دژی توندوتیژیی سێکسی دەبێ سڕ بکرێ و ڕەنگە قوربانییەکە خۆی زیاتر زیانی پێ بگات [...]. خۆتان دەتوانن ببینن ئەم بابەتانەی کە پەیوەستن بە دەستدرێژیی سێکسی و قەتڵی ناموسییەوە چەندە کێشەدارن و لە هەموویان خراپتر هاوسەرگیریی منداڵ و هاوسەرگیری لە تەمەنێکدا کە بە هیچ شێوەیەک قبوڵکراو و فامکراو نییە. باشە ئەمە ڕاستەوخۆ توندوتیژی و دەستدرێژیی سێکسییە، بەڵام یاسا پشتگیری لە دیاردەیەکی سێکسی دەکا و شتێکی تر کە لە یاساکەماندا هەیە و دەبێ چاکسازی تێدا بکرێ ئەوەیە کە سەرپەرشتیی باوک و باپیریی باوکی هێشتا لەو یاسا هەرە کێشەدارانەیە. چونکە لەوانەیە ئەم دەستدرێژیی سێکسییە لە هەمان خێزانی باوکی یان لە لایەن باوکەوە ڕوو بدات. بەڵام لەبەر ئەوەی کەموکوڕییەک لە یاساکەدا هەیە، ئەم

دیارده هێشتا بوونی هەیە. چونکە بڕیاردەری ئەم کەسە، جا چ بۆ هاوسەرگیرییەکەی بێ یان بۆ ئەو پرسانەی تر کە ئاوقانی منداڵێک دەبن ئەوە بڕیاردەر یاسا نییە، بەڵکوو باوک و خێزانی باوکیی منداڵە.

خاتوو کاف ت بابەتی جددی لە یاسادا دەستنیشان کردووە، بابەتی وەکوو نەبوونی پشتیوانی لە کەسی قوربانی، هاوسەرگیریی منداڵان کە جۆرێک لە توندوتیژیی سێکسییە، پیاوسالاری لە یاسادا و ئەو جۆرە بابەتانەی کە پێویستە لە یاسای ئێراندا هەموار بکرێنەوە. یەکێک لە پرسە یاساییە گرنگەکانی پەیوەست بە کەسانی دەستدرێژیکار سزادانیانە، کە لە یاساشدا سزای توندی تا سێدارەیان بۆ لەبەرچاو گیراوە. سزای توند کێشەی جددی لێکەوتۆتەوە. بۆ نموونە لە هەندێک حاڵەتدا دەستدرێژیکار مەحرەم و ئەندامی خانەوادەی منداڵەکەیە، ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەزموونی دەستدرێژیکردنەکە بە هۆی ترسی سزادان لەبەر چارسەرکردنی دەستدرێژیکراو ڕاپۆرت نەکرێ کە هەر ئەمە کێشە و لێکەوتە خەساربەخشەکانی زیاتر دەکات. لە هەندێ حاڵەتدا دەستدرێژییەکە بە هۆی کارێکی ورووژێنەرانە یان هەڵە لە لایەن کەسی دەستدرێژیکارە بۆ ئەوەی بە پێی پیلانی پێشوەختە دەستدرێژییەکە بکا هەر بۆیە سزاکە دەتوانێ لێکەوتەی قورسی لێ بکەوێتەوە. هەر بۆیە پێویستە لە بنەڕەتەوە یاساکان لەم بوارەدا گۆڕانیان بە سەردا بێ و لە یاسای سزادانەوە بگۆڕدرێ بۆ یاسایەکی چاکسازی و پاڵپشتی و لە پرۆسەیەکی مرۆییدا، هەلی گەڕانەوەی دەستدرێژیکاران بۆ ناو کۆمەڵگا بڕەخسێنرێت.

زیادکردنی تەمەنی هاوسەرگیریی منداڵ: دەتوانین بڵێین لە هەموو وڵاتاندا تەمەنی منداڵ بۆ ١٨ ساڵ زیاد کراوە و دژ بە ڕەگ و ڕیشەی ئەو هاوسەرگیرییانە واتە هەژاری و نەریتە هەڵەکان خەبات کراوە، لە ئێران سەرەڕای بەربڵاویی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە، عورفی کۆمەڵگا دژیەتی و تەنانەت زیادکردنی تەمەنی هاوسەرگیریش خرایە ناو کاری مەجلیسی شۆڕای ئیسلامییەوە بەڵام لە ژێر کاریگەریی گروپە فشارەکاندا هەڵوەشاوە. هەر بۆیە پێویستە بە ئاگاداربوون لە هەموو زیانەکانی هاوسەرگیریی منداڵ و بە لەبەرچاوگرتنی دژایەتیی کۆمەڵگا لەگەڵ ئەم شێوازە هاوسەرگیرییە لە وڵاتی ئێراندا هەڵکشاندنی تەمەنی هاوسەرگیریی منداڵ بخرێتە چوارچێوەی کاری مەجلیسی شۆڕای ئیسلامییەوە. لەو زەمینەدا یەکێک لە شارەزایانی ئەم بوارە وتی:

سەیر کە من دەتوانم بڵێم هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە ئێراندا سەبارەت بە هاوسەرگیریی منداڵان کراوە، خوێندوومەتەوە، هەموویان زۆر لێکەوتەی نەرێنییان سەبارەت بە هاوسەرگیریی منداڵان لە ئاستی زیندەوەرناسی، دەروونی و کۆمەڵایەتیدا نیشان داوە. لە لایەکی دیکەوە سێکسکردن لەم هاوسەرگیرییانەدا جۆرێک لە توندوتیژیی سێکسی بەرامبەر بە منداڵانە یان دەستدرێژیی سێکسییە، بۆیە پێویستە لە ئێراندا وەکوو هەموو وڵاتانی پێشەنگی جیهاندا تەمەنی هاوسەرگیری بۆ ١٨ ساڵ بەرز بکرێتەوە.

گرنگیدان بە کاتە بەتاڵەکان پێشنیارێکی دیکە بۆ کەمکردنەوەی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵانە. لەم زەمینەدا یەکێک لە بەشداربووان پێشنیاری کرد:

پێویستە بە هاوکاریی قوتابخانە و دایکان و باوکان کاتی بەتاڵی منداڵان پڕ بکرێتەوە.

کاتێک کاتی بەتاڵی منداڵان بە شێوەیەکی کاریگەر پڕ دەکرێتەوە، کەمتر توخنی ڕەفتارە مەترسیدارەکان دەکەوێ، هەروەها دەرفەتی کەمتری بۆ بەئەزموونکرنی ئازاردانی منداڵان دەبێت. بۆ نموونە منداڵێک کە لە ماڵەوە بە تەنیا بێ، ئەگەری ئەوەی کە بچێتە ناو فەزای نیمچە گشتییەوە - ئەو فەزایانەی کە منداڵەکە بە دوور لە چاودێریی دایک و باوکی و چاودێرانی دیکە گەورە دەبێ – زیاترە و بە هەمان شێوە ئەگەری ئەوەی کە منداڵ ببێتە قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی زیاتر دەبێت.

دامەزراندنی ناوەندی دەستێوەردان و چارەسەرکردن بە جەختکردنەوە لە سەر ناوچە پڕمەترسیدارەکان: لە بەشە جیاوازەکاندا ڕوون کراوە کە چۆن چارەسەرنەکردنی کاریگەرانەی دەستدرێژیی سێکسی دەتوانێ دەرهاویشتە و زیانە قەرەبوونەکراوەکانی سەر منداڵان لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیاندا، لێ بکەوێتەوە. بۆیە پێویستە ناوەندی چارەسەری جیاواز لە شێوەی تۆڕی تەندروستی و کلینیکی دەروونناسی و یاریدەدەری کۆمەڵایەتی دابمەزرێنن. لەم زەمینەدا پێویستە پسپۆڕانی سیستەمی خوێندنی باڵا ڕابهێنرێن بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی باشتر یارمەتی منداڵانی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی بدەن و چارەسەریان بکەن. بەداخەوە لە ئێستادا هیچ ناوەندێکی دیاریکراو لە وڵاتی ئێراندا نییە کە تایبەت بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بە قوربانیانی دەستدرێژیی سێکسی بێ و دەستدرێژیکراوانی تامەزرۆی چارەسەرکردن بۆ دەستڕاگەیشتن بە پزیشکانی پسپۆڕی ئەم بوارە ناهومێد دەبن. لەو زەمینەدا بەڕێوبەری یەکێک لە لقەکانی جەمعییەتی ئیمام عەلی وتی:

سەیر کە لەو شوێنانەی کە سەرچەشنی بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان زۆر بەکار دەهێنرێ، بە ڕوونی ئەم چیرۆکە بەدەروونی دەبێت. لە شوێنی ڕووداوەکەدا بنکەی پشتیوانی و فریاگوزاری هەبن و بەتایبەت لە قوتابخانەکاندا دەبێ یاریدەدەری کۆمەڵایەتی هەبێت. منداڵان ئەگەر ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئەمە دەرببڕن، پێویستە ئەوانەی بەرپرسن بزانن کە ئەمە خەسارەتە. چونکە منداڵی کار کە لەگەڵ دایک و باوکی لەو گەڕەکەدا دەژی پێویستە زۆر چاودێری بکرێن، تەنانەت ئەوانەی سەر بە چینی مامناوەندن، ئەم بەسەرهاتە لای ئەوانیش هەیە و ڕەنگە لە بنەماڵەکەوە بێت. بەڵام من دەڵێم ئەو کەسانەی ڕووبەڕووی ئەم خەسارەتە دەبنەوە دەبێ ڕابهێنرێن و ئەو منداڵانەی بەرکەوتەی ئەم بابەتە دەبن ئاگادار بکرێنەوە لەوەی کە دەبێ ڕوو لە کوێ بکەن، و کێشەی دووەمی چارەسەرکردنی ئەم پرسەیە کە ئێمە لە قوتابخانەکاندا پێشەنگ نین. بۆ نموونە کاتێک تەمەنی ١٥ ساڵ بووە، خێزانێک منداڵەکەیان فڕێ داوەتە دەرەوە، بە هۆی ئەوەی کاری سێکسی کردووە، بە هیچ شێوەیەک بە ڕێکاری یاسایی نەتوانرا بەدواداچوونی بۆ بکرێت. ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵەکە زیاتر تووشی خەسارەت ببێت.

ڕاوێژکاری، چارەسەرکردن و پشتگیری گروپی دوای دەستدرێژیی سێکسی، بە تایبەت لەو حاڵەتانەی کە هۆکاری ئاڵۆز لە پرۆسەی دەستدرێژیکردندا بوونیان هەبووە؛ بەسوودە. بەڵگەکان نیشان دەدەن کە بەرنامەیەکی مەعریفی-ڕەفتاری کە دوای دەستدرێژی دارێژراوە و جێبەجێ کراوە دەتوانێ خێرایی چاکبوونەوەی خەسارەتە دەروونییەکانی تڕۆما باشتر بکات (فوا و دیتران[1]، ١٩٩٥ و فوا و استریت[2]، ٢٠٠١). وەک بەڵگەکان دەریانخستووە کە لە هەندێک حاڵەتی دەستدرێژیی سێکسیدا قوربانییەکان لە ئەنجامی ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسیدا خۆیان سەرزەنشت دەکەن، لێکدانەوەی ئەم بابەتە لە چارەسەری دەروونیدا بۆ چاکبوونەوە زۆر گرنگە (مایر و تایلور[3]، ١٩٨٦).

بەتواناکردنی خێزانە هەژار و خەسارهەڵگرەکان: وەک وترا و ڕێگاکانی باس کران، یەکێک لە فاکتەرە هۆکارێتییەکانی دەستدرێژیی سێکسی هەژاریی خێزانەکانە. پێویستە حکومەتی ئێران بۆ ئەو بنەماڵانەی کە ئاستی ئابوورییان نزمە، بەرنامەی پشتیوانی و بەتواناکردنی کاریگەریان بۆ دابڕێژێ و جێبەجێی بکات. هەڵبەت پێویستە ئەم بەرنامانە

1 Foa and et al
2 Foa and Street
3 Meyer and Taylor

گرنگییەکی تایبەت بە خێزانە لاواز و خەسارهەڵگرەکانی وەکوو ئالوودەبووانی مادەی هۆشبەر و ژنانی سەرپەرشتی بنەماڵەی بدات. بۆچوونی هەندێک لە بەشداربووان لە سەر بەهێزکردنی خێزانە هەژارەکان ئەوە بوو کە دەبێ ئەم خێزانانە بەتوانا بکرێن.

خاتوو میم، دەروونناس، پێشنیاری کردووە:

تەنها ڕاهێنان و پاڵپشتیی دارایی بۆ ئەو خێزانانەی کە لە ژێر پشتیوانیی بێهزیستین (چاکژیانەوە) بۆ ئەوەی مانگانە بڕە پارەی زیاتر وەربگرن بۆ ئەوەی بەڕاستی بتوانن ئاگایان لە منداڵەکانیان بێ و یارمەتیی زیاتریان بدەن. خودی وتەزای دەستدرێژیی سێکسی لە نێوان دوو کەسە، بەڵام چی هۆکاری ئەمەیە، باسێکی زۆر هەڵدەگرێت. دەبێ زۆر قووڵ لێی ورد ببینەوە.

هەروەها خاتوو کاف جەختی لە سەر بەتواناکردنی خێزان و ژنانی بێبەش کردووەتەوە: ئاستی زانیاری و هۆشیاریی خێزانەکان بەرز بکەینەوە، بەتایبەت هەوڵ بدەین دەنگێک بین بۆ ئەو کەسە بێدەنگانەی کە لە ماڵەوەن واتە منداڵ و ژن، و پاڵپشتییان لێ بکەین بۆ ئەوەی بتوانن بەرامبەر دەستدرێژیکارەکە بووەستنەوە، هەروەها پێدانی ئەم زانیارییانە، کە دەتوانێ لە بەشی باس و دەستنیشانکردنی ئەم پرسەدا یارمەتیدەر بێ، بەڵام هەندێک جار دەبینین کە دایکەکە دێ و دەڵێ بەڵێ، ئەمە بە سەر منداڵەکەمدا دێ، بەڵام چی بکەم پشتیوانم نییە. کەواتە، پێویستە دایکان بەتوانا بکەین و ئاگاداریان بکەینەوە و پێیان بڵێین کە ئێوە چەندە دەتوانن کاریگەر بن و ئەو دەسەڵاتە پێویست و زەروورییەیان پێ بدەین.

لە گێرانەوەی سەرەوەدا خاتوو کاف لە بواری پێشگرتن و چارەسەری دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان باسی لە دوو بابەتی زۆر گرنگ کرد: یەکەم، باسی لە پرسی بەتواناکردن کرد. بەتواناکردن ڕەهەندی جیاوازی لێهاتوویی، ئابووری، دەروونی و هتد هەیە. ژن و پیاوی بەتوانا کەسێکە کە بتوانێ داکۆکی لە مافەکانی خۆی بکا و لە ناو کۆمەڵگادا بەشدار بێت. ئەگەر ژنان بەتوانا بکرێن، ئەوانیش دەتوانن داکۆکی لە مافەکانیان بکەن و هەم دەتوانن پشتیوان و پاڵپشتی منداڵەکانیان بن. یەکێکی تر "بوونە دەنگی بێدەنگەکان"ە. هەندێک گروپ بە هۆکاری جۆراوجۆر لە کۆمەڵگادا پەراوێز دەخرێن و دەنگیان لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگا نابیسترێت. ئەم گروپانە بە هۆی پەراوێزخرانەوە لەگەڵ چەندین کێشە و خەسارەتدا دەست و پەنجە نەرم دەکەن و ناتوانن دەنگی خۆیان بگەیێننە دەسەڵاتداران و داڕێژەرانی سیاسەت، هەر بۆیە پێویستە

چالاکوانانی مەدەنی لە بوارە جیاجیاکاندا لەوانە دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان دەنگی ئەو گروپانە بن بۆ ئەوەی بیگەیێننە گوێی دەسەڵاتداران و دارێژەرانی سیاسەت و بڕیاری کاریگەریان لە سەر بدەن.

بەهێزکردنی ئێن‌جی‌ئۆکان: ئەمڕۆ لە ئێراندا ڕێکخراوە ناحکومییەکان (NGO) بوونەتە یەکێک لە بوارە گرنگەکانی بواری دەستنیشانکردن، یەکلاکردنەوە یان چارەسەرکردنی کێشەکانی منداڵان، هەر بۆیە ڕۆڵی ئەوان لە بواری دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان لە غیابی حکومەتێکی کارامەدا دوو هێندە گرنگە. ڕێکخراوە ناحکومییەکان چەندین بەرپرسیارێتیی گرنگیان لەم بوارەدا هەیە. یەکەم: دابینکردنی بەستێنی ڕاهێنانی سێکسی بۆ منداڵان و خێزانەکانیان و دووەم: دەستنیشانکردنی منداڵانی مەترسی لە سەر و دەستدرێژیکراو و ئازاردراو و دابینکردنی پشتیوانی و چارەسەری کاریگەر بۆ ئەم منداڵانە و یان ڕەوانەکردنیان بۆ ناوەندە گونجاوەکان. ئەو بەرپرسیارێتییانە بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان گرنگن بەو پێیەی کە بەشێکی زۆریان لە ناوچە بێبەش و پەراوێزخراوەکاندا کار دەکەن کە هەڵبەت بەشێکی زۆر لەو ناوەندانە بە هۆی هۆشداریيەکانی حکومەتەوە ئامادە نین بچنە بواری ڕاهێنانی سێکسی و دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی کەسانی دەستدرێژیکراو.

بەهێزکردنی خانووی پارێزراو بۆ ژنانی بەرکەوتووی توندوتیژی: ئەمڕۆ لە ئێراندا بە پشتیوانیی خێرخوازان و ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە هەندێ ناوەند دروست کراوە لە ژێر ناوی خانووی پارێزراو بۆ ئەو ژنانەی کە تووشی ئازار و توندوتیژیی خێزانین و لە بارودۆخێکدان کە خۆیان و منداڵەکانیان لە ماڵەوە ئاسایشی جەستەیی و دەروونییان نییە و دوای دەرچوونیان لە ماڵەوە شوێنێکیان نییە کە پەنای بۆ ببەن و دەتوانن بچنە ناو ماڵێکی پارێزراوەوە بۆ ئەوەی کەمتر تووشی زیانی جیدی ببەنەوە. لە ئێستادا خانووی پارێزراو تاکە بژاردەیە لە وڵاتی ئێراندا کە دەتوانرێ دەستبەجێ بە ئاراستەیەکی یاسایی و دروست و هەمەلایەنە و خێرا پێشکەش بە قوربانییەکە بکرێت.

گرنگیدانێکی تایبەت بە قۆناغی مێرمنداڵی: لە باسەکانی بواری منداڵیدا، پرسەکانی مێرمنداڵی بەتایبەت تەمەنی باڵقبوون پشتگوێ خراوە. تەمەنی باڵقبوون قۆناغێکی زۆر هەستیاری منداڵانە. زۆر بەڵگە لە توێژینەوە زیندەوەرناسی و دەروونی و کۆمەڵناسییەکاندا دەریدەخەن کە منداڵان لەم تەمەنەدا گۆڕانکارییەکی بەرچاوی زیندەوەرناسی و دەروونی

و کۆمەڵایەتی بەئەزموون دەکەن بە جۆرێک کە سیستەمی تەکووزییان تێک دەچێ و هەر ئەمە وا دەکا کە لە ڕووی سێکسییەوە خەسارهەڵگر بن. هەر بۆیە پێویستە لە قوتابخانە و دامودەزگاکانی تردا ڕاهێنانی تایبەت بۆ منداڵان لە بواری باڵقبوون و بابەتی سێکسی پێشکەش بکرێت. هەروەها ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسی، خۆی بە جۆرێک دەبێتە هۆی باڵقبوونی پێشوەختە و بەو هۆیەوە دەستدرێژییەکانی دواتری لێ دەکەوێتەوە کە پێویستە لە سیاسەت و بەرنامەکاندا ڕەچاو بکرێت. لەم زەمینەدا خاتوو سەتاری دەروونناس دەگێڕێتەوە:

مێرمنداڵی قۆناغێکی گرینگی پرۆسەی گەشەکردنە کە زۆر قەیراناوییە، باش وایە دایکان و باوکان لە چاودێریکردنی منداڵەکانیان کەمتەرخەمی نەنوێنن و منداڵ و منداڵە بچووکترەکان بە یەکتر نەسپێرن و لای یەکتر بە جێیان نەهێڵن بەتایبەت ئەگەر منداڵێکی بچووکتریان لە ماڵەوە هەبێ، دەبێ منداڵی بچووکتر فێری خۆپاراستن بکەن. هەروەها ڕاهێنانی سێکسی بۆ مێرمنداڵان و هۆشیاریی لە مەڕ باڵقبوون و پێگەیشتن و پێداویستییە سێکسییەکانی ئەم قۆناغە زۆر گرنگە.

گرنگیدانی جددی بە خێزانە هەڵوەشاوەکان: منداڵان لە خێزانە لێک هەڵوەشاوەکاندا زۆر بەرەو ڕووی دەستدرێژیی سێکسی دەبنەوە. هەروەها دەزانین کە لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوودا بنەماڵە لە ئێران ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە بووەتەوە و فۆڕمی نوێی بنەماڵە لەوانە بنەماڵەی تاکسەرپەرشت (یان دایک یان باوک)، ئەو خێزانانەی کە منداڵ لەگەڵ زەڕباوک و زەڕدایکی دەژی و فۆرمەکانی تری خێزان سەریان هەڵداوە کە دەتوانن زۆربەی منداڵان خەسارهەڵگر بکەن. بۆیە پێویستە حکومەتەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی پلان و میکانیزمی پێویست بۆ چاودێریکردنی منداڵانی ئەو خێزانانە بەتایبەت ئەوانەی کە مەترسییان لە سەرە، ئامادە بکەن. بەشێکی زۆری ئەم سازوکار و میکانیزمانەش دەبێ لە سەر ڕێگریکردن لە دەستدرێژی بێت. لەم بارەوە چەند پێشنیارێک باس دەکرێن:

ڕاگەیاندنی کەمپەینی خۆپاراستن: ئەم هەڵمەتانە بە بەکارهێنانی ڕیکلام لە میدیاکان و لە سەر ئاستی شار و گەڕەکەکاندا هەوڵ دەدەن ڕوانگەی بەرامبەر بە توندوتیژیی سێکسی بگۆڕن. لە زۆرێک لە وڵاتاندا لەوانەش وڵاتانی ئەفریقایی، ئەم شێوازە بەکار دەهێنرێ کە ئەمەش هۆشیاریی زیاتری لێ کەوتۆتەوە (نجوانان و هاوکاران[1]، ١٩٩٦).

1 Njovana and et al

لەم زەمینەدا دەستپێشخەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ڕەگەزێتی لە سەر ئاستی ١٦ وڵاتی ئەمریکای لاتین و کاراییب بەردەوامە، ئەم هەڵمەتە بۆ ئەوە دانراوە کە:

- ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵگاکان سەبارەت بە تێچووی مرۆیی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی توندوتیژی دژی ژنان و کچان بەرز بکاتەوە؛
- لە سەر ئاستی حکومەت پتانسێڵ بۆ دارشتن و جێبەجێکردنی یاسای دژ بە توندوتیژیی سێکسی دروست بکات؛
- تۆڕەکانی ڕێکخراوە گشتی و تایبەتەکان پتەو بکرێن بۆ ئەوەی بەرنامەی کاریگەر بۆ ڕێگریکردن لە توندوتیژی دژی ژنان و کچان ئامادە و جێبەجێ بکەن (مهروترا و هاوکاران[1]، ٢٠٠٠).

بەکارهێنانی ئاراستە یان مۆدێلی گەشەپێدان بۆ ڕێگریکردن لە دەستدرێژی و ئازاردان: توێژینەوەکان بۆ ڕێگریکردن لە توندوتیژیی سێکسی جەخت لە سەر گرنگیی منداڵپەروەردەکردنی باشتر و هاوسەنگتر لە سۆنگەی ڕەگەزێتییەوە دەکەنەوە (مالاموت و هاوکاران[2]، ٢٠٠٠؛ مالاموت، ١٩٩٨). لە هەمان کاتدا، شوارتز[3] (١٩٩١) مۆدێلێکی خۆپارێزی و پێشگرتنی پەرە پێداوە کە ڕێبازێکی گەشەیی بە جەختکردنەوە لە سەر دەستێوەردانەکانی بەر لە لەدایکبوون، منداڵی و مێرمنداڵی و هەروەها گەورەساڵی گرتۆتە بەر. لەم مۆدێلەدا، توخمەکانی خۆپاراستن و پێشگرتن لە توندوتیژیی سێکسی پێش لەدایکبوون بریتییە لە بەرزکردنەوەی ئاستی تواناکانی پەروەردەکردنی منداڵ، بەرەنگاربوونەوەی کلیشە ڕەگەزێتییەکانی سەبارەت بە ڕۆڵی ڕەگەزێتی، سترێس و فشار، ململانێ و توندوتیژی. لە ساڵانی سەرەتایی تافی منداڵیدا، دابینکەرانی خزمەتگوزاریی تەندروستی بەدواداچوونیان بۆ ئەم پرسانە کرد و هەڵوەدای ناسینی منداڵئازاریی سێکسی و کەوتنە بەر توندوتیژی لە ڕێگەی میدیاکانەوە و هەروەها پەیجووری پێشکەشکردنی ڕاهێنانی نارەگەزێتی بوون. ئەم بەرنامە لەم قۆناغەکانی دواتری گەشەکردنی منداڵدا، ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی بوو کە بریتییە لە سەرچەشنسازی لەو ڕفتار و ڕەوانگانە بوو کە ئامانجەکەیان ڕێگری لە لاگیری و

1 Mehrotra and et al
2 Malamuth and et al
3 Schwartz

کلیشەسازی، ڕاهێنان و فێرکردنی منداڵان بۆ لێکجیاکردنەوەی دەستلێدانی "باش" و "خراپ"، هەڵکشاندنی توانا و متمانە بەخۆبوونیان بۆ ئەوەی ئەوان جەستەیان کۆنترۆڵ بکەن. ئەم دەستێوەردانانە ڕێگەیان بە منداڵان دەدا کە باسی دەستدرێژیی سێکسی بکەن. لە سەردەمی مێرمنداڵی و گەورەساڵیدا، باسگەلێک لەمەڕ ئەفسانەی دەستدرێژیی سێکسی و چۆنیەتی دیاریکردنی مەرز و سنوور بۆ چالاکیی سێکسی و کۆتاییهێنان بە سێکسی زۆرەملێ و توندڕۆیانە بوو. مۆدێلی شوارتز بۆ وڵاتانی پیشەسازی داڕێژراوە، بەڵام دەتوانرێ هەندێک لە بنەماکانی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتووشدا جێبەجێ بکرێت.

پلاندانان بۆ دەستدرێژیکاران بۆ ڕێگریکردن لە دەستدرێژیی زیاتر: ئەم بەرنامانە لەم دواییانەدا لە وڵاتانی پیشەسازیدا جێبەجێ کراون و هەڵسەنگێنراون. کاردانەوەی پیاوانی دەستدرێژیکار ئەوە بوو کە بەرپرسایەتیی خۆیانیان لە ئەوستۆ نەدەگرت. بۆ ئەوەی ئەم بەرنامانە کاریگەر بن، پێویستە بە جۆرێک ناچاریان بکرێن کە بەرپرسیارێتیی خۆیان و کردەوەکانیان قبوڵ بکەن (کافمن[1]، ٢٠٠١). یەکێک لە ڕێگاکانی گەیشتن بەمە ئەو بەرنامانەیە کە پیاوانی دەستدرێژیکار و نەک قوربانیان بۆ هاوکاری لەگەڵ هەڵمەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی سێکسی بکەنە ئامانج کە لە ڕێگەی تێکەڵێک لە ڕاهێنان، ڕەخنەی فەرهەنگی و کارلێکیی کۆمەڵایەتی بەرهەم دێت.

لە کۆتاییدا لە توێژینەوەکانی داهاتوودا پێویستە ئەم بابەتانەی خوارەوە بخرێنە بەرنامەی کار بۆ ئەوەی زانیاریی پێویست لەم بوارەدا بەرهەم بهێنرێت:

- لەم لێکۆڵینەوەدا کۆمەڵێک بابەتی یاسایی لە یاسای ئێراندا پێداچوونەوەیان بۆ کرا و نیشان درا، بەڵام هێشتا کاری زۆر لەم بوارەدا ماوە. پێویستە یاساناسان بە وردی بۆشایی و کێشەکانی یاسای ئێران لەم بوارەدا تاوتوێ بکەن و لێکۆڵینەوەی بەراوردکارانە ئەنجام بدەن و ئەنجامی یاسا جۆراوجۆرەکانی وڵاتانی دیکە تاوتوێ بکەن و لە کۆتاییدا مۆدێلە گونجاوەکان بۆ کۆمەڵگای ئێران پێشنیار بکەن. هەروەها یاساناسان و یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتیش دەتوانن بە پێی دۆسیەکان و ئەزموونی دادوەرەکان لەم بوارەدا توێژینەوە ئەنجام بدەن.

- کاردانەوەی کۆمەڵگا بەرامبەر بە دەستدرێژیی سێکسی بە گشتی و کەسانی دەستدرێژیکراو و دەستدرێژیکار سەبارەت بە پرسی منداڵئازاریی سێکسی، بەردەوامبوون

1 Kaufman

و چارەسەرکردنی زۆر گرنگن. بۆیە لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکەدا کۆمەڵناسان و مرۆڤناسەکان پێویستە ئەم کاردانەوانە دەستنیشان و جۆرناسی بکەن و بە پێی ئەوە سەرچەشنی گونجاو بۆ کۆمەڵگا پێشنیار بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ دەستدرێژیی سێکسی بە گشتی و منداڵئازاریی سێکسی بەتایبەت کاردانەوە و شێوازی دانوستانیان هەبێت.

- یەکێک لە پرس و بۆشاییە گرنگەکانی ئێران، نەبوونی ڕێکاری پشتبەستوو بە بەڵگە و بنەما زانستی و ئەخلاقییەکان بۆ چارەسەرکردنی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسییە، هەر بۆیە پێشنیار دەکرێ یاریدەدەران و دەروونناسان لەو بوارەدا لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن و ڕێنمایی و ڕێکاری چارەسەرکردن ئامادە بکەن.

- ئایین‌توێژان لە چوارچێوەی فیقهـ و بەتایبەت فیقهی شێعە، دەتوانن لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەی ئایینی و فیقهی ئەنجام بدەن و بە پێی عورفی ئایین و کۆمەڵگا، لەم بوارەدا پێشنیاری نوێگەرایی ئایینی و فیقهی دەدەن.

- دەبێ توێژینەوەکانی دیکە لێکۆڵینەوە لە سەر دەستدرێژیکاران و هۆکار و فاکتەرەکانی ئەنجامدانی دەستدرێژی لە لایەن ئەوانەوە ئەنجام بدەن و لە کۆتاییدا سەرچەشنی گونجاو بۆ پێشگرتن و خۆپاراستن لە هەمبەر دەستدرێژی و چارەسەرکردن بە جەختکردنەوە لە سەر کەسانی دەستدرێژیکار دابین بکەن.

- دەستنیشانکردنی وردی هۆکار و لێکەوتە زیندەوەرناسی و دەروونییەکان و دەستدرێژیی سێکسی پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردی پزیشکی و دەروونناسییە، هەر بۆیە دەبێ پسپۆڕانی ئەم بوارە لێکۆڵینەوەی مەیدانیی ورد و قووڵ لەم بوارەدا ئەنجام بدەن.

پێشنیارگەلێک بۆ نوێکردنەوە، ڕاستکردنەوە، کەمکردنەوە و خۆپاراستن لە سەر ئاستی مامناوەند و کەڵان و پێکهاتەییدا

بازنەی یاسای قەدەغەکردنی زینا لەگەڵ مەحارم کە یەکێک لە یاسا کۆمەڵایەتییە بەهێزەکانە، لە فەرهەنگێکەوە بۆ فەرهەنگێکی تر جیاوازە و بە درێژایی مێژوو فۆڕمی جیاوازی وەرگرتووە کە ڕەنگدانەوەی لایەنی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی ئەو فەرهەنگەیە نەک بنەما سروشتی و زیندەوەرناسییەکەی؛ چونکە ئەگەر جووتبوونی سێکسی لەگەڵ مەحارم بە شێوەیەکی سروشتی لە لایەن مرۆڤەکانەوە بێزراو بایە؛ کۆمەڵگا مرۆییەکان بەو شێوە سەرسەختانەیە لە ئەندامەکانیان قەدەغە نەدەکرد. بەڵام ئەوەی تیشک دەخاتە سەر پانتایی خەسارناسییەکەی، پەیوەندیی سێکسییە نییە، بەڵکوو کەڵکاوەژۆیی لە هێز و

دەسەڵات و سەپاندنی توندوتیژی بە سەر گروپە بێدەسەڵاتەکانە بۆ ئەوەی لە ناو بنەماڵەدا لە چوارچێوەی دەستدرێژی بۆ سەر جەستە و یەکپارچەیی وجوودیی ئەو کەسە بێدەسەڵاتە سێکسی لەگەڵ بکا کە بە پێی فەرهەنگ و بیر و باوەڕە باوەکانی ناو هەر کۆمەڵگایەک، لێکەوتەی جەستەیی و دەروونی و تڕۆمایەکی قووڵ لە سەر منداڵان لە پاش خۆی بە جێ دێڵێ بەتایبەت لە قۆناغەکانی دواتری گەشەدا. قووڵایی ئەم زیان و خەسارەتە بە پێی جۆری چالاکیی سێکسیی سەپێنراو، چۆنیەتیی پەیوەندیی خێزانی و پەیوەندیی نەسەبیی لایەنەکان و هەروەها تەمەن و ڕەگەزی لایەنەکان جیاوازە.

بەو پێیەی ئازاردانی سێکسی کۆمەڵێک ڕەفتاری بەرفراوان لە خۆ دەگرێت؛ دۆزینەوەی پێناسەیەکی تایبەت بۆ دەستدرێژیی سێکسی کە پەیوەندی بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کۆمەڵگاکانەوە هەیە، کارێکی قورس و چەتوونە و لە هەمان کاتدا بێسوودە، بەڵام ئەوەی زەروورەتی عەینی و کردەیی هەیە ڕەخساندنی زەمینەی ڕاهێنان و وشیاری و ڕۆشنگەری لە ناو منداڵانە کە بە شێوەی پەنگراو نێچێری دەستدرێژیی سێکسی لە ناو خانەوادە و کۆمەڵگان، ئەم ڕاهێنانە بە جۆرێک لە جۆرەکان ڤاکسینەکردنی ئێستا و داهاتووی منداڵ و کۆمەڵگایە. بەو پێیەی کە دەستڕاگەیشتن بە دەستدرێژیکاران (ئازاردەران) ئەستەمە و دەتوانین بڵێین ناومکینە؛ لە کورتخایەندا ڕاهێنانی گشتیی کۆمەڵگا و خودی منداڵ لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتییەکان و دامەزراوە پەروەردەییەکان، تابلۆ ئاگادارییەکانی سەر ئاستی شار، بڵاوکردنەوەی و دابەشکردنی تراکت و ڕیکلامی میدیایی و تەلەڤیزیۆنی ناوەندیی ئێران، کەڵکوەرگرتن لە لایەنە هونەرییەکان و ... هەرزانترین و کارامەترین میکانیزم لە کورتخایەنە. ئەگەرچی ئۆبژەبەخشی بەم ڕێکارانە بە پێی بناغەی ئایدیۆلۆژیی کۆمەڵگای ئێرانەوە بەرەو ڕووی ئاستەنگ و چالنجی جیددی دەبێتەوە؛ بەڵام ئەو پێشەنگە ڕوونەی کە بزووتنەوەی ژینا لە خەرمانانی ساڵی ١٤٠١هەتاوی لە ئێراندا دروستی کرد، دۆخی پێکهاتەیی سیاسەتی دەسەڵاتی دژەژنی تاریکئەندێشی گۆڕی. ئەم بزووتنەوە لەگەڵ دروشمی تەوەریی "ژن، ژیان، ئازادی"، بە بانگەوازیی مەدەنیترین داخوازی و بەشداریکردنی هەموو لایەنەکانی ناو کۆمەڵگا هاوکات لەگەڵ پشتیوانییی کۆمەڵگەی مەدەنیی نێودەوڵەتی، ڕێگەی بۆ گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە پێکهاتەی کۆنەپەرست و سەرکوتگەرانەی ئایدۆلۆژیاتەوەری ڕژێمی کۆماریی ئیسلامیی ئێران، خۆش کردووە و زەمینەی بۆ گۆڕانکاریی فەرهەنگی ڕەخساندووە. لە وەها

بەستێنێکدا و بەو گۆڕانکارییانەی کە ڕوویان داوە، دەتوانین بە گۆڕانی یاسا پیاوسالاری و باڵادەستەکانی ئێران هیوادار بین چونکە هەتا ئێستا بنەڕەتیترین هێزی بزوێنەری هەر چەشنە پێشێلکاری و توندوتیژی و دەستدرێژیکردنە سەر ژنان و منداڵان بە پێی یاسا جیاکارییەکانە کە لە فیقهـ و ئایین و شێوازی جێبەجێکردنیان سەرچاوەی گرتووە و لە ژێر چاودێریی سیستەمی دادوەریی پیاوسالاریدا بەدی هاتووە کە بە نەمانی ئەم پێکهاتە، وردە وردە بەشێکی زۆر لە نەهامەتییەکان لە ناو دەچن و ئەو بەشە فەرهەنگییەی کە لە نەریتی دێرینەی کۆمەڵگادا چەقیان بەستووە لە ڕێگەی سیستەمی پەروەردەیی و پەرەپێدانی هۆشیارییەوە لە سەر ئاستە جیاجیاکان و لە خوارەوە بۆ سەرەوە چاکسازییان تێدا دەکرێت. سەرەرای ئەمەش لە پێناو چاککردنەوە و چاکسازی و کەمکردنەوە و ڕێگریکردن لە دیاردەی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان، هەندێک لەو بابەتانەی کە لە سەر ئاستی مامناوەند، کەڵان و پێکهاتەیی دەخرێنە ڕوو، بریتین لە:

- ڕاهێنان بکرێ و پلان دابنرێ بۆ ئەوەی ڕەگ و ڕیشەی فەرهەنگی پیاوسالاری بنەبڕ ببێ و ئاستەنگەکانی بەردەم یەکسانیی یاسایی ژنان و منداڵان لا ببرێ و بە دەستنیشانکردن و ڕاهێنان کۆمەڵگا فێری ڕەتکردنەوەی ئەو بەها نامرۆییانە بکرێ کە باڵیان بە سەر کۆمەڵگەی پیاوسالاردا کێشاوە.

- لە ڕێگەی داموودەزگا مەدەنییەکانەوە فشار بخرێتە سەر دامودەزگا جێبەجێکار و دادوەرییەکان بۆ ئەوەی بڕگەکانی بەڵگەنامەی ٢٠٣٠ جێبەجێ بکەن.

- داوا بکرێ کە سەبارەت بە مافەکانی منداڵان هۆشداری بدرێ و لە ڕێگەی سووڕیی ئازادانەی زانیارییەکانەوە ژینگەی ئەم منداڵانە واتە ماڵ و قوتابخانە و کۆمەڵگا لە توندوتیژی و دەستدرێژیی سێکسی بێبەری ببێت.

- هاوکاری کردنی منداڵەکان و ژنان بۆ تێکشاندنی ئەو زەینییەتەی کە ناچاریان دەکا بێدەنگی بنوێنن و نکۆڵی بکەن؛

- پارێزراوکردنی شوێنە گشتییەکان لە سەر ئاستی کۆمەڵگا و فێرکردنی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی بە منداڵان لە ڕێگەی دامەزراوە پەروەردەییەکانەوە بۆ ئەوەی لە ناو ماڵ و ژینگەی کۆمەڵگادا چالاکانە ڕووبەڕووی دەستدرێژی ببنەوە.

- فەرهەنگی خاوەنداریەتی‌تەوەر نەمێنێ و چیتر پەردەی کچێتی وەک پێوەرێک بۆ بەهادان بە ئافرەتان بایەخی پێ نەدرێ بۆ ئەوەی ئەو کچانەی کە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەریان، لە ترسی ئابڕووچوون مل بە هاوسەرگیریی زۆرەملێ و منداڵهاوسەری نەدەن؛

- پێداچوونەوەیەکی بەردەوام و کردەیی و جددی بە بارودۆخی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی کۆمەڵگا کە بە ململانێی نێوان پێکهاتەی نەریت و مۆدێرنیزم، خەریکە گرووپە بێدەسەڵاتەکانی ناو کۆمەڵگا دەکاتە قوربانی، کۆمەڵگایەک کە منداڵان وەک بەشێک لە موڵک و ماڵی دایک و باوکیان تووشی هەر جۆرە ڕەفتارێکی وەکوو پەلاماردان و دەستدرێژیی سێکسی و سزادانی جەستەیی، ئازاردان، توندوتیژی و کوشتن دەبنەوە.

- چاکسازیی خێرا لە بناغە فیکری و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگا لە بواری بەپیرۆززانینی دایک و باوک و لابردنی ئەم تێڕوانینە ئایدۆلۆژی و پیاوسالارییە مەترسیدارەی کە باڵی بە سەر دامەزراوەی بنەماڵەدا کێشاوە.
- ڕاهێنان و فەرهەنگسازی سەبارەت بەو ڕاستییەی کە: سنووری دەسەڵات و کردارەکانی دایک و باوک دەبێ لە سەر تەوەری ڕێزگرتن لە مافە بنەڕەتییەکانی منداڵەکانیان بێ نەک ڕوانینی ئامرازانە و خاوەندارێتییانە.
- ڕاهێنانی گەڕەکتەوەری خێزانەکان لە سەر بنەمای ئاشناکردنیان بە بەها فەرهەنگییە نوێیەکان و خێرایی گۆڕانکاری لەو نۆرمە کۆمەڵایەتییانەی، کە بوونەتە هۆی ناکۆکی و لێکدژیی فکری و ئەندێشەیی لە نێوان دایک و باوک و منداڵ.
- بە هاوکاریی دامەزراوە ورد و کەڵانەکانی سەر ئاستی کۆمەڵگا، میدیا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕاهێنان بۆ بەڕێوەبردنی جەستە، خۆکۆنترۆڵکردن، ڕێز لەخۆگرتن و ڕێزگرتن لە دیتران، کۆنترۆڵکردنی تورەیی و وروژان و فشاری دەروونی و ڕۆحی و تورەیی زۆر کە دەبێتە هۆی ڕفتاری نانۆرمانە.
- بەرەوپێشبردنی ئەو مەسەلەیە کە منداڵ بەستراوەتەوە بە بواری گشتییەوە و نەک بە بواری تایبەتیی خێزانەوە کە خۆی بە خاوەنی ژیان و موڵک و ماڵی منداڵ دەزانێ، ئەگەر منداڵ دەستدرێژی دەکرێتە سەر و ئازار دەدرێ گشتێتیی کۆمەڵگا بە چالنج دەکێشرێ نەک ئەوەی کە دایک و باوک لە هەر تاوانێکی پەیوەست بە منداڵەکە بێبەری بکرێن.

-ڕاهێنانی بەردەوام و جددی منداڵان بۆ ئەوەی کە فێر بن چۆن خۆیان بپارێزن و لە چ حاڵەتێکدا داوای هاوکاری بکەن.

-پێداچونەوەی دەستبەجێ بە یاساکانی پەیوەست بە منداڵان و دەستدرێژیی سێکسی و توندوتیژی دژ بە منداڵان کە هەر لە سەرەتاوە بە شیوەی پێویست ڕێگریان لێ نەدەکرا.

- لە ڕێگەی دامودەزگا و قوتابخانەکان و تابلۆی بازرگانی لە سەر ئاستی شار و بەڕێوەبردنی شانۆی سەرشەقامی گەڕەکتەوەر لەم بوارەدا ئاستی هۆشیاریی منداڵان لە بواری تێگەیشتن لە خۆ و پێداویستییەکانیان بەرز بکرێتەوە.

- لە ڕێگەی ڕیکلامی میدیایی و زانیاریی سەردەمییانەوە و بە هاوکاری ڕێکخراوە ناحکومییەکان، خێزان و هاووڵاتیان بە مافە کۆمەڵایەتی و تاکەکەسییەکانیان ئاشنا بکرێن بۆ ئەوەی وردە وردە چاکسازی لە فەرهەنگ و بیر و باوەڕە بێکەڵکەکاندا بکرێت.

- لە ڕێگەی کەرتی تایبەت و ناحکومییەوە پەرە بە چالاکییە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی پەیوەست بە منداڵان بدرێت.

- ڕوانگەی ڕەگەزێتی لە سەر مەنهەج و ڕاگەیاندنەکاندا نەهێڵدرێ و کەم بکرێتەوە و ئاراستە پۆپۆلیستی و باڵادەستەکان لە مێشکی منداڵان بسڕدرێتەوە.

- شارۆمەندان و بەرپرسان لە ڕێگەی بەرنامەی ڕاهێنانی بەردەوام، وەک مرۆڤ لە هەر تەمەن و ڕەگەزێکدا گرینگی بە نەهێشتنی جیاوازیی درۆیانەی ڕەگەزێتی بدەن و ئامرازگەرایی خاوەندارێتی لە سەر منداڵان، ژنان، و گروپە پەراوێزخراوەکان ڕەت بکەنەوە.

- بزووتنەوەی ڕادیکاڵانە بگیرێتە بەر بۆ ئەوەی ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕی پیاوسالاری و باڵادەست کە ڕوانینێکی ئۆبژەتەوەریان بۆ منداڵان هەیە نەمێنن و ڕەت بکرێنەوە.

- فەرهەنگی گوتاری ئاشتی و لێکتێگەیشتن لە بری فەرهەنگی دژایەتی و جیاکاریی ڕەگەزی لە ناو خێزان و کۆمەڵگادا پەرەی پێ بدرێ بۆ ئەوەی ئاسایشێک ساز ببێ کە دەستدرێژیکراوان بتوانن ڕووداوی دەستدرێژییەکە و توندوتیژی سێکسی لەقاو بدەن.

- فەرهەنگی خۆڕەخنەگری لە درێژەی ژیانی تاکایەتی و کۆمەڵایەتی لە تافی منداڵییەوە هەتا هەڕەتی گەورەساڵی دەبێ پەرەی پێ بدرێ بۆ ئەوەی بناغەی کەسایەتی و خۆڕاگری لە هەمبەر سووکایەتی بە هۆی دەستدرێژیی سێکسی بەهێز بێت؛

- لە ڕێگەی فشاری کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەر یاسادانەران و جێبەجێکاران هەوڵ بدرێ کە مەودای نێوان یاسا فیقهی و ئیسلامییەکان لەگەڵ یاساکانی کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵ کەم بکرێتەوە.

- لە نێوان ناوەندی قوتابخانە، یاسا، کەرتی پزیشکی و یاریدەدەریی کۆمەڵایەتی هاواهەنگیی ئۆرگانیکیی کاریگەر ساز ببێ بۆ ئەوەی منداڵانی دەستدرێژیکراو دەستنیشان بکرێن و هاوکاری بکرێن و بەرنامەی پەروەردەیی ئامادە ببێ بەڵام دەبێ مەرجی نهێنیپارێزی مسۆگەر و ئاسایشی ئەم کەسانە دەستەبەر لە بەر چاو بگیرێت؛

- نووسینگەی یاریدەدەری پسپۆڕانە لە ناو یاسای داد بەهێز بکرێ و لە قوتابخانە و فریاکەوتنە پزیشکی و کۆمەڵایەتی و گەڕەکەکانی سەر ئاستی شار و دێهات نووسینگەی یاریدەدەری دابنرێت؛

- لە دەزگای داد ئەنجوومەنی داکۆکی لە مافەکانی منداڵان دابمەزرێنرێ و ئەندامەکانی ئەم ئەنجومەنە لە پسپۆڕانی دەروونناسی، کۆمەڵناسی، ڕەفتارناسی و یاسا پێک بێت؛

- بۆ ڕاهێنان و بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتنی فەقێکان لە فەرهەنگی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک پلان دابنرێ بۆ ئەوەی بتوانن لە جێبەجێکردنی یاساکەدا بەڕۆژ بن.

- بۆ ئەوەی لە سەر بەستێنی تایبەت (خێزان) و لە سەر بەستێنی گشتی (دامەزراوە و ناوەندەکان) دادخوازی لە سەر دۆسییەی دەستدرێژی سێکسی بکرێ پێویستە پارێزەرە پسپۆڕەکان ڕاهێنانیان پێ بکرێت؛

- ڕاهێنان و بانگەشەی قەدەغەکردنی توندوتیژی و ئازاردانی سێکسی لە سەر ئاستی شار، میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

- لە ناو ژینگەی باغچەی ساوایان و قوتابخانەکاندا کەڵک لە ڕاهێنەران و بەرپرسانی خاوەنئەزموون و پسپۆڕی پرسە دەروونناسییەکان بگیرێت؛

- ئاستی هۆشیاریی قوتابیان لە بواری کۆنترۆڵکردنی پەیوەندییەکان و ئاستی چۆنیەتیی هەڵسوکەوتەکان لە ناو خێزان و کۆمەڵگا بەرز بکرێتەوە و سەبارەت بە تەندروستیی سێکسی وریا بکرێنەوە.

- ئاراستەی سیستەمی سیاسیی حوکمڕانی بە سەر ئێراندا کە یەکسانیی ڕەگەزێتی و ڕاهێنانی بڕگەکانی بەڵگەنامەی ٢٠٣٠ بە پیلانێکی هاوردەکراو ڕۆژاوایی و زایۆنیزم دەزانێ، لە ڕێگەی میدیا کۆمەڵایەتی/ مەجازییەکانەوە بە چالنج بکێشرێت.

- بە دروستکردنی کەمپەین و ڕێکخراوی ناڕەزایەتی هەوڵ بۆ خێراکردنی بەسکۆلاریزمکردنی یاسا مەدەنییەکان بدرێ و لە ڕێگەی ئەو گروپە دەسەڵاتدارانەی کە متمانەپێکراوی خەڵکن و هەروەها لە ڕێگەی فشارە نێودەوڵەتییەکانەوە داواکارییەکان پێشکەش بکرێن؛

- بزووتنەوە و چالاکوانانی بواری ژنان لە ئێران سەرنج بخەنە سەر پرسی بنەماڵە و سروشتی سێکسیی کچۆڵەکان کە ژنانی داهاتوو و دایکانی کۆمەڵگان؛ بۆ ئەوەی سووڕی بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی، دەستدرێژیی سێکسی و جەستەیی، منداڵهاوسەری و ... بنەبڕ ببێت.

- لە ڕێگەی کەسایەتیی هونەری و وەرزشی و زانستییەکانەوە بەهاسڕینەوە و نۆڕمسڕینەوە لە دیاردەی ناموس بکرێ و قەباحەتسڕینەوە و پیرۆزیسڕینەوە لە ئەدەب و بیروباوەڕە باڵادەستەکانی سەر دامەزراوەی خێزان و هاوسەرگیری بکرێت.

- ڕاهێنانی بەرەنگاربوونەوەی دژ بە نکۆڵیکردن لە بکەربوونی منداڵ و ئاراستەی سیستماتیکیی مرۆڤسڕینەوەی دەسەڵات و یاسا لە ئێراندا کە باوک وەک سەرپەرشتیار و منداڵ بە ئۆبژەی ملکەچی خاوەندار دەزانێت.

- ئەو دامەزراوانەی کە تەندروستیی گشتیی هاووڵاتیان دەستەبەر دەکەن وەکوو وەزارەتی تەندروستی، ڕێکخراوی چاکژیانەوە و یاریدەری و ... (بهزیستی و رفاه، مددکاری) هەستیار بکرێن بۆ ئەوەی دەستوەردان لە قەیرانەکان و توندوتیژی و شەڕانگێزی لە بواری خێزاندا بکەن؛

- سەرکۆنەنەکردنی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی و دروستکردنی کەشێکی نائارام بۆ کەسی دەستدرێژیکار بۆ ئەوەی چیتر لە سایەی بێدەنگیی کەسی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی ئیتر جەسارەتی ئەوە نەکا دەستدرێژیی سێکسیی بکاتە سەر کەسانی دیکەش.

- ناوەندێکی ڕاوێژکاری بۆ چارەسەری گروپدەرمانیی قوربانیان دابنرێ بۆ ئەوەی ڕێگری لە لێکەوتەکانی دەستدرێژیی سێکسی بکرێتەوە و هەروەها گروپدەرمانیی بۆ

دەستدرێژیکاران (لە ئەگەری دەستنیشانکران) بەڕێوە ببرێ بۆ ئەوەی هۆکار و زەمینە و میکانیزمەکانی بەردەوامیی دەستدرێژیی سێکسی بناسرێ و هەوڵی چارەسەریان بۆ بدرێت.

- لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئاستی هۆشیاری بەرز بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو ئەخلاقی ڕووالەتبازانەیە نەمێنێ کە تابۆی ژنێتی دروست دەکا و لە پشت دەمامکی شەرم، ئابڕوو و شکۆ، کەرامەت و ناموس خۆی دەشارێتەوە.

- دروستکردنی هێڵی تەلەفۆنی تایبەت بۆ ڕاگەیاندنی ئازار و دەستدرێژیی سێکسیی خێزان بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ پارێزراوییان ڕەچاو بکرێت.

چاوخشانێک بە سەر هەندێک لە ڕێکار و پێشنیارە کلیکییەکان:

١- بە خوێندنەوەیەکی مۆدێرن و کۆمەڵناسانە و نەک تەنها لە ڕوانگەی دەروونناسی و قۆناغەکانی گەشەکردنەوە سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی ئۆبژانە بناسرێت.

٢- لە سۆنگەی هۆکارناسی و لێکەوتەدۆزییە جیاوازەکانیانەوە، لێکۆڵینەوە لە سەر دەستدرێژیی سێکسی بە پێی ڕەگەز و تەمەن (منداڵی و مێرمنداڵی) زەروورییە.

٣- سیاسەتێکی خۆشگوزەرانی-پەروەردەیی کە تیشک بخاتە سەر بنەماڵەی ئێرانی لە پەیوەندی لەگەڵ حکومەت و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ئۆرگانە پشتیوانەکان، دابڕێژرێ بۆ ئەوەی بێبەشییە فرەڕەهەندەکان کەم بکرێنەوە، دایک و باوکان لە پەیوەندییە سێکسییە پارێزراوەکان ئاگادار بکرێن، بەرپرسیارێتی و چاودێریی منداڵان و مێرمنداڵان بەهێز بکرێ، شێوازە کۆمەڵگاگرییەکان بخرێنە بەر تیشکی ڕەخنە و پێداچوونەوە بەو ئاراستە و کلیشە ڕەگەزێتییەکانە بکرێ کە منداڵ لە سەر بنەمای ئەوە پەروەردە دەکرێت.

٤- سیاسەتێکی ڕێکخراوەیی دابڕێژرێ بۆ ئەوەی بە شێوەی پێکهاتەیی و زەمەنی منداڵانی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی لە ڕووی چاودێری (دامەزراوەی جێگرەوەی خێزان)، خزمەتگوزاریی ڕاوێژکاری بە شێوەی درێژخایەن و فرەڕەهەند پاڵپشتی بکرێن و بە شیوەی سیستماتیک و بەردەوام چاودێری بکرێن.

٥- بەهێزکردنی توێژینەوەکانی بواری کۆمەڵناسیی هەستەکان بە پێداگریکردن لە سەر شیکاریی ڕەخنەیی هەستە باڵادەستەکان لە ناو کۆمەڵگەی ئێراندا (شەرم، ترس، گوناح،

تورەیی، سووکی، غەم ...) و پەیوەندییان بە بەها عورفییەکانەوە (ئابڕوو و ناموووس) و سیستەمی پاداشت و سزادانی بەدەروونیکراو لە پرۆسەی کۆمەڵگاگری و پێکهاتەی پەروەردەیی بنەماڵەی ئێرانی و دامەزراوەکانی دیکەی بەکۆمەڵایەتیکردن.

٦- میکانیزمی نکۆڵیکردن و دیترهاوێژی لە ناو هەموو چینەکانی کۆمەڵگا و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییەکەی لەگەڵ بەها عورفییەکان و هەستە فەرهەنگییە زاڵەکانی کۆمەڵگای ئێران ڕیشەناسی بکرێت.

٧- سیاسەتێکی پەروەردەیی- خۆشگوزەرانی بە گرنگیدانی تایبەت بە خێزانە تاکسەرپەرشتەکان (دایک یان باوک) دابڕێژرێ بۆ ئەوەی دەستدرێژیی سێکسی کە لە ناویاندا زەمینەی هەیە و ڕێژەکەشی کەم نییە، ڕێگری لێ بکرێت.

٨- لە سەر ئاستی ناوچە و گەڕەکدا ئاراستەی هەژاری وەک تاراندنی کۆمەڵایەتی و بێبەشیی فرەڕەهەند و ژێرخانی هەموو جۆرە بێبەشییەکان سیاسەتی بۆ دابڕێژرێ، و فەزا بێبەرگرییەکان لە ڕێگەی پلاندانانی سێ ڕەهەندی بۆ ئەو فەزایانەی کە لە دەقەکەدا و مۆدێلدا ئاماژەیان پێکراوە چاودێری بکرێن.

٩- دەبێ پێکهاتە و ئاراستەی یاسایی و یاساکانی پەیوەست بە دەستدرێژیی سێکسی پێداچونەوەیان پێدا بکرێتەوە و بچنە بواری جێبەجێکردنەوە بۆ ئەوەی لە ڕوانگە و ڕێوشوێنی یاسایی و دادوەرییەوە لە بواری دەستدرێژیی سێکسی سیاسەتی پێشگرانە و خۆپارێزانە پێشنیار بکرێ، مەرزبەندیی نێوان قۆناغەکانی کۆرپە و ساوا و منداڵ و مێرمنداڵ ڕوون بکرێتەوە، ڕخنە لە ئاراستە ڕەگەزێتییەکانی ناو گوتارە یاساییەکان بگیرێ و تێکهەڵکێشبوونی ئاراستەی ڕەگەزێتی لەگەڵ گوتاری فیقهی چارەسەر بکرێ و ڕێکخراوە جێبەجێکارەکانی خەسارناسی بکرێن.

١٠- لە کارگروپە هاوبەشەکانی نێوان دایک و باوک و منداڵ تواناکانی ژیانیان پێ فێر بکرێ و تەکنیکی پەیوەندیی تەندروستیان بەهێز بکرێ (بە جەختکردنەوە لە سەر هەر دوو توانای کۆنترۆڵکردنی تورەیی و توانای وتنی نەخێر و ڕیشەناسییەکانیان) بۆ ئەوەی ڕێگری لە دەستدرێژیی سێکسی و ئازاردانی سێکسی بکرێ، جەخت لە سەر ئامادەکردنی بەرنامەی میدیایی بە ئاراستەیەکی ڕەخنەگرانە و واقیعبینانە بکرێتەوە بۆ ئەوەی دایک و باوک و منداڵان و مێرمنداڵان بەر چاویان ڕۆشن ببێتەوە و بەتوانا ببن.

١١- بواری لێکۆڵینەوە و توێژینەوە تەرکیز بخاتە سەر هاوبەشی و پەیوەندییەکانی نێوان کێشە و خەسارەتە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو پەیوەندیی نێوان ئالوودەبوون، هەژاری، تەڵاقی سۆزداری، لەشفرۆشی و فرەیی پەیوەندیی سێکسی، هاوڕەگەزبازی، دزی و ... لەگەڵ دەستدرێژیی سێکسی، و جەخت لە سەر زینا لەگەڵ مەحارم بە شێوەی نێوان‌زانستەکان بکاتەوە و هەروەها پێداگری لە سەر ڕێبازە نوێکانی بوارەکانی توێژینەوە بکرێ بۆ ئەوەی ڕێکار و دەرەنجامەکانیان لە سیاسەتە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێراندا بقۆزرێتەوە.

١٢- سیاسەتی پاڵپشتیی تایبەت لە گروپی منداڵان و مێرمنداڵانی تایبەت و جیاوازی وەکوو کەمئەندامان (نقیشکان)، بیرکۆڵ و ... ئامادە بکرێ بۆ ئەوەی پێش بە دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر ئەم گروپانە بگیرێ و هەروەها سیاسەتی پاڵپشتی و ناجیاکارانە بۆ گروپی منداڵان و مێرمنداڵانی کۆچبەر (ئەڤغانی) و خێزانەکانیان ئامادە و جێبەجێ ببێ، هەڵبەت دەبێ فاکتەرەکانی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر ئە منداڵانە هەڵبسەنگێنرێ و ڕێژەکەی کەم بکرێتەوە و نەهێڵدرێت.

١٣- میکانیزم و سازوکارەکانی ئاراستەی ئەخلاقیی کاریگەر لە بەرسازەکردنی کەسی دەستدرێژیکراو وەک تاوانبار و خەتابار و پرۆسەی بە ئۆبژەکردن و بەدەروونیکردنی ئەو میکانیزمانە لە لایەن خودی دەستدرێژیکراوەوە لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی داهاتوودا شی بکرێتەوە.

١٤- لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارانە لە بەکارهێنانی میکانیزمی نکۆڵیکردن لە ڕووداوی دەستدرێژی لە لایەن هەر دوو ڕەگەزی ژنانی دەستدرێژیکراو و پیاوانی دەستدرێژیکراو و هەروەها فاکتەرپێوی ئەم دەستدرێژییانە لە ڕێگەی تاوتوێکردنی گوتارە باڵادەستەکانی ناو کۆمەڵگە و لێکەوتەکانیەوە کارێکی زەروور و پێویستە.

١٥- لە سەر ئاستی پێکهاتەی پەروەردە و ڕاهێنانی قوتابخانەکان (لەوانەش پەیوەندیی زیاتر لەگەڵ دامەزراوەی خێزان و ماڵەوە) گۆڕانکاریی بناغەیی و کارگێڕی پەیڕەو بکرێ و پێگە ڕاوێژییەکەی لە ڕێگەی پێشگیری لە دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان و مێرمنداڵان لە سەر بنەمای ڕوونکردنەوە و نکۆڵی‌نەکردن بەهێز بکرێ بۆ ئەوەی فەزایەکی گفتوگۆ ساز ببێ کە ئەم منداڵانە متمانەی پێ بکەن و ئەم منداڵانە پشتیوانییان لێ بکرێ و منداڵان و مێرمنداڵانی دەستدرێژیکراو ڕەوانەی دامەزراوە پشتیوانییەکان بکرێن.

سەرچاوە و ژێدەر

آرنت،هانا. (۱۳۹۴). توتالیتاریسم. ترجمه: محسن ثلاثی. تهران: ثالث.

اک چیلد، آرلی راشل،(۱۳۸۹)، مدل مدیریت عاطفی،ترجمه حسین اسدی.بی جا.

ئەحمەدی، کامیل و هاوکاران (١٣٩٦ هەتاوی). زایەڵەی بێدەنگی: *توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لە ئێران*. تاران: چاپخانەی شیرازە و چاپخانەی آوای بوف لە دانیمارک و دانیشفر لە هە ولیر.

ئەحمەدی، کامیل و هاوکاران (١٤٠٠ هەتاوی). ئاسەواری چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵی. *توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە جۆر، هۆکار* و لێکەوتەکانی کاری منداڵان. دانیمارک: چاپخانەی آوای بوف و دانیشفر لە هە ولیر.

استراس، انسلم و کربین، جولیت. (۱۳۹۳). *اصول روش تحقیق کیفی: نظریه مبنایی، رویه‌ها و شیوه‌ها*. ترجمه بیوک محمدی. تهران: پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی.

استرابرت اسپیژیاله ، هلن جی ، کارپنتر ، دونا رینالدی (۱۳۹۲)،تحقیقات کیفی در پرستاری، مترجمان:دکتر مصطفی شوکتی احمدآباد ,دکتر آلیس خاچیان، ناشر:جامعه‌نگر.

اردوان،آناهیتا،(۲۰۱۵)،زن و سوسیالیسم، *مجله هفته سیاست بین المللی، سال هفدهم*، نشر اینترنتی.

اعزازی، شهلا (۱۳۸۰). *خشونت خانوادگي زنان کتک‌خورده*. تهران، نشر سالي.

اکبرزاده، نسرین (۱۳۸۳). *هوش هیجانی و دیدگاه سالووی و دیگران*. تهران، انتشارات فارابی.

امیری مجد، مجتبی؛ کاکاوند، شبنم (۱۳۹۷). رابطه آزاردیدگی و خشونت دوران کودکی با صمیمیت زناشویی در زوجین ناسازگار. *فصلنامه مددکاری اجتماعی*. ۷ (۱): ۳٦-۲۹.

انصاری، حسین؛ نوروزی، مهدی و دیگران. (۱۳۹۱). بررسي ميزان مواجهه با خشونت فيزيكي، رواني و جنسي و عوامل مرتبط با آن در زنان متأهل شهر زاهدان. *مجله پزشکی هرمزگان*. ١٦ (٦): ۹۹-۴۹۱.

ایروانی، محمود و خداپناهی، محمد کریم. (۱۳۸۴). *روانشناسی احساس و ادراک*. تهران: سمت.

ایروانیان، امیر. (۱۳۸۹). باز آسیب‌دیدگی قربانیان جنسي در بستر پاسخ‌های اجتماع و نظام عدالت كيفري. *پژوهش حقوق*. ۱۲ (۲۹): ٢٤-١.

ایمان، محمدتقی. (۱۳۹۷). *فلسفه روش تحقیق در علوم انسانی*. تهران: پژوهشگاه حوزه و دانشگاه.

بر، ویوین. (۱۳۹۴). برساخت گرایی اجتماعی. ترجمه: اشکان صالحی. تهران: نی.

برگر، پتر. (۱۳۸۷). ساخت اجتماعی واقعیت. ترجمه: فریبرز مجیدی. تهران: انتشارات علمی و فرهنگی.

بختیاری نژاد،پروین،(۱۳۸۸)، فاجعه خاموش،نشر اینترنتی.

بشیریه، حسین (۱۳۸۱)، جامعه‌شناسی سیاسی، تهران: نشر نی.

پیوندی، سعید(۲۰۱۹)،پیدایش پرتنش سکسوالیته جدید در جامعه ایران ، ایران آکادمیا.

تقوی، نعمت‌الله؛ عباس زاده، محمد و رفیعی اصل، ثریا. (۱۳۹۲). تعيين عوامل فردي-اجتماعي مرتبط با ميزان سازگاري زناشويي (مطالعه موردي خانواده‌های شهر مرند). *مطالعات علوم اجتماعي ايران*. ۱۰ (٣٦): ۳۹-۲۱.

تنهایی ،حسین ابوالحسن ،(۱۳۸۹)،مکاتب و نظریه‌های جامعه شناسی ، چاپ ششم ، مشهد : مرندیز.

حقی، زینب، وامقی، مروئه و دیگران (١٣٩٦). پیش‌بینی خطرپذیری نوجوانان بر اساس مواجه آن‌ها با خشونت خانگی در نوجوانان خرم‌آباد. *فصل‌نامه علمی پژوهشی رفاه اجتماعی*، ۱۷ (٦٥): ۱۷۳-۱۹۹.

چلبی، مسعود. (۱۳۹۱). *جامعه‌شناسی نظم: تحلیل و تشریح نظری نظم اجتماعی*. تهران: نی.

جلائی‌پور، حمیدرضا، محمدی، جمال (۱۳۸۸). *نظریه‌های متأخر جامعه‌شناسی*. تهران: نی.

جوان جعفری بجنوردی، عبدالرضا؛ سید زاده ثانی، سید مهدی و دیگران. (۱۳۹۵). تیپ‌شناسی تطبیقي بزه‌دیدگي زنان افغاني و ایراني ساکن مشهد. *زن در توسعه و سیاست*. ۱۴ (۲): ۵۴-۲۳۵.

خادمی، نسیم؛ ناهیدی، فاطمه و دیگران. (۱۳۹٦). *تعیین سلامت روان قربانیان زن تجاوز جنسی مراجعه‌کننده به مرکز پزشکی قانونی استان اصفهان در سال ۱۳۹۳* . مجله علمي سازمان نظام پزشكي جمهوري اسلامي ايران. ۳۵ (۲): ۵۲-۱٤٥.

خدابخشی کولایی، آناهیتا و نجمی صادق، سما. (۱۳۹۸). زندگی با پدر جانباز: واکاوی نیازهای روان‌شناختی و عاطفی دخترانِ جانبازان (رویکردی پدیدارشناسانه). *طب نظامی*. ۲۱ (۵): ۸۹-٤۷۹.

خسروانی، فخرالسادات؛ ملک پور، مختار و دیگران. (۱۳۹۲). مقایسه انواع کودک‌آزاری در افراد عادی و معتاد. *رفاه اجتماعی*. ۱۳ (٤۸): ٤٥-۲۲۹.

خضری، زهرا ، تهمینه شاوردی، عاصمه قاسمی (۱٤۰۰)، تأثیر رسانه‌های جمعی در بازنمایی انتقال ارزش‌های فرهنگی اجتماعی زنان، *مطالعات فرهنگی اجتماعی حوزه* ، پاییز و زمستان ۱٤۰۰ - شماره ۱۰ ، از ٥ تا ۲٦.

خنجری، صدیقه؛ باستانی، فریده و دیگران. (۱۳۹۳). پیشگیری از سوء رفتار جنسی: آگاهی، نگرش و عملکرد والدین. *نشریه پرستاری ایران*. ۲۷ (۸۹): ۲۰-۱۲٫۰

خوشنویس، الهه، شیما ستاری(۱۳۹۸)،آموزش خودمراقبتی: روشی برای پیشگیری از سوء استفاده از کودکان و جلوگیری از آزار جنسی آن‌ها،تهران: نشر ثالث.

دریفوس، هیوبرت و رابینو، پل (۱۳۸۷)، میشل فوکو، فراساختارگرایی و هرمنوتیک، ترجمه حسین بشیریه.تهران: نشر نی.

ربانی خوراسگانی، علی و کیانپور، مسعود. (۱۳۸۸). جامعه‌شناسی احساسات. *جامعه‌شناسی کاربردی*. ۲ (۳٤): ٦٤-۳۵.

روشتاین، بو (۱۳۹۳). *دام‌های اجتماعی و مسئله‌ی اعتماد*. مترجمان لادن رهبری و دیگران. تهران، نشر آگه.

رضا امام، سید؛ محمد؛ حسینی، سید محمد و هل اتائی، سید محمود. (۱۳۹۵). بازخوانی ادله مشروعیت اعدام در زنا با محارم. *فقه و اصول*. ٤۸ (۱۰۵): ٤۳-۲۹.

زارع شاه‌آبادی، اکبر، نادرپور، یاسر (۱۳۹۳). رابطه بین تجربه خشونت در دوران کودکی و خشونت علیه زنان در شهر کوهدشت. *مطالعات اجتماعی-روان‌شناختی زنان*. ۱۲ (۴): ۱۱۸-۹۳.

زارعی، محمد حسین(۱۳۹٦)،مطالعه تطبیقی حمایت از حریم خصوصی در فضای مجازی با تاکید بر مقررات جدید اتحادیه اروپا ارائه شده در *همایش بین المللی جنبه‌های حقوقی فناوری اطلاعات و ارتباطات*.

رضایی، صادق؛ احمدیان، علی‌رضا (۱۳۹۳). بررسی آثار تربیتی جرائم خشونت‌بار خانگی علیه کودکان در یک مطالعه پلیسی. *فصلنامه علمی پژوهشی آموزش در علوم انتظامی*، ۲ (۴): ۱۵۲-۱۲۹.

رزگر، فاطمه و نشاط دوست، حمیدطاهر. (۱۳۸۵). بررسی عوامل جمعیت شناختی و خانوادگی مؤثر در بروز کودک‌آزاری در شهر اصفهان. *خانواده پژوهی*. ۲ (۲): ۷٦-۱٦۵.

رضائی، مهدی و آبدار، شیرین. (۱۳۹٦). خشونت جنسي در خانواده: يك پژوهش كيفي. *پژوهش‌نامه زنان*. ۸ (۱): ۵۹-۳۵.

رئیس الساداتی، سیده فاطمه (۱۳۹٤). رابطهٔ طرح‌واره‌های ناسازگار اولیه و تمایزیافتگی با میزان سازگاري زناشویی. *پایان‌نامه کارشناسی ارشد در رشته مشاوره خانواده*. دانشگاه شهید بهشتی تهران.

ساروخانی، سحر و مرادی، علی‌رضا. (۱۳۹۵). عملکرد قربانیان تجاوز جنسی مبتلابه اختلال استرس پس از سانحه در حافظه روزمره. *مطالعات روان‌شناختی*. ۲ (۱۲): ٤٦-۱۲۹.

ستاری، الهه، خوشنویس، شیما(۱۳۹۸)، آموزش خودمراقبتي (سخني با مادران پدران معلمان و مربیان)، تهران:ثالث.

سعادتی فر، سمیه. (۱۳۹۸). *تحلیل تجارب کودکی زنان زندانی شهر کرج*. پایان‌نامه کارشناسی ارشد در رشته مددکاری اجتماعی. دانشگاه یزد.

سیف، سوسن؛ کدیور، پروین و دیگران. (۱۳۹۲). *روانشناسی رشد*. تهران: سمت.

شاعلی، شاداب؛ محمدی، عیسی؛ لمیعان، می‌نورو دیگران. (۱۳۹۳). تجربه ارائه‌دهندگان خدمات بهداشتی-درمانی از مواجه قربانیان خشونت جنسی: یک مطالعه کیفی. *تحقیقات کیفی در علوم سلامت*. ۳ (۱): ۵۰-۳۷.

شعاع کاظمی، مهرانگیز. (۱۳۸۴). خانواده و آسیب‌های روانی موجود در آن. *معرفت*. ۹۴: ۴۳-۴۷.

طلاع‌پسند، سیاوش؛ صفایی، صدیقه (۱۳۹۲). مقایسه کیفیت زندگی کودکان آزاردیده با عادی. *دوماهنامه علمی-پژوهش دانشور پزشکی*، ۲۱ (۱۰۹): ۱-۱۱.

صادقی فسایی،سهیلا،(۱۳۹۳)، ،مطالعۀ کیفی شرایط و زمینه‌های شکل‌گیری ازدواج موقت زنان،*مجله زن در توسعه و سیاست*، از ۵۰۷ تا ۵۲۴ .

صبا، سحر ،(۱۳۹۹)،قتلهای ناموسی، قربانیان خاموش نظام طبقاتی،نشر اینترنتی مبارز.

طبری،احسان. ۱۳۵۸ . انسان،پراتیک اجتماعی و رفتار فردی وی،تهران:مروارید.

کارگری، نوروز (۱۳۸٦). آزار کودکان؛ علل و پیامدها (با تأکید بر آزار خانگی). *فقه و حقوق*، ۳ (۱۲): ۱۲۱-۱۵۱.

کامرانی فکور، شهربانو (۱۳۸۵). شیوع خشونت‌های خانوادگي تجربه‌شده در کودکان فراري و غیر فراري. *فصل‌نامه علمی پژوهشی رفاه اجتماعی*، ٦ (۲۲): ۲۱۸-۱۹۷.

کاظمی،سیمین،(۲۰۱۷)، کودکان کار در جهانی که هرگز نساخته‌اند، مجله سلامت اجتماعی،دوره ۴، شماره ۲،صفحه ۷٦-۷۸

کرمانی، علی‌رضا. (۱۳۹۷). گذار از کودکی: بررسی رفتارهای پرخطر در زندگی روزمره نوجوانان. رساله دکتری در رشته جامعه شناسی. دانشگاه تهران. دانشکده علوم اجتماعی.

کشاورز ولیان، نرگس و کشاورز ارشدی، فرناز. (۱۳۸۹). مقایسه کودک‌آزاری بین کودکان عادی و کودکان دارای اختلال یادگیری در مقطع ابتدایی. *توان‌بخشی*. ۱۱ (۳): ۹-٤۲.

کمالی، زهرا. (۱۳۸۹). *تجربه زیسته قربانیان تعرض جنسی*. پایان‌نامه کارشناسی ارشد. دانشگاه علم و فرهنگ.

گافمن، اروینگ. (۱۳۸٦). *داغ ننگ: چاره‌اندیشی برای هویت ضایع‌شده*. ترجمه مسعود کیان پور. تهران: مرکز.

گرو، سوزان، برنز، نانسی (۱۴۰۰)، روش تحقیق پرستاری،ترجمه: ناهید دهقان نیری، زهرا فارسی، خاطره سیلانی، زهرا طیبی، انتشارات:اندیشه رفیع.

گیدنز، آنتونی. (۱۳۷۷). *پیامدهای مدرنیت*. ترجمه محسن ثلاثی. تهران: مرکز.

گیدنز، آنتونی. (۱۳۸۷). *تجدد و تشخص: جامعه و هویت شخصی در عصر جدید*. مترجم ناصر موفقیان، تهران: نشر نی.

عاطفی، فائزه؛ عادلیان راسی، حمیده و چوپانی، موسی. (۱۳۹۸). ادراک متخصصین از رگه‌های شخصیتی تأثیرگذار در گرایش افراد به کودک‌آزاری: یک مطالعه پدیدارشناسی. *روان‌شناسی تربیتی*. ۱۵ (۵۱): ۲۵-۱.

فلیک، اوه. (۱۳۹۱). *درآمدی بر روش تحقیق کیفی*. ترجمه‌هادی جلیلی. تهران: نی.

فروم، اریک. (۱۳۸۷). گریز از آزادی. ترجمه: عزت الله فولادوند. تهران: مروارید.

فروم، اریک. (۱۴۰۰). هنر عشق ورزیدن. ترجمه: پوری سلطانی. تهران: مروارید.

فوکو، میشل. (۱۳۸۸). تاریخ جنون. ترجمه: فاطمه ولیانی. تهران: هرمس.

فوکو، میشل. (۱۳۹٦). خاستگاه هرمنوتیک خود. ترجمه: نیکو سرخوش و افشین جهاندیده. تهران: نی.

فوکو، میشل. (۱۳۸۷). دانش و قدرت. ترجمه: محمد ضیمران. تهران: هرمس.

فوکو، میشل (۱۳۸۴). اراده به دانستن. ترجمه: نیکو سرخوش و افشین جهاندیده. تهران: نی.

فوکو، میشل (۱۳۹۳). مراقبت و تنبیه. ترجمه: نیکو سرخوش و افشین جهاندیده. تهران: نی.

فوکو، میشل (۱۳۹۳). دیرینه شناسی دانش. ترجمه: نیکو سرخوش و افشین جهاندیده. تهران: نی.

فیروزآبادی، احمد (۱۳۹۲).طرد اجتماعی رویکردی جامعه شناختی به محرومیت. تهران: جامعه شناسان.

قادری، صلاح‌الدین. (۱۳۹٤). *بررسی راهکارهاي پیشگیري از جرم در کانون‌های بحران جرم با تأکید بر رویکرد چند نهادي مبتنی بر همکاري قوه قضائیه، شهرداري و نهادهاي محلی: نمونه موردي دو کانون بحران جرم در شهر تهران.* معاونت حفاظت اجتماعی و پیشگیری از وقوع جرم.

قاضی مرادی، حسن ،(۱۳۹۱)،در ستایش شرم:جامعه شناسی حس شرم در ایران،تهران: اختران .

قاضی‌زاده،هادی؛ زهراکار، کیانوش و دیگران. (۱۳۹۷). مدل مفهومی عوامل زمینه‌ساز خشونت زناشویی زنان علیه مردان از دیدگاه مردان. روان پرستاری. ٦ (٤): ٤٧-٣٥.

عاطفی، فائزه؛ عادلیان راسی، حمیده و چوپانی، موسی. (۱۳۹۸). ادراک متخصصین از رگه‌های شخصیتی تأثیرگذار در گرایش افراد به کودک‌آزاری: یک مطالعه پدیدارشناسی. *روان‌شناسی تربیتی.* ۱۵ (۵۱): ۲۵-۱.

عباسی کلیمانی، فاطمه. (۱۳۹۷). سقط‌جنین ناشی از تجاوز به عنف. *دو فصلنامه علمي ترویجي فقه و حقوق خانواده (ندای صادق).* ۲۳ (٦٨): ٤٥-٣١.

علیوردی‌نیا، اکبر؛ حسنی، محمدرضا و ابراهیمی، ابراهیم (۱۳۹۰). *عوامل خانوادگی کودک‌آزاری. رفاه اجتماعی*، ۱۱ (٤٠): ۱۲۹-۱۵۹.

عضدانلو، حمید (۱۳۸٤). آشنایی با مفاهیم اساسی جامعه‌شناسی. تهران:نشر نی.

غدیری، ماهرو. (۱۳۹۵). سن و رضایت به ازدواج از منظر نظام بین‌المللی حقوق بشر. *خانواده پژوهی*. ۱۲ (٤٥): ۳۹-۱۱۵.

لوتا،ریموند،(۲۰۲۱)، »صنعتی شدن« و بهره کشی جنسی، جهانی شدن امپریالیستی و سقوط به اعماق جهنم، گروه مترجمین حزب کمونیست ایران،نشر اینترنتی.

مالجو، محسن. (۱۳۸۹). تجاوز به محارم: زمینه‌ها، استراتژی‌های متجاوز و واکنش‌های بزه دیده. *رفاه اجتماعی*. ۹ (۳۴): ۱۱۳-۸۳

محمدخانی، پروانه؛ آزادمهر، هدیه و متقی، شکوفه. (۱۳۸۹). رابطه بین خشونت جنسی و نگرش‌های زناشویی و همراهی انواع.

خشونت‌ها در روابط زناشویی. *مجله روان‌پزشکی و روانشناسي بالیني ایران (اندیشه و رفتار)*. ١٦ (۳): ۲۰۲-۱۹۵.

محمدخانی، پروانه؛ دلاور، علی و محمدی، محمدرضا. (۱۳۷۹). کیفیت زندگی و سلامت عمومی در والدین کودکان آزاردیده. *مجله روان‌پزشکی و روانشناسي بالیني ایران (اندیشه و رفتار)*. ٦ (۲۳-۲۲): ٤٧-۳۷.

مدنی قهفرخی، سعید؛ بیات، مجتبی (۱۳۸۹). فقر و کودک‌آزاری در ایران. *فصل‌نامه علمی پژوهشی رفاه اجتماعی*، ۹ (۳۵): ۲۷۱-۳۰۰.

ناهیدی، فاطمه؛ خادمی، نسیم و دیگران. (۱۳۹۴). فراوانی اضطراب در قربانیان تجاوز جنسی. *سلامت و مراقبت*. ۱۷ (۴): ۱۸-۳۱۱.

نبوی، سید عبدالحسین؛ باقری؛ معصومه و ابیسی، خدیجه (۱۳۹۲). بررسی علل مؤثر بر کودک‌آزاری (موردمطالعه: دانش آموزان دختران دبیرستان شهر اهواز). *فصلنامه توسعه اجتماعی*. ۸ (۲): ۷-۳۲.

نوری، سید مسعود (۱۳۸۷). خشونت خانگی علیه کودکان «چیستی، چرایی و راهکارهای درمان آن در پرتو تلاش‌های حقوقی. *فصلنامه حقوق بشر*، جلد ۲ (۳): ۳۵-٥٤.

واثق رحیم‌پور، فاطمه؛ متقی، بهاره؛ دانش‌پرور، حمیدرضا و جعفری، آسیه. (۱۳۹۳). وضعیت مطالعه اختلال استرس پس از تروما در بین زنان شاکي از تجاوز به عنف مراجعه‌کننده به مراکز پزشکي قانوني شهر تهران در سال ۱۳۹۲. *مجله پزشکي قانوني ایران*. ۲۱ (۱): ۵۳-۴۷.

واعظی، کبری (۱۳۹۵). تجربه زیسته کودکان از خشونت خانگی. *پژوهش‌های مشاوره*، ۱۵ (۸۵): ۱۱۳-۱۳۱.

وامقی، مروئه؛ فیض زاده، علی؛ میراب زاده، آرش و فیض زاده، گلناز (۱۳۸٦). مواجهه با خشونت خانگی در دانش آموزان دبیرستانی شهر تهران. *فصل‌نامه علمی پژوهشی رفاه اجتماعی*، ٦ (۲٤): ۳۰۵-۳۲۵.

یار محمدیان، احمد؛ ریحانی، فاطمه و قادری، زهرا (۱۳۹۱). رابطه بین هوش هیجاني و مکانیسم‌های دفاعي در بین زوج‌های در آستانه طلاق و عادي. *روش‌ها و مدل‌های روان‌شناختی*. ۲ (۷): ٦۱-۴۷.

یانگ، جفری؛ کلوسکو، ژانت و ویشار، مارجوری (۱۳۹۷). *طرح‌واره درمانی*. جلد اول، ترجمه حسن حمید پور و زهرااندوز، تهران: نشر ارجمند.

Agnew, R. (2007). *Pressured into crime: An overview of general strain theory*.

Ainsworth, M. D., & Witting, B. A. (1969). *Attachment and exploratory behavior of one-year olds in a strange situation.* In B. M. Foss (Ed.), Determinants of infant behavior IV. London: Methuen.

Akers, R. L. (2017). *Social learning and social structure: A general theory of crime and deviance*. Routledge.

Antfolk, J., Karlsson, M., Bäckström, A., & Santtila, P. (2012). Disgust elicited by third-party incest: the roles of biological relatedness, co-residence, and family relationship. *Evolution and Human Behavior*, *33*(3), 217-223.

Aspelmeier, J. E., Elliott, A. N., & Smith, C. H. (2007). Childhood sexual abuse, attachment, and trauma symptoms in college females: The moderating role of attachment. *Child abuse & neglect*, *31*(5), 549-566.

Babchishin, K. M., Karl Hanson, R., & Hermann, C. A. (2011). *The characteristics of online sex offenders: A meta-analysis. Sexual Abuse*, *23*(1), 92-123.

Baron, R. A., & Richardson, D. R. (1994). *Human aggression*. New York: Plenum Press

Bergen, E., Antfolk, J., Jern, P., Alanko, K., & Santtila, P. (2013). Adults' Sexual Interest in Children and Adolescents Online: A Quasi-Experimental Study. *International Journal of Cyber Criminology*, *7*(2).

Berkowitz, L. (1993). *Aggression: Its causes, consequences, and control*. Philadelphia, PA:Temple University Press.

Brantingham, P. J., & Brantingham, P. L. (Eds). (1981). *Environmental criminology* (pp. 27-54). Beverly Hills, CA: Sage Publications.

Brown, J. M., & Walklate, S. L. (Eds). (2011). *Handbook on sexual violence*. Routledge.

Brown, Jennifer. (2011). Psychological perspectives on sexual violence: generating a general theory. In B, Jennifer and Walklate S L. Handbook on Sexual Violence. Routledge.

Cahill, A. (2001). *Rethinking rape*. Ithaca: Cornell University Press.

Church, W.T., II, Wharton, T., & Taylor, J.K. (2009). An examination of differential association and social control theory family systems and delinquency. Youth Violence and Juvenile Justice, 7(1), 3–15. doi: 10.1177/1541204008324910.

Cohen, L. E., & Felson, M. (1979). Social change and crime rate trends: A routine activity approach. *American sociological review*, 588-608.

Dahlberg, Linda L and Krug, Etienne G. (2002). Violence a global public health problem. In K. Etienne and et al (ed). World report on violence and health. World Health Organization.

Dalal, K (2008). Causes and Consequences of Violence Against Child Labourand Women in Developing Countries. *Karolinska Institutet*: 1-41.

Dodge, K. A., Malone, P. S., Lansford, J. E., Miller-Johnson, S., Pettit, G. S., & Bates, J. E. (2006). Toward a dynamic developmental model of the role of parents and peers in early onset substance use. In A. Clarke-Stewart

& J. Dunn (Eds.), Families count: Effects on child and adolescent development (pp. 104–131). New York: Cambridge University Press.

Dube, S. R., Anda, R. F., Whitfield, C. L., Brown, D. W., Felitti, V. J., Dong, M., & Giles, W. H. (2005). Long-term consequences of childhood sexual abuse by gender of victim. *American journal of preventive medicine*, *28*(5), 430-438.

Eck, J. (2003). Police problems: The complexity of problem theory, research and evaluation. *Crime prevention studies*, *15*, 79-114.

Foa,E.B, GP Street,(2001), Women and Traumatic Events - Journal of Clinical Psychiatry, 2001 - psychiatrist.com.

Foa, E. B , Riggs, D. S., & Gershuny, B. S. (1995). Arousal, numbing, and intrusion: Symptom structure of PTSD following assault. *American Journal .of Psychiatry*, 152, 116-120

Edleson, J.L. (1999), Children's Witnessing of Adult Domestic Violence, *Journal of Interpersonal Violence*, 14 (8): 839-870.

Feinberg, Mark E. (2009). The Internal Structure and Ecological Context of Coparenting: A Framework for Research and Intervention. Parenting: Science and Practice. 3 (2): 95-131

Finkelhor, D. Turner, H. Ormrod, R. Hamby, SH. Kracke, K (2009). Children's Exposure to Violence: *A Comprehensive National Survey. U.S. Department ofJustice.* www. ojp. usdoj. Gov.

Fiske, S. T. (2004). *Social beings: A core motives approach to social psychology*. New York: Wiley.

Freel, Michael. (1999). Child Sexual Abuse And The Male Monopoly. PHD Dissertation. University of Manchester.

Giddens, A. (1984) *The Constitution of Society*, Cambridge: Polity.

Iceland, J., & Hernandez, E. (2017). Understanding trends in concentrated poverty: 1980–2014. *Social Science Research*, *62*, 75-95.

Grubb, A., & Turner, E. (2012). Attribution of blame in rape cases: A review of the impact of rape myth acceptance, gender role conformity and substance use on victim blaming. *Aggression and violent behavior*, *17*(5), 443-452.

Glasser, M., Kolvin, I., Campbell, D., Glasser, A., Leitch, I., & Farrelly, S. (2001). Cycle of child sexual abuse: Links between being a victim and becoming a perpetrator. *The British Journal of Psychiatry*, *179*(6), 482-494.

Glaser, B. G., Strauss, A. L., & Strutzel, E. (1968). The discovery of grounded theory; strategies for qualitative research. *Nursing research*, *17*(4), 364.

Gottfredson, M. & Hirschi, T. (1990). *A general theory of crime*. Stanford: Stanford University Press.

Gerwinn, H., Weiß, S., Tenbergen, G., Amelung, T., Födisch, C., Pohl, A., … & Kruger, T. H. (2018). Clinical characteristics associated with paedophilia and child sex offending–Differentiating sexual preference from offence status. *European Psychiatry*, *51*, 74-85.

Hillis S, Mercy J, Amobi A, Kress H. Pediatrics. (2016). Global prevalence of past-year violence against children: a systematic review and minimum estimates. 137(3): e20154079.

Hirschi, T. (1969). Causes of Delinquency. Berkeley, CA: University of California Press.

Jewkes, R, Sen, P and Garcia-Moreno, C. (2002). Sexual violence. In K. Etienne and et al (ed). World report on violence and health. World Health Organization.

Henting.A.b (1978). "The crimical and his victim".See Ais.California commission on the statuses of women. Domestic violence fact sheet 1948.

Kelly L, Radford J. (2000). Sexual violence against women and girls: an approach to an international overview. In: Dobash E, Dobash R, eds. Rethinking violence against women. London, Sage.

Malik, Farah (2010) Determinants of child abuse in Pakistani families: parental acceptance-rejection and demographic variables, International *Journal of Business and Social Science*, Vol. 1 (1), pp. 67-80.

Marcus, R. F., & Betzer, P. D. (1996). Attachment and antisocial behavior in early adolescence. The Journal of Early Adolescence, 16 (2), 229–248.

Margolin, G. Gordis, E. B. (2004), Children's exposure to violence in the family and community, *Current Directions in Psychological Science*, 13(4): 152-155.

Martin, K., Vieraitis, L. & Britto S. (2006). Gender equality and women's absolute status: A test of the feminist models of rape. *Violence against women, 12*(4), 321-339.

Mayer, J.D., Salovey, P. (1997). *What is emotional intelligence? In P.Salovey and D.Sluyter (Eds).* Emotional development and emotional intelligence: Implicationc for educators. (pp, 3-31). New York Basi.

Mehrotra and et al(2000), Development with a Human Face: Experiences in Social Achievement and Economic Growth, https://EconPapers.repec.org/RePEc:oxp:obooks:9780198296577

Malamuth, Neil, Paul Fedoroff, William L. Marshall(2009), The Importance of Individual Differences in Pornography Use: Theoretical Perspectives and Implications for Treating Sexual Offenders, The Journal of Sex Research, Volume 46, 2009 - Issue 2-3: Annual Review of Sex Research Special Issue of the Journal of Sex Research.

Nastas, L. E., & Sala, K (2012). Adolescents' emotional intelligence and parental styles. *Procedia-Social and Behavioral Sciences*, 33: 478-482.

Nelis, D., Quoidbach, J., Mikolajczak, M., & Hansenne, M (2009). Increasing emotional intelligence: (How) is it possible?. *Personality and Individual Differences*, 47(1): 36-41.

Newman, O. (1972). *Defensible space* (p. 264). New York: Macmillan.

___. (1996). *Creating defensible space*. Diane Publishing.

O'Koon, J. (1997). Attachment to parents and peers in late adolescence and their relationship with self-image. Adolescence, 32, 471–483.

Plutchik, R. (1980). A general psychoevolutionary theory of emotion. In *Theories of emotion* (pp. 3-33). Academic press.

Pullman, L. E., Sawatsky, M. L., Babchishin, K. M., McPhail, I. V., & Seto, M. C. (2017). Differences between biological and sociolegal incest offenders: A meta-analysis. *Aggression and violent behavior*, *34*, 228-237.

Schneider, B. H., & Younger, A. (1996). Adolescent-parent attachment and adolescents' relations with their peers: A closer look. Youth and Society, 28, 95–108.

Schofield, G., & Beek, M. (2005). Providing a secure base: Parenting children in long-term foster family care. Attachment and Human Development, 7 (1), 3–25.

Schönbucher, V., Maier, T., Mohler-Kuo, M., Schnyder, U., & Landolt, M. A. (2014). Adolescent perspectives on social support received in the aftermath of sexual abuse: A qualitative study. *Archives of sexual behavior*, *43*(3), 571-586.

Shonkoff, J., & Phillips (2000). From neurons to neighborhoods: The science of early childhood development. Washington: National Academy Press.

Sidebottom, A & Wortley, R. (2016). Environmental Criminology.in Piquero, Alex R (Ed). *The Handbook of Criminological Theory*. Wiley Blackwell press.

Siegert, R. & Ward, T. (2002). Rape and evolutionary psychology: a critique of Thornhill and Palmer's theory. *Aggression and violent behavior, 7*(2), 145-168.

Siegel, L. (2015). *Criminology: Theories, patterns, and typologies*. Nelson Education.

Stoltenborgh, M., Bakermans-Kranenburg, M. J., Alink, L. R., & van IJzendoorn, M. H. (2015). The prevalence of child maltreatment across the globe: Review of a series of meta-analyses. *Child Abuse Review*, *24*(1), 37-50.

Suomi, S. J. (2000). A biobehavioral perspective on developmental psychopathology: Excessive aggression and serotonergic dysfunction in monkeys. In A. J. Sameroff, M. Lewis, & S. Miller

Trusted, J. (2003). *Physics and metaphysics: theories of space and time*. Routledge.

Turner, D., & Rettenberger, M. (2020). Neuropsychological functioning in child sexual abusers: A systematic review. *Aggression and violent behavior*, *54*, 101405.

Valentine, L., & Feinauer, L. L. (1993). Resilience factors associated with female survivors of childhood sexual abuse. *American Journal of Family Therapy*, *21*(3), 216-224.

Wang, Y. W., & Heppner, P. P. (2011). A qualitative study of childhood sexual abuse survivors in Taiwan: Toward a transactional and ecological model of coping. *Journal of Counseling Psychology*, *58*(3), 393.

Wilson, J. Q., & Kelling, G. L. (1982). Broken Windows: The Police and Neighborhood Safety, atlantic monthly.

Wikström, P. O. H., & Sampson, R. J. (2003). Social mechanisms of community influences on crime and pathways in criminality. In Benjamin B. Lahey, Terrie E. Moffitt & Avshalom Caspi (eds.), *Causes*

of Conduct Disorder and Serious Juvenile Delinquency. New York: Guilford Press.

Wikström, P. O. H., & Treiber, K. (2016). Social disadvantage and crime: A criminological puzzle. *American Behavioral Scientist*, *60*(10), 1232-1259.

Zuravin, Susan J. (1991), Unplanned childbearing and family size: their relationship to child neglect and abuse, *Family Planning Perspectives*, Vol. 23, No. 4. 155-161.

ماڵپەڕ

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی

ماڵپەڕی هەواڵنێرانی گەنج ساڵی ١٣٩٥ هەتاوی (باشگاه خبرنگاران جوان ١٣٩٥)

ئەنجومەنی دەروونپزیشکیی ئەمریکا ١٣٩٩ هەتاوی

https://www.sabteahval.ir/avej/Page.aspx?mId=49826&ID=3272&Page=Magazines/SquareshowMagazine

https://www.proceduresonline.com/swcpp/cornwall_scilly/p_cse_fam_environ.html#

https://www.who.int/health-topics/violence-against-women#tab=tab_1

https://www.who.int/mediacentre/factsheets/violence-against-children/en/

http://qavanin.ir/

https://fa.wikipedia.org/wiki/%D8%B7%D8%A8%D9%82%D9%87%E2%80%8C%D8%A8%D9%86%D8%AF%DB%8C_%D9%87%DB%8C%D8%AC%D8%A7%D9%86%E2%80%8C%D9%87%D8%A7.

www.kameelahmady.com

تابۆ و نهێنی‌پارێزی

ئـەم کتێبـە داهێنەرانەیـە بەرهەمـی توێژینـەوەی مەیدانیـی کامیـل ئەحمـەدی و هاوکارانیەتـی کـە بـە شـێوەی قـووڵ پرسـی ترسـناک و زۆرجـار شـاراوەی دەسـتدرێژیی سێکسـی بـۆ سـەر منـداڵان لـە ئێرانـی بـە سـەرنجدانی تایبـەت بـە زینـا لەگـەڵ مەحـارم تاوتـوێ کـردووە. "تابـۆ و نهێنی‌پارێـزی" بـە ئاوێتەکردنـی توێژینەوەیەکـی ورد و کاری مەیدانیـی بـەربڵاو، ڕەهەندەکانـی ئـەم بابەتـە هەسـتیارەی لێـک داوەتـەوە. ئـەم کتێبـە نـەک هـەر فرەیـی و کاریگەرییەکانـی دەسـتدرێژیی سێکسـی بـۆ سـەر منداڵانـی تاوتـوێ کـردووە، بەڵکـوو خوازیـاری چاکسـازیی خێـرا و داپـەری پێشـگیرانەیە. ئامانجـی ئێمـە لـەم توێژینـەوە دوسـتکردنی کەشـێکی ئـارام بـۆ منداڵانـی ئێرانـە و زیاتـر لـەو شـتەیە کـە پـەروەرد، وشـیارکردنەوە و پاڵپشـتیی یاسـایی هەوڵـی بـۆ دەدا. "تابـۆ و نهێنی‌پارێزی" ڕاپۆرتێکـی لێکۆڵینەوەیـی سـەرنجڕاکێش و پێویسـت بـۆ سیاسـەتمەداران، ڕاهێنـەران، یاریدەدەرانـی کۆمەڵایەتـی و خەڵکـە کـە خۆیـان بـە پابەنـدی تێگەیشـتن و بەرەنگاربوونـەوەی کەڵکاوەژۆیـی سێکسـی لـە منـداڵان بزانـن. ئاراسـتەی پشتبەسـتوو بـە بەڵگـە و گێڕانـەوە کاریگـەرەکان وای کردووە کە ئەم کتێبە ببێتە ئامرازێکی بەهێز بۆ پشتیوانی و گۆڕان.

ISBAN 9788794295789